ڕەشید عەلی سەعید

حەمە ڕەشید توکنی

# پارتیزانێک لەناوگڕو کڵپەدا

چاپی یەکەم – ٢٠٢٠

سلێمانی

ناوی کتێب: پارتیزانێک لەناو گڕ و کڵپەدا
ناوی نوسەر : ڕەشید عەلی سەعید
ڕێکخستنی زمانەوانی و هەڵەچنین: خالد حەمە غەریب
دیزایینی ناوەوە: کتێبخانەی لانەی کوردان (خالد حەمە غەریب عبدالرحمن)
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: **٢٠٢٠**
چاپخانە: چاپخانەی : تاران- ئێران

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی **٢٠٢٠**ی پێدراوە.

پێشکەشە............

پێشکەشە به گیانی پاکی دایکم و باوکم .
بەبراو خوشک و مامە شەهیدەکانم.
به هەموو هاوڕی و هاوسەنگەرە شەهیدەکانم

# پێشەکی

سەرەتا زۆر سوپاسی بێپایانی پێشمەرگەی دێرین و فەرماندەی پارتیزان و هاوڕێ و برای خۆشەویستم کاک عوسمانی حاجی مەحمود دەکەم،پاش ئەوەی ئاگادارمکردەوە دەمەوێت بیرەوەرییەکانم بنوسمەوە.. بۆیە دواوام لێکرد بە سەرنج و تێبینیەکانی ئەم خامەیەم دەوڵەمەند بکات. پێشنیازی بۆ کردم سود لەنوسینەکانی وەربگرم، کەپێشتر لەڕێگای ڕۆژنامەکانەوە بلاو کراونەتەوە، زانیاری زۆر بەسود و گرنگم وەرگرت.. لە هەردوو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(**١٩٦٤**) لە (**١٩٩٩/١٠/٣**) و نوسینێکی لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە (**١٢**)لاپەڕەی بۆ تەرخان کرابوو.. وەکو پاشکۆ بەناوی کۆڵنەدان ژمارە (**٧٢٤٣**) لە(**٢٠١٧/٤/١٧**)، هەروەها چاوپێکەوتنێکی لەڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (**٤٨٠**) لە (**٢٠١٥/١٢/٢٥**) بەچەند بەشێک بلاوکراوەتەوە،وە نامیلکەیەکی بەناوی (ڕاپەڕین لەکوانوی خورماتوودا). پاش نوسینەوەی بیرەوەرییەکان خوێندیەوە و لەسەرنج و تێبینییەکانی ئاگاداری کردمەوە، بەهیوام هەمیشە لەش ساغ و تەمەن درێژ بێت.

زۆر سوپاسی کاک (خالد حەمە غەریب عەبدلڕەحمان)دەکەم.. کەئەرکی پێداچوونەوە و هەڵەبڕی و دیزاینی گرتە ئەستۆ بەهیوام لەش ساغ و تەمەن درێژبێت بۆ خزمەتی زیاتر. وە زۆر سوپاسی برای بەڕێزم مامۆستا دلێر کەریم دەکەم هاوکاری زۆری کردم بۆسەرخستنی ئەم بەرهەمە بەهیوام لەش ساغ و تەمەن درێژ بێت . سوپاسی یەک بەیەکی پێشمەرگە پارتیزانەکانی هاوڕێ و هاوسەنگەرم دەکەم.. کە زۆر هاوکارییان کردووم بە گفتوگۆ و پێدانی زانیاری بۆ پاراوکردنی بیرەوەرییەکانم.

لێرەوە داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر وەک پێویست نەمتوانیبێ هەموو ڕووداو و ڕاستییەکان وەک خۆی بخەمەڕوو یان ناوی هەر هاوڕێیەکم لەیاد چوو بێت یان ناوی کەسێکم هێنابێ زویر یان دڵگرانم کردبێ.. بەدڵنیاییەوە هیچ مەبەستێکی خۆیی و نەرێنیم نەبووە. تەنها ویستوومە ڕووداوەکان وەک خۆی بگێڕمەوە، خۆم بەبچوک و خزمەتکاری هاوڕێ و هاوسەنگەر و تاک بەتاکی گەلەکەم دەزانم. سوپاسی هەموو دۆستێک دەکەم ئەگەر بە وشەیەک هاوکاریی کردبێتم، سوپاسی ئەو هاوڕێ و دۆستانە دەکەم هانیان دام بۆ نوسینەوەی بیرەوەرییەکانم. خوێنەری بەڕێز من نە مێژوونوس و نە نوسەر و نە شارەزاییەکی باشم لەنوسیندا هەیە.. ئەم بەرهەمەش یەکەم ئەزمونی نوسینمە، بۆیە بێ هەڵەو کەموکوڕی نابێت..بمبەخشن. هەوڵدانم بۆ نوسینەوەی بیرەوەرییەکانم.. دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕەی کە بەهۆی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و نەمانی زەبروزەنگ و چڕنوک و کەڵبەی ژەهراوی حیزبی بەعسی شۆڤینی و خوێنمژ لام گەلاڵە بوو. پێم وایە نەوەی نوێ و

لەدایکبووانی پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی **١٩٩١**، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و خۆشگوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەپاش ڕووخاندنی دەسەلاتی بەعس، زۆرێک لەلاوان لەقۆناغەکانی ڕابردوو زۆر بێمنەت و بێئاگا بوون لەو هەموو خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانەی سەدەی ڕابردووی باب و باپیرانیان.. لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادیدا بەخشیویانە. هەندێک کەس ئێستا دەسەڵاتدارن دڵۆپێک ئارەقەیان لەڕێگای خەباتدا نەڕشتووە.. ئێستا بازرگانی بەچارەنوسی گەلێکەوە دەکەن. بۆ بەئاگاهێنانەوەی ئەو بەرپرس و فەرماندانەی کە ساڵانێکی زۆر گیانبازییان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی.. شەو و ڕۆژ بە سکی برسی و نانە ڕەقەی جوتیارانی گوندنشینەوە خەباتیان دەکرد. خانوە قوڕەکان کۆشک و تەلاریان بوو، بەلام ئێستا بەهۆی چاوچنۆکییان بۆ دەسەلات و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان، ئەو هەموو شانازی و ڕابردووە جوانەیان لە ژێرپێ ناوە، بیر لە ڕابردوو و داهاتوی خۆیان ناکەنەوە. زیاتر لە چارەکە سەدەیەک تێپەڕ دەبێ بەسەر جینۆسایدی کورد و ئەنفال و خەباتی پارتی زانیمان.. دەستم بەنوسینەوەی بیرەوەرییەکانم کرد. لەگەڵ نیازی ئەو نوسینەمدا چەندین هەڤاڵ و هاوڕێی خۆشەویستم هانیاندام تاکو لەژیاندام.. تەمەن ئەو دەرفەتەی لەدەست نەداوم، هەوڵی نوسینەوەی بیرەوەری و ئەو مێژووە پڕ سەروەرییە و تاوانەکانی بدەم کەبەشێکی زۆر لەتەمەن و یادەوەری داگیرکردووم. بەتایبەت پاش ئەوەی لەیادی شالاوەکانی ئەنفال و لەکاتی کۆچی کاک"نەوشیروان"دا زنجیرەیەک بیرەوەریم بلاوکردەوە، خوێنەری زۆری هەبوو.. زوو زوو داوای نووسینی زنجیرەی نوێیان لێدەکردم، بۆیە بەڵێنمدا ئەوەندەی بیر و هزر و هەستم یارمەتیم بدات بۆ گەڕانەوەی ڕۆژە تاڵ و نەهامەتییەکان، چیم لە یادا مابێ.. بیخەمە دوو توێی پەرتووکێک.

نوسینەوەی ئەم بیرەوەریانە.. بەشێکە لەمێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕابەرایەتی (ی.ن.ک) لەکۆتا ساڵەکانی سەدەی ڕابردوو.. کە دژوارترین وخوێناویترین مێژووی شۆڕش و قوربانیدانی گەلە ستەم دیدەکەمانە. تیشک دەخاتە سەر بەشێکی دیاریکراوی مێژووی گەلەکەمان، بۆیە دەبێت بەئەمانەتەوە دەست لەسەر ویژدانم دابنێم، ئەو ڕاستیانە بخەمە ڕوو، نوسینەوەی بیرەوەرییەکانم لەم شێوازەدا خۆی دەبینێتەوە.

یەکەم: ئەو ڕووداوانەی بەچاوی خۆم بینیوومن لەیادەوەریشمدا ماون.

دووەم:بەشێکی لەبەر گرنگی و هەستیاری ڕووداوەکان بەئەمانەتەوە لەزاری هەڤاڵە شەهید و زیندووەکانمەوە گێڕاومەتەوە.

سێیەم:بەخەیالا گەڕاومەتەوە.. مێژوو و ڕووداو و بەسەرهات و نوکتە و قسە خۆشەکانی کۆڕ و کۆبونەوەی لاوان و پیاوانی گوندم بەئەمانەتەوە.. وەک خۆی لەزاری ئەو خەڵکانەوە گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی مێژووی خۆشەویستان و گوندەکەم بەزیندووی بمێنێتەوە.پاڵەوانی ڕووداوەکان قوربانی شۆفێنیەتی عەرەب و دەستەهاڕی ئەنفالن.. بەهەمان زمان و هەستەوە

لەگەڵم دواون و بینیومن، دوور لە مەبەستی کەسی و شکان و تانە و تەشەر، تێکەڵی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەم کردووە وەکو خۆی نوسیوومەتەوە.. بەبێ کەم و زیاد تەنها لەڕووی ڕێزمانەوە نەبێ.

چوارەم:شێوازی نوسینەکەم بەپێی ڕووداوەکان، هەندێکیان لەشێوەی گفتوگۆ و هەندێکیشی لەشێوەی گێڕانەوەی چیرۆک نوسیومەتەوە.

پێنجەم:سەرچاوەی هەندێ بەروار و شوێنی هێرش و ناوی فەرماندە و یەکە سەربازییەکانی سوپای عێراق، لە پەرتوکی (جینۆساید لەعێراق وپەلاماری ئەنفال بۆ کوردستان) وەرگیراون، لەبلاوکراوەکانی ڕێکخراوی (میدڵ ئیست ووچ)ی (ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئەمریکی)یە، لەو بەڵگەنامانە وەرگیراون لەڕاپەڕینی بەهاری **١٩٩١** دا لەدامودەزگا حکومی و حیزبییەکانی حکومەتی بەعس لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک) و قەزا و ناحیە و بارەگا سەربازی و حیزبییەکانی سنورەکانیان گیراون.

شەشەم: نوسینەوەی سەردەمی پارتیزانییە، لێرەدا دەمەوێت بەوردی هەڵوێستەیەک لەسەر خەباتی پارتیزانی و مانەوەی پارتیزانەکان بکەم، کە بە بۆچوونی من دەکرێت خەباتی سەخت و دژوار و نالەباری پارتیزانی، لەناوچەی گەرمیاندا بەسێ قوناغ لێی بڕوانین، هەر قۆناغێک لە کات و بارودۆخێکی تایبەت و دیاریکراودا خۆی دەبینێتەوە، بارودۆخەکەش بەپێی کاتە دیاریکراوەکان دەگۆڕێ و جیاوازە، وەک:

قۆناغی یەکەمی پارتیزانی لە **١٩٨٨/٤/١٥** ەوە تا **١٩٨٨/١٠/٦** دەگرێتەوە، کەپاش کۆتایی هاتنی ئەنفالی سێ و سوتان و خاپورکردنی هەموو گوندەکان و ڕاپێچکردنی دانیشتوانی ناوچەکە بۆ زیندان و گۆڕی بەکۆمەڵی بیابانەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و تێشکاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نەمانی ناوچەی ڕزگارکراو..خۆڕادەستکردنی هەزاران فەرماندە و پێشمەرگەی گیانبازی خۆنەویست.. تێکچوونی شیرازەی هێزی پێشمەرگە و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی. خۆحەشاردان ومانەوەی سەدان پێشمەرگە و هاولاتی ناوچەکە.. کەنیوەی لەترسی چەپۆک و کەڵبەی بەعس و تۆڵەسەندنەوە، نیوەکەی تریش بەمەبەستی خۆلادان لەمەرگ و گەڕان بە دوای دەرفەتێک بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو نەهامەتی و دژوارییە. هەندێکیش بۆ خۆگەیاندنە شارو شارۆچەکانی سنورەکە، یان لێبوردنێک، هەندێ بەنیازی گەییشتن بەسنورەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕزگاربوونی یەکجارەکی، ژمارەیەکی کەمیش بەمەبەستی درێژەدان بەشۆڕش و کۆڵنەدان وخەباتێکی بێوێنە لەشۆڕشی گەلاندا، هەروەها دروستبوونی لەمنداڵدانی گەرمیاندا مابوونەوە. ئەگەر بەوردی سەرنج لەئامار و ژمارە و بەرواری پێشمەرگە تەسلیم بووەکان بدەین لە بەرواری (**٩/٦** تا **١٩٨٨ /١٠/٦**) کە ماوەی لێبوردنەکە بوو، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕووندەبێتەوە. لەو ماوە زۆرەی ڕابردوودا..لەو قۆناغەدا کە پێنج مانگ و نیوی خایاند دوژمن یەکجار لەمانگی

تەموزدا کێوماڵ (تمشیگ) ی گشتگیری ئەنجامداوە، لەناوچەی گەرمیان کە حەفتا و دوو کاتژمێری خایاند، ئەوەش تەنها بەڕێگا گشتییەکانی گوندەکاندا دەڕۆیشت، ئەم هەڵوێست و کارە سەربازییانەی دوژمنیش.. بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەوانیش هەستیان بەو ڕاستییە کردبوو بەشی هەرە زۆری پێشمەرگە و ئەو خەڵکە بۆ مەبەستی دۆزینەوەی دەرفەتێک ماونەتەوە.

پاش ئەم قۆناغە قۆناغی دوو و سێ دێت.. هەر قۆناغێک لەکاتی خۆیدا لەسەری دەدوێین.

نوسینەوەی بیرەوەری.. تۆمارکردنی مێژووی سەردەمێکی دیاری کراوە، بۆیە دەبێت هەموو ڕووداوەکان وەک خۆیان بنوسرێنەوە. بەداخەوە بەهۆی قبوڵ نەکردنی زۆرشت لە کۆمەڵگای ئێمەو ناسەقامگیری دەسەڵات و لاوازی یاسا و دادپەروەری و دەزگاکانی جێبەجێکردن.. وەک پێویست نین، بۆ ئەم بیرەوەریەم لەبەر دیدەی بەڕێزتدایە هەرگیز لەئاستی خواستی مندا نییە و زۆری تریش لەناخمدایە، بابمێنن بۆ کات و دەرفەتێکی گونجاو ئەگەر تەمەن بوارم بدات، ئەگەر ڕەچاوی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لاوازی یاسام نەکردایە زۆر نهێنی و کار و ڕووداوی نهێنی و نە وتراوم دەوروژاند..

عمید

ڕەشید عەلی سەعید

**٢٠١٩/٤/٨**

# گەشتێک بەناو ژیانی نوسەری ئەم بیرەوەریانەدا

(ڕەشید عەلی سەعید مەعروف ڕەسوڵ مەنسور قازی)..لەساڵی**١٩٧٠** لەپێدەشتەکانی گەرمیان.. لەگوندی"توکن" لەخێزانێکی جوتیاری هەژار چاوم بەژیان هەڵهێناوە، لەساڵی **١٩٧٧** لەبەرئەوەی گوندەکەمان قوتابخانەی تێدا نەبوو لەگەڵا کوڕو کچانی گوند لەگوندی عەزیز قادری دراوسێمان(دارا دوو داری دی) فێر بووم. بەڵام پاش سێ ساڵا خوێندن لەساڵی **١٩٨٠** قوتابخانە لەگوندەکەمان کرایەوە تا ساڵی **١٩٨٣**پۆلی شەشی سەرەتایم لەوێ تەواو کرد. بەڵام ئەگەر گوندەکان شانسی ئەوەیان هەبوایە قوتابخانەیان هەبێ، تەنها خوێندنی سەرەتایی تێدا هەبوو. بۆیە خوێندکاری گوندەکان دەبوو بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن هەر لەیەکی ناوەندییەوە بچونایە لەشارەکان بخوێنن، منیش بەهۆی ئەوەی عەزیزی برام ئەو کاتە پێشمەرگە بوو لەترسی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێم نەمتوانی بچمە شار بۆ خوێندنی ناوەندی. شەهید حەسەنی برام ساڵی **١٩٨٤** بوو بەپێشمەرگە، خۆیشم لەساڵی **١٩٨٥** لە بارەگای مەڵبەندی یەکی(ی.ن.ک) لەدۆڵی قەرەداغ بووم بە پێشمەرگە لە **١٩٨٧/٢** گواستمەوە کەرتی **٦**ی تیپی **٥١**ی گەرمیان، کاک (عوسمان حاجی مەحمود) فەرماندەی کەرت بوو، لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا.. دایک و باوک و چوار خوشک و برایەک و چوار برازا و براژنم و دوو مام و حەوت ئامۆزام لە بنەماڵەکەمان شەست و سێ قوربانی لە ئەنفالدا هەیە.پاش شاڵاوی ئەنفال.. لەگەڵ ژمارەیەک فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمان بەڵێنی نا بۆ چۆکدادان و بڕیاری کۆڵنەدان وخەباتی پارتیزانیمان لە ناوچەی گەرمیاندا دا.. تاڕۆژی **١٩٩١/٣/١٠** کە نۆ پێشمەرگە چووینە ناو قەزای خورماتووەوە.. لەماوەیەکی کەمدا لەگەڵ خەڵکی قارەمانی شاردا ئازادمان کرد، لەپاش ڕاپەڕین تائێستا زۆر فەرماندەیی سەربازی و بەرپرسیارێتی کارگێریم وەرگرتووە.. ئێستاش بۆ ماوەی حەوت ساڵە بە پلەی عەمید جێگری فەرماندەی (لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی)م، سەر بە (فەرماندەی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن)ە.

پاش ئەوەی بەچاوی خۆم سەدان کوڕی سەرەک جاش و ئەنفالچی وخائین وخۆفرۆش و سەدان کەسی دیکەم بینی دژی خاک و گەلەکەیان لەباوشی بەعسدا خیانەتیان دەکرد. بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی بڕوانامەو ماستاوچی و نۆکەرایەتی بوون بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم، جۆرەها پۆستی باڵای حزبی و حکومییان پێدەدرا.بەڵام بەخەڵکی تێکۆشەر و کەسوکاری شەهیدان دەگوترا بڕوانامەتان نییە.

لەبەرئەوە لەساڵی **٢٠١٢** بڕیارمدا.. بۆ جاری دووەم لەپۆلی شەشی سەرەتاییەوە دەست بەخوێندن بکەمەوە.

بۆچی جار دووەم !؟ بەهۆی شاڵاوی ئەنفال وسوتاندن و تەقاندنەوەی قوتابخانەی گوندەکەمان.. هەروەها نەمانی هەموو بەڵگەنامەکان.. نەمانی بەڵگەی دەرچوونم و بێمتمانەیی و گوێنەدان بەکێشەو هەست نەکردن بەئازار و نەهامەتییەکانی ناوچە ئەنفالزەدەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بۆ جاری دووەم بەگوڕ و تینی ئەو کاتەوە لەنوکەوە لەپۆلی شەشەوە دەستم پێکردەوە، ئێستا خوێندکاری زانکۆی کولێژی یاسام.

وەکو باپیرانمان دەیگێڕنەوە، بنەماڵەکەمان سەر بەتیرەی(ڕوغزایی هۆزی جاف)ە، باپیرانمان لەناوچەی شارەزوور دانیشتوون.. بەهۆی کێشە و ناکۆکی خێڵەکییەوە هاتونەتە دۆڵی قەرەداغ، لەسەرەتاکانی سەدەی بیست بەهۆی مردنی مەعروف لە تەمەنی لاویدا.. خانزادی خێزانی گەنج بووە هاتۆتەوە بۆ ماڵی باوکی لە گوندی عەزیز قادر لەناوچەی گەرمیان.. لەگەڵ دوو کوڕە بچوکەکەی بەناوەکانی(غەریب و سەعید)، دواتر هەر لەو سەردەمەدا لەگەڵ ماڵی باوکی، هاتونەتە گوندی توکن، وەکو دەیانگوت گۆڕی ڕەسوڵ لە گوندی"بەردەکەڕی"بناری شارەزوورە.. گۆڕی مەعروف لە گوندی (مچەکوێر)ی دۆڵی قەرەداغە کە لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیست کۆچی دوایی کردووە. دایکم (سەعدە مەحەمەد ئەمین) لەهۆزی داودەیە، لەسنووری بناری (گل)ەوە لە سییەکانی سەدەی بیستەوە هاتوونەتە گوندی توکن.

خێزانەکەم لەگوندی توکن دەژیان.. تا هاتنی سوپای ئەنفال و ڕاپێچ کردنیان بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق ولاتی خوێن و کۆمەڵکوژی.

عمید

ڕەشید عەلی سەعید- حەمەرەشید توکنی

٢٠٢٠/٢/٢

# بەرایی

کاتێک مرۆڤ ئاوڕ لە مێژووی گەلی کورد دەداتەوە، دەبینێت ئەم مێژووە پڕە لە شکست و لە سەرکێشی و سەرکەوتن و قوربانیدان و کۆڵنەدان و گیان بازی لاوەکانی، لەپاڵ ئەمانەدا بە بەردەوامی توشی کارەساتی مێژوویی و مرۆیی گەورە بۆتەوە، هەر لە جینۆسایدی (کەلتوری و فکری) هەتا دەگاتە جینۆسایدی (فیزیکی)، ئەمەش وەکو کۆتا قۆناغی جینۆساید دێتە ناساندن.. زۆربەی دەسەڵاتە فاشیست و دیکتاتۆر و توندڕەوەکان پەیڕەوی لێدەکەن.. بۆ سڕینەوەی شوناسی ئەو گەلانەی کە هەوڵی ئازادی دەدەن، گەلی کورد وەک یەکێک لە دێرینترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست.. لەم پێناوەدا بە بەردەوامی لەلایەن دەسەڵات و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ناوچەکەوە لەم کارەساتانە بەدەر نەبووە، بەڵام ئەمانە هیچیان نەبوونەتە هۆی ئەوەی کە لەئاستی بەرخوردان و فیداکاری ئەم گەلە کەمبکەنەوە، لەبەرامبەر ئەمانەدا شۆڕش وگیانی بەرەنگاری زیاتر سەریان هەڵداوە و پەرەیانسەندووە، وە سورتربووە لەسەر بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی..بۆیە کرۆنۆلۆژیای شۆڕشەکانی کورد بەبەردەوامی ئەمەمان پێنیشان دەدەن.. کە ئەم گەلە گەلێکی زیندوو و خۆڕاگرە، وەکو دەریا چۆن شەپۆل بۆ ئازادی دەدات ئەم گەلە گیانی بۆ کەناری ئازادی دەروات، دوژمن نەیتوانیوە بەری پێبگرێت.. هەر جارەی بەشێوەیەک تێکۆشانی خۆی کردووە، تێکۆشانیش بەگوێرەی قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.. لە سەرهەڵدانی جۆرەها پارتی سیاسی بە ئایدۆلۆجیای جیاوازەوە کە هەریەکەیان خاوەنی دونیابینیەکی جیاواز بوون بۆ دۆزی گەلی کورد، بەهەمان شێوە شەڕی پێشمەرگەش لە بەرامبەر دوژمنانی گەلەکەماندا بەگوێرەی قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

لەدوای شکستی ساڵی ١٩٧٥ بەهۆی بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی شۆڕشی ئەیلولەوە، گەلی کورد لەمێژووی خۆیدا توشی گەورەترین شکست دەبێت. لەمێژووی دووری خۆیدا بەو شێوەیە لەڕووی لەباری دۆخەکەوە، هیچ کات کارەساتی وەهای بەسەردا نەهاتووە، بەمەش بێ هیوایی و ڕەشبینییەک ئاسۆی بیرکردنەوەی میللەتی کورد بە جارێک دادەپۆشێت، لەو کاتەدا لەناو ئەم بێ هیواییە گەورەیەدا کۆمەڵک گەنجی وشیار و نیشتمانپەروەر بەخوێندنەوەیەکی واقیعی.. بۆ ئەو قۆناغە(کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) لە١٩٧٠/٦/١٠ دروست دەکەن و دواتر ناوەکەی دەگۆڕرێت بۆ(کۆڕک)، هەتاکو دەگات بە(ی.ن.ک)بەو شێوەیە.. بەوپەڕی بوێریەوە.. جاڕی شۆڕش دەدەن و دووبارە

گەلی کورد لەباشوری کوردستان هیوایان لەلا دروست دەبێتەوە.. گەل و پێشمەرگە بۆ جارێکیتر ئاوێتە دەبن و دێڕەکانی مێژووش بە خوێنی لاوانی شۆڕشی نوێ دەنوسرێت، لێرە بەدواوە ڕژێمی بەعسی فاشست و هەندێک لە وڵاتانی هەرێمیش بەهەموو هێز و توانایەکییانەوە.. ڕووبەڕووی ئەم شۆڕشە نوێیە بوونەوە، ڕژێمی بەعس بێ ئەوەی پابەند بێت بە بەها مرۆیی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە، بەرامبەر بە شۆڕش و گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا..پەنا دەباتە بەر هەموو شێوازێکی کاولکاری.. هەر لەسێدارەدانی لاوەکان و زیندانی کردنیان دواتریش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کە (٥٠٠٠) مرۆڤی بێتاوانی تێدا شەهید کرد، لە ساڵی(١٩٨٨) بەرنامەی قڕکردنی کورد بەناوی ئەنفالەوە..بە(٨)قۆناغ جێبەجێ کرد. ڕژێم بەمانەشەوە نەوستا.(٤٥٠٠) گوندی باشوری کوردستانی خاپوورکرد، لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەشێک لەپێشمەرگەکانی ( ی.ن.ک) بەرەو سنورەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆییشتن.. بەشێکیشیان تەسلیم بوونەوە.. بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پارتیزانی لە ناوخۆی وڵات.. بەشێکی کەمیان بڕیاری مانەوەیاندا، ئەم شۆڕشگێڕانە بوون.. چۆکیان بەو قەدەرە دادا کە بەسەر میللەتەکەماندا هاتبوو، ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت بەقەڵەم گوزارشت لەو کاتە سەخت و دژوارە بکات، لەلایەک وڵات خاپور دەکرا.. گەلی باشوری کوردستان کۆمەڵکوژ دەکرا..هەرچی بەهای مرۆڤایەتی هەیە لەژێر پۆستاڵی فاشیستی بەعسیەکان دانرابوو، ئەم بەشە کەمەی پێشمەرگەش لەم قۆناغە بێ هیچ پشتیوانییەک بڕیاری شەڕی پارتیزانی دەدەن دژی ڕژێم..

هەروەک مامۆستا هێمن موکریانی دەڵێت:

دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئـەستورتـــرم
لێـم دەدا، ئەمما لەسەر داواڕەواکەم سورتـــــرم
دەمکوژێ ئەمما بەگژ جـــــەلادەکەمدا دێمەوە
کـــوردم و نـــاتـــــوێمــــــەوە ناتـــــوێمــــــەوە

ئەم کتێبەی لەبەر دەستاندایە لەلایەن کاک (حەمە ڕەشید توکن) یەوە نوسراوە، کە خۆی یەکێک بووە لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی پاش ئەنفال.. جگە لەوەی دایک و باوک و براو خوشکەکانی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون..خۆشی چەکی پارتیزانی لەشان بووە و لەسەنگەری بەرگریکردن لە گەلەکەی دا بووە.. لەم کتێبەدا نوسەر بەشێوەیەکی ورد باسی قۆناغەکانی ئەنفال دەکات.. لەهەمان کاتدا باسی سەردەمی پارتیزانی و ئەو چیرۆکە دڵتەزێنانە دەکات لەو سەردەمەدا بەسەریانداهاتووە..پەردە لەسەر کۆمەڵێک لایەنی شاراوەی ئەو ڕووداوانە هەڵدەداتەوە کە لەو سەردەمەدا ڕوویانداوە.

کاتێک مرۆڤ مێژوو دەنوسێتەوە خۆی لە بەرامبەر کۆمەڵێک بەرپرسیارتێی ویژدانی و ئەخلاقی و نیشتمانیدا دەبینێتەوە.. ئەستەمە چاوپۆشی لەهەندێک ڕووداو بکرێت، لەبەرئەوەیە کە ڕاست و دروستی مێژووەکە وەکو خۆی بگات، دەستخۆشی لە هاوڕێ و هاوسەنگەری باوکم کاک (حەمە ڕەشید توکن)ی دەکەم کە منی هەڵبژارد وەکو کوڕە شەهیدێک پێشەکی ئەم کتێبەی بۆ بنووسم، هەوڵەکانی بەرز دەنرخێنم، جگە لەوەی مێژووی ئەم بیرەوەریانە بەشێکن لەمێژووی پڕ سەروەری گەلەکەمان.. لەهەمان کاتدا وەفایەکە بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی کە ڕۆژگارێک پێکەوە لە سەنگەری بەرگری میللەتەکەماندا بوون.. ووننەکردنی مێژووی ئەو شەهیدە سەربەرزانەیە، لە کۆتاییدا سەری ڕێز و نەوازش لەبەردەم ناوی بڵندی شەهیداندا دادەنوێنم.

دابان شەهید ئەحمەد حاجی ڕەشید

**٢٠١٩/٣/ ٦**

گوندی ئۆمەربل

# مێژووی  گوندی توکن

گوندی توکن لەسەرەتای دروست بوونیەوە سەر بە(ناحیەی سەرقەڵای قەزای کفری پارێزگای کەرکوک) بوو،پاش بڕیارێکی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ بەعەرەبکردن و بچوککردنەوەی پارێزگای کەرکوک و کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لەپارێزگاکەدا، قەزاکانی (چەمچەماڵ وکەلار)ی خستەسەر پارێزگای سلێمانی و قەزای(خورماتوو)ی خستەسەر پارێزگای (تکریت/صەلاحەدین) کە تازە کرابوو بەپارێزگا بەهۆی ئەوەی زێدی سەدام حوسێنی سەرۆک کۆماری عێراق بوو، قەزای (کفری) خستەسەر پارێزگای (بەعقوبە- دیالە)،گوندەکانی (چوارشاخی ژوور، توکن، عەزیز قادر، قەڵا چەرمەڵە، پیرەمەوەنی، قەواڵی) کە بەناوچەی (داوێی کوردستانی) ناسراوە لە ناحیەی (سەرقەڵا)ی دابڕی وخرانە سەر(ناحیەی تیلەکۆ- قەزای کەلار، پارێزگای سلێمانی)، گوندە دراوسێکانی گوندی توکن لە ڕۆژهەڵاتییەوە گوندەکانی(سێخڕان، سمباق، هەزارکانی) ناوچەی هۆزی (جاف)ە وە باشوری گوندی (چوارشاخی ژوور) هۆزی (داودە)یە..(چوارشاخی خواروو ئۆمەربل) هۆزی (جاف)ە، ڕۆژئاوای بەرزاییەکانی (مازوخە) کەلە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوک و ناوچەی (جەباری)یەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ڕۆژئاوای گوندی (ئۆمەربل)، ڕۆژئاوای(مازوخ)یش  گوندەکانی ناوچەی داودەیە، وەک:(هەردوو زینانە-بەلەگە)، باکوری گوندی (عەزیز قادر)ە لە هەموو هۆزەکانی تێدایە.

دانیشتوانی گوندی توکن هۆزەکانی (زەنگنە، جاف، داودە، دەلۆ، هەمەوەند)ی تێدایە.  بۆ زیاتر ئاشنابوونمان لەدروستبوون و مێژووی گوندی توکن لەمانگی ٢٠١٨/٥ لە بەتەمەنترین مرۆڤی گوندی توکنم پرسی.. تۆ وەک  بەتەمەنترین و کۆنترین دانیشتووی گوندی توکن کە ئێستا لەژیاندا مابیت، چی لە مێژووی گوندی توکن  دەزانیت.. بۆم بگێڕەوە؟ کە پوورە "بەهیە مەحەمەد ئەمین" لەدایکبووی ساڵی ١٩١٧یە وەکو دەڵێن هاوکات بووە لەگەڵ ساڵی هێرشکردنە سەر زەوارەڕێ یان بڵێن (خانەکە) کە لە سەدەی هەژدە و نۆزدە و نیوەی سەدەی بیست جێگای حەوانەوە و نانخواردن و گۆڕینەوەی کەلوپەلی بازرگانی بووە. ئەو ڕێبوارانەی لەسنوری (عوزیٍَم و خاڵس و کفری)یەوە خورما و خوێ و پێداویستی دیکە و ئەوانەی لەناوچەی(هەورامان و قەرەداغ و شارباژێڕ) و دەوروبەریان گوێزو توو مێوژ و توتن و پێداویستی تریان هێناوە. خانەکە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی (توکن- هەزارکانی-سمباق-سێخڕان)ەوە.. ئەو هێرشە لەلایەن پیاوەکانی (خەلیفە یونس)ی سەرۆک تیرەی (ڕوغزایی) لە هۆزی (جاف)ەوە بووە، ئەو ساڵە بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە..برسێتی و قاتوقڕییەکی زۆر.. ڕووی لە ناوچەکە و بەتایبەت  کوردستان کرووە، کە بەپێی وتەی مێژوونوسان زیاتر لە دوو ملیۆن کورد بەهۆی برسێتی و ڕاپێچکردنی پیاوان بۆ جەنگ.. بەهۆی وەرگرتنی باج و سەرانەیەکی زۆر لەلایەن سوپا و دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ خەرجی شەڕ گیانیان لەدەستداوە، وە هاتنی سوپای بریتانیا و داگیرکردنی ولایەتی موسڵی ئەوکات و کوردستانی باشوری ئێستا..پوورە

بەهیە ژنێکی بیرتێژ و وریا و ژیرە.. نزیکەی سەد ساڵی ڕابردووی زۆر بەجوانی لە یادە و وەک خۆی دەیگێڕێتەوە:

وتی: ئەوەی خۆم لەبیرم بێت و باوکم بۆی گێڕابێتمەوە، مازوخ زستانان هەواری (عێلی جاف) بووە، ئەو زەوییانە ئێستا هی ماڵی خورشید جەوهەرە و پێی دەڵێن هەوار جافەکان جێگای ماڵی(حاجی ڕەشید و حاجی قادر و حاجی عەلی ئەمین و فارسی عەزیز و لالەڕۆستەم) بوو. هەموو لە مازوخە بچکۆلە ڕەشماڵیان هەڵدەدا، بەچاوی خۆم ئەو عێلانەم بینیوە زستان ڕەشماڵەکانیان هەڵدەدا و هاوین دەچوونەوە بەرەو کوێستان. شوێن گوندی توکن لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە شوێنی (قشلاخ) و زستانە هەواری باوکی (سەمین توکن) بووە، کەناوی باوکی نازانم، دواتر بەهەمان شێوە جێگای قشلاخی کوڕەکانی بەناوی (سەمین و فارس و فلامەرز) توکن بووە، کانیاوی گەورەی گوندی توکن کە لەم دواییەدا بە کارێزەکەی (خەلیل ئاغا) ناسراو بوو.. مڵکی فارس توکن بووە و باخ و سەوزەواتی لەبەر چاندووە کەخۆم لەبیرم دێت، فارس توکن منداڵەکانی پیرۆز و گورجی و کوڕێکی هەبوو بەگەنجی مردووە، پیرۆز دایکی "حەمە ساڵح پیرۆز" و نەنکی "سەعید حەمە ساڵح پیرۆز" ی گوندی (ئۆمەربل)ە. سەمین توکن دوو کوڕی هەبوو بەناوی ئەحمەد و مەجید لە گوندی ئۆمەربل دادەنیشتن، فلامەرز یەک کچی هەبوو دایکی "سەمەد ئۆمەر بل"ی بوو، هەروەها وتی: زەوی توکن مڵکی سەییدەکان بوو کە ئێستا بەبنەماڵەی (جەلال ئاغا)ی گوندی ئۆمەربل ناسراون. ئەوەی مێژوو دەیگێڕێتەوە لەپاش چاخە سەرەتاییەکان و لەسەردەمی چاخی بەردینەوە، لەوەتەی مرۆڤ گۆڕانکاری بە سەرچاوەی ژیانیدا هاتووە، هەستی بە خاوەندارێتی لەخێزان وکەلوپەل و زەوی کردووە و پاراستوویەتی. مرۆڤ لەئەشکەوت نیشتەجێ بووە و دواتر لەئەشکەوت وەدەرکەوتووە و لەسەر ڕووبارو کانیاوەکاندا.. بەپێی گەشەی ژیان کوخ و خانوو و گوندی دروستکردووە و کشتوکاڵی کردووە. ململانێ و هێرش و پەلاماردانی تاک و هۆز و ناوچە و نەتەوە پەیدابووە بۆ داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی شوێنی نیشتەجێبوون و بەرژەوەندیی تایبەتی، کە تاکو ئێستا بەردەوامە، هەر قۆناغ و سەردەمێک بەپێی کات و شوێن و جوگرافیای ناوچەکە ئەنجامدراوە، دیارە گوندی (توکن)یش پشکی ئەو چاوتێبڕین و دەستبەسەراگرتنەی لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا بەرکەوتووە. وەک دایە بەهیە دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەوەی من لەیادم بێت لەسەرەتای منداڵیمەوە تاکو (خەلیل ئاغا) هات و دەستی بەسەر گوندی توکندا گرت، چەند ماڵێکی کەم لەگوندی توکن هەبوون کە هیچی خانو و دیوار و حەوشەی نەبوو. تەنها (کوخ-زنج- تەڵەکە) یان هەبوو کە لە قامیش و ژاژ و زەل دروستکرابوون. ئەو ماڵانەی من لەیادم بێت ئەمانە بوون:

**١-**شێخ موحەمەد.

**٢-**عەلی ڕۆستەم شاتری.

**٣-**سەعید و غەریب مەعروف ڕەسوڵ.

**٥-**ئەحمەد قادر.

**٦-**قادر عەزیز.

**٧-**ئەحمەد فەتاح.

٨-"عەلی باشە"ی برازای ئەحمەد فەتاح.

٩-ئەمین عارەب.

١٠-موحەمەد و ئەحمەد عەمشە.

١١-عەزیز ئەمین.

١٢-قادر رەشید.

١٣محەمەد ئەمین.

١٤-لاله زۆراب، ئەحمەد لاله ساڵح.

سەبارەت بەهاتنی خەلیل ئاغا بۆ گوندی توکن ئەوەی من لەیادم بێت، من تازە پێگەیشتبووم و شەهید حەمە سدیقی برام نزیکەی نۆ ساڵا دەبوو منیش سیازدە ساڵ لەو گەورەتربووم، بەپێی ساڵەکان سەرەتای ساڵانی چلی سەدەی بیستەم دەکات، لەو کاتانەدا خەلیل ئاغا و ئەحمەد ئاغا کوڕانی موحەمەد ئاغا لە گوندی لفتی ئاغای ناوچەی داودەوە هاتن و دەستیان بەسەر گوندی توکن و عەزیز قادردا گرت، لەسەرەتا ئەحمەدئاغا چووە گوندی عەزیزقادر و دواتر خەلیل ئاغا هاتە گوندی توکن، موحەمەد ئاغا چوار کوڕی هەبوو بەناوەکانی (خەلیل و فەتاح وساڵح وئەحمەد). من لەیادم بێت ئەمین رۆستەم باوکی عومەر و حەسەن ئەمین ڕۆستەمی گوندی چوار شاخ موختاری گوندی توکن بوو، دوای ئەو (ئەحمەد فەتاح) موختاری بوو تاکو خەلیل ئاغا هات. (خەلیل ئاغا) ماوەیەکی کەم پاش هاتنی بۆ توکن ژمارەیەک وەستا و شارەزای کورەی گەچ و دیواری لەشارەوە هێنا لە چەمی "کەنە زەردا" کورەیان دروستکردو گەچیان هێنا لەکورەکەدا دەیانسوتاند و دواتر دەیانکوتا، بەردیان هێناو بنەڕەتی قەلایەکی دانا بە ساڵێک قەلاکەی تەواو کرد، ئاوڕێژەی (مەرزم)ی سەر قەلاکەی خستە سەر تەڵکەکەی ماڵی (ئەحمەد فەتاح)ی موختار، یەک زستانی درێژ.. ئاوی ئەو قەلایە بەسەر تەڵکەو ماڵەکەیەوە بوو، بۆ ئەوەی باری پێبکات، ساڵ گەییشتە بەهار ئەحمەد فەتاح ناچاربوو ئەوێی بەجێهێشت و لەخواری ئاواییەوە تەڵکەی تری دروست کرد، لەوێش بەردەوام گێچەڵی پێدەگێڕا تا باریکرد بۆ گوندی (سێخڕان) و لەگوندی توکن دەریکرد، هەروەها لە پیاوێکی تری بەتەمەنی گوندی توکنم پرسی چی لەمێژووی گوندی توکن دەزانی؟ کە (موحەمەد عەزیز) لەدایک بووی **١٩٣٤** بوو، وتی: ئەوەی من لەبیرم بێت تەنها ژمارەیەک لەو ماڵانە لەگوندی توکن بوون کە بەهیە باسی کردووە، من تەمەنم شەش تا حەوت ساڵ دەبوو ماڵی خەلیل ئاغا هاتن بۆ توکن، پێش (خەلیل ئەحمەد ئاغا)ی برای هاتبوو بۆ گوندی (عەزیز قادر) و دەیەوێت ئەو ماڵانەی ئێمە لە توکن دەربکات بە لێدان و چاو سوورکردنەوە، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژێک ژمارەیەک چەکدار کۆدەکاتەوە تاکو بینێرێتە سەر ماڵەکانمان، حاجی(ڕەشید عەلی سەفەر)لە لەگوندی عەزیزقادر بەپلانەکە دەزانێت بەپەلە پێش هاتنی چەکدارەکانی ئاغا بەچەمی (عەزەجامەیی)دا دێت بۆ گوندی (توکن).. هەواڵ دەدات بە حاجی (غەریب و حاجی ئەحمەد) ی ئامۆزام، حاجی غەریب بە چەکێکی پێنج تیرەوە دەچێتە سەر گردی (شمشێرە بەرد) کە بەسەر گوند دا زاڵە و چاوەڕوانی چەکدارەکان دەکات، چەکدارەکان دێن لەپێش ئەستێڵی نزیکی مزگەوتی گوند یەکێکیان پەلاماری (حاجی ئەحمەد) دەدات لێی بدات حاجیش بەردێکی لێدەدات دەیخاتە ئاوەکەوە لەگەڵ ئەوەدا

(حاجی غەریب) لەسەر گردەکەوە تێیان دەخوڕێ و پێیان دەڵێت: قەسەم بەخوا بەشوێنی خۆتاندا نەگەڕێنەوە لێتان دەکوژم، لەناو خۆیاندا دەڵێن تا زووە با ئێرە بەجێبهێڵین، بێچەکەکەیان بەبەردێ خەریک بوو یەکێکمان بکوژێ، ئەبێ چەکدارەکەیان چی بکات؟ بەپەلە دەگەڕێنەوە و ئیتر ناوێرن بێنە سەریان. هەروەها دایە بەهیە وتی: پاش هاتنی خەلیل ئاغا کانییەکە کەهی فارس توکن بوو، دەستی بەسەردا گرت و کارێزکەنی هێنا کارێزێکی لێدا و باخ و سەوزەی لەبەردا دەکرد، هەموو زەوی گوندی توکن و بەشێک لەزەوی گوندی عەزیزقادریشی داگیرکرد و بەپارە و بەرتیل هەموو لە لای دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆی بەهۆی ئەوەی ئەو کاتە سەردەمی پاشایەتی بوو، پشتوپەنای ئاغا و زۆرداربوو، تاساڵی چەپڵەکەی شۆڕشی(عەبدولکەریم قاسم) لەساڵی **١٩٥٨**، هەموو شتێکی گوندەکەی داگیرکردبوو. تەنانەت هۆز و تیرەی دانیشتوانی گوندیش. لەساڵی **١٩٥٧** سەرژمێری گشتی لەعێراق کرا فەرمانبەرانی سەر ژمێرییەکە هاتن بۆ گوندی توکن لەدیوەخانی ئاغا میوانداریکران.. هەر لەوێش سەرژمێری گوندەکەیان ئەنجامدا، ئاغا بە فەرمانبەرەکانی وتبوو.. دانیشتوانی گوند هەمووی لەهۆزی داودەیە و واش بنووسن هەرواش نوسرابوو.

دایە بەهیە (لالە موحەمەد ئەمین)ی باوکی لە ساڵی **١٩٧٨** لەتەمەنی نزیکەی سەد ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، تابڵێی پیاوێکی زۆر وریا و ڕۆشنبیر و بیرتیژ و قسەخۆش بوو، مێژووی نەوەد ساڵی ناوچەی گەرمیانی وەک خۆی دەگێڕایەوە، بەداخەوە ئەو پیاوە نەخوێندەواربوو ئەگینا خزمەتی زۆری بە مێژووی کورد دەکرد، لە بیرمە من منداڵ بووم لەساڵی **١٩٧٧** شکست و شکانی سوپای (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) بۆ هەندێ لەپیاوانی گوند.. دەگێرایەوە، دەیگوت: کاتێک سوپای عوسمانی لە جەنگی جیهانی لەبەرامبەر ئینگلیزدا شکا و بەرەو تورکیای وڵاتی خۆیان لە خوارووی عێراقەوە بەم ناوچەیەدا کشانەوە، بەهۆی گرانی و نەبوونی خۆراکەوە سەدان سەرباز لەم ناوچەیەدا لەبرسانا مردن، قەسەم بەخوا سەربازی تورکم بینی لەبرسانا لاقی گوێدرێژی تۆپیوی دەکڕاندەوە، سەربازم بینی تفەنگێکی پێنج تیری ئینگلیزی..دا بەیەک کوت نان. هەروەها مێژووی شەڕی ئاوباریکی لەساڵی **١٩٣١** زۆر بەجوانی دەگێڕایەوە، ئەو کاتە شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵا سوپای عێراق و فڕۆکەی بریتانیادا کردبویوان، زۆر بەجوانی و تاموچێژێکی تایبەتەوە ڕابردووی دەگێڕایەوە.

# پێکهاتەی یەکە سەربازی و کارگێڕییەکانی (ی.ن.ک)

بۆ تێگەیشتن و زیاتر ڕوونبوون لای خوێنەر لە یەکە و هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کە لە بیرەوەرییەکانمدا زۆر ناوم هێناون هەیکەلی یەکەکان بەم شێوە بوو:

١-(م س)- لە چەند ئەندامێک پێک دەهات لەناویاندا مام جەلال سکرتێری گشتی بوو.

٢- کۆمیتەی سەرکردایەتی- لە ژمارەیەک ئەندام پێک هاتبوون.

٣-دەزگای ڕاگەیاندن- سەرپەرشتی ڕادیۆ و بلاوکراوە و چاپەمەنییەکانی دەکرد.

٤- دەزگای دارایی- بەرپرس بوو لە دابینکردنی دارایی "ی.ن.ک".

٥- پەیوەندییەکان - لەدەرەوە نوێنەرایەتی (ی.ن.ک)ی دەکرد.

٦-دەزگای بێتەل(مخابرە)- بەرپرسی پەیوەندیی هەموو بێتەلەکانی ی.ن.ک بوو.. بەبێتەلی مەڵبەند و تیپەکانەوە.

٧- مەڵبەند- ی.ن.ک لە سێ..چوار مەڵبەند پێک هاتبوو.. هەر مەڵبەندێک لە سنورێکی دیاریکراودا نیمچە ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەبوو، کە پێکهاتبوو لە چەند ناوچەیەک.

مەڵبەندی یەک- سنوورەکەی بریتیی بوو لەقەزای هەڵەبجە بۆ پارێزگای سلێمانی و ناوچەی بازیان و تەکیەو جادەی چەمچەماڵ بۆ کەرکوک.

مەڵبەندی دوو- سنوورەکەی بریتیی بوو لە قەزای پێنجوین بۆ سلێمانی و بازیان و تەکیەو جادەی چەمچەماڵ بۆ کەرکوک، زێی دوکان لەسنوری مەرگەوە بۆ دوکان وتەقتەق.

مەڵبەندی سێ- سنوورەکەی بریتیی بوو لە زێی دوکان لەسنوری قەزای قەلادزە بۆ دوکان و تەقتەق و هەموو سنوری پارێزگای هەولێر.

مەڵبەندی چوار- لەسەرەتای هەشتاکان دامەزرا، دواتر..لەگەلا مەڵبەندی سێ.. کرا بەیەک.

پێکهاتەی مەڵبەند:

١-بەرپرسی مەڵبەند.

٢- بەرپرسی بەشی سەربازی مەڵبەند.. لە چەند فەرماندەیەک پێکهاتبوو، هەریەکەیان لە ڕووی کاروباری سەربازییەوە سەرپەرشتی چەند تیپێکی دەکرد.

٣-ڕێکخراوەیی مەڵبەند.. بەرپرسی کاری ڕێکخراوەیی سنوری مەڵبەند بوو.

٤- رابەر سیاسی مەڵبەند.

٥- بەشی کۆمەلایەتی مەڵبەند.

٦- دادگای مەڵبەند.

٧- نەخۆشخانەی مەڵبەند.

٨-بێتەلی مەڵبەند.

**٩**- تیپی مەڵبەند بۆ پاسەوانی و پاراستنی بارەگاكانی مەڵبەند.

١٠-دارایی مەڵبەند.

١١-بەندینخانەی مەڵبەند.

١٢-كەرتی بەندینخانەی مەڵبەند بۆپاسەوانی بەندینخانە.

تیپەكان(ت .مەڵبەندی یەك- ت .مەڵبەندی دوو- ت .مەڵبەندی سێ- ت. ١١ی هەورامان- ت.**١٢**سۆران- ت.**١٥**ی شارەزوور- ت.١٧ی زمناكۆ- ت.**١٩**ی كۆڕەك- ت.٢١ی كەركوك- ت.**٢٣**ی سورداش- ت.**٢٥** ی خاڵخاڵان- ت.**٢٧**ی تۆكمە- ت.**٢٩**كەڵكەسماق- ت.**٣١** ی پێنجوێن.

ت.**٣٣** ی سلێمانی- ت.**٣٥**ی كورەكاژاو- ت.**٣٧**ی شاربازێڕ-ت.**٣٩**ی خەنجەرە-ت.**٤٣** ی ئاسۆس.

ت.**٤٤** ی چەكوچ- ت.**٤٧** ی پیرەمەگرون- ت.**٤٩** ی سارا- ت.**٥١** ی گەرمیان- ت.**٥٣** ی شێروانە-

ت.**٥٥** ی قەرەداغ- ت.**٥٦** ی گولاڵە- ت.**٥٧** ی سەگرمە- ت.**٥٩** ی حەمرین- ت.٦١ ی كۆرش-

ت.**٦٣** ی جوتیاران- ت.**٦٥** ی بلفەت- ت.**٧٤** ی باڵەك- ت.**٧٨** ی كاروخ- ت.**٨٣** ی هەورێ-

ت.**٨٥** ی بەڕانەتی- ت.**٨٦**ی دەشتی هەولێر- ت.**٨٧** ی قەرەچوخ- ت.**٩١** ی سەفین- ت.**٩٣** ی كۆیە- ت.**٩٩** ی بتوێن.

پێكهاتەی تیپ :

١-فەرماندەی تیپ.

٢-جێگری فەرماندەی تیپ.

٣-رێكخەری تیپ بۆ كاروباری رێكخراوەیی و حزبی.

٤- رابەر سیاسی تیپ.

٥- بەرپرسی كۆمەڵایەتی تیپ.

٦ - دارایی تیپ.

٧- بێتەلی تیپ.

٨-كادری باج.

**٩**-كەرتی تیپ بۆ پاسەوانی بارەگای تیپ، تیپ لە سێ تا حەوت كەرت پێكدەهات.

پێكهاتەی كەرت

**١-**فەرماندەی کەرت**.**

**٢-**جێگری فەرماندەی کەرت**.**

**٣ -**رێکخەری کەرت**.**

**٤-**کادری کۆمەڵایەتی کەرت**.**

**٥-**فەرماندەی مەفرەزەکان**..** لەسێ تا پێنج فەرماندە**..** پێکدەهات، بەپێی ژمارەی کەرتەکە**.**

مەفرەزە:

**١-**فەرماندەی مەفرەزە**.**

**٢-**جێگری فەرماندەی مەفرەزە**..** مەفرەزە لەپێنج تا بیست وپێنج پێشمەرگە، پێکدەهات**.**

# جینۆساید و شاڵاوەکانی ئەنفال.....

## ئەنفالی یەک

ئەم قۆناغە۲/۲۲ تا۱۹۸۸/۳/۱۹ی خایاند.کاتژمێر..چواری پاشنیوەڕۆ۱۹۸۸/۲/۱۸ لەسەر جادەی سلێمانی دوکان لەنزیک گوندی (قەمچوغە) و بەرامبەر گوندی (جاسەنە) پەڕینەوە لەکاتی پەڕینەوەماندا.. لەسەر جادەکە لەگەڵ هێزێکی زۆری سەربازیدا تەوێڵمان بەیەکدا تەقی.. توشی شەڕێکی زۆرسەخت و دەستەویەخە بووینەوە. دوژمن شکاو بەرە و دوکان پاشەکشەی کرد.. ژمارەیەک کوژراو و برینداریان لەبەردەستماندا لەسەر جادەکە بەجێهێشت. پاشان بۆ دەربازبوونی هێزەکە و بردنەوەی کوژراو و بریندارەکانیان بە پاڵپشتی دەیان تانک و شەش هەلیکۆپتەرەوە هاتنەوە. تا شەو.. شەڕ بەردەوام بوو، پاش چەند هێرشێک بەشکاوی و بەجێهێشتنی ژمارەیەک کوژراو و بریندار و ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری گاز "٦٦" یان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێهێشت..ئێمەش پەڕینەوە لەنزیکی ناحیەی "سورداش" کە بارەگای "تیپی۲۳"ی سورداشی لێبوو، بەهۆی تەقینی گولەی ئاربیجییەکی خۆمان بە ژمارەیەک پێشمەرگەدا لەناو ئەو ئۆتۆمبێلەی گیرابوو،(ئەحمەد پارەپارەیی) شەهیدبوو،لەگەڵ پێنج برینداردا.

پاش ئەوەی ڕۆژی ۲/۱۹ شەهیدەکەمان لە سەرگەڵوو بەخاکسپارد، ڕۆژی ۲/۲۰ چووین بۆ گوندی (قزلەر) لە دۆڵەڕووتی باکوری پارێزگای سلێمانی، پێش گەیشتنی ئێمە بە دۆڵی جافایەتی دوژمن ڕۆژی ۱۹۸۸/۲/۱۸ دۆڵەکەی بەتایبەت سەرگەڵوو-بەرگەڵوو-یاخسەمەری بە کاتێوشا کیمیاباران کردبوو.. پاشان زانیاریمان پێگەیشت ئەو قافڵە سەربازییەی لەسەر جادە کەوتە بۆسەکەمانەوە، چەندین فەرماندەی فەیلەق و فیرقەی تێدابووە..بۆ دانانی پلانی هێرشی ئەنفالی یەک هاتبوونە ناوچەکە. لەدیدارێکی"نەوشیروان مستەفا ئەمین"دا فەریق روکن (نزار خەزرەجی) وتبووی: ئەگەر لەو بۆسەیەدا ئەو فەرماندانە بکوژرانایە.. ڕەنگە پلانی هێرشی ئەنفالی یەک تێکبچوایە. پاش دوو ڕۆژ.. لەمزگەوتەکەدا حەواینەوە، سەرلەبەیانی۱۹۸۸/۲/۲۲ هەواڵیان هێنا..دوژمن لە قۆڵی سلێمانییەوە پەلاماری (دۆڵەڕووت)ی داوە.. کاک عادل شکور کەفەرماندەی(تیپی۵۱)ی گەرمیان بوو، کاک عوسمانی حاجی مەحمودی ئاگادارکردەوە کە فەرماندەی کەرتی شەش بوو.. هێزێک لەگەڵ خۆی ببات و بەرەو گوندی (هەناران و پیرکە) بچێت. نزیکەی سەد پێشمەرگە لەهەموو کەرتەکانی تیپ بەفەرماندەیی کاک عوسمان بەڕێکەوتین بەپەلە و بەڕاکردن و بەجۆش وخرۆشێکی زۆرەوە.. بەدەم گۆرانی و سروودی حەماسییەوە لە گوندی (قزلەر)ەوە بۆ گوندی (هەنارەی سەروو) چەند کیلۆمەترێک دەبێ.. بە نزیکەی سی خولەک گەیشتین، پێش گەیشتنمان بە گوندەکە ئێمە کە کەرتی شەش بووین..لەپێشەنگی هێزەکەدا بووین بەرەو ئاراستەی گوندی (هەنارەی سەروو) ڕۆییشتین. کەرتەکانی دیکەش بۆ ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی گوندی (هەنارە) و گوندی (پیرکە) ڕۆییشتن. پیاوێکی گەنجمان بینی تفەنگێکی سەلیبی پێنج خۆری پێبوو بەرەو ئاڕاستەی (قزلەر)

بەڕاکردن دەهات، ئێمەی بینی بەدەم ڕاکردنەوە پێنج فیشەکی بەرەو ئاراستەی دوژمن بە ئاسماندا تەقاند و هەڵهات، لێمان پرسی کاکە دوژمن لە کوێیە؟ وتی: گەیشتوونەتە ناو گوندی (هەنارەی خواروو) و بەرەو گوندی (هەنارەی سەروو) دێن. بەدوای ئەودا پیرەژنێکمان بینی بە دوای پیاوەکەدا هەڵدەهات.

وتی: پێشمەرەگە بەساقەتان بم بەلولەی تفەنگ نەهێڵن (هەنارەی سەروو) بگیرێ و بسوتێنرێ! داپیرە تەنها خەمی هەنارەی بوو، بەڵام ئێمەی پێشمەرگە خەمی کوردستانی گەورەی لەتلەت کراومان بوو.. ئێمە لە گەرمیانەوە گەیشتبووینە ئەوێ، گەرمیان یان کوێستان جیاوازی نەبوو لامان.. هەر بستێکی خاکی کوردستان بەئامێزی دایک و بەزێدی باوباپیرانمان دەزانی.. ئامادەبووین لەسەر هەر لەتە خشتێکی گوندەکەی ئەم داپیرەیە و هەموو داپیرە و لاوەکانی ئەم وڵاتە.. ئەگەر بمرین زیندوو ببینەوە چەند جارێک خۆمان بەخت بکەین .بە بینینی ئەم داپیرەیە.. ئاگر لە هەناومان بەربوو، ڕقێکی شۆڕشگێڕانەی تۆڵەسەندنەوە چەکەرەی دەکرد، سەباح شێخ حەمیدی بۆ پێکەنین وتی: پیرەژن وەڵڵا یەک تەقە ناکەین لەسەر گوندەکەت تا هەموو گوندەکە نەسوتێنن، ئەوە بۆ کاتێ دێین بۆ ماڵتان لەگەڵ ئەوەی لەدەرگا دەدەین دەڵێیت بەساقە وەڵڵا چواری لێیە، کاک عوسمان لە پشتی گوندەکە هەندێ قسەی بۆ کردین وتی: برادەران خۆتان بە چاوی خۆتان بینیووتانە لە سەر ماڵ و خاکی خۆمان چۆن دوژمن دێتە سەرمان و شەرەف و وڵات و موقەدەساتمان داگیر و پێشێل دەکات، ئەوەندەم دەوێ بە شێوەیەک دەستی کوشندە لە دوژمن بوەشێنن، پڵنگ ئاسا لە ناو گوندەکە بچنە سەریان گورزی گورچک بڕیان تێبسرەوێنن.. ئەم گوندە و خاکەکەی بکەن بەگۆڕیان، نەهێڵن بێنە دەست و لەچاو تروکانێکدا لەگوندەکە دەریان پەڕێنن پێش ئەوەی گوندەکە بسووتێنن. بۆ ئەو مەبەستە من و سەباح شێخ حەمیدی و شەهید دەروێش و شەهید مەجید دووزی و شەهید عوسمانە ڕەشی لەو جێگایە بەجێهێشت و پێی وتین: ئێوە لەسەر ئەم بەرزییە بمێننەوە بە (بیکەیسی) یەکەوە بە هیچ شێوەیەک تەقە ناکەن و دانابەزن با دوژمن ئاگادار نەبێتەوە تاکو ئێمە لە ڕۆژئاوای گوندەکەوە دەسوڕێینەوە لەپشتیانەوە لەپڕدا پەلاماریان دەدەین. ئینجا ئێوەش لای خۆتانەوە بە بیکەیسی سەرکوتی دوژمن بکەن. شوێنەکەی ئێمە زۆر بەرز و زاڵ بوو کە تەواوی گوندەکە لە بەردەستماندا بوو. بۆیە ئێمەی لەوێ بەجێهێشت دوژمن شپرزە بکەین بۆ ئەوەی نەتوانن بەرگری بکەن تا دەچنە سەریان. بەڵام پاش ڕۆیشتنی کاک عوسمان و برادەران ئێمە کەوتینە وتوویژ بۆ ئەوەی پێش گەیشتنی ئەوان لای خۆمانەوە پەلاماری ناو گوندەکە بدەین. لەسەرەتا وتمان: نابێ کاری وا بکەین ئەوە دەبێتە سەرپێچی فەرمانی فەرماندە و تێکچوونی پلانەکە، ئەگەر بێت و شەهیدێک بدەین و نەتوانین بچینە ناو گوندەکەوە کاک عوسمان لێمان توڕە دەبێت و سزامان دەدات. بەڵام دواتر لەسەر ئەوە کۆک بووین ئێمە بەناو شیوەکەدا دابەزین و (عوسمانە ڕەش) لەسەر گردەکە بمێنێتەوە، ئەگەر دوژمن تەقەی کرد بە (بیکەیسی) یەکە لەو جێگایەوە سەرکوتیان بکات.. ئێمەش بە دەستڕێژ خۆمان بکەین بە ناو گوندەکەدا..بەناو شیوەکەدا دابەزین گەیشتینە نزیک ماڵەکان لەپڕ بە تەقەو دەستڕیژ گەییشتینە پاڵ خانووەکان، لەسەرەوەش بیکەیسییەکە سەرکوتی کردن، لەماوەی پازدە خولەکدا نیوەی گوندەکەمان لێیان پاککردەوە، لەو

کاتەدا چەکەکان وەک کەو دەیان قاسپاند ویزەی گوللەو تەقەی پاڵ  دیوار بەدیوار مێشکی دەهەژان، سەباح شێخ حەمیدی خۆی کرد بە ژورێکدا و مەنجەڵێک ماستی هێنا نزیکەی حەوت هەشت کیلۆ دەبوو، نیو تەنەکە ئاوی هێناو تێکەڵی کرد وتی: ڕەشە وەرە ماستاو بخۆ.. وەرە بەخوا پێش یەک کاتژمێر بهاتینایە کەوچکێک ماست و گلاسێ ماستاوت پێ نەدەدرا وەرە بخۆ، وتم: توو ئەو خوایە ئێستا وەختی ئەوەیە وەرە تەقە بکە جاشەکان وەدەربنێین، دەنگی تەقە زیادیکرد، لەو کاتەدا جاشەکان لە ناو ماڵەکان دەرچوو بوون، ئێمە لە ناو ماڵەکانەوە تەقەمان لێیان دەکرد و بەدوایانەوە بووین، (شەهید زۆراب) لە کەرتی حەوت بوو هاتە ناو گوندەکەوە بەناو کۆلانی ماڵەکاندا بەبێ ئەوەی خۆی بداتە پاڵ دیوارێک یان سیپەیەک بە تەقە کەوتە دوای جاشەکان، وتم: زۆرە شێت  تەقە وا ناکرێت لێت دەدەن ئەو بیکەیسیەت نەبینیووە بەو بەرزیەوە چیمان پێ دەکات؟

گوللە وەک باران لەناو کۆلان و ماڵەکاندا دەباری، ئێمە لەپاڵ دیوار و خانووەکانەوە تەقەمان دەکرد، بەڵام ئەو هیچ گوێی لەو هەموو فیشەکە نەبوو. دوای هێزەکەی دوژمن کەوتبوو لەگەڵ دەرپەڕاندنی دوژمن لە گوندەکە برادەرانی دیکەمان گەییشتنە ناو گوندەکە. کەمێ ترساین، کاک عوسمان لێمان توڕەبێت و قسەمان پێ بڵێت، بەڵام دیار بوو بەهۆی ئەوەی شەڕی باشمان کردبوو سەرکەوتوو بووین دەنگی نەکرد، زۆر بە دوایاندا ڕۆییشتین  تا نزیک گوندی (هەنارەی خواروو) چەند جاشێکم بینی چوونە شیوەکەی پێشمانەوە بەبرادەرانم وت:لێرەوە وەرن لە پێشمانەوە دوازدە جاشم بینیووە چوونەتە ئەم شیوەوە، بەڵام ئەوان بەلایەکی دیکەدا ڕۆییشتن.

من بە تەنها بەدوایاندا چووم.. بەدووری دوو سەد مەتر چوومە سەریان بەهۆی ئەو هەموو ڕاکردن و ماندوێتییەوە هەرچیم دەکرد لێیانم نەدەدا، زۆر لەخۆم تووڕەبووم هەزارجار دەمگوت: ئەی کوێر بیت ئیتر لەچی دەدەیت بۆ تفەنگ هەڵدەگریت؟ زۆر بانگی برادەرانم کرد کەس نەهات بۆلام، دواجار ئەو برادەرانە هاتن زۆر لێیان توڕەبووم، بەڵام بینییان من زۆر ماندوو و توڕەم.. لەدەربازبوونی ئەو جاشانە  بێدەنگ بوون وەڵامیان نەدامەوە. لەو جێگایە مامەوە دەیڕوانی بەسەر گوندی هەنارەی خوارووداً.. لەگوندی (کانی گۆران) و قوتەی (دووبرا)م دەڕوانی کە لەساڵی پێشوودا لە شەوی**١٣-١٩٨٧/٤/١٤** داستانی ڕزگاریمان تۆمارکرد، ئێمە لەنزیک گوندی کانی گۆران چوار ڕەبیەمان گرت، لەو شەوەدا ئەو سنورانەی لە ساڵی**١٩٨٦**دا دوژمن بە**(١٠٢)** ڕۆژ توانی لەدەستی هێزی پێشمەرگەی دەربهێنێ.. لەنیو کاتژمێردا هەمووی ئازادکرا، لەو داستانەدا نزیکەی پێنج هەزار پێشمەرگە بەشداربوون **(٤)** بارەگای فەوج و**(٤)** بارەگای سریە و**(١١٢)** ڕەبیەو**(١٨٦)** دیل گیرا، جگە لەژمارەیەکی زۆری کوژراو، داستانێکی گەورە و سەرکەوتوو تۆمارکرا، پێشتر لەگەڵ ئێرانییەکاندا پلان دانرابوو هاوکات ئەوانیش پەلاماری سنوری چوارتاو ماوەت بدەن.. ئەو سنورە بەتەواوی ئازاد بکرێت، بەڵام ئێرانییەکان درۆیان کرد و هیچ هێرشێکیان ئەنجام نەدا.

برادەران کەلەگەڵ من بوون چوون بەرەو گوندی (پیرکە)، لە خوارووی منەوە (شەهید جەماڵە سوور) و شەهید(حەمە چاوجوان) و (شەهید دەشتی) بە گردێکەوە بوون. لەو کاتەدا شەهید عەلی بیکەیسی(عەلی میل ناسری) کە فەرماندەی مەفرەزە بوو، لەکەرتی پێنج لەگەڵ وەهاب سنگوری و

دووپێشمەرگەی دیکەدا هاتن بۆ لام، لەو کاتەدا چەند کۆپتەرێک هاتنە سەرمان لەسەر گردەکە دابەزینە خوارەوە بۆ قەدپاڵەکە.. پاش پازدە خولەک کۆپتەرەکان ڕۆییشتن.

وتم: برادەران بابچینە سەرەوە نەوەک بەهۆی کۆپتەرەکانەوە..جاشەکان بێنەوە، من دەچمە سەرەوە ئێوەش وەرن، چوومە سەرەوە بۆ سەر قوتەکە، سێ چەکدارم بینی لەو گردەی (شەهید حەمە چاو جوان) لەسەری بوو، چەند چرکەیەک تەماشم کردن، تفەنگەکەم لە شانم داگرت لە خەیاڵمدا وتم: نەوەک جاش بن لەگەڵ داگرتنی چەکەکەم یەک ڕیزی تەقەیان لێکردم و خۆم- دا بەزەویدا و یەکسەر منیش تەقەم کرد، (شەهید عەلی) بەپەلە هاتە سەرەوە وتی: ئەوە چی بوو؟ ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە و وتم: مەچۆرە سەرەوە، لەو کاتەوە شەڕێکی توند دەستیپێکرد. بیکەیسیەک بەرامبەری لێ گرتبووین، نەیدەهێشت سەر دەربێنین، بەناچاری تەقە تەقەمان دەکرد. زۆری نەدەما بمانپێکێ (شەهید عەلی) وتی: ئەم حیزبابە ئەمڕۆ دەمانکوژێت، تائێستا جاشی وا دڕو شەڕکەرم نەبینیووە، وتم: کێ دێت لەگەڵم ئێستا دەیکوژین. برادەران بە گاڵتە کردنەوە وتیان: ئەو ناهێڵێت سەر دەربێنین، چۆن دەیکوژی؟ وتم: کاک (وەهاب) تۆ وەرە لەگەڵم بەس بە دووری چەند مەترێک بە دوامدا وەرە بۆ ئەوەی ئاگامان لەیەک بێت، بەشەهید (دەشتی)م وت: تۆ لێرەوە چاودێری ئەو قەدپاڵەی ئەو بەرەوە بکە، ئێمە بەم شێوەیە بۆیان هەڵدەگەڕێینەوە نەوەک بێنە سەرمان، چونکە لە ئێمەوە دیارنین. بە شیوێکی نادیاردا ڕۆییشتین تا تەنیشتیان، پاشان بەقەد پاڵێکدا سەرکەوتین زۆر بەوریاییەوە چاودێریمان دەکرد، عەدەد بیکەیسیەکەمان بینی ڕاکشاوەو تەقە دەکات. زۆر سەرقاڵی نیشان گرتنە و هیچ بەملاو بەولادا ئاوڕ ناداتەوە، وتم: وەرە کاک وەهاب ئەوەتا ببینە هەردووکمان پێکەوە نیشانەی لێ دەگرین، ئەگەر من نەمپێکا ئەمجا تۆ تەقەی لێبکە. بە یەکەم فیشەک پلکایەوە،پاش سێ خولەک کەلاکەکەو بیکەیسیەکەیان ڕاکێشاوە دواوە، ئێمەش بە ڕاکردن گەڕاینەوە بۆ لای برادەران.

وتمان: ها دەنگوباسی تەقەی بیکەیسیەکە ماوە؟ وتیان: نەوەڵا هیچ نەماوە چی بوو؟ ڕووداوەکەمان گێڕایەوە شەهید (عەلی) دەست خۆشی لێکردم، وتی: بەراِستی وتت دەچین دەیکوژین لەدڵی خۆمدا وتم ئەم دەم ڕووتە وادەزانێ کوشتنی عەدەد بیکەیسییەک کۆترە. تاکو ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، پاش ڕۆژئاوابوون پەلاماری هێزەکەی دوژمنماندا، لە ناو گوند و دەوروبەری گوندی (پیرکە)، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کە لە دەخولەک کەمتر بوو، زیاتر لە پەنجا سەرباز و هێزی تایبەتی دوژمن کوژران، دەستگیرا بەسەر زیاد لە دە ئۆتۆمبێل کە پێک هاتبوون لە ئیڤا و گاز شەست و شەش جێب واز، بەهۆی بەرکەوتنی گوللە ئۆتۆمبێلەکان زۆربەیان لەکار کەوتبوون، ئەوەندە هەڵمەتەکە توندو خێرابوو کە چووینە ناو ئۆتۆمبێلەکانەوە زۆر لە سەربازەکان لەناو ئۆتۆمبێلەکاندا کوژرابوون، (شەهید عوسمان بەفراو- ئۆمەربلی) دەرگای جێب وازێکی کردەوە ئەفسەرێک خۆی هەڵدایە سەرشانی باوەشی لێ دابوو (شەهید زۆراب) نزیکی بوو، کوشتبووی. بڕوا بکەن شەڕێکی ئەوەندە قارەمانانە کرا، بێ وێنەبوو لەبەرامبەر ئەو هێزە زۆر و زەوەند و دڕندەیە، مێژوو زۆر شەڕ و پەلامار و بەرگری بێ وێنەی تۆمار کردووە.. هەرگیز باوەڕ ناکەم بەقەد تۆسقاڵێک ورە و خۆنەویستی ئەوپێشمەرگانە بێت ئەو داستانەیان تۆمارکرد.پێم وایە شۆڕشی (لیبیاو جەزائیر) و (نیکاراگوا و

ڤێتنام)، هەمووی وشەی زەرد و سووری سەر کاغەزبن لەچاو فیداکاری ئەو پێشمەرگانە، ئەوەندە بێباکانەو خۆنەویستانە دەجەنگان..! باوەڕ ناکەم هەرگیز نیوەی ئەو پێشمەرگانە قارەمان و دەستوبرد بووبێتن. زۆر برسیمان بوو لە بەیانیەوە هیچمان نەخواردبوو، کۆڵە پشتێکی زۆری سەربازە هەڵهاتوو، کوژراوەکان بەجێمابوو هەموو خواردنی تێدا بوو، کۆڵە پشتێکم هەڵگرت کردمەوە شوشەیەکی دۆشاو و ڕاشی تێدا بوو، بۆ یەکەم جار دۆشاو و ڕاشیم خوارد، ئێمەی برسی هەر خواردنێکمان دەست بکەوتایە بەلامانەوە خۆش بوو، نەک دۆشاو و ڕاشی کە ئێستاش تام خۆشییەکەیم لەبیرە، لەگەڵ کێک وبسکیت و کولیچە و خورما و سەموندا بەدەم تەقە و ڕاکردنەوە تێرم خوارد، پاش سی و یەک ساڵ خۆشی ئەو خواردنانەم لە یاد ماوە. پاشان بۆ شەو گەڕاینەوە بۆ گوندی (قزلەر)، (کاک عوسمان) و چەند برادەرێک لەو نزیکانە مابوونەوە تا سبەی هێزێکی دیکە لەو پێشمەرگانەی ڕۆژی پێشوو نەهاتبوون بۆ شەڕەکە چوون بۆ لایان، ئەو ڕۆژە (فەرهاد خانەقینی) لە کەرتی سێ بوو بیکەیسی پێ بوو گوللەیەک کرابوو بە سەریدا.. بە سووکی برینداری کردبوو.

ڕۆژی **٢/٢٣** ئێمە لە مزگەوتەکەی گوندی (قزلەر) بۆحەسانەوەماینەوە.. ڕۆژی پێشوو زۆر ماندووبووین، بەشەکەی تری هێزەکە لەشەڕدا بوون لە دەوروبەری گوندی(پیرکە) و (هەنارەی خواروو)، کاتژمێر یازدەی پێش نیوەڕۆ کاک عوسمانی حاجی مەحمود.. بروسکەیەکی بۆ کاک عادل کرد، لە بروسکەکەدا داوای کردبوو لە هەموو کەرتەکان ژمارەیەک پێشمەرگەی باشمان بۆ بنێرن فشارێکی زۆرمان لە سەرە، پاش ئەوەی بەپەلە نانمان خوارد لەکەرتی شەش من و حەکیم ڕەزا و ئەمیر سادق بەلەگەیی،کەرتی چوار شەهید زۆراب و سێ پێشمەرگەی دیکەی کەرتی سێ، شەهید مام نامیق جێگیری فەرماندەی مەفرەزە بوو.. لەگەڵ ئارام فەقێ ڕەحیم و کەرتی پێنج شەهید یوسف دووزی،لە ئەنفالدا تەسلیم بووەو و شەهید بوو.. لەگەڵ چوار پێشمەرگەی دیکە نزیکەی سی پێشمەرگە دەبووین بەڕێکەوتین.. پاش چل خولەک گەییشتینە نزیک گوندی(هەنارەی سەروو)، بینیمان برادەران فشارێکی زۆریان لەسەرە تۆپباران بەشێوەیەک بوو.. هەرگیز نە بەدەم نە بەنووسین ناتوانی چۆنیەتی ئەو تۆپبارانە گوزارشت بکەیت. پەلاماری هێزە تایبەتەکانی دوژمن ئەوەندە زۆر و بەهێزبوو بەهیچ نەدەگەڕانەوە. لەپێش پەلامارەکەوە بە سەدو پەنجا تا دووسەد مەتر وەک تاوی باران بەتۆپ دەیکوتا، قوڕە و لوورەی گوللە تۆپ.. دەتگوت  هەرچی چەقەڵ و توتکە سەگی دونیا هەیە بەسەر ئێمەوەن، هاژە ونالەی گوللە تۆپ..وات دەزانی ئاسمان بەسەرتدا دەڕوخێ. لەو کاتەدا (شەهید مستەفا عەلی حەبە)م بینی کە کادری ڕێکخستنی کەرتی ئێمە بوو، شەهید بوو بوو.. بەسەر گوێدرێژێکەوە ساڵح فەرتەنە و سمکۆ بچکۆلی لە گەڵدا بوو، هەندی لەو برادەرانەی لەگەڵا ئێمەدا هاتبوون.. ئەو بارودۆخە دژوارەیان بینی.. چەند هەوڵمان لەگەڵیاندا بێ سود بوو لەگەڵا بریندارەکەدا گەڕانەوە، چەند پێشمەرگەیەکی ترمان لە ناو شوێن تۆپەکاندا خۆیان مەڵاس دا چەند هەوڵمادا نەهاتنە سەرەوە بەرگری بکەن، هەندێ  سەرزەنشتم کردن.. بێ سوود بوو، وەک پەندە عەرەبییەکە  دەڵێ:  هەزار جار پێت بڵێن ترسنۆک، بەڵام یەکجار پێت نەڵێن خودا عەفوی بکات.پاش شەڕەکە کاک عوسمان ڕوودانی شەهیدبوونی شەهید مستەفای بۆمان گێڕایەوە وتی: شەهید مستەفا و ساڵح مەلاجەمیل و عومەر عەلی قەیسەر و سمکۆ بچکۆلم لەگەڵدا بوو.. لە

گردێکدا سەنگەرمان گرتبوو هێرشێکی زۆر توند دەستییپێکرد.. چەند سەربازێکی هێزی تایبەتی لیوای **١٣٥** گەییشتنە سەرمان چەند مەترێک نێوانمان بوو.. داوای خۆبەدەستەوەدانیان لێکردین.. خۆمان خست بەدیوی نەدیودا و بەقومبەلەی دەستی.. لێمان دان کەمێک بێدەنگمان کردن، بەلاَم لە بەرامبەرمانەوە بەقەناس تەقەیان لێدەکردین مستەفا بەرکەوت، ئەکبەر سەبارو عەتا قولیجانی لەنزیکمان بوون، پێم وتن لەشوێنی خۆتانەوە بەرگری بکەن، ئێمەش لای خۆمانەوە هێرشەکەمان ڕاگرت تاکو سمکۆ و ساڵح مستەفایان دەرکرد.

تۆپبارانەکە زۆر خەست بوو لە چرکەیەکدا چەند تۆپێک لەنزیکمان دەکەوت، ئەمیر سادق تازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی (ئارپیجی) یەکی پێ بوو بەیەک گوللەوە، لەگەڵمدا هات تەنها گوللەکەم تەقاند دەستمان کرد بە تەقەکردن، شەهید زۆراب و چەند پێشمەرگەیەکی تر پێشتر بۆ ئاراستەیەکی تر چووبوون لەو کاتەدا پەیدا بوون، بەرگرییەکی باشمان کرد، بەلاَم بێ سوود بوو باوەڕ بکەن لە نزیکی دووسەد تا سێ سەد مەترێک.. هێزە تایبەتەکان لێمانەوە دوور بوون بە شەهید زۆرابم وت: ڕەنگە گوللەمان نەگات پێیان یان بۆ ئاراستەی ئەوان نەڕوات بۆ ناگەڕێنەوە یان خۆیان حەشار نادەن، وتی: ماڵئاوا ڕەنگە فیشەکی دەمانچەش پێیان بگات نەک کلاَشینکۆف، تەماشای ئەو گوللە گڕدارانە بکە پێیانەوە دەنێم. دڵنیابووین گوللەکان بەناو سەربازەکاندا دەڕۆیشت و گەڕانەوە نەبوو، لەو کاتەدا عومەر عەلی قەیسەر لەپێشمانەوە بانگیکرد.. وتی: ئێمە لە پێشتانەوە بۆ سەرەوە دێین وریا بن، کاک عوسمان لەگەڵ عومەر عەلی قەیسەر و ئەکبەر سەبار و عومەر سەنگاوی و چەند پێشمەرگەیەکدا لە خوارەوە بۆ لای ئێمە کشانەوە بەناو شیوەکەدا لەپێشمانەوە هاتنە سەرەوە. کاک عوسمان خۆیدا بەزەویدا و وتی: تاکو نەکوژرێم هەڵناسم، ئەکبەر سەبار و کاک عومەر زۆر هەوڵیاندەدا باوەڕ بەکاک عوسمان بێنن بڕۆین، چونکە سەنگەرەکانی خوارمان هەموو شکاون و کەسی لێنەماوە، دەیانگوت: کاک عوسمان تۆ خۆت دەزانی پێشمەرگە هیچ درێغیان نەکردووە، بەرگرییەک ئەمڕۆ کراوە هەرگیز لە مێژوودا بەرگری و لەخۆ بردوویی وانەکراوە. بەلاَم ئەم هێزەی دوژمن لیژنەی لە سێدارەدان لە پشتیانەوەیە.. بۆیە ناتوانن بگەڕێنەوە، من لەو کاتەدا گەڕامەوە بۆ سەرەوە بۆ ئەوەی بەرگری بکەم تاکو دوژمن نەگاتە سەرمان و برادەران (کاک عوسمان) یان ڕازی کرد هەستان بەڕێ بکەون، دوژمن زۆر نزیک بۆوە.. ئەوان بەڕێکەوتن من تەقەم دەکرد کاک عوسمان وەستابوو وتی: حەمەڕەشید بێرە خوارەوە، وتم: ئێوە بچن با ئەم مەغزەنە تەواو بکەم و دێم پێتانا دەگەم، وتی: ڕاکە با نەیەم مەغزەنەکە بدەمە سەرتا.. کارەکە لە مەغزەندا نەماوە، ئەوان ڕۆییشتن.. من بەڕاکردن گەییشتم پێیاندا، نزیک خۆرئاوا بووەوە کەمێ تەم و تاریک بوو گوللەی گڕدار و گوللە تۆپی ڕووناک کەرەوە.. ئاسمان و زەوییان ڕووناک کردبۆوە، تۆپبارانەکە وەک تاوی باران لە پێش هێرشەکەی دوژمنەوە دەهات، لەو کاتەدا کاک عوسمان لە کاک (عادل شکور)ی پرسی: تۆ ئەم باودۆخە چۆن دەبینی؟ وتی: کاک عوسمان من پێم وایە پەلاماری ئەم جارەی دوژمن زۆر لە پەلامار و شکستی هەکاری خراپتر دەبێت. (شکستی هەکاری) دوو ساڵ پاش چەخماخەو هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی (ی.ن.ک) لە ساڵی **١٩٧٦** کە بڕیاری شوڕشی چەکداری درا ڕوویدابوو، لە هاوینی **١٩٧٨** هێزیکی نزیکەی هەزار پێشمەرگە کە نزیکەی سێ سەد

کەسیان چەکدار بوون باقی بێچەک بوون، بە فەرماندەی شەهید(عەلی عەسکەری) نێردران بۆ سنووری بادینان و لەوێوە بۆ کوردستانی باکور بەمەبەستی هێنانی ژمارەیەکی زۆری چەک و پێداویستی شۆڕش، کە لە سوریاوە دەهات، لەناوچەی (هەکاری) کوردستانی باکور هێزەکانی "پ.د.ک" کە بەناوی (قیادەی موەقەتە)وە شۆڕشیان دەستپێکردبوو، بەهاوکاری دەوڵەتی تورکیا و جاشە کوردەکانی ئەو سنوورە، ئابڵوقەی هێزەکەی ی.ن.ک یان دابوو، پاش شەڕێکی نابەرامبەر لە ژمارە و چەک و ناشارەزایی ناوچەکە، بە گەلەکۆمەکێ و بەدیلی فەرماندەی هێزەکە شەهید(عەلی عەسکەری) و هاوڕێکانیان کۆمەڵکوژ کردبوو، کە زۆربەیان بێچەک بوون، نزیکەی حەوت سەد شەهید بوو، لەو هێزە ژمارەیەکی زۆر کەم ڕزگاریان بوو.

بۆیە پێموایە ئەم شکستە گەورەترە، چونکە لە کارەساتی ناوچەی (هەکاری) دا..تەنها هێزی پێشمەرگە شکستی بەرکەوت، بەڵام ئەمجارە خەڵکی کوردستان بە گشتی و هێزی پێشمەرگەش شکستی گەورەی بەردەکەوێ. شکستێکی وا بەر هێزی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵک دەکەوێت هەرگیز بەسەر کورد دا نەهاتووە و بیرمان لێنەکردۆتەوە، سەبارەت بەم هێرشەی ئەمڕۆش پێموایە ئەم شەو تا گوندی (قزلەر) دێت، گوێم لەو قسەیە بوو.. لەناخەوە ترسام، وتم: باشە ئەمە فەرماندەی تیپی ئێمەیە وا دەڵێت.. ئەبێ ئێمە چی بڵێین و چی بکەین و چۆن ورە لە دەست نەدەین؟ ئینجا لە خەیاڵی خۆمدا وتم: ڕە نگە بۆچوونەکەی ڕاست بێت، چونکە شکستی **١٩٧٥** و کارەساتی هەکاریشی بینیووە، زۆر بیرم لێکردەوە.

دواجار لە بێ ئەزموونی خۆمەوە وتم: حکومەتی عێراق چۆن دەتوانێ ئەم هەموو ناوچە ئازادکراوە بگرێت، ئەم پیاوە ڕووخاوە و ورەی لەدەستداوە.. بۆیە ڕووداوەکان وا بۆحەسانەوە دەبینێ. پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و لەدەستدانی هەموو ناوچە ئازادکراوەکان تێگەییشتم کاک عادل خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی هەبوو بەهۆی ئەزموونی ڕابردوویەوە، بیرکردنەوەی من هەرزەکارانە و بێئەزموونی بوو، بەڵام نابێت فەرماندە هەرگیز باسی شکست و بێ توانایی هێزەکەی خۆی و بەهێزی دوژمن لای خوارووی خۆی بکات. شەو گەڕاینەوە بۆ مزگەوتەکەی (قزلەر) تا ئێمە گەییشتین تەرمەکەی (شەهید مستەفا) یان ناشت بوو، شەو بە بروسکە ئاگاداریان کردین بۆ سبەی تیپی (**٥١**)ی گەرمیان بچین بۆ گوندی (چوغماخ)ی دۆڵی جافایەتی.

ڕۆژی **٢/٢٣** هێزێکی زەبەلاحی دوژمن لە جادەی سلێمانی- دوکانەوە.. لای سورداشەوە، پەلاماری بەرزاییەکانی (قولە پوشینەو قولەسەوز) یان دا و پاش بەرگرییەکی زۆر بەرزاییەکانیان گرت و زاڵ بوون بەسەر گوندی شەدەڵەو بەشێک لەدۆڵی مێرگەپاندا. ڕۆژی **٢/٢٥** گوندی شەدەڵەشیان داگیرکرد. ئێمە ڕۆژی **٢/٢٤** سەر لەبەیانی زوو هێزەکە بەچیای (چەرماوەند) دا کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی قزلەرەوە سەر کەوتین، پێش ئەوەی بگەینە گوندی (چۆخماخ) بەرەو ئاراستەی گوندی (میولاکە) ڕۆییشتین بەناو بەفرێکی زۆردا، (شەهید سەید جەوهەر) لە پێشەوە بەفرەکەی دەشکاند، بەفرەکە ئەوەندە زۆربوو دەگەییشتە بن ڕانمان، زۆر ماندووی کردین. نزیکەی نیوەڕۆ گەییشتینە شیوێک لە نێوان گوندی (چۆخماخ-میولاکە) هێزەکە لەوێ لایدا، پاشنیوەڕۆ لەگەڵ کاک عوسماندا چووینە دەربەندەکەی ڕۆژهەڵاتی گوندی (چۆغماخ).. چەند بارەگایەکی کۆنی

لێبوو خوالێخۆشبوو (بەکری حاجی سەفەر) و کاک(شێخ جەعفەر) لەوێ بوون سەرپەرشتی ئەو قۆڵەی بەرەی شەڕیان دەکرد .بە حاڵێکی خراپ گەییشتینە ئەوێ، ماوەی دوو کیلۆمەتر دەبوو زیاتر لە کاتژمێرێ بڕیمان، تۆپبارانێکی ئەوەندە سەخت بوو، دوو هەنگاو دەڕۆییشتین و خۆمان بە زەویدا دەدا، دوژمن دەیزانی ئەو جێگایە بارەگای فەرماندە و ڕێگای ئەو شەرگەیەی لێیە بە خەستی تۆپبارانی دەکرد بۆ ئەوەی جووڵەی ئەو هێزانە سنوردار بکات، پاش کاتژمێرێک و تویێژ،مانەوە لەگەڵ ناوبراواندا.. کاک عوسمان هاتە دەرەوە و گەڕاینەوە بۆ لای برادەران، نزیک ئێوارە بەڕێکەوتین ئێوارە کاتی تاریک بوون گەییشتینە سەر شاخی (کونە کۆتر) کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی (سونگر) و ڕۆژئاوای چیای(خەجە لەرزۆک و کۆڕەنگ) و ناحیەی (کاریزە) وە.

# قوڵی کارێزە:

دوژمن لە بەرواری **٢/٢٣** بە هەمان شێوە لە قۆڵەکانی دیکە و لە چیای (خەجە لەرزۆک) و (کۆڕەنگ)ەوە، پەلاماری قووتەی (کونە کۆتر)و (شاخەسوور )ی دابوو، پاراستنی ئەو چیایە بە تیپی (**٥٩**)ی حەمرین سپێردرابوو، بەرگرییەکی قارەمانانەو جوامێرانەیان کردبوو، پاش ئەوەی دوژمن لەتاریکی شەو و زریانێکی بەفر سوودی وەرگرتبوو لە چیای (خەجە لەرزۆک)ەوە پەلاماری شاخە (سوور)ی دابوو، بەشێک لە شاخەکەی داگیرکردبوو، لە دژە هێرشێکدا دوژمنیان ڕاونابوو.. زیاد لە پەنجا کەلاکی هێزی تایبەت و سەربازی دوژمنی لە پێش سەنگەرەکاندا، کەوتبوو. ئێوارەی **٢/٢٤** کاتژمێر حەوتی شەو گەییشتینە سەر شاخی (کونە کۆتر) و شاخەسوور هەموو سەنگەرەکانمان لە کاک (جەلال مەسۆیی) فەرماندەی کەرت لە تیپی(**٥٩**)ی حەمرین وەرگرت و دابەزینە خوارەوە. ئێمە پێویستمان بەناساندنی سەنگەر و شوێنی دوژمن نەبوو، لەبەرئەوەی لەپاش داستانی ڕزگارییەوە لە مانگی (**١٩٨٧/٤**)ەوە پاراستنی ئەم چیایە و چیای (ڕابە بالاَبەرزو تەلاش ) بەتیپی (**٥١**)ی گەرمیان سپێردرا بوو، بەردەوام بەشێک لەتیپەکەمان لێرە ئەرکمان دەبینی بۆ پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی، هەر بۆیە کون و قوژبنی شارەزابووین و زۆربەی سەنگەرەکانی خۆمان دروستمان کردبوو. چووینە سەر کەلاکی سەربازەکان تۆپبارانی دوژمن زۆربەیانی تێکدابوو، زۆربەی کوژراوەکان بووبوون بە دوو بەشەوە هەبوو لاق و هەبوو دەست و هەبوو سەر و زۆربەیان ئەندامەکانی لەشیان لەجێگایەکیتر کەوتبوو، لەگەڵ چەندین تفەنگی شکاودا کە لەو ناوە کەوتبوون. ڕۆژەکانی **٢٥** و **٢/٢٦** لەسەر چیا بووین هێرشی دوژمنمان لەسەر نەبوو، دووره تەقەی دۆشکاو بیکەیسی و تۆپبارانێکی زۆر قورسمان لەسەر بوو، لورەی تۆپە دوورهاوێژەکان دەتگوت (ئەمبولانس)ە بەدوای یەکدا دەڕۆن، لەخولەکێکدا دەیان گوللەتۆپ لەناو سەنگەرەکانماندا دەکەوتن، بەڵام ئەوەی شایەنی باسە لەماوەی ئەو چەند شەو و ڕۆژەدا

بەبەردەوامی پەلاماری توند بۆ سەر چیای (پیر بایز) هەبوو کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی گوندی (میولاکە) و باکوری ئێمەوە. پاراستنی چیای (پیر بایز) بەتیپی (**١٩**)ی کۆڕەکی مەڵبەندی (**٣**) سپێردرا بوو، کە(سەعید حەمە زیاد) فەرماندەی تیپەکە بوو، بە بێتەل پەیوەندیمان لەگەڵ دەکردو لە بوون و جوڵەی دوژمن ئاگادارمان دەکردنەوە.

تابلێی پیاوێکی زۆر بە ورەو قارەمان و جوامێر بوو، پێمان دەگوت ئاگاداربن هێزەکانی دوژمن بە نیوە قەدی چیاکەوە لەبن ئەشکەوت و بن بەردەکاندا ئاگریان کردۆتەوە، بەهۆی ئەوەی شاخی (پیر بایز) دەکەوێتە ڕۆژئاوای باکوری کونە کۆترەوە، دەکەوتە پشتی ئێمەوە بە تەواوی هێزەکەی دوژمن لێمانەوە دیاربوون پەلاماری چیاکەیان دەدا. (سەعید حەمە زیاد) دەیوت: غەمتان نەبێت بە خودای مەگەر چیای (پیر بایز) لەبن لاقمان دەربێت (هەڵبێت). ناوبراو پیاوێکی بالا مامناوەندی چوار شانەی کەللەزلی ئەسمەر بوو، سەری بەگوێزان پاک تاشی بوو کلاوێکی توکداری لەسەر کردبوو هەیبەت و هەیکەلێکی ترسناکی هەبوو. پاش نیوەڕۆی **١٩٨٨/٢/٢٧** دوژمن (کەڵکی پیرکە) و شاخی(تەلاشی) بە پەلامارێکی توند داگیرکرد، کە دەکەوێتە باکورو ڕۆژهەلاتی گوندی (پیرکە) وە. هەردوو شوێنی ناوبراو دەکەوێتە پشت قووتەی کونە کۆترەوە کە ئێمەی لەسەر بووین. بۆیە کاک (شێخ جەعفەر) بە بروسکە کاک عوسمانی ئاگادارکردەوە ئێوارە پاش تاریک بوون بەبێ ئەوەی دوژمن هەست بکات دابەزن و بگەڕێنەوە بۆ گوندی (چۆغماخ)، هەر بۆیە لەگەڵ تاریک بووندا کشاینەوە بەرەو گوندی (چۆغماخ)، ئێمە دوازدە پێشمەرگە لەگەڵ کاک (عوسمان تلیشانی) لە بارەگایەکی کۆنی نێوان گوندی (چۆغماخ و مێولاکە)ماینەوە، بۆ سبەی چووین لە پشت گوندی (مێولاکە)ەوە سەنگەرمان لێدا و دامەزراین. ڕۆژی **٢/٢٩** توشی شەڕێکی زۆر سەخت بووین لە کاتژمێر دەی بەیانی تا پێنجی ئێوارە نۆ سندوق فیشەکی بیکەیسیمان تەقاند،پەلامارەکەی دوژمن لە گوندی (سنگر)ەوە بۆ گوندی (مێولاکە) دەهاتن، بۆ نزیک ئێوارە تێکشکان و گەڕانەوە بۆ گوندی (سنگر). بۆ ئێوارە تیپی (**٥٥**)ی (قەرەداغ) کە لەسەر چیای (پیربایز) بوون، کە دەکەوێتە سەروو ڕۆژهەلاتی ئێمەوە چۆڵیان کرد و دابەزینە خوارەوە، فەرماندەکەیان کاک (حەمە قاشتی) جێگری فەرماندەی تیپ بوو.کاک عوسمان تلیشانی زۆر لەگەڵیان هەوڵیدا شوێنەکەیان چۆڵ نەکەن و نەچنە خوارەوە ئەگەر ناشچنەوە بۆ سەرەوە با لە نزیک ئێمەوە سەنگەر بگرن، بێ گوێدانە ئێمە ڕۆییشتن پێم وابوو بڕیاری کشانەوەیان درابێ.

لەو قۆڵەوە تەنها ئەو دوازدە پێشمەرگەیەی ئێمەی لێمابوو. ڕۆژەکانی **٣** و **٣/٤** دوژمن هێزێکی لە چیاو (کەڵکی پیرکە)وە بەرەو (حەوشەی ئێستران)پێشڕەوی کرد کە دەکەوێتە چیاکەی نێوان گوندی (پیرکە) و (قزلەر)ەوە، تا گەییشتنە بەرامبەر ئێمە. ئێوارە هێزێک بە فەرماندەیی (شەهید سەید جەوهەر) سەر کەوتن پەلاماریان دان ژمارەیەکی زۆر لە

هێزەکەی دوژمن کوژران و پاشەکشەیان پێکرا.. هەندێ شوێنیان لێ پاککردنەوە. شەوێکی درەنگ  بارانێکی بە خوڕ دەباری.. دەتگوت لە سەر ئێمە ئاسمان کون بووە هەر تکەی گوێلێک ئاوی هەڵگرتبوو، دەیدا بەسەر و چاوماندا دەیتۆزاندەوە.. نەیدەهێشت سەر هەڵبڕین، هیچ شوێنێکمان نەبوو خۆمانی تێدا لە باران بپارێزین. بۆیە گەڕاینەوە بۆ بارەگایەکی کۆن کە نزیکەی دوو کیلۆمەتر لە گوندی چۆخماخەوە دوور بوو، تاکو هاتینە بارەگاکە زۆر ماندوو شەکەت بووین، دەزووی وشک بەلەشمانەوە نەمابوو، سۆپاکەمان گەرمکرد پاش چەند خولەکێک وشکبووینەوە و هەموو بەدەوریدا خەومان لێکەوتبوو، تەنها شەهید(دەروێش) بەخەبەر بوو کە پاسەوان بوو. لە ناکاو لەشیرینی خەودا ناڵەی تەقینەوەیەک بەئاگای هێناینەوە.. ناو ژوورەکە هەموو دووکەڵ و تۆز بوو نە دەرگاو نە هیچ شوێنێکمان لێوە دیار نەبوو. هەموو پێمان وابوو هێرش کراوەتە سەرمان، بە ئارپیجی یان قومبەلەی دەستی یان لە کونی سۆپاکەوە یان لە دەرگاکەوە بۆمان فڕێدراوەتە ژوورەوە، نازانم چۆن باسی بکەم و چۆن و بەچ شێوەیەک گوزارشت لەو چرکەساتە بکەم. چۆن و بەچ شپرزەیی و چ خێراییەک  بەچەند چرکە هەموو  لە ژوورەکە دەرچووین. پاش چەند چرکە و خولەکێک بە هەرچوار لای خۆماندا چاو بۆ گری تفەنگ دەگێڕین، هەست بۆ دەنگ دەگرین هیچ نییە. دەروێشمان بینی لەو لای ژوورەکەوە وەک ئێمە چاو دەگێڕێ لێمان پرسی ئەرێ تۆ پاسەوان بوویت.. ئەو ناڵەیە چی بوو؟

وتی: وەڵا نازانم چی بوو.پاش کەمێک هەستمان کرد تەنها ئاگرێک لە ناو ژوورەکەدا دەسووتێت و هیچ تەقەو شتێکی نائاسایی نییە، بۆیە چووینە ژوورەوە بەتانییەکمان خستە سەر ئاگرەکە و کوژاندمانەوە. تەماشامان کرد حەشوەیەکی سوتاوی (ئارپیجی) لە ناو ژوورەکەدا کەوتووە.. دەرگای سۆپاکە کراوەتەوە،پاش بەدواداچوون تێگەیشتین کاتێ گەڕابوینەوە کۆڵە پشتی (ئار بیجی) یەکە لەسەر هەندێ داری وردکراو دانرا بوو، حەشوەیەک کەوتبووە ناو دارەکان بەهۆی  تاریکیەوە (دەروێش) لەگەڵ دارەکان خستبوویە ناو سۆپاکەوە.. ئەو ڕووداوەی لێکەوتەوە. ڕۆژی ٣/٥ چووینەوە بۆلای برادەران لە ماڵەکانی (کانی مستەفا) کە دەکەوێتە نێوان گوندی (چۆخماخ و یاخسەمەر)ەوە، ئەم ماڵانە خەڵکی گوندی (چۆغماخ) و ژمارەیەک ماڵە پێشمەرگە لەترسی تۆپباران وهێرشی فڕۆکە.. دروستیان کردبوو، بارەگای (ناوەندی- کۆڕەک) یش لێرە بوو، کە ئەو کات کاک فەرەیدون عەبدلقادر بەرپرسی بوو، ئەو کاتە هەموو مانگێک ژمارەیەک لە بڵاوکراوەکانی ئەو ڕێکخراوە لەم بارەگاوە لە چاپ دەدراو بڵاودەکرایەوە. نوسەرەکانی بەزۆری کاک (نەوشیروان)ی ڕەوانشاد و(فەرەیدون عەبدلقادر) و (مام جەلال) بوون، لەگەڵ هەندێک لە برادەرانی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە، خوێنەرەکانی مانگانە زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ژمارەی نوێ دەبوون و تینووی بڵابوونەوە و خوێندنەوەی بوون. من زۆر ئارەزووی خوێندنەوەی بووم،

بەتایبەت نوسینەکانی کاک نەوشیروان و مام جلال و کاک فەرەیدون، پێموابوو فەرەیدون دووەم کەسی خەمخۆری هەژارانە و سەرقافڵەی چینی پرۆلیتارە، وە ڕاستگۆ و وریایە لە ڕووداوە سیاسی و هەرێمایەتییەکان. بەداخەوە ئێستا بەپێچەوانەی بیروباوەڕی ئەو کاتەی هەڵسوکەوت دەکات.

بۆ یەکەمجار لە ژیانم.. شەوی (١١-٣/١٢ ) ماڵەکانی (کانی مستەفا) لەگەڵ (عوسمان تلیشانی) و (ساڵح فەرتەنە) و (حەمە چاو جوان)ی دووز و (حەکیم ڕەزا)، مەیمان خواردەوە کە شەرابێکی لە ترێ دروستکراوبوو.. ماڵەکان خۆیان دروستیان کردبوو، حەکیم زۆرخەیاڵ بوو بە دەنگە خۆشەکەی تا درەنگانێکی شەو گۆرانی خۆشی بۆمان چڕی.

بۆ پاش نیوەڕۆی ٣/١٤ (شەهید سەید جەوهەر) لەگەڵ هێزێکدا لەسەر قووتەیەکی نێوان قوتەی (تاتەسپی)و (حەوشەی ئێستران)بوو، کە دەکەوێتە سەر چیای نێوان گوندی (قزلەر و پیرکە)، بەبێتەل ئاگاداری کردین، وتی: ئەمڕۆ لەگەل بێتەلێکی خۆمان پەیوەندیم کردووە لەسەر شاخی (ناوتاق)ی نزیک قەزای (دەربەندیخان) ئاگاداری کردین کەهێزەکانی (ی.ن.ک وح.س.ک وپ.د.ک و بزوتنەوەی ئیسلامی) پەلاماری سنووری (هەورامان) و شاری (هەڵەبجە) و دەوروبەریان داوە، تاوەکو پردی (زەڵم) ئازاد کراوە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزای (هەڵەبجە) و باکووری ناحیەی (خورماڵ)ەوە، دەکەوێتە سەر ئەو ئاوەی لەچیای سورێن و سەیرانگای (ئەحمەدئاوا)وە دێتەخوارەوە، هەروەها وتی: لەچەند کاتژمێرێکی دیکەدا قەزای (هەڵەبجە) و ئەو سنورە تا سەرئاوی بەنداوی (دەربەندیخان) کۆنترۆڵ دەکرێت. ی.ن.ک و حزبە کوردستانییەکان ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ئێران کردووە..بۆ دوو مەبەست.

یەکەم: ئازادکردنی ئەو سنورە، وەک ناوچەیەکی ڕزگارکراو..دەسەڵاتی لەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە دا بێت، ئێران هاوکار و هاو هەڵوێست بێت لە پاراستنیدا.

دووەم: کردنەوەی شەڕگەیەکی نوێ، تا لەو ڕێگاوە فشار بخرێتە سەر هێزەکانی سوپای عێراق بۆ ئەوەی دەست لە هێرش وپەلاماری سەرکردایەتی و دۆڵی جافایەتی هەڵبگرن و بەشێک لە هێزەکانیان پاشەکشە بکەن و ڕەوانەی ئەو بەرەی شەڕەی بکەن.

بەپێچەوانەی لەیەکدانەوەی سەرکردایەتی شۆڕش سوپای عێراق هیچ کاردانەوەیەکی لەشکرکێشی و گرتنەوەی ئەو سنورەی نەبوو، بەپێچەوانەوە ئەوەی لەخەیاڵی شۆڕشدا نەبوو، بیری لێنەکردبۆوە، ڕوویدا.. قەزای هەڵەبجە و سنوری هەورامانی کیمیاباران کردو خەڵتانی خوێنی کردن. نەناسینی دوژمن و دۆستەکەی کەئێران بوو، کە بەلای دوژمنەکەیەوە چ دوژمنێکی لەمێژینە و داخ لەدڵدا بوو بۆی، بەداخەوە لێدانی نەوتی کەرکوک، گرتنی هەڵەبجە لەگەڵا سوپای ئێراندا گەورەترین هەڵە بوو لە مێژووی شۆڕشی کورددا ڕوویدا.. لەو سەردەمەدا کە بووە بەهۆی شەهیدبوونی پێنج هەزار پەپولەی گەلەکەمان..جینۆ

سایدو  هێرشی ئەنفال، من لێرەدا پاکانە بۆ بەعس و دوژمن ناکەم.. کەمێژوویەکی ڕەشی هەیە، نالێم ئەگەر ئەم دوو هەڵەیە نەکرایە..ئەو تاوانانە ڕووی نەدەدا، ناشڵێم هاوکاری وەرگرتن لەدوژمنی دوژمنەکەت بۆ مەبەستی گەیشتن بەئامانج هەڵەیە، بەپێچەوانەوە من پێموایە بۆگەیشتن بەئامانجی رزگاری، لەگەڵ شەیتان و ڕەحمان هاوپەیمانی ببەستە..بۆ سەرکەوتن و شکستی دوژمن.پێموایە لەوەتەی بەعس دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، بەرنامەی تەعریب و تەبعیس و سڕینەوەی  شوناسی کورد بووە، بەڵام ئەم دوو هەڵەیە بیانوی دا بە دوژمن و تاوانەکەی پێشخست. پێویستە ئێمەی  شۆڕشگێڕ چۆن لەسەرووەرییەکانی شۆڕش و ئەو سەردەمە دەدوێین، بەهەمان شێوە لە هەڵەکانیش بدوێین.. بۆ ئەوەی لەداهاتوودا نەوەکانمان پەندی لێ وەربگرن. دەبوو سەرکردایەتی شۆڕش درکیان بەو مەترسییە بکردایە، چونکە ئەزمونێکی دوورودرێژو خوێناوییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عەرەب وحیزبی بەعس هەبوو لە ڕابردوودا.. لە بۆمبارانکردنی زانکۆی (قەڵادزە) لە(**١٩٧٤/٤/٢٤**)چەندینجار کیمیابارانکردنی دۆڵی (جافایەتی و بالیسان) لە بەهاری ساڵی **١٩٨٧** و شەهیدکردن و بریندار بوونی سەدان هاوڵاتی  سڤیلی  لێکەوتەوە.

(کاک نەوشیروان) لە پەڕتوکی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ( لەمانگی**١٩٧٤/٣**(ئیدریس بارزانی) کوڕ و نوێنەری (مەلامستەفای بارزانی) و شۆڕشی ئەیلول بۆ دواجار وەک نوێنەری شۆڕشی ئەیلول سەردانی (سەدام حوسێن).. جێگری سەرۆکی کۆماری عێراق دەکات، سەدام دەزانێت شۆڕشی کورد لەژێر فشاری (شای ئێران)دا شەڕ هەڵدەگیرسێننەوە، هەر بۆیە بە ئیدریس دەڵێت (چارەنوسی ئێوە بەستراوەتەوە بە هاوکاری ئێرانەوە، داوای کەنداوی عەرەبیم لێدەکات لەبەرامبەر دەستهەڵگرتن لە هاوکاری شۆڕشی کورد، دڵنیابن کەنداو لەکوردستان خۆشەویستر نییە لام، ئەگەر شەڕ دەستپێبکەنەوە،  ساڵێک شەڕتان لەگەڵ دەکەم، ئەگەر نەمتوانی بەسەرتاندا زاڵ بم، لەگەڵ ئێران ڕێک دەکەوم نیوەی کەنداوی عەرەبی دەدەمێ لەبەرامبەر ئەوەی یارمەتیتان لێببڕێ، ئۆباڵەکەی لەگەردنی ئێوەدا دەبێت. واتان لێدەکەم پەشیمان ببنەوە، بەڵام  ئەو کاتە پەشیمانی کەڵکی نابێت). دەڵێ: بارزانی ئەم هەڕەشانەی بەهەند وەرنەگرتبوو.. پشتئەستور بوو بە هاوپەیمانەکانی. ڕەنگە هەموو کورد و بەتایبەتی ئێمەی یەکێتی بەردەوام ڕەخنەمان لە سیاسەتی شۆڕشەکانی پێش خۆمان، بەتایبەت شۆڕشی ئەیلول گرتبێ، بەڵام پەندمان لە هەڵەکانی ئەوان وەرنەگرت و دووبارەمان کردەوە، ئەو هەڕەشەیەی سەدام لە ئیدریسی کردبوو، دواتر وەک خۆی جێبەجێی کرد، بەڵام بە هەمان شێوە لە گفتوگۆی ساڵی **١٩٨٤** هەڕەشەی لە سەرکردایەتی ی.ن.ک کردبوو.. ئەگەر هەر گەڕەکی شارێک گوندێک یەک تەقەی تێدا بکرێت تەختی زەوی دەکەم، بەداخەوە بەهەند وەریاننەگرتبوو. مانگی **١٩٩٢/٢** هەردوو خوالێخۆشبوو (مام جلال و کاک نەوشیروان) لە بارەگای هێزی دووی  قەرەداغ

لەگوندی زرگوێز کە کاک عوسمانی حاجی مەحمود فەرماندەی بوو میوانمان بوون.. نزیکەی پێنج کاتژمێر مانەوە و زۆر باسی سەردەمی شاخ و گفتوگۆی ساڵی **١٩٨٤** کرا، لەیەکێک لە گفتو گۆکانیاندا وتیان بە (سەدام)مان وتووە: ئەگەر مافەکانی گەلەکەمان دەستەبەر نەکەیت و ئەمجارە شەڕ بێتەوە شەڕی گەورە و ڕزگارکردنی ناوچەکان دەکەین و دەست لەدامەزراوە نەوتییەکانیش ناپارێزین. لەوەڵامدا سەدام وتبووی: منیش لەهەر گوندو شوێنێک یەک فیشەک بتەقێنرێت دەست ناپارێزم و تەختی زەوی دەکەم.

من لەژیانمدا هەمیشە و ئێستاش سەرسام و دواکەووتوی ڕێباز و بیروبۆچوونی ئەو دوو کەڵە پیاو و سیاسەتمەدارە بووم و دەبم، بەڵام پێموایە نەدەبوو ڕێگەیان بەو هەڵانە بدایە. گێڕانەوەی ئەم ڕووداو و بیرەوەریانە بەشێکە لەمێژووی شۆڕش و گەلەکەمان.. بۆیە دەبێت زۆر ڕاستگۆیانە..بیگێڕینەوە، تاکو نەوەکانی داهاتوو پەندی لێوەربگرن.

هەواڵی گرتنی ناوچەی هەورامان و کردنەوەی شەرگەیەکی تر بۆ ئێمە زۆر دڵخوشکەر بوو. هیوایەکمان لا دروست بوو کە بتوانین بەسەرکەوتووی لەم شەڕە خوێناوییە ڕزگارمان بێ. ڕۆژی **٣/١٥** هێزێکمان لە قوتەی پشتی (ڕەزی باپیران)کە دەکەوێتە نێوان گوندی (چوغماخ و مێولاکە)وە سەنگەریان گرتبوو، (حەکیم ڕەزا) جێگری فەرماندەی مەفرەزە فەرماندەیان بوو، پاش هێرش و شەڕێکی توندی بێوێنە.. دوژمن گردەکەی گرتبوو، پاش گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانی (کانی مستەفا) شەهید (جەوهەر و عوسمان تلیشانی) زۆر لێیان تورە بوون،(حەکیم) وتی: برا بۆ لێمان تورە دەبن بەخوا شەڕێکی زۆر قارەمانانەمان کردووە.. چەند برینداریکمان داوە، بەڵام دوژمن بەهیچ نەدەگەڕایەوە، چەند پێشمەرگەیەکی کەرتەکەمان پێش ئێمە هاتبوون بۆ دۆڵی جافایەتی بۆ پاراستنی سەرکردایەتی، لەسەرەتای پەلامارەکانی دوژمنەوە لە قۆڵی ناحیەی (کارێزە و گوندی گەرەدێ و گەورە دێ) وە بوون، بەفەرماندەیی شەهید(عەلی سوور)لەو شەڕەدا، (نەجات هەرێنەیی و برهان بەگزادە) شەهید بوون، شەهیدان(عەلی سوور و کامەرانەڕەش) بەسەختی بریندار بووبوون.. ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ڕۆژهەلات کرابوون، برادەرانی دیکە تازە گەڕابوونەوە بۆ لامان ڕەشاشێکی (بیکەیسی)یان گرتبوو.. لەگەڵ خۆیان هێنا بوویان، زۆر دڵمان پێخۆش بوو.. وامان دەزانی گەورەترین دیارییان لەگەڵ خۆیان هێناوە لەو کاتە ناخۆشەدا.

چەند ڕۆژ پاش هێرش و پەلامارە توندەکانی دوژمن.. زۆرێک لە پیاوماقوڵ و ئەنجومەنی گوندەکان لە سەرگەڵو سەردانی کاک نەوشیروان دەکەن و داوای بۆچوون و ڕوونکردنەوەی لێدەکەن لە سەر چارەنوسی شۆڕش و خەڵکی ناوچەکە، بە بۆچوونی ئەو خەڵکی ناوچەکە چارەنوسیان چی دەبێت و چ ڕێگایەک بگرنە بەر. لەوەڵامدا کاک نەوشیروان پێیان دەڵێت: ئێمە سەدام دوژمنمانە وێنەی نییە لە دڕندەیی و خوێنڕێژیدا، بۆیە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت

بۆچوون لەسەر هەڵسوکەوت و کاردانەوەکانی بدات، ڕەنگە هەموو خەڵکەکە ببورێ.. ڕەنگیشە هەمووی بکوژێ. دۆستێکمان هەیە کە ئێرانە وێنەی نییە لە جیهاندا.. لەکارەکانیدا ئەوەندە سست و خەمساردە، ڕەنگە بەچوونتان بۆ ئێران باشترین ژیانتان هەبێ، ڕەنگە هیچیشتان بۆ نەکات. بۆیە پێم باشە خۆتان هەڵسەنگاندن بۆ ڕووداوەکان بکەن و بڕیاری خۆتان بدەن. پەلەش مەکەن تا باش بیری لێدەکەنەوە، چونکە جارێ ئێمە لێرە تاکۆتایی توانامان بەرگری دەکەین.

ڕۆژی **٣/١٥** دوژمن لە نێوان گوندی (مێولاکەو چۆغماخ)ەوە.. لە قوتەی (تاتەسپی و پشتی قوڵینکە قورینەکە)وە پێشڕەوی زۆریان کردبوو. ڕۆژی **٣/١٦** دوژمن لە هەموو لایەکەوە فشاری خستبووە سەرمان نزیکەی سی پێشمەرگە بەفەرماندەیی (ئازادە سوور) فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی چوار.. نێردرا بو گرتنەوەی قوتەی (پشتی ڕەزی باپیران). ژمارەیەک پێشمەرگەش بۆ سەرشاخ بەفەرماندەیی (عەتا قولیجان)ی فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی حەوت کە دەکەوێتە نێوان گوندی (پیرکە وقزلەر) لە ڕۆژئاوای گوندی (مێولاکە)، بەداخەوە (عەتا قولیجانی)پاش شەڕێکی قارەمانانە و گرتنەوەی شوێنەکە شەهید بوو. ئەو هێزەی لەگەڵ (ئازادەسوور) ڕۆییشتن پاش شەڕێکی زۆر سەخت و قارەمانانە دوژمنیان شکاندو شوێنەکەیان گرتەوە، بەداخەوە ئەم پێشمەرگە قارەمانانە شەهید بوون (فەتحولای فەرماندەی مەفرەزە- تەیب ناسراو بە(ئاسۆخانی)-لەکەرتی سێ..تا بڵێیت کوڕێکی قارەمان و ڕوح سوک، هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم بوو، زۆر نیگەرانی شەهید بوونی بووم. ژمارەیەک پێشمەرگەی قارەمان بریندار بوون. ئەو ڕۆژە کاک (عومەر سەنگاوی) ئاوی گەرم کرد.. تەراش بکات پوزەوانەیەکی مەرەزی لە پێدا بوو، کترییە ئاوە گەرمەکە ڕژابوو بەسەر پێیدا.. تاکو پووزەوانەکەیان لە پێی دڕیبوو هەموو پێی سووتاند.

ڕۆژی پێشوو کاک (عومەر سەنگاوی) ئاوی گەرم کردبوو خۆی بشوات مامۆستا (سەلاح دووزی) لێی پرسیبوو.. کاک عومەر ئەوە چی دەکەیت ئەڵێیت خۆت دەشۆی؟ ئەویش لە وەلامدا وتبووی: نەوەلا ئاوم گەرم کردووە دەمەوێ مەلە بکەم. هەردووکیان گوێیان لە بیستندا گران بوو هەر بۆیە کەسیان لە کەسیان تێنەدەگەیشتن، لەکاتێکدا هەردووکیان هەمان شتیان دەگوت، لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستی و تەمەن درێژی بۆ هەردووکیان. ڕۆژی **٣/١٦** لە (ماڵەکانی کانی مستەفا)ی نزیک گوندی چوخماخ بووین لەنزیک بارەگای ناوەندی کۆمەڵە خانوویەکمان کردبوو بە بارەگا، کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ چوار فڕۆکەی جەنگی دوژمن هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە و دەسوڕانەوە، دۆشکەیەکی **١٤/٥** ملم لەسەر سێپایەک لەپێش بارەگای ناوەندی کە نزیکی بارەگاکەی ئێمە بوو، بە دۆشکەکە دەستم کرد بە تەقەکردن لێیان.. بەهۆی ئەوەی سێپاکەی دانەبەسترابوو هیچ گونیە خۆڵی لەسەر نەبوو.. پاش ئەوەی بەرەو ئاراستەمان دەهاتن و گەییشتنە سەرسەرمان بە زاویەی نەوەت تەقەم لە

فرۆکەکان دەکرد، ئەوەندەمزانی  دۆشکەکە بە سێ پاکەیەوە هەڵگەڕایەوە بە سەرمدا ئەگەر بە پەلە خۆم لەژێری دەرنەکردایە مێشکمی دەپژان. لەڕۆژەکانی سەرەتاو نیوەی مانگی ١٩٨٨/٣ چەندجارێک سەرکەوتین بۆ سەر شاخەکانی نێوان گوندی (مێولاکە و چوغماخ و قزلەر) تووشی دەیان پەلامار و ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت بووین، لە ڕۆژی ٣/١٧ ئاگادار کراینەوە دەچین  برادەرانی سەر شاخ  دەگۆڕین لەسەر قوتەی (تاتە سپی) کە دەکەوێتە نێوان گوندی (پیرکە و قزلەر) ەوە. لە ڕقی ئەو شکان و شەهیدانەی ڕۆژی پێشوودا لە خوا دەپاڕاینەوە دوژمن  هێرشمان بۆ بهێنێت، بڕیارماندا کە چووینە سەر چیا و پەلامار دراین دەبێ گورزێک لە دوژمن بسرەوێنین بیوێنەبێ، پاش نیوەڕۆ بەڕێکەوتین بەرەو سەرچیا,لەپێشدا چووینە بارەگای ئیدارەی شەڕگەکە لەناو دەربەندەی خوارووی گوندی(چوغماخ)دا بوو، چەند ژوورێک پڕکرابوو لە تەقەمەنی، فیشەک و قومبەلەی دەستی و گولە ئاڕبیجییەکی زۆرمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت. من قومقومەیەکی ئاو بە قەدمەوە بوو فڕێم داو پێنج  قومبەلەم کردە ناو کیفەکەیەوە ..وتم  بەم بەفرو سەرمایە ئاوم بۆ چییە! ئەمە بەکەڵکم دێت، پاشان بە شاخەکەدا سەرکەوتین. بەفرێکی زۆری لێ بوو زیاد لە پەنجا (سم) دەبوو، لە سەرکەوتندا من و چەند پێشمەرگەیەک لە پێشەوە بووین، پێم خزاو کەوتم.. بەخلیسکان هاتمە خوارەوە  بەبێ ئەوەی بتوانم خۆم ڕا بگرم، (شەهید ئاسۆ کەرکوکی) بینی من بۆ خوارەوە  بەرەو ئەوان دێم بە ڕاکردن هاتە پێشم.. لاقی خستە نێوان هەردوو لاقم گرتمیەوە، نزیکەی پەنجا مەترێک ڕۆیشتمە خوارەوە هەڵدێرێکی زۆر سەخت بوو، ئەگەر نەیگرتمایەتەوە.. دەستبەجێ پارچەپارچە دەبووم، چووینە سەرەوە کەرتی چوار و حەوت لە سەرەوە بوون..لەوانە شەهید(حەمە چاوجوان) کە فەرماندەیان بوو لەگەڵ (ئەحمەدە سوور و شەهید زۆراب و شەهید عوسمان ئۆمەربلی و سیامەند سەید جەژنی کە ئەنفالە) و چەند برادەرێکی دیکەمان بینی ئەوان دابەزین. لەپاش عەسرەوە تەقەمان لەسەر بوو پاش تاریک بوون چەند جارێک پەلامار دراین و شکان، کاتژمێر یازدەی شەو کاک عوسمان هاتە سەنگەرەکەم وتی: زۆر کەم فیشەکی بیکەیسیمان پێماوە.. ڕەنگە سبەی پەلاماری توندمان لەسەر بێت ئەتوانیت لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەدا بچیتە خوارەوە لای (ئازادە سوور)ی کەرتی چوار هەندێ فیشەک بێنی؟ هەر چەندە لە شەڕگەیەکی ئەوەندە ئاڵۆز و بەناو چیایەکی سەختی بەرداوی و چڕەدار و بەفراویدا، بەو شەوە دابەزین و گەڕانەوە زۆر ئەستەم وماندوو بوون و رەنگە مەرگیشی تێدا بێت!  بەڵام  بێ گوێدانە مەترسی و مەرگ، وتم: بۆ ناچم.. یەکێکم لەگەڵ بنێرە.. (شەهید فوئاد حەبیب بەلەگەیی) لەگەڵم نارد، ئازاد بە قوتەی پشتی ڕەزی باپیرانەوە بوو کە دەکەوێتە ڕۆژئاوا و نێوان گوندی (مێولاکەو چوغماخ) ەوە، لە ڕۆژهەلات و خوارووی ئێمەوە بوون، بەڕێکەوتین بۆ خوارەوە مانگەشەوێکی زۆر ڕووناک بوو، بە دوو کاتژمێر گەییشتینە خوارەوە لەو قوتەیەوە

نزیکبووینەوە.. (ئازادە سوور) و مەفرەزەکەی سەنگەریان لێگرتبوو، شەهید فوئاد ویستی بچێتە سەرەوە قۆڵیم گرت و لە پاڵ بەردێکدا دامنیشاند وتم: نابێ بچینە سەرەوە تا بانگ نەکەین و دڵنیا نەبین لە مانەوەیان، کێ ناڵێت پاش ئەوەی خۆمان هاتینەتە سەرەوە دوژمن داگیری نەکردووە؟

چۆن بزانین لەوێ ماون یان بۆسەیان نییە تەقەمان لێناکەن؟

لەدووری سەد مەترێک پاش دووجار بانگکردن (ئازادە سوور) زۆر بەخەستی دەستڕێژمان لێ کرا، ئەگەر لەپشتی بەردەکەوە نەبوینایە گوللە دەیکردین بەسەرەن ، فوئاد ویستی هەستێت و بۆ خوارەوە ڕابکات قۆڵم گرت، وتم: هەڵنەسیت تا من پێت نەڵێم، پاش بیست خولەک دەستڕێژ..تەقەکان کەم بوونەوە ئینجا بەزەحمەت و بەهۆی چڕی دار و بەردە وە دەرباز بووین.

پاش چوار کاتژمێر و نیو.. گەییشتینە سەرەوە، پاش سەدان کەوتن و ماندووبونێکی زۆر.. بەبێ فیشەک و بە نائومێدی گەییشتینەوە لای برادەران، کاک عوسمان لەهەمان شوێن کە بەڕێی کردین، وەستابوو، وتی: ئەو تەقانە چی بوو؟

ڕووداوەکەم بۆ گێڕایەوە و دەستخۆشی لێ کردین وتی: باشتان کردووە ڕاستەوخۆ نەچوونەتە سەرەوە. وتی: سەنگەرەکانمان زۆر دوورن لەیەکەوە، بەتایبەت لەگەڵ کەرتی پێنجدا بۆیە لەسەنگەرێکەوە بۆ سەنگەرێکی دیکە بچن و لە نێوان سەنگەرەکاندا چەند گوللەیەک بۆ ئاراستەی دوژمن بتەقێنن.. بۆ ئەوەی دوژمن وا هەست بکات هێزەکەمان زۆرن.. سەنگەرەکان لەیەکەوە نزیکن و بیرلەوە نەکەنەوە بێنە نێوان سەنگەرەکانمان، تا بەیانی ئەوە کارمان بوو. بەهۆی کوژراو وبریندار و ونبونیان.. سەربازەکان لەپێش سەنگەرەکانمان تا بەیانی بانگیان دەکرد، سبەی ڕۆژی ٣/١٨ پاش ڕووناکبوونەوە هەستمان کرد هێزێکی زۆری دوژمن بە سوود وەرگرتن لەتاریکی شەو و بەردەڵان و چڕی داری چیاکە لە سەنگەرەکانمان نزیک بوونەتەوە، دەیانەوێت پەلامارمان بدەن، نزیکبوونەوە و دەستمان لێیانکردەوە دەیان کوژراو و بریندارایان لێبەجێما، بەهۆی نەمانی فیشەکی بیکەیسی..تەنها چەکی دوور هاوێژمان(ئاڕبیکە)یەک بوو، سەربازەکان بەپێش چاومانەوە هەڵدەهاتن گوللە پێیان نەدەگەییشت.. وەختبوو شێت دەبووین. پاش تێکشکاندنی پەلامارەکە لەسەنگەرێکدا هەشت فیشەکی (بیکەیسی)م بینیەوە هێنام ختسمە سەر مەغزەنی (قەناس)ەکە، هەندێ سەرباز لێمان دوورکەوتبوونەوە بەهۆی ئەوەی فیشەکی بیکەیسیمان نەمابوو گوللەی کلاشینکۆف پێیان نەدەگەییشت.. بێترس.. دەجولان، ویستم بەو چەند فیشەکە لێیان بپێکم (شەهید دەروێش) جێگری فەرماندەی مەفرەزە بوو ئەو کاتە هەر پلەیەکی فەرماندەیی ڕێز و گرنگی خۆی هەبوو، ئەوەی بینی وتی: قەناسەکەم بدەرێ.. وتم: نایدەم خۆم دەیتەقێنم. وتی: بەخوا دەیهێنی، منیش زۆرم پێناخۆش بوو.. لە دڵی

خۆمدا وتم: بەخوا دەبێت پەشیمان بیت لە وەرگرتنی لێم. قەناسی سیخۆ بە زمانەیەک قەباغەکەی دەبەستێت ئەگەر ئەو زمانە ڕاست بکەیتەوە لەکاتی تەقەکردندا قەباغی سەر میلەکە فڕێ دەدات. بۆیە زمانەی قەباغەکەم ڕاست کردەوە و دام بەدەستییەوە، لەگەڵ یەکەم فیشەکدا قەباغەکە دەرچوو دای بە تەوێڵیدا ئازارێکی زۆری پێگەیاند، قەناسەکەی فڕێدا.. هەڵم گرت و قەباغەکەم بەست و فیشەکەکانم تەقاند، پاشان هاتم بۆلای وتم: ئەوە چی بوو؟ زۆر لێم پێچا.. وتی: ئەو کارە دەستی تۆی تێدابوو، نکۆڵیم لێکرد، لەگەرمیان ڕاستییەکەم پێووت.. بەهۆی نەخەوتن و پەلامارەکانی شەوەوە زۆر ماندوو بووین، لەگەڵ دەرکەوتنی هەتاودا کەمێ دونیا گەرم بوو لەشمان خاوبووەوە، هەندێکمان لەناو سەنگەر و بن بەردەکاندا خەومان لێ کەوتبوو، من و دەرویش و غایب چاودێری ئەو هێزانەمان دەکرد کە لە گوندی (سنگەر و مێولاکە)وە بۆ بەرزایەکانی (ڕەزی باپیران) لە نێوان (مێولاکە و چۆغماخ) دەچوون، کە دەکەوێتە پشت و باکوروی ڕۆژهەلاتمانەوە، ئەو هێزانە ئەوەندە زۆربوون ئەتوانم بڵێم لە دەیان هەزار تێدەپەڕی هەموو شیو و بەرزایەکانی داپۆشی بوو.. زۆر بێئومێد بووین لە بەرگریکردن لەو چیایەی ئێمەی لەسەر بووین، چونکە هێزێکی زۆری دیکەی دوژمن بە دەیان تانکەوە بە دۆڵە ڕووتدا..گەیپشتنە گوندی (قزلەر) کە دوو کیلۆمەتر دەکەوتە ڕۆژئاوای باکور و پشتمانەوە، ئەوەی تەنها بە دەستمانەوە بوو وەک ڕێگای دەربازبوون قوتەی (هاجی) بوو کە دەڕوانێتە سەر گوندی (قزلەر) و شۆڕدەبێتەوە بۆ سەر پیادە ڕێگای نێوان گوندی(قزلەرو چۆخماخ)ەوە، ئەم قوتەیە پاراستنی بە تیپی (٣٣)ی سلێمانی سپێردرا بوو، من بۆ خۆم بیرم لە شەهیدە هاوڕێکانی خۆم دەکردەوە کە لە شەڕەکانی چیای (برزوت و بالۆسە) لە پایز و زستانی (١٩٨٦) شەهید بوون و تەرمەکانیان تا ئێستا کەس نازانێت چی بەسەر هاتووە، بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ شەڕێک بکەین.. مێژوو بۆ نەوەکانی پاش خۆمانی بگێڕێتەوە ئینجا شەهید بکرێین.

بیرم لەو ڕۆژە دەکردەوە کە لەساڵی (١٩٨٥) دا بۆ یەکەمجار لە مەڵبەندی یەک.. بووم بەپێشمەرگە.. پێیان وتم: تۆ منداڵیت توانای ژیانی پێشمەرگایەتیت نییە سەرمات دەبێ بریندارەبی، شەهید دەبیت ڕەنگە حاڵەتی وا هەبێت بە برینداری یان بەناچاری دەستگیر بکرێیت و ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و لە سێدارەدان ببیتەوە، وەک ڤیدیۆ لە چەند خولەکێکدا ئەم ڕابردووانەم لە مێشکی خۆمدا لێدەدایەوە. لەم خەیالانەدا بووم لە پڕ دەنگی (جەمال شێخ حەمیدی) م بیست وتی: برادەران هەستن دەنگی عەرەبی دێت.. بەپەلە هەستاین چووینە سەنگەرەکانی دیوی گوندی (قزلەر) ەوە یەکەمجار لەماوەی بیست مەتردا سەربازێکم بینی قەمسەڵەیەکی سەوزی لە بەردا بوو.. جامانەیەک بەسەریەوەبوو، تفەنگەکەی بەدەستەوە بوو چەند کەسێکی تر دوورتر و لەپاڵ بەرد و دارەکاندا دیار بوون. وتم: ئەوە پێشمەرگە نییە؟

دەروێش یەکسەر وتی: لێیان دەن..گیراین سەربازە و دەستی کرد بە تەقە، بەیەکەم فیشەک ئەوەی پێشم خستەخوارەوە و بوو بە تەقەیەکی زۆر گەرم. لە دووری پێنج مەتر نزیک  بوونەوە لەسەنگەرەکانی کەرتی پێنج  تاکو (سەباح شێخ حەمیدی) و چەند پێشمەرگەیەک لای ئێمەوە گەییشتبوونە لایان زۆری نەمابوو بێنە ناو سەنگەرەکانیانەوە ئاگایان لێنەبوو، بەقومبەلەی دەستی لێیاندابوون، ئەوەندە بەورە بەرزییەوە تەقەمان دەکرد دەروێش پیاوێکی زۆر ئازابوو، بەلاّم لە هونەری  شەڕدا فێڵباز و شارەزا بوو خۆی لە پاڵ بەردێکدا مەلاّس دابوو تەقەی دەکرد منیش لەتەنیشتیەوە کردبوومە سەر بەردێکدا تەقەم دەکرد (غایب) و (جەمال شێخ حەمیدی)بەپێوە لەسەر بەردێکەوە..لەپێش ئێمەوە تەقەیان دەکرد، دەروێش چەند جارێک وتی: بێنە خوارەوە بچنە پشتی بەردەکان، فیشەکێکی قەناس زۆر نزیکی سەرم لەبەردەکەی دا، وامزانی فیشەکی برادەرانی خۆمانە، وتم: ئەوە کێیە ئەدات لە پێشی من باش تەقە بکەن.

دیسان یەک فیشەک لە نزیک سەری دام.. پڕ چاو و سەرو دەموچاوم وردە بەردبوو، خەریک بوو وردە بەرد کوێرم بکات، دیسان هاوارم کرد کێیە وا تەقە دەکات؟ دەروێش هاواری کرد کەرە دابەزە خوارەوە ئەڵێی کەوی بەو سەر بەردەوە شەڕی دوژمن وا ناکرێت، عەدەد قەناسێکە لەپشتی ئەو بەردەی بەرامبەرمانە من تەقەی لێ دەکەم بانگی (غایب وجەمال) بکە دابەزنە خوارەوە لەبن بەرد و ناو دارەکانەوە تەقە بکەن لێتان دەدەن. هەر لەگەڵ قسەکەی ئەودا (جەمال) بریندار بوو، چەند سەربازێکمان کردبووە بن بەردێکەوە لەدووری پەنجا مەترێک چیان دەکرد بەردەکە نەی دەشاردنەوە ئێمەش بەردەوام تەقەمان لێیان دەکرد.

بڕوا بکەن ئەو ڕۆژە ئەو بەرگرییەی ئەو پێشمەرگانە کردیان هەرگیز جەنگیزخان و تەیموری لەنگ ئەوەندە دلێر و بەدەستوبرد نەبوون، شەڕی وایان نەکردووە کە شەش سەدە پێش ئێستا  بووە و ئێستاش باسی قارەمانیان دەکرێت.

تا کاتژمێری دوازدە.. پاش کوژرانی زیاد لەهەفتا تا هەشتا هێزی تایبەت و سەرباز پەلامارەکە  تێکشکا و پاشەکشەمان پێکردن، دوور کەوتنەوە.

لەو کاتەدا فەرماندەی دەستەی برادەرانی کەرتی پێنج خۆی و هێزەکەی کەوتبوونە نێوان ئێمە و تیپی(٣٣)ی سلێمانیەوە هاواری دەکرد..برادەران پشتمان گیراوە، جەمال شێخ حەمیدی هاتە لامەوە وتی: گوێت لێیە ؟

وتم: بەڵێ و بەپەلە چوومە لای نزیکەی دووسەد مەترێک لە ئێمەوە دوور بوو، لێم پرسی چی ڕوویداوە؟ وتی: قوتەی(هاجی) کەپێشمەرگەی تیپی (٣٣)ی سلێمانی پێوە بوو دوژمن گرتوویەتی، وتم: بەچی دەزانی گیراوە؟ وتی: دەزانم گیراوە سەربازەکان بەعەرەبی لەسەر قوتەکەوە بانگیان دەکرد. وتم دڵنیایت لە قسەکەت. وتی: زۆر دڵنیام ئەوێ گیراوە

ئاگاداری کاک عوسمان بکەوە.بۆ دڵنیابوون چەندجارێک بانگی پێشمەرگەکانی تیپی (٣٣)ی سلێمانیمان کرد هیچ وەڵامێکی کوردی و عەرەبی نەبوو کە نزیکەی "چوار- پێنج" سەد مەترێک لە ئێمەوە دووربوون، وتی بەپەلە کاک (عوسمان) ئاگادار بکەرەوە بۆ ئەوەی بڕیارێک بدات، بەپەلە کاک عوسمانم ئاگادارکردەوە لە هەواڵەکە. کاک عوسمان وتی: بچۆ زیاتر لێی دڵنیابە، وتم: ئەو زۆر بەدڵنیاییەوە پێداگری دەکات پێم باشە خۆت قسەی لەگەڵ بکەیت تاکو بڕیاری دروست بدەی.پاش ئەوەی قسەی لەگەڵ کرد (کاک عوسمان) وتی: ئەو برادەرانەی دیکە ئاگادار بکەرەوە با بە دیوی ڕۆژهەلاتدا دابەزن.. من و(کاک عوسمان و سەباح و شەهید دەروێش)لەسەر ڕێگاکە وەستاین تا هەموو برادەران لە سەنگەرەکانەوە هاتن و چوونە خوارەوە، نەمان توانی بەڕێگەی ڕۆژی پێشوودا دابەزینە خوار، لەبەرئەوە دامێن و بەرزایەکانی خواری چیاکە هەمووی لیوان لێوبوو لەهێزی دوژمن، بۆیە کەمێک دابەزینە خوارەوە.. ئیتر ڕێگە نەبوو هەڵدێرێکی زۆر سەخت بوو لەبن تاشە بەردەکاندا خۆمان دا بەزەویدا. لەو کاتەدا تۆپبارانێکی سەختمان لەسەربوو نزیکەی پەنجا پێشمەرگە دەبووین لە چاڵێکی سەد مەتری چوار گۆشەدا خۆمان حەشار دابوو، تۆپێک زۆر نزیکمان کەوت پارچەکانی بەبان سەر مانەوە بوو پارچەیەکی گەورەم بینی بە سوڕانەوە بەرەو ئاڕاستەی من دەهاتە خوارەوە لە دڵی خۆمدا وتم: ئەم پارچە لە من دەدات.خۆمم نوشتاندبووە بەرلاقم کەوت یەکەمجار وام زانی برینداری کردووم ئازارێکی جەرگ بڕی پێم گەیاند شەرواڵەکەم هەڵدایەوە تەنها سوری کردبووەوە. پاش کاتژمێرێک ڕێگایەکمان دۆزییەوە بەناو بەرد و چڕە دارەکاندا بەدامێنی چیاکەدا گەییشتینە پشتی قوتەی(هاجی)کە تیپی ٣٣ی پێوە بوو.

کاک عوسمان وتی: لەم جێگەیە بمێننەوە من و مەجید دووزی دەچینە سەرەوە با دڵنیابین لە"مان یان نەمان"ی تیپی(٣٣)ی سلێمانی، پاش کاتژمێرێک شەهید مەجید گەڕایەوە وتی: پێشمەرگەکانی تیپی(٣٣) لەشوێنی خۆیانن زوو بێنە سەرەوە کاک عوسمان لەسەرەوە چاوەڕێمان دەکات، چووینە سەرەوە کاک عوسمان زۆر توڕەبوو.. وتی: ئەگەر شوێنەکانی خۆمان نەگرینەوە شەرمەزار دەبین ، چی بەبرادەرانی خۆمان بڵێین؟

بەماندووبوونێکی زۆر گەییشتینە سەرەوە لای تیپی (٣٣)ی سلێمانی، ئێمەیان بینی پۆزیان بە سەرماندا لێدەداو دەیانگوت: ئێمە شوێنی خۆمان چۆڵ دەکەین؟ بەخوا مەگەر ئەم چیایە لەبن پێمان بڕوات ئینجا ئێمە بڕۆین، هەندێ فیشەک و گولەی (ئاڕ بیجی) مان لێیان وەرگرت، لەبەرئەوەی ئەوان تاکو ئەو کاتە تەقەیان لە سەر نەبوو، تەقەمەنییان زۆر بوو. (من و کاک عوسمان و سەباح شێخ حەمیدی و شەهید دەروێش و غایب حوسێن) لەپێشەوە بەڕێ کەوتین..بەدوای ئێمەدا چەند برادەرێکی تر هاتن. زۆر بە خێرایی خۆمان گەیاندە سەنگەرەکانی کەرتی پێنج بە گەییشتنی ئێمە.. سەربازەکان گەییشتنە ناو

سەنگەرەکان، شەڕێکی دەستەویەخەی گەرم دەستیپێکرد، لە پاڵ بەردێکی زۆر گەورەوە تەقەمان دەکرد لەگەڵ (سەباح و غایب)دا تەماشای بن بەردەکەی پێش خۆمانم کرد زیاد لە پەنجا سەرباز لەبن بەردەکەدا بوون و هەندێکی دیکە بۆ لایان دەهاتن. پێنج قومبەلە کە لە پەلامارەکەی شەودا.. دوو دانەم تەقاند سێ دانەی مابوو بە یەکجار دوو دانەیانم هەڵدایە ناویانەوە و دەستڕێژمان لێکردن، کاک عوسمان بە بەردەوامی دەیگوت: (حەمەڕەشید سەباح غایب) بچنە سەنگەرەکانی پێشترەوە، بۆ ئەوەی دوژمن پێش ئێمە نەگات و سەنگەرەکانمان لێ نەگرێت، لەو شوێنەی کە دەمانویست بڕۆین بیست مەترێک دەبوو بە پێش ئاگری چەکی ئەو سەربازانەدا بچویناپە کە لەبن بەردەکەی تەنیشتمان بوون.

غایب وتی: با بڕۆین هەستام بڕۆین، سەباح دەستی گرتم وتی: ڕەشە نەڕۆیت لێت دەدەن ئێستا شوێنێکی تر دەدۆزینەوە و دەڕۆین، فەرماندەی دەستەکەی کەرتی پێنج بە قارەمانانە بە ناو تۆز و قریشکەی گوللەدا پەڕییەوە و گوللەیەکی بەرکەوت غایبیش بەهەمان شێوە بەدوای ئەودا ڕۆیشت، هاتم بڕۆم (سەباح) وتی: نەڕۆیت. کاک عوسمانیش بەردەوام دەیگوت: بڕۆن چونکە خۆتان دەبینن هێزەکانی دوژمن بۆ سەرەوە دێن و بەردەوام هەوڵ دەدەن پێش ئێمە بگەنە سەنگەرەکانمان، سەباح وتی: پەلە مەکە هەر ئێستا ڕێگایەک دەدۆزینەوە و دەڕۆین، لەپشتەوە ڕێگایەکی هەڵدێرمان دۆزیەوە خۆمان گەیاندە پێشەوە دواتر (شەهید دەروێش و حەکیم) هاتن، چەندپێشمەرگەیەکی کەرتی پێنج هاتن و لەگەڵ بریندارەکەدا گەڕانەوە، کاک عوسمان لێیان توڕە بوو وتی: ئەو بە پێی خۆی دەڕوات بۆ هەموو لەگەڵی دەچن؟ من و غایب و سەباح و دەروێش ماینەوە توشی شەڕێکی زۆر سەخت بووین.. نەماندەزانی چۆن تەقە دەکەین بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو ڕۆژە غایب لە هەمووومان بەدەستوبرد تر بوو. پاش نیو کاتژمێر شەڕ ئاگامان لێ بوو (شەهید تارق وارانی) لە قوتەی (هاجی) یەوە کە تیپی(٣٣)ی لێ بوو دەستی بەرزدەکردەوە و هاواری دەکرد نەماندەزانی چییە و چی دەڵی پاش پێنج خولەکێک کاک عوسمان بانگی کردین بگەڕێنە دواوە، چوینە لای (کاک عوسمان) نەمانزانی چی ڕوویداوە، وتمان: ئێمە زۆربەی شاخەکەمان گرتۆتەوە سەنگەرەکانی دیکەش دوژمن نەهاتووەتە ناوی ئیتر بۆ بگەڕێینەوە؟ وتی: (کاک عادل شکور) نامەیەکی بۆمان ناردووە لە نامەکەدا دەڵێت (سەرکردایەتی ی.ن.ک) بڕیاری کشانەوەی داوە بۆ دیوی ڕۆژهەڵات.. بۆیە شەڕ بێ سوودە بەپەلە بکشێنەوە. تا چووینە لای تیپی(٣٣) ئەوان دابەزیبوون گەیشتینە نیوە قەدی شاخەکە لە گوندی (قزلەر)ەوە هێزەکانی دوژمن هاتنە سەرەوە بۆ سەر ڕێگاکە کە دەڕوانێت بەسەر گوندی(چوخماخ)دا بەتەواوی پشتمان لێگیراوە، لای گوندی (چوحماخ) یش هێزەکانی دوژمن بە تەواوی نزیک بوونەوە لە (چوخماخ) بۆ ڕۆژئاوا بوون گەییشتینە دەشتاییەکە..بە دۆشکەو هاوەنەکەی خۆمان کە بە سەروو ڕۆژهەڵاتی گوندی (قزلەر)ەوە بوو تەقەیان لێمان

دەکرد.. بە شپرزەیی و مەترسییەکی زۆر خراپ گەییشتینە گوندی (چوخماخ)، لەو نێوەندەدا هەزاران گولیەی هاوەن و دۆشکە لە نزیکمان دەکەوت، ئەگەر شەوی بە سەردا نەهاتبایە شەهید و برینداری زۆرمان دەدا. شەوی ١٨-٣/١٩ پاش کاتژمێر حەوت لە گوندی (چۆخماخ)ەوە چوینە گوندی (یاخسەمەر)، بارەگای مام جەلال و بارەگاکانی دیکەمان بینی ئاگری تێبەردرابوو دەسووتا ناخمان لەگەڵیدا سوتا زۆر دڵتەنگ و نائومێد بووین.

تا ئەو کاتە وامدەزانی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی بەهیچ هێزێکی جیهانی و داگیرکەر ناشکێت و سنورە ئازاد کراوەکان چۆڵ ناکات، زۆر بێزارو دڵتەنگ بووم. ئەو شەوە چووینە سەر جادەی نێوان گوندی (گوێزیلە)و (گاپیلۆن) خەوتین، گوندەکان چەند ڕۆژێک پێشتر چۆڵ بوو، نانێکی کەممان پێبوو لەناو گوندەکەدا هیچ شتێک نەبوو بیخۆین، زۆر بەناو گوندەکەدا گەڕام هەندێ مێوژم دۆزیەوە خواردم، سبەی کاک عوسمان تلیشانی بە فیشەک جوانە گایەکی کوشت هەندێ گۆشتمان خوارد، بەڵام چۆن گۆشت خواردنێک باوەڕ بکەن وامدەزانی گۆشتی جەرگی خۆم دەخۆم.. کاتێک ئەو هەموو ڕەشە وڵاخ و دەیان مێگەل و بزنەم دەبینی بە بێ شوان و خاوەنەکانیان بەو ناوەدا دەسوڕانەوە. دیمەنی ئەو هەموو ڕەزەم دەبینی لە دامێنەوە تا نزیک لوتکەی چیا ڕۆییشتوون. بەبیر خۆمم دەهێنایەوە دەبێت جوتیارە خێر لەخۆ نەدیوەکانی ئەم ناوچەیە بەچەندانساڵ و بەچی دەردەسەرییەک بژاری ئەم هەموو زەویەیان لە بەرد و دار و دەوەن کردبێت، بەچەند ساڵ بژار و پاچەکۆڵە کردبێتیان بەم زەوییە بەرهەمهێنەی ئێستا. دەبێت چەند پشت و چەند جوتیار ژیانی کولەمەرگییان لەسەر ئەم ڕەزانە بەسەر بردبێ. دۆڵی جافایەتی وەکو زۆربەی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان زەوی کشتوکاڵیان زۆر کەمە بەهۆی چیا و سەختی ناوچەکانیانەوە، زیاتر پشت بەدارو درەخت بەتایبەت رەز دەبەستن. زۆربەی ژیانیان لەسەر ترێ و مێوژ و بەرهەمەکانی ترێیە وەک: مێوژ و باسوق و سجوق...هتد.

وێنەکان ئەوەندە تراژیدیی بوون بەهیچ زمان و پێنوسێک ناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێ و دابڕێژرێت، بەڵام هەندێ دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە و دەمگوت هەرچەندە ماڵا و سامانیان تێدا چوو بەڵام دانیشتوانەکەی بەگشتی ناوچەکەیان چۆل کردووە و خۆیان دەرباز کردووە، ژمارەیەکی زۆری لەسەرەتای هێرشەکەدا بێ ئەوەی ڕێگرییان لێ بکرێت سودیان لە تاریکی شەو وەرگرت خۆیان خزاندە شار و کۆمەڵگاکانی سنورەکەوە. ئەوانیتر لەماوەی ڕۆژانی شەڕدا بەناو بەفری چیا بەرزەکاندا خۆیان گەیاندە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەرو بەندی شەڕو ئەنفالی یەکدا..دانیشتوانی ئەو سنورە بەدەگمەنگیران، بەڵام پاش شاڵاوەکە زۆر لەو خەڵکانەی چوونە ڕۆژهەڵات لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە فریودران گەڕانەوە گیران و ئەنفال کران. ئەو ڕۆژە بۆیە ئێمەیان لەوێ دانابوو هەر هێزیکی دوژمن لەوێوە پێشڕەوی بکات ڕووبەڕووی بینەوە، تاکو هەموو هێزەکان لەدۆڵی جافایەتی بەبێ کێشە دەکشێنەوە بۆ

سنوری ڕۆژهەڵات، بەخت یاوەرمان بوو توشی شەڕ نەبووین ئەگینا ئێمەی هێزیکی ماندوو.. بێئومێد و دوژمنێکی دڕندەی مەستی سەرکەوتن قوربانی زۆرمان دەدا. بۆ ئێوارەی **٣/١٩** لەگوندی (گوێزیلە)وە بەڕێکەوتین بۆ گوندی(چالاوە)، شەو لەگەڵ پێشمەرگەی چەند تیپێکی دیکە لەوانە **٣٣**ی سلێمانی و **٤٧** پیرە مەگرون لەوێ ماینەوە. پێش گەیشتنی ئێمە چەند فڕۆکەیەکی سیخۆی عێراقی بۆردومانی گوندەکەیان کردبوو چوار پێشمەرگەیان شەهید کردبوو، یەک لە شەهیدەکان (شەهید مارف سەرسپی، مارف شۆراوەیی) پێشمەرگەی کەرتی پێنجی تیپی (**٥١**)ی گەرمیان بوو.

تیپی (**٥١**)ی گەرمیان نۆ شەهیدمان هەبوو لەبەرگرییەکانی ئەنفالی یەکدا بەناوەکانی:

**١-**شەهید مستەفا عەلی حەبە کادری ڕێکخستنی (کۆمەڵە) بوو لە کەرتی شەش.

**٢-**شەهید میران فەرەج فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی شەش.

**٣-** شەهید فەتحوڵا فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی سێ.

**٤-**شەهید عەتا قولیجانی فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی حەوت.

**٥-**شەهید نەجات هەڕێنەیی لە کەرتی دوو.

**٦-**شەهید تەیب عومەر (ئاسۆ خانی) لە کەرتی سێ.

**٧-**شەهید ئەحمەد پارەپارەیی لە کەرتی پێنج.

**٨-**شە هید مارف سەرسپی لە کەرتی پێنج بوو.

**٩-** شەهید بورهان بەگزادەیی لە کەرتی دوو.

# بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک)

لەکۆتایی بەرگری کردن و بڕیاری پاشەکشەدا (م.س) ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە لە ڕۆژی **١٩٨٨/٣/١٨** لەڕێگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە. لە ڕاگەیاندراوەکەدا بڕیاری کشانەوەی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕشی لە بارەگاکانی سەرکردایەتی و دۆڵی جافایەتی ڕاگەیاند و ئەنجامی شەڕەکە و ژمارەی کوشتار و زیانەکانی بەم شێوەیە ئاشکراکرد:

**١-** کوژرانی زیاد لە (٨٠٠) سەرباز و جاش (٤٠٠) یان پلەدارن.

**٢-** بە دیلگرتنی(**١٥٠**) سەرباز و جاش.

**٣-**بریندار بوونی (١٠٠٠) سەرباز و جاش.

**٤-**تێکشکاندنی دەیان تانک.

**٥-**خستنە خوارەوەی (**٢**) کۆپتەر.

**٦-** گرتنی سەدان پارچە چەک.

زیانی پێشمەرگە بەم شێوەیە:

**١-** شەهیدبوونی(**٧٥** )پێشمەرگە.

**٢-** (**٤٥٠**) بریندار.

ڕۆژی **١٩٨٨/٣/١٩** سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی عێراق گرتنی بارەگاکانی (ی.ن.ک)ی لەدۆڵی جافایەتی و گوندەکانی(سەرگەڵو وبەرگەڵو و یاخسەمەر)ی ڕاگەیاند و هەندێ گرتەی ڤیدیۆیی نیشان دابوو، لەوانە وێنەی شێتێکی خەڵکی گوندی سەرگەڵو، کەگوایە فەرماندەی باڵای بەکرێگیراوانی ئێرانە لە تاقمەکەی (جەلال تاڵەبانی) و بەدیل گیراوە.

# کشانەوەی هێزەکان بۆ دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پاش(**٢٦**) ڕۆژ ماندوو بوون و بەرگری توند و بێوێنە، بۆ یەکجارەکی بارەگاکانی سەرکردایەتی و دۆڵی جافایەتیمان بەجێهێشت، دوژمن گەییشتە گوندەکانی (سەرگەڵو و بەرگەڵو و یاخسەمەر) کە هەموو بارەگاکانی سەرکردایەتی لێبوو.. ئەم هێرش وپەلامارانەی سوپای عێراق ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی (سەدام حوسێنی) دیکتاتۆری خوێن مژو(عەدنان خەیرولاّ) ی وەزیری بەرگری و لەسەر دەستی بەتواناترین جەنەڕاڵ و ئەفسەرە پلە بالاّکانی سوپادا وەک (سوڵتان هاشم و نزار خەزرەجی) جێبەجێکرا.

ڕۆژی **٢٠ /٣/ ١٩٨٨** بەیانی زوو لە گوندی (چالاّوە) وە کە دەکەوێتە دامێنی چیای (ژیلوان)ەوە بەڕێکەوتین بەرەو سنوری ڕۆژهەلاّتی کوردستان بە سەرووی چیای (ژیلوان) و چیای (کەرکەر)دا سەرکەوتین بە کوێستانی (شێخ مەحەمەد) دا ڕۆییشتین تا گەییشتینە ناوچەی (شینکایەتی)، ژمارەیەک گوند لەخۆی دەگرێت (گەلاّڵە و سەفرەو زەروون و بەرگورد وقامیش و دەری) و چەند گوندێکی تر، ناوچەی شینکایەتی دانیشتوانەکەی لە هۆزی (شینکێ)ن.. لەوەشەوە ناونراوە. نازانم بەچ زمانێک گوزارشت لە وێنە تراژیدییەکانی ئەو ڕێگایە بکەم؟ زیاد لە مەترێک بەفری تێدا بوو. ڕۆییشتن بەم ڕێگایەدا هیچ پێویستی بەشارەزایی نەدەکرد، ڕەنگە خوێنەر بڵێت دیارە ڕێگاکە تابلۆی بۆ دانرابێت یان خەڵک لە سەر ڕێگا دانرابێت بۆ ڕێنوێنیکردنی هێزی پێشمەرگە یان ئەو ڕێبوارانەی بەو ڕێیەدا دەچن، یان ڕێگاکە ڕێگایەکی خۆش و دیار و کورت بێت. بەداخەوە ئەمانە هیچی نییە، بە درێژایی ڕێگا تەرمی سەرباز تا ئەژنۆی لە بەفردا چەقیبوو بە پشتدا کەوتبوو گیانی لە دەستدا بوو، هەندێکی ئاسەواری گوللەیان پێوە بوو.. هەندێک هیچ ئاسەوارێکی پێوە نەبوو، لەبەفردا ڕەق بووبوونەوە، یان بە درێژی ڕێگاکە کەلاکی ئێستربوو کەتا بن لاقەکانی لەبەفردا چەقیبوو گیانی لەدەست دابوو، باری هەریەکەیان نوێن و جلوبەرگ وخواردنی ئەو گوندنشینانەی لەسەربوو کەدەیانویست خۆیان و منالّەکانیان لە گازی کیمیاوی و تۆپ و ناپاڵمەکانی دوژمنی خوێنڕێژ ڕزگار بکەن.

بە درێژی ئەو ڕێگایە کەلاکی چەندین مانگا کەوتبوو، کە کابانەکانیان لە خۆشەویستنیان چەندین موورووی شین و گوڵنکی ڕەنگاوڕەنگیان بەنێو چاوانییەوە بەستبوو، چەندین ناوی خۆش و گونجاویان بۆ دانا بوون، نیوەی تەمەنیان بە دۆشینی ئەو مانگایانە بە چەندین هۆرەو بەیتی فۆلکلۆر و ئاوازی جۆراوجۆرەوە بەسەر بردووە. بەدەیان مەڕو بزنی توکن و شاخ درێژ کەشاخەکانی لە سوکانی ماتۆڕسکیل دەچوو هەر یەکەیان چەندین موروو و گوڵنکی ڕەنگینی بەن و زەنگی جۆراوجۆریان لە ملدا بوو، کە خاوەنەکانیان هێندە

خۆشیاندەویست هەر یەکەیان چەندین ناوی خوازراوی جۆراوجۆریان بۆ دانابوون. ئەو دیمەنانە هێندە کاری تێکردم تا ئێستەش کە سی ساڵ زیاترە.. وا دەزانم ئێستەیە و شەوان خەونی پێوە دەبینم، نازانم چۆن و بەچی زمانێک گوزارشتی لێبکەم و چۆن ئەو هەست و ئازارە دەرببڕم .نازانم چۆن گوزارشت لەو دیمەنە پڕ لەتراژیدییە بکەم کە چەند مەترێک بۆ حەوانەوە لەسەر ڕێگاکە لاماندا تەرمی حەوت سەرباز و ئەفسەرێک لەبن ئەشکەوتێکدا لە سەرما ڕەق بوونەوە وەک بەفرەکە وشک وشک بوون. لە کوێستانی شێخ موحەمەد هێزەکانی سوپای ئێران بەفری ڕێگای سەرچیاکەیان بڕی بوو دوو مەتر زیاتر قوڵ دەبوو کە بەڕێگاکەدا دەڕۆییشتی دەتگوت بە کۆلانی تەنگەبەری شاردا گوزەر دەکەیت.جگە لەو بەفرەی دیسان تێیکردبووە سەر ڕێگە بڕاوەکە کە بە چەند مەترێک مەزەندە دەکرا. ئەو ڕێگەیە بۆ گەیاندنی پێداویستییەکانی شەڕگەی چیای (گۆجاڕ) کرابوو، بەدرێژایی ڕۆژ ڕێگامان بڕی بۆ ئێوارە گەییشتینە پشتەوەی سوپای ئێران لە ناوچەی( گەلاڵە و سەفرە و زەرون)، لەسەر ڕێگاکە سوپای ئێران یەکی کێکێک و سێوێکیان داینێ زۆر برسی بووین بۆ زەردەی خۆری ئێوارە گەییشتینە پردی (هەرزنە) کە ئەو ڕۆژە فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق بۆمبارانی کردبوو، تێکی شکاندبوو، ئەم پردە نزیکەی دە کیلۆمەتر دەکەوتە پشتی پشتەوەی شەڕگەکانی ئێرانەوە. چەند شۆفڵ و بلدۆزەر و حەفارەیەک کاریان تێدا دەکرد بۆ چاککردنەوەی پردەکە، بەلام لەبەر قولّی و زۆری ئاوی ڕووبارەکە ڕێگای پەڕینەوەی ئۆتۆمبێلی نەبوو، تاکو چووینە ئەو بەری پردەکەوە شەو بەسەردا هات، هەندێک لە شۆفێرە سەربازییەکانی ئێران پاش چوونە سەر جادەکان و پەڕینەوە لەپردەکە دەیانبینی زۆر ماندووین هەڵیان دەگرتین.

دەستم لە پیکاب لاندکرۆزەرێک ڕاگرت کە بەکوردی خۆمان پێی دەڵێن (شلە خەجێ)، وەستا دەستم خستە سەر لێواری بۆدی دواوەی و خۆم فڕێدایە سەرەوە کە هەستم کرد ژێرم زۆر نەرم بوو هاوڕێکەشم بە هەمان شێوەی من خۆی فڕێدایە سەرەوە پاشان من لە نەرمی ژێرەوەمان بە گومان بووم پاش دڵنیابوونەوە هەستم کرد ئەوەی ژێرمان هەمووی تەرمی سەربازی ئێرانیە کە ڕۆژی پێشوو لە پەلامارێکدا بۆ قوتەی (حەسەن بەگ) کە دەکەوێتە سەرووی گوندی (ولاخلو)ەو گیانیان لەدەستدابوو، هاوڕێکەم پاش دڵنیابوون لە تەرمەکان هەر لەو کاتەدا کە سەرکەوتین وتی: من دادەبەزم تۆش دابەزە، وتم: وەلا ئەگەر لەسەر مینیش بم دانابەزم خۆ من مردووم لە بەیانی زووەوە بە پێ بەناو ئەم هەموو بەفرو هەوراز و نشێوەدا ڕێگا دەبڕم، ئێستا پێم لە زەوی بڕاوە دابەزم؟ بە خوا دانابەزم. وەرە دامەبەزە ئێمە جیاوازیمان چییە لەگەڵ ئەم مردووانەدا خۆ ئێمە لەوان مردووترین، ئەو دابەزی من مامەوە، ڕەنگە خوێنەری بەڕێز بڵێت ئەمە سوکایەتی کردنە بەمرۆڤ، باوەڕ بکەن ئەو چەند ڕۆژەی پەلامارەکانی دوژمن و ئەو دیمەنانەی ڕێگای چیای

(کەرکەر و کوێستانی شێخ موحەمەد)م بینی هیچ هەست و سۆزێکی مرۆڤانەی لام نەهێشتبوو،پاش یەک کاتژمێر ڕێکردن ئۆتۆمبێلەکە لە جێگایەک وەستا وتی: تا ئێرە دەچم.پاشان نزیکەی دوو کاتژمێری دیکە بە پێ ڕێگەم بڕی لەگەڵ ڕەتڵی ئەو پێشمەرگانەی بەشەکەتی و بەماندوویتی بۆ شوێنێکی نادیار هەنگاویان دەنا، کە چەندین پایەگا وبارەگای سەربازی گەورە لامان دەدا دەیانگوت: قەدەغەیە لەم سەربازگانە بمێننەوە زۆرتان نەماوە بگەنە جێگای حەوانەوەتان کە هەموو هێزەکان لەوێ کۆدەبنەوە، گەییشتینە جێگەیەک هێزێکی زۆری پێشمەرگەی تێدا کۆبووبوونەوە، ئێمەش لامان داو بۆ پێشمەرگەی تیپی(**٥١**)ی گەرمیان دەگەراِین، لە چەند کۆمەڵە پێشمەرگەیەک پرسیارمان کرد کە لەتاریکی شەو و وردە باران و سەرمایەکی گوێزان ئاسادا سەریان کردبوو بە یەکدا و بەدیار کوێرە ئاگرێکەوە دۆش دامابوون، یەک لە کۆمەڵە پێشمەرگەکان وتیان: تۆزێ لە سەرووترەوەن. پاش گەڕانی پازدە خولەکێک برادەرانمان بینیەوە زۆر لە برادەرانی کەرتی شەش و تیپی(**٥١**)ی گەرمیان گەییشتبوون، پاش خۆگەرمکردنەوە نانێکی وشکیان داینێ وخواردمان کەمێ هۆشمان هاتەوە بەبەردا، وتمان: ئەرێ ئێرە کوێیە خاکی باشورە یان ڕۆژهەلات؟ وتیان: ئێرە گوندی (شاناخسێ) یە و خاکی باشورە، بەلاّم ماوەیەکی زۆرە لەلایەن سوپای ئێرانەوە داگیرکراوە، پاش یەک کاتژمێر لە گەییشتنمان زۆر ماندوو و شەکەت بووین بەو سەرما و بارانە خەوە نوتکەمان بوو، بینیم پێشمەرگەیەکی تیپی(**٥٣**)ی شێروانە بە هۆی ماندووبوون و سەرماوە بۆ خۆ گەرمکردنەوەی بە دیار ئاگرێکەوە خەوە نوتکەی کردبوو، ئاگای لە خۆی نەمابوو بلوزێکی سەوزی سەربازی لەبەردا بوو ئاگری گرت. کاتێ ئاگای لێبوو بە تەواوی لە بەریدا ئاگری گرتبوو بەرز بۆوە بەناو ئەو گیاو ئاوەدا پاش چەندین چرکە خۆپلکانەوە ئینجا کوژایەوە. بە (حەمە چاوجوان و غایب حسێن و شەهید فاروق و جەمال شێخ حەمیدی)م وت: برادەران دەبێ ئەم شەو یان وەک ئەو پێشمەرگە بەخەوە نوتکەوە گڕ بگرین یان دەبێ لە دووری ئاگرێک بخەوین ئەویش بەبێ هیچ نوێنێک نەخۆش دەکەوین. یان دەبێ چارەسەرێک بدۆزینەوە، وتیان:چارەسەری چی تۆ چییە و چارەیەکت لایە؟

- بەڵێ ئەگەر من پێشنیازێک بکەم بە گوێم دەکەن ؟ بۆ نا.

-من ئێستا چوومەتە ئەو سەری هێزەکەو سەربازگەیەک نزیکەی کیلۆمەترێک دەکەوێتە باشورمانەوە، دەچین بزانین جێگایەک دەدۆزینەوە؟

-سەربازگەکان جێگای کەس ناکەنەوە ئەگەر جێگای ئەم هەموو پێشمەرگە بکەنەوە مەگەر خۆیان سەربازگەکان چۆڵ بکەن و تەسلیمی ئێمەی بکەن .

-ئەوە دەزانم بەلاّم ئێمە پێنج تا شەش کەسین، ژمارەیەکی زۆر کەمین ڕەنگە جێگامان بکەنەوە یان خۆمان شتێک بکەین. ئەگەر دێن لەگەڵم هیچ مەڵێن و وەرن بەدوامدا بەختی

خۆمان  تاقی دەکەینەوە، بەڵام زۆر بەهێمنی بەبێ دەنگ ئەگەر لێیان خوڕین.. ئەوە داوای جێگایان لێدەکەی، ئەگەر دەنگ نەبوو بەبێ دەنگ هەوڵ دەدەین بەڵکو جێگایەکمان دۆزییەوە لەم بەر باران و سەرما ڕزگارمان بوو. بەبێ دەنگ بەدواییەکدا ڕۆیشتین تا گەییشتینە ناو سەربازگەکە کەس ئاگادارنەبوو، چووینە بەردەم چەن ژوورێک نیوەی لەژێر زەویدا بوو دەرگا بە قوفڵی گەورە داخرابوو، پاش دڵنیابوون بۆمان دەرکەوت ژێر زەمینە.. پێمان وابوو جێگای تەقەمەنی و چەک بێت، وتمان ئێستا لێرە بمانگرن دەمانکوژن دەڵێن پێشمەرگەی کۆمەڵە یان حزبی دیموکراتی ئێران.. هاتوون بیتەقێننەوە بەپەلە لەوێ دووركەتینەوە. کەمێ ڕۆییشتین هۆڵێکی گەورەی لە چینکۆ دروستکراومان بینیەوە دەرگاکەی نەگیرا بوو، چوینە ژوورەوە لایتێکی قەڵەم دەستمان خستە سەر ڕووناکییەکەی بە ئاستەم تروسکاییەکی ڕووناکی دەردەکەوت، تەماشای ناو ژوورەکەمان کرد، تەختە خەوێکی زۆری تێدا بوو کە تەختەکان و ناو ژوورەکە هەر هەمووی خوێن بوو چەند ڕیز بەتانی سەربازی لەسەر یەک سەفتە کرابوون تا بنمیچی ژوورەکە، کە ئەوانیش نیوەی خوێن بوو یەکی باوشێک بەتانیمان خستە ژێرو بانمان و خەوتین.

وتمان: بەیانی زوو دونیا ڕووناک بووەوە.. کێ بەخەبەر هات ئاگادارمان بکاتەوە.. بۆ ئەوەی بەتاریکی بگەڕێینەوە لای برادەران، ئەگەر دونیا ڕووناکبێتەوە لێرە بمانگرن توشی کێشە دەبین، بەیانی زوو چووینەوە لای برادەران، وتیان: ئەوە لەکوێ بوون دیار نەبوون؟

ڕووداوەکەمان گێڕایەوە، زۆر سەرزەنشتیان کردین وتیان: پێتانیان بزانیبا توشی کێشە دەبوون،چونکە پێش گەیشتنی خۆمان هاتبوونە ئێرە بە ناو هێزەکاندا گەڕابوون پرسیاری پێشمەرگەی کۆمەڵە و حزبی دیموکراتی ئێرانیان کردبوو.

ڕۆژی**١٩٨٨/٣/٢١** لەگوندی(شاناخسێ)ماینەوە بەردەوام باران دەباری و ئاو و هەوا زۆر سارد بوو، برسێتی هەراسانی کردبووین، لەگەڵا غایب و حەمە چاوجوانی دوزدا وەک گورگی برسی لە نێچیر دەگەڕاین، لەچەند سەد مەترێک دووری هێزەکە چاومان بەهەندێ نانە ڕەق کەوت لەزەویدا کەوتبوو پەلامارماندا و هەریەکەی هەندێکمان هەڵگرت بیخۆی.. لەپڕ زەلامێک بانگی کردین کاکە ئەو نانە مەبەن بۆ مانگاکەم هەڵمڕشتووە، نانەکەمان فڕێداو بەتوڕەییەوە گەڕاینەوە. نیوەڕۆ هەر کەرتێک دوو بزنیان داینێ گۆشتەکەمان خوارد. بۆ ئێوارەکەی پێشمەرگەیەکی گەرمیان لەگەڵ (سەعید حەمە زیاد)کە فەرماندەی تیپی(**١٩**)ی کۆڕەک بوو، بوو بوو بە دەمەقاڵەیان (سەعید) زلەیەکی لێدا بوو بە شپرزەیی هاتەوە.. وتی: سەعیدپێی وتم هەموو گەرمیان شڕەخۆر و دزن. (کاک عوسمان) و هەموو پێشمەرگەی تیپی(**٥١**)ی گەرمیان چووین بەنیازبووین پەلاماریان بدەین. (کاک عوسمان) بە سەعید حەمە زیادی وت: ئەو کارە بەکاری تۆ نەدەچوو جێگای شەرم و شورەییە تۆ پیاوێکی ناسراو

و قارەمانی.. نەدەبوو ئەو کردارە ناشرینەت لێبوەشایەتەوە، هەرگیز لێت قبوڵناکەین هەڵە بەگەرمیان بکەیت.

وتی: داوای لێبووردن دەکەم ئەو پێشمەرگەیەتان کلاوێکی پێشمەرگەیەکمانی بردبوو، داوای لێکردبوو بیداتەوە بەڵام پەلاماری چەکی لێدابوو، بۆیە منیش توڕەبووم و زللەیەکم لێداوە و هیچ هەڵەیەکم بەگەرمیانییەکان نەکردووە، چونکە دەیان هاوڕێ وخۆشەویستمی تێدایە. ئێوارەی ٣/٢١ پاش تاریکبوون چەند ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری گەورەیان هێنا وەک بزن و مێگەل باریان کردین بەڕێکەوتین. ئۆتۆمبیلەکان ئەوەندە بەخێرایی لێیان دەخوڕی لە چرکەیەکدا جارێ بەدوادا جارێ بەلادا جارێ بەپشتدا دەکەوتین، بارانێکی بەخوڕ دەباری نایلۆنیان بۆ هێنابووین دامان بە سەرخۆماندا، بەڵام بەهۆی خێرایی و بای سەر ئۆتۆمبیلەکانەوە نایلۆنەکەمان پێڕانەدەگیرا. کاتژمێر چواری شەو گەیشتینە ناو (سەردەشت) بەو سەرماو بارانە بەسەر ئەو شەقامانەوە وەستا بووین و دەسوڕاینەوە لەسەرما پێشمەرگە خۆیان دەدایە پەنای دیوار و پێش دوکانەکان. لەپێش چەند دوکانێک هەندێک سندوقی سێو دانرابوو بۆ سبەی بیفرۆشن پێشمەرگە هەمووی برسی و شەکەت و ماندوو بوو، سێوی بینی تاکو (شێخ جەعفەر) و برادەرانی فەرماندە هاتن نیوە کرابوو، ڕەنگە چەند کەسێکی کەم نەمان خواردبێ، (شێخ جەعفەر) زۆر وشەی ناشیرینی بەو پێشمەرگانە وت، پێشمەرگەش ناهەقی نەبوو دوو ڕۆژ و دوو شەو بوو خواردنێکی وایان نە خواردبوو زۆر برسی و ماندوو، شەکەت بووین کە لە ئێوارەوە لە ناو ئۆتۆمبێلی بارهەڵگردا بووین بەو خێرا لێخوڕینە و مەشکەژەنینەمان ئەگەر بەردیشمان بخواردایە دەبوو بەئارد، بۆیە دەبێ حاڵی ناوسکمان چۆن بووبێت، باوەڕ بکەن ئۆتۆمبێل ئەوەندە ژەندبووینی ئەگەر ئێوارە ماستمان بخواردایە بەقەد ماستەکە کەرە لەناو سکماندا کۆ دەبووەوە، لەکاتێکدا کەئەو پێشمەرگانە دەمێک بوو سێوی لاسورەی وا جوان وخۆشیان نەبینیبوو.. هەندێکیان ڕەنگە هەر نەیانبینیبێ. (شێخ جەعفەر) یش ناهەقی نەبوو خاوەن دوکانێک میوەی هێنا بێت لەپێش دوکانەکەی داینابێت بە تەمابێ سبەی بە مەبلەغێ خێر بیفرۆشێت، بەڵام سبەی دێتە دوکان تەماشا دەکات نەخێر ماوە نەدەست مایە.. تەنها سندوقەدارەکان نەبێ، کێش خواردبێتی و ئەو کارە نەشیاوەی کردبێ پێشمەرگەی کوردستان کە خەڵک بە سیمبوڵی نەتەوەیی دەزانێ.

لەو کاتەدا ئاساییش (ئیتلاعات)ی ئێران هات و پێشمان کەوتن و بەسەر مزگەوتەکاندا دابەشیان کردین، کاتی نوێژی بەیانی بوو گەیشتینە ناو مزگەوتەکە، مەلای مزگەوت هات بۆ نوێژ ئێمەی بینی شێت وهار بوو، کردی بە هەراو و دەمە قاڵە.. وتی: ئادەی بۆ دەرەوە ئێرە جێگای نوێژ و عیبادەت و خواپەرستییە، نەک جێگای (عەیوان) بەزمانی ئەوان واتا (حەیوان)، عوسمان تلیشانی پەلاماریدا و قۆڵی گرت و بەڕاکێشان هێنای.. وتی: بەخوا

ئێستا دەتبەم بۆ (ئیتلاعات). برادەران دەستی عوسمانیان گرت و کابرایان لەدەستی ڕزگارکرد، مەلاش بەبیستنی ناوی (ئیتلاعات) نەمانزانی چۆن لەدەستی کاک عوسمان خۆی دەرکرد و بۆی دەرچوو. ڕۆژی **٣/٢٢** تا ئێوارە بەناو شاری "سەردەشت"دا دەسوڕاینەوە، ئەوانەی پارەیان پێبوو قەرەبووی برسێتی و ماندوێتی ئەو چەند ڕۆژەی شەڕی ئەنفالی یەک و ئەو ڕێگا دووروردرێژەیان کردەوە. دەچووینە هەر چێشتخانەو چایخانە و وێنەگرێک دەیان پێشمەرگەی تێدابوو، ئەو ڕۆژە بەئارەزووی خۆمان تێرسکی خۆمان خواردن و خواردنەوەمان خوارد و وێنەمان گرت. (ئیتلاعات) چەندین دەستەیان بەناو شاردا بلاوبووبوونەوە چاودێری ئەو پێشمەرگانەیان دەکرد بۆ ئەوەی دڵنیابن پێشمەرگەی کۆمەڵەو حزبی دیموکراتیان تێدا نیە، دەستەدەستە پێشمەرگەیان دەهێنایەوە بۆ مزگەوتەکان داوایان لەفەرماندەکان دەکرد ڕێگا نەدەن پێشمەرگە لە مزگەوتەکان دەرچن و بە ناو شاردا بلاوبنەوە.

نزیکەی کاتژمێر پێنجی ئێوارە چەند پیکاب وپاسێکیان بۆ هێناین کەخۆیان پێیاندەوت (مینیبۆس)، سەرکەوتین ماوەیەکی زۆر بەسەر جادەی قیرو هەندێ جادەی گڵیشدا ڕێگامان بڕی تاکو گەیشتینە گوندی (بێوران)، پاشان ڕێگا نەماو هەموو ڕێگاکان بەفر بەستبووی. نزیکی سێ کاتژمێر بەناو بەفردا ڕێگامان بڕی پاش تێپەڕاندنی دوو سێ کوێرە دێ و دەیان سەربازگەو پایگا هەریەکەی چەندین تانکی و مەقتورەی نەوت و گازیان لابوو بۆ تێپەڕاندنی سەرمای سەختی زستان. کاتژمێر هەشتی شەو گەیشتینە گوندی (کەنەزەرد). دابەشبووین بەسەر مالاندا. پێش ئێمە تیپی(**٩١**)ی باوەجێ لەناو گوندەکە بوون، ئێمە چووینە ماڵێک دوو پێشمەرگەی ئەو تیپە لە ماڵەکە بوون، زۆر ماندوو برسی بووین نانێکی ئاساییان داینێ، بەلام ئەوەندە زمان شیرین و بەڕێز بوون، وامان دەزانی خواردنی هەموو دونیایان پێداوین. شەو لەماڵەکان نوستین، سبەی زوو پێش نان و چا خواردن سەماوەریان هێناو ئافرەتێکی گەنجی جوان بەجلێکی کوردی وپشتوینێکی گەورەوە ڕیزێک چای تاڵی بۆ تێکردین و چەند قاپێکی نەخشینی کلۆ شەکری وەک خۆیان دەیان گوت(قەند)ی بۆ دانایین، ئێمە نەماندەزانی چای تاڵ بەشەکری کلۆبخۆین لە خۆمەوە پێکەنینم دەهات، کاتێک نوکتەکەی کاک (عەلی شوکر)ی پێشمەرگەی کەرتی پێنجی تیپەکەمانم بەبیرهاتەوە لەزستانی ساڵی **١٩٨٢** لەسەر داواکاری شەهید (دکتۆر عەبدلڕەحمانی قاسملوی) سکرتێری (ح.د.ک)کە داوای لە هەموو حیزبەکانی کوردستانی باشور کردبوو هێز بنێرن بۆ هاوکاری کردنی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو حزبی دیموکرات و پارێزگاری لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ڕۆژهەلات، جگە لە "ی.ن.ک" هیچ حیزبێک ئامادە نەبوو هێز بنێرێت. بۆ ئەو مەبەستە (کاک عەلی) لەگەڵ هێزێکدا چووبوون بۆ دیوی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەهەمان ناوچەو سنوری ناحیەی (ئالۆوتان) چووبوونە ماڵێک چای تاڵ و هەندێ کلۆ شەکری زۆر وردی بۆ هێنابوون، زۆربەی خەڵکی گەرمیان نەیاندەزانی چای تاڵ

و(كلۆ)بخۆن، كاک عەلی هەر قومێ چاو كلۆیەكی خواردبوو، خاوەن ماڵ تەقی لەجەرگی دابوو.. وتبووی كاكە زەحمەت نەبێ جەنابت خەڵكی كوێیت؟

- ناوچەی گەرمیانی كوردستانی باشور .

-كاكە لای ئێوە مردوو چەند چەند لە گۆڕ دەنرێت؟ كاک عەلی تێگەیبشتبوو مەبەستی لەخواردنی ئەو هەموو كلۆ شەكرەیە بەیەک چاوە.

- خاڵە گیان مردوو تا مردوو هەیە، ئەگەر مردووەكە گەورە بێت یەک یەک و بچوكیش دوو دوو سێ سێ لەگۆڕ دەنرێت.

-كاكەچۆن لەگۆڕی دەنێیت لەگۆڕی بنێ، كابرای خاوەن ماڵ ناهەقی نەبوو لەئێراندا گرانییەكی سەختبوو بە ئاستەم خواردن و پێداویستی ژیان دابین دەكرا، لەبەر سێ هۆكار:

یەكەم: بەهۆی شۆڕشی ساڵی **١٩٧٩** و ڕوخانی دەسەڵاتی شاهنشایی (موحەمەد ڕەزاشا) و جێگیر نەبوونی دەسەڵاتی ئاخوندەكان.

دووەم: جەنگی عێراق و ئێران كە لەپاییزی ساڵی **١٩٨٠** هەڵگیرسا.. ئێران چی توانای ئابوری هەبوو بۆ بواری سەربازی وجەنگ تەرخانی كردبوو.

سێیەم: بەهۆی دەسەڵاتی تاكڕەوانەی ئاخوندەكان و دژایەتیكردنی دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەک دروشمی هەمیشەییان دەیانگوت:( لاشەرقییە..لاغەربییە جمهوریە ئیسلامییە) وگرتن و زیندانیكردنی كارمەندانی سەفارەتی ئەمەریكا بۆماوەیەكی زۆر لەتاران لەكاتی كودەتاكەدا، چەندین ئابلۆقەی نێودەوڵەتی لەسەر بوو. تا ئێستا نەمان بینیبوو بەیانیان تەنها چای بخورێ و بەبێ هیچ نان و خواردنێكی تر، بۆیە ترساین تەنها هەر ئەو چایەمان بدەنێ هەموو سەیری یەكمان كردو كەسمان پەردەی بێ دەنگیمان نە شكاند. هەندێكمان بە ناچاری و بە نابەدڵی چای خوارد و هەندێكمان چامان نەخوارد.

بەتەواوی بێ ئومێد بووین لەوەی كە هیچ خواردنێكمان بدەنێ. پاش هەڵگرتنی چایەكە هەمان ژن هەندێ نانی تیری وشكی هێنا لەگەڵ سفرەیەكی خامی سپیدا دەستی كرد بە تەڕكردنی نانەكە، ئێمەش تەماشای یەكمان كرد بە تیلەی چاو یەكمان تێگەیاند ڕەنگە ئەو نانە بۆ ئێمە بێت.پاش تەڕكردنی نانەكە هەمان ژن دەستی كرد بە شكاندنی گوێزو چەند قاپێكی پڕكرد لە كاكڵە گوێز و سفرەیەكی گەورەی هێناو لەپێشمانی ڕاخست و چەند قاپێ ماست و گوێز ونانەكەی خستە سەر سفرەكە و لەهەمان سەماوەر دەستی كرد بە چا تێكردن و فەرمووی لێكردین، ئەو نانەی ئەو بەیانیە ئەوەندە خۆش و بەتام بوو هەرگیز لە یادم ناچێت. زمان شیرین و میوانداریێتی وپاكوخاوێنی وخواردنی ئەو ماڵە هەرگیز لەیاد ناچێت، چونكە جێگای سەر سوڕمان بوو لامان.. ئەو پاک و ڕێكوپێكی ناو ماڵەی ئەو خێزانە. چونكە لە گوندەكاندا زۆر بە كەمی سفرەی نان خواردن وپاک وخاوێنی لەو چەشنە دەبینرا.

# گەڕانەوە لەقاسمەڕەشەوە بۆگەرمیان.
# لەقەندیلی بستەڵەکەوە بۆ گەرمیانی گڕوگڵپە

ڕۆژی **١٩٨٧/٣/٢٣**پێش نیوەڕۆ لە گوندی (کەنزەرد) بووین ئەوەی پارەی پێ بوو هەندێ گوێزمان کڕی پاکمان کرد بۆ ئەوەی سوک و ئامادەبێ بۆ ڕێگا، چونکە دەمانزانی ڕێگایەکی دوور ودرێژمان لەپێشەوە بۆ گەڕانەوە بەرەو گەرمیان، پاش نانی نیوەڕۆ بەڕێکەوتین، لەوێوە بەگوندی (بن خەلەف) دا ڕۆییشتین بەرەو قاسمەڕەش و نزیک کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ گەییشتینە بارەگای گومرک لە (ناو زەنگ)کە (مام حەمید)ی کەرکوکی لێپرسراوی بوو. نان و چێشتیان بۆ هێزەکە ئامادەکرد بوو لەوێ نانی ئێوارەمان کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ خوارد و بەڕێکەوتین. کاتژمێر نزیکەی سێ بوو پاش گەیشتنی ئێمە(هێمن)ە ڕەشی فەرماندەی تیپی(**٥٩**)حەمرین بە نیاز بوو بەڕێکەوێت، برادەرانی تیپی(**٥١**)ی گەرمیان وتیان: کاک (هێمن) پەلە مەکە زووە دواتر پێکەوە دەچین دوژمن هێزەکانمان ببینێ توشی کێشە دەبیین، وتی: من ئێستا دەچم ئێوە ئارەزووی خۆتانە.ئەوان بەڕێکەوتن، دواتر ئێمەش بەدوایاندا بەڕێکەوتین. لەگەڵ زەردەی خۆردا گەییشتینە گوندی (ئالیە ڕەش)ی بناری قەندیل لەوکاتەدا هێزەکانی دوژمن لە ڕەبییەو سەربازگەکانیانەوە ئێمەیان دەبینی، بەچەکی هاوەنی (**٨٢**) ملم کەوتنە ئاگرباران کردنمان لەگەڵ یەکەم گوللەکە پەنجا مەترێک لێمانەوە دوور بوو هەموو لە ڕێگاکە لامان داو بۆ بن ڕکە بەردێک ڕامان دەکرد، دەنگی هاژەی گوللەیەکی دیکە هات بەهاژەکەی زانیم زۆر نزیکمان دەکەوێ، من بەپەلە خۆم بە زەویدا دا لە دووری دوو مەتر لە سەروومەوە لە زەوی کەوت، من و (شەهید میران فەرەج) و (شەهید فەرهاد) لە تیپی(**٥٩**)ی حەمرین پێکەوە ڕامان دەکرد، من خۆم بە زەویدا دا بەرم نەکەوت پڕیشت مل و سەرم بەردو خۆڵ بوو، بەڵام ئەوان خۆیان بە زەویدا نەدا بەرەو ڕکە بەردەکە ڕایان دەکرد بەر هەردووکیان کەوت میران بەتەنیشمەوە کەوت و فەرهادی فڕێدایە سەر بنەدارێک مەترێک بەرز دەبوو یەکسەر شەهید بوو.

میران نزیکەی نیو کاتژمێر بە برینداری مایەوە پاشان شەهید بوو. پاش تاریک بوون ئێمە بەڕێکەوتین و (حەکیم ڕەزاو عەلی نوری و ساڵح فەرتەنە وعومەر عەلی قەیسەر) و چوار پێشمەرگەی تیپی(**٥٩**)حەمرین مانەوە شەهیدەکانیان لەگوندی (ئالیە ڕەش) بەخاکسپارد و لەگوندی (وەرتێ) پێمان گەییشتنەوە. نیوە شەو گەییشتینە چەمێک لە نێوان گوندی (ڕەزگەو قەڵا تۆکان) لە بناری قەندیل، بۆ حەسانەوە چەند کاتژمێرێک لەوێ ماینەوە زۆر ساردبوو هەموو ئەو ناوە بەفر بوو تا گەییشتینە ئەو جێگایە بەهۆی تاریکی و قوڕ و بەفرو بەردەوە هەریەکەی سەدان جار کەوتووین، بەدەم ڕێکردنەوە چەندینجار خەوم لێ کەوت و دەمدا بەقەد ئەوەی پێش خۆمدا و بەخەبەر دەهاتمەوە. زۆر سەرمام بوو خەو هێزی لێبڕیبووم پێڵوی چاوەکانم بۆ بەرز نەدەکرایەوە، لەسەرما نەمدەوێرا بخەوم تەنها بلوزێکم لە بەردابوو بەبێ خەرقە، غایب بانگی کردم وتی: وەرە من کیسە

خەوێکم پێیە هەردووکمان تێیدا دەخەوین. لەگەڵ غایب وشەهید فاروق وحەمە چاوجوانی دووز زۆر برادەر بووین زۆرجار لەژێر بەتانییەکدا دەخەوتین وتم:

- غابە شێت کیسە خەوێک چۆن جێگەی دووکەس دەکاتەوە ؟

- هەردووکمان بەقەد زەلامێکی باش نابین تۆ وەرە تاقمەکەت بکەرەوە منیش هەروا هەردووکمان دەچینە ناویەوە و یەکێک بانگ دەکەین زنجیری کیسە خەوەکەمان بۆ ببەستێت، هەردووکمان چوینە سەر بەردێکی تەخت و چوینە ناو کیسە خەوەکەوە پێشمەرگەیەکمان بانگ کرد زنجیرەکەی بۆ بەستین ئەوەندە ماندوو، شەکەت بووین نازانم پێش بەستنی زنجیرەکە یان پاش بەستنی خەوتبووین، تا هاواریان نەکرد هەستن دەڕۆین، نەجولاین. گوندەکانی (سورەدێ و ڕەزگە و قەلاتوکان وقرناقاو پشتئاشان) هەموو ئاوەدان بوون، لەگوندی (قڕناقا) ماینەوە هەندێ برادەران چوونە بارەگای (ح.د.ک) و ژمارەی هەرە زۆرمان لە مالان دابەش بووین. ڕۆژی **٣/٢٤** پاش نیوەڕۆ لە گوندی (قڕناقا)وە بە ڕێکەوتین کاتژمێر نۆی شەو گەییشتینە سەر جادەی (خانەقا) و (سەنگەسەر) لە دۆڵی خانەقا، پێش ئەوەی بگەینە سەر جادە لەسەر ڕێگاکە ڕێنوێنییان کردین بۆ ڕۆیشتن، لەپێشەوە وتیان: بۆ دواوە بیگەیەنە بێدەنگبن لە جادە دەپەڕینەوە، گەییشتینە سەرجادە چەند چەکدارێکمان بینی لەم بەرو ئەو بەری جادەکە وەستا بوون. یەکێکیان هاتبووە پێش ڕیزی پێشمەرگەکانەوە و بەهێواشی و بەردەوامی دەیگوت لەسەر خۆبە هیچ لە گۆڕێ نییە لەسەر خۆبە هیچ لەگۆڕێ نییە، دوو شت زۆر سەرنجیان ڕاکێشام، وشەی هیچ لە گۆڕێ نیە بوو، کەبۆ یەکەم جار گوێمی پێ ئاشنا بوو نەمدەزانی مانای چییە، دووەمیان ئەو چەکدارانە کێ بوون و چی بوون و چ کارەن. پاش پەڕینەوەمان برادەران وتیان ئەوانە جاشی ئەم سنورە بوون زۆر سەرسوڕێن بوو لام، جاشی ناوچەی کەرکوک و گەرمیان و سلێمانی ئەوەندە خائین وخۆفرۆشن بە شەوان بە پارتیزانی بەدەستە دێن بۆ گوندە ئازادکراوەکان بۆ ڕژاندنی خوێنی پێشمەرگە و لایەنگرانی شۆڕش، چونکە ساڵێک پێش ئەوەبوو لە گوندی ئۆمەربل شەهید فەریق عەلی قەیسەر و سەباح حاجی ڕۆستەم لەلایەن دەستەیەکی جاشی خۆفرۆشەوە کە لەقەزای کفرییەوە هاتبوون نێوانی کفری و ئۆمەربل پازدە کیلۆمەتر دەبێت، شەهیدکران. جاشەکانی سنوری گەرمیان نەک ئامادە نەبوون هاوکاری پێشمەرگە لەناو شارو سەرجادە و جەرگەی دوژمندا بکەن، بەپێچەوانەوە بۆ دەست خۆشییەک کون بەکون بەدوای سەربازێکی هەلاتوی هەژاردا دەگەڕێن نەک پێشمەرگەش، ڕووی هەموو بەعسییە پلەدارو پیاوانی (ئەمن)و (هەواڵگری)یان سپی کردووە. لە خەیاڵی خۆمدا دەمگوت باشە ئەوە هۆی چییە خەڵکی گەرمیان و سنورەکانی خوارەوەی کوردستانی باشوور، جاشن زۆر خائینن..بەدڵسۆزانە کار بۆ ڕژێم و ئاغاکانیان دەکەن و جاشەکانی ئەم سنورانەش ڕێنوێنی پێشمەرگە دەکەن؟ پێشمەرگەکانی گەرمیان لە هەر سەنگەرێکدابن تا شەهید بوون سەنگەرەکانیان بەجێناهێڵن لەشۆڕشی نوێدا هەر شەڕگەیەکی سەخت و دژوار بێت و هەر سەرباز گەیەک توندوتۆڵ گومان لە گرتنی بکرێت بۆ پێشمەرگە و تیپەکانی گەرمیان دادەنرێت و لەگەرمیانەوە پێشمەرگە دێت سەرکردایەتی ئەم ناوچانە دەپارێزێ.

هەموو چەکدارێکی ڕژێم بە مەفرەزەی تایبەت وجاشی سوکەوە دەستی هەر پێشمەرگەیەکی گەرمیان بکەوێت ڕاستەوخۆ دەیکوژێت بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەم مرۆڤە کوردە و لەخوێن و نەتەوەی خۆیەتی و خەڵکی شار یان ناوچەکەیەتی یان خزمێتی یان کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ دروست دەبێ، یان دەیگرێت بەبێ ئەوەی بزانێت دەوڵەمەندە یان نەدارە چوار هەزار دیناری سویسری وچەکێکی بۆ شۆڕش لێدەسێنن ئینجا بەکەفالەت ئازادی دەکەن. بەپێچەوانەوە پێشمەرگەی ئەم سنورانە زۆربەی کارەکانیان پێچەوانەی پێشمەرگەی گەرمیانە. سەبارەت بەجاشەکانیشیان ئەوەیە ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین، لە خۆم دەپرسی و وەڵامم بەدەست نەدەکەوت. ئایا هۆی دڵسۆزیمانە بەگیانمان گرەو لەسەر کارو ڕێبازەکەمان دەکەین، یان هۆکاری ئاو و هەوای ناوچەکەمانە یان پەروەردەیە کەوا توند و ڕەق و پتەو و نەگۆڕین لە مامەڵەکردنمان لەهەموو بوارێکدا. پاش پەڕینەوەمان لەجادەکە گەییشتنە ڕووبارێک گۆرەوی و پێڵاومان داکەند.. ئاوەکە دەگەییشتە ئەستوری ڕانمان.. بەهۆی زۆری ئاوەکەوە شەرواڵی هەندێکمان چمکی خوارەوەی تەڕبوو، بەتایبەت ئەوانەی (تراکسود) یان لەپێدابوو نەیاندەتوانی خۆیان زیاتر هەڵبکەن. پاش پەڕینەوەمان لە ڕووبار پاش ڕۆشتنی سێ سەد مەترێک هاتەوە پێشمان دیسان خۆمان داکەندەوە پاش ڕۆشتنی سێ سەد مەترێکی دیکە هەمان ڕووبار هاتەوە پێشمان بەهۆی ئەوەی ئێمە کەسمان شارەزا نەبووین بێزار بووین لە خۆ داکەندن و لەبەرکردن، هەموو بەپێڵاو و گۆرەوییەوە لە ئاوەکەماندا کە جارێکی دیکە هاتەوە ڕێمان، ئاوەکە زۆر سارد بوو جلەکانمان تەڕ بوو لە جوڵەی خستین، بەزۆری پەکمان کەوت بەناچاری پاش دوورکەوتنەوە لەجادە زۆربەی هێزەکە لایدا و دەستی کرد بە ئاگر کردنەوە. ئێمە هەندێ پێشمەرگە لامان نەدا، بەڵام بەهۆی تەڕی پێڵاو و گۆرەوی و زۆر ڕێکردنەوە لاقەکانمان هەموو بوون بە تلۆقەو برین تا سبەی کاتژمێر نۆی بەیانی گەییشتینە گوندی (وەرتێ) بە تەواوی شەکەت بووین. لە هەورازێکدا پێش گەییشتنمان بە گوندەکە کاک (عوسمان)م بینی بەتەواوی ماندوو و شەکەتبوو بە تەنیشت ڕێگاکەوە پاڵیدابۆوە، (من و ساڵح فەرتەنە و شەهید فاروق ) وچەند برادەرێکی دیکە بووین پڕ بەدڵ پێم خۆش بوو چەکەکەی بۆ هەڵبگرم، هەرچەندە خۆیشم لەو شەکەتتر بووم،بەڵام لەترسی لۆمەی برادەران کە باو بوو ئەوەی لە فەرماندە یان بەر پرسێ نزیک بوایە پێیان دەگوت ماستاوچی، بۆیە داوای چەکەکەیم نەکرد، ساڵح چەکەکەی هەڵگرت تا گوندەکە.
کاتژمێر نۆیی سەر لەبەیانی **٣/٢٥** گەییشتینە گوندی (وەرتێ) ئەنجومەن دابەشی کردین بە ناو گوندەکەدا. من و(عومەر عەلی قەیسەر وغایب وحەمە چاوجوان و شەهید فاروق) چوینە ماڵێک خاوەن ماڵەکە ناوی (کاک محەمەد)بوو، برایەکی پێشمەرگەبوو شەهید بووبوو، خێزانێکی زۆر پاک و بەڕێز و خزمەتگوزار بوون، خزمەتێکی زۆر باشی کردین زۆر ڕێزی لێ گرتین. پاش نانخواردنی نیوەڕۆ دەرچوین بۆ لای مزگەوتی گوندەکە کاک موحەمەد وتی: ئەگەر لێرە مانەوە وەرنەوە بۆ ئێرە لێتان قبوڵ ناکەم بچن بۆ هیچ ماڵێک دیسان بۆ ئێوارەش چوینەوە بۆ ماڵی کاک موحەمەد زۆر خزمەتیان کردین. خەڵکی ئەم گوندە خەڵکێکی ڕۆشنبیر و زمان شیرین و کراوەبوون. زۆر ئارەزووی تێکەڵاوی پێشمەرگەیان دەکرد، کوڕانی گەنج و پیاوە بەساڵاچوەکانیان بەهەمان شێوە دەهاتنە لامان و وتوێژیان لەگەڵ دەکردین. دەیانگوت ئێمە ڕێزی زۆرمان بۆ پێشمەرگەی گەرمیان هەیە

چونکە پێشمەرگەی گەرمیان نمونەی پێشمەرگەی قارەمان و بەڕەوشتن، سنورێکی زۆر دەبڕن تادەگەنە ئێرە بۆ خزمەت و بەرگریکردن لەئێمە.

سبەی **٣/٢٦**لەگوندی(وەرتێ) بەڕێکەوتین بەسەرگوندی (کەلێتە)دا ڕۆیشتین بۆ نیوەڕۆ گەییشتینە گوندی(دەرگەڵە). نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد وپاشان بەرەو سەر چیا بەڕێکەوتین بۆ کاتژمێر سێ گەییشتینە سەر(زینوی سەلاّن-سەران) دەکەوێتە نێوان چیای(کاروخ و هەندرێن) بەفرێکی زۆری لێکەوتبوو، بەنزیک بوونەوەمان بۆ سەر چیا زریانێکی زۆر توند دەستی پێکرد.. ماوەی بینین لە سێ مەتر کەمتر بوو، تا لەسەر چیا دابەزین بەدوای شارەزاکەداپشتی یەکمان گرتبوو بە هیچ شێوەیەک نەماندەتوانی سەر هەڵبڕین، چونکە ئەو زریانە بە توندی بەر دەموچاو و ڕوومەتمان دەکەوت دەتگوت بەچنگ وردە چەو و لم بە دەموچاوماندا دەکەیت، تەزیبووین.. بە ماندووبوونێکی زۆر لەسەر چیا دابەزین. لەنیوە قەدی چیاکەوە بەفری لێنەمابوو زۆربەی پێشمەرگەکانی کەرتی شەش بە ڕاکردن بۆخوارەوە چیاکەمان بڕی تا گەییشتینە گوندی (سەلاّن) کە دەکەوێتە دامێنی چیای (هەندرێن) و بەرامبەر گوندی (گەرەوانی خواروو)، لەدامێنی چیاکەوە تاخوارەوە لێزمەی باران کوتایینی، لەپەنجەی پێمانەوە تا تەوقی سەرمان قوڕ و ئاو بوو بە تایبەت ئەو پێشمەرگانەی لەدامێنی چیاکەوە بە ڕاکردن هاتینە خوارەوە. بۆ خۆرئاوابوون گەییشتینە گوندی (گەرەوانی خواروو)، لەلایەن ئەنجومەنی گوندەکەوە بەسەر ماڵەکاندا دابەش کراین، چوار پێشمەرگە چووینە ماڵێکەوە جلیان بۆ هێناین لەبەرمان کردو جلەکانیان بۆ شۆردین. زۆر خزمەتیان کردین زۆر بەڕێز و زمان شیرین بوون، خەڵکی ئەو گوندە زۆر ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بوون، ئەتوانم بڵێم کەم گوندی کوردستان بەم شێوەیە ڕۆشنبیرو بەڕێزو پاکوخاوێن بوو، لەپەنجەرەی ماڵەکاندا پەرتوکی جۆراو جۆرم بینی ئەوەش نیشانەی وشیاری و تێگەییشتنیان بوو، ئەوەندە خزمەتیان کردین ئارەزوومان دەکرد چەندین ڕۆژی دیکە لەم گوندە بمێنینەوە. برادەران باسی کلتوری ڕەدووکەوتنیان لەزمانی دانیشتوانی ئەو گوندەوە دەگێڕایەوە لە ناوچەکەیاندا، ئەوەیان دەگێڕایەوە کە گوایە یەکێک لە فەرماندەی تیپەکانی ئەو سنورە ئەو ماوەیەی لەشەڕەکانی سەرکردایەتی بوو ژنێک ڕەدووی کەوتووە بەبێ ئەوەی خۆی لە ماڵ بێت ژنەکە هاتووە بۆ ماڵیان چاوەڕوانی هاتنەوەی فەرماندەکەی کردوە، نازانم تاچەند ڕاست بوو. سبەی ڕۆژی **٣/٢٧** لەگوندی (گەرەوانی خواروو) بە ڕێکەوتین نانی نیوەڕۆمان لە گوندی (گەرەوانی سەروو)خوارد، پاشان بە چیای (بێموراد)دا سەرکەوتین.. بۆ عەسر چووینە گوندی (شیرێی سەروو)، ئەنجومەنی گوند دابەشی سەر ماڵەکانی کردین، سێ پێشمەرگە چووینە ماڵێک کە سێ پێشمەرگەی تیپی (**٢٣**)ی (سورداش) لە ماڵەکە بوون.

شەو لەو ماڵە خەوتین بە تەنیشت یەکەوە، لەنیوەی شەودا هەموو لەشم دەستی کرد بەخوران بەلاّم چۆن خورانێک دەتگوت لەشاری مێرولەدا خەوتووم، یان هەرچی ئەسپێ و کێچی دونیا هەیە بەربدراوەتە لەشی من. هەر واش بوو چەند جارێک دەستم دەبرد بۆ بن باخەڵ و بەپشتە ملم کەشوێنی خوران بوو لەگەڵ دەست بردنمادا ئەسپێم دەگرت، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو ئەسپێ نەهاتبووە لەشمەوە بەلامەوە نامۆبوو، لەگەڵ بچوکترین جوڵەی زوو وەک لوورەی ئەمبولاّنس

ئاگاداری دەدایە هەستم، تا بەیانی نەنووستم.. دەیان ئەسپێم دەگرت و فڕێم دەدایە ئەو لای خۆمەوە بۆ لای دەرگاکەوە. سبەی بەپێشمەرگەکانم وت: ئەرێ کاکە ئێوە چۆن ماون؟

- یەکێکیان بە سەرسوڕمانەوە وتی بۆ برام ؟

-خوا یارمەتیتان بدات بەتەنها ئەم شەو منیان کەوڵ کرد ئێوە چەنێکە چۆن ماون؟

-مەبەستت چییە؟

-کوڕە هەی تەمەن درێژ بن مەبەستم ئەو ئەسپێیانەیە ئەم شەو تا بەیان بەسەر جەستەی منەوە وەک ئەسپ سمکۆڵانیان دەکرد کە بەرتان دابووە گیانی من.

- هههههه بۆ ئێوە ئەسپێتان نییە؟

-نەوەڵا تا ئەم شەو یەک دانە لە لەشما نەبوو.. بەڵام ئێستا گرەو لەسەر هەزار درەوشە بەدەست دەکەم.

- دەی هۆکارەکەی ئەوەیە ئەسپێت نەبووە.. بۆیە ناتناسن.. لەگەڵ ئێمە دۆستایەتی و هاورێیەتییان هەیە و لەگەڵ یەک ڕاهاتووین .

بەیانی سەیری جلەکانم کرد وەک شارە مێرولە پڕاو پڕ بوو لە ئەسپێی قون پان.

ڕۆژی**٣/٢٨** سەرلەبەیانی لە گوندی (شیرێ)وە بەڕێکەوتین لەجادەی قیری (بالیسان) پەڕینەوە و لە چەمەکەوە چووینە ئەو بەرەوە لە نزیک گوندی (چیوەی ژوروو) هەندێ ڕەشماڵ هەبوو لەو ڕەشماڵانە نانی نیوەڕۆمان خوارد. چووینە ماڵێک پیاوی ماڵەکە تەمەنی نزیکەی پەنجا بۆپەنجاو پێنج ساڵ دەبوو، خێزانەکەشی ئافرەتێکی زۆر جوان نەرمونیان جلێکی ڕەشی لەبەردابوو ببووە نەخش لەبەریدا ڕوومەتی سپی سپی لەناو ئەو جلە ڕەشەدا وەک مانگ دەدرەشایەوە لە ئاسمانی تاریکە شەوێکی چواردەدا، تەمەنی نزیکەی بیست بۆ بیست وپێنج ساڵ دەبوو، ئەو دیمەنی پیر و چڵکنی پیاوەکە و جوانی و گەنجی ژنەکە زۆر دڵگرانی کردم، دەیانجار نەفرەتم لە و دابونەریت و کلتورە کرد کەئەمە قبوڵ دەکات، نەفرەتم لەو وتەیەش دەکرد کەدەڵێت چارەنوس و قیسمەت چۆن بوو کەس ناتوانێ بیگۆڕێ، ئەو پەندەم هاتەوە یاد کە دەڵێت چی گیای جوان هەیە بزنی پیر دەیخوات. پاش نیوەڕۆ بە چیای (هەورێ)دا هەڵگەڕاین پاش ماندووبونێکی زۆر گەییشتینە سەر چیا، ئەم چیایە لەبەر سەرکەشی و بڵندی ناوی.. هەورێی لێنراوە، مەبەست ئەوە دەگەیەنێ سەری لە هەورێ دایە، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ گەییشتینە گوندی (کونە فولوسێ) کە کەمێک لەسەر چیاکەوە بۆ ڕۆژئاوا شۆڕ دەبێتەوە و دەیگەیتێ، بۆ ئێوارە گەییشتینە گوندی (کاموسەک) لەسەرجادە قیری سێ ڕێیانی (هیزۆک) وناحیەی (هیران)ە، شەو لەوێ ماینەوە، ڕۆژی **٣/٢٩** سبەی کاتژمێر نۆیی بەیانی لەگوندی (کاموسەک) بەڕێکەوتین بۆ نیوەڕۆ چووینە گوندی (نازەنین)، نیوەڕۆ لەوێ نانمان خوارد و پاشان بەچیای (ئاوەگرد)دا سەرکەوتین کەدەکەوێتە سەروو ڕۆژئاوای گوندی (نازەنین)ەوە، بۆ ئێوارە گەییشتینە گوندی (سماقوڵی سەروچاوە)و لەوێوە چوین بۆ گوندی (سماقولی گرتک).. شەو لەوێ ماینەوە. ڕۆژی **٣/٣٠** ئێوارە لە (سماقوڵی گرتک)ەوە بەڕێکەوتین ئێوارە لە چیای (باوەجی) یەوە دابەزین لە ڕێگای قەزای (کۆیە) و ناحیەی (دێگەڵە) پەڕینەوە.. کاتژمێر یازدەی شەو گەییشتینە

گوندی (دار بە سەرە) لەدەشتی کۆیە. ڕۆژی **٣/٣١** بۆ ئێوارە لەگوندی (داربەسەرە) بەرێکەوتین شەو لەجادەی (کۆیە و تەقتەق) پەڕینەوە و لە گوندێکی دەشتی کۆیە ماینەوە.

ڕۆژی **٤/١** دیسان لەدەشتی کۆیە بووین. ڕۆژی **٤/٢** هەموو پێشمەرگەکانی تیپی(**٥١**)ی گەرمیان لە نزیک گوندی (سات و قەڵات) سەر بە ناحیەی (تەقتەق) بووین لەسەر زێی دوکان چاوەڕوانی پەڕینەوە بووین، بە کەڵەک و بەلەم.. گوێمان لەڕادیۆی کوردی بەغداد بوو هەواڵی گرتنی بارەگاکانی مەڵبەندی یەکی (ی.ن.ک) و تەواوی دۆڵی (قەرەداغ وبازیان) و سنوری بناری شارەزووری بڵاوکردەوە، باوەڕم بە گوێی خۆم نەدەکرد کاتێک ئەو هەواڵە دڵتەزێن و گورچک بڕەم بیست، کە بە ڕاگەیاندراوێکی سەربازی هەواڵی تەواوی سنوری مەڵبەندی یەکی ڕاگەیاند کە لەلایەن هێزە سەربازییەکانی عێراقەوە دەستیان بەسەردا گیراوەرو لەهێزی پێشمەرگە پاککراوەتەوە. ئەم هەواڵە لەگرتنی دۆڵی جافایەتی و بارەگاکانی سەرکردایەتی بەلامانەوە زۆر کاریگەرتر بوو، هەموو پێشمەرگەکان دەتگوت بۆ سەرپەتی سێدارە دەبرێن، لەکاتێکدا لە تێکشکانێکی گەورەوە هاتبووین، بەڵام چوونمان بۆ گەرمیان و سنورەکانی خۆمان و کەسوکارمان ئەوەندە بە لامانەوە خۆش بوو زۆر بە تاسەوە هەنگاومان دەنا ئەو شکانەی لەبیر بردبووینەوە. بەڵام ئەم هەواڵە وایلێکردین کە نەتوانین هەنگاو بۆ پێشەوە بنێین بەو خەمناکییەوە لەبەلەمێکی لە چینکۆ دروستکراو سەرکەوتین کە کونێکی گەورەی تێدا بوو، دوو پێشمەرگە بەردەوام بە دوو سەتڵی چوار کیلۆیی ماست ئاویان دەردەکرد. بەلەمەوانەکە بەخێرای دەیگوت زوو زوو ئاوەکە دەربکەن ئەگینا بەلەمەکەمان دەکەوێتە ژێر ئاوەکەوە. ئێمەش لە ترسی گیانی خۆمان کە مەلەوانیمان نەدەزانی بە خێرایی ئاومان بەتاڵ دەکردەوە بە ترسێکی زۆرەوە چووینە ئەو بەرەوە بۆ نیوەڕۆ چوینە گوندێکی ناوچەی (شێخ بزێنی) نانی نیوەرۆمان خوارد.

بۆ شەو چووینە گوندی (گورگەیی)ی ناوچەی (شوان)ی سەر ڕووباری (خاسە)کە سەر بە ناحیەی (قەرە هەنجیر)ە، ئەو شەوە تا بەیانی فڕۆکەی جەنگی و پیلاتۆز و کۆپتەر نەیانهێشت بۆ چرکەیەکیش بنوین، چونکە ئەو گوندە نزیکی پارێزگای کەرکوک بوو هەموو فڕۆکەکان لە فڕۆکە خانەی کەرکوکەوە بەویدا بۆ سەر شەڕگەکانی (عێراق و ئێران) دەچوون، بە خولەک دەنگی فڕۆکە لە گوێمان نەدەبڕا ئەو شەوە هەموو بە یەک ئاراستە بەیەک جێگادا دەهاتن و دەچوون، دەتگوت (شەمەندەفەر)ە و نابێ لەسەر هێڵە ئاسنینەکەی خۆی لابدات. بۆ ئێوارەی **٤/٣** بەرێکەوتین بۆ (بان مەقان) سەرجادەی گشتی (کەرکوک-چەمچەماڵ) لەنزیک ناحیەی (قەرەهەنجیر) لەڕۆیشتنماندا پاش تاریکبوون توشی شوانێک بووین کەنزیکەی دوو کیلۆمەترێک لە جادەوە دوور بوو ئەو پێشمەرگانەی لە پێشەوە بوون لە میلی چەکیان داو تێیان خوڕی، پاش دڵنیابوون بەرێکەوتین نزیک جادە بووینەوە.. پاش تاقیکردنەوەی جادەکە بۆمان دەرکەوت دوژمن هەموو سەرجادەی بە بۆسە تەنیوە، پاش چاوەڕوانی چەند کاتژمێرێک بۆ ئەوەی بۆسەکە بڕۆن و بپەڕنەوە، بێهودە بوو گەڕاینەوە بۆ گوندی (گورگەی)، لە نزیک جادە ژمارەیەک پێشمەرگەمان بینی.. وتیان: ئێمەش ڕێگامان تاقیکردۆتەوە هەمووی بۆسەیە، پێکەوە گەڕاینەوە. بۆ ڕۆژی **٤/٤** دیسانەوە بەرێکەوتین بۆ سەرجادە لەهەمان ڕێگای شەوی پێشووەوە،پێش گەییشتنمان بۆ سەرجادە دەستەیەک چەکداری

(پ.د.ک)مان بینی کەفەرماندەکەیان (ملازم تارق ئەحمەد)ی داودە بوو لە گەرمیانەوە هاتبوون پاش گرتنی دۆڵی قەرەداغ و مەڵبەندی یەک هەڵهاتبوون و ئەوێیان بەجێهێشبوو، (تارق ئەحمەد) لە سالآنی شەستەکان بەرپرس بووە لەناو شۆڕشی ئەیلولدا و لەگەڵ باڵی (م.س) بووە، دواتر تەسلیم بەڕژێم بۆتەوە و بووە بە سەرۆک جاشی حکومەت، ئەو چەکدارانە ناوی (تارق) یيان لێنرابوو، بۆ یەکەمجار ناسیمن لە ساڵی **١٩٧٥** بە ژمارەیەکی جاشی زۆرەوە کەجلی سەربازییان لەبەردا بوو هاتە گوندی (توکن)، تەمەنم پێنج ساڵ دەبوو لە بیرمە لە دایکم پرسی: دایە ئەمانە چین؟

وتی: کوڕم ئەمانە چەکداری (تاریق)ن، پاش شکستی شۆڕشی ئەیلول ڕژێم چەکدارەکانی تێکەڵی سوپا کرد و خۆی چوو بۆ دەرەوەی وڵات، پاش ڕێکەوتنی (ی.ن.ک وپ.د.ک) لەساڵی **١٩٨٦**ناوبراو لەدەرەوە هاتەوە وەک فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی پ.د.ک هاتە سنوری گەرمیان.

سالآنی هەفتاکان لە ناوچەی داودە و هۆزی داودە دا لە خۆشەویستی (تاریق ئەحمەد) زۆر لە منداڵە کوڕەکانیان ناو نابوو (تاریق)، بەتایبەت ئەو باوکانەی خۆیان ناویان ئەحمەد بوو.

پاش پەڕینەوەمان شەو هاتینە گوندی (کەوەلە و زەنگەنە) لەوێ ماینەوە. ڕۆژی **٤/٥** چووینە گوندی (خاڵە بازیانی خواروو) شەو لەوێ ماینەوە. لە ڕێگا لە ناو گەلآبەی تراکتۆرەکەدا بۆ پێکەنین شەهید(مام نامیق)مان تووڕە کرد، مام نامیق ئاوی زۆر دەخواردەوە، غایب لە تراکتۆرەکە دابەزی ئاو بخواتەوە وتمان: ئێستا مام نامیق دیسان ئاو دەخوات تووڕە بوو، وتی: هەمووتان ئاو دەخۆنەوە بەلآم تەنها باسی من دەکەن؟ وەڵا ئەبێ ئاو نەخۆم ئەگەر لەتینوا بخنکێم، ئاوی نەخوارد، وتمان مام نامیق تۆ برای گەورەمانی لەخۆشەویستی گاڵتەت لەگەڵ دەکەین ئاو بخۆ بەخوا گاڵتەمان کرد ئاوەکەت بخۆ، بەخوا نابێت بیخۆم وا بوومەتە هاوڕێی منداڵ و مەزلۆم،بەخۆی دەگوت فلّچە سوێلّی سەگباب خەریکی چیت؟ بۆ ناچی مانگی دوو بزن و مەڕێک بکڕیت و بفرۆشیت، وا کەوتوویتە دوای ئەم چەقاوەسووانە. لەڕێگا لە نێوان دوو گوندی ناوچەی (جەباری) لە هەورازێکدا توشی فەرماندەی کەرتێکی دۆڵی قەرەداغ بووین لەگەڵ چوار چەکداری دیکە بەسەر تراکتۆرێکەوە بوون بۆ ئاراستەی ئێمە دەهاتن بەرەو سەرجادەی (چەمچەماڵ-کەرکوک)،برادەران ناسیان ڕایانگرت و هەواڵی ناوچەی گەرمیان و قەرەداغیان لێپرسی، پاش وتووێژ بە کاک (شێخ جەعفەر)ی وت: ناوچەکە هەموو گیراوە و پێشمەرگە و لێپرسراوەکان هەڵدێن، شێخ وتی: بەپێچەوانەوە ئەوەتا ئێمە هەڵنایەین و بەرەو ئەو ناوچانە دەگەڕێینەوە وەرە تۆش هەڵمەیە و لەگەڵ ئێمە بگەڕێوە، وتی: من ناگەڕێمەوە و متمانەم بە هیچ کەس نەماوە، شێخ زللەیەکی لێداو وتی چەکیان بکەن، هەر لەوێدا چەکیان کردن. ئەو فەرماندەیە پیاوێکی قارەمان و چاونەترس بوو لە هەر شەڕگەیەک بوایە شوێن دەستی دیار بوو لە سەرەتای هەشتاکانەوە یەکێک بوو لە فەرماندەی کەرتە شەڕکەرەکانی ناوچەکە، نازانم چی هۆکارێک وای لێکردبوو وەک و خۆی گوتی باوەڕی بەهیچ نەمابوو. بۆ ئێوارە چووینە گوندی (تەکێ)ی جەباری شەو لەوێ ماینەوە.

ڕۆژی **٤/٦** بەیانی لەگوندی (تەکێ) دەرچووین بۆ نیوەڕۆکەی چووینە گوندی (قەلآمکایل) بۆ ئێوارە چووینە گوندی (گەڕاوی) و لەوێوە چووینە گوندی (گوڵباخ) شەو لەوێ ماینەوە، ڕۆژی**٤/٧** نیوەڕۆ لەگوندی (گۆڵباخ) بووین بۆ ئیوارە چووینە گوندی (تەپە عارەب)، بەرنامە وا بوو بۆ شەوی

داهاتوو پەلاماری چیای (ئاژداخ) بدەین و لەدەست دوژمن ڕزگاری بکەین کە چەند ڕۆژێک پێشتر لە شالاوی ئەنفالی دوودا دوژمن داگیری کردبوو.

# ئەنفالی دوو

لەڕۆژی **٣/٢٢** تا **١٩٨٨/٤/٢** ی خایاند. پاش کۆتایی هاتنی ئەنفالی یەک و داگیرکردنی ناوچەکانی دۆڵی (جافایەتی و دۆڵەڕووت و مێرگەپان وبەری مەرگە)، دوژمن بەپەلە کەوتە پلاندانان و هێرشکردنە سەر دۆڵی قەرەداغ و بازیان و بەشێک لەسنوری هەردوو قەزای دەربەندیخان و شارەزوور و ناحییەکانی قەرەداغ و بازیانی گرتەوە، هەموو بارەگاکانی مەڵبەندی یەک و تیپەکانی (١١ی شارەزوور و **١٥**ی هەورامان و ١٧ی زمناکۆ و **٣٩**ی خەنجەرە و **٥٥**ی قەرەداغ و **٥٧**ی سەگرمە و تیپی مەڵبەند) ی لێبوو. لەگەڵ ئەوەشدا پەلاماری بناری سەنگاو و چیای ئاژداخ و گوندەکانی ڕۆژئاوای دۆڵی بازیان و چیای (زەردە و سەگرمە و گڵەزەدە) و چیا گرنگەکانی ناوچەکەی دا. سەرەتای دەستپێکردنی لەئێوارەی**٣/٢٠** بەکاتیۆشا کیمیابارانی گوندی (سەید سوێنان)ی کرد لەو هێرشە ژەهراویەدا (**٨٥**) هاوڵاتی سقیل شەهید بوون و زیاتر لە(**٢٥٠**) کەسیش بەسەختی بریندار بوون. مەبەستی دوژمن لە کیمیابارانکردنی گوندی سەید سوێنان چاو شکاندنی دۆڵی قەرەداغ و ناوچەکەبوو. چونکە گەورەترین گوندی ناوچەکە و لانکەی هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بوو دەیان دوکان و بازاڕی تێدابوو، ئەو گوندە لەخەبات و تێکۆشان دژی سیاسەتی دوژمنانی کوردستان وداگیر کەرانی ڕابردوویەکی درێژی هەبوو ، دەیان شەهیدو پێشمەرگەیان هەبوو ساڵانێکی زۆر بوو دوژمن داخ لەدڵ بوو.. دەگەڕا بۆ دەرفەتێک تۆڵەیان لێ بکاتەوە. پاش یەک مانگ لەدەستپێکردنی ئەنفالی یەک لە بەرەبەیانی ڕۆژی **٣/٢٢** وە دوژمن لەهەموو قۆڵەکانەوە پەلاماری ناوچەکەی دا، لە چیای گولانەوە پەلاماری چیای زەردەی داو پاش سێ ڕۆژ بەرگری بێوێنە ژمارەیەک شەهیدو بریندار داگیری کرد، لە باشورەوە.. ئەو چیایە کلیلی دۆڵی قەرەداغ بوو. لەباشوری ڕۆژهەڵاتەوە یەکەم ڕۆژ لە دەربەندیخان وجادەی (زەڕایەن - دەربەندیخان)ەوە پەلاماری چیای ناوتاق و دەوروبەری گوندی (سۆڵە) درا کەپاراستنی بە تیپی(**٣٩**)ی خەنجەرە سپێردرابوو، فەرماندەی تیپەکەو پێشمەرگەکانی پێشتر فەوجی جاشی سوکی ڕژێم بوون، ساڵی پێشوو هەموو فەوجەکە هاتبوونە ڕیزی شۆڕشەوە، بەهەمان هەیکەلی پێشوو کرابوون بە تیپێکی پێشمەرگە. وەکو ئەو فەرماندە و پێشمەرگانەی لەسنورەکەدا بوون دەیانگێڕایەوە پێش هێرشەکە خیانەتیان کردو پەیوەندییان بەڕژێمەوە کردبوو بەبێ بەرگری.. سەنگەرەکانیان..ڕادەستی دوژمن کردبوو.پاش چەند ڕۆژ هێرش و

بەرگری قارەمانانە، دوژمن لەڕۆژی **٤/٢** بە ژمارە (**٣١٠٩**)ی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان.. هەواڵی داگیرکردنی ناوچەکەی بە ڕاگەیاندراوێکی سەربازی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکردەوە.

بەهۆی داگیرکردنی ناوچەکەوە بەشێک لەدانیشتوانی ناوچەکە ڕوویان کردە شارو کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی شارەزوور و بازیان، ژمارەیەکی زۆریان دەستگیرکران و لە سلێمانی کۆکرانەوە.. دواتر بۆ چارەنوسێکی نادیار بران، بەشێکیان بەهیوای دەربازبوون ڕوویان لەناوچەی گەرمیان کرد، زۆربەیان لەگەڵ دانیشتوانی گەرمیاندا لەئەنفالی سێدا گیران و بوونە قوربانی، ژمارەیەکی زۆر کەمیان دەرباز بوون. هێزی پێشمەرگەش کشایەوە بۆ ناوچەی گەرمیان، مەڵبەندی یەک بارەگای لە قۆپی قەرەداغەوە گواستەوە بۆ گوندی تیلەکۆی قەلەندەر.. سەر بەناحیەی سەنگاو.. فەرماندە و لێپرساوەکانی مەڵبەند پێکهاتبوون لە:

**١.**قادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەند.

**٢.**عومەر فەتاح لێپرسراوی دارای.

**٣.** مام ڕۆستەم.

**٤.** ئاوات قارەمانی.

**٥.** شێخ جەعفەر.

هەریەکەیان لێپرساوی چەند تیپێک بوون بۆ کاروباری پێشمەرگە.

**٦.** شیخ عەلی شێخ حەمە ساڵح لێپرساوی ڕابەر سیاسیەکان.

**٧.** ساڵح ژاژی لێپرساوی کاروباری کۆمەڵایەتی.

تیپەکانیش لەگوندەکانی سنورەکەدا جێگیربوون. ئێمە ئەو کاتە لەشەڕی سەرکردایەتی گەڕابووینەوە بەرەو گەرمیان دەهاتین لەناوچەی دەشتی (کۆیە) دابووین.

# ئەنفالی سێ

ئەم قۆناغە **٤/٧** تا**١٩٨٨/٤/١٦**ی خایاند. ئێوارەی ڕۆژی **٤/٧** گەییشتینە گوندی (تەپە عارەب).. دابەشی سەر ماڵەکان بووین. کاتژمێر نۆی شەو گوێبیستی تەقەی تفەنگێک بووین، چووینە دەرەوە پێیان وتین ماتۆڕ سوارێک لە ناوچەی داودەوە هەواڵی هێناوە.. سبەینێ دوژمن هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوە و پلانی هەیە بۆ هێرش کردنە سەر هەموو ناوچەی گەرمیان و تیپەکانی(**٥١**)ی گەرمیان و(**٥٣**)ی شێروانە و(**٥٩**)ی حەمرینی سەربە

مەڵبەندی یەکی(ی.ن.ک). بەپەلە چەند تراکتۆرێکمان کۆکردەوە و چووینە گوندی(مەلا هۆمەر)، فەرماندەکان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.. بەم شێوەیە هێزەکان دابەشکران:

یەکەم: کەرتی یەک بۆ سنوری بناری گل و گوندی (تازە شار)، کە یەکەم گوندبوو پاش گوندی (جەلال) لە بەهاری ساڵی **١٩٨٧** ڕووخابوو، تازەشار نە ڕووخابوو شەهید نازم بچکۆل فەرماندەی بوو.

دووەم: کەرتی دوو بۆ سنوری سەنگاو.. شەهید مام(جەلال ئە مین کاکە) فەرماندەی کەرتەکە بوو.

سێیەم: کەرتی سێ بۆ گوندەکانی تالاو تەختە مینە کاک عمر سەنگاوی فەرماندەی بوو. کاک نازم کەرکوکی جێگری کەرت لەو کاتەدا فەرماندەیان بوو.

چوارەم: کەرتی پێنج بۆ سەر چەمی ئاوەسپی ناوچەی داودە، شەهید سەیدجەوهەر، فەرماندەی کەرتەکە بوو.

پێنجەم: کەرتی شەش بۆ گوندی دوڕاجی و قوڕیچایی، کاک عوسمانی حاجی مەحمود فەرماندەی کەرت و کاک عوسمان تلیشانی جێگری فەرماندەی کەرت بوو.

شەشەم: کەرتی چوار سەلام شوشە فەرماندەی کەرتەکە بوو، حەمە کەلاری جێگری بوو.. لەو کاتەدا فەرماندەیی کەرتەکەی دەکرد، لەگەڵ کەرتی حەوت شەهید سەید محەمەد فەرماندەی کەرتەکە و عەلی سوور جێگری بوو، لەشەڕی سەرکردایەتی بریندار ببوو، لەنەخۆشخانەکانی ئێران بوو، شەهید حەمە چاوجوان فەرماندەی مەفرەزە بوو، فەرماندەی کەرتەکەی دەکرد. هێرش و پەلامارەکانی دوژمن بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

# یەکەم: قۆڵی کفری:

هێزێکی دوژمن بەفەرماندەیی لیوا (سامی) سەر بەفەیلەقی یەک، هێزەکە..پێکهاتبوو لە فەوجەکانی پیادە(**٤١٧** و **٤٤٤**) بەهاوکاری جاش فەوجەکانی (**١٠٠**و**١٣١**و**١٩٧**) لە قەزای (کفری) بۆ ناحیەی (سەرقەڵا) بۆ گوندەکانی (سەید جەژنی، فەتاح هۆمەر، بەکرەشەل)کە لە بەهاری**١٩٨٧**ڕووخێنرابوون. لەوێوە بۆ گوندەکانی(ئۆمەربل و چوار شاخی خواروو چوارشاخی ژووروو)، لەبەرە بەیانی **٤/٩** وە کەرتەکانی چوار و حەوت دەستەیەک لەکەرتی شەش و پێشمەرگەی ملی ناوچەکە بەتوندی ڕووبەڕوویان بوونەوە. ڕۆژی**٤/١١**پاش داگیرکردنی گوندی ئۆمەربل و هەردوو چوار شاخ، ئەو هێزە بۆ دوو ئاراستە پێشڕەوییان کرد.

ئاڕاستەی یەکەم بۆ گوندەکانی (بەلەگەی ژوور، بەلەگەی خواروو، دوراجی)،پاش سوتان و تەختکردنی ئەم گوندانە لە **٤/١٢** گەڕانەوە و لەگوندی توکن یەکیان گرتەوە.

ئاڕاستەی دووەم: بۆ گوندەکانی ( توکن، عەزیز قادر). ڕۆژی **٤/١١** لەلایەن کەرتەکانی چوارو شەش وحەوت لەگوندی عەزیز قادر ڕووبەڕوویان بوونەوە، پاش سوتان و تەخت کردنی گوندەکانی( توکن و عەزیزقادر) هێزەکەی دوژمن بۆ دوو ئاراستە پێشڕەوییان کرد، ئاراستەی یەکەم بۆ گوندەکانی (قەڵا چەرمەڵە، پیرەمەوەنی، قەواڵی)، ئاراستەی دووەم بۆ گوندەکانی (هەزارکانی، بنەکەی خەپەکوێر، عەلیان تازە، عەلیان کۆن، کانی عوبێد ،سەررەش , قولیجانی ئەمین قارەمان , قولیجانی سەرحەد.

# دووەم: قۆڵی خوورماتوو:

**١-**قۆڵی خورماتوو بۆ ناحیە ڕووخاوەکەی (نەوجول) کە لەساڵی **١٩٨٧** لەلایەن پێشمەرگەکانی حزبی شوعییەوە گیرابوو، بۆ دوو ئاراستە.

ئاراستەی یەکەم: لە ناحیەی نەوجولەوە بۆ ئاراستەی باشورو گوندەکانی( قوم پەڵک، نامیق،فەریق)، لەساڵی **١٩٨٥**ڕووخابوون، ئەم هێزە ڕۆژی**٤/٨** بۆ گوندەکانی (قەڵای مەدحەد بەگ، شۆراو، مەحمودبەگ، چەوری) لەگەڵ کەرتی پێنج و مەفرەزەیەکی کەرتی حەوت ڕووبەڕووبوونەوە و توشی شکستی گەورەبوون، هەمان هێز بۆ ڕۆژی **٤/١٠** پاش سوتان و ڕووخاندنی گوندەکانی ڕۆژی پێشوو گەییشتنە گوندەکانی (زینانەی خواروو زینانەی ژوورو).

ئاراستەی دووەم:لە ناحیەی نەوجول بۆ ئاراستەی باشوری ڕۆژهەڵات.. بۆ گوندەکانی(باش تەپە، لفتی ئاغا) لەڕۆژی **٤/٨** لەگوندی لفتی ئاغا ڕووبەڕووی کەرتی شەش و دەستەیەکی حزبی شیوعی و هێزی ملی بوونەوە، توشی شکستی گەورە بوون، ڕۆژی **٤/١٠** لەگەڵ ئاراستەی یەکەم یەکیانگرتەوە و چوونە گوندەکانی (وارانی خوار، وارانی ژوور، گەرمک).

**٢-** قۆڵی خورماتوو بۆ ناحیە ڕووخاوەکەی (قەڵخانلو) کە لەساڵی **١٩٨٧** لەلایەن هێزەکانی مەڵبەندی یەکی (ی ن ک)ەوە گیرا. لە خورماتوو بۆ ناحیە ڕووخاوەکەی قەڵخانلو بۆ ئاراستەی ڕۆژهەڵات بۆ گوندی (میل ناسر) کە لە بەهاری **١٩٨٧** ڕووخابوو، بۆ گوندەکانی (عەزیز بەگ، تەختەمینە، تالاو). ڕۆژی **٤/٨** کەرتی سێ لەگوندی (تالاو) ڕووبەڕوویان

بوونەوە توشی شکستی گەورەبوون. ئەم هێزە پاش نیوەڕۆی **٤/٩** لە گوندی (تازە شار) لەگەڵ قۆڵی قادرکەرەم بنار گل یەکیان گرتەوە.

**٣-** قۆڵی خورماتوو قادر کەرەم بنارگل، هێزەکە لە لیوای هێزی تایبەتی (قوات خاصە)ی (**٦٥**) و جاش فەوجەکانی (**٥٨** و**٢٠٠**) پێک هاتبوو، لە خورماتوو بۆ ناحیەی قە ڵخانلو بۆ ئاراستەی ڕۆژهەلاَت ناحیە رووخاوەکەی قادرکەرەم، ڕۆژی **٤/٨** گەییشتنە گوندەکانی (کۆرمۆر، ئاوایی جەلال) کە لەسەر جادەی (خورماتوو- قادرکەرەم)ن. ڕۆژی**٤/٩** بۆ گوندی(جەلال) کەلە بەهاری **١٩٨٧** ڕووخابوو لەوێوە بۆ گوندی (تازە شار) لەلایەن کەرتی یەکی تیپی**٥١** و دەستەیەک پێشمەرگەی(حشع) بەتوندی بەرپەرچدرانەوە و زیانی زۆریان بەدوژمن گەیاند، بۆ پاش نیوەڕۆ لەگەڵ قۆڵی (قەڵخانلو-میل ناسر) یەکیان گرتەوە و ئابڵوقەی گوندی تازەشاریان دا لەشەڕێکی سەخت و نابەرامبەر دا **٢٢** پێشمەرگە و فەرماندەی (ی.ن.ک و حشع) شەهید بوون، بۆ ڕۆژانی دواتر بۆ گوندەکانی (شێخ حمید، هەر سێ کانی قادر، ئاوباریک)، بۆ دوو ئاڕاستە چوون:

ئاراستەی یەکەم: بۆ گوندی (کەریم باسام) لە **٤/١١** کەرتی پێنج- ڕووبەڕوویانبوونەوە بۆ ڕۆژی **٤/١٢** گەبیشتنە گوندی (بابابەکر- باوەکر) .

ئاراستەی دووەم: بۆ گوندەکانی (دارتوو، کۆشک، لەک قادر سەرهەنگ، بان زوخاڵ، باوەکر) لە ڕۆژی **٤/١٢** کەرتی سێ و پێنج و مەفرەزەیەکی کەرتی حەوت ڕووبەڕوویان بوونەوە. بۆ ڕۆژانی دواتر ئەم هێزەی دوژمن بۆ گوندەکانی (ڕەمەزان،خانی خواروو، خانی رۆستەم، فەقێ مستەفا) تا کۆتا گوند..پێشڕەوییان کرد و لەگەڵ قۆڵەکانی دیکەدا یەکیانگرتەوە.

**٤-** خورماتوو قادر کەرەم بۆ ئاراستەی ڕۆژهەلاَت ناحیەی سەنگاو، خورماتوو بۆ ناحیەی قەڵخانلو بۆ ناحیە رووخاوەکەی قادر کەرەم کە لەساڵی **١٩٨٧** لەلایەن هێزەکانی مەڵبەندی یەکەوە گیرا بوو، بۆ گوندی (عەلی مستەفا، قەلاَمکایل، گەڕاوی) لەڕۆژی **٤/٩** لەلایەن تیپی **٥٩**ی حەمرینەوە لە گوندی گەڕاو بە توندی بەرپەرچدرانەوە، بۆ ڕۆژی**٤/١١**پاش سوتان و تەختکردنی ئەو گوندانە.. گەییشتنە گوندی گۆڵباخ کە بارەگای تیپی **٥٩**ی حەمرینی لێبوو. ڕۆژانی دوایی بۆ گوندەکانی(قەیتول، قیرچە، هەڕێنە، تەپە عارەب، زستانە، سەر ڕووباری ئاوە سپی).

# سێ یەم قۆڵی کەلار:

**١-**قەزای کەلار ناحیەی تیلەکۆ: لە کەلارەوە بۆ ناحیە ڕووخاوەکەی تیلەکۆ، لەوێوە بۆ گوندەکانی (قەڵا ڕێویلە، هەوارەبەرزە، مەسۆلکان، ناوە، سەر ناوە)**.** لە ڕۆژی **٤/٩** بە فەرماندەی لیوا (مەنزر ئیبراهیم یاسین )**.**

**٢ -** کەلار پێباز: کەلار بۆ ناحیەی پێباز لەوێوە بۆ دوو ئاراستە:

ئاراستەی یەکەم: لەناحیەی پێباز بۆ گوندەکانی (سۆفی ڕەحیم، عەلی وەسمان) بەفەرماندەیی ( محەمەد نازم حەسەن ) بەهاوکاری فەوجی جاش(**٧٥**)**.**

ئاراستەی دووم: لەناحیەی پێباز بۆ گوندەکانی(پونگینە، بێستانە، شێخ تەویل) بە فەرماندەیی (عەقید سەلمان عەبدل حسێن)، هێزەکە پێکهاتبوو لە(فەوجی کۆماندۆی فرقەی **١٧** و فەوجی جاش (**١٣١**)**.** لە گوندی (شێخ تەویل) لە **٩-٤/١٤** تیپەکانی **٥٣**ی شێروانە بەفەرماندەیی شەهید حەمەڕەش و تیپی **٥٥**ی قەرەداغ بەفەرماندەی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری جێگری فەرماندەی تیپ**..** ڕووبەڕوویان بوونەوە**.**

# چوارەم قۆڵی کەرکوک چەمچەماڵ:

لە جادەی کەرکوک چەمچەماڵ بە چەند ئاڕاستەیەک بۆ گوندەکانی (خالۆ بازیانی و ناوچەی جەباری)**.** ئەو گوندانە بەهۆی گرنگی پێدانی دوژمن بەپارێزگای کەرکوکی نەوتییەوە بەهۆی نزیکیەوە بۆ پاراستن و دروستکردنی پشتوێنەی ئەمنیی دوورخستنەوەی مەترسی لەسەر کێڵگە نەوتییەکان لە ساڵی **١٩٨٥** تا **١٩٨٧\٤** زۆربەیان ڕووخێنرا بوون**.** ئەم هێرشە بە فەرماندەیی (عەمید بارق عەبدوڵا حنگە) فەرماندەی هێزی تایبەت (قوات خاصە)ی نەوتی باکور بەڕێوەچوو، بە هاوکاری جاش فەوجەکانی (سەید جەبار، شێخ موعتەسەم برای شێخ جەعفەری پارێزگاری سلێمانی بەعسیی، عەدنان، ڕەفعەت گلی، قاسم ئاغای کۆیە، تەحسین شاوەیس)، زانیاری وا هەبوو کە بارق فەرماندەی هێرشەکانی ئەنفالی سێ بوو بێت**.** لە ڕۆژی **٤/١٤** بارق لەگەڵ (عەلی حەسەن مەجید) عەلی کیمیاوی بەرپرسی باکوری حزبی بەعسدا لە گوندی (عەلی مستەفا)ی نزیک (قادرکەرەم) بە هەلیکۆپتەر دادەبەزنە خوارەوە بۆ ناو ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی گوندەکانی سنورەکە لەوێ کۆبووبوونەوە**..**کە هەزاران هاوڵاتی گوندنشین لە چاوەڕوانی چارەنوسێکی نادیار دەبن بەبێ نان و ئاو و هیچ پێداویستییەک**.** بەکامێرای ڤیدیۆیی وێنەیان دەگرن بۆ شەو لە تەلەفزیۆنی

عێراقەوە نیشان دەدرێن و بە بەکرێ گیراوی ئێران ناوییان دەهێنن، ئەو پیاوانەی لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا نیشاندران.. هیچیان نەگەڕانەوە، یەک لەوانە(بورهان نەجم) دانیشتووی گوندی دارتووی بناری گل و برای براژنم بوو. پاش دابەشکردنی هێزەکان لەگوندی (مەلائۆمەر)ەوە.. بەتراکتۆر بەڕێکەوتین ئەو شەو و ڕۆژە هەندێ بەپێ و هەندێکجار بە تراکتۆر بەڕێوە بووین، کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ ٤/٨ گەییشتینە گوندی (لفتی ئاغا)ی سەر ڕووباری ئاوەسپی ناوچەی داودە سەر بەناحیەی نەوجولی قەزای خورماتوو، شەڕ گەرم بوو.. تۆپبارانێکی سەخت و بێ وێنەبوو وەک تاوی باران دادەباری، دوژمن لە هەوڵی ئابڵوقەدانی گوندەکەدا بوو، تەنها لای ڕۆژ هەڵاتی گوندەکە کراوە بوو کەوتبووە سەر ڕووباری ئاوەسپییەوە، جاشە بەکرێگیراوەکان لەبەرەبەیانەوە چەند جارێک پەلاماری گوندەکەیان دابوو کەلاکی حەوت جاشی خۆفرۆش لەبەر دەستی ئەو چەند پێشمەرگە کەمەی ناو گوندەکەدا کەوتبوو.

پێشمەرگەکان پێکهاتبوون لە مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی و مەفرەزەیەکی کەرتی ئێمە بە گەییشتنی ئێمە شەڕەکە گۆڕا دوژمن شکا، کاتژمێر شەشی ئێوارە ئێمە لە گوندی لفتی ئاغاوە هێزی پشتگیری گوندەکانی توکن و عەزیزقادر و مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی بەفەرماندەی شەهید ئەحمەد بازوکە لەڕۆژئاوای بەرزاییەکانی گوندی وارانییەوە.. پەلاماری دوژمنماندا تا ناحیە کۆنەکەی نەوجول ڕاومان نان.. شۆفڵێک و ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەر پیکاب بەجێمابوو پڕ بوو لە قەل و مریشک و شەکر و خواردن و کەلوپەلی گوندنشینەکان .. جاشەکان هێنابوویان، پاش شکانی دوژمن گەڕاینەوە بۆ گوندی وارانی.

برینێک لەدڵمایە هەرگیز سارێژ نابێ ٤/٨ لە ناو شەڕەکەی گوندی لفتی ئاغا دا عەزیزی برامم بینی کە لە گوندی توکنەوە هاتبوو بۆ بەرگریکردن لە ناوچەکە، هەواڵی ماڵ و بەتایبەت دایکمم لێ پرسی، وتی: حاڵی دەرونی زۆر خراپە بەتایبەت پاش بیستنی هەواڵی ژمارەیەک شەهیدی شەڕی سەرکردایەتی دایکم شەو و ڕۆژ دەگری و ئەڵێ هەرگیز نایبینمەوە، ئەوەندە گریاوە چاوەکانی خەریکە لە بینین دەکەون، هەر چۆنێک دەبێت سەرێک لە ماڵ بدەرەوە، وتم:لەم بارودۆخەدا ناتوانم شەڕەکە و هاوڕێکانم جێبهێڵم، هەوڵدەدەم لە دەرفەتێکدا سەربدەمەوە، بەداخەوە ئەوەندە کەمتەرخەم بووم بۆ ساتێک نەچوومە لای دایکم هەرگیز لە خۆم خۆش نابم، هەرگیز ئەو کەمتەرخەمییەم لە یاد ناچێت، پاش شکانی دوژمن  گەڕاینەوە گوندی وارانی، هەریەک لە کاک عادل شکور فەرماندەی تیپی٥١ی گەرمیان و شێخ کەریم جێگری فەرماندەی تیپی **٥٩**ی حەمرین و کاک عوسمان حاجی مەحمود فەرماندەی کەرتی شەش و شەهید سەید جەوهەر فەرماندەی کەرتی  پێنج، کەرتی پێنج  ئەو ڕۆژە گورزی کوشندەیان لەدوژمن سرەواندبوو.. کاتێک دوژمن هێرشی کردبووە سەر گوندی چەوری لێیان گەڕابوون تا گەییشتبوونە ناو

گوند بەشێوەیەک لێیاندابوون..دوژمنیان شپرزە کردبوو هەندێ جاش توانای خۆ دەرباز بوونیان نەبوو لەوێدا گیران، جاشێک لەناو ماڵەکاندا خۆی حەشاردابوو شەو خۆی کردبوو بەناو پێشمەرگەکاندا کاتێک دێنە گوندی وارانی هەموو لەوێ کۆدەبنەوە چەکدارێک دەبینن لەناویاندا، لێی دەپرسن:

- کاکە تۆ ناوت چییەو پێشمەرگەی چ کەرتێکیت؟ لەوەڵامدا دەڵێت:

-پێشمەرگەی کەرتی پێنجی تیپی **٥١**ی گەرمیانم .

-ناوی فەرماندە و جێگری کەرتەکەت چییە؟ لەخۆیەوە ناوێک دەلێت، نازانێت ئەم پێشمەرگانەی لێی دەپرسن لەکەرتی پێنجن، پێشمەرگەکان فیشەکی لێدەخوڕن و چەکەکەی لێدەسێنن پێی دەڵێن:

- تۆ درۆ دەکەیت جاشیت، ئێمە خۆمان پێشمەرگەی کەرتی پێنجین، لەو ناوەی تۆ و فەرماندەی لەو ناوەمان نییە.. بەخوا ئێستا دەتکوژین ڕاستیمان پێ نەڵێیت.

- بۆخاتری خوا مەمکوژن بەخوا ئێوە ڕاستدەکەن.. من جاشم کاتێک هاتینە ناو گوندی چەوریيەوە دەرفەتی گەڕانەوەم نەبوو خۆم حەشاردا تێکەڵی ئێوە بووم، ویستم لەدەرفەتێک بگەڕێم بۆ دەربازبوون مەبەستی خراپم نەبوو.

فەرماندەکان کۆبونەوەیەکیان ئەنجامداو پلانی بەرگرییان بۆ سبەی دانا.. بەم شێوە بوو: ئێمە کەرتی شەش بۆ گوندی (دوڕاجی) قۆڵی گوندی (قوڕی چای)، کەرتی پێنج و دوو مەفرەزەی کەرتی شەش و حەوت بۆ گوندی (لفتی ئاغا و چەوری) .

ئێمە شەو چووینە ئەو شوێنانەی دیاریکرا بوون. کەرتی سێ لە گوندی تالاو لە شەڕێکی قارەمانانەی بێوێنەدا هێزێکی زەبەلاحی دوژمنیان تێکشکاند بوو.. تا نزیک ناحیەی نەوجول ڕاویان نابوون، بەفەرماندەی هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆشەویستم شەهید نازم کەرکوکی کە جێگری فەرماندەی کەرت بوو. (ئەسکەندەر مەلا براهیم) دوانزە ئیمامی فەرماندەی مەفرەزە پێشمەرگەیەکی قارەمانی خۆنەویست بوو.. بەداخەوە لەو شەڕەدا شەهید بوو، چەند بریندارێکیان هەبوو یەک لەوانە (فەتاح محەمەد عەزیز و هاشم هەفت تەغاری)، فەتاح توکنی خەڵکی گوندەکەمان بوو بە برینداریی خۆی و خێزانی و پێنج منداڵی لە ئەنفالدا بوونە قوربانی. شەو چووینە گوندی دوڕاجی بەچوار دەوری دێکەدا دابەشبووین و خانووەکانمان کونکرد بۆ بەرگریکردن و لە نێوان ماڵەکاندا ڕێگای هاتوچۆمان کردەوە.

بۆ سبەی ڕۆژی **٤/٩** چاوەڕوانی هاتنی سوپای ئەنفال بووین، تا نیوەڕۆکەی لای ئێمە هیچ هێزێکی دوژمن نزیکمان نەکەوتەوە، شەڕ لە گوندەکانی (چەوری و لفتی ئاغا) گەرم بوو کە کەرتی پێنج و مەفرەزەیەکی کەرتی حەوت و مەفرەزەیەکی کەرتی شەشی لێ بوو.. لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگەی حشع و هێزی میلی. کۆپتەرەکان بە پێش چاومانەوە بۆردومانی شەڕەکەیان دەکرد، لەقۆڵی (کفری)وە شەڕ لەگوندەکانی ئۆمەربل و چوارشاخ

گەرم بوو.. کە کەرتی چوارو حەوت ومەفرەزەیەکی کەرتی شەش و ژمارەیەکی زۆر باش هێزی میلی لێ بوو. پاش نیوەڕۆ بە هۆی ئەوەی لای ئێمە ئارام بوو دوازدە پێشمەرگە لەگەڵ کاک عوسمانی حاجی مەحمود چووین بۆ گوندی ئۆمەربل بۆ هاوکاریان، ئەگەر لەیادم بێت (صەباح شێخ حمیدی، جەمال شێخ حمیدی، شەهید فواد، شەهید مەجید، غایب حسێن، کاک عوسمان، حەکیم ڕەزا و خۆم ) ئەوانیترم لەخەیاڵ نییە، چووینە سەنگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی باشوری گوندەکە.. شەڕ گەرمبوو دوژمن لەبەیانی زووەوە چەند جارێک هێرشی کردبوو.. شکابوون، هەواڵی شەهید بوونی مام سلێمانی گوندی (تەپە سپی)م بیست، زۆر دڵگرانبووم و ئازارێکی زۆریدام، مام سلێمان هەم خزم و هەم پیاوێکی جوامێرو تێکۆشەرێکی دێرین و بێوێنە بوو، عەلی غایب پێشمەرگەی کەرتەکەمان بریندار بوو فیشەکێک هەردوو دەستی پێکابوو، بەرگرییەکی بێوێنەمان کرد لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی لەوێ بوون، شەهید حەمە چاوجوانی کفری و شەهید حەمە کەلاری سەرپەرشتی شەڕەکەیان دەکرد کە فەرماندەی مەفرەزە بوو لەکەرتی حەوت، شەهید سەید موحەمەد لەوێ نەبوو.. شەهید عەلی سوریش لە ئەنفالی یەک لەبەرگریکردن لەدۆڵی جافایەتی و بارەگاکانی سەرکردایەتی لەگوندی گەڕەدێ بەسەختی برینداربوو بوو، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنەخۆشخانە بوو. کاتژمێر شەش پەلاماری دوژمنماندا و شکان و کشانەوە بۆ نێوان گوندی فەتاح ئۆمەر و ئۆمەربل، لە باشوریشمانەوە مەردان چاوشین لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە پەلاماری دوژمنیاندا، مەردان بریندار بوو، کاک عوسمان بانگی کردین بگەڕێینەوە نەیهێشت دوای دوژمن بکەوین.. گەڕاینەوە بۆ چەمی پێش گردی بەرمیل کە دەکەوێتە باکوری گوندەکەوە، لەوێ کۆبووینەوە کاک عوسمان بەشەهید حەمە چاوجوانی وت: بۆیە نەمویست دوای دوژمن بکەون بۆ ئەوەی پێشمەرگە زیانی بەرنەکەوێت، چونکە پەلاماری ئەم جارەی دوژمن لەگەڵ پەلامارەکانی پێشتر جیاوازە، چەندینجار بشکێن.. دیسان لەلایەکی ترەوە دزە دەکەن و دێنەوە، بۆیە زیاتر گرنگی بە بەرگریکردن بدەن نەک پەلاماردان بۆ ئەوەی زیانمان کەمتر بێت. هەموو هێزەکەتان کۆبکەنەوە.. ئەمشەو باش بحەسێنەوە..لە ئێستاوە ئامادەسازی بۆ بەرگریکردنی سبەی بکەن، چونکە سبەی دوژمن هێزی زیاتر و پەلاماری توندتر و پلانی نوێی دەبێت. ئێمە شەو گەڕایینەوە بۆ گوندی دوڕاجی، دوژمن لە هەموو سنورەکانی گەرمیانەوە هێرشی بەربلاوی دەست پێکردبوو.

کەرتی یەک بەفەرماندەیی شەهید نازم بچکۆل لەگوندی تازەشاری بنارگل سەنگەریان گرتبوو، لەگەڵ پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی چواری گەرمیانی (حشع) دا بە فەرماندەیی ملازم سامی، هێزێکی زۆری دوژمن لە سنوری قادرکەرەمەوە هاتبوون کەپێکهاتبوون لە لیوای **٦٥**ی هێزی تایبەت و دوو فەوجی جاشی خۆفرۆشی (**٥٨** و**١٠٠**) لەبەرەبەیانی زووەوە

پەلاماری گوندی (تازە شار) دەدەن و شەڕێکی بەهێز و خوێناوی دەست پێدەکات.. تا نیوەڕۆ دەیان پەلاماری یەک لەدوای یەکی دوژمن تێکدەشکێنن.. زیانی زۆریان پێدەگەیەنن، پاش کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ ئەو هێزەی لەناحیەی (قەڵخانلو) و گوندی (میل ناسر) ەوە هاتبوون.. لە بەرزاییەکانی (قاجر) دێنە سەرەوە.. لەگەڵ هێزەکەی قۆڵی (قادرکەرەم) بەیەک دەگەن و ئابڵوقەی گوندەکە دەدەن، لە شەڕێکی قارەمانانە و بێوێنەدا پاش کوژرانی سەدان هێزی تایبەت و جاش و بەکرێگیراو، لەپاش دوانیوەڕۆیەکی درەنگ.. فیشەک و تەقەمەنییان پێنامێنێت. بیست و دوو پێشمەرگەی قارەمان لەناو گوندەکەدا شەهید دەبن، شەهیدەکانی داستانی تازەشار، شەهیدانی کەرتی یەکی تیپی ٥١ی گەرمیان، ئەم شەهیدانە بوون:

**١**-نازم ڕەشید ئەحمەد حارس ناسراو بە(نازم بچکۆل) فەرماندەی کەرتی یەک.

**٢**-فاروق ڕەشید ئەحمەدحارس برای شەهید نازم.

**٣**-نیزام ئەحمەد ڕەمەزان جێگری فەرماندەی مەفرەزە.

**٤**-غالب عەبدولا ئەمین جێگری فەرماندەی مەفرەزە.

**٥**-نەجات فەتحولا مەحمود ئەمین ناسراو بە (مامۆستا نەجات هەفتەغاری).

**٦**-ئیحسان مەحمود ساڵح ناسراو بە(ئیحسان کانی قادری) فەرماندەی مەفرەزە.

**٧**-حەمید محەمەد ساڵح.

**٨**- ئەحمەد ئەمین ڕۆستەم ناسراو بە (هەڤاڵ ئاوباریکی).

**٩**-ئەحمەد قادر کەریم ناسراوبە (ئەحمەدە سوور).

**١٠**-یاسین سەعدون سەعید جێگری فەرماندەی مەفرەزە.

**١١**-سەبار عەبدولکەریم ناسراو بە (سەبار کانی قادری).

**١٢**-شێرزاد حەسەن عەلی عەبدەلی ناسراو بە (شێرزاد بەچە).

**١٣**-عادل مەجید عەبدلکەریم ناسراو بە (مام عادل تازەشاری).

شەهیدەکانی بە تالیۆنی چواری گەرمیانی حزبی شیوعی:

**١٤**-نازم مستەفا عەبدلئەمیر عەباس ناسراو بە (ملازم سامی) جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی چوار.

**١٥**-عەبدولڕەحمان عەلی محەمەد ناسراو بە (مام ئاشتی) رابەر سیاسی لق.

**١٦**-بەهادین عەلی محەمەد خەلیفە ناسراو بە (هاوڕێ ماجد ) سەرپەل.

**١٧**- فەوزی هادی عتیوی ناسراو بە (عامر عەرەب) فەرماندەی مەفرەزە.

**١٨**- تارق محەمەد ئەمین ناسراو بە(تارق کانی قادری).

**١٩**-عەدنان رەشید غێدان ناسراو بە (عەدنان کانی قادری).

**٢٠**-عەبدولا وەلی حەیدەر ناسراو بە (عەبدولا هەیەرە سووری).

**٢١-** تاڵب ابراهیم کامل ناسراو به (عەلی عەرەب) ئیداری لق.

دەربازبووەکان :

**١-**کەمال محەمەد بەکر، پێشمەرگەی کەرتی یەکی تیپی **٥١**ی گەرمیان بەبریندراری دەرباز بوو ئێستا لەژیاندا نەماوە.

**٢-**سەرکەوت نوری عوسمان ناسراو بە هاوڕێ دەرسیم، پێشمەرگەی بەتالیۆنی چواری حیزبی شیوعی ئێستا لەهەندەران دەژی.

یەک لەشەهیدەکان شەهید فاروقی برای شەهید نازم بچکۆل بوو، یەکەم هاوڕێ و خۆشەویستترین هاورێی پێشمەرگایەتیم بوو، پاش چەند ڕۆژێک هەواڵەکەم بیست زۆر ناخ هەژێن بوو.. یەکەم کەس بووە کە بۆی گریابم، هەرگیز لە یادی ناکەم، بەڵێن بێت تا لەژیاندا مابم درێژە پێدەری ڕێبازەکەی بم.. کە خاک و گەلپارێزی بوو.

ڕۆژی**٤/١٠** لە قۆڵەکانی دیکە و هەموو سنورەکانی گەرمیانەوە شەڕێکی توندوسەختی خوێناوی بەردەوام بوو، دوژمن بەدەیان هەزار سەرباز و هێزی تایبەت وجاش وسەدان تۆپ و تانک لە زەوی و سەدان فڕۆکە لە ئاسمانی ناوچەکە، زەوی و ئاسمانی دایکی نیشتمان دەسووتان، دووکەڵ هەموو ناوچەکەی داگیرکردبوو، تا دەهات ئابڵوقەی دوژمن توندتر و بەرتەسکتر دەبووەوە لەسەر ناوچەکە. لە قۆڵی شێخ تەویلەوە تیپی **٥٣**ی شێروانە بەفەرماندەیی شەهید حەمە ڕەش و تیپی **٥٥**ی قەرەداغ بە فەرماندەیی شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری چۆکیان بەدوژمن دادابوو، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ نەیانهێشت دوژمن یەک بست پێشڕەوی بکات داستانێکی بێوێنەیان تۆمارکرد چەندین جاشی خۆفرۆش و بەکرێگیراو، تۆپێنران و بۆ زبڵدانی مێژوو ڕەوانە کران.

لەقۆڵی قادرکەرەم بۆ قەیتول لەگوندی گەڕاوی تیپی **٥٩**ی حەمرین.. گەورەترین وانەی تەمبێ کردنیان بەدوژمن دا،سەدان سەرباز و بەکرێگیراو بۆ دۆزەخ نێردران، بەخوێنی شەهید مەلا کەریم و چەند هاورێیەکی ئەو داستانە پڕ سەروەرییە تۆمارکرا. ئێمە لەگوندی دوراجی وەک ڕۆژی پێشوو دامەزرابووین.. سات بەسات چاوەڕوانی هێزی دوژمن بووین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام هیچ هێزێکی دوژمن نزیکمان نەبوونەوە. گەرچی لەهەموو قۆڵەکانەوە شەڕ گەرم بوو، دوژمن لە هەندێ شوێن پێشڕەوی کردبوو. لەقۆڵی نەوجول بۆ ناوچەی داوده و لە گوندەکانی (چەوری ولفتی ئاغاو وارانی)،پاش سێ ڕۆژ بەرگری قارەمانانەی بێوێنەی خۆنەویستانە و پاش شەهیدبوونی شەهید (تارق وارانی) لەکەرتی پێنج و(حسێن ناسراو بەدەشتی) لەکەرتی حەوت و بریندراربوونی ژمارەیەک پێشمەرگە لە پاش نیوەڕۆوە دوژمن بە زیانێکی زۆر.. دەیان خۆفرۆش کەوا سووری بەر لەشکری بەعس کوژران و بریندراربوون و چەندین دیلیان لێگیرابوو، بەڵام بەهۆی زۆری هێزی پیادە و تانک و تۆپبارانی

خەست و چەندین هەلیکۆپتەر و بەرفراوانی پەلامارەکان، پێشمەرگە بەناچاری کشایەوە بۆ گوندی (گەرمک) و لەوێشەوە بۆ گوندی (قەواڵی).

لەقۆڵی (سەرقەڵاو ئۆمەربل)ەوە.. پاش دوو ڕۆژ بەرگری، بێ وێنە و قارەمانانە بەهۆی زۆری هێزو هەلیکۆپتەر و تۆپبارانی خەست و بەربڵاوی پەلامارەکانی دوژمن و دزەکردن و سوڕانەوەی سوپای ئەنفال بۆ پشتەوەی هێڵی بەرگری و سوتاندنی گوندی چوارشاخ، پێشمەرگە پاش کوژران و برینداربوونی سەدان جاش و برینداربوونی چەندین پێشمەرگەی قارەمان بۆ شەو کشانەوە بۆ گوندی (توکن)، شەهیدی ئەم قۆڵە مام سلێمانی تەپەسپی و برینداره‌کان (شەهید سەلاح شێخ لەنگەری و عەلی غایب و نەعمەت قوبەیی و مەردان چاوشین) بوون.

لەقۆڵی (قادرکەرەم و بنارگل)ەوە پاش شەهیدبوونی هەموو پێشمەرگەکانی کەرتی یەک و ژمارەیەک پێشمەرگەی حشع و چەند پێشمەرگەیەکی هێزی میللی.. لەپێشی سوپای دڕندەکەی ئەنفالدا.. هیچ بەرگرییەک نەماو پێشڕەوی کرد بەرە و گوندەکانی هەرسێ (کانی قادر و سۆفی ڕەزا و ئاوباریک و دارتو و کۆشک ). کەرتی سێ کە ڕۆژی ٨ ی مانگ لە گوندی تالآو لەشەڕدا بوون لەگەڵ کەرتی پێنج لە گوندی قەواڵی یەکیانگرتەوە. ئێمە لەنزیکەوە ڕووداوەکانمان لەپێش چاو بوو لە هەردوو قۆڵی ئۆمەربل و چەمی ئاوەسپی لەناوچەی داودەوە ئاگاداری پێشڕەوی دوژمن وپاشەکشەی پێشمەرگە بووین.. کەوتینە پشتەوەی هێزی دوژمنەوە.

لەم ڕۆژەوە پێشمەرگە لە پاراستن و بەرگری کردن لەناوچەکە بێ ئومێدبوون، لێرە ولەوێ پێشمەرگە تەسلیم دەبوونەوە. دوو پێشمەرگەمان تەسلیم بوونەوە (محەمەد کانی قادری و دەروێش دوزی)، هەردووکیان جێگری فەرماندەی مەفرەزە بوون، دوو پیاوی چاونەترس و قارەمان.. بەداخەوە لەگەڵ هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان لەبیابانەکانی خوارووی عێراق زیندەبەچاڵ کران، بەهۆی ڕووداوەکانەوە کاک عوسمان  بڕیاریدا بکشێینەوە بۆ گوندی (توکن) بەپێ بەرێکەوتین لە گوندی دووراجیەوە بۆگوندی (جوامێر ئاغا).. بۆ کاتژمێر پێنجی بەیانی گەیشتینە گوندی توکن کە زێدی خۆمە، لەوێ ژمارەیەک پێشمەرگەی کەرتی "چوار و حەوت"م بینی و یەکمانگرتەوە، پێشمەرگەکانم بەجێهێشت و چوومەوە ماڵی خۆمان بۆ ئەوەی بزانم کەس لە خێزانەکەمان ماون، لەناو گوندا تەنها مام (ئەحمەد حەیدەر)م بینی کە بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی بوو لەگوند دەربچێ، مام ئەحمەد چەند سالێک بوو جەڵتە لێیدابوو دەست و لاقی بەئاستەم کاری دەکرد.. لەگفتوگۆی تێنەدەگەیيشیت، ئەو سەردەمە خەڵک هەژاربوو ئەوەندە بۆ دکتۆر نەدەچوو، خەڵکی گوند هەندێ دەیانگوت توشی شەلەل بووە.. هەندێک دەیانگوت بای ئەوانێل یانی (دێووجنی) لێیداوە، چوومە ماڵی خۆمان چیم بینی مەرگی خۆم لە کاتێکدا زیندووبووم..

بەچاوی خۆم دیمەنەکانم دەبینی بەلاشەیەکی بێگانەوە دەڕۆیشتم، وای چەند بیرەوەرییەکی تاڵە، قورگم پڕ لە گریان و چاوەکانم پڕ لە ئەشک.. نازانم لە کوێوە دەستپێبکەم و لەکامیان بدوێم، ئای چەند بەئازارە پاش  سی ساڵ زیاتر وادەزانم ئەم چرکە ساتەیە ناخم دەکوڵێ، چونکە دیمەن و وێنەکان.. وەک ئێستا لەپێش چاومە.. هەرگیز لە یادەوەریمدا ڕەش نابێتەوە، کە یەکەم جار چوومە ژووری میوانەکەمان لاڵە(دیوارکۆ) کە بەهەڵواسراوی بەدیوارەکەوە دەسوتاو چەند نوێنێک لەپەتوو ڕایەخەکەوە چاوەڕوانی میوان و پێشمەرگە بوون،  کتری و قۆری وپیاڵەکان دانرابوون لەگەڵ سینیەک نانی وشک چاوەڕوانی دایکم بوون.. بێت و بەسۆز و خۆشەویستییەوە بەزمانێکی شیرینەوە بەهاوڕێ پێشمەرگەکانم بڵێت: کوڕە شیرینەکانم یاخوا بەخێربێن، دوای هەواڵ پرسین و بەخێرهێنان هەواڵی من و حەسەنی برام لە هاوڕێکانم بپرسێت، هەموو چاوەڕوان بوون بەڵام نەدایکم و نەمیوان نەبوون، لە وێنەکانی حەسەن و عەزیزی برام و باوکم و چەند وێنەیەکی دیم ڕوانی.. بەقەد دیوارەکەوە هەڵواسرابوون، بەشێوەیەک تێمیان دەڕوانی! دەتگوت هەرگیز نەیان بینیوم.. بەتامەزرۆیەکی سەرسوڕهێنەرەوە وەک ئەوە وابوو ئەوە دوا دیدار بێت. نەمتوانی لەوە زیاتر لێیان بڕوانم لێیان هەڵهاتم، چوومە ماڵەکەی حەسەنی برام.. وێنەی خۆی و نەبیهەی خێزانی و پەیمان و ژیان و دابان.. وەک مانگ تیشکیان دەدایەوە. وێنەی ژیان و پەیمانی کچی بەچاوە شین و پرچە زەرد و ڕوومەتە بەفرینەکانیان وەک ئەستێرەی بەیان پرشنگداربوون، وێنەکەی دابانی یەک ساڵ بە ڕوومەتە خڕ و ئەسمەرەکەی.. ژوورەکەی گەرم کردبوو، هەموو بە قەد دیوارەکەوە تێمڕامابوون! بەشێوەیەک سەرنجیان دەدام و نیگەران بوون لێم.. لەجێگای بەخێرهاتنەوەم هەزار و یەک لێپرسینەوە و گلەییان لێ دەکردم.

وای چی ئازارێکی ناخهەژێن و سوتێنەرە و نەبڕاوەیە، وتم مامە قوربانی چاوتان بێت ئەزانم بۆچی لێم زویرن.. بەهۆی هێرشی دوژمن و سوپای ئەنفال بۆ سەر سەرکردایەتی و خەڵکی خێرلەخۆ نەدیوی دۆڵی جافایەتییەوە.. هەرچی شۆڕش و بەرخودان هەبووبێت لەسەرسنگ و سکی برسی ئەوان دروست بووە و ژیاوە، نەمتوانی سێ مانگ بێمەوە و لەئامێزتان بگرم و لە دوکانەکەی (مام عاسی)یەوە نوقڵی ترش و شیرینتان بۆ بێنم، زۆرم وت و گوێیان لێنەگرتم.. بە نیگاکانیان پێیان وتم: مامە گیان ئیدی هەگیز لەئامێزمان ناگریت و لەجیاتی نوقڵی دوکانەکەی مام عاسی.. میوە هەمەجۆر و شیرین و ترشەکانی بەهەشتمان بۆ بهێنی، ئەگەر عەرەب جێگامان بکاتەوە و داگیری نەکردبێ. بەگریانەوە ژوورەکەی ئەوانم بە جێهێشت و ڕوومکردە ژووری خەوتنەکەمان کە گوندنشینان پێیان دەگوت نیشتمان، چوومە ژوورەوە چیم بینی چی بگێڕمەوە و لەکامیانەوە دەست پێبکەم؟ خۆزگە بۆ دواجار و ئەو تەنها جارەش نەچووبامایەتەوە ئەو ماڵە بێناز وخامۆش و مات و

داماوە، کەپێشتر بە قەد بازاڕیک مرۆڤ وپەپولە و گوڵی زەرد و سووری تێدا بوو. لەسەر پۆڕکەکە یەک یەک پەتوو و لێفەی نوێ و ڕاخەرە پاکەکانم بینی کە هەرگیز دایکم نەیدەهێشت پێی بنوین.. دەیگوت: ئەو نوێنانە بۆ میوان و پێشمەرگە دامناون، مەکینەی دروومانەکەم بینی بەکرەیەکی ڕەنگینی لەسەر بوو تەختەیەکی دانیشتن لەپشتیەوە ماتومەلوول! دەست لەسەر سنگ.. کڕنۆشی بردبوو.. سەری هەڵنەدەبڕی و چاوەڕوان بوو.پێی وتم: لەئاست بەخشندەیی و هەست و سۆزو گەورەی دایکت کڕنۆشم بردووە و سەرهەڵنابڕم.. چاوەڕوانی هاتنی ئەوم! بەنازی پڕ لەنازی نازداری خوشکت و ئاواز بە چاوەشین و پرچە زەردەکەیانەوە چاوەڕوانی دایکتن! بۆ ئەم بەهارە و ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان کەچەند ڕۆژێکی ماوە.. کراسە ڕەنگاوڕەنگەکەیان بۆ بدورێت و لەجەژندا لەگەڵ منداڵانی گوند-دا ماڵان بگەڕێن و نوقڵ و چکلێت کۆبکەنەوە، شلێری تازە پێگەییشتووی خوشکت بەچاوەشین و بریسکەدارەکانیەوە چاوەڕوانی سوخمەیەکی سورمەدارە بۆی بدورێت. نوێنەکان ڕاخرابوون، تەشتە نانەکە بەتاڵ بەتاڵ کەوتبوو چاوەڕوانی نانی دەستی دایکم بوو.. لەمن زۆر برسیترو ماندووتر و شەکەتتر بوو.. بۆ نانی دەستە شەقار شەقارەکانی پڕ لە سۆز و میهرەبانی دایکم. مەنجەڵەکان وشک وشک وەک دەمی من وەک هیوا و ئاواتەکانی من ڕەق و تەق وەک کەلەکەی من قوپاو..قوپاو وەک سکی برسی من.. چاوەڕوانی چێشتە بەتام و بۆن خۆشەکانی دەستی دایکم بوون. چاوم سوڕاند ڕادیۆکەم بینی و شک و بێ گیان.. بێ دەنگ.. ماتومەلوول.. وەکو من، وتم: بۆ بێدەنگیی شتێ بڵێ! تا دوێنێ دەتشیراند و هاوارت دەکرد، جارێک (فەرهادسەنگاوی) باسی چالاکی و نەبەردیەکانی پێشمەرگەی دەکرد و جارێ بێژەرە دەنک گڕەکەی ڕادیۆی بەغداد دەیشیراند و لە"مەیدانی جەنگەوە"ی قادسیەی سەدامی دەگوت. دە پێم بڵێ.. دڵم تەقی ،لە کوێن؟ چییان بەسەر هات بۆ کوێ چوون؟

فەرهاد لەکوێیە و هەواڵی چی.. چالاکی چی! بەرگرییەکی بێوینە و لوت شکاندنی بەعسییەکانی پێیە؟ کوا مەقام و قەتار و ئەلاوەیسییەکەی عەلی مەردان وحوسێن عەلی؟ کوا "کراس زەردێ"کەی حەسەن گەرمیانی.. کوا ئەڵوەن ئەڵوەنەکەی خواداداد عەلی، کوا دەنگە خۆشەکەی لفتەی گوندی لفتی ئاغا؟ چی بووە بۆ بێدەنگی! دەپێم بڵێ دڵم تەقی، وتی: دوێنێ ئەم کاتە پاش نیوەشەوە.. هیچ بونەوەرێک  بەخەبەر نەبوون.. دەروێش (عەلی) باوکت پرچە درێژ و سوورەکەی بەردابۆوە و زیکری خوای دەکرد و دەیگوت: خوایە کوڕ و منداڵەکانمان بپارێزیت.. خوایە پێشمەرگە سەرکەوتوو بکەی، خوایە جاش و خۆفرۆشان ڕیسواو سەرنگوم بکەیت، بەڵام دەمە و بەیان هەموو خەڵکی گوند بەگەییشتنی پێشمەرگەکانی سەنگەری بەرگری گوندی ئۆمەربل گوندیان بەجێهێشت و بەرە و باکور و بەرە و چارەنوسێکی نادیار ملیان نا! ئەو ژوورەم بەجێهێشت نەمتوانی لە هیچ شتێکی بێ گیان  بڕوانم هەموویان زمانیان هەبوو قسەیان لەگەڵ دەکردم.. هەموو سەرزەنشتیان

دەكردم، پێیان دەوتم: چوار مانگە لە دایكت ناپرسی ئەوەندە.. بۆت گریا بوو كاتێ هەواڵی شەهیدبوونی( میران و ئاسۆ و فەتحوڵلا) ی هاوڕێتی بیست، دەیگوت: كوڕەكەم لە ژیاندا نەماوە ئەگینا دەهاتەوە لام، هەرگیز نەیتوانیوە ئەوەندە لەمن دوور بێت، چونكە هەرگیز لەگوڵ كاڵترم پێ نەوتوە و لەخۆی زیاتر منی خۆشوویستوە، دەیگوت: كوڕە بەوەفاكەم نەماوە.. ئەگینا ئەم سێ ڕۆژە كە هاوڕێكانی هاتوونەتەوە.. ئەو دەهاتەوە سەرێ لەم دایكە هەناو سوتاوەی دەدا! وەک شێت لەبەر خۆمەوە قسەم دەكرد و دەمگوت: دایكە گیان هەرگیز لەخۆم خۆش نابم كە نەمویست بۆ چركەیەک سەنگەر و هاوڕێكانم بەجێبهێڵم و بەدیدارت شادبم، وادیارە و قیامەت دەكەوتین، خوای گەورە ئاگای لێتان بێت گەردەنم ئازاد كە كەمتەرخەم بووم، بەڵام دڵم نەدەهات هاوسەنگەر و سەنگەرەكەم بەجێبهێڵم، "دایكی نیشتمان"م بە لاوە گرنگتر بوو.. تا تۆ بمبورە "دایكە گیان".

ڕۆژی**٤/١١** پێشتر بڕیار وابوو لە ناو گوندی توكن، سەنگەر بگرین بۆ بەرگریكردن و ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئەنفال.. بەڵام كاک عوسمانی فەرماندەی كەرت وتبووی: گوندی توكن لەڕووی هەڵكەوتەی جوگرافییەوە هەر چوار لای بەرزییە و گوندەكە كەوتۆتە چاڵاییەوە.. بەرگریكردن لێرە زیانی زۆرمان بەر دەكەوێت، لەگەڕانەوەم بۆ لای برادەران بینیم بەرەو گوندی عەزیز قادر دەچن.. پێش خۆرهەڵاتن.. چووینە ئەوێ.. نزیكەی سێ كیلۆمەتر لە گوندی توكنەوە دوورە.

لە گوندی عەزیزقادر.. بەچواردەوری دێكەدا دەستمان كرد بە كونكردنی خانووەكان بۆ مەتەرێز و ڕێگای هاتوچۆمان لە نێوان ماڵەكاندا.. دیسان كاتژمێر هەشتی بەیانی كاک عوسمان پێی گوتین: بەزوویی لە گوندەكە دەرچن و بەو چەم و هەردەدا كە دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوند و نێوان گوندی (توكن وعەزیز قادر و هەزاركانی)یەوە بڵاوببنەوە و سەنگەر بگرن بە زوویی هاكا دوژمن هاتە سەرمان. ئێمە سەرمان سوڕمابوو لەم هەموو شوێن گۆڕكێ و دەرچوون لە گوند و سەنگەرگرتن لەدەوری گوند، چونكە ئەمە تاكتیكێكی نوێ بوو لەبەرئەوەی لەهەموو شەڕەكانی كۆتایی ساڵانی هەشتاكاندا لەگەڵ دوژمندا تەنها گوند پەسەندبوو بۆ بەرگری و دوژمن شكاندن، ئێمە بەم نهێنییەمان نەدەزانی و پرسیار بوو لای هەمووومان. بەڵام دواجار بۆمان دەركەوت بە هۆی شەهیدبوونی شەهید نازم و هاوڕێكانییەوە بوو لەگوندی تازەشار لەئابڵوقەی دوژمندا، هەڵبژاردنی دەرەوەی گوند بۆ ئەوە بوو تا لەزەوییەكی بەرفراواندا سەنگەر بگرین و بەرگری بكەین.. تاكو دوژمن بە ئاسانی نەتوانێ ئابڵوقەمان بدات، ئەو تاكتیک و بڕیارەی كاک عوسمان زۆر ژیرانە و بەرپرسیارانە بوو.. كە فەرماندە دەبێت لەكات و شوێنی گونجاودا داهێنان و پلانی نوێی هەبێ. دوژمن كاتژمێر نۆی بەیانی گەیشتە گوندی توكن پاش پازدە خولەک تۆپباران و دەسترێژی گوللە، كە هیچ وەڵامێک نەبوو بەتانک و جاشەوە چوونە ناو گوندەكە و ئاگر لەهەموو

لایەکەوە بەرزبۆوە.. دوکەڵ گوندەکەی داپۆشی. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاگردا ناخی من دەسووتا ئاسان نییە لەشوێنێکدا لەدایک بووبیت.. ژیابیت.. هەزار و یەک بیرەوەری خۆشی منداڵی و هەرزەکاریی تێدابێت و لەپێش چاوت بسوتێت و تەختی زەوی بکرێت وەک ئەوە وایە لەپێش چاوت دایکت بسوتێنن. ئەوەندە بەئازار و ناخهەژێن بوو.. هەرگیز لەزاکیرە و شاشەی چاومدا ناسڕێتەوە، هەرگیز بەچەند دێڕێک ناتوانم ئەو هەستە دەرببڕم، ئەو ڕۆژە سەدان جار ئاواتی مەرگی خۆمم دەخواست. لەدەوروبەری کاتژمێر نۆ و نیوی بەیانیدا شەڕ دەستیپێکرد.. لەکاتێکدا گەلەجاشێک گەیشتنە نزیکمان ویستیان بچن بۆ گوندی عەزیزقادر..پاش لێدران و کوژرانی دەیان خۆفرۆش کەوا سووری بەرلەشکری بەعس و سوپای ئەنفال شەڕ گەرم بوو، پەلامار لەسەر پەلامار دەشکێنرا تانکەکان لە بەرزاییەکانی ڕۆژئاوای گوندی توکنەوە خۆیان گەیاندە ڕۆژئاوای گوندی عەزیزقادر و هاوشان و بەرزاییەکانیان لێگرتین، ئەوان لە بەرزی و ئێمە نشێوی.. جاشەکان سەد مەترێک لێمانەوە دوور بوون، شەڕە جنێویان لەگەڵمان دەکرد.. وەک ئێستا لەیادمە من و ڕەفیقی حاجی ئەحمەد پێکەوە لە گردێکدا سەنگەرمان گرتبوو لەبەرامبەرمان کە چەند جاشێک سەد مەتر لێمانەوە دووربوون هاواریان دەکرد و جنێویان دەدا، بۆ کوێ دەچن ئەمڕۆ هەر دەتانگرین، پێم وتن: خائینی خۆفرۆشینە.. بەکرێگیراوی ئەڵقە لەگوێ..کەواسوری بەرلەشکری داگیرکەران وەرنە پێشەوە وا ئێمە لێرەین، بێ شەرەفینە جوێن بە دایکمان مەدەن دایک کوڕی وەک ئێمە فیداکار و وەک ئێوەی خۆفرۆش ئەهێنێ. باوەڕ بکەن ئەوەندە بەرگری بەهێزیان دەکرد جاشێک بە چنچگەوە تەقەی دەکرد لێمان، وتم: کاک ڕەفیق ئەم سەگبابە حیساب بۆ گوللە ناکات.. ئێمە دەڵێین پێشمەرگە قارەمان و چاونەترسە.. ببینە چۆن تەقە دەکات. منیش وتم: یان دەبێ بیکوژین یان دەبێ بمانکوژێ هەستامە سەر چنچگەوە.. دوو فیشەکم پێوەنا بەهۆی بەرزی شوێنی تانکەکان ئێمە لەبەر دەستیدا بووین.. یەک تۆپی نا پێمانەوە.. لەتۆز و خۆڵدا ونبووین، ڕەفیق هاواری کرد وتی: بەرنەکەوتیت؟ وتم سەلامەتم. ئەم کارە تا ئێوارە دەیان جار دووبارەبۆوە. بەڕاستی کاک ڕەفیق جوامێرانەو خۆنەویستانە بەرگری دەکرد لەش ساغ وتەمەن درێژ بێت.

چەندجارێک هەوڵیاندا لە گوندی توکنەوە بەرەو هەزارکانی بەدەورماندا بسوڕێنەوە و ئابلۆقەمان بدەن، بەڵام بەهۆی بەرگرییەکی توند و قارەمانانە و بەربلاوی شوێنەکەمانەوە شکان و سەرکەوتوو نەبوون. بەرگرییەکی بوێرانە کرا.. پێشمەرگە خۆنەویستانە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەزاران جاشی خۆفرۆشی چەشکراوی دزی و تالانچی.. بەپاڵپشتی دەیان تانک و هەلیکۆپتەر، کاتژمێر شەشی ئێوارە جاشەکان لە ڕۆژئاوای گوندی عزیزقادرەوە بە پاڵپشتی دەیان تانک و هەلیکۆپتەر گەییشتە ناو گوند. دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت، زیانی ئێمە پێشمەرگەیەکمان بەناوی (فوئاد حەبیب) بەلەگەیی لەکەرتی شەش شەهید بوو..

کورێکی گەنج و پێشمەرگەیەکی جوامێر و قارەمان بوو، رۆحی شاد بێت. پاش تاریک بوون کشاینەوە، بەماندوبونێکی زۆر و برسێتی پاش نیوەشەو گەییشتینە گوندی عەلیانی کۆن گوندی"عەلیانی گەورە"شەهیدەکەمان لەوێ بەخاک سپارد. هەندێ هاولاتی خەڵکی گوندەکە و گوندەکانی خواروو لەشەڕ هەڵهاتبوون لەوێ مابوون، چەند ماڵێکی خەڵکی گوندەکەی خۆمانم لەوێ بینی پرسیاری ماڵی خۆمانم لێکردن وتیان چوونە بۆ گوندی تەپە سپی.

لەوکاتە سەختەدا رووداوێکی دڵتەزێن ڕوویدا، هەرگیز لەیادم ناچێت.. سەعدیە خورشید مەجید خێزانی شوکر غەفور ناسراو بوو بە"شوکە خانە" لەوێ مابوو لەگەڵ مێردەکەی و شەش منداڵدا بەهۆی نەبوونی و دەست کورتی و نەبوونی تراکتۆر و پێداویستی گواستنەوەی ئەو پێداویستیە سەرەتاییانەی پێیان بوو بۆ بژێوی ڕۆژانەیان لەگەڵ منداڵەکانی نەیان توانی بوو بۆ شوێنێکی دیکە بڕۆن چاوەڕوانی چارەنوسێکی نادیار بوون، بەهۆی دەستکاری چەکەوە فیشەک لەدەست یەکێک لەخێزانەکەیان بەناوی مەحمود خانە دەردەچێت و لاقێکی سەعدیە بریندار دەکات و دەشکێت، ئێمە لەوێ بەجێمان هێشت هیچمان پێنەکرا بۆی بکەین زۆر بەئازار بوو دواتر سوپاو جاش دەیانگرن و دەیانبەن بۆ تۆپزاوا کەهەموو ئەنفال کراوەکانیان لەسەرەتا لەوێ کۆکردبۆوە و هەر لەوێ مێردەکەی و کوڕە تەمەن چواردە ساڵەکەی لێ جیادەکەنەوە و خۆی و شەش منداڵی بچوک بەند دەبن تا لە مانگی (٩) ئازاد دەکرێن، مێرد و کوڕەکەیشی لەگەڵ هەزاران خەڵکی بێتاواندا لە بیابانەکانی خواروو زیندە بەچاڵکران.

زۆر تامەزرۆی بینینی دایکم بووم بەلاَم دیسان لەبەر پێویستی بەرگری وهاوڕێکانم نەڕۆیشتم هەرچەنە زۆر دوور نەبوم. پاش نیوەڕۆی **٤/١٢** ئەو خەڵکانەی مابوون گوندەکەیان بەجێهێشت.پاش ئەوەی شەڕێکی توند لەگوندی "باوەکر" لەنێوان کەرتی **٣** و **٥** مەفرەزەیەکی کەرتی حەوتی تیپی(**٥١**)ی گەرمیان کەشەهید جەوهەر فەرماندەی بوو دەستی پێکرد, هەزاران جاش وسەربازو تانک وفڕۆکەو تۆپی دوور هاوێژو بچوک دەستی پێکرد. هێزەکەی دوژمن ئەوەندە زۆر بوو لەژمارە نەدەهاتن ئەو هێزانە لەقۆڵی بنار گلەوە هاتبوون کەهەمان هێز بوون لەگوندی تازەشار(**٢٢**) پێشمەرگەیان شەهید کردبوو، وەهێزی قۆڵەکانی نەوجول تالاَو نەوجول تەختەمینەو نەوجول چەم داودەو بەشێک لەهێزەکەی قۆڵی توکن عەزیز قادر یەکیان گرتبوو پەلاماری پێشمەرگەیاندا، پاش چەندین جار شکان وڕاونانیان تا نزیک گوندی "کەریم باسام" دیسانەوە هێرشیان دەکردەوە.

بۆلای ئێوارەکەی پێشمەرگە لەژێر پەلاماری یەک لەدوای یەک وهەلیکۆپتەر بریندار بوونی چەندین پێشمەرگە بەناچاری بەرەو هەردەکە کشانەوەو لەو شەڕەی باوەکردا "عەلی میل ناسری" پاش بریندار بوونی خۆی شەهید کردبوو تا بەزیندووی دەستی دوژمن

نەکەوێت، (حسین عەلی) برای حەمە چاوجوانی دوز بەبرینداری گیراو چەندین پێشمەرگەی دیکە بەبرینداری زۆر بەزەحمەت دەرچوون وەک کاک مەلا سەعیدو سابیر مەدحەت ومیرزا یونس لەکەرتی **٥** و سالار حەمەخان لەکەرتی **٣** و تارق ئەحمەد چەوری کەدواجار بەبرینداری تەسلیم بووەوەو ئەنفالدا بووبەقوربانی. پۆل پۆل دانیشتوانی ناوچەکە بەبێ ئومێدی ڕوویان لەهێزەکانی دوژمن کرد بۆ بەدەستەوەدانی خۆیان.ڕۆژێکی پڕ لەنەهامەتی وڕەش بوو هەرگیز ناتوانی بەچەند دێڕێک گوزارشت لەو ئازارو دەردەسەرییە بکەیت.

ڕۆژی **٤/١٣** بەیانی زوو لەگوندی عەلیانی گەورە دەرچووین, لەهەردەکەی ڕۆژئاوای گوندەکە کەدەکەوێتە نێوان گوندی (کانی عوبێدو قولیجانی سەرحەد)ەوە سەنگەرمان گرت تاکو ڕوو بەڕووی دوژمن ببینەوە، تادەهات هێزەکانی دوژمن بەرەو قولایی گەرمیان پێشڕەویان دەکردو ئابڵوقەی سەر ئێمە بچووکتر دەبووەوە. بەبلاوی و لەزەویەکی بەرفراواندا دامەزراین هەرکەسەولای خۆیەوە سەرقاڵی دروستکردنی سەنگەر بووین بەبەرد ونێزەی تفەنگەکانمان، هێزەکانی دوژمنمان بینی بەپاڵپشتی هەلیکۆپتەر وتانکەوە لەهەموو لایەکەوە لە پێشڕەویدا بوون. کاتژمێر هەشتی بەیانی هێزی دوژمن گەیشتە گوندی عەلیان کەسێ کیلۆمەتر لەئێمەوە دووربوو، لەسەر چەمی ئاوە سپیەوە دوژمن گەیشتە گوندی خان. لەقۆڵی قادرکەرەم وگوندی گوڵباخەوە گەیشتنە گوندی (هەڕێنە و تەپە عارەب)، لەقۆڵی کەلار تیلەکۆ گەیشتە گوندی (گامەخەڵ)، نزیکی کاتژمێر نۆی بەیانی بڕیاری کشانەوە درا بەرەو گوندی (قولیجانی سەرحەد).

فەرماندەی هێزەکە کاک عادل شکور فەرماندەی تیپی (**٥١**ی) گەرمیان وکاک عوسمان حاجی مەحمود فەرماندەی کەرتی شەش بوو. پاشماوەی هێزەکانمان نزیکەی دووسەد پێشمەرگە دەبوو لەزۆربەی کەرتەکانی تیپی (**٥١**)ی گەرمیان پێکهاتبوو، لەنێوان بەرزاییەکانی گوندی (کانی عوبێد وقولیجان)کۆبووینەوە، کاک عادل شکور وکاک عوسمان لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندییان بەکاک قادری حاجی عەلیەوە کرد لەڕووداو گۆڕانکاریەکان ئاگاداریان کردەوەکە لێپرساوی یەکەمی هێزەکانی مەڵبەندی یەک بوو، لای ئێوارەکەی بڕیاردرا هێزەکان بۆ گوندی (مەسۆی بەرگەچ) بکشێنەوە. لەگوندی قولیجانەوە چووینە گوندی (کوردەمیر) دانیشتوانی گوندەکە بێئاگا بوون لەنزیکبوونەوەی شەڕو سوپای ئەنفال و ڕووداوەکان، ئەو هەموو پێشمەرگەیان بینی بە بریندار و ڕوخسارێکی ڕووخاو بێئومێد وشەکەتەوە لەگەڵ ژمارەیەک خێزان ڕوویان لەگوندەکە کرد، دانیشتوانی گوندەکە بەگریان وهاوار بەرەو ڕوومان هاتن. ئای چی دیمەنێکی تراژیدی بوو هەرگیز ئەو دەنگ وگریان ولاوانەوە وفرمێسک وخوێنەم لەپێش چاو وبەرگوێم ون نابێ وناسڕێتەوە کەدەیانگوت: باوکە ڕۆ برا ڕۆ بۆ کوێ دەچن ؟ چیمان بەسەر دێ؟ دوژمن زۆر زاڵم وخوا نەناسە هەرگیز

لیمان خۆشنابێت، ئێمە قیروسیا هەرچیمان لێدێ بابێ بەلأم ئێوە چیدەکەن بۆ کوێ دەچن بۆکوێ سەری خۆتان هەڵدەگرن براکانمان ڕۆڵەکانمان؟

ببینە ئەم گەلە چەن هەژارو دڵسۆزو بەئەمەک بوون لەو نەهامەتییەدا کەس بەتەمای ژیان وهیچ شتێک نەبوو, کەچی غەمی پێشمەرگەو ئێمەیان بوو کە لە پاش ڕوخاندنی بەعس هەرچی کاری ناشرین بوو لەئێمە دەرکەوت وەک سفلە ودوو ڕو و درۆزن و بازرگان و دزو گەندەڵ و خاین و بەعسی و فایلدار و مخابەرات وسیخوڕ . وێنەکان ئەوەندە تراژیدی بوون هەرگیز ناتوانی گوزارشتی لێبکەیت, دەڵێن ڕۆژی حەشر باوەڕ ناکەم ئەو ڕۆژە لە ئەنفال خراپتربێت . شەو چووینە گوندی (مەسۆی بەرگەچ) زۆربەی پاش ماوەی هێزەکان لەوێ بوون.

ڕۆژی **٤/١٤** بەیانی زوو ژمارەیەک پێشمەرگەی کەرتی شەش وکەرتەکانی تری تیپی (**٥١**)ی گەرمیان نێردراین بۆ گوندی (شەلەیی) بەمەبەستی ڕێگری لە هاتنی هێزی دوژمن لە ناحیەی (سەنگاو)وەوە بارانێکی بەلێزمە دەباری واتدەزانی ئاسمان لەسەرسەری ئێمەکون بووە دەزووی وشک لەبەرماندا نەمابو واهەستمان دەکرد گەردونیش لەگەڵ حزبی بەعسدا لەئێمەو میلەتەکەمان توڕەبووبێ وبیەوێ توڕەیی خۆیمان پێنیشان بدات و بەسەرماندا بیبارێنێ. لە ڕێگادا ژمارەیەکی زۆر خەڵکمان بینی لەپیاو وژن ومنداڵ,بەپێ بەوسواری گوێدرێژ بەگریان وهاوارکردنەوە,هەندێکیان بۆئاراستەی سەنگاو وهەندێ بەپێچەوانەوە بۆ گوندی مەسۆی,هەندێ بۆ باشوور و بۆ قولایی گەرمیان ملی ڕێگایان گرتبوو بەبێ ئومێد وبێئامانج هەنگاوی بێهێزی وبێ هیواییان دەنا، هەرگیز وێنەی ئەو پیاوە پیرەم لەیاد ناچێ لە شەلەییەوە بۆ مەسۆی دەهات بەچەپۆک بەسەریدا دەداودەگریاو دەیگوت خوایە خۆئێمە موسڵمانین لەم مانگە پیرۆزەدا هەموو بەڕۆژووین,وادەمانکوژن ماڵمان دەسوتێنن دەڕوخێنن تەنها لەبەر ئەوەی کوردین,خوایە تۆ ئاگات لەهەموو شتێکە بەسەرمانەوە کەی دێیتە دەنگ کەی لەم تاوانانە بێدەنگ نابیت و تۆڵەمان دەکەیتەوە؟

وێنەکان ئەوەندە تراژیدی بوون هەرگیز لەخەیاڵ وبیرو دەروونمدا ناسڕێتەوە، چووینە گوندی (شەلەیی) لەوێ هەندێ نان وناوساجیمان دروستکرد، لەبەرئەوەی دانیشتوانی گوندەکان هەرکەسەو خەمی دەربازکردنی خۆی وخێزانەکەی بوو نەدەکرا پشت بەخواردنی مالأن ببەستین وهەموو پێمان وابوو دەبێت ئەم ناوچە بەجێبهێڵین وهەوڵی دەربازکردنی گیانی خۆمان وپاراستنی هێزەکەمان بدەین. دانیشتوانی گوندەکە زۆربەیان لەوێ مابوون زۆر میهرەبان وبەخشندەبوون دەیانووت: ڕۆڵەگیان نان ونانە چەورەی زۆر بکەن پێویستان پێدەبێت. تاکاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ لەوێماینەوە بە بەردەوام باران بوو بەپێشمەرگەیەکدا هەواڵیان بۆمان نارد بگەڕێینەوە بۆ گوندی (مەسۆی بەرگەچ) بۆ نزیک خۆرئاوابوون گەیشتینە گوندی مەسۆی بەرگەچ گوندەکە بەتەواوی چۆڵکرابوو،

تەنها کاک عوسمانی حاجی مەحمود لەگەڵ  ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگەی کەرتەکەمان لەوێ مابوون. کاک عوسمان  وتی ئەمڕۆ لێرە لەگەڵا  هەموو برادەرانی مەڵبەند و هەندێک فەرمادەندەی  دیکە کۆبوینەوە  بەڕاوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی (یەنک ) بەچەند ڕەتڵێک  بڕیاری کشانەوەی  هەموو  هێزەکان دراوە بۆ ناوچەکانی قەڵاسێوکەو خاڵخالان و سنوری تیپەکانی **٢١**ی کەرکوک و **٢٥**ی خاڵخالان, بەهۆی  داگیرکردنی زۆربەی ناوچەکە و بچوک بوونەوەی  ئابڵوقەی  دوژمن و ترسی  داخستنی ئابڵوقەکەو نەمانی ڕێگای دەرباز بوون. هێزەکان بەڕێکەوتوون بۆ بناری شاخی سەنگاو,بەکاک عوسمانم ووت  ئەی  ئێوە چیدەکەن؟

ووتی:من پێم وایە دەبێت لەبەرامبەر ئەم شکست ونەهامەتییەدا چۆک دانەدەین و خۆڕاگرو پشوودرێژبین, بۆیە بڕیاری  مانەوەمان داوە لەسنورەکەدا و بۆچوونەکەم بە برادەرانی مەلبەند ووتوە و لەبەرامبەردا. ووتیان :بڕیارێکی بوێرانەو پەسەندە ئێمە نەک دژینین زۆر پێمان باشە , بۆ ئەو مەبەستە ڕاوێژم  لەگەڵ  هەندێ فەرماندەی  گەرمیان کردووە تایبەت حەمەڕەش  ووتی منیش هەمان  بۆچوونم  هەیە بڕیارێکی  گونجاو و بوێرانەیە, منیش پاش ئەوەی  هێزەکان  دەگەیەنمە ناوچەی  ئازاد کراوەکان دەگەڕێمەوە, دڵنیانیم جگە لە ئێمە کەسی تر لەگەرمیان  بە پارتیزانی  دەمێنینەوە  یان نا.

گەر بتەوێ دەتوانی لەگەڵمان بمێنیتەوە ، ووتم زۆریشم پێخۆشە ژیانم ژیانی ئێوەدەبێت وەک لەڕابردوودا وابووە.کاتژمێر شەشی ئێوارە بەهۆی ڕووداوێکەوە کاک عوسمان وای پێباشبوو من وچوار پێشمەرگەی دیکە (غایب حسێن وجەماڵ شێخ حەمیدی وحەمەچاوجوانی دووز وساڵەح مەلاجەمیل)لە گەڵ هێزەکەدا بڕۆین,پێیووتیین هەرچەندە زۆرم  پێخۆشبوو بمێننەوە بەلاَم واپێویست دەکات,تاکو هێزەکە دوور نەکەوتوەتەوە بەدوایاندا بچن بەڵکو پێیان بگەن ساڵەح  ووتی  وەلا بیشمکوژن من ناڕۆم,  ئێمە بەدڵگرانییەوە چووین شەوێکی درەنگ گەیشتینە گوندی  دەرەواری  سەرو تیپی(**٥٥**)ی قەرەداغ لەوێ بوون یەک پێشمەرگەی گەرمیان لەوێ نەمابوو لە هێزەکانی گەرمیان دابڕاین, تا گەیشتینە ئەوبەری جادەی چەمچەماڵ سەدجار مەرگی خۆمان بینی. لەمڕۆدا ئابڵوقەی دوژمن لەناوچەی گەرمیاندا زۆر بچووک وداخراو بوو تەنها چەند گوندێکی کەم لەناوەڕاستی گەرمیاندا مابوو خاپورنەکرابێ، بۆیە خەڵکی بێچارەی ناوچەکە بەرەو دوژمن و چارە نوسێکی نادیار ملیان نا. دەمەوێت بڵێم ئەنفالی سێ خوێناویترین قۆناغی ئەنفال بوو زۆرترین ژمارەی  دانیشتوانی  ناوچەکە گیران و زیندە بەچاڵا کران ,بەڕاشکاوی  دەڵێم هۆکاری سەرەکی ئەو هەموو قوربانییە هەڵەو نەزانینی سیاسەت و تاکتیکی  شەری ئێمە و سەرکردایەتی شۆڕش بوو کەئەو هەموو قوربانییەی لێکەوتەوە ,چونکە بڕیار درابوو بەهەموو شێوەیەک ڕێگا لە ڕۆیشتنی دانیشتوان بگرین ,تەنانەت لەکاتی  ڕۆیشتنی گوندنشینان بەرەو

شار بەفیشەک بریندار کران, خەڵکی گوندەکەمان وماڵی خۆشمان بەناچاری لەگوندی ملەسوورەی نزیک ناحیەی ڕزگاری خۆیان ڕادەستی جاش کردو ئەوانیش ڕادەستی سوپای ئەنفالیان کردن لەکۆتای پەرتوکەکەدا لیستی ناوی قوربانیەکانی گوندەکەمان کە خێزانی خۆیشمانی تێدایە دەنووسم.

# پاشەکشەو تێکچونی شیرازەی هێزەکان:

ڕۆژی **١٩٨٨/٤/١٥** بەیانی زوو پێش هەتاو کەوتن لەگوندی "دەرەواری سەروو" دەرچووین بۆ بناری چیا لەوێ ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەی تیپی (**٥١**)ی گەرمیانمان بینی کەلە هێزەکانی خۆیان دابڕابوون.. چەند برینداریکی تێدا بوو یەک لە بریندارەکان کاک مەلا سەعید بوو بەسەختی بریندار بوو بەسەر گوێدرێژێکەوە بوو شەهید عەلی فەقێ مستەفای لەگەڵ بوو، سەلاح شێخ لەنگەری و ئەبو فەلاح و ژمارەیەکی تر.

لەگەڵ تیپی(**٥٥**)ی قەرەداغ وچەند پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی کەشەهید ئەحمەد بازۆکە فەرماندەیان بوو لەوێ بوون.. لەپشتی گوندی "دەرەوار" ماینەوە. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە چرکەیەک نەحەساینەوە، چونکە هێزێکی زۆری دوژمن لەکاتژمێر نۆی بەیانی لەناحیەی سەنگاوەوە بۆ ناوچەکە پێشڕەوییان دەکرد. دواجار هاتنە گوندەکانی (کربچنە و کچان و دروزنە و هەزارکانی و کێلەبەرزە)کە لەئێمەوە زۆر دوورنەبوون، ئێمە هەر کەسەو لای خۆیەوە سەنگەری گرتبوو بۆ بەرگریکردن تا شەو دێت و لەتاریکی شەودا خۆمان دەرباز بکەین. پاش تاریک بوون ئەو هێزە بێسەروبەر و پەرشوبڵاو و ڕووخاوە کە هەر چوار پێشمەرگەی هی کەرتێک و تیپێک و حیزبێک و تەنانەت (حیزبی دەعوا) و (مجلس ئەعلا)ی شیعە و بەرهەڵسکارانی عێراقی تێدابوو، تیپی (**٥٥**) لەشاخ چوونە ئەو دیودا بەرە و ئاراستەی ڕۆژهەڵات بۆ قۆپی قەرەداغ، ئێمەش هاتینە خوارەوە بۆ بنارەکە بە مەبەستی ڕۆییشتنمان بەرەو ئاراستەی سەنگاو. لەپڕ شەهید(حەمە ڕەش) ڕۆحی شاد بێت.. دەرکەوت هێزێکی لەگەڵ بوو پێشمەرگەی تیپی(**٥٣**)ی شێروانە بوو، کەخۆی فەرماندەی تیپەکە بوو.. بە بینینی، هەموو لێی کۆبووینەوە.. بەفریادڕەسی خۆمان بینی سەرەتا ویستی تەنها هەوڵی پێشڕەوی و دەربازکردنی پێشمەرگەی تیپی(**٥٣**)ی شێروانە بدات وتی: جگە لە پێشمەرگەی تیپی(**٥٣**)ی شێروانە کەسی دیکە بەدواماندا نەیەت، بەڵام هێزە پەرتەوازەکە و ئەو خەڵکەی لەوێبوون لەترسی گیانی خۆیان بێ گوێدانە قسەکەی چوونە ناو ڕیزەکەیانەوە، وتی: فەرماندە و بەرپرسە ترسنۆکەکانتان وەک زۆربەی فەرماندە ترسنۆک و ڕوخاو و خائینەکانی تیپەکەی من تا دوێنێ دەبابەیان قووت دەدا، بەریان بەگەورەترین لەشکری دونیا و ناوچەکە گرتبوو کەچی ئێستا هەموو چاوەڕوانی نامەیەکی حەمەی عیسای پیرەی خائین و خۆفرۆشن لێبوردنیان بۆ وەربگرێت و ڕادەستیان بکاتەوە، زۆربەی فەرماندەی کەرت و جێگر و فەرماندەی دەستەکانیان تا دوێنێ من بەرپرسیان بووم کەچی ئەمڕۆ لەنێوان گوندی (عەبدولکەریمە سوور و زاوت) دا چووم بۆ لایان

سەنگەریان لێگرتم پێیان وتم:(ئێمە هەواڵمان بۆ حەمەی عیسای پیرە ناردووە لێبوردنمان بۆ وەربگرێت هاکا وەڵامەکەمان پێبگات و بچین خۆمان ڕادەستی ڕژێم بکەین.. بۆیە تکات لێدەکەین لێمان نزیک مەبەرەوە ئەگەر ناچارمان بکەیت ئەوا ئێستا ئێمە جاش و تۆ پێشمەرگە، یەک هەنگاو بێیتەپێشەوە بۆلامان دەتکوژین)، لەو هەموو فەرماندە و هاورێیەم تەنها (عەلی شەهید محەمەد) هات بۆلام پێی وتم: تکات لێدەکەم بگەڕێوە ئەوە ڕاستیەکەیە کە گوێت لێبوو، ئەگەر ناچاریان بکەیت تەقەت لێدەکەن، ئەوان بەولادا ڕۆیشتن ومنیش بۆ ئێرە. بەرپرسە ڕووخاوەکانی ئێوەش دەستی ژن ومنداڵەکانی خۆیان گرتووە و هەڵهاتوون و ئێوەیان بە جێهێشتووە، من چی لەم هێزە ڕووخاو و زۆر و بۆرە و ئەم هەموو خێزانە بکەم؟ لەپێشی ڕیزەکە وەستابوو ئەوەی نەیدەناسی لێی دەپرسی پێشمەرگەی کوێیت؟ شەهید حەمە ڕەش ناحەقی نەبوو هەر کەسێکی تریش بووایە هەمان هەڵوێستی دەبوو، چونکە هەر کەسێک لەم هێز و خەڵکەی بڕوانیایە.. کە بەقافڵەی حاجیان و زیارەتکەرانی شیعە دەچوو دەیزانی.. بەم شێواز و ڕۆییشتنە هەرگیز ئەم ڕێگا دوورودرێژە نابڕێت. هەر وایش بوو. هەمووی لە ترسی گیانی خۆی و تەسلیم نەبوونەوە وەک لەزگە نوسابوون پێیەوە بە خۆیشمەوە، پێشمەرگە و خەڵکەکەش نا حەقیان نەبوو.. نەیاندەویست تەسلیم ببنەوە و شارەزاش نەبوون، هەموو حەپەسا بوون وەک پێشینان دەڵێت (ئاو بردوو دەست بۆ کەفیش دەبات)، شەهید حەمە ڕەشیش هەرچی لەو هێزەی دەڕوانی کە بێ ورە و تێکەڵ وپێکەڵ بوو دەیزانی کە ئەو هێزە ناتوانێ بە ڕێگادا بڕواو بپەڕێتەوە لەدوو جادەی سەرەکی "سەنگاو-چەمچەماڵ". دواجار زۆر جوامێر و لەخۆبردووانە پێش هێزەکە کەوت، وتی: وەرن بەڵام دەبێت باش بڕۆین بۆ ئەوەی فریای پەڕینەوە بکەوین. حەمە ڕەش وەک ڕەشەبا لەپێشی هێزەکەوە ڕۆییشت، ئەو هێزە تێکەڵ و پێکەڵە هی ئەو ڕۆییشتنە نەبوو هەموو چوارسەد مەترێک ڕۆییشتین ئەوەندەمان زانی وتیان ڕیزەکە دابڕا، لەڕۆییشتندا دەتگەیاند بەدواوە بەجێما پێشت عەرەب وپشتت تورکمان بوو لێت تێنەدەگەیشتن یان ژن و منداڵ بوون نەیاندەزانی بیگەیەنە و بەجێمان چییە.. حیلەی ئەسپ و ئێستر و زەڕەی گوێدرێژ دەتگوت بۆ غەزای بەدر دەچین، وای وای ژن و بیگەیەنە بیگەیەنەی پێشمەرگە دەنگ و ئاوازێکی ناشاز.. ئەو بناری چیایەی پڕپڕ کردبوو، برادەران دەیانگێڕایەوە دەنگی گریانی منداڵەکەی مام (جەبارە ڕەش) هاتبوو پێشمەرگەیەک وتبووی دەست بخەنە سەر دەم ئەو منداڵە باهاوار نەکات، لەوکاتەدا شەهید(شکور قەلایی) بەتەنیشتییەوە دەبێت دەست دەخاتە سەردەم منداڵەکە، دایکی منداڵەکەش هاوار دەکات جەبار بگە.. منداڵەکە خنکا، مام جەباریش بێ سێ و دوو یەک شەق هەڵدەدات لە شەهید شکور، هەر لەو کاتەدا مام جەبار بانگ دەکات (ئەمنە ئەمنە) پێشمەرگەیەک بەدوای خۆی دەڵێت بیگەیەنە تفەنگەکانتان ئەمن بکەن، کاتژمێرێک بەناو یەکدا هاتن و چوون بەناچاری لامان دایە دەربەندی پشتی گوندی(ژاڵەی ڕەبات) چووینە دەربەندەکەوە.. لەوێ (حسێن برام و بورهان ئامۆزام و محەمەد خورشید پورزام و عوسمان مەلا جەمیل و شەهید کاکە و مامەعەزە و مەحمود حەمیدو ئەحمەد عەزیز و عەلی سابیر) خەڵکی گوندی خۆمانم بینی. بەبینینی ئەوان دڵخۆش بووم و کەمێ لە ئازارەکانمی کەمکردەوە.

ڕۆژی **٤/١٦** لەدەربەندەکەماینەوە**..** تا ئێوارە چەند جارێک هێزی دوژمن بەرەو قولایی گەرمیان ڕۆییشتن**..** تائێوارە کۆپتەر بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوە لەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دوژمن**..** تا ئێوارە ساز و ئامادە بووین بۆ دەرباز کردنی گیانی خۆمان**.** بۆ ئێوارە دیسان بەمەبەستی دەرباز بوون بەبنارەکەدا بەرەو ناحیەی سەنگاو و سنوری چەمچەماڵ بەڕێکەوتین، لەخەیاڵی ئەوەدا بووم بڵێی ئەم شەویش وەک سبەی نەتوانین بڕۆین، لەپڕ هاوارێک شریتی خەیاڵە ئاڵۆزەکانمی پچڕاند کە دەیگوت: هاوڕێیان برادەران توخوا تو خوێنی شەهیدان تو خاکی کوردستان فریام کەون، کەمێ ئاوم بدەنێ تو خوێنی شەهیدان بەجێم مەهێڵن، گەر ناتوانن لەگەڵ خۆتان بمبەن**..** بمکوژن توخوا بەجێم مەهێڵن هاوڕێیان هاوسەنگەرتانم براکانم توخوا فریام کەون**.** ئەو دەنگە سی ساڵ زیاترە لە مێشکمدا هاوار دەکات**.** ئەو هاوار و ناڵەیە دەنگی پێشمەرگەی بریندار خەلیل پارە پارەی پێشمەرگەی کەرتی پێنجی تیپی(**٥١**)ی گەرمیان بوو**..** لەڕۆژی **٤/١٠** شەڕێکی قارەمانانەدا لە گوندی "وارانی" ناوچەی داودە بریندار بوو**.** دیسان وەک شەوی پێشوو، خراپتریش لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە خێزان و پێشمەرگەی دیکەمان تێکەڵ بوون، زۆر هەوڵماندا بۆ ڕۆیشتن بێ هودە بوو زیاتر لە دوو کاتژمێر ڕۆییشتین و بەناو یەکداچوون کیلۆمەترێک ڕێگامان نەبڕی، هێزەکەمان لەهیچ نەدەچوو**..** نازانم بڵێم هێزەکە یان خەڵکەکە**.** لەبەرئەوەی نە هێز بوو نە تەنها مەدەنی بوو، تێکەڵەیەکی پێشمەرگە و بەرهەڵستکاری عێراقی، ئێمە زۆر و بۆر و پەرتەوازە کەس بەکەس نەبوو**..** سەد مەترێک دەڕۆییشتین لە تاریکی شەودا کاتێکت دەزانی ڕیزەکە لە یەک دابڕاوە، لەڕیزەکەدا بە پێشی خۆت دەتگوت: بیگەیەنە ڕاوەستن ڕیزەکە دابڕاوە بەجێمان، بە عەرەبی یان تورکمانی وەڵامت دەدرایەوە**..** نەتۆ لەوەی پێشت تێدەگەییشتیت**..** نە ئەویش لە تۆ تێدەگەشت، ئەوەی پێشمەرگایەتی کردبێت لەو بیگەیەنە و گەیاندنە تێدەگەییشت**..** ئەوەی پێشمەرگایەتی نەکردبوو نەیدەزانی و لێی تێنەدەگەییشت**.** بیگەیەنە بۆ بەڕێگادا ڕۆییشتنی شەوان بەکار دەهات، شەوان بە ڕێگایەکدا دەڕۆیت بەڕیز**..** بۆ ئەوەی هێزەکە یان بڵێین ریزەکە باش ڕێگا ببڕن و لە یەک دانەبڕێن پێش بۆ پاش پاشیش بۆ پێش خۆی بەهێواشی پەیامی دەگەیاند: بۆ ئەوەی دوژمن گوێی لێنەبێت: بۆ نمونە (بەپێش خۆی دەڵێ بیگەیەنە ڕاوەستن لەدواوە هێزەکە بەجێماوە، یان بەدوای خۆی دەڵێت: لە نزیکی دوژمنین کەس جگەرە نەکێشێ قسە نەکات لایت لێنەدات) ئەگەر ئەم ڕێکخستنانە نەبێت لە ڕیزی شەودا ناتوانی بەڕێکی و دروستی ڕێگە ببڕی، بۆیە دیسان بەبێ ئومێدو هەناسەی ساردەوە گەڕاینەوە بۆ شوێنی ڕۆژی پێشوو دەربەندی پشتی گوندی ژاڵە**.**

ڕۆژی **٤/١٧** دووهەم ڕۆژ بوو لە دەربەندی پشتی گوندی ژاڵەی ڕەبات بووین**..** چەند جارێک هێزی سەربازی دوژمن بە نزیکماندا بۆ قولایی گەرمیان تێدەپەڕین، زۆر لەوە دەترساین دوژمن بێنە سەرمان، هەندێ نان و نانە چەورەی دیکەمان کرد، دیسان بۆ ئێوارەکەی لە دەربەندەکە دەرچووین بۆ ئەوەی بە ڕێبکەوین، دیسان ماوەیەکی کەم ڕۆییشتین ئەوەندەمان زانی وتیان ڕیزەکە دابڕا**.** کێشەی گەورەمان ئەو هەموو عەرەب و تورکمان و ژن ومنداڵە بوو لەیەکتر تێنەدەگەییشتن، نەیاندەزانی "بیگەیەنە-بەجێمان"**..** چییە و بە ڕێگاشدا نەدەڕۆییشت بەوحاڵە خراپەشەوە**..** ناجێگیری کەشوهەوا کاریگەری خراپی هەبوو، لە گوندی کربچنە نزیک بووینەوە، هەورێکی ڕەش و هەورە

بروسکەی  لە ناکاو.. سەوزی و بەرزی گژوگیا.. ئەوەندەی دیکە زەوی ڕەشپۆش کردبوو، ئەوەندەمان زانی زۆربەی هێز و خەڵکە دابڕاوەکە.. بە ناویەکدا دێن و دەچن. بارانێکی بەخوڕ وەک ئەوەی ئاسمان دڕابێت بە هیچ شێوەیەک باکور و باشورمان نەدەزانی، تەنها دەمانزانی زەوی و ئاسمان کوێمان کەوتوون.. زەوی بە هۆی ئەوەی لاشەیەکی شەکەت وماندوو نیوەگیانی لەسەربوو.. ئاسمانیش بە هۆی بارانەوە.. نەمان دەتوانی سەر هەڵبڕین، بەهۆی تاریک و لێزمە بارانەوە هاوڕێکەی پێش خۆمان بە ئاستەم دەبینی.. لەترسی دابڕان توند پشتی یەکمان گرتبوو.. من لەپشتی حەمە بچکۆلەوە بووم! ڕوحی شاد بێت توند پشتم گرتبوو، پاش نیوکاتژمێر بارانی بەخوڕ دونیا کەمێ ڕووناک بۆوە. کەوتینە ڕاوێژ و چیبکەین چیبکەین.. دواجار بڕیارماندا نابێت بگەڕێینەوە بۆ دواوە بە هەرچ نرخ و شێوەیەک بێت، ئەم شەو دەبێت لە جادەی سەنگاو و قەرەداغ بپەڕینەوە. پێشمەرگەیەکی کەرتی دوو کە ناوچەی سەنگاو سنوری چالاکیان بوو بە ناوی مەلا حەسەن بنکەیی وتی؛ من کەمێ شارەزام پێشتان دەکەوم، زۆر بە جوامێرانە لەپێشەوە لەگەڵمان هات تاکو سەر جادەمان تاقی کردەوە، پاش دڵنیا بوون لە نەبوونی بۆسەی دوژمن چووینە شوێنی هێزەکە و پەڕینەوە  بەڵام بەچ حاڵێک.. بڕوا بکەن نوسەر بوومایە دەیان چیرۆک و ڕۆمانم لەسەر دەنووسی، ئای ئەو بارانەی کە پێی دەڵێن ڕەحمەتی خوا بۆ گیان ئێمە چ بێڕەحم  بوو! ئەو شەوە کارێکی پێکردین "با" بەدەواری شڕی نەکردبێ، بۆ دەمەو بەیان چووینە شیوەکانی نێوان  گوندی (کانی خاکی ) و ناحیەی سەنگاو.

ڕۆژی ١٨/٤/ تاکو ئێوارە لەو بن بەرد و شیوانەماینەوە.. ئێوارە پاش تاریک بوون   بەڕێکەوتین، ماوەیەک ڕۆییشتین بەبێ ئەوەی شارەزا بین یان بزانین بۆ کوێ دەچین؟ تەنها  دەمانزانی بەرەو ئاراستەی چەمچەماڵ هەنگاو دەنێین، بۆیە وامان پێ باش بوو بەکوێرانە لە خۆمانەوە نەڕۆین و بچینە بناری چیاکە.. شوێنێک بدۆزینەوە بۆ سبەی خۆمان حەشار بدەین لەو بەرزاییەوە.. چاودێری سنورەکە و ڕێگاکان بکەین و بۆ شەوی داهاتوو بەڕێبکەوین بەرەو چەمچەماڵ، سبەی چووینە دەربەندەکەی پشتی گوندی (کانی خاکی)پاش نیوەڕۆ چوومە بەرزاییەک بەوردی چاودێری سنورەکەم کرد.. هەندێ شوێن و ڕێگام دەست نیشانکرد، نانمان لەکەمی دابوو.. زۆر لەپێشمەرگەکان ئومێدیان بەڕزگاربوون نەمابوو، بە ناچاری ملی ڕێگای مەرگ و تەسلیم بوونەوەیان هەڵدەبژارد.. بەبێ ئەوەی بتوانین کارێکیان بۆ بکەین یان باوەڕیان پێبهێنین لە بۆچوونەکانیان پاشگەزبنەوە، بیربکەرەوە چی ئازارێکە چەندین هاوڕێ و هاوسەنگەرت سەدان بیرەوەری خۆش و ناخۆش.. چەندین شەڕ و فیداکاری نوکتە و قسەی خۆشت پێکەوە هەبێ، بزانی بۆ لێواری گۆڕ هەنگاو دەنێ و نەتوانی دەستی بگریت و لەو مەرگ و گۆڕە دووری بخەیتەوە! هەرگیز ناتوانیت ئەو هەستە ناخۆشە لەچەند دێڕێکدا دەربڕیت و گوزارشتی لێبکەیت. هێزەکەمان پێشتر سەد کەس زیاتر دەبوو.. ئێستا نزیکەی هەفتا کەسی نەماوە، لەوانەی لە خەیاڵمدا بێت لەو ڕۆژەدا ڕۆییشتن تەسلیم بوونەوە بۆ هەتا ئێستا نەمانبینینەوە..(وەلی عومەر ئۆمەربلی و عوسمانە ڕەش کەرکوکی) کە چوار برا پێشمەرگەبوون، پێموایە براکانیشی هەمان چارەنوسی ئەمیان هەبوو، هەردووکیان

پێشمەرگەی کەرتەکەی ئێمەبوون، هەردووکیان لەگەڵ هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان لە بیابانەکانی خوارووی عێراق زیندە بە چاڵ کران ڕۆحیان شاد.

ڕۆژی **٤/١٩** لەدەربەندی پشتی گوندی "کانی خاکی"بووین.. بە قەد چیاکەدا سەرکەوتم تا نیوە قەدی لە بەرزییەکەوە زۆر بە وردی تەماشای ئەو دەوروبەر و ناوچەیەم کرد.. لەخەیاڵی خۆمدا ئاراستە و ڕێگای ڕۆییشتنم بۆ شەو دیاری کرد، بۆ ئێوارە پاش تاریک بوون بەڕێکەوتین، ئێمە خۆمان قوربانی دەستی هەندێ بەرپرسی هەڵهاتوو ترسنۆک بووین کە خێزانەکانی خۆیان دەرکردبوو..پرسیاریان لەپێشمەرگە نەدەکرد، بەڵام ئەو شەوە خەریک بوو ئێمەش ببینە تاوانبار و خەڵکی دیکە بکەینە قوربانی، ژمارەیەک لەبەرهەڵستکارانی عێراقیمان لە گەڵدا بوو لە عەرەب وتورکمان.. لەگەڵ هەندێ خێزاندا کە پێکهاتبوون لە ژن و منداڵ.. ویستمان ڕێگەیان پێنەدەین لەگەڵمان بێن تا تەقەلێکردنیش، وەک پێشتر باسمکرد نە لێمان تێدەگەییشتن نە ئێمە لێیان تێدەگەیشتین. لە ڕۆییشتن و ریزەکاندا کێشەی گەورەیان بۆ دروست دەکردین، لە ڕۆیشتنیشدا زۆر خاو وخلیچک بوون.. ڕێگایان نەدەبڕی. دواجار وتمان ئێمە خۆمان قوربانین نابێت ببینە جەلاد! پێمان وتن بۆ ئەوەی دابڕان دروست نەبێ.. بکەونە دواوەوەی ڕیزەکەوە، ماوەی نیو کاتژمێرێک ڕۆییشتین دەنگی تەقەی تفەنگێکی زۆر نزیک لەپێشمانەوە بیسترا، نەمانزانی دوژمن بوو یان پێشمەرگەی وێڵ و سەرگەردانی وەک ئێمە، بەناچاری وەستاین زۆر ڕاوێژمان کرد زیاتر لەیەک کاتژمێر لەوێ ماینەوە بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە لە پێشمان، بەڵام بێهودە بوو هەموو پێمان وابوو هێزی دوژمنە هاتۆتە ئەو بنار و سنورە، ئێمەش بەناشارەزایی تێکەوتووین هەموو تیا دەچین، بۆیە پێمان باشبوو.. بگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان کەدەربەندی پشتی گوندی کانی خاکی بوو تا دەرفەتێک دەڕەخسێت بۆ دەربازبوون. یەکێکیتر لەکێشەکانمان ئەوەبوو ژمارەیەک پێشمەرگە بووین هەموو تەمەنمان لە شازدە بۆ بیست ساڵ دەبوو، هیچ ئەزمونێکی شکان و تەنگانەو ژیانی سەختمان نەبوو. شارەزای دەرەوەی سنوری گەرمیان نەبووین، هیچ بەرپرسێکمان لەگەڵ نەبوو تەنها ملازم عەباس جێگری فەرماندەی مەفرەزەبوو ئەویش وەک ئێمە بوو وەک ئێمەش هەڵسوکەوتی دەکرد.. نەک وەک فەرماندەیەک، ئەگەر بیروباوەڕێکی پتەو و بڕیاری چۆک دانەدان نەبووایە، هەرگیز بەرگەی ئەو هەموو ڕووداو و نەهامەتییەمان نەدەگرت. کاتێک گەڕاینەوە دووسەد مەترێک لەشوێنی وەستانەکەمانەوە دوور کەوتبووینەوە لەپڕ گوێمان لەدەنگێک بوو لەهەمان شوێنەوە هاواری دەکرد پێشمەرگە پێشمەرگە هەموو خۆماندا بەزەویدا، بەبێدەنگ لەخۆمان پرسی ئەو دەنگە چی بوو؟ دیسان هاواریکرد پێشمەرگە بۆ کوێ چوون بەخوا وەڵام نەدەنەوە تەقە دەکەم، تێگەییشتین کەهاوڕێی خۆمانە خەوتووە و بەجێماوە بانگمان کرد..دەبینین فەخرەدین حەمە جانە، شێتی بنەکەی خەپەکوێرە دیسان گەڕاینەوە دەربەندەکەی ڕۆژانی پێشوو.

ڕۆژی**٤/٢٠** لەدەربەندی پشتی گوندی کانی خاکی بووین.. هێزەکەمان نزیکە چل پێشمەرگەیەکی مابوو، ئومێدی دەربازبوون و پەڕینەوەمان زۆر لاواز بوو، ژمارەیەک پێشمەرگە بەڵێنمان دابوو بمرین لەبرسان تەسلیم نەبینەوە، بەیانی زوو هەستم بەمقۆمقۆی چەند پێشمەرگەیەک کرد، یەک لەوانە حەسەن تورکمانی فەرماندەی کەرتی بەندیخانەی مەڵبەندی یەک

بوو..کەپێش ئەنفالی دوو بارەگاکانی مەڵبەندی یەک بەکەرتی بەندیخانەشەوە لەقۆپی قەرەداغ بوون. بەهاوڕێکانم وت من دەچمە سەرەوە بۆ چاودێریکردن و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ شەو ئاگاداربن گومان دەکەم ئەوانە نیازی تەسلیم بوونەوەیان هەبێ، وریا بن نەتانکوژن و بچنەوە، ئەگەر بچن تەسلیم ببنەوە، نزیکترین شوێن بۆیان ئەو ڕەبییانەی سەر ڕێگای سەنگاو چەمچەماڵە زۆر دوور نییە لە ئێمەوە. بەهیچ شێوەیەک و هەر نرخێک بێت.. ڕێگەیان مەدەن، ڕەنگە بچنە ڕەبییەکان و ناچاریان بکەن یان بەخەیاڵیاندا بێت.. ئەگەر هەواڵی شوێنی ئێمە بدەن بەدوژمن لەوان خۆش دەبن و دوژمن بهێننە سەرمان. چووم پاش چەند کاتژمێرێک گەڕامەوە یەکسەر چاوم بۆیان گێڕا نەمابوون لە هاوڕێکانم پرسی کوان.. ئەوانەی کە وتم چاودێرییان بکەن دیار نین دیارە ڕۆییشتوون؟ وتیان نەماون بەلاّم ئاگامان لێیان نەبووە کەی ڕۆییشتوون. هەندێک سەرزەنشتم کردن، بەلاّم بێسود بوو، زۆر ترساین دوژمن بێتەسەرمان، کەمێ خۆمان کۆکردەوە و هەڵکشاینە سەرەوە. خواردنمان پێنەما بوو، یەک لەت نانە چەورەم پێمابوو، سبەی دوو تیکەم لێخوارد.. ئەوی ترم هەڵگرت لەخەیاڵی خۆمدا دەمگوت بۆ کاتی گیان هەڵدان دەیخۆم. نوکتەیەکی خۆش: غایب حسێن هاوڕێیەکی نزیک وخۆشەویستم بوو لەتەمەنی پێشمەرگایەتیمدا هاتەلام.. وتی نانت پێنەماوە؟ نانێکم بەقەرز بدەیتێ، بەو حاڵەوە پێکەنینێکی نیوە پێکەنین و نیوە گریانم بۆی کرد.. وتم ئەگەر نانت بدەمێ کەی و لەکوێ دەمدەیتەوە؟ وتی: کەی چووینە سنوری ناو شوان، وتم: کە چووینە ئەوێ نانم بۆ چییە؟ منیش لەوێ نانت دەدەمێ, تیکەیەکم دایە. بەلاّم کلۆری ددانی پڕنەکردەوە غایب خۆی زۆر خۆر بوو,لەکاتی ئاساییدا بە چوار نان تێرنە دەبوو. ئێستەش هاوڕێکانم وەک نوکتە دەیگێڕنەوە. کاتژمێر یازدەی نیوەڕۆ بوو.. جاشە گوێدرێژێکمان لەخوارەوەی دەربەندەکە لەنزیکی گوندی کانی خاکی بینی، بەنێچیری خۆمان زانی بڕیارماندا بیهێنین سەری ببڕین و بیخۆین. لەشکری برسێتی هێرشی بۆ هێنابووین هەموو هزرو ئەقڵ و ئەندێشە و ئومێد و هەموو بونێکی لێ داگیرکردبووین. (عەلی غایب وغایب حسێن)مان نارده خوارەوە وتمان: ئەگەر خواردنتان دەستکەوت باشە، ئەگەر خواردن نەبوو جاشەکە بێنن دەیخۆین. نزیکی کاتژمێر یەک بوو تاپێش دەربەندەکە بینیمان جاشەکەیان پێش خۆیان خستبوو و هێنایان، بەلاّم کاتێ هاتنە سەرەوە جاشەکەیان لەگەڵ خۆیان نەهێنابوو، کەنزیکبوونەوە بینیمان جاشەکەیان نەهێناوە.. بەتوڕەییەوە وتمان: بۆ نەتانهێنا بۆ؟ وا مردین لەبرسا، بۆ نەتانهێنا چی بخۆین. وتیان ڕاوەستن کەمێ بێدەنگبن و دان بەخۆتاندا بگرن تاپێتان دەگەین، هەواڵێکی خۆشمان پێیە پەلەمەکەن با بگەینە لاتان. کەهاتنە نزیکمان ڕووخساریان گەشاوەبوو.. ئەوەی پێشوو نەبوو کە چووبوونە خوارەوە، وتیان: لەگەڕانەوەماندا کاک شێخ جەعفەر و هەندێ پێشمەرگەمان بینی، لێیان پرسین ئێوە چین و کێن و چیدەکەن لێرە؟ وتمان پێشمەرگەی تیپی (٥١)ی گەرمیانین. کاک شێخ جەعفەر وتی: ئەو جاشە کەرەتان بۆ داوەتە بەر؟

بەسەر هاتی خۆمان بۆ گێڕایەوە وتمان: نانمان پێنەماوە، دەمانەوێ بیبەین بیخۆین تاکو ناچاری تەسلیم بوونەوە نەبین تارێگەیەک دەدۆزینەوە بۆ دەرباز بوون. کاک جەعفەر وتی: ئەو گوێدرێژە بەربدەن ئێمە هێزێکمان لەگەڵە کاتژمێرێکی تر دێنە ئێرە تێکەڵ ئەوان بن.. هەوڵدەدەین ئەمشەو لەجادەی چەمچەماڵ بپەڕینەوە. کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ هێزەکە هاتن، کەسم نەدەناسی گەڕام

(وەستا موئمین)م ناسییەوە.. کەماڵەکەی لەگوندی (هۆمەرامان) بوو ..چەخماخ سازبوو تفەنگی چاک دەکردەوە و لاقی تفەنگی دروستدەکرد، وتم وەستا ئێمە زۆر برسین خواردنمان پێنەماوە شتێکت پێنیە؟ وتی: کەمێ ئاردم پێیە چنگێکی دامێ بینیم ئاردی سەر هێڵەک بوو، وام دەزانی هەموو دنیای پێداوم لەو کاتەشدا هەموو دونیای دەهێنا بۆ ئێمەی برسی. لەجامی قوم قومەی ئاوەکەمدا کردمە هەویر و یەکی لوقمەیەک هەویرم دانێ بەپەلە ئاگرێکمان کردەوەو بەزمەی تفەنگەکانمان لەسەر ئاگرێکی گڕ برژاندمان.. دەرەوەی سووتابوو وەکو لاستیکی رەش وابوو ناویشی هەویر بوو، بەڵام ئەمەندە خۆش و بەتام بوو هەرچی کەبابی دونیایە پێیدا نەدەگەییشت.. هەرچەندە بێخوێش بوو. بەلای جارە پاقلەیەکدا ڕۆییشتین لاماندا.. دەستمان کرد بە خواردنی پاقلەی و شک خرمەی دەمی ئێمە دەتگوت دەنگی ڕیزە تەقەی دوورە، کاک شێخ جەعفەر پێی وتین پێنج پێشمەرگەتان لەگەڵ ئەم بیست و پێنج پێشمەرگە لەپێشەوەی هێزەکەوە بچن نابێ بگەڕێنەوە دوژمن لەپێشتانەوە بوو دەبێ بیشکێنن بیر لەگەڕانەوە مەکەنەوە. بۆ مێژوو ئەڵێم ئەو شەوە جوامێری کاک شێخ جەعفەر و جەلال کوڵکنی بێوێنە و بێهاوتا بوو. کاک جەلال لەپێش هەموومانەوە بوو سی پێشمەرگەکەش بەدوایەوە بووین چەند مەترێک لەپێشی هێزەکەوە ڕێمان دەکرد. ئاوی ڕووخانە ئەوەندە زۆر بوو چەند پێشمەرگەیەک لەناو ڕووبارەکەدا کەوتن تفەنگەکانیان ئاو بردی، من خۆم نەمبینی.. برادەران وتیان منداڵێک بەباوەشی دایکیەوە بووە ئاو بردوویەتی. لەپەڕینەوەدا نەقیب کاوە کە لە شەڕێکدا لەنزیک ناحیەی نەوجول بەدیل گیرابوو لەڕیزەکانی سوپای ئێراق ئەو شەوە بەهۆی تاریکی و خێرا ڕۆییشتن و شپرزەیی پاسەوانەکانیەوە هەڵهات، هۆکارەکەیشی ئەوەبوو ڕێکردنێکی زۆر خێرا هەندێجار نیوە ڕابوو هەندێکجار لەیەک دادەبڕاین و یەکمان دەگرتەوە. ئەوەی هەرگیز لەیادم ناچێت بینینی پشیلەیەک بوو لە گوندی کانی خاکیەوە بەو ڕێگا دوورەدا لەگەڵماندا هات تاکو ئاوی ڕووخانە لەڕووبارەکە نەیتوانی بپەڕێتەوە، لەوێ بەجێما هەر دەیمیاواند وەک مرۆڤ هاواری دەکرد و دەیمیاواند.. لەو کاتەدا شەهید خەلیل پارەپارەیم هاتەوە یاد کە کاتێک بەنزیکیدا تێپەڕ بووین لەبناری سەنگاو هاواری دەکرد هاوڕێیان پێشمەرگە توخوا تو گۆڕی شەهیدان بەجێم مەهێڵن. ئەم پشیلە بێزمانەش ئەوەندە میاواندی وەخت بوو بێتەزمان. ئێمەی برسی و شەکەت و ماندوو شکاو تەنها بیر و هۆشمان لای لەتێک نان و بڕینی هەنگاوێک زیاتر بوو. سی ساڵ زیاترە ئەو ڕووداوانە تێپەڕیوون.. ئێستا ئەو بیرەوەرییە دەنووسمەوە، ئەو دوو دەنگە لەگوێ و بیر و هەستمدا دەزرنگێنەوە.. وادەزانم ئێستایە. بەخێراییەکی زۆر ڕێگامان دەبڕی بۆ ئەوەی فریای پەڕینەوە لەجادەی چەمچەماڵ کەرکوک بکەوین، بەڵام بێهودە بوو لەگەڵ ڕووناک بووندا.. گەییشتینە گوندی(خاڵدان) سەر بەناحیەی (تەکیەی کاکەمەند)ی قەزای (چەمچەماڵ) کە نێوانیان لەگەڵ هەریەک لە چەمچەماڵ نزیکەی"بیست کیلۆمەتر و هەڤدە کیلۆمەتر لەجادەی چەمچەماڵ تەکیەوە چوار کیلۆمەتر لە جادەی چەمچەماڵ ناحیەی سەنگاو دوور دەبێت". گوندەکە نەڕووخابوو.. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی ئەنفالی سێدا لەڕۆژی ٤/٨ دانیشتوانەکەی بۆ دەربازکردنی خۆیان گوندەکەیان بەجێهێشتبوو.. خۆیان کردبوو بەشار و کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی ناوچەکەدا.

لەگەڵ ڕووناکبوونەوەی ڕۆژی **٤/٢١** گەییشتینە ناو گوندەکە، ئێمەی زۆر برسی و شەکەت و ماندوو وەک و گورگی برسی لەنێچیرێ دەگەڕاین.. بەچەند خولەکێک هەموو کەلاوەکانی گوندمان لەگەڵ تاریک و ڕووندا ژێروبان کرد بۆخواردن.. هیچمان دەست نەکەوت تەنانەت گەنم و جۆ و دانەوێڵەیشی لێنەبوو. کەروێشکێکی ماڵیمان بینی تێی کەوتین بەبەرد کوشتمان هەتاو تازە لەکەل سەری دەرهێنا بوو.. هێشتا بەدوای نێچیری تردا دەگەڕاین لەناو گوندەوە هاوارکرا دوژمن بەرەو ئێرە دێت سەنگەر بگرن و خۆتان ئامادە بکەن بۆ بەرگریکردن، چووینە سەربانەکان بینیمان لەئاڕاستەی چەمچەماڵەوە هێزێکی زۆر بەڕۆییشتنێکی لەسەرخۆ بەسەر جادە قیرەکەدا بەرەو ئاڕاستەی ناحیەی سەنگاو دێت کە جادەکە نزیکەی چوار کیلۆمەتر لێمانەوە دووربوو.. هەموو پێمان وابوو بەرەو ئێمە دێت، چونکە گوندەکە نەڕووخابوو، هاوارمکرد دەی برادەران بابچین لەڕۆژئاوای گوندەکەوە سەنگەر بگرین.. من کەوتمە پێش برادەرانی خۆمان و بۆ شیوەکانی ڕۆژئاوای گوندەکەوە، ڕێگای هاتنی هێزەکە بوو لەجادە قیرەکەوە، هەندێ لەبرادەران لەگەڵم هاتن.. چووین لەو شوێنەی مەبەستمان بوو دامەزراین، بەڵام هەندێک لەبرادەران کەئێستا لەژیاندا ماون.. بەتوندی وەڵامیاندامەوە و وتیان تۆ تاکەی لەسەر ئەم ئەقڵە دەبیت و ئاقڵ نابیت؟ دونیا هەموو تەواو بوو پێشمەرگە هەموو تەسلیم بۆوە.. فەرماندەکان هەموو هەڵهاتن ژن و منداڵەکانی خۆیان دەربازکرد و بەجێیان هێشتین.. تۆ تازە بەتازە دەتەوێت شەڕ بکەیت و شۆڕش بکەیت ئێمە نایەین، دوژمن بێت بەم شیوەدا بەرەو سەرەوە دەچین.. وتم: ئەوەی ئێوە دەیڵێن هەندێکی ڕاستە و هەندێکی لە نەزانینتانەوە.. وا دەلێن. من لەگەڵتانم هیچ شتێک وەک خۆی نەماوە، بەڵام ئێمە بۆیە ئەو هەموو ڕێگا و مەترسییەمان بڕیوە..بەبرسێتی وماندوێتی بۆ ئەوەی بگەینە ناوچەیەکی ئارام و دەربازمان بێت، ئێمە لەم گوندەین و دوژمن بەرەو ئێرە دێت بەرگری بکەین ئومێدی ڕزگاربوونمان زۆرە، دەبێت تا شەو خۆمان ڕابگرین و بەرگری بێوێنە بکەین، شەڕی سەرکەتن و دەرباز بوون بکەین، ئەگەر ژمارەیەکیشمان شەهید بێت و هەمووشمان ڕزگار نەبین ژمارەیەکمان لەژیاندا دەمێنێت و ڕزگاری دەبێت، دەبێت شەڕ بکەین بۆ ئەوەی یان خۆمان دەرباز بکەین یان بەمەردی شەهید بین، نەک بمانگرن و هەموو چرکەیەکمان مردن بێت تاکو لەسێدارەمان دەدەن.

بۆیە دەبێت تا شەهیدبوون.. بەرگری بکەین و مەگ ڕاو بنێین.. ڕووبەڕووی مەرگ بینەوە، چیم وت بێسوود بوو ئەوەی ورە و توانا بوو لایان نەمابوو، ئێمە دامەزراین زۆر لەهێزەکە بەدەوری گوندەکەدا دامەزران زۆریشم بینی بەناو شیو و دار ژاڵەکانی ڕۆژهەڵاتی گوندەکەدا پۆل پۆل بەرە و چیای(مالولە) و شۆراوە کە دەکەیتە ڕۆژهەڵاتی خاڵدان و سەردۆڵی بازیاندا کە ڕەبیەی دوژمنیشی لەسەر بوو هەڵکشان. ژمارەیەک پێشمەرگەی (حشع)م بینی کەشەهید ئەحمەد بازۆکە فەرماندەیان بوو لەهاوشانی ئێمەوە سەنگەریان گرتبوو.. تا کاتژمێری دەی بەیانی لەشوێنی خۆمان ماینەوە، دواتر بینیمان هێزەکەی دوژمن لەئێمە تێپەڕین و بەرەو ئاراستەی سەنگاو ڕۆیشتن. پاش دڵنیابوون لەتێپەڕ بوون و نەمانی مەترسی لە هێزەکەی دوژمن.. گەڕاینەوە بۆ ناو گوندەکە بەدوای نێچیرێکدا دەگەڕاین تا لەگەڵ گۆشتی کەروێشکەکەدا بیخۆین. لەوکاتەدا ڕانێکی گەورەی تێکەڵەی مەڕ و بزنمان بینی لەلای سەنگاوەوە بۆ ئاراستەی ئێمە دێت تا لەوێوە بچێت بۆ چەمچەماڵ و تەکیە.

چووینە پێشی شوانەکە و حاڵی خۆمان بۆ گێڕایەوە داوامان لێکرد دوو ئاژەڵمان پێ بفرۆشێت بەهەر نرخێک بێت مەردانە و وەک پیشەی ڕابردوویان وتی بەسەرچاو ئێمە خاوەنی گیانی خۆمان نیمان نەک ماڵ و ئاژەڵ ئێوە شایەنی هەموو شتێکن.. دوو گێسکی داپێمان بەهەزار حاڵ پارەی گێسکێکی لێوەرگرتین، نزیکەی بیست وپێنج پێشمەرگەیەک دەبووین وەک گورگی برسی بەکاتێکی کەم هەردووکیمان کەوڵ کرد لەگەڵ گۆشتی کەروێشکەکەدا بەزمەی تفەنگەکانمان برژاندمان بەبێ نان خوارد مان.. هەرگیز جارێکی تر گۆشتی واخۆشم نەخواردووە، وزەیەکی باشمان وەرگرت.. یەکێک لەپێشمەرگەکان وتی: کورە ئێستا ئەگەر گوللەش لێمان بدات.. باشە، کەمێک بەرگەی دەگرین.. بەتێری نەک بەبرسێتی و سکی چۆڵەوە  تا دەردەچێ قاژەی بێت. پێش تاریک بوون کۆبووینەوە کاک جەعفەر هەندێ قسەی کرد و دیسان وتی ئەو سی پێشمەرگەی شەوی پێشوو دیاریکرابوون پێشکەون بەوریاییەوە لەپێشەوە بڕۆن وەکو پێشتر وتی: نابێت بگەڕێینەوە لەهەر کوێ دوژمن هاتە پێشتان دەبێ بیشکێنن و بڕۆین.. تا لەجادە دەپەڕینەوە. بەڕۆییشتنێکی خێرا نزیکەی دوو کاتژمێر گەییشتینە نزیک جادەی (چەمچەماڵ-تەکیەی کاکەمند). هێزەکەمان لەدووری جادە ڕاگرت و بەوریاییەکی زۆرەوە چووین جادەمان  تاقیکردەوە کەدڵنیا بووینەوە هیچ مەترسیەک نییە.. لەسەر جادە گەڕاینەوە، هێزەکەمان هێنا و لەجادە پەڕینەوە.. لەنزیک گوندی (کوچک نەخشینە)، لەسەر جادەکە پێشمەرگەکان  وا قەڵەم بازیان دەدا بۆ پەڕینەوە باوەڕیان بە"چاو و پێکان"ی خۆیان نەبوو کەجادەی چەمچەماڵ و تەکیە بێت و کۆتایی هاتن بێت بە ترس و برسێتی. لەنزیکی کەلاوەکانی گوندەکە خەوتین تا دەمەوبەیان گوندی(کوچک نەخشینە)کە لەساڵی(**١٩٨٧**) لەپاش داستانی ڕزگاری خاپوور کرابوو، زۆر برسی و ماندوو بووین هەندێ پاقلەی تەڕمان بینی لەبرسانا ئەوەندە پاقلەی تەڕمان خوارد هەموو توشی سوتانەوەی سورێنچک بووین کەبە دڵە کزە"ترشەڵۆکی گەدە" بەناوبانگە، بۆ کاتژمێر یازدەی پێش نیوەڕۆ بەنیوە گیانی گەییشتینە گوندی (باوە فەتی)ی سەر بەناحیەی تەکیەی کاکەمەندە.

# ئەنفالی چوار

ئەم قۆناغە لە**٥/٣** تا**٨/٥/١٩٨٨**ی خایاند. لە شەوی **٢٠-٢١ /٤** لە جادەی چەمچەماڵا تەکیە پەڕینەوە، پاش بەرگرییەکی بێوینەی هێرشەکانی ئەنفالی سێ و کشانەوەمان بەهەزاران دەردەسەری و بەحاڵێکی خراپ گەییشتینە ناوچە ئارامەکانی سنوری ناوچەکانی (خاڵخالآن، شوان، شێخ بزێنی، قەلاسێوکە، دەشتی کۆیە) کەسنوری (تیپەکانی**٢١**ی کەرکوک و **٢٥**ی خاڵخالآن و **٨٦**ی کۆیە). مرۆڤ کاتێک لەمەترسیدا دەبێت و ترسی مەرگی هەبێ و لە لێواری گۆڕ نزیک دەبێتەوە، تەنها بیر لەژیان و دەربازبوون دەکاتەوە.. هەموو توانای جەستەیی و بیر و هۆشی بۆ ڕزگاربوونی دەخاتەکار، کاتێک تروسکایی ژیانی بینی و ئومێدێکی بەژیان پەیداکرد، بیر لەخۆشەویستانی دەکاتەوە. بەدرێژایی ڕێگای نێوان جادەی چەمچەماڵ و تەکیە تا گوندی باوەفەتی کەکاتژمێر یازدەی پێش نیوەڕۆ گەییشتین.. بیرم لای "دایک و باوک وخوشک وبرا"کانم بوو، بەخۆم دەمگوت ئێستا لەکوێن..حاڵیان چۆنە؟ دایکم ئێستا زۆر لەخەمی ئێمەدایە. پێش نیوەڕۆی ڕۆژی **٤/٢١** گەییشتینە گوندی باوەفەتی، چووینە ماڵێک ژنی ماڵەکە بەبینینی ئێمە دەستیکرد بەگریان.. وتی پێش هەفتەیەک برایەکم پێشمەرگەی تیپی **٢٥**ی خاڵخالآن بوو بەناوی عەلی سوور لەگرتنی ڕەبییەیەکدا لەسنوری ناحیەی (تەکیە) شەهید بوو، چێشتێکی پاقلە و برنجی بۆ کردبووین، چەندمان دەخوارد تێر نەدەبووین، ئەوەندە برسی بووبووین، ئێوارە دوو مریشکمان کڕی و بردمانەوە بۆ ماڵەکە بۆمان لێ بنێت، زۆرجوان بۆی لێنا بووین.. هەمووی بۆ ئێمە هێنا بوو نیوەیمان گەڕاندەوە بۆ خۆیان خەڵکی گوندەکە زۆر لەپەلاماری دوژمن دەترسان.

ڕۆژی **٤/٢٢** چووین بۆ گوندی (کانی عارەبان)، لەمالآن سابوون و تایتمان برد لەسەر چەمەکە جلەکانی خۆمانمان شۆرد..کە بیست ڕۆژ بوو ئاوی باران نەبێ ئاوی تریان نەبینیبوو، پێشمەرگەیەکمان سەری دەشۆرد.. بەپێلآوە لاستیکەکانی ئاوی بەسەردا دەکرد پێم وت کورە چی دەکەیت، ئێستا خەڵکی گوندەکە بتبینن چیمان پێدەڵێن.. خەڵکی گوندەکە زۆر بەڕێز و میوان دۆست بوون. ڕۆژی **٤/٢٣** لەگوندی (کانی عارەبان)ەوە بەناو گوندەکانی (تیژە و تلیان)دا چووین بۆ گوندی(مەحمود خان)، پاش نیوەڕۆ چووینە گوندی(تەک باسام) و (ئەسکەندەر بەگی) و بۆ ئێوارە چووینە گوندی (کانی هەنجیر)ی سەر زێی دوکان.. دەچووینە هەر ماڵێک پێنج شەش پێشمەرگەی لێبوو، زۆربەی هێزەکانی مەڵبەندی یەک لێرە کۆبووبوونەوە.(قادرحاجی عەلی و شێخ جەعفەر و عومەر فەتاح)م لێرە بینی، زۆربەی ئەو بریندارانەی دەرباز بوو بوون لێرە بینینم.

لەڕۆژی **٤/٢٤** لە گوندی کانی هەنجیر نانمان خوارد و پاشنیوەڕۆ بەکەڵەک پەڕینەوە بۆ بەری کۆیە، چووینە گوندی (قزڵو) لەکاتی پەڕینەوەمان (ئەحمەدە سوور و سەلامە ڕەش و حەسەن شێخ لەنگەری) لە زێ کە بەمەلە پەڕینەوە، بەهۆی ساردی ئاوەکەوە زۆری نەمابوو ئەحمەد بخنکێ، ڕۆژی پێشتر پێشمەرگەیەکی گەرمیان بەناوی (ستار دێوانە) لەکاتی پەڕینەوە خنکابوو. گوندی قزڵو لەسەر زێکە بوو ئاو و هەوایەکی زۆر خۆش و دڵگیری هەبوو، خەڵکەکەی زۆر بەڕێز و ڕۆشنبیر بوون .

ڕۆژی **٤/٢٥** لەگوندی (قزڵو)وە بەڕۆژهەڵاتی گوندی (گۆمە شین)دا چووینە گوندی (خراپە). لەگەڵ دابەشبوونمان بۆماڵان زۆربەمان مریشکمان لەگەڵ خۆماندا دەبردەوە زۆر لەماڵەکان پێیان ناخۆش بوو.. دەیانگووت بۆ ئێمەماڵمان نییە.. گۆشت لەگەڵ خۆتان دەهێنن، ئێمە لەو ماوەیەدا.. ئەوەندە برسی بووین چاومان چووبوو هەرگیز تێر نەدە بووین. نەهامەتی و برسێتی دۆڵی (جافایەتی و گەرمیان)مان بینی بوو بەتەمای ژیانی خۆمان نەبووین دینارێکمان هەبووایە دەمانخوارد، بۆ ئێوارەکەی چووینە گوندی (قوڵقوڵە) خۆیان دەیانگوت (قور قورە).

لەڕۆژی **٤/٢٦** لەگوندی (قوڵ قوڵە)وە چووین بۆ گوندی(سوورە قەڵا)کە خۆیان دەیانگوت: (سوورە قەرا)، ڕۆژی **٤/٢٧** لەگوندی سوورە قەڵاوە چووین بۆ گوندی (گۆمە شین). ڕۆژی **٤/٢٨** لەگوندی گۆمەشینەوە بۆ جاری دووەم گەڕاینەوە بۆ گوندی قزلۆ، ڕۆژی **٤/٢٩** لەگوندی قزڵوەوە چووین بۆ گوندی(کانی بی) بەرامبەر گوندی گۆپتەپە. ئەمڕۆ (حاجی حەبیبی) گوندی (گوڵباخ) هەواڵی شەهیدبوونی (فاروق و نازم) وهاوڕێکانی پێداین، زۆر گریام زۆر بێتاقەت بووم.. یەکەم کەس بۆ مەرگی گریابێتم شەهید فاروق بوو، چونکە هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم بوو، بۆ یەکەمجار لەمانگی **١٩٨٦/٧** کەهات بۆ پێشمەرگایەتی تاکو ڕۆژێک پێش شەهید بوونی لەیەکدا نەبڕاین، زۆرجار لەتوێی یەک نوێندا دەخەوتین، نیوەڕۆ هیچم پێنەخورا.. حەمە چاوجوان وغایب زۆر هەوڵیاندا لەگەڵم دەتگوت یەک بەرد لەسەر سنگم دایە.

لەڕۆژی **٥/١** لەگوندی کانی بییەوە.. چووین بۆ گوندی (ئەلیاسە سوور )، (حاجی نوری) باوکی ئەحمەدە سوور هاتبوو بۆ لای ئەحمەد، لەگوندی (خراپە)بوو، چووین بۆ لای هەواڵی چارەنووسی ماڵی خۆمانم لێپرسی.. وتی ئاگام لێیان نییە، بەڵام خەڵکی گوندی "توکن" تاک و تەرا دەربازبوون.. پێم وانیە ڕزگار بووبێتن. شەو گەڕاینەوە بۆ گوندی (ئەلیاسە سوور)، هێزێکی زۆری دوژمن لەشارەکانی (کەرکوک، تەقتەق و کۆیە،خەلەکان و دوکان و سلێمانی، بازیان و تەکیە و چەمچەماڵ) کۆ کرابوونەوە بۆ هێرشی سەر ناوچەکە.

ئێمە هێزێکی تێکشکاو و بێ ئومێد و بێئاگا لەخێزان و کەسوکارمان، ڕۆژانە لەدانیشتوانی شار و هەندێ سەرۆک جاش وپیاوەکانی ڕژێم و خەڵکی دڵسۆز و کەسوکاری

گوندنشینەکانەوە هەواڵیان دەنارد بۆ پێشمەرگە و گوندنشینەکان کە دوژمن نیازی هێرش وپەلاماری هەیە بۆ سنوورەکە، خەڵکیی.. زۆر دەترسان وچاوەڕوانی چارەنوسێکی نادیار بوون، ڕۆژانە لە ئێمەیان دەپرسی هەواڵی هێرشی دوژمن هەیە بۆ سەرمان یان نا؟ ئێوە چیتان لایە بۆچوونتان چۆنە.. چی بکەین؟ ئێمە هیچمان پێ نەبوو بۆ وتن.. ڕۆژانە ژمارەیەک دانیشتوانی گوندەکان بەڕێگای جیاوازەوە خۆیان دەگەیاندە شارو کۆمەڵگا زۆر ملێیکان، ڕۆژی **٥/٢** لەگوندی کانی بی سەر زێی دوکان بووین کەدەکەوێتە بەرامبەر گوندی گۆپتەپەوە بۆ شەو ڕووناکی ژمارەیەکی زۆر لایتی ئۆتۆمبێلمان بینی لەڕێگای (دوکان) و چیای (کەڵکەسماق)ەوە دەهاتنە سەر چیاکە و دەوەستان، گومانی ئەوەمان هەبوو دوژمن نیازی هێرشی هەبێت بۆ سنووری دەشتی کۆیە.. هەر بۆیە ئێمە بەشێک لەپێشمەرگەکانی تیپی **٥١**ی گەرمیان چووینە سەر بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی گوندەکانی (کانی بی و ئەلیاسە سوور) و سەنگەرمان گرت.

هێرش وپەلامارەکانی ئەنفالی چوار بەم شێوەیە بوو:

**١-**لەقۆڵی قەزای چەمچەماڵ بۆ چەند ئاراستەیەک:

**أ-**لەچەمچەماڵەوە بۆ گوندەکانی (کانی عارەبان، تلیان، تیژە،حەمە خان).

ب**-**لەچەمچەماڵەوە بۆ گوندەکانی(شێخ پاڵەوان، تەوەکەل، ناحیە ڕووخاوەکەی ئاغجەلەر). لەئاغجەلەرەوە بۆ گوندەکانی (گۆپتەپە، گەڵەناج، سەرچنار)، لە ئاغجەلەرەوە بۆ گوندەکانی (دلاوە، عەسکەر).

**٢)** قۆڵی ناحیەی (تەق تەق):

أ**-** ناحیەی تەقتەق بۆ گوندەکانی(قەرەناو،کەپنک قەسرۆک، گرد خەبەر).

ب**-** تەق تەق بۆ گوندەکانی (شیوە سوور، تورکمان باغ، کارێزە).

ت**-** تەقتەق بۆ گوندەکانی (باخە هەنجیر، گەرمک، تەکەڵتو).

پ**-** تەقتەق بۆ گوندەکانی (مخە ڕەس، مەلا زیاد) بۆ سەرزێی دوکان تاگوندەکانی (گۆمەشین، قزلۆ).

**٣-** قۆڵی گۆپاڵە: لەگۆپاڵەوە بۆ گوندەکانی (سەرچاوە، کانی بی، گەورە دێ).

**٤)-**قۆڵی سوسێ:

أ**-** سوسێ بۆ گوندەکانی (شیلەخان، عەودالان) بۆ سەر زێ و گوندی (قۆچ بلاغ).

ب**-** سوسێ بۆ گوندەکانی (سەرزێ، دڕەنار، چەمی سور قاوشان).

**٥-**قۆڵی قەزای دوکان: لەدوکان بۆ چیای (کەڵکە سماق) بۆ گوندەکانی (ئیلەلا،کانی سوور، کلێسە، بۆگد، کانی بی).

**٦-** قۆڵی قەزای کۆیە:

أ**-**کۆیە بۆ بناری (حاجی قەلا، فولکەی داوداوە).

ب-له كۆیه بۆ گوندەكانی (قەیسەری، ئاسكه كۆیه، تیمارۆك، دوندار، پینبازۆك) .

٧-قۆڵی ناحیەی شوان:

أ-له شوانەوه بۆ (جولحان، پاپیلان، گورگان قەنار).

ب- له شوانەوه بۆ گوندەكانی (عەلی بەیان، شەوگێڕ، شێخ بزێنی خواروو).

٨-قۆڵی ناحیەی پردێ: لەپردێوه بۆ گوندەكانی (كەلۆزی، سەربیر، قەرەساڵح، كاوله سوار).

٩) قۆڵی ناحیەی قەره هەنجیر بۆ گوندەكانی (شوانی سەرخاسه، دەلۆ).

ڕۆژی **١٩٨٧/٥/٣** لەبەرزایی و گردەكانی ڕۆژهەلاتی گوندەكانی (كانی بی و ئەلیاسه سوور) سەنگەرمان گرتبوو، بەیانی پاش دونیا ڕووناكبوون بەدووربین چاودێری چیای (كەڵكه سماق)مان دەكرد.. شەو لایتی ئۆتۆمبێلێكی زۆرمان بینی، بۆمان دەركەوت دوژمن هێزێكی زۆری لەدۆڵی (دوكان وخەلەكان)ەوه هێناوەته سەر چیاكه و پلانی هێرش وپەلاماری ناوچەی دەشتی كۆیەی هەیه، كاتژمێر هەشتی بەیانی دوژمن بەڕێگاكەدا هاتەخوارەوه لەبناری چیا بلاوەیان كرد بۆ چەند ئاراستەیەك پێشڕەویان كرد:

ئاراستەی یەكەم: بەبنارەكەدا بۆ ئاراستەی باشورو زێی دوكان.

ئاراستەی دووەم: دوو هێز بەنزیكی یەكدا بۆ ئاراستەی ڕۆژئاوا و ئێمه بۆ گوندەكانی (كانی بی و ئەلیاسه سوور).

ئاراستەی سێیەم: هێزێك بۆ ئاراستەی باكور و قەزای (كۆیه).

پاش كاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ.. هەواڵمان پێگەیشت دوژمن لەهەموو شارو كۆمەڵگاكان و سەر ڕێگا گشتییەكان و مۆلگاكانیاندا هێزێكی زۆریان مولداوه پلانی پەلاماری گەورەیان هەیه بۆ ناوچەكانی(شوان، خاڵخالان، تەقتەق، قەلاسێوكه، چەمی ڕێزان، گوندی عەسكەر و دەشتی كۆیه). ئێمه سەنگەرمان گرتبوو سات بەسات چاوەڕوانی میوانێكی ناوەختی چارەقورس و قێزەوەنمان دەكرد.. كەمەرگ و ئاگر و ئاسن و كیمیاوی هێنەر بوو.. هەموو خۆمان ئامادە كردبوو بۆ چارەنووسێكی نادیار و تاڵ.

دوژمن زۆر بەخاوی دەجولا وپێشڕەوییان دەكرد تا نزیكەی كاتژمێر پێنج لەجوولەدا بوون، دواجار سەنگەریان گرت و له شوێنەكانی خۆیان مانەوه كەنزیكەی چوار كیلۆمەتر لەئێمەوه دوور دەبوون، پێموابوو خاو جولانی دوژمن بۆ چاوەڕوانی جولەی قۆڵەكانی دیكه بوو.

# ئەنفالی چوار و کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە:

**١٩٨٨/٥/٣** سێ فڕۆکەی سیخۆی جەنگیی عێراقی هاتنەسەر ئاسمانی ناوچەکە و پاش سوڕانەوەی چەند جارێک بەسەر ئاسمانی ناوچەی گوندەکانی (گۆپتەپە و عەسکەر)دا، ئێمە چەند سەد مەترێک لەگوندی گۆپتەوە دوور بووین، تەنها ئاوی ڕووبارەکە لە نێوانماندا بوو. بینیمان چەند شتێکی سپی لەفڕۆکەکانەوە فڕێدرانە خوارەوە، سەرەتا وامانزانی کاغەز و بڵاوکراوەیە.. بۆ ئاگادار کردنەوەی گوندنشینەکانە، بەڵام دواجار بینیمان لەگەڵ گەییشتن بەزەوی دەنگی بۆمب و دوکەڵ بەرز بۆوە، چەند بۆمبێکی لەناو گوند..چەند بۆمبێک لەناو ئاوی ڕووبارەکە.. چەند بۆمبێکی لەناو سەوزاییەکانی سەر زێکەدا کەوتەخوارەوە، لەمبەر و ئەوبەری زێکە و ناو سەوزاییەکاندا ماڵێکی زۆری تێدا بوو کە هەرجوتیارێک خانویەکی لەناو کێڵگەکەی خۆیدا دروستکرد بوو.. تەماتە و بامێ و باینجان و هەموو جۆرە سەوزەیەکیان تێدا دەچاند، چەند مانگێ بەهار و هاوین و پایز و وەرزی کشتوکاڵ تیایدا دەژیان و کاریان تێدادەکرد، زۆرجاریش بەهۆی تۆپباران و بۆمبارانی فڕۆکەوە لەو خانوانەدا دەمانەوە و نەدەچوونەوە ناو گوند. ئەو چەند بۆمبەی کەوتنە ناو ئاوی زێکەوە چەند سەد مەترێک لەئێمەوە دووربوو..بۆمبەکان دەنگیان زۆر کەمبوو ترپەیەکی نەرم و کەمیان دەهات پێمان وابوو، بەهۆی ئاوی ڕووبارەکەوەیە دەنگی کەمە و بە بۆمبی ئاسایی تێگەییشتین. بەهۆی ئەو هێزەی لەبەرامبەرمان بوو چاومان لەسەر گوندی گۆپتەپە و سەر زێ لادا و چاودێری دوژمنمان دەکرد، پاش نیوکاتژمێر.. چەند پێشمەرگەیەک لەناو گوندەکەدا بوون هاتنە سەرەوە چاویان سوور بوو تەنگە نەفەس بوون.. وتیان ئەرێ ئێوە چۆنن؟ وتمان: ئێمە ئاساییین بۆ هیچ شتێکی نائاسایی ڕوویداوە ؟

وتیان: ئەی ئاگاتان لێنیە ئەو فڕۆکانە کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە و عەسکەریان کرد، لەسەرەتا باوەڕمان نەکرد.. بەڵام بەدووربین تەماشای ناو گوند و سەوزاییەکانمان کرد تێگەییشتین چ کارەساتێک ڕوویداوە، پاش کەمێک بەهۆی پەڕینەوەی خەڵکەوە هەواڵی ڕاستیمان پێگەییشت نزیکەی دوو سەد هاوڵاتی بێتاوان و خێر لەخۆ نەدیو.. لەژن و منداڵ و پیر و سێ پێشمەرگە شەهید بوون و ژمارەیەکی زۆر بریندار هەیە، برینداەکانیان بە کەڵەک لەزێکەوە پەڕاندەوە بۆ بەری کۆیە تاکو لەوێوە بیانبەن بۆ نەخۆشخانەکانی شۆڕش لەدۆڵی (سماقوڵی) و ناوچە ئارامەکان. دوژمن لەڕۆژی پێشووەوە ئاوی بەنداوی دوکانی بەشێوەیەک بەردابووەوە ڕێڕەوی ڕووبارەکە لێواولێو بوو لەئاو و هاژە و لرفەی گوێی کاس دەکرد، هەموو زەوییە کشتوکاڵیەکانی ڕۆخی زێی داپۆشیبوو کەساڵانێکی زۆربوو ئاوی ڕووبارەکە تەنها بۆماچێکی پڕتاوی سەرەڕێش نەگەییشتبووە ئەوێ، زۆر بەئاستەم کەڵەک و

بەلەمی لێ دەپەڕیەوە، لەکاتی ئە ولرفە و هاژە و شەپۆلە پان و بەرینەدا وتەی مامۆستا عومری وانەی جوغرافیای پۆلی شەشی سەرەتایم هاتەوە یاد لەوانەیەکدا باسی لەزێی بچووک دەکرد، لەوەڵامی قوتابییەکدا کەلێی پرسی بۆ دەڵێن زێی بچووک؟ مامۆستا لەوەڵامدا.. وتی: لەبەر بچوکی و کەم ئاوی و کورتی ڕووبارەکە لە ئاست دیجلە و فورات و زێی گەورە ئەو ناوەی لێنراوە، لەوکاتەدا وتم مامۆستا عومەر ئەگەر ئەمە ئاوی زێی بچوک بێت ئەبێت زێی گەورە چەندە ئاوی پێوە بێت؟

ڕەنگە هەندێ لەباسە سەرەکییەکە لابدین بەڵام بەهۆی ئەوەی زێی بچوک بووبووە بەشێک لەجێبەجێکردنی پلانی ئەنفالی چوار، بەهۆی بەردانەوەی ئاوەکەی پێم باش بوو هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەم.

## (زێی بچووک) یان ( زێی کەڵوێ):

زێی بچوک چەند ناوێکی تری هەیە لەهەر ناوچەیەک ناوێکی هەیە وەک (چۆمی کەڵوێ، چۆمی ڕیزی، چۆمی کەڵۆسی، چۆمی بادیناوێ، چۆمی خدراوێ، چۆمی پردان)، زێی بچوک ڕووبارێکی کوردستانییە و سەرچاوەکەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە لەناوچەی (پیرانشار) لەسنوری قەزای (سەردەشت)ی ڕۆژهەڵاتەوە دێتە بەشی باشوری کوردستان و لەوێشەوە دەڕژێتە ناو ڕووباری دیجلە.. لەوێشەوە بۆ کەنداو، درێژیەکەی (٤٠٠)سەد کیلۆمەترە و لەبەشێکیدا سنوری دەستکردی کوردستانی باشورو ڕۆژهەڵات دەستنیشان دەکات، لە ڕۆژهەڵات لەسنوری پیرانشار بەنداوەکانی (سێلوێ وکانیە سێو)، (بەنداوی سەردەشت) و لەباشوریش لەسنوری پارێزگای سلێمانی(بەنداوی دوکان)ی لێدروستکراوە، کە ٦٠ کم لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی و (١٠٠) کم لەپارێزگای کەرکوکەوە دوورە.

## شێوازی هونەریی بەنداوەکە:

بەرزی (١١٦.٥)م و درێژی(٢٦٠)م و بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە (٥١٦)م، ڕووبەری ئەو زەویانەی بەنداوەکە ئاوی دەدات (١١٦٩٠)کیلۆمەتر دووجایە، توانای گلدانەوەی(٦.٨)ملیار مەترسێجا ئاوی هەیە، ئەستوری بەنداوەکە لەبنەوە (٥٤) م، لەسەرەوە (٦.٢٠)م، لەلایەن کۆمپانیای(H.P.S)(hydro power station) ڕوسی لە ساڵی١٩٦٠ وێسگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای تێدا دروستکراوە، بەنداوەکە بۆ ئەم مەبەستانە دروستکراوە:

گلدانەوەی ئاوی باراناو..بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەبڕی(٤٠٠)میگاوات بەهۆی پێنج تۆڕباینەوە، ئاودانی (١,٥٠٠,٠٠٠)دۆنم لەدەشتەکانی ناوچەی (هەولێر و کەرکوک) و خواروی کەرکوک و بەشێک ناوچەکانی پارێزگای (سەلاحەدین و دیالە) و بەخێوکردنی ماسی، کەمکردنەوەی مەترسی لافاو و دامەزراندنی بەنداوەکە: بەردی بناغەی لە ساڵی **١٩٥٤** لەلایەن مەلیک (فەیسەڵ)ەوە دانراوە و لەساڵی **١٩٥٩** تەواو بووە.. بەسەرپەرشتی هەردوو کۆمپانیای (بنی دیکن وکۆرلی) لەلایەن کۆمپانیای (دۆمیزبالوتی) فەرەنسییەوە ئەنجامدراوە، ئەم بەنداوە بڕی (**١٤**) ملیۆن دیناری عێراقی ئەو سەردەمەی تێچووە کە ڕۆژانەی کرێکاری ئەو سەردەمە( **٢٥**) فلس بووە، لەبناغەکەیدا مەلیک فەیسەڵ فلسێکی داناوە وەک هێمای بچووکترین دراوی ئەو سەردەمەی عێراق، زێی دوکان پاش تێپەڕبوونی لەبەنداوی دوکان سنوری هەردوو پارێزگای (کەرکوک و هەولێر)ی جیاکردۆتەوە.

زێی بچووک لەسەرەتایەوە **٢١٤٠**م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

پاش ئەو کۆمەڵکوژییە لەسنورەکەدا نائارامی و ڕاکەڕاکێکی زۆر بڵاوبۆوە لەناو خەڵکی ناوچەکە و هێزی پێشمەرگەدا، ئەو شەوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە بۆ شوێنێکی نادیار بەبێ ئامانج و بێبەرنامە ملی ڕێگایان دەگرت و دەڕۆیشتن نیوەی بەرەو ئاراستەی کۆیە و دۆڵی سماقوڵی بەمەبەستی دەرباز کردنی گیانی خۆیان. ژمارەیەک لەزێی دوکان پەڕینەوە بۆ ناوچەی (شوان و شێخ بزێنی).. بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەک کەلێنێک کەلەبەرێک بۆ خۆ گەیاندنە شارەکان یان کۆمەڵگا زۆر ملێیەکان، ژمارەیەکیش بۆ ناوچەی گەرمیان هەندێکیان زوو تەسلیم بوونەوە و هەندێکیان مانەوە لە لێبووردنەکەی **٩/٦** دا تەسلیمبوونەوە، ژمارەیەکی زۆر کەمیان بەپارتیزانی مانەوە و تەسلیم نەبوونەوە، گوندی گۆپتەپە لانەی شۆڕش و کەسوکاری پێشمەرگە و بەئەمەک دەمێک بوو دوژمن لێی تورە و بەداخبوو، چاوەڕوانی دەرفەتێکی دەکرد.. داخی گلاوی خۆی پێدا هەڵڕێژێ وخەڵتانی خوێنی بکات، چونکە دوژمن زیانی زۆری بەدەستی پێشمەرگە و ڕۆڵەکانی ئەم گوندە بەرکەوتبوو، لەساڵی **١٩٨٥** دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری گوندەکەی داو بەخەیاڵی خاوی کۆمەڵکوژی بکات و گوندەکە تەختی زەوی بکات، بەڵام پێشمەرگەکانی تیپی**٢١**ی کەرکوکی مەڵبەندی دووی (ی.ن.ک) بە فەرماندەی مام ڕۆستەم و خەڵکی شۆڕشگێڕی گوندەکە دەرسێکیان پێدان! جارێکی تر ڕوو لەو گوندە و ناوچەکە نەکەنەوە،بەسەدان کوژراوەوە بەپەلەپروزێ خۆیان گەیاندە مۆڵگەکانیان. دوژمن تێگەییشت ئەو گوندە بە کیمیاباران نەبێ هەرگیز ناتوانن پێی گڵاویان بخەنە ناویەوە.. بۆیە یەکەم هەنگاوی شاڵاوەکانی ئەنفالی چوار کیمیابارانکردن و کۆمەڵکوژی گوندی گۆپتەپەبوو، چونکە شکان و کومەڵکوژی گۆپتەپە واتا شکان و چاوشکاندنی هەموو ناوچەکەیە. لەو کۆمەڵکوژییەی گۆپتەپەدا (**١٢٠**) شەهیدی هاولاتی و سێ پێشمەرگە شەهیدبوون و سەدانی دیکەش بریندارببوون، هەندێکیان ئێستەش بەدەم

ئازارەوە دەتلێنەوە، لەئەنفالیشدا(٣٦٠) هاولاتی بێتاوان لە بیابانەکانی خوارووی عێراق لەگەڵ هەزاران ڕۆڵەی دیکەی گەلەکەمان زیندەبەچاڵ کران.

گوندی گۆپتەپە لەپێش ئەنفال نزیکەی سێسەد ماڵ دەبوون، ئێستاش نزیکەی دوو سەد وپەنجا ماڵ گەڕاونەتەوە بەیادی قوربانییەکان و لەگەڵ ئازارەکانیاندا دەژین.

ڕۆژی ٥/٤ ئەم چەند ڕۆژە مامۆستا عەلی عەبدولا.. جێگری فەرماندەی تیپمان بوو فەرماندەیی تیپی دەکرد، کاک عادل شکور فەرماندەی تیپمان بوو ئامادە نەبوو. ئەمڕۆ سێیەم ڕۆژ بوو لەبەرزاییەکانی ڕۆژهەلاتی گوندی (کانی بی و ئەلیاسەسور) سەنگەرمان گرتبوو، سات بەسات هەستمان دەکرد چاوەڕوانی مەرگێکی بێترس و بێباک دەکەین و لێی نزیکدەبینەوە، لەکاتێکدا ڕۆژی پێشوو بەپێش چاومانەوە بەگازی ژەهراوی دوو گوندیان خەڵتانی خوێن کرد و دانیشتوانەکەی کۆمەڵکوژکران، لەمانگی ٣ و ٤ دا لەچەندین داستانی قارەمانانە و بێوێنەدا سەدان هاوڕێ و خۆشەویست و هاوسەنگەرمان لەئامێزماندا گیانیان سپارد،چەندین هاوڕێمان بەبریندارى بەجێمان، لە هێرشەکانی ئەنفالی یەک لەدۆڵی جافایەتی و ئەنفالی دوو لەدۆڵی(قەرەداغ) و لە هەموو خراپتر و ناخ هەژێنتر ئەنفالی سێ بوو لەناوچەی گەرمیان، بەتایبەت گوندی (تازەشار)و ئەو ناوچەیەی کەزۆربەی کەسوکارمانی تێدا بوونە قوربانی و ڕاپێچی گۆڕی بە کۆمەڵی بیابانەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق کران.

شکان و پاشەکشە و لەدەستدانی ناوچەکان کاری نەکردبووە سەر ورەمان، نەتوانین لە پێشمەرگی چاوەڕوانکراو خۆمان ڕانەگرین، ئەو دەمە بیری نەتەوایەتی و گیانی شۆڕشگێڕانە و بیری پتەوی (کۆڕەک) جوامێری پێشمەرگایەتی و خۆشەویستی خاک و گەل ئەوەندە بەهێز بوو شکانمان بەتاکتیکی شەڕ و کاری پێشمەرگانە دەبینی، پێمان وابوو ئیرادەی پۆلاینی پێشمەرگە و گەل بەهیچ هێز و دوژمنێک ناشکێت، لەهەلومەرجی گونجاودا سەردەکەوێت و مافی گەل بەدەستدێنێ، ئەو هۆکارانە قەڵغانێکی بەهێز بوو لەڕووی مەرگی چاوەڕوانکراودا.

لە بەرواری ٥/٤ لەکاتژمێر حەوتی سەر لەبەیانیەوە جوڵە لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، لەبەری باشوری زێی بچوکەوە واتە ناوچەی (شوان، شێخ بزێنی، خاڵخالان، قەلاسێوکە)، لەقۆڵی (بازیان)ەوە کاتژمێر نۆ دوژمن گەییشتە گوندی (عەسکەر) و دەورووبەری. لە قۆڵی ناحیەی (تەکیەی کاکەمەند)ەوە کاتژمێر نزیکی نۆ دوژمن گەییشتە ناحیە ڕووخاوەکەی (ئاغجەلەر).

لەقۆڵی ناحیەی (تەکیەی کاکە مەند بۆ نزیک کاتژمێر دە.. گەییشتە گوندەکانی (تیژە و تلیان)، لەقۆڵی قەرەهەنجیر بۆ ناوچەی شوان لەهەموو لایەکەوە دوکەڵ بوو لەبەر دووری تەنها دوکەڵ دەبینرا، نزیکی کاتژمێر یازدە.. هەردوو قۆڵی گوندی عەسکەر و ناحیەی

ئاغجەلەر بەرەو گوندی گۆپتەپە.. دەستیان بەپێشڕەوی کرد بەپاڵپشتی دەیان تانک و هەلیکۆپتەر.

قۆڵی گوندەکانی تیژەو تلیان بەرەو گوندی ئەسکەندەر بەگی دەستیان بەپێشڕەوی کرد و لەوێشەوە بۆ گوندی گۆپتەپە.

## جموجوڵەکانی دوژمن لەباکووری زێی بچوک وبەری کۆیەوە:

لەبەرامبەرمانەوە.. لەقۆڵی (کەڵکە سماق)ەوە.. بۆ گوندەکانی (کانی سوور و بۆگەند) پێشڕەوی دەستپێکرد و گەییشتنە نزیک گوندی (کێلە زیندان وکاولان)، کاتژمێر دوازدە.. دوژمن بەتەواوی لێمان نزیکبونەوە، بەخولەک چاوەڕوانی دەستپێکردنی تەقەبووین، لەقۆڵی ناحیەی (تەقتەق)ەوە بەسەر زێی دوکاندا بۆ سەرەوە بەرەو ئاراستەی ڕۆژهەڵات دوژمن لەپێشڕەویدا بوو.. دوکەڵ و تۆپباران لەدوورەوە بەچاو دەبینران، لەسەر لەبەیانییەوە لەگوندی (تەکەڵ توو) و بەرزاییەکانی دەوری شەڕ بەسەختی دەستی پێکرد، لە هەموو قۆڵەکانەوە یەکپارچە دووکەڵ و ئاگر بوو، بەهەر لای ئاسماندا دەمانڕوانی هەلیکۆپتەر دەبینرا، تەنها ئاگر و دوکەڵ و تۆپباران و تەپوتۆزی زرێپۆش و تانک بوو، لەئاسماندا لەجێگای خۆر و ڕووناکی.. دوکەڵ و هەلیکۆپتەر بوو کە بەبڵندگۆ بەکوردی بانگی دەکردین و دەیگوت خائینان بۆ کوێ دەچن دەتانگرین و دەستتان دەبڕین! چۆن دەمانڕوانی و بیرمان دەکردەوە وامان دەزانی لەناو گڕکان و مەنجەنیق و مەشخەڵێکی داخراو داین، بەڵام وەک شێرێکی بریندار هەنگاومان دەنا. زۆر سەیروسەر سوڕهێنەرە کاتێک مروڤ دەگاتە ئەو کاتەی کەدڵنیایە لەمردنی و لەسەرکات وسات وەستاوە، هیچ ئومێدێک بەژیان نامێنێ، ئیتر ترس نامینێ وەک مرۆڤی ڕۆبۆت هەنگاو دەنێیت.. لەشت وەک سڕکراو وایە، مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی دڕندە دوور لەترس و هەست و سۆز.. لەدوژمنەکەی دەگەڕێ.. تاکو پێش گەییشتنی مەرگی! دوژمنەکەی.. هەلاهەلا بکات، نازانم چۆن لەم بۆچوونەم دەڕوانن و لێکی دەدەنەوە، بەڵام من خۆم چەندینجار مەرگ یەخەی پێگرتووم، ئەو کاتەی هیچ ئومێدی ژیانم نەماوە، ئەو حاڵەتەم بینیوە. نزیکی کاتژمێر دوازدە.. دوژمن گەییشتە نزیک گوندی گۆپتەپە.

لە قۆڵی خۆمانەوە دوژمن بەتەواوی لێمان نزیکبونەوە، بەخولەک چاوەڕوانی دەستپێکردنی تەقە بووین. لەخوارەوە لەناو گوندەکەوە هاوار کرا دابەزن بڕیاری کشانەوە

دراوه. بەسێباز بەسکی خاڵی و برسی وەک ئاسک خۆمان هەڵدایە خوارەوە. وتمان ڕوو لەکوێ بکەین.. بۆ کوێ بچین.. هەموو سنوورەکە لەهەر چوارلاوە دوکەڵ و ئاگرە، وەک مەنجەڵی سەر ئاگر قوڵپ ئەدات، بەرەو کوێ هەنگاو هەڵبێنین وەک مانگ و ئەستێرە ڕوو لەهەر کوێی ئاسمان دەکەیت هەلیکۆپتەرە. بەرەو ئاراستەی باکور قەزای کۆیە بەڕێکەوتین. کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ.. بەرۆییشتنێکی خێرا کەنیوەی ڕێگاکەمان بەڕاکردن بڕی گەییشتینە گوندی خرابە. نزیکەی دووسەد پێشمەرگە دەبووین لەوێ مامۆستا عەلی عەبدوڵلا و کاک شێخ جەعفەرم بینی. پاش کەمێ حەوانەوە بەرێکەوتین بەرەو گوندی قوڵقوڵە لەدەشتە تەختاییەکەی نێوان هەردوو گوندی(خرابە و قوڵقوڵە)دا شەش کۆپتەر هاتنە سەرمان و بەئاسمانی سنوورەکەدا دەسوڕانەوە، بەبڵندگۆ بەزمانی کوردی شێوەزاری سۆرانی و ڕوون.. ڕەوان دەیگوت: خائینان دەستدرێژکەران وەرن خۆتان ڕادەست بکەن بۆکوێ دەچن بەدواتانەوەین دەتانگرین و دەستان دەبڕین . دەسوڕایەوە و ئەم ڕستەیەی دووبارە و سەد بارە دەکردەوە. ئێمەش ئەم هەموو پێشمەرگەیە بەرەو شیوێک ڕامان دەکرد کە دووسەد مەترێک لێمانەوە دووربوو. کوڕێکی پورزام تازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی پێم وتبوو لەمن دوورمەکەوە.. بەدوامەوە ڕایدەکرد زۆر شپرزەو تێکچوو بوو وتی: ئەرێ ئەوە بەخۆمان دەڵێ؟ لێی توڕەبووم وتم:

- ڕاکە توشی شەرمەزاریمان مەکە ئێمە لەکوێ دەبینێ بەو ئاسمانەوە هەر لەخۆیەوە وادەڵێ ، باگاڵتەمان پێنەکەن، بانەڵێن دەترسێ ڕاکە لەمن دوور مەکەوە.

- باشە ئەی بەکێیەتی، جگە لەخۆمان کەسیتر لەم سنورە نییە، ئەگەر بەخۆمانی نییە.. بە کێیەتی.. گوێت لێیە چیمان پێدەڵێ ؟

هەموومان لەو زیاتر دەترساین، بەڵام کەسمان وا خۆمان نیشان نەدەدا، دەمویست ترس وای لێنەکات توانای ڕاکردن و خۆدەربازبوونی نەهێڵێ.. بۆیە وام دەگوت لەو باشتر دەمزانی بەئێمەیەتی، بەڵام بۆ تەقەمان لێناکات ئەو نهێنییەم نەدەزانی.

شەڕ لەگوندی(تەکەڵتوو) گەرمبوو.. ئاسمان و زەوی گوندەکە ئاگر و دوکەڵ بوو، دەیان هەلیکۆپتەر بەسەر شەڕەکەوە بوون بەپێش چاومانەوە لەبەرزاییەکانی نزیک گوندەکە هەلیکۆپتەرەکان دەنیشتنەوە. بەداخەوە لەو شەڕەدا نزیکەی پازدە پێشمەرگەی قارەمانی تیپەکانی (١٧ی زمناکۆ) و(٥٥ی قەرەداغ)ی مەڵبەندی یەکی لێبوو.. تا نزیک ئێوارە شەڕێکی قارەمانانەی بێ وێنەیان کرد، دواجار بەهۆی نەمانی فیشەک و تەقەمەنیەوە هەموو لەگوندەکەدا شەهید بوون.

هەرچۆنێک بوو.. گەییشتینە چەمێک.. پێموابێ دۆڵی (کانی ڕەش)یان پێدەگوت. بەو چەمو هەرد و هەڵەتانەدا گەڕایینەوە بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوا و جادەی (کۆیە و تەقتەق).. بەنزیک گوندی (ناصر ئاغا)دا تێپەڕین. لەقۆڵی کۆیە و تەقتەقەوە دوژمن زۆر پێشڕەوی

کردبوو، گوندەکان هەمووی دەسووتان لەهەموو گوندەکانەوە تەقەبوو لەهەموو لایەکەوە گوللەی ئاگردار بوو.

لەبەر پاراستنی گیانی پێشمەرگە و بێکێشە و شەڕ.. دەربازبوون، بەهێواشی و ئاگادارییەکی زۆرەوە ڕێگامان دەبڕی، چەند پێشمەرگەیەکی دەشتی کۆیەمان لەگەڵ بوو وەکو چاوساغ. نزیکەی کاتژمێر سێ.. نزیک جادەی کۆیە تەقتەق بووینەوە، هێزەکە وەستان و دەستەیەک پێشمەرگە لەگەڵ شارەزاکان چوون جادە گشتییەکان تاقیبکەنەوە، بۆ دڵنیابوون لەنەبوونی بۆسەی دوژمن. زۆر ماندوو بووین.. دوازدە کاتژمێر بوو بەڕێگاوە بووین لەهەر کوێیەک خولەکێک دابنیشتینایە خەومان لێدەکەوت. من لەگەڵ دانیشتن خەوم لێکەوت هەستم کرد شتێک چووەتە لوتمەوە دەستم برد بۆ لوتم گوێم لێبوو دەنگی پێکەنین دەهات، چاوم کردەوە بینیم حەمە چاوجوانی دووزە بەپوشێک خەریکی لوتمە، وتم هەی لەقوڕت نێم ئێسە وەختی ئەوەیە. پێشمەرگە هیچ شتێک ڕێگەی لەگەمە و گاڵتەکردنی نەدەگرت، تەنانەت لەکاتی سەرەمەرگیشدا بەتایبەت من و حەمە چاوجوان و شەهید فاروق و غایب حسێن و چەند هاوڕێیەکی دیکەمان.

ڕۆژی **١٩٨٨/٥/٥** نزیکەی کاتژمێر چواری بەیانی بەشارەزایی (بورهان شەوگێڕی) لەنزیک گوندی (کونە گورگ).. لەجادەی کۆ یەو تەقتەق پەڕینەوە، زۆر لەجادە دوورنەکەوتینەوە لەبەر ماندوێتی و برسێتی هێزمان لەبەربڕا بوو، بەدەم ڕێکردنەوە دەستەدەستە پێشمەرگە لایدەدا دەخەوت. نزیکەی کاتژمێرێک خەوتین و حەواینەوە لەگەڵ دەرکەوتنی هەتاودا لەترسی کۆپتەر وردەوردە بەڕێکەوتین نزیکەی کاتژمێر دە گەییشتینە گوندی (دار بەسەرە) گوندەکە نەڕووخابوو بەلام کەسی لێنەبوو هەندێ نانی وشکیان داینێ خەوتین وحەساینەوە تا دوانیوەڕۆیەکی درەنگ. کاتژمێر پێنج بەڕیزی دوودوو بەڕێکەوتین بەرەو ئاراستەی باکور بۆ سەر ڕێگای (کۆیە و دێگەڵە) چەند سەد مەترێک لەگوندەکە دوورکەوتینەوە هێشتا نیوەی پێشمەرگەکان لەناو گوندەکەدا بوون خۆم یەکێک بووم لەوانە، سێ هەلیکۆپتەر لەئاراستەی کۆیەوە بەرەو ڕوومان هاتن مامۆستا عەلی کە جێگیری فەرماندەی تیپ و هێزەکەمان بوو هاواری کرد کۆپتەر هات دانیشن خۆتان بدەن بەزەویدا ئەوەی نزیکە بگەڕێتەوە ناوگوندەکە، پێشمەرگەکان زوو خۆیان بەزەویدانەدا مامۆستا عەلی تووڕەبوو خۆتان بدەن بەزەویدا خوا ماڵتان برمێنێ ئەڵێی دار........بڕی هیچی نەوت. مامۆستا عەلی فەرماندەیەکی جوامێر و بەپەرۆش بوو بۆ پێشمەرگە زۆر واقعی و لە ڕووبوو قسەی لەکەس قوت نەدەدا و لەهەموومان تووڕە دەبوو. هەموو پێشمەرگەکانی گەرمیان لەسروشتی مامۆستا عەلی تێگەییشتبوون، کەس لەقسە و تووڕەبوونەکەی دڵگران نەدەبوون. من هەمیشە وەک برایەکی گەورە و بەڕێزەوە لەدڵسۆزی و خەمخۆریم ڕوانیوە و ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەو فەرماندە بەڕێز و ماندوو دڵسۆزە هەیە. پاش گەییشتنمان بەناوچەی ئازاد و گوندی

(سماقوڵی) دەمانگوت مامۆستا دەتویست پێمان بڵێی دارتان قوتداوە یان دار لەقونتانە وا ناتوانن بچەمێنەوە؟ دەیگوت: درۆ دەکەن وام نەوتووە.

کۆپتەرەکان نەهاتنە سەرمان.. ڕۆییشتن پاش تاریکبوون لەنزیک (شیواشۆک)ەوە لەجادەی کۆیە دێگەڵە پەڕینەوە پاش تاقیکردنەوەی جادە و دڵنیابوون لە نەبوونی بۆسەی دوژمن، پاش پەڕینەوەمان بە ڕێگایەکی پیادەدا بەناو دەربەندێکدا سەرکەوتین بۆ چیای (باوەجی)، لەڕێگا لەکاتی ڕۆییشتندا مامۆستا عەلی بەڕیزەکەدا پێش و پاشی دەکرد بۆ دڵنیابوون لە بەجێنەمانی پێشمەرگە و ڕیزەکە، بەبێتەلەکەی بانگی شەهید حەمە چاوجوانی دەکرد و دەیگوت (چاوجوان چاوجوان)، چەند جارێ دووبارەی کردەوە وەڵام نەبوو تووڕە بوو کردیە (چاو قۆڕ چاو قۆڕ) دیسان وەڵام نەبوو، بێتەلەکەی کوژاندەوە و بەدەنگی بەرز هاواری کرد چاوجوان چاوجوان وەڵام نەبوو.. ئینجا وتی چاوقۆڕ چاو قۆڕ ئێمە هەموومان دامان لە قاقای پێکەنین لێمان تووڕەبوو.

چووینە سەر چیا دانیشتین هەندێ حەساینەوە ڕەبیەیەک بە لوتەکەی چیاکەوە لەسەرسەرمان بوو پێموایە قوتەی (حاجی عەلی)بوو پێشمەرگە گوێی لێنەبوو دەستیانکرد بەجگەرە داگیرساندن و لایت لێدان. مامۆستا عەلی چەند جارێ داوای لە پێشمەرگەکان کرد کەس جگەرە نەکێشێ و لایت لێنەدات تائێرە بێزیان بووینە لەم کۆتاییەدا با توشی زیان نەبین. تووڕەبوو وتی ئەرێ.. وتمان کەس لایت و جگەرە نەخوات، بێسوود بوو مامۆستا عەلی هەستایە سەرپێ و وتی هەی هیچوپوچینە.. من دەڵێم لایت لێمەدەن و جگەرە مەکێشن گوێی پێنادەن، لایتەکەی خۆی کردەوە و دەستی بەرزکردەوە و بە سەرسەریەوە دەیسوڕانەوە و هاواری دەکرد سەگبابانە بۆ تەقە ناکەن؟ ڕەبیەکە ئاربیجیەکیان نا پێمانەوە بەسەرماندا ڕۆییشت.. پێشمەرگە هەریەکەی بەلایەکدا ڕایکرد. مامۆستا وتی ڕامەکەن خوێڕیانە ڕامەکەن وەرن بابچین بۆ سەر ڕەبیەکە من دەڵێم و ئێوە گوێ ناگرن. ئەو شەوە مامۆستا عەلی ئەوەندە پێش وپاشی ڕیزەکەمانی کرد بۆ پاراستن و دانەبڕانمان زۆر ماندوو بوو.. لە دابەزیندا لە چیاکە بورایەوە.. پاش چەند خولەکێک بەئاگا هاتەوە. لەچیاکە چووینە خوارەوە بەسەر ئاوێکی سپی بۆنداردا ڕۆیشتین نزیکی گوندی (کرۆز)ە بۆنی گۆگردی لێدەهات، بۆ نزیکەی کاتژمێر نۆی بەیانی گەییشتینە گوندی (سماقوڵی گرتک) کەبارەگای تیپی **٩٠** ی باوەجێ مەڵبەندی سێی لێ بوو.. کاک (جەنگی فەقیانەیی) فەرماندەی بوو.

ئەنفالی پێنج وشەش و حەوت:

ئەم قۆناغە **٥/١٥** تا **١٩٨٨/٨/٢٨** خایاند.پاش کۆتایی هاتنی ئەنفالی چوار و سوتاندن و تەختکردنی ناوچەکانی (شوان و شێخ بزێنی و قەڵاسێوکە و دەشتی کۆیە) هەموو هێزەکانی ئەو سنورە و سنووری مەڵبەندی یەک بوون، بەهۆی ئابڵوقەی دوژمن و نەبوونی ڕێگا بۆ دەربازبوون و پەرتەوازەی و تێکچونی شیرازەی هێزەکان، هەندێک لە پێشمەرگە لێرە و

لەوێ بەتاک و بەدەستە لەهەوڵدا بوون بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەک.. بۆ خۆخزاندنە ناو شارەکان تاکو خۆیان دەرباز بکەن، هەندێکی بۆ خۆڕادەستکردنی بە دوژمن و هەندێکی بۆ درێژەدان بەخەبات و تێکۆشان بۆ سنورەکانی ناو شوان و جەباری و هەمەوەند و گەرمیان گەڕانەوە.

بەشی هەرە زۆری هێزەکانی مەڵبەندی یەک لەسەدا هەفتا بۆ سەرەوە گەییشتنە سنورەکانی مەڵبەندی سێ و دەربازبوون. ئێمە هێزەکانی مەڵبەندی یەک بەتایبەت گەرمیان ڕۆژی **٥/٦** گەییشتینە گوندی (سماقوڵی گرتک). هێزێکی زۆر ماندوو چوارجار و لەچوار ناوچەی جیاجیا شکابوو. هەواڵی پەلامار و هێرشی دوژمن هەبوو بۆ ناوچەکانی سنوری مەڵبەندی سێ، شۆڕش لەپلانی دوژمن ئاگادار بوو، سەرقاڵی پلان و ڕێوشوێنی بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن بوون. هێزەکانی مەڵبەندی سێ.. ڕێوشوێنی پێویستیان گرتبوەبەر، لەسەرکردایەتی.. سەبارەت بەهێزەکانی مەڵبەندی "یەک و دوو و تایبەت"ی مەڵبەندی یەک دوو بۆ چوون هەبوو:

یەکەمیان: پێیان باشبوو شەڕگەیەکمان پێ بسپێرن بۆ بەرگریکردن لەو سنورە.

دووەمیان: کە زۆرینەبوون پێیانوابوو ئەم هێزە نابێت لە ئێستادا بخرێتە شەڕەوە، لەبەرئەوەی لەچوار ناوچەی جیاجیا لەئەنفالی ( **١** و **٢** و **٣** و **٤** ) شکاون.

ژمارەیەک فەرماندە و پێشمەرگە لەسنورەکانی خۆیان ماونەتەوە و ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندار و دابڕان و تەسلیمبونەوەیان هەیە.. لەفەرماندە و پێشمەرگە.

بۆیە دەبێت ماوەیەک لەشوێنێکی ئارام بحەسێنەوە و تەشکیلەیەکی تازەیان بۆ بکرێت، ڕۆژانە چەند کۆڕ و کۆبوونەوەیەک ئەنجامبدەن.. تا لەڕووی سایکۆلۆژی و سەربازی و بیری نەتەوەیی و کاری ڕێکخراوەییەوە نوێ ببنەوە.

کار بە بۆچوونی دووەم کرا.. بڕیاردرا هێزەکانی مەڵبەندی یەک بچنە بناری (قەندیل و دۆڵەکۆکە). گوندنشینەکانی سنورەکە لەترسی چەکی کیمیایی و تۆپباران وپەلاماری دوژمن زۆربەیان گوندەکانیان چۆڵکردبوو، هەندێکی بەرە و شار و کۆمەڵگەکانی دەوروبەر ڕۆییشتبوون بۆ خۆدەربازکردن لەترسی ئەو مەرگەی کەیەخەی بەهەموو کورد و تایبەت ناوچە ئازادەکان گرتبوو.

ئەو شەوە لەگوندی (سماقوڵی گرتک) حەساینەوە، سبەی ڕۆژی **٥/٧** بەچیای (ئاوەگرد)دا کە درێژبوونەوەی هەمان چیای (سەفین)ە.. بەرەو باشوور هەڵگەڕاین و چووینە گوندی نازەنین. نازەنین هەرخۆی نازەنین! بەنزیکی چوار کیلۆمەترێک دەکەوێتە باشوری ناحیەی (هیرانی) سەربە قەزای (شەقلاوە). بەقەدپاڵ و دامێنی چیای ئاوەگردەوە ڕووبە ڕۆژهەڵاتە، لەگەڵ دەرچوون و گزنگی ڕۆژدا هەزاران دیمەنی ڕۆمانسی و هەست بزوێن

دەبینران، ئەوەندە جوان و دڵگیر لە بوکی کوردستان دەچێت، جوانی و دڵگیرییەک هەرگیز ناتوانی بەنوسین گوزارشتی لێبکەیت.

دانیشتووانەکەی ئێرەش..گوندەکەیان چۆڵ کردبوو، ئەوانەشی مابوون لەناو ئەو خانوە بچووکانەدا بوون کە لەباخەکانیاندا بۆ کاتی بەرهەم کۆکردنەوە دروستیان کردبوو. خواردن و نان و پێداویستی ڕۆژانەمان زۆر کەم بوو، بەردەوام بەملاو بەولادا دەگەڕاین بۆ ئەوەی پارچەیەک نانەڕەق یان ساوەر یان شتێکیتر لەناوخانووی باخەکاندا بدۆزینەوە. شەهید کاکە هەندێ نانەڕەقی لەناو باخێکدا دۆزیبۆوە.. هیچی دەست نەکەوتبوو تیایدا بیهێنێ سەرینێکی بینی بوو بەرگەکەی کردبوەوە و تێیدا هێنابووی. نیوەڕۆ نانەکەمان تەڕکرد تاکو لەگەڵ شۆربایەکدا بیخۆین لەپڕ پیرەژنێکمان لێ پەیدابوو هاتە نزیکمان بەتوڕەیەوە وتی:ئێوە بەرگی بالیفی مە هێنایە. شەهید کاکە وتی ئەرێ ئەوە چۆن قسەدەکات ئەوە کوردییە؟ بۆ خاتری خوا چی ئەڵێ واتوڕەیە ئێوە لێی تێدەگەن؟ وتم:

- ئەڵێ ئێوە بەرگی سەرینەکەی منتان هێناوە؟ وتی :

- ئەرەوەڵا من بەرگەسەرینێکم هێنا بەنانەکەوە ڕەنگە ئەوە بێت.

-لەکوێیە پێش ئەوەی ببینێ بچۆ بیشارەوە، دوایی لەکوێ هێناوتە.. بیبەرەوە، لەم قسانەدا بووین بەرگە سەرینەکەی بەقەد کوانووەکەوە بینی، کردی بەهەرایەک.

-ئەمن دەرێم ئێوە هێناوتانە دەرێن نا، نانەکەتان هێنا لۆ بەرگی بالیفەکە دێنن، لۆ وا دەکەن؟ بەخودای شکایەتتان لێدەکەم.. بەرگە سەرینەکەی برد تاکو لەچاو ونبوو قسەی کرد و بۆڵەی هات و دەنگی دەهات. شەهید کاکە وتی:

-ئەرێ ئەمە کەی کوردە.. خۆمن وشەیەکی لێتێنەگەییشتم.. توخوا ئەرێ ئێوە تێگەییشتن. بەکرە سووری خوشکەزای شەهید عەلی فەقێ مستەفایی فیشەکێکی لەدەست دەرچوو لەپێی خۆیدا و بریندار بوو.

ڕۆژی ٥/٨ لەگوندی نازەنین بەڕێکەوتین چووینە گوندی (کاموسەک) لەوێوە بۆ گوندی (کونە فلوسێ) و بەچیای (هەورێ) دا سەرکەوتین.. چووینە گوندی (چیوە)، بۆ ئێوارە چووینە گوندی (شیرێ)، دانیشتوانەکەی بەزۆری لەگوندەکەدا مابوونەوە. لەماڵان دابەش بووین و کەمێ خواردن و حەوانەوەکەمان باشبوو. ڕۆژی ٥/٩ لەشیرێ دەرچووین لەخوارەوە وتیان بەم چیایەی ڕۆژهەڵاتی گونددا سەردەکەوین.. کە مانگێک پێش ئێستا پێیدا هاتینە خوارەوە، پێموایە ناوی (حەسۆ میرخان)بوو. لەخوارەوە بەرز و لووس دیاربوو.. هەرگیز باوەڕ ناکەی ڕێگای سەرکەوتنی هەبێ. دەگێڕنەوە پیاوێکی ناشارەزا لەگەڵ ژمارەیەک خەڵکی ناوچەکەدا لەچیاوە دێنە خوارەوە، کاتێک دەگەنەخوارەوە لەنزیکی گوندەکەوە ڕوو وەردەگێڕێ و زۆر تەماشا دەکات هیچ ڕێگایەک نابینێ.. تەنها چیایەکی ساف ولوس کەلەخوارەوە بەدیوار دەچێت، دەڵێت ئەرێ ئێمە لەکوێوە هاتینە خوارەوە؟ هاوڕێکانی بەئاماژە

پێی دەڵێن بەوێدا، کابراش دەڵێت: بەو چیا بەرز و توش و لوسەدا، تەلاقم کەوتبێت لەوێوە نەهاتووین و هیچ ڕێگایەکی لەسەر نییە، ئەو چیایە دەڵێی بەتەوشێ (تەشوێ) تاشراوە.. ڕێگای لە کوێوەیە. ئێمەیش بەشوێن تەلاقی کابرادا.. تەلاقمان پێداکێشاو وتمان ڕێگای نییە و دواجار بە شوێن تەلاقی هەمووماندا کە نەمانبوو بەو چیا بەرز و توشەدا سەرکەوتین، بەدرێژی ڕێگا هەر پێشمەرگەبوو لای دابوو پەکی کەوتبوو. پێشمەرگەیەکم بینی لەسەر پشت کەوتبوو هاواری دەکرد ئای باوکەڕۆ مردم مێشکم تەقی، دکتۆر کەریمی تیپەکەمان لایدا وەستا، وتی: ئەوەندە ئارەقت کردووە فشاری خوێنت دابەزیووە، هەندێ خوێی کردە ناو قومقومەکەی و کەمێ ئاوی تێدابوو شڵەقاندی، وتی بیخۆ پێنج خولەکێک بەڕاکشاویەوە پێت بکەرە بەرزی ئێستا باش دەبیت. تا ئەو کاتە شتی وام نەدەزانی کەئارەقەی زۆر فشاری خوێن دادەبەزێنێ و دەرمانی چاکبوونی خوێیە.. بەپێچەوانەشەوە دکتۆرەکان بەخوێ و شەکریش دەڵێن ژەهری سپی، خوێش زەهری سپییە..زۆر بەکارهێنانی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و جەڵتە و مەرگ و کۆتایی ژیانی پێوەیە. لەشەڕ و بەرگری لەتیرۆریستانی (داعش) لە **٢٠١٤/٨/١٣** لە(نەقشبەندی) نزیک ناحیەی (گولاڵە) دونیا زۆر گەرم بوو.. عەرەقەیەکی زۆرمان دەکرد، لەبەر خۆربووین شوێنێک سێبەرێکمان نەبوو. چەند (گەریلا)یەکی (پەکەکە)م بینی دەبەیەکی ئاوی لێڵی سپیان پێبوو.. هەر پێنج خولەک جارێک قومێکیان لێ دەخواردەوە. لێم پرسین ئەوە چییە دەیخۆن؟

وتیان: خوێ و شەکر و لیمەندۆزییە، بەیەکسانی تێکەڵی دەکەین لەگەڵ ئاودا.. لەکاتی گەرما و ئارەقەکردندا بیخۆیت قەرەبووی ئەو ئاوە دەکات بە عەرەقە لەلەشت دەچێتە دەرەوە.. لەشت وشک نابێتەوە، سەرکەوتینە سەر چیا لەکوێستانەکەی سەرەوە زۆربەی هێزەکە وەستابوو بۆ ئەوەی ڕێگای لێ وون نەبێت. لەوێدا ڕێگاکە دەبوو بەدوو ڕێگا بەلای چەپدا بەرەو باکور بۆ گوندەکانی (مەلەکان و گەرەوانی سەروو، گەرەوانی خواروو) دەڕۆیشت، بەلای ڕاستدا بەناو دوو چیای بەرز و کوێستانێکدا بۆ(ساوسێکە و چیای کاروخ و گەرووی مەنجەڵ) گوندی (وەرتێ) دەچوو. هەندێ بریندارمان لەگەڵ بوو بەتەواوی شەکەت بوون. کاک عەلی شکورم بینی کەئێستا لەبەریتانیا دەژی فەرماندە و پێشمەرگەیەکی جوامێر و قارەمان بوو.. فەرماندەی مەفرەزە بوو لەکەرتی **٥**ی تیپی (**٥١**)ی گەرمیان پێش ماوەیەک لاقێکی لەشەڕێکدا شکابوو تازە چاکبووبۆوە، گۆچانێکی پێبوو بەئاستەم دەڕۆیشت. چەندین بریندار حاڵیان لەو خراپتر بوو. بۆ ئێوارە لەچیای (کاروخ و گەرووی مەنجەڵ) دا شۆڕبووینەوە.. بۆ شەو گەییشتینە گوندی (وەرتێ)، گوندێک لێوانلێو لەجوانی و دڵڕفێنی. سەرنجڕاکێش و ئاو و هەوایەکی خۆش و سازگار. ئەوەندە جوان و ڕازاوەبوو لەبووک دەچوو. دانیشتوانێکی میوان دۆست وبەڕێز، شۆڕشگێڕ و خەمخۆری پێشمەرگە و شۆڕش، شەو و

ڕۆژێک لەوێ ماینەوە زۆر خزمەتیان کردین و حەساینەوە. ئێوارەی **٥/١٠** ئەو هێزانەی مەڵبەندی یەک و تایبەتی گەرمیان کە لە گوندی وەرتێ بووین دەمەوبەیان بەڕێکەوتین لەجادەی خانەقاپەڕینەوە. لەکاتی پەڕینەوەمان چەند جاشێک لەسەر ڕێگاکەدا وەستا بوون بۆ پاراستنی ڕێگا و ڕێنوینی ئێمە. بەهۆی ئەوەی مانگێک پێش ئەو بەرواره لەشەڕی ئەنفالی یەک گەڕابووینەوە بەو ڕێگایەدا هاتبووین کێشەی شارەزاییمان نەبوو. هێزەکە زۆر ماندووبوو، لەجادە و نەمانی مەترسی دوژمن دووركەوتینەوە.. زۆربەی بەمبەرو بەوبەری پیادە ڕێگاکەوە لایدابوو. من و (حەمە چاوجوانی دوز و غایب حوسێن و سامی فازڵی کنگربانی) لە ئەنفالی یەکدا لەنێوان بەرزاییەکانی گوندی (سنگر) لەڕۆژی **٣/١٦** لەشەڕێکی قارەمانانەدا لاقێکی بریندار ببوو،سامی برینەکەی لاقی ئاو سابوو نەیدەتوانی بەڕێدا بڕوات ئێمەش بەردەوام دەمانووت سامی غیرەت بەخۆت بدە هیمەت بکە زۆرمان نەماوە.

بەناچاری پێی وتین کاکە ئێوە بچن من بەپێی توانای خۆم دێم.. بەخوا لەوە زیاتر توانام نەماوە هەندێک ماڵ لەسەرووی جادە قیرەکەوە بوو.. کەوتبووە دامێنی چیاکەوە غایب و پێشمەرگەیەکی ترمان نارد تاکو گوێدرێژێک یان ئێسترێک بێنن.. سامی بخەینە سەری، لەسەر ڕێگاکە چاوەڕوان بووین لەو کاتەدا کاک (عومەر فەتاح)ی بەرپرسی دارایی مەڵبەندی یەک بەژمارەیەک پاسەوانەوە هات.. وتی ئەوە بۆ لێرە دانیشتوون؟ وتمان: ئەم هاوڕێیەمان بریندارە.. ناتوانێت بەڕێدا بڕوات پێشمەرگەمان ناردووە بۆ گوێدرێژێک چاوەڕوانی گەڕانەوەیان دەکەین. بەدەم ڕۆییشتنەوە وتی: نا وانییە خۆتان دواخستووە.. تاکو بچن خۆتان ڕادەستی دوژمن بکەنەوە، ئێمەی بێئاگا لەچارەنووسی کەسوکارمان توڕە لەبەرپرسەکان.. کەتوشی چ مەترسی و ماندوبوونێکیان کردین.. تا گەییشتینە سنوری چەمچەماڵ و ناوچە ئازادەکان، لێرەش هەنگاو دەنێین بۆ چارەنوسێکی نادیار، کەچی لەجێگای دڵنەواییمان سوکایەتیمان پێدەکرێ. ئەوەندە بەتوڕەییەوە گوتمان نەخێر وانییە ئێمە پێشمەرگەی گەرمیانین.. هەندێ لەبەرپرسە ترسنۆکەکانمان ڕایانکرد و بەجێیان هێشتین، خۆمان لەگەرمیانەوە بەبێ بەرپرس و بەبێ نان و بەم هەموو مەترسییەدا گەییشتووینەتە ئێرە.. تەسلیم نەبووینەتەوە ئێستا لێرە تەسلیم دەبینەوە؟ ئەگەر بمانویستایە تەسلیم بینەوە.. کەس نەبوو ڕێگامان لێبگرێ، بەپێچەوانەوە پاڵیان پێوە دەناین بۆ تەسلیم بوونەوە، بۆ ئەوەی سەریان سووک بێت. ئەوەندە توڕە بووین ئەو کاتە گیانی لێبوردەیی پێشمەرگانە و بەرپرسیارێتی بەرزبوو، ئەگەر ئەو گیانە نەبوایە زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی دەبوینەوە. بەبێ ئاوڕدانەوە ڕۆییشتن. ئێمەش پاش چاوەڕوانییەکی زۆر.. بەبێ دەستکەوتنی گوێدرێژ بەڕێکەوتین.. بەسەرووی بارەگاکانی (ح.د.ک)دا تێپەڕین پاشنیوەڕۆ گەییشتینە گوندی (قرناقا و پشتئاشان) بەدرێژایی ڕێگا.. چەندین خێزانی سنورەکانی (گەرمیان و شوان و قەڵاسێوکە و کۆیە و سماقولی و شەقڵاوە و بالیسان و ڕەواندز و هەڵەبجە) مان

بینی.. بەپیادە ئەو ڕێگا سەخت و بەردەڵان و چڕەیان دەبڕی چەندین  ژنم بینی بەناو ئەو بەرد و دارەدا بەپێی پەتی خوێن لەپێیەکانیان دەچۆڕا.

خێزانێکی حەوت کەسیم بینی، ژنێکی کامڵ لەدایکیان دەچوو.. زۆر ماندوو دیاربوو، پێڵاوێکی گەورەی پیاوانی لەپێدابوو.. بەپارچە پەڕۆیەک بەپێیەکانیەوە توندبەستبووی، دیار بوو لەڕێگا پێیاندابوو. هەندێ منداڵی لەگەڵ بوو یەک لەوانە کچێکی نۆ ساڵان دەبوو.. زۆر ماندوو دیاربوو.. ڕەش ڕەش هەڵگەڕابوو، بەپێخاوسی بەسەر ئەو زیخ و بەردانەدا دەڕۆییشت کوڕ و کرژ بووەوە، کچێکی تەمەن چواردە ساڵی دیکەی لەگەڵ بوو پێخاوس لەمان ماندوو تر.. پرچ و سەر ئاڵۆزکا و لەئازاری پێیەکانیدا کرژبوو بوو. بەو دیمەنانە ئاگر لەهەناوم بەربوو خوشکە نازدارەکانی خۆمم هاتەپێشچاو لەدڵی خۆمدا دەمگوت ئاواز گیان بەناز گیان شلێر گیان ئێوە لەکوێن.. کێ دەڵێ حاڵی ئێوە لەمان خراپتر نییە. بەدەم ئەو خەیاڵەوە ملی ڕێگام گرتبوو بەدەم هاوارکردنەوە. چەند فیشەکێکم کرد بەئاسماندا هاوارم دەکرد خوا تۆ لەکوێی، بۆ بێدەنگی.. دەڵێن ئاگات لەخشەی گیانلەبەرە خشوکەکان هەیە.. ئەی بۆ بێئاگای لەکۆمەڵکوژی و هاواری میللەتێک کە لەهەموو میللەتانی جیهان زیاتر دەتپەرستن لەکوێی؟

ئەڵێن لەئاسمانیی.. بەو سەرەوە.. گوێت لە هەموو هاوار و ئازاری ئەو کچ و ژنانە نییە؟ گوێت لەتەقەکانی منیش نییە؟ وەڵاممان بدەرەوە، لەیادمە وەک شێت هاوارم دەکرد بەڵام نەمدەتوانی بگریم. نەمدەتوانی لەگەڵ ئەشکدا ئازارەکان فڕێ بدەمە دەرەوە، هەندێکیان بەسواری وڵاخ ترس وماندوێتی و شەکەتییەکی زۆر بە سیمایانەوە دیار بوو.. پۆل پۆل بەڕێدا بۆ ئاڕاستەی بناری قەندیل و لەوێوە بۆ ڕۆژهەڵات دەڕۆییشتن. کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆی**٥/١١** گەییشتینە گوندی قرناقا. لەدەرەوەی گوندی قرناقا چەند بارەگایەکی (ح.د.ک)ی لێبوو.. پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین زۆر بەڕێز و میهرەبان بوون. زۆر دڵیاندایینەوە، ئامادەیی هەموو جۆرە هاوکارییەکیان دەربڕی، پێیان وتین: دەرگای بارەگاکانمان بۆتان کراوەیە و  لە ئاست ئێوەدا خاوەنی هیچ نین، زۆر سوپاسی ئەو هەڵوێست و ئەو هەموو ڕێزەمان کرد کە بەرامبەرمان نواندیان لەوەڵامدا وتیان: سوپاسی ناوێ ئێمە قەرزداری پێشمەرگە و سەردایەتی (ی.ن.ک)ین کەلەپاش کودەتای گەلانی ئێران لەساڵی **١٩٧٩** کەبەسەر (محەمەد ڕەزا شا)دا کەبەخوێن ڕشتن وتوندوتیژی دەسەڵات کەوتە دەستی ئاخوندەکان و پاش ماوەیەک شوێن پێی خۆیان بەهێزکرد، ئێمەی کورد زۆربەی ناوچە کوردنشینەکانمان کۆنترۆڵ کردبوو.. هەموو ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی حزبە کوردییەکاندا بوو. لەساڵی **١٩٨٠** تا **١٩٨٣**پ.د.ک کە ساڵی **١٩٧٥** شکستیان هێنا، دیسان لەساڵی **١٩٧٧** لەژێر ناوی (ق م) دا خۆیان دروستکردەوە، بوونە کەوا سووری بەرلەشکری ئاخوندەکان لەپێش سوپای پاسدارانەوە شار بە شار و گوند بە گوند و سەنگەر بە سەنگەر پەلاماری

ناوچە ئازادەکانی کوردستانیان دەدا. لەو ڕۆژانەدا پێشمەرگەکانی ئێوە لە (قەبری حوسێن و ئاڵوەتان)ی ناوچەی سەردەشت لەگەڵ پێشمەرگەکانی حزبمان بۆ بەرگری لەکوردستانی ڕۆژهەڵات خوێنیان تێکەڵ دەبوو. بۆیە پێویست بەسوپاس وپێزانین ناکات ئێمە ئێستە ئەو قەرزە دەدەینەوە. شەو و ڕۆژێک لەبارەگاکانیان ماینەوە، زۆر حەساینەوە و هەستمان بەدڵخۆشی دەکرد.. لەبەرامبەر ئەو پێزانینە. ڕۆژی **٥/١٢** نیوەڕۆکەی لەگوندی (کاسکان) بووین. لەو شەو و ڕۆژەدا هەزاران هاوڵاتی لە پیاو و ژن و منداڵم بینی بەتەنها و لەگەڵ خێزانەکانیاندا بەقەندیلی سەخت و بڵنددا بەرە و دیوی ڕۆژهەڵات و ناحیەی ئاڵوەتانی سنوری سەردەشت.. تەنها بەجلەکانی بەریانەوە ئەو ڕێگا هات و نەهاتەیان دەبڕی. بۆ شەو لەگوندی (سەرگەینێڵ) ماینەوە.

ڕۆژی **٥/١٣** تیپی **٥١**ی گەرمیان چووینە گوندی (قەڵا تۆکان)، بارەگامان لەوێ دانا ژمارەمان نزیکەی دوو سەد و پەنجا پێشمەرگە دەبوو. خواردن وپێداویستیەکان ئەوەندە کەم بوو.. هیچ ژەمێک وەکو پێویست تێرمان نەدەخوارد. قاپ و کەوچک و پێداویستیەکان کەم بوون، کاتی نانخواردن دەهات چێشت لێ ٚنەرەکان بانگیان دەکردین بۆ خواردن وەرگرتن.. دەبوو بەفڕکان فڕکانێک بۆ ئەوەی قاپ و کەوچکت بەرکەوێ. (مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا) جێگری فەرماندەی تیپ لەگەڵمان بوو. چەند جارێک سەرزەنشتی کردین، پێی وتین کاکە شورەییە خۆ منداڵ نین وامەکەن، نیوەتان نان بخۆن و دوایی نیوەکەی ترتان نان بخۆن. پێشمەرگە ئەوەندە برسیبوو چاوی چووبوو بێسوود بوو، ئەمکارە ڕۆژانە دووبارە دەبووەوە. ڕۆژێک مامۆستا عەلی تورە دەکەن ئەویش نایکاتە نامەردی هەرچی کەوچکی چێشتخواردن هەبوو شکاندی و هەرکوتەی بەلایەکدا فڕێدا.. وتی دەی ئیتر پەلاماری کەوچک بدەن. پێشمەرگەیەک وتبوی مامۆستا بۆ کەوچکەکانت شکاند.. ئیتر بەچی چێشت بخۆین؟ ئەویش وتی: دەردبخۆن بەکێرم بیخۆن، ئەوە ببووە نوکتە و ڕۆژانە دووبارەمان دەکردەوە، دوایی دەیوت ڕووتان ڕەش بێت وام نەوتووە.. دەستم خۆشبێت چاک کەوچکەکانم شکاند. دوو ڕۆژ لەبارەگای قەڵاتۆکان ماینەوە، ژیانێکی ناخۆشمان بەڕێکرد.. بەهۆی زۆری ژمارەی پێشمەرگە و نەبوونی جێگای حەوانەوە و نەبوونی پێداویستییەکانی ڕۆژانەوە. ئێمە گوێدرێژێکمان لەسنوری کۆیەوە لەگەڵ خۆمان هێنابوو.. هەندێ پێداویستی سەرەتایی و سادەمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرتبوو، وەک چەند بەتانیەک و کتریەک و چەند گلاسێک، لێرە و لەوێ ئەگەر هەندێ شەکر و چاو نانە وشکمان دەست بکەوتایە.. یان ڕۆژانە لەدەمی خۆمان بگرتایەتەوە و پاشەکەوتمان بکردایە. نیوەڕۆیەک لەگەڵ (عەلی ئۆمەربلی وحەسەن ئۆمەربلی و حەمەچاوجوانی دووز) چووین بۆ سەر ئاوێک لەخوارووی گوندەکەوە بۆ خۆشۆردن نزیکەی کاتژمێر چوار گەڕایینەوە، هیچ پێشمەرگەی تیپی **٥١**ی گەرمیان لەوێ نەمابوون، هەندێ پێشمەرگەی تیپی **٥٣**ی شێروانە لەوێ بوون لێمان پرسین

برادەرانی ئێمە بۆ کوێ چوون؟ وتیان: تیپی **٥١**ی گەرمیان ڕۆییشتن بۆ دۆڵەکۆکەی قەندیل، وتمان ڕێگاکە لەکوێوە دەچێت؟

وتیان: بەم بنارەدا بچن تا گوندی (ڕەزگە) لەوێوە ڕێگاکە بۆ سەرچیا سەردەکەوێ، دۆڵەکۆگە دەکەوێتە پشت واتە ڕۆژهەڵاتی چیای قەندیلەوە.

ڕێگای گوندی ڕەزگە شارەزا بووین لە **٣/٢٨** لەشەڕی سەرکردایەتی و شاڵاوی ئەنفالی یەک لێرەوە گەڕابووینەوە بۆ گەرمیان.. پاش پەنجا ڕۆژ دیسان بەهەمان ڕێگادا گەڕاینەوە بۆ بناری قەندیل. کاتژمێر لەنزیک چواری ئێوارەی **٥/١٥** بوو ملی ڕێگامان گرت وەک پیشەی هەموو جارمان وەک ئۆتۆمبێلی بێ کیلۆمەتر ڕێگامان دەپێواو نەماندەزانی بۆ کوێ و چەند دەڕۆین، بەبێ شارەزایی لەگوندی ڕەزگە دەرچووین کەسێکمان نەبینی لە ڕێگادا لێی بپرسین.

ئەو ڕێگا بەهۆی پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنیەوە کە لەشار و سنورە شەڕ زەدەکانەوە بۆ سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر قەرەباڵغ بوو. بەڵام سەیر و سەرسوڕهێنەر بوو بۆ ماوەیەکی زۆر ڕۆییشتین.. کەسێکمان نەبینی پێمان وابوو بەهۆی درەنگی کاتەوە بووبێ. هەتاو وردە وردە شۆڕ دەبۆوە، یەک کاتژمێر ڕۆژی مابوو بەخێرایی دەڕۆییشتین تا دونیا ڕووناکە بگەینە شوێنێک. لەپێشەوەی برادەرانەوە بووم بەناو شیوێکی ئاودار و چڕە داردا دەڕۆییشتین لەپڕ گوێم لەدەنگێکی نامۆ بوو.. وەستام و برادەرانیش وەستان.. وتم گوێم لەدەنگێکی نامۆ بوو ئێوە گوێتان لەهیچ بوو؟ وتیان: بەڵێ ئێمەش گوێمان لێبوو، زۆر بەدەوری خۆماندا ڕوانیمان کەسێکمان نەبینی، دیسان گوێمان لەدەنگێکی دووری لاوازبوو لەناو شیوەکەی سەرووی ئێمەوە پێمانوابوو ئەو هاوڵاتیانە بێت ڕۆژانە بەلێشاو و بۆ سنور دەچن لێرە بۆ حەوانەوە لایاندابێ. چەندجارێکی تر گوێمان لێبوو، دڵنیابووین دەنگی ژنێکە بەڵام تێنەگەییشتین چیدەڵێت، بەشیوەکەدا نزیکەی هەفتا مەترێک ڕۆییشتین.. بینیمان پیرەژنێکی لاواز تەمەن نزیکەی هەفتا ساڵ جلێکی کوردی لەبەردایە.. لەناو خۆڵەکە لەنزیک ئاوەکە هاوار دەکات و دەڵێت:

لەکوێن، بۆ کوێ چوون، بۆ وەڵام نادەنەوە، هەر جارە و ناوی مرۆڤێکی نێر یان مێی بانگدەکرد، ئێمە گەییشتینە تەنیشتی هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو سڵاومان لێکرد و لەجێگای وەڵامدانەوە دەستی کرد بەگریان وتی:

-ڕۆڵە ئێوە کێن ؟منداڵەکانم لەکوێن بۆ وەڵامم نادەنەوە؟

-دایە ئێمە پێشمەرگەین کەس لێرە نییە بانگی کێ دەکەیت؟

-بەقوربانتان بم بەجێمەهێڵن، ڕۆڵەگیان خەڵکی (هەڵەوجەم) لەگەڵ خێزانی کچەکەمدا بۆ ڕۆژهەڵات دەچین، لێرە لاماندا بحەسێینەوە پاشکەمێ وتیان لێرەبە ئێستا دەچین وڵاخێکت بۆ دەهێنین ئەتخەینە سەری و دەڕۆین، بەڵام وا بۆ چەند کاتژمێرێک دەبێت

هاوار دەکەم کەسێک وەڵام ناداتەوە. تێگەییشتین ئەم پیرەژنە نابینایە و گوێی بەکەمی دەبیستێ و بەهۆی پیرییەوە ناتوانێت بەپێ بڕوات، پێمان وابوو بۆیان نەبراوە و لێرە بەجێیانهێشتووە.

پاش وتووێژ بڕیارماندا لەگەڵ خۆمان ببەین، دایە گیان دڵنیایت بۆ ڕۆژهەلات دەچن؟

-بەڵێ بەڵێ ڕۆڵەگیان کوڕێکیشم ماڵی لەڕۆژهەڵاتە هەموو بۆ لای ئەو دەچین.

-لەگەڵ ئێمە دێیت بتبەین ئەگەر توشی خێزانەکەت بووین تەسلیمتیان دەکەین، ئەگەر توشی ئەوانیش نەبین لەگەڵ خۆمان دەتبەین بۆ هەر کوێ بچین؟

-ئەی قوربانتانبم ئەی شێخی بیارە بیانپارێزی.. ئەی خوا دەست بەباڵاتانەوە بگرێت، جێم مەهێڵن.. لەم کەژە چۆڵە بۆ هەر کوێ دەچن بمبەن، خوای گەورە عەمرتان درێژ بکات، خستمانە سەرپشتی کەرە دێز بەبێ ئەوەی داوای یارمەتی لێبکەین، دواجار پێمان وت دێزە گیان هاوڕێی ڕێگای دوور و درێژمان هاوخەم و هەڵگری تۆیشەبەرە و پێداویستیەکانمان داوای لێبوردنت لێدەکەین، ئێمە بەڵێنمان پێت دابوو تەنها پێداویستەکان بخەینە سەر پشتت، بەڵام چارمان نیە ئەم پیرەژنە پێویستی بەیارمەتیە، تۆ بەقەد هەزار جاشی کوڕت خزمەت دەکەیت.. چی خزمەتی ئێمە بێت یان ئەم پیرەژنە، هەردووکی کارێکی پیرۆزە، تۆ هێندەی هەموو ئەو سەرۆک جاش و خۆفرۆشانە شەرەفمەندتر و بەوەفاتری بۆ خاک و وڵاتت. بۆ ئەوەی زیاتر پیرەژنەکە بناسین لێمان پرسی:

-دایەگیان پێمان بڵێ لەگەڵ کیَ هاتوویت و بۆکوێ دەچن و چۆن بەجێیان هێشتووی؟

-ڕۆڵە گیان ئێمە خەڵکی هەڵەوجەین..لەکیمیابارانەکەدا زۆربەی کەسوکارمان شەهیدبوون، دوو کوڕم لەڕاپەڕینەکەی پاردا کەلەدژی دارو دەستەکەی سەدام بەرپایانکرد هەڵهاتن بۆ ڕۆژهەلات، ئێستا ماڵیان لەوێیە، ئەی ڕەسوڵی نازدار ناوسکی سەدام بکەیتە هەناری گەنیو، چەند منداڵێکم شەهید بوون و باقی منداڵەکانی دیکەم نازانم چییان بەسەرهاتووە و بۆ کوێ چوون، منیش لەگەڵ ماڵی کچەکەمدا خۆمان گەیاندە سلێمانی چەند مانگێکە لەماڵی خزم و ناسیاوەکانمان خۆمان حەشارداوە، هەر لەڕێگای ئەوانەوە گەییشتینە قەڵادزێ.. لەوێشەوە قاچاخچی تا ئێرە هێنامانی، من تا ئێرە بەسواری وڵاخ هاتم.. خوا لەدەوری سەرتانم بگێڕێ، بەدرێژایی ڕێگا بەقوربان و ساقەی ئێمەبوو، لەخوا و ڕەسوڵی نازدار ئەپاڕایەوە دەستیان بەباڵای ئێمەوە بێت و دوعای لەسەدام و دارو دەستەکەی دەکرد و هەموو جارێ دەیگوت ناوسکیان ببێت بەهەناری گەنیو، بەسەر گوێدرێژەکەوە چەند جارێک لقەدار لە قاچی دابوو برینداری کرد زۆر سکم پێی دەسوتا، زۆر تورە و بێزاربووم هەزاران جار تفم لەخۆم کرد کەمرۆڤم تفم لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتوەکان دەکرد. نەفرەتم دەنارد بۆ وڵاتانی ئیسلامی و (جامیعەی ئیسلامی) کەدەبینن

لەپێش چاویان گەلێک لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئیسلام سەرقافڵەی ئیسلام بووە و قوربانی زۆریداوە بۆ سەرکەوتنی دینەکەی وپارێزگاری لێی، تفم لەئیسلام و عەرەب دەکرد، دەمگوت رووتان ڕەش بێت.. ئێوە شانازیتان به سەلاحەددینی ئەیوبیەوە دەکرد و دەتانگوت پێشەوایەکی ئیسلام و کورد بووە.. هەموو خاکی عەرەبی لەدەست خاچپەرستان ڕزگارکرد، خۆتان دەتانگوت لەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە میر و هۆزە کوردەکان هاتن بۆ شام و میسر و ڕۆژ ئاوای وڵاتانی عەرەبیان لەدەست خاچ پەرستان ڕزگار کرد و شانبەشانی سەلاحەدین و سوپای ئیسلام بەرگرییان لەخاکی عەرەب و ئیسلام دەکرد. نابینن، کوێرن، کەڕن وا گەلەکەی سەلاحەدین بەدەستی ئێوە کۆمەڵکوژ دەکرێت و هەوڵی سڕینەوەی دەدەن.

من کەمێ زیاتر پێم هەڵگرت و کەوتمە پێش برادەران.. تاپێش تاریکبوون بگەینە شوێنێک لەدامێنی چیاو ڕێگادا. گەییشتمە ژنێکی تەمەن نزیکەی چل بۆ چلوپێنجساڵێک دەبوو کەمێک بەخۆیەوە بوو جلێکی کوردی لەبەردا بوو، منداڵێکی بچووک بەباوشیەوە بوو منداڵێکی حەوت ساڵیش بەدەستیەوە بوو زۆر ماندوو و شەکەت وغەرقی عەرەق بوو.. دەتگوت لەگۆمە ئاوێک هەڵکێشراوە لەدڵی خۆمدا، وتم بەدڵنیاییەوە ئەو پیرەژنە هی ئەم خێزانەیە، چونکە ئەمان دواکەس بوون لەپێشی ئێمەوە ماندوو نەبوونم کردو داوای منداڵە بچوکەکەم لێ کرد بۆی هەڵبگرم وتی:

-نابەساقەت بم تۆ خۆت لەمن ماندوو تریت و کۆڵێ ئاسن بەکۆڵتەوەیە.

-کێشەت نەبێ بمدەرێ لێم وەرگرت و پێشی کەوتم، وتم بالێی بپرسم بزانم پیرەژنەکە چی ئەم دەبێت.

-خوشکە زەحمەت نەبێت لەکوێوە هاتوون و بۆکوێ دەچن؟

-براکەم خەڵکی هەڵەبجەین لەسلێمانی و قەلادزێوە هاتووین بۆ ڕۆژهەلات دەچین.

-خێزانەکەتان لەکوێیە و کێی دیکەت لەگەڵە؟

-مێردەکەم و منداڵەکانم لەگەڵمن لەپێشەوە ڕۆییشتوون .

-ئەم منداڵانە هی خۆتن؟

-ئەوەی باوەشی تۆ منداڵی کوڕەکەمە بەلام ئەمەی بەدەستمەوەیە هی خۆمە.

-بەم ڕێگایەدا هاتن کەستان لەڕێگا نەبینی؟ یەکسەر دەستی کرد بەگریان و بەدەم گریانەوە پاش چەند هەناسەیەکی قوڵ وتی:

-توخوا ئێوە کەستان بینی؟

-نەخێر کەسمان نەبینی.. بۆ ئێوە کەسێکتان بینیوە یان کەسێکتان لێ بەجێماوە؟

جگە لەگریان هیچی نەدەوت نازانم نەیدەتوانی بیڵێ یان شەرمی دەکرد بیڵێ.

-ئەو پیرەژنەی ڕێگا لەئێوە بەجێ مابوو؟

-قوربانت بم کاکە گیان تۆ بینیت؟ چی بەسەر هاتووە؟
-زۆر تورە بووم لەدڵی خۆمدا.. وتم بەو خوایە دەبێت دڵت داخ بکەم وتم:
-من بینیم لەسەر ڕێگاکە کەوتبوو، بەلایدا تێپەڕین هەر هاواری دەکرد و چەند ناوێکی ژن و پیاوی بانگدەکرد، دەستی کرد بەگریان چۆن گریانێک.
-بۆ دەگریت ئەو پیرەژنە چی تۆ دەبێ؟ بەدەم گریانەوە وتی:
-دایکمە یاخوا کوێر بم، بەتوڕەییەوە وتم:
-شەرم ناکەیت، نامریت، دەستی منداڵەکەی خۆت گرتووە، نەوەکەت لەباوەش گرتووە، هاوشانی مێردەکەت بەچیادا سەردەکەویت، کەچی دایکت ساڵانێک وەکو تۆ و نەوەکانی لەباوش گرتووە و بەقوربانتان بووە، وا ئێستا کچەکەی منداڵەکەی خۆی و نەوەکەی لەمردن ڕزگار دەکات و دایکی بۆ گورگ وچەقەڵ و گیانلەبەری دڕندەی کێوی بەجێدەهێڵێ. بەدەم گریانەوە وتی:
-کاکە گیان بەخوا لەهەڵەبجە هیچمان بۆ دەرنەچووە و زۆربەی کەس و کارمان شەهید بوون چەند مانگە بەترس و لەرز لەم ماڵە خزم و لەو ماڵە دۆست خۆمان شاردۆتەوە لەڕێگای پیاوەکانی حکومەتەوە بەپارە تا قەلادزێ هێنامانیان، لەوێشەوە قاچاخچی تا ئەم بنارەیان گەیاندووین، کۆڵێ پارەیان لێ سەندووین. پێنج سەد دینارمان تەنها داوە بەکرێی ئێستر لەقەلادزێوە تا ئەم بنارە بۆ دایکم. ئێستا پارەمان پێنەماوە ولاخی بەکرێ بۆ بگرین، دایکیشم نەتوانا و نەپێ و نەچاوی هەیە بەڕێگادا بڕوات. نەماندەزانی چی لێبکەین وا بەکوڵ دەگریا بەزەییم پێدا دەهاتەوە وتم:
-مەگری ئێمە لەگەڵ خۆمان هێنامان بەسەر گوێدرێژێکەوەیە لەگەڵ هاوڕێکانمدا لەدواوەن ئێستا پێمان دەگەن.
هەزاران جار خۆی بەقوربانمانکرد.. دوعای وای بۆ دەکردین هەرگیز گوێم لێنەبووبوو. ئەوانم بەجێهێشت، لەگەڵ تاریک بووندا کەبە ئەستەم چاو پازدە مەترێکی دەبینی. پێنج مەترێکم مابوو بگەمە ئەو چادرەی کەلە دامێنی چیادا لەجێگایەکی تەختدا هەڵدرابوو.. نان و چاو هێلکەی تێدا دەفرۆشرا. ژنێکی گەنج لای چادرەکەوە هەستا و بەخێرایی بەرەو ڕووم هات وتی: کاکە گیان ئەوە منداڵی منە قوربانت بم بمدەرێ.
- ناتدەمێ من لەو قەد پاڵی چیا لەسەر ڕێگا دۆزیمەوە، کێ دەڵێت هی تۆیە؟
-مامە.. مامە گیان ئەمە منداڵەکەی منە.. ئەم کاکەی پێشمەرگەیە نامداتەوە.
پیاوێکی کامڵ کەمێ بەخۆیەوە بوو.. تەمەنی پەنجا ساڵ بۆ سەرەوە دەبوو، هاتە لام وتی:
-کاکە گیان دەستت خۆشبێت ئەرکت کێشاوە قوربانتبم ئەوە منداڵی کوڕەکەمە بمدەرێ، دامپێی وپێم وت: ئەوە ئێوە خۆتان بەئیسلام ئەزانن، ئێوە مرۆڤن.. ئێوە ویژدانتان

هەیە، من درێژەی دەدەمێ و کابرا هیچ ناڵێ و تەماشای من دەکات. باشە ئێوە ئەو پیرەژنە داماوەتان بۆ لەو چۆڵییە بەجێهێشتبوو، قوربانتبم چی بەسەر هات؟

-هێنامان برادەران گەییشتن پیرەژنمان ڕادەستیانکرد، وتمان دیسان بەجێی نەهێڵن، چووین لەدووری چادرەکە باروبنەمان خست. دواجار هەموویان هاتن بۆ لامان زۆر سوپاسیان کردین. ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، نزیکەی هەشتا لەپێشمەرگە و خێزانی هەڵهاتوو لەوێ بوون.

بەیانی ٥/١٦ زوو لای چادرەکەی دامێنی چیاوە بەڕێکەوتین لای چادرەکە پیرەژن و خێزانەکەمان بەجێهێشت.. نازانین دواتر دیسان دوعای خێریان بۆ کردین یان دوعای شەڕ.. کە پیرەژنەکەمان دیسان کردەوە ملیان و ئێستر و وڵاخیان دەست نەکەوتبێ، ئێمە کاری خۆمانکرد ئەوانیش ئارەزووی خۆیان بوو چی دەڵێن.

بۆ نیوەڕۆ گەییشتینە (دۆڵە کۆکێی)..″دۆڵەکۆکێ″ دەبەندو شیوێکی قوڵە.. کەوتووەتە نێوان چیا بڵند و سەرکەشەکەی قەندیلەوە، لەپشتی چیا لەڕۆژهەڵاتەوە ناحیەی (ئالۆوەتان)ی سەر بەقەزای (سەردەشت)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ڕۆژئاوا و باشوریەوە قەزای (قەڵادزێ) و باشوری کوردستانە، دۆڵەکە ژمارەیەک خانووی بەبەرد و گڵ دروستکراوی لێبوو، سەرەتای دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەفتاکان.. لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێی (ی.ن.ک). شوێنێکی سەخت وچڕ، بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە حکومەتەکانی عێراق و ئێران دەستیان پێنەگەییشتووە، ئەم بارەگایانە جمەی دەهات لە پێشمەرگەدا، بەشێک لە بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش پاش شاڵاوەکانی ئەنفالی یەک لە دۆڵی جافایەتی و سەرکردایەتییەوە گواسترابوونەوە بۆ ئێرە. بارەگای ڕاگەیاندن و ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لێرە بوو. برادەرانی خۆمانم دۆزیەوە، زۆربەی پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیانم بینی، ئێمە پێشمەرگە بەزۆری ئارەزووی دەنگی بازوگڕی (فەرهاد سەنگاوی) بێژەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بووین، کاتێک چالاکییەکانی بەدەنگی بازی و بەحەماسەوە دەیخوێندەوە موچڕک بە لەشماندا دەهات و تووکی لەشمان وەک سنگ دەوەستا وەک بەنجکراو یان مەست سڕ دەبووین. جارێک شەهید (مەلا کەریم توکنی) کە فەرماندەی کەرتی ٥ی حەمرینی تیپی ٥٣ی شێروانە بوو.. پیاوێکی جوامێر و قارەمان بوو لە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردبوو چەندینجار، بەسەختی بریندارببوو لە مانگی ١٩٨٧/٥ لەداستانە گەورەکەی گوندی ئۆمەربل شەهید بوو، پێی وتبوو فەرهاد بەس بەدەنگی حەماستەوە هاوار بکە هەموومانت بەکوشتدا، دەگێڕنەوە لەشەڕێکدا جاشێک بانگ لەپێشمەرگەکان دەکات دەڵێت: سەرتان بەرز بکەوە با بتانخەمە ناو دووزەلەکەی فەرهاد حەمە جوجەوە. مەبەستی شمشاڵەکە بوو لەکاتی خوێندنەوەی کاروانی شەهیداندا بەئاوازێکی خەمناک لێدەردا، چیرۆک زۆر لەسەر دەنگی فەرهاد هەبوو. بەهیوا

بووین بۆ جارێک لەنزیکەوە ببینین، هەموو زۆر تامەزرۆی دیدارێکی بووین. پێشمەرگەکان وتیان فەرهاد سەنگاوی لێرەیە، وتم: لەکوێیە بابچین ببینین. چووین بینیمان لەسەر بانی بارەگاکە پیاسەی دەکرد قاتێکی خاکی و هێلەکێکی لەبەربوو. وتم ئەمە لەمن بچوکتر و لاوازترە ئەم دەنگە بازو گەورە و پڕلە جۆش وخرۆشە لەکوێوە دێت؟

ڕۆژی **٥/١٨** لەگەڵ کەرتی پێنج گواستمانەوە بۆ دۆڵی (گوێزێ)کە نزیکەی سێ کیلۆمەتر کەوتبووە باکوری (دۆڵەکۆگەوە). هەریەکە سێ چادرمان هەڵداو لەشوێنێکی کراوەی خۆش لەنزیک ئاوێک، زۆر لەدۆڵەکۆکە خۆشتربوو کە تەنها ئاسمانی لێوە دیاربوو.

ئەم پێشمەرگانە لەوێ بوون:

## پێشمەرگەکانی کەرتی شەش:

**١-** ڕەحمان ڕەشید (دکتۆر ڕەحمان سەرقەڵا).

**٢-**برهان حەمەخان توکنی.

**٣-**سەلام حەمید کۆیی.

**٤-**نورەدین سابیر دووزی.

**٥-**عوسمان مەلا جەمیل.

**٦-**حەسەن ڕەشید کفری.

**٧-**عەلی نوری ئۆمەربلی.

**٨-**حەسەن حەمید ئۆمەربلی.

**٩-**شەهید سالح محەمەد (کاکە توکنی).

**١٠-**شەهید کامەران هیدایەت (کامەران مامۆستا هیدایەت).

**١١-**کاوە عەبدلعەزیز (کاوە تالاوی).

**١٢-**محەمەد عەلی (حەمەچاوجوان دووز).

**١٣-**عەباس مەحەمەد (ملازم عەباس).

**١٤-**ڕەحیم ڕەشید (مەلا ڕەحیم سەرقەڵا).

**١٥-**جەلال قولیجانی.

**١٦-**غایب حوسێن (غایب لەلبن).

**١٧-**جەمال ڕەشید (جەمال شێخ حەمیدی).

**١٨-**سامی فازل کنگربانی.

**١٩-**حوسێن عەلی (حوسێن توکنی).

٢٠-عەزیز مەجید (مامە عەزیز توکنی) **١٩٨٩** تەسلیم بۆوە.
٢١-ئەحمەدعەزیز (ئەحمەد توکنی) لەساڵی **١٩٨٩** تەسلیم بۆوە.
٢٢-ئەمیر سادق (بەلەگەیی) چەند مانگێک دواتر تەسلیم بۆوە.
٢٣-حەیدەر ڕەشید (حەیدەر فەقێ ڕەشید بەلەگەیی) لەساڵی **١٩٨٩** تەسلیم بۆوە.
٢٤-برا باش عەبدول ڕەحمان (قوڕی چایی) لەساڵی **١٩٨٨** تەسلیم بۆوە.
٢٥-مەدحەد حەلاو کەتان (دوراجی) لەگەرمیانەوە لەمانگی **١٩٨٨/٩** تەسلیم بۆوە.
٢٦-مامۆستا عوسمان مەلا عەلی لەگەرمیانەوە لەمانگی **١٩٨٨/٩** تەسلیم بۆوە.
٢٧-شکور سمایل (کفری) پارتیزان لەگەرمیانەوە لەمانگی **١٩٨٩/٣** تەسلیم بۆوە.
٢٨-محەمەد خورشید حەمید (چوارشاخی) لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
٢٩-ڕێبوار عەزیز (عەزیز نەورۆز کفری) لە ساڵی **١٩٨٩** تەسلیم بۆوە.
٣٠-خۆم "حەمەرەشید توکنی".

پێشمەرگەکانی کەرتی پێنج:
١-شەهید نادر مەجید جوامێر (نادر وارانی).
٢-جمال محسن (جمال وارانی).
٣-مامۆستا تالیب.
٤-محەمد تالآوی.
٥- مەحمود تالآوی لەساڵی **١٩٨٨** تەسلیم بۆوە.
٦-وەهاب جمعە (وەهاب سنگری) لە ساڵی **١٩٨٨** تەسلیم بۆوە.
٧-شەهید بەکر قەڵەو لەساڵی **١٩٨٨** تەسلیم بۆوە، لە **٢٠٠١** لەشەڕی تیرۆریستانی ئەنسار و ئیسلام شەهید بوو.
٨- عومەر زینانەیی لە ساڵی **١٩٨٨** تەسلیم بۆوە.
١٠-مامۆستا محەمەد مەحمود جەغارەچی لەساڵی **١٩٨٨** تەسلیم بۆوە.
١١- مامۆستا یوسف جەوهەر لەساڵی **١٩٨٨** تەسلیم بۆوە.
١٢- مەلا حەسەن دووز.
١٣- مامۆستا ئیکرام عەلی حەبە.
١٤-عەلی بەچە لەساڵی **١٩٨٨** تەسلیم بۆوە.
١٥-مامە قالە سوور ئاغجەمەشەت.

بەداوای لێبوردنەوە ژمارەکە زیاتر بوو ئەوەندەم لەیاد مابوو.

بەدووری چوارسەد مەترێک.. ڕەشماڵێک لەسەرووی بارەگاکەمانەوە بوو..ڕۆژانە دەچووین ماست و پەنیر و دۆمان لایان دەهێنا، ئەندامانی ماڵەکە.. پیاوێکی پیر ناوی خدر بوو، ژنەکەی ناوی پورە ئایشێ بوو.. کوڕەکەیان ناوی محەمەد بوو، دانیشتوی گوندی

(بێدەلان)ی سنوری قەزای (قەڵادزێ) بوون، بۆ کوێستان و ئاژەڵ لەوەڕاندن هاتبوونە ئەوێ، پاش دوو سێ ڕۆژ لە بارەگای نوێمان لەدۆڵی گوزێ حەساینەوە، هەرچەندە خواردن وپێداویستیەکان بەو شێوەیە نەبوو کەگلەیی لەسەر نەبێت، بەڵام ئەوەندە برسێتی و ماندوویێتیمان بینیبوو بەو ژیانە نوێیە ڕازی بووین، لەدۆڵێکی قوڵ ودوور لەهەموو بەهاکانی ژیان، بەڵام بەدەست ئەسپێوە ژیانمان نەبوو. لەسەرەتای مانگی **١** تا ئەو کاتە کە **٥/٢٠** بوو ئەو دەستە جلانەمان لەبەردابوو.. کەلە گەرمیانەوە دەرچووبووین و لەبەرمان کردبوو. درزی درووماني جلەکانم کەهەڵم دەدایەوە، چۆن ئۆتۆمبێل بەڕیز پارک دەکا و دەوەستێ بەهەمان شێوە ئەسپێکان سەریان لەبن درزەکە توندکردبوو قونیان لەدەرەوە دیاربوو. لەو دوو سێ ڕۆژەدا دووجار جلەکانم لەمەنجەڵێکدا لەسەر ئاگر زیاد لەنیو کاتژمێر کوڵاند، ئەسپێکان دەسووتان شین دەبوون و دەکەوتنە سەر مەنجەڵە ئاوەکە خۆمان دەشۆرد سبەی دیسان وەک خۆی بوو سەرو ڕیش و نوێنەکانمان هەموو ئەسپێ بوو. ماوەی پێنج مانگ بوو.. سەر و ڕیشم چاک نەکردبوو، ئەویش بێشەڵان و جەنگەڵێکی باش بوو بۆ ئەسپێ. زۆربەی برادەرانیش بەهەمان شێوەی من بوون. بۆ قەلاچۆکردنیان ڕێککەوتین پلانمان دانا لەیەک کاتدا زۆربەمان جلەکانمان کوڵاند و سەر و ڕیشمان تاشی. دوای ئەو کۆمەڵکوژییە سەرکەوتوو بووین وحەساینەوە.

زۆر دەمێک بوو شار و بازاڕ و ئاوەدانییەکی وامان نەبینی بوو.. لەو چەند ڕۆژەدا چەند جارێک ڕۆییشتین بۆ ناحیەی (ئاڵوەتان) کەناحیەیەکی سەر بەقەزای سەردەشتی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، پێڵاو و جل و هەندێ پێداویستی سەرەتاییمان کڕی، لەگەڵ کامێرایەکی (فۆتۆ) وێنەگرتن و چەند فیلمێک. ڕۆژی **٥/٢٠** مامۆستا (ئیکرام عەلی) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک چوون بۆ ئاڵوەتان بۆ کڕینی پێداویستی بارەگا و خواردنی ڕۆژانە.. هەندێ شتی کەمیان هێنا.(ئیتلاعات) ڕێگایان نەدەدا خواردنی زۆر بهێنین، زۆر گێچەڵیان بەو پێشمەرگانە دەکرد هاتووچۆی سنووری ڕۆژهەڵاتیان دەکرد.. لەو ڕۆژانەدا بۆ هەواڵ پرسینی هاوڕێ و پێشمەرگەکانمان لەکەرتەکانی دیکەی تیپەکەمان، چەند جارێک سەردانی دۆڵەکۆگەمان کرد. زۆری پێنەچوو لەکۆتاییەکانی مانگی **١٩٨٨/٥** هێرشەکانی ئەنفالی پێنج بۆ سنورەکانی دۆڵی سماقولی وبالیسان و ڕەواندوز و دەوروبەری وەرتێ و بناری قەندیل گەرم بوو. ڕۆژانە گوێبیستی رادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان) دەبووین.. کە لەبەرگری بێ وێنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبناری قەندیل و چیای کارۆخ و شەڕگەکانی مەڵبەندی سێ چەندین چالاکی و ڕاپۆرتی پێشکەش دەکرد.

لە لەساڵیادی دامەزراندنی (کۆڕەک) دا کە لە **١٩٧٠/٦/١٠** دامەزرا بوو هەردوو کەرتی (**٥** و ٦) تیپی **٥١**ی گەرمیان ئاهەنگێکی بچووکمان سازکرد، هەندێ سرودی نیشتمانی و چالاکییەکی کۆمیدیمان ئەنجامدا، سرودێکم لەگەڵ کۆرسێکدا وتەوە کە هۆنراوەی (

مامۆستا ئەحمەد ڕەشوانی) ە هونەرمەند (تاهیری خەلیلی) کردوویەتی بەسرود کەئەمە بوو:

مەڕێژن بۆم فرمێسکـی خەم     کە سوور بووە بە خوێن جەستەم
شـــەهیدی دەسـتی زۆردارم     بەڵام ئـــۆخەی کە پێشمەرگـەم
ئەو ڕێگایەی من بۆی کوژرام     لەنـــــاو گۆڕیشدا دڵــنیـام
کــە ئێوەی شۆڕشگێڕی کورد     ونـی ناکـەن خــوێـن وهیـوام
خــــەباتم کــــرد لەژیانم     هــەر بۆ گـەل و نیشتـــــمانم
دەبـــا لاوان لەیاد تـان بم     کـە قـــوربانی کــــــوردستان

بەداخەوە ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، یەک لەچالاکییەکانم لەیادە کەکارێکی کۆمیدی بوو، مەدحەد وەک دەلاک وعوسمان مەلا جەمیل وەک شاگردو شکور ئیسماعیل کەهاتووە بۆ سەر چاک کردن بەم شێوە بوو:

دەلاک سەرقاڵی کارەکەیەتی.. سەری کەسی دانیشتوو چاک دەکات..دۆلکەیەکی ئاوی لەبەر دەستدایە..جارجار سەری پێتەڕ دەکات. دەلاک شاگردەکەی دەنێرێت دۆلکەیەکی ماستی لەبازاڕ بۆ بکڕێ.. بۆ ئەوەی کاتی چوونەوەی بۆ ماڵ لەگەڵ خۆی بیباتەوە، شاگردەکە دۆلکە ماستەکە لە تەنیشتی دۆلکەی ئاوی سەر مێزەکەی بەردەستی دەلاک دادەنێت. دەلاک دەیەوێ دیسان سەری کابرای ژێر دەستی تەڕ بکات، نازانێ شاگرد ماستەکەی هێناوە لەبەردەستی دایناوە، لەجیاتی ئاو.. ماستەکە دەکات بەسەریدا.

بۆ ماوەی دە ڕۆژ بەرگری بێ وێنە لەهەموو شەڕگەکانی سنوری ئەنفالی پێنج بەردەوام بوو. پێشمەرگە بەرگری توندی دەکرد، چەند ڕۆژێک بوو پەلامارەکان وەستابوون تەنها دووره تەقە هەبوو، زانیاری هەبوو دوژمن لەهەوڵی کۆکردنەوەی هێزی زیاتر و پەلاماری چڕ و کاریگەری دیکەدایە، لەگەڵ جموجوڵەکانی دوژمندا شۆڕشیش خۆی بۆ ئەو شەڕ و پەلامارە نوێیانە ئامادە دەکرد.

## ڕۆژێک لەگەڵ پیاوە مەزنەکاندا:

لەدەوروبەری **١٩٨٨/٦/١٥** شەوێکی درەنگ وەخت دەنگەدەنگێک پەیدابوو.. وتی کاکە بۆخۆت لەم خوارەوە جێگای خۆت بکەرەوە. میوانە پێشمەرگەکەمان بەسوپاسەوە تابەیانی لەخوارووی پێی ئێمەوە لای دەرگای چادرەکەوە لەسەر پێڵاوەکان لەسەرما خۆی گرمۆڵە کردبوو، شەوان ئەوەندە ساردبوو بەچەند بەتانییەک لەسەرما خەومان لێنەدەکەوت.

سبەی هەستاین لەکاتی نان و چا خواردندا میوانەکەمانم بینی بەچنجگەوە لەو لای پێشمەرگەکانەوە دانیشتبوو چاوەڕوانی لەتێک نان و چایەکی ڕەش بوو. (محەمەد عەبدوڵڵا)ی کفری دەمی هێنایە بن گوێمەوە و وتی تۆ ئازاد هەورامی دەناسیت؟ وتم:

- نەوەڵا پێشتر نەمبینیوە.. بۆ بەم بەیانییە باسی دەکەیت، بۆ ئەم شەو خەونت پێوە بینیووە.. کە نەخێر بەشکراوە و نەشەڕ؟ وتی:

-بۆیە دەپرسم ئەو پێشمەرگە میوانە بەئازاد هەورامی دەکات، وتم:

-کورە دە وازبێنە، ئازاد هەورامی بەم بەیانییە زووە چی دەکات لای من و تۆ. هەستا و چووە نزیکیەوە و لێی پرسی :

کاکە زەحمەت نەبێ جەنابت کاک ئازاد هەورامی نیت؟

-بەڵێ ئەوم، ئینجا هەموو داوای لێبوردنمان لێکرد و وتمان بمانبوورە نەماننناسیت، وتی: نا برام زۆر ئاساییە منیش پێشمەرگەیەکم وەکو ئێوە بمناسن یا نەمناسن هیچ جیاوازی نییە. دواجار تەماشای لای کەرتی پێنجمان کرد کاک نەوشیروان و مام ڕۆستەممان بینی لە نزیک کوانوەکەیان بەچنجگەوە دانیشتبوون چاوەڕێی پاروە نانێک بوون. دواجار بۆمان دەرکەوت شەوێکی درەنگ کاک نەوشیروان مستەفا و کاک ئازاد هەورامی کە ئەندامی ناوەندی (کۆڕەک) و ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)بوون. هەورامی لەشالاّوی ئەنفالی حەوتدا لە لوتکەی کونە کۆتری قەندیل لە٨/٣١ لەسەنگەردا شەهیدبوو، مام ڕۆستەم و دوو هاوڕێی دیکەیان لەگەڵ بوو ئێمە نەمان دەناسین. شەو هاتبوون بەسەر چادرەکانی ئێمەدا دابەشبوون لەسەر پێڵاوەکانی ئێمە لەپێش دەرگای چادرەکەوە تا بەیانی نووستبوون.. بەبێ جێگاو کەلوپەلی نوستن. دواجار بەخێرهاتنی کاک نەوشیروان و مام ڕۆستەم و هاوڕێکانیانمان کرد.

مام ڕۆستەم هەندێ پارەی پێداین.. وتی بچن دوو ئاژەڵ بکڕن و بیکەن بەچێشت بۆ خۆتان و ئێمەش، نیوەڕۆ میوانی ئێوە دەبین، حیسابی خواردنی هەشت کەس بۆ ئێمە بکەن میوانی دیکەمان دێت، چادرێکمان بۆ چۆڵ بکەن هەندێ کارمان هەیە. چادرێکمان بۆ چۆڵکردن لەنزیکی کاتژمێر نۆی بەیانی سێ کەسی دیکە بەجلی مەدەنی ئاساییەوە هاتن نەمان ناسین. چوونە ژوورەوە کۆبوونەوەیان هەبوو تا کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ پاش نان خواردن و چایەک دیسان دەستیانپێکردەوە تا کاتژمێر چواری ئێوارە. پاش سوپاس و دەست خۆشی ماڵئاواییان لێکردین. ئەوانە پیاوە مەزنەکانی شۆڕشی نوێ و پێشەوا و ڕێنیشاندەر و سەرقافڵەی شەهیدان بوون.. ڕۆحیان شاد.

هێزەکانی مەڵبەندی یەک بەهۆی بریندارى و تەسلیم بوونەوە و مانەوەی ژمارەیەک فەرماندە و پێشمەرگە لەسنوری گەرمیان و قەرەداغ، شیرازەی هێزەکان تێکچوو بوو.. بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکان.. تەشکیلەیەک کرا. کەرتی ئێمە پێشتر کاک عوسمانی حاجی

مەحمود و کاک عوسمان تلیشانی فەرماندەی کەرت و جێگری کەرتمان بوون، هەردووکیان لەگەرمیان مابوونەوە، هیچ فەرماندەیەکی مەفرەزەمان نەبوو. کاک لوقمان خەڵکی سلێمانی بوو کرا بەفەرماندەی کەرت و ملازم عەباس پێشتر جێگری فەرماندەی مەفرەزە بوو کرا بەجێگری کەرت و من و حەمە چاوجوانی دووز.. کراین بەفەرماندەی مەفرەزە. کەرتی پێنج شەهید سەید جەوهەر فەرماندەی کەرت و شەهید عەلی میل ناسری (عەلی بیکەیسی) جێگری بوو.

شەهید جەوهەر لەگەرمیان مابۆوە و شەهید عەلی لەگوندی "باوەکر" لەئەنفالی سێ پاش ئەوەی بریندار دەبێ، بۆ ئەوەی دەست دوژمن نەکەوێت خۆی شەهید دەکات. (مەردان حەمە ساڵح مەردان چاوشینی کفری) کەپێشتر کادری(کۆڕەک) بوو.. کرا بەفەرماندەی کەرت و وەهاب سونگری دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە. چەند ڕۆژێک بوو هەواڵی گەڕانەوەمان بۆ سنورەکانی مەڵبەندی سێ گەرمبوو، دوژمن ماوەی دە شەو و ڕۆژ هێرشی توندیان کردە سەر ناوچەکە، بەتایبەت لەهەردوو قۆڵی (رانیە و ڕەواندز)ەوە تێکشکێنران پەلامارەکانیان خاوکردەوە تاکو پلان و بەرنامەی دیکە دابڕێژن بۆ پەلاماری بەربلاوتر، پەلامارەکان بەمشێوەیە بوو:

**١-**لەسنوری قەزای قەلادزێ و ناحیەی سەنگەسەرەوە بۆ بناری قەندیل بۆ ئاراستەی گوندەکانی (قەلاتۆکان، ڕەزگە، ساتێ، قوتەی ئارموتە، سپیلک).

**٢-**لەسنوری قەزای ڕەواندوز بۆ (بنەکاول، چیای هندرێن، گوندی گەرەویان، فەقێیان، زینی سەران، کێلێ).

**٣-**لەسنوری قەزای ڕانیەوە بۆ (دۆڵی ئاکۆیان، دەرگەڵە، زینی سەران، سەرچاوە، گوندی وەرتێ، چیای هەڵەموەند، گەرووی مەنجەڵ، چیای بێترخێن).

**٤-**لەناحیەی هەریرەوە بۆ (بەنی هەریرە، کەپکی حەمەد ئاغا).

**٥-**لەدەربەندی گۆمسپانەوە بۆ (زیارەت، کێل کێل چەندین شوێنی دیکەش).

کاک عادل شکور فەرماندەی تیپ و مەردان چاوشین کەتازە کرابوو بەفەرماندەی کەرتی پێنج لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی **١٩٨٨/٦** لەگەڵ کاک لوقمان خەڵکی سلێمانی هاتن بۆ لامان. پێیان وتین لەئێستاوە کاک لوقمان فەرماندەی کەرتەکەتانە.. ملازم عەباس پێشتر مەعاون مەفرەزە بوو جێگرێتی.

یەکەمجار بوو فەرماندەی نوێی کەرتەکەمان ببینی، خۆی پێناساندین وتی: من ناوم لوقمانە و خەڵکی سلێمانیم لەسەرەتای هەشتاکانەوە پێشمەرگەم خۆشحاڵم فەرماندەی ئەم پۆلە پێشمەرگە لاو و خوێن گەرم و قارەمانەبم، سەبارەت بەهاتنم بۆ ئێرە ئەرکێکی پێشمەرگانەیە و پێم سپێردراوە، پێمخۆش بێت یان پێم ناخۆش بێت هیچ لەکارەکە ناگۆڕێ، بەهیوام بتوانین پێکەوە خزمەتی گەلەکەمان بکەین، بەخێرهاتنمان کرد بەلام

لەناخەوە پێمان خۆش نەبوو لەو هەموو فەرماندە و پێشمەرگەی گەرمیانە..خەڵکی سنورێکی دیکە بێنن بیکەنە فەرماندەمان. بەڵام گیانی لێبوردەیی و دڵسۆزی و گیانفیداییی پێشمەرگە لەو سەردەمانەدا لەهەموو شتێ گەورەتر و لەسەرووی هەموویەوە بووە، بۆیە ئاسایی بوو.

ڕۆژی **٦/٩** لەگەڵ چەند برادەرێک چووین بۆ (ئاڵوەتان) بۆ شت کڕین، لەوکاتەدا یەک دیناری عێراقی هەفتا بۆ هەفتا و پێنج تومەن بوو، ئاڵوەتان گرێیەک بوو لە دڵی دەسەڵاتداران و پیاوانی حکومەتی ئێران، هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتیی بچوایە بۆ سنوری ڕۆژهەڵات، لێیان دەپرسی لەکەیەوە پێشمەرگەیت؟ بۆ ئەوەی بزانن لەکاتی شەڕی ئاڵوەتان پێشمەرگە بووە بەشداری کردووە یان نا؟ بەردەوام دەیان پرسی و دەیانگوت لە شەڕی ئاڵوەتان بەشداریت کردووە. شەڕی ئاڵوەتان لەکۆتایی ساڵی **١٩٨٢** کاتێک سوپای پاسداران بەچاوساغی و دەستکێشی قیادەی مۆقەتە کرایە سەر شار و ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەگوندی ئاڵوەتان پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک وح.د.ک) لەیەک سەنگەردا لوتی سوپای پاسداران و قیادەی مۆقەتەیان شکاند و زیانی زۆیان پێگەیاندن.

لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی یەکێتیی بەناوەکانی(محەمەد خدر خەڵکی گوندی توکن وحسێن جگارە خەڵکی کەرکوک) لەوێ شەهیدبوون. لەئاڵوەتان هەندێ پێداویستی و جوتێ پێڵاوی ئەدیداسی نوێم کڕی، پێم وابوو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سنوری مەڵبەندی سێ.. ڕەنگە لەوێ پێڵاومان دەست نەکەوێ.

ڕۆژی **٦/١١** کاک قادری حاجی عەلی هات بۆ لامان، وتی: زانیاریمان پێگەییشتووە هەڤدە ئۆتۆمبێل لەگیراوەکانی ئەنفال زیندەبەچاڵ کراون، هەواڵێکی زۆر ناخۆش بوو.. ئێمە هیچ ئاگامان لەکەس و کارمان نەبوو گیراون یان دەربازبوون.

## لەدۆڵی گوێزێی قەندیلەوە بۆ دۆڵی باڵەیان:

ڕۆژی **١٩٨٨/٦/١٦** بنەوبارمان لەسەر پشتی کەرەدێز توندکردو بەرەو ئاراستەی باکوری ڕۆژئاوا بەچیای قەندیلدا سەرکەوتین بەسەر چیاو بەناو کوێستانەکاندا درێژەمان بەڕۆییشتن دا.. ماوەیەکی زۆر ڕۆییشتین و بەرز دەبووینەوە، گەییشتینە بەرزترین لوتکە لەو سنورە.. نازانم بەچ زمان و بەچ نوسینێک دایڕێژم.. گوزارشت لەو هەمووە بەفرە بکات، بۆ کەسانێک چیای سەرکەشی قەندیلیان نەبینیبێت و پێی بڵێیت لەکۆتای مانگی شەشدا بەو شێوەیە بەفرمان بینیووە. بۆ لای ڕۆژهەڵات دەمانڕوانی، کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو پشتەوەی چیا

دەشتاییەک دیاربوو. بۆ هەر سێ ئاڕاستەکەی تر تەنها چیامان دەبینی، لەلوتکەوە بۆ خوارەوە شۆڕبووینەوە.. چەندین کاروانی قاچاخچیمان بەئێسترەکانیانەوە بینی، بەرەو ڕووی ئێمە دەهاتن، قاچاخچیەکان بەسەر وڵاخەکاندا دەیانخوڕی، ها...هەتە.. هەتە وەرە..هەتە دەتگێم، ئەو وشانە بەردەوام دەوتراو دووبارە دەبوونەوە، ئێمە زۆر بەو وشانە پێکەنینمان دەهات، ڕێڕەوی ئێسترەکان کەبەفربوو نیومەترێک چاڵبوو بوو.. دەتگوت کۆلی ئالیکی ئاژەڵە، هەندێکجار ئێسترەکان دەسوڕان کابرا کلکی دەگرت بۆ ئەوەی نەکەوێ دەیگوت: دەک ناربەندت (ناڵبەند) کۆرە بێت، هەتە وەرە، هەتە وەرە نار بەندت کۆرە بێت. هەتە وەرە دەتگێم.

لەدابەزینەکەدا جێگای خلیسکێنێی دابەزینم بینی کەبەفرەکەی چاڵ کردبوو، ببووە ڕێڕەوێک کەتیایدا دادەنیشتیت دەخزای بێ ئەوەی بەملاوبەولادا بچیت، دەبێت سەنتەری خۆت ڕابگرتایە تاکو نەکەویت، ئەگەر بکەوتیتایە.. بۆی هەبوو لەڕێڕەوەکە دەربچیت و توشی هەڵدێر یان تاشە بەردێک یان دارێک ببیت تیا بچیت، تفەنگەکەم لەملم کرد و لەڕێڕەوەکە دانیشتم خزام بەخێراییەکی زۆر دەڕۆیشتم.. لەماوەی خولەکێکدا زیاتر لە سێ تا چوار سەد مەتر دابەزیم، لەپڕ توشی بەردرێک بووم کەبەهۆی توانەوە و قوڵبوونی ڕێڕەوە بەفرەکەوە کەوتبووە دەر. زۆری نەمابوو بەشێک لەسمتم لەگەڵ خۆی هەڵگرێ، نزیکەی کاتژمێر دوو بوو.. زۆر دابەزینە خوارەوە.. نزیکەی دوو سەد پێشمەرگە دەبووین بەدوای یەکدا و بەڕیز.. بەسەر پردێکی بەفردا تێپەڕین.. نزیکەی سەد مەتر بەرزی بەفری تێدادەبوو، یەک ڕووبار ئاوی تواوەی بەفر بەژێرپردەکەدا دەڕۆیشت، بەرزی پردەکە لەئاوەکەوە پازدە مەترێک دەبوو. بەپێش چاوماندا سەدان ئێستر بەبارە کانیانەوە بەڕیز بەلاماندا بەسەریدا دەڕۆییشتن.. بۆ ئێمەی گەرمیانی.. زۆر جێگای لێڕامان و سەرسوڕهێنەر بوو. نزیکەی نیو کاتژمێر ئەو هەموو پێشمەرگە بەسەریەوە ڕاوەستاین بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە لەدیمەنەکەمان دەڕوانی، دەمانگوت ئێستا لەگەرمیان لەسەر ئەم دیمەنە بدوێین کەس باوەڕمان پێناکات، چونکە شتی وامان نەبینیبوو ئەوەی ئێمە پێشتر بینیوومانە کەش و ئاو و هەوای گەرمیان بوو، لەسەرەتای مانگی پێنجەوە لەترسی تیشکی خۆر و گەرمای بەتینی ڕۆژ.. لەبەیانیەوە ناتوانیت لەماڵ سەر دەربێنیت، ئاو لەچەم و ڕووبارەکاندا نامێنێت، هەرچی بۆق و گیانلەبەری ئاوی هەیە لە تینوا دەخنکێن. بەناو دۆڵ و چیادا بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوا شۆڕبووینەوە.. بۆ نزیکی کاتژمێر پێنج گەییشتینە دۆڵی (بێزەروو)، نزیکەی بیست ڕەشماڵێک بۆ کوێستان و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان هاتبوونە ئەوێ، بەسەر ڕەشماڵەکاندا دابەش بووین ئێمە (من و مەلا ڕەحیم و غایب و حەمە چاوجوان و مەدحەد) چووینە ڕەشماڵێک، خاوەن ماڵەکە ناوی کاک (پیرۆت) بوو.. خەڵکی گوندی (بەستەسین)بوو، تابڵێی ماڵێکی بەڕێز و زمان شیرین و سەخی بوون، میوانێکیان هەبوو بەناوی (مام مستەفا)

دانیشتوی شاری (پیرانشار)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، دۆست و ناسیاویان بوو.. هاتبوو بۆ سەردانیان، مام مستەفا تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ دەبوو، پیاوێکی کەشخەو قاتێکی کوردی نیلی دوگمەداری شێوە مەلیکی لەبەربوو، بەڵام مەلیکی نەبوو، شاڵێکی ڕەشی گوڵداری ڕیشەداری قیتی بەسەرەوە بەستبوو زۆر ڕیشوەی لێهاتبووە خوارەوە. مام مستەفا زۆر نوکتەچی و قسەخۆش و دەنگخۆش بوو. لەچڕینی حەیران و بەستە و نوکتەدا زۆر شارەزا و بەسەلیقەبوو، زۆر ئارەزووی ناو کۆڕو گفتوگۆی ژنانی هەبوو. هەندێ حەیران و بەستەی بۆمان دەچڕی و لەپڕ ون دەبوو.. دەچووە ڕەشماڵەکەی پشتمانەوە و دەستی دەکرد بەحەیران و گۆرانی وتن بۆ ژنان، بانگمان دەکردەوە دەمانگوت مام مستەفا بۆ زووزوو خۆتمان لێ ون دەکەیت، بۆ کوێ دەچیت؟ دەیگوت دەچم بۆ لای ژنەکان داوام لێدەکەن گۆرانی و عەیرانیان لۆ برێم. زۆر نوکتەو پەندو قسەی خۆش و نەستەقی بۆ گێڕاینەوە، مەدحەد زۆر پرسیاری لێدەکرد بەتایبەت لەسەر ڕەدوو کەوتنی کچان و ژنان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت سنوری مەنگوڕایەتی کەدەکەوێتە ناوچەی سەردەشت و پیرانشارەوە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی قەڵادزە و باڵەکایەتی لە باشوری کوردستان، زۆر بەوردی هەندێ دابونەریت و کلتوری ناوچەکەی بۆ باسکردین.. لەسەر ڕەدوو کەوتنی ژنان، نەیدەزانی ناوی مەدحەد بێنێ دەیگوت (مەڵعەم) زۆر بەلایەوە ئاسایی بوو وتی: من کچێکم ڕەدوو کەوتووە و ئێستا لەماڵی خۆیدایە و کچێکی دیکەم ماوە ئێستا ڕەدووی کاک (مەڵعەم) بکەوێ زۆر ئاساییە، مەدحەد ئەم وشەی بیست ئاگری گرت لێی نەدەگەڕا.. بەردەوام لێیدەپرسی؟ مام مستەفا پیرانشار لێرەوە دوورە؟ ماڵتان لەشارە یان گوند، هتد.؟ مام مستەفا وتی بەخودای کاک (مەڵعەم) چی من لەتۆ دەڕوانم بەدوایی پێشمەرگایەتییەوە نیت، تەنها دەتەوێ جێگای کێرەکەت بکەیتەوە.

ئەو شەوە تا درەنگێک.. بەپێکەنین و نوکتە و گۆرانی و حەیران و خۆشی و دوور لەخەم بەڕێمانکرد، بەڵام لەسەرما خەو نەچووە چاومان. ڕەشەبایەکی ساردی دەهات، مرۆڤی وەک گوێزان دەبڕی، بەیانی زوو دیسان بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوا بەرێکەوتین بۆ نیوەڕۆ گەییشتینە گوندی (سورە دێ) ی بناری قەندیل، لەناو گوندەکەدا کۆبووینەوە سەرەڕای ئەو هەموو ماندووبونە.. دەستمان بەگاڵتە وپێکەنین کرد، (مەلاحەسەنی دووز) لەگەڵ مامە (قالەی سووری ئەغجەمەشەت) گاڵتەی دەکرد، مامە قالە بێتاقەت بوو.. وتی مەلا تاقەت گاڵتەم نییە، مەلا درێژەی پێدا، مامە قالە وتی مەلا وابزانم تۆ دەتەوێ بەمن ڕابوێری، ئەوەی بەمن ڕابوێرێ پێڵاوەکانم دەخەمە دەمی، مەلا پاش کەمێ بێدەنگی.. وتی ئەرێ مامە قالە نەمانزانی پێڵا وەکانت بەباریکی یان بەپانی دەخەیتە دەممەوە؟

هەندێ ماڵی کەمی لێمابوو بەسەر ماڵان و بارەگای (حدک) دابەش بووین شەومان لەوێ بەڕێکرد. بۆ ڕۆژی٦/١٧لەگوندی (سوورەدێ) ماینەوە. بەیانی٦/١٨ وەک پیشەی

هەمیشەییمان.. لەسورە دێوە بەرێکەوتین، بەسەرووی گوندی (پشت ئاشان)دا بەرەو ئاراستەی باکور بەچیای قەندیلدا هەڵگەڕاین.. کاتژمێر یازدە گەییشتینە هەندێک ڕەشماڵ بەدامێن و کوێستانی قەندیلەوە بوون، نان و چاو ماستێکمان خوارد و دیسان بەرەو لوتکە بەڕێکەوتین، بۆ نزیکەی کاتژمێر یەک.. گەییشتینە سەرەوە بەرەو دۆڵی (باڵەیان) بۆ ئاراستەی باکوری ڕۆژئاوا شۆڕبووینەوە، لەکاتی دابەزینمان لەچیا مامۆستا(ئیکرام)، کادری ڕێکخستنی کەرتی (٥)ی تیپەکەمان بوو، مامۆستا تا بڵێیت کادرێکی ڕۆشنبیرو سیاسی و دڵسۆز و لەخۆبوردە.. پیاوێکی قسەخۆش و گاڵتەچی بوو، سەرەڕای ئەوەی لەڕۆژی **٢/٢٣** لەشالاوەکانی ئەنفالی یەک لە شەڕێکی قارەمانانە و بێوێنە و گیانبازیدا.. لەنێوان هەردوو گوندی (هەناران وپیرکە)دا لەدۆڵەڕووت لەنزیکی سلێمانی مامۆستا مستەفای برای کە کادری ڕێکخستنی کەرتی شەش بوو.. تابڵێیت کادرێکی دڵسۆز و جوامێر و لەخۆ بوردە بوو. شان بەشانی ئێمە و لەپێشی ئێمەوە.. لەڕووی هێرشی دوژمندا وەستابوو تا شەهید بوو. لەکاتێکدا (مامۆستا و شەهید مستەفا) ئەوەندە نێوانیان خۆش بوو هەرگیز لەبرا نەدەچوون ئەوەندە گاڵتەیان پێکەوە دەکرد بەدوو هاوڕێ دەچوون. چوار برا و ژمارەیەک لە خوشک و برازای لەشالاوی ئەنفالی "سێ"دا بوونە قوربانی. بەلاّم بەپێچەوانەوە لەجاران دڵسۆزترو کاراتربوو.. لەکاتی دابەزینمان لەچیا بەدەنگێکی خۆش وبەرز سروودی بەرخودان وخۆڕاگری دەوت و ئێمەش بەحەماسێکی بەرزەوە بەدوایدا دەمانوتەوە:

هۆنراوەی ( دلێر ئیبراهیم) ە

دایە ماڵــــئاوا بەرەو تێکـــۆشان
دەڕۆم بەخاکم پێشکەش دەکەم گیان!

کەدوژمن هەموو کورد بــخنکێنێ
زۆر نەنگــە تەنــها ڕۆڵەت بمـــێنێ

ئــەو هەژارانەی لە مالا دەرکران
ئەو دـسۆزانەی بەپەت خنکــێنران

چاوەڕێی منن هەقیان بـــستێنم
خەم مەخۆ دایە شادیت بۆ دێنـــم

گەر شەهید کرام بۆم نەگری دایە!
ئــۆباڵی وەتــەن لە ئــەستۆمدایە

تـاوەکو دوژمن خوێنــمان برژێنێ
گولاڵە ســورە زۆر سەردەردێــنی

پێم خۆشە لات بـم کاتی ئازادی
تاکو دەرونت پرکــەم لەشـــادی

بەلاّم دایە گیان گەر من نەهاتم
تێر ماچکە چاوی هاوڕێی خەباتم

.....

کاتژمێر پێنج دەبوو..گەییشتینە ئاوەدانی دۆڵی (باڵەیان)..دۆلێکی قوڵ و درێژە و لوتکە بەرز و تیژەکانی چیای قەندیلی سەرکەش وەک پاسەوانێکی هەمیشە بێدار بەسەرییەوە

قیت وەستاوە، شوێنێکی خۆش و دڵگیر، ئاو و هەوایەکی سازگار، هەموو ڕۆژێک وەک بەرنامە.. تاوێک بارانی لێدەباری بەو هاوینە لەگەڵ گەیشتنمان.. هەر لەڕێگاوە وەک پێشوازییەک تاوێکی باش باران کوتاینی.. وشکی لە لەشماندا نەمابوو، هەموو گیانمان بووبوو بەئاو، بۆ ئێمەی گەرمیانی و هەڵقرچاوی گەرماو گڕەی هاوینی گەرمیان جێگای تێڕامان بوو، بەدرێژایی دۆڵەکە.. برېڕ لێرە و لەوێ خانو و ماڵ دروستکرابوو، ڕۆژانە دوو ژەمە لەماڵان دابەش دەبووین بۆ نان خواردن. دانیشتوانەکەی خەڵکێکی سادە و بەڕێز بوون، بەزۆری سەرقاڵی قاچاخچێتی سنوری دەستکردی ڕۆژهەلات و باشور بوون.. کەڕێگایەکی زۆر دوور و درێژ و تاقەت پڕوکێن بوو، شتێک زۆر سەرنجی ڕادەکێشاین سەبارەت بە ژنەکانیان، یەکەم زۆرجوان و بالابەرز و قەدێکی شمشاڵیان هەبوو، دووەم زۆربەی ژنان جگەرەکێش بوون، بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان لەچل ساڵ بۆ سەرەوەبوون. سێیەم جیاواز لەژنانی هەر ناوچەیەکی کوردستان بەهۆی کلتوری کوردەواری و خێڵەکی خۆیان بە دوور دەگرت لەپیاو، بەلام ئەمان بە پێچەوانەوە زۆر لەپیاو نزیک دەبوونەوە و زۆر تامەزرۆی گفتوگۆی پیاوان بوون. ماوەی چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە، شەوانمان بەنوکتە و قسەی خۆش و بەسەرهاتی کۆن و کلاو لەسەرنان بەڕێ دەکرد، هەندێکیان بۆ گێڕانەوە ناگونجێن، دەچووینە خوارووی ماڵەکان دەنوستین، شوێنەکە لەسەر پردێکی داربوو.. خۆڵ کرابوو بەسەریدا. (کەریم جادر) پاسەوانی کاک (عادل شکور)بوو، شەو بۆ دەستبەئاو لەپردەکە پەڕییەوە، تا گەڕایەوە شەهید (فاتیح شێخلەنگەری)پشتوێنەکەی خستەسەر پردەکە وخۆی چوو لەخوارەوەی پردەکە لەپاڵ دارێکی گەورەدا خۆی حەشاردا، سەرێکی پشتوێنەکەی گرتبوو کەریم گەیشتە سەر پردەکە و نزیک پشتوێنەکە وەستا، هاواری کرد وتی: ئەهبرا ئەمە چ مارێکە!! شەهید فاتیح سەری پشتوێنەکەی ڕاکێشا کەخشەی پشتوێنی بیست ئەوەندەی دیکە دەنگی بەرز کردەوە، وتی: ئەهبرا چەند گەورەیە، ئەژدیهایە ئەژدیها!

پشتوێنی دایە بەرفیشەک هاواری دەکرد ئاوا دەتکوژم، ئاوا دەتکوژم؟

شەهید فاتیح لەپاڵ دارەکەوە دەستیکرد بەپێکەنین، کەزانی کلاوی لەسەر نراوە فیشەکێکی نا بەدارەکەوە وتی سەگەخوێڕی ئەوەخۆتی؟

ڕۆژانە لەسەر خۆئامادەکردنی دوژمن زانیاری نوێ بۆ هێرش و یەکلاکەرەوە بۆ بناری قەندیل و ناوچەکانی سنووری مەڵبەندی سێ زانیاری نوێ هەبوو، پاش نزیکەی شەش ڕۆژ مانەوەمان.. لەدۆڵی باڵەیان پێشنیوەڕۆ کاک عومەر فەتاح هاتە لامان، وتی هێز دەنێرینەوە بۆ سنووری مەڵبەندی سێ، کێ ناتوانێت و تاقەتی نییە لێرەبمێنێتەوە.

# له قەندیلەوە بۆ شەڕگەکانی سنوری مەڵبەندی سێ

پاش نیوەڕۆی ١٩٨٨/٦/٢٣ بەڕێکەوتین..بەرەو ئاراستەی باشوور بەچیادا هەڵگەڕاین. نزیکەی کاتژمێر چوار گەییشتینە سەرچیا، لەدووری چەند سەد مەترێک..لەپشتی سەنگەرەکانی لوتکەی (کونەکۆتر)ەوە کەبارەگای شەهید ئازاد هەورامی سەرپەرشتیار و فەرماندەی شەڕگەی ئەو سنورەی لێبوو. لە ٨/٣١ شالآوی ئەنفالی حەوتدا بەهۆی بۆردومانکردنی فڕۆکەی پیلاتۆزەوە.. لەم بارەگایەدا بەسەختی بریندار دەبێت و دواتر دەگاتە کاروانی نەمران، ڕوحی شاد بێت. کاک ئازاد لەوێ بوو پێموایە خێزانەکەشی لەگەڵیدا لەوێ بوو، لەدووری دوو سەد مەترێک ژن و پیاوێکی گەنجی لێبوو، ژنەکە بالآ مامناوەند کەمێ گۆشتن کراسێکی ڕەشی لەبەردابوو سنگ و ڕوومەتی ئەوەندە سپی و جوان بوو.. دەتگوت هێلکەی سپیە، لەژێر باڵی قەلەڕەشێکدا دەرکەوتووە. تەمەنی لەنێوان هەڤدە بۆ هەژدە ساڵ دەبوو. کوڕەکەش بالآ بەرزی چەماوە و سەر ڕووت تەمەنی نزیکەی چل ساڵ دەبوو،لەبن سێبەری دارێکدا بەتانییەکیان ڕاخستبوو کردبوویانە هێلانە و جێگای حەوانەوەی خۆیان، لەکاتی هەر ژەمە خواردنێکدا دەهاتن نان و خواردنیان لەبارەگاکەی کاک ئازاد وەردەگرت و دەچوون لەماڵە یەک بەتانییەکەیاندا دەنوستن و دەژیان. برادەران لەبوونی ئەو ژن و پیاوەیان لەو پێشمەرگانەی بارەگاکە پرسی وتیان: ژنەکە دانیشتووی ڕۆژهەلآتی کوردستانە و کوڕەکەش دانیشتووی باشووری کوردستانە.. کچەکە ڕەدوو کەوتوە، هەندێ لە پێشمەرگەکان زۆر تامەزرۆی ئەم باسانە بوون. چوون بۆ لایان لەبارەی دابونەریت و کلتوری ڕەدووکەوتن لەسنورەکە و ڕۆژهەلآت لێیان پرسیبوون، لەپرسیارێکدا لە کچەکەیان کردبوو تۆ بەم منداڵی و جوانییەوە، چۆن ڕەدووی ئەم کوڕە کەوتوویت کە لەتەمەندا زۆر، لەتۆ گەورەترو لەجوانیدا جیاوازترە.. وەک شەو و ڕۆژ؟ کچەکە لەوەلآمدا وتبووی: دڵ وەک مێش وایە زۆرجار بە گوڵەوە و هەندێ جاریش بە"گو"شەوە دەنیشێتەوە! ئەم چیرۆکە یەک هەفتە دەگوترایەوە، کاتژمێر شەش چووینە سەر لوتکەی کونەکۆتر.. لەوێ هەموو هێزەکە کۆبووبۆوە نزیکەی چوارسەد پێشمەرگە دەبووین، لەناو سەنگەرەکانی لوتکەی (کونەکۆتر) چاوەڕێ بووین، لەگەڵ تاریک بووندا بۆخوارەوە بەرەو باشوور بەڕێکەوتین. لەدەوری کاتژمێر "دە"..گەییشتینە سەر جادەی گشتی دۆڵی شەهیدان، لەنێوان ناحیەی "خانەقا و سەنگەسەر".. سەر بەقەزای قەلآدزێ. چەند جاشێک کە خەڵکی سنوورەکە بوون.. لەسەر جادەکە چاوەڕوانمان بوون، دڵنیایان کردینەوە کەهیچ لەگۆڕێ نییە وەک ئەوەی خۆیان وتیان. هەندێ ڕەشماڵ و گوندێک لەو نزیکە بوون، وتیان فەوجێکی جاش لێرەیە فەرماندەی سریەی یەکێک لەسریەکانی فەوجەکە دەلیلمان بوو پێی وتین:

هەر کاتێ ویستتان بێن بۆ ئێرە بەڕووناکی مەیەن، چونکەحکومەت چاودێری ئەم ڕێگاو سنوورە دەکات. پاش پەڕینەوەمان بۆ ئاراستەی ڕۆژئاوا بەناو چیاو چڕە دارێکدا، بەرەو ئاراستە و ناوچەی پڵنگان درێژەمان بەڕۆییشتن دا، بەیانی لەدۆڵی پڵنگانی ناوچەی ئاکۆیان هەندێ حەساینەوە و هانامان بۆ توێشەبەرەی سەرکۆڵی  دێزە برد و نان و چایەکمان خوارد.. بەرەو ڕۆژئاوا درێژەمان بە ماراسۆنەکەمان دا، کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆی **٦/٢٤** گەییشتینە هاوینەهەواری (زینوی گوێزێ).. کەجێگای هۆزی (مەمکان) بوو، نزیکەی بیست و پێنج ماڵێک دەبوون لەهەندێ خانوو ڕەشماڵدا بوون. شتێک زۆر سەیر و سەرسوڕهێنەر بوو بەلامانەوە و سەرنجمانی ڕاکێشا، کە گەییشتینە نزیک ماڵەکان.. لەسەر کانییەکی خوارووی ماڵەکانەوە بەدوو سەد مەترێک ئافرەتێکی گەنج لەسەر کانییەک بەڕووتی خۆی دەشۆرد، هیچ خۆی تێکنەداو لە کارەکەی نەوەستا.. وەک ئەوەی مێشێک میوانی نەبووبێت، لە جێگای خۆلەبەرکردن و خۆکۆکردنەوە، لەکاتێکدا کە پێشمەرگەکان وەستان و هاتنە دواوە بۆ ئەوەی خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام بێسودبوو لەکاتی تێپەڕبوونی ئەو هەموو پێشمەرگەیە بەڕیز لەدووری  سی مەترێک بەلایدا پێدەکەنی، من و مەلا ڕەحیم و غایب و جەمال شێخ حەمیدی و چەند پێشمەرگەیەک.. چووینە ماڵێک زۆر بەڕێز و میوان دۆست بوون، پیاو و ژنێکی شەست ساڵە دەبوون، لەگەڵ چەند ژن و کچێکدا کەناوی پیاوەکەم لەبیر نەماوە.. ژنەکە ناوی پورە (زەینەب)بوو. پرسەباربوون.. ژنەکانیان جلیان ڕەش بوو یەک مانگ پێش ئەو بەرواره کوڕێکیان لەنێوان قەڵادزێ و سنوردا لەڕێگای قاچاخدا کوژرابوو، چەند منداڵێکی جوان و خنجیلانەی چاوگەشی لێ بەجێمابوو.. زۆر ئازاری داین، ئێوارەش لەوێ ماینەوە.. بۆ سبەی کاک عادل شکور فەرماندەی تیپ، چەند سەر ئاژەڵێکی بۆ کڕین هەر کەرتە و بەجیا ئاژەڵێکی داینێ، (نورەدین سابیر دووزی)، چێشتێکی باشی بۆمان لێنا. ماوەیەکی زۆر بوو گۆشتمان نەخواردبوو، کەمێ وزەمان وەرگرت، پاش نانی نیوەڕۆ.. بار و بنەمان پێچایەوە و توێشەبەرمان خستە سەرپشتی هاوڕێی سەفەرمان "دێزە"، دیسان بۆ ئاراستەی ڕۆژئاوا و (دۆڵە ڕەقە) بەڕێکەوتین، بەسەر چیایەکی بەرزی وشک و بێ ئاودا دەڕۆییشتین.. کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی گوندی (گوڵان)ەوە لای باشوری دەشتی ڕانیە و سنورەکەی دیاربوو، بۆ لای باکور و ڕۆژئاوا.. تا چاو دەیبینی چیای بەرزبوو.

ئێوارەکەی.. گەییشتینە دۆڵەڕەقە، پاش تاریکبوون گەییشتینە خوارووی ماڵەکانی گوندی گوڵان کە هەمووی چەکداری جاش بوون، چەند چەکدارێکی جاش لەخواروی ماڵەکانەوە چاوەڕوانمان بوون.. بەناو دێدا..پێشمان کەوتن.. تا نزیکەی کیلۆمەترێک لەسەرووی دێکەوە.. لاماندا، زۆر ماندوو-تینوو-برسی.. بووین. بەدوای ئاودا دەگەڕاین، تاکو هەندێ ئاومان دەست بکەوێ بۆ خواردن، جۆگەیەکی ئاومان دۆزیەوە، هەموو دەممان خستە

ئاوەکەوە و تێرمان لێ خواردەوە و چامان لێکرد. ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و خەوتین، سبەی هەستاین چووینە سەر ئاوەکە.. دەبینین زۆر پیسە بەسەر ئاوەکەدا چووینە سەرەوە بینیمان لەدووری پێنج سەد مەترێک بارەگاکانی (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران)ی لەسەرە، لەئاوەکەمان ڕوانی هەموو پیسییە و لەناویدا زەرد دەکاتەوە.. ئاوەڕۆی هەموو بارەگاکانی لەسەربوو. بەیانی زوو بار و بنەمان پێچایەوە و لەگەڵ دێزەدا لەماراسۆنەکەمان بەردەوام بووین.. بەچیای بێرخێندا هەڵگەڕاین بۆ ئاراستەی باکور, چیایەکی بەرزی وشک و ڕووتەنی بێ دار و بەرد بوو. پێیان وتین.. چەند تانکێکی دوژمن لەبەرامبەر ئەم چیایە.. سەنگەریان گرتووە ئەگەر بێتو بمانبینن و تەقەمان لێبکەن.. ناتوانین بەئاسانی سەربکەوین. بەڵام ئێمە هیچ تانکێکمان نەبینی، بۆ کاتژمێر یەک.. گەییشتینە سەر چیا.. شەڕگەکانی سنوری مەڵبەندی سێ، کاتژمێر دووی ڕۆژی **٦/٢٦** گەییشتینە بارەگای فەرماندەی میحوەری شەڕگەی (کارۆخ، بێترخێن،هەڵەموند) کەلە (ساوسێوکە) لەنزیک چیای (ئاراستن) و نێوان گوندەکانی (گولان، وەرتێ، گەرەوان، مەلەکان) و لەقولایی کوێستانی چەند چیایەک دابوو. کاک سامان گەرمیانی بەرپرسیار و فەرماندەی میحوەر و شەڕگەکە بوو لەوێ چەند فەرماندەیەکی سەربازیم بینی هەریەک لە (دکتۆر کەمال شاکر فەرماندەی تیپی **٣٥**ی کوڕەکاژاو، فەلاح حەمبۆر فەرماندەی**١١**ی هەورامان، جەلال کوڵکنی فەرماندەی تیپی**١٥**ی شارەزوور،پێم وایە کاک سیروانی کوێخا نەجمیش لەوێ بوو.. کە سەرپەرشتی تیپەکانی **٢١**ی کەرکوک و **٢٥** ی خاڵخالانی دەکرد، ژمارەیەکی کەمیان مابوونەوە، مامە غەفە فەرماندەی تیپی**٨٧**ی قەرەچوخ، عەبدولا بۆر فەرماندەی تیپی**١٩**ی کۆڕەک). دەستەکەی کاک سامان ئەم پێشمەرگانە لەوێ بوون کەهەموویان هاوڕێ وخۆشەویستم بوون بەهۆی ئەوەی من سەرەتای پێشمەرگایەتیم بۆ ماوەی ساڵێک لەدەستەکەی کاک سامان بووم، (نەجیبە ڕەشی کفری، میقداد برای شەهید شێخ جەمال، مامۆستا حەمیدی کەرکوک، بەرزان عەلی تەورە، چالاک کفری، تارق محەمەد تەنەکەچی کفری، سۆران عەلی کفری، حەمەڕەش کەلار، ئاکۆ سلێمانی، کەریمان سلێمانی، عەباس حاجی فارس کفری). زۆر ماندوو و شەکەت بووین دوو ڕۆژ و شەوێک لەوێ ماینەوە.. باش حەساینەوە.

# بەرگری کردن لە سنورەکانی مەڵبەندی سێ

ڕۆژی **١٩٨٨/٦/٢٨** بەرە و شەڕگەی کارۆخ بەڕێکەوتین، کاتژمێر نۆی بەیانی گەییشتینە سەر چیای(کاروخ).. سەنگەرەکانی (گەرووی مەنجەڵ)مان لەتیپی **٧٨**ی کارۆخ کە شەهیدی سەرکردە (حەسەن کوێستانی) فەرماندەی بوو.. وەرگرت، ئەو شەڕگەیە

بەتیپی**٥١**ی گەرمیان سپێردرا،پێم باشە کەمێک هەڵوێستە لەسەر قارەمانی و جوامێری گیان فیدایی ئەو پێشمەرگانەی پێش ئێمە لەوێ بەرگرییان کردبوو بکەم، پێشتر لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە لە (دۆڵەکۆکە) بووین، ڕۆژانە گوێبیستی هێرش و تێکشکاندنەکانی دوژمن بووین لەشەڕگەی کاروخ..بەتایبەتی گەرووی مەنجەڵ، دەیگوت هەڵەموند و بێترخێن و گەرووی مەنجەڵ.. ئاگری جەهەنمە بۆ داگیرکەران داخراوە! بن "بەرد بە بەردی".. "دار بەداری"..گۆڕە و بۆ دوژمن هەڵکەنراوە. هەندێکجار بەگومان بووین لە چالاکیی و نەبەردییەکان، پێمان وابوو فەرهاد زیادەڕۆیی و ترش وخوێی دەکات، بەڵام کە چووینە ئەوێ.. وتمان بەڕاستی ئەوەی فەرهاد وتویەتی.. کەمی وتووە و هەقی خۆی پێنەداوە. بۆ! بن "بەرد" مابوو، بن "دار" مابوو،"تاشەبەرد" مابوو، خوێنی دوژمنی تیا نەڕژابێ؟ "سەنگەر" مابوو، "شوێن" مابوو، تۆپی بەرنەکەوتبێ، سەنگەر مابوو، بن بەرد مابوو، بەخوێنی گەشی پێشمەرگە سور نەکرابێ؟ هەڤاڵینە، گەلۆ براینە، باوەڕ بکەن.. کەم شوێنمان بینی، تۆپی بەرنەکەوتبێ، هەموو سەنگەرێک گونیەک قەوانی تفەنگی تێدا کەوتبوو، هەمووی بەجەستەی سوپای ئەنفالەوە نرابوو. لەزۆربەی سەنگەرەکاندا دەرزی بەکار هاتووی ئەترۆپینی تێدابوو کە لەکاتی بەکارهێنانی کیمیایدا بەکار دەهات کە لەگەڵ قیناعێک و هەندێ چارەسەری سەرەتاییدا بەپێشمەرگە دەدرا.. لە ئێرانەوە هاتبوو، ئەوەش ئاماژە بوو.. بۆ ئەوەی لەو شەڕگەیەدا چەکی کیمیای بەکارهاتبوو. بەبرادەرانم وت لەکاتی تۆپباران یەک کەس لەسەنگەرەکەدا بمێنێتەوە..ئەوانیتر بچنە ناو تاشە بەردەکانەوە. چونکە لەکاتی تۆپباراندا هەرگیز دوژمن هێرش ناکات بۆ پاراستنی گیانی خۆیان وپاش تۆپباران بەچەند خولەکێک هێرش دەستپێدەکەن، لەوەڵامدا پێشمەرگەیەک پێی وتم.. وەرە لەبنی ئەم تاشە بەردە بڕوانە تۆپ لێرەی داوە باران نایگرێتەوە بۆ شوێن هەیە لێرە تۆپ بەری نەکەوتبێت، قەسەم بەخوا بچینە ژێر زەویشەوە تۆپ دەمانگرێتەوە، بەڕاستی ئەو هێزەی پێش ئێمە لەهێرشی شاڵاوەکانی ئەنفالی پێنجدا لەوێ بووبوون.. جوامێر و خۆنەویست و گیانفیدا بوون، بۆ مێژوو هەر سێ چیاکە کە ئاماژەم پێدا.. وەک (هەڵەموند و بێترخێن و گەرووی مەنجەڵ)، تیپی **٧٨**ی کارۆخی دوژمن شکێنی لەسەربوو، شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشاین، لەنێوان تاشە بەردەکاندا بەفرێکی زۆر مابوو ئاوی تواوەی ئەو بەفرەمان دەخواردەوە کە **٦/٢٨** بوو. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە.. ئێمە لەقارەمانی ئەو پێشمەرگانە دەدواین، بۆ شەو هێزەکانمان بۆ ئاراستەی گوندی وەرتێ چووینە خوارەوە لەماڵەکانی دامێنی چیای کارۆخ کە دەکەوێتە سەرووی گوندی "وەرتێ"وە خەوتین. بۆ سبەی زوو.. ئاگاداریان کردینەوە.. بەرنامەی هێرشەکەمان هەڵوەشاوەتەوە، هەر ئێستا بگەڕێنەوە.. کەبڕیار وابوو بۆ شەوی **٢٩-٦/٣٠** هێرش بکەینە سەر ئەو لوتکە و چیایانە دەکەوێتە باشور و باکور و ڕۆژهەڵاتی گوندی (وەرتێ) وە

که له هێرشەکانی ئەنفالی پێنجدا دوژمن لەدەستی هێزێکی (پ.د.ک و حسک) ی گرتبووی.

گەڕاییینەوە بۆ گەروی مەنجەڵ، لەوێش پێیان وتین بگەڕێنەوە بارەگای میحوەر، پێش گەییشتنمان کاک شێخ جەعفەر لەسەر ڕێگا چاوەڕوانمان بوو،پێشمانکەوت بەرەو گوندی (گەرەوان).. شەڕگەی (گەرەوان ڕەواندوز) بەفەرماندەی کاک جەعفەر بەتیپی گەرمیان سپێردراوە و تیپەکانی دیکەی مەڵبەندی یەک لەشەڕگەی کارۆخ بەفەرماندەی کاک سامان مانەوە. ئێوارەکەی چووین شەڕگەی ڕۆژهەلاتی گوندی گەرەوانمان وەرگرت، کەنزیکەی یەک کیلۆمەتر لەگوندەکەوە دوور بوو.. کەوتبووە سەر چەمێکی قوڵ لەبەرامبەری (زینوی سەلان-سەران). ئەو شەوە.. مێشوولە کارێکی پێکردین، هەرگیز ناتوانی.. بەزمان گوزارشتی لێبکەیت، لەترسان ئەوەندە پووش وپەلاشمان دەسوتاند.. خۆمان وەک ڕێوی قانگ دابوو خەریکبوو دەخنکاین بۆنی کادانی سوتاومان لێدەهات، بەلام بێسوود بوو لەسەر جلەکانمانەوە.. وەک درەوشە کونی دەکردین، ئەو شەوە تا بەیان بۆ چرکەیەک چاومان نەچووە خەو.. وتمان: ئەگەر لێرە بمێنینەوە لەترسی مێشوولە هەموو هەڵدێین و سەنگەرەکانمان چۆڵ دەکەین. بەخت یارمان بوو. سبەی هێزێک هات، سەنگەرەکانی لێ وەرگرتین، بۆ ئێوارە چووین شەڕگەی چیای (جوانەگا)مان وەرگرت. ئێمە کەرتی شەش ڕۆژی ٧/٢ لوتکەی (زێڕینە) سەر گوندی گەرەوانی خواروومان پێسپێردرا.. کە دەیڕوانییە گوندەکە و ئەو جادە قیرەی لە قەزای (ڕەواندز) وە دەهات. دوو شوێنی گرنگمان دەست نیشانکرد بۆ سەنگەر و بەرگریکردن ئەم پێشمەرگانە لەوێ بووین.

خاڵی یەکەم:پێکهاتبووین لە(مەلاڕەحیم سەرقەلا، مامۆستا کەریم سالار، بورهان حەمەخان، سەیوان مامۆستا غازی، شکور سمایل کفری، ڕێبوار عەزە نەورۆز کفری، سەمەد تەختەمینەی، حەسەن ڕەشید، غایب حسێن,مەحەمەد خورشید, سەلام حەمید, بەندە "حەمەڕەشید توکنی")، من بەرپرسی بووم.

خاڵی دووەم: ملازم عەباس بەرپرسیبوو.. (شەهید کامەران هیدایەت, حەمە چاوجوان، نورەدین سابیر، سامی فازڵ، ئەحمەد توکنی, حەسەن ئۆمەربلی، عەلی ئۆمەربلی، جەلال قولیجانی، عوسمان مەلاجەمیل, مامۆستا عوسمان, جەمال شێخ حەمیدی).شەهید کاکە خواردنی بۆمان دەهێنا,

ئەو ماوەیە.. بەردەوام لەسەر شاخ بووم، دانەدەبەزیمە خوارەوە هەفتەی یەکجار بۆ خۆشۆردن دادەبەزیم.. بۆ ئێوارە سەردەکەوتمە سەرەوە.خۆم سەرقاڵ کردبوو بەنوسینی چیرۆکێکی درێژەوە.. مەلاڕەحیم زۆر هانیدەدام.. بەردەوامبم، پێی وتم چیرۆکێکی جوان و سەرنجڕاکێشە، کەخۆی لەچەند کارەکتەرێک دەبینییەوە.. پاڵەوانی چیرۆکەکە کوڕ و کچێک بوون.. لەمنداڵییەوە هاوڕێ و وابەستەی یەکبوون، لەگەڵ گەورە بوونیاندا.. ئەو

هاوڕێیەتییە دەبێتە خۆشەویستی و ئاوێتەی خۆشەویستی نیشتمان دەبێت، کوڕەکە دەبێت بەپێشمەرگە و لەبەرگرییەکانی ئەنفالدا شەهید دەبێ، کچەکەش بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێ، چیرۆکێکی درێژ بوو.. کۆتایی نەهاتبوو کە گەڕاییینەوە بۆ گەرمیان وازم لێ هێنا و نازانم چی بەسەر هات. لەسەر بەرگی نوسینەکەم سەیوان مامۆستا غازی دوو وێنەی کچ و کوڕێکی منداڵی بۆ کێشام کە گوزارشتی لەچیرۆکەکە دەکرد.. زۆر جوان بوو. لەو ڕۆژانەی مانگی تەموزدا چەند جارێک بارانباری.

پێشمەرگە وا ڕاهاتبوو.. لە ناخۆشترین کات و ژیاندا، دەستبەرداری گاڵتەو کڵاو لەسەرنان نەدەبوو، لەو قوتەیەی ئێمە سەنگەرمان لەسەری گرتبوو، پێشمەرگەیەکمان لا بوو.. دەمانزانی شەوان لەکاتی پاسەوانیدا وەک پێویست نەبوو..برادەران لەتاریکی شەودا دەچوینە خوارەوە.. بەدیوی دوژمندا دەزوویان دەبەست بەچەند قوتویەکەوە شەو لەکاتی پاسەوانییەکەی ئەودا.. ڕایاندەکێشا، بەڕاکردن دەهات بۆ لای ئێمە و دەیگوت دوژمن هات، ئێمەش بەپەلە دەچووین دەمانگوت کوا دوژمن، دەیگوت تەقەی پێیان دەهات، پێمان دەگوت ئەی بۆ تەقەی لێ ناکەیت؟ بۆ دێیت بۆ لای ئێمە، هەموو شەوێک ئەوە حاڵی بوو.. ئێستەش نەیدەزانی. هەندێکجار پێشمەرگەکان بۆ حەسانەوە دادەبەزین، برادەران پێیان وتم: شەوێک دابەزە جەوێک بگۆڕە، لەخوارەوە لەناو گوندەکە هەموو شەوێک بەزمێک دەگێڕین بەمام فازڵ. مام فازڵ گلاڵی خەڵکی گوندی سەیدەی نزیک ناحیەی ڕزگاری.. سەر بەقەزای کەلارە، پێشمەرگەی کەرتی پێنج بوو، لەئەنفالدا هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، لەڕووی دەروونییەوە کێشەی هەبوو، کەمجار دەیناسیتەوە. شەوێک چوومە خوارەوە گۆرانی و هەڵپەڕکێیان گەرمکردبوو.. مام فازڵ دووزەلەی لێدەدا.. لەپێش هەڵپەرکێکەدا، شەهید فاتیح سێ کراسی ئافرەتانی هێنا.. کردیە بەر من و شکور سمایل و براباش، جبە و مێزەرێکی سپی بۆ محەمەد هێنا و کرا بەمەلا، بەجلی مەدەنییەوە خۆی کرد بەباوکی کچ. هەڵپەڕکێ گەرمبوو.. مام فازڵ گۆرانی دەگوت دووزەلەشی لێدەدا.. لەپێش هەڵپەڕکێوە، ئێمە چووینە ناو هەڵپەڕکێوە.. بەجلی ژنانەوە مەردان چاوشین فەرماندەی کەرتی مام فازڵ بوو.. پێی وت ئەو کچانە کامیانت بەدڵە.. بۆت داوا بکەم، پەنجەی لەسەر من دانا، هەر لەوێ داواکرا و مەلا مارەمانی بڕی، هەڵپەڕکێ بووە شایی من و مام فازڵ، پێکەوە هەڵدەپەڕین.. جارجارە قونچرکێکی توندم لەڕانی دەگرت، وەختبوو پێستەکە بەدەستمەوە بێت. دەیگوت براڕۆ تۆچی بەڵایەکی.. عەیبە وا مەکە، کراینە ژوورێکەوە دەستم بەدەموچاو و شان و مل و سنگیا دەهێنا پێی خۆشبوو، دەستم دەگەییشتە ناوگەڵی دەسمی توند دەگرت و دەیگوت بۆخاتری خوا تۆچی بەڵایەکی.. هەرگیز ژنی وەک تۆ زاڵم و بێحەیام نەبینیوە.

دەمگوت من ژن و حەلاڵی تۆم.. بۆ شەرم دەکەیت یاڵلا باپێکەوە بخەوین من ژنی تۆم، دەیگوت تۆ.. چ بێحەیایەکی پەلەت چییە. لەمەدا بووین درا لەمیل تفەنگ وپاڵ نرابە دەرگاوە، دەیگوت کوا ئەوپیاوەی خوشکەکەمی هەڵخەڵەتاندووە و بردویەتی دەیکوژم. مام فازڵ شپرزەبوو، مەردان چاوشین هاتە ژوورەوە.. وتی فازڵ خۆت بشارەوە برای کچەکە هاتووە ئەڵێ دەیکوژم، مام فازڵی کردە ناو گونییەکەوە و دەمی توندبەست و لەسوچێکدا داینا، برای کچ هاتە ژوورەوە.. هەموو لایەکی پشکنی دەیگوت لەکوێیە هەر دەیکوژم، شەقێکی لە گوێنیەکە دا.. فازڵی تێدا بوو وتی ئەوە چیە لەناویدا.. مەردان چاوشین وتی توولەیە ئێوارە هێناومە هێشتا دەرم نەکردووە. فازڵ وەک تووڵە دەینوزاند و برای کچ ڕۆییشت، فازڵیان دەرهێنا هەموو گیانی خەڵتانی ئارەقەبوو، پاش کەمێ دیسانەوە برا هاتەوە فازڵیان کردە گونییەوە، ئەمجارەش شەقێکی لێداو وتی ئەمە چییە؟ شەهید فاتیح وتی ئەوە چوپە، فازڵ لەناو گونییەکەوە دەیگوت فسسسسسسسسسس..فسسسسسسسس.

برای کچ ئەو جارە ڕۆییشت و پاش چەند خولەکێک گەڕایەوە و وتی دەزانم لێرەیە.. تاکو نەیکوژم لێرە ناڕۆم، فاتیح دوو گوێنیە ئاردی خستە سەرپشتی کابرا هاتە ژوورەوە وتی ئەمە چییە؟ فاتیح وتی نابینی ئەوە مێزە ئەو ئاردەی لەسەرە.

ئەو شەوە تانیوەی شەو بەپێکەنین و گاڵتە بەڕێمان کرد، زۆربەی شەوەکان ئەم بەزمە دووبارە دەبووەوە و هەر جارە و بە شێوازێک.

لەو ماوەیەدا لەقۆڵی ئێمەوە جگەلە دوورە تەقە و تۆپباران ڕووبەڕووبوونەوە نەبوو. ڕۆژی ٧/١١ دۆشکەیەکی دوازدە و نیو مللیمیان هێنا بۆ لامان. لەڕۆژی **٧/١٥** هەواڵی ناردنەوەی چەند دەستە و مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی پارتیزانمان پێگەییشت بۆ سنورەکانی خوارەوە. لە ٧/١٧ گوێبیستی هەواڵی ڕازیبوونی ئێران بووین بەبڕیاری (**٥٩٨**) (یو ئێن) بۆ ڕاگرتنی شەڕی هەشتساڵەی ئێران عێراق. (عەلی خامنەیی) بۆ ئەم مەبەستە قسەی لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (خافێر پیرێز دیکوێلار)کردووە.

پاش ئەوە لە**١٩٨٠/٩/٢٢** عێراق بۆ پاشگەزبوونەوە لەڕێکەوتننامەی**١٩٧٥/٤/٦**ی (جەزائیر) کە لەنێوان(سەدام حوسێن- جێگری سەرۆکی دەوڵەتی عێراق و محەمەد ڕەزاشا- شاهنشای ئێران)..بەناو بژیوانی و ئامادەبوونی (هەواری بومەدیەن-سەرۆکی جەزائیر، واژۆکرا. لەپەراوێزی کۆبوونەوەی ئۆپێکدا، ڕێککەوتنەکە لەچوار خاڵدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: سنوری وشکایی لەسەر دوا هێڵکاری (پرۆتۆکۆڵی)(قوستەنتینیە)ی ساڵی **١٩١٣** وە دواتر لە ساڵی **١٩١٤** لەسەر دوا ڕاپورتی لێژنەی دیاری کردنی سنوور.

دووەم: دیاریکردنی سنوری ئاویی.. لەسەر هێڵی (تالوک)ە، بێت.

سێیەم: بنچینەی ئەم ڕێککەوتنە دەبێت ببێتە هۆی متمانە و باوەڕبوون بەیەک وپابەندبوون لەپاراستنی هێمنی و ئاساییشی سنورەکان، نابێت ڕێگە بەهیچ کارێکی تێکدەرانە بدرێت.

چوارەم: هەردوولا.. ڕێککەوتنی گشتی بکەن و ئەو ڕێککەوتنە بەگیانی لەیەک تێگەییشتن و برایانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن و هەمیشە پەیوەندییان لەنێوان خۆیان و سەرۆک (هەواری بومەدیەن) هەبێ بۆ پێشەوەچوونی کارەکان بە گیانی برایانە.

لەبەرامبەر ڕاگرتنی هاوکاری بۆ شۆڕشی کوردستانی باشور (سەدام) دەستی لە بەشێک لەسنوری دەریایی هەڵگرت کە بەهێڵی(تالوک) ناسراوە، بەڵام پاش ڕووخانی حکومەتەکەی (مەحەمەد ڕەزاشا) و هاتنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان.. سەدام بەهەلیزانی ڕێکەوتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە و بەشەڕ ڕێککەوتنێکی دیکە بەسەر ئەم حکومەتە بێهێز و نوێیەدا لەقازانجی عێراق بسەپێنێ.

چەند بڕیارێکی نێودەوڵەتی هەبوو هەردوولا بەبێ قەیدو شەرت.. شەڕ ڕابگرن لەژێر چاودێری (یوئێن)دا، بەڵام ئێران ڕەتی دەکردەوە شەڕ ڕابگرێت تا ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەعس. عێراق لەو ماوەدا هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو وەک گرتنەوەی (هەڵەبجە و پێنجوێن و شارباژێر و چیای گۆجاڕ و قوتەی حەسەن بەگ و چیای گولان) لەسنوری کوردستانەوە.. لەباشور و ناوەڕاستیش بەهەمان شێوە بەهاوکاری هێزەکانی (مجاهدین) بۆ جاری دووەم گرتنی (سەرپێڵی زەهاو، گەیلان غەرب، ئیسلامئاباد، تا نزیکی کرماشان) لە باشورەوە گرتنەوەی قەزای (فاو) و ڕۆژهەڵاتی بەسرە و...هتد. ئێران لەڕووی ئابوریەوە تەپی بوو.. ئابلۆقەیەکی زۆری وڵاتانی لەسەر بوو. لەبەرامبەریشدا هەموو وڵاتە عەرەبییەکان هاوکاری عێراقیان دەکرد بە شەڕی عەرەب و(عەجەم, ئێرانیان) دەبینی. هەموو وڵاتانی جیهان بەلێشاو قەرزیان بەعێراق دەبەخشی. بۆیە ئێران ناچار بوو بەو بڕیارە ڕازی بێت کە لە ١٩٨٧/٨/٢٠ دەرچوو بوو، ملکەچی عێراق و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بوو، ئێمەی پێشمەرگە لەم ڕازی بوونەی ئێران زۆر نیگەران بووین، چونکە بەزیانی گەورەی ئێمە دەشکایەوە. لەبێ بەڵێنی و درۆزنی ئێران نیگەران بووین، چونکە (ی.ن.ک) لەمانگی ١٩٨٦/١٠ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئێراندا واژۆ کردبوو، لەڕێککەوتنەکەدا هاتبوو لەبوارەکانی (سەربازی و سیاسی و ئابووری) دا.. هاوکاری یەکتری بکەن. هەردوولا تا ڕووخاندنی حکومەتی عێراق دەبێ لەدژی بوەستنەوە و نابێت هیچ لایەکیان بەبێ ڕەزامەنی و ئاگاداری ئەویتر هیچ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ واژۆ بکات.

بەپێچەوانەوە ئێران بەبێ گوێدانە ئەو ڕێککەوتنە لە١٩٨٨/٧/١٧ ڕازیبوو لە٨/٨ بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ درا لە ٨/٢٠ جێبەجێکرا. لە ٨/٢٥(تارق عەزیز و عەلی ئەکبەر ویلایەتی) وەزیرانی دەرەوە لە(نیویۆرک لەئەمریکا) کۆبوونەوە، ڕاپۆرتەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا

(سی ئای ئەی) کوژراو و بێسەر و شوێنی ئێرانی (٤٥٠٠٠٠ بۆ ٧٣٠٠٠٠) و عێراقی (١٥٠٠٠٠ بۆ ٣٤٠٠٠٠) مەزەندەکرد.

ڕۆژی ١٩٨٨/٧/٣٠ کاتژمێر پێنج.. چەند فڕۆکەیەکی جەنگی سیخۆی عێراقی هاتنەسەر ئاسمانی ناوچەکە و گوندەکانی (گەرەوانی خواروو مەلەکان وبالیسان) یان کیمیا بارانکرد. لەگوندی گەرەویان چەند بۆمبێکی کیمیاییان فڕێدایە خوارەوە لەدەوری گۆڕستانەکەی خوار گوند و سەرجادە قیرەکە کەوت. لەو ڕۆژانەدا بوو (حاجی زرار) لەچیای پشتی جوانەگاوە شەهیدبوو پێموابێ فەرماندەی کەرتبوو لەتیپی ١٩ی کۆڕەک. لەوێ هێرش وپەلامار و تۆپبارانێکی زۆر سەختیان لەسەربوو. تۆپخانە و کاتیۆشاکانی دوژمن لەپێش چیای کۆڕەکدا بوو.. لەپێش چاومان گوللەکانی دەتەقاند لەگەڵ هەر گوللەیەک پێشمەرگەکان یەک فیشەک ئاگرداری بیکەیسییان بۆ ئاراستەی تۆپەکە دەنارد وەک گاڵتە پێکردن و گرنگی نەدان بەتۆپباران کردنەکەیان، دوژمن ئەوەندەی دیکە شێت دەبوو. ڕۆژی ٧/٢٢ بۆ ئێوارەکەی سەرکەوتین بۆ چیای (بێبۆ) بڕیار وابوو شەو پەلاماری سەنگەرەکانی دوژمن بدەین، دواتر بڕیاردرا بکشێینەوە بۆ سەنگەرەکانی خۆمان. بەیانی ٧/١٨ شەهید کاکە هاتە سەرەوە بۆ سەر چیا کە ڕۆژانە نان و ئاو و پێداویستی ڕۆژانەی بۆ دەهێناین. پێی وتم لەگوندی گولانەوە هەواڵیان ناردووە کە تۆ و (بورهانی ئامۆزات و مامۆستا ئیکرام و عەلی ئۆمەربلی و حەسەن ئۆمەربلی و ئەحمەد عەزیز توکنی) خزم و کەسوکارتان هاتوون بۆ لاتان لەگوندی گولان چاوەڕوانتان دەکەن. کاک عادل شکور پێی وتم.. زوو بێتەخوارەوە برادەران چاوەڕوانی دەبن. بەپەلە چوومە خوارەوە لەگەڵ ئەو برادەرانە کاتژمێر نۆ بەڕێکەوتین هیچ ئاگام لە چارەنووسی ماڵی خۆمان نەبوو.. تا ئەو کاتە لەخەیاڵی خۆمدا دەمگوت ئەبێ کێ هاتبێت بۆلامان؟ بڵێی دایکم یان باوکم بێت زۆر دڵخۆش بووم، لەگوندی گەرەوانی سەروو بەجادە خۆڵەکەدا بەرە و گوندی گولان و میحوەری شەڕگەی کارۆخ لە(ساوسێکە) بەهەورازەکەدا سەرکەوتین. لەسەرووی هەورازەکەوە تراکتۆرێک بەرەو ڕوومان دەهات شۆفێر و دوو مێردمنداڵی لەسەربوو، ئێمە تراکتۆرەکەمان بینی ڕاوەستاین، تراکتۆرەکەش گەییشتە لای ئێمە ویستی ڕابوەستێ، بەڵام بۆی ڕانەگیرا بەهۆی بەردانی گێڕەکەیەوە بەخێرایی چووە خوارەوە لەقەد پاڵەکەدا وەرگەڕا، بەڕاکردن چووینە سەری، شۆفێرەکە بەساغی دەرچوو بەڵام هەردوو مێرد منداڵەکە لەسەر چاملخی تراکتۆرەکە دانیشتبوون لەگەڵ وەرگەڕانی کەوتبوونە ژێر، دیسان پلێکی دیکەی دابوو بەجێی هێشتبوون. لەهەردوو کوونەلوت و دەم و گوێیانەوە فیشکەی خوێنی دەهات و دیمەنێکی زۆر تراژیدی بوو. شۆفێرەکە دەستیکرد بەهاوارکردن و وتی دەچم تراکتۆر دەهێنم ئەیانبەم بۆ دکتۆر.پاش خولەکێک گیانیان سپارد، لەو کاتەدا سەوسەن بەقاتێکی پیاوانی خاکی و چەکێکی کلاشینکۆفی مزەلی و تاخمێکی چوار مەغزەنییەوە بەسواری ئێسترێک پەیدابوو. دەستیکرد بەگریان تفەنگەکەی داگرت وتی کوا

شۆفێرەکە لەکوێیە بەخودا دەیکوژم، وتمان چووە بۆ تراکتۆرێک بیانبات بۆ دکتۆر، وتی درۆ دەکات ئەوە هەڵهاتووە ئەم دوو کورە هەردووکی ئامۆزای منن.. هیچی ئەو نابێت ئەوە لەترسا هەڵهاتووە. سەوسەن کچێکی جوانی تەمەن نزیکەی بیست و پێنج ساڵ دەبوو، برا و کەسوکاری زۆربەی پێشمەرگەبوون، خوی ئەوانی گرتبوو لاسایی دەکردنەوە، پێشتر بەهەمان شێوە لەو سنوورە بینیبوومان. بەخەم و ئازارێکی زۆرەوە، بەجێمان هێشتن و بەرێکەوتین.. کاتژمێر پێنج گەییشتینە گوندی گولان. بەلام ئەوان بەیانی پاش دوو رۆژ چاوەروانی.. گەرابوونەوە، پاش ماوەیەک زانیمان چەند کەسێک بوون.. هاتوون بۆ لای کورِ و کەسوکاریان هەریەک لە (نەجمەدین سابر برای نورەدین و دایکی مامۆستا ئیکرام و پورە نەعیم)ی ئامۆژنی من و بورهانی ئامۆزامیان لەگەڵ بوو. سبەی بە نائومێدی گەرایینەوە لەدڵی خۆمدا وتم ئەگەر دایک و باوکم لەئەنفال دەربازیان بووایە.. یەکێکیان لەگەڵیان دەهاتن، بەدڵنیاییەوە کەسیان دەرباز نەبوون. ماوەی مانگێک بوو شەرِی ئێران و عێراق زۆر گەرمبوو، رۆژانە دەیان فرۆکەی جەنگی و پیلاتۆزمان دەبینی.. بەرە و سنوور دەرۆییشتن پاش خۆ بەتاڵ کردنەوە لەتەقەمەنی دەگەرانەوە. پێموایە هەر ئەوەش هۆکار بوو هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر سنوری مەڵبەندی سێ، خاوبۆوە.. بەزۆری شەرِی چەکی قورسی دەکرد. نیوەرۆیەکی ٨/٨ بوو (مەلارەحیم) هاواری لێ هەستا وتی: ئەی ماڵی وێرانم بەخوا کۆتاییمان هات شەرِی ئێران و عێراق وەستا، وتم:

- چۆن، کەی؟

- هەواڵەکانی رادیۆ دەڵێن.. ئیمام خومەینی سەرۆک کۆماری ئێران وتوویەتی رازی دەبم بەراگرتنی شەرِ، هەرچەندە ئەم بریارە بەناچاری دەدەم وەک خواردنەوەی پیاڵەیەک ژەهرە، بەلام لەپێناوی گەل وخاکی ئێراندا ئەو گلاسە ژەهرە دەنۆشم.

مامۆستا (کەریم سالار) هاواری لێ هەستا وتی: تەواو، تەواو، کۆتایی کورد و شۆرِش و ژیانمانە، مەلا رەحیم هەرچەندە زۆر بێ ئومێد و نیگەران بوو، بەلام دڵی مامۆستا کەریمی دایەوە و هەندێ قسەی بۆ ورە بەرزکردنەوە و خۆراگری کرد. من هەرچەندە زۆرم پێ ناخۆش بوو هەستم بەمەترسی زیاتر دەکرد بۆ سەر گەلەکەمان و کوردستان، بەلام لەهەمان کاتدا دەمگوت ئایا دەبێ چی لەمە خراپتر روویدات؟ لەسەدا هەشتای ناوچە ئازادکراوەکانمان داگیرکراو تەختی زەوی کرا، زۆربەی دانیشتوانەکەی گیراون و چارەنوسیان نادیارە. ئەم ناوچە کەمەی بەچۆڵی ماوەتەوە.. ئەویش وا خەریکە لەدەستی دەدەین. هەرچەندە دڵگران بووم بەلام زوو لەیادم کرد، ئێستا پێموایە هۆکاری ئەو بێمنەتییەم باوەرِی پتەوی کوردایەتی و گیانفیداکاری پێشمەرگانە و بێمنەتی لەمردن.. بەشێک بوو لەو خۆراگرییە، بەلام هۆکارێکی دیکەش کەم ئەزمونی و لاوێتی و هەرزەکاری بوو. ئێستا بیردەکەمەوە و دەڵێم چۆن دەبێت لەکاتێکی ئەوەندە هەستیار و ترسناک و چارەنووس

سازدا مرۆڤ ئەوەندە بێمنەت بێت، بێگوێدانە هیچ شتێک بڕیار بدات و هەنگاو بنێ؟ بۆ کارگەلێک کە لەسەدا نەود و پێنجی مردن و کۆتایی ژیانی بێت. پێش وەستانی شەڕی عێراق ئێران و گۆڕانی هاوسەنگییەکان شۆڕش دڵنیابوو لەماوەیەکی کەمدا ئەم ناوچەیەش لەدەست دەدات. بەپەلە کەوتە بیرکردنەوە و دانانی بەرنامەی نوێ. کاک نەوشیروان لەقەندیل لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا و پشتبەستن بەئەزمون و سەرکەوتنی خەباتی پارتیزانی لەسەر دەستی ژمارەیەک فەرماندە و پێشمەرگەی ناوچەی گەرمیان، بڕیاریدا بۆ هەموو ناوچەیەکی کوردستان مەفرەزەی پارتیزانی پێش پەلامار و گرتنی مەڵبەندی سێ ڕێکبخرێت و ڕەوانەی ناوچەکانی خۆیان بکرێن. ئەوەی من ئاگاداربم دەستنیشانکردنی فەرماندە بۆ سنورەکان بەم شێوەیە بوو:

**١-**ناوچەی گەرمیان پاش داگیرکردن و سوتان و تەختکردنی ناوچەکە و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە چەند دەستەیەک پێشمەرگەی پارتیزان مابوونەوە و خۆیان ڕێکخستبووەوە، بۆ زیاتر ڕێکخستنەوە و سەرپەرشتی کردنیان کاک ئازادی سەگرمە کەپێشتر ئەندامی مەڵبەندی یەک بەشی سەربازی بوو.. سەرپەرشتی چەند تیپێکی دەکرد، وەک بەرپرسی یەکەم دەستنیشان کرابوو.

**٢-**ناوچەی کەرکوک تاچەمی ڕێزان، پێشتر چەند مەفرەزەیەکی بۆ گەڕابۆوە، سەرپەرشتیکردنی سپێردرابوو بە مام ڕۆستەم.. کەپێشتر ئەندامی مەڵبەندی یەک بەشی سەربازی بوو بەڵام دواتر هات بۆ سنوری گەرمیان.

**٣-**ناوچەی سۆران و ڕەواندز و باڵەکایەتی سپێردرا بە شەهید حەسەن کوێستانی فەرماندەی تیپی ٨٧ی کارۆخ و چەندین فەرماندە و دەستەی دیکە، سەعید حەمەزیاد فەرماندەی تیپی **١٩**ی کۆڕەک یەکێک بوو لەفەرماندەکان لەساڵی **١٩٨٩** تەسلیم بووەوە و بووبوو بەچەکداری دوژمن، لەڕووداوێکی تەمومژاویدا کوژرا.

**٤-**مەلاعەزیز فەرماندەی یەکێک لەتیپەکانی مەڵبەندی سێ بوو فەرماندەی ناوچەی هەولێر، هەریەک لەگەڵ ئەم فەرماندانە چەندین دەستە و مەفرەزەی بچوک بچوکیان لەگەڵ بوو بۆ ناوچەکان.

هەرچەندە وا پلان دانرابوو، بۆ هەموو ناوچەکان چەند فەرماندە و ژمارەیەک پێشمەرگە دەستنیشانکرابوون، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار.. ڕەنگە زۆر هەڵبگرێ باسی لێبکەین هەندێک لەو دەستانە ماوەیەکی کەم توانییان درێژە بەو خەباتە نوێیە بدەن و سەرکەوتوو نەبوون و پلانەکە وەک خۆی جێبەجێ نەکرا.

لەلایەن کاک عادل شکوری فەرماندەی تیپمان ئاگادار کراینەوە، هەر پێشمەرگەیەک لەخۆی ڕادەبینێ و توانای خەباتی پارتیزانی لەسنووری گەرمیانی هەیە.. ئاگادارمان بکاتەوە بۆ ئەوەی لەچەند دەستەیەکدا ڕێکبخرێن و ڕەوانەی گەرمیانیان بکەینەوە، ئەگەر کەمێک

بەمێژووی شاڵاوەکانی بەهاری **١٩٨٧** و شاڵاوە یەک لەدوای یەکەکانی ئەنفالدا.. گوزەرێک بۆ دواوە بکەین. دەتوانین بڵێین سەرەتای دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال دەگەڕێتەوە بۆ بەهاری **١٩٨٧** لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا، بەڵام ئەو کاتە و دواتریش تا نیوەی هێرشەکانی ئەنفالی یەکیش بەناوی ئەنفالەوە نەبوو. بەتایبەتتر لەسنوری مەڵبەندی سێ کە دەکەوێتە نێوان شارەکانی (قەلادزێ، ڕانیە، کۆیە، تەقتەق، مەخمور، هەولێر، شەقڵاوە، هەریر، ڕەواندز، سۆران)، بەڵام ئەو سەردەمە بەهۆی سەختی جەنگ و شکانی سوپای عێراق لەبەرامبەر سوپای ئێراندا نەیدەتوانی درێژەی پێ بدات و ڕایگرت تا بەهاری **١٩٨٨**، ئەگەر بڕوانینە چەند هێرشێکی سەربازی و کیمیاباران کردنی گوندەکانی (وەرێ، بلە، شێخ وەسانان، مەلەکان، بالیسان، خەتێ، هیران، نازەنین)، لەبەهاری **١٩٨٧** بە مەبەستی کۆمەڵکوژی و بەکارهێنانی چەکی ناپاڵم و هێشوویی و گازی کیمیایی قەدەغەکراو لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، ئاماژەیە بۆ سەرەتای هێرشێکی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی گەلی کورد. لەم تێڕوانینەوە دەتوانین بڵێین لەم سنورەدا پێش ئەنفالی یەک و ئەنفالی پێنج لە **١٩٨٨/٥/١٥**پەلاماری سنورەکە دراوە، کۆمەڵکوژی و ئەنفال دەستپێکردووە، بەڵام بەناوێکی ترەوە، وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە پەلاماری ئەنفالی پێنج لە **١٩٨٨/٥/١٥** بۆ سنورەکانی مەڵبەندی سێ و بناری قەندیل بوو.

بەکرداری هەندێ شەڕگە وەک (هەڵەموند، بێترخێن، گەروی مەنجەڵ) لەشەڕگەی کاروخ، چیاکانی (کێل کێل، زازوو، جوانەگا) وچیاکانی نێوان هەردوو گوندی گەروان و مەلەکان بۆ چیای کۆڕەک و قەزای ڕەواندوز. تا **٦** و **١٩٨٨/٦/٧** درێژەی کێشا. دوژمن لەو چەند ڕۆژەدا بەهەموو توانایەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و وەدەرنانی هێزی پێشمەرگەی دەدا، بەڵام شکستی هێنا لەکاتێکدا دوژمن لەشاڵاوەکانی ئەنفالی **(١، ٢، ٣، ٤)** سەرکەوتوو بوو لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان و تەختکردن و وەدەرنانی هێزی پێشمەرگە. بەلەخۆباییەکی زۆرەوە پەلاماری ئەم ناوچانەیاندا..پێیان وابوو بەکەمترین کات سەرکەوتوو دەبێ کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکە دەکات و هێزی پێشمەرگە.. پاش ئەم هەموو شکانە ناتوانێ لەبەرامبەریدا خۆی ڕابگرێت، بەڵام بەهۆی گیانفیداکاری و جوامێری پێشمەرگە و باری ناوچە شاخاوییەکان دوژمن توشی شڵەژان و شکانێکی گەورە و توندبوو. بۆیە هێرش وپەلامارەکانی ڕاگرت تا کاتێکی گونجاو دەست پێبکاتەوە، تاکو هێرش وپەلاماری نوێ و بەبەرنامە و پلانی نوێوە بەناوی ئەنفالی حەوتەوە دەست پێبکات. لەگەڵ سەرەتای مانگی هەشتدا دوژمن خۆی بۆ هێرشی نوێ و یەکلاکەرەوە ئامادە کردبوو. شۆڕشیش بەپەلە بوو بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەدات پێش هێرشی نوێ و دروستبوونی بەربەست لەپێش ناردنەوەی مەفرەزە و دەستە دەستنیشانکراوەکان، بەپارتیزانی بنێرێتە ناوچە دیاریکراوەکان. بۆ ئەو مەبەستە ئاگادارکراینەوە ئەوەی ئامادەی خەباتی پارتیزانییە سبەی زوو لەچیا بێتە خوارەوە

و ئامادەی ڕۆییشتن بێت. ئێمەی پێشمەرگە وەک پیشەی هەمیشەییمان بڕیاری بوێرانە و خۆنەویستانە و مەرگمان هەڵبژارد.. لەپێناو چۆکدانەدان و مانەوەی شۆڕش و درێژەدان بەخەبات و خامۆش نەبوونی مەشخەڵی شۆڕشی نوێ لەپێناو گەل و خاکی کوردستاندا. ئێمە ژمارەیەک پێشمەرگە لەکەرتی شەشی تیپی **٥١**ی گەرمیان پێکەوە بڕیارماندا بەدەستەیەکی سەربەخۆ.. بچینە خوارەوە و لەوێ پەیوەندی بەدەستەکەی کاک عوسمانی حاجی مەحمودەوە بکەین کەپێشتر فەرماندەی کەرتمان بوو، کە پێکهاتبووین لە:

١- شەهید کامەران هیدایەت فارس "کامەران مامۆستا هیدایەت"کفری، بەداخەوە لەشەڕی ناوخۆ لەساڵی **١٩٩٣** لەکفری شەهیدبوو.

**٢**-شەهید ساڵح محەمەد "کاکە توکنی"، بەداخەوە لەڕاپەڕینی **١٩٩١** لەخورماتوو شەهیدبوو.

**٣**-عوسمان جەمیل ساڵح" عوسمان مەلا جەمیل".

**٤**-ڕەحیم ڕەشید"مەلارەحیم سەرقەڵا".

**٥**-جەمال ڕەشید محەمەد "شێخ حەمیدی".

**٦**-غایب حوسێن غایب لەلبنی.

**٧**-شکور ئسماعیل عەلی"شکور سمایل" کفری لەمانگی **١٩٨٩/٣** تەسلیم بۆوە.

**٨**-مەدحەد حەلاو کەتان لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیان تەسلیم بۆوە.

**٩**-عوسمان عەلی عەبدوڵا، "عوسمان مەلا عەلی فەتاح هۆمەری"لە**١٩٨٨/٩** تەسلیم بۆوە.

**١٠**-سەمەد فایەق "سەمەد تەختەمینەیی" لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیان تەسلیم بۆوە.

**١١**-محەمەد خورشید حەمید "حەمە چوارشاخی" لەمانگی**١٩٨٨/٩** تەسلیم بۆوە.

**١٢**-خۆم- ڕەشید عەلی سەعید"حەمەڕەشید توکنی".

دەستەیەکی دیکەمان لەگەڵ بوو لەم پێشمەرگانە پێکهاتبوون:

١-شەهید محەمەد ئیبراهیم ڕەشید "شەهید حەمەکادر" لەساڵی **٢٠٠١** لەشەڕی جوندلئیسلام شەهیدبوو.

**٢**-شەهید نادر مەجید جوامێر، نادر وارانی لەساڵی **١٩٩١** لەڕاپەڕینی خورماتوو شەهیدبوو.

**٣**-شەهید وەهاب تەختە مینەیی لەمانگی **١٩٨٨/٩** تەسلیم بۆوە.لەساڵی **١٩٩٣** لەشەڕی ناوخۆ لەکەلار شەهیدبوو.

**٤**-جەماڵ محسن جەوهەر "جەماڵ وارانی".

**٥**-بەکرە سوور کوردەمیری لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیان تەسلیم بۆوە.

**٦**-عەلی عەبدوڵا کوردەمیری لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیان تەسلیم بۆوە.

**٧**- عومەر مەسۆیی لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیان تەسلیم بۆوە.

**٨**-عەزە گوڵە لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیان تەسلیم بۆوە.

**٩-**ئسماعیل حاجی مستەفا کارێزەیی لەمانگی**١٩٨٨/٩** لەگەرمیان تەسلیم بۆوە.

**١٠-** حەمە سوور درۆزنەیی لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیان تەسلیم بۆوە.حەمە سور کوڕێکی زۆر گاڵتە چی و قسە خۆش بوو ووتی:گوندەکەمان زۆر کەم ئاو بوو دەبوو ڕۆژانە بە حاڵێکی زۆر خراپ لەدووری چەند کیلۆ مەترێک بە مووشەمای سەر پشتی ولاخ ئاو بێنین ,شەو ئاگام لێبوو باوکم دەیەویست لەگەڵ دایکم بخەوێ, بەلام دایکم ڕازی نەدەبوو دەگووت پیاوەکە ئاومان نییەو سبەی کارم زۆرەو ناتوانم ئاو بێنم بۆخۆشۆردن نوێژەکانمان لەدەست دەچێت ,باوکم پاش هەوڵدانێکی زۆر بۆئەوەی ڕازی بکات ووتی: تۆئاو مەهێنە من خۆم حەمە دەنێرم ئاو بێنێ ,دایکیشم دەیەویت حەمە چەقاوەسویەکە بەخوا ئاو ناهێنێ, باوکیشم دڵنیایی دەدایە کە حەمە دەنێرم, دنگی داواو ناڕازی نەما پێم وابوو دایکم ڕازیبووە ,لەژێر جێگاگەوە ووتم سەگ باب ئەگەر نەتداوەتێ نەیدەیت پێی بەخوا یەک تک ئاو ناهێنم.

ڕۆژی **١٩٨٨/٨/٨** بەیانی زوو لەسەنگەرەکانی سەر چیا دابەزینە خوارەوە.. کاتژمێر "١٠"ی بەیانی لەگوندی گەرەوانی خواروو.. بەرەو چیای(بێموراد) بەڕێکەوتین.. لەپشتی گوندی گەرەوانی سەروو سەرکەوتین. ترێیەکی زۆرجوانی لێبوو لەترسی بەکارهێنانی گازی کیمیایی لەچەند ڕۆژی پێشوو لەوێ.. نەمانوێرا لێی بخۆین. پاشان چووینە(تارینە) بۆ پاش نیوەڕۆ لەگوندی(مەلەکان) چۆڵ بوو نان و چایەکمان خوارد و بەچیادا سەرکەوتین لەسەرچیا سەکۆی گوللەی کاتیۆشای چلییەکانمان بینی کە بەڕۆکێتی تۆڵە ناسرابوو ئەو کاتە، بۆ ناحیەی خەلیفان ئاراستە کرابوو.. کە لەبۆریەکی ئاسنی بەهێز و سێ لاق دروستکرابوو. چەند گوللەیەکی لەنزیک دانرابوو، لەچاو شکاندن و ورەی دوژمن.. لە شالاوی ئەنفالی پێنج و شەشدا ڕۆڵی کاریگەری گێڕابوو، پاش نیو کاتژمێر سوڕانەوە بەدەوریدا بۆ کاتژمێر چوار و نیو گەییشتینە گوندی (خەتێ).. تا ئەوێ بەناو ڕەزە ترێدا ڕۆییشتین، ئەو ترێ ڕەشەمان دەبینی لەترسی ژەهراوی بوون..نەماندەتوانی بیخۆین، وەخت بوو شێت دەبووین. چووینە بارەگای مەڵبەندی سێ، لەوێ کاک کۆسرەت و مام ڕۆستەممان بینی. داوای خواردنمان لێ کردن کاک کۆسرەت بزنێک و هەندێ خواردنی پێداین، پاش نان خواردن داوام لە(غایب و بەکرەسور) کرد لەگەڵمابێن بۆ لای کاک کۆسرەت بۆ وەرگرتنی هەندێ مین و تەقەمەنی بیبەین بۆ گەرمیان.. تاکو بەدوژمندا بیتەقێنینەوە، وتیان تۆ شێت بوویت یان هار؟ ئێمە تفەنگ و تاخم و کۆڵە پشتەکانمان پێهەڵناگیرێ لێمان بووە بەبار و بووەتە تەوقی ملمان.. تۆ ئەتەوێ کۆڵێ "T.N.T- تیئێنتی" و مینیش بدەیت بەکۆڵماندا، نەیانهێشت بچم. سبەی زوو **٨/٩** لە گوندی خەتێوە بەڕێکەوتین.. بەچیای هەورێدا سەرکەوتین لەبەرزی و سەختیدا ناوی لێنراوە "هەورێ" بەڕاستی هەورێ بوو، تاقەت پڕوکێن و چۆک شکێن. پاش نیوەڕۆ چووینە گوندی (کونە فلوسێ) لەوێ لاماندا چۆڵ بوو، نان و چایەکمان خوارد و

بەڕێکەوتین، چووینە گوندی (کاموسەک) بەجادە قیرەکەدا بەرە و ناحیەی (هیران) سەرکەوتین کەلە ساڵی **١٩٨٧** لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵکرابوو.

لەسەر ڕێگامان چەرداخێکی قامیشی لێبوو کوڕێک بەناوی زیرەک ئامێرێکی موزیکیی "ساز"ی پێبوو.. ئاوازی گۆرانی کراس زەردێی هونەرمەندی دەنگخۆش (تاهیر تۆفیقی) زۆر بەجوانی عەزف دەکرد، مەدحەد لەگەڵیدا دەستیکرد بەگۆرانی وتن.

کاتژمێر پێنج گەییشتینە ناحیەی (هیران)، هەندێ ماڵی کەمی لێبوو. چووینە ماڵێک ئەستێڵێکی ئاو لەناو باخچەیەکی جوان و ڕازاوە.. لەپێش ماڵەکەیدابوو هەندێ میوەی قۆخ و ترێ و ئاڵوی تێکرد بوو، بۆ ئەوەی سارد بێت ئەوەندەی دیکە ئەستێڵەکەی جوان و خۆشکردبوو،پیرەژنێکی جوان وپاک و زمان شیرین.. پاش بەخێرهاتنمان چای بۆ هێنایین، غایبمان لەگەڵ بوو بەهێواشی وتی پورێ گیان چای چی دێنی.. من بۆ ئەوەی ناو ئەستێلەکە شێت بووم! ئەڵێی دڵداریمان لەگەڵ دەکات.. وا خۆیمان پێ نیشان دەدات و قوت دەخوات. پاش چا خواردنەکە.. میوەکانی کردە سەر قاپێکی شوشە و بۆی هێنایین، ئێوارە تەبسی و برنجێکی بۆ لێنابووین.. ئەوەندە بەلەزەت بوو، تێرمان لێ نەدەخوارد.. کە ماوەیەکی زۆر بوو چێشتی واخۆشمان نەخواردبوو. بەیانی زوو **٨/١٠** لەناحیەی (هیران)ەوە بەچیای (ئاوەگرد) کەدەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای ناحیەی هیرانەوە بەسەر چیادا بۆ ئاڕاستەی باشور.. بەرەو گوندی (سماقوڵی سەروچاوە) بەڕێکەوتین. نیوەڕۆ بەلای بارەگایەکی (حشع) دا تێپەڕین.. لەسەر (کانیاوی ئاوەگرد)بوو، داوای خواردنمان لێکردن دوو قوتوی گۆشت کە ئەو کات پێیان دەگوت سەرکەگا و چەند نانێکیان پێدایین، لەسەر ئاوەکەی تەنیشتی بارەگاکە لاماندا‌و نان و چایەکمان خوارد بەسەر چیادا ڕۆییشتین تا گەییشتینە ئاڕاستەی گوندی سماقوڵی سەروچاوە.. دابەزینە خوارەوە بۆ کاتژمێر چوار گەییشتینە گوندی (سماقوڵی گرتک) گوندەکە چۆڵکرابوو تاک و تەرا خەڵکی لێ مابوو. بارەگایەکی چۆڵیان بۆ دەستنیشان کردین تێیدا بحەسێینەوە تاکو شارەزاکەمان دێت و بەڕێدەکەوین بۆ دەشتی کۆیە. چوار ڕۆژمان لەوێ بەگاڵتە و پێکەنین لەگەڵ ئەو هاوڕێ و خۆشەویستانەمان بەڕێکرد، دەتگوت مێشێک میوانمان نییە. ڕۆژێکی دواتر دەستەکەی سەلام قادر (سەلام شوشە) ش هاتن بۆ لامان کەپێکهاتبوون لە:

**١**-شەهید سەلام قادر (سەلام شوشە) لەمانگی **١٩٨٨/١١** گەڕایەوە بۆ ئێران، ساڵی **٢٠١٦** بەڕووداوی ئۆتۆمبێل شەهیدبوو.

**٢**-شەهید حەمید عەبدلڕەحمان (حاجی حەمید)، لەگەرمیان چووە دەستەکەی شەهید سەید محەمەد، لەڕووداوێکی سروشتی لەئەشکەوتی "داری خلە" لە **١٩٨٩/٢/١٩** شەهیدبوو.

**٣**-سۆران غازی (حەمە سۆران مامۆستا غازی) لەگەرمیان چووە دەستەکەی شەهید سەید مەحەمەد.

**٤-**نەوزاد کەریم فارس لەگەرمیان چووە دەستەکەی شەهید سەید مەحەمەد.
**٥-**حسێن ساڵح کاکەخان (مامۆستا حسێن) لەگەرمیان چووە دەستەکەی شەهید سەید محەمەد.
**٦-**جەماڵ عەزیز(جەماڵ عەزە فەڕاش) لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
**٧-**جەمال جەلال توکنی لەمانگی **١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
**٨-**سەڵاح رەشید (سەڵاح رەشید بەلەگە) لەمانگی**١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
**٩-**کەریم سەر سپی کفری لەمانگی**١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
**١٠-** چالاک برای کەریم لەمانگی**١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
**١١-**مفید عەلی( هەڵمەت کفری) لەمانگی**١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
**١٢-**لوقمان بان سنوقی لەمانگی**١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
**١٣-**رەحیم بان سندوقی لەمانگی**١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
**١٤-**رزگار کەرکوکی لەمانگی**١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.
**١٥-**براباش عەبدولرەحمان (براباش قوڕی چایی) لەمانگی**١٩٨٨/٩** لەگەرمیانەوە تەسلیم بۆوە.

ئەو ماوەیە.. بەهۆی غەم و بێتاقەتییەوە.. دانەدانە جگەرەم دەکێشا، رزگار.. شەوان بەسەر پێشمەرگەکاندا دەسوڕایەوە.. لەکاتی خەودا جگەرەی لەپاکەتەکان دەردەهێنا، بڕیارمدا دەرسێکی دادەم لەو کارە دوور بکەوێتەوە، جگەرەیەکم نیوەی بەتاڵ کرد و باروتی فیشەکێکم تێکرد.. بەتەنها لەناو پاکەتەکەدا هێشتمەوە، خۆم کرد بەخەوتوو، ئاگام لێبوو هاتە ژوور سەرم جگەرەکەی دەرکرد و ڕۆییشت پاش خولەکێک گوێم لێبوو کاک سەلام هاواری دەکرد بۆم بدۆزنەوە تاڕای نەکردووە ویستی بمکوژێ دڵنیام، خۆم دڵنیام، جەمال بۆم بدۆزەوە زوو تا خۆی ون نەکردووە، هەستام وتم ئەرێ چی خەبەرە چی ڕوویداوە؟ برادەران وتیان ڕزگار باروتی بۆ کاک سەلام کردۆتە ناو جگەرەوە، چوومە لای کاک سەلام پێم وت: ئەو جگەرەیە من باروتم بۆ ڕزگار تێکردبوو تاکو ئاقڵی بکەم، چیتر جگەرە لەپاکەتی کەس بەبێ پرس دەر نەهێنێت نەیزانیوە بۆ تۆی هێناوە.

ئینجا وازی لێهێنا، پاش چوار ڕۆژ مانەوە، مام ڕۆستەم هاتە لامان.. وتی دەستەی یەک و دوو خۆتان ئامادە بکەن ئێوارە بەڕێ دەکەوین.

# ئەنفالی هەشت و کۆتایی

دواقۆناغ لە۸/۲۵ تا۱۹۸۸/۹/٦ ی خایاند. ئەنفالی هەشت و کۆتایی ۸/۲۵ ڕژێمی خوێنمژی بەعس پاش سەرکەوتنەکانی لەبەرەی شەڕی(عێراق،ئێران) و سورکردنی خاکی کوردستان بەخوێنی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان..تۆمارکردنی سەرکەوتنەکانی لە ئەنفالی (۱، ۲، ۳، ٤) لەمانگەکانی ۳ و ٤ و ۱۹۸۸/۵ دا و گرتنی فاو ۱۷و۱۹۸۸/۵/۱۸ سەرکەوتنی لەڕۆژهەلاتی بەسرە و سەرپێلی زەهاو و گەیلان غەرب و ئیسلام ئاباد و گرتنەوەی هەلەبجە و پێنجوێن و چوارتا و گەلالەو...هتد. ئەو سەرکەوتنانە شێت و مەستی کردبوو. ئەمجارە ویستی پەلامارێکی سەرتاسەری بۆ ناوچە کۆنترۆلکراوەکانی ژێر دەسەلاتی هێزە کوردییەکان بەناوی ئەنفالی(۵، ٦، ۷) دەستپێبکات، لەهەمان کاتدا سنوورەکانی پارێزگای دهۆک و بادینان کەلەژێر دەسەلاتی (پ.د.ک) دا بوو بە ئەنفالی (۸) ببات بەڕێوە. ئەم هێرشە.. یەکەم پەلامار و شەهیدکردنی بەکۆمەلا نەبوو لەناوچەی بادینان، چونکە نزیکەی نیو چارەکە سەدە بوو شۆڕش و سەرهەلدان لەم ناوچەیەدا هەبوو، بەتایبەت شۆڕشی بارزانییەکان، لەساڵی ۱۹۸۳ کاتێک سوپای ئێران بەهاوکاری و چاوساغی(پ.د.ک).. لە خاکی کوردستانەوە پەلاماری ناوچەی حاجی ئۆمەرانیدا.. لەتۆڵەی ئەو کارەدا بەعس و عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان کەوتنە گیانی خەڵکی سڤیلی کۆمەڵگای زۆرەملێیی (کەسنەزان) "۸۰۰۰" پیاو و لاوی هۆزی بارزانییەکانیان گرت و لەبیابانەکانی خوارووی عێراق بەدڕندانەترین شێوە زیندەبەچاڵیان کردن، دەتوانین بڵێین لەسەدەی بیستدا.. ئەو تاوانەی بەعس یەکەم و نوێترین کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی کورد بوو بەو ژمارە زۆرە، نازانم ناوی چی لێبنێین! هەرچەندە دەڵێن ئەنفالکردنی بارزانییەکان، ئەو بۆچوونە هەڵەیە چونکە ئەنفال لەبەهاری ساڵی ۱۹۸۸ ەوە دەستی پێکرد. بەعس دەیویست لەیەک کاتدا بەیەکجارەکی کۆتایی بەشۆڕشی کوردی لەناوچە ئازاد کراوەکان بهێنێت. خەڵکەکەی ڕاپێچی بیابانەکانی خوارووی عێراق بکات و زیندەبەچاڵیان بکات، تۆڵەیان لێبکاتەوە و ڕقی چەند ساڵەی خۆی بڕێژێت پێیان. بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان پێشمەرگە و منداڵ و ژن و پیاو و گەنج و پیر. هەر بۆیە لە۸/۲۵ بەپلانێکی تۆکمەی داڕێژراو.. لەلایەن فەیلەقی پێنجەوە.. بەفەرماندەیی (جەنەڕاڵ زەرب) ئەنجامدرا. پەلامارەکە بەهاوبەشی دووسەد هەزار جاش و شازدە فرقەی سەربازی لەفەیلەقەکانی (۱،۵)ی سوپای عێراق جێبەجێکرا،پلانەکە و هێزەکانی بەم شێوەیە بوون:

۱. بەشی عەمەلیاتی فرقەی(٤١)ی پیادە. لیواکانی (۱۰۳، ۱۰۷، ۱۱٤)، لەگەڵ کەتیبەیەکی کۆماندۆی فەیلەقی(٦) کە لەژێر فەرماندەیی هەمان فرقەدا بوو.

۲. فرقەی پیادەی(۲۹) لەگەڵ لیواکانی (۸٤، ۲۳۸، ٤۳۵) بە پشتیوانی (١٦) فەوجی جاشی خۆفرۆش.

(جەنەراڵ زەرب) دەڵێت: ئەو ئەرکەی بۆ فرقەکانی(**٢٩،٤١**) دانرابوو.. تا ڕۆژی **٨/٢٩** ئەنجامدرا، هەروەها دەڵێت لە **٩/٦** گەیپشتینە دوا لوتکەی سەر سنووری (عێراق، ئێران، تورکیا). ئەو هێرش و پەلامارانە بەپاڵپشتی هەزاران تانک و فڕۆکەی جەنگی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ئەنجامدرا. لەڕۆژی **٨/٢٣** بەکۆپتەر و کاتیۆشای دوورهاوێژ.. بەچەکی کیمیایی لەحەفتا گوندی ناوچەکە درا. **٢٤-٨/٢٥** لەهەشت بارەگای پ.د.ک درا، شەهید و برینداری زۆریان هەبوو. پێشمەرگە لەچەند شوێنێک شەڕی قارەمانانەیان کرد، بەڵام هەر زوو پاشەکشەیان لەناوچەکە کرد. زۆری پێنەچوو سوپا سەرکەوتنی هێرشەکانی ئەنفالی هەشتی لە **٩/٦** لەسنووری پارێزگای دهۆک و ناوچەی بادینان ڕاگەیاند. هەمان ڕۆژ حکومەتی عێراق بڕیاری (٣٦٧)ی ڕاگەیاند.. کەتیایدا بڕیاری لێبوردنی گشتی دابوو بۆ هەموو کوردێک جگەلە (مام جەلال.)

لەپەلامارەکانی ئەنفالی یەکدا.. بەپێی چەند بەڵگەنامەیەکی حکومەتی عێراق کە لە ڕاپەڕینی بەهاری **١٩٩١**دا دەست کەوتوون، دەیسەلمێنن.. سەد و شەست هەزار هاوڵاتی سنوری بادینان لەکاتی هێرشەکاندا بۆ سنورەکانی (ئێران، تورکیا) هەڵهاتوون، سیازدە هەزاریان توانیان لەدەست سوپا هەڵبێن و پێنج هەزار هاوڵاتی سنوورەکە.. بەشێوەیەکی دڕندانەو بێبەزەییانە گوللەباران و زیندەبەچاڵ کران. زۆربەیان گەنج ومنداڵ بوون. پیاوە گەنجەکان زۆربەیان لەشوێنی گرتنەکانیان گوللەباران کران، هەزاران هاوڵاتی لەناو خاکی تورکیادا هێزەکانی سوپا دەستی پێیان گەشت و گیران. ئەو کارە دڕندانە و ڕێگەدان و سود وەرگرتن لەخاکی تورکیاش هۆکارێکی سەرەکی بوو لەسەرکەوتنی سوپای عێراق.

حکومەتی عێراق و تورکیا لەساڵی(**١٩٣٠**)ەوە ڕێککەوتنیان پێکەوە هەبووە بۆ سەرکوتکردن و لێدانی شۆڕشی کورد.. سوود لەخاکی یەکتری ببینن. دیسان لەساڵی**١٩٨٢** هەردوو وڵات ڕێککەوتنێکی نوێیان واژۆکرد. هەردوو وڵات تا **٢٠** کیلۆمەتر سوود لەخاکی یەکتر ببینن لەڕاوەدوونانی پێشمەرگە و نەیارانیاندا. لەچەند بەڵگەنامەیەکی دوژمندا ئاماژە بۆ خۆبەدەستەوەدانی هەشت سەد و سێ پێشمەرگە و دەستگیرکردنی حەوت سەد و حەفتا و حەوت پێشمەرگە کراوە. هەروەها (**١٤٨٩**) پیاو و (**٣٣٦٩**) ژن و (**٦٩٦٤**) منداڵ گیراون. کەتێکڕا (**١٣٣٩٥**) کەس دەکات. لە چەند بەڵگەیەکدا باس لەئازایەتی و دڵسۆزی و بەئەمەکی و شارەزایی و چاوساغی جاشە کوردەکان دەکات بۆ سوپاو حکومەتی عێراق.

# گەڕانەوە بۆ گەرمیانی منداڵدانی پارتیزانی

هەڵبژاردنی خەباتی پارتیزانی لەناوچەیەکی شەڕزەدە و سوتماک و تەختکراو و بێژیاندا، هەڵبژاردنی خەباتی بوێرانە و خۆکوژی بوو، لەکاتێکدا دوژمن لە لوتکەی دەسەڵات و بەهێزی و سەرکەوتن و غروریدا بوو، وەک خۆیان دەیانگوت بەسەرکەوتوویی لەشەڕی

قادسیەی دوو دەرچووبوون، هەڵبژاردنی خەباتێکی وا لەو هەموو نەهامەتی و هەلومەرجە نالەبار و سەخت و دژوارەدا، ترازان و تێکچوونی شیرازەی هێزی پێشمەرگە و نەمانی تروسکاییەک هیوا بەسەرکەوتن و بچڕانی پردی بیر و هزری گیانی نەتەوەیی و نەمانی متمانەی کەسایەتی و برایەتی و پێشمەرگانە.. تەنانەت بۆ وەها بڕیارێک.. خزمایەتیش ئاسان نەبوو. چونکە ئەو ماوەیە لەشەڕگەی ئەنفالی (٥، ٦، ٧) و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی مەڵبەندی سێ دا بووین، چەندین چیرۆکی ناخهەژێن و هەواڵی خیانەت و لەداوانانی قێزەوەنی خۆفرۆشانەمان لە گەرمیان و ناوچەکانی ترەوە بیستبوو، هەندێک خیانەت زۆر کاری دەکردە سەر ورە و متمانەی پێشمەرگە بەگشتی و پارتیزانەکان بەتایبەت، چونکە پێشمەرگە لە ڕۆژانی پێشوودا لەسەنگەرێکدا پێکەوە لەبەرامبەر دڕندەترین دوژمندا دەوەستان.. کەچی لەپڕێکدا هاوڕێیەکی شەهید دەکرد و دەچووەوە بۆ باوەشی دوژمن، هەروەها هەندێ خیانەتی دیکە لەلایەن جاش و بەکرێگیراوی ڕژێمەوە پلانی بۆ دادەنرا و جێبەجێ دەکرا. ئەو خیانەتانە ئەوەندە دڕندانە و قێزەوەن بوون..نەک ئەنجامدەرانی خیانەتەکە بگرە کورد و مرۆڤایەتیش لە پێشچاو مرۆڤ دەکەوت، وەک:

یەکەم: خیانەتی چیای (زەردە) ی قەرەداغ لەشەوی ٦ لەسەر ١٩٨٨/٧/٧.. پێشمەرگەیەکی دەستەکەی شەهید مەحمود مامەعەزە لەکاتی پاسەوانیدا لە نیوەشەودا هەڵدەستێ بەشەهید کردنی دوو پێشمەرگە بەناوی (قارەمان مامەعەزە و محەمەد عەبدلکەریم) و شەهیدکردنی منداڵێ بەناوی (شێرکۆ مەحمود مامەعەزە) و بریندارکردنی محەمەد فایەق مامەعەزە و خێزانی مەحمود مامەعەزە و تەسلیم دەبێتەوە. بۆ سبەی دوژمن دەهێنێت بۆ بردنەوەی تەرمەکان، پاش چەند کاتژمێرێک لەڕووداوەکە شەهید مەحمود و سدیقی عەلی تۆفیق دێنە سەر ڕوداوەکە.. شەهیدەکان دەشارنەوە و بریندارەکان دەگوازنەوە بۆ شوێنیکی دوور .

دووەم: سەربڕین و تەسلیمکردنەوی سەری شێتێک لەناوچەی گەرمیان، لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە.

سێیەم: پلان و خیانەتی شەهیدکردنی (مولازم سەعد) و دوو پێشمەرگەی دیکەی (حشع) لەنزیک گوندی (گوڵباخ)ی سەربە ناحیەی (قادرکەرەم) لە لایەن ژمارەیەک پێشمەرگەوە، پاشان تەسلیم بوونەوە بەڕژێم.

چوارەم: خیانەتی شەهیدکردنی (ئەحمەد حاجی محەمەد) بەلەگەیی کادیری کۆڕەک لە لایەن پێشمەرگەیەکی هاوڕێیەوە، دواتر سەری دەبڕێت و سەرەکەی تەسلیمی دوژمن دەکات.

پێنجەم: خیانەتی ئەشکەوتی (کونە شێر) کە دەکەوێتە نێوان گوندی (مەسۆی بەرگەچ و تیلەکۆی قەلەندەر) ی سەر بەناحیەی (سەنگاو)وە.. سێ پێشمەرگەی تێدا شەهیدکرا و پاش شەهیدکردنیان سوتێنرابوون بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە .

شەشەم : شەهیدکردنی سێ پێشمەرگەی تیپی **٥٣** ی شێروانە.. لەگوندێکی نزیک قەزای کەلار بەناوەکانی (هاوار.. کادری کاروباری کۆمەڵایەتی.. کەریم کۆمەڵە و نوری بان ئاسیاوی). حەوتەم:شەهید کردنی (حەسیب حەمید) کادیری (کۆڕەک) بەخەڵەتاندن و لەداوانانی لە لایەن سەرۆک جاشێکی (تەواری کفری) یەوە لە مانگی **١٩٨٨/٦** لە نزیک قەزای (کفری)، گوایە لەرێی شارەوە دەیگەیەنێتە بناری قەندیل و سنوری ڕۆژهەڵات کە تا ئێستاش چارەنوسی نادیارە.

هەشتەم: شەهید کردنی (جەمال مەدحەد)، جەمالە سوور ئۆمەربلی، لە **١٩٨٨/٦/٢٩** لە چەمی گوندی ئۆمەربل سەر بە ناحیەی سەرقەڵا لە بۆسەی گەلە جاشێکدا .

نۆیەم: شەهید کردنی (محەمەد جوامێر، حەمەسوور) و سێ پێشمەرگەی حشع لە مانگی **١٩٨٨/٦** لە گوندی تاوسانەی سەر بە ڕووباری ئاوەسپی لەلایەن گەلە جاشێکەوە.

لەپاش بیستنی ئەم هەموو خیانەتە و چەندین خیانەتی تر.. ڕەنگە لەبەر هەندێ هۆکار نەتوانین باسی بکەین، لەگەڵ چەندین خیانەتی تردا کە کەس پێی نەزانیوە، ئاسان نەبوو بڕیاری گەڕانەوە بۆ گەرمیان بدەیت.

پاش نیوەڕۆی **٨/١٤** بار و بنەمان لەسەر دێزەی هاوڕێی سەفەری سێ مانگەمان توندکرد.. کەپێکهاتبوو لەهەندێ (شەکرو چاو نان و کترییەکی لە قیر ڕەشتر و چەند کۆڵەپشتێک). دێزە لە (**٥/٤**)ە وە لەدەشتی (کۆیە) وە لەگەڵا خۆمان بردمانە قەدیل، وا دیسان دەیبەینەوە بەرەو دەشتی کۆیە. پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ لەگوندی(سماقوڵی) دەرچووین بەگوندی (کرۆژ) و بە چیای (باواجی) دا هەڵگەڕاین، نزیکەی سەد پێ َشمەرگەیەک دەبووین.. ئەگەر هەڵەنەبم شارەزاکەمان ناوی (مەلا عەزیز) بوو، دێزەی ئێمە و شەش ئێستری دەستە پاتیزانەکانی ترمان پێبوو، هەمووی تەقەمەنی و خواردنی

لەسەر بوو. پێش خۆرئاوابوون چووینە سەرچیای (باواجی) کەمێک حەواینەوە لەو کاتەدا برادەرانی خۆمانم بانگ کرد و پێم وتن ( لێرە بۆ خوارەوە شتێک نییە بەناوی ناوچەی ئازادکراو و جوڵەی سەربەست و هێز و دەسەڵات و هێرشکردن و حیساب نەکردن بۆ دوژمن و خۆبەزلزانین و نەترسان لەدوژمن و متمانە و باوەڕبوون بەهاوڕێی ڕێگا...هتد، ئازایەتی و قارەمانی و سەرکەوتنی خەباتی پارتیزانیی لەوەدایە خۆت لەو پلان و شەڕەی دوژمن هەڵیبژاردووە و دەیەوێت بەسەرتدا بسەپێنی.. بپارێزیت، بەپێچەوانەوە دەبێت خۆت پلانی خۆحەشاردان وخۆلادان و شەڕی دوژمنت هەبێت. بەکورتی دەبێت.. شەڕێ کە دوژمن دەیسەپێنێ بەسەرتا.. خۆت بپارێزی.. تۆ پلانی شەڕ و لەداونانی دوژمنت هەبێ، لەم ڕێگایەدا تا گەرمیان نابێت متمانان بەکەس هەبێ، چونکە هەموومان گوێبیستی ئەو خیانەتانە بووین کە لەڕابردوودا ڕوویانداوە، هەتا دەچینەوە  گەرمیان بەهیچ شێوەیەک کەمتەرخەم مەبن لەپاسەوانی و خۆپاراستن لەخیانەت، شەوان دەخەون هەوڵبدەن بەبلاوی هەر کەسەو سەر بەلایەکەوە بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک خەیاڵ بکات بەئاسانی و بەدەستڕێژێک دەتوانێت بمانکوژێ،بوچەڵ ببێتەوە و لەکاتێکی وادا.. کارەکە پێچەوانە بکەینەوە بەکوشتنی تاوانبارەکە کۆتایی پێبێنین، وتم من متمانە بەکەس ناکەم وادەزانم هەموو چرکەیەک ڕووی تفەنگم لێکراوە بۆ کوشتنم، هەر بۆیە ئێستا فیشەک دەبەمە پێشەوە تاکوپارتیزان بم فیشەکەکەم نادەمەوە، بەهیوام ئێوەش وابن و وتەکانم وەک برایەکی بچوکی خۆتان وەربگرن.پێمخۆشە بەم هۆیەوە نوکتەیەکی ڕاستەقینەتان بۆ بگێڕمەوە، "لەدیوی گوندی قزلەرەوە بۆ چیای پیرەمەگرون سەرکەویت ڕێگا کە بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕی، قۆناغی یەکەم هەورازێکی سەختی تاقەت پروکێن دەبڕیت. قۆناغی دووەم نیو کاتژمێرێک ڕێگا هەورازێکی ئاساییە. قۆناغی سێیەم هەورازێکی زۆر سەختی پشتشکێنە هەموو تاشەبەردە.. ئەوەندە تیژە.. وەک چەقۆ و مێخسکە وەستاوە. ئەگەر پێڵاوی تەنکت لەپێدا بێت ئازاری پێت دەدات. لەهەورازی دووەمدا کە ڕێگاکەی ئاسایی بوو لەقەد تاشە بەردێکی تەخت بە ڕێنوسێکی جوان نوسرابوو ئێستەش بگەڕێیتەوە قازانجتە". هەر ڕێبوارێک یەکەمجاری بوایە و شارەزا نەبوایە دەیگوت شەکەرت خوارد من هەورازە سەختەکەم بڕیووە.. واخەریکە دەگەمە سەرچیا.. تازە بگەڕێمەوە؟ نەیدەزانی ناخۆشترین هەورازی ماوە کە دەگەییشتە هەورازە سەختەکە دەیگوت هەی ڕەحمەت لەبابت بەخودا ڕاستت فەرمووە. برام منیش دەڵێم ئەوەی ئامادەیی ئەو ژیانە سەخت و دژوارەی نییە ئێستاش بگەڕێتەوە بەخوا قازانجێتی. بە ڕووناکی گەییشتینە سەرجادەی (کۆیە و دێگەڵە) لەنزیک گوندی(فەقێیان) کەهەندێ کورەی گەچ بەدامێنی چیاکەوە بوو، چووینە سەرجادە.. ڕەبیەیەکی بەرز لە باکورمانەوە بوو، جاشەکانی ڕەبییەکە بەهۆی وەڕینی سەگەکانیان و ڕووناکییەوە بینیانین.. بەکۆمەڵ بەسەر ڕەبییەکەوە وەستابوون و دەستیانکرد بەتەقەکردن. بەهۆی تەقەی جاشەکان وپەلەی ئێمە بۆ پەڕینەوە و خێرا لێخوڕینی ئێسترەکان و قورسی بارەکانیان لەبەرزی تەنیشتی جادە قیرەکە یەکێک لەئێسترەکان کەوت. هەموومان هەڵهاتین و بەجێمانهێشت، پاشان چەند پێشمەرگەیەک گەڕاینەوە تاکو ئێسترەکە ڕاست بکەینەوە و بیهێنین. بەهۆی قورسییەوە ڕاست نەبۆوە تاکو بارەکەمان لێکردەوە و دیسان بارمان کردەوە و ئێسترمان هێناو سێ سەد مەترێک لەجادە دوورکەوتینەوە، شەهید کاکە.. هاواری لێبەرز

بووەوە..وتی: ئەی باوکەڕۆ لەکاتی ڕاستکردنەوەی ئێسترەکە کۆڵەپشتەکەم دانابوو ڕادیۆ و هەموو پێداویستیەکانمی تێدایە و بەجێمهێشتووە و بۆی دەگەڕێمەوە، هەرچی وتم ئێمە لەجادە زۆر دوورکەوتووینەتەوە.. بەجێدەمێنیت مەچۆ، وتی بەخوا بشکوژرێم دەچم.. من یەک کاتژمێر بەبێ ڕادیۆ ناژیم. ناچاربووم لەگەڵی گەڕامەوە تاکو شەهید کاکە کۆڵەپشتەکەی دۆزییەوە و گەڕاینەوە.. هێزەکە ڕۆییشتبوون بەجێیانهێشتین، ناشزانین بۆ کوێ و بەچ ئاڕاستەیەک ڕۆییشتوون..لەترسی ڕەبیەکانیش ناتوانین بانگ بکەین، بەڕاکردن بۆ ئاڕاستەی باشور چووین..لەدووری چوارسەد مەترێک وەستابوون، تاکو کاتژمێر دەی شەو.. درێژەمان بەڕۆییشتندا.

لەوێ برادەرانی سنوری کۆیە لێمان جیابوونەوە، برادەرانی سنوری کۆیە بەفەرماندەی(مەلا عەزیزو کاک دڵشاد و مامۆستا زیرەک) نزیکەی پەنجا پێشمەرگە دەبوون. هەردوو دەستەکەی ئێمە کە بۆ گەرمیان دەچووین ژمارەمان بیست و دوو پێشمەرگە بوو. لەگەڵ برادەرانی سنوری کەرکوک بەفەرماندەی (کاک ڕەنجە) ڕابەر سیاسی تیپی **٢١**ی کەرکوک و (شەهید حاکم شەوکەت عەبدوڵا) کادری کاروباری کۆمەڵایەتی هەمان تیپ، ژمارەیان نزیکەی سی پێشمەرگە دەبوو. درێژەمان بەڕۆییشتن..دا.. بەرەو ئاراستەی باشوور و زێی دوکان تا کاتژمێر سێی شەو. لەدەشتێکی تەخت وپاکدا بار و بنەمان خست و لاماندا بۆ حەوانەوە، کتریە ڕەشمان دەرهێنا ونان و چاییەکمان خوارد.پێش ئەوەی بخەوین.. وتەکانی سەرچیام بەبیریان هێنایەوە و دووبارەم کردەوە.. وتم: برادەرانم وەرنە لایەکەوە بخەون و دوو دوو و سێ سێ پێتان بکەنە لای یەکەوە و سەرتان هەریەکەی بەلایەکدابێت، بۆ ئەوەی بەئاگابێن. زۆرماندوو بووین دوازدە کاتژمێر ڕێمانکردبوو.. بەبێ پاسەوان خەوتین. بەو هەموو ماندوێتیەوە لەترس و بێ متمانەیی نەچوومە خەوی قوڵەوە. گورگە خەوم کرد، بەڵام پەندی کوردی دەڵێت (کەروێشکە خەومکرد)، هەرچەندە کەروێشک بەوە ناسراوە خەوی قورسە، من پێم وایە ئەم پەندە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە دەڵێن کەروێشک لەکاتی خەودا چاوەکانی نانوقێنێت بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

سبەی **٨/١٥** زوو هەستاین نان و چایەکمان خوارد و بەچەمێکی قووڵدا بەرەو ئاراستەی باشور درێژەمان بەڕۆیشتندا. نیوەڕۆ لەو چەمە لاماندا و نان و چاییەکمان خوارد و دیسان بۆ هەمان ئاڕاستە درێژەمان بەڕۆیشتن دا، لەچەند شوێنێکی جیاجیا بەدرێژایی ڕێگا زیاد لەپازدە هاوڵاتیمان بینی لەو سنورەدا بێترسانە بەو ناوەدا دەسوڕانەوە، بەلامانەوە جێگای سەرسوڕمان بوو، هەر ئەو خەڵکانەی لەوێ بوون.. هەواڵیان دابوو بەدوژمن لەهاتنی هێزەکەمان.. بۆیە سبەی بەخراپی تووش بووین. بۆ نزیکەی کاتژمێر چوار سێ هەلیکۆپتەر هاتنەسەر ئاسمانی ناوچەکە دەسوڕانەوە، خۆمان لەچەم و ئەشکەوتەکاندا حەشاردا تاکو کۆپتەرەکان لەدوای یەک کاتژمێر سوڕانەوە ڕۆییشتن. دواتر لەچەمەکە دەرچووین و بەدەشتێکی بەرزدا بۆ ئاراستەی باشووری ڕۆژئاوا درێژەمان بە ڕۆییشتن..دا. کاتژمێر شەشی ئێوارە گەییشتینە سەر (زێی دوکان)، بۆ ئێوارە لەگەڵ تاریکبووندا بەچەند جارێک هەر جارەی شەش پێشمەرگە..(مام لاو) لەئاوی زێی دوکان پەڕاندینییەوە، تەنها دێزەی هاوڕێمان مابوو زۆر هەوڵماندا بیپەڕێنینەوە، مام لاو وتی: ئێستا زۆرماندووم شەو یان سبەی زوو بۆتانی

دەهێنمە ئەمبەر. ئەو برادەرانەی لەوێ بوون برنج و بامیەیەکی زۆر بەتامیان بۆ کردبووین.. شەو هەر لەو شوێنەی پەڕینەوە.. بەتەنیشت ئاوی زێکەوە لەنزیک گوندی (شەوگێڕ) لەسەر هەرێزێکی سەوز نوستین، بەڵام بەو هەموو ماندووێتیەوە.. بەدرێژایی شەو.. مێشولە نەیهێشت چاومان بچێتە خەو، ئەوەندە کونی تێکردبووین کردبووینی بەسەرەن، دەمەو بەیانی، بەهۆی شنەیەکی فێنکی سەر زێوە نازانم چەند چاومان چووبووە خەو لەپڕ لەدەنگی مرە و هاڕەی ئۆتۆمبێلی سەربازی ئیڤاو گاز(٦٦-ستەوستین) دا لەخە و ڕاپەڕین، ڕۆژی ٨/١٦ یەکەم ڕۆژی ئەو بارودۆخە سەخت و تاڵەی خەباتی پارتیزانی بوو کەهەموو چاوەڕوانی بووین و لەسەر چیای (باواجی) بۆم باس کردن، هێشتا ئەوەندە تاریک بوو.. بەئاسانی لەوبەری ئاوی زێکە بەئاراستەی باکور و کۆیە زەلامت نەدەبینی. ڕیزی درێژی ئۆتۆمبێلی سەربازیمان بینی.. لەسەرەوە بەسەر زێدا بۆ ئاراستەی ڕۆژئاوا و ناحیەی تەقتەق دەڕوات، بەپەلە هەستاین و بەناو دار و قامیش و ژاژی سەرزێدا بە درێژایی سێسەد مەترێک.. دابەش بووین و لەو بندار و دەغەڵەدا سەنگەرمان گرت و دامەزراین، کاک (سیروان کوێخا نەجم) فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوک بوو پیاوێکی جوامێر و لەخۆبردوو بوو، لەو کاتەدا پەیدابوو.. بەسەر هەمووماندا سوڕایەوە پێی وتین: دابمەزرێن و سەنگەر بگرن.. زۆر وریا و چاوکراوەبن، چاوەڕوانی هاتنی دوژمن بن، تاکو دوژمن نەگاتە بەردەستتان تەقە ناکەن لەگەڵ یەکەم دەستکردنەوە هەوڵ بدەن ژمارەیەکی زۆر زیاتربکوژن. بۆ ئەوەی چاو و لوتی دوژمن بشکێنین بەئاسانی زات نەکەن جارێکی تربێنەوە سەرمان، هەروەها بۆ ئەوەی چەک و تەقەمەنی زۆری دوژمن بکەوێتە بەردەستمان تاکو بەرگری باشی پێبکەین، بەهیچ شێوەیەک مەچنە دەرەوەی بێشەلانەکە.. بۆ ئەوەی دوژمن شوێنتان نەزانێ و لەلایەن کۆپتەرەوە نەکرێنە ئامانج و نەپێکرێن. هێزێکی بێشوماری دوژمن بەرە و ئاراستەی ئێمە هاتن و لەدووری سەدوپەنجا مەتر لەسەر ئاوەکە لەبەرامبەرمان ڕاوەستان. لەنێوان دار و قامیش و ژاژەکانەوە لێیان دەڕوانین، هەموو دەڵێین ها ئێستا یان چەند خولەکێکی دیکە لەئاوەکەوە دەپەڕنەوە و دێنە سەرمان.

جاش و سەربازێکی زۆر بەسەر ئاوەکەدا بڵاوبوونەوە، هەندێکیان لای گوێدرێژەکەی ئێمە وەستابوون پێمان وابوو بەدوای کەڵەک یان بەلەمێکدا بگەڕێن بۆ پەڕینەوە یان چاوەڕوانی هێنانی کەرەستەی پەڕینەوە بوون. دەبینین هەر هێزی دوژمنە و بەرەو قوڵایی ناوچەی دەشتی کۆیە دەچێت، هێزی دیکە دێتە بەرامبەرمان و بڵاودەبنەوە، کاتژمێر هەشت تێپەڕی و هێزەکان وەک خۆی ماون دەنگی هەلیکۆپتەر پەیدابوو هاتنەسەر ئاسمانی ناوچەکە هەریەکە و لەژێر بنجە قامیشێک.. ژاژێک.. خۆمان توند کرد.. تاکو لەلایەن کۆپتەرەکانەوە بەدی نەکرێین. پێمان وابوو لەگەڵ هاتنی کۆپتەرەکان هێزەکەی دوژمن دەپەڕێتەوە بۆ لای ئێمە و پشکنینی ئەمبەر و ئەوبەی زێ دەکەن. پاش نیو کاتژمێر سوڕانەوەی کۆپتەرەکان بەسەرماندا ڕۆییشتن لەبن قامیشەکان دەرچووین لەو شوێنانەماینەوە کەدیوی دەرەوەی بێشەلانەکەی لێوە دیاربوو. دوژمن لەبەرامبەرمان بەبڵاوی مانەوە، کاتژمێر نزیکەی دە بوو کۆپتەرەکان هاتنەوە، دیسان وتمان ها کەمێکی تر دێنەوە سەرمان.. چەند جارێک سوڕانەوە بەسەر بێشەلانی سەر ئاوی زێکەدا، لەباشوری ڕۆژهەڵاتمانەوە

هەردەی ڕۆژهەڵاتی گوندی پەڵکانە بوو نزیکەی هەزار و پێنج سەد مەتر لێمانەوە دووربوو.. نیشتنەوە سەربازێکی زۆریان داگرت.. وتمان ئێستا ئەو هێزە بۆ پشکنین و کێوماڵکردنی ئەم دەوروبەرە دێن و دەماندۆزنەوە و توشی شەڕی مان و نەمان دەبین. بەو ناوەدا بڵاوبوونەوە و دەگەڕان. ئاگریان لەو ناوە بەردا.. دوکەڵ بەرزبۆوە، برادەرانی کەرکوک وتیان پێمان وایە هەندێ خانوو ژێر زەمین لەو هەرد و دەوروبەرە هەیە کە پێش ئەنفال گوندنشینەکان دروستیان کردبوو، کۆپتەرەکان بۆ سوتاندنی دابەزیون. دونیا زۆر گەرمە نوزەیەک هەوا نییە.. ناو ئەو بێشە و چەمە تەنها لەمەنجەنیق دەچوو، ئاومان پێ نییە وخەریکە لەتینوێتیدا دەخنکێین، ئەو بێشە و چەمەی ئێمەی تێدا بووین بەڕووی ئاوەکەدا کەندەڵان بوو.. زیاتر لە دوومەتر بەرزدەبوو، ڕێگای ئاوهێنانی نەبوو تەنها لەشوێنی پەڕینەوەکە نەبێ کە ڕێگا هەبوو، بەڵام دەوروبەری ڕووتەن بوو..دوژمنیش تەنها سەدوپەنجا مەتر لەبەرامبەرمان دوور دەبوون. کۆپتەرەکان پاش نیو کاتژمێر سەربازەکانیان هەڵگرت و ڕۆییشتن کەمێ ئومێدمان بۆ گەڕایەوە .

چرکەژمێری کاتژمێرەکان بەپێچەوانەی دڵی ئێمەوە زۆر بەخاوی چرکەیان دەهات، کەچی ترپەی دڵی ئێمە وەکو دەنگی چەکوشەکەی کاوەی ئاسنگەر.. خێرا و دەنگی بەهێزی هەبوو، بڵێی کاتژمێرەکانیش وەک ئێمە لەژیان بێ ئومێد بووبێتن، یان کاتژمێرەکان لەترسان بەخشپەیی کار بکەن.. نەوەکو دوژمن گوێی لەمیلی چرکە ژمێرەکە بێت، کات لەشوێن خۆی چەقیوە و نەدەڕۆیشت، ئەو ڕۆژانە تاڵ و تاریکن میلی کاتژمێرەکان دەڵێی بەستراونەتەوە هەموو پێنج خولەک جارێک تەماشای دەکەین سوێند بخۆی ئەو ڕۆژە هەرچی کاتژمێرمان پێبوو تەمبەڵ و دواکەوتووبوون..لەکار کەوتبوون.. سوێندت ناکەوێ. بەلای ئێمەوە ساڵێک بوو،میلی کاتژمێرەکەی من تازە دوازدە و نیو بوو. زۆر برسین لەئێوارەوە شتێکمان نەخواردووە، بەڵام لەتینوانا.. برسێتیمان لەبیرچوو بوو. بەبرادەرانم وت.. خنکام بیرێک بکەنەوە، ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ هێنانی ئاو، بیرمکردەوە قامیشێک بێنم کونی بکەم و شۆڕی بکەمەوە بۆ ناو ئاوەکە و لەسەرەوە بیمژم، ئینجا وتم ئەی بەچی ئەم هەموو تاق تاقە کون بکەم. دواجار تاخمەکەم کردەوە و پشتوێنەکەم بە قومقومەکە(زەمزەمی)یەکەوە بەست و سەر قامیشەکەم خستە ناو قومقومەکەوە و لەبن قامیشەکانەوە لەئاوەکەم چەقاند تاپڕبوو. دوو قومقومە ئاوم خوارد و بەپڕی بردم بۆ برادەران، وتم ئا..بچن ئاو بێننە سەرەوە، بەڵام وریابن لەبن قامیشەکانەوە بوەستن با دوژمن نەتانبینێ.

کاتژمێر گەییشتە دووی پاش نیوەڕۆ.. کە تێر ئاو بووین ئومێدێکمان پەیداکرد بەژیان، نانمان هێنا هەندێ نان و ئاومان خوارد.. کەمێ هێز بۆ لەشمان گەڕایەوە. نزیکەی کاتژمێر شەش هێزەکەی دوژمن کشانەوە.. لەبەرامبەرمان ڕۆیشتن. پاش خواردنی نان و چایەک و تاریک بوون.. ماڵئاواییمان لەکاک ڕەنجە و شەهید شەوکەت و کاک سیروان کرد و لەوێ بەجێمان هێشتن. دوو پێشمەرگە وەک شارەزا لەگەڵمان هاتن لەلای گوندی (شەوگێر) بەرەو ئاڕاستەی باشوری ڕۆژهەڵات.. بەخۆرهەڵاتی پەڵکانەدا ڕۆییشتن، گوێمان لەدەنگی تەقەی تفەنگێکی نزیکبوو، بەگومان بووین کەدوژمن هێزیان لەو دەورە هەبێت. لەپڕ لەپێشمانەوە چەند زەلامێکمان بینی لەنزیک

شوێنی نیشتنەوەی کۆپتەرەکان پێمان وابوو جاش و سەربازین، خۆمان بەزەویدا داو فیشەکمان لێخوڕین، ئێمە بیست و چوار پێشمەرگە بووین ویستمان وردەوردە بەکەوانەیی.. ئابڵۆقەیان بدەین وتیان:

-کێن زەلام کێن؟ زەلام خۆتان بناسێنن ئەگینا تەقەتان لێدەکەین؟

-ئێوە کێن خۆتان بناسێنن؟ ئەگینا تەقەتان لێدەکەین؟ لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی کەممان بینی و بەکوردی دەدوان گومانی دوژمنمان کاڵتربووەوە.

-ئێمە پێشمەرگەین ئێوە کێن؟

-ئێمەش پێشمەرگەی تیپی**٢١**ی کەرکوکین، ئێوە پێشمەرگەی کوێن؟

-ئێمە پێشمەرگەی تیپی**٢٥**ی خاڵخاڵانین،پاش گفتوگۆ لەگەڵ شارەزاکەی ئێمەدا یەکیان ناسییەوە. ئەو سنورە چەند دەستەیەکی تیپی(**٢١،٢٥**) لێبوو، دواتر بەرۆژئاوای گوندی(کانی ڕەش) دا تێپەڕین و بەرە و ئاراستەی باشوری ڕۆژهەڵات بەرە و ئاراستەی جادەی (شیوەسور)، لەهەرد و هەڵەتی نێوان جادەی (شیوە سور) و گوندی(کانی ڕەش)چووین. شەوی**١٧-٨/١٨** چووینە لای دەستەیەک پێشمەرگە نزیک حەوت کەس بوون پێکهاتبوون لە (شەهید ئیباو و مامە قالە چیمەنی و هیوا ڕەش و هێمن)، ئەوانی دیکەم لەیاد نییە. بەبینینی ڕووناکی کارەبای تەقتەق و ڕووناکی نەوتی زەمبور و باباگوڕگوڕ بەدرێژایی ڕێگا، بیرم لەو نەوتە زۆر و زەوەندەی کەرکوک دەکردەوە.. دەمگوت لەوڵاتاندا نەوت بۆتە سەرچاوەی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن، کەچی بۆ ئێمە بۆتە هۆی کوشتن و ڕاگواستن و دەردەسەری! بیرم دەکردەوە بۆ یەکەمجار لەسەدەی نۆزدەدا.. چۆن ئەم نەوتە شومە لەکەرکوک دۆزراوەتەوە.. ئەو سەردەمە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بووە و پاش جەنگی جیهانی یەکەم و ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی پیاوە نەخۆشەکەی عوسمانی، لایەنە براوەکانی شەڕ دەستیان کرد بەدابەشکردنی ئەو خاکانە بەسەر خۆیاندا کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بووە، لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی (سایکس بیکۆ) دا کەرکوک بەر فەرەنسا دەکەوێت. "ئینگلیز- دەوڵەتی بەریتانیا" بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەکە بە نەوت چاوی تەماحی تێبڕی و پێشێلکاری ڕێککەوتننامەکەی کرد و بەبێ شەڕ لەچنگی عوسمانی دەرهێنا.. دەستی بەسەر ولایەتی موسڵا باشوری کوردستانی ئێستادا گرت، دواتر فەرەنسای فریودا و لەگەڵ ولایەتی (شام) گۆڕییانەوە.. تا ئێستاش ئینگلیز بەیەکجارەکی دەستی لەم ناوچە هەڵنەگرتووە.. هەر جارەی بەبیانویەک دێتەوە بۆ داگیرکاری، لەساڵی**١٩٢٧** بۆ یەکەمجار نەوتی لێدەرهێنرا و سەدان بیری لێ هەڵکەندرا و ڕۆژانە نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی لێدەردەهێنرا، لەو کاتەوە ئەم ناوچەیە بۆتە شوێنی ململانێی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و هەرگیز دەستی چاوچنۆکیان لەسەر هەڵنەگرتووە.. زلهێزەکانی جیهانیش هەر جارەی بەبیانویەک لەدوورترین سنورەکانی جیهانەوە سەری بۆ دەنێنەوە و یاری بەخەڵکی

عێراق و کوردستان و ناوچەکە دەکەن.. بۆ دزین و بردنی نەوتەکەی. (ی.ن.ک) دەمێک بوو.. بیری لەلێدانی ئەو دامەزراوە نەوتیانە کردبۆوە.. کە پارەی نەوتەکەی دەدرایە چەک و بۆمبی کیمیایی و بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا دەیانباراند. ئەو کارەش پێویستی بەچەکی قورس و مامناوەند و تەقەمەنی زۆر هەبوو بەخۆی نەدەکرا، جگەلە ئێرانیش دۆستێکی نەبوو ئەو پێداویستیانەی بۆ دەستەبەر بکات .بۆیە لەبەرواری ١٩٨٦/١٠/١٠ بۆ تێکدانی دامەزراوەکان و بەجێهێنانی هەڕەشەکانی کە لەسەردەمی گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ دا لەبەعسی کردبوو.. ژمارەیەک ئەفسەر و چەکداری شارەزای سوپای پاسدارانی ئێران و ژمارەیەک لەو چەک و تەقەمەنییە کەپێویست بوون بۆ ئەو چالاکییە لەگەڵ هەزاران پێشمەرگە لێرەوە چوونەسەر دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکوک و بەچەند خولەکیک سەدان تەن تەقەمەنییان بەسەر سەدان بیری نەوت و دامەزراوە نەوتییەکاندا باراند، هەرچەندە سەرکردایەتی شۆڕش خۆی نەیانتوانی بەڵێن و هەڕەشەکەی بەدیبێنێت، بەڵام بەهاوکاری وپشت وپەنای دوژمنی دوژمنەکەیان و دۆستی ئەو کاتی خۆیان کە وڵاتی ئێران بوو بەجێیهێنا، بەبێ بیرکردنەوە لەدەرئەنجامە خراپ و هەڕەشەکانی سەدام کە.. وتبووی هەر گوندێ یەک فیشەکی تێدا بتەقێنرێ.. تەختی زەوی دەکەم. بەڵام سەدام بەڵێن و هەڕەشەکەی بەشێوەیەک بەجێهێنا نەک هەر گوندێ تەقەی "تێدا بێت تەختی دەکات، زۆر دڕندانە و دوور لەهەر بەهایەکی مرۆڤایەتی و یاسا نێودەوڵەتییەکان تەواوی خاکی کوردستانی تەختی زەوی کردو خاکی بەتورەکە بێژا، دانیشتوانەکەی زیندەبەچاڵ کرد." بیرم دەکردەوە کەمنداڵ بووم لەسەرەتای ساڵانی هەفتادا باوکم بەگوێدرێژ دەچوو بۆ قەزای کفری بۆ پێداویستی ڕۆژانەی ژیانمان یەک شوشە نەوتی یەک لتری دەکرد بەقەد کورتانی کوێدرێژەکەداو ئەیهێنا بۆ فانۆس، کەچی ئێستا ساڵی ١٩٨٨ و یەک قەترە نەوتمان دەست ناکەوێ بیکەینە چاومان ئەگەر پێویست بێت یەک سیسیمان دەست ناکەوێ ئەگەر دەرمان بێت و لەمردن ڕزگارمان بکات. ئێمە ئەگەر ئەم نەوتەمان نەبوایە باشتر نەبوو؟ نە وڵاتمان تەختی زەوی دەکراو نە دانیشتوانەکەی قڕەکرا.خەیاڵا مێشکی داگیر کردبووم بیرم لەبەد بەختی و چارەنوسی گەلەکەمان دەکردەوە ودەمگوت بەدبەختی کورد لەوەدایە دژمنەکانمان زۆر دڕندەو دواکەوتوون تەنها کوشتن و سوتاندن و تەختکردن دەزانن. ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان داگیرکارێکی وەک فرەنسا وڵاتەکەمانی داگیر بکردایە، لەکۆتاییدا دەبووە خێرو خۆشی بۆ گەلەکەمان، ببینە فرنسا بۆتە چ خێر و خۆشییەک بۆ وڵاتی مسر، بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٧٩٨ میسر داگیر دەکات، لەساڵی ١٨٠١ لەژێر فشاری بریتانیادا دەکشێتەوە، بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٨٣٠ دێتەوە بۆ داگیرکردنی جەزائیر و تونس و دەورووبەری. لەچوونی یەکەم داگیرکاریدا بۆ ناوچەکە چەندین تیمی شارەزای جۆراوجۆر لەگەڵ خۆیان دەبەن، یەک لەتیمەکان تیمێکی ئەندازیاری دەبێت، ئەندازیار(**فردیناند دیلسبس**)[1] پێشنیازی هەڵکەندنی نۆکەندی سویس دەکات، لە

---

[1]. "فردیناند دلیسبس ئەندازیارێکی فرەنسیە و بۆ ماوەیەگی دوور ودرێژ تویژینەوەی لە پرۆژەی گەیاندنی دەریای سوری بە دەریای سپی ناوەڕاست کردووە، هەوڵیداوە عەباس پاشا قایبل بکات، بەڵام ئەو ڕەتیکردتەوە، پا ئەویش لەگەڵ سەعید پاشا هەوڵیداوە، بۆیە لەپاشاندا توانیوتێتی پرۆژەکە

جێبەجێ بکات. فردیناند دلیسبس لە گەڕەکی فێرسای نزیک پاریسی فەرەنسی لە "**١٩**-تشرینی دووەمی-**١٨٠٥**، لە خێزانێکی ناسراو کە بنەچەیی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە لەدایک بووە، زۆربەیی ئەندامانی خێزانەکەی لەکاری دیبلۆماسییدا کاریان کردووە، بە هەڵوێستیشی بۆ پشتیوانیکردنی ناپۆلیۆن ناوبانگی دەرکردووە، ساڵەکانی سەرەتای ژیانی لە ئیتاڵیا لەگەڵ باوکیدا بەسەر بردووە و کاری کردووە، پاشان دەیخەنە بەرخوێندن.. لە کۆلیژی هێنری چوارەم لە پاریس دەچێتە قۆناغی خوێندنەوە. ساڵی **١٨٠٣** ناپۆلیۆن نوێنەرێک ڕەوانەی میسر دەکات ئەویش –ماسیۆ دیلسیبس-ی باوکی فردیناندە.. ئەم پیاوە لە شێخەکانی ئەزهەرەوە نزیک بووە، بەتایبەتی زانایانی دیوانی ئەزهەر کە ناپۆلیۆن خۆی لە قاهیرە دایمەزراندبوو، ئینجا سەردەمانێکی پەرتەوازەیی سیاسیی لەمیسردا لە "**١٨٠١-١٨٠٥**" قۆناغێکی جیاکەرەوەی ئەو دۆخەیە بە ناسینی ئەفسەرە ئەلبانییەکە (موحەمەد عەلی)، پێش ئەوەی کەسانی تر لەیەکتریان نزیک بکاتەوە ئەم خۆی لێ نزک دەکاتەوە، هەر موحەمەد عەلی لە سەر داخوازی میللەت.. دەسەڵاتی میسر دەگرێتە دەست، ناپۆلیۆن ماسیۆ دەکشێنێتەوە بۆ فرەنسا و راوێژکارێکی تر بەناوی " دۆرۆفیتی" جێیدەگرێتەوە و دەبێتە راوێژکاری کردەیی سیاسی و سەبازی و ئیداری موحەمە عەلی.. دوا داواکاری ماسیۆ پێش دوور کەوتنەوەی لە موحەمەد عەلی، ئەوەیە کە پێیدەڵێت دەستی کوڕە تازە لەدایکبووەکەی بەرنەدات. لەساڵی **١٨٣٢**.. لەتەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا " فردیناند دلیسبس " وەکو یاریدەدەری باڵوێز لە شاری ئەسکەندەرییە دەستنیشان دەکرێت. ساڵی **١٨٤٠** ئەندازیار فرەنسی "لینان دی بلفون" پرۆژەی کەرتکردنی کەناڵی سوێس دادەنێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوڕاست هەردوو دەریای سور و سپی ناوەڕاست بەیەک بگەیێنێت و ئەو مەترسییە باوە بڕەوێنێتەوە سەبارەت بە بەرزبوونەوەی ڕادەی ئاوی دەریای سور بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا باس دەکرێت، جەختیشیی لەوە کردەوە کە هیچ زیانێک لەوەدا نییە. لە **١٥**-نیسانی -**١٨٤٦** سانسیمۆنییەکان کۆمەڵەییەکیان دامەزراند بۆ توێژینەوە لە کەناڵی سوێس.. لەکۆتاییەکانی ساڵی **١٨٤٧** ئەندازیاری فرەنسی "بۆلان تالابو".. لەسەر ڕاپۆرتەکەی "بینان دی بلفون"ڕاپۆرتێکی دەرکرد جەختی لەوە دەکردەوە لە تواناادا هەیە لەنێوان دوور دەریاکەدا چاڵێک هەڵبکەنرێت ، بەبێ ئەوەی هەڵچوونی دەریایی لیێبکەوێتەوە. پاش ئەوەی سەعید پاشا لە **١٤**-تەموزی -**١٨٥٤**فەرمانڕەوایی میسری گرتە دەست، "فردیناند دیلیسبس" کە نزیک بوو لە سەعید پاشاوە توانی لە یەکی- تشرینی دووەمی **١٨٥٤**، بریاری گرێبەستی کاروبارەکانی کەناڵی سوێس بگرێتە دەست.. کە لە دوانزە بەند پێکهاتبوو گرنگترینیان هەڵکەندنی کەناڵێکە هەردوو دەەریا پێک بگەیەنێت، ماوەی خاوەندارێتییەکەش بە **٩٩**ساڵ دیاری کرا لە بەرواری کردنەوەی کەناڵەکەوە. "فردیناند دیلیسبس" بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەندازیار "لینان دی بلفون" و "موگێل بێگ" لە**١٨٥٥**دا هەستا بەسەردانی ناوچە تیغەی سوێس، بۆ دەرخستەی هەڵکەندنی چاڵەکە.. هەردوو ئەندازیارەکە لە **٢٠**-ئازاری-**١٨٥٥** ڕاپۆرتێکیان دەرچواند ئاسانی دامەزراندنی کەناڵێک دەچەسپێنێت بۆ بەیەکگەیاندنی دوو دەریاکە. ئینجا "فردیناند دیلیسبس" هەستا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی ئەندازیاریی نێودەوڵەتی بۆ لێتوێژینەوە لە ڕاپۆرتی هەردوو ئەندازیارەکە، ئینجا سەردانی ناوچەی تیغەی سوێس



ساڵی **١٨٦٩** ئەو پێشنیازە جێبەجێ دەکرێت کە(دەریای سور و دەریای ناوەڕاست) بەیەکەوە دەبەستێت، دەیان هەزار میل ڕێگای ئاویی کورت دەکاتەوە. ئێستا گرنگترین و پڕ بایەخترین نۆکەندی جیهانە، مانگانە بەسەدان ملیۆن دۆلار داهاتی بۆ وڵاتی مسر هەیە، جێبەجێکردنی پرۆژەکە لە بیابانێکی وشکدا بوو.. ئێستا بۆتە ئاوەدانی و شارەکانی (پۆرسەعید و ئیسماعیلیە و سوێس) ی لێ دروستکراوە.. بایەخدارترین شارەکانی وڵاتی میسرن. خودایە دەڵێن هیچ کردار و جوڵەیەک لەسەر زەوی بەبێ فەرمانی تۆ ناکرێ، تۆ داگیر کەر و زاڵمت بۆ ناردین با ئەو زاڵمە تۆسقاڵێک ئاوەزی هەبوایە با فرەنسا بوایە خێر و بێری وڵاتەکەمانی ببردایە لە کۆتاییدا شتێکی بۆمان بەجێدەهێڵا.

نزیکەی هەفتەیەک لەسنووری گوندەکانی(تورکمان باخ و دوو شیوان و ناروجەی گەورەو ناروجەی حاجی جەرجیس) لای برادەران ماینەوە.. ئەو ماوەیە بەنوکتە و پێکەنین و قسەی خۆش و یاری کۆنکان بەڕێمانکرد یەکێک لەیارییە باوەکانمان یاری فەرهودبوو، ئەو برادەرانە زۆر ڕێزیان لێگرتین و خزمەتیان کردین، لەو ڕۆژانەدا (شەهید ئاکۆ سور و سیروان گۆبجەیی و وەستا سابیر)مان ناسی، کاک (سیروانی کوێخا نەجم) دووجار سەردانی کردین.

---

و بۆرسەعیدیان کرد و لە کانونی یەکەمی ساڵی **١٨٥٥** ڕاپۆرتێکیان دەرچواند، جەخت لە توانابوونی بڕینی کەناڵەکە دەکات، دەشڵێت هیچ ترسێک نییە لەبەرزبوونەوەی ئاستی ئاوەکە چونکە هەردوو دەریاکە یەک ئاستیان هەیە لەبەرزبوونەوەدا، هەروەها لیتە و قۆڕینی نیلیش ترسی نییە چونکە بۆرسەعید ڕۆخە لمینەکەیتی. لەە کانونی یەکەمی **١٨٥٦** دوو بەڵگە دەرچوون بریتیین لە خاوەندارێتی گرێبەستی دووەم و یاسای سەرەکی کۆمپانیاکە، کە گرنگترین بەندەکانی هەستای کۆمپانیاکەیە بە هەڵکەندنی تەواوی چاڵەکە و قەبارەی کرێکارانی میسریش (**٤/٥**)ی گشتی کرێکارانی کارپێکراوی هەڵکەندنەکەیە. پرۆژەکە لە نێوان ساڵانی **١٨٥٦-١٨٦٩** بەئەنجام گەیەندرا".

لەو هەفتەیەدا هەواڵی سنورەکانی مەڵبەندی سێمان بیست لەپاش هاتنی ئێمەوە پلان و بەرنامەی کشانەوە لەسنوورەکە دانرابوو، لەپاش نەوەد ڕۆژ بەرگری قارەمانانەی بێوێنە لە **٥/١٥** تا **٨/٢٦** ی خایاند.. دواتر بەپلان و بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بەشێک لەهێزەکان لەشێوەی دەستەی پارتیزانی ڕەوانەی ناوچەکانی خۆیانکران، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا بەشێوەی پارتیزانی درێژە بەخەبات و تێکۆشان بدەن، هێزەکەی تریش بەبەرنامەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی گونجاو لەدوو قۆڵەوە دەست بەکشانەوەکرا .

یەکەم: لەدۆڵی (شاورێ و پڵنگان)ەوە بۆ بناری (قەندیل) بەبێ گیروگرفت گەییشتن .

دووەم: لەسنوری گوندی (وەرتێ) و دۆڵی (خانەقا)وە بۆ دۆڵی (باڵەیان).. لەم قۆڵەوە بەهۆی بۆسەی دوژمنەوە سێ پێشمەرگە شەهیدبوون، دوژمن پاش نەوەد ڕۆژ پەلامار و شکست و سەرنەکەوتنی خەونی نەزۆکی پلانێکی نوێیان دانابوو بۆ هێرشێکی گشتگیر و یەکلاکەرەوە، بەدزەکردنی ئەو زانیاری و پلانە کە شۆڕش پەلەی دەکرد لەکشانەوە تاکو پێش دەست پێکردنی پلان و هێرشەکە بەبێ گیروگرفت هێزەکان بکشێنێتەوە.

## کۆتایی ئەنفالی حەوت وکشانەوە

دوژمن لە بەرەبەیانی ڕۆژی **٨/٢٦** لەچەند قۆڵێکەوە دەستی بەجوڵە و هێرش کرد و ڕۆژی **٨/٢٧** لەهەندێ قۆڵی ترەوە دەستیپێکرد، قۆڵەکان وەک:

یەکەم: لە(هیزۆب)بۆ گوندەکانی (کاموسەک، نازەنین، ناحیەی هیران).

دووەم: لەدەربەند (گۆم ئەسپان)ەوە بۆگوندەکانی (چنارە، ئاقوبان، ناحیەی هیران).

سێیەم: لەدەربەند (گۆم ئەسپان)ەوە بۆ گوندی(زیارەت)چیای(سەفین).

چوارەم: لەناحیەی (سەروچاوە) بۆ (مێرگەسەر، نوسەک، بێبۆ).

پێنجەم: لەچیای (ماکۆک ) بۆ (کەژڕۆست).

شەشەم: لە(کێل کێل)ەوە بۆ (ڕەشکی لەسەر).

حەوتەم: لە (دۆڵەڕەقە)وە بۆ چیای (بێترخێن و گەرووی مەنجەڵ).

هەشتەم: لە (بەنی هەریر)ەوە بۆ (کەپکی حەمەد ئاغا).

نۆیەم: لە ناحیەی (خلیفان)ەوە بۆ(ئالانە).

دەیەم: لەکلکەی (شەکرۆک)ەوە بۆ(شاخەسوور وکلاو قاسم).

ئەم هێرشەی سوپای ئەنفال لە ٨/٢٦ تا ٨/٣١ کۆتایی هات، ناوچەکە سوتێنراو بەشۆفڵ و بلدۆزەر و (تی. ئێن. تی و دینامیت) تەختی زەوی کراو ژیان لەو ناوچانە کۆتایی پێهێنرا.

## لە ناوچەی شێخ بزێنییەوە بۆ گەرمیان

لەهۆکاری مانەوەمان لەناوچەی شوان کە چەند ڕۆژێک بوو لە کاک سیروانمان پرسی وتی: ئێمە چاوەڕوانی دەستەکانیتر بووین.. پێکەوە تا سنووری گەرمیان بەڕێتان بکەین.. دیارە دوادەکەون، کاک ئازادی سەگرمە گەیشتۆتە گەرمیان، ئێوەش ئەمڕۆ و سبەی بەڕێدەکەین، تاسنووری گەرمیان شارەزاتان لەگەڵ دەنێرین. پاش ئەوەی کاک سیروان سەردانی کردین وپێی وتین ئەمڕۆ ماڵئاوایتان لێدەکەین و بەرەو ناوچەی گەرمیان ڕێنوێنیتان دەکەین.. ئێوارە ماڵئاواییمان لەبرادەرانی دەستەپارتیزانەکەی ئەوێ کرد و بەسوپاس وپێزانینێکی زۆرەوە.. ئەوێمان بەجێهێشت. وا هۆگر و ئالودەیان بووین زۆر بێتاقەت بووین واماندەزانی ساڵانێکی زۆرە هاوڕێ و خۆشەویستی یەکین، شەهید ڕەزا ناروجەی و عوسمان عەبدولڕەحمان ناسراو بەکوردۆ وەک شارەزا پێشمان کەوتن. لەگەڵ دووەم ڕۆژی گەیشتنمان بۆ ناوچەی (شێخ بزێنی)، شەهید (کامەران هیدایەت و شکور ئیسماعیل) توشی نەخۆشی مەلاریابوون.. هەر ڕۆژەی یەکێکیان لەجێدا دەکەوت و ئەویتریان ئاسایی بوو، ئەو ڕۆژە نۆبە نەخۆشی و کەوتنی شکور بوو، لە گوێدرێژێک بارمان کردبوو مەدحەد لێیدەخوڕی.. مەدحەد کەسێکی گاڵتەچی و قسەخۆش بوو، کە گوێدرێژەکەی لێدەخوڕی لاسایی قاچاخچیەکانی سەرسنووری دەکردەوە.. دارێکی لە گوێدرێژەکە دەداو دەیگووت: هەتە، هەتە، هەتە لەخۆت و سەربارت بەم، هەندێکجار دارێکی لە گوێدرێژەکە و دارێکی لە شکور دەدا. نزیکەی کاتژمێر نۆ گەیشتینە نزیک جادەی (شیوەسور) پێنج پێشمەرگە جیابووینەوە بۆ تاقیکردنەوە و دڵنیابوون لەنەبوونی بۆسەی دوژمن لەسەر جادەکە، مانگە شەوێکی زۆر ڕووناک بوو لەو شێوەی کە کەسێک وتبووی ئەم مانگەشەوە ئەوەندە ڕووناک و تیشکدەرە قونی خۆری دڕیوە، لەگەڵ گەیشتنمان بەسەر گردێکی سەرجادەکە زەلامێک لەتەنیشتمانەوە هاتە سەرەوە لێمانخوڕی وتمان کێیت زەلام؟ ویستمان تەقەی لێبکەین وتی عوسمانم عوسمان.. دەبینین عوسمان مەلا جەمیلە لێی توڕەبووین ماڵت ئاوابێت خەریکبوو بتکوژین تۆ لەگەڵ ئێمەبووی چی زوو لەئێمە دابڕایت. ئەوەندە ئەملاو ئەولا دەکەیت دەڵێی بزنی شاخشکاوی.

بزنی شاخشکاو لەترسی ئەوەی شاخی بەر ئاژەڵی ترنەکەوێ و نەکولێتەوە بەردەوام دووری ئاژەڵەکانی تر دەگرێت، بۆیە زۆرجار بۆ کەسانێک دوورەپەرێزبن ئەم وتەیە بەکاردەهێنرێت.

کاتێک برادەرانی کەرکوکمان بەجێهێشت.. تولەسەگێک دوامان کەوت، چەند جارێک بەردمان تێهاوێشت.. تەنانەت لێشماندا بۆ ئەوەی لەگەڵمان نەیەت، وتمان ئەم تولەسەگە لەم ڕێگا دوورو درێژەدا توشمان دەکات، لەجادە نزیکبووینەوە.. لەگەڵ ئێمە بۆ تاقیکردنەوەی

جادەکە لەبرادەران جیابووینەوە هات و هەنگاو هەنگاو دەچووین و دادەنیشتین لەگەڵ ئێمە دەهات و دادەنیشت زۆر سەرمان سوڕما.. وتمان ئەگەر بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکات نەک زیانی نابێت ڕەنگە سودی باشی هەبێ بۆمان، تاکو گەییشتینە گەرمیان هەنگاو هەنگاو لەگەڵ ئێمە ڕێگای دەبڕی بەبێ ئەوەی بۆ جارێک دەنگی لێوەبێت، یەک ڕۆژ لەچەمی کوچک نەخشینە جاش لەبن بەرد و تاوێرێکدا گیریدابووین، ئەویش وەک ئێمە خۆی لەبن بەردێک توند کردبوو تا ئێمە دەرنەچوین نەجولآیەوە. پاش تاقیکرنەوەی جادە پەرینەوە من لەسەرجادەکە وەستام تاکو هەموو برادەران و لەکۆتایدا شکور و مەدحەد تێپەڕین، دیسان کەوتمە پێش گوێدرێژەکە گوێم لە هەتەوەرەی مەدحەدبوو کەدەیگوت هەتەوەرە لەقونی خۆت و سەربارت بەم، نزیکەی دووسەد مەترێک لەجادە دوورکەوتینەوە..برادەران سەد مەترێک ئێمەیان جێهێشتبوو، لەپڕ لەپێشمانەوە بوو بە تەپوتۆز و لێمان ونبوون کە لەناو وەردێکی وەرد دراو دابوو، (وەرد) بۆ ئەو کێڵگانەیە ئاوی نین و پشت بەباران دەبستێت بۆ دانەوێلە، زانستییەکەی بۆ ئەوەیە ئەو زەوییە بۆ ساڵێک هیچ دانەوێڵەیەکی پێوە ناکرێت و جوت دەکرێت بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر شێ هەڵگرێت بۆ ساڵی داهاتوو کە تۆو دەکرێت، ئەو کێڵگەیە لەبەهارداپاش سەردەرهێنانی گیا و دڵنیابوون لە تەقینی هەموو تۆوی گژوگیای ناو کێڵگەکە بەولآخ یان تراکتۆر جووت دەکرێ وەرد دانەوەش پاش کۆتایی هاتنی باران و ڕوانی گیای دیکە دیسان جووت دەکرێتەوە بۆ ئەوەی زەوییە بەپیتەکەی بەو گژوگیایانەوە نەمرێ.. بۆ ئەوەی فشۆڵ و وردبێت تاکو لەپایزدا تۆو بکرێت و لەگەڵ یەکەم باران و پەڵەداندا تۆوەکە چەکەرە بکات و بەهەراشی بڕوێت، پێش باران وپەڵە تۆو بکرێت جووتیار لەدێر زەمانەوە لەسەر وەرد وتویانە (نانی وەرد لەبان بەرد)، کەوایە دڵنیایە بەرهەمی باشی دەبێت. وتم: مەدحەد شتێک ڕوویداوە لەپێشەوە من دەچم تۆ شکور بەجێمەهێڵە، بەڕاکردن بەدوای برادەراندا دوو سەد مەترێک ڕامکرد و لەپڕ ڕوویان کردەوە من و بەڕاهاتن لەتۆزدا بەڕوونی نەمدەبینین تابزانم چییە، تفەنگەکەم بەدەستەوە بوو دڵنیایی (زامن)ەکەیم کردەوە و وەستام، بینیم جلوبەرگ سپییەک لەپێشیانەوە ڕادەکات و هەموویان بەدوایەوەن، هەندێکجار لەکاتی ڕوودانی لەناکاودا لەچەند چرکەیەکی کورتدا چەند بڕیارێک بەمێشکتدا دێت.. دواتر مێشک بڕیاری کۆتایی بەئەرێ یان نەرێ دەدات، ڕووی تفەنگەکەم تێکرد تەقەی لێبکەم ئەوەندە تێکەڵبوون نەموێراو گەییشتنە من.. منیش بەدوای جل سپیدا ڕامکرد بەهۆی ئەوەی من لەدواوە بووم لەگەڵ غایبدا بووین بەیەکەم کەس بەدوایەوە وەک تانجی دەرۆییشت هەرچیمان دەکرد بۆمان نەدەگیرا دواتر غایب تفەنگێکی دابە پشتە ملیدا کەوت و خۆماندا بە سەریدا، هاواری کرد، هۆباوە.. هۆباوە، دەستم خستە سەردەمی، برادەران بەدوای مندا چوار پێنج کەس کەوتن بە سەریدا. وەک گای تۆڕ و شێت کە سەری دەبڕن دەست ولاقمان گرتووە و منیش دەستم لەسەردەمی دانا بۆ ئەوەی هاوار نەکات ڕەبیەکان تەنها دووسەد مەترێک دوور بوون.

دەستم لاداو ویستم لێی بپرسم تۆچیت، کێیت، چی دەکەی لێرە؟ بۆ کەوتوویتە ئەم دەشت و دەر و چۆڵە؟ هاواری دەکرد، هۆباوە هۆو هۆباوە هۆو، دەمیم گرتەوە. چەند جارێک دووبارەمان کردەوە، دیسان هاواری کردەوە.

لولەی تفەنگەکەم نایە سەرسنگی و ویستم تەقەی لێبکەم و بیکوژم. دیسان هاواری دەکرد هۆباوە، دەستیان دەخستە سەردەمی، شکور کە نەخۆش بوو تا ئەو کاتانە بەسەر گوێ درێژەکەوە بوو، دابەزی و دای بەسەر تفەنگەکەمداو نەیهێشت وتی پەلەمەکە، لەبەر هاواری نەیدەهێشت قسەی لەگەڵ بکەین، بەهۆی نزیکی ڕەبیەکان و هاواری ئەوەوە ناچار بووین سەد مەترێک بەکێشمان کرد لەجادەوە کەمێ دوورمان خستەوە. وتمان بەڕاستی پێمان بڵێ تۆ چیت؟ چیدەکەی لەم چۆڵییە؟ وتی:

-کاکە سەدام خوا بیپارێزێت، من ئاید خۆتانم، ئەی ئێوارە لای خۆتان نانم نەخوارد، جگەرەتان نەدامێ هۆ باو هۆ.

- هاوار مەکە ڕاستیمان پێبڵێ با نەتکوژین؟

-من شێتم شێت، هەر لێرەم لای خۆتان بووم، نانتان دامێ جگەرەتان دامێ هۆباوە هۆو، تفەنگەکەم ڕووتێکرد و وتم:

-خۆتان لادەن بابیکوژم ئەمە سیخوڕە درۆ دەکات شێتتان بینیوە بەخۆی بڵێ شێت؟

شێت پێی بڵێی شێت دونیا تێکدەدات و ئەوەندەیتر شێت دەبێت، ئەو ئێمە بە گەمژە دەزانێ ، دیسان شکور نەیهێشت وتم:

- ڕاوەستن ئەگەر ئەم کابرایە شێت بێت و بەردەوام لەم دەشت و دەرە بێت ئێستا ئەوەندە لاوازە گۆشت بەلەشیەوە نییە، دەستم لە کەلەکەیدا ئەوەندە ڕەق و وشک بوو لە لێواری تەشت دەچوو، وتم:

-وەڵا ئەوەندە لاوازە لەوە دەچێت ڕاست بکات، دەستم بەپەراسویدا هێنا باوەڕ بکەن ئەوەندە ڕەق بوو دانەدانە وەستابوو لەدانەی چیغی دەوری ڕەشماڵ دەچوو.

وتم لەوە دەچێ ڕاست بکات دەستم لەگیرفانی کراسە سپیە شۆڕەکەیدا دوو پارچە حەپی کەپسول وحەپی ئاسایی تێدابوو، وتم:

-درۆ دەکات حەپی پێیە شێت ئەوەندە بێئاگابێت لەژیان.. بەم دەشت و دەرەوە بێت چۆن حەپ هەڵدەگرێت و دەیخوات؟

-کورە لێمگەڕێن بابیکوژم. کاک(ڕەزای ناروجە)ی دەلیل هاتەپێشەوە هەندێ لەدەم وچاوی ڕوانی بەکوردۆی هاوڕێی وت ئەرێ ئەمە (جەبارە) شێتی گوندی (ناروجەی) گەورە نییە ؟ کاک کوردۆ وتی:

-وەڵا من پێشتر نەمبینیوە و نایناسم، ڕەزا لێی پرسی:

-تۆ جەبار نیت؟ وتی: بەڵێ بەڵێ بەڵێ ئەوم. کاک ڕەزا وتی:

-کاکە من دەیناسم ڕاست دەکات ئەمە لەمنداڵییەوە شێتە و ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا من بینیم ماڵیان نزیکی گوندەکەی خۆمانە.

لەسەر قسەی کاک ڕەزا بڕیارماندا بەری بدەین، پێمانوت ئێمە جاشین لای کەس نەڵێی بینیومن، لای ڕەبیەکان باسی بکەیت دەتکوژین، بەدوو دڵی شێتەمان بەجێهێشت و بەرەو ئاڕاستەی باشوور درێژەمان بەڕۆییشتن دا.

لەکاتژمێر دوازدە گەییشتینە چەم و هەردەیەکی قووڵ لەپێشەوە تێیان خوڕین، کێن زەلام خۆتان بناسێنن؟ خۆمانین پێشمەرگەین، کوردۆم، کاک کوردۆ خۆتانن؟ یەکێکیان ناسییەوە و لەشیوەکەوە شەش سەرخڕی سەرتاشراو دەرکەوتن سەریان لەکولەکەی سواڵی دەچوو، چووینە لایان و لەناو شیوێکی قوڵی چڕەدار وقامیشەلاّندا بوون ئاوێک بەناو شیوەکەدا دەڕۆییشت زۆر فێنک بوو.. زۆر ماندووبوین.. لەگەڵ گەییشتنمان تا بەیانی باش خەوتین، سبەی زوو لەمڕەو هاڕەی کۆپتەر بەخەبەر هاتینەوە و بەشپرزەیی هەستاین خۆمان لەبن قامیشەکاندا توند کرد، وەک چۆن ئۆتۆمبیل خۆی دەکات بە کۆلاّندا دێت و دەچێت، کۆپتەر خۆی کرد بەشیوەکەدا. مامەعەزە گوڵە هاواری لێ هەستا وتی:

-بەخوا شێتە هاوردی، باوکەڕۆ باوکەڕۆ شێتە چۆن دایکمانی (گا)، شێتە چۆن فرۆشتمانی، شێتە چۆن خەڵەتانمانی، شێتە باوکمانی سەربڕی، شوکە ماڵویران، شوکە ڕەنج بێوەر، (ڕەشە) هاواری دەکرد کورە بابیکوژم، کوڕە ئەمە سیخوڕە، کوڕە درۆ دەکات شێت بەخۆی ناڵێت شێت، نەتهێشت و نەتهێشت. شوکە خوا ماڵت کاول بکات ئەمشەو بۆ لەمن بوویتە شێخی سەنعان. سێ کۆپتەر نزیکەی چل وپێنج خولەک بەناو شیوەکەدا ئەمسەرو ئەو سەری کردووە و مامەعەزە ئەم وشانەی دووبارە ئەکردەوە.

کۆپتەرەکان ڕۆییشتن، ئەو برادەرانە وتیان زیاد لەدوو مانگە لێرەین ئەمە یەکەمجارە کۆپتەر بێتە سەرمان، مامەعەزە وتی:

-ئەی من نایەژم شێتە هاوردی؟ خۆ لەخۆمەوە نایەژم بەخوا هەموو دونیا پێمبێژێ وانییە من هەر ئێژم شێتە هاوردی.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارەکەی چەند دەنگی کۆپتەر هاتبێ مامەعەزە دەیگوت بەخوا شێتە هاوردی، ئێوارە پاش سوپاس وپێزانینمان ماڵ ئاواییمان لەو برادەرانە کرد و بەرە و ئاڕاستەی باشووری ڕۆژهەلاّت ڕۆییشتین، لەنزیک گوندەکانی (تورکمان باخ و عومەرمەندان)ماینەوە.

لەسالی **٢٠١٧** لە هاوڕێم کاک "ڕاپەڕ" کادرو فەرماندەی دێرین و دانەبڕاو.. پێشمەرگەی سنوری تیپی**٢١**ی کەرکوک دانیشتووی گوندی (ناروجە) م پرسی ,لەوەلاّمدا ووتی: "بەدڵنیاییەوە ئەوە جەبار صدیق بووە ئێستاش ماوە خەڵکی گوندی ناروجەی گەورەیە، یەکێک بوو لەخوێندکارە زیرەکەکان لە حەفتاکاندا دوایی توشی ئەو نەخۆشییە بوو، یەکێک لەبنەماڵە چاکەکانی ئەو سنورەن و لەمنداڵیەوە باوکیان نەماوە، برایەکی مامۆستای زانکۆیە و دکتۆرای هەیە لەمێژوو لە زانکۆی دهۆک دەرس دەڵێتەوە، لەئەنفال ئامادە نەبوو بڕوات بۆ ناو شار، دوایی

هەر چۆنێ بووە بردیان. ڕەزاش لەساڵی ۱۹۹۱ لەسنوری کوەیت لەشەڕی کەنداودا بووە قوربانی، بەداخەوە ڕۆژێکی ڕەش بوو هەموو شت دوژمن بوو).

ئێوارە لەوێ بەڕێکەوتین و شەو چووینە نزیک گوندی (پەلکەڕەش) بەیانییەکەی ۸/۳۱ سەرقاڵی دروستکردنی نانەچەورە بووین، چەند جاشێک لێمان نزیکبوونەوە شپرزەیان کردین، ڕۆژی ۹/۱ چووینە نزیک گوندی (باوەفەتی) پاش دونیا تاریک بوون بەڕێکەوتین، ڕۆژی ۹/۲ لەگەڵ دونیا ڕووناک بوونەوەدا گەییشتینە چەمەکەی خوار گوندی (کوچک نەخشینە) کە نزیکەی سێ کیلۆمەترێک لەجادەی قیری گشتی قەزای (چەمچەماڵ) ناحیەی (تەکیەی کاکەمەند)ەوە دوور بووین، زوو پێش هەتاو کەوتن نان و چامان خوارد و لە ناو چەمەکەدا بەهۆی ماندوێتییەوە لەگەڵ ڕاکشان خەومان لێکەوت، کاتژمێر لەدەوری هەشتدا بوو لەگەڵ دەنگی تەقەدا ڕاچەڵەکین، سەرمان بەرزکردەوە دەبینین بە دووری سەد و پەنجا مەتر چوار چەکدار لەسەر گردێک لەبەرامبەرمان وەستابوون، بەپەلە بەگاگۆڵکە چووین لەبن بەردێکدا گوێدرێژەکەمان تەختی زەوی کرد و چوار پەلمان بەستەوە و بەچاو تروکانێک وەک بەچکە سوێسکە هەریەکە و لەلایەکەوە بڵاوەمان کرد و خۆمان لەبن تاوێر و بەردەکان توندکرد. چەکدارەکان تەقەیان دەکرد و هاواریان دەکرد ئەرێوەڵا لێتدا، دەی دەی ئەو لای لێبگرە، ئەولای لێبگرە، نەهێڵی بڕوات، دەی تەقەی لێبکە، لەبن بەردەکانەوە تەماشامان دەکرد چوار چەکدارن یەکێکیان جلێکی ڕەشی لەبەردایە و ئەوانیتریان جلی خاکیان لەبەردایە، بەهۆی نزیکی لەجادە و بێترسی چەکدارەکان دڵنیا بووین کە جاشن، پێمان وابوو هاتوون بە دوای پێشمەرگە و ئەو خەڵکانەدا دەگەڕێن کەخەڵکی ناوچەکەن خۆیان لەهەردە و شیو و دۆڵەکاندا حەشار داوە تاکو دەرفەتێکیان دەستبکەوێ خۆیان دەرباز بکەن. بەگومان بووین کەدوژمن لەهەر ڕێگەیەکەوە بووبێت زانیاری لەسەر هاتنی ئێمە و ئەم دەستانە بۆ گەرمیان و ناوچەکە بوو بێت، ئەم هاوار هاوار و تەقەکردنە بەردەوام بوو تا نزیکەی کاتژمێر هەشت و نیو، چەند جارێک لێیان دەچووە خوارەوە و دیسان دەگەڕانەوە. ئەوەندە بێدەنگ و بێچرکە خۆمان خپکردبوو هەندێ لەبرادەران گومانیان کردبوو کەهاوڕێکانی ڕۆییشتوون و ئەو بەتەنیا بەجێماوە، بەردەوام لەکاتی تێکەوتن و مەترسیدا ترسم لە (محەمەد خورشید و شەهید کاکە) هەبوو، لەبەرئەوەی تازە هاتبوون بۆپێشمەرگایەتی و ئەزمونی پێشمەرگایەتی و بارودۆخی سەختیان نەبوو، بەردەوام لەو کاتانەدا چاوم لەسەر شوێن و جوڵەیان بوو، بەردێکیان فڕێدا بۆمان.. زانیم لای محەمەدەوە هات، بەدەنگی نزم وتم: چیت دەوێت بەرد فڕێ مەدە دەمانبینن. دیسان بەردێ تری فڕێدا.. دەنگم بەرزکردەوە و بەتوڕەیی وتم: خواکە ماوین لێرەین.. بۆ بەرد فڕێ دەدەیت، بێ دەنگبوو، دواجار وتی: ئەوەندە کپ و بێ دەنگبوون لەدڵی خۆمدا وتم: بەخوا ئەوان ڕۆییشتوون و من بەجێماوم تازە تیاچووم. گوێم لەدەنگێک بوو بەهێواشی بانگ دەکات:

-ماون نەڕۆییشتون؟ ئەرێ چی بکەین؟ دەرنەچین ڕانەکەین؟ تازە دۆزراینەوە؟ بەخوا تازە دێنەسەرمان نەمانتوانی دەنگ بەرز بکەینەوە بەهۆی نزیکی جاشەکانەوە چەند جارێک بەدەنگی نزم وتم: بێدەنگ بن قسە مەکەن.

شکور سمایل بانگی لێکردم وتی: نەگەیتە "کاکە" ئاشکرامان دەکات.

بە زگەخشە بەبن بەردەکاندا خۆم گەیاندە لای هات قسە بکات دەستم خستە سەردەمی وتم: قسە مەکە.. وسبە، بەو تەپەی بان سەرمانەوە جاشەکان نابینی ؟

گوێت لێیان نییە لە کەیەوە هاوار دەکەن ڕەنگە پێی نەگەشتایەم ئاشکرای بکردینایە، پاش چەند مانگێک لەخەباتی پارتیزانی شەهید کاکە لە زۆربەمان بەئەزموونتر و قارەمانتربوو.

بەداخەوە لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٦ لەڕاپەڕیندا لەقەزای خورماتوو شەهیدبوو.

تا کاتژمێر نۆ و نیو ئەمە بەردەوام بوو، دواتر بەهۆی تەقەکردن و هاتن و چوونیان بۆمان دەرکەوت ئەم چوار جاشە چەند جاشێکی دیکەیان لەگەڵە، هاتوون بۆ بردنی کەلوپەلی بەجێماوی گوندنشینەکان کەپێش شاڵاوی ئەنفال لەهەردەکاندا شاردبوویانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاوی ئاژەڵی کێوییان دەکرد.

کاتژمێر لەدوازدە تێپەڕی وجاشەکان دوو دانەیان هەر لەو سەرگردە مابوون، دەڵێی مێخی چەقیون. پێم وابوو پاسەوانی هاوڕێکانیان بوون سەرقاڵی شڕەخۆری و ڕاو بوون. ڕۆژێکی زۆر گەرمبوو ئەو تاوێر و بەردانە لەگەرمیدا هەڵمیان لێهەڵدەستا، تەنورەیان دەکرد، هەر یەکەمان یەک قومقومە ئاوی پێبوو لەبەیبیانیەوە ئەو قومقومە ئاوەی هێنابوومان کۆتایی هاتبوو، هەموو تینو بووین. لەترسی جاشەکاندا نەماندەتوانی بچین ئاو بهێنین کەتەنها بیست مەترێک لێمانەوە دوور بوو. چەند جارێک برادەران ویستیان بەگاگۆڵکە بچن ئاو بێنن نەمانهێشت. کاتژمێر سێ و نیو جاشەکان ڕۆییشتن، لەگەڵ ڕۆییشتنی ئەوان پەلاماری ئاوەکەماندا ئەوەندە ئاومان خواردەوە لەجوڵە کەوتین.

پەندێک هەیە دەڵێت: کوڕ کوڕ ئەوەندە درەنگ دێتە سەر ئاو بۆ ئاوخواردن کەئاو دەخواتەوە ئەوەندە دەخواتەوە یەک باڵ زیاتر ناتوانێ بفڕێ، ئێمەش ئەوەندە ئاوی گەرمی ئەو چەمەمان خواردبوو نەماندەتوانی یەک هەنگاو ڕابکەین، زۆر برسی بووین هەندێ نان و ئاومان خوارد و لەبن بەردەکان ماینەوە بەردەوام چاودێری دەوروبەری خۆمان دەکرد نەوەک جاشەکان لەو دەورە مابن یان بگەڕێنەوە، ئێوارە لەگەڵ هەتاو نیشتن بار و بنەمان لەسەر گوێدرێژەکە لەگەڵ نەخۆشەکەمان کە کامەران بوو توندکرد، بەڵام گوێدرێژی هەژار ئەوەندە بەتۆبزی خەواندبوومان وەکو مەستی لێهاتبوو بەئاستەم بەپێوە خۆی دەگرت، بەڕێکەوتین پاش کاتژمێرێک گەییشتینە جادەی گشتی (کەرکوک- سلێمانی) لەنێوان (چەمچەماڵ و تەکیەی کاکەمەند) پاش دڵنیابووین لەنەبوونی بۆسەی دوژمن و چاودێری ورد.. پەڕینەوە، لەسەر جادە ماڵئاواییمان لەکاک (کوردۆ وکاک ڕەزا)کرد و گەلێک سوپاس وپێزانینمان بۆیان هەبوو. ئێمە بەهۆی ئەوەی لەمانگی چوار لەپاش کۆتایی هاتنی ئەنفالی سێ بەم ڕێگایەدا پاشەکشەمان کردبوو..

هەندێ شارەزاییمان هەبوو کێشەی شارەزاییمان نەبوو. بەرەو ئاڕاستەی باشوری ڕۆژهەڵات بۆ بناری (هەمەوەند)..درێژەمان بەڕۆییشتن دا، بەنزیک گوندی (چالاوە) و ڕۆژئاوای گوندی(خالْدان) ونزیکی گوندی(کانی کەوە)دا تێپەڕین.. دەمە و بەیان لەدەربەندێکی بناری چیا خۆمان حەشاردا، ڕۆژی **٩/٣** لەدەربەندەکە ماینەوە ئێوارە دیسان درێژەمان بەڕۆییشتن دا و نۆبە نەخۆشی (شکور) بوو (کامەران) بەپێی خۆی ڕێی دەکرد بەلای گوندەکانی (هەشەزینی و فەقێ حاجی و دەروێشان) تێپەڕین.. دەمە و بەیان گەییشتینە دەربەندەکەی پشتی(کانی خاکی)کە لەمانگی چوار سێ ڕۆژ تیایدا مابووینەوە.. زۆر لەپێشمەرگەکان لەبرسانا چوون تەسلیم بوونەوە، ئێمە گوێدرێژەکەمان هێنا سەری ببڕین. زۆر فیشەک ومەغزەن و قومبەلەمان دۆزییەوە لەکاتی کشانەوەدا فرێدرابوو.

هەندێ فیشەکم کەمبوو پڕمکرد، ئێوارە بەڕێکەوتین شەو لەجادەی (سەنگاو قەرەداغ) لەنێوان ناحیەی (سەنگاو و گوندی هەنارە) پەڕینەوە. بەڕۆژئاوای گوندی (کربچنە)دا تێپەڕین و دەمە و بەیانی **٩/٥** چووینە گوندی (ژاڵەی ڕەبات)، بەیانی زوو برادەران لەناو کەلاوەکاندا دوو کەروێشکیان بەبەرد کوشت و لەسەرکانی و ئاوەکەی گوند پاکمانکرد، بەبرادەرانمان وت پێست و پاشەڕۆکە بشارنەوە نەوەک دوای خۆمان دوژمن بێنە سەر ئاوەکە بیبینن، لەناو ژێرزەمینی گوندەکەدا (جەمال شێخ حەمیدی) هەندێ ئارد و برنج و ڕۆنی دۆزییەوە تا خۆر کەمێک بەرزبووەوە ئێمەش لەگوند دەرچووین بۆ دەربەندەکەی پشتی گوندەکە کە لەکاتی ئەنفالی سێدا لێرەوە کشاینەوە و چەند ڕۆژێک لێرە ماینەوە، لەگەڵ گەییشتنمان بەدەربەندەکە دەستمانکرد بەهەویرکردن و لێنانی گۆشتی کەروێشکەکان، لەو کاتەدا یەک لەبرادەران وتی ئەزانن پێست و ریخۆڵەی کەروێشکەکەمان لەسەر ئاوەکە بەجێهێشتوە؟ هەندێ سەرزەنشتی ئەو برادەرانەمان کرد و دوو پێشمەرگەمان ناردەوە بۆ ناو گوندەکە پێستەکەیان شاردەوە و گەڕانەوە بۆلامان، هەموو بەدەوری مەنجەڵە چێشتی جەژندا دەسوڕاینەوە و پەلەی کولاَن وخواردنی نانی جەژن بووین، بەپەلە ئاگرمان کردەوە بۆ نان کردن.. ئەو ڕۆژە لای ئێمە جەژن بوو چاوەڕوانی خواردنی گۆشت و برنجی ئەو جەژنە بووین، چونکە دەمێک بوو چێشتێکی باشمان نەخواردبوو. دەنگی تەقەی تفەنگێکی زۆر نزیک هات، (مەدحەد) پاسەوان بوو بەهۆی کەمتەرخەمی لە ئەرکەکەی ئاگاداری هاتن و نزیکبوونەوەی چەکدارەکان نەبوو.. تاکو دەنگی تەقەکەی بیست ئاگاداربوو بەپەلە لە گردەکەی سەر سەرمان خۆی فرێدایە خوارەوە هات بۆ لای ئێمە.. وتی:

-گیراین برادەران گیراین، هاتن، هاتن بۆ ئێرە دێن، چەند جاشێک بۆ ئێرە دێن..وتم:

- لەکوێوە هاتن، گەییشتوونەتە کوێ؟

-لەناو گوندەکەن بۆ ئێرە دێن، وتم:

-بەچی دەزانی بۆ ئێرە دێن؟ برادەران بەپەلە ئاگرەکە بکوژێننەوە و خواردن و هەویرو کەلوپەلەکانیتر لەگەڵ خۆتان بەناو شیوەکەدا ببەنە سەرەوە، من و عوسمان دەچینە سەرەوە لە گردەکەوە چاودێری دەکەین.. لەهەر پێشهاتێک ئاگادارتان دەکەینەوە. لەگەڵ عوسمان بە

وریاییەکی زۆرەوە کەچاوێکمان کردبوو بەچوار چاو وردە وردە چووینە سەرەوە بەسەد مەترێک لەسەرووی شوێنی پاسەوانییەکەی مەدحەد هەندێ داری بچڕبچڕی هەبوو هیچمان نەبینی، ناو شیوەکەمان لێوە دیاربوو کە لەناو گوندەکەوە بۆی دەهات کەس دیار نەبوو بەرە و ڕووی ئێمە بێت، کەمێکی تر چووینە سەرەوە، دوو چەکدارمان بینی گوێدرێژێکیان پێبوو یەکیان بەسەریەوە و ئەویتر پیادە بەدووری دووسەد وپەنجا مەترێک لەپێش گردەکەوە کە ئێمەی لەسەربووین بۆ ئاڕاستەی دەربەندی پشتەوەی گوندی (بانیمۆرد) کەوتبووە تەنیشتمانەوە، چاومان لێنەبڕین تاگەییشتنە ناو دەربەندەکە و دوورکەوتنەوەیان لەئێمە، گەڕاینەوە بۆلای برادەران و ڕووداوەکەمان بۆ گێڕانەوە، گەڕاینەوە دیسان ئاگرمان کردەوە چێشتە نیوە کوڵەکەمان خستەوە سەر و دەستمانکرد بەنان کردن وپاسەوانی باشمان دانا بۆ چاودێری، کاتژمێر نزیکی یەک بوو چێشتمان کوڵابوو.. چاوەڕوانی تەواوبوونی نانەکە بووین دەنگی کۆپتەر پەیدابوو بەپەلە ئاگرمان کوژاندەوە و خۆمان لەبن بەرد و ئەشکەوتەکان توندکرد نزیکەی چل خولەک لەنێوان گوندەکانی (درۆزنە، شەلەی، مەسۆییەکان تیلەکۆ، براوگەل) سوڕانەوە پاش کاتژمێر دوو نانمان خوارد ئەوەندە برسی بووین.. ئەگەر نانی وشکمان بخواردایە هیچ حەلوایەکی دونیا پێی نەدەگەییشت، نەک ئەو خواردنەی ئێمە بەخواردنی جەژنمان دانابوو.. ئەوەندەیتر خۆش و بەتام بوون. لەکاتێکدا ئەوەندە برنجەکەمان خستە سەر ئاگر و کوژاندمانەوە و دیسان خستمانە سەر وەک هەویر دەرچوو بوو. ئێوارە پاش خواردنی نان و چایەک و سەرخستنی نەخۆشەکەمان کەنۆبەی شەهید کامەران بوو، لەگەڵ هەتاونیشتندا بەڕێکەوتین برادەران وتیان دەڵێن بارەگای فەوجێکی جاش لەگوندی (بانی مۆرد)ە کە پێشتر بارەگای تیپی**٥١**ی گەرمیانی لێبوو، بۆیە بەتەنیشتی گوندی (ژاڵە و داربەڕوو)دا تێپەڕین و بەنێوان گوندی (هەزار کانی و کێلەبەرزە) دا بەژێر پردەکەدا لەجادەکە پەڕینەوە و بەرەو ئاڕاستەی باشور ڕۆییشتین، بەنزیکی هەمان شوێنی چوار مانگ پێش ئێستا **١٥-٤/١٦** کە شەهید(خەلیل پارەپارە)یمان بەبرینداری بەجێهێشت و هاواری دەکرد و دەینالآند و دەیگوت: پێشمەرگە.. هاوڕێیان.. برادەران.. توخوا بەجێم مەهێلن توکوردستان توگۆڕی شەهیدان بێن بمکوژن بێن فیشەکێکم پێوە بنێن.. بەخوا بەخوێنی شەهیدان بەکوردستان خێرتان دەگا، بەخوا چاکەم لەگەڵ دەکەن، وا ئەزانم ئێستایە پاش سی ساڵ زیاتر ئەو دەنگە پڕ بەزەیی و پاڕانەوە لەمێشکمدا دەزرنگێتەوە و ویژدانم دەسوتێنێ ناخم دەخوات هەرگیز لەیادم ناچێ کە هاواری دەکرد، هەندێکجار دەوەستام و تەماشای شوێنەکەم دەکرد و دەنگەکە لەگوێمدا بوو وامدەزانی هێشتا لەژیاندا ماوە و هەر بانگمان دەکات، وای چ ئازارێکی بێ کوتاو نەبڕاوەیە، قوڕگم پڕگریان و فرمێسک لەچاوەکانمدا وەک ئاوی دەریا شەپۆلی دەدا بۆ کەناری پێڵوی چاوم، تفم لەخۆم لەمرۆڤ لەموسڵمان و هەموو بونەوەری سەر ڕووی زەوی دەکردەوە، دەمگوت وای مرۆڤ چ دڕندەیەکیت کاتێک ویژدان و هەست و سۆز لەدەست دەدەیت، بەدەم خەیاڵ و بیرکردنەوەوە پاش کاتژمێرێک بۆنی گاز بەئاگای هێنامەوە.

وتم: برادەران بۆنی گاز دێت ئەگەر هەڵە نەبم گەییشتوینەتە سەرجادەی نێوان گوندی (دەرەوار ومەسۆی بەرگەچ) بەدڵنیاییەوە بۆنی ئەو گازە بۆنی ئۆتۆمبیلی سەربازییە نزیکی ئەم سنورەیە، کاتێک ئۆتۆمبێل گەرم بێت و گازی پێدا بڕژێت بۆنی لەو شێوەیە دەردەدات، یان لەم دوو ڕۆژەدا گاز لەم نزیکە ڕژاوە، با کەمێکی تر بەرەو ئاڕاستەی ڕۆژئاوا بچین دواتر بێینەوە سەر جادەکە. لەدووری چەند کیلۆمەترێک چووینە سەرجادەکە (عەزەگوڵە) وتی من ئەشەکەوتی (کونە شێر) شارەزام دەکەوێتە نێوان گوندی (مەسۆی بەرگەچ وتیلەکۆ) وە زۆر لێرەوە دوور نییە شوێنێکی زۆر باشە بۆ مانەوەی سبەی، لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ شەهید(خالد گەرمیانی) و دەستەکەی چەند جارێک لەوێ ماونەتەوە، شەهید خالد گەرمیانی سەرەتای شۆڕش وێردی سەر زمانی دۆست و نەیاری سنوری گەرمیان بوو، ناوی (جەمال مەلا کەریم) ناسراو بەخالد گەرمیانی دانیشتوی گوندی (سەیدمراد)بوو لەسەردەمی لاوێتیدا لەسەرەتای سالآنی حەفتاکان لەڕیزەکانی (حشع) دەبێت، لەگەڵ دروستبوون و سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێدا لەساڵی **١٩٧٧**پەیوەندی بەهەرێمی پێنجی قەرەداغەوە دەکات، بەهۆی ئازایەتی و لێهاتوویی لەماوەیەکی کەمدا دەبێتە سەردەستەو دێتەوە بۆ سنوری گەرمیان، هەر شەوەی لەشارێک لەناوچەیەک دوژمنی دادەپڵۆسی و گورزی گورچک بڕی تێدەسرەواند، هەر شەوەی سیخوڕێک موختارێک خۆفرۆشێکی تەمبێ دەکرد و بەسزای گەل و شۆڕشی دەگەیاند. کوڕی قایمقامی کفری گرت وناچاری کرد لەگەڵا پێشمەرگەی دیلکراو (عوسمان خەلیفە عەلی) و پێشمەرگەیەکی تردا بیگۆڕێتەوە بەهۆی ئەو کارەیەوە، قایمقام لەلایەن بەعسەوە سزا درا.. تا ئێستا خۆی و کوڕەکەی چارەنوسیان نادیارە. بۆ یەکەمجار من لەساڵی **١٩٧٨** بینیم بۆ تەمبێکردنی ژمارەیەک بەعسی هاتە گوندەکەمان. بەداخەوە ئەو کەڵە پیاوە لەپاییزی ساڵی **١٩٨١** لەنزیک گوندی (قازان قایە) لە بۆسەی جاشەکانی (تەحسین شاوەیس)ی خۆفرۆشدا شەهیدکرا.

دەمەوبەیان گەییشتینە ئەشکەوتەکە دەکەوێتە سەرچەمی گوندی (دەرەوار) و نێوان گوندی (مەسۆی بەگەچ وتیلەکۆی قەلەندەر)ە وە حەشارگەکە تاوێر و ئەشکەوت و چەمێکی قوڵ بوو بەڕاستی کونەشێر بوو. لانەی شێرێکی وەک خالد گەرمیانی وحەمە ڕەش و دەیان شێری درێژە پێدەری ڕێگایان بوو، سبەی شوێنی ئەو سێ پێشمەرگەمان بینی کە لەپاش پرۆسەی ئەنفال بەخیانەت شەهیدکرابوون و سوتانبوویان, تاوێرەکانی نزیک ئەشکەوتەکە هەمووی ڕەش بووبوونەوە، بۆ دۆزینەوەی برادەرانی کاک عوسمان بڕیارماندا ببین بەدوو گروپەوە، گروپێکمان پێکهاتبوو لە(مەلارەحیم وجەمال وارانی وجەمال شێخ حەمیدی)و سێ پێشمەرگەی تر بەچەمی (لاهێز) دا بچنە خوارەوە تا ئاڕاستەی (قولیجانی سەرحەد) شەو بێنە گوندی (قولیجانی سەرحەد) و لەوێ یەک بگرینەوە، ئێمەش باقی برادەران بەرەو ڕۆژئاوا بەگوندەکانی(چیا سپی و کوردەمیر)ەکانداو شەو بۆ گوندی (قولیجانی سەرحەد) بچین. ئێمە پێشتر گەییشتین.. ئەوان کە هاتنە ئەوێ دەگەشانەوە بەبینینیان وتمان: ڕەنگتان ڕۆشنە ڕەنگە شێربن؟

-ڕێوی بووین بەڵام کردیانین بەشێر، ویستمان لەئێوە بپرسین شێرن یان ڕێوی؟
-توخوائەو ڕەنگەی ئێمە ڕەنگی شێرە؟ ڕەنگی خۆتان بینیوە شێر لێتان دەترسیت.
-ئێمە دەستەکەی کاک عەدنانمان بینی لەچەمی (لاهێز) مانگایەکیان کوشتبوو کەلاکەکەیان کردبوو بەقەد شاخێکدا ئەوەندە گۆشتیان خواردبوو مڕ بووبوون، بێ ئێوە ناخۆش ئێمەش خۆمان فول شەحنکرد، ئا ئەوەیە کەدەڵێین کراین بەشێر. کاک عەدنان پێی وتن پێموایە دەستەکەی کاک عوسمان لەچەمی قامیشەبن.
- ئەی بەدەردتان بێت بەبێ ئێمە, ئا ئەوەیە ئێمەش دەڵێین ڕەنگتان ڕەنگی شێرە.
ڕۆژی **٩/٦** ئەو برادەرانەی بۆلای دەستەکانی کاک عەدنان و شەهید مەلا ئەحمەد و شەهید سەید محەمەد دەچوون ماڵئاواییمان لەیەک کرد و لێمان جیابوونەوە بەرەو چەمی لاهێز چوون بۆ لای دەستەکەی کاک (عەدنان)، ئێمەش بەرەو ڕۆژئاوا و چەمی قامیشە ڕۆییشتین، لەنێوان گوندی (قولیجانی سەرحەد وقولیجانی ئەمین قارەمان)بووین لەئیزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدادەوە لێبوردنێکی گشتی بەرگوێمان کەوت.. بۆ هەموو کوردێک لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، هەواڵێکی خۆشبوو پێمان وابوو هەرچی هاوڵاتی و پێشمەرگە و هەڵهاتوویەکی ڕیزی سەربازی دەگرێتەوە و ئازاد دەکرێن، بەگەییشتنمان بەنزیک گوندی (قولیجان ئەمین قارەمان) چەکدارێمان بینی بەسەر گردێکەوە، نزیکەی نیو کاتژمێر چەند جارێک بۆ ئاڕاستەی ئێمە دەهات و دەگەڕایەوە پێمان وابوو ئەو چەکدارە جاش بێت و هاوڕێی دیکەی هەبێت، ئەگینا پێشمەرگە وا بەبێ ترس بەو سەرگرد و بەرزاییانەدا ناگەڕێ، پاش چاودێری ورد.. بۆمان ڕوون بۆوە کە شەهید(مەجید دوزی)یە، بانگمان کرد لەسەرەتا نەیناسین و بەگومان بوو ویستی خۆیمان لێ ونکات بانگمان کرد و خۆمان پێناساند.
هەموو لەئامێزمان گرت و بەرە و چەمی قامیشە ڕۆییشتین، بۆ نزیک خۆر ئاوابوون گەییشتین و هەموو یەکمان لەئامێز گرت هەستێکی زۆرخۆش بوو، ئەم برادەرانە لەوێ بوون:
١-شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید.
٢ -شەهید مامە قالە.
٣- شەهید مەجید دوزی.
٤-شەهید کامەرانەڕەش.
٥-کاک عوسمان حاجی مەحمود.
٦-عوسمان تلیشانی.
٧-سەباح شێخ حەمیدی.
٨-عەلی غایب.
٩-شکور قەرەبلاغی.
١٠-حەسەن حەمید.
١١-عەلی نوری.

شەو تا درەنگێک قسەی خۆش و نوکتە و پێکەنین و بەسەرهاتی ئەو ماوەی دابڕان و نەهامەتی ئەو ڕووداوە تراژیدیایانەی بینیبومان بۆ یەکترمان گێڕایەوە، کاک عوسمان وتی هەموو چەند کەس بوون هاتنەوە وتم دەستەکەی ئێمە**١١**پێشمەرگە و دەستەکەی تر **١٢** پێشمەرگە بوون:

**١-**شەهید نادر وارانی.

**٢-**جەمال وارانی.

بۆلای دەستەی شەهید جەوهەر هاتوون.حەوت پێشمەرگەی دیکەشمان لەگەڵ بوو چوون بۆ لای دەستەکەی سەید محەمەدو مەلائەحمەد).

بۆ ڕۆژی دوایی هەریەک لە:

**١-**شەهید عەلی فەقێمستەفایی.

**٢-**مەلاسەعید.

**٣-**بورهان زەرداوی.

**٤-**مەحەمەد سابیر"جەمال مەلائۆمەری"

**٥-** ئیسماعیل خورشید عەباس.

کەلەدەستەکەی کاک عوسمان بوون هاتن بۆ قامیشە، بۆ سبەی ئیسماعیل تەسلیم بۆوە.

# لێبوردنی گشتی و مانگە زێرینەکەی پارتیزانەکان

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژمان بوو.. بەئاسودەیی و تێری بەڕێبکەین لەپاش ئەو ماراسۆنەی لەسنوری قەزای (ڕەواندز)ەوە دەستمان پێکردبوو بەرەو گەرمیان، یەکەم ڕۆژ بوو بەبرادەران شاد بووینەوە لەچەمی (قامیشە) هەڵکەوتەی جوگرافیای کەوتۆتە نێوان گوندەکانی (خانی ژوور و قولیجانی ئەمین قارەمان وسەرڕەش)ەوە، لەناو هەردەیەکی قامیشەڵان و ئاوداردایە لە چاو سنورەکانی دەوروبەری سەخترە.. ژمارەیەک ئەشکەوت(کەڵۆز)ی باش و گونجاوی تێدایە بۆ خۆحەشاردان وخەباتی پارتیزانی و ونبوون لەچاوی سوپای دوژمن و کۆپتەر و خۆپاراستن لەسەرمای زستان و هەتاوی سوتێنەری گەرمیان، ڕۆژی پێشوو لە ڕادیۆی کوردی (بەغداد)ەوە لێبووردنە گشتییەکەی حکومەتی عێراقمان گوێ لێبوو، بەڵام وردەکارییەکەمان نەدەزانی کە بەم شێوەیە بوو:

بڕیاری ژمارە(٧٣٦)ی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش).. تیایدا لێبوردنی گشتی و فراوان بۆ تەواوی کوردە عێراقییەکان لەناوەوە و دەرەوەی عێراق تەنها (جەلال تاڵەبانی)خائین نەبێت، چونکە چەندجارە بەئەنقەست یاسا و نیزام پێشێل دەکات.. تەنانەت پاش ئەوەی چەند هەل و دەرفەتیشی پێدرا بۆ ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە و خۆی پاک بکاتەوە.

پاش زانینی ئەم وردەکارییە زۆرمان پێخۆشبوو، چونکە پێمان وابوو هەرچی خەڵکی هەژاری گوندنشین وخەڵکی گیراو و بێسەر و شوێنە ئازاد دەکرێن، ئەو هەزاران خەڵکەی لەئەشکەوت و دەشت و بانەکان خۆیان حەشار داوە.. لەترسی چەپۆکی دوژمنی داگیرکەر، ئەو هەزاران پیاو و لاوەی لەترسی گرتن پەنایان بردۆتە بەر موستەشار و سەرۆک جاش لەڕەبیە و شوێنی ئەرکیان خۆیان حەشارداوە لەجێگای جاشیتر ئەرک دەبینن بەبێ بەرامبەر بەپێچەوانەوە پارەش دەدەن، ئەو پێشمەرگە کەم ئەندام و بریندار و بەساڵاچووانەی توانای خەباتی سەخت و دژواریان نییە، ئەو پێشمەرگانەی بەناچاری مابوونەوە لەدەرفەتێک دەگەڕان بۆ تەسلیم بوونەوە، بەڵام لەترسی سزا و تۆڵەسەندنەوە نەدەوێران بەرەو ژێر دەسەڵاتی دوژمن بچن، پێمان وابوو ئێستا بەبێ تەنگوچەڵەمە و ترس تەسلیم دەبنەوە و دەچنەوە ناو ماڵ و منداڵ و ژیانی ئاسایی خۆیان، هەرچەندە باوەڕ بە لێبوردن و لێخۆشبوونی دەسەڵاتی بەعس ناکرێت، چونکە هەچ کاتێک توانا و دەرفەتی هەبووبێت سڵی لەهیچ تاوانێک نەکردۆتەوە بەرامبەر بەگەلەکەمان. بەیانی زوو هەریەک لە:

١-کەریم شکور مەلاکەریم نەوجولی.

٢-دکتۆر عاسی.

**٣-**بورهان هیدایەت خوشکەزای دکتۆر عاسی.
**٤-**سەفەر عەبدولکەریم شەهید دڵشادی جیهاز.
**٥-**مەجید بەتانی.
٦ -مستەفای سەعید شورتە.

بەناچاری لەچەم قامیشە ماڵئاواییان لێکردین و چوون بۆ تەسلیم بوونەوە. چونکە زۆربەیان چارەنوسی خێزان و منداڵەکانیان نەدەزانی، بەداخەوە لەگەڵا هەزاران خەڵکی ناوچەکەدا بوونە قوربانی، ڕۆژی **٩/٨** پاش نان و چا خواردن کاک عوسمان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کردین و هەندێ قسەی بۆ کردین.. وتی: برادەران خۆتان ئاگادارن..حکومەتی عێراق لێبوردنی ڕاگەیاندووە، ئێمە وەک خۆمان و شۆڕشیش کەسمان لێ زیاد نییە و بەکەسیش ناڵێین بچن تەسلیم ببنەوە، بەڵام هەندێ ڕاستی هەیە پێم باشە وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتیمانی برایانە و ڕاستگۆیانە بۆتانی ڕوون بکەمەوە، لەماوەی رابردوودا لەپاش هێرشەکانی ئەنفال تا ئێستا دوژمن فشارێکی زۆری نەخستووەتە سەرمان ئەوەش ڕەنگە بەهۆی ئەوە بووبێت پێی وابووە ئەو پێشمەرگە و دەستانەی ماونەتەوە بەهۆی ناچاری و نەبوونی ڕێگەی دەربازبوون و لێبوردنەوە بووە.. ئەگەر دەرفەتی ڕزگاربوون و لێبوردن هەبێت تاکە پێشمەرگەیەک لەم ناوچە چۆڵ و بێژیان و سوتماکەدا نامێنێتەوە، بۆیە پێم وایە لەپاش ئەم لێبوردنەوە دوژمن هەموو توانای خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی بەیەکجارەکی کۆتایی بەشۆڕش و بوونی پێشمەرگە بهێنێت لەکوردستاندا، هەرچەندە ئەوە خەیاڵ و مەحاڵە، چونکە تاکو تاکە کوردێک مابێت مەشخەڵی شۆڕش بەردەوام دەبێت.. هیچ زەبرو زەنگێک داینامرکێنێتەوە، بۆیە تکای برایانەتان لێدەکەم بەبێ دوو دڵی هەچ برادەرێک لە تواناو دانبەخۆداگرتنی خۆی دڵنیا نییە و بەوپەڕی باوەڕەوە بڕیاری مانەوەی نەداوە، کێشەی خێزانی و جەستەیی یان هەر کێشەیەکی تری هەیە.. بیرێک لە خۆی بکاتەوە و بڕیاری ڕاست و دروست هەڵبژێرێت، لەم لێبوردنەدا هەر کەسێک دەیەوێت تەسلیم بێتەوە زۆر ئاساییە بەلای ئێمەوە، تکایە ڕاستگۆبن لەگەڵ ئەو بەڵێنەی بەخوێنی شەهیدەکانتان داوە لە ڕێبازەکەیان لامەدەن ئەگەر توانای ئەم خەباتە سەختەتان نییە.. دەتوانن لەناو شاردا هەمان خزمەت بەگەل و خاکی خۆتان بکەن، لەناو شاریش بۆ هاوکاری و دابینکردنی پێداویستییەکانمان پێویستمان بەخەڵکی باش و دڵسۆزە، چونکە ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی ژیانمان نییەو تەنها دەبێت پشت بەشار ببەستین. خەباتگێڕی شارمان لەگەڵ نەبێت پاش ماوەیەک لەم سنورەدا دەپوکێینەوە، زۆر ئاساییە و بەبێ دوودڵی دەتوانن بچنەوە و ئێمە بەهەمان شێوەی پێشوو بەهاوڕێ و خۆشەویست وپێشمەرگەی خۆمانتان دەبینین ئەگەر توشی هەڵە نەبن، لەپاش لێبوردنەکە کەس ناتوانێ بچێتەوە بەهۆی لێپرسینەوە و سزای دوژمنەوە، ڕەنگە لەو کاتەدا ئەوانەی بیر لەتەسلیم بوونەوە دەکەنەوە بۆ ئەوەی دوژمن لێتان

خۆش بێت بیر لەخیانەت و خۆفرۆشی بکەنەوە، چونکە دوژمن هەروا بەسانایی لێی ناگەڕێت داوای سەر و زانیاری شوێنی پارتیزانەکانی لێدەکات، هەر بۆیە ئێمەش ناچار دەبین بەهەموو شێوەیەک ڕێگا لەتەسلیم بوونەوە بگرین، تکای برایانەتان لێدەکەم پێش کۆتایی هاتنی ماوەی لێبوردنەکە.. بڕیاری دروست و کۆتایی خۆتان بدەن، چیشتان پێویست بێت من وەک برایەک لەخزمەتان دەبم.

پاش کۆبوونەوەکە دەمویست بە (محەمەد)پوورزام بڵێم بچۆرەوە، بەڵام لەوە ترسام پێی بڵێم و ڕازی نەبێت.. پێم بڵێت تۆ بەردەوام من دەشکێنیتەوە و سەرزەنشتی من دەکەیت، پاش نیوەڕۆ پێی وتم: چی دەڵێت بچم تەسلیم ببمەوە؟ وتم ئەڵێی لەدڵی مندایت زۆرم پێباشە تۆ لەڕووی جەستەییەوە توانای خەباتی دژوارت نییە تاکو لێبوردن هەیە بچۆرەوە، چونکە دواتر ئەو دەرفەتە نابێت، وتم: کاک عوسمان محەمەد دەیەوێت بچێتەوە. وتی: ئاساییە محەمەد گیان چیت پێویستە پێم بڵێ، پارەت پێیە؟ وتی: نەوەڵا یەک فلسم پێ نیەو شوێنێکیش شک نابەم بۆی بچم، کاک عوسمان هەندێ پارەی پێدا و سبەی بەیانی ماڵئاوایی لێکردین و ڕۆییشت، محەمەد خێزان وخوشکێکی لەشاڵاوی ئەنفالدا بوونە قوربانی و باوکە پیرەکەی بەهۆی بێ تواناییەوە نەیتوانی بوو ڕزگاری بێت لەنێوان گوندی (عەزیز قادر و قەڵاچەرمەڵە) بەسەر گوێدرێژێکەوە کۆپتەر شەهیدی دەکات، سەگ تەرمەکەی دەخوات بەهۆی ئەوەی خەڵک نەبووە بینێژن، برادەران پاش ماوەیەک دەچنە سەر تەرمەکەی تەنها هەندێ سوقان لە شوێنەکەی دەدۆزنەوە. من دەست لەسەر ویژدانم دادەنێم و بۆ مێژوو دەڵێم زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگە و هاوڕێ و هاوسەنگەرانمان پێیان خۆش نەبوو تەسلیم ببنەوە بەگریانەوە ماڵئاواییان لێدەکردین و بەناچاری بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارە و هەڵوەشاندنەوە و تێکچونی شیرازەی هێزی پێشمەرگەوە.. تەسلیم دەبوونەوە.. ژمارەیەکی زۆر زۆر کەم بوونە پیاوی دوژمن و خیانەتیان کرد، زۆربەی وەفاداربوون بۆ ڕابردوو خوێنی شەهیدە هاوڕێ و ڕێبازەکەیان.. پشکی شێری چاونەترسانە و قارەمانانە جارێکی تر پەیوەندییان پێوە کردین و هاودەنگ و هاوکارمان بوون .

شەو لەگەڵ برادەران سەرقاڵی گفتوگۆ وپرسیارکردن بووین لەیەک، ویستم بزانم ئەو برادەرانەی لەپاش ئەنفال لێرە مابوونەوە لەڕۆژی دابڕانمان تائێستا چۆن ژیابوون وچییان بەسەرهاتووە؟

سەرەتا لە (عەلی غایب)م پرسی تۆپێم بڵێ لەگەرمیانەوە تا ڕۆژی **٥/٣** کە کیمیابارانی گوندی( گۆپتەپە)ی سنوری (قەڵاسێوکە)کرا پێکەوە بووین، تۆ.. بۆ و چۆن لەئێمە دابڕای بۆم باس بکە؟ وتی: ڕۆژی لێدانی کیمیاییەکە و هاتنی هێزێکی زۆری دوژمن بۆ سەر چیای(کەلکەسماق) فەرماندەکانی گەرمیان لەگوندی(کانی بی) کۆبوونەوە پێیان وابوو ئەو هێزەی دوژمن لەسەرچیای کەلکەسماقە سبەی پەلاماری سنوری دەشتی کۆیە دەدەن، بۆ

ئەوەی پارێزراو بین پێیان باشبوو هەموو بریندار و پەککەوتەکان بچنە گوندی(کانی هەنجیر) لەبەری ناوچەی قەڵاسێوکەوە، شەو لەزێی دوکان پەڕینەوە بەڵام سبەی سوپای ئەنفال لەهەموو لایەکەوە هێرشی هێنایە سەرناوچەکە، بواری گەڕانەوە بۆ بەری دەشتی کۆیە نەبوو شپرزەیی و دابڕان و لەیەک هەڵوەشاندنەوەی هێزەکان لەیەکەم ڕۆژی هێرشدا ڕوویدا و وەک جووجکەی دایک خوراو بەو ناوەدا دەسوڕاینەوە. فەرماندەیەک کەسێک نەبوو ڕێنوێنی ئێمەو سەدان پێشمەرگە و خەڵکی سەرلێشێواوی ناوچەکە بکات، سەدان پێشمەرگەی بریندار و دابڕاوی تیپەکانی مەڵبەندی یەک و دوو لە سنوری(خاڵخالان) بووین هیچ بەرنامە و ئومێدێکمان نەبوو نەماندەزانی چارەنووسمان چی دەبێت، لەپڕ پێشمەرگەیەکی تیپی **٢١**ی کەرکوک پەیدابوو بەهاورێی پێشمەرگەیەکی تیپەکەیانی گوت من لەسەر بڕیاری فەرماندەی تیپمان ئەم پێشمەرگانە تا سنوری گەرمیان دەبەم و دێمەوە، تا دێمەوە ئاگاداری خێزانەکەم بە، ئێمە هەریەک لە: (خۆم، مام ساڵح-ساله وڕە، عەلی سابیر توکنی، مەحمود حەمید خوله عەمشە توکنی، ئیبراهیم عەلی حوسێن کفری) لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی تیپی **٥٩**ی حەمرینی مەڵبەندی یەک(هێمنە ڕەش)ی فەرماندەی تیپ و (جەلال مەسۆی) فەرماندەی کەرت لەتیپی **٥٩** لەگەڵیان بوون، لەڕێگا چەند جارێک هێمنە ڕەش لێمان تووڕە بوو پێی گوتین: نابێت لەگەڵمان بێن و نە بەدواشماندا بێن، جەلال کە پورزای کاک عوسمانی حاجی مەحمودە دەیزانی من لەکەرتەکەی ئەوم وتی دوور و نزیک بەدواماندا وەرن بەڵام تێکەڵمان مەبن مادام هێمن نایەوێ لەگەڵمان بێن، شارەزاکە تاگوندی (مەملەحە)ی نزیک ناحیەی (سەنگاو) هێنامانی و گەڕایەوە بۆلای خێزان و هاوڕێکانی، بەحاڵێکی زۆر خراپ گەییشتینە گەرمیان لەو ماوەیەدا سەدان پێشمەرگە بەناچاری ڕێگای مەرگیان گرتەبەرو تەسلیم بوونەوە، یەکەمجار لەسەر ڕووباری ئاوەسپی(عوسمان تلیشانی و مام جەلال ئەمین کاکە)م بینی، ڕۆژی **٦/١٨** بۆ یەکەمجار زۆربەی لەفەرماندەی دەستەکان(شەهیدان حەمەڕەش و شەهید سەید جەوهەر و کاک عوسمانی حاجی مەحمود و کاک شێخ کەریم) لەگوندی (بابابەکر)ی سەر ڕووباری ئاوەسپی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و پلان و بەرنامەی نوێ دانرا بۆ کارکردن و خۆحەشاردان و پەیوەندیکردن بە پێشمەرگەی دێرین و خەڵکی تێکۆشەری ناو شارەکانەوە.. هەموو دەستەیەک لەڕێگای خۆیەوە هەوڵی دروستکردنی سەرچاوەی بژێوی خۆی بدات.

لەهەڤاڵ(شکور قەرەبلاغی)م پرسی تۆ لەسەرەتاوە لێرە مایتەوە ڕووداوەکان چۆن بوو؟ وتی: دوانیوەڕۆی ڕۆژی **٤/١٤** کاک عوسمان وتی: برادەران هێزەکان لەمڕۆوە بەرەو بناری(سەنگاو)و لەوێوە بۆ بناری(هەمەوەند) و لەوێشەوە بەرەو سنوری قەزای (چەمچەماڵ) و ناوچەی (قەلاسێوکە) دەکشێنەوە، ئێمە لەم ناوچە ناڕۆین و دەمێنینەوە بۆیە هەر پێشمەرگەیەک تواناو ئارەزووی مانەوەی نییە لەگەڵ هێزەکەدا بچن بۆ ئەوەی بەجێنەمێنن،

پاش ڕۆییشتنی هێزەکە کاک عوسمان هەندێ قسەی بۆکردین.. وتی: برادەران زۆر لەبەرپرس وپێشمەرگە پێیان وایە ئەم شکستە لەشکستی شۆڕشی ئەیلول خراپترە، بەڵام من بەپێچەوانەوە دەیبینم، چونکە ئێمە هێزی پێشمەرگەمان ماوە و وا بڕیاری خەباتێکی نوێ و بێ وێنە دەدەین کە لەمێژووی شۆڕشی گەلاندا وێنەی نەبووە و نییە. لەوڵاتێک بەبێ ژیان و تەختکراو و سوتماک دا شۆڕش بکرێت بەبێ خەڵک، بەڵام دەبێت ئەم ڕاستیە بزانین ئەم خەباتە نوێیە توانای جەستەیی و دانبەخۆدا گرتنی باشی دەوێت، لەم خەبات و بارودۆخە دژوارەدا کەهیچ ئاسۆیەکی ڕوونمان لێوە دیارنییە چارەنوسمان چییە و ڕەنگە لەنزیکترین کات و لەیەک شوێندا کۆتایی بەژیانمان بێت، ڕەنگە بەچەند ڕۆژ پارووەیەک نانمان دەست نەکەوێت و نەتوانین لەکونە ئەشکەوتەکان دەربچین، دوژمن ئەوەندە فشار بخاتە سەرمان وەک پشیلە پاشەڕۆکانیشمان بشارینەوە، بۆیە تکام وایە ئەوەی بەرگەی ئەو ژیانە سەختە ناگرێ تاکو هێزەکە دوورنەکەوتۆتەوە بەدوایاندا بڕۆن، پاش ئەم وتانە هەندێک لەبرادەران ڕۆییشتن و ئەم برادەرانە مانەوە:

**١-**عوسمان حاجی مەحمود.

**٢-**عوسمان تلیشانی.

**٣-**شەهید جەماله سوور.

**٤-**سەباح شێخ حەمیدی.

**٥-**بەندە شکور قەرەبلاغی.

**٦-**شکور ڕەشید قەواڵی لە مانگی **١٩٨٧/٥** تەسلیم بۆوە.

**٧-**بورهان ڕۆستەم دوازدە ئیمامی لەگەڵ شکور تەسلیم بۆوە.

٨-ساڵح مەلاجەمیل لەمانگی **١٩٨٧/٦** تەسلیم بۆوە.

پاش گەڕانەوەی ژمارەیەک پێشمەرگە لەکاتژمێر پێنج لەگوندی شەلەیی ئەم پێشمەرگانەش مانەوە:

**١-**محەمەد مستەفا حەمەچاوجوانی دوز.

**٢-**غایب حوسێن.

**٣-**جەمال شێخ حەمیدی.

**٤-**ڕەشید عەلی حەمەڕەشید توکنی.

نزیک خۆرئاوابوون کاک(جەلال مەسۆی وەریوانی پاسەوانی هاتن بۆلامان، بەهۆی زۆری ژمارەمانەوە ئەو چوار پێشمەرگەیەی لەدواییدا هاتن لەگەڵ(ساڵح فەرتەنە) دا کاک عوسمان وای پێ باشبوو..لەگەڵ هێزەکەدا بڕۆن هەرچەندە خۆیان پێیان باش نەبوو،پێی وتن بچن بگەن بە هێزەکەدا، بەڵام ساڵح وتی: بشمکوژن من ناچم و مایەوە.(شەهید مام جەلال ئەمین کاکەو شەهید حەمە ئاخەو کەریم حسێن)یش هاتن بۆلامان. لەناو

گۆڕستانەکەدا چاوەڕوانی تاریکبوون بووین.. تاکو بەلایەکدا بچین(سامی نارێنی) لەهێزەکە بەجێمابوو، هات بۆ لامان کاک عوسمان هەندێ قسەی بۆ کرد.. پێی وت: برام تۆ بەهۆی کێشەی جەستەییتەوە ناتوانی لەگەڵ ئێمە بمێنیتەوە، ئەگەر دەتوانی لەگەڵ هێزەکاندا بەرە و سنورە ڕزگارکراوەکان بچۆ، ئەگەر ناشتوانی بچیت بەچەکەکەتەوە لەم سنورانەدا بۆ ماوەیەک خۆت حەشار بدە تاکو بارودۆخەکە کەمێک ئاسایی دەبێتەوە.. دواتر خۆت بڕیار لەسەر چارەنوسی خۆت بدە، تۆ پیاوێکی ڕۆشنبیریت.. هەست بەهەموو شتێک دەکەیت، بەڵام من یەک تکای برایانەم لێتە بەهیچ شێوەیەک باسی مانەوەی ئێمە لەهیچ شوێنێک نەکەیت، ئەوە بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و نیشتمانییە، ئەگەر ئێمە بەهۆی تۆوە تیا بچین بۆ هەتاهەتایە مێژوو بەخائین وخۆفرۆش ناوت دەبات. چیت پێویستە.. بەئێمە دەکرێت پێمان بڵێ تا بۆت بکەین؟

ناوبراو قاچی تەواو نەبوو نەیدەتوانی ڕێگای دوور.. بەخێرایی ببڕێ.

وتی: سوپاستان دەکەم من خۆم دەزانم نە لەگەڵ ئێوە و نە لەگەڵ هێزەکە ناتوانم بڕۆم، بۆیە هیچ گلەیم نییە.. هەوڵدەدەم کار بەڕاسپاردەکەت بکەم.. دڵنیابن بەهیچ شێوەیەک باستان ناکەم.. لەئێمە جیابووەوە، شەو چووینە جێگایەک بەناوی (بەراوەکەی ئەحمەدە سوور) لەنزیک گوندی درۆزنەی نزیک گوندی (مەسۆی). سبەی شەهیدان(مام جەلال وحەمە ئاخە) چۆن بجوڵانایە لێمانیان دەکردن بەهەرا.. من و شەهید جەمال بۆ میزکردن لەبن ئەشکەوتەکە دەرچووین لێیان کردیان بەهەرا، ناوبراوان بەهۆی ئەزمونی چەند ساڵەیان لەمەفرەزە سەرەتاییەکان و بینینی دەیان خیانەت و دەیان قوربانی بەهۆی کەمتەرخەمی و گوێنەدان بەمەترسییەکان و دوژمن، حیسابیان بۆ هەموو شتێک دەکرد و لەهەنگاوەکانی خۆشیان بەگومان بوون، لەبچوکترین شت ورد دەبوونەوە، بەیانی زوو لەگەڵ هەتاوکەوتندا چەند کۆپتەرێک هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە، مام جەلال وتی: سامی هێنای برا سامی هێنای، وتمان کوڕە سامی هەژار بەقاچێکی شەلەوە ئەم شەو چ زوو گەییشتە ناو شار و تەسلیم بۆوە و کۆپتەری هێنا، وتی بەخوا هەموو دونیا قسەم بۆ بکات ئەوەندە بەگومانم دەڵێی وێنەیەکی گەورەکراوەی سامی بەپێش کۆپتەرەکەوەیە و دەیبینم، ئەوەندە خیانەت و خۆفرۆشی و کاری نابەجێم بینیوە.. باوەڕم بەسێبەرەکەی خۆشم نییە، بەهەر ڕەزالەتێک بوو کەیەک ساڵ بوو لامان لە بێ ئەزموونی ئەو خەباتە نوێیە و فشاری ئەو برادەرانە ئەو ڕۆژەمان بەڕێکرد.. ئێوارە دەستەکەی ئێمە بەرە و باشووری گەرمیان هاتین و لەو برادەرانە دابڕاین، ئەو شەوە کەلێزەمە باران بوو سەدان جار کەوتن و هەستان بەلای گوندی مەسۆی تێپەڕین و سبەی لەنزیک گوندی قولیجانماینەوە، بۆ شەوەکەی چووین بۆ گوندی(قولیجانی سەرحەد).

لەناو گوندەکەدا ئاگرێکی کز دەسووتا پاش چاودێری ورد و دڵنیابوون لە نەبوونی هێزی دوژمن لێی نزیکبووینەوە دەبینین (ئیبراهیم عەلی درێژ) ئامۆزای کاک عوسمان و (ڕەشید قەواڵی) باوکی شکورە کە لەگەڵمان بوو لەوێ بوون، هەواڵی ناوچەکەمان لێپرسین.. وتیان پاش سوتان و تەختکردنی گوندەکان لەهەر ناوچەیەک لەچەند شوێن و بەرزاییەک کۆبوونەتەوە هیچ هێزێک لەم دەوروبەرە نەماوە، تەنها لەبەرزایی گوندی(گامەخەڵ) نەبێت کە زۆر لێرەوە دوورە. بۆ ئێمە هەواڵێکی باش و دڵخۆشکەربوو. بۆ سبەی لەگەڵ کاک عوسمان چووین بۆ گوندی (سەر ڕەش) لەنزیک گوندەکە تراکتۆرێکی پڕ لەماڵم بینی وەرگەڕابوو بەهەر چوار دەوری تراکتۆرەکەدا جلی ژن و منداڵ و پێداویستی ماڵ کەوتبوو. ئەو دیمەنانە زۆر ئازاریاندام، کاک عوسمان چووە شوێن ماڵە ڕووخاوەکەیان زۆر بێزار و بێتاقەت بوو، وتم کاک عوسمان تۆ پیاوێکی بەهیمەت و خۆڕاگریت.. چی وای لێکردوویت ئەوەندە بێتاقەت و دڵ پڕ لەئازاربیت؟ وتی: ئەم ماڵە دەیان بیرەوەری جوان و پڕ سۆز و خۆشەویستیمی تێدایە کە ئەو دیمەنە پڕ تراژیدیانەم بینی ناخم وەک ئاگر دەسوتێ. سبەی پێم وابێت ڕۆژی **٢٠**یان **٤/٢١** بوو(حاجی مەحمود) باوکی کاک عوسمان هاتبوو بۆ هەواڵ پرسینمان.. خۆی کرد بەناو گوند دا، بەبینینی زۆر دڵخۆش بووین، بەڵام هەواڵی جەرگ بڕی گرتنی خەڵک و بارودۆخی خراپی ناو شارەکان زۆر ئازاری داین، پاش دوو ڕۆژ مانەوەمان.. لەگوندی (سەر ڕەش) لەسەر ڕەزامەندی کاک عوسمان من و شەهید جەمال لەوێوە بەڕێکەوتین بەرەو سنوری گوندی (ئۆمەربل) بۆ هەواڵی شەهید کاک ئەحمەدی حاجی رەشید و هاوڕێکانی، دەمەو بەیان گەییشتینە چەم (سەلاحی) لەنێوان گوندی (هەزارکانی و عەزیز قادر)، سبەی پاش بەرزبوونەوەی هەتاو دەنگی دەسترێژ و تەقەیەکی زۆرهات.. ترسمان لێنیشت دوژمن بدات بەسەرماندا، چووینە بەرزاییەک بۆ چاودێریکردن دەنگی منداڵ دەهاتە گوێمان، زۆر سەرمان سوڕما ئەم دەنگە چییە؟ لەبەرئەوەی بەڵێنمان بەیەکدابوو نابێت بهێڵین کەس پێمان بزانێ پێشمەرگە لەسنورەکەدا ماوە بەتەنها و بەبێ چەک چووم بەرەو لای دەنگەکە دوو زەلامم بینی لەسەر بەرزییەکەوە چاودێریان دەکرد منیان بینی ویستیان خۆیان بشارنەوە لێم، بەڵام زانییان من لەخێزانەکانیان نزیکبومەتەوە وەستان، پاش سلاو.. لێم پرسین خەڵکی کوێن.. لەکەیەوە لێرەن. وتیان خەڵکی گوندی (عەزیز قادر) ین سێ براین بەناوی (بەکر و کەریم وخورشید) هەفتەیەکە لێرەین، نەمانتوانیوە ئاگر بکەینەوە تائەمڕۆ کەهێزی سەربازی پاشەکشەیان کرد پاش تەق وتۆقێکی زۆر ئەم چەند ڕۆژە بێئاگابووین لەهەموو شتێک.. نەکەسمان بینیوە نە ڕادیۆمان پێیە، وامانزانیوە لەسەر هەسارەیەکی تر دەژین، وا ئێستا ئاگرێکمان کردەوە و ویستمان هەندێ نان بکەین، وتم کەوابێ دوژمن هێزی لەم سنورە نەماوە. وتیان: پاش دوو سێ ڕۆژ گوندەکانیان ڕووخان و سوتان لەزۆربەی ناوچەکان لەچەند شوێنێکی بەرز و گرنگ مابوونەوە

لەو ڕۆژەوە بۆ چرکەیەک بەرزاییەکانی گوندی (توکن وعەزیز قادر) چۆل نەبوون.. ئەمڕۆ بەیەکجاری چۆڵ بوو. لەمنیان پرسی تۆ خەڵکی کوێیت و بۆچی دەگەڕێیت؟ وتم خەڵکی ناوچەی (قەرەداغ)م لە کەسوکارم دابڕاوم.. دەمەوێ ڕێگایەک بدۆزمەوە و بەرە و شار بچم. دوو نانی گەرمیان دامێ و گەڕامەوە بۆ لای شەهید جەمال.

خۆشبەختانە ئەو خێزانە ڕزگاریان بوو.. ئێستا لەسنوری کەلار دەژین، دواتر چووینە ناو گوندە تەختکراوەکەی (عەزیز قادر) لەپاڵ کەلاوەیەکداپیرێژن و پیرە پیاوێکمان بینی برسێتی و تینوێتی برستی لێبڕیبوون، بەرە و لایان چووین.. تا هەندێ نان وئاویان بدەینێ لەو کاتەدا کۆپتەر هات لەشپرزەیدا ئەو ناوەمان بەجێهێشت نەمانتوانی یارمەتییان بدەین، ئێستاکەش سکم بۆیان دەسوتێ. دواتر هەواڵمان زانی پیاوەکە (مام خورشیدە سوری) گوندی توکن بوو لەنێوان گوندی (قەلآ چەرمەڵەو عەزیز قادر) دا کۆپتەر شەهیدی کردبوو، سەگ تەرمەکەی خواردبوو، ژنەکەش پوورە (مەحبوب)بوو تائێستاش کەس چارەنوسی نازانێت، نەنکی شەهید حەسەن ئەحمەد مەجید بوو کە لەمانگی١٩٨٧/٥ لە داستانەکەی گوندی (ئۆمەربل) شەهیدبوو، بۆ ڕۆژی دوایی.. شەهید (ئەحمەدی حاجی ڕەشید و شەهید مامە قالە و شەهید کامەرانە ڕەش) مان لەسنوری گوندی(ئۆمەربل) دۆزییەوە.

ماوەیەکی زۆر بوو لەچەمی گوندی(ئۆمەربل) بووین دوژمن زانیاری لەسەر جوڵەمان هەبوو لەسنورەکەدا، ڕۆژێکی لەمانگی ١٩٨٨/٧ پاش نیوەڕۆیەک (جەماڵە سوور) ئۆمەربلی و(جەلال سەعید) برای شەهید (مەلا کەریم)ی توکن لەئەرکێک دێنەوە لەناو چەمی ئۆمەربل دەکەونە بۆسەی گەلە جاشێکەوە.. جەمال شەهید دەبێت.. جەلال بەڕێکەوت دەرباز دەبێت، تەرمەکەی دەبەن بۆ قەزای(کەلار) دوژمن دەینێژێ، دواتر لەلایەن چەند دۆستێکەوە تەرمەکەی دەردەهێنن و لە گۆڕستانی کەلار دەینێژن، جەمال جگەلە خۆی و شەهید وەلی برای ڕۆژی ١٩٨٧/٧/١٤ لەلایەن کۆپتەری دوژمنەوە لەدەشتی(پەتەکی) ناوچەی (داودە) شەهیدبوو، هەر یەک لە(عومەر، عەلی، ڕۆستەم، برزۆ، سەروەر، جمعە)ی برای لە ئەنفالدا شەهید بوون. تەنها باوک و برایەکی لەدەستهاڕی ئەنفال دەرباز بوون، باوکی پاش ساڵانێکی زۆر لەچاوەڕوانی جگەرگۆشەکانی لەساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کرد.

هەروەها چیرۆکی مام ساڵح (سالە وڕە)ی بۆ گێڕامەوە..وتی: لەچەمی (مەحمود قولاب)ی نێوان گوندی (سەر ڕەش و قولیجانی سەرحەد) بووین، مامە سالە سەرقاڵی خۆشۆردن بوو لەپڕ دەنگی کۆپتەر پەیدابوو بەڕووتی خۆی کرد بەبن بەردێکدا لەتەنیشتمەوە وتی: ئەلی هات برا ئەلی هات بەو خوایە لەترسدا خەریکە زیرە دەکەم، بمگرن برابمگرن بەو خوایە نەمگرن ڕەنگە تەقەی لێبکەم،پاش ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان وتی:باوەڕ بکەن لەترسی ئەلی نەمزانی ڕووتم، هەموو تەمەنم بەقەد ئەلی لەهیچ نەترساوم، ئەوەندە لەخوا بترسایەم هیچ لێپرسینەوەی لەگەڵم نەدەکرد.

دەگێڕنەوە لەساڵی **١٩٨٢** کاک سامان گەرمیانی برازای مامە سالە کەفەرماندەی تیپی **٥١**ی گەرمیان دەبێ.. کاتێک کۆبوونەوە بەپێشمەرگەکان دەکات.. دەڵێت: (حکومەتی بەعس کۆتایی پێهاتووە..هاکا ڕووخا هیچ تانک و فڕۆکەی نەماوە هەموو لەجەنگی (ئێران عێراق) دا شکا، دوو سێ هەلیکۆپتەری ماوە بە "بەن" باڵەکانی بەستراوە، هاکا ئەوانیش تێکشکان)، لەو ڕۆژانەدا چالاکییەک ئەنجام دەدەن.. سبەی کۆپتەر دێتە سەریان مامە سالە دەیانژمێرێ و دەڵێ: ئەوە یەک ئەلی ئەوە دوو ئەلی ئەوە سێ ئەلی تا دوازدە ئەلی دەژمێرێ و دەڵێ سامە سامە.. ڕووی دایکت سپی بێت، خۆ تۆ وتت دوو ئەلی باڵبەستراوی ماوە ئێستا چی دەکەیت ئەلی سکمان دەدڕێ. مامە سالە پێشمەرگەی سەرەتایی شۆڕش بوو پیاوێکی جوامێرو خۆنەویست بوو.. تابڵێیت قسەخۆش و زمان شیرینە، هەرگیز لە هاوڕێیەتی بێزار نابێت ئەو وتە و کارانەشی بۆ گاڵتە و پێکەنینی هاوڕێکانی دەیکرد، لەمانگی **١٩٨٧/١١** لەگەڵ دەستەکەی کاک عەدنان گەڕایەوە بۆ بارەگاکانی سنور.

لەکاک(سەباح شێخ حەمیدی)م پرسی پێم بڵێ پاش ئەوەی ئێمە لێتان دابڕاین لەگوندی (مەسۆی بەرگەچ) چی ڕوویدا؟ وتی: ئێوارەی **٤/١٤** پاش ئەوەی ئێوە لەسەر بڕیاری کاک عوسمان ڕۆییشتن، دوای کەمێ هەریەک لە (مام جەلال ئەمین کاکە و کەریم حوسێن و شەهید حەمە ئاخ) هاتن بۆ لامان، (جەلال مەسۆیی) کەوتەپێشمان چووینە گوندی (درۆزنە) و لەوێوە چووینە شوێنێک بەناوی (بەراوەکەی ئەحمەدە سور) لەنزیک گوندی(درۆزنە) ئەو شەو و ڕۆژەی **٤/١٥** لەوێ ماینەوە چەند جارێک کۆپتەر هاتە سەرمان بەحاڵێکی زۆرخراپ بەڕێمانکرد بەهۆی نەبوونی ئەزمونی ئەو خەباتە و سەرزەنشتکردنی شەهیدان (مام جەلال و حەمە ئاخە)وە، وەک کاک شکور وتی چۆن دەجولاینەوە لێیان دەکردین بەهەرا، تەنانەت نەماندەوێرا بۆ میزکردنیش لەبن بەرد و ئەشکەوتەکان دەرچین پێیان دەوتین هەی لەکوڕی پارتیزان،پارتیزانی وا ناکرێت دەبێت تا شەو هیچ جوڵەت نەبێت، هەردوو شەهید پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و پێشمەرگە و فەرماندەی بەئەزمون وقارەمان بوون، هێمن و لەسەرخۆ و وردبین بوون لەوخەباتەدا، بۆیە نەیاندەوسیت یەک ملم لەو هێڵە لابدەین کە بەلای ئەوانەوە پەسەند بوو، دیارە ئەوان جوڵەی ئێمەیان بەدڵ نەبوو، ئێوارە لەیەک دابڕاین و ئێمە چووین بۆ سنوری(گوندی قولیجانی سەرحەد)،پاش سێ ڕۆژ دوژمن لەهەندێ ناوچە پاشەکشەی کرد.. لەچەند شوێن و بەرزاییەک کۆبوونەوە. پاشان چووینە گوندی(سەر ڕەش) خانوویەکی بچووکی ماڵی کاک عوسمان مابوو هەندێ خواردن وپێداویستی تێدابوو، ئەوەندە بێ ئەزموون بووین چەند ڕۆژێک لەناو گوندەکەدا ماینەوە، ڕۆژێک لەپڕێکدا (حاجی مەحمود) باوکی کاک عوسمان پەیدابوو کەهاتبوو بۆ هەواڵ زانینی کاک عوسمان، شەو و ڕۆژێک لامان مایەوە.. هەندێ کەلوپەلی بردەوە و ڕۆییشتەوە، پاش ئەو بەچەند ڕۆژێک کاک عوسمانیش ڕۆییشت بۆ

ناحیەی(رزگاری)، هەرچەندە لەسەرەتادا نەهامەتی و دەردەسەری زۆرمان بینی، بەڵام پاش هەفتە و دە ڕۆژێک ئاسایی بووینەوە و ڕاهاتین لەگەڵ بارودۆخەکەدا.

له شەهید(مەجید دوزی)م پرسی تۆش بەسەرهاتێکمان بۆ بگێڕەوە.. لەو ڕۆژگارە سەخت و تاڵەدا.. ئەگەر چەند ساڵێکیتر بژین هەمووی دەبێتە بیرەوەری تاڵ؟

وتی: ڕەنگە من لەئێوە زۆر خراپترم بەسەر هاتبێ، ڕۆژی **٤/١٤** کاتێک ئێوە لەگوندی (شەلەی) بوون کاک عوسمان پاش ئەوەی بەیانییەکەی لەگوندی(مەسۆی بەرگەچ ) لەگەڵا برادەرانی مەڵبەند کۆبونەوەیان کردبوو.. بڕیاری کشانەوەی هێزەکان درا، لەهەمان کاتدا بڕیاری مانەوەیدا ئێمە لەمەسۆی ماینەوە.. برادەرانی مەڵبەند چوون بۆ گوندی تیلەکۆی قەلەندەر، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ نامەیەکی بەمندا نارد بۆ (قادری حاجی عەلی) بەرپرسی مەڵبەندی یەک لەگوندی دەرەوار، دوای من هێزەکە لێرەوە بەڕێکەوتبوون بەرەو بناری شاخ، کاک عوسمان دیسان بە(کاوە تالاوی وتبوو مەجید لەسەر ڕێگاتانە بەرە و ئێرە دێتەوە پێی بڵێ لەگەڵ ئێوە بێت نەگەڕێتەوە بۆ لای ئێمە،چونکە ئێمە لێرە دەڕۆین بەئێمەدا ناگات، بەلام نە کاوەم بینی.. نەکەس ئاگاداری کردمەوە، شەو گەڕامەوە بۆ گوندی مەسۆی کەسی لێنەمابوو، پاش بینینەوەی برادەران زانیم ئەو هەڵە تێگەییشتنە هەبووە. من بە تەنها بەرەو ناوچەی داودە ڕۆییشتم ژمارەیەکی زۆر خەڵکی گوندەکانی(توکن، عەزیزقادر، وارانی، گەرمک، زینانە) بەخێزانەوە مابوونەوە،پاش هەفتەیەک گەڕامەوە بۆ چەمی قامیشە سابیر مەدحەد(سابیر دوانزە ئیمامی)م بینی بەبریندارى لەئەشکەوتێکدا کەوتبوو، برینی زۆری پێوەبوو کە لەشەڕی ڕۆژی **٤/١٢** لەناو گوندی(باوەکر) بریندار بووبوو، پاش نۆ ڕۆژ بەڕێکەوت برادەرانم لەچەمی قامیشە بینییەوە، لەهەردەکەی ڕۆژهەلاتی گوندی باوەکر چوومە سەر تەرمەکەی شەهید(عەلی بیکەیسی) تەنها یەک قەوان بەتەنیشتییەوە کەوتبوو دڵنیابووم ئەو قەوانە دوا فیشەک بووە کەخۆی پێ شەهید کردبوو، پاش ئەوەی بەبرینداری ماوەیەک لەو شوێنە بەبێ کەس مابۆوە، لە نێوان گوندی(عەزیز قادرو قەلاچەرمەڵە) چوومە سەر تەرمەکەی خورشید حەمید(خورشە سور) پاش شەهیدکردنی لەلایەن کۆپتەرەوە دواتر سەگ وئاژەڵ تەرمەکەیان خواردبوو. لە ئەشکەوتی(کونە شێر) لەنێوان گوندی(تیلەکۆ و مەسۆی بەرگەچ)دا چوومە سەرتەرمی سێ پێشمەرگەی شەهید..بەهۆی سوتانیان لەپاش شەهید کردنیان نەدەناسرانەوە، لەو چەند ڕۆژەدا ڕووداوی ناخهەژێن و تراژیدیم بینی هەرگیز لەبیرمدا ناسڕێنەوە.

هەموو برادەران پێمان وابوو ئەم لێبووردنە کاتێکی زێرینە بۆ ئێمەی پارتیزان، نابێت بەسانایی تێی بڕوانین و بەفیڕۆی بدەین، چونکە ماوەیەکی کەمە و تەنها یەک مانگە دووبارە نابێتەوە، ئەم ماوە زێڕینەمان بەلاوە گرنگ بوو بۆ سێ مەبەست:

یەکەم: لەبێژنگدان و پاکبوونەوەی ڕیزەکانی دەستە پارتیزانەکان و گەڕانەوەی متمانە و ئاسودەیی بۆ داهاتوو.

دووەم: پەیوەندی بەخزم و دۆست وخەڵکی شۆڕشگێڕ و ئەو پێشمەرگە دڵسۆز و بەئەمەکانەی کە بەهەر هۆیەک ناچاری گرتنەبەری ڕێگای هات و نەهات و تەسلیم بوونەوە بوون بکەین، هاوکار و هاودەنگمان بن بۆ سەرخستنی ئەم خەباتە نوێیە. لەهەمووی گرنگتر گرێدان و نوێکردنەوەی پەیوەندی شاخ بە(کۆڕک)ەوە کە بۆ گەییشتن بەئامانج.. سوتەمەنی و شەمەندەفەر و داینەمۆی شۆڕشی نوێ بوو. ئەم ڕێکخراوە باڵی هەرە بەهێزی ڕیزەکانی (ی.ن.ک) بوو بەخوێن و ئارەقەی کادیر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی ئەم ڕێکخراوە یەکێتیی پێشکەوتن و سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا،لەساڵەکانی(٨٦، ٨٧، ٨٨) ئەوەندە دەسەڵاتی فراوان بوو بوو.. لەناوچەکەدا وەک نیمچە حکومەتێک هەڵسوکەوتی دەکرد، لە دامودەزگای ئیداری و دادوەری و پەروەردەی سەربازیدا دەوری بەرچاویان هەبوو، چەندین قەزاو ناحیە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کۆنترۆڵکرابوو، لەکوردستاندا دوژمن تەنها لە شارە گەورەکاندا دەسەلاتی مابوو، لەپاش نیوەڕۆوە بەسوپای بەهێزو هەلیکۆپتەرەوە نەبوایە نەیاندەتوانی لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر بجوڵێن. دەتوانین بڵێین لەسەدا نەوەدی (ی.ن.ک) لە(کۆڕەک)پێکهاتبوو..خاوەنی هەزاران شەهیدی فەرماندە و پێشمەرگە و زیندان بوو. لەڕووی ڕێکخراوەییەوە زۆر تۆکمە و بەهێزبوو، دروشمی(کەم بژی کەڵ بژی) و (نەسرەوتن تاسەرکەوتن) مەشخەڵی خەباتی بوو. بەمەبەستی گرێدانی پەیوەندی بەرێکخستنەوە.. کاک عوسمان لەچەند هەفتەی پاش "ئەنفالی سێ" وە هەوڵی پەیوەندی کردنەوەی دەدا.. دواتر کاتێک (کاک ئازادی سەگرمە) هاتەخوارەوە لەگەڵ شەهیدان (حەمەڕەش و سەید محەمەد و مەلا ئەحمەد و شەهید سەی جەوهەر و شێخ کەریم و کاک عەدنان) هەموو پێکەوە توانییان پەیوەندییەکی تەندروستی چالاک دروست بکەنەوە، جگە لە پەیوەندی "خود"ی وخزمایەتی.

سێیەم: کۆکردنەوەی خواردن و پێداویستی لەهەردە و ئەشکەوت و دەشت و بانەکاندا.. لەو شوێنانەی مەترسی لەناوچوونی نییە بۆ ڕۆژانی داهاتوو کە گوندنشینەکان شاردبوویانەوە، کەهیچ نەبێت بۆ بژێوی خۆمان.. ماوەیەکی زۆر پشتی پێ ببەستین، چونکە خەڵکی کوردستان بەگشتی و گەرمیان بەتایبەتی بەهۆی هاوسنورییان لەگەڵ نەتەوەی عەرەب و عەرەبە ڕەگەزپەرست و چاوچنۆکەکان.. ئەزمونی دوورو درێژ و تاڵیان هەبوو، کە سالانێکە چاوی چاوچنۆکیان بڕیوەتە خاک وئاوی کوردستان.. هەوڵی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و وەدەرنانی گەلەکەمانیان داوە، وەک ناوچەی(مەندەلی و شارەبان و سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە و سنوری خورماتوو داقوق و کەرکوک و مەخمور و ناوچەکانی شەنگاڵ و ڕۆژ هەلاتی موسڵ)...هتد. دیارە بەپیت و بەرەکەتی کوردستان

لەنەوت و کانزا و سامانی ژێرزەوی و سەر زەوی و بەپیت و بەرەکەتی خاکەکەی لەڕووی کشتوکاڵەوە، بەهۆی زەوییە بەراوەکانی ئاوی(زێی گەورە و زێی بچوک و سیروان و ڕوخانەو ئاوەسپی و خاسە)...هتد، نەک عەرەبە چاوچنۆکەکان بەهەمان شێوە تورک و فارس، هەمیشە چاوچنۆکیان لەسەر کوردستانی گەورەبووە.. بوونەتە سێ کوچەی داگیرکردن و وەدەرنان و داپڵۆسێنەری گەلەکەمان. پەلامار و داگیرکاری لە راِبردوودا گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، لەهەر سەردەمێکدا بەناوێکی خوازراوەوە ئەو داگیرکاریانە بەردەوام بووە.. عەرەبەکان هاتوونەتە ناوچە کوردییەکان و جێگیربوون و نەگەڕاونەتەوە. لەسەرەتای هاتنی سوپای ئیسلامەوە بەناوی غەزاو بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامەوە. سەردەمێک خێڵە کۆچەرییەکانی(بەد و و عوبێد و شەمەر و جبور) بەبیانوی لەوەڕاندنی ئاژەڵ و وشترەوە هاتونەتە سنوری حەویجە و باشوری کەرکوک وناوچە نزیکەکان بەنەتەوەی عەرەب داگیریان کردووە.. ئێستا لەو ناوچانەدا بۆ دەرمان کوردێکت دەستناکەوێ.

# هاتنی حزبی بەعس و( تەبعیس و تەعریب)

بەعەرەب کردن و دەرپەڕاندنی کورد لەسەر ماڵ وخاکی خۆی لەگەڵ کودەتای بەعسییەکاندا لەساڵی **١٩٦٣** پێی خستە قۆناغێکی ترەوە، حزبی بەعس لەگەڵا دامەزراندنیدا لەساڵی **١٩٤٧** لەسوریا لەلایەن **"میشیل عفلق"**[٢] ی مەسیحییەوە، لەخاڵێکی پرۆگرامەکەیداهاتووە سنوری خاکی عەرەب

---

[٢]. بیرمەندێکی نەتەوەپەرستی عەرەبییە، **٩**-کانونی دووەمی-**١٩٩١٠** لە دیمەشق لەدایک بووە.. ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە دامەزراندنی حیزبی بەعسدا، کە پاشان بووە حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی.. خوێندنی زانکۆیی لە پایس تەواو کردووە، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق و لەنێوان بەیروت و قاهیرە و بەغداد دا هات و چووە.. عفلق لەخێزانێکی چینی مامناوەند لە پایەتەختی سورریا هاتۆتە دونیاوە، لەزانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی خوێندوویەتی.. بەجۆرێک لەوێ هاوڕێیەتی سیاسی لەگەڵ سەلاحەدین بەیگار دەستپێکردووە. ساڵی **١٩٣٢** گەڕاوەتەوە بۆ سوریا، دەسپێکی سیاسییانەی لە ناو شیوعییەتدا هەنگاوناوە، بەڵام کاتێک حیزبی شیوعی سوری-لوبنانی پشتیوانی لەسیاسەتی داگیرکاری فەرەنسیی دەکا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ بزوتنەوە شیوعییەکەدا دەبڕێت، پاش دەمێک لەساڵی **١٩٤٠**لەگەڵ بەیگار بزتنەوەی ژیانەوەی عەرەبی دادەمەزرێنێت(کە لەدواییدا بە بزوتنەوەی بەعسی عەرەبی ناونرا، ناوەکەشی لە کۆمەڵەکەی زەکی ئەرسوزییەوە وەرگرت، بزوتنەوەکە سەرکەوتنەکانی چەسپاند، ساڵی **١٩٤٧** بززوتنەوەی بەعسی عەرەبی و ڕێکخراوەکەی زەکی ئەرسوزی ئاوێتە بوون و ناوی بەعسی عەرەبییان هەڵگرت، هەروەها بناغەی دامەراندنی حیزبی بەعسی عەرەبی بوو. عفلق بۆ ئەندامێتی لیژنەی جێبەجێکاری حیزب هەڵبژێردرا و وەکو ڕاگر دەستنیشان کرا(واتە سەرۆک)، ساڵی **١٩٥٢** بۆ دامەزراندنی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی.. حیزبی بەعسی عەرەبی لەگەڵ حیزبی عەرەبی ئیشتراکی لێکدران کە ئەکرەم حۆرانی ساڵی **١٩٥٠** دایمەزراندبوو، ساڵی **١٩٥٤**یش میشیل عفلق بە سەرۆکی حیزبەکە هەڵبژێردرا.. حیزبەکە لەناوەڕاست و کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەمال عەبدولناصری سەرۆکی ئەو کاتی میسردا پەرە پێدا، کە لە کۆتاییدا دامەزراندنی کۆماری عەرەبی یەکگرتووی لێکەوتەوە، ئەوساکە جەمال عەبدولناصر عفلقی ناچار ککرد، حیزبەکە هەڵوەشێنێتەوە.. بۆیە بەبێ ئەوەی ڕاوێژ بە ئەندامەکان بکات، ئەو کارەی جێبەجێکرد.دوای ئەوەی ساڵی **١٩٦١** لێکجیابوونەوە ڕوویدا، لەماوەیەکی کورتدا میشیل عفلق بە ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی نیشتمانی گەڕێنرایەوە. دوای شۆڕشی ٨/ئازاری/**١٩٦٣**پێگەی عفلق لەناو حیزبدا لاواز کرا و ناچار کرا لە ساڵی **١٩٦٥** لە پلەی سەرۆکی حیزبدا دەستلەکارکێشانەوە بکات، لەماوەی کودەتاکەی سوریادا لەساڵی **١٩٦٦** عفلق وەدەرنرا. پاش ئەوە میشیل عفلق بۆ لوبنان هەڵهات، دوای ئەوەی ڕووی لە عێراق کرد. ئینجا ساڵی **١٩٦٨** وەکو ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی عێراق هەڵبژێردرا، بەڵام لەماوەی دەسەڵاتدارێتی ڕاستەقینەیدا هیچ پۆستێکی لەئەستۆ نەگرت، لەهەمان پایەدا هەتا ساتی مردنی لە **٢٣**/ی حوزەیرانی **/١٩٨٩** مایەوە،تیۆرییەکانی عفلق دەربارەی کۆمەڵگا و ئابوری و سیاسەت کە سەرجەمیان بەناوی بەعسەوە پێناسەکراوە دەبینرێتەوە، کە تێیدا باسی پێویستبوونی کۆمەڵگای عەرەبی دەکات بۆ یەکگرتوییەک لە نەتەوەیەکی عەرەبی یەکگرتوو، لەپێناو بەدەستهێنانی دۆخێکی گەشەکردووی پێشکەوتوودا، عفلق تێزەکانی کارل مارکس و هەریەک لە سەرمایەدارێتی و شیوعییەتی دەدایە بەر ڕەخنە، ماتریالی دیالێکتیکیشی بە ڕاستێتییەکی تاکانە دادەنا. بەشێوەیەکی بەرفراوان هزری بەعسێتی لە سەربەستی و ئیشتراکیەتی عەرەبیدا دەچەقاند، واتە ئیشتراکییەت بە سیفاتی عەرەبی- بریتیی نییە لە بەشێکی

دیاری دەکات و دەڵێت: " هەر نەتەوە و کەمە نەتەوەیەک.. کەوتبێتە ناو خاکی عەرەبەوە، لەسەرخاک و ئاوی عەرەب ژیان بەسەر بەرن، دەبێت ڕەگەزی خۆیان بگۆڕن بەعەرەب، چونکە لەسەخاک و ئاوی عەرەب دەژین، ئەگەر ڕەگەزی خۆیان نەگۆڕن و کێشە بۆ یەکڕیزیی نەتەوە و خاکی عەرەب دروستبکەن.. بەبێ دوودڵی سزایان دەدەین و لەو ناوچانە دەریاندەکەین." وەک دەبینرێ لەگەڵ هاتنی دەسەڵاتی بەعس هەزاران گوندی سنوری کەرکوک و خانەقین و مەندەلی بەناوی پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانەوە ڕاگوێزران، هەندێک بۆ خواروی عێراق و هەندێک لەکۆمەڵگای زۆرەملێدا نیشتەجێکران، دوابەدوای کەوتنی شۆڕشی ئەیلول.. هەزاران گوندی بەدووری (**٢٠**)کم بەناوی پشتوێنەی ئەمنی سنوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕاگواست، هەندێک بۆ باشوری عێراق و هەندێکی بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان. شەپۆلێکی تری ڕاگواستن و جینۆسایدی برا فەیلییەکانمان لەسنوری مەندەلی و بەغداد لەساڵانی هەشتاکان بەناوی ئەوەی ئەمانە بەرەچەڵەک ئێرانین. شەپۆلێکی دیکە کە نەک هەر ڕاگواستن.. جینۆسایدیش بوو. لەبەهاری ساڵی**١٩٨٧** دەستیپێکرد تا دەست پێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال کە هەموو کوردستانی گرتەوە. گوندەکانی خاپور کرد و خەڵکەکەشی ڕاپێچی مەرگ کرد. ئەگەر بەوردی لەم سیاسەتە بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت حزبی بەعس زۆر دڕندانە و وێرانکەرانە بەرنامەی بۆ گەل وخاکی کوردستان دارشتبوو، هاوڵاتییەکی کوردی گوندنشینی هەمیشە بەرهەمهێن بووە لەباو و باپیرانییەوە.. تەنها پشتی بەبەرهەمی خۆی بەستوە و بەئاژەڵداری و کشتوکاڵ ژیاوە..پەنای بۆ هیچ کارێکی تر نەبردوە و هیچ پێویستی بەبەرهەمیتر نەبووە، ئەوەندە خۆش ژیاوە ڕۆژێک لەڕۆژان نەپێویستی بەکەس هەبووە و نەدەستی لەکەس پانکردووەتەوە، نە بەدوای کاری لابەلادا گەڕاوە نەبەکەسی وتوە کارم بۆ بدۆزەوە، لەناو کێڵگە و گوندەکەیدا شەرەفمەندانە و بەرێزەوە ژیاوە، ڕۆژێک دەرهاوسێیەکی بەجلێکی دوور لەنەریتی کوردەوارییەوە نەیبنیوە. بەڵام سیاسەتی ڕاگواستن و کۆمەڵگا زۆرەملێکان ژیانێکی ئاسایی نەبوو وەک ژیانی ناو سەربازگە بوو هەرچوار دەوری کۆمەڵگا بەڕەبیە و هەندێکجار سیمتەن کرابوو لەبەندیخانەیەکی گەورە دەچوو، بەعس ئەو مرۆڤە ئازادە بەرهەمهێنەی کردە بەکاربەر و ئەوەندە نەدار و ڕەزیل کردبوو، بەردەوام لەدەسەڵاتداران و خەڵک بپاڕێتەوە تاکو کارێکی بۆ بدۆزێتەوە و ژیانی خۆی و منداڵەکانی بەکولەمەرگی.. پێبەسەر ببا، ڕاگواستن جگەلەوەی سیاسەتی تعریب و

---

بزوتنەوەی ئیشتراکی نێودەوڵەتی کە ڕۆژئاوا دیاریکردبوو. عفلق باوەڕی وابوو دین لە دەوڵەت جیابکاتەوە و بەبەهێزیی باوەڕی بە عەلمانییەت بوو، بەڵام دژی بێخوایی بوو. سەرەڕای ئەوەی مەسیحیش بوو.. بەڵام ژیرێتی عەرەبیی وەکو بەڵگەی ئیسلام دەزانی، لە پاشخانی دابەشبوونی حیزبی بەعس ساڵی **١٩٦٦** لە سوریا سەرککردایەتی بەعس عفلقیان بە دزینی هزرەکانی زەکی ئەرسوزی تاوانبار کردبوو، واشیان چواندبوو کە "دزە"، بەرامبەر ئەوەش سەرکردایەتی حیزبی بەعس لە عێراق تاوانبارکردنەکانی ڕەتدەکردەوە، حیزبی بەعسی عێراقیش.. لەوباوەڕەدا نەبوو کە زەکی ئەرسوزی لە بنەڕەتدا هیچ پشتیوانییەکی بۆ هزری بەعسی کردبێت. سەرەڕای ئەوەش سەدام وا بانگەشەی دەکرد کە عفلق پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، هاتۆتە سەر دینی ئیسلام".

تەبعیس بوو شکاندی شکۆ و کەرامەتی تاکی گوندنشین و گەلی کوردیش بوو. ئەو مرۆڤە سەنگین و شکۆدارە بەگرتنەبەری سیاسەتی شۆڤێنانە و ڕەگەز پەرستانەی بەعس، وایلێدەکرد بۆ پەیداکردنی نان و ژیان، وەرگرتنی ئافەرینێک خیانەت لە هاوخوێن و هاوسێکەی خۆی بکات. ئەو ژنە سەنگین و بە شکۆیانەی کە لە باب و برای خۆیان شەرمیان دەکرد، ئەوەندە بۆ پەیداکردنی دەبەیەک ئاو و هەندێ کاغەز و نایلۆن بۆ نانکردن ڕایان دەکرد، شکۆ و گەورەییان شکاندبوو. ئەو سیاسەتە شۆڤینی و دڕندانەیەی بەعس داگیرکاری ئیتاڵیایی لەساڵی ١٩١١ و شۆڕشی لیبیای بەسەرۆکایەتی عومەر موختاری بەیاد دهێنامەوە، چۆن جەنەڕاڵ (غرازیانی) دانیشتوانی گوندنشینی لەکۆمەڵگای زۆرە ملێدا کۆدەکردەوە و چواردەوری بەڕەبیە و سیم  دەگرت.. بارەگا و ناوچە شۆڕشگێرەکانی لە (جبل الخزر) (چیای خزر) ی  ئابلۆقە دەداو بەناوچەی قەدەغەکراوی دەناساند، دادگایەکی سەر پێی بە ناوی (دادگای باڵدار) ی دانابوو لەهەر کوێیەک ئارەزوویان هەبوایە بۆ چاوشکاندنی خەڵکی هەر لەوێدا بەبێ دادگاییکردن گوللەبارانیان دەکرد. ئەم ڕژێمە خوێنڕێژە هەرچی سیاسەتی وڵاتە داگیرکەر و دڕندەکانی جیهان هەبوو لەڕابردوودا ئەنجامدراوە  دووبارە  بەسەر  گەلەکەماندا  تاقیکردۆتەوە. منداڵ بووم چەندین جار گوێم لێبووە دایک و باوکم بۆ یەکتری نەهامەتییەکانی سەردەمی سەرەتای کودەتای بەعسییەکان و هاتنی (حەرەس قەومی)یان دەگێڕایەوە و دەیانگوت: لەپاش کودەتای بەعسییەکان بەسەر پاشایەتیدا، لە ١٩٦٣/٧/١٤ وساڵی١٩٦٧ عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان بەپێ خاوسی و کراسێکی چڵکن و دڕاوەوە بەناوی پاسەوانی نەتەوەیی (حەرەس قەومی) پەلاماری ناوچەی گەرمیان و گوندی توکنیان دا.. لەو چەند ساڵەدا دووجار هەموو گوندەکانی سنوری گەرمیانیان سوتاند.. سەدان هاوڵاتی سڤیلی بێتاوانیان گوللە بارانکردووە. ئێمە دانیشتوانی گوندەکەمان بەهۆی ماڵ سوتان و لەترسی کوشتن، زستانی ساڵی ١٩٦٧مان لەناو زوقم و شەختەی چەم و ئەشکەوتەکانی هەردەی نێوان گوندی (بانزیخاڵ و باوەکر) بەسەر دەبرد. سەدان هێرش و ماڵ سوتان و ڕاگواستن بۆ ناوچەی گەرمیان و هەموو ئەو ناوچانەی لەگەڵ عەرەبدا هاوسنوربوون و ڕاگواستران بۆ باشور و ناوەڕاستی (عێراق) لەساڵانی حەفتاکاندا ئەنجامدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێدا.. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای سەربازییەوە تاوانی گەورەتر و قێزەوەنتر ڕوویدا لەلایەن دەسەڵاتە خوێنمژەکەی  بەعسەوە، پاش دانانی عەلی حەسەن مەجید "عەلی کیمیایی" بۆ سەرپەرشتیاری ( ناوچەی باکور) ی حزبی بەعس.. بەفەرمانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس القیادە الپورە) لە ١٩٨٧/٣/٤ و پێدانی دەسەڵاتی تەواو بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش و گەلی کورد، هێرشە یەک لەدوایەکەکان لەمانگی ١٩٨٧/٤ وە تا دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالی یەک لە ١٩٨٨/٢/٢٢ و بەکارهێنانی چەندین چەکی قەدەغەکراوی وەک فسفۆری (سوتێنەر) و هێشوویی(عُنقودي) و بۆمبی ناپاڵمی دوو سەد و پەنجا کیلۆگرامی، کە لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا قەدەغەکراوە.. بەچەکی کیمیاییشەوە لە زۆربەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، سوتاندن و تەختکردنی هەزاران گوندی سەرجادە و نزیک لەشارەکان کەدەستی سوپاو ڕژێمی پێدەگەیشت.

# یەکەی مەرگ

پاش قەدەغەکردنی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و بڕیاری گوللەبارانکردنی هەر هاوڵاتییەکی ئەو ناوچانە بەهەر هۆیەک بیانەوێ بچن بۆ شارەکان و بەپێچەوانەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو تاوانە هێزێکی تایبەتیان لەگەڵ چەندین ئۆتۆمبیل و زرێپۆش تەرخانکردبوو.. ڕۆژانە چەندینجار ئەو هێزە تایبەتە بەدەوری ئەو هێڵەسورەی کە بەناوچەی قەدەغەکراو دیاریکرابوو.. دەسوڕانەوە. لەسنوری ئێمە لەقەزای(خورماتو تاکو کفری و کەلار) بەسەر جادە گشتییەکەدا چەندینجار هاتوچۆیان دەکرد، هەر هاوڵاتییەکیان ببینایە لە جادەی قیر بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان لایبدایە و بەپێچەوانەشەوە، ڕاستەوخۆ لەهەمان شوێندا گوللەباران دەکرا.

لەو ساڵەدا لەسنوری ئێمەدا چەندین هاوڵاتی سڤیلیان لەسەر جادەی(خورماتو کفری و سەرقەڵا) گوللەبارانکرد و شەهیدبوون. لەڕۆژی **١٩٨٧/٨/١٣** هەریەک لە هاوڵاتی:

١. مام بەهادین فەرەج فەدعەم..دانیشتوی گوندی قوڕیچای.
٢. هیدایەت جەبار محەمەد.
٣. حەکیم محەمەد ئیبراهیم موختاری گوندبوو.
٤. عەلی محەمەد کەریم دانیشتوی گوندی قوڕیچای.
٥. محەمەد سەمین ئەحمەد، (حەمە جگەرەچی) دانیشتووی قەزای کفری.. لەسەر جادەی (خورماتو-کفری) نزیک گوندی قوڕی چای شەهیدکران.
٦. هاوڵاتی مام(ڕەشید خەسرەو)کە خەڵکی گوندی سەید جەژنی بوو لەگەڵ کچێکی منداڵیدا بۆ ئاودانی باخ چووبوون.. لەسەرجادەی(کفری سەرقەڵا) دەستگیریان دەکەن و هەرلەوێدا پیاوەکە شەهید دەکەن.. بە هەوڵی یەکێک لە ئەفسەرەکان کچەکە ناکوژن ئازاد دەکرێ. بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەو قوربانیانە و تەمبێکردنی فسفس پاڵەوانانی عەرەبە ڕەگەز پەرستەکان بەبەسەر پەرشتی شەهید سەلام شووشە نەخشە و پلانێکی تۆکمەوە هێزێکی هاوبەشی کەرتەکانی(١، ٣، ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧)ی تیپی **٥١**ی گەرمیان لەناوەڕستی مانگی **١٩٨٧/٨** بۆسەیەکمان لەناو کەلاوەکانی گوندی(ناساڵەح) نزیک قەزای کفری و سەرجادەی (کفری سەرقەڵا) نایەوە کە لەدووری دووسەد مەتر لە ڕەبیەی سەر پردی گوندی (ناساڵەح) ەوە دووربوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە هێزەکە دانرابوو بۆ لێدان و سەرکوتکردنی ڕەبییەکانی نزیک لەبۆسەکە کە سێ ڕەبیەبوون، لەگەڵ هاتنی کاروانی هێزە سەربازییەکە(یەکەی مەرگ) دا لێیدرا ئەفسەرێک و شەش سەرباز کوژران و جێبێک بەتۆپێکی (**١٠٦** ملم)ەوە سوتێنرا. ئەم هۆکارانە هاندەری گوندنشینان بوون.. هەر کاتێک هەست بەمەترسی هاتنی سوپا و میلیشای عەرەب بەهەر ناونیشانێک بکەن، زۆرترین خواردن و کەلوپەل و پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان لەدەرەوەی گوندەکان لەشیو و

ئەشکەوتەکاندا بشارنەوە. چەند ڕۆژ پاش تەسلیمبوونەوەی ژمارەیەک پێشمەرگە، هێشتا پێمان وابوو هەندێ پێشمەرگەمان ماوە و توانای خەباتی سەخت و بارودۆخی دژواریان نییە و ڕۆژانە بەبیری یەکترمان دەهێنایەوە و دەمانگوت: برادەران ئێمە ساڵانێکی زۆرە پێکەوە خەبات دەکەین، ئەوەندە تێکەڵ و هۆگری یەکبووین.. ئەو تێکەڵبوونەمان شۆڕبۆتەوە بۆ ناو خێزانەکانمان، باوەڕناکەین کەسمان بتوانین دەستمان بەخوێنی یەک سور بکەین، بۆ ئەوەی کەسمان ناچاری ئەو بارودۆخە قێزەوەنە نەبین، تکایە باهەموومان بەخۆماندا بچینەوە لەتوانای جەستەیی و خۆڕاگری و دان بەخۆداگرتن لەم بارودۆخە دژوار و سەختەکاندا دڵنیابین، ئەگەر هەریەکەمان بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوون بڕیاری مانەوەی نەداوە بیرێکی لێبکاتەوە و بڕیاری دروست هەڵبژێرێت و تاکو لێبوردنەکە ماوە و لەدەست نەچووە بچێتەوە نەشەرم و نە نەنگییە،خەڵکی دڵسۆز لەناو شاریشدا دەتوانێت خزمەت بەخاک و گەلەکەی بکات، ئەم گفتوگۆیانە وای لێهات تاکو ڕاستەوخۆ لەهەڤاڵەکانمان دەپرسی بەنیوە گاڵتە و نیوە ڕاست، وەک دەگێڕنەوە دەڵین(گاڵتە نیوەی ڕاستە، بێئەقڵ ئەو کەسەیە نیوەکەی تریشی بەڕاست نەزانێ.)

تۆ وەک پێشمەرگەیەک کەبڕیاری مانەوەت داوە.. تاچەندە لەخۆت ڕادەبینی بەرگەی ئەو خەباتە سەخت و دژوارە دەگریت کە لەپاش لێبوردن چاوەڕوانی دەکەیت، تکایە هەوڵ بدە بەکورتی بە دووسێ وشە وەڵام بدەیتەوە؟

-یەک پێشمەرگە لەگەرمیان مابێت من دووەمیانم.

-دارێک بەقەرەداغەوە مابێت من دەمێنم.

-ئامادەم لەبرسان بمرم بەڵام بەتێری و سەرشۆڕی نەژیم.

-بەڵێنم بەشەهیدەکان داوە یان سەرکەوتن یان ڕێگای ئەوان.

-مام جەلال تەسلیم ببێتەوە، تەسلیم نابمەوە.

-نازانم چی بڵێم ... تەسلیم نابمەوە؟

-ڕەنگە بارودۆخ ناچارم بکات بۆیە ناتوانم هیچ بڵێم.

-تا (کڵاو کوڕە)، (فشەکڵاونە)یەک مابێت بیخۆم تەسلیم نابمەوە.

هەریەکە و وەلامێکی هەبوو، ئەوانەی ملیان بادەدا و ئەیانگوت نازانین و بارودۆخ دەزانێ و... هتد، لەوانەبوون گومانی چوونەوەمان لێیان هەبوو.. لەڕۆژانی دواتردا تەسلیم بوونەوە، لەمنیان پرسی تۆ؟

-من دەڵێم لێبوردن مام جەلال ناگرێتەوە، بەلام ئەگەر کاک نەوشیروان تەسلیم ببێتەوە کە شۆڕشگێڕترین و توندترین و سەرسەخترین دوژمنی بەعسە.. کە مەحاڵە من تەسلیم نابمەوە، من.. تا.. بۆقێک(قوڕباق) ێک مابێ بیخۆم دەمێنمەوە .

برادەرێکمان مابوو.. لێی بپرسین بەگومان بووین بچێتەوە هێشتا لەومان نەپرسی بوو.. چارەی دابەیەکدا و وتی ئەی لەمن بۆ ناپرسن، دیارە بەگومانن لەمانەوەم.

من بۆ دڵدانەوەی ئەو و خۆشکردنی باسەکە.. وتم نا.. کاکە، دڵگران مەبە لەگەلا ئێستردا باسی تۆ دەکەین.

وتی: ئەمە لەباس نەکردنەکە خراپترە.. بۆ؟ من چیم ؟لەگەلا ئێستر باسم دەکەن؟

وتم:خەڵکی گوندنشینەکان زۆر دڵخۆشن بەخێرایی باسی گوێدرێژ و ئێستر و ئەسپ و ماینەکانی بکەیت، یان بەدڕی باسی سەگ و تولەو تانجی بکەیت.

وتم:کاکە دیارە تۆ ئەو بەسەرهاتەت نەبیستووە کەلەم گوندانەی نزیکمان شەوێک پیاوانی گوند لە دیوەخانی "دەمسپی" گوندا دادەنیشن لەکاتی گفتوگۆدا.. باسی هەموو گوێدرێژی دانیشتوانی گوند دەکرێت بەخێرایی، تەنها یەک ماڵ نەبێت، کابرا زۆری پێناخۆش دەبێت.. کەدەچێتەوە مالا تا بەیانی لەجێگەکەیدا تل دەدات و خەوی لێناکەوێ، لەرقدا بڕیاری بارکردن دەدات لەگوند. سبەی دەست دەکات بەهەڵتەکاندنی خانوەکانی، ژنەکەی پێی دەڵێت پیاوەکە ئەوە چی دەکەیت. لەوەلامدا پێی دەڵێت: ئەم گوندە پیاوی تێدا نییە و باردەکەم، چەند هەوڵی لەگەلا دەدات بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە.. بێسود دەبێت، هانا بۆ پیاوانی گوند دەبا و لەڕووداوەکە ئاگاداریان دەکاتەوە، پیاوانی گوند دێن بۆ لای لێی دەپرسن.

-کابرا خێرە خانوەکەت هەڵدەتەکێنی؟

-ئەم گوندە پیاوی تێدانیە و دەمەوێ بەجێی بهێڵم.

-بۆخاتری خوا پێمان بڵی خراپەمان چییە.. بۆ پیاو نین ئەگەر کەسێک خراپەی لەگەلا کردووی باهەمووومان سەرزەنشتی بکەین و لێی قبولا نەکەین.

-نەوەڵا.. کەس خراپەی لەگەڵ نەکردووم.. کەسیش ناتوانی خراپەم لەگەلا بکات، بەلاَم گوندەکە پیاوی تێدانییە.

-دەی کاکە خراپەکەمان بڵێ.. تا بۆت بسەلمێنین و هەقت پێبدەین.

-خراپەتان ئەوەیە ئێوە هەموو پیاوانی گوند.. دوێنێ شەو لەدیوەخان باسی خێرایی گوێدرێژی هەموو گوندتان کرد.. تەنها ئەوەی من نەبێت. پیاوێکی ئاقڵیان تێدا دەبێت دەڵێت ئەمە زۆر بێ ئەقڵە دەبێت بەپێی ئەقڵی خۆی قسەی لەگەلا بکەم.

-ماڵت ئاوابێت وتم بزانم چی ڕوویداوە.. ئێمە گوێدرێژەکەی تۆمان لەخەیاڵ بوو دەشمانزانی لەهەمووی خێراترە و هاوشانی ئێسترە، بۆیە دەمانویست لەگەڵ ئێسترەکان باسی بکەین.

کابرا وەک ئەوەی ئاو بەسەر ئاگردا بکەیت دادەمرکێت و دەڵێت- :
بمبورن من بەهەڵە تێگەیشتبووم.. نەمزانی لەبیرتان نەکردووە.

دەی برا ئێمەش لەبیرتمان نەکردووە و ویستمان لەگەلا ئێسترەکان باسی تۆ بکەین.

# کۆکردنەوەی خواردن وپێداویستی

ڕۆژی ٩/٨ لەچەمی قامیشە کاک عوسمان پێی وتین.. برادەران دەبێت ئەم کاتە زێڕینە کە بیست و هەشت ڕۆژی ماوە و کورتە بەفیرۆی نەدەین. لەسبەینێوە ببین بە سێ گروپ و دەستبکەین بەکۆکردنەوەی خۆراک و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەمان، هەوڵبدەن زۆرترین و باشترین خواردن لە ئەشکەوت و شوێنە گونجاوەکاندا کۆبکەینەوە.. کە لەڕووی زەوی و ئاسمانەوە.. لەچاوی دوژمن نادیارە.. پارێزراوە لەمەترسی لەناوچوون وەک بەرکەوتنی هەتاو و باران و تەنانەت ئاژەڵیش. پاش دیاریکردنی گروپەکان لەئێستاوە هەوڵی کۆکردنەوەی ژمارەیەک گوێدرێژی باش و هەگبە و گوریس و چ کەرەستەیەکی دیکە کە بە پێویستی دەزانن بدەن، هەربۆیە بڕیاری داو دابەشی سێ دەستەی کردین بەم شێوەی لای خوارەوە

## گروپی یەکەم

١. شەهید کاک ئەحمەدی حاجی رەشید.
٢. شەهید مامە قالە.

٣. شەهید کامەرانە ڕەش.
٤. حەسەن ئۆمەربلی.
٥. عەلی ئۆمەربلی.
٦. شکور قەرەبلاغی.

بۆ سنوری گوندەکانی (توکن، چوارشاخ، ئۆمەربل، هەردوو بەلەگە و قورپچای و جوامێر ئاغا).

## گروپی دووەم

١. شەهید مەجید.
٢. شەهید کاکە.
٣. عوسمان تلیشانی.
٤. عوسمان مەلاجەمیل.
٥. سەباح شێخ حەمیدی.
٦. جەماڵ شێخ حەمیدی.
٧. غایب حوسێن.
٨. مەلارەحیم.
٩. شکور ئیسماعیل.
١٠. مامە عەزەگوڵە.
١١. سەمەد تەختەمینەیی.
١٢. حەمەرەشید توکنی.

بۆ سنوری گوندەکانی (هەردوو عەلیان، تەپەسپی، کانی عوبێد، هەردوو خان، باوەکر، هەردوو قولیجان).

## گروپی سێیەم

١. شەهید عەلی فەقێ مستەفایی.
٢. شەهید کامەران( مامۆستا هیدایەت.)
٣. مەلاسەعید.

٤. جەمال مەلائۆمەری.
٥. ورهان زەرداوی.

بۆ سنوری گوندەکانی (مەلائۆمەر، بەکرەگەڕە، سپی سەر، فەقێ مستەفا، تۆپخانە، تەپە عارەب.)

هەر ئەو ڕۆژە.. ئەوەندە گوێدرێژمان کۆکردبۆوە لە نزیک حەشارگەکەمان بەستبوومانەوە دەتگوت سەر ئاشی سالانی کۆنە و چاوڕوانی نۆبە ئاشین، بەلام بەماندوبوونێکی زۆر توانیمان گوێدرێژەکان بگرین، ئەوەندە بە ئارەزووی خۆیان لەناو دەغەڵ و گەنم و جۆدا لەوەڕابوون وەک ئەسپیان لێهاتبوو، بەگوریس و توندکردن لەکەند و ئەشکەوت و شوێنگەلێک کەتوانای ڕاکردنیان نەبێ، سبەی زوو پاش نان و چا خواردن بەسواری گوێدرێژەکانمان بەڕیز بەرەو چەمی(سەرکانی) نێوان گوندی(عەلیان وکانی عوبێد و تەپەسپی وگلاڵ کەوە) بەڕێکەوتین، کەچەمێکی قامیشەلانی درێژی ئاودارە چەندین ئەشکەوتی زۆر باشی تێدایە بۆ حەشارگە و هەڵگرتن و شاردنەوەی خواردن و پێداویستی، لەڕێگا بەغاردان و تۆز و بە ناویەکداچوون ڕۆییشتین.. دەتگوت لەشکری هۆلاکۆین و بۆ گرتنی(قەلای هەولێر) دەچین، چەمی سەرکانی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای زۆرترین خواردن و پێداویستی تێدابوو کەئەمە ی خوارەوە هۆکارەکانی بوو:

یەکەم: لەچاو ناوچەکەدا چەمێکی سەخت و چڕە.. چەندین ئەشکەوتی ئاوداری تێدایە.

دووەم: ڕێگای تراکتۆر و ئۆتۆمبیلی هەبوو بۆ ناو چەم و دەوروبەری.

سێیەم: بەهۆی شەڕ و پێشڕەویی دوژمن و هەڵکشانی دانیشتوانی گوندەکانی نزیکی دوژمن، وەک گوندەکانی(ئۆمەربل، چوارشاخ، توکن، عەزیزقادر، قەلاچەرمەڵە، پیرەمۆنی، سماق، بنەکەی خەپەکوێر، هەردوو عەلیان و بەشێک لەگوندەکانی ناوچەی داوده)، لەگەڵ نزیکبوونەوەی سوپای ئەنفال. ئەم چەمە تا ڕۆژی **٤/١٣** جەمەی دەهات لەخەڵک بەناچاری ڕۆژی دوایی ڕوویانکردە گوندی (ملەسورە) و ڕۆژی **٤/١٤** خۆیان ڕادەستی سوپای ئەنفال کرد. کاتێک بۆ یەکەمجار چوومە چەمی سەرکانی ئەو دیمەن و وێنە تراژیدی و ناخ هەژێنانەم بینی.. ئاگر لەناخم بەربوو، ئێستا سی ساڵ زیاترە چۆن چاوە قوڵ و ئەشک قەتیسماوەکانم وێنەی گرتوون، چۆن مێشکە جەنجاڵ و پڕلە ئەندێشە و خەیاڵی چارەنوسی نادیاری خێزانەکەم و داهاتووی خۆم تۆماری کردوون، بیرکردنەوە و خەیاڵی لە دایک وباوک وخوشک و براو برازا و مام و ئامۆزاکانم، هاوڕێ و خۆشەویستانم، کەئێستا لەچ گۆشەیەکی

ئەم وڵاتی پڕ لەئاگر و ئاسن و کیمیایی و کوشتن و بڕین و زینداندان، بەچ ئازار و ئەندێشەیەکەوە سەریان بەیەکەوەناوە، ئایا نان و ئاو و خواردن و پێداویستیان هەیە؟ ئەم هەموو ئاڵۆزیی وئازارەی مێشکم وادەزانم ئێستایە، وا بەپێش چاومەوەیە و دەیبینم لێرە و لەوێ ئارد و شەکر و برنج و ڕۆن و چا و خوێ و لۆبیا و نۆک و نیسک و دۆینە و کەشک و ساوەر و هیزە ڕۆن...هتد، دەیان خواردن و پێداویستی دیکە کەوتوون ئەو چەمە لە (سۆپەرمارکێت) ەکانی ئێستا دەچوو.. چیت بویستایە دەتدۆزییەوە. لەولا ترەوە جل وکەلوپەلە ڕەنگاو ڕەنگەکانی پیاوان و منداڵان و ژنان کەوتبوون، بەتەنیشت باوەڵە لەکانزا دروستکراوی سوری نەخشێنراوی بوکێکەوە جلی ڕەنگاوڕەنگ و ملوانکە و مێخەک بەند و کاتژمێر و شانەی دارو ئاوێنە و کلدان و بەمیلەکەیەوە لەگەڵ هەندێ کلی ڕەش، ڕەشتر لەچارەنوسی بوکەخان و هەزاران عاشقی وڵاتەکەم، بەتەنیشتیەوە لەچکێکی سپی سپی وەک ناخی کچان و بوکە خێر لەخۆنەدیوەکانی کوردستان.. چاوەڕێی بوکەخان بوو تا لە چێشتەنگایەکی بەهار و چەند ڕۆژێکی پاش جەژنی ڕەمەزان لەگەڵ شنەباو نەسیمی بەرەبەیانی ئەم بەهارەدا خۆی بکات بەماڵی کاکی زاوا داو وەک دوو عاشق و مەعشوق و پەپولەیەک بەدەوری شەمعی مەعشوقەکەیدا بسوڕێ.. خەون و خەیاڵە زەرد و سور و شەوی هەنگوینیان بۆ یەک باس بکەن، بڵێن تۆ پێتخۆشە یەکەم منداڵمان کوڕ بێت یان کچ؟ پێتخۆشە ناوی چی لێبنێین؟ پێتخۆشە چاوەکانی شین وپرچ زەردو لول و ڕەنک سپی و سور و پەمەیی بێت یان ئەسمەر و خرپن؟ سەدان و هەزاران ڕاز و نیازی جوان وپاک بۆ داهاتوو، لەگەڵ بینینی هەر وێنەیەک هاوشێوەی ئەوکاتە ئێستاش ئاگر لەناخم بەردەبێ.. لەگەڵ نووسینی ئەم بیرەوەریانەدا کە سی ساڵ زیاترە بەچاوی پڕئەشکەوە دەست بۆ پێنوسەکەم دەبەم. وای چ ئازارێکی سارێژ نەبووی چارەکە سەدەیەک زیاترە هەموو ڕۆژێک دەقرچێنێ و دەکولێتەوە، چ ماڵوێرانییەکە بەکۆمەڵ مەرگی ئازیزانت ببینی، چ ئازارێکی بێکۆتایە .

لەپێش چاومە مەمکەمژە و جل وپێڵاوی منداڵێکی یەک ساڵان.. بێشکەیەکی دارینی ڕەنگکراوی نەخشێنراو.. خشخشەیەکی منداڵان و میرویەکی بچووکی شینی چاوەزارێ، گەورەتر لەئەقڵی عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان و بچووکتر لە مێشکی داگیرکەران، پیا هەڵواسراوە. لەگەڵ دوو دەسترازەی سوری نەخشێنراو، دۆشەکێکی لەخوری دروستکراو و سەرینێکی جوان و ناوی ئاشتی لەسەر نوسراو کەوتبوو. لەناو چەمەکەدا تراکتۆر و عەرەبانەکەی مام (فوئاد ناوخاس)ی گوندمانم بینی عەرەبانەکەی وەرگەڕابوو، هەموو ماڵ و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیانی تێدا بوو لەو دەورە کەوتبوو، دیاربوو لەکاتێکدا وەرگەڕابوو دوژمن لەو سنورە نزیکبۆتەوە تەنها هەوڵی دەرکردنی سەری خۆیان و منداڵەکانیان داوە، لەو

کاتەدا ئەو پەندەم بەبیرهاتەوە کەدەڵێ (سەردەرکەو ماڵ پرسیاری نییە)، بەداخەوە ئەم خێزانە و هەزارانی تر نەیانتوانی نەماڵ نەسەری خۆیان لە کەڵبەو چڕنوک و دەستەهاڕی ئەنفال و عەرەبی ڕەگەز پەرست و بەعسی تینو بەخوێنەکان ڕزگار بکەن، تاکە کەسێک لەو خێزانە بەخت یاوەری نەبوو دەربازی ببێت، بەسەر چەنچی عەرەبانەکەوە قاتە مرادخانییەکەو پشتوێن ومشکییە مۆرەکەی مام فوادم بینی، لەولاترەوە جلەکانی (فایەق)ی هاوڕێ و هاوپۆلم بینی، لەولاترەوە جلە ڕەنگاوڕەنگە جوانەکانی هەنارەی حەوت ساڵانم بینی ئۆقرەی لێبڕابوو چاوەڕوانی هەنارەبوو بێت و لەبەری بکات بۆ جەژنی ڕەمەزان.. کە چەند ڕۆژێکی کەمی مابوو، تاکو لەگەڵ مندالانی گونددا ماڵبەماڵ بگەڕێن.. نوقڵ وچکلێت کۆبکەنەوە، لەولاترەوە جل و کەواو (بۆیەمە) سەربەستەکەی پورە نەعیمەم بینی. چوومە ئەولاتر کەواو سەڵتەو کەشیدەکەی(حاجی حەمید مامەلی)م بینی لێیان پرسیم ئەرێ حاجی لەکوێیە بۆ دیار نییە بەڵێنیدابوو ئەم ساڵیش بۆ دووەمجار بچێتەوە بۆماڵی خواو کەعبەی پیرۆز، نەیاندەزانی بستێک لەولای ڕێگای ماڵی خواوە.. بەپێش چاوی پێغەمبەری نازدارەوە، نەوەکانی پێغەمبەر و هەڵگرانی پەیامی خودا، حاجی بەدەم خوێندنی سورەتی فاتیحە و ئایەتی کورسییەوە (حەجاج) بەدەم خوێندنی سورەتی (ئەنفال)ەوە بەیەک قامچی گیانی لێسەندەوە و سەگە ڕەش.. تەرمەکەی خوارد.

لەو لاترەوە تەپڵ و دەف و شمشێر و زەرک و قورئانەکەی(شێخ حوسێن)ی هەزارکانی کەوتبوون و دەیانگوت شێخ لەکوێیە؟ لەناو تەکیەکەیدا سەید محەمەد وحەمە ڕەش و مەلا ئەحمەدی کەلاری و مەلا کەریم توکنی و مام سلێمانی تەپەسپی ومەلا جەهاد و سەید جەوهەر و شێخ جەماڵ و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە چاوەڕێی دەکەن، بۆ نایەت بۆ لایان هەرگیز شێخ وا سارد و سڕنەبووە.. لەگەڵ میوانە پێشمەرگەکانیدا کەهەرجارێ هاتبن تا ڕۆییشتنیان بەجێینەدەهێشتن، وا دەروێشەکانی لەناوچەی زەنگاباتەوە هاتوون وچاوەڕێی شێخن بێتە تەکیە و کۆڕی زیکری خوا ببەستن، نازانم بۆ شێخم نەهات.. سەبرمان نەما.. چەند ڕۆژێکە تەکیە دەنگی (ئەڵا ئەلا و دایم دایم و مەولایەسلیم)ی لێنایەت، وا چەند ڕۆژە کوانوی تەکیە ساردوسڕو خامۆشە، مەنجەڵەکان چۆڵ وهۆڵ وەک کەلەی عەرەبی شۆفینی و سوپای ئەنفال، چاوەڕوانی پلاو و گرتکە گۆشت دەکەن. دەروێشەکان دەڵێن شێخ بەڵێنی پێدابووین لەم مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەدا پێکەوە بچین بۆ زیارەتی مەرقەدی (غەوزی بەغداد)، نازانن شێخ لەژێر کەڵپەو چەپۆکی دڕندەکانی بیاباندایە و پاش گرتنی ڕازی نەبوو بەئازادکردنی و نەیویست هاوەڵەکانی بەجێبێڵێ.. وتی: دەبێت چارەنوسم لەگەڵ ئەواندا بێت وپێکەوە ئەم دونیاو ئەو دونیاو حەشرونەشر ببینین، نەوەکانی پێغەمبەر و خەلیفەکان

بەزمانی بەرۆژووەوە بەخوێندنی سورەتی ئەنفالەوە بە پێش چاو و هەنگاوێک دوور لە مەرقەدی غەوزەوە شێخیان زیندە بەچاڵ کرد.

لەولاترەوە ژمارەیەکی زۆر پەرتوکی ئایینیم لەقورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر و میعراجنامە و لیل ومەجنون و شرین وفەرهاد و دیوانی قانع و بێکەسم بینی.. لەو ناوە کەوتبوون و چاوەڕوانی (مەلا عەبدلرەحمان)ی قەواڵی بوون تاکو بێت و چاوێک بەکتێبەکانیدا بخشێنێت.. وتاری ڕۆژی هەینی ئامادە بکات، نەیان زانی پیاوە داناو شارەزاو ئایینیەکانی عەرەب شارەزان لە یاساکانی ئیسلام، لەژێر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و فتوای جامیعەی ئەزهەردا.. بەپێش چاوی جامیعەی ئیسلامی ونوێنەری دەیان ولاتی ئیسلامی، هەزاران مەلای کوردی شارەزا لە(فوقوهات وئەحکامەکانی ئیسلام)بەزمانی بەرۆژووەوە بەدەم خوێندنی سورەتی بەقەرە وە کەدرێژترین سورەتی قورئانە زیندە بەچاڵکران.

هەفتەیەک خۆر بۆ خۆر بەجەرگی هەڵقرچاو، چاوی پڕ فرمێسکەوە سەرقاڵی کۆکردنەوەی پێداویستیەکان بووین، لەکاتێکدا دەستمان بۆ خواردن و پێداویستییەکان دەبرد کۆی بکەینەوە نەهامەتی و قوربانی دان و ژیانی کولەمەرگی گوندنشینەکانمان دەهاتە پێشچاو کە بەچی حاڵێکی خراپ و بەناو دەیان پرسگاو بۆسەی دوژمندا بەشەوێکی ئەنگوستە چاو ئەو خواردنانەیان گەیاندۆتە مالا بۆ ژیاندنی ماڵ و منداڵیان ئەو خەڵکانە ئێستا لەکوێن و دەبێت ژیانیان چۆن بێت.. واهەستمان دەکرد دەست لەناو جەرگ و هەناوی خۆمان وەردەدەین، بەلام ناچاریش بووین بۆ بردنەسەری بەڵێنەکەمان نەسرەوتن تاسەرکەتن دەبوو گۆشتی ڕانی خۆشمان بخۆین. ئەو هەفتەیە بەچەند گوێدرێژێکەوە نیوەی ئەشکەوتەکانی ئەو چەمەمان پڕکردبوو لەپێداویستی تەنها نیوەڕوان لەکاتی نانخواردندا دەحەواینەوە، هەموو ڕۆژێک چێشتەنگاو یەکێکمان دەچووین لەئەشکەوتێکدا چێشت وچامان ئامادە دەکرد بۆ نیوەڕۆ، شەو شوێنێکی دیاریکراومان هەبوو بۆ حەوانەوە، زۆرجار بەمنیان دەگوت تۆ بچۆ چێشتمان بۆ ئامادە بکە شارەزایی باشت لەچێشتلێناندا هەیە. منیش خۆمم دەگرت و پێشمخۆش بوو، چونکە زۆر ماندوو دەبووین، ڕۆژی **٩/١٥** چێشتەنگاو وتیان تۆ بچۆ خواردنمان بۆ ئامادەبکە، نیوەڕۆ خواردنم ئامادەکرد، برادەران لەکاتی دیاریکراو زۆر دواکەوتن، چووم بەدوایاندا (سەباح وغایب)م بینی بانگم کردن وتم: ئەوە لەکوێن بۆ وا دواکەوتن؟

-ئێمە لەکوێین هههها؟ تۆ لەکوێی ئەم چەمە هههها ئەم چەمەت هەموو بۆگەڕاین دیار نەبوویت؟

-ئەرێ زەهری مار کلکی دوپشک، ئێوە شێتبوون ئەم پێکەنینە بێ هۆیەتان لەچییە، نەموت دەچم بۆ ئەو ئەوشکەوتە دەردتان بۆ لێدەنێم، دیار بوو هەڵە تێگەیشتن هەبوو لەدەستنیشانکردنی ئەشکەوتەکە.

-پێکەنینەکەمان بێهۆ نییە هههههها برادەران هههها زۆربەیان بەتایبەت ههههها عەزەگوڵە پێیان وابوو بۆ تەسلیم بوونەوە چوویت.. دەیگوت ڕەشە خۆی بەمام جەلال وکاک نەوشیروان نەدەگۆڕییەوە و دەیگوت تاقوڕباقەیەک هەبێ بیخۆم تەسلیم نابمەوە کوا ترە قوڕباقە خۆر لەکوێیە؟ کوڕە لەوەخۆشتر هەرچیت هەیە دابەشکرا.

- هههها هەرچیت هەیە دابەشکرا، چیم هەیە دابەشبکرێت؟ باخیرەکانم لەکەنداودا؟ شوقە و تەلار و باڵەخانە و موڵک و ماڵم لەپاتەختدا؟ کەوایە ئەمە فیلمێکی باشە بۆ پێکەنین و ڕۆژ بەڕێخستنی ئەمڕۆ، وەرن بابچین چێشت و خواردنەکان ببەین بۆ لای برادەران.

چووینە پێش ئەشکەوتەکە من لەناو قامیشەکان بەمەنجەڵە چێشتەکانەوە مامەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی سەباح وغایب مامە عەزە وتی:

-هانەم وت ترە قوڕباقەخۆر ڕۆیشتووە و ئێستا ڕەنگە لەناو شاردا بێت؟ من دەموت ڕۆیشتووە ئێوە دەتانوت نەبابە ئەو کوڕە تەسلیم نابێتەوە، ترە خۆی بە مام جەلال و کاک نەوشیروان نەدەگۆڕییەوە، دەبوو دەست نوێژی هەبوایە ئینجا ناوی ئەوانی بهێنایە، ترە بەقونی خۆی نەدەترِی، باشە باشە ترە قوڕباقەخۆر تۆ چوویتەوە باچێشتەکەت بکردایە.. ئینجا بچوایەیت، باشە باشە ئەی نانەکەت بۆ بردووە؟

-مامە عەزە چۆن زانیت ڕۆییشتووەتەوە.. ئێمە بەهیچ شێوەیەک پێمان وانەبوو.

-من هەر لەسەرەتاوە وتتان دیار نییە زانیم ڕۆیشتووە، ترە قوڕباقەخۆر ئەوەندە فشەی کرد لەشەرمدا لەڕووی نەهاتووە ماڵئاواییمان لەگەڵ بکات.

-لەگەرمەی قسەکانیدا لەناو قامیشەکانەوە سەرم دەرهێناو وتم:

-مامە عەزە خێرە واتوڕەی؟

-ئەی باوکەڕۆ، مامە ڕەشە ئەمە خۆتی ماوی؟ داوای لێبوردن دەکەم بەخوا قسەی زۆرم پێکردی، چووزانم وامزانی چوویتەتەوە.. لەڕووت نەهاتووە ماڵئاواییمان لێبکەیت، داوای لێبوردن دەکەم.

-نائاساییە، بەڵام وەلا عەیبە ئەوەندە بێمتمانە بیت بەرامبەرم.

-کورە چوزانم ئەوەندە خەڵک فشەیکرد و تەسلیم بوونەوە، داوای لێبوردن دەکەم.

بەردەوام سەرقاڵی کۆکردنەوەی خۆراک بووین.. وەک ئۆتۆمبێلی بێکیلۆمەتر بەردەوام ڕاماندەکرد و نەماندەزانی چەند دەڕۆین، ئێوارە دەگەڕاینەوە بۆ شوێنی حەوانەوەمان ئەوەندە تۆزاوی و ئارداوی بووبووین.. دەتگوت لۆینەی (ئاشەوان)ی ئاشین، بەڵام لەو نەهامەتی و ژیانە سەختەدا دەسبەرداری نوکتە و قسەی خۆش و کڵاو لەسەرنان و گاڵتە و پێکەنین نەدەبووین.

ڕۆژێک کاتژمێر لە شەش تێپەڕیبوو.. عوسمان تلیشانی و سەباح لەسەر گردەکەوە هاتنەخوارەوە کەپەیوەندی بێتەلیان ئەنجامدابوو، هەردوو سەریان کردبوو بەیەکداو مقۆمقۆیان بوو بەرە و من دەهاتن لە سەر ئەشکەوتەکە دانیشتبووم.

-ئەوە مقۆمقۆی چیتانە ئەڵێی شتێک ڕوویداوە، یان دەتانەوێت شتێک بڵێن.. دەنگوباس چییە؟

-هیچمان بەدەستەوە نییە بەڵام هەواڵێکی ناخۆشمان پێیە، جەمال مەلا هۆمەری و کامەران مامۆستا هیدایەت دوێنێ تەسلیم بوونەتەوە.

-بەخوا کڵاوە و بڕواناکەم کەسیان تەسلیم ببنەوە.

-کڵا و نییە.. هەواڵەکەمان لەکاک مەلا سەعید وەرگرتووە.

-بەخوا کڵاوە.. ئێستا بەبرادەرانیش دەڵێم وریابن کڵاو نەکەنە سەرتان.

-باشە ماڵت ئاوابێت کڵاوە باسی مەکە، تۆ ئەڵێیت مشکی ئەوەندە وریای، چوینە خوارەوە بۆ ئەشکەوتەکە عوسمان تلیشانی وتی:

-برادەران کاک مەلا سەعید هەواڵی پێداین جەمال و کامەران دوێنێ تەسلیم بوونەتەوە و چەکەکانیشیان بردۆتەوە. عەلی فەقێ مستەفایی وتی:

-تو گۆڕی شەهیدان تەسلیم بوونەتەوە.. بەڕاستانە؟

-ئەرێ وەڵا کاک مەلا وتی تەسلیم بوونەتەوە.

-بەخوا زانیم، کامەران.. جەمال تەسلیم دەکاتەوە، بەردەوام بەدوایەوە بوو، جەمال هەرگیز تەسلیم نەدەبووەوە، بەڵام کامەران خەڵەتاندویەتی،خۆم دەمزانی ئەو تورکمان ڕەنگە پێشمەرگایەتی پێناکرێت، ئێستا ئەو سێ چەکەشیان بردۆتەوە کەپێکەوە لەگەڵ جەمال شاردبوومانەوە، کورە گوێنیە پاکەتەکەشیان بردووە، من زانیم شتێک لەژێر سەریاندایە بەردەوام  سەریان بەیەکەوە نابوو ماوەیەکە دووبەدوو پێکەوە دەبوون.

-کاک عەلی بۆ پێشتر پێمانت نەدەوت چەک و پاکەتتان شاردوەتەوە لەکاتێکدا دەتزانی جگەرەمان نییەو زۆر بەڕەزالەت پاکەت پاکەت دابین دەکەین، دەی چییان هەیە بیهێنە دابەشی بکە تازە ئەوان ڕۆیشتن چی بڵێین بێسودە، ئەوان ئێستا لە(بوغاز) چەمی باوەشاسواری کفری  بۆ خۆیان پیاسە دەکەن.

-پێکەوە چەکەکانمان شاردبۆوە، وتم با جارێ پاکەتەکانیش بمێنێ.. بۆ کاتی زەرور. لەوە گەڕێ باشتەکانیان دابەشبکەین، غایب ئەو بەتانییە بۆ تۆ، سەباح ئەو پێڵاوە بۆ تۆ، کاک عوسمان ئەو قاتە بۆ تۆ، حەمە ڕەشید ئەو کراسە بۆ تۆ، ئەم قاتەش بۆخۆم.

-کاک عەلی من کراسم ناوێ ئەو قاتەم بەرێ قاتەکەم کۆنە.

-وەڵا ناتدەمێ خۆم قاتەکەم کۆنە، هەرچی شڕەی ناوچەی زەنگنە هەیە کۆیان کردۆتەوە داویانە بەملی مندا مانگێکە لەگەڵ خۆمدا سوڕی دەدەم.. قابیلە ئەم قاتەم بەر نەکەوێ، غایب بەتانییەکەی پاک دەکردەوە لەدڕک وپوش. منیش چەند جارێک پێم وت:

-باش پاکی بکەرەوە بەخوا بەتانییەکی باشە، پاکی بکەرەوە.

-گومانم لەقسەکانت هەیە، ئەم ماستە بێ موو نییە.

-گومانی چی دەڵێم باش پاکی بکەرەوە، نابرا بەتانی خراپە پاکی مەکەرەوە.

-بەخوا کڵاوە، تو خوا کڵاو نییە؟ بەخوا لە دەم وچاوتان دیارە کڵاوە، عوسمان وتی:

-ئەرێ وەڵا کڵاوە و گاڵتەمانکرد وتمان بزانین چی دەڵێن. شەهید عەلی گڵاسێکی شوشەی بەدەستەوە بوو دای بەزەویدا و دای لەمیل قەناسەکەی و هەستاو وتی:

-ئەی باوکەڕۆ چۆن ئابڕومان چوو؟ بەشەرەفم جاش لەئێوە پیاوتر و شەریفترە، من سبەی چۆن لەڕووم بێت تەماشای نێوچاوانیان بکەم، ئێمە بێدەنگ بووین و هیچمان نەوت.. پاش کەمێک دەستی بەپێکەنین کرد وتی:

-ئەرێ بۆ واتانکرد حەیامتان برد ئێستا بێنەوە چییان پێ بڵێم؟

-کاک عەلی ئەگەر ئەم گاڵتانە نەکەین چۆن ڕۆژ بەڕێ بکەین؟

کاک ئەحمەد و غایب بەڕێکەوت بەناو کەلاوەکانی گوندی(توکن)دا تێپەڕیبوون، هەندێ خەڵکیان بینیبوو هاتبوون بۆ بردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی لەناو کەلاوە و لەژێر داروپەردوی خانووە ڕووخاوەکاندا بەجێمابوون، لەوانە یەکیان پوورم (بەفراو)بوو، هەواڵی منی لێپرسیبوون، پاش پێدانی هەواڵ و تەندروستیم، پوورم پێیانی وتبوو.. ئاگادارم بکەنەوە هەفتەی داهاتوو بێم بۆ گوند بۆ ئەوەی ببینم، (غایب) گەڕایەوە بۆ لامان هەواڵەکەی پێدام.. وتی ڕۆژی دیاریکراو **٩/١٣** یە، لەڕۆژی دیاریکراودا پاش ئەوەی مۆڵەتمان وەرگرت من و (مامۆستا عوسمان) لەچەمی(سەرکانی)یەوە بەڕێکەوتین.. لەنزیک گوندی عەلیان چاومان بە(شکور قەرەبلاغی) کەوت لەچەمی (ئۆمەربل)ەوە بۆلای ئێمە هاتبوو.

## لەبیری بینینی ئازیزانم

دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ.. گەییشتینە بەرامبەر گوندی توکن، لەو گوندەدا بۆ یەکەم جار چاوم بەژیان هەڵهێنا.. فێری وشەی دایە و بابە بووم و هەستم بەسۆزی دایک و باوک و دەوروبەرم کرد، لەبەرزییەکەوە چوومە خوارەوە و لەناو چەمدا هاوڕێ منداڵییەکانم بینی هەریەک لە(حەسەنە سور و عوسمان حاجی محەمەد و عوسمان عەبدلڕەحمان و ئەحمەدساڵح وحوسێن ئەحمەد و عومەر عەلی قادر و عەریف سمایل و فایەق فوئاد و فاخر حەمەی ستار و عیزەدین هیدایەت) و چەندانی تر، چاوەڕوانی من بوون تاکو لەناو گۆمی کەنە زەرددا مەلە بکەین و یاری گولەگولە و قوڕە گومێ بکەین. سەرکەوتمە سەرەوە لەپێش

خوێندنگاکەمان، ژمارەیەکی تری هاورێکانم بینی لە (حەسیب ئەحمەد و ڕەحیم حەمید ئامە) و ژمارەیەکی تر هاوار دەکەن ودەڵێن: زووبە چاوەڕوانی تۆین، ئەمشەو یاری (کۆسەم بارانم دەوێ) بکەین، هەموو لە کەلەی سەر هاوار دەکەن.

هـەیاران و مەیاران　　　　خوایە داکەیتە باران

بۆ فەقـیر و هـەژاران　　　　کـۆسەم بارانم دەوێ

کـۆسەم بارانم دەوێ

چووینە پێش ماڵ (مام حەمەلاو ئەولا) لەسەر بانەوە ئامین دۆڵکەیەک ئاوی بەسەریاندا کرد و پوورە ڕەعە بە پێکەنین و زمانە شیرینەکەیەوە چنگێ خورمای قەسپی دانێ.

لاوانی گوند دەستەیەک لەسەر(قوتەسور).. دەستەیەک لەپاڵ مزگەوتا.. دانیشتوون.. هەندێ سەرقاڵی گفتوگۆ و نوکتە و گاڵتەوگەپن، هەندێ یاری داوەداوە و نۆڕسکان و چەڵەمەشکێنە دەکەن، لەناو هەیوانی مزگەوتا پیاوە گاڵتەچی و قسەخۆشەکانی گوند، هەریەک لە (مام فوئاد و حەمەی جەوهەر و نوری سەعید ژاڵە و ئەحمەدە سور و شوکەخانە و حەسەن دێوانە و محەمەد رەحیم خانە و مامەم ئەبوبەکر) و ژمارەیەکی تر هەموو چواردەوریان لە (حەمە خولە و غالیب حەمە ڕۆبە و عاسی ئەحمەد سەمەن و عومەر کاکە حەمە) داوە کە لەگوندی عەزیز قادرەوە هاتوون، هەموو سەرقاڵی نوکتە و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی گوندن.

شوکەخانە قسەدەکات و هەموو بەدەوریدا قاقای پێکەنینیانە.. کە بەسەر هاتەکەی خۆی و باوکی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

تەمەنم نزیکەی حەوت ساڵە.. لەگەڵ خوشک و براکانم لەژێر یەک نوێن و لەیەک ژووری مامناوەندا.. لەگەڵ دایک و باوکمدا بەجیا دەنوستین، شەو گوێم لەخشەخش و چوونی باوکم بوو بۆ لای دایکم ، دایکم ڕێگای پێنەدا و وتی شوکە نەخەوتووە دووربکەوە..

-خەوتووە ئەو بەڕۆژ ئەوەندە بەم ناوەدا ڕادەکات.. هەر ئێوارە دەخەوێ.

-نەخەوتووە دەجوڵێ، باوکم پاش دڵنیابوون کەنەخەوتووم وتی:

-شوکە ئەوە بۆ ناتۆپی بەم نیوەشەوە دەبتۆپە، ئێژی خوێ کراوەتە چاوت.

-باوکم ئەوەندە وتی: بتۆپە بۆ ناتۆپی؟ دەبتۆپە، بۆ ناتۆپی ئێژی خوێ لەچاوت کراوە، پێشتر کەمێ خەوم دەهات.. بەڵام وەک باوکم وتی خەوم زڕابوو، بەڕاستی دەتگوت خوێ لەچاوم کراوە، باوکم پاش چاوەڕوانییەکی زۆر پرخەی لێهەستا و خەوی لێکەوت، پاش ماوەیەک من خەوتم، سبەی کەهەستام باوکمم بەدیار کوانوە دوکەڵاوییەکەوە بینی خەریکی نان و چاخواردن بوو. بەبینینی من بەمۆنەوە تەماشایەکی کردم.. وەک دوژمن لێمی دەڕوانی، زانیم شەو چ پاسەوانییەکم لەدایکم کردووە و دەبێ باجی ئەو پاسەوانییە بدەم، بەبێ چاخواردن چوومە دەرەوە لەخۆرەتاوەکەی پێش ماڵ لەناو پیاوانی گونددا وەستابووم چاوەڕوانی دەرچوونی باوکم بووم لەماڵ، ئینجا من بچمە ژوورەوە، زۆر دواکەوت و برسێتی خەیاڵمی داگیرکردبوو، لەپڕ هەردوو گوێم گیراو بەپێچەوانەی یەکەوە سوڕدرا، لەسەرەتا وامزانی هاوڕێ چەتونەکانی خۆمە.. سەرم بەرزکردەوە مێزەرەکەی باوکمم بینی هاوارم لێهەستا، ئای گوێم، ئای گوێم، هەموو پیاوانم ئاگادارکردەوە خەریک بوو گوێکانم لەبن دەربێنێ. پیاوانی گوند بەئاستەم لەدوو توێی پەنجە زبرەکانی باوکم دەریانهێنام زۆری نەمابوو پێستەکەی بەدەستیەوە بەجێبمێنێ، وتیان:

)-مام غەفور) ئێستا ئەو کوڕە سەلارە چیکردووە والێی دەدەیت؟

-لێی دەدەم عەجولە و لێی دەدەم.

-وەڵا غەدر دەکەیت ئەوەندە سەلار و ئاقڵە وەک پیاو وەستاوە و گوێدەگرێ.

-کوڕە سەلکە سەگە.. سەلکە سەگ، سەلکە سەگە و لێی دەدەم.

ئەوان بەرگریان دەکرد وباوکم دەیوت سەلکە سەگە، نەدەکرا بڵێت شەو پاسەوانی لەدایکی دەکات بۆیە لێی دەدەم.

ئەحمەدە سور بەسەر هاتی(حاجی غەریب)ی تەمەن شەست وپێنج ساڵ و(ئەحمەد حوسێن)ی تەمەن شەست ساڵ دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

لەپایزی **١٩٨٠** تازە پێشمەرگە بەرۆژ دەچوونە گوندەکان، دەستەیەک پێشمەرگە پێش نیوەڕۆ هاتن بۆ گوندی توکن و لەپڕ هێزێکی سەربازی دوژمن پەیدابوون، پێشمەرگە لەگوند

دەرچوون و لەنیوەڕۆوە شەڕێکی سەخت دەستی پێکرد، پێشمەرگە دلێرانە لەپێش دوژمندا وەستان پێش ئێوارە تۆزوتەمێک پەیدابوو  شەڕەکە بەسەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی پێهات. پێشمەرگەیەک بەناوی (عومەر سدیق) خەڵکی کفری شەهیدبوو.. ئەفسەرێک وحەوت سەرباز لە(چەمی سلاحی) نێوان گوندی (عەزیز قادرو هەزارکانی) لە دوژمن کوژرا تەرمەکانیان بەجێمان، دووەم ڕۆژی شەڕەکە هەرچی پیاو و لاوی گوندی(توکن و عەزیز قادر) هەبوو گیران و لەناحیەی(سەرقەلا) بەندکران، بۆ ڕۆژی سێیەم خەڵکی گوند هەواڵیی تەرمەکانیان بەڕژێمدا، سوپا لەکاتی بردنەوەی تەرمی کوژراوەکان دوو هاولاتیان لەشوێنەکەیاندا کە دوو ڕۆژ پێشتر دەستگیر کرابوون گوللەبارانکرد.. بەناوی(تەیب محەمەد عارف) شۆفیری هێلی گوندی بنەکە و کفری بوو، ئۆتۆمبێلەکەشیان برد و نەیانگەڕاندەوە بۆ خێزانەکەی. لەگەڵ(سلاح محەمەد) خەڵکی گوندی (قەلاچەرمەڵە). ڕۆژانە دوژمن دەهاتنەوە بۆ سنورەکە و لەتۆڵە سەندنەوە دەگەڕان، ئازاری خەڵکیان دەدا و دەیانگرتن، بۆیە کەسوپا لەناحیەی سەرقەلا دەردەچوو.. بەهۆی تۆزی ڕیزە ئۆتۆمبیلەوە شوان و جوتیار دەیانبینی هاواریان دەکرد خەڵکینە (جێش)هات (جێش)هات، پاش چەند ڕۆژێک دیسان بانگ دەکرێت (جێش)هات (جێش) هات، پیاو و لاو لە گوند دەردەچن و بەچەم و شیوەکاندا لەترسی سوپا هەڵدێن، لەگەڵ ئەو خەڵکەدا(حاجی غەریب) هەڵدێت (ئەحمەد حوسێن) بەحاجی  دەڵێت:

-حاجی خێرە چی ڕوویداوە وا ڕادەکەیت؟

-ئەحمەو جێش هات جێش.

-حاجی.. با (جێش)بێت، بەم تەمەنەوە کێ کاری بەسەر ئێمەوە هەیە؟

-ئەحمەو عارەب و(جێش)پیرو لاو نازانێ.. هەرکەس دەگرێ تێی هەڵدەدا.

-حاجی خواکەریمە ڕامەکە.

-ئەحە.. کەرە کەر.. دۆڵێک لەکاتی وادا هەزار خواتێرێ، من قاچی ڕاکردنم هەبێ و دوڵی قوڵ هەبێ بۆ مەمنونی قاچی خۆم نەبم و چاوەڕێی خوا بکەم؟

وتی زستانی ساڵی ١٩٧٤ هەموو ڕۆژێک بارانبوو.. باران خانوی گوندی زۆر ڕوخاندبوو.. جارێک بارانێکی زۆر باریبوو.. ژمارەیەک شوان بەوبەری چەمی گوندوە  گیریان خواردبوو

چەند ڕۆژێک نەیان دەتوانی بپەڕنەوە، خەڵکی گوند بەبەردە قانی نانیان بۆ فڕێدەدان، حاجی غەریب وتی تازە ئاسمان دەڵەمێز بووە ناوەستێتەوە، قەسەم بەخوا بارانی ئەمسالا بەدەست پیاوی ئاقڵەوە بوایە بەشی حەوت ساڵی دەکرد.

شوکەخانە وتی: ئەو شەڕەی ئەحمەدە سور باسی دەکات سبەی لەگەڵ خەڵکی گوندا گیرام زۆربەی پیاوان دەستیان بەجامانە و پشتوێنەکانیان بەسترابوو.. من جامانە و پشتوێنم پێ نەبوو.. دەستم نەبەسترابوو، لەبەرامبەر گوند ئیڤایان هێنا و وەک ئاژەڵ بن باڵیان دەگرتین و فڕێیان دەداینە سەریەک، کاتێک چوومە سەرەوە جگەرەیەکم داگیرساند(ساڵەح) برام دەستی بەسترابوو، وتی:

-شوکەی برام جگەرەیەک داگیرسێنە و بیدە دەممەوە.

-وەڵا ناتدەمێ؟

-دەی ئەو جگەرەیەی دەمت نیوەیم بدەرێ.

-ئەوشت نادەمێ.

-تۆ چۆن برایەکیت، هەر قومێکم بەرێ.. وەڵا دەبێ حاشات لێبکەم؟ دەی هەر دوکەڵەکەی دەمت بکە بەسەرمدا.

-بەپێش چاویەوە دوکەڵەکەم دەکرد بەئاسماندا.. وتم ئەویشت نادەمێ ئەوە بۆ بەگەنجی ئەوەندە ئازارت دەدام؟ کارت پێدەکردم، جارێک نەتدەهێشت بۆ شایی بچم؟

ئەحمەدە سور وتی: با من چیرۆکی (لالە حوسێن و سەید محەمەد)ی فەرماندەی کەرتی حەوتی تیپی ٥١ی گەرمیانتان بۆ بگێڕمەوە.. لەمانگی ١٩٨٥/١٢ هێزێکی زۆری دوژمن کەپێکهاتبوون لەهەزاران سەرباز و جاش و دەیان تانک و تۆپ و کۆپتەر و پیلاتۆز، هێرشیان کردە سەر گوندی(توکن).. چەند پێشمەرگەیەکی بریندار و مۆڵەت پێدراو و چەند هاوڵاتییەکی تێدا بوو. لەنیوەڕۆوە شەڕێکی قورس دەستیپێکرد، ئەم شەڕکەرانەی تێدابوو:

## پێشمەرگە:

١. شەهید مەلا کەریم توکنی..فەرماندەی کەرت.
٢. سەمەد ئۆمەربلی بریندارببوو.. فەرماندەی مەفرەزە.
٣. شەهید مەلا یاسین بریندار بوو.. کادری (کۆڕەک)
٤. شەهید مەلاجیهاد.. کادری (کۆڕەک)
٥. شەهید ئەحمەد زەرداوی.. پێشمەرگە.
٦. تەلعەت (شەماڵ) نارێنی.. پێشمرگە.

## هێزی میللی:

١. ئیبراهیم حاجی ستار.
٢. عەلی سابیر.
٣. سلێمان کاکەئەمین.

پاش چەندین پەلامار و کوژرانی چەندین جاش.. لەبن دەستی پێشمەرگە و نزیکی گوندەکە و شکانی هێرشی یەک لەدواییەکی دوژمن و نزیکبوونەوەی ژمارەیەک پێشمەرگەی کەرتەکانی ئەو سنورە بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەو پێشمەرگانەی لەناو گوندەکەدابوون، بەڵام کۆپتەر و پیلاتۆزەکان ڕێگەی نزیکبوونەوەیان نەدەدا تاکو پێش ئێوارە تۆز و تەمێک پەیدابوو پێشمەرگە و هێزی میللی سنورەکە گەییشتنە شەڕەکە و پەلاماری دوژمنیاندا و شکاندنیان، بە دەیان کوژراوەوە هەڵهاتن.. تانکێک و شۆفلێک و جێب وازێک و ئیڤایەک گیراو.. دەیان چەک و تەرمیان لەپاش خۆیان بەجێهێشت. پێشمەرگەش بێزیان بوون، بەداخەوە(مام حەمەلاو) تەمەن شەست و پێنج ساڵ شەهید بوو کەباوکیشی(چەتە) شەڕکەری هێزەکەی (شێخ مەحمود)بوو لە شەڕی گوندی(ئاوباریک)ی بناری(گل) لەساڵی **١٩٣١** لەگەڵ سوپای عێراق و فڕۆکەی ئینگلیزدا شەهیدبووە. لەکاتی هێرشی پێشمەرگە (سەید محەمەد) کە فەرماندەی کەرتی حەوتی تیپی **٥١**ی گەرمیان دەبێت لەچەمی(گوڵم خەنان) دەکەوێتە باکوری گوندەکەوە.. ئارپیجیەکەی دەخاتە سەرشان و دەیەوێ گولەیەک بە تانکێکەوە بنێت، بەردەکاتە دواوە دەبینێ (لالە حوسێن حەمۆمین) لە دوایەوە وەستاوە، تەماشای دەست و بازووی سەید دەکات تا بزانێ چۆن تانکەکە دەپێکی، سەید دەڵێ:

-لالە لەپشتمەوە مەوەستە ئاگرەکەی دەتسوتێنی.

-بیتەقێنە برای دایکم.. من دوورم تەماشای دەست و نیشانت دەکەم.

-تەماشای چیم دەکەی.. دوورکەوە.. ئاگرەکەی زۆر بۆ دواوە دێت.

-دەی وا دوور کەوتمەوە بیتەقێنە برای دایکم.

-دەماخ سز ئاگرەکەی سەدمەتر بۆ دواوە دەچێت.. دەتسوتێنێ.

-دەی برای دایکم کەوایە دواوەی بکە لەدوژمن و بۆ دواوە بیتەقێنە.

(محەمەد رەحیم خانە) وتی ڕۆژێک پێش ئەو شەڕە (خالۆعاسی) چووبوو بۆ کفری کەلوپەل و پێداویستی دوکانەکەی بێنێ، شەڕەکە ڕوودەدات.. پاش چەند ڕۆژێک دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەک ماڵ وخەڵک دەگەڕێنەوە بۆ گوند کەپێشتر گوندەکەیان چۆڵکردبوو، کاتێک دەگاتە ماڵ و جلەکانی دەبینێ هەموو پارچەی گوللە هاوەن و تۆپی پێوەیە، کە ڕۆژی شەڕەکە بەهۆی ئەو گوللە تۆپانەوە بەرماڵیان کەوتووە.. بەرکەوتووە، هەڵیدەگرێ و یەک یەک نیشانی خێزانی دەدا و دەڵێ:

-تەماشای شەڕواڵەکەم بکە.. چۆن پارچەی هاوەن دایڕزاندووە، تەماشای ئەو دیوارە بکە چۆن هاوەن ڕووخاندویەتی بەسەر تەلەفیزیۆنەکەدا، تەماشای بەفرگرەکە بکە.. چۆن پارچە دایڕزاندوە، بەس نەبوو کەسمان لەماڵ نەبووین وەک ئەو دیوارە و جلەکانمان کون کون دەبووین.

پاش چەند هەفتەیەک دواتر هێزی دوژمن بۆ گوندی (فەتاح هۆمەرو بەکرە شەل) دێت.. کە نزیکە لەناحیەی (سەرقەڵا) وە، شوان تۆزەکەی دەبینێ و هاوار دەکەن(جێش)هات (جێش) هات، خەڵکی گوند ئەوەی توانای هەبوو لەگوند دەرچوو لەترسی سوپا بۆ هەردە و شیوەکان هەڵهاتن، من و(خالۆ عاسی) هاوشانی یەک بەرە و هەردەی (بانە چەرموو) هەڵهاتین خالۆ پێی وتم: -محەمەد ئاوڕێک بۆ دواوە بدەرەوە بزانە دوژمن لە کوێیە؟

-وەڵا من ناتوانم ڕوو وەرگەڕێنم خۆت بەربکە دواوە، تاکو ئاوڕ دەدەمەوە.. دوو هەنگاو زیاتر دەڕۆم، کەسمان پێڕانەگەییشتین ئاوڕ بدەینەوە تا گەییشتینە(چەم سلاحی) کە نزیکەی پێنج کیلۆمەتر لە گوندی(توکن)ەوە دوورە، زمانمان بستێ دەرچووبوو، دەممان وشک..وشک بوو بوو.. خەریک بوو لە تینوا دەخنکاین، دوژمن لەهیچ شوێنێک دیارنەبوو ئێمە بەبێ ئەوەی دڵنیابین دوژمن بەدوامانەوەیە یان نا هەر هەڵدەهاتین.

)نوری سەعید ژاڵە) بەسەرهاتی حاجی خورشید و فەرماندەی لیوا سەربازییەکەی گێڕایەوە وتی: کۆتایی ساڵی **١٩٧٨** مەفرەزە پارتیزانەکەی شەهید خالد گەرمیانی.. هەر شەوەی لەناوچەیەک لەشارێکی سنوری گەرمیان گورزێکیان لەدوژمن دەوەشاند، هەر شەوەی لەناوچەیەک سیخوڕێک بەعسییەک خۆ فرۆشێک موختارێکیان سزادەدا.. یان تەمبێ دەکرا. لە شەوێکی زستاندا لەکاتی گەرمەی هەڵپەڕکێ و زەماوەندی (حەلاوە) خان بۆ (جەبار مام سەعید) کە زرمەی دەهۆڵ و زوڕنا پیری سەد ساڵەی دەهێنایە جۆش وخرۆش، شەهید خالد و دەستەکەی خۆیان کرد بەناو زەماوەندەکەدا و ئاگاداری دوو پیاوی خەڵکی گوندیان کردەوە و پێیان وتن: ئاگادارین بوونەتە چاوساغ و هاوکاری بەعسییەکان، ئاگادارتان دەکەینەوە خۆتان چاک بکەن.. ئەگەرنا سزای شۆڕشگێڕانەتان دەدەین، بەخوێنی شەهیدان لەئێستا بەدواوە هەرکەسێک سیخوڕی بۆ بەعس و دوژمن بکات، ئەگەر حاجی بێت بەکشیەکەی جوتیار بێت بەگوریسەکەی.. مامۆستا بێت بەریباتەکەی.. شێخ بێت بەمێزەرەکەی..خۆی دەیخنکێنین. تائێستا هەرکەسێک فریو دراوە و هەڵەی کردووە.. لەئێستا بەدواوە بەئاگا بێتەوە، چونکە تاوانی خۆتان لەملی خۆتانە. دوو زەلامەکە لەو کاتە بەدواوە یەکیان بوو بە چاوساخ و دۆستێکی زۆر باشی مەفرەزە پارتیزانەکان و لە چالاکییەکانیاندا بەشدار دەبوو، بەتایبەت لەو شەڕەی ساڵی **١٩٨٠** کە ئەفسەرێک وحەوت سەربازی تێدا کوژرا..ئەحمەدە سور ئێستا گێڕایەوە دواتر بەعس گرتی و لەمەرگ گەڕایەوە، لەهەمان کاتدا ئاگاداری موختاری گوندیان کردەوە و پێیان وت.. ئاگادارین ڕۆژانە سەردانی دەزگا ئەمنییەکانی(کفری و سەرقەلا) دەکەیت و هەواڵ و زانیاری لەسەر ئێمە دەدیتە دوژمن، بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە لەدووبارەکردنەوەی سزات دەدەین.

بۆ شەوی دواتر شەهید خالد و دەستەکەی هاتنەوە موختاریان گرت.. ویستیان لەگەڵ خۆیان بیبەن، بەڵام خەڵکی گوند بەپیاو و ژنەوە دوایان کەوتن.. پاش یەک کاتژمێر ڕاکێشانی موختار قۆڵێکی بەدەست پێشمەرگە و قۆڵەکەی تری بەدەست پیاوانی گوندەوە لەو نێوانەدا خەریکبوو بیکەن بەدوو پارچەوە. بەخوا دەیکوژین، بەخوا نایکوژن، موختار سوێند دەخوات نەچووە بۆ شار و هەواڵی لەسەر پێشمەرگە نەداوە، شەهید خالدیش پێی لەسەر زانیارییەکەیان دادەگرت و دەیگوت ئێمە دڵنیاین کە ڕۆییشتویت، بەڵام لە بەرخاتری خەڵکی گوند ناتکوژین.. دەبێت لەبەرامبەر ئەوەی ناتکوژین دوو هەزار دینار بدەیت بەشۆڕش ونابێت دووبارەی بکەیتەوە.جارێکیتر دووباری بکەیتەوە دەتکوژین، لەگفتوگۆی یەک کاتژمێر هەرای پێشمەرگە و ڕیش سپیانی گوند، کە دەیانگوت دوو هەزار زۆرە و پێمان پەیدا ناکرێت، بەگوندی توکن و عەزیز قادریشەوە دوو هەزار دیناری تێدانییە، پێشمەرگەش پێیان دادەگرت و دەیانگوت یان کوشتن یان هەردەمانەوێت ئەگینا دەیکوژین، دواتر لەسەر هەزار و سێ سەد دینار ڕێککەوتن، (حاجی خورشید) بە براکەی موختاری وت بچۆرەوە بۆماڵ بزانە چەندێ پارەتان لەماڵە بیهێنە تاکو بزانین چەندی کەمە لەناو گوند کۆی بکەینەوە، برای موختار وتی براڕۆ باوکەڕۆ.. من ئێستا

هەزار و سێ سەد دینار لەکوێ بێنم؟ وتم مەچۆ بۆ شار..من بەیانی پێتم وت مەڕۆ؟ باشە بینیت چیت پێمانکرد بەقسەی منت نەکرد.. چەند هاوارم کرد کوڕە مەڕۆ کوڕە مەڕۆ، تا ئەو کاتە موختار سوێندی دەخوارد و نکۆڵی لێدەکرد سوک و ئاسان برای موختار گەواهی لەسەر سیخوڕی و تاوانباری دا.

دوو ڕۆژ پاش گرتنی موختار شەش کۆپتەری باریی.. هاتن لەناو گوندانیشتنەوە ئەو ناوەیان پڕکرد لەسەرباز ماڵ بەماڵ و کون بەکونی گوندیان پشکنی، دواتر هەموو پیاوانی گوندیان کۆکردەوە و فەرماندەی لیوا ئەفسەرێکی بالابەرزی کەتەی ئەسمەر.. لەپێش خەڵکەکەوە بەپێوە وەستا.. دەستیکرد بە قسەکردن وتی: ئێوەی جوتیار خەڵکی دڵسۆزی عێراق و ڕۆڵەی دڵسۆزی ئەم نیشتمانەن، ئێمەی هاونیشتمانی عێراقی بەعەرەب و کوردەوە هیچ جیاوازیمان نییە و بەشدارین لەخێروشەڕی ئەم خاک و ئاوەدا، بۆیە دەبێت دەست لەناو دەست وەک بیلبیلەی چاومان بیپارێزین، بەداخەوە ماوەیەکە ژمارەیەک چەتە و دز و پیاوکوژ و لەیاسا هەڵهاتوو بەفیتی دوژمنانی گەلی عێراق بەڕۆژ وەک گورگ و کەمتیار لەکون و ئەشکەوتەکاندا خۆیان حەشاردەدەن و شەو دەچنە سەر پیاوماقوڵ و ریشسپی گوندەکان و دەیانکوژن و پارەیان لێدەسێنن و ڕووتیان دەکەنەوە، بوونەتە هەڕەشە لەسەر برایەتی کوردو عەرەب، بۆیە من داواتان لێدەکەم هاودەنگ و هاوکارمان بن بۆ ئەوەی کۆتایی بەم مەترسییە بێنین، ئێمە گلەییمان لە گوندنشینان هەیە هاوکار و هاودەنگی ئێمەنین لەگرتن و کوشتنی ئەو چەتانە، ئێوە دەتوانن کاتێک هاتن بۆ گوندەکان بۆ نان و پێداویستی دەرگایان لێدابخەن و هەواڵ بەئێمە بدەن تاکو بیانگرین و ڕووبەڕووی دادگا و یاسایان بکەینەوە و سزای خۆیان وەربگرن، دواکارم هەمووتان.. هەر کەس لای خۆیەوە هاوکارمان بن و زانیاری لەسەر شوێن و جوڵە و هاوکارەکانیان بدەن تاکو ئێوە و ئێمەش لەو مەترسییە ڕزگارمان بێت، ئێمە وەکو حکومەت بەهیچ بیانویەک ڕازی نابین.. جگەلە هاوکاری. لەکۆتایدا وتی من قسەی خۆمم کرد.. ئێوەش ئەگەر زانیارییەکتان لایە یان دەتانەوێ پێشنیازێک شتێک بڵێن.. خزمەت بەعێراق بکات یان دەتانەوێ لە شتێک بپرسن دەتوانن قسە بکەن. (حاجی خورشید) دەستی بەرزکردەوە وتی گەورەم دەتوانم قسە بکەم؟ ئەفسەر وتی: فەرموو حاجی فەرموو ئا ئەوەیە پیاوی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز.. فەرموو چ زانیارییەکت لایە پێمان بڵێ، حاجی پیاوێکی حەفتا ساڵەی ژیر و دونیا دیدەبوو عەرەبییەکی باشی دەزانی، پێشتر موختاری گوند بوو هەستی بەناسکی بارودۆخی ناوچەکە و کورد کردبوو.. ئەگەر بەموختاری بمینێتەوە یان دەبێ زانیاری لەسەر پێشمەرگە بەدوژمن بدات یان توشی لێپرسینەوە دەبێت، بۆیە لەساڵی١٩٧٧ لەگەڵ دروستبوونی شۆڕشدا وازی لەموختاری هێنا... وتی: سوپاس گەورەم سوپاس گەورەیی خۆتە، گەورەم ئەو چەکدارانەی دێنە ئێرە و لەناوچەکەدان حەوت هەشت کەسن شەلێکیان تێدایە لە سکماکیەوە کەم ئەندامە و هەردوو قاچی کورتە ناوی فەرهادە، تۆ بەم هەموو هێز و کۆپتەرانەوە ئەوەیان کەشەلە بیگرە بەڵێن بێت

ئێمەش ساغەکان بگرین، گەورەم ئێمە جوتیارین هەژار و نەدارین تەنها لەهەوڵی بەدەستهێنانی پارووە نانێکداین بۆ منداڵەکانمان، هەر چەکدارێک بیەوێت دێت نانی خۆی دەخوات و دەڕوات گەر ئارەزووشیان هەبێ هەندێ شەق و شەلاقمان لێدەدەن، ئێمەی بێچەک و بێدەسەلات چۆن ژمارەیەک چەکدارمان بۆ دەگیرێ؟

-حاجی ئێوە دەتوانن بەبێ ئەوەی ئەوان بزانن کەهاتنە ئێرە هەواڵمان بدەنێ؟

-گەورەم ئەوان وەک مارن شوێن و کاتیان نییە لەنیوەشەودا لەپڕ دێن نان دەخۆن و دەچن بۆ ناوچە و شوێنێکی دوور پاش ئەو گفتوگۆ و گەڕانەی ناو گوند خورشید حەمید (خوشە سورە) تەنها یەک شانەی دەمانچەیان لەماڵیان دۆزییەوە بەکۆپتەر بردیان بۆ کەرکوک،پاش دڵنیابوون لەوەی ئەو دەمانچەیە لەکاتی شکستدا تەسلیم کراوەتەوە بەحکومەت ئازادکرا.

ئەحمەدە سور وتی لەسالانی شەستەکان و تا نیوەی حەفتاکانیش.. هیچ ماڵێکی گوند.. بۆ خۆشۆردن گەرماویان لەماڵدا نەبوو، لەناو ماڵدا ژن و منداڵ.. لەناو تەشتی گەورەدا خۆیان دەشۆرد.. پیاوان لەئەستێلی مزگەوت خۆیان دەشۆرد، ئەو سەردەمانە جوتیار تێر و بێکێشە و مێشک ساف بوو.. هەموو شەوێک لەماڵ دەستی خۆی دەوەشاند و سبەی زوو وەک نۆبە ئاش بەنۆبە خۆیان لەئاوی ئەستێڵەکە هەڵدەژەنی، بەیانیەکی زستان کەهەموو دونیا زوقم وەک بەفر سپی کردبووەوە حاجی غەریب خۆی کردبوو بە حەوزەکەدا و لەسەرما بەپەلە هاتبووەوە بۆ ماڵ بەپەلە چووبوو بۆ سەر کوانووە دوکەلاوییەکە خۆی گەرم بکاتەوە.. دەبینێ عەزیز کوڕی پێش ئەو خۆی لەئەستێڵەکە هەڵژەنیوە و هاتووە بەدیار کوانوەکەوە لەسەرما کرژ بووە، ئەو دەبینێ دەڵێت: بەخوا سەرمای زستان وا بکات.. ئێمە هەموو ڕۆژێک لەو ئەستێڵە خۆمان هەڵکێشین ئەم زستانە یەکێکمان ڕەق دەبینەوە.

حەسەن دێوانە دەڵێت بامنیش بەسەر هاتەکەی مامە عەزەتان.. لەسەر ئەو ئەستێڵە.. بۆ بگێڕمەوە، بەیانییەکی زۆر ساردی کەلە تەزێن..(مامە عەزە) خۆی لەئەستێڵەکە هەڵدەژەنێ لەو کاتەدا(لالە حەمۆمین) دەبینی مامەعەزە بەو سەرما بڤەبڤێتی لەسەرما و دەیەوێ خۆی فڕێبداتە ئاوەکەوە، دەڵێت عەزە ئەوە بەو سەرمایە بۆ خۆت دەخەیتە ئەو ئاوەوە؟ ئەویش دەڵێت ئیتر مەلە دەکەم، دیسان دەڵێت شێت بوویت سەگت هاربووە ناترسی نەخۆش بکەویت، لالە حەمۆمین لەبەرئەوەی ئامۆزا و خەزوری مامەعەزە دەبێت.. لەدڵسۆزییەوە زۆر لەسەری دەڕوات. مامە عەزەش سور و پاک پێی دەڵێ دەواز بێرە.. ماڵت ئاوابێت غەیر.. خوشکی تۆم گاوە.

حەمەی جەوهەر وتی.. بامنیش بەسەر هاتەکەی عەلی سورتان بۆ بگێڕمەوە.. لە ساڵی **١٩٦٨** بۆ دووەمجار حیزبی بەعس کودەتای کرد.. وەک سەگی هار بەربوونە گیانی

گوندنشینانی ئەم سنورە، لەزۆربەی گوندەکانی گەرمیان بەبێ هۆ و بۆ چاوشکاندن و ترساندنی خەڵکی و داگیرکردنی ناوچەکە و بەعەرەبکردنیان، عەرەبی عەشایەر بەناوی (پاسەوانی نەتەوەیی)( حرس قومی)، چەندین لاوی بێتاوانیان گوللەباران کرد.. هەموو گوندەکانی گەرمیان سوتێنران توکنیش یەکێک بوو لە گوندە سوتاوەکان، پاش ئەوەی زستانێک خەڵکی گوند لە ئەشکەوتەکانی نزیک گوندی باوەکر و بانزوخالآ بووین، تازە گەڕابووینەوە لەپڕ.. ڕۆژێک دەڵێن ئەرەوەلآ..حەرس قەومی هات.. لەترسان خەڵکی گوند هەموو هەڵدێن، لەو کاتەدا عەلی سور هەڵدێت خێزانەکەی دێتە پێشی و دەڵێ خێرە عەلی چی ڕوویداوە.. وا ڕادەکەی، لەشپرزەییدا خێزانی ناناسێت دەڵێت لاچۆ دایکم لاچۆ حەرەس قەومی هات، تاکو دەڵێت عەلی منم من.. خێزانت .

لەمزگەوت هاتمە دەرەوە پۆل پۆل کچانی گوندم بینی (شەوقی مام سابیر و فکری ئەحمەد حوسێن و مەنیجە محەمەد و نەسرین حەمەلاو و شلێری خوشکم)، لەکانی ئینجەوە دێن و یەکی تەنەکەیەک ئاو بەسەریانەوەیە.. قاقای پێکەنین ئەو ناوەی پڕکردووە.. بەدەم پێکەنینەوە جارجارە چەپۆکێک بەیەکدا دەکێشن.

چومە دەرگای قوتابخانەکەمان بۆ ئەوەی سەردانی هاوڕێ قوتابیەکانم بکەم، وەک پێشتر هەموو پۆلەکان جمەیان دەهات.. لە قوتابی، بەشەرمێکەوە سلآوێکم کرد.. چوومە سەر تەختەیەک دانیشتم، دەبینم مامۆستا عومەر بەسەرهاتی میوانداریەکەی خۆی و عەریف سمایل دەگێڕێتەوە و دەڵێت :

دوێنێ بەیانیەکەی ئیسماعیل مەحەمەد حوسێن لەکاتی پشوی نێوان دەرسەکاندا هاتە ژوورەکەم وپێی وتم.. مامۆستا بۆ نیوەڕۆ میوانی ماڵی ئێمەیت، پێم وت ئیسماعیل ماڵتان ئاگای لێیە؟ وتی :بەڵێ.. ئەی چێشتی چیتان کردووە؟ وتی :مامۆستا (ئاش) چێشتی کارمان کردووە,پاش عریف سمایل چەند کەسێکی خەڵکی گوند هاتن پێیان ووتم نیوەڕۆ میوانی ئەوان بم,ووتم:میوانی عریف سمایلم. نیوەڕۆ..پاش ئەوەی قوتابیەکانم ناردەوە لەگەلآ ئیسماعیل چووین بۆماڵیان، لەدەرگای دەرەوە چووینە ژورەوە.. هێمنی و بێدەنگی و نەبینینی دایک و باوکی گومانی لا دروست کردم، ئیسماعیل بردمییە ژووری میوان و خۆی ڕۆییشت.. پاش دەخولەکێک هاتەوە.

وتی: مامۆستا بەخوا دایک و باوکم لەماڵ نین.. نە ئاشیان کردووە و هیچ نانیش لە (تەشت) هەمانەی ماڵەکەماندا نییە. لەپۆلدا قاقای پێکەنین دەچووە حەوت نهۆمی ئاسمان. لە قوتابخانە دەرچووم پورە غەزێم لەسێبەری پێش ماڵیان وەستاوە.. بەبینینی من ڕەنگی گەش

گەش بۆوە.. وتی کوڕم بۆ دواکەوتیت؟ (عزەدین) کوڕم هاوڕێی منداڵی و قوتابخانەت کراسێکی بەدیاری بۆت کڕیوە تا لەهاتنەوەت بەمۆڵەت پێت ببەخشێ.

)پورە ڕەعە) لەپێش دەرگا دانیشتووە و بۆنی مێخەکبەن و سۆتکە و حەتۆتکەی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات.. کەپووی هەموو ڕێبوارێکی ئەمسەرە ڕێیە پڕدەکات، بە تەزبیحە سەدویەک دەنکەکەی خەتمەی زیکری خوا دەکات و هەواڵی چارەنوسی(عادل وئەحمەد وجەمال)ی کوڕی لێ پرسیم، لەپێش دەرگای خۆمان دایکم و ئاوازی خوشکم بەڕەنگە سپی وچاوەشین و پرچە لولەکەیەوە وەستاون چاودێری پەیمانی سورو سپی و چاوشین وپرچ زەرد و لولی سێ ساڵەی پەپولە ئاسای برازام دەکەن.. لەپێش دەرگا لەگەڵ دڵەی ئیبراهیم سۆفیدا یاری دەکات. هەردوو بەگەرمی لە ئامێزیان گرتم و هەندێ گلەیی و سەرزەنشتیان کردم لەدرەنگ گەڕانەوەم. پەیمان پەپولە ئاسا باڵی گرتەوە و خۆی کرد بەباوەشمدا.. وتی مامە وەرە جلەکانمت پێنیشان بدەم کە دایکم تازە لەمال خاڵم گەڕاوەتەوە بۆ جەژن بۆی کڕیوم، ئەی تۆ.. چیم بۆ دەکڕی..مامە گیان؟ هەموو(باوکم و نسار و شلێر و ئاواز و بەنازی خوشکم و حەسەنی برام و نەبیهەی براژنم و ژیان و دابان و سروەی برازام) پێم دەڵێن بۆ درەنگ هاتیەوە.. ئێمە هەموو دڵمان لاتبوو؟ بانگی ژیانی سورو سپی وپرچ سورم کرد وەرە لای مامە وەرە، خۆی لەئامێزی دایکی توند کردبوو تەماشای دەکرد.. دەیگوت تاکو ڕیشت نەتاشی، نایەمە باوەشت. باوکم تازە خۆی شۆردووە و پرچە سورو درێژەکەی شانە دەکا و دەڵێ چاوەڕوانی دەست و دایەرەی(شێخ حەسەنی چرچەقەلا)م.. بەڵێنی داوە بێت میوانداریم بکات و لەناو ئەمماڵەدا زیکری خوا بکەین.. هەموو لەخوا بپاڕێینەوە.. لەدەستی زۆردار دوورمان بخاتەوە.

چوومە حەوشە.. ئەو دیمەنەم هاتەوە یاد کە بۆ یەکەمجار لەساڵی **١٩٨١** تەزووی ئەلەتریک گەیشتە گوندەکەمان، سێیەم مالا لەگونددا باوکم تەلەفیزیۆنیکی ڕەش و سپی "سێمنسی ئەڵمانی" کڕیبوو، شەوان نیوەی پیاوان و لاوان و منداڵان و هەندێ جار ژنە بەتەمەنەکانی گوند لەناو حەوشە گەورەکەماندا بەبازنەیی دادەنیشتن و تەماشای تەلەفیزیۆنیان دەکرد، بەتایبەت شەوانی سێشەممە کەفیلمی کوردی لەکەناڵی کەرکوکەوە پەخش دەکرا، نە ڕایەخ نە ئاو و نەچایی بەرنەدەکەوت. قسەیەکی مەجید حەمە ژاڵەم هاتەوە یاد.. جارێ پێدەکەنیم و جارێ بەزەییم بەسادەیی و هەژاری گەلەکەمان و دڕندەیی بەعسدا دەهاتەوە. شەوێک لەکاتی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا.. بە حەماسەوە هەواڵی جەنگی عێراق ئێرانی دەخوێندەوە، کاکە مەجە لەلایەکی خەڵکەکەوە دانیشتبوو.. هەستاو چووە لایەکی ترو دانیشتەوە.. وتی:برای خۆم ئەم پیاوەی ناو تەلەفیزیۆنەکە ئەڵێی تەنها قسە بۆ من دەکات لەهەر کوێوە دادەنیشم.. تەنها تەماشای من دەکات، وا دەزانێ کاکە مەجە زۆر ئاقڵە و لەهەموو شتێک تێدەگات.. بەو خوایە بزانێ من چەندە ناحاڵیم هەرگیز تەماشای من ناکات.

بیرم دەکردەوە دەبێت ئەم خەڵکە هەژارە تاوانیان چی بووبێ.. سوپای ئەنفال بەم دەردەی بردن.

تەماشای سەکۆ بەرزەکەی ناو حەوشەم کرد.. مەلا کامیلی مەلای گوندم بەبیر هاتەوە، کە شەوێکی مانگی١٩٨٦/١٠لە دۆڵی قەرەداغەوە بەمۆڵەت گەڕابوومەوە بۆماڵا، ناوبراو سەربازی هەڵهاتوو بوو.. لەگوندەکان مەلایی دەکرد، باوکم میوانداری کردبوو.. بەبینینی من هەستایە سەرپێ و زۆر خۆشحاڵا بوو. ناوبراو لەسالانی ٧٩ و ٨٠ لە قوتابخانەی گوندی عەزیز قادر مامۆستامان بوو لە. ئەو سەردەمە سەر بە ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین بوو .پاش نان خواردن و هەواڵ پرسینی خۆم و شۆڕش و وەڵامدانەوەی هەرزەکارانەی من لەسەر شۆڕش هەرچەندە زۆر شەرمم لێدەکرد، لەکۆتایدا وتی:رشیدی عەلی سور یەک شتت پێدەڵێم بۆ مێژوو لەبیرت بێت.. ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان کورد بوو بەخاوەنی خاک و دەسەڵاتی خۆی.. دڵنیابە جاش و پیاوەکانی بەعس کە ئێستا شەڕی ئێوە دەکەن، ئەو ئاغا و شێخ و سەرۆک خێڵانەی هەر دەسەڵتێک لەسەر کار بێت لەگەڵین، زۆر لەئێوەی تێکۆشەر و کەسوکاری شەهیدەکان لەپێشترن.. ئێوە لەهیچەوە دیارنابن. من بەتوندی دژی بۆچوونەکەی بووم. وتی ئەگەر خوا تەمەنتی داو سەرکەوتنت بینی ئەم قسەیەی منت لەبیر بێت.

لەخەیاڵی خۆمدا وتم.. ئای مەلا کامیل تۆ چیت وت و چیمان بەسەر هات.. بستێ خاک و گوندێکمان بەدەستەوە نەما.. عەلی سوری هاوڕێت و هەموو گوندنشینەکان کەبەزمانی بەرۆژووەوە بەدەم (لا إله إلا الله)وە بەسورەتێکی قورئانەکەی دەستی تۆ خوێنیان حەڵاڵا کراو سوپای ئەنفال ڕاپێچی کردن.. کەس چارەنوسیان نازانێت، دەسەڵاتی چی و ڕزگاریی چی.

لەکەلی ماڵەوە تەماشای دەرەوەم کرد (ناسیح حەمید شەلال)م بینی.. ڕێبواری دوو ساڵە بەباوەشیەوەیە و بۆ دوکانەکەی خاڵۆ عاسی دەبات، چوومە دەرەوە(حاجی حەمید مامەلی)م بینی.. تازە لە ماڵی خوا گەڕابۆوە.. کەشیەکەی زەردزەرد.. هێشتا گەردی نەگرتبوو، هەواڵی عارف و محەمەدی کوڕی و کوێستانی حەوت ساڵەی پەپولە ئاسای کچی لێدەپرسیم.

چوومە ناو گوند پوورە(حەبیبەی حەمید ئامە)م بینی.. پرسیاری عەباس و حەسەن و عەزیز و حەسیبی کوڕی و تاقانە کچەجوان و چاوشینەکەی (فکری) لێدەپرسیم.

لەو لاترەوەپوورە شەوکەتی دایکە شیرییەکەم بینی.. وتی کوڕی خۆم یەک ساڵ لەگەڵ عومەری کوڕم شیرم داوی.. هەمیشە دڵم لاتە وەک کوڕی خۆم دەتبینم.

چووم بۆ گۆڕستانی گوند بۆ ئەوەی گۆڕی ئازیزانم بەسەر بکەمەوە پاش گەڕانێکی زۆر چوومە سەر گۆڕی شەهید مەحەمەد حەمەلاو (خاڵۆ توکنی) کەلە زستانی ساڵی **١٩٨١**دا خۆی و **٢٤** هاوڕێی لەنێوان گوندی (سپی سەر و مەلائۆمەر) دا لەلایەن (تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج)ی سەرۆک جاشی خۆفرۆش و چەند هەلیکۆپتەرێکەوە شەهید کران .

چوومە سەرگۆڕی شەهید مەلاکەریم توکنی فەرماندەی کەرتی **٥** ی تیپی **٥٣** ی شێروانە.. کە لە داستانە بێوێنەکەی گوندی ئۆمەر بل لە رَۆژی **١٨/ ١٩٨٧/٥** شەهید بوو .

چومە سەر گۆڕی شەهید عوسمان عەبدلڕەحمان توکنی کە لە مانگی **١٩٨٦/٨** لە نێوان گوندی (سەیدسوێنان و بەلەگەجاڕ)ی دۆڵی قەرەداغ لەلایەن چەند خائینێکەوە لەگەڵا پێشمەرگەیەکی تر بەناوی عەدنان شەهید کرا.

بەچاوی پڕ فرمێسکەوە دەسوڕامەوە بەناو گۆڕستانەکەدا لەپڕ چاوم کەوت بەگۆڕی حاجی خورشید.. لەگەڵا بینینی ئاسەواری گوللەی دۆشکەو پارچەی گوللە تۆپ بە کێل و گۆڕەکەوە پێکەنین دایگرتم، لەو کاتەدا چیرۆکەکەی دادە ئامەم هاتەوە یاد.

دادە ئامە ژنێکی قسەخۆش وسەخی و گاڵتەچی بوو.. زۆر گوێی بە وتەو دەوروبەری خۆی نە دەدەدا، سەر لەبەیانی ڕۆژێکی مانگی **١٩٨٥/١٢** (مەجید مەحەمەد عەمشە) کۆچی دوایی دەکات.. لەکاتێکدا خەڵکی گوند سەرقاڵی بەخاک سپاردنی دەبن، هێزێکی زۆری بەعس لە سەرباز و جاش.. ڕوو لە گوندەکە دەکەن چەند پێشمەرگەیەک بەر بەدوژمن دەگرن، لە سەر لەبەیانییەوە شەڕ گەرم دەبێت تاکو شەو، تەرمی مام مەجید لەناو داومەیتەکەدا لەناو گۆڕستاندا بەجێدەهێڵن.. بۆ شەوەکەی پاش شەڕەکە دەینێژن. گوند چۆڵا دەبێت پاش چەند هەفتەیەک دانیشتوان دەگەڕێنەوە، دادە ئامە دەچێت بۆ سەر گۆڕی (حاجی خورشید)ی هاوسەری کە دوو ساڵا پێشتر کۆچی دوایی کردبوو، ئەو هەموو ئاسەواری گوللەی دۆشکە و پارچەی گوللە تۆپە بەقەد گۆڕەکەوە دەبینێت دەست دەکات بەگریان و لەخۆدان، دەڵێت (حاجی ڕۆ حاجی ڕۆ، چۆن زەرد و سوری مەجە عەمشە حاجی ئێمەشی بەکوشتدا).. مەبەستی لەزەرد و سور.. دارمەیتەکەی بووە.. کە بە جاجم(مەوج) ی ڕەنگاوڕەنگەوە لەتەنیش گورەکەی حاجی دانرابوو.. کەشەڕ دەستی پێکردووە خەڵک بەجێی هێشتووە، ئەو پێی وابوو دوژمن ئەو هەموو گوللە و تۆپەی بەو جاجمە ڕەنگینەوە ناوە بۆیە بەر گۆڕەکەی حاجی کەوتووە .

حاجی خورشید دەیگێڕایەوە.. شەوێک چەند جارێک وتم ئامە ئاوم بۆ بێنە تینومە هەر نەیهێنا و من هەر داوام دەکرد، لەدواییدا وتی ئەی ماڵت ئاوابێت حاجی ئەمە چیت کرد بەئاو خواردن. منیش وتم ئامە بیکە بە خاتری خوا.. بەخوا لەئێوارەوە داوای ئاو دەکەم هێشتا

قومێک ئاوت بۆ نەهێناوم. چوومە دوکانەکەی مام(ئەحمەد حەمەی ڕەشید) خۆی و پوورە خورشید بەگەرمی پێشوازیان لێکردم هەواڵی حوسێنی کوڕیان لێپرسیم و شۆڕشی جوان و سپیلکە لەولایەوە وەستابوو.. وتی باوکم(عەول توکنی) لەگەڵ تۆ نەهاتەوە؟

مام ئەحمەد وەک پیشەی هەموو جارێکی.. کە بەمۆڵەت دەچوومەوە سەری خستەسەرم.. وتی: ها.. دەنگوباسی شۆڕشەکەتان.. پێشمەرگەتان.. چەند زیادی کردووە، چەکی نوێتان هەیە؟ حکومەتی عێراق نەڕووخا، نەبوونە دەوڵەت؟

-بەڵێ مام ئەحمەد لەم ماوەیەدا.. لەپاش ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ئێران، چەکی زۆرمان لەئێرانەوە بۆ هاتووە، پێشمەرگە ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیاد بووندایە.. بەپێی زانیاری ئێستا نزیکەی (١٢) هەزار پێشمەرگەمان هەیە، بەبەردەوامی تیپ و کەرتی نوێ پێکدەهێنین. خۆت ئاگاداری لە سالی **١٩٨٣** لە سنوری خانەقین و دەربەندیخان.. تا سەنگاو و قادرکەرەم و ناوچەی جەباری و داقوق.. تەنها تیپی(**٥١**)ی گەرمیان بوو نزیکەی دووسەد پێشمەرگە دەبوون، بەڵام لەو کاتەوە تائێستا تیپی(**٥٣**)ی شێروانە و(**٥٩**)ی حەمرینیشی لێ پێکهێنراوە.. ئێستاش تەنها تیپی**٥١**مان (**٥٥٠**) پێشمەرگە زیاترە.

-کوڕم کێشە لەژمارەی پێشمەرگە و جۆر و ژمارەی چەک نییە، کێشە لە ئەقڵی سەرکردەکانێتی، شۆڕشی ئەیلول زیاتر لە پەنجا هەزار پێشمەرگەی هەبوو، هەرچی چەکێکی قورس لە ئێراندا هەبوو بە شۆڕشی دابوو.. کە کاری پێنەما کۆتایی بە هەمووی هێنا، کێشە لە فەرماندە و بەرپرسەکانتانە، قەسەم بەخوا ئێستا ئەو بەرپرسانەتان ئێوە بە فریشتەیان دەبینن.. زۆربەیان خەریکی پارە کۆکردنەوە و خۆ دەوڵەمەند کردن، زۆر لەو بەرپرسانە ئێستا ژێر بەژێر پەیوەندییان بە بەعسەوە هەیە.

-نا مام ئەحمەد وانییە.. تۆ پیاوێکی دڵسۆز و تێکۆشەر بوویت.. لەشۆڕشی ئەیلول و ئێستاش کوڕێکت پێشمەرگەیە چی وای لێکردوویت بەم شێوەیە بیر بکەیتەوە؟

-کوڕم تۆ منداڵیت.. هەموو کورد بە ماڵ و گیان.. لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول بوون، هەزاران کورد لەحکومەتدا فەرمانبەر بوون لە دکتۆر و مامۆستای زانکۆ و ئەفسەر.. هتد. دەستیان لە خۆشترین ژیانی خۆیان هەڵگرت و کردیانە قوربانی ڕزگاری کوردستان.. هاتنە پاڵ شۆڕش و لەگەڵ جوتیار و هەژارانی گوندنشینەکاندا.. بەماڵ و خوێنی خۆیان خەباتیان دەکرد و گرەویان لەسەر سەرکەوتن دەکرد.. جگە لە حشع. پێشمەرگە ئەوەندە زۆربوو لەژمارە نەدەهاتن، زیاد لە پەنجا هەزار پێشمەرگە و هەزاران تۆپی دوورهاوێژ و دەیان هەزار هاوەن و دۆشکە و ڕەشاشی مامناوەند، هەبوو.. هەرچی ئەشکەوت و بارەگای شۆڕش بوو لێوان لێو بوو لەتەقەمەنی و

پێداویستییەکانی شەڕ. شۆڕش هەموو شتێکی هەبوو تەنها فرۆکە نەبێت، بەڵام ئێران دەستی لێهەڵگرت.. نەیتوانی یەک هەفتە بەرگری بکات. هەموو تاوانەکەش بنەماڵەی بارزانی بوو، ژمارەیەک لە لێپرساو و فەرماندە و سەرکردەکانی شۆڕش.. هەوڵیان لەگەڵ بارزانی دابوو پێیان وتبوو: ئێمە ئێستا(٥٠) ملیۆن دینار و خواردن و تەقەمەنی و پێداویستی یەک ساڵ زیاتری شەڕمان هەیە، دەتوانین بەم ساڵە چۆک بەدوژمن دابدەین.. داواکاری و مافی گەلەکەمانی بەسەردا بسەپێنین.. گوێی پێنەدان.پێشمەرگە و فەرماندەکان بەناچاری دوای فەرمانی بارزانی کەوتن. بەهەزاران فەرماندە و پێشمەرگە ئاوارەی ئێران بوون.. بەهەزاران چەکەکانیان شکاند و فڕێیان دایە ڕووبارەکانەوە، ژمارەیەک فەرماندەش پێشتر سیخوڕ و پیاوی بەعس بوون.. تەسلیم بوونەوە.. ئێستا کاربەدەست وجاشی بەعسن. مەلامستەفا کەخۆی و بنەماڵەکەی شۆڕشیان پێنەدەکرا.. ڕێگەیان بەکەسیش نەدا سەرکردایەتی شۆڕش بکات و بەرگری بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، داوایان لەفەرماندە و پێشمەرگەکان کرد.. لەگەڵیدا بچنە ئێران، خۆی و بنەماڵەکەی لە نزیک تاران شوێن و ژیانیان بۆ دابینکرابوو، ئەو خەڵکەی چوونە ئێران سەرگەردان بوون.. نیوەی گەڕایەوە و تەسلیم بوونەوە، هەندێک بۆ سوریا و ژمارەیەکی کەم لە فەرماندەکان خۆیان گەیاندە ئەوروپا.

دواجاریش یەکێتییەکەی ئێوە دەستی بەشۆڕش کردەوە.. بنەماڵەی بارزانی بەناوی (قیادەی موقەتە) وە دەستیان بەجموجۆڵ کردەوە بۆ ڕێگری کردن لە دروست بوونی شۆڕش.

-مام ئەحمەد.. ئەمانەی جەنابت دەیڵێت هەموو ڕاستن، زۆر شتم لەبارەی شۆڕشی ئەیلول و شکستەوە خوێندۆتەوە، بەڵام ئەم شۆڕشە وەک شەو و ڕۆژ لەگەڵ شۆڕشەکانی پێشوو بەتایبەت شۆڕشی ئەیلول جیاوازی هەیە، شۆڕشی پێشوو خێڵەکی و دواکەوتوو بوو، کۆپی شۆڕشەکانی پێش خۆی بوو، دەسەڵات لەدەستی یەک بنەماڵە و یەک کەسدا بوو. هیچ بیروباوەڕێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی نەبوو.. تاکتیکی خەباتی نەبوو، بەفەرمانی شای ئێران هەڵسوکەوتی دەکرد، تەنها و تەنها پشتی بەهاوکارییەکانی ئێران بەستبوو، بەڵام خۆت دەزانی.. شۆڕشی نوێ لەسەختترین بارودۆخی کوردستاندا.. چەند مانگێک دوای شکست خەباتی چەکداری دەستپێکرد، ماوەی دە ساڵ زیاترە بەبێ هاوکاری دەرەکی و بە پشت و پەنای گەلی کوردستانەوە گەورەترین سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، تازە لەگەڵ ئێران ڕێککەوتووە و هاوکارییەکی بچوکی پێشکەش دەکات، ئەو هاوکارییە هەبێ و نەبێ شۆڕش بەردەوام بووە و بەردەوام دەبێت. بەڵام شۆڕشی پێشوو خۆی دەستی لەخەبات هەڵگرت ئەوەی لەشاخ پێیکرا دریغی نەکرد، لەڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی شۆڕش، یەکەم دەستەی پێشمەرگە لە ساڵی **١٩٧٦** لە سوریاوە گەڕانەوە.. لەگەڵ (ئیبراهیم عەزۆ) ژمارەیان(**٣٠**) پێشمەرگەبوو هەموویان (ق م) بەدیل گرتنیان و گوللەبارانی کردن. دوو ساڵ دواتر لەمانگی **١٩٧٨/٦** نزیکەی (**١٠٠٠**) پێشمەرگە

کەنیوەیان بێچەک بوون لەگەڵ شەهید عەلی عەسکەری چوون بۆ سنوری کوردستانی باکور بەمەبەستی هێنانی چەک لە سوریاوە، لەناوچەی هەکاری بەرەزامەندی دەوڵەتی تورکیا و بە گەلەکۆمەی (ق م) و هۆزە دواکەوتووەکانی باکور بەهاندانی (ق م) پەلاماردران وپاش گرتنیان ژمارەیەکی زۆریان گوللەبارانکران. کەزانییان بەو شێوە ناتوانن شۆڕش دابمرکێننەوە بەوەشەوە نەوەستان، ژمارەیەک فەرماندەی (ق م) بەبڕیاری سەرکردایەتییەکەیان پاش شەهیدکردنی ژمارەیەک پێشمەرگە تەسلیم بوونەوە لەباوشی دوژمندا ڕۆژانە پێشمەرگەیان شەهید دەکرد. من وەک ئێستا لەیادمە لەپاش ئاشبەتاڵ بۆ یەکەمجار ئێوارەیەکی مانگی **١٩٧٧/٧** بوو (تەحسین شاوەیس) لەگەڵ دوو چەکداری دیکەدا بە ئۆتۆمبێلێکی لاندرۆڤەری دوا بەتاڵ، هاتنە گوندی توکن لەسەر جادەکەی پێش ماڵمان نیو کاتژمێرێک وەستان و ڕۆیشتن، چەند ڕۆژێک پاشتر لەگەڵ (قادر فەرەج) دا بەپلانێکی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت و لەسەر فەرمانی سەرانی (ق م) لە بەرواری **١٩٧٧/٧/٢٣** مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بەناوی دۆستایەتی و هاوکارییەوە لەگوندی(کانی بی) سەر زێی دوکان فریو دەدەن و شەهیدیان دەکەن. بۆ ڕۆژی دواتر کۆپتەری ڕژێم دێت تەرمەکان و هەردوو خۆفرۆش هەڵدەگرن و دەچن، لەپاش ئەو بەروارە هەردوو ناوبراو دوژمن مەفرەزەی تایبەتیان بۆ دەکاتەوە تائێستا سەدان پێشمەرگەیان شەهید کردووە، لە **١٩٨١/٣** دا لەگوندی (مەلا ئۆمەر)**٢٦** و لە**١٩٨٢/٤/١٩** لەگوندی(بەکر بایەف) **٢٢**پێشمەرگە و فەرماندەی قارەمانی(شع)یان شەهیدکرد. لە**١٩٨٢/٣/٥** لەگوندی قازان بەهاوکاری هەلیکۆپتەر و سوپا **١٢** فەرماندە و پێشمەرگەیان شەهیدکرد. لە**١٩٧٨/١/٣١** لەگوندی تەنگی سەر شەهید ئارامی سکرتێری(کۆمەڵەی مارکسی لینینی) شەهید دەکەن. شەهیدەکانی گوندی کانی بی پێکهاتبوون لە شەهیدان:

**١.** حەمە غەفور ئاغجەلەری فەرماندەی مەفرەزەکە.

**٢.** ئەنوەر کەریم.

**٣.** ئەحمەد محەمەد.

**٤.** عەبدوڵڵا تۆفیق.

**٥.** حەمید عەزیز.

**٦.** ڕەمەزان سەعید.

**٧.** ڕەزا عومەر.

(حەمەخانی حاجی دارا) تەسلیم بۆوە و مەفرەزەی دروستکرد.. **٢٩**لەسەر**٣٠/٤/ ١٩٧٩** لەگوندی زەرِینجۆی شارەزوور، (شەهید سیروان تاڵەبانی) و هاورێکانی شەهیدکرد .

لەو ماوەیەدا دەیان فەرماندەی تر تەسلیم بوونەوە و مەفرەزەی جاشیان دروستکرد.. دەستیان کرد بە شەهیدکردنی پێشمەرگە و خەڵکی بێتاوان.

-دڵنیابە ئەو بەرپرسانەی تۆ.. ئێستا.. خۆیان وەک فریشتە.. نیشان دەدەن، چەندین کەسیان لەژێرەوە پەیوەندییان بە بەعسەوە هەیە، ژمارەیەکیان بازرگانی بەخوێنی ئێوەوە دەکەن و خەریکی خۆدەوڵەمەندکردنن. دڵنیابە رِۆژێک ئەگەر بستێ خاکیان بەدەستەوە بێت و دەسەڵاتیان هەبێت.. هەتا سەرەک جاش و شێخ و ئاغاو دەوڵەمەند وەستابێت، کەس لە تۆو کەسوکاری شەهیدەکان ناپرسێتەوە.

-نا مام ئەحمەد وانییە، تۆ لەرِوانگەی بەرپرسەکانی شۆرِشی پێشووەوە دەرِوانی.. هەموو شێخ و دەرەبەگ و ئاغابوون، بەدەگمەن کورِی هەژارێک-بەرپرس بوو. مام ئەحمەدم لەوی بەجێهێشت بەرەو ناو گوند چووم. مام ئەحمەد هەرچەندە نەخوێنەوار بوو،پیاوێکی دڵسۆزو کوردپەروەر بوو. لەشۆرِشی ئەیلول خەباتی زۆری کردبوو، رەورِەوەی کات و دەستەهارِ و تاڵییەکانی ژیان فێری زۆر شتی کردبوو. من ئەوکات.. بەهۆی هەرزەکاری و بێ ئەزمونیمەوە.. وتەکانی بەگوێمدا نەدەچوون، بەڵام لەپاش راپەرین ئەو هەموو نادادپەروەری و جیاوازی ژیانی بەرپرس و شۆرِشگێرەکانی سەردەمی شاخ و خەڵکی هەژار و سیاسەتەکانی (پ.د.ک) م بینی.. لەساڵانی نەوەدەکان نوسینەکانی کاک نەوشیروانم خوێندەوە، بەتایبەت کە لەپەرِتوکی (لەکەناری دانوبەوە بۆخرِی ناوزەنگ)، لەپاش رِوخاندنی دەسەڵاتی بەعس کەچۆن سەرەک جاش و خۆفرۆشان لە دەسەڵاتدا بوون و چەندین فەرماندە و بەرپرسمان بینی لەرِیزی شۆرِشداپەیوەندییان بە بەعسەوە هەبوو،پاش خوێندنەوەی دیداری تەمەنی خوالێخۆشبوو مام جەلال، هەزار جار وتم ئەی رِوحت شاد مام ئەحمەد.. وتەکانت هەمووی ئێستا وەک خۆی دەبینم. بۆ بەبیرهێنانەوە سەلماندنی وتەکانی مام ئەحمەد.. چەند دێرِێک لە نوسینەکانی کاک نەوشیروان مستەفا بە بیردێنمەوە کە ئەڵێ:(ماوەیەک بوو دەوڵەتی (ئێران وعێراق) بەنهێنی لەهەوڵی گفتوگۆ و رِێککەوتندا بوون، ئەم هەوڵە لەراگەیاندن و کۆرِ و کۆبونەوەکاندا باس دەکرا، هەر بۆیە (ئەنوەر ساداتی) سەرۆکی وڵاتی(میسر ) بە(سامی سنجاری) نوێنەری بارزانی دا هەواڵی بۆ بارزانی ناردبوو وتبووی لەم نزیکانەدا هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق پێکدێن. (هەیکەل) یش لەقاهیرە هەمان شتی بە سامی وتبوو، لێی پرسی بوو ئەگەر عێراق و ئێران رێککەوتن ئێوە چی دەکەن؟ لەوەڵامدا وتبوی بەوپەرِی توانامانەوە درێژە بەشەرِ دەدەین. پاش

شکست (هەیکەل) بەبیری بارزانی هێنابۆوە و لێی پرسیبوو من زوو ئاگادارتم کردەوە بۆ هیچ ڕێگەیەکت نەگرتەبەر لە دژی ئەو ڕێککەوتنە؟ بارزانی لەوەڵامدا وتبوی ئیرادەی خوا بوو .(

هەروا دەڵێت: (کاتێک (سەدام و شای ئێران) لەجەزائیر ڕێککەوتن لە **١٩٧٥/٣/٦**و ڕێککەوتنەکە لە **٣/٩** بەڕەسمی لەڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوکرایەوە، ڕۆژی **٣/١٣** مەلامستەفا لەگەڵ (د.عوسمان و موحسین دزەیی) دەچنە لای شای ئێران، پاش دەست ماچکردنی دایاندەنیشێنێ سەرۆکی ساواک جەنەڕاڵ (نەصیری) ئامادە دەبێت، شا دەڵێ: لەم ماوەیەدا وڵاتانی عەرەبی زۆر بەهێزبوون.. بۆیە ئێمە ناتوانین پشتگوێی بخەین بۆیە لەگەڵ عێراقدا کۆتایمان بەو ناکۆکییانە هێنا کە ماوەی **٤٢** ساڵە بەردەوامە، توانیمان ناکۆکییەکانمان لە بەرژەوەندی ئێران چارەسەربکەین، ئێوەش سەرپشکن لەهەڵبژاردنی چارەنووسی خۆتان کە سێ ڕێگەتان لەپێشە:

یەکەم/ دێنە ئێران وڵاتی خۆتانە.. وەکو هاوڵاتی ئێرانی ڕەفتارتان لەگەڵ دەکەین.

دووەم/ دەگەڕێنەوە بۆ عێراق بەڵێنم لەسەدام حوسێن وەرگرتووە نەتانکوژێ.

سێیەم/ درێژە بەشەڕ و شۆڕش دەدەن ئارەزووی خۆتانە، بەڵام ئێمە سنور لە هاوکاری جەنگی دادەخەین. مەلامستەفا لەوەڵامدا دەڵێت: ئێمە میللەتی تۆین، مادام تۆ لەڕێککەوتنەکە ڕازیت و قازانجی ئێرانی تێدایە.. کەدایکی ئێمەشە، ئێمەش هیچمان لەسەری نییە، ئێمە لەژێر فەرمانی ئێوەداین.. بڵێن بمرن دەمرین و بڵێن بژین دەژین. ئێمە دڵسۆزی ئێوە بووین و دڵسۆزی ئێوەین، بەدڵسۆزی ئێوە دەمێنینەوە، هیچ وتەیەکی تر نەوترا تەنها (موحسین دزەیی) بە شای وتبوو کاتێک من سەفیری عێراق بووم لە (پراک).. بەردەوام ڕاپۆرتم بۆت دەنوسی گەییشتبوونە لات یان نا؟ شا لەوەڵامدا وتبووی بەڵێ.(

ڕۆژی **٦/١٣** بارزانی دێتەوە کوردستان، خەڵک پێیان وادەبێت درێژە بەشۆڕش دەدات، پاش چەند ڕۆژ کۆبوونەوە بنەماڵەی بارزانی بەناوی کۆبوونەوە و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی خۆیان سەرقاڵ دەکەن، تاکو ماڵ وپارەی خۆیان و شۆڕشیان ئاودیوی ئێران کرد. لە**٣/١٩**مەلا مستەفا بروسکەی دابە هەموو هێز و بەتالیۆن و فەرماندەکان، چەکەکانتان بشکێنن وجبەخانەکان بتە قێننەوە و ڕوو لەئێران بکەن(.

لە ناو گوند شەهید حەمە سدیقم بینی.. بەسەر گوێدرێژەکەیەوە جگەرەیەکی سیغاری بەدەمەوە بوو لەپێش مێگەلەکەیەوە بۆ ماڵ دەچوو، ناوبراو هەموو تەمەنی شوان بوو پێم وایە لەکاتی مانگا و مەڕ دۆشیندا لەکۆشی دادە پەریزادی دایکی کەوتبێتە خوارەوە و لەقومات دەرچووبێت و پێی زەوی گرتبێت ساوەلەوان و شوان بووە. لەزمان و جوڵە و بارەی مەڕ و بزن و

زەڕەی گوێدرێژەکەی دەگەییشت، بەجوڵەی با و ئاڕاستەکانی لەکەش و هەوای ئەو ڕۆژەی دەزانی. بەڕێز و جوڵەی ئەستێرەکان و ئاستی بەرزی و لاری هەتاو و کاتەکانی شەو و ڕۆژی دەزانی. هاوڕێیەکی شوانی بۆخۆشی زۆرجار وتەیەکی دەگێڕایەوە:

وتی:جارێک لەسەر ڕووبارێک گوێدرێژەکەی ئاو دەدا.. خۆی بەسەریەوە بوو، پاش خواردنەوەی ئاوێکی زۆر گوێدرێژەکەی کلی بەرزکردەوە و بایەکی درێژی لێدەرچوو، کاک حمە سدیق وتی: برای دایکم تێگەییشتیت وتی چی.

-نەوەڵا تێنەگەییشتم و نازانم چی وت.

-وتی ئویفففف بەخوا ئاوی باشم خوارد.

ئەم پیاوە هەژارە.. دوور لەسیاسەت و ناکۆکییەکانی ژیان، ئەم پەپوولەیە پاش نیوەڕۆی **١٩٨٣/٣/٣١** لەکاتی لەوەڕاندنی مێگەلەکەیدا لەنێوان گوندی توکن و فەتاح هۆمەردا لەلایەن سێ کۆپتەری بەعسەوە درایە بەر دەست ڕێژی گوللە و شەهید کرا .

لەپێش ماڵیان مام عەبدولرەحمان بە ڕدێنە درێژ و ماش و برنجییەکەیەوە وەستابوو، بە بینینی من چاوەکانی پڕ ئەشک بوون.. توند لەئامێزی گرتم، وتی وادەزانم عوسمانم لە ئامێز گرتووە کەتۆ دەبینم.. هەستناکەم عوسمانی کوڕم شەهید بووە. مام هیدایەتم بینی توند لەئامێزی گرتم، وتی وادەزانم عەزەدینی کوڕم برایەکی تری هەیە کەبەردەوام پێکەوە دەتانبینم، وادەزانم مەلا کەریم زیندووە کەتفەنگەکەی ئەوت هەڵگرتووە.مام حەمەخانم بینی ڕدێنی سپی هاتبوو، پوورە جەهان و مەلیعە و وەحیدە و ئیکرام و حەیدەر و لوقمان و ئەسکەندەر و دووسێ منداڵی وردی تر.. بە پەرۆشەوە هەواڵی بورهانی کوڕیان لێپرسیم.

چوومە ماڵ شەهید کاکە، مامەحەمە بە کلاشینکۆفێکی چینی و شەش مەغزەنەوە تازە لەبەرگریکردن لەئۆمەربل گەڕاوەتەوە بەبینینی من گەشایەوە.. فەرموو فەرمووی لێکردم، پوورە ڕەسمێ و مەنیجە و کەماڵ و شەماڵ و چەند منداڵێکیتر بەڕێز وەستابوون، هەموو بە پەرۆشەوە هەواڵی کاکە و عەریف سمایلیان لێ دەپرسیم.

لە پڕ نوزەی سەگێک خەیاڵی پچڕیم و بە ئاگاهاتمەوە، وتم کوان ئەوانەی تۆ لەگەڵیان دەدوێیت؟ هەموو خەیاڵە و بەرەو چارەنوسێکی نادیار بران، کەس نە شوێن و نە ژیان و داهاتویان دەزانێ. تەنها و تەنها سەدام و بندەستەکانی نەبێت، تەنانەت خواش شوێنیان نازانێ، کوا مرۆڤێک..گیانلەبەرێک، تەنها وتەنها ئەو سەگەیە ئەویش وەفا ڕێگەی پێنەداوە کەلوپەلی

خاوەنەکەی بەجێبێڵێ، ئەویش لەبەر برسێتی نیوە گیانە هاکا بەلادا کەوت. ڕوانیم نوزەی سەگە بۆری ماڵ شەهید کاکەیە و لە ناو(ژێرزەمین) کونە تەیارەکەیاندا بەهۆی برسێتی کەوتووە بەئاستەم هێزی تێداماوە، دەرزی لە کەلەکەیەوە ئەو دیوو دەبێ، بە لولەی تفەنگەکەم بە تۆبزی ڕاستم کردەوە و لە ناو کونەکە، وەدەرمنا.

وتم خوایە دەڵێن تۆ ئاگات لەخشەی گیانلەبەرە خشۆکەکانیش هەیە، بڵێی تۆ ئاگات لە وەفای ئەم سەگە و خیانەت وخۆفرۆشی زۆڵە کورد و جاشەکان دژ بەخاک و گەلەکەی هەبێ؟

بینیت چۆن پێش سوپای ئەنفال کەوتن و وڵاتەیان تەختی زەوی کرد؟ ئاگات لە ئومەت و نەوەکانی پێغەمبەر و خەلیفەکان هەیە.. چۆن گەلێک کۆمەڵکوژ دەکەن و هەوڵی سڕینەوەی دەدەن؟ ئاگات لەتەختکردنی مزگەوت وماڵی خۆت هەیە کەهەموو فەرمان و هەموو قورئانەکانت لەژێر تایە و کێلەی شۆفڵدا وورد بوون؟ خوایە گیان بۆ ماڵەکانی ئێمە بێدەنگ بوویت ئەی ماڵەکەی خۆشت پێ نەپارێزرا؟ ئاگات لەتاوانەکانی عەرەب و بەعس هەیە؟ بەعس دەناسیت؟ ناوی بەعست بیستووە؟ بۆ بێدەنگیت؟ بێدەنگیت نیشانەی ڕازی بوونتە بەو تاوانانە وەک عەرەب دەڵێت (السکوت علامه الرچی)، تۆ لایەنگر یان ئەندامی بەعسیت؟ یان تۆش وەک ئێمە ڕقت لەبەعسە و لەترسدا بێدەنگی؟ تۆ لەزمانی عەرەبی باش دەزانیت، وتەکانت هەمووی عەرەبییە و بۆ عەرەبە، دەبێت بە عەرەبیش بتپەرستین ئەگینا قبوڵ نییە. دەبێت ئێمەی عەرەبی نەزان چۆن هاوارت بۆ بێنین.. چۆن لێت بپاڕێینەوە.. چۆن لێمان بگەیت؟ ئاگات لێیە بەناوی تۆ و بەوتەی تۆ و سورەتی(ئەنفال) مالمَان دەسوتێنن ودەمانکوژن..خوشک و دایکمان دەبەن و بۆخۆیان حەلاڵی دەکەن؟

لەگەڵ ئەو هەموو خەیاڵ و گفتۆ گۆیەدا.. لەگەڵ خۆم وخوادا.. لە دەنگی هاتن هاتنی مامۆستا عوسمانی هاوڕێم شریتی خەیاڵم بچڕا.

-چی هات مامۆستا دڵمت هێنایە خوارەوە وامزانی هێزی دوژمن هات.

-ئەو خەڵکانە هاتن کە هاتووین بۆ بینینیان.

تەماشای بەرزییەکەی بەرامبەر گوندم کرد سێ ژن و دوو منداڵ بەرەو ناو گوند دێن.. بەرەو پیریان چووم.. لەسەر کانی خوڕە پێیان گەییشتم، هەڵکەوتەی کانییەکە لەناو شیوێکی قوڵ و زەوییەکی پتەو، لەشێوەی غار بەقەد کەندەکەوە چاڵێک کرابوو، نزیکەی چل لتر ئاوی دەگرت.. کانییەکە بە دارو ڕووەکی خۆڕسک داپۆشرابوو کەشێکی شێدار و فێنکی هەبوو، لە مانگی ڕەمەزاندا زۆر لەژنە بەتەمەنەکان لەگەرمای هاویندا لێرە دەمانەوە، کانییەکە حەفتا

مەترێک لەمزگەوتەکەوە دوور بوو، هەموو ڕۆژێک لەگەڵ هەتاو کەوتن تا تاریک بوون.. جمەی دەهات لەژن و کچانی گوند، ئەم کانییە گەواهیدەری هەزاران چیرۆکی خۆشەویستی ئاشقانەی جوان و شیرین و پاک و بێگەردی کچان و کوڕانی گوندبوو، کە پاڵەوانی ئەو چیرۆکانە بەهەزاران هیوا و ئاوات و خەیاڵی زەرد و سورەوە.. لەبیابانەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقدا بەدەستی عەرەب و بەعسییە مێشک گەنیوەکان زیندە بەچاڵکران.

ئەوانەی کەهاتبوون.. هەریەک لە (سەعدیە خورشید) خێزانی شوکەخانە و(نەدیمە ئەحمەد) خێزانی (لەتیف ساڵەح غەفورخانە).. چەند منداڵێکیان لەگەڵ بوو. بەخێرهاتنم کردن..لامان دانیشتن، لەناو گوند بەبەرد کەرویشکێکی ماڵیم کوشتبوو لەسەرکانییەکە پاکم کرد و کردم بە چێشت.. پێم وتن ئێوارە لای ئێمە نان بخۆن، لە سەعدیەم پرسی.. ئێوە گیرابوون؟

-بەڵێ هەموومان ڕۆژی ٤/١٤ لەگوندی (ملەسورە)ی سەربە ناحیەی ڕزگاری گیراین، ئەو خێزانانەی تراکتۆریان پێ بوو سەربازیان لەگەڵیان سەرخستن و ئەوانی تر لەئیفای سەربازی بارکراین و بەناو کەلاردا براین بۆ فرقەی ٢١ لە قەلای (حەوش کوڕوو) لەنزیک ناحیەی (قۆرەتوو)..پاش دوو ڕۆژ لەڕێگای (جەلەولاو قەرەتەپە)وە براینە خورماتوو، لەوێوە بۆ(داقوق وکەرکوک) دواتر بۆ بارەگای سوپای میللی (جیشی شەعبی) لەتۆبزاوا، لەگەڵ گەیشتنمان پیاو و ژنیان لەیەک جیاکردەوە. منداڵە کوڕەکانیش ئەوەی کەمێ هەیکەلی هەبوو لەسیازدە ساڵ بۆ سەرەوە لەدایکیان جیاکرانەوە و سبەی لەگەڵ پیاوەکاندا کەس نازانێ بۆ کوێ بران، ژنە بەتەمەنەکانیش کە لەپەنجا تا پەنجا و پێنج ساڵ لە ئێمە جیاکرانەوە، پاش چەند ڕۆژێک بۆ شوێنی نادیار بران، ئێمە لەوێ ماینەوە بەند بووین، لەو ماوەیەدا چەندین جاریتر ژن و منداڵیان لێمان برد نەماندەزانی بۆ کوێ بران. تا ڕۆژی لێبوردنەکە خۆم و منداڵەکانم هێنراینە ناحیەی عەربەت ناونوس کراین و نوسراوێکیان داینێ تێیدا نوسرابوو ناوبراو کە ناونیشانی تەواوی تێدا بوو لەعەمەلیاتی ئەنفالدا گیراوە و ئازاد کراوە، ئەو تۆمارکردن و نوسراوە بۆ ئەوەیە کەی بیانەوێ بمانگرن و تۆڵەمان لێبکەنەوە، دواتر هێنراینە ناحیەی (رزگاری) ئازاد کراین، پێیان وتین بۆ کوێ دەچن ئازادن تەنها بۆ گوندەکانتان نەبێ، جگە لە محەمەدی کوڕم کەتەمەنی چواردە ساڵ بوو، لەگەڵ باوکی لە تۆبزاوا لەئێمە جیاکرانەوە.

-باشە.. تۆ ڕۆژی ٤/١٣ لەگوندی عەلیان بەهۆی ئەو فیشەکەی لەدەست مەحمود دەرچوو لاقێکت بریندابوو چۆن بەو حاڵەوە ئەو هەموو ڕێگایەت بڕی؟

-چی بگێڕمەوە؟ ڕۆژێ دوای برینداربییەکەم خوێنم لێدەچۆڕا بەدەم ئازارەوە وەک ئاژەڵ بنباڵیان گرتم و فڕێدرامە ناو ئیفا و ئەو هەموو ڕێگایەم بڕی کە لەسەر جادەکان عەشایەرە

عەرەبەکان بەپیاو و ژن و منداڵەوە هاتبوونە سەرجادە و تەقەیان بەسەرماندا دەکرد و سرودی نیشتمانی ونەتەوەییان دەوت. ژنەکان سەرپۆشەکانیان بەدەستەوەبوو ڕایاندەوەشاند و هەلهەلەو سرودیان بەسەرماندا دەوت..منداڵەکانیش بەفیکە و هاوارەوە مێشکمانیان خستبوو، ئەوەی ئێمە بینیمان هەرگیز بەزمان ناتوانی گوزارشتی لێبکەیت، ڕۆژی حەشر بوو.

-لەو چەند ڕۆژەی گرتن و ڕێگا.. لە تۆپزاوا خێزانی ماڵی ئێمەت نەبینی، گیراون یان نا؟

-بەداخەوە خێزانەکەتان جگە لەحوسێن و عزیز برات و مریەم براژنت هەموو لەگوندی ملە سورەوە تا تۆبزاوا پێکەوە بووین، لەوێ لەیەک دابڕاین نەیانم بینیەوە و نازانم چییان بەسەرهات، نەمبیستوە ئازاد کرابن.

بەم هەواڵە ئاگر لەناخم بەربوو، قسەکانی عەزیز برام کەوتەوە بیر کە لە ڕۆژی **١٩٨٨/٤/٨** لەکاتی بەرگریکردن لەناو گوندی (لفتی ئاغا) دا پێی وتم.. دایکم زۆرحاڵی بۆ تۆ خراپە ئەوەندە گریاوە.. چاوەکانی خەریکە لەبینین دەکەوێت، هەرچۆنێک دەبێت سەرێک لەماڵ بدەوە،یەک یەک وێنەی (دایکم، باوکم، حەسەن برام، نسارو شلێرو ئاوازو بەنازی خوشکم وپەیمان و ژیان ودابان وسروەی برازام ونەبیهەی براژنم) لەپێش چاوم بوون.. سەدان بیرەوەری جوان وخۆشم بەبیردا دەهاتەوە، هاتەوە یادم ساڵی **١٩٧٦** باوکم لەگەڵ پیاوانی گونددا چوون بۆ بەغداد بۆ کرێکاری، لەگەڕانەوەیدا پارچەیەک قوماشی بازەی بۆ هینابووم، کەئێستا خەڵک بۆ پاککردنەوەی کەرەستەی ناو ماڵ بەکاریدەهێنن، دایکم بەدەستە پیرۆز و ماندوو شەقار شەقارەکەی دەستیکرد بەدوورینی. ئەوەندە پەلەم بوو تەواو بێت و لەبەری بکەم بەچرکە چاوم لەسەر دەرزییەکە لانەدەچوو. هەموو جارێک لەگەڵ دەرزییەکەدا ئەمدیو ئەودیو دەبووم، دەیانجار دەرزییەکە بەدەستیدا دەچوو خوێنی لێدەردەچوو دەترسام و دەمگوت: دایە..دایە خوێن..خوێن، دەیگوت هیچ نییە کوڕم با بۆت تەواو بکەم و لەبەری بکەیت، وابزانم دایکم لەمن پەلەتری بوو، لەگەڵ تەوابوونی بردمیە نزیک سۆپا دارینەکەوە لەناو تەشتێکی گەورەدا شۆردمی، بەشێوەیەک کەهیچ مردوویەک.. وا نەشۆرابێت، ئەوەندە سابونەکەی بەتوندی بەلەشمدا دەهێنا ئەگەر خزنەبوایە لەگەڵ خۆی هەموو پێستی لەشمی دادەماڵی، پاش شوردنم لەبەریکردم وچوومە ناو منداڵانی گوند.. وام دەزانی هەرچی موڵکی دونیا هەیە بەمن دراوە.

لەبیرمە لەقرچەی گەرمای گەرمیاندا هێلکەی کوڕکوڕ دەبرژا، قومقمۆکەکان لەسەر تاوێرو تاشەبەردەکان پێیان دەسوتا، بزن مژۆکەکان لەترسی تیشکی خۆر لەکونەکانیان نەدەهاتنەدەر، شوانەکان لەترسی تیشکی خۆر و گڕەی گەرمیان گوێدرێژەکانیان کردبوو بەسێبەر، دەشتی سورخەلیل بە هۆی گەرماو تەنورەی زەوییەوە وەک شەپۆلی دەریا خۆی دەنواند، لەبەر گەرما ماوەی بینین تەنها سەدمەترێک بوو. بەو مەشریقانە باوکم بۆئەوەی شەرەفمەندانە و چاو

لەدەستی کەس نەبین.. بۆ بەخێوکردنی ئێمە لەبەیانی زووەوە خۆر بۆ خۆر درەوی گەنمی دەکرد بە هەزار و دوو سەد و پەنجا فلس. لەیادمە لەمانگی ڕەمەزاندا وەک پیشەی هەمیشەیی بە ڕۆژوو بوو بەیانی دەچوو دەشتێک گەنمی درەو دەکرد و نیوەڕۆ دەهاتەوە بۆماڵ.. لە گەرمان بەردەوام لەسێبەری دارتووەکەدا دادەنیشت و ئاوی بەسەر و چاو و پێکانیدا دەکرد.. بەباوەشێنە خورماکە خۆی فێنک دەکردەوە.

لەپێش چاوم یەک یەک منداڵەکان لەگەڵم دەدوێن..جلەکانی جەژنی ڕەمەزانیان نیشان دەدام وپێیان دەوتم مامە جوانە کاکە جوانە. لەخەیاڵێکی قوڵدا لەگەڵ ئازیزانم بووم، بەدەنگی نەدیمە بەئاگا هاتمەوە وتی: هەموو خەڵکی گوند تیاچوون، هەموو وەکو یەک.. ماڵمان وێران بوو، خۆت بێتاقەت مەکە.

لەتیف مێردم لەمن ومنداڵەکان جیاکرایەوە و کەس نازانێ چی بەسەر هات؟ من و سێ منداڵ هاتوینەتەوە هەر ڕۆژەی لەماڵ ناسیاوێکداین، نە ماڵ.. نە خانوو.. نەپارە.. هیچمان نییە نازانین ڕوو لەکوێ بکەین، ئێستا هاتووین دەڵێم بەڵکو هەندێ شرەم لەژێر داروپەردوی خانووەکان دەستکەوێ.. بۆ منداڵەکانمی ببەمەوە. زۆربەی خێزانەکان تاکە کەسێکیان دەرنەچووە وەک (مام فوئاد ناوخاس و حەمەجان کاکەمین و عەبدولرەحمان و جەبار مام سەعیدو هیدایەت مام سەعیدو عادل وئەحمەدو جەمال حەمەلاو)، بەس نییە ئێوە سێ کەستان دەرچووە، زۆر لەپیاوە پیرەکانیش تەنها خۆیان ئازاد کراون و گەڕاونەتەوە وەک(عەلی مامەلی وعەلی قادرو ئەحمەد حوسین وساڵەح ئەحمەدەکەڕ ومحەمەد حەمید ئامە) بەنیوە گیانی گەڕانەوە.. هەر ڕۆژەی لەماڵێکدان، هەموو وەک یەک ماڵوێران بووین.

-باشە پێم بڵێن هیچ پیاوێکی گەنج ئازاد کراوە جگە لە پیرەکان. هیچ گەنجێک ئازاد نەکراوە تەنها پیر و پەککەوتە نەبێت.

-بەڵێ نەدیم تۆ نازانی چەند زەلامێکی گەنج ئازاد کراوە، ئەڵێن جاسوس و پیاوی دەزگا ئەمنییەکان بوونە پاش گرتنیان خۆیان ئازادیان کردوون، وەک ( ئیدریس حەمەی سەمەد) خەڵکی گوندی (ئۆمەربل)،پاشان لەساڵی **١٩٩٣** کوژرا. (عزیز حاجی عومەر) خەڵکی گوندی(سمباق) دوو کەسی تر باس دەکرێ یەکیان خەڵکی ناحیەی (کوڵەجۆ) ی زەنگاباتە، ئەویتریان خەڵکی گوندە ئازادکراوەکانە. جگە لەمانە نەمبیستووە کەسێکی ئاسایی ئازاد بووبێ.

- ئەرێ لەبیرم چوو ئەمڕۆ بۆپورە بەفراوم نەهات بۆ بینینم.

-چەند ڕۆژێکە بەبڵندگۆوە بەناو کۆمەڵگادا دەگەڕێن و دەڵێن هەرکەسێک لە گوندەکانەوە هاتووەتە ناو شارەکانەوە و نەگیراوە دەبێت سەردانی (بارەگای حیزبی بەعس) بکەن لەناحیەی(عەربەت)، لەوێ ناونووس دەکرێت و دوو نوسراوی پێدەدرێت یەکەمیان ناونیشانی تەواوی کەسوکاری گیراو و نەگیراوی تێدا تۆمارکراوە، لەگەڵ ناونیشانی پێشوو ئێستای، نوسراوی دووەم بۆ هەموو دەزگا ئەمنییەکان نوسراوە، تیادا هاتووە ناوبراو لەئەنفالدا خۆی ڕادەست کردووە و ئازادکراوە و ناسراوە، لەسەر ئەو نوسراوە حکومەت زەوی و پێداویستی تری پێدەدات، هەر کەسێک سەردانی ئەوێ نەکات دەگیرێت و هیچ مامەڵەیەکی بۆناکرێ. بۆ ئەو مەبەستە چووە بۆ عەربەت بۆیە نەهاتووە، باشە ئێوە بەتەمای چین لەم وڵاتە وێران و سوتماکەدا، لەم لێبوردنەدا تەسلیم نابنەوە؟

-ناوەڵا تەسلیم بوونی چی، ئێمە بەڵێنمان بە هاوڕێ شەهیدەکانمان داوە چۆک دانەدەین بۆ دوژمن، پاش ئەو هەموو قوربانییەی خێزانەکەمان بۆ دوژمن ملکەچ بکەین؟ بەڵێن بێت بەگیانی دایک وباوک و هەموو کەسوکارم، مەگەر مەرگ چۆکم پێدابدات لەبەرامبەر دوژمندا، بەڵێن بێت تا هەناسەم تێدا بێت دژی دەسەڵاتی بەعس و داگیرکەرانی کورد بوەستم.

پێکەوە.. نانی ئێوارەمان خوارد.. وتیان ئێوە چی دەکەن؟ پێمان خۆشە لێرە بمێننەوە، دیاربوو دەترسان، ناهەقیانیش نەبوو.. سێ ژن و دوو منداڵ لەناو ئەو هەموو کەلاوە و وێرانەدا .

# سەردانی برادەران لەچەمی ئۆمەربل

پاش نانخواردن ئێمە بەڕێکەوتین، لەڕێگا مامۆستا عوسمان وتی.. بۆ.. لای ئەواندا.. تۆ دەڵێی تەسلیم نابینەوە؟ وتم بۆ نەڵێم من دڵنیام لەخۆم تەسلیم نابمەوە..بۆ تۆ دەتەوێت تەسلیم بیتەوە؟ پاش چەند ڕۆژێک تەسلیم بۆوە، شەو چووینە لای برادەران لە چەمی(ئۆمەربل) کەئەم برادەرانە لەوێ بوون:

١. شەهید ئەحمەد حاجی ڕەشید.
٢. شەهید کامەرانە ڕەش.
٣. شەهید مامە قالە.
٤. حەسەن حەمید.
٥. عەلی نوری.
٦. سەباح شێخ حەمیدی.

٧.	سەمەد تەختەمینەیی بۆ سبەی تەسلیم بووەوە.

چەند کەسێک لە کەس وکاری پێشمەرگەکان هاتبوون وەک:

١.	حەمید حەمە عەلی  باوکی حەسەن.
٢.	جاهیدە خوشکی حەسەن.
٣.	دادە جەیران خوشکی عەلی.
٤.	پورە فاتم دایکی شەهید کامەران.
٥.	داود کوڕی شەهید کاک ئەحمەد.
٦.	مەحمود برای شەهید مامە قالە.
٧.	دایک سەباح.
٨.	دایک سەمەد تەختە مینەیی.

نزیکەی شەش مانگ بوو.. فانیلەی ژێرەوەم لەبەر نەکردبوو، دادە جەیران دوو فانیلەی هێنابوو بۆ عەلی.. یەکێکیانی دا بە من، میوانەکانی شار پاش ویستیان نیوەڕۆ بگەڕێنەوە، پورە فاتم هەواڵی هاتنی کاک عوسمانی زانی.. وتی وەڵا ئەمڕۆش ناچینەوە من دەمێکە تینوی بینینی عوسمانم.. مادام دێت بۆ ئێرە ئەو شانسە لەدەستی خۆم نادەم، شەو کاک عوسمان هات بۆ لامان پورە فاتم بەمیهرەبانییەوە لە ئامێزی گرت، بەردەوام هەموو مانی لەئامێز دەگرت و بەزمانە شیرین و پڕ هەست و سۆزەکەی دەیدواندین، شەو پورە فاتم هاتە لای من و شەهید کامەرانەوە وتی دایکت بمرێ عوسمان دووچڵ سوقانی ماوە. وتم ڕەنگە ئێستا بەقەد کێوێک بێت، چاوم بۆ زەلامێکی بالابەرز و چوارشانە دەگێڕا، کە وتتان کاک عوسمان ئینجا زانیم من بە هەڵەدا چووم. لەگەڵ شەهید کامەران زۆر پێکەنین ئەو شەوەمان بەخۆشی و پێکەنین بەڕێکرد، ئەو شەوە بیرم لەچەرخی زەمان و ڕووداوەکان دەکردەوە، ئەو هەموو دایک وباوک وبراو خوشکی پێشمەرگەیەم دەبینی بەو هەموو مەترسییەدا بەپێی خۆیان بەنێوان ڕەبیەی دوژمندا بەو شەوە پڕ مەترسییەدا لەناحیەی ڕزگارییەوە دەرچوون و هاتوون بۆ لای خۆشەویستانیان، چەندساڵێکی پێش ئێستا لەپاش کۆتایی هاتنی گفتوگۆی شۆڕش و بەعس و گەرمبوونی کورەی شەڕ و هەراسانکردنی دوژمن بەناچاری پەنای دەبردەبەر هەموو کارێکی دڕندانە و نامرۆڤانە. بەهیچ شێوەیەک ڕێگای بەهێنانی خواردن و سوتەمەنی و هەموو پێویستییەکی ژیان نەدەدا. بەتایبەت لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ عەلی کیمیایی کرا بەحاکمی کوردستان.. دوژمن لەهەموو دامودەزگاکانیدا هیچ مامەڵەیەکیان لە کەسوکاری پێشمەرگە وەرنەدەگرت، لەوە ناشرینتر خێزانی پێشمەرگەیان

بانگدەکرد بۆ دەزگا ئەمنییەکانی بەعس ناچاریان دەکردن بچن لەدادگاکان لەمێردەکانیان جیاببنەوە.. (تەلاق) وەربگرن. لە نەخۆشخانەکان هیچ چارەسەرێک نەدەکران هیچ دادگایەک لە سکالاکانیانی نەدەکۆڵییەوە، خێزانی پێشمەرگە بەبێ هیچ پێداویستییەکی ژیان دەکرانە ناو ئۆتۆمبێلی سەربازییەوە.. دەهێنرانە دەرەوەی شارەکان و پێیان دەگوتن ئەو ناوچانە شوێنی بەکرێگیراوانی ئێرانە و ئێوەش کەسوکاریانن بچن بۆلایان، لای ئێمە جێگاتان نابێتەوە. بیرم لەو دوو هەڵوێستە دەکردەوە.. ئەم هاتنە لەژێر مەترسی مەرگدا و ئەو هاتنەی ئەو کاتە.. بەتۆبزی دەنێردران. لەو ڕۆژانەدا خێزانی پێشمەرگە دەردەکران و خێزانی شەهید مەجید دووزی لە خورماتوو دەرکرابوون هاتبوونە گوندی دوڕاجی، زۆر نەدار و دەستکورت بوون.. هیچیان لەگەڵ خۆیان نەهێنابوو. چووین بۆ سەردان و دڵنەواییان تانجییەکم بینی زۆر خزمەتیان دەکرد زۆر پاک و قەڵەو بوو، وتم کاک مەجید ئەم تانجییە لەم نەدارییەدا وا خزمەتی دەکەن ئەوەندە تێروپڕە لەسیخوڕە تێروپڕەکانی بەعس دەچێت ڕاو دەکات؟ وتی ئەگەر کەروێشکی بۆ ببەستیتەوە دەیگرێت.پاش نیوەڕۆ میوانەکانمان بەڕێکرد.. من و سەباح و مامۆستا عوسمان گەڕاینەوە بۆ لای برادەرانی ترمان لە (تووەکەی مەحمود قولاب)، لە سبەینێوە سەرقاڵی کۆکردنەوەی خواردن و پێداویستی بووین.. لەنێوان گوندی (قولیجان و سەرڕەش)، بۆ نیوەڕۆ گەڕاینەوە بۆ لای برادەران بۆنان خواردن, بینیمان ژمارەیەک لە کەس و کاری پێشمەرگە هاتوون,لەوانە .

**١.** عەبدلرەحمان باوکی بورهان زەرداوی، داوای لێکرد بچێتەوە بەڵام بورهان ڕازی نەبوو.

**٢.** پورە سوڵتان دایکی (مام وریا) کە لەئێران بوو.

**٣.** پورە گوڵە دایکی (عەزە گوڵە)، مامە عەزەی ڕازی کرد بچێتەوە، مامە عەزە بەگریان دەستی کردە ملمان و داوای لێبووردنی کرد وتی: دایکە پیرە ژنەکەی تەنهایە لەبەرئەو دەچێتەوە، زۆر دڵم پێی سوتا و دڵمان دایەوە.. وتمان ئاساییە بچۆرەوە، پیاوێکی دڵسۆز و خۆڕاگر و لەخۆبردوو بوو، بەتەمەنترین پێشمەرگەمان بوو، تەمەنی لەنزیکی پەنجا ساڵ دەبوو، لەگەڵ مەفرەزە سەرەتاییەکاندا وەک (شەهید سیروان و شەهید خالد گەرمیانی و سامان گەرمیانی) پەیوەندی هەبوو، زۆر هاوکاری کردبوون، ئەو بڕیارەی لەناچارییەوە بوو لەناخەوە دەگریا، لەکاتی بەڕێکەوتنی بەپێکەنینەوە وتم ترە قوڕباقە خۆر مەگری.

**٤.** ام مەدحەت باوک(هەندرێن) کە لەئێران بوو، نیوەڕۆ لەسێبەری کەنەکەدا لەنزیک کانییەکە خەوتبوو، جارجار پرخەیەکی زۆر سەیرو بێوینەی دەهات.. باوەڕ بکەن دەتگوت دەستەهاڕە، تولەسەگێکمان هەبوو لەسەر ئاوی زێی

دوكانەوە لەگەڵمان هاتبوو بۆ گەرمیان، تولەكە لەگەرما دەهات بۆ سێبەرەكە لەگەڵ پرخەكەدا بەوەڕین دوور دەكەوتەوە، كەدەنگ نەدەما دیسان لەگەرادا دەهاتەوە بۆ سێبەرەكە، دیسان لەگەڵ پرخەكەدا بەوەڕین دەڕۆیشت، ئەم فیلیمە نیو كاتژمێر زیاتر بەردەوام بوو ئێمەش پێدەكەنیمان. بۆ سبەی گواستمانەوە بۆ حەشارگەیەک لەنێوان گوندی كانی عوبێد و خان خواروو، لەوێش دەستمانكرد بەكۆكردنەوەی خواردن و پێداویستی، كاک عوسمان پێی وتین برادەران هەرچەندە من پێم وایە پاش ئەم لێبوردنە دوژمن قورسایی خۆی بۆ كێومالآ و (تمشیت) كردن دەخاتە سەر قولآیی گەرمیان و ناوچە نزیكەكان ئارام دەبن لەو كاتەدا ئەبێ تاكتیكی خۆحەشاردان و شوێنەكانمان بگۆڕین، بەلآم ئێستا لەم نزیكانەدا شوێنێكم دیاری كردووە بۆ ژێر زەمین، ژمارەتان زۆرە ببن بەدوو بەشەوە نیوەتان خواردن و پێداویستی كۆبكەنەوە نیوەكەی ترتان هەوڵی هەڵكەندنی ئەو ژێرزەمینە بدەن، پاش چوار ڕۆژ كاركردن هەموو دەستمان بووبووە تلۆقە بەماندبوونێكی زۆر لە نیوەی مانگی نۆدا بوو دوو ژێر زەمینی (**٥*٣**و**٤*٣**)مان دروستكرد.

لەو ڕۆژانەدا مام ئیسماعیل باوكی شكور هات بۆ لامان زۆر هەوڵی لەگەڵ شكوردا بچێتەوە، بەلآم شكور وتی ئەگەر بشمرم هاوڕێكانم بەجێناهێڵم دەبێت مانونەمانم لەگەڵ ئەواندا بێت، باوكی وتی تۆ ملت بەقەد كێری منی ماوە بەرگەی ئەو ژیانە ناگریت بەگوێم بكە بێرەوە، لەگەڵی نەچووەوە.. بەتەنها ڕۆیشتەوە.لەو ڕۆژانەدا ئێمە سەرقاڵی كۆكردنەوەی خواردن بووین لەوێ نەبووین، (مامۆستا عوسمان) وتبووی برادەران ئەوەی ڕاستی بێت من زۆر فكرم لێكردووەتەوە پێم وانییە توانای ئەو بارودۆخە سەختەم هەبێ كە چاوەڕوانی دەكەین، پێم باشە ماڵئاوایتان لێبكەم و بچمەوە، عەلی نوری لەدڵسۆزییەوە پێیدا تەقیبوو هەندێ جنێویشی بەوانە دابوو تەسلیم بەدوژمن دەبێنەوە، هەر كەسێک بڵێت دەچم تەسلیمی دوژمن دەبمەوە لەجیاتی ماڵئاوایی جنێوی پێدەدەم. برادەران.. دڵی مامۆستایان دابۆوە و ماڵئاواییان لێكردبوو، وتبوویان دڵگران مەبە عەلی زۆرجار ئەو هەڵچوونەی هەیە.

# گەڕانەوەی دەستەکەی کاک ئازادی سەگرمەو مام ڕۆستەم

دەستەکەی کاک(ئازادی سەگرمە و مام ڕۆستەم) لەمەڵبەندی "سێ " و دۆڵی بالیسانەوە پێش ئێمە بەچەند ڕۆژێک دەرچووبوون لە **١٩٨٨/٨/٢٢** گەیشتبوونە گەرمیان.. کە لەم برادەرانە پێکهاتبوون:

١. ئازاد غەریب عەبدولا (ئازادی سەگرمە)، پێشتر فەرماندەی تیپی**٥٧**ی سەگرمە بوو، یەکێک بوو لەفەرماندەی تیپە چالاک وقارەمانەکانی مەڵبەندی یەک، دواتر بووە ئەندامی مەڵبەند بەشی سەربازی.

٢. شەهید ئەردەڵان عەلی نادر لەمانگی **١٩٨٨/١١**تەسلیم بۆوە لەساڵی **١٩٩٢** شەهیدبوو.

٣. شەهید مەریوان سلێمان ئەمین (مەریوان هەمەوەندی) لەمانگی **١٩٨٨/١١** تەسلیم بۆوە.

٤. شەهید عەبدولڕەحمان محەمەد شەریف (ڕەیسی چەمچەماڵ) لەمانگی **١٩٨٨/١١** تەسلیم بۆوە و لەساڵی **١٩٩١** لەبانمەقان شەهید بوو.

٥. شەهید حوسێن عەبدولا (شێرکۆجدی)، لە **١٩٨٨/١٠/١١** لە چەمی لاهێز لەکاتی پارتیزانیدا لەلایەن هەلیکۆپتەرەوە لەگەڵ دوو هەڤاڵی ترد شەهید بوو.

٦. شەهید هەڵکەوتی ئەندازیار لە**١٩٨٨/١٠/١١** لە چەمی لاهێز شەهید بوو.

٧. شەهید شێرزاد عەریف ڕەمەزان لە**١٩٨٨/١٠/١١** لەچەمی لاهێز شەهید بوو.

٨. ڕۆستەم حەمید (مام ڕۆستەم)، پێشتر فەرماندەی تیپی **٢١**ی کەرکوک بوو کەچالاکترین تیپەکانی مەڵبەندی دووبوو، لەساڵی **١٩٨٦**وە ئەندامی مەڵبەند بوو لەبەشی سەربازی.

٩. خوارەحم ساڵەح کەریم (چالاک.)

١٠. جەمال کەمال عەزیز.

١١. سەرکەوت ئەحمەد مەحمود.

١٢. ساماڵ ڕەحیم کاکەولا .

١٣. مەریوان حاجی حوسێن (مەریوانی کفری) دواتر هاتە دەستەکەی ئێمە.

١٤. تەها غەریب عەبدولا (تەهای برای ئازادی سەگرمە.)

١٥. كەمال ڕەحیم کەریم (کەمالە خڕە) لەمانگی ١٩٨٩/١ تەسلیم بۆوە لەساڵی١٩٩٦ لەشەڕی ناوخۆ شەهید بوو.
١٦. مەحمود عەبدلسەمەد حەمەخان (شێخ مەحموده درێژ.)

هەریەک لەم دوو هەڤاڵەی خوارەوە لە مەڵبەندی "سێ"وە لەگەڵ دەستەی کاک ئازاد تا گەرمیان هاتن، لەبەرئەوەی شارەزای ناوچەکەبوون، دواتر هاتنەوە دەستەکەی ئێمە دەستەی کاک(عوسمانی حاجی مەحمود.)

١٧. حەسەن حەمید حەمە عەلی (حەسەن ئۆمەربلی.)
١٨. عەلی نوری دەروێش(عەلی ئۆمەربلی.(

لەکۆتایی لێبوردنەکە نزیک بووینەوە ڕۆژێک لەگەڵ کاک (عوسمان) چووین بۆ لای دەستەکەی کاک ئازاد و مام ڕۆستەم، گوێدرێژێکمان پێبوو.. لەنێوان گوندی (سەرڕەش وخان) سێ کۆپتەرمان لێ پەیدابوو.. بەپەلە هەگبە و کورتانمان لێکردەوە بەتەواوی شپرزەی کردین، ڕۆژێکی زۆرگەرم و بێ هەوا بوو.. سەرمی داخکردبوو، لەڕێگادا کەشیدەیەکم بینی دام بەسەرمدا، چووینە لای برادەرانی کاک ئازاد لەئەشکەوتێکی نزیک گوندی (مەلائۆمەر) بوون مام ڕۆستەم یەکسەر پێی وتم مام حاجی بەخێر بێیت، شەهید حەمە ڕەش و کاک کەریم پێش ئێمە لەوێ بوون، دەبینین لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە چوار پێنج گوێدرێژ و ئێستر بەستراوەنەتەوە.. ئەو ناوە هەموو کورتان و هەگبە و کەلوپەلە.. نزیکەی بیست و پێنج پێشمەرگە لەو ناوەیە، کاک عوسمان وتی کاک ئازاد بەم شێوە گوێنەدان بەدوژمن ئەنجامی خراپی دەبێت، هەر ئێستا کۆپتەر بێتە سەرمان بەپێنج خولەک ناتوانین ئەو کەلوپەلانەی دەرەوە کۆبکەینەوە و بیهێنینە ژوورەوە، لەکاتێکدا سی چرکە بەسە بۆ ئەوەی دەنگی کۆپتەر ببیستی و بێتە سەرت، هەندێجار بەناو چەم و شیوەکاندا دێت هیچ دەنگی نابیستیت هەر ئەوەندە دەزانیت دێتە سەرت ئەڵێی لەژێر زەوییەوە بۆت دەرچووە، ئێمە ئێستا لەڕێگا بۆ ئێرە دەهاتین سێ کۆپتەر هاتنە سەرمان شپرزەیان کردین، دواتر بەرپرسی دەستەکان سەریانکرد بەیەکدا.. دیاربوو کۆبوونەوەیان هەبوو لەسەر کاتی دیاریکراو کۆببوونەوە، بەهۆی ئەوەی کاک ئازاد و مام ڕۆستەم تازە هاتبوونەوە زۆر شارەزای بارودۆخەکە نەبوون.

کاتی زێڕین و لێبوردن کۆتایی هات، وەک چۆن بەرنامەمان بۆ دانابوو نەمانهێشت بەفیڕۆ بچێت سودی زۆر باشمان لەو مانگە ئارام و هێمنە وەرگرت، وەک:

یەکەم: خواردن و پێداویستی باشمان لە ناوچە جیاجیاکان کۆکردبۆوە کە بە نزیکەی چل تەن مەزەندە دەکرا.

دووەم: ڕیزەکانی پێشمەرگە لەسەرەندراو بەتەواوی سەقامگیربوو هیچ پێشمەرگەیەکمان نەمابوو گومانمان لەتوانای جەستەیی و دڵسۆزی هەبێ.

سێیەم: ئەوەندەی من ئاگام لێبوو کاک عوسمان و بەرپرسی دەستەکانی تر هەندێ هێڵی کەسی وخزمایەتی وتارادەی دڵخۆشکەر لەگەڵ ڕێکخراوی ناوشاردا پەیوەندییان دروستکردبۆوە، قۆناغی یەکی پارتیزانی لە٤/١٤/ دەستی پێکرد و لە١٩٨٨/١٠/٦کۆتایی هات.. قۆناغی دوو چاوەڕوانی ئەو ئەگەرانە بووین کە دەبوو چاووەڕێی بین.

# قۆناغی دووی پارتیزانی ودژوارترین خەبات

وەک پێشتر باسمکرد.. بە هۆی شاڵاوەکانی ئەنفالی دووەوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی تیپەکانی سنوری (هەورامان و شارەزوور قەرەداغ و بازیان) هاتبوونە سنوری گەرمیان، لە پاش گرتنی دۆڵی قەرەداغ و بارەگاکانی مەڵبەندی یەک و تیپەکانی لەگەڵ ئەم لێشاوی کۆڕەوەدا.. ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی ئەم سنورە ئەوەی نەیتوانیبوو بگاتە شار و کۆمەڵگا زۆرەملێکان، بۆ دەربازبوون لەمەرگ و چەپۆک و کەڵبەی ئەنفال هاتبوونە سنوری گەرمیان. لەگەڵ پەلاماری ئەنفالی سێ و گرتنی سنوری گەرمیانیش ئەو خەڵکە ئەوەندەی دیکە سەر لێشێواو پەرت وپەرتەوازەبوون، ژمارەیەکی کەم لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دەربازبوون وخۆیان گەیاندە شار و کۆمەڵگاکانی سنوری گەرمیان، ژمارەیەکی زۆر کەمی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا دەرباز بوون.. تاک وتەرا لەشیو و دۆڵ و دەشت و بانەکاندا مانەوە خۆیان حەشاردابوو. ژمارەی هەرە زۆری کەوتنەبەر چەپۆک و کەڵبەی سوپای ئەنفال و گیران. ئەو ژمارە زۆر کەمەی مابوون لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە خۆیان حەشاردابوو. لەدەرفەتێک دەگەڕان لەچنگی دوژمن خۆیان دەربازکەن.

لەپاش لێبوردنە گشتییەکەی ٩/٦ تا ١٩٨٨/١٠/٦ ئەو خەڵکانە بەمەبەستی خۆدەربازکردن لەسنورەکە مابوونەوە ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا ڕۆییشتن تەسلیم بوونەوە. ئەو ژمارە پێشمەرگە و هێزی بەرگری هاوڵاتییانەی خەڵکی سنورەکە بوون لەبەرواری ٤/١٤ تا لێبوردنەکەی ٩/٦ مابوونەوە مەزەندە دەکرێت بە سێ سەد کەس. لەو ماوەیەدا چەندین

پێشمەرگە و هاولاتی شەهیدبوون و بەدیلگیران لە لایەن هەلیکۆپتەر و جاش و سوپاوە، بە هۆی چەند جارێک کێو ماڵکردن و گەڕانی دوژمن لەسنورەکە دا.

ئەو ژمارە زۆرە ڕەنگە نەتوانین یان پێویست نەبێت ناویان بهێنین. چونکە وەک پێشتر باسمکرد مەبەست لە مانەوەیان درێژە پێدانی شۆڕش و خەباتی پارتیزانی نەبوو، یان ئەگەر مەبەستیشیان بووبێ.. بەرگەی ئەو خەباتە سەخت و دژوارەیان نەگرت و بەناچاری تەسلیم بە ڕژێم بوونەوە.

ئەوەی بۆ ئێمە سەلمێندراو حاشا هەڵنەگر.. بێت بەمەبەستی درێژەپێدانی شۆڕش وخەباتی پارتیزانی لە گەرمیان مابێت نەوە، ئەو پێشمەرگانەن کەلە قۆناغی یەکی پارتیزانی لە **٤/١٤** درێژەیان بەسەختترین و ناهەموارترین خەباتدا تاکۆتایی قۆناغی دووی پارتیزانی لە**١٩٩٠/٨/٢** کاتێک سوپای عێراق هێرشی کردە سەر ولاتی (کوەیت) و داگیری کرد.

ئەو پێشمەرگە و دەستە و مەفرەزە پارتیزانانەی لەپاش **١٩٨٨/١٠/٦** دەکاتە کۆتایی هاتن بەلێبوردنەکە و سەرەتای قۆناغی دووی پارتیزانی سەخترین و ناهەموارترین قۆناغی پارتیزانی بوو، لەگەرمیان مانەوە **٩٢** پێشمەرگە بوون. ئەوانەش هەر پێشمەرگە و دەستەیەک لەکاتێکی دیاریکراودا ماوەتەوە و بەشداری ئەو خەباتە سەختەی کردووە، بۆیە پێمخۆش بوو بەپێی توانا ناوی ئەو پێشمەرگە و دەستانە دیاری بکەم.

## دەستەی عوسمانی حاجی مەحمود

**١.** شەهید ئەحمەد ڕەشید عەباس(شەهید ئەحمەد حاجی ڕەشید) لە **١٩٩٣/٣/١٢** لەکفری لە شەڕی ناوخۆ شەهیدبوو, خێزان و پێنج منداڵی لەئەنفالدا بوونە قوربانی.

**٢.** شەهید ساڵح محەمەد حسێن(کاکە توکنی) لە**١٩٩١/٣/١٦** لەڕاپەڕین و بەرگری لە خورماتو شەهید بوو,دایک و حەوت خوشک و برای لەئەنفالدا بوونە قوربانی.

**٣.** شەهید قادر محەمەد فەرەج شەهید(مامەقالە) ئۆمەربلی لە**١٩٩٤** لە ڕێگای پەیدا کردنی شیری منداڵەکەیدا شەهیدبوو.

**٤.** شەهید کامەران هیدایەت فارس(کامەران مامۆستا هیدایەت) لە **١٩٩٣/٣/١٢** لە شەڕی ناوخۆ لەکفری شەهیدبوو.

٥.	شەهید کامەران سەعید دارا(کامەرانە ڕەش) لەمانگی**١٢/١٩٩٤** لە (ئاقوبان)ی نزیک شەقلاوە، لەشەڕی ناوخۆ شەهیدبوو.

٦.	شەهید مەجید ئیبراهیم لفتە (مەجید دووزی) لەمانگی**٣/١٩٩١** لە ڕاپەڕین لە بەرزاییەکانی (غەرە) لەنێوان قەزای خورماتوو کفری شەهیدبوو.دایک و سێ خوشکی لەئەنفالدا بوونە قوربانی.

٧.	شەهید عەلی حەمە کەریم(عەلی فەقێ مستەفایی.)

٨.	عوسمان مەحمود(عوسمان حاجی مەحمود.)

٩.	جەمال ڕەشید ساڵەح (جەمال شێخ حەمیدی.)

١٠.	سەعید ئەحمەد محەمەد(مەلا سەعید.)

١١.	شکور محەمەد سلێمان(شکور قەرەبلاغی.)

١٢.	عەلی حەمید ڕەشید (عەلی غایب.

١٣.	سەباح عومەر وەلی(سەباح شێخ حەمیدی.)

١٤.	غایب حوسێن(غایب لەلبنی.)

١٥.	حەسەن حەمید حەمەعەلی(حەسەن ئۆمەربلی).

١٦.	بورهان عبدالرحمان(بورهان زەرداوی).

١٧.	محەمەد سابر(جەمال مەلا ئۆمەری),باوکی لەئەنفالدا بووە قوربانی.

١٨.	عوسمان جەمیل ساڵەح (عوسمان مەلا جەمیل),دایک و پێنج خوشک و برای لەئەنفالدا بوونە قوربانی.

١٩.	ڕەحیم ڕەشید محەمەد(مەلا ڕەحیم)ی سەرقەڵا.

٢٠.	شکور ئیسماعیل حوسێن(شکور ئیسماعیل) لەمانگی**٣/١٩٨٩** تەسلیم بۆوە.

٢١.	عەلی نوری دەروێش(عەلی ئۆمەربلی).

٢٢.	عوسمان عەلی سەمین(عوسمان تلیشانی)لەمانگی**٨/١٩٨٩** تەسلیم بۆوە.

٢٣.	ڕەشید عەلی سەعید(حەمە ڕەشید توکنی),دایک و باوک وپێنج خوشک و براو چوار برازام لەئەنفادا بوونە قوربانی.

## دەستەی شەهید سەید جەوهەر

١.	شەهید جەوهەر لەتیف محەمەد(شەهید سەید جەوهەر) لەساڵی**١٩٩٧** لە شەڕی ناوخۆ لەچیای(شەکرۆک) نزیک (هەریر) شەهیدبوو.

٢.	شەهید بابا محەمەد سەعید(شەهید سەید بابا) لەساڵی١٩٩٤ لەشەڕی ناوخۆ شەهید بوو.

٣.	شەهید نادر مەجید جوامێر(شەهید نادر وارانی) لەساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕین لە (خورماتوو) شەهید بوو.

٤.	جەمال محسن جەوهەر(جەمال وارانی),هەموو خێزانە کەیان لەئەنفالدا بوونە قوربانی تاقانەی ئەنفالە.

٥.	محەمەد کەریم مەحمود(حەمە چەوری),دایک باوک و چەند خوشک و برایەکی لەئەنفالدا بوونە قوربانی.

٦.	شەهید عبداللە نامیق ڕەحیم کەریم(عبداللە قەیتولی)، کۆچی دواییکرد .

٧.	محسن مەدحەد دحام(محسن لەکی) لەمانگی١٩٨٩/٣ تەسلیم بۆوە .

## دەستەی شەهید ئازاد بەرغەش

١.	ئازاد عەبدولا بەرغەش(مامۆستا ئازاد ) ئەم سێ پێشمەرگە لە١٩٨٨/١٠/١٢ لە هەردەی دوراجی بەهۆی هەلیکۆپتەرەوە شەهیدبوون.

٢.	جەلال جەبار ساڵەح لە١٩٨٨/١٠/١٢ شەهیدبوو.

٣.	تاهیر عەبدولقادر محەمەد(شەهید ئاسۆ کەرکوکی) لە١٩٨٨/١٠/١٢ شەهیدبوو.

## دەستەی شەهید سەید محەمەد وشەهید مەلا ئەحمەد کەلاری

١.	شەهید ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین(مەلا ئەحمەد کەلاری)، ئەم حەوت پێشمەرگەیە لە ڕووداوێکی سروشتیدا بەهۆی ڕوخانی ئەشکەوتی داری خلە لە١٩٨٩/٢/١٩ شەهیدبوون.

٢.	شەهید ڕەحیم ڕەشید ئەحمەد(ڕەحیم برای شەهید حەسەن ئائای) لە ٢/١٩ شەهیدبوو.

٣.	شەهید دارا قادر سەمین عزیز(دارا نارێنی) لە١٩/ ٢/ ١٩٨٩ شەهیدبوو.

٤.	شەهید سەلام محەمەد حوسێن (سەلام نارێنی) لە١٩٨٩/٢/١٩ شەهیدبوو.

٥. شەهید حەیدەر حەمید سەلیم (حەیدەر شۆراوەیی) لە**١٩٨٩/٢/١٩** شەهیدبوو.

٦. شەهید حەمید قادر (حاجی حەمید) لە**١٩٨٩/٢/١٩** شەهیدبوو.

٧. شەهید نوری قادر خورشید(پۆلا نارێنی) لە **١٩٨٩/٢/١٩** شەهیدبوو.

٨. شەهید ئەحمەد ساڵح گورجی (ئەحمەد زەرداوی) لە**١٩٩١/٣/١٦**لە خورماتوو شەهیدبوو,دایک و باوک و خێزان و چەند منداڵێکی لەئەنفالدا بوونە قوربانی.

٩. شەهید محەمەد ئیبراهیم ڕەشید (حەمە کادر) لەساڵی **٢٠٠١** لە شەڕی تیرۆریستانی ئەنسارو ئیسلام لەچیای (شنروێ) ی نزیک (هەڵبجە) شەهیدبوو.

١٠. شەهید محەمەد محێدین (سەید محەمەد) لە**١٩٨٩/٧/٢٧** بە خیانەت لەقەزای(کەلار) لەلایەن (ئەمنی عامە) وە بەهۆی خائینێکەوە گیراو لە**١٩٩١/١/١٧** لە سێدارەدرا.خێزان و نۆ منداڵی لەئەنفالدا بوونە قوربانی.

١١. سۆران غازی سالار(سۆران مامۆستا غازی).

١٢. موکەڕەم ڕەشید برزۆ(موجەڕەد ,موکەڕەم کفری).

١٣. حوسێن ساڵح کاکە خان (مامۆستا حوسێن).

١٤. نەوزاد کەریم فارس.

١٥. کەریم رەشید ئەحمەد.

## دەستەی کاک ئازادی سەگرمە

١. شەهید حوسێن عەبدوڵا(شەهید شێرکۆ جدی) ئەم سێ پێشمەرکە لە **١٩٨٨/١٠/١١** لە چەمی لاهێز لەگەرمیان شەهیدبوون.

٢. شەهید هەڵکەوتی ئەندازیار لە**١٩٨٨/١٠/١١** لەچەمی لاهێز شەهیدبوو.

٣. شەهید شێرزاد عەریف ڕەمەزان لە**١٩٨٨/١٠/١١** لەچەمی لاهێز شەهیدبوو.

٤. شەهید کەمال ڕەحیم کەریم (شەهید کەمالەخڕە) لەمانگی **١٩٨٩/١** تەسلیم بۆوە و لەشەڕی ناوخۆ شەهیدبوو.

٥. شەهید ئەردەڵان عەلی نادر لەمانگی **١٩٨٨/١١** تەسلیم بۆوە و لەساڵی **١٩٩٢** لەچەمچەماڵ شەهیدبوو.

٦. شەهید مەریوان هەمەوەندی لەمانگی **١٩٨٨/١١** تەسلیم بۆوە.

٧.	شەهید عەبدلڕەحمان حەمە شەریف لەمانگی **١٩٨٨/١١** تەسلیم بۆوە و لەڕاپەڕینی **١٩٩١** شەهید بوو.

٨.	ازاد غەریب (ئازادی سەگرمە).

٩.	ڕۆستەم حەمید(مام ڕۆستەم بازیانی).

١٠.	مەحمود(شێخ مەحمود درێژ کەرکوکی).

١١.	جەمال کەمال عەزیز.

١٢.	سەرکەوت ئەحمەد مەحمود.

١٣.	خوا ڕەحم ساڵح کەریم.

١٤.	ساماڵ ڕەحیم کاکەوڵا.

١٥.	مەریوان حاجی حوسێن (مەریوانی جەباری) پاش مانگی **١٩٨٨/١١** هاتە دەستەکەی ئێمە لای کاک عوسمانی حاجی مەحمود.

١٦.	تەها غەریب عەبدوڵا (برای کاک ئازاد).

## دەستەی کاک شێخ کەریم چاو ڕەش

١.	شەهید محەمەد حوسێن سلێمان(حەمە ئاخە) لەشەوی ١٦/١٧ی **١٩٩١/١٢** لەبانمەقان شەهیدبوو,خێزان و کچێکی لەئەنفالدا بوونە قوربانی.

٢.	شەهید فازڵ ئەحمەد خدر (فازڵ برای شێخ کەریم) لە**١٩٩٣/١٢/٢٧** لە شارەزوور لەشەڕی ناوخۆ شەهیدبوو.

٣.	شەهید یاسین عەبدول محەمەدە (یاسینە بچکۆل) لە**١٩٩١/٣/٢٠** لە ڕاپەرین لە(کەرکوک) شەهیدبوو.

٤.	ازم نەجم ئەحمەد(نازم کەرکوکی) لەمانگی **٢٠١٧/٨** بەنەخۆشی شەهید بوو.

٥.	کەریم ئەحمەد خدر (شێخ کەریم).

٦.	عادل عەبدول قادر ڕەحیم (عادل پیرە مۆنی).

٧.	جەعفەر لەتیف محەمەد(جەعفەر برای شەهید سەید جەوهەر).

## دەستەی کاک عەدنانی حەمەی مینا

١. شەهید بورهان محەمەد قادر(بورهان حەمەی مینا)لەمانگی**١٩٩١/٣** لە کوڵەجۆ شەهیدبوو.
٢. سەلام قادر ڕەسوڵ(سەلام شوشە) بەڕووداوی ئۆتۆمبێل لە **٢٠١٦** شەهید بوو
٣. عەدنان محەمەد قادر(عەدنان حەمەی مینا).
٤. عوسمان حەسەن قادر(حاجی عوسمان).
٥. کەریم مەحمود سەمین(مەلا کەریم سەعدیە).
٦. هەیاس حوسێن فەتاح(هەیاسی هاتووچۆ).
٧. سامی سەمین سەعید(سامی ئاسایش).
٨. حیسام عەلی فەرەج(حیسام شێخ عەلی).

## دەستەی شەهید مەحمود مامە عەزە

١. شەهید مەحمود عەزیز محەمەد (شەهید مەحمود مامەعەزە) لە **١٩٩٦/١٠/١٢** لە کەلی (سەرتەک) لە شەڕی ناوخۆ شەهیدبوو.
٢. سدیق عەلی تۆفیق.
٣. محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد(حەمە پارێوڵە)ز
٤. ڕەمەزان محەمەد عەلی.
٥. تۆفیق ڕەشید.
٦. بەگ موراد شا موراد خوا موراد (مام بەول).

## دەستەی شەهید حەمەڕەش

١. شەهید محەمەد کەریم عیسا(شەهید حەمەڕەش) لە **١٩٩١/٣/١١** لەڕاپەڕین لە(خورماتوو) شەهید بوو.
٢. شەهید خەتاب شەهید (خەباتەسوور) لەساڵی **١٩٩٦** لە(کۆیە) لە شەڕی ناوخۆ شەهید بوو.
٣. شەهید جەلال ئەمین کاکە، مام جەلال.
٤. هونەر عەلی (هونەر شێخ عەلی.(
٥. بەهادین کەریم عیسا (بەهادین برای شەهید حەمەڕەش.(
٦. اری ڕەئوف(ڕزگار ڕەئوف بێگەرد.(
٧. حەمە ڕەحیم جیهاز.

# قۆناغی دووی پارتیزانی وسەختی خەبات

## ڕادیۆی فریاد ڕەس

کۆتایی هاتنی لێبوردنەکە بەکێومالْکردن و(تمشیت) و پەلاماری دوژمن دەستیپێکرد، ئە گەر بیرەوەریم یارمەتیم بدات لە١٩٨٧/١٠/٧ بوو لەسەر هەمان تەوژمی پێشتر سەرقاڵی کۆکردنەوەی خواردن و پێداویستی بووین لە چەمی (سەرکانی) نزیک گوندی (عەلیانی گەورە)، پاشنیوەڕۆ هێزێکی زۆری دوژمنمان بینی لەگوندی (بنەکەی خەپەکوێر)ەوە بۆ ئاراستەی گوندی (عەلیانی گەورە) دێت، بەپەلە کەلوپەلەکانمان کۆکردەوە و بەرەو گوندی (قولیجانی ئەمین قارەمان) ڕۆیشتین، ئێوارە چووینە(تەنگی قەلاّسوور) شیوێکی قوڵ بوو، ئەشکەوتێکی گەورە و سەختی تێدابوو شوێنەکە زۆر باش و لەباربوو بۆمانەوە، دەکەوێتە نێوان گوندەکانی (قولیجانی سەرحەد) و (قولیجانی ئەمین قارەمان)ەوە، ڕۆژی دواتریش لەوێ ماینەوە، بۆ ئێوارە هێزێکی زۆری دوژمن گەییشتنە گوندی(قولیجانی ئەمین قارەمان). شەو پێچامانەوە ڕۆییشتین بۆ نێوان گوندی (قولیجانی سەرحە د) و (کوردەمیر)، بۆ تەنگی(بانەچەرموو) (مەلا ڕەحیم) پێشنیازی شوێنەکەی کرد، نزیکەی پێنج سەد مەترێک دەکەوێتە ڕۆژهەلاّتی گوندی (قولیجانی سەرحەد) و ڕۆژئاوای گوندی (کوردەمێر)ەوە، شوێنی ناوبراو کونێکی(١.٥*٣) مەتربوو بەقەد پاڵێکەوە لەناو شیوێکدابوو. ئەو ڕۆژە بەبەردەوامی کۆپتەر بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕایەوە بۆ ئێوارەکەی هێزەکەی دوژمن گەییشتنە گوندی (قولیجانی سەرحەد)، شوێنەکەمان ئەوەندە لەگوندەکەوە نزیکبوو بەسانایی گوێمان لەدەنگی هێزەکەی دوژمن بوو. پاش تاریکبوون چوومە سەر بەرزایی نزیک شیوەکەی ئێمەی تێدا بووین بۆ گوێگرتن لەهێزەکەی دوژمن، وا دەزانم ئێستایە گوێم لێبوو یەکێک لەجاشەکان بانگی دەکرد حەمید، حەمید، وەرە (حەرەسیت)پاسەوانیت. دیسان حەمید، حەمید، وەرە حەرەسیت، هاتمە خوارەوە ڕووداوەکەم بۆ برادەران گێڕایەوە وپێم وتن برادەران پێم باشە هەتا زووە لێرە بڕۆین و مشوری شوێنی سبەی بخۆین. کەوتینە گفتوگۆکردن لە سەر ڕۆییشتن یان مانەوەمان، هەندێکمان پێمانوابوو دەبێت ئێرە بەجێبهێڵین.. هەندێک بەئاساییان دەزانی و لەسەر مانەوە پێداگریان دەکرد، هەندێک بێدەنگبوون، من و(جەمال شێخ حەمید)ی.. لەسەر ڕۆییشتن زۆر پێدادەگریمان دەکرد، وتم ئەوەی من گوێم لەدەنگی گۆڕینی پاسەوانەکانیان بووە هەر کەستان بونایە هەمان بۆچوونی منتان دەبوو، باوەڕ بکەن ئەگەر خەڵکی شەرمنیان تێدا هەبێت بۆ دەست بەئاوکردن سبەی دێتە ئێرە و دەماندۆزێتەوە. ئەو پەندە وەک خۆی جێبەجێ دەبێت کەدەڵێن (ئەوەی بۆ

گوکەر هەڵدەکەوێ، بۆ ڕاوکەر هەڵناکەوێ). ئەگەر کێوماڵ بکرێت یەکەم هەنگاو لەئێرەوە دەستپێدەکەن، چونکە دوژمن وەک لەڕۆژانی پێشوو بینیمانن هەنگاو بەهەنگاو، گوند بەگوند هاتوون، بەدڵنیاییەوە سبەی لەقولیجانەوە بەرەو گوندی کوردەمیر کێوماڵ دەستپێدەکات.. بەسەر ئەم شوێنەدا دەڕۆن، یەکەم قۆناغ لە گوندەکەوە دەربچن بۆ  ئاڕاستەی کوردەمێر لەسەدا هەزار لێرەوە تێدەپەڕن.

)عەلی غایب) تا بڵێیت پیاوێکی ئازاو ژیر و وردەکاربوو، بەڵام تابڵێیت لەبۆچوونی خۆیدا.. پیاوێکی یەکلاو ئینکار و نەگۆڕ بوو.. پاش یەک کاتژمێر وتوویژ. لەبۆچوونی خۆیدا. لەسەر وتەی خۆی سوربوو بەوە کۆتایی پێهێنا.. بەمن و جەمالی وت ماڵتان ئاوابێت ئێوە لەهیچ  شوێنێک خۆتان ناگرن.

من تورەبووم.. وتم کوڕی باش قسەکەت وادێتەوە ئێمە بترسین، ئێمە لەبەرەی شەڕدانین سەنگەر چۆڵنەکەین و خۆمان لەپێش دوژمن ڕابگرین، ئێمە خەباتی پارتیزانی دەکەین، ئەو جۆرە خەباتە کاتێک تیایدا سەرکەوتوو دەبیت ئەو شەڕانەی خۆت هەڵیدەبژێریت و خۆتی بۆ ئامادە دەکەی کاری لەسەردەکەیت، بەپێچەوانەشەوە ئەو شەڕانەی دوژمنەکەت هەڵیدەبژێرێت دەبێت لێیهەڵبێیت وخۆتی لێ لابدەیت.

برادەران سەرزەنشتی عەلی یان کرد، هەموو وتیان: بۆ چوونەکەی تۆ ڕاستە با لێرە بڕۆین، بەڵام تورەبوونی من هیچی لە یەکلاییەکەی عەلی کەمتر نەبوو، وتم بەخوێنی شەهیدان هەموو بڕۆن من لێرە دەمێنمەوە.. عەلی وا دەزانێت ئێمە دەترسین، چەند دڵنیام ئەوانەی سەرمان بەئاسمانەوە ئەستێرەن وادڵنیام سبەی لێرە تووش دەبین، ئەوەی پیاوە شەڕ بکات تا دەکوژرێت، ئەوەشی پیاو نییە و خوێڕییە خۆی بدات بەدەستەوە، من لێرە دەمێنمەوە هەرچی دەبێت با ببێت.

سبەی لەپێش ڕووناک بوونەوە گوێدرێژەکانمان برد لەدووری دوو کیلۆ مەترێکەوە بەرەڵامان کردن.. بۆ ئەوەی لێمانەوە دووربن.. ئەگەر دوژمن گومانی ئەوەی کرد..بینی هی پێشمەرگەیە لەو کاتەدا لەو دەوروبەرە بۆی دەگەڕێن.

بەپەلە نان وچامان خوارد.. چی کەلوپەل وپێداویستیمان پێبوو شاردمانەوە، جیهازێکی ڕاکاڵی بچوکمان پێبوو شاردمەوە، وتیان جیهازەکە بۆ دەشاریتەوە؟ وتم من دەزانم ئەمڕۆ دەکوژرێین با جیهازەکە دەست دوژمن نەکەوێت لەسەرووی خۆمانەوە خستمە ژێرخۆڵەوە.

پاش نان وچا خواردن، هەندێ چایی لەناو کتریەکەدا مابوو کردمانە سەر ئاگرەکە و هەندێ لممان کردەسەری، ئەو کونە ئەشکەوتەی ڕۆژی پێشوو تیایدا بووین لەناو شیوەکەوە دەمی بەرزو کراوە بوو، ئەوەندە دڵنیابووین دێنە سەرمان ئەو کونەمان بەجێهێشت و چووینە کونێکی خوارتر کە سەد مەترێک نێوانیان دەبوو، کونە تازەکە لەناو شیوەکەوە نزیکەی حەوت مەتر دوور دەبوو، دوو مەترێک خۆڵ بەسەریەوە بوو گەورەیی کونەکە(**١.٥*٢.٥**)مەتر دەبوو، بەرزییەکەی نزیکەی هەشتا تا نەوەد سم دەبوو.

سەرەوە و تەنیشتەکانی.. خاکێکی پتەو و توند بوو لە تێکەڵەی بەرد و خۆڵ و لم بوو لەشێوەی کۆنکریت ناوچەی ئێمە پێی دەڵێن (غار) بنەوەی گڵێکی نەرمبوو، لەگەڵ دونیا ڕووناکبوونەوەدا.. پێش خۆر هەڵاتن چووینە ناو کونەکەوە کاتێک بینیمان جاش و سەربازەکان هاتنە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی گوندەکە بەڕووی ئێمەدا، لەگەڵ خۆماندا و بەدوای خۆماندا بەبنجک و چەند لقە ژاڵەیەک وەک چان بە کێشمان کرد و شوێن پێکانمان سڕیەوە لە ناو شیوەکەدا تا پێش کونەکە چووینە ناویەوە، شەهید کاکە دوا کەس بوو چەند لقە ژاڵەیەکی پ ًیبوو، تاهیچ شوێن پێ و بەجێماوێک نەهێڵێت لەپێش کونەکەدا دانیشت بۆ ئاگاداری دەرەوە.

کاتێک چووینە کونەکەوە بینیمان زۆر بچووک و نزمە ناتوانین بە ئاسانی تیایدا دابنیشین بەپەلە بەنێزە و زمەی تفەنگەکانمان هەر کەس لای خۆیەوە دەستیکرد بەهەڵکەندنی خۆڵەکەی ژێری خۆی و دەستبەدەست بۆ پێشەوەی کونەکە پاڵی دەنا. ڕەنگە لەچەند خولەکێکدا پازدە سم زیاترمان هەڵکەند بێ وخۆڵەکەمان دەخستە پێش دەرگای کونەکە کەمەترێک زیاتر بەرز دەبوو.

کاتژمێر حەوت بوو دەنگێک لەسەر سەرمانەوە هات و شەهید کاکە بە پەلە هاتە ژوورەوە، وتی هاتن، گوێمان لێبوو بەکوردی دەدوان، بڕیارماندا من و(عوسمان تلیشانی وسەباح شێخ حەمیدی) لەپێشەوەی کونەکەوە بین وچاوەڕوانی دوژمن بین، کاتێک سەر دەکات بەناو کونەکەدا بیکوژین و بە دەستڕێژ بەناو ئەو هێزەی کە لەپێشمانن.. ئەوانی دیکەش بەدواماندا دەرچن و بڵاوە بکەین و سەنگەر بگرین و شەڕ بکەین تا کۆتایی ژیانمان، وتمان کەس بەکوێرانە فیشەک نەتەقێنێ ئەگەر دڵنیا نەبێت دوژمنێک دەکوژێت، کەس بیر لەهەڵهاتن وخۆبەدەستەوەدان نەکاتەوە، دەبێت شەڕێک بکەین دوژمن شاهیدی بۆ قارەمانی و گیانفیدایی ئێمە و پێشمەرگە بدات.

هەوڵی تەواو بدەین لە یەکەم دەستکردنەوە و دەستڕێژدا.. چی لەناو شیوەکە و لەبەردەستمانە بکوژرێت و دەرباز نەبن.

یەکەم: بۆ ئەوەی دوژمن بە شێوەیەک چاوی بشکێ بەئاسانی نەتوانن لێمان نزیک ببنەوە.

دووەم: بۆئەوەی چەک و تەقەمەنی زۆر بەردەستمان بکەوێت تاکو بەرگری زیاتر بکەین و ژمارەیەکی زیاتر لەدوژمن بکوژین تاکۆتایی ژیانمان بەرگری بکەین.

هەر یەکەی فیشەکێک بۆ کوشتنی خۆمان دابنێین تاکو بەزیندویی.. نەکەوینە دەستی دوژمنەوە، هەر بۆیە ئێمە هەرسێکمان لەپێش کونەکەوە دانیشتین و دەستمان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانمان بوو.

دەنگەکە بە تەنیشتماندا هاتەخوارەوە بۆ ناو شیوەکەی پێشمان، بینیمان چوار جاشن لەلای ڕۆژئاوامانەوە بە بیست مەترێک، کەمێک لەناو شیوەکەدا وەستان و ئینجا سەرکەوتنە سەرەوە بۆ سەر کەندەکەی بەرامبەرمان کە پازدە مەترێک لێمانەوە دوور دەبوو، دوانیان لە سەر کەنەکە وەستان و تەماشای ناو شیوەکەیان دەکرد، یەکێکیان وتی: وەڵڵا بەدڵنیاییەوە ئەمە شوێنی خۆیانە.

ئەوەندە بەجوانی و ئاسایی تەماشام دەکرد ئەگەر وێنەکێش بومایە.. پاش سی ساڵ زیاتر ئێستاش وێنەم دەکێشا، پیاوێکی باڵا مامناوەند دەموچاوێک ڕێکی گەنم ڕەنگ قاتێکی خاکی و قەمسەڵەیەکی نایلۆنی شینی لەبەردابوو، جامانەیەکی قوتی لەسەر نابوو کلاشینکۆفێکی سیخۆی قۆناغداری بە شانەوە بوو، هاوڕێکانی بەرەو ئاراستەی گوندی (کوردەمێر) ڕۆییشتن پاش چەند خولەکێک ئەویش بەدوایاندا ڕۆییشت، هەندێ لەبرادەران پێشنیازیان کرد لە کونەکە دەرچین و بەرەو ئاراستەی باکوری ڕۆژهەلات بەرەو چەمی(لاهێز) هەڵبێین.

بەتایبەت (سەباح) یەکەم کەس بوو پێشنیازی کرد و زۆریش لەسەری ڕۆییشت، هەندێکمان بەتایبەتی من زۆر بە توندی دژی بۆچوونەکەی بووم، وتم ئەوە کاری خۆکوژییە لەکاتێکدا چواردەورمان هێزی دوژمنە..گوندی (قولیجان) پێنج سەد مەترێک لێمانەوە دوورە! بۆ کوێ دەچیت ڕوو لەکوێ دەکەیت؟ دوژمن تەنیوێتی.. کۆپتەر وەک خۆر و مانگ

و ئەستێرە بەسەر سەرتەوەیە. کێ دەڵێت لەگەڵ دەرچوونمان کۆپتەر نایەتە سەرمان؟ لەدوو ڕۆژی ڕابردوودا بینیمان لە بەیانی تا ئێوارە کۆپتەر بەئاسمانی ناوچەکەوەیە.

شەهید کاکە وتی: ئێرە زۆر نزیکە بەخوا ئێستا دیسانەوە دێنەوە سەرمان، منیش وتم: واز لەم قسانە بێنن.. نزیک بێت و دوور بێت، باش بێت وخراپ بێت بەم بەیانییە ناتوانین لێرە دەربچین، مەیکەن بەحاڵی شەو من دەمگوت نزیکە و ئێرە بەکەڵک نایەت، هەندێک ئێمەی بەترسنۆک دەزانی و هەندێکتان ئێرەتان پێ باشبوو، هەندێکتان وەک کەڕەی شەربەت بێدەنگ بوون.

واز لەو قسە بێمانایانە بێنن.. قسەیەک بکەن بۆ ئەم شوێنە سودی هەبێت، ئەوەی بەکەڵک بێت بۆ ئێستا هەڵکەندنی ناو کونەکەیە بۆ ئەوەی :

یەکەم: گەورەبووونەوەی ئەشکەتەکە و شوێنەکەمان کەخەریکە پشتمان دەشکێ ئەوەندە چەماینەوە.

دووەم: ئەو خۆڵەی هەڵیدەکەنین بکەینە پێش کونەکە بۆ ئەوەی دەمی کونەکە بچووک ببێتەوە و زۆر کراوە و جێگای سەرنج نەبێت. کاک عوسمان تلیشانی بەرپرسی دەستەکەمان بوو.. پشتگیری بۆچوونەکەی منی کرد و وتی لێرە دەرناچین هەرچی ڕوویدات.

لەترسی گیانی خۆماندا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زیاد لە سی سانتیمەتر ژێری خۆمانمان هەڵکەندو چاڵکرد.. خۆڵەکەمان بەچنگ دەست بەدەست پاڵ نایە پێشەوە و خستمانە پێش دەرگای کونەکە. دەرگای کونەکە مەترێک زیاتر دەبوو ئەوەندە خۆڵمان خستەپێشی نیو مەترێکی مابوو، بۆ کاتژمێر هەشت دیسان لەسەر سەرمانەوە و لەڕۆژئاوامانەوە خڕەی پێ پەیدابوو.

) سەباح) وتی: وەڵا ئەوە دەنگی سمی گوێدرێژەکانە جاشەکان لێرە ڕۆییشتوون گوێدرێژەکانیان بینیووە خستویانەتە پێش خۆیان بزانن بۆ کوێ دەچن، گوێدرێژەکانیش بۆ ئێرەیان هێناون. تا ڕادەیەک بیرکردنەوەکەی دروستبوو. بەڵام تا ئەو کاتەش گوند و دەشت و دەر.. گوێدرێژی لێببوو ئەو ئەگەرە زۆر سەلمێندراو نەبوو. ئەوەندەمانزانی بە بەرزی سێ مەتر لەسەرمانەوە دەنگی بێتەل پەیدابوو (نعم سیدی نعم سیدی) بەڵێ گەورەم بەڵێ گەورەم. وتم ئەرەوەڵا ئەوە جیهازەکەی خۆمانە دۆزییانەوە. بوو بە خڕەی میل هێنانەوەی چەک وەک مێگەل بەم دیو و ئەو دیووی کونەکەدا دابەزینە خوارەوە بۆ ناو شیوەکە هەموو

دەیانگوت تەواوە گەورەم تەواوە(تمام سیدی تمام) هەموو لەناو شیوەکەدا دەگەڕان و دەستیان لەسەر بەلەپیتکەی تفەنگەکانیان بوو، گەورەم نان گەورەم نان(سیدی خوبز سیدی خوبز)گەورەم جگەرە گەورەم جگەرە(سیدی سیگار سیدی سیگار) گەورەم تەقەمەنی، تەقەمەنی (سیدی عیتاد عیتاد)، ئێمە هەرسێکمان لەناو کونەکەوە تەماشا دەکەین فەردە نانەکە لەناو ئەوکونەی کە دوێنێ تێیدابووین دەریانهێناو نیو گونێ پاکەتەکەی (شەهید عەلی) یان لەکونەکە دەرهێنا لەو ناوە هەڵیانڕشت.. هەر سەرباز بوو پاکەتی هەڵدەگرت، سندوقێکی هەڵنەبچڕاوی فیشەکی بیکەیسی کە بەیانی زوو برادەران کردبوویانە ناو درزە بەردێکەوە بەقەد کەنەکەی بەرامبەرمانەوە دەرهێنا لەکاتێکدا پڕ سەریان کردبوو لە بەرد.. وا بەپێش چاومانەوە بەرەوپێش کونەکە دێن.

لەناو شیوەکەی پێشمان سەربازێک لەهاوڕێکانی جیابۆوە و بەرەو ئاراستەی ئێمە بۆ سەرەوە دێت,ووتمان:خۆتان ئامادەبکەن وابەرەو سەرەوە دێن, تا سێ مەترێک ئێمە تەماشامان دەکرد، لەترسی ئەوەی نزیکبووەوە سەرمان نەبینێ سەرمان داگرت وتمان ئامادەبن واگەیشتە پێش کونەکە. سەرمان خستە سەرخۆڵەکە تەماشای سەر دەرگای کونەکە دەکەین دەستمان لەسەر بەلەپیتکەیە و بەدەستی چەپمان توند تفەنگەکەکانمان گرتووە و لەزەوی بەرزمان کردۆتەوە.. تاکو سەری ببینین و تەقەی لێبکەین، دەنگی پێکان وردە وردە زیاد دەکات.. چاوەڕوانی سەری سەربازین، دەنگی پێکە وەستا و دڵنیاین لەپێش کونەکەیە..بۆ دیارنییە؟ پاش خولەکێک دەنگی پێ دەستیپێکردەوە، بەڵام دەنگەکە تا.. بێت.. کەمدەبێتەوە. سەربازەکە وتی(اخوان رادیو)، (برایان ڕادیۆیەک)م دۆزیەوە، سەرمان هەڵبڕی بینیمان ڕادیۆکەی شەهید کاکەی بەدەستەوەیە و بۆ خوارەوە بۆ ناو شیوەکە دەچێت، هەموو سەربازەکان بەناو شیوەکەدا پاش دە خولەکێک چوونە خوارەوە ئێمەیان بە جێهێشت، وتمان:

کاکە ڕادیۆکەت لەکوێیە؟

-لەپێش کونەکە دامناوە و دوو سێ لقە ژاڵەم خستووەتە سەری.

-ئەو سەربازەی بۆ تەماشاکردنی ناو کونەکە هاتە سەرەوە، ڕادیۆکەی تۆی بینیەوە و بووە هۆکاری دڵخۆشبوون و لەبیرچوونەوەی کارەکەی , کە تەماشاکردنی کونەکە بوو.

-ئەی باوکەڕۆ ڕادیۆکەی من بوو بردیان؟ خۆزگە خۆم بکوژرایەم ڕادیۆکەیان نەبردایە.

شەهید کاکە بەشێوەیەک ئارەزووی لەڕادیۆ و کاتژمێر هەبوو وەک ئالودە بوویەک وابوو، ڕادیۆکەی، ڕادیۆییەکی گەورە بوو ئەو کات پێیان دەوت ئەبوخەریتە(ئەبونەخشە). لەگەڵ کاتژمێری ڕیکۆی گەورە شەو و ڕۆژ کەدەخەوت یان دەچووینە کون و ئەشکەوتەوە لەترسی شکانیان لەشوێنێکی باش دوور لەدەست وپێ دایدەنان.

)مەلا رەحیم)وتی: بەڵێن بێت ئەمڕۆ ڕزگارمان بوو ڕادیۆیەکی وەک ئەوەی خۆتت بۆ دێنم.

-ئاخر ئەگەر ئەبو خەریتەی گەورە نەبێت نامەوێت.

پاش پێنج خولەک هێشتا سەربازەکان پەنجا مەترێک دووركەوتبوونەوە، ئەوەندەمانزانی وەک گاگەل و گەلە سەگ زیاد لەسەد جاش لەسەرووی شیوەکەوە هاتنەخوارەوە. گەییشتنە نانەکە کەسەربازەکان هەڵیانڕشتبوو، وتیان: ها ها نانەکە ئەوەندە نەرمە هی ئەمڕۆیە هاها بەتانی؟ هاها دەبەی ئاو؟

ئێمە لەناو کونەکەوە تەماشایان دەکەین، بن بەرد و بنچک و بن کاچەکان دەگەڕان گەییشتنە پێش کونەکە ئێمەی تێدا بووین، جاشێک لەسەر شوێنی ئاگرەکە دانیشت و لمی سەرکوانوەکەی لاداو دەستی خستە سەری و وتی: سەمە، سەمە بەشەرەفم ئەم بەیانیە لێرە بوونە. کوڕی خوا تڵپە چاییەکە تەڕە، هاوڕێکەی وتی: خۆزگە ئەم بەیانییە منیش لێرە دەبووم.

وتمان: هەر ئێستا جاش بەهۆی گەڕان بەدوای شڕەخۆریدا دێن بۆ تەماشاکردنی کونەکە و دەماندۆزنەوە، برادەران زۆریان دەپاڕانەوە خوایە گیان کوێریان بکەیت، پێغەمبەر چاویان ببەستیت، خوایە گیان بەگەورەیی خۆت ڕەحممان پێبکەیت، غایب چەند جارێک وتی: مەولودی پێغەمبەر کوێریان بکەیت، خوایە گیان مەولوم لێقبوڵ بکەیت، خوایە بەدڵ لێت دەپاڕێمەوە، بەمنی وت: ڕەشە ئەوە بۆ ناپاڕێیتەوە و هاوار ناکەیت؟

وتم: من باوەڕم بەدوعاو نوشتە پاڕانەوە نییە و هاواریش ناکەم.

زۆر لەبرادەران هاواریان دەکرد و مەولودیان دەکرد و دەپاڕانەوە.

باوەڕ بکە یەکێک لەبرادەرانم سنگی نزیکم بوو گوێم لەترپەی دڵی بوو.

دڵمان ئەوەندە بەخێرایی لێی دەدا.. خەریکبوو لەسینگمان بێتە دەرەوە، بەڵام ئەو هاوار و پاڕانەوەیە مانای ئەوە نەبوو دەترساین، بەڵکو باوەڕ بەخوابوون کە پێیان وابوو فریاد ڕەسیانە، ئەو برادەرانە کەهاواریان دەکرد هەموویانم لە شەڕدا بینیوە زۆر قارەمان و چاونەترس و ئازاو بەدەستوبرد بوون.

وەک شریت بەدوای یەکدا ژیانی ڕابردووی خۆم دەهاتەپێشچاو، چۆن لەو کاتەی خۆم ناسیوە و هەستم بەژیان کردووە.. لەدەردەسەری و نەهامەتیدا ژیاوم. وتەکەی دایکم هاتەوە یاد پێی دەوتم: کوڕم مەبە بە پێشمەرگە دەکوژرێیت ئەگەر بەزەییت بەخۆتدا نایەت، بەزەییت بەمندا بێتەوە.

یەکەم چرکەساتی بوون بەپێشمەرگەم هاتەوە یاد کەپێیان وتم: پێشمەرگایەتی مانای قوربانیدان و فیداکاری و کوشتن وبریندداربوون و تینوێتی و برسێتیە. ئەو وێنە و وتانە یەکبەدوای یەکدا بەبیرمدا دەهات و وەک شاشەی تەلەفزیۆن بەپێش چاومدا دەهاتوو دەچوو. بیرم دەکردەوە چۆن لەکونەکەوە بەدەستڕێژی گوللە دەردەچین و دەکەوینە گیانی دوژمن و ژمارەیەکی زۆر جاش و سەرباز دەکوژین، دواجار کۆپتەر دێتە سەرمان و بە شەست تیر لێمان دەدات.

هاوڕێکانم دەبینی دەست ولاق و سەری پێو بەشێک لەجەستەیان پێوە نەماوە. جاش و سەربازەکان لاشەکانمان ڕادەکێشێن و لەسەریەک کەڵەکەمان دەکەن و لەئیڤای سەربازی بارمان دەکەن، دواجار تەرمەکانمان دەبەن بە ناو شاردا دەیسوڕێننەوە بۆ چاوشکاندنی خەڵکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر.

جاشەکان لەناو شیوەکەدا بڵاوبونەتەوە، هەموو شوێنێک دەگەڕان، لەگەڵ گەییشتن بەپێش کونەکە، وتمان: وا ئێستا دێنە سەرەوە لەتاریکی ناو کونەکەوە تەماشایان دەکەین، چاوەڕوانی ئەوە بووین لەشیوەکەوە سەرکەون بۆ ئاڕاستەی ئێمە، لەپڕ ئەفسەرەکە کە سەد مەترێک لە ئێمەوە دوورکەوتبووەوە لەگەڵ سەربازەکاندا بەدەنگی بەرز بانگی کرد(یالا کاکات). لەگەڵ بانگی ئەفسەرەکەدا دەستیان لەگەڕان هەڵگرت وەک گا گەل و تولەو تانجی بەدوای یەکدا بەکۆمەڵ دوای سەربازەکان کەوتن، بانگکردنی ئەفسەرەکە بوو بەفریادڕەسمان ئەگینا دەدۆزراینەوە، چونکە ئەوەندە بەوردی دەگەڕان دەتگوت بۆ میروو زەنگیانە دەگەڕان، جاشەکان بەدوای ئەفسەرەکەدا لەشیوەکە دەرچوون ڕۆییشتن، هەناسەیەکمان هەڵمژی و وتمان: ئۆخەی ئەمجارەش ڕزگاربووین.

پێنج خولەک پاش ڕۆییشتنی هێزەکە هەر ئەوەندەمان زانی سێ کۆپتەر خۆیانکرد بەشیوەکەدا نیو کاتژمێر بەناو شیوەکەدا وەک ئۆتۆمبێلی ناو کۆڵانەکانی شار دەرۆییشتن و دەهاتنەوە، وتمان: هەڵبەتە ئەم هێزە بە بێتەل بەهەلیکۆپتەرەکانیان وتووە شوێنەکەمان دۆزیوەتەوە.. ئەم بەیانییە لێرە بوونە پێش ئێمە دەرچوون بۆیان بگەڕێن تا بیاندۆزینەوە.

زۆر ترساین بنیشنەوە ئەوەندە نزمبوون فڕۆکەوان و عەدەد دۆشکەکە بەکلاشینکۆفیش تەقەمان لێیانبکردایە بەئاسانی دەمانپێکا، کۆپتەرەکان ڕۆییشتن.

سەباح وتی: بەس نەبوو بەگوێی منتان نەکرد لێرە دەرنەچووین، هەرگیز دەربازبوونمان نەبوو لێرە دەربچوایەین، لەجاش و سەرباز ڕزگارمان بوایە.. لەکۆپتەر ڕزگارمان نەدەبوو. کات نەدەڕۆییشت بەردەوام چاومان لەسەر میلی کاتژمێرەکانمان بوو.. چرکەژمێری کاتژمێرەکان بەپێچەوانەی دڵی ئێمەوە زۆر بەخاوی چرکەیان دەهات و ترپەی دڵی ئێمە وەکو دەنگی چەکوشەکەی کاوەی ئاسنگەر خێرا و دەنگی بەهێزبوو، بڵێی کاتژمێرەکانیش وەک ئێمە بێ ئومێد بووبێتن لەژیان، یان کاتژمێرەکان لەترسان بەخشپەیی کاربکەن نەوەکو دوژمن گوێی لە چرکەچرکەکەی بێت.. ئەو ڕۆژانە تاڵ و تاریکن میلی کاتژمێرەکان دەڵێی بەستراونەتەوە، سوێند بخۆی ئەو ڕۆژە هەرچی کاتژمێرمان پێبوو.. تەمبەڵ و دواکەوتوو بوون.. لەکارکەوتوو بوون سوێندت ناکەوێ. تا کاتژمێر حەوتی ئێوارە نەمانتوانی لەکونەکە بێینە دەرەوە ئەو ماوەیە بەلای ئێمەوە ساڵێک بوو، پێمان وابوو جاش و سەربازەکان لەو نزیکە بن.. چاودێریمان دەکەن.

پاش دوازدە کاتژمێر لەکونەکە دەرچووین بەبێ میزکردن و نانخواردن، ئەوەندە خۆمان خڕ کردبوو نەماندەتوانی بەپێوە ڕابوەستین.

پاش تاریکبوون لەوێ بەڕێکەوتین ئەو شەوە چووینە حەشارگە و ژێر زەمینەکەی سەرچەمی ئاوەسپی لەنێوان گوندی (خان خواروو) و(باوەکر)، ئەو پێشمەرگانەی پێکەوە ئەو مەرگەمان بەڕێخست پێکهاتبووین لە:

١. شەهید کاکە توکنی.
٢. شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت.
٣. عوسمان تلیشانی.
٤. مەلا رەحیم.
٥. غایب حوسێن.

٦. سەباح شێخ حەمیدی.
٧. جەمال شێخ حەمیدی.
٨. عەلی غایب.
٩. شکور ئیسماعیل.
١٠. حەمەڕەشید توکنی.

## شەهید و بریندار بوونی حەوت پێشمەرگە

لەگەڵ یەکەم ڕۆژی کۆتایی هاتنی لێبوردنەکە، ڕۆژانە لەبەیانی زووەوە تا ئێوارە کۆپتەر بەسەر ئاسمانی ناوچەکەوە دەسوڕایەوە، بەردەوام هێزێکی زۆری پیادەی دوژمن بۆ کێوماڵ (تمشیگ)کردن دەردەچون.. شیو بە شیو و دۆڵ بە دۆڵ و گرد بە گرد دەگەڕان. ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/١١ کاتێک دەستەکەی کاک ئازادی سەگرمە لەچەمی (لاهێز) دەبن کە دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی( قولیجانی سەرحەد و قولیجانی ئەمین قارەمان و کوردەمیری کەلز و لوقمان و فەقێ مستەفا) وە، (لاهێز) چەمێکی قوڵ و سەختە و چەندین ئەشکەوت و بنکاچی تێدایە.. لەبارە بۆ خۆشاردنەوە و خەباتی پارتیزانی. بە مەبەستی گواستنەوە و شوێن گۆڕکێ لەچەمی (لاهێز)ەوە بۆ ناوچەی (زەنگنە) بەڕێدەکەون ژمارەیەک پێشمەرگە دەبن و چەند وڵاخێکی گوێدرێژ و ئێستریان پێدەبێت، بارکرابوون لەکەلوپەل و تەقەمەنی و بێتەلێکی ڕاکاڵی گەورە و خواردنی پێویست. لەپڕ چەند هەلیکۆپتەرێک دێتە سەریان و دەستڕێژی شەستتیر و گوللەیان لێدەکات، لەگەڵ یەکەم دەستڕێژدا سێ پێشمەرگە شەهید دەبن بەناوەکانی:

١. شەهید حوسێن عەبدوڵڵا (شێرکۆ جدی) دانیشتووی شاری سلێمانی.
٢. شەهید شێرزاد عەریف ڕەمەزان لەدەستەی کاک ڕۆستەم بوو، یەکێک بوو لەپێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری کەرکوک، لەوێوە لەگەڵ مام ڕۆستەم هاتبوو. دانیشتوی کەرکوک بوو.
٣. شەهید هەڵکەوتی موهەندس.

## چەند پێشمەرگەیەک برینداربوون:

١. کاک ئازادی سەگرمە، بەقورسی بریندار بوو لاقی شکابوو.
٢. هەای برای ئازادی سەگرمە.

٣.	سەرکەوت پورزای ئازادی سەگرمە.
٤.	ساماڵ رەحیم کاکەولا.

کۆپتەرەکان زۆر بێترسانە بەنزمی تەقەیان لێکردبوون. کاک ئازاد هەرچەندە برینەکەی سەختبوو بەسکەخشکێ.. خۆی دەگەیەنێتە بیکەیسیەکە ودەسترێژێک لەکۆپتەرەکان دەکات. لەگەڵ دەسترێژەکەدا کۆپتەرەکان بەپەلە و بەخێرایی شوێنی شەڕەکە بەجێدەهێڵن.

شەهید(حەمە ڕەش ومام رۆستەم) و چەند پێشمەرگەیەک لەو نزیکە دەبن بە پەلە فریایان دەکەون و کیلۆمەترێک برینداەکان لەشوێنی ڕووداوەکەوە دوور دەخەنەوە.. لەناو چەمو ژاڵیەکدا خۆیان حەشار دەدەن، پاش نیو کاتژمێرێک شەش کۆپتەر کەچواری بارهەڵگر و دووانی جەنگی دێنەوە، کۆپتەرە بارییەکان دەنیشنەوە و ژمارەیەکی زۆر سەرباز و جاش دادەگرن.. دووانە جەنگییەکەش لەئاسمانەوە چاودێری دەکەن شەهیدەکان و کەلوپەلەکان باردەکەن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن. بۆ شەو برینداەکان دەگوازنەوە بۆ لای دەستەکانی کاک عەدنانی حەمەی مینا و شەهید مەلا ئەحمەد کەلاری و شەهید سەید محەمەد لەسنوری دێی (عەبدولکەریمە سور) لەسنوری ناحیەی باوەنور، کاک ئازاد لە حەشارگەی کونە سوچەڕەکە لەنزیک گوندی (مراوە) لەسنوری ناحیەی باوەنور بۆ ماوەی بیست و پێنج ڕۆژ دەهێڵنەوە، چەند ڕۆژێک کاک عەدنان برینپێچی بۆ برینداەکان دەکات.. کە هەندێک شارەزایی لەبرینپێچیدا هەبوو. پاش چەند ڕۆژێک ڕێکخراوی(کۆڕەک) لەناو شارەوە (شێخ سدیق) فەرمانبەری تەندروستی سلێمانی دەنێرن بەدەرمان وپێداویستی تایبەتەوە بۆ چارەسەرکردنیان، ناوبراو ئەندامی (کۆڕەک) بوو. لەبەرئەوەی برینەکانی سەخت دەبێت داوا لە ڕێکخراو دەکرێت کاک ئازاد ببەنەوە ناو شار و چارەسەری بۆ بکەن. لەشەوی ٧-١٩٨٨/١١/٨ لەکێڵگەی پەلەوەر (دەواجن)ەکەی (حەمەی وەلی) یەوە کە دەکەوێتە نێوان قەزای (دەربەندیخان) و ناحیەی(پێباز) باوەنورەوە، ڕێکخراوی سلێمانی دەیگوازنەوە بۆ سلێمانی لەوێشەوە بۆ بەغداد بۆ ماڵی(دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد).. لەماڵیان دەمێنێتەوە تا چارەسەر دەکرێت و بەتەواوی چاک دەبێتەوە. دواتر لەڕێگای ڕێکخراوی شارەوە ڕەوانەی بارەگاکانی سنور لە(قاسمە ڕەش و ناوزەنگ) دەکرێت.پاش گەڕانەوەی کاک عوسمان و شەهید مەجید کاک عوسمان بۆمانی گێڕایەوە.. وتی: شەو لەچەمی لاهێز لەگەلا کاک ئازاددا پێکەوە بووین بۆ سبەی من و مەجید و حەمە ڕەحیمی جیهاز بەرەو سنوری زاوت و لەوێوە بۆ سنوری باوەنور بەمەبەستی بینینی برادەرانی ناوشار ڕۆیشتین، پاش ئێمەش ئەوانیش بەرەو ئاراستەی ڕووباری ئاوەسپی بەڕێکەوتن، پاش نیوکاتژمێرێک گویمان لەدەنگی

کۆپتەرو دەسترێژی تەقەبوو زانیمان ئەو برادەرانە توش بوون.. بەڕاکردن گەڕاینەوە بۆ لایان تائێمە گەییشتین شەهید حەمەڕەش زیاتر لە کیلۆمەترێک برینداەکانی لەشوێنی شەڕەکە دوور خستبووەوە. دواتر پێکەوە ماوەیەکی تر دوورمان خستنەوە.. پاش ماوەیەک کۆپتەرەکان گەڕانەوە برینداەکانمان لەناو هەندێ ژاڵەو بژوێندا شاردەوە.. خۆشمان بەو ناوەدا دامەزراین، پاش هەندێ سوڕانەوە کۆپتەرەکان نیشتنەوە و شەهید و کەلوپەلەکانیان لەگەڵا خۆیان برد.پاش ڕاپەڕین کاک ئازادی سەگرمە بەڵگەنامەیەکی لەکەرکوک دەستدەکەوێت ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ڕۆژەی کاک ئازاد بریندار بووە لەناو هەلیکۆپتەرەکاندا عەمید ڕوکن(ئیسماعیل عەبدولقادر جبوری) فەرماندەی هێزی پاراستنی کەرکوک بووە لەناو هەلیکۆپتەرەکەدا کوژراوە.

ئەم ڕووداوە زۆر گەورە و کاریگەر بوو چ لەڕووی زیان و چ لەڕووی بەرگری  قارەمانانەی کاک (ئازاد و شەهید حەمە ڕەش ومام ڕۆستەم) و هاوڕێکانیان هەڵدەگرێ دەیان لاپەڕە و دەیان چیرۆک و سیناریۆی دراماییی لەسەر بنوسرێت. من لەکاتی ڕووداوەکەدا لەوێ نەبووم دواتر لەنزیکەوە لەدەمی ئەو پێشمەرگە و فەرماندانەوە بیستم لەناو ڕووداوەکەدا بوون و بەخت  یاوەریان بوو بەبرینداری ڕزگاریان بووە، دەکرێت ئەو فەرماندە و پێشمەرگانەی  لە ڕووداوەکەدا ڕزگار بوون.. وەک خۆی  بۆ مێژوو  بیگێڕنەوە.

# شەهید بوونی ئازاد بەرغەش وهاوڕێکانی

چەند ڕۆژێک پاش کۆتایی هاتنی لێبوردنەکە و دڵنیابوون لەمانەوەی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە و فەرماندە لەسنوری گەرمیاندا، دوژمن وەک سەگی هاری لێهاتبوو.. بەدرێژایی ڕۆژ ئاسمانی ناوچەی گەرمیان کۆپتەری لێنەدەبڕا.. بەهێزی زۆری پیادە لەجاش و سەرباز کێوماڵی گشتگیر و کون بەکون و شیو بەشیو دەکرا، پێشمەرگە و دەستەپارتیزانەکانیش هێشتا وەک پێویست لەگەڵ خۆحەشاردان و دەرنەچوون لەحەشارگەکان ڕانەهاتبوون، بەپێچەوانەوە هەندێکجار بیرکردنەوەی هەرزەکارانە و نەزانین وایلێدەکردین پێمان شەرم بوو خۆمان بشارینەوە.. یان واخۆمان نیشان بدەین لەدوژمن دەترسین. بەهەمان شێوەی پێش ئەنفال و پێش لێبوردنەکە و کاتی لێبوردنەکە دەجوڵاینەوە. هەر بۆیە لەگەڵ کۆتایی هاتنی لێبوردنەکە و فشاری زۆری دوژمن، لەمانگی ١٠ زۆرترین قوربانیماندا.. پێشمەرگەمان شەهید و بریندابوون، گەورەترین زیانمان بەرکەوت..لە هەموو کاتەکان زیاتر بەرگورزی

توندی دوژمن کەوتین، ئەوەش بووە هۆی شێلگیر و چەشبوون و زیاتر کێوماڵکردنی دوژمن دروستکردنی ترس و ئاستەنگ بۆ کار و جوڵەی پارتیزانەکان.

ڕۆژی**١٩٨٨/١٠/١٢** یەک ڕۆژ پاش شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە و بریندابوونی (کاک ئازاد)ی سەگرمە، لە هەردەی نێوان گوندی (دوراجی و قوریچای) سێ پیشمەرگەی قارەمان و ڕۆشنبیر و خۆنەویست.. لەکاتی سەرقاڵی کۆکردنەوەی خۆراک وپێداویستیدا لەلایەن چەند کۆپتەرێکی دوژمنەوە دەبینرێن و شەهید دەکرێن. پاش شەهیدبوونیان تەرمەکانیان لەلایەن کۆپتەرەکانەوە دەبرێنە نەخۆشخانەی (کەرکوک)، شەهیدەکان:

**١.** شەهید ئازاد عەبدوڵا بەرغەش، (مامۆستا ئازاد بەرغەش) دانیشتووی خورماتو بوو، پیاوێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بوو.. پێشمەرگەیەکی قارەمان وخۆنەویست و قسەخۆش، زۆر خۆشەویست بوو لەناو پێشمەرگەدا، هەموو پێشمەرگەی بەهاوڕێ و نزیکی خۆی دەبینی.. لە کاتێکدا تەمەنی لە سنوری سی وپێنج ساڵ بۆ سەرەوە دەبوو، ئەو کاتە زۆربەی پێشمەرگە لاو بوون و تەمەنیان لەبیست ساڵ کەمتردەبوو، ئەوەندە زمان شیرین و هاوڕێ دۆستبوو، هەرگیز لەهاوڕێیەتی بوونی بێزار نەدەبووی.

**٢.** شەهید (تاهیر عەبدولقادر) ناسرابوو بە(ئاسۆ کەرکوکی) پێشمەرگەیەکی زۆر وریا و چاو کراوەبوو، زۆر بەڕێز و هاوڕێ دۆستبوو. جارێک منی لەمردن گەڕاندەوە لە(چیای قزلەر) لەسەر بەفر خزام بەرە و هەڵدێرێکی زۆر بەرز ڕۆییشتم هاتە پێشم گرتمیەوە.

**٣.** (جەلال جەبار) پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو.

ئەم (سێ) پێشمەرگەیە پێش ئەنفال لەکەرتی پێنجی تیپی **(٥١)** ی گەرمیان بوون کەشەهید (جەوهەر) فەرماندەی کەرتەکە بوو. لەکاتی پارتیزانیش لەگەڵ دەستەی شەهید (جەوهەر) بوون، هەندێ کات بۆ ئەرکێک یان پێداویستیەک جیادەبوونەوە. لەڕۆژێکی کۆتایی مانگی **١٩٨٨/٩** لەهەردەی (کوڕەو سێپا) لەنێوان گوندی (مەلائۆمەر ومشکیبان) سەردانیانم کرد شەهید جەوهەر و حەمە چەوری و هەر سێ شەهید لەوێ بوون.

# بەرگری وبەرپەرچدانەوەی پەلاماری دوژمن

نزیکەی مانگێک بەسەر ڕووداوی ئەشکەوتەکەی نزیک گوندی (قولیجانی سەرحەد) و شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە لەچەمی (لاهێز) و سێ پێشمەرگە لە هەردەی (دوڕاجی) تێپەڕ بوو بوو، کاک عوسمان و شەهید مەجید لەسنوری گوندەکانی (زاوت و پارێوڵە) لەسنوری ناحیەی باوەنور بوون بۆ بینینی برادەرانی ڕێکخراوی شار . ئێمە لەحەشارگە و ژێر زەمینەکەی سەر ڕووباری ئاوەسپی بووین، کە لە نێوان گوندی (خانی خوارو وباوەکر) دابوو، لەشیوێکی قوڵی سەختدا، لەڕووباری ئاوەسپیەوە.. نزیکەی شەش سەد مەترێک دووربوو. پێکهاتبووین لەم پێشمەرگانە:

١. شەهید ساڵەح حوسێن (شەهید کاکە توکنی).
٢. شەهید کامەران هیدایەت (شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت)ز
٣. شەهید عەلی (شەهید عەلی فەقێ مستەفای).
٤. عوسمان عەلی سەمین (عوسمان تلیشانی).
٥. عەلی غایب.
٦. سەباح شێخ حەمیدی.
٧. جەمال شێخ حەمیدی.
٨. مەریوان حاجی حوسێن زەرداوی.
٩. حەمەرەشید توکنی.

پانییەکەی (**٢,٥*٥**) مەتر دەبوو.. بە بەرزی دوو مەتر, دەرگاکەی بەقەد کەنێکەوە بوو بەبەرزی یەک مەتر، دوومەتر لەناو شیوەکەوە دوور بوو.. بۆ پاراستنی لەئاوی زستان.. بەدار و چینکۆ سەرگیرابوو نیو مەتر خۆڵی لەسەربوو، بۆ ئەوەی نادیار بێت و لەگەڵ دەورووبەری لەیەک بچێ چەندین بنجگ وپوشمان لەسەری چاندبوو، لەگەڵ ژێر زەمینێکی(**٢ *٣**) بۆ پێداویستی دیکە, لەنزیکی ژێر زەمینەکە کانییەک هەبوو.

ڕۆژی **١١/٢٠** شەهید نازم کەرکوکی و شەهید جەوهەر و کاک شێخ کەریم هاتن بۆ سەردانمان، شەو لامان مانەوە، ئەو شەوە تادرەنگێک گفتوگۆ و قسەی خۆش و نوکتەمان گێڕایەوە، باسی شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی دەستەکەی کاک ئازادی سەگرمەمان دەکرد، لەگەڵ برینداربیەکەی کە بەچ حاڵێکی خراپ مام ڕۆستەم و شەهید حەمە ڕەش ڕزگاریان

کردبوون.. بەچ ئازارێک گواستیانەوە بۆ سنوری حەشارگەکانی شەهید مەلا ئەحمەد و ئەوان.

ڕۆژی ١١/٢١ کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ کاک کەریم و هاوڕێکانی وتیان: ئێمە دەڕۆینەوە بۆ لای برادەرانی خۆمان چەند جارێک پێمان وتن: هێشتا زووە.. لەپاش لێبوردنەکەوە ڕۆژانە دوژمن بەکۆپتەر و پیادە دەگەڕێن.. بەتایبەت ئێرەش نزیکە لەگوندی (خان) و جادەی گوندی (باوەکرو خان) ەوە پەلە مەکەن نزیک خۆرئاوابوون بچن. وتیان: بەم هەردەدا وردەوردە دەچین  ولاخمان پێ نییە هەرشتێک ببێت خۆمان دەشارینەوە، ئەوان ماڵئاواییان کرد.. بەڕێکەوتن. برادەرانی ئێمەش وتیان: دەچین لەدووری دوو کیلۆمەترێک هەندێ چەکمان هەیە دەیشارینەوە، من و شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت لەحەشارگەکەماینەوە، کاک عوسمان تلیشانی بەرپرسی دەستەکەمان بوو پێی وتین: تەنها هەردووکتان لێرەن وریابن ئاگاتان لە خۆتان بێت. کاتژمێر چوار و بیست خولەک لەسەرچەمی ئاوەسپی چوارپێنج دەستڕێژی درێژکرا، وتم (کامەران) زوو بیکەیسیەکە بێنە سەرەوە خۆشم بیکەیسیەکەی دیکەم هەڵگرت و چووینە سەرەوەی حەشارگەکە، وتم: بەدڵنیاییەوە تەقە لەکاک کەریم و هاوڕێکانی کرا. پاش دەخولەک کاک کەریم وهاوڕێکانی بەڕاکردن و هەناسە بڕکێ بەناو شیوەکەدا هاتن..لە دوورەوە وتیان: دامەزرێن، دامەزرێن.. هاتن دوژمن بەدواماندا هات.. وتمان: بێقەزابن.. وتمان هێشتا زووە مەچن بەگوێمانتان نەکرد، بەس نییە سەلامەتن، چوزانین ئەم جاشانە وەک تولەی ڕاو بەدوامانەوەن، ئێمە گەییشتنە سەرجادەکە لەسەرچەمی ئاوەسپی ویستمان بپەڕینەوە لەپڕ لە دووری پازدەمەتر لەملەکەوە چەند ئۆتۆمبێلێکی جاش هاتنە سەرمان، بەبێ ئەوەی بهێڵین دابەزن دامانە بەردەستڕێژ و ڕامانکرد هێزێکی زۆر بە دوایانەوە بوو، ئێمەیان  بینی و بەدواماندا هاتن، ئەی برادەرانی دیکە بۆ کوێ چوون؟  ووتم: بە ئەرکێک چوون پاش ئەم گفتوگۆیانە نزیکەی دە خولەکێکی پێچوو .. برادەران پاش ئەوەی گوێ بیستی تەقەکان بوون وا تێگەیشتبوون هاتونەتە سەر من و شەهید کامەران، وتبویان بەخوا تازە تیاچوون هەرچۆنێک بێت فریایان بکەوین، بەڕاکردن هاتن لەپێش هەموویانەوە شەهید(عەلی فەقێ مستەفا)یی گەییشت.. ئەوەندە بەخێرایی هاتە سەرگردەکەی نزیکمان..لە قەدپاڵەکەوە هاتەخوارەوە بۆ لای ئێمە.. باوەڕ بکەن وەک ئەسپ خۆڵی قەد پاڵەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایە خوارەوە، ئێمەی بینی بە گردەکەی بەرامبەرەوە خۆماندا بوو بەزەویدا لەپاڵ بیکەیسیەکەدا هاواری کرد وتی: ئەرێ ماون سەلامەتن.. هیچتان بەسەرنەهاتوە؟ بەدوای ئەودا هەموو برادەران هاتن و دامەزراین.زۆر دڵخۆش بووم بەو هەڵوێستە جوامێرانەیان لەدڵی خۆمدا ووتم: خۆشبەختم هاوڕێی دڵسۆزی وەک ئێوەم هەیە. پاش چەند خولەکێک.. بە گەییشتنی کاک کەریم..

هێزێکی زۆر زیاتر لە سی تا چل ئۆتۆمبیلی سەربازی لەئیڤا و گاز (٦٦) و جێبی قیادە کەپڕبوون لەجاش و سەرباز لەسەرگردەکەی بەرامبەرمان لەسەر چەمەکە وەستان و سەرنشینەکانیان هەندێکیان مابوون زۆربەی بەبلاوی بەرەو ئاراستەی ئێمە دەهاتن، هەندێک بەناو شیوەکەدا بە شوێن پێی کاک کەریم و هاوڕێکانیداو هەندێک بۆ بەرزاییەکانی ئەمبەر و ئەوبەری حەشارگەکە دەهاتن، ئێمە لە بەرزاییەکانی دەوروبەری حەشارگەکە دامەزرابووین، جاشەکانمان بینی وەک سەگی پۆلیسی و تولەی ڕاو سەریان داگرتبوو بەسەر شوێن پێکاندا و دەهاتن بەرەو ئێمە، بە تەواوی لێمان نزیکبوونەوە، وتمان کەس تەقە نەکات تاکو دەگەنە سەر حەشارگەکە. سێ جاش چەند مەترێک لەپێش ئەوانی ترەوە دەهاتن، شەهید جەوهەر لەبن بەردێکدا بەقەد پاڵی بەرامبەر ژێر زەمینەکەوە خۆی بەزەویدا دابوو، وتی کەس تەقە نەکات.. کاتێک تەقەی لێیانکرد یەک لەجاشەکان لەئێمە تێپەڕیبوو، گەییشتە پێش دەرگای حەشارگەکە.. دووانەکەی دیکە بەدە مەترێک لەپێشمانەوە بوون. لەگەڵ دەستکردنەوەمان هەر سێ جاشەکە کوژران.. ئەو هێزەی لەسەر گردەکەی لای ئۆتۆمبیلەکان وەستابوون.. لەگەڵ ئەوانی دیکە بۆ سەر حەشارگەکە دەهاتن. چوارسەد مەترێک لێمانەوە دوور بوون بەدوو بیکەیسی و دوو ئاربیجی و دوازدە کلاشینکۆف دەستڕێژمان لێکردن دوونیامان لێکردنە ئاگر و گوللە.. واشپرزە بوون هەڵهاتن و ئۆتۆمبیل و کوژراو و بریندارەکانیان بەجێهێشت، پاش پازدە خولەک توانیان تەقە بکەن وەلامامان بدەنەوە. پاش بیست خولەک شەش کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە، کۆپتەر لای ئێمەی پارتیزان لەو سەردەمەدا بەتایبەت پاش شەهیدکردن و برییندارکردنی چەند پێشمەرگەیەکی دەستەکەی کاک ئازاد، ئیزرائیل بوو مەرگهێنەر و دێوەزمە بوو، بەبیستنی دەنگی کۆپتەر دەمت تاڵ دەبوو لەشت گەرم گەرم دەبوو.. ئەژنۆ و ماسولکەکانی لەشت خاو و بێهێز دەبوو، بەبیستنی دەنگی کۆپتەر و دەرکەوتنی شەش کۆپتەر.. ورە ڕۆخا.. مەرگی خۆمانمان بەچاو بینی، هەموو لەسەر گرد و بەرزاییەکانەوە دابەزینە خوارەوە بۆ ناو ژێر زەمین و بن ئەشکەوت و تاشەبەردەکان. پاش سوڕانەوەی دووجار کۆپتەرەکان دەستیان بەدەستڕێژی شەست تیر و ساروغ کرد، ئێمە بەبێ تەقە نزیکەی دە خولەکێک پشتمان چاڵکر دبوو بۆ گوللە و شەستتیر و ساروغ.

کۆپتەرەکان نە زۆر بەرز و نە زۆر نزمیش بوون.. نەک وەک ئەوەی ڕۆژانە بە دواماندا دەگەڕا ئەوەندە نزم بوو دەمانچەش پێی دەگەییشت. پاش دە خولەک شەهید جەوهەر لەبن کاچەکە دەرچووە دەرەوە، هاواریکرد کوڕینە پێشمەرگە غیرەتێ کوڕە ئێوە پێشمەرگەن.. ئێوە ئەو پێشمەرگە قارەمانانە بوون کۆپتەر نەیدەوێرا بەئاسمانی گەرمیاندا بڕوات.. ڕێگەتان

لێدەگرت و تەقەتان لێدەکرد، ئێوە هەمان پێشمەرگەی کۆپتەر بەزێنن.. کۆپتەرەکانیش هەمان کۆپتەر و هەمان فرۆکەوانن.. کە لەبەر قارەمانی ئێوە خۆیان پێڕانەدەگیرا.

لەگەڵ ئەم قسانەدا گوللەیەکی ئاڕبیجی نا بە کۆپتەرەکانەوە، بەدوای ئەودا عوسمان تلیشانیش گوللەیەکی پێیانەوە نا، لەگەڵ ئەوانیشدا دوو بیکەیسی تەقەی لێکردن، کۆپتەرەکان چەند بەرزبوون ئەوەندەیتر بەرزبوونەوە.

لەگەڵ بەرزبونەوەی کۆپتەرەکان ورەی ئێمەش لەکۆپتەرەکان زیاتر بەرز بۆوە، بەهاوارکردن دەرچووینە دەرەوە.. هەر کەسە و لای خۆیەوە هاواری دەکرد دەی برادەران دەرچن، لێیاندەن لێیاندەن. برادەران بچنەوە بۆ سەر گردەکان، لێیاندەن، هەموو بەڕاکردن چووینەوە بۆ سەر گردەکان،پێش هەموو برادەران چوومەوە بۆ شوێنەکەی پێشوومان.. کە من و سەباح و غایب لەوێ بووین. ماوەی هاتنی کۆپتەرەکان و دابەزینی ئێمە.. تا گەڕنەوەمان بۆ شوێنی خۆمان نزیکەی پازدە خولەکێکی پێچوو، لەگەڵ گەییشتن بۆ سەر گردەکە چەند جاشێک بۆ سەرگردەکەی شوێن ئێمە دەهاتن.. ماوەی هەفتا مەترێک تەقەم لێیانکرد کوژراو و برینداریان هەبوو.. بە شپرزەیی هەڵهاتن و گەڕانەوە بۆ دواوە، لەدووری سێ سەد مەترێک لەپاڵ هەندێ تاوێردا سەنگەریان لێگرتین.. بانگی سەباح و غایبم کرد، ئەوانیش هاتن بۆ لام، کۆپتەرەکان بەردەوام بۆردومانیان دەکرد، بەڵام بەهۆی بەرزی و دوورکەوتنەوەیان گوللەکان نزیکمان نەدەکەوت، جاش و سەربازەکان لێمانەوە نزیکبوون.. شەڕ گەرمبوو، چەند جاشێک لەبەرامبەرمان بوون لە ناو ڕکە تاوێرەکاندا، شوێنەکەیان گونجاو بوو بۆ شەڕ ئێمەش بەسەر گردێکی ڕووتەنەوە.. بووین، چۆن سەرمان بەرز دەکردەوە بۆ تەقەکردن لەپێش سەرمانیان دەدا. بە(غایب وسەباح)م وت: ئێوە لێرەوە تەقە بکەن من لە پشتی ئەم گردەوە دەچم بزانم هاوشانیان لێناگرم بیانپێکم؟ بەڕاکردن ڕۆییشتم شەهید سەید جەوهەر وتی چی دەکەیت بۆکوێ دەچیت، وتم دەچم هەوڵدەدەم لەتەنیشتەوە تەقەیان لێبکەم . چوومە شوێنێکی تر لەوێ باشتربوو، هەندێ تەقەم لێکردن چەند جاشێکم بینی هەڵهاتن، بەڵام هێشتا تەقە لەو شوێنە مابوو تفەنگ چیەکی باش بوو چۆن تەقەی دەکرد بەلێدانمان حیساب بوو. پاش چەند خولەکێک کە جاشەکان ڕایانکرد گەڕامەوە بۆ لای سەباح وغایب. شەهید جەوهەر بانگی کرد وتی: ئەوە چییە؟ وتم: چەند جاشێک لە پاڵ ئەو ڕکە بەردەدان پێموایە گیریان خواردبێ زۆر بەسەختی بەرگری دەکەن، بەئاڕبیجیەکەوە هات، وتی: لەکوێدان؟ وتم: فیشەکێکی ئاگردار دەنێمە شوێنەکەیانەوە تەماشاکە، پاش فیشەکەکە یەک گوللە ئاربیجی نا بەشوێن فیشەکەکەوە جاشێک لەڕکەتاوێرەکەوە کە سێ مەتر بەرز دەبوو خۆی هەڵدایە خوارەوە ڕایکرد دیاربوو گیری

خواردبوو، پاش ئەوە دوژمن بەتەواوی تێکشکا.. بۆ دواوە هەڵهاتن ئۆتۆمبیل و کوژراوەکانیان لەشوێنی خۆیدا بەجێهێشت پێنج سەد مەترێک لەئێمەوە دووربوون. من و غایب و سەباح پێکەوە لەسەر گردێک بووین پاش شکاندنی دوژمن وا ڕێککەوتین پەلاماری ئۆتۆمبیل و کوژراو و بریندارەکان بدەین، چووینە لای برادەران بەکاک کەریممان وت ئێمە دەمانەوێ هێرش بکەینە سەر دوژمن، لەشیوەکەوە دەچین تالێیان نزیک دەبینەوە، بۆ سەر ئۆتۆمۆبیلەکان تەنها سەد مەترێکی دەمێنێت ئێوە لێرەوە لێیان بدەن، ئێمەش لەژێر دەمیانەوە بەدەستڕێژ دەچینە سەریان، ئەگەر پێتان باشە دوو سێ پێشمەرگەی تر لەگەڵمان بێت ئەگەر کەسیش نەیەت ئێمە دەچین. کاک کەریم وتی: ئێوە شێت بوون، دوو کاتژمێر و نیوە شەڕ لەگەڵ شەش کۆپتەر و ئەم هەموو هێزە دەکەین..بێ زیان بووین.. ئێستا دەتانەوێ پەلاماریان بدەن و بریندارێکی دوژمن شەهید یان بریندارتان بکات. لەکەس قبوڵ ناکەم هەنگاوێک بۆ پێشەوە بچێت، ئەگەر بەگوێم نەکەن من خۆم لەدواوە تەقەتان لێدەکەم. یاڵا زوو خۆتان کۆبکەنەوە با لێرە بڕۆین و دووربکەوینەوە، دەبێت خەمی شوێنی سبەی بخۆین سبەی دوژمن زەوی و ئاسمانمان لێ دەکات بەئاگر، بەدواماندا زەوی و ئاسمان شیدەکاتەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە شتە زیادەکان بشارنەوە و کۆڵوبارتان سوک بکەنەوە. جگە لەوەی سالانێکی زۆربوو.. کاک کەریم فەرماندەیەکی قارەمان و جوامێر و سەرکەتووی گەرمیان بوو..هەرچەندە لەدەستەکەی ئێمە نەبوو.. بەرپرسی ئێمە نەبوو لەڕووی هاورێیەتی و ئەخلاقییەوە چ وتەیەکی بوایە ئێمە وەک فەرمان جێبەجێمان دەکرد، من بۆ خۆم وەک برا گەورە و فەرماندەیەکی زۆر مەیدانی و بەئەزمون تەماشام دەکرد، بەتایبەت لەپاش چالاکییەکی پێشمەرگانە کەلە مانگی **١٩٨٧/٢** هەردوو تیپی(**٥١**ی گەرمیان و**٥٣**ی شێروانە) لەسەر جادەی قەزای(کفری) و ناحیەی (سەرقەڵا) ئەنجامماندا، کە بڕیار وابوو لەهەموو ڕەبیەکانی نێوان ئەو دوو شارە بدرێت و بگیرێت، ڕەبیەی سەرپردی گوندی(ئیبراهیم خان) بۆ کەرتی یەک و شەش دانرابوو، کە کاک کەریم و کاک عوسمانی حاجی مەحمود فەرماندەی کەرتەکان بوون، کاک عوسمان چەند ڕۆژێکی پێشتر لەگرتنی ڕەبیەی گەڕەکی ئیمام مەحەمدی قەزای کفری بریندار بووبوو، برادەران نەیان هێشت بێت شەهید سەید جەوهەر جێگری فەرماندەی کەرت بوو فەرماندەیی کەرتی ئێمەی دەکرد، لەیادمە کاتێک لەگوندی (بەکرەشەل و شەرەف) دەرچووین، بۆ نزیکی ڕەبیەکە کاک کەریم وتی من ئەم چالاکییە بە سەرکەوتوو نازانم، بۆیە هیچ پێشمەرگەیەک هێرش نەکات.. تا خۆم فەرمانتان پێنەکەم، لەگەڵ کاتژمێر سفردا بەشێوەیەک دەستیان لێکردینەوە و بەرگرییان دەکرد هیچ بواری پێشڕەوییان نەدەدا. لەو چالاکییەدا (ڕەمەزان) لەڕەبیەی پردی گوندی (ناساڵەح) شەهیدبوو کەجێگری فەرماندەی کەرت بوو لەتیپی(**٥٣**ی شێروانە) و(ئەحمەد ئۆمەر بلی) شەهید بوو.. (یوسف) بەبریینداری لەناو ڕەبیەی گۆڕستانی

گوندی(ئیبراهیم خان) بەجێما.. هەردووکیان لە تیپی **٥١** ی گەرمیان بوون، چەندین بریندارى دیکەش هەبوو. دەقاودەق بۆ چوونەکەی کاک کەریم بوو. هەر بۆیە من زۆر گرنگیم بەبۆچوونی دەدا، هەموو برادەران بۆچوونەکەی کاک کەریمیان بۆ دوورکەوتنەوە لەشوێنی شەڕەکە لا پەسەندبوو، بۆیە مەغزەنە بەتاڵەکانمان لەو فیشەکەی لامان بوو پڕکردەوە، هەردوو ئاربیجی و بیکەیسیەکان.. لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر فیشەک و گوللەئاربیجیدا شاردەوە, بەبێ زیانی ئێمە و کوژرانی زیاد لە بیست جاش و سەرباز شوێنەکەمان بەجێهێشت و بەرەو ئاراستەی ڕۆژهەڵات بەپشتی گوندی (خان) دا بەڕێکەوتین.. لەنێوان هەردوو گوندی (خان)ەوە لەئاوەسپی پەڕینەوە.. بەپشتی هێزەکەی دوژمندا سوڕاینەوە بەرەو باکورو ڕۆژئاوا ڕۆیپشتین، وا ڕێککەوتین بۆ ئەوەی فریوی دوژمن بدەین بەرەو سنوری قادر کەرەم بچین کە پێشنیازی کاک (شێخ کەریم) بوو هەموومان پێمان باشبوو (صەباح شێخ حەمیدی) شارەزای ئەو سنورە بوو وتی کاک کەریم ڕاست دەکات ئەو سنورە زۆر سەختە.. قامیش و ئەشکەوتی باشی تێدایە بۆ خۆشاردنەوە من هەمووی شارەزام. ئەو شەوە گەییشتینە هەردەی نێوان گوندی (بەکرەگەڕە و تەکیەکۆن) لەچەمێکی قوڵ و سەختداماینەوە. ئەشکەوتی زۆری تێدابوو، کاک کەریم و هاوڕێکانی ئێمەیان بەجێهێشت و چوون بۆ لای دەستەکەی خۆیان. **١١/٢٢** کاتژمێر **١٠**ی بەیانی هێزێکی دوژمن لەگوندی (بەکرەگەڕە) وە دەرچوون.. بەرەو ئاراستەی ئێمە هاتن لەئەشکەوتەکە دەرچووین و بەئاراستەی باکوری و ڕۆژئاوا بەدوای یەکدا بەبڵاوی ڕامانکرد، چەند جارێک کۆپتەر لێمان نزیکبۆوە، بەڵام نەهاتنە سەرمان، زیاتر ئەو سنورانە دەگەڕان کەکێوماڵیان دەکرد، بەدەم ڕاکردنەوە ئەوەندەمان زانی چەمچی عەرەبانەیەکمان بینی لەپێشمانەوە بۆ دواوە گەڕاینەوە پێمان وابوو تووش بووین، چووینە سەر هێزی دوژمن، پاش چاودێری بۆمان دەرکەوت گوندی (تەکیەکۆنە) و عەرەبانەیەکی گوندەکەیە بەجێماوە. سوڕاینەوە و لەپشتی گوندەکەوە بەرەو ئاڕاستەی ڕۆژئاوا و گوندی(تەڵەبی) بەڕاکردن ڕۆییشتین. چەند جارێک کۆپتەرەکان هاتنە سەرمان.. خۆمان حەشاردا، لەناو شارەوە هەندێ پاڵتۆی شینیان بۆ ناردبووین.. دەتگوت میرووی چاوەزارە زۆربەمان پاڵتۆکانمان داکەند و بەستبومان بەتاقمەکانمانەوە، چووینە هەردەکەی نێوان گوندی(تەکیە و تەڵەبێ) کۆپتەر بەتەواوەتی شپرزەی کردبووین، ئەوەندە بەنزمی هاتە سەرمان لەترسان بەچەند خولەکێک لەناو ئەو هەردە سورک و لمانەدا یەکی چاڵێکمان کرد و خۆمان وەک بەچکە سوێسکە تێیدا خپکردبوو، چەند جاشێکمان بینی هاتنە ناو گوندی تەکیەوە بەچەم و شوێن پێکەی ئێمەدا بەتەقە هاتن، پێمان وابوو بەشوێن پێکانی ئێمەدا دێن.. هاکا ئێستا بێنە سەرمان، دەمانویست لەو شوێنە ڕابکەین و لەوێ دوور بکەوینەوە، بەڵام بەهۆی سوڕانەوەی بەردەوامی کۆپتەرەکانەوە بەنزمی نەیدەهێشت لەشوێن خۆمان بزوێین، چاوەڕوان بووین

بێن بەسەرماندا و وەک تەڵە پێیاندا بتەقێین، دوو سەدوپەنجا مەترێک بەدووری ئێمەدا تێپەڕین و بەرە وگوندی(کەریم باسام) ڕۆییشتن. تا خۆرئاوابوون کۆپتەر بەسەرمانەوەبوو، کاتژمێر نزیک شەشی ئێوارە کاتی پەیوەندی بێتەل بوو بێتەلەکەمان کردەوە تاکو پەیوەندی بەبرادەرانمانەوە بکەین و هەواڵی خۆمانیان پێبدەین و هەواڵی ئەوانیش بزانین.چی هەوڵماندا بێتەلەکەمان نەدەنگی دەهێنا و نەدەنگی دەبرد، زۆر هەوڵماندا بێ سوود بوو. لەهەردەی نزیک گوندی(تەڵەبی) چووینە سەر کانی و ئاوێک دەردرابوو جامێکی فافۆنی لەسەربوو. دڵنیابووین کەئەم کانیاوە شوێنی حەشارگەی لێوە نزیکە، چونکە دیاربوو تازە پاککرابۆوە، بەڵام نەماندەزانی لەکوێیە و هی کێیە، دواتر لەشەهید جەوهەرمان پرسی پێی وتین بەدووری دووسەد مەتر حەشارگەیەکی باشی ئێمەی لێیە، بەنزیک گوندی (تەڵەبی وعەبدوڵا هۆری) دا تێپەڕین و لەنزیک گوندی (مامیسک) یەوە چووینە خوارەوە بۆ چەمی (سێ گلاڵ) دەکەوێتە نێوان گوندی (عەبدوڵا هۆری وشێخ حەمید) و ناحیەی قادرکەرەمەوە، چەمێکی زۆر سەخت و قامیشەڵانە چەندین ئەشکەوتی سەختی تێدایە، زۆر لەبارە بۆ خۆحەشاردان، هەرچەندە شەو زۆر ساردبوو، بەڵام بەهۆی ئەو هەموو ڕاکردن و ماراسۆنەی پێمانکرابوو ئەوەندە ماندوو بووین باش خەوتین.

ڕۆژی **١١/٢٣** لەچەمی (سێ گلاڵ) بووین چەند جارێک کۆپتەر هاتە سەرمان، بەڵام بەهۆی سەختی شوێنەکەمانەوە ترسمان نەبوو. کاتژمێر پێنجی ئێوارە سەباح وتی: مام(ڕەشید) باوک(جەمال شێخ حەمیدی) ناونیشانی هەندێ ژێرزەمینی خەڵکی گوندی (شێخ حەمید)ی پێداوم لەم دەوروبەرە بابچین بەڵکو هەندێ خواردن بدۆزینەوە. پێکەوە ڕۆییشتین لەدووری یەک کیلۆ مەتر چەند ژێر زەمینێکمان دۆزیەوە..پێش ئەنفال دروستیان کردبوو، یەکێکیان کەلوپەلی دوکانی تێدابوو چەند کارتۆنێ شەربەتی پرتەقاڵی تۆز وچەند کارتۆن شوشەی فانۆس و لاڵە وئارد و شەکر و برنج و چەند کیلۆیەک پارەی وردەی ئاسن و چەندین وردە شتی دیکەی تێدابوو، هەر لەشتێ چوار پێنج کیلۆ وچوار شوشەی یەک کیلۆیی شەربەت و نیو فەردە ئاردمان دا بەکۆڵماندا هێنامان.. بۆ لای برادەران، چێشتێکی برنجمان لێناو دەستمانکرد بەنانکردن. نزیکەی کاتژمێر دەی شەو بوو گوێمان لەدەنگە دەنگێک بوو تێمان خوڕین دەنگی (کاک کەریم)مان ناسی هاتنە لامان ئەو شەوە هەریەکە لە:

١. شەهید فازڵ برای(کاک کەریم).
٢. شەهید یاسینە بچکۆل.
٣. شەهید حەمە ئاخە.

٤. شەهید سەید جەوهەر.
٥. شەهید سەید بابا.
٦. شەهید عەبدوڵا قەیتولی.
٧. شەهید نادر وارانی.
٨. شەهید نازم کەرکوکی.
٩. اک شێخ کەریم.
١٠. جەعفەر لەتیف.
١١. جەمال وارانی .
١٢. حەمە چەوری.
١٣. موحسن لەکی.
١٤. عادل پێرەمۆنی.

شەو تا درەنگێک بە نوکتە و قسەی خۆش وپێکەنین بەرێمانکرد. سبەی پاش نان وچا خواردن بووین بەدوو بەشەوە بەهۆی زۆریمانەوە، پێمان وابوو دوو دەستە بین ئەگەر بەشێکمان توشی شەڕبین دەستەکەی تر هەوڵی دەربازبوونی دەستە بەشەڕ هاتووەکە بدات.

ئێمە(من و غایب و جەمال شێخ حەمیدی و جەمال وارانی و عەلی غایب و شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت وسەباح شێخ حەمیدی وشەهید نادر وحەمەچەوری) چووین بۆ کونە تاوێرێکی گەورە.. زۆر دوور نەبوو لە گوندی(مامیسک) ەوە. (کاک کەریم) و برادەرانیتر چوون بۆ ئەشکەوت و قامیشێکی زۆر سەخت و قایم دوو کیلۆمەترێک لە ئێمەوە دوور بوون.

ڕۆژی **١١/٢٤** لەبەیانی زووەوە دەنگی کۆپتەر دەهات لەهەردەی (کەریم باسام) و(تەڵەبی و عەبدوڵا هۆری) یەوە دەسوڕایەوە. شوێنەکەی ئێمە چاڵبوو کەڵکی چاودێریکردنی نەبوو هەموو لەناو کونەکەدا بووین لە نزیک کاتژمێر دەی بەیانی، لای کاک (کەریم) ەوە پێشمەرگەیەک بەڕاکردن هات وتی: زووکەن دەرچن و بەدوای مندا بەڕاکردن وەرن جاش بەرە و ئێرە دێت، هاکا دە خولەکێکی تر بگەنە سەرمان.. بەڕاکردن سێ سەد مەترێک لەکونەکە دوور کەوتینەوە لەپڕ سێ کۆپتەر هاتنە سەرمان لەشوێنێکی ڕووتەن و تەختدا بووین هەریەکە و لای خۆیەوە خۆیدا بەزەویدا. باوەڕ بکەن پشتم چاڵ کردبوو بۆ گوللەی (شەست تیر)، ئەوەندە نزیکبوو بەناو شیوەکاندا دەڕۆی پێشمەرگەیەک بەڕاکردن یشتن زۆر

بەلامانەوە سەر سوڕهێنەربوو چۆن و بۆ نەمانی دەبینی، بۆچی تەقەی لێمان نەدەکرد؟ ئەوەندە ترسناک بوو.. هەرگیز ناتوانی نە بە نووسین، نە بەزمان گوزارشتی لێبکەیت، نازانم چۆن لەبەر ئەو ترس و مەرگەدا کە ئیزرائیل بەسەرمانەوە دەینەڕاند و هاواری دەکرد.. دەیگوت واهاتووم گیانتان دەکێشم.. خۆمان ڕادەگرت و هەڵنەدەهاتین. بچوکترین جوڵەی هەریەکەمان دەبووە هۆی شەهیدبوونی هەمووومان، لەماوەی نیو کاتژمێردا زیاتر لە پازدە جار بەسەرمانەوە سوڕایەوە، کۆپتەرەکە لێمان ڕەت دەبوو.. چەند هەنگاوێک ڕاماندەکرد بۆ ئەوەی خۆمان بگەیەنین بەچەم و قامیشەڵانەکە کە سێ سەد مەترێک لێمانەوە دوور دەبوو، کە دەگەڕایەوە.. ڕووی تێدەکردین و دەهاتەوە، خۆمان دەدا بەزەویدا تفەنگەکەمان دەخستە ژێرمان نەوەک تیشکی خۆر بداتەوە کۆپتەرەکان بمانبینن.

ئەم هەموو هەستان و ڕاکردن و خۆ بەزەویدادان و تفەنگ شاردنەوەیە.. وریایی و سەلیقە و شارەزایی و خۆڕاگری دەوێت. پاش سوڕانەوەی نزیکەی چل وپێنج خولەک کۆپتەرەکان ڕۆییشتن، بەپەلە خۆمان گەیاندە (کاک کەریم) وان کە لەئەشکەوتێکی سەخت وچڕە قامیشدا بوون.. ئەگەر لەم ئەشکەوتەدا توشی شەڕیش بووینایە دەمانتوانی بەرگری باش بکەین، هێزەکەی دوژمن بەنزیک گوندی (عەبدوڵا هۆری) دا تێپەڕین.. بەنزیکەی سێ سەد مەترێک بەسەرووی کونەکەدا تێپەڕین کە ئێمە پێشتر تێیدا بووین، لەپاش کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ.. هەموو هێزەکەی دوژمنمان بینی بۆ ئاڕاستەی جادەی (قادرکەرەم و خورماتوو) ڕۆییشتنەوە. کاتژمێر پێنج لەگەڵ (سەباح) و چەند برادەرێکی دیکەدا ڕۆییشتین بۆ ژێرزەمینەکەی ڕۆژی پێشوو.. خواردنەکانمان لێ هێنابوو.. بۆ ئەوەی هەندێ خواردنی دیکە بهێنین. چووینە ئەوێ تەماشامان کرد هەموو ژێر زەمینەکان وخواردنەکان سوتێنراون و دوکەڵیان لێهەڵدەستێ، دواجار پاش تەماشاکردن دڵنیابووین کۆپتەرەکان بینیویانەتەوە و سەربازیان بۆ دابەزاندووە و سوتاندویانە. وتمان وەرە ئەم ژێرزەمینانەیان بەم شاراوەییە دۆزیووەتەوە کە تەختی زەوییە و نادیارە، بەڵام ئێمە ئەو ژمارە پێشمەرگە لەو دەشتە تەختە خۆمان بەزەویدا دابوو نەمانیان بینی.

# گۆڕینی تاکتیکی پارتیزانی

بەهۆی فشار و مەترسی کێومالٌکردنی هێزی دوژمن لەقولاّیی گەرمیان، بڕیارماندا بەرە و باشوری گەرمیان و سنوری قەزای(کفری وخورماتوو) بچین.. تا لەشارەکانەوە نزیک بین و نەبینە جێگای سەرنج و گومانی دوژمن. چونکە پێمان وابوو دوژمن زیاتر چاو و جولەی خستۆتە سەر قولاّیی گەرمیان بەهۆی سەختی جوگرافی و دووره دەستی لەشارەکان و دوژمنەوە، شەهیدبوونی هەڤالاّنی دەستەی(کاک ئازادی سەگرمە) و دووجار توشبوون و گەڕانەوەی خۆمان لەمەرگێکی چاوەڕوانکراو باشترین سەلمێنەری بۆچوونەکەمان بوو. بۆیە لەم هەلومەرجەدا بڕیارماندا لەم ناوچەیە دوور بکەوینەوە و بچینە نزیک شارەکان کە کەمتر جێگای گومانن، ئەو بۆچوون و تێبینییە.. تازە نەبوو لە پاش کێومالٌێکی گشتگیری گەرمیان دروست بوو.. لەسەرەتای مانگی ١٩٨٧/٨ هەموو سنورەکەی گرتەوە، بۆیە کاک عوسمان لەسەرەتای لێبوردنەکەوە شەهید کاک ئەحمەد و چەند برادەرێکی ڕاسپارد لەسنوری گوندەکانی (ئۆمەربل و بەلەگەو گۆبان عەرەب)خواردن و پێداویستی کۆبکەنەوە و چەند ژێرزەمینێک لەزەویدا هەڵکەنن.. بۆ ئەوەی لەداهاتوو هەورەها کاتی پێویستدا لە شارەکانی (خورماتو وکفری و سەرقەلاّ) نزیک ببینەوە. ئەو بۆچوونەمان زیاتر و بەتایبەتتر لەپاش یەک مانگ لە کۆتایی هاتنی لێبوردنەکەوە جێگیر بوو..کە ڕۆژانە لەئاسمان و زەمینەوە کێومالّی قولاّیی گەرمیان دەکرا.. زیاتر لەوەوە ئەزمونمان وەرگرت، پاش دوورکەوتنەوەمان لەم ناوچەیە و نزیکبوونەوەمان لەدوژمن، کەوتینە ئارامییەوە. ئێوارە کاتژمێر شەش.. کاتی پەیوەندی بێتەل.. نزیکبۆوە، چوومە سەرەوەی شیوەکە بێتەلەکەم کردەوە دیسان کاری نەدەکرد و هیچ دەنگی نەبوو، پێم وابوو لەکارکەوتووە وایەرەکانی لاقیتەکەم کردەوە.. پێنج وایەری پێوەیە بینیم یەک لەوایەرەکان بچڕاوە، وایەرەکەم خستە شوێنی خۆی و بێتەلەکەم کردەوە پاش سێ ڕۆژ لەنەبوونی پەیوەندی و بێئاگابوون لەهاورێیانمان، لەگەڵ کردنەوەیدا.. (کاک عوسمان) کە بێتەلەکەی ناوی (نازم) بوو بەناوی (شەهید نازم بچکۆل)ەوە ناوی نابوو، بێتەلەکەی ئێمە ناوی (ئاوەسپی) بوو بانگی دەکرد (ئاوەسپی، ئاوەسپی ...ئاوەسپی، ئاوەسپی).

-بەڵێ ...بەڵێ، ئاوەسپیت لەگەڵە ...بەڵێ (نازم ) ئاوەسپیت لەگەڵە.

-گیان گیان ئاوەسپی ، دەنگوباستان، پێم بڵێ دەنگوباستان سەلامەتن؟

-بەڵێ نازم سەلامەتین. بەڵێ بەڵێ سەلامەتین خەمت نەبێ بەدڵنیاییەوە سەلامەتین.

-بۆچی سێ ڕۆژە پەیوەندیتان پێوە نەکردووین، ئەگەر ئەمڕۆ پەیوەندیتان نەکردایە دەگەڕاینەوە بۆ ئەوەی هەواڵتان بزانین. چونکە زۆر دڵمان لاتانبوو.

-بێتەلەکەمان خراپبوو کاری نەدەکرد.

-زۆر خەممان بوو لە بێدەنگیتان زۆر ترساین شتێکتان بەسەر هاتبێت.. زیانتان نییە؟

-هیچ خەمت نەبێ.. زۆر سەلامەتین.. دڵنیابە، هیچ زیانمان نییە، دڵنیابە خوێن لەپەنجەی یەک کەسمان نەهاتووە، لەکاتێکدا زیانی گەورەمان لەدوژمن داوە.

-کوڕە بەقوربانی خۆتان و دەستتان بم، کوڕە بەقوربانی غیرەتتان بم ..بەڕاستی پیاون، بەڕاستی قارەمانن، هەرئەوەتان لێ چاوەڕوان دەکرێت، پێم بڵێ ڕووداوەکە چۆن بوو ئێمە لێرەوە کۆپتەرەکانمان دەبینی..دەسوڕانەوە..گوێمان لەو هەموو ناڵە و زرمەیە..بوو، دڵنیابووین کەتووشی شەڕبوون، بەڵام دڵنیانەبووین لەچارەنوستان..پێمان وانەبوو هەروا بەبێ شەهید و بریندار ڕزگارتان بووبێ. ڕووداوەکەم وەک خۆی بۆی گێڕایەوە دیسان چەندین جار وتی:

-ئەی دەستتان خۆش بێت.. قوربانی دەستتان بم.. ئێوە پیاوی مەرد و ڕۆژە سەختەکانن. گوێم لەو پەرۆشییەی (کاک عوسمان) بوو چەند لام خۆشەویست بوو.. ئەوەندەی تر خۆشەویستتر بوو، کەبینیم ئەوەندە لەخەممساندا بوو زۆر دڵخۆشبووم کەهاوڕێ وفەرماندەی وا دڵسۆزمان هەیە.

-ئێستا لەکوێن و نیازی چیتان هەیە؟

-ئێستا لەڕۆژهەلاتی گوندەکەی برادەرە چاو شینەکەین.

واتا گوندی (شێخ حەمید) کە گوندی (سەباح شێخ حەمیدی) بوو.

-لەوێ دەمێننەوە؟

بڕیارمان داوە ئەم شەو بچین بۆ لای برادەرە بەتەمەنەکە واتە کاک (ئەحمەدی حاجی ڕەشید)..کە لەهەموومان بەتەمەنتربوو..حەشارگەکەیان لەسنوری گوندی (ئۆمەر بل و بەلەگە) بوو.

- زۆرباشه.. بۆچوونەکەتان گونجاوە، منیش ویستم هەمان شتتان پێ بڵێم..دەبێت لەئێستە بەدوا وا بکەین، بچن بۆ ئەوێ بەڵام پێشوەخت ئاگاداریان بکەنەوە.. بۆ ئەوەی لەو سنورە ئاگاداری جوڵەی دوژمن و مەترسییەکان بن، نەوەک توشی حاڵەتی نەخوازراو بن..بۆ ئەوەی شوێنە نوێیەکەمان بدۆزنەوە. دیارە کاک عوسمان لە وتەی دەبێت لەئێستا بەدوا وا بکەین، مەبەستی گۆڕینی تاکتیکی خۆحەشاردان و داهێنانی نوێ بوو کە دەبێت ئەو جێگایانەی هێزی دوژمنی لێیە خۆمان نزیک بکەینەوە، لەبەرئەوەی دوژمن قورسایی خستۆتە سەر قوڵایی گەرمیان و ناوچە دووردەستەکان ئەو شێوە دەربڕینە بۆ تێنەگەیشتنی دوژمن بوو .

-دەستخۆش خەمت نەبێت.. وادەکەین، لەبەرئەوەی شوێنە تازەکەمان نازانین.

-باشە خواتان لەگەڵ.. ئاگاتان لەخۆتان بێت، هەوڵبدەن بەردەوام پەیوەندی بکەن. لەگەڵ کاک ئەحمەد بەبێتەل پەیوەندیمان کرد کەبێتەلەکەیان ناوی (مازوخ) بوو، هەواڵی سنورەکەم لێ پرسی:

( -مازوخ) ئێمە بەرە و سنوری ئێوە دێین دەنگوباسی ئەوسنورە چۆنە؟

( -ئاوەسپی) ئارامە هیچ شتێکی خراپ نییە، ئێستا لەکوێن؟ کەی دێنە لای ئێمە؟

( -مازوخ) لەنزیک گوندەکەی چاوشینی خۆمانین.. ئەمشەو دێینە پشتی ماڵی خۆمان سبەی دێینە لای ئێوە، سبەی پەیوەندیمان پێوە بکەن.. لەبەرئەوەی شارەزای شوێنە نوێکەمان نین.

)-ئاوەسپی) سبەی ئەم کاتە پەیوەندیتان پێوە دەکەین، شوێنە نوێکەمان لەو شوێنەوە نزیکە، ئێوە لێی دەمێننەوە.

-بەهیوای دیدار، سبە شەو دێینە لاتان.

-باشە چاوەڕوانتانین بەخێربێن.

ئێوارەی **١١/٢٤** خۆمان کۆکردەوە و بەڕێکەوتین، ئەو شەوە لە هەردەی (سێ گلاڵ) ەوە دەکەوێتە نزیک گوندی (تازە شار) بەڕێکەوتین بەنزیکی گوندەکانی (سۆفی ڕەزاو ئاوباریک

و دارتو و کۆشک و قەواڵی و پیرەمۆنی و قەڵاچەرمەڵە) وپشتی (عەزیز قادر و توکن) دا تێپەڕین و لەگەڵ سپێدەدا گەییشتینە حەشارگەیەکی (حشع) کە (شەهید ئەحمەد بازۆکە) دروستی کردبوو لە(مازوخ) لەڕۆژئاوای گوندی (چوار شاخی ژووروو)ەوە.

بەیانی زوو لەگەڵ هەتاوکەوتن هێزێکی زۆری دوژمن هاتن بۆ گوندی (چوار شاخ) سێ کیلۆمەتر لێمانەوە دوور بوو، وتمان ئەوە چییە بۆ هەر کوێ بچین دوژمن بەدوامانەوەیە، وابزانم ئەمڕۆ لێرە دێنە سەرمان، بۆ کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ هێزەکەی دوژمن گەڕایەوە، بۆ پاش خۆر ئاوابوون بە ڕێکەوتین بۆ لای (کاک ئەحمەد) وان.

## ڕۆییشتنمان بۆ لای شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید

پاش پەیوەندی بێتەلەکەمان لەگەڵ برادەران کاتژمێر شەشی ئێواری **١٠/٢٣** خۆمان کۆکردەوە، لەپشتی گوندی (چوارشاخ) ەوە بەڕێکەوتین بۆ لای برادەرانی خۆمان.. کە کاک (ئەحمەد) بەرپرسی دەستەکەیان بوو، لەکاتی دیاریکراو پەیوەندیمان کرد.

- (مازوخ، مازوخ).

-بەڵی(ئاوەسپی)، (مازوخت) لە گەڵە.

) -مازوخ) ئێمە بەڕێوەین بەرە و لاتان دێین، لەکوێ چاوەڕوانمان دەبن؟

- بەخێربێن (ئاوەسپی) ئێستا ئێوە لەکوێن؟

-لەنێوان ماڵی ئێوە و ئەو گوندەی ژوورتانین، واتە(چوارشاخ وئۆمەربل.(

-زۆرباشە ئاوەسپی، پێش ئەوەی بگەنە ماڵی ئێمە، لەسەر ڕێگاکە چاوەڕوانتان دەبین.

) -مازوخ) کاتژمێر حەوت دەگەیینە ئەوێ چاوەڕوانمان بن، چەند خولەکێک پێش کاتی دیاریکراو گەییشتین.

لەسەرووی گۆڕستانەکەوە لەسەر ڕێگاکە بەسەد مەترێک کە فیکەیەک کرا چووین بەرەو فیکەکە.. (شەهید کاک ئەحمەدو حەسەن حەمید) چاوەڕوانمان بوون، بەڕێکەوتین بەرەو حەشارگە نوێکە، هەر یەک لەو هاوڕێ پێشمەرگانەمان لەوێ بوون:

١. شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید.
٢. شەهید کامەرانە ڕەش.
٣. شەهید مامە قالە.
٤. شکور قەرەبلاغی.
٥. حەسەن حەمید.
٦. عەلی نوری.
٧. مەلا ڕەحیم.

حەشارگەکە ناوی (برزوت) ی لێنرابوو، لەشوێنێکی وشکی بێ ئاوی مازوخ دروستکرابوو لەنێوان گوندی (ئۆمەربل وبەلەگە)، بەکیلۆمەترێک.. کەوتبووە باکوری ماڵەکانی(عەلی حاجی فەرەج)ەوە، ئەو خانوانە لەپاش شەڕی(ئۆمەربل) لە**١٩٨٧/٥/١٨** دروستیان کردبوو بەشۆفڵ زەویەکەیان بڕیبوو سەریان گرتبوو، بەشێوەی ژێرزەمین دروستکرابوو. حەشارگەی (برزوت) دوو ژێر زەمین دروستکرابوو، یەکێکیان بەقووڵی دوو مەتر وپانی و درێژی(**٢*٤**) ئەویتریان بچوکتر بۆ پێداویستی، لەناو شیوێکی درێژدا هەڵکەندرابوو، سەرەوەی بەدارو چینکۆ گیرابوو، هەریەکەی قوتویەکی پێنج کیلۆیی ڕۆنی(راعی) بۆ هەواگۆڕکێ لە سەرەوەی لەناو خۆڵەکەدا دانرابوو، بۆ کاتی سەرما داماندەخست و کاتەکانیتر کراوەبوو. لەکاتی هەڵکەندنی ژێرزەمینەکەدا ڕۆژێک لەکاتی پەیوەندی بێتەلدا.. لە(حەسەن حەمید) هەواڵی برادەرانم پرسی، پێم وت: دەنگوباستان چۆنە خەریکی چین؟ وتی: خەریکین ئەو مارە دەکوژین کەتۆ لێی دەترسیت. تێنەگەییشتم وتم: دووبارەی بکەرەوە، دووبارەی کردەوە.. دیسان نەمزانی مەبەستی چییە. کە چووینە ئەوێ لێم پرسی ئەوە مەبەستت چی بوو؟

وتی مەبەستم دروستکردنی ئەم ژێر زەمینەبوو، لەفکرتە ژێر زەمینەکەی لای گوندی (کانی عوبێد)مان هەڵکەند لەمانگی نۆ بەو گەرمایە چەند ماندوبووین.. وتمان: کۆپتەر نەمانکوژێ ژێرزەمین ئەمانکوژێ. تا درەنگێک قسەی خۆش و نوکتە و پێکەنین و بەسەرهاتمان گێڕایەوە. شەوانە دەچووین لەچەمی چوارشاخ ئۆمەربل لەدووری پێنج کیلۆمەتر بە دوو گوێدرێژ بە بەرمیلی بیست و پێنج لیتری چینکۆ چوار بەرمیل ئاومان دەهێنا. چەند ڕۆژێک پێکەوە بووین، هەندێکمان لەوێ گواستمانەوە بۆ حەشارگەیەکی تر

کەپێشتر(کاک ئەحمەد)وان دروستیان، کردبوو لەنێوان گوندی (گۆبان عەرەب وبەلەگەی خواروو) دا لە چەمی سەر کانی ناوی (مریشکەکان) مان لێنابوو.. لەوێ چەند مریشکێکمان هەبوو ڕۆژانە هێلکەیان دەکرد، هەر بۆیە ناوی مریشکەکانمان لێنابوو.

هەموو مانگی ١١و١٢ لەم دوو حەشارگەی مریشکەکان و برزوتدا بووین. توشی هیچ کێشەو مەترسییەک نەبووینەوە، ڕۆژانە بەپێش چاومانەوە هێزی دوژمن لەگوندی(ئۆمەربل)و دەوروبەرمانەوە بەجادەکاندا دەڕۆیشتن، پاش ئەوەی لەئێمە تێپەڕ دەبوون دەستیاندەکرد بەکێوماڵ کردن، ڕۆژانە چەندجار کۆپتەر دەهات بەسەرماندا دەڕۆییشتن بۆ قولایی گەرمیان، بەدواماندا دەگەڕان بەلێکدانەوە و ئەزمونی ڕۆژانەمان.. بۆمان دەرکەوت بیرکردنەوە لەسنورە نزیکەکانی شار و گۆڕینی تاکتیکی پارتیزانیمان، کارێکی سەرکەوتوو بوو، بەپێچەوانەی سەرەتا و بێ ئەزمونیمان.. لەتاکتیکی خۆحەشاردان زیاتر پشتمان بەقولایی گەرمیان و ناوچە دووردەستەکانی ڕژێم دەبەست، لەم هەلومەرجەدا.. ئارامی و دوور لەتەنگ و چەڵەمە بۆی سەلماندین.. ئەبێ دووربکەوینەوە لەناوچە دوورە دەستەکان، بۆ خۆحەشاردان.. گرنگی بەنزیکترین شوێن لە شارەکان و ڕەبیە و شوێنە سەربازییەکانی دوژمن بدەین. هەر لەو ماوەیەدا کاک عوسمان بڕیاریدا حەشارگەیەکی باش لەنزیک گوندی (گۆبان عەرەب) کە پێنج کیلۆمەتر لەقەزای (کفری) یەوە دوورە.. دروست بکەین، پاش دروستکردنی حەشارگە نوێکە.. هەندێکمان چووینە ئەوێ، حەشارگە نوێیەکەمان ناونا (تەپکەکان) بەهۆی ئەوەی برادەران تەپکەیان دەنایەوە بۆ گرتنی (سوێسکە).

## گەڕانەوەی یەکەم دەستەی پارتیزان بۆ سنوری ڕۆژهەڵات

پاش حەوت مانگ لەخەباتی پارتیزانی و دەستپێکردنی قۆناغی دووی پارتیزانی و فشارە توند و یەک لەدوای یەکەکانی دوژمن.. بەشەو و بەڕۆژ.. لەزەوی و ئاسمانەوە، بەهۆی کۆپتەر و جاش و سوپا و چەندین دەستەی بچوک بچوک و تاکە کەسی لەلایەن دەزگا ئەمنی و حزبییەکانی بەعسەوە، کە بەدوای پارتیزانەکاندا دەگەڕان، بارودۆخێکی وا سەخت و دژوار بوو.. بەرگەگرتنی ئەو ژیانە سەخت و دژوارە ئەستەم بوو. هەندێک لەفەرماندە و پێشمەرگە پارتیزانەکان بۆ پشودان و گەڕانەوە بۆ بارەگاکانی شۆڕش.. لە سەر سنوری ڕۆژهەڵات لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش لەگفتوگۆدا بوون، بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ئاڵوگۆڕکردن و گەڕاندنەوەی پارتیزانەکان، سەرکردایەتی لەڕێگای پەیوەندیەکانییەوە لەگەڵ (ئێران) لەسەر ڕێگایەک ڕێککەوتبوون لە سنوری چیای (بەمۆ) و شارۆچکەی (سەرپێڵ زەهاو)ەوە. لەو کاتەدا چوار مانگ بوو شەڕی هەشت ساڵەی خوێناوی ئێران و عێراق

وەستابوو. سنوری هەردوو وڵات سوپا و هێڵە بەرگری و کێڵگە بەمین چێندراوەکان.. ئەوەندە توندوتۆڵ و تۆکمەبوون، ئاستەم بوو هێزێکی بیست کەسی لێوە دەرباز ببێت، پەڕینەوە لەو سنورەوە.. وەک خەیاڵ بوو تەنها مەگەر باڵندە بەسەلامەتی بیتوانیبا دەرباز ببێت.

لەڕۆژی١٩٨٨/١١/١٧ دەستەیەک لەپێشمەرگە پارتیزانەکان لەڕووباری(سیروان) پەڕینەوە بۆ سنوری چیای (بەمۆ) و سنوری دەستکردی (ڕۆژهەڵات و باشوور) لەنێوان شاری (سەرپێڵی زەهاو) و گوندی (بێلولە)ی سەر بە ناحیەی مەیدان. بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی و سەختی سنورەکە و توندوتۆڵی هێڵی بەرگری و کێڵگە مینەکانی شەڕگەی هەردوو وڵاتی (ئێران و عێراق) و دواکەتنی چاککردنی پەیوەندی هەردووولا و نەمانی خواردن و پێداویستی ڕۆژانە، زۆری نەمابوو هەموو تێدا بچین، بەناچاری سدیقی عەلی تۆفیق ڕوو دەکاتە بارەگاکانی (ح.د.ک) لەگوندی (قەسڵان)ی نزیک قەڵای ناحیەی (مەیدان) کە گەورەترین سەربازگەی دوژمنی لێبوو. لەوێ خۆی بەجاش و ڕاوچی دەناسێنێت وخواردنی پێ نەماوە. چیرۆکێکی دوورودرێژە بەهیوام خۆیان ئەو ڕووداوانە بۆ مێژوو تۆمار بکەن. چونکە من ناتوانم هەقی خۆی پێبدەم.

بەحاڵێکی زۆرخراپ پاش نۆزدە ڕۆژ لە ١٩٨٨/١٢/٥ دەگەنە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستە پارتیزانەکە پێکهاتبوون لە:

١. شەهید مەحمود مامە عەزە.
٢. شەهید مام جەلال ئەمین کاکە.
٣. شەهید بورهان حەمەی مینا.
٤. عەدنان حەمەی مینا.
٥. محەمەد عەبدولڕەحمان(حەمە پاریۆڵە).
٦. سدیق عەلی توفیق.
٧. سەلام قادر(سەلام شوشە) لەمانگی ١٩٨٨/٩ گەڕابۆوە بۆ گەرمیان، لەساڵی ٢٠١٦ کۆچی دواییکرد.
٨. کەریم مەحمود سەمین (مەلاکەریم سەعدیە.(
٩. ڕۆستەم حەمید (مام ڕۆستەم) لەمانگی ١٩٨٨/٨ گەڕابۆوە بۆ سنوری کەرکوک، دواتر هاتە لای پارتیزانەکانی گەرمیان.
١٠. حەمە ڕەحیم جیهاز.

١١. عوسمان حەسەن قادر(حاجی عوسمان).
١٢. هەیاس حوسێن فەتاح.
١٣. مەحمود عەبدولحەمید (شێخ مەحمودە درێژ.(
١٤. فواد رەحیم سالەح کەریم(چالاک).
١٥. ساڵەح محەمەد عەلی(مام ساڵەحە وڕە).
١٦. سامان رەحیم کاکەولا.
١٧. رەمەزان محەمەد عەلی.
١٨. تۆفیق رەشید.
١٩. بەهادین کەریم عیسا (برای شەهید حەمە ڕەش).
٢٠. بەگ مراد خوامراد شامراد (مام بەول).
٢١. سامی سەمین سەعید(سامی ئاساییش).

## گەڕانەوەی غەریب هەڵەدنی.. بۆ دۆڵی جافایەتی

پاش کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە ناوچەی (دۆڵی جافایەتی و مەرگە و شارستێن) لە ٢٠و١٩٨٨/٣/٢١ وپاش شەڕەکانی ئەنفالی یەک یان بڵێین شەڕی سەرکردایەتی، پاش ئەو بەرواره هیچ هێزێکی کوردی یان پێشمەرگەیەک.. بەفەرمی وەک پارتیزان یان دابڕان لەو سنورانەدا نەمابوو، سەرەتای لەمانگی ١٩٨٨/١١ (شەهید غەریب هەڵەدنی) لەگەڵ دەستەیەک فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمانی خۆنەویست بەفەرمی وەک دەستەی پارتیزان، لەسەر ڕاسپاردە و بڕیاری سەرکردایەتی.. گەڕانەوە بۆ دۆڵی جافایەتی و سنوری (سلێمانی وپیرەمەگرون). دۆڵی جافایەتی بەهۆی پانوبەرینی و هەڵکەوتەی جوگرافیایی، کە لەچیای سەخت و دارستانی چڕ و زۆری ئەشکەوت و کانیاو و نزیکی لە بارەگاکانی سەر سنورەوە، شوێنێکی زۆر گونجاو بوو بۆ خەباتی پارتیزانی، پاش چەند هەفتەیەک لەگەڕانەوەیان بۆ ناوچەکە.. بۆ دابینکردنی خواردن وپێداویستی ڕۆژانەیان، توانیان چەندین دۆست و هێڵی کەسی و هێڵی ڕێکخستن دروست بکەن. جگەلە پەیوەندی توندوتۆڵی (کۆڕەک) لەناوشاردا، لە مانگەکانی ١١و١٩٨٨/١٢ داچەندین چالاکی پێشمەرگانەی سەرکەوتوویان لەسنورەکەدا ئەنجامدا، ئەمەش بووە هۆی هەراسانکردن و دڵەڕاوکێی دوژمن لەناوچەکەدا، دوژمن بەردوام بە شەو و ڕۆژ سەرقاڵی گەڕان بوو بەدوایاندا. بەپێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ پارتیزانەکان گورزی توندتر و کەمەرشکێنیان ئاڕاستە دەکردن، بەداخەوە (کاک غەریب) لەساڵی **١٩٩٤** لەکێشەیەکی ناوخۆییدا لەگەڵ (حشع) دا شەهیدبوو.

# چوار مانگ نەبینینی گۆشت

ماوەیەکی زۆربوو گۆشتمان نەخواردبوو، ئێمە ئەو دەستەیەی لە مەڵبەندی (سێ)وە گەڕابووینەوە.. چوار مانگ زیاتربوو گۆشتمان نەخواردبوو، بەڵام برادەرانی دیکەمان کە لەگەرمیان مابوونەوە.. زۆر لە مێژبوو گۆشتیان نەخواردبوو، لەو ماوەیەدا چەند جارێک (مەلا رەحیم و شکور قەرەبلاغی) چووبوونە ناو ناحییەی(سەرقەلا)وە.. چەند شەوێک لە ماڵی(مەلا رەشید) باوکی(مەلا رەحیم)مابوو نەوە، دواترکاک عوسمان وعوسمان مەلاجەیل چوونە ناو ناحیەی سەرقەلاوە لەماڵی مەلاخورشید حەسەن خەلیل مابوونەوە لەوێ کاک عوسمان ژمارەیەک خەڵکی بینیبوو، هێڵێکی تۆکمە و باشی لەناحیەی سەرقەلا دروست کردبوو.. هەریەک لە(مام مەحەمەد ئەمین تەپەسپی ومەحەمەدی کوڕی ومام نازم و فایەقی حاجی حەسەن و تەهای مەلارەشید و سمکۆ بچکۆل و ساڵەح مەلاجەمیل و عزیزی برام) بەمام مەحەمەد ئەمینی وتبوو.. ئەگەر توانیتان هەوڵبدەن هەندێ ئاژەڵمان بۆ بێنن! سەرەتای مانگی١٢ بوو ژمارەیەک گێسکیان لە(سەرقەلا)وە بۆمان هێنا، دوو گێسکی درا بە دەستەکەی کاک ئەحمەد و ئەوان, بۆ ئێمەش دوو دانە، یەک دانەش بۆ کاک مەلا سەعید.. کە پێنج پێشمەرگەبوون، بە (شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت وجەمال شێخ حمید) دا ناردنمان بۆیان، لەدەوروبەری گوندی (مەلاهۆمەر) بوون لە ئێمەوە دووربوون. ئێمە لە حەشارگەی (برزوت) نزیکی گوندی (ئۆمەربل) بووین .

لەرێگا لەنزیکی گوندی(کانی عوبێد) شەو کاتێ دەخەون شەهید کامەران جامانەکەی دەبەستێت بە مل گێسکەکەوە و دەیبەستێت بە بنجێکەوە کاتێک هەڵدەستن گێسک و جامانە نەماوە، چەند بەدوایدا گەڕابوون.. نەیاندۆزیبۆوە.. بەقسمەتیان نەبوو، لەمانگی ١٩٨٩/٦ شەهید شکور عەلیانی لەنزیک چەمی سەرکانی کوشتبووی وتی جامانەکە هێشتا ئەو بەشەی ملی پێوە مابوو.چەند دانەیەکیش درا بەدەستەکەی کاک (شێخ کەریم و شەهید جەوهەریش) ئێمە گێسکی خۆمان خوارد، بەڵام دوودانەی کاک ئەحمەد وئەوان یەکێکیان ئاو بردی و یەکێکیان خورا، نزیکەی مانگێک بوو کاک (ئەحمەد) و برادەرانم نەبینیبوو.. (شەهید کامەرانە ڕەش و حەسەن حەمید) هاتن بۆلامان شەوێک لامان مانەوە، لەگەڕانەوەیاندا.. لەڕۆژی ١٩٨٨/١٢/١٧ پێکەوە چووین بۆ ئەوێ، فیلمێکی سی وشەش دانەیی کامێرای وێنەم لەشارەوە بۆ هاتبوو.. هەندێ وێنەم پێگرتبوو، پێم خۆشبوو هەندێ وێنە لەگەڵ ئەوانیشدا بگرم، لەگەڵ ئەوانیش هەندێ وێنەم گرت ئێستا لام ماون، شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام کە نزیکەی دە مریشکیان لابوو.. ڕۆژانە هێلکەیان دەکرد، لە نزیکی ژێر

زەمینەکە کولانەیەکیان بۆ دروست کردبوون.. ئەو مریشکانە وا ڕاهاتبوون لەگەڵ چەپڵەت لێدەدا و ڕاتبکردایە ئەوانیش بەڕا خۆیان دەکرد بەکولانەکەدا، لە سەرەتا مریشکەکانم بینی وتم: ئەم مریشکانە چییە؟ مەترسیدارە بەبۆنەی مریشکەکانەوە کۆپتەر دەتاندۆزێتەوە، چیرۆکەکەیان گێڕایەوە باوەڕم نەهێنا تاکو بەچاوی خۆم بینیم، هەر بۆیە حەشارگەکەمان ناونا مریشکەکان. ژێر زەمینەکە(٤*٢,٥) دەبوو دەرگاکەی لەناو شیوێکدابوو، دوومەتر لەناو شیوەکەوە بەرزبوو، دەرگاکەی مەترێک دەبوو بەبینینی وتم: ئەمە لەهەموو حەشارگەکانی دیکەی ئەم سنورە باشتر و لەبارترە بۆ خۆ حەشاردان، ژێر زەمینێکی دیکەی(٢*٣)یان کردبوو بۆ پێداویستییەکانیان.

## لافاو

ڕۆژەکەی ئاو و هەوا زۆر خۆشبوو.. من لەخوار حەشارگەکەوە لەخۆرە تاوەکەدا خۆمشۆرد، شەو کردی بەهەورە بروسکە و پرشەپرشە باران، پێشتر چەند جارێکیتر بارانی کەم باریبوو، بەڵام ئاوی هەڵنەختسبوو.. شەو ئەوەندە توند بارانەکە دەباری، سەر لەبەیانی زوو ١٢/١٨ لەگەڵ ڕووناکبوونەوەدا زۆر توندتری کردەوە، (شەهید کاک ئەحمەد) بە خاکەنازێکەوە سەرقاڵی چاککردنی ئاوڕێژەی دەوروبەری سەر حەشارگەکە بوو، تا دەهات بارانەکە توندتر دەبوو، لەدەوروبەری هەتاوکەوتندا بوو..(کاک ئەحمەد) لەدەرەوە بوو هاواریکرد وتی دەرچن ئاو بردتانی، زۆربەمان لەسەر جێگاکەمان ڕاکشابووین.. هەندێکیش لەسەر سۆپایەک..خەریکی چا لێنان بوون..لەگەڵ هاواری (کاک ئەحمەد) بەبەرزی نیوەی دەرگای حەشارگەکە ئاو هاتە ژوورەوە، هەتا تفەنگ و تاقمەکەمان هەڵگرت نیوەی ژێر زەمینەکە بوو، بە زەحمەت فریای دەرکردنی چەکەکانمان کەوتین، من تفەنگ و تاقمەکەم هێنا بەڵام پاڵتاو وپشتوێنەکەم بەجێما, هەندێ لەبرادەران فریای دەرکردنی چەک و تاقمەکەیان نەکوتن ,چی کیسە خەو لەناو حەشارگەکەدا بوو.. وەک چوپ کەوتە سەرئاو و لەگەڵ سوڕی ئاوەکەدا لەدەرگای حەشارگەکەوە دەرچووە دەرەوە و ئاو بردی، دوو گێسکەکە لەناو حەشارگەکەی تردا بوون.. هەر دووکیان کەوتنە سەرئاوەکە و وەک چوپ لەدەرگای ژێرزەمینەکەوە بەسەر ئاوەکەوە هاتنە دەرەوە و ئاو بردنی، کاک (ئەحمەد) بەڕاکردن لە دووری سەد مەتر کە شیوەکە پانتربوو.. یەکێکیانی گرتەوە ئەوی دیکە ئاو بردی، لەسەر پردی قوریچای فرێیدا بووە نزیک جادە قیرەکەوە، پاش دوو ڕۆژ دایکی (مەلا رەحیم) لە(کفری) یەوە بۆ (کەرکوک) چووبوو.. بینیبووی لە دڵی خۆیدا وتبوی: بڵێی ئەو کەلاکە گێسکی پێشمەرگەکان نەبێت ئاو هاوردبێتی.

دووری نێوان حەشارگەکە بۆ شوێنی کەلاکی گێسکەکە نزیکەی دە کیلۆ مەتر زیاتر دەبێت. پاش لافاوەکە هەموو بەبێ پاڵتاو بەبێ پشتوێن هەندێ بەبێ پێڵاو لەو بەر بارانە وەستابووین. (کاک ئەحمەد) وتی دەچین بۆ خانووەکانی (عەلی حاجی فەرەج) نزیکی حەشارگەی (برزوت). گێسکەکەمان لەگەڵ خۆمان برد و ڕۆییشتین، کەمێ پاش گەییشتنی ئێمە (کاک عوسمان و شەهید مەجید) ئەو برادەرانەی لەحەشارگەی برزووت بوون.. بە لاشەی قوڕاوییەوە هاتن بۆ لای ئێمە گلەییان لەحاڵی خۆیان دەکرد، شەهید کامەرانە ڕەش وتی گلەیی لە حاڵی خۆتان مەکەن بەس نییە چەک و تاقمەکانتان دەرکردووە ئێمە زۆربەمان چەک و تاقمەکەمان بۆ دەرنەکرا، ئەوانیش بەهەمان شێوەی ئێمە ئەوەندەیان زانیبوو ژێر زەمینەکەیان پڕ بووبوو لەئاو. ئاگرمان کردەوە و خۆمان وشک کردەوە.. گێسکەکەمان سەربڕی و لەناو خانووەکاندا دەستمانکرد بەنان و چێشت کردن، بۆ کاتژمێری دەی بەیانی باران نەما.. خۆر دەرکەوت.. دونیا وا ڕووناکبووەوە ڕەبییەکانی (باوەشاسوار و دەربەند تاڵەی) سەرقەزای(کفری) زۆر بەڕوونی دیاربوون. وتمان: ڕەنگە کۆپتەر بێتە سەرمان و نەهێڵێت نانەکەمان بخۆین. پاش نانخواردن هەندێکمان چووین بەتەنەکە ئاوی ناو حەشارگەکەی (برزوت) مان دەرکرد، ئێمە چووینەوە بۆ حەشارگەی (مریشک) ە کان بۆ ئەوەی ئەو شتانەی لەناو حەشارگەکەدا بەجێمابوو بیهێنین، بەڵام ئەوەی بەجێمابوو پڕ سەری ئاو و قوڕ بوو، مریشکەکان هەمووی ئاو بردبوونی (عەلی نوری) مریشکێکی دۆزیەوە لەدووری دووسەد مەتر دەستیدا لەقونی وتی: ئەم مریشکە هێلکەیەکی پێیە، هێلکەکەی بەمردارەوەبوویی لەقونی دەرکرد وخواردی. ئەوکەلوپەلانەی پێویستبوون لەگەڵ خۆمان هێنامان و گەڕاینەوە بۆ حەشارگەکەی (برزوت). ناوی هەمووی قوڕ بوو ڕیزێ بەردمان لەسەری داناو نوێنەکانمان خستە سەربەردەکان تاکو لەتەڕییەکە بمانپارێزێ.

# هەڵکەندنی ژێر زەمینی قەندیل

هەر لەو ڕۆژانەدا پاش ئەوەی لە ١٩٨٨/١٢/١٨ ئاو چووە ناو حەشارگەکەمانەوە.. کاک عوسمان لەگەڵا شەهید کاک ئەحمەد دا لەدووری دوو کیلۆمەتر لە حەشارگەی (برزوت)ەوە شوێنێکیان دەستنیشان کرد بۆ هەڵکەندنی حەشارگەیەکی نوێ، پاشان ناومان لێنا (قەندیل) کە لە بەرزترین شوێنی (مازوخ) دا بوو بە ناوی( کەڵهەڕ)، هەربۆیە ئەو ناوەمان هەڵبژارد، ئەو ڕۆژانەی سەرقاڵی هەڵکەندنی ژێرزەمینەکە بووین، برادەران وتیان: تۆ مەیە بۆ کارکردن خواردنی باش لێدەنێیت خواردنەکەمان بۆ دروست بکە، منیش هەرچەندە زۆرم پێخۆشبوو.. لەبەرئەوەی هەڵکەندنی ئەو زەوییە ڕەقە بەقازمە زۆر ناخۆشبوو.. یەکسەر

دەستەکانت  دەبوون بە تلۆقە، کەمێ  خۆمدەگرت ودەمگوت نا بەخوا پێم خۆشە لەگەڵتان بێم کاربکەم، شەهید کامەران  وتی گران مەیفرۆشە پێتخۆشە؟ ئێمە ئەبێ پێشمەرگەیەک بەجێبهێڵین، هەرکەسێک بەجێبهێڵین وەک تۆ چێشت باش لێنانێ.. چێشتێکی  بەتامبان بۆ لێبنێ حیسابی قازمە (قوڵنگە) وەشاندنت بۆ دەکەین، ئێوارە برنج و نۆکێکی باشم لێنابوو..پاش کولانەکەی هەموو تۆکەکەیم لێکردەوە.. لیمۆبەسریم  تێکردبوو، بۆ ئەو سەردەمە و پاش وەشاندنی قازمەیەکی زۆر، زۆر بەلەزەت بوو، کاتی نان خواردن شەهید کامەران وتی: برا.. خۆم دەزانم کێ بەجێدێڵم.. نەموت کەس چێشتی واخۆش لێ نانێ، باوەڕ بکەن بڵێم هەرگیز نۆکی واخۆشم نەخواردووە مەڵێن وانییە. وتم:

-ڕەنگە ئەوەندە خۆشیش نەبێت، بەڵام ئێوە زۆر ماندوو برسین.. بۆیە واخۆشە و بووە بە حەڵوا، وتی: ئەم حەڵوایە چییە مامۆستا؟ وتم:

-ئەوە پەندێکە لەسەر ماندووێتی وبرسی بوون وخواردن. دەگێڕنەوە جوتیارێک هەبوو هەموو ڕۆژێک دەچوو بۆ کێڵگەکەی جوتی دەکرد. ڕۆژێک کارێکی هەبوو.. دەبوو خۆی نەچێت بۆ جوت، کوڕەکەی دەنێری بۆ جوت، کوڕە سبەینێ زوو کاتێک لەماڵ دەردەچێ بەباوکی دەڵێت خواردنی چیتان بۆ ناردووم؟ باوکەش دەڵێت خواردنم بۆ ناردوویت، بەڵام زوو مەیخۆ تاکو نەبێتە حەڵوا، کوڕە تا چێشتەنگاو جوت دەکات.. کەمێ  برسی دەبێت دەچێت تەماشای توێشەبەرەکەی دەکات تابزانێ خواردنی چییان بۆ ناردووە و بووە بە حەڵوا.. یان نا، توێشەبەرە دەکاتەوە دەبینێت  هەندێ نانی وشک و چەند خورمایەکی قەسپی وشک و دوو سێ سەرک دۆینە و هەندێ شەکر و گلاچا نەبێ هیچی تری نییە، دەڵێ دەبێ بەگوێی باوکم بکەم تاکو نانەکەم نەبێتە حەڵوا نایخۆم، دووجاری دیکە هەر جارەی بانەیەک جوت دەکات و دێتەوە.. تەماشای توێشەبەرە دەکات هەر وەک خۆیەتی و هیچ گۆڕانێک بەسەریدا نەهاتووە، برسێتی بڕستی لێدەبڕێ.. دەڵێت خۆمن لەبرسا مردم هەر نەبوو بەحەڵوا لەوە زیاتر ناتوانم بەرگەی برسێتی بگرم وجوت بکەم، نان و چاو دۆینە وخورما دەخوات.. ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، باوکی هەواڵی کارەکەی لێدەپرسێ، کوڕە دەڵێت: جوتی باشمکرد، بەڵام تۆ وتت خواردنەکەت دەبێ بەحەڵوا، نەبوو بەحەڵوا، بەڵام ئەوەندە بەلەزەت بوو حەڵوای هەموو دونیا پێیدا نەدەگەیشت. باوکی دەڵێ: دەی ئەوەیە نهێنی حەڵواکە درەنگ و بەبرسێتی نان بخۆی بەلەزەتە هەروەک حەڵواو لەحەوڵواش خۆشترە. ئەوەیە پەندی حەڵواکە کاک کامەران، هەربۆیە ئەوەندە بەلەزەتە.. بووە بەحەڵوا. لەکاتی ئەم گفتوگۆیەی ئێمەدا(عەلی نوری) ئەوەندە بەپەلە نانی دەخوارد خواردنەکە پەڕییە قوڕگی، وتی: بەخوا لوتم دەخورێ وابزانم برنجێک پەڕیوەتە کونە لوتمەوە، شەهید کامەران وتی: عەلی ئەو لوتە

گەورەیەی تۆ برنجی تێدا بێت هەرگیز بەخۆی نازانێ برنج نییە بەخوا نۆکە، لەگەڵ پژمیندا نۆکێک وەک ساچمە دەرچوو، بوو بەپێکەنین و هەرا، شەهید کامەران وتی: بزانە قسەکەی من بوو نۆک دەرچوو، نەموت لوتی تۆ بە برنج نازانێ ؟

لەبەر سێ هۆکار حەشارگەی بزروتمان بەجێهێشت:

یەکەم: لەناو شیوەکەدا بوو، بارانی زۆر ببارایە.. ئاو دەهاتە ناویەوە.

دووەم: چەند کەسێک لەکەسوکاری برادەران پێشتر هاتبوون بۆ لامان بەشوێنی حەشارگەکەیان دەزانی، بۆ دڵنیابوون لەئەگەری خیانەت یان گرتنیان و لەژێر ئەشکەنجەدا هەواڵ لەسەر شوێنەکە بدەن، یان لە سادەیی و دڵسافی خۆیان لای کەسوکاری پێشمەرگە یان کەسوکاری خۆیان باسی بکەن.

سێیەم: شوێنی حەشارگەکە..زۆر دوورنەبوو لەماڵەکانەوە، لە چاڵیدابوو گونجاو، نەبوو بۆ چاودێریکردنی دەوروبەرت.. دوژمن هەتا نەهاتایەتە سەرت ئاگات لێنەدەبوو.

## یەکەم دیداری (عەزیزی) برام

لەپاش شاڵاوەکانی ئەنفالەوە..سەرەتای مانگی**١٩٨٩/١** بوو، بۆ یەکەمجار بوو کەسێک لەخێزانی خۆمان ببینم.. ئەویش عەزیزی برامە.. بەهۆی ئەوەی یەکێک بوو لە هاوکارەکانمان لە پاش ئەنفال، عەزیزی برام لەساڵی **١٩٨٣** بوو بەپێشمەرگە ئەو کاتە زۆر منداڵبوو، لەدایکبووی ساڵی **١٩٦٧** ە، پاش ماوەیەک لەپێشمەرگایەتی توشی نەخۆشییەک بوو.. ناردیانەوە بۆ ناوشار بۆ چارەسەرکردن پاشان نەگەڕایەوە، بەڵام چەکێکی کڕی و هەرچی شەڕ و چالاکییەک لەسنورەکەدا بوایە.. لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بەشداری دەکرد، لەهەموو شەڕەکانی ئەنفال لە(ئۆمەربل وچوار شاخ و لفتی ئاغا) بەشداربوو.

لە ئەنفالی سێ لەگەرمیاندا.. پاش ئەوەی ئابڵوقەی دوژمن بچوک بۆوە. ڕۆژی **٤/١٣** لە گوندی (تەپەسپی) چووبوو بۆ لای خێزانەکەمان، لەبەرئەوەی کەس نەبوو لەگەڵ ئاژەڵەکانماندا کە بە دووسەد سەر مەڕ مەزەندە دەکران، بەناچاری بۆ ئەوەی لە فوتان وقڕبوون.. بیپارێزێت کەبەرهەمی دەیان ساڵ ماندووبونمان بوو، خۆی لەگەڵ شوانی گوندەکەماندا بەرەو (کەلار) دەچن.. ڕۆژی **٤/١٤** لەنزیک گوندی (کارێزەی حومەکەیفە)ی

نزیک ناحیەی (رزگاری)..لەبەیانییەوە تاکو نزیک خۆرئاوابوون سوپا دەستگیریان دەکات، چەند سەربازێک دەبنە پاسەوانی خۆیان و ئاژەڵەکانیان تاکو ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بێت و ئاژەڵەکانیان باربکەن وخۆشیان ببەن. ئێوارە دەگەنە سەر جادەی کفری کەلار لەنزیک کۆمەڵگای ڕزگاری.. لەوکاتەدا چەکدارێکی خەڵکی گوندی (عەزیز قادر) بەناوی (عومەر حاجی ئیبراهیم)، (عەزیز) برام دەبینیٚ.. دەیناسیٚ و بانگی دەکات و دەڵێت: عەزیز عەزیز من (عومەر حاجی ئیبراهیم)ی گوندی (عەزیز قادرم) ئەوەی گیراوە هەمووی ڕاپێچکراوە و کەس نازانیٚ بۆ کویٚ براوە.. بەخوا هیچ کەسیٚ گەڕانەوەی نابێت، هەوڵبدەن ڕابکەن یان دەردەچن یان دەکوژرێن، بمرن لەگرتنتان باشترە.پاش ئەو ئامۆژگارییە..(ناسیح ومحەمەد مەلا وەهاب) خەڵکی گوندەکەمانی لەگەڵ دەبێت قسەکانی عومەریان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: با ڕابکەین، نزیکی پازدە شوان دەبن. محەمەد دەڵیٚ من ناتوانم ڕابکەم ئێوە ئەگەر دەتوانن خۆتان ڕزگار بکەن، هەردووکیان لەدەست سەربازەکان ڕادەکەن بەدوای ئەواندا شوانەکانی تریش ڕادەکەن بە تەقە دوایان دەکەون چوار لەشوانەکان دەربازیان دەبێت و ئەوانیتر دەگیرێنەوە.پاش دەربازبوونیان.. تا کاتی لێبوردنەکەی ١٩٨٨/٩/٦ ماوەیەک دەچێتەوە بۆ هەردەی گوندەکانی (سەیدحسین وکاکول) خۆی دەشارێتەوە، دواتر هەر مانگەی لەسنورێک و لای ئامر سرێیەکی جاش بە پارە خۆی لەڕەبیەکانی دەرەوەی شاردا دەشارێتەوە.. تا کاتی لێبووردنەکە، جارێک لە ناحیەی (ڕزگاری)، (کاک عوسمانی حاجی مەحمود) دەیبینیٚ لەگەڵ (سمکۆ بچکۆڵ وساڵەح مەلا جەمیل) داکە هەردووکیان پێشمەرگەی کەرتەکەمان بوون تەسلیم بووبوونەوە..(کاک عوسمان) فەرماندەیان بوو.. داوایان لێدەکات لەناو شاردا کاربکەن وهاوکاری پارتیزانەکان بکەن بەهێنانی خواردن وپێداویستی. من ئاگاداری ئەوە نەبووم چەند جارێک لەناحیەی (سەرقەڵا) وە هاتبوون بۆ لای کاک عوسمان و برادەران و پێداویستیان هێنابوو. کاک عوسمان پێی وتم: لەگەڵ کاک عوسمان تلیشانی و عوسمان مەلا جەمیل دا بۆ ئەرکێک بچین. لەڕێگا پێیان وتم: دەچین بۆ بینینی عەزیز برات و ساڵەح، شوێنی دیاریکراو خوار گوندی (سەید جەژنی) بوو کە دوو کیلۆمەتر لەناحیەی (سەرقەڵا) وە دوورە، گەییشتینە ناو ماڵە ڕووخاوەکان کە لە بەهاری ساڵی١٩٨٧ لەلایەن سوپای عێراقەوە ڕوخێنرابوو، مانگە شەوێکی زۆر ڕووناکبوو.. ئاونگێکی زۆر کەوتبوو زەوی بەتەواوی بەستبووی.. لەزقومدا زەوی سپی دەکردەوە وەک ئەوەی بەفر کەوتبیٚ، کەشوهەوا زۆر سارد بوو، لەشوێن خۆماندا هەڵدەقوونین لەسەرمادا نەماندەتوانی بوەستین. پاش بیست خولەک.. فیکەیەک کرا چووین بەرەو دەنگەکە، لەگەڵ ڕۆییشتنمان دوو زەلام و گوێدرێژێکمان بینی..ئێمەیان بینی خۆیانکرد بەناو دارەکاندا، هەندێک وەستاین و ڕاوێژمان دەکرد.. ئەوە چیبوو هاولاٚتی بوو..پێشمەرگە بوو،پێشمەرگەش بێت پێشمەرگەی ئێمە نییە جگە لەمەفرەزەیەکی حشع هیچ دەستە وپێشمەرگەی دیکە لەو سنورە نییە،

لەگەڵ ئەو وتووێژەی ئێمە ساڵح گەییشتە لامان. ڕووداوەکەمان بۆ گێڕایەوە، وتی: دەستەکەی (حشع)ە.. ئاگام لێیانە لێرەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ چەند ئەندامێکی خۆیاندا هەیە کەدانیشتووی ناحیەی (ڕزگاری) ین، چووین بەرە و ڕووی زەلامەکان و تێمان خوڕین، پاش وتوویژ و ناونیشان لەگەڵ شەهید (ئەحمەد بازۆکە) یەکمان ناسییەوە، هەستمان کرد بەبینینی ئێمە نیگەران بوون، لێمان پرسین خێرە لێرەن؟ وتیان: ویستمان لێرەوە بۆ شوێنێک بڕۆین توشی ئێوە بووین.. گومانی پیاوی ڕژێممان هەبوو. ئێمە بەجێمانهێشتن (عەزیز و سمکۆ) لای گوێژەکە بوون.. چووینە لایان هەندێ پێداویستیان هێنابوو لەخوارووی گوندەکەوە چاوەڕوانی ئێمەبوون، عەزیز برام پێڵاوێکی تورکی و کاتژمێرێکی بۆ هێنابووم. هەواڵی ماڵی خۆمانم لێپرسی وتی: جگە لەمریەم خێزانم هەموویان گیراون، پێی وتم کوڕێک خەڵکی ناحیەی (کوڵەجۆ) ی زەنگابات لەئەنفالدا گیرابوو.. پاش سێ مانگ ئازاد دەکرێت، لەبەرئەوەی پەیوەندی بەدەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە بوو، ئەو کوڕە(حەسەن) برام دەناسێ بەهۆی ئەوەی خێزانەکەی خەڵکی (کوڵەجۆ) بوو، وتی: تا سێ مانگ لەتۆپزاوا بەیەکەوە بەند بووین.. بەڵام من ئازادبووم ئاگام لەوان نەماوە.

)سمکۆ) زۆر منداڵ بوو.. لەکۆتایی(**١٩٨٧**) پەیوەندی کرد بەهێزی پێشمەرگەوە لەسەر دەستی بە "تاتۆ"وێنەی چەکوش و داسێکی کێشابوو کە دروشمی(کۆڕەک) و حیزبە چەپەکان بوو. لێم پرسی چەکوش و داسەکەت ماوە؟ وتی: نەوەڵا لەگەڵ چوونەوەمدا لەترسدا بەجگەرە سوتاندم، ئێستا بەس شوێنی سوتانەکەی ماوە،لەپاش ڕاپەڕین دەبێت بەپێشمەرگە تابلێت پیاوێکی قارەمان و چاونەترس بوو,لەشەڕی ناوخۆدا لەڕۆژی **١٩٩٣/١٢/٢٣** بەسەختی بریندار دەبێت,لە ساڵی **١٩٩٦** بە پلەی ڕێپێدراو دەبێت بەکارمەندی ئاسایش, لەساڵی **٢٠٠٧** بەشداری خولی هێزەکانی ئاسایشی ناو خۆدەکات بەپلەی ملازمی دوو بەسەرکەتووی دەردەچێت و لەڕاستکردنەوەدا پلەی نەقیبی پێدەبەخشرێ,لەماوەی کارکردنیدا بەرپرسی بنکەی نەوجول و کوڵەجۆ و دواتر بەڕێوەبەری یاریدەرێتی کوڵەجۆی پێسپێردراوە,لەماوەی کارکردنیدا خزمەتی زۆرو بەرچاوی بەئاسایشی گەرمیان پێشکەش کردو دەیان تۆڕی تریۆریستی ئاشکراکردوو ڕووبەڕووی دادگای کردنەوەو سزای خۆیان وەرگرت,لەشەڕی تریۆریستانی داعشدا لە ساڵی **٢٠١٤** لەناحیەی گوڵاڵە بەسەختی بریندار دەبێت, بەداخەوە لەشەوی **٢٩**لەسەر**٢٠١٩/١١/٣٠** بەدەستی تریۆریستانی داعش لە ناحیەی کوڵەجۆی زەنگابات شەهید دەکرێت, بەهۆی ئەو سەرما توندەوە زەوی وەک شوشەی لێهاتبوو لە گەڕانەوەماندا پێمخزا زۆری نەمابوو شانم بشکێ.

# ناکۆکییەکانی ناو شۆڕشی نوێ و بەردەوامی تا ئێستا

گەورەترین هۆکاری سەرنەکەوتن و شکستە یەک لەدوای یەکەکانی شۆڕشەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان.. خۆخۆری و ناکۆکییە خێڵەکی و ناوچەگەری وکلتوری.. قێزەونی یەکتر قبوڵ نەکردن بووە. لای زۆربەی تاکەکانی کورد بە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و پیرو لاو، هتد.. لەڕابردوو و ئێستاشدا ئەوەی کاری سیاسی دەکات.. دەیەوێت وەک ئەو بیر بکەیتەوە و لەهاوشانی ئەودا بیت و بەرژەوەندی بپارێزی و دۆستێکی دەستەمۆ و دەم دووراو و بەڵێ کەر بیت، یان بە نەیارێکی سەرسەختی خۆی دەتبینێ . شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی (ی.ن.ک) و بەشداری هێزە سیاسییەکانیتر.. لەم ناکۆکیە خێڵەکی و ناوچەگەریانە بەدوور نەبووە، بەڵام نابێت ڕۆڵی ڕێکخراوی(کۆڕەک) نادیدە بگرین.. لە بەرەو پێشبردنی زۆرێک لەکۆمەڵگای کوردەواری باشور و گۆڕانکاری ڕێژەیی لەناو چین وتوێژە هەژار و ژێر دەستەکاندا.. زیندوو کردنەوە و چەکەرەکردنی بەرخودان وفیداکاری. بەڵام ئەویش نەیتوانی ئەو کلتورە دواکەوتوو و بۆگەن و ناکۆکییە خێڵەکی و ناوچەگەرییە بۆ ماوەییانەی هەبوون لەناو کۆمەڵگا و شۆڕشی ئەیلول بنبڕ بکات، بەپێچەوانەوە بەشێک لەکێشە و ناکۆکییەکانی ناو شۆڕشی ئەیلول وەک خۆی گواسترایەوە ناو (ی.ن.ک).. ژمارەیەک لە فەرماندەکانی بەهەمان ئەقڵیەت و بیرو بۆچوونی کۆنەپەرستانەوە گواستەوە ناوخۆی و لەمەیدانی خەباتی نوێدا بەئەقڵە کۆنەکەوە کاری دەکرد. بۆیە بەردەوام ناو ڕیزەکانی یەکێتی بەدرێژایی تەمەنی تا ئێستاش سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینیوە.. چەندین ترازان و جیابوونەوەی بەخۆیەوە بینیووە، لەجیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان.. لە نەورۆزی **١٩٨٠** و جیابوونەوەی ئاش لەساڵی **١٩٨٥**. لەپاش شاڵاوەکانی ئەنفال و وێرانکردنی کوردستانیش، دەیان نمونەی زەق و دیاری حاشا هەڵنەگر لەیادمانە لەناکۆکی و چاڵ بۆ یەک هەڵکەندن و تۆمەتی ناشرین دانەپاڵ یەکتری...هتد.

نامەوێ ئەو برینانە بکولێنمەوە..ناکۆکییەکان بەبیر بێنمەوە.. قوڵتری بکەوەمەوە، بەڵام ئەوەی جێگای داخبوو، لەپاش کیمیاباران کردنی (هەڵەبجە) و گوندەکانی (گۆپتەپە و سەیدسوێنان و بلە و بالسیان وخەتێ) و...هتد، شاڵاوەکانی ئەنفالی (**١**و**٢**و**٣**و**٤**و**٥**و**٦**و**٧**) کرایە سەر ئەو سنورە جوگرافییەی (ی.ن.ک) باڵادەست و دەسەڵاتدار بوو، بەڵام هێزە سیاسیەکانیش پێگە و بارەگا و پێشمەرگە و ڕێکخستنیان هەبوو. خۆمان هەر یەک لەپێشمەرگە پارتیزانەکان بەشدار و بەرگریکاری ئەو سنورانە بووین، من خۆم تەنها

لەبەرگری لە(ئەنفالی دوو) نەبووم ئەوانی دیکە تا کۆتایی هاتنی شالاو پەلامارەکان و تەختکردنی گوند بەگوند و مەتر بەمەتری بەرگریم تێدا کرووە.

بەداخەوە پاش بێسەر و شوێن کردنی سەدان هەزار هاولاتی گوندنشین.. بە شەو بە ڕۆژ بەسەرسکی برسییانەوە بووین و زیندەبەچاڵکران پەندمان لێ وەرنەگرت، زۆر لە بەرپرس و فەرماندەکان شەرمیان لەو ڕابردووە خراپ و قێزەونانەی پێشتر نەکرد، بەداخەوە سەردەمی پارتیزانیش بەدوور نەبوو لە ململانێ وئەو کارە ناشرینانە، لەکاتێکدا تەنها ڕێوی و سوچەڕ و کەمتیار دۆستمان بوون.. کون و ئەشکەوتەکانی خۆیانیان بۆ چۆڵ دەکردین و فەرموویان لێدەکردین، کەچی هەندێ بەرپرس هەبوون هەر ڕقیان لە یەکبوو، وەک مۆرانە خەریکی خواردنی یەکبوون.. دەستیان دەخستە بینە قاقای یەکتری.

لەبیرمە لەهاوینی (**١٩٨٨**)..فەرمانمان پێکرا بە هەر شێوەیەک بێت ڕێگە بەدەستە و چەکدارەکانی ئالای شۆڕش نەدەین لەو سنورەدا بمێننەوە، تەنانەت ئەگەر بەکوشتنیش بێت..تەنها یەک مەفرەزەی پێنج کەسی بوون، بەلام ئێمە لەو ماوەیەدا چەند جارێک (ئەحمەدە ڕیشە و شەهید ئازادی فەقێ عەلی) مان بینی زۆر بەئاسایی هەڵسوکەوتمان لەگەلا دەکردن، جائیتر نازانم بە کەمتەرخەم و جێبەجێنەکردنی فەرمانەکانی سەرەوە دەناسرێین یان بەهۆش هاتنەوە پەندوەرگرتن لەو هەموو نەهامەتی و قوربانییە. ئالای شۆڕش بەنهێنی لەناو(ی.ن.ک) و بەتایبەت ڕێکخراوی (کۆڕەک) دا بەسەرکردایەتی کاک (مەلابەختیار) ڕێکخراوێکیان بەناوی (ئاش) دامەزراندبوو، بلاوکراوە و چاپەمەنیان هەبوو، بە بڕیاری سەرکردایەتی (ی.ن.ک) شەوی **١-٢/١١/١٩٨٥** هێزێکیان نارده سەرماڵی مەلا بەختیار لەگوندی تەکیەی دۆڵی قەرەداغ دەستبەسەریان کرد، بلاوکراوە و چاپەمەنییە نهێنییەکانیان لەماڵەکەیدا گرت، پاشتر ژمارەیەک کادیر و فەرماندە گیران و لە کارەکانیان دوور خرانەوە.. پشێوی و ناکۆکییەکی گەورەی لەناو ڕیزەکانی (ی.ن.ک) دا نایەوە، هەندێ کادر و فەرماندەی هەڵپەرست ئەو کێشەیەیان قۆستەوە و بەهەلیانزانی بۆ لێدان و شکاندنی دەیان کادر و فەرماندەی بەئەزموون و دڵسۆز کە دووربوون لەو ڕێکخراوەوە، بۆماوەیەکی دوورو درێژ (مەلا بەختیارو شێخ عەلی و پشکۆ نەجمەدین) دەستبەسەر بوون. سەرچاوەی ناکۆکییەکە لەو کاتەوە بوو، لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی بستێ خاکی ڕزگارکراو نەبووین.. بەلام دەمانەویست ڕێگە لە خەڵکانێک بگرین هاوخوێن و زمان و کەسوکارمان بوون، تادوێنێ لەناو یەک حزب و یەک سەنگەردا بووین.. وەکو ئێمەش دژی بەعس بوون. تەنها لەبەرئەوەی وەک ئێمە بیریان نەدەکردەوە. لەو کاتەدا بیرم لەدواکەوتێتی و خۆخۆری خۆمان دەکردەوە و دەمگوت لەوەتی پێنوس لەسەر دوو توێی لاپەڕەکانی مێژوودا ڕابردووی

کوردی نوسیوەتەوە خیانەت و ترازان و دوژمنایەتی یەکتری و بەکارهێنانی لەلایەن دوژمنەکانیەوە دەنوسێ. بۆ یەکەمجار شتێکم لەسەر دەسەلاّتی کوردی و میرنشینە کوردییەکان خوێندبێتەوە دابەشبوونی"٣٠- سی" میرنشینی کوردی بووە "١٤-چواردە"ی بەلای دەوڵەتی سەفەوی فارس و "١٦-شازدە"ی بەلای دەوڵەتی عوسمانی تورک، لە شەڕی چالّدێرانەوە لە ساڵی ١٥١٤ ئەو دابەشبوونە تا ئێستاش بەردەوامە.. هەردوو دوژمن چۆن ویستویانە بەشێکی گەلەکەمان بەناوی ئایین و سوڵتانی ئیسلام و هتد، بۆ لێدانی بەشەکەی تریان.. بۆ لێدانی بەرژەوەندی دەوڵەتی بەرامبەر بەکاریهێناوە . بیرم لە شەڕی خوێناوی باڵی (م. س) و باڵی سەربازی شۆڕشی ئەیلول دەکردەوە..بەناوی مەلایی وجەلالی و دواتر(ی.ن.ک -ق م) و دواتر بەرەی(جود) دەکردەوە. ئێران ساڵانێکی دووورودرێژ لەبەرامبەر هاوکارییان بۆ قیادەی مۆقەتەو لەگەلاّ ئەوانیشدا بەرەی جودی ناچار دەکرد.. شەڕی (ی.ن.ک) بکەن، کەچی لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٦ دا بۆ گەرمکردنی ئاگری شەڕی "عێراق-ئێران" و پێویستی بەسوتەمەنی مرۆیی زیاتربوو، بەرژەوەندی وایدەخواست لەگەڵ (ی.ن.ک) ڕێککەوتنێک بۆ دوژمنایەتیکردن و ڕووخاندنی دەوڵەتی عێراق ئیمزا بکات، لە ڕێککەوتنەکەدا هەردوولا لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتبوون. ئێران هاوکاری دارایی و سەربازی (ی.ن.ک) بکات، چارەسەری بریندارەکان بکات، سنورەکانی لەڕووی کادیرو لایەنگرانیدا بۆ ناوەوە و دەرەوەی ئێران کراوە بێت، تاڕوخاندنی حکومەتی عێراق.. هەردوولا درێژە بەهاوکاری یەک بدەن..کەسیان هیچ گفتوگۆ و ڕێککەوتنێک بێ ئاگادار و ڕەزامەندی لاکەی تر لەگەڵ عێراق نەکەن،پێش ڕێککەوتنەکە تەنها (حسک) لەگەڵ (ی.ن.ک) ئاشتبووبونەوە.. گەڕابوونەوە سنورەکانی ژێر دەسەلاتی (ی.ن.ک)، پاش ئەم ڕێککەوتنە بۆ بەرژەوەندی خۆی کۆتایی بەشەڕ و ناکۆکی چەند ساڵە هێنا.. بەرەی جودی ناچارکرد لەگەلاّ (ی.ن.ک) ئاشت بێتەوە و هاوکاری یەکتر بکەن بۆ ڕووخاندنی حکومەتی عێراق، ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٨ لەتاران ڕێککەوتنێک بەخوالێخوشبوان (مام جەلال و ئیدریس بارزانی) ئیمزا دەکەن و دواتر کادرو پێشمەرگەی حیزبەکانی بەرەی جود هاتنەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی (ی.ن.ک) لەسنوری (هەولێرو کەرکوک و سلێمانی و گەرمیان)، هێزی (ی.ن.ک) یش لەبەهاری ساڵی ١٩٨٧ دا چوونەوە بۆ ناوچەی بادینان. هەرچەندە لەڕووی ئیستراتیجییەوە ئەو ڕێککەوتنەی (ی.ن.ک) لەگەڵ ئێران هەڵەبوو، بەلاّم (ی.ن.ک) لەڕووی ناچارییەوە پێویستی بەو ڕێککەوتنە هەبوو. هەرچەندە ڕێککەوتن کرابوو هیچ لایەکیان بێڕەزامەندی ئەویتریان لەگەلاّ عێراق ڕێکنەکەون، هەرچەندە مەحاڵە چاوەڕوانی هەڵوێستی وا لەئێران بکەیت، بەلاّم لەڕووی ئەخلاقی و ڕاستگۆییەوە ڕێککەوتنەوە نەدەبوو ئێران ئەو کارە بکات.. کە لەمانگی ١٩٨٨/٨ تاکلایەنە و بێئاگاداری و ڕەزامەندی (ی.ن.ک) شەڕی لەگەلاّ عێراق ڕاگرت. بەداخەوە پاش ئەنفال و سەردەمی پارتیزانی و

هەموو دژوارییەکان و سەختی ئەو خەباتە.. ئێمەش وەک شۆڕش و (ی.ن.ک) بەدەر نەبووین لەو ناکۆکی و ململانێ ناسیاسیانە، لەو سەردەمەشدا لەسنوری گەرمیانیش.. هەندێ فەرماندە بەهەمان ئەقڵیەتی پێشوو.. خەریکی چاڵ هەڵکەندن بوون بۆ هاوڕێکانیان، دەیان نمونەی زۆر زەق و حاشا هەڵنەگرم لایە لەسەر ناکۆکیەکانی ئەو سەردەمەی پارتیزانی لەبەر چەند هۆکارێک نایانخەمە ڕوو.

## سەردانی دەستە پارتیزانەکەی حزبی شوعی

حشع لەساڵی **١٩٣٤** لەعێراقدا دامەزرا.. تا ساڵی **١٩٧٩** مانەوەیان لەناو شاردا سێ کۆنگرەیان بەستبوو، بەرامبەر مافی نەتەوەکان.. سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرایان نەبوو بەتایبەت گەلی کورد، لەهەندێ سەردەمدا باوەڕیان بەمافی نەتەوەکان نەبووە و هەندێ جار باوەڕیان پێی هەبووە. لەسەرەتا **"هاوڕێ فەهد"**[٣] دژی مافی کورد دەبێت پاش سەردانێکی بۆ

---

[٣]. یوسف سلمان یوسف ، زۆربەی جاریش بەناوە خەباتگێڕییەکەیدا دەناسرێتەوە "فەهد"..یەکێکە لەچالاکوانە سیاسییە عێراقییەکان، هەروەها بەدامەزرێنەری حیزبی شیوعی لەعێراق دادەنرێت. پاش ئەوەی لەسێدارە دەدرێت بەیەکەم سیاسی دادەنرێت کە ئەو کارەی بەرامبەر ئەنجامدراوە. ساڵی **١٩٠١** لەخێزانێکی مەسیحی سریانی لە گوندی بەرتەلە.. شاری موسڵ چاوی بەدونیا هەڵهێناوە. لەتەمەنی حەوت ساڵانی ئەمدا.. خێزانەکەی بەهۆی کارەوە دەگوازنەوە بۆ شاری بەسرە، لەبەسرە دەخرێتە بەر خوێندن لە خوێندنگای سریانی سەرەتایی قۆناغی شەشەم بەدەستدەهێنیت.. لەوێوە دەچێتە خوێندنگای (الرجاو العالی) ئەمریکی. بەهۆی بارودۆخی ئابوری خێزانەکەیەوە دوای دوو ساڵ خوێندن بەجێی دەهێڵێت.. لەساڵ **١٩١٦** ناچاردەبێت لە کارگەیەکی سەهۆڵ لە ناسریە کاربکات، کە براکەی خاوەندارێتی دەکرد. بۆ دووەمجار دەگەڕێتەوە بۆ بەسرە و لە مینای بەسرە وەکو "بنوس- کاتب" لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبا کاردەکات، لەپرۆژەیەکی گەورەدا بارودۆخی کرێکاران و کار و پیشەیان دەناسێت، براکەی فەهد "داود یوسف سلێمان" یەکیک لەسەرکردە مانگرتووەکانی هاوینی **١٩١٨**ی کرێکارانی کەشتی دروستکردنی "دوکیارد" لەبەسرە دەگێڕێتەوە: ساڵی **١٩٤٩** لەگەڵ عەزیز سوباهی لەبەندیخانەی "ئەبوغرێب" هەردووکیان بەندکرابوون.. ئەو سەردەمە فەهد گەنجێکی تازە هەڵکشاو بوو هەڵدەسێت بەنوسین و داڕشتنەوەی پێشنیازێکەوە کە کرێکارانی کەشتی دروستکردن پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتییەکەی خۆیانی دەکەن. پاشان دەگوازێتەوە بۆ ناسریە و لە کارگەی سەهۆڵ و ئارد.. کاردەکات کە براکەی خاوەندارێتییان دەکات، دوای ئەوە لەناسریە کتێبخانەیەک بۆ فرۆشتنی کتێب و گۆڤار دەکاتەوە. سەرەتای ساڵانی بیستی

سەدەی بیستەم.. فەهد دەبێتە ئەندامی یەکەم حیزبی نیشتمانی لەعێراقدا(پارتی نیشتمانی عێراقی).. دەبێتە جێگری سەرۆکی لق لە شاری ناسریە، فەهد خەباتی نیشتمانی و چینایەتی پێکەوە گرێدەدات، هەست بە ناکاریگەری خەباتی باوی ئەو سەردەمە دەکات بۆیە خوو دەداتە خوێندنەوەی کتێبە بەردەستەکانی وەکو (مانیفێستۆی حیزبی شیوعی- کتێبی ما العمل= چ بکەین- دەوڵەت و شۆڕش)، هەروەکو نامەگۆڕینەوە لەگەڵ رۆژنامە بەغدادییەکان (لاوان١٩٢٩.. فەهد بریکاری رۆژنامەکە بوو، لەبەسرە هەڵدەستا بە دابەشکردنی ئەم رۆژنامەیە، ولات ١٩٢٩.. بانگی کرێکار١٩٣١-ئەهالی ١٩٣٢.. تا ئەو کاتەی بووە مارکسی).. زمانەکانی عەرەبی و کلدانی و ئینگلیزی و روسی دەزانین، زانینی ئەم زمانانە وای لێکرد توانای ئەوەی هەبێت لەرێی رۆژنامە بیانییەکانەوە..دوای رووداوە نێودەوڵەتییەکان بکەوێت. فەهد باوەڕی بە تیۆرەی مارکسی هەبوو، بۆیە توانی وەکو چەکێک بۆ بەرگریکردن دژی زۆرداری و قۆرغکاری بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی بەکاری بهێنێت، لەچوارچێوەی خەباتکاری نیشتمانی خۆیدا کەسانێکی بینی.. هاوشێوەی خۆی لە پێشەنگانی بزوتنەوەی شیوعی، یەکەم خانەکانی شیوعییەتی لەنێوان پۆلەکانی کرێکاران و جوتیاراندا لەبەسرە و ناسریە دامەزراند، کە تیۆرەیی و پراکتیزەیی پێکەوە دەبەستێتەوە و پشتیوانە بۆ پارتی نیشتمانی عێراقی کە موحەمەد جەعفەر ئەبو تمەن سەرۆکایەتی دەکات، لەوێشدا بواری ئاشکرایی بۆ چالاکییەکانی دەدۆزێتەوە، ئینجا لەپێناو پەرەدان بە دۆستایەتییەکانی لەگەڵ ولاتانی عەرەبیدا، ساڵی ١٩٣٠ هەستا بە گەشتێک بۆ چەند ولاتێکی عەرەبی..لەوانە "کوێت- سوریا- لوبنان- فەلەستین- رۆژهەلاتی ئوردون"، وتارەکانیشی لە رۆژنامەی ولات دا بلاوکردەوە، لەو کاتەشدا حەزی دەکرد گەشتێک بۆ یەکێتی سۆڤیەت بکات.. هەوڵیشیدا لەگەڵ حیزبی شیوعی فەلەستینی پەیوەندی بگرێت، بەلام سەرکەوتوو نەبوو. هەرچەندە ساڵی ١٩٢٩ هەوڵێکی تری دابوو گەشت بۆ یەکێتی سۆڤییەت بکات، بۆ ئەو مەسەلەیەش هەستا رۆییشت بۆ ئێران و پەیوەندی کرد بە قونسوڵخانەی یەکێتی سۆڤیەت لەشیراز، بەلام سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا چونکە پشتیوانی لێنەکرا. دوای پەیماننامەی عێراقی – بریتانی چوارەم، کە لە ٣٠-حوزەیرانی١٩٣٠دا واژۆکرا و بە پەیماننامەی ١٩٣٠ ناسرا، ڕادەی جەماوەری دژ بە پەیماننامەکە ڕوو لە زیادبوون بوو.. داوای سەربەخۆییش بەرزبووبۆوە، ئەمە ئەوەی دەخواست فەهد بگەڕێتەوە بۆ عێراق، هەتا لەناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بێت، بەجۆرێک بوو لە کۆنگرەی نیشتمانی بەشداری کرد کە لە ٥-کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣١ بەسترا، هەروەکو چۆن داودی برای بۆ عەزیز سوباهی دەگێڕێتەوە، کە هەردوو پارتی برایەتی نیشتمانی و پارتی نیشتمانی عێراقی هەوڵیان بۆ بەستنی دەدا ..

لەکۆنگرەکەدا نوێنەرانی عەشایر و کەسانی ناودار و دەرکەوتوو، سەرەڕای نوێنەرانی هەردوو پارتەکە و کەسانی بێلایەن بەشدابوون، واژۆکردنی یاداشتێکی لێکەوتەوە، تێیدا ڕاستاندنی پەیماننامەکە و ڕووخاندنی وەزارەتی دەوڵەت و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی داوا دەکرد. فەهد ساڵی ١٩٣١ لەپێشەنگی مانگرتنێکدا بوو کە تێیدا هاوڕێی فەهد بەناوی حەسەن عەیاش کوژرا.. لەئێوارەی ١٣ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٢ فەهد ڕاگەیەنراوێکی دەرچواند دروشمی چەکوش و داسی هەڵگرتبوو..

سەرەڕای دروشمی ئەی کرێکارانی جیهان یەکبگرن.. هەروەها بانگەشەی "بژی یەکێتیی کۆمارییەکانی کرێکاران و جوتیارانی ولاّتانی عەرەبی".. ئینجا بەناوی "کرێکارێکی شیوعییەوە" واژۆی کرد، ڕاگەیەنراوەکە لە "١٨-هەژدە" شوێنی ناو شاری ناسریەدا هەڵواسرا. لەوکاتەدا فەرمانگەکانی حکومەت بە چالاکییەکانی ئاخنرا، دوایی لە لای سەرۆکی حیزب ئەبو تمەن گازندەی لێکرا، بەوەی جێگری سەرۆکی لقی پارتی شیوعی لەناسریە تێکدەرە، ئەبو تمەن وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: نەخێر.. بەڵکو ئەو بونیادنەرە و هەوڵ دەدات لەگەڵ جوتیارانی لاوازدا ژیانێکی ئاسودە بۆ خەڵکیی.. فەراهەم بکات، بۆیە منیش بەوەی هەمە لە وزە و توانا قۆڵی دەگرم. لە **٢٠**ی شوباتی ساڵی **١٩٣٣** لەناسریە دەستگیر دەکرێت.. یەکەم عێراقیشە بەرگری لە شیوعییەت دەکات و لەبەردەم دادگاکاندا دان بەوەدا دەنێت کە شیوعییە و بە چەسپاوی ڕایدەگەیەنێت کە "من شیوعیی"م، ئینجا بەدەستوەردانی ئەبوتمەن ئازاد دەکرێت. فەهد هەمیشە لەپەیوەندی بەردەوامدا بوو لەگەڵ شیوعییەکانی ڕێکخەرانی وانە مارکسییەکان لە بەغداد و شارەکانی تردا.. زۆر چالاکیش بوو لە ناساندنی شیوعییەکانی بەغداد بە شیوعییەکانی ناسریە و بەسرە و دیوانیە و عیمارە و نەجەفەوە، هەروەها بۆ پتەوکردنی پێکەوەبوونیان هەمیشە خەریک بوو. لە **٣١**-ئازاری**١٩٣٤** بەیەکخستنی سەرجەم ئەڵقە مارکسییەکان حیزبی شیوعیی عێراقیی دامەزراند لە لیژنەی مەرکەزی حیزب بە ئەندام هەڵبژێردرا.. لە کانونی یەکەم **١٩٣٤**حیزب بۆ خوێندن.. ناردی بۆ مۆسکۆ، لەوێ هاوڕێی ژیانی دۆزییەوە، ئەمەش بووە مایەی هاوسەرگیرییان.. لەم هاوسەرگیرییەش کچێکی نازدار بەناوی "سۆزان" لەدایک بوو.

خێزانەکەی هەتا دوا ساتەکانی ژیانی شیوعی بوو هەمیشە بە ئەندامی ئەنجومەنی میللی ناوچەکەی خۆی هەڵدەبژێررا، سۆزانی کچی لەسالآنی حەفتاکاندا بۆ یەکجار سەردانی عێراقی کرد و چووە ناسریە. فەهد وەکو چاودێر لە کۆنگرەی حەوتەمی کۆمنترن"پارتە شیوعییەکان"بەشداریکرد کە لە نێوان تەموز و ئابی ساڵی **١٩٣٥** بەسترا، هەروەها لە کۆنگرەی یەکێتیی جیهانی سەندیکاکانی کرێکاراندا بەشداریکرد کە لە مۆسکۆ لە ساڵی **١٩٣٥** بەسترا. لە قوتابخانەی "زەحمەتکێشانی ڕۆژهەلاّت" بە پلەی نایاب بڕوانامەی بەدەستهێنا.. ئەم بە ماوەی دووساڵ کە خۆی سێ ساڵ بوو کۆتایی پێهێنا. بۆ مەشقکردن گەشتی کرد بۆ فەرنسا و بەلجیکا و لەنێوان کرێکارانی کانە خەڵوزدا بۆ تێکۆشانی شۆڕشگێڕێتی شیوعییانە بەردەوام بوو، لەوێ بەناوی "فردریک"وە بانگ دەکرا. کاتێک شەڕی ئەهلی ئیسپانی هەلاّیسا.. لەسەر خواستی خۆی لە فەیلەقی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە کۆماری ئیسپانیا خۆی ناونوس کرد.. بەلاّم داواکەی ڕەتکرایەوە، بەهۆی ئەوەی ئەرکی ئەو گێڕانەوەیەتی بۆ عێراق بۆ بونیادنانەوەی حیزب لەوێ. شەوی ١٨ی کانونی دووەمی ساڵی **١٩٤٧** لەگەڵ هاوڕێیانی " زەکی بەسیم ناسراو بە حازم- عەزیز عەبدولهادی"، لەماڵی ناجی ئیبراهیم شمێل لەگەڕەکی صالحییەی ناوچەی کەرخی بەغداد دەگیرێن.. دوای پشێوی ساڵی **١٩٤٨** و تێکچوونی دۆخی جیهانی، کاتێک نوری سەعید لە **٦-١-١٩٤٩** دەبێتە سەرۆک وەزیران، ئەم پیاوە بە دوژمنی سەرسەختی شیوعییەت ناسراوە، دۆخی نائارامی لەولاّت ڕادەگەیەنێت، لەژێر بیانوی پیلانگێڕی بۆ

ولاتی یەکێتی سۆڤیەتی ئەو کات و ئێران.. بۆچوونی دەگۆڕێت، چونکە ئەو کاتە حکومەتی عێراق پەیوەندی توندو تۆڵی لەگەل ولاتی بەریتانیا دەبێت.. هەردوو دەوڵەت دژی ئەو پەیوەندیانە دەبن وەک فشار لەسەر عێراق ئەو کارە (بەفەهد) دەکەن. لەگەڵ هەستکردن بەخۆم و دەوروبەرم، هەستکردن بەڕیزی گەل و خاک و نەتەوە و ڕیزی دوژمن، (حشع)م لە بەرەی بەعسدا بینی وناسی. لەساڵی(١٩٧٤و١٩٧٥)کە بەتفەنگ دەمگوت تەقە و چەکدارم ناسی بەچەکداری شیوعی لەگریان و داواکاریەکانم بێدەنگیان دەکردم، دەیانگوت شیوعیەکانت بۆبانگ دەکەین، دیارە لەو سالآنەدا کە شۆڕشی ئەیلول لەوپەڕی بەهێزی و ترۆپکدابوو، دواتر لەبەهاری ١٩٧٥ شکستی هێنا، پێشتر(حشع) دوو بیروبۆچوون لەناو ڕیزەکانیاندا سەریهەڵدا، بەشێکیان پێیان وابوو لەگەڵ حکومەتی بەعسدا بەرەیەک پێکبهێنن و لەحکومەت و دامودەزگاکانیدا بەشدار بن، بەشێکیان پێیان وابوو نابێت لەگەڵ حکومەتدا بەرە پێکبهێنن، چونکە حیزبی بەعس بەمەبەستی جێپێگرتنی خۆی سازش لەگەڵ شیوعی و حیزبە ئازادیخوازەکاندا دەکات.. لەڕاستیدا باوەڕی پێی نییە، ئەو دووباڵەش (لیژنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزی حشع) بوون. لیژنەی مەرکەزی باڵی بەهێزی حیزب لەگەڵ حکومەتی عێراق.. بەرەیان پێکهێنا، چەند وەزارەت و پۆستێکیان وەرگرت، قیادەی مەرکەزی.. هەندێکیان چوونە سوریا (شام).. بەشێکیان لەشاخ مانەوە و پشتیوانیان لەشۆرشی ئەیلول کرد. گەلی کورد بەهەموو چین و توێژەکانییەوە پشتگیرییان لەشۆڕش کرد.. بەتوندترین شێوە ڕووبەڕووی هێرش وپەلامارەکانی بەعس بوونەوە، جگە لەو باڵەی شیوعی کەزۆرینەی حیزبەکەیان بوون.. لەگەڵ بەعسدا شەڕی شۆڕشی کوردیان کرد.

حشع دوو بارەگای سەرەکیان لەگوندی (توکن و فەتاح هۆمەر) لەسنوری قەزای کفریدا هەبوو، لەگوندی(توکن) بەشێکیان لە ناو مزگەوتی گوندەکەدا بوون لەخواری گوند و ئەویتریان لە دیوەخانەکەی (مەحمود عەزیز عارەب) دا بوون لەسەرووی گوندەکەوە. لەیادمە ڕۆژێکی کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ بوو دەستەیەکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول هاتبوونە گوندی(سماق) کە نزیکەی دە کیلۆمەتر لەگوندی (توکن) ەوە دوورە، (شیوعیەکان) لەڕێگای هەواڵدەرێکیانەوە ئاگادار دەکرێنەوە کە ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگەی پارتی

---

پاراستنی سوپای عێراق لەفەلەستین، نوری سەعید لەپەرلەماندا ئامانجی حکومەت بۆ پاکتاوکردنی حیساباتی شیوعییەکان و ململانێی لەگەڵ شیوعییەتدا تا دوا هەناسە، نوری سەعید دادگاییکردنەوەی فەهد و هاوڕێکانی پیادەچێتەوە، بڕیاری دادگا بە لەسێدارەدانی دەردەچێت.. لە ١٤-٢-١٩٤٩ پێش جێبەجێکرنی بڕیاری دادگا لە کاتژمێر چوار و سی خولەکی بەرەبەیانی ئەو رۆژە لەسێدارە دەدرێت.

لەگوندی (سماق)ن، لەگوندی  توکنەوە چوونە سەریان لەنیوەڕۆوە تا خۆرئاوابوون شەڕ گەرم بوو، دەنگی ڕەشاش برێنی هەردوولا لەگوندی ئێمە وەک قاسپەی کەو دەیخوێند. ئێوارە شیوعیەکان گەڕانەوە بۆ گوند و وتیان  پێشمەرگەیەکی مەلاییمان کوشتوە بەناوی (ئەحمەد. ئەحە تەمە)، دانیشتووی  قەزای (کفری) و دووچەکداری شیوعیش کوژرابوون. لەیادمە لەو ڕۆژانەدا خالۆم (جەبار) خێزانەکەشی پورم بوو، پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو، خێزانەکەی و منداڵەکانی لە کفرییەوە هێنابوو بۆ ماڵی باپیرم بۆ گوندی (توکن). شەوان هەندێجار دەهاتەوە بۆ گوند، باوکم وخزمان بەدزی شیوعیەکانەوە زۆربەی شەوان بەدەوری گونددا بۆسەیان دەنایەوە، خاڵۆمیان دەهێنایەوە بۆ گوند و چەند ڕۆژێک دەمایەوە، دیسان بەهەمان شێوە شەو لەگوند دەریان دەکرد. لەیادمە  کاتێک تانکەکانی سوپای عێراق بەناو گوندی (توکن) دا تێدەپەڕین بۆ گوندی (بنەکەی خەپەکوێرو قەواڵی) لەو کاتەدا لەباکوری گوندی (بنەکەی خەپەکوێر) لەچەمی (باخەڕەش) سوپای عێراق لەگەڵ پێشمەرگەی ئەیلولدا لەشەڕدابوون، (شیوعیەکان) یەکی پارچەیەک پەڕۆی سووریان بە باڵیانەوە بەستبوو لەگەڵ تانک و سەربازەکاندا بەناو گونددا بۆ ئاراستەی شەڕەکە دەچوون. ئەو ڕووداو و بیرەوەریانە بەردەوام لەبیرم دابوون، کاتێک شوعییەکانم دەبینی لەپاش شکست، دواتر کە کاتێک حیزبی بەعس کاری پێیان نەما کەوتە ڕاونان وگرتن ولەسێدارەدانیان، توشی شکست و هەڵوەشاندنەوەی هەیکەلی حیزبی و ڕاوەدوونانی سەرتاسەری بوونەوە. دواتر لەکۆتایی هەفتاکاندا بەهاوکاری شۆڕشی نوێی (ی.ن.ک) تاک و تەرا هاتنە شاخ و شانبەشانی ئەوان چەکیان هەڵگرت..(حشع)یان دامەزراندەوە و درێژەیان بەکاری چەکداری دەدا دژی بەعس. بەڵام لەسەردەمی (ئەنفال) دا چەندین پێشمەرگە و دەستەی (حشع) م بینی شانبەشانی ئێمە و بەوپەڕی ورەبەرزی وجوامێرییەوە ڕووبەڕوی دڕندەترین دوژمن و سوپای ئەنفال دەبوونەوە، بەتایبەت (شەهید ئەحمەد بازۆکە) یان بڵێین (ئەحمەد چوار شاخی) لەیەکەم ڕۆژی شەڕی گوندی (الفتی ئاغا)کە لەڕۆژی **١٩٨٨/٤/٨**هاوشان و هاوسەنگەرمان بوو. پاش (ئەنفال)یش پارتیزان بوو تا لەمانگی**١٩٨٩/٨** لەلایەن خۆفرۆشێکەوە لەداو نراو بەبرینداری بەدیلگیرا.. دواتر لە سێدارە درا و شەهیدبوو.

لەمانگی**١٩٨٨/١٢**لەگەڵ شەهید کاکە توکنی بەهۆی ئەوەی هەردووکمان(شەهید ئەحمەد) مان دەناسی و تێکەڵی و دۆستایەتی پتەو و کۆنمان هەبوو، حەشارگەیەکیان لەمازوخ و پشتی گوندی (توکن وچوارشاخ) هەبوو، چووین بۆ سەردانیان نزیکەی هەشت پێشمەرگە دەبوون، پاش هەواڵ پرسین و چا خواردنەوە ماڵئاواییمان لێکردن، بەڵام هەڵسوکەوت و وتەی ئەبوڤیان سەرنجی ڕاکێشام بە (شەهیدئەحمەد)م وت ئێمە لەبەرخاترو دۆستایەتی و ناسیاوی تۆ هاتووین بۆلاتان، چیت پێویست بوو ئێمە وەک پێشمەرگە و برای

خۆمان دەتبینین، کەچی هەڵسوکەوتی ئەبوڤیان بە دڵم نەبوو پێموایە بەبینینی ئێمە بێزار و نیگەران بووبێ.

وتی: ئەوە هاوڕێ (ئەبو ڤیان)ە نایناسی؟ وتم بەڵێ بەڵام دۆستایەتیم لەگەڵی نییە، (ئەبو فەلاح)ی برای دەناسم و دۆستمانە.. زۆر هاتۆتە ماڵمان وخزمەتمان کردووە، وتی: ئێوە دڵگران مەبن وەک خۆت وتت بۆ لای من هاتوون گوێتان لێنەبێ. (ئەبو ڤیان) کادیری حیزبیان بوو لەو نەهامەتییەدا بەهەمان نەفەسی سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە تەماشای ئێمەی دەکرد کە (ی.ن.ک وحشع) لەشەڕو ناکۆکیدا بوون.

بەرواری**١٩٨٩/١/١٣** من وحەسەن ئۆمەربلی پێکەوە چووین بۆ سەردانی برادەرانی حشع لەحەشارگەکەی مازوخیان، ڕۆژی**١٩٨٩/١/٢١** شەهید ئەحمەد و ئەبوڤیان هاتن بۆ سەردانمان لەحەشارگەی قەندیل بووین. لەگەڵ کاک عوسمان زۆر گفتوگۆیان کرد لەسەر وەزعی سیاسی عێراق و ناوچەکە و جیهان، کاک عوسمان بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکارییەکی پێدان ئەگەر داوامان لێبکەن، لەکاتێکدا پێمان بکرێت. لەو دیدارەدا (تەرەدود) ژمارەی جیهازەکانمان گۆڕییەوە.. زۆرجار پێکەوە پەیوەندیمان دەکرد.

عەزیز برام ئەو کاتەی هاتە دەرەوە بۆی گێڕامەوە.. وتی پاش ئەوەی لەدەستی سەربازەکان لەڕۆژی **١٩٨٨/٤/١٤** لە نزیک ناحیەی ڕزگاری هەڵهاتین، پێنج ڕۆژ لە ناحیەی ڕزگاری خۆمان حەشاردا، (فەزڵەدین قەواڵی) چەکداری ڕژێم بوو.. پێی وتین سبەی هەموو ناحیەی ڕزگاری و کەلار دەپشکنن بەدوای ئەو دەربازبوانەدا دەگەڕێن.. لەناو شاردا خۆیان حەشارداوە، من و(ناسیح ومحەمەد مەلاوەهاب ومام غەنی ومام جەبار وحەسەن عەزەدین)ی خەڵکی گوندی (قەواڵی) شەو لە(ڕزگاری)یەوە دەرکرد و چووین بۆ هەردەی گوندی (سەید حوسێن وکاکول) بۆ خۆشاردنەوە، لەوێ توشی دەستەیەک پێشمەرگەی (حشع) بوون (ئەبو ڤیان) بەرپرسیان بوو، (ئەبو فەلاحی برای وشەهید شێروان) یش لەگەڵیانبوو. وتیان نانمان پێ نەماوە بەشێک لەنانەکەی خۆمان پێدان، من و ناسیح بە(ئەبو فەلاح) مان وت ئەگەر ڕازیبن ئێمە لەگەڵ ئێوە دێین، وتی ئاساییە. دواتر گوێمان لێبوو(شیوعیەکان) لەگەڵ (مام غەنی ومام جەبار) دا لەناو خۆیاندا وتووێژیان دەکرد، دواتر ویستیان بڕۆن من و (ناسیح)یش وتمان لەگەڵتان دێین، مام غەنی ومام جەبار وتیان ڕێگاتان نەداین لەگەڵیان بچین، دواتر بیستمان شیوعییەکان وتبویان کاتێک لەگەڵا ی.ن.ک شەڕمان بوو ئەمانە هەواڵیان لەسەرمان داوە و بەردەوام بەدوامانەوە بوون، ئێستاش لێمان ناگەڕێن، مام غەنی ومام جبار لێیان تورە دەبن.. دەڵێن ئێستا کەی کاتی ئەو گلەیی ورقوکینەیەیە، ئەوەیە ماڵوێرانی کورد.. پاش ئەو هەموو نەهامەتییە بەهەمان نەفەسی کۆن و لەتۆڵە کردنەوە بگەڕێین.

# گەرمیان و بەفر بارین وسەرما

بەتەمەنی من لەیادم بێت لەکۆتایی سالآنی حەفتاکان جارێک و لەساڵی **١٩٨٥**جارێک بەفر باریوە.. پاش کاتژمێرێک بەفرەکە تواوەتەوە و کۆتایی هاتووە، بەڵام لەزستانی **١٩٨٩** بەفرێکی زۆر لەهەموو ناوچەی گەرمیان دووجار باری، جارێکیان لە**١٩٨٩/١/١٦** بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەمازوخ بەفرمایەوە، ئاو و هەوا ئەوەندە ساردبوو دەبەی ئاومان لەناو حەشارگەکان دادەناو دامان دەپۆشی کەچی بەو شێوەش لەناو دەبەکەدا دەیبەست، پاش بەفر کەوتن.. زوقم و سەرما زەوی دەبەست.. ئەوەندە خزبوو بەسەریدا دەڕۆییشتین وەک ئەوە وابوو بەسەر شوشەدا برۆین، ناو حەشارگەکەمان ئەوەندە ساردبوو دەتگوت لەناو ساردکەرەوەداین، بەڵام دواتر لەترسی سەرماو نەخۆشی هەندێ نەوت و سۆپامان پەیداکرد و شەوان سۆپامان دەسوتاند.

# ئەنجامدانی چالاکی

لەگەڵ دەستەپارتیزانەکانیتر وا ڕێککەوتبووین لەشەوی**١٨-١٩٨٩/١/١٩**دا لەسنوری سەنگاو، قادرکەرەم وخورماتوو چەند چالاکییەکی پێشمەرگانە ئەنجام بدەین، دەستەکەی شەهید حەمەڕەش لەنزیک سەنگاو دەستیان بەسەر ڕەبیەیەکی دوژمندا گرت. هەمان شەو ئێمەش کەپێکهاتبووین لە(شەهید مەجید دووزی وشەهید کاکە توکنی و صەباح شێخ حە میدی وعەلی ئۆمەربلی وجەمال مەلا ئۆمەری وحەمەڕەشید توکنی) لەگەڵ کاک عوسماندا بەچەکی ئاربیجی و بیکەیسی.. لەڕەبیەی پەڵکانە کەدەیڕوانی بەسەر قەزای (خورماتوو) و ناحیەی (سلێمان بەگ)و جادەی گشتی بەغداد کەرکوک و ڕەبیەیەکی دیکەی سەرجادەی گشتی کەرکوک بەغدادمان دا، تەنها بۆ سەلماندنی بوونی بەردەوامی شۆڕش و پێشمەرگە لەخاکی کوردستانێکی چۆڵ و کاولکراو وبێژیاندا. هەر ئەو شەوە گەڕاینەوە بۆ حەشارگەی قەندیل نێوان گوندی (بەلەگەو ئۆمەربل) بۆ ئەوەی ناوی بەقەندیل لەبێتەلەکاندا بەکاریبهێنین بۆ پاراستنی نهێنی شوێنەکەمان. هەڵکەوتەی شوێنی ژێر زەمینەکان.. کە.. سێ..دانەبوو، لەشیو و قەد پاڵێکدا بوو ڕووی لەباکور بوو دوو مەتر قووڵ دەبوون لەسەرەوە کە لەگەڵ زەوییەکەدا یەکسان بوون. بەدار و چینکۆی بەرزی چل سانتیمەتر گڵ داپۆشرابوو هەندێ پوش و بنجگمان تیاچاند بوو کە لەو دەوروبەرەدا هەبوون بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتی ئەوێدا بگونجێت، هەر ژێرزەمینێک قوتویەکی ڕۆنی پێنج کیلۆیی (ڕاعی)

مان لەناو گڵەکەدا دانابوو، بەشەوان سەری قوتوەکەمان دادەپۆشی وبەڕۆژ سەریمان دەکردەوە بۆ گۆڕینی هەواو نەمانی شێی تەڕی ناو ژێرزەمینەکە. دەرگاکەی مەترێک کەمتر بەرز دەبوو گوێنییەکی بۆرمان دابوە پێشیداو هەندێ پوش وپەلاشمان لەنزیکی ئامادەکردبوو بۆ پێش گوێنیەکە بۆ کاتی هاتنی کۆپتەر. بۆ سبەی ڕۆژی پاش چالاکییەکە ناوچەکە ئارام بوو، بەڵام بۆ دوو سبەی ناوچەکەیان لێکردین بەئاگر. سبەی زوو لەسەر سۆپا نەوتییەکە چێشتێکی فاسۆڵیام لێنابوو . پاش من حەسەن ئۆمەربلی سەرقاڵی برنج لێنانبوو لەسەری.

## ئەو ڕۆژەی وەک شێرێکی بریندار خۆمانم بینی!

کاتژمێر لەدەوری هەشتی بەیانی.. ڕۆژی **١/٢١** بوو دووربینەکەم هەڵگرتوو چوومە سەرەوەی حەشارگەکە، نزیکەی دە مەترێک دەبوو بۆ چاودێری کردن. لەگەڵ یەکەم ڕوانینم هێزێکی زۆری دوژمنم بینی لە ناحیەی سەرقەڵاوە بۆگوندی ئۆمەربل دێت. بەشێکیان بۆ ئاڕاستەی گوندەکانی (چوارشاخ وتوکن و عەزیز قادر) دەچێت. بەپێی ئەو ئەزموونەی پێشتر هەمانبوو تێگەیشتم دەرچوونی دوژمن گشتگیر و کێوماڵی گشتییە. هاتمە خوارەوە وتم کاک عوسمان هێزێکی زۆری دوژمن بەرە و سنورەکە دێت. کاک عوسمان دووربینەکەی هەڵگرت و چووە سەرەوە، پاش پازدە خولەک دەنگی کۆپتەر پەیدابوو.. دەنگەکە نزیکبۆوە، کاک عوسمان بەپەلە هاتە خوارەوە وتی: برادەران خۆتان ببەستن پێڵاوەکانتان لەپێ بکەن، لەسەر ڕایەخ و جێگەکەمان تێگەییشتین ئەگەری ڕووداوی مەترسیدار هەیە، لەگەڵ وتەکانیدا دەنگی هەلیکۆپتەر زۆرتر نزیکبووەوە. ئەو ژێرزەمینەی ئێمە هەریەک لە(شەهید مامەقالە وکاک عوسمان وعوسمان تلیشانی وشکور سمایل وعەلی غایب وحەمە ڕەشید توکنی) تێدابووین، ژێر زەمینەکەی دیکە (شەهید کامەرانە ڕەش وشکور قەرەبلاغی وعەلی ئۆمەربلی ومەلا ڕەحیم وحەسەن ئۆمەربلی) و (شەهید کاک ئەحمەد) بە تەنها لە ژێر زەمینە بچوکەکە دابوو کەخواردن وپێداویستییەکانی تێدابوو،(شەهید مەجید دوزی) نزیکەی کیلۆ مەترێک بۆ ئاڕاستەی گوندی(بەلەگە) ڕۆیشتبوو دوور کەوتبووەوە بۆ چاودێریکردنی قۆڵی گوندی (بەلەگەو قوریچای)، کاک عوسمان بۆ برادەرانی ناو ژێرزەمینەکانی دیکە دەنگی بەرزکردەوە وتی: برادەران بچنە ژێر زەمینەکانەوە.. لەپێش دەرگاکەوە چاودێری دەرەوە بکەن گوێنیەکان دادەنەوە و پوش و پەلاشەکە بخەنە پێش دەرگاکە. کۆپتەرەکان هاتنە سەرمان دووجار بە سەرماندا سوڕانەوە و بوو بە تەقە چەند دەست ڕێژێکیان کرد من لەخەیاڵی خۆمدا وتم تەقەی لەمەجید دوزی کردووە. لەگەڵ تەقەکاندا مەرگی خۆمانم بەچاوبینی هەریەکە و لەلایەک کەوتبووین.

وتەکانی دایکمم  بیرکەوتەوە.. کاتێک دەمگوت دەبم بەپێشمەرگە. پێی وتم: کوڕم دەکوژرێیت بەدیل دەگیرێیت، بریندار دەبیت.

کوڕم ئەگەر تۆ بێمنەتی لە گیانی خۆت، بەزەیت بەمندا بێتەوە.. من دوای تۆ چۆن بژیم؟ وتەکانی ئەو کاتەم هاتەوە یاد کە گەیيشتمە یەکەم پێشمەرگە پێی وتم: ئەگەر بتەوێ ببیتە پێشمەرگە دەبێت شەهیدبوون وبرینداری و سەرما و گەرما و تینوێتی و برسێتیت لەیادبێت، هەموو کاتێک وەک ناوی خۆت لە گەڵتایە. لەم خەیاڵانەدا بووم لەگەڵ هاتنەوەی سێیەم جاردا کۆپتەرەکان یەکی یەک فیشەکی شەست تیری دا بەسەر هەرسێ ژێرزەمینەکەدا، کاک عوسمان بۆ چاودێری دەرەوە لەناو دەرگاکەدا دانیشتبوو لەتوێی گوێنیە بۆرەکە و بنجکەکانەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، چەند پارچەیەک بەسەریدا هاتە ژوورەوە و لەدیواری ژێر زەمینەکەیدا لە پشتییەوە ناو ژێر زەمینەکەمان پڕ پڕ بوو لەدوکەڵ و تۆز. سەر قەباغی قوتوی سەر ژێر زەمینەکە قولّپەی کرد و فڕێیدایە ئەو دوورە. من لەژێر قوتوەکەدا وەستا بووم. کۆپتەرەکەم بینی زۆر نزمبوو لە سێ چوار مەتر بەرزتر نەدەبوو. لەو چرکەساتەدا هیچ شتێکم لەخەیاڵ نەمابوو تەنها وەک شێرێکی بریندار خۆمانم دەبینی، هەستم بەتوانایەکی زۆر و بێوێنە دەکرد لەخۆمدا. وام هەست دەکرد هیچ شتێک ناتوانێت بمانوەستێنێت لەپەلامار و بەرگری کردن. نەمدەزانی چۆن دەجولّێم و چۆن تفەنگەکەم بەدەستەوە گرتووە واهەستم دەکرد سڕکراوم. من وای دەبینم لەحاڵەتی وا لەسەرەتادا ترسێکی زۆر دەبینی کە هەستت کرد ئەوە مەرگە و بەچرکە لەسەرت وەستاوە ترس نابینی. وتم: کاک عوسمان پێموایە کۆپتەرەکان نیشتنەوە باڵی کۆپتەرەکەم بینی؟ کاک عوسمان هاواریکرد برادەران تەقە بکەن. وتم: کاک عوسمان ڕەنگە کوێرانە تەقەی کردبێ. دیسان هاواریکرد کەس تەقە نەکات تا من تەقە نەکەم. بە ئێمەی وت: برادەران ئەگەر کۆپتەرەکان نیشتنەوە و دەنگ پەیدابوو بەتەقە پەلاماری هەلیکۆپتەرەکان بدەن با ئەو کۆپتەرانە بشکێنین دواتر چی دەبێت با ببێت. دوو جاریتر بەسەرماندا هاتەوە بەلاّم بەبێ تەقە. کۆپتەرەکان پاش بیست خولەک سوڕانەوە بەسەرماندا ڕۆییشتن. کاک عوسمان وتی: جارێ کەس دەرنەچێت. وردە وردە چووە سەرەوە پاش دڵنیابوون بانگی کرد وەرنە دەرەوە وتی: برادەران کەستان شوێنێکی باش لەم نزیکانە شارەزانین لێرە دوور بکەوینەوە. حەسەن وعەلی وتیان: کونە ئەشکەوتێک هەیە لەئاڕاستەی گوندی بەلەگە نزیکەی  هەزار و پێنج سەد مەتر دوور دەبێ.

کاک عوسمان وتی: ئەگەر دەزانن جێگامان دەبێتەوە بەڕێبکەون پەلە بکەن دوژمن لەم نزیکانەیە و کۆپتەرەکان دێنەوە، وتیان: جێگامان دەبێتەوە، کەواتە پەلە بکەن لەپڕ دەنگی کۆپتەر پەیدابوو. نازانم چۆن گوزارشت لەو چرکەساتە بکەم ئەوەندە ترسناک و ناخهەژێن بوو.. لەمردن ڕزگارمان بوو وادیسان مەرگ بەرە و ڕوومان دێت. لەیادمە هەندێکمان بۆ ناو

ژێر زەمینەکە ڕامان دەکرد و هەندێک بۆ ناو شیوەکەی خوار ژێر زەمینەکە. شەهید کاکەم دی ڕوحی شاد بێت واپەشۆکابوو بۆ سەرەوە ڕایدەکرد تاکو هاوارمان کرد بۆ کوێ دەچیت. کۆپتەرەکان بۆ ئاڕاستەیەکی ترچوون نەهاتنەوە سەرمان.

کاک عوسمان وتی: دەی عەلی پێش برادەران بکەوە بۆ ئەو کونەی دەیڵێن.

پێش ئەوەی بگەینە کونەکە شەهید مەجید بەرەو ڕوومان هات، وتم وەڵاپێم وابوو کۆپتەرەکان تەقەی لەتۆ کردووە، زۆر بەخێرایی گەییشتینە پێش کونەکە بینیمان زۆر بچوکە بەزەحمەت جێگای سێ پێشمەرگە دەکاتەوە. لەپێش کونەکە وەستاین چاوەڕوانی کاک عوسمان بووین تا بگاتە ئەوێ و بڕیارێک بدات چی بکەین. لەو کاتەدا دەنگی کۆپتەرەکان نزیکبوونەوە کاک عوسمان وتی: برادەران ئەم کونە زۆر بچوکە و بەکەڵکی ئێمە نایەت و جێگامان نابێتەوە. ئێمە پێشمەرگەین و هەموو چرکەیەک شەهیدبوونمان لەپێشە. ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیەکە پێی دەڵێن ڕۆژی پیاوی جوامێر و قارەمان و لەخۆبردوو، تکاتان لێدەکەم و لێتانیش دڵنیام تا دوا فیشەکتان دوژمن بکوژن، دوا فیشەکتان بۆ شەهیدبوونی خۆتان بێت. تکاتان لێدەکەم با بەمەغزەنی بەتاڵەوە دوژمن بێتە سەرلاشەکەتان. چۆن هەردەم پێشمەرگە مێژووی جوامێری شەرەفمەندی تۆمار کردووە.. ئەمڕۆش مێژوویەکی جوان بۆ خۆتان و گەلەکەتان تۆمار بکەن با دوژمنەکانتان شاهیدی قارەمانێتیتان بێت. دەنگی کۆپتەرەکان بەردەوام بوو وتی: ئەو ئاڕبیجیەم بدەنێ، وەریگرت وتی: ئێوە بەڕاکردن بۆ ئاڕاستەی شەقی شەریف بچن کەشوێنێک بوو پێنج کیلۆمەتر لێمانەوە دوور دەبوو کەوتۆتە نێوان گوندەکانی (بەلەگەو قۆڕیچای وگۆبان عەرەب و ئۆمەربل)ەوە، وتی: من لێرە دەمێنمەوە ئەگەر کۆپتەرەکان هاتنە سەرمان گوللەیەکی پێوە دەنێم بەریکەوت کاری خۆی دەکات بەریش نەکەوت خۆم دەکەم بەم کونەدا ئەو کاتە سەرقاڵی من دەبێت. تا من شەهید بکات کاتێکی دەوێت ئێوە دەرباز دەبن. ئێمە پێشمەرگەین و زوو یان درەنگ شەهید دەبین، لەم کاتەدا با من ببمە قوربانی ڕزگاربوونی ئێوە و کەسێکمان شەهید ببێ لەوە باشترە هەمووومان شەهید بین.. کۆتاییمان پێ بێت. دەی برادەران بەڕێبکەون بڕۆن، کاک عوسمان لەپێش کونە ئەشکەوتەکەدا بە ئاڕبیجیەکەیەوە وەستابوو.. بەردەوام بوو لەقسەکردن ئێمەش بەدەوریدا وەستابووین. لەسیما ماندوو و شەکەتەکەیمان دەڕوانی. گوێمان بۆ وتە جوامێرانە و بەرپرسیارییەکەی ڕاگرتبوو. بۆ ئەو هەست ودڵسۆزی و قوربانیدانەم دەڕوانی و ئەوەندەی دیکە لام خۆشەویستتربوو. بەردەوام بوو دیسان دەیگوتەوە دەی برادەران بەڕێبکەون با کات لە دەست نەدەین. چەند کۆپتەرێک لەسنوری هەردەی گوندەکانی (پەڵکانە ودوڕاجی) دەسوڕانەوە، لەو کاتەدا کۆپتەرەکان دەسوڕانەوە هەموو لە سیمای ماندوو و شەکەت و بێ ئومێدی یەکدیمان دەڕوانی.. بەنیگا کز و قەتیسماوەکانمان بەیەکدیمان دەگوت.. ئەمڕۆ کۆتایی ژیانمانە، بەلاّم کەسمان بەزمان نەمان دەدرکان.

دیمەنێکی زۆر تراژیدی بوو چۆن لەخۆمانم دەڕوانی.. بەچەند جوجکەیەکی دایکخوراو و بێلانە دەهاتینە پێشچاوم، بەڵام پڕ وره و ئیراده بوین، ئەگەری ترسی مردن شپرزه و سەری لێ نەشێواندین.هەموو وەک شێرێکی بریندار چاومان بۆ دوژمن دەگێڕا هێرش بکەینە سەری.

کاتژمێر لەنزیکی نۆی بەیانیدا بوو.. دڵنیابووین لەکاتی توش بوون بەشەڕ لەگەڵ دوژمندا دەربازبوونمان نەدەبوو، چونکە ئێمە هەر یەکە و نزیکەی دووسەد فیشەکمان پێ بوو تەنها شەهید مەجید نەبێ دە مەغزەنی پێبوو لەگەڵ سێ گوللەی ئاڕبیجی و نزیکەی پێنج سەد فیشەکی بیکەیسی. دڵنیابووین ئەگەر هەر فیشەکێ چەند جاش و سەربازێکی پێ بکوژین و بەو سێ گولله ئاڕبیجیە هەر یەکەی دوو کۆپتەری پێبشکێنین هێشتا یەک بەرامبەر بەسەد نەدەبوو لەو هەموو جاش و سەربازەی وەک مێروولە لەهەموو شوێنێک بڵاودەبوونەوە. لەنزیکبوونەوەی کۆپتەرەکان بڵاوبووینەوە، ویستمان بەناو شیوەکەدا بەبڵاوی دابمەزرێین و خۆمان حەشار بدەین. کۆپتەرەکان گەڕانەوە و دیسان کاک عوسمان وتی: برادەران دەی بڕۆن تا کۆپتەرەکان نەگەڕاونەتەوە. هەموومان پێکەوە وتمان لەگەڵمان نەیەیت و ژیان و مان و نەمانمان یەک نەبێ ناڕۆین. کەزانی بێ سودە و لەم کارەدا بێ فەرمانی دەکەین. وتی دەی کاکە بەڕێبکەون.. ئەوا منیش هاتم ئێوە ڕابکەن من و مەجید ناتوانین ڕابکەین لەدواوە دێین.

لەسەختترین کاتدا کاک عوسمان و شەهید مەجید ڕایان نەدەکرد، نازانم وەک خۆیان دەیانگوت نەیاندەتوانی یان پێیان شەرم بوو ڕابکەن.پێم وایە شەهید مەجید نەیدەتوانی ڕابکات چونکە هەمیشە پێش و پاش ئەنفال دە مەغزەن فیشەک و قومبەلە و دووربین و قومقومە و ڕادێوی پێبوو. شەهید میران هەمیشە کلاشینکۆفێک و مەغزەنێکی ٧٥ فیشەکی پێبوو، ڕۆژێک پێمان وت بۆ تاقم و فیشەک هەڵناگری، وتی بۆ چیمە مەجید دەمەغزەنی پێیە لەکاتی شەڕدا دەچمە پشتی مەجیدەوە هەرجارەی مەغزەنێک دەردەکەم ئەوەندە مەغزەنی پێیە هەر ئاگای لێنابێت.

نزیکەی سی خولەکێک بەناو شیوەکەدا بەردەوام بەدوای یەکدا.. ڕامانکرد. نزیکەی کیلۆمەترێکمان مابوو بگەینە (شەق شەریف) کۆپتەرەکان هاتنەوە، حەسەن ئۆمەربلی وتی ئەشکەوتێکی بچووک لەپێشمانەوەیە هی ماڵی مام (فاتیح حەمید ئەولا)ی خەڵکی گوندی بەلەگەیە چاکی کردووە، بگەینە ئەوێ ڕزگارمان دەبێ لەکۆپتەرەکان، پێش هەمووی من و عەلی ئۆمەربلی و شەهید کامەران گەییشتینە ئەشکەوتەکە پاش کەمێک شەهید مامە قالەو شکور قەرەبڵاغی وشکور سمایل وعوسمان تلیشانی گەییشتن. ئەشکەوتەکە بن تاوێرێک بوو پێشی بەبەرد دیوار کرابوو دەرگایەکی حەفتا سانتیمەتری بۆ کرابوو.. زۆر باش و پارێزراو بوو مەگەر پیادە بهاتایەتە پێش کونەکە ببینرایە. کۆپتەرەکان هاتنە سەرمان کاک عوسمان و

شەهید کاک ئەحمەد و شەهید مەجید نەگەییشتبوون.. وتمان توشبوون هەر ئێستا شەهید دەبن، کۆپتەرەکان پاش یەکجار سوڕانەوە ڕۆییشتن پاش کەمێ ئەوانیش گەییشتنە لامان. کاک عوسمان وتی زوو بەڕێبکەون بۆ (شەقی شەریف) لەنزیکی کاتژمێر یازدە گەییشتینە شەق شەریف.

## بێدەنگ بوونی ئەفسەرێکی سوپا

هەڵکەوتەی حەشارگەی(شەق شەفە) شیوێکی کراوە و بەرزبوو.. دوو ریزە تاوێر لەشێوەی چاکل و شێوەی پیتی یو (U) ی ئینگلیزی ئەم لاو ئەو لای گرتبوو.. کەوتبووە نێوان گوندەکانی (بەلەگەو قوڕیچای وگۆبان عەرەب وکفری) یەوە، زۆر ماندوو وشەکەت و برسی بووین. هەر کەگەییشتین هەریەکەی لەبن بەردێکدا کەوتین. کاک عوسمان بەدووربین چاودێری دەکرد، پاش پازدە خولەکێک هاتە خوارەوە وتی برادەران خۆتان ئامادە بکەن، وریا بن لەخوارمانەوە لەچەمی (گوڵمکەوە)ی سەرووی گوندی (قوڕیچای)یەوە دوکەڵێکی زۆر دیارە.. بەدڵنیاییەوە دوژمن لەوێشەوە هاتووە بەرە و ئاڕاستەی ئێرە دێن، دەچم بەرەو پێشیان لەو بەرزاییەوە چاودێرییان دەکەم، ئێوەش زۆر وریابن و چاودێری ورد بکەن. ئەو شوێنەی کاک عوسمان بۆی چوو دوو سەدو پەنجا مەترێک لێمانەوە دوور بوو.پاش نیو کاتژمێر ئەوەندەمان زانی لەشیوەکەی تەنیشتمانەوە بەدووری حەفتا مەتر غەڵبەغەڵب پەیدا بوو بەعەرەبی دەدوان. تەماشامان کرد چەند سەرباز و جاشێک بەناو شیوەکەدا بەپێش کاک عوسماندا لەگوندی قوڕیچاییەوە هاتوون. سەربازەکان کەوتبوونە ڕۆژئاوای ئێمە و کاک عوسمانەوە.. بەرەو ئاڕاستەی ئێمە دەهاتن. کاتژمێر لە دەوروبەری دوازدەی نیوەڕۆدا بوو. بەپەلە هەموو دامەزراین شەهید کاک ئەحمەد بەشکور قەرەبلاغی وت زوو بەشیوەکەدا بچۆ کاک عوسان ئاگادار بکەرەوە و بگەڕێنەوە بۆ ئێرە. من بەگومان بووم چۆن کاک عوسمان ئەم سەربازانەی نەبینیوە، چونکە جاری پێشوو پێیووتین ئێوە بچن و من لێرەدەمێنمەوە تەقەلەکۆپتەرەکە دەکەم بامن شەهید بم و ئێوە دەربازبن, ڕەنگە کارێکی کردبێت بۆ فریودان و ڕاکێشانی سەربازەکان بەدوای خۆیدا. بەڵام دیسان دەمگوت ئەگەر وابوایە ئەم سەربازانە بۆ ئێرە نەدەهاتن دوای ئەو دەکەوتن و تەقەیان لێدەکرد. ڕەنگە ئەمە خەیاڵ و لێکدانەوەی برادەرانیش بووبێت، ئێمە هەر کەسە و لای خۆیەوە لەپاڵ بنچکێک تۆپەڵە پوشێک بەردێکەوە چاوێکمان کردبوو بەسەد و چاودێری دوژمنمان دەکرد.. ها ئەم چرکەیە یان چەند چرکەیەکی تر تەقە دەست پێدەکات و ئەوەی لەبەر دەستماندایە دەیکوژین و بە ورەیەکی بەرز و پۆڵایینەوە بەرگری دەکەین.. تاکو فیشەکمان پێ بمێنێت. بەیەکدیمان وت کات بەرە و هەڵکشان دەچێت.. تا درەنگتر بێت لەقازانجمانە. ڕەنگە چوار

تا پێنج خولەکی پێ چووبێت لەڕۆیيشتنی شکور بەدوای کاک عوسماندا لەو کاتەدا سەرباز و جاشەکان حەفتا مەترێک لەناو شیوەکەی تەنیشتمانەوە بوون. ئێمە نەمان دەتوانی زۆر بچینە سەرەوە یان هەستینە سەرپێ لەبەرئەوەی دوژمن لەدوورەوە نەمانبینێ، تەنها دەنگی سەربازەکانمان دەبیست. ئەوەندەمان زانی یەکێک لەسەربازەکان کەپلەی ئەفسەر بوو ئەگەر هەڵەنەبم یەک ئەستێرە بوو لەناو شیوەکەی تەنیشت ئێمەوە چووە سەرەوە بەدووری حەفتا مەتر چووە سەر گردەکەی باکوری ڕۆژئاوامان و وەستا و ڕووی وەرگێڕا بەلای ئێمەدا. لەو کاتەدا شکور قەرەبلاغی لەدووری سەد و پەنجا مەتر لەدووری ئێمە و دووسەد مەترێک لەدووری ئەفسەرەکەوە کەئێمە لەنێوانی هەردووکیان بووین.. بەقەد پاڵەکەدا هاتە خوارەوە. ئێمە نیشانەمان لە ئەفسەرەکە گرتووە بەبێ ئەوەی ئێمە ببینێ هەموو بەهێما بەیەکدیمان دەوت کەس تەقە نەکات تاکو ئەو تەقە دەکات یان نیازی تەقەی هەبێت. ئەوەندە لەئێمەوە نزیک بوو بەدەمانچەش دەمانپێکا نەک چەکی دیکە، ئەفسەرەکە وەستابوو تەماشای شکوری دەکرد، شکور ئەفسەرەکەی بینی بیست مەترێک هاتە خوارەوە و بەقەد پاڵەکەوە خۆیدا بەزەویدا. پاش هاتنی شکور بەخولەکێک کاک عوسمانیش هاتە خوارەوە کە ئەفسەرەکەی بینی لەسەرووی ئێمەوە بەئاسایی بەلای شکوردا هاتە خوارەوە تا ناو شیوەکە و لەوێ دانیشت. ئەفسەرەکە پێنج خولەک بەبێ خۆتێکدان بەپێوە وەستابوو تەماشای کاک عوسمان و شکوری دەکرد و جاشێکیش چەند مەترێک لەئەفسەرەکەوە دوور بوو بەهەمان شێوە تەماشای دەکرد، سەربازەکان بەناو شیوەکەدا بۆ لای ئەفسەرەکە دەچوون. پێش گەییشتنیان بۆ لای بانگی کرد(مەجید مەجید) بەکڵاوە سورە سەربازییەکەی (بێری) بەهێمای دەست پێیی وتن بەولادا بۆ ئاڕاستەی گوندی بەلەگە بچن، خۆشیان دابەزین و ئەفسەرەکەپێشی هێزەکە کەوت کە نزیکەی سەد کەس دەبوون بەرەو گوندی بەلەگە ڕۆییشتن. کاک عوسمان و شکور هاتن.. وتیان باشە ئەو ئەفسەرە زەق زەق تەماشای ئێمەی دەکرد.. بۆ بێدەنگ بوو گوێمان لێبوو بانگی مەجیدی هاوڕێی دەکرد، ڕووداوێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە. ئێمە تا کاتژمێرێکیش بەگومان بووین لەئەفسەرەکە لەترسی گیانی خۆی ئەو کارەی کردبێ، پێمان وابوو هێزەکەی کۆ دەکاتەوە و ژمارەیەکی زیاترو بە هەلیکۆپتەرەوە پەلامارمان دەدەن. هەریەکە و لێکدانەوەیەکمان بۆی هەبوو. کاتژمێر بەرە و سەرەوە دەچوو خۆر بۆ خوارەوە ئێمەش بەپێچەوانەی خۆر ورە و ئومێدمان بەرە و سەرەوە دەچوو. تا کاتژمێر سێ چەند جارێک دەنگی هەلیکۆپتەر پەیدا دەبوو لەگەڵ دەنگەکە دەمانگوت ئەوا دیسان دێنە سەرمان. هەرچی شیو و گرد و بن بەرد و پنچک هەبوو لەگەرمیاندا سەربازێک جاشێکی لەسەربوو، هێزەکانی دەوروبەرمان هەموو بەرە وئاراستەی گوندی بەلەگە دەڕۆیشتن. کات گەییشتە ئێوارە وە هەموو هێزەکانی دوژمن لەناو گوندی بەلەگە مۆڵدران. کاک عوسمان پاش ڕاوێژکردن لەگەڵمان بڕیاریدا بچین بۆ لای برادەرانی

حەشارگەی تەپکەکان لەنێوان گوندی گۆبان عەرەب و ئۆمەربل نزیکترین حەشارگەمان بوو لەقەزای کفری و دوژمنەوە. چاوەڕوان بووین هەتاو لەکەل خوار بێتەوە و ماڵئاوایی لەڕۆژ و پڕ لە ترس و بێ ئومێدەی ئێمە بکات، چونکە هەر بستە خاکێکی سوتماکی ئەنفال زەدەی گەرمیان پۆستاڵێکی ڕەش کە لەنێوچەوانی خۆ فرۆشانی کورد ڕەشتر و پێی گڵاوی جاشێکی خۆفرۆشی کاسەلێسی بەعسی لەسەربوو.پاش تاریکبوون.. کاتژمێر حەوتی ئێوارە بەبرسێتی و ماندوێتی و شەکەتی گەییشتینە برادەران کە ئەم هەڤاڵانەمانی لێبوو:

**١-**شەهید عەلی فەقێ مستەفایی.

**٢-**شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت.

**٣-**کاک مەلا سەعید.

**٤-**عوسمان مەلا جەمیل.

**٥-**جەمال مەلا ئۆمەری.

**٦-**جەمال شێخ حەمیدی.

**٧-** صەباح شێخ حەمیدی.

**٨-** بورهان زەرداوی.

پاش هەواڵ پرسین و گێڕانەوەی تەقەی کۆپتەر و ماراسۆنی چەند کاتژمێری و هەڵوێستی کاکی ئەفسەر. برادەرانی ئێرەش حاڵیان لەئێمە باشتر نەبوو.. کۆپتەر کارێکی پێکردبوون با بەدەواری شڕی نەکرد بێ. حەشارگەی تەپکەکان ژێر زەمینێک بوو لەناو شیوێکی قووڵ و درێژدا بوو پانی دوو مەتر و نیو و درێژی شەش مەتر و بەرزی دوو مەتر دەبوو، دەرگای بەبەرزی مەترێک و پانی حەفتا سانتیمەتر گونییەکی بۆری بەپێشەوە بوو سەری دار و چینکۆ و نزیکەی چل سانتیمەتر گڵی لەسەربوو، هەندێ پوش و بنچکی لەسەر ڕووێنرابوو.. تاکو لەگەڵ دەوروبەریدا نامۆ نەبێت. کاک مەلا سەعید بەرپرسی ئەم دەستەیە بوو بۆی گێڕاینەوە سەر لەبەیانی کاتژمێر نزیکەی هەشت و نیو بوو هەستم بەدەنگێکی زۆری ئۆتۆمبێل کرد هەرچەندە بەردەوام دەنگی ئۆتۆمبێل بە هۆی نزیکی جادەی گشتی قەزای کفری کەلار دەهات. بەڵام دەنگەکەی ئەمڕۆ بەلامەوە نامۆ بوو بۆیە دووربینەکەم هەڵگرت نازانم چۆن و بۆچ بۆ یەکەمجار بەبێ چەک چووم بۆ ئەو گردە بەرزەی شوێنی پاسەوانی و چاودێری لەسەر بوو، کەچاڵێکی یەک مەتر قوڵ و حەفتا سانتیمەتر پانی لەسەر هەڵکەندرابوو بۆ پاسەوانەکە نزیکەی سەد وپەنجا مەتر لە حەشارگەکەوە دووربوو. گردەکە بەڕووی ئێمەدا بەرز و لێژ و بۆپشتەوە کەنێکی بەرز بوو ڕێگای سەر کەوتنی نەبوو. لەگەڵ گەییشتنم بۆ ئەوێ سێ هەلیکۆپتەر هاتنە سەرمان. دوو گوێ درێژمان لابوو ئەو ژێرزەمینەی بۆ گوێدرێژەکە دروستکرابوو تەنها جێگەی گوێ لەقی تیا دەبوووەوە گوێدرێژەکەی دیکە لە ناو شیوەکەدا لەدووری دووسەد مەتر لەخوارووی ژێر زەمینەکەوە

بەستبوومانەوە، کاتێک کۆپتەرەکان بەنزمی هاتنە سەرمان لە هاڕەی پەروانە و نەڕەی دەنگی کۆپتەرەکان گوێدرێژەکە شێت و هار بوو پەتەکەی پساند بوو بەغاردان چوو بۆ پێش دەرگای ژێر زەمینەکە. نزیکەی بیست خولەک ئەو کۆپتەرانە گوێدرێژەکەیان بەناو ئەو شیوەدا ئەمسەر و ئەوسەر پێدەکرد. کە دەهاتە پێش دەرگاکە کۆتایی شیوەکە و دەرگاکە بوو ڕێگای نەبوو سەرکەوێ دەوەستا، کە کۆپتەرەکان دیسان دەهاتنەوە لە سەرەوە دیسان بەرە وخواری شیوەکە بەغاردان دەڕۆیشت. لەترسی ئەوەی کۆپتەرەکان گومان نەکەن ژێرزەمین وحەشارگەی پێشمەرگە هەیە هەموو جارێ گوێدرێژەکە هاتبووە پێش دەرگاکە.. برادەران لە گوێ درێژەکەیان دەخوڕی و دووریان دەخستەوە. بەڵام لەگەڵ هاتنەوەی دیسان بەغاردان دەچووە پێش دەرگاکە. کۆپتەرەکان ئەوەندە نزمبوون چەند جارێک برادەران لەناو ژێرزەمینەکەوە وایان زانیبوو نیشتۆتەوە، شەهید عەلی هەموو جارێک لەنزمی و نزیکی کۆپتەرەکان و دەنگی تەپەتەپی پەروانەکانی گوتبووی یاخوا یامەولوی پێغەمبەر بەخوا ئینزالی کرد (دابەزی), برادەران ئەو ڕستەیان کردبوو بەنوکتەو هەمیشە دەیانگووتەوە, یاخوا یامەولوی پێغەمەر بەخوا ئینزالی کرد.

چاوەڕوانی دەنگی سەربازیان کردبوو تاکو بەتەقە لە ژێرزەمینەکە دەرچن و پەلاماری دوژمن بدەن. ئەم هەموو سوڕانەوەی کۆپتەر و غاردانەی گوێدرێژ وەک شاشەی تەلەفیزیۆن لەپێشچاوم بوو. بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە و دەمگوت بەهۆی گوێدرێژەکەوە شوێنەکەمان ئاشکرا دەبێ.. هەر ئێستا لەبرادەران دەدرێت و شەهید دەبن. من بەهۆی دووری و ئەم چاڵەی تیایدام دەرباز دەبم دواتر چۆن ئەم ڕووداوە بۆ هاوڕێ پارتیزانەکانم وخەڵک و مێژوو باس بکەم کێ باوەڕ بەم ڕاستییانە دەهێنێ کە لەشێوەی چیرۆکە؟

بۆیە بەردەوام لەگەڵ بیرکردنەوەکانمدا.. دەمگوت.. لەم کەنە بەرز و هەڵدێرەوە خۆم فڕێ دەدەمە خوارەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەژیانی خۆم بێنم و ڕووبەڕووی ئەو شەرمەزارییە نەبمەوە، وتی کۆپتەرەکان هەر لێرە ڕۆییشتن ڕاستەوخۆ هاتنەسەر ئێوە بەپێش چاومەوە تەقەی لێتانکرد، لەدڵی خۆمدا وتم تازە تووشبوون و دەربازبوونیان نییە. بەڵام پاش بیست وپێنج خولەکێک لەڕۆییشتنی کۆپتەرەکان دەنگی تەقە و بەرگری نەبوو دڵم خۆشبوو پێم وابوو لەکوێرانە تەقەی کردووە.

برنجە سورەیەکیان بۆ کردین لەیادمە زۆر ڕەقبوو، لەبەر برسێتی خۆشترین خواردن بوو لامان. پاش نانخواردن و هەندێ حەسانەوە لەبەر زۆری و بەربڵاوی هێزی دوژمن لەناوچەکەدا پاش وتووێژ و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە کاک عوسمان بڕیاری دا سبەی بۆ خۆڵادان و پاراستنی گیانی خۆمان لەپشکنینی هێزی دوژمن، هەموو پێکەوە بچین بۆ نزیکترین شوێن لەقەزای کفری و دوژمن لەپشتی ڕەبییەکانی (باوە شاسوار و دەربەندتاڵە) کەبەچەند سەد مەترێک دەڕوانێت بەسەر قەزای کفریدا لە دووری کیلۆمەترێک خۆمان

حەشار بدەین. پێمان وابوو دوژمن گومان ناکات شوێنی وا نزیکی خۆی جێگای حەشاردانی پێشمەرگە بێت. نزیکەی کاتژمێر یازدەی شەو بەرێکەوتین زۆرمان نەمابوو لەشوێنی دیاریکراو نزیک بینەوە لەپڕ گوللە هاوەنێکی ڕووناککەرەوە هەڵدرایە ئاسمانی شوێنی دیاریکراو. لە شوێنی خۆمان وەستاین گومانمان لادروست بوو.. ئەو شوێنە دوژمنی لێبێت یان لەژێر چاودێریدا بێت. پاش ڕاوێژێکی زۆر کاک عوسمان بڕیاریدا ببین بەسێ بەشەوە لەبەر چەند هۆیەک.

یەکەم: ئەگەر توشی شەڕ بووین.. هەموو تیا نەچین و کۆتایی بەپارتیزانی و پێشمەرگە لەسنورەکەدا نەیەت.

دووەم: چەند ژمارەی دەستەکان کەم بێت باشتر دەتوانی خۆت لەزۆر شوێندا حەشار بدەیت.

سێیەم: لەکاتی نزیکبوونەوەی دوژمن بەژمارەی کەمەوە ئەگەری توانای شوێن گۆڕین زیاترە.

دەستەی یەکەم:

١-کاک عوسمان حاجی محمود.

٢-شەهید عەلی فەقێ مستەفایی.

٣-شکور قەرەبلاغی.

٤-عەلی ئۆمەربلی.

٦-حەسەن ئۆمەربلی.

٧-بورهان زەرداوی.

٨-حەمەرەشید.

بۆ (تەنگی شەرەف) شیوێکی ئاودڕی بەرزە.. بەپانی مەترێک و بەرزی پێنج مەتر زیاتر دەکەوێتە سەرچەمی گوندی (شەرەف وگۆبان عەرەب) ەوە نزیکەی دوو کیلۆمەتر و نیو لەجادە ی گشتی قەزای کفری و ناحیەی سەرقەڵاوە دوورە، دەستەی دووەم:

١-شەهید کاک ئەحمەد.

٢-شەهید مامە قالە.

٣-شەهید کامەرانە ڕەش.

٤-کاک مەلاسەعید.

٥-جەماڵ مەلا هۆمەری.

بۆ نزیک دەربەند تاڵەی نزیک کفری.

دەستەی سێیەم:

١-عوسمان تلیشانی.

٢-صەباح شێخ حەمیدی.
٣-جەمال شێخ حەمیدی.
٤-شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت.
٥-عوسمان مەلاجەمیل.

بۆ خوارووی جادەی کفری کەلار بۆ هەردەی گوندەکانی (کاکول وسەید حوسێن). کاتژمێر چواری بەیانی گەیشتینە تەنگی شەرەف. بەیانی لەگەڵ دونیا ڕوناکبوونەوەدا تەماشای هەردوو گوندی (بەکرە شەل وفەتاح هۆمەر) مان کرد جمەی دەهات لەهێزی دوژمن لەجاش و سەرباز، لەگەڵ هەتاو کەوتندا بەدوو ئاڕاستە.. دوژمن دەستی بەجوڵەکرد.

ئاڕاستەی یەکەم: بەرەو ڕۆژئاوا.. بۆ هەردەی نێوان گوندی ئۆمەربل و گۆبان عەرەب.

ئاڕاستەی دووەم: بەرەو باشور وئاراستەی ئێمە.. بەچەمی گوندی فەتاح هۆمەر و بەکرە شەلدا بۆ گوندی شەرەف. جوڵەی دوژمنمان بینی بۆ ئاراستەی ئێمە کە نێوانمان لە دوو کیلۆمەتر تێنەدەپەڕی.. کەوتینە ڕاوێژکردن و پێمان وابوو لەچەند خولەکێکی تردا دوژمن دەگاتە سەرمان بۆ هەرلایەک دەچیت هەموو دوژمنە.

مێژوو دەگێڕێتەوە کاتێک سوپای ئیسلام هێرشی کردە سەر وڵاتی(ئسپانیا)بە فەرماندەیی (تارقی کوڕی زیاد) لەهەرێمی (سەبتە) وە لە ئاوی (دەریای ناوەڕست) بەدووری(١٤)کم بەکەشتی پەڕییەوە، فەرمانی دا هەموو کەشتییەکان بسوتێنن، بۆ ئەوەی کەس بیر لە گەڕانەوە و شکان نەکاتەوە، تەنها بیر لە سەرکەوتن بکاتەوە. بەسوپاکەی دەڵێت (پێشتان دوژمنە و پشتتان دەریایە..پێویستە شەڕ بکەن بۆ سەرکەوتن).پاش ئەو ڕووداوە مێژووییە و پەڕینەوەی خۆی و سوپاکەی.. ئەو شوێنە بە(نۆکەندی تارق) ناسراوە، ئەو وتەیە بوو بەپەندێکی عەرەبی دەڵێن (پێشت دوژمن وپشتت دەریایە)، کەواتە بۆ هەر لایەک بچیت مردنە، دەبێت بیر لەسەرکەوتن یان مردن بکەیتەوە. ئەو دۆخەی ئێمەش شەڕ بوو بۆ سەرکەوتن  یان قوربانی دان. کاک عوسمان وتی برادەران ئێمە ئەگەر توشی شەڕ ببین.. ئەگەری دەرباز بوونمان زۆر لاوازە، ڕەنگە ئەمڕۆ هەموو مان شەهید بین، بۆیە دەبێت  بڕیاری  دەرباز بوون  یان مردنێکی شەرەفمەندانە بدەین.

# هەڵبژاردنی مردنێکی شەرەفمەندانە

ڕۆژی **١٩٨٩/١/٢٢**پێش  سەر دەرهێنانی هەتاو لەکەل، دوژمن وەک گەلە سەگ لە کون دەرچوون و جوڵە دەستی پێکرد. هێزێکی زۆری دوژمن کە پێکهاتبوو لە هەزران سەرباز و جاشی خۆفرۆشی کەواسووری بەرلەشکری داگیرکەر و ئەنفال، لە گوندەکانی فەتاح هۆمەر و بەکرەشەلەوە، ڕوویانکردە ئێمە و بەناو چەمەکەدا بەرەو گوندی  شەرەف.. هاتن کە لەئێمەوە زۆر نزیکبوون. ئاگریان بەردایە چەمەکە و ئەو ناوەی پڕکرد لە دوکەڵ  و دەنگی تەقە بێدەنگی  سنورەکەی شکاند، باڵندە تەزیوەکانی سەرمای شەویان هەڵفڕاند و گورگ و چەقەڵ و ڕێوییە ڕاوچییە ماندووەکانی شەو لەبێشە وەدەرنران. لەگەڵ جوڵە و پشکنینی بست بەبستی ناو چەم و کێوماڵکردنی بن زەل بەزەل و دار بە دار و قامیش بە قامیش و ژاژ بە ژاژ و پێ بەپێی  سنورەکەی دەگرتەوە.. تا دەهات لە ئێمە نزیک دەبوونەوە. چوار هەلیکۆپتەر هاتنە سەر سنورەکە و چەندجارێک لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەناو چەمەکەدا دەهاتن و دەچوون. کەوتینە وتووێژکردن..بۆ ئەوەی هەر چۆنێک بێت خۆمان لەم شەپۆلی ئاگرەی دوژمن لابدەین کەزۆر ئاستەم بوو. چۆن لەیەکدانەوەمان بۆ دەکرد، نەماندەتوانی لەم شوێنە دەربچین و بە لایەکی دیکەدا بڕۆین. چونکە باکورمان هێزی بێشوماری دوژمن بوو.. بەرە و ئاڕاستەی ئێمە دەهاتن و دەمانویست لێیان هەڵبێین. ڕۆژهەلاتمان بەدوو کیلۆ مەتر جادەی گشتی قەزاکانی کفری –کەلار بوو، بەدرێژای جادەکە هەرگردێکی بەرز ڕەبییەیەکی سەرباز یان جاشی لەسەربوو، لەشیوەکە سەرمان دەربهێنایە بەو ئاڕاستە دەبینراین. ڕۆژئاوامان  گوندەکانی گۆبان عەرەب و ئۆمەر بل بوو هێزی دوژمنی تێدابوو لەهەردەکانی دەوروبەری بلاوبووبوونەوە.. هەموو شیو و گردێک گەلە جاشێک گەلە سەربازێکی لەسەربوو، کێوماڵیی وردیان دەکرد. تەنها ئاراستەیەک کەمێک  دەرفەتی جولەی هەبوو باشورمان بوو کەقەزای کفری پێنج تا شەش کیلۆمەترێک لێمانەوە دوور بوو، بەلام لەشیوەکە سەرت دەربهێنایە ڕەبییەی زنجیرە بەرزاییەکانی باوەشاسوار و دەربەندتالەبوو کە دەکەونە باکوری کفرییەوە لەگەلا ملەی ناساڵەح وەک مانگ و ئەستێرە و خۆر بەسەر سەر سەرمانەوە بوون، کۆپتەرەکان کەمێ دوورکەوتنەوە کاک عوسمان وتی: برادەران خۆتان دەبینن هێزێکی زۆری دوژمن بۆ ئێرە دێن و هێشتا کاتژمێر نەگەییشتۆتە، حەوت لەم شوێنە و لەم کاتەدا توشی شەڕ ببین بەنۆ پێشمەرگە و لەبەرامبەر ئەم سوپا گەورە و ئەم هەموو هەلیکۆپتەرە بەری ئاسمانیان گرتووە، ئەگەری دەرباز بوونمان زۆر کەمە، ڕەنگە هەموومان شەهیدبین، من دڵنیام لەقارەمانی ئێوە چ دەرسێک بەدوژمن دادەدەن، بەلام

جگە لەو سەرباز و جاشانە نەبێت کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، کەس نازانێ  چۆن جوامێرانە و خۆنەویستانە ڕووبەڕووی چی دوژمنێکی سەرسەخت بووینەتەوە.. چ بەرگری و فیداکاریتان کردووە. بۆیە یەک یەک بە گاگۆڵکە لەشیوەکەوە بەو هەورازەدا سەرکەون بەرە و باشور وئاراستەی کفری بەڕێبکەون تا دەگەنە  نزیکی شار. ئەگەر دوژمن نەمانی بینی، ئەوە دەرباز دەبین و لەبن دەستیدا خۆمان حەشار دەدەین، ئەگەریش بینیمانی.. دوامان کەوتن ناوەستین تا دەگەینە قەراغی شار توانیمان شەڕ دەبەینە نزیکی شار دەبێ بۆ دوژمن و گەلەکەمانی بسەلمێنین پێشمەرگە کێیە و چۆن بەڵێنی "کەم ژیان و کەڵ ژیان" بەسەردەبات، دەبێ بەرگری بکەین تا شەهید دەبین. لەهەردوو حاڵەتەکەدا لەنزیکی شار یان قەراغی شار خەڵکی کفری و کوردستان شاهیدی قارەمانی و جوامێری و فیداکاریمان دەبن.

بەپێش چاوی هێزەکەی دوژمن و کۆپتەرەکانەوە بەو بەیانیە بەو هەردەو دەشت و بانەدا لە هەندێ جێگا بەگاگۆڵکە.. لەهەندێ جێگا بەکوڕە کوڕ و لە هەندێ جێگایتر بەڕاکردن بەرە و نزیکی کفری ملمان نا. سەربازەکانی ڕەبییەی باوەشاسوار بەکۆمەڵ کردبوویانە سەر ڕەبییەکەدا و هەموو تەماشایان دەکرد، ئێمە ئێستاش نەمانزانی تەماشای ئێمەیان دەکرد یان شتی تر، یان ئێمە بە جاش تێگەییشتبوون کەتەماشایان دەکرد و بێدەنگ بوون. دواجار بە ئێستاشەوە پێمان وابوو بەهۆی ئەو هەموو هێزەی دوژمن و نزیکی ئێمە لەهێزەکە و کفرییەوە بەجاش تێگەییشتبوون. نەوەستاین تا کاتژمێر نۆ گەییشتینە دوو کیلۆمەتر نزیکتر لەکفرییەوە، ئەو شوێنەی ئێمە تێیدا گیرساینەوە هەمان شوێنی ڕێڕەوی پەنگ ئاوی بەنداوی باوەشاسواری ئێستای کفرییە، ئەو شوێنەی کە کۆنکریت کراوە بۆ ئەوەی ڕێرەوی ئاوەکە زەوییەکە نەدڕێ. لەو بن بەرد و قەدپاڵەدا.. دابەشبووین، چرکە بە چرکە چاوەڕوانی هاتنی دوژمن و شەڕی کۆتایی ژیان بووین. ئەو ڕۆژە بەدرێژایی ڕۆژ کۆپتەر بەئاسمانی ناوچەکەوە بوو.. دەهاتن و دەچوون، لەگەڵ هەر جارەی دەنگی کۆپتەردا دەمانگوت.. وا ئێستا دێنە سەرمان و کۆتاییمان پێدێت. تا کات درەنگ دەبوو بەرە و هەڵکشان دەچوو، ئێمە ئومێدمان بە ژیان زیاد دەبوو. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە تا ئێوارە چاوەڕوانی مەرگ بووین. ڕۆژ ئەوەندە درێژ و نەبڕاوە بوو، بەقەد یەک ساڵی ئێستا بوو. وەک "شەوی یەڵدا" کەجەژنێکە تایبەتە بەگەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و هند و ئاری نەتەوەکانی میزوپۆتامیا، ئەو شەوە کۆتا شەوی پایزە و درێژترین شەوی ساڵە کە ١٤ کاتژمێر گۆی زەوی لەو ناوچەیەدا تاریکی دایدەپۆشێ، لەو بۆنەیەدا خواردنی خۆش و چەرەسات.. دادەنرێت و بەشادی بەڕێی دەخرێ، بەهەمان شێوە لای زەردەشتییەکان بۆنە و شەوێکی دیاریکراو بووە،لای فارس بەتاریکترین و درێژترین شەو دەڵێن، لای کورد بەچلەی زستان کەدرێژترین شەوە دەڵێن، نازانم پێشینان بۆ ئەو ڕۆژ و شەوە درێژانەی بەهۆی ناخۆشی و نەهامەتییەوە

کۆتاییان نایەت ناوێکی گونجاویان بۆ دانەناوە یان بەبیریاندا نەهاتووەتەوە ناوێکی نارێک و شومی وەک خۆی بۆ دابرێژن. بۆ نزیکی ئێوارە هەستمان بەکشانەوەی دوژمن کرد بەرەو شارەکان بەهۆی نەمانی دەنگی کۆپتەر و زۆری دەنگی ئۆتۆمبێل. ئێوارە بەبرسێتی و ماندووبوونێکی زۆرەوە گەڕاینەوە بۆ حەشارگەی تەپکەکان نێوان گوندی گۆبان و ئۆمەربل بۆ سبەی ناوچەکە ئارامبوو، بە گومان بووین لەحەشارگەکانی (تەپکەکان وبرزوت و قەندیل)، پێمان وابوو دوژمن بەهەر ڕێگەیەک بووبێ زانیاری لەسەر شوێنەکانمان هەبووە، بۆیە ویستمان ئەو شوێنانە بەجێبهێڵین. پاش چاودێری و وردبوونەوە بۆمان دەرکەوت بەهۆی چالاکییەکەوە بەڕێککەوت دوژمن لەرهەسێ حەشارگەکە لە یەک ڕۆژ و کاتدا هاتوونەتە سەرمان. هۆکارێکی تریش ئەوەبوو لەنزیکی حەشارگەکانمان، چەند خانوویەک مابوون نەسوتێنرابوون.. هی خەڵکی گوندەکانی گۆبان وئۆمەربل بوون، لەپێش شاڵاوەکانی ئەنفال بە هۆی تۆپبارانی دوژمنەوە دروستیان کردبوو لەدەرەوەی گوندەکان بۆ ئەوەی بە ئاسودەیی تیایدا بژین.

لەهەمان کات و ڕۆژدا لەهەردوو ئەوخانوانەی کەنزیکبوون لێمانەوە، کۆپتەر نیشتبوونەوە و سەربازیان داگرتبوو بۆ سوتاندنیان. پاشتر سەردانی هەردوو حەشارگەکەمان کرد.. دوژمن نەچووبووە سەری، بەڵام هەردوو گوێدرێژەکەمان نزیکەی کیلۆمەترێک لەحەشارگەی قەندیلەوە دوور بوو کۆپتەر کوشتبوونی.

ڕۆژی **١/٣٠** لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە هەواڵی چالاکییەکی پێشمەرگانە لەناو پارێزگای (هەولێر) دا بڵاوکرایەوە، لەدژی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی(حیزبی بەعس) کە سەرکەوتوانە و بێزیان ئەنجامدرا بوو.

ڕۆژی **٢/٤** دوژمن لەهەموو لایەکەوە کێوماڵکردنی گشتی بوو.. هەموو ناوچەی گەرمیانی گرتەوە، زۆر بەوردی هەموو دۆڵ و شیو و گرد و بانێکی گرتەوە.

ڕۆژی **٢/٦** دوژمن هێزێکی سەربازی لەگەڵ تیمێکی کرێن و ئالیاتدا دەستیانکرد بەهەڵکەندنی ستونی کارەبای گوندەکانی (فەتاح هۆمەر و بەکرەشەل و ئۆمەربل وتوکن و عەزیز قادر و بنەکە).

## گرتنی شەهید سەعید

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال.. کەهەموو سەرچاوەکانی ژیان سڕابوونەوە، دەبوو بۆ درێژەدان بەو خەباتە سەخت و دژوارە، هەوڵی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەت بدایە، بۆ ئەو مەبەستە لەچەند هەفتەی پاش شاڵاوی ئەنفال کاک عوسمان کەوتە هەوڵدان بۆ پەیوەندی کردن بە دەیان خزم و دۆست و پێشمەرگەی دێرین و خەڵکی باوەڕپێکراو.. جگەلە

هەوڵدان بە پەیوەندیکردن بە(کۆڕەک) لەناو شاردا، لەو چوارچێوەیەدا پەیوەندی بەچەندین خزمی تێکۆشەرییەوە کردبوو، سەعید وەلی ڕەشید ئامۆزای و جەبار مەحەمەد ڕەسولی دۆستی.. دوو پیاوی تێکۆشەر و جوامێربوون، لەڕێگای کاک عوسمانەوە هاوکاری دەستەکەی ئێمەیان دەکرد، بەداخەوە لەڕۆژی **١٩٨٩/٢/٩** لەناو کۆمەڵگای زۆرە ملێی (صمود) ڕزگاری لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی بەعسەوە دەگیرێن، بەشێوەیەکی دڕندانە و دوور لە هەموو بەها یاسایی و مرۆڤایەتییەکان.. بەشێوەیەکی نادیار شەهید دەکرێن و تەرمەکانیشیان نادرێتەوە بە خانەوادەکەیان. ئەم هەواڵە بۆ یەکەمجار چەند ڕۆژێک پاش گرتنەکەیان لەڕێگای بیتەلەوە یەکێک لەدەستە پارتیزانەکان پێیراگەیاندین.

# پلانی گرتنی ڕە بیەی قورپچای

پاش ئەوەی کاک عوسمانی حاجی مەحمود و کاک کاک عوسمان تلیشانی، دوو شەو چووبوون لە ژمارە وچۆنیەتی پاسەوانی رەبییەی سەر پردی قورپچاییان کۆڵی بۆوە، بڕیارماندا ڕۆژی **١٩٨٩/٢/١٠** بچین ڕەبییەکە بگرین، ئێمە کەرتی شەشی تیپی**٥١** گەرمیان.. پێشتر دووجار ئەو رەبییەمان گرتبوو. باش شارەزای ڕێگا و خاڵە لاوازەکانی بووین، جاری یەکەم لە هاوینی**١٩٨٧** و جاری دووەم لە مانگی **١٩٨٨/١** گرتبوومان، ئێمە پێکهاتبووین لەم پێشمەرگانە: (شەهید کاک ئەحمەد و شەهید کامەرانە ڕەش و شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت و شەهید عەلی فەقێ مستەفایی و شەهید مامە قالە و شەهید مەجید و شەهید کاکەو کاک عوسمان حاجی مەحمود و عوسمان تلیشانی و سەباح و حەسەن و عوسمان مەلاجەمیل و مەلاسەعید و غایب و جەمال شێخ حەمیدی و جەمال مەلائۆمەری و عەلی نوری و بورهان زەرداوی و مەریوان و عەلی غایب و مەلارەحیم و حەمەرەشید). شەوێکی زۆر تاریک و ئەنگوستەچاو بوو، ئەو شەوە بوو ئەڵێن ئەمشەو شەوی کوڕێلە، هەور و هەڵاو باراناوی بوو، بڕیار وابوو لەگەڵ لێدانی دوو گوللە ئاربیجی و دەسترێژی بیکەیسی.. ئێمە بەدەسترێژ و قومبەلە فڕێدانەوە خۆمان بکەین بەناو رەبییەکەدا.چەند مەترێک لەدەرگای رەبییەکە نزیکبووینەوە بینیمان سێ پاسەوانیان هەبوو.. جگە لەئەوەی دەنگێکی زۆر دەهات لەناو ڕەبییەکەدا.پێمان وابوو ئاگادارین، زۆر چاوەڕوان بووین دۆخەکە وەک خۆی بوو بۆیە کاک عوسمان بڕیاریدا لێی نەدەین و کشاینەوە.

# سەردان و بەسەرکردنەوە

چەندینجار پێشمەرگەی دەستەکانی دیکە وەک دەستەکانی کاک شێخ کەریم و شەهید سەید جەوهەر و شەهید سەید محەمەد و شەهید مەلا ئەحمەد و شەهید حەمە ڕەش، سەردانیان دەکردین، ئێمەش هەروەها سەردانی دەستەکانی دیکەمان دەکرد. شەوان و ڕۆژانی ئەو سەردانە بەوتەی خۆش ونوکتە وپەند و بەسەرهات وپێکەنین بەڕێمان دەکرد. لەمانگی **١٩٨٩/١** چەند ڕۆژێکی کەم پێش ڕوودانی ڕوخانی ئەشکەوتی داری خلە، من و شەهید کامەران سەردانی برادەرانی شەهیدان مەلا ئەحمەد و سەید محەمەدمان کرد لە ئەشکەوتی (داری خلە لەزیک گوندی (زاوت)، دوو شەو لایان ماینەوە، ئەم پێشمەرگانە لەوێ بوون: شەهیدان (مەلا ئەحمەد و سەید محەمەد و مام حەمید و دارا و حەیدەر و پۆلا و ڕەحیم و سەلام) و تەها غەریب برای کاک ئازاد بریندار‌بوو، لەکاتی گەڕانەوەمان بەشەهید مەلا ئەحمەدم وت.. ئەم گوێدرێژەمان هەیە بەکەڵکی ئێمە نایەت بەهۆی ئەوەی نێرە و زۆر دەزەڕێنی.. ئێمە شوێنەکانمان لەدوژمنەوە زۆر نزیکە، دەترسین شوێنەکانمان ئاشکرا بکات، بەهۆی دەستەی بچوکی سیخوڕەوە، دەمانەوێ بەرەڵای بکەین، ئەگەر دەتانەوێ بۆ خۆتان گلی بدەنەوە، وتی: وەڵا سوپاستان دەکەین زۆر پێویستمان پێی هەیە.. کەی ڕۆییشتن لەخواری حەشارگەکەوە بیبەستنەوە. کاتژمێر یازدەو نیو پاش نان خواردن ماڵئاواییمان لێکردن و گوێدرێژەکەمان بەستەوە و بەڕێکەوتین، بۆ پاش تاریکبوون گەییشتینە گوندی (تەپەسەوز)ی نزیک ناحیەی (سەرقەلا). نیو کاتژمێر بەپەلە نان و چایەکمان خوارد و بەڕێکەوتین، کاتژمێر دووی پاش نیوە شەو دوای چواردە کاتژمێر ڕێکردن گەییشتینە حەشارگەی (برزوت) لەنێوان گوندی (بەلەگەو ئۆمەربل). سبەی کاتژمێر پێنج هەستاین دەبینین گوێدرێژەکە کەلای شەهید مەلا ئەحمەد بەجێمان هێشتبوو لەسەر حەشارگەکە وەستاوە.

## بەڕێکردنی کاتەکانی دەست پەرژین

ژیانمان بەزۆری لەجوڵەدا بوو، لەچوون بۆ سەر کاتی پەیوەندی بە ڕێکخراوی ناوشار و دابینکردنی پێداویستی و خواردن و جلوبەرگ و دابینکردنی سوتەمەنی لەدار و نەوت و هێنانی ئاوی خواردن لەو کاتانەی لەشوێنی بێ ئاو و دوورە دەست دەبووین. دروستکردنی حەشارگە بۆ خۆمان و گوێدرێژەکانمان.. چاڵکردن بۆ شاردنەوەی بەرمیلی چینکۆ و پلاستیک بۆ هەڵگرتنی خواردن تیایدا بۆ ئەوەی لەخواردنی ئاژەڵ و خراپبوون و لەدەستی دوژمن بیپارێزین، چاودێریکردنی دوژمن و گۆڕینی حەشارگە و خۆلادان لەکێوماڵی گشتگیر

و سیخوڕ و دەستەی بچوک و سڕینەوەی ئاسەوار و شوێنپێی خۆمان و گوێدرێژەکانمان...هتد.

ئەو کاتانەی کارێکی گرنگ و دیاریکراومان نەبووایە، هەندێجار بەسەردانی دەستەکانی دیکە بەڕێمان دەکرد. ئەو کاتانەی بەزۆری لە حەشارگەکانمان دەماینەوە بەخوێندنەوەی پەرتوکی چیرۆک و ڕۆمان و شیعر و مێژوو و گۆڤار و هەندێجار بەرۆژنامە،هەندێ جار بەیاری کاغەزو کۆنکان بەسەرمان دەبرد. زۆرجاریش بە گوێگرتن لەڕادیۆ و هەواڵی ناوخۆ و ولاتان.

دوو بەرنامەی ڕادیۆی کوردی بەغداد هەبوون، یەکێکیان لەساڵی (**١٩٨٨**)ەوە دەستی پێکرد تا کۆتایی ساڵی(**١٩٨٩**) بەردەوام بوو ناوی (ڕەحم بەخائینان ناکەین)بوو. ئەم بەرنامەیە ڕۆژانە لەسەر شۆڕشی کوردستان دەدوا.. هەزاران وتەی ناشیرین و نەشیاوی دەخستە پاڵی. بەردەوام هەڕەشەی دەکرد و ڕۆژانە دووبارەی دەکردەوە. بەرنامەیەکی دیکە هەبوو (لەگەڵا گوهدارا)، جەمال بەرواری لەڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنیەوە پێشکەشی دەکرد کە هەمووی وتەی گاڵتەئامێز و بازاڕی بوو. بۆ نمونە ڕۆژێک کچێک پەیوەندی دەکرد(جەمال بەرواری) وتی:

-دایکت لەکوێیە؟

- لەحەمامە.

-لەحەمام چیدەکا، حەمام خۆشە؟

جارێکی تر لەکاتی پەیوەندی کچێکدا، وتی:

-دایکت لەکوێیە؟

-دایکم چووە بۆ سلێمانی، سەرێکی کەرکوکە و سەرێکی سلێمانییە.

-بەقوربانی چەمچەماڵ بم.

ڕۆژانە ئەو وتانە و سەدان وشەی بازاڕیانەی سوک، لەم شێوەیە دووبارە دەبوونەوە، (شەهید کاکە توکنی) زۆر ئارەزووی لێبوو زۆرپێی پێدەکەنی.

دەیگوت:گوێبگرن چەند زۆڵە، ڕۆژانە بەو کچ و ژنانە ڕادەبوێرێ.. پەیوەندی پێوە دەکەن.

شتێکی زۆر گرنگ هەبوو کەجێگای شانازی و هەڵوێستە لەسەرکردن بوو، ئەو ماوە زۆرەی پێکەوە بووین شەڕ، یان دڵئێشانی یەکترمان نەبوو.

کاک (عوسمانی حاجی مەحمود) وتی:کاتێک لەمانگی **١٩٨٩/١٠** گەڕاینەوە بۆ بارەگاکانی سنور و سەردانی کاک (نەوشێروان مستەفا)م کرد پێی وتم عوسمان.. ئەو ماوە زۆرەی بەبێ کەس و مامەڵەی خەڵکی دیکە پێکەوەبوون شەڕتان نەدەکرد؟

# کارەساتی  ئەشکەوتی داری خلە

ڕۆژی **١٩٨٩/٢/١٩**کاتژمێر پێنجی ئێوارە شەهید سەید محەمەد و حەمە سۆران بە مەبەستی پەیوەندیکردنی بێتەل بەدەستە و مەفرەزەکانی دیکەوە، سێ سەد مەترێک دەچنە گرد و بەرزاییەکانی باکوری ئەشکەوتەکە.. دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی گوندی(زاوت)ەوە. (ئەشکەوتی داری خلە) بەسروشتی ئەشکەوت نەبوو، پێکهاتەی گڵەکەی ناوەوەی ئەشکەوتەکە گڵێکی سوری پتەو بوو.. لەسنوری ئێمە بەو جۆرە گڵە دەڵێن(بەکرە)، کە نەتاوێرە و نەگڵێکی ئاساییە.. بەئاسانی بڕوشێت یان هەڵبکەندرێت، سەرەوەی ئەشکەوتەکە تا سەر گردەکەی سەرەوە تێکەڵەیەکی بەرد و گڵی پتەو بوو، ئەشکەوتەکە بەهۆی لێژی و تەنگی شیوەکە و خێرایی وپێچی ئاوی باراناوەوە بەپێی تێپەڕبوونی کات بەدرێژی و پانی(**٥** بە**١٠**)مەتر ئاو.. دڕی بووی، پێشی ئەشکەوتەکە دیوار کرابوو لە دوو لاوە دەرگای بۆ کرابۆوە.. لەشێوەی ژوورێکی باش بوو. هەڵکەوتەی شوێنەکەی کەوتۆتە نێوان گوندی(زاوت)و(داری خلە)وە. پاش پەیوەندییەکەیان دەگەڕێنەوە دەبینن ئەشکەوتەکە ڕووخاوە و لەسەرەوەی بەبەرزی سی مەتر بەرد و گڵ هاتووەتە خوارەوە و شیوەکە پڕبووەتەوە، زیاتر لەهەزاران تەن بەرد و گڵ کەوتووە بەسەر هاوڕێکانیاندا.

بەو دیمەنە دەتاسێن و چەن هاوار دەکەن برادەران، هاوڕێیان، پێشمەرگە، هاوڕێیان، هۆ، کاک مەلا، کاک سەلام، کاک پۆلا، مام حاجی، کاک ڕەحیم، کاک دارا، کاک حەیدەر، بەلام هیچ دەنگێک هیچ وەلامێک نابێت. پاش چاوەڕوانییەکی زۆر.. بەبێ ئومێدی شوێنەکە بەجێدەهێڵن و دەچن بۆ لای چەند هاوڕێیەکی دیکەیان کە شەهید ئەحمەد زەرداوی و موکەڕەم ڕەشید و مامۆستا حوسێن و نەوزاد کەریم فارس بوون، کاتژمێر پێنجی ئێوارەی ڕۆژی **٢/٢٠** لەڕێگای پەیوەندی بێتەلەوە شەهید سەید محەمەد هەموو دەستەکانی ئاگادارکردەوە لەڕووداوەکە. ئێمە لە حەشارگەی (قەندیل) بووین لە(مازوخ) نێوان گوندی (ئۆمەربل و بەلەگەی گەورە) سەربە ناحیەی سەرقەلا. بۆ ئەشکەوتی داری خلە نزیکەی نەوەد کیلۆ مەتر دوورە، چواردە کاتژمێر ڕێگایە بەپێ. هەر لەو کاتەدا کاک عوسمان و شکور قەرەبلاغی و عەلی غایب بەرە و شوێنەکە بەڕێکەوتن، بۆ سبەی کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ گەییشتبوونە شوێنی ڕووداوەکە.. لەگەڵ شەهید حەمەڕەش و کاک شێخ کەریم و شەهید سەید جەوهەر دا. چوونی برادەران تەنها بۆ دڵنیابوون و هاوخەمی ئەو برادەرانە بوو، ئەگینا هیچ شتێک نەدەکرا و نەدەگۆڕا.

ئەو شەهیدانە لە**١٩٩١/١٠/٣١**پاش چەندین ڕۆژگارکردن بەچەندین شۆفڵ و حەفارە و گلاّبە لەژێر گڵ و بەرد دەرهێنران**.** لە**١٩٩١/١١/١** لە گۆڕستانی(کەلار)ی کۆن بەمەراسیمێکی شایستە بەخاک سپێردران**.** ناوی شەهیدەکان:

**١-**شەهید ئەحمەد محەمەد حەمەئەمین (مەلا ئەحمەد کەلاری)، جێگری فەرماندەی تیپی **٥٥**ی قەرەداغ بوو**.** لەپاش ئەنفال خۆی و دەستەکەی لەگەرمیان مانەوە**.**

**٢-**شەهید دارا قادر سەمین عەزیز(دارا نارێنی)**.**

**٣-**شەهید ڕەحیم ڕەشید ئەحمەد(ڕەحیم برای شەهید حەسەن ئای ئای)**.**

**٤-**شەهید سەلام محەمەد حوسێن ساڵح(سەلام نارێنی)**.**

**٥-**شەهید حەیدەر حەمید سەلیم (حەیدەر شۆراوەیی)**.**

**٦-**شەهید نوری قادر خورشید(پۆلاّ نارێنی)**.**

**٧-**شەهید حەمید قادر(حاجی حەمید)**.**

# عەلی غایب وداهێنان

عەلی حەمید ڕەشید (عەلی غایب) لەساڵی**١٩٨٧** لەکەرتی شەشی تیپی**٥١**ی گەرمیان پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە دەکات، لەگەڵ دروستکردنی شت و چاککردنی ئامێردا**..** پیاوێکی وردکار و ژیر و پشوو درێژ بوو**..** بەلاّم تورە و پشوو کورت لەکارێک ئەگەر بەدڵی ئەو نەبێت، یان دەستکاری کەرەستە و پێداویستیەکانیت بکردایە، لەپاش ئەنفالەوە ماتۆڕێکی لێخوڕینی شاردبووەوە لەگەرمیان تا مانگی**١٩٨٨/٧** بۆ هەندێ کاری تایبەت و شوێنی گرنگ بەکاریدەهێنا، لەپاش ڕاپەڕین هێنایەوە بۆ ناوشار، چەند کەلەیەکی مەکینەی دروومانی هێنابوو**..** لەحەشارگەکاندا دایبابوو بە هۆی سوڕدانی بەدەست بەرگی مەغزەنی حەفتاو پێنجی و کۆڵە پشت و بەرگە ڕادیۆ و قومقومەی ئاوی، پێ دروست دەکرد**.**

لەکورتان و هەگبە دووریندا بۆ سەر گوێدرێژەکان بۆ گواستنەوەی پێداویستیەکان بەشێوەیەک دروستی دەکرد**..** دەتگوت دەیان ساڵە گۆپان درووە، لەچاککردنی دووربین و ڕادیۆدا دەستێکی بالاّی هەبوو، کام دووربین تێکبچوایە بەدووربینی شەو و ڕۆژەوە کەخاوەنەکەی لێی بێ ئومێد دەبوو ئەو چاکی دەکردەوە**.** بێتەلێکی ڕاکاڵی گەورەمان هەبوو بۆ پەیوەندی کردن بەبارەگاکانی سەرکردایەتییەوە لەسەر سنور بەپاتری ئۆتۆمبێل کاریدەکرد، دەبوو هەموو مانگیک پاتریەکی دوازدە ڤۆڵتی شەست ئەمپێری لە ناو شارەوە بۆ بهێنین، یان هەموو مانگێک پاترییەکەمان بناردایەتەوە بۆ ناو شار تاکو شەحنی بکەن و

بۆمانی بهێننەوە کەئەرکێکی قورس بوو. (عەلی) ماتۆڕی بەنزینی ئاوی لەگەڵ دینەمۆی ئۆتۆمبێل پێکەوە بەست و(تەرهیم)کرد و پاتریەکەی پێ شەحن دەکردەوە، ڕزگاری کردین لەهێنان و بردنی پاتری کە تەنها بیست ڕۆژ کاری دەکرد. لەزستاندا لە حەشارگەی جێگیر دەماینەوە چۆلە و سۆپای نەوتمان بەکار دەهێنا.. بۆ چا و چێشت لێنان، دەستێکی کارای هەبوو لەچاککردنەوەیان. لەمانگی ١٩٨٩/١ پاش ئەوەی هەوڵێکی زۆریدا لەگەڵ چۆلە نەوتییەکەدا.. بۆ چاککردنی کە ئاگرەکەی سور و خراپ بوو دووکەڵی دەکرد، چەند جارێک کردیەوە و بەستی ئاگرەکەی شین نەدەبوو. پاش ماندووبوونێکی زۆر بەڵام بێ سود بوو لەدواییدا بەلەقەوە چووە سەری شکاندی وپانی کردەوە. دواتر توڕەمان دەکردو دەمانگوت تۆ چۆلەیەکت پێ چاک نەکرایەوە لەچی دەزانیت و چیت پێ چاک دەکرێ؟

## تەسلیم بوونەوەی (شکور ئیسماعیل)

شکور ئیسماعیل عەلی حوسێن کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندی بەڵێندەری بیناسازی قەزای (کفری)بوو، جگە لە(شکور) و (ئیبرایم عەلی) مامی.. خێزانەکەیان دووربوون لەشۆڕشەوە. زۆرجار دژی (شکور)بوون لە هەڵبژاردنی خەباتی پێشمەرگایەتی وپارتیزانی. لەمانگی ١٩٨٨/٩ لەکاتی لێبوردنە گشتییەکەدا باوکی هات بۆ لامان زۆر هەوڵیدا شکور ڕازی بکات بچێتەوە خۆی ڕادەستی ڕژێم بکات، بەڵام شکور وتی: دەبێ مان و مردنم لەگەڵ ئەم هاوڕێ پێشمەرگانەم بێت، وەک پێشتر چەندجارێک باسی سەختی و دژواری ئەو ڕۆژگارەمان بە دوورودرێژی کردووە، کەم مرۆڤ ئەو توانا جەستەیی و دەروونی و دان بەخۆداگرتنەی هەبێت و خۆڕاگربێت.. لە بەرامبەر ئەو هەموو ترس و هەڵهاتن و فڕاندن و بێ ئاوی و خواردن و سەرما و گەرمایەدا. لەساڵێکدا مرۆڤێکت نەدەبینی ئەوەشی دەتبینی، جاش و سەرباز و سیخوڕ بوو بۆ مەرگ و کۆتایی هاتنی ژیانت هاتبوو، بۆیە دەبوو لەجێگای بینین و پێشوازی لەمرۆڤ، لێی هەڵبێیت.

شکور لە١٩٨٨/٣/١٦ لەکیمیابارانکردنی(هەڵەبجە)دا یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی کە لە١٩٨٨/٣/١٥ لەگرتنی قەزای(هەڵەبجە)دا بەشداری کردبوو، لەکاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا لەناوشاردا دەبن.. بە ڕێکەوتێکی مەترسیدار دەربازیان دەبێت، دووان لەهاوڕێکانی(سۆران غازی سالار) ناسراوە بە(حەمە سۆران مامۆستا غازی) و (میکایل کنگربانی) کە لە کەرتی ئێمە بوون.. غازێکی کوشندەیان بەرکەوتبوو، ئێستاش کۆئەندامی هەناسەدان و چاوەکانیان بەدەستی ئەو بەرکەوتنەوە دەناڵێنن. شوکر ئەو چەندجارەی لەماوەی پارتیزانی توشی مەترسی و هەڵهاتن دەبووین هەناسەی توند دەبوو.. بەئەستەم

هەناسەی پێدەدرا.. خەریکبوو بخنکێ. بۆیە ڕۆژێک بە(غایب حوسێن)ی وتبوو من توانای ئەم خەباتەم نەماوە چی دەڵێیت تەسلیم ببمەوە؟ (غایب)پاش ئەوەی هەندێ ئامۆژگاری کردبوو پێی وتبوو هەرگیز بیری لێنەکەیتەوە. چونکە ئەو کارە زۆر مەترسیدارە پێش هەموو کەس خۆت تیادەچیت. بەڵێنیدا بوو کە لەبیری خۆی بباتەوە، بەڵام (غایب) نابێ بەکەس بڵێیت، (غایب)یش هات بۆ منی باسکرد.. وتی: بەڵێنم پێداوە باسی نەکەم بەڵام لەبەر هەستیاری و مەترسی بابەتەکە پێم باش بوو پێتی بڵێم.. بزانم لەم بارەیەوە بۆچوونت چییە؟

سەرەتا خەیاڵم وابوو بەکاک(عوسمان) بڵێم.. دواتر وتم با قسەی لەگەڵ بکەم، ئەگەر بەڵێنی پێدام و دڵنیای کردمەوە.. کەتەسلیم نابێتەوە بە(کاک عوسمان) ناڵێم، لەبەرئەوەی ئەگەر برادەران بەم بیرکردنەوەیەی(شکور) بزانن، ئەوەندە سەردەخەنەسەری ئەگەر لەو بیرکردنەوەیەی پەشیمانیش بێتەوە..جارێکیتر بیری لێدەکاتەوە. قسەم لەگەڵ (شکور) کرد و زۆر نمونەم بۆ هێنایەوە و وشەوی ترسێنەرم بۆ باسکرد، پێم وت ئەوەی تۆ بیرت لێکردۆتەوە ڕزگاربوونت نییە، لەناخۆشی و نەهامەتی، بەپێچەوانەوە بە دەستی خۆت بەرەو پیری مەرگ دەچیت وپەتی سێدارە لەگەردنی خۆت دەکەیت، ئەوەی من ئاگاداربم برادەرانی سەرکردایەتی لەهەوڵدان ڕێگایەک دابین بکەن بۆ ئاڵوگۆڕی دەستە پارتیزانەکان، ڕەنگە ماوەیەکی کورتدا ئەو کارە سەربگرێت و بەسەر بەرزی بگەڕێینەوە بۆ سنوور وبحەسێیتەوە، بەڵێنی پێدام هەرگیز بیر لەهەڵەی واناکاتەوە.. ئاسودەبم وا بزانم شتی وا باس نەکراوە.

شەوی**٢-١٩٨٩/٣/٣** شەهید حەمەڕەش و کاک شێخ کەریم لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا.. بەمەبەستی چوون بۆ بینینی برادەرانی ڕێکخراوی ناوشار هاتبوون بۆ لامان.. سبەی لەگەڵ ڕووناکبوونەوەدا هەستام چووم بۆ سەر کانیاوەکەی خوار حەشارگەی (تەپەکەکان)، سەد مەترێک لە حەشارگەکەوە دووربوو،حەشارگەکەمان کەوتبووە نێوان گوندی (ئۆمەربل وگۆبان عەرەب) ەوە. چوارسەد مەترێک لەچەمی (ئۆمەربل کفری)یەوە دوور بوو. نزیکەی پێنج کیلۆمەتر لەقەزای (کفری) و لەجادەی قیری (کفری) و (سەرقەڵا)وە دووربوو، ئەوەندە نزیکبووین هەموو بانگدانێکی کاتی نوێژەکان زۆر بەئاسانی گوێبیستی دەنگی بانگ دەبووین. شەوان لەکاتی بانگی بەیانیدا دەتگوت بانگدەر تەنها بەئێمە دەڵێت (خێری نوێژ.. لەخەو زۆرترە- الصلاە خیر من النوم). لەکاتی نوێژی بەیانیدا بەیەکجار دەنگی دەیان بانگدەرمان دەبیست. (کاک مەلا سەعید) خەبەری دەبۆوە.. هەموو بەیانیەک دەیگوت ئەم سەگبابانە بەم بەیانییە ورگی خۆیان توند کردووە و کردوویانە بەغەڵبەغەڵب، ناهێڵن بخەوین. کاتێک بۆ سەر ئاوەکە دەچووم لەسەر ڕێگای ئاوەکە بەدووری چل مەترێک لە حەشارگەکەوە لەسەر بەردێک کاغەزێکی سپی چوار گۆشەم بینی، بەبینینی لەدڵی خۆمدا وتم بەو خوایە(شکور)تەسلیم بۆتەوە، ئەو نامەیەی بەجێهێشتووە.

کاغەزەکەم هەڵگرت و کردمەوە یەکەمجار تەماشای خواری نوسراوەکەم کرد نوسرابوو(شکور سمایل)، وتم بەخوا خۆیەتی دەستم کرد بەخوێندنەوەی نامەکە نوسرابوو: برای بەڕێزم کاک عوسمان خۆتان ئاگادارن تەندروستیم زۆر خراپە و توانای ئەو ژیانە سەختەم نەماوە.. بۆیە ناچاربووم بڕیاری تەسلیم بوونەوە بدەم، زۆر داوای لێبوردن دەکەم نەمتوانی ڕووبەڕوو پێتان بڵێم وماڵئاوایتان لێبکەم، زۆر داوای لێبوردن دەکەم، دڵنیاتان دەکەمەوە هیچ ترستان نەبێت بەڵێن بێت بشمکوژن بچوکترین زانیاری لەسەر شوێن و دەستە پارتیزانەکان بۆ دوژمن نادرکێنم. دڵنیابن و بەبێ ترس لەشوێنەکانی خۆتان بمێننەوە، نامەکەم هەڵگرت و گەڕامەوە، برادەران لەناو حەشارگەکەدا بوون هێشتا زۆربەیان لەژێر جێگەدابوون.. وتم: کاک عوسمان شکور ڕۆییشتووە تەسلیم بێتەوە بەدوژمن.. ئەم نامەیەی بەجێهێشتووە.

هەموو برادەران هەر کەس لای خۆیەوە دەستیانکرد بۆڵە بۆڵ و غەڵبەغەڵبمان تێکەوت، (شەهید حەمەڕەش و کاک شێخ کەریم) وتیان ئەگەر بوارمان هەیە و نابینرێین لێرە دەربچین بۆ شوێنێکی دیکە. باکات لەدەست نەدەین لێرە دوور بکەوینەوە، کاک عوسمان وتی: ئێرە ئەوەندە نزیکە لەقەزای (کفری) و جادەی گشتی (کفری سەرقەڵاوە) بە هەر لایەکدا بچین لەلایەن ڕەبییەکانی(باوە شاسوار) و(دەربەندتاڵە)ی سەر بەرزاییەکانی (کفری)یەوە دەبینرێین. ڕەنگە لێرە دەربچین و لەپڕ کۆپتەر بێتە سەرمان، بۆیە باشتر وایە لەشوێنی خۆمان بمێنینەوە، چاوەڕێی چارەنوسی نادیار بکەین.

ئەو ڕۆژەمان بە یەک ساڵ تێپەڕاند، هەرچ کاتێک ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بەهۆی نزیکی و دەنگەکەیەوە بە سەر جادە قیرەکەدا بڕۆیشتایە.. هەموو دەمانگوت: ئەوە هات، چەندجارێک دەنگی کۆپتەرمان دەبیست لەگەڵ هەر دەنگێکی ئۆتۆمبێل و کۆپتەر هەر دەنگێکی نامۆ دەمانگوت: ئەرێوەڵا شوکە هاوردی. تا ئێوارە پێڵاوەکانمان لەپێمانا بوو. نەچێشتمان کرد نەچایی، هەندێ نان و ئاومان خوارد هەموو چرکەیەک چاوەڕوانی هاتنی دوژمن بووین تا ئێوارە بۆ چرکەیەک تاخم و تفەنگەکانمان دانەنا. ئێوارە نان و چایەکمان خوارد و بار و بنەمان پێچایەوە و بە ڕێکەوتین، (کاک عوسمان و شەهید حەمەڕەش و کاک کەریم و کاک ئەحمەد) بۆ بینینی ڕێکخراوی ناوشار چوون، ئێمەش بۆ حەشارگەی (شەق شەریف)چووین، سبەی  قارچکێکی زۆرمان دۆزییەوە کەپڕیەک مەنجەڵی گەورەبوو سورمان کردەوە خواردنێکی زۆر بەتام بوو، بۆ شەو (شەهید حەمەڕەش) و هاوڕێکانی ڕۆییشتنەوە بۆ لای هاوڕێکانیان.. ئێمەش بەڕێکەوتین بەرەو هەردەی گوندی (دوڕواجی-شۆراو) نزیک قەزای(خورماتوو)، چونکە پێمانوابوو ئەگەر خۆشی نەیەوێ.. لەژێر فشار و ئەشکەنجەدا ناچاری دەکەن نهێنی زیان بەخش بدرکێنێت.

ڕۆژی **٤و١٩٨٩/٣/٥**دوژمن لەهەموو سنورەکانی گەرمیانەوە دەرچوو بوو.. کێوماڵێکی گشتگیری دەستپێکرد، ئەوەندەیتر ترس و گومانمان لاپەیدا بوو. بەڵام بۆ مێژوو دەڵێم

لەسەرەتاوە تا چوار مانگ لەڕێگای ڕێکخراوی شارەوە زانیاریان پێدەداین کە(شکور) چارەنوسی نادیارە و کەس شوێنی نازانێ، تا ئەو کاتە هیچ زانیارییەکی زیانبەخشی بەدوژمن نەدابوو. لە٣ /١٩٨٩/٣/ تەسلیم بۆوە گیرابوو لە١٩٨٩/٦/٤ ئازاد کرابوو.

پاش ڕاپەڕین لەخۆیم پرسی باسی چۆنیەتی ڕۆییشتن و تەسلیم بوونەوەی بۆ کردم وتی: ١٩٨٩ /٣/٣ کاتژمێر هەشتی بەیانی چوومە ڕەبییەی جاشەکان لە گردی(کونە کەمتێر)ی ڕێگای گوندی سەید جەژنی نێوان ناحیەی (سەرقەلا) و قەزای( کفری). لەوێوە بردمیانە سەرقەلا لەوێوە بۆ (هەواڵگری سەربازی) لەلیواکەی کەلار لەوێوە بۆ(هەواڵگری فرقەی(٢١) لەقەلای (حەوش کوڕوو) لەناحیەی (قۆرەتوو) لەوێوە بۆ(هەواڵگر فەیلەقی(٢) لە (مەنسووریە) لەوێوە بۆ (هۆبەی ٥ ی هەواڵگری گشتی) لە(کازمیەی بەغداد). بیست وپێنج ڕۆژ لە(هەواڵگری گشتی) ئەشکەنجەدرام سیازدەجار هەڵواسرام، هەموو جارێک جەختیان لەسەر ناوی تەواو و شوێن و کەسوکاری پێشمەرگە پارتیزانەکان دەکردەوە، زۆر جەختیان لەسەر ڕێکخستنەکانی ناو شار و سەرچاوەی خۆراک و هاوکاریان دەکردەوە، لەسەر ناوی پێشمەرگە هەندێ ناوی سەرەتایم دەدا، سەربارەت بە ڕێکخراوی شار و سەرچاوەی خۆراک و هاوکاری دەمگوت من(پێشمەرگە) بووم.. هیچ بەرپرسیارێتیەکم نەبوو تەنها بەرپرسەکان سەرچاوە و هاوکارەکانیان دەبینی. من نەچووم بۆ مەوعید و کەس ناناسم هیچ شوێنێکیش شارەزا نەبووم، لەبەرئەوەی خەڵکی شاربووم و تازەش لە سنورەوە گەڕابوومەوە بۆ گەرمیان. پاش بیست وپێنج ڕۆژ ئەشکەنجە هێنامیانەوە بۆ لیواکەی کەلار دواتر بۆ ئەمنی(سلێمانی) دواتر بۆ ئەمنی ناحیەی رزگاری لە ١٩٨٩/٦/٤ئازاد کرام.

٣/٩ (من وشکور قەرەبلاغی و مەلاڕەحیم و شەهید مەجید لەگەلا کاک عوسمان) گەڕاینەوە بۆ نزیک گوندی (گۆبان) حەشارگەی (کانی گوڵ)مان دۆزیەوە کەدواتر شوێنەکەی (ڕەئوف)مان پێدەوت. ڕۆژی ٣/١٥ (شەهید حەمەڕەش و شێخ کەریم) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک هاتن بۆ لامان ڕۆژەکانی ١٥و٣/١٦ لامانبوون، بارانێکی بەخوڕ دەباری.. ئەو بەهارە تا کۆتایی مانگی پێنجیش هەموو ڕۆژێک تاوێکی باش باران دەباری.

ڕۆژی ٣/١٧ کێوماڵی ئەو سنورە کرا. (شەهید حەمەڕەش) و (شێخ کەریم) لامان بوون هەموو پێکەوە چووین بۆ دەربەندتاڵە زۆر لەکفرییەوە نزیک بووین، دوژمن زۆر لێمانەوە نزیکبوو تا ئێوارە کۆپتەر بەئاسمانەوە بوو. بەهۆی ئەوەی خەڵک لەسەردەمی ئەنفالدا خواردن و دانەوێڵەی زۆری لەو ئەشکەوت و بن کاچانەدا شاردبۆوە.. بەتایبەت پاقلە ئاو بردبووی بەدرێژایی ئەو شیوانەی هەردەی گۆبان پاقلەیەکی زۆر ڕوابوو..ڕۆژانە(شەهید کاک ئەحمەد) لەگەڵ برادەران پاقلە و سڵق و پیازی دەهێنا کە ساڵی پێشو بوون.. دیسانەوە ڕوا بوونەوە. ڕۆژی ٣/١٩ کاک ئەحمەد یاپەراغێکی زۆر بەتامی لێنابوو پاقلە و پیازی تێکردبوو بەتەڕەپیازەوە ئەوەندە دۆڵمەمان خواردبوو، شەو بە مەبەستی چالاکییەک لەجادەی (سەرقەلا

کفری)پەڕینەوە بۆ باشوری جادە، ڕۆژەکەی بارانێکی زۆر باریبوو زەوی هەمووی گۆماوبوو، ئەوەندە یاپەراغمان خواردبوو بەردەوام تینوو دەبووین و تێر ئاو نەدەبووین. کەمێک دەچووین و دەممان دەخستە ناو گۆماوەکان.

وتم: برادەران یاپەراغ پەنی پێداین هەرچی دەکەین تینوێتیمان ناشکێ، ئەوەندە ئاومان خواردووە توشی بۆسە و تەقە ببین ناتوانین دوو هەنگاو ڕابکەین.

ڕۆژی **٣/٢٠**لە نێوان گوندی (کاکول وسەیدحسین) ماینەوە تا کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ.

# چالاکی پێشمەرگانە لە یادی نەورۆزدا

ڕۆژی **١٩٨٩/٣/٢٠** کاتژمێرپێنجی ئێوارە.. هاتینە سەر بەرزایەکانی باشوری ناحیەی (سەرقەڵا)، ناحیەکە و جادەی سەرقەڵا کەلارمان لەبەردەستدابوو، کاک عوسمان وتی: برادەران بە مەبەستی بۆسەدانان لە نێوان ناحیەی سەرقەڵاو گوندی(وەلی حەیدەر) هاتوینەتە ئێرە، کە بەرامبەر باڵەخانەی ئێستای ناحیەی سەرقەڵا دەکات، زۆرباش تەماشای شوێنەکە بکەن بۆچوونی خۆتانم پێ بڵێن.. ئێمە کە(عەلی ئۆمەربلی و حەسەن ئۆمەربلی وسەباح شێخ حەمیدی وکاک عوسمان وبەندە)بووین، بەدووربین بەوردی تەماشامان کرد لەدووری دووسەد مەتر ڕەبییەیەک بەسەر گردەکەی نێوان ناحیەی(سەرقەڵا)و گوندی (وەلی حەیدەر)ەوە بوو.. لە دووری کیلۆمەترێک سەدان چادری سەربازی هەبوو ئەو کات فرقەی (**١٦**و**٢١**) لەنزیک ناحیەی ڕزگاریەوە تاکو نزیک گوندی(توکن وئۆمەربل وچوار شاخ)کردبوویان بەسەربازگە. ئەو دەشتە لەچادری سەربازیدا یەک پارچە سپی دەکردەوە لەڕانە مەڕ دەچوو. وتمان کاک عوسمان شوێنەکەی گونجاو نییە بۆ بۆسەنانەوە، چونکە بۆسە لەسەر ئەو جادە گشتییە دەبێت پێش تاریکبوون بێت.. بۆ ئەوەی ئۆتۆمبیلی سەربازی و مەدەنی لەیەک جیابکەینەوە، چونکە ئێرە جادەی گشتییە هەموو ئۆتۆمبیلێکی پێدا تێدەپەڕێت. ئەگەر بکەوینە تاریکی تەنها لایتی ئۆتۆمبیل دەبینین بەلایتیش نازانرێ کامە سەربازیە و کامە مەدەنیی، لە ڕووناکی ڕۆژیشدا.. لەپێش ئەم هەموو سەرباز و سوپایە تەقە بکەین.. چۆن دەرباز دەبین، بۆیە پێمان وایە شوێنەکە گونجاو نییە، ئەویش هەمان بۆچوونی ئێمەی هەبوو.. بۆیە بڕیاریدا بە دوای شوێنێکی تردا بگەڕێین.

دوکەڵی ئاگری نەورۆز لەدەوری سەرقەڵا و کفریش دیاربوو:

بە باشوری ناحیەی سەرقەڵا بەچەمی قوشەلاندا بەرەو ئاڕاستەی ڕۆژئاوا چووین.. بڕیارماندا لەڕەبییەی گۆڕستانی گوندی(براهیم خان)بدەین، چووینە نزیکی ڕەبییەکەوە دوو

گولله ئاڕبیجی و چەند دەستڕیژێکی گوللەمان لێکرد.. دواتر بەڕاکردن شوێنەکەمان بەجێهێشت. بۆ سبەی چووین بۆ حەشارگەی (کانی گوڵ) لەنێوان گوندی (گۆبان عەرەب و قۆڕیچای).

ڕۆژی **٣/٢٣** دوژمن کێوماڵی گشتگیری دەست پێکرد.. هێزی دوژمن زۆر لێمان نزیک بوونەوە. چەندینجار کۆپتەر هاتە سەرمان.

لەڕۆژی **٣/٢١**وە ئێمە چاوەڕوانی کێوماڵکردن بووین، هەموو ڕۆژێک سبەی زوو هەندێ نان وپێداویستیمان دەکردە کۆڵە پشتەکانمانەوە.. قومقومەکانمان پڕ دەکرد لەئاو. چونکە شارەزاییمان وەرگرتبوو هەر جارێک چالاکییەکمان ئەنجامبدایە.. ڕۆژی دووەم یان سێیەم زەوی و ئاسمانیان لێدەکردین بە سەرباز و جاش و کۆپتەر. ئەو ڕۆژانە شەهید(مامەقالە) بەیانی زوو دەیگوت: کاکە هەتا زووەو هیچ نییە دڵنیایی(تەئمین)ی قونی خۆمان بکەین. مەبەستی ئەوە بوو بچنە سەر ئاو.. کە کۆپتەر وپیادە هاتنەسەرمان بواری چوونە دەرەوەمان نابێ لە ئەشکەوت و حەشارگەکان.

لە **٣/٢٥** دا شەهید حەمەڕەش و کەریم ڕشید و سەباح شێخ حەمیدی لەلای ئێمەوە چوون بۆ گوندی (گردەگۆزینە) شەو و ڕۆژێک لەماڵی سەباح گردە گۆزینەیی مابوونەوە.. شەهید حەمەڕەش چەند کەس و دۆستێکی بینیبوو، وەڵامی بۆ شێخ کەریم کە سەرۆک فەوجی جاشی سوک بوو وەخزمیشی بوو ناردبوو سەردانیان بکات،پاش چاوەڕوانی شەو و ڕۆژێک ناوبراو نەهاتبوو بۆ لایان دواتر گەڕانەوە بۆ لای ئێمە.

# کێوماڵ (تمشیط)

(تمشیط) واتە شانە کردن، مەبەست لەگەڕانێکە چۆن شانە بەناو پرچی مرۆڤدا تێدەپەڕێت بەهەمان شێوە.. بە وردی هەموو شوێنێک بگەڕێن. پێموایە وشەیەکی نوێ بوو لەبەکارهێنانی زاراوەی سەربازیدا، چونکە نە پێشتر و نە لەهیچ پەرتوکێکی سەربازی یان مێژوویی نەمبینیوە. (تمشیط) کێوماڵکردن بووە.. پیشەو کاری ڕۆژانەی دوژمن بەجاش و سوپا لە زەوییەوە، کۆپتەر لەئاسمانەوە، هەموو چرکەیەک چاوەڕوانی هاتنی کۆپتەر و سوپا بووین کەواش بوو، بەشەو ترسی چاودێری و سیخوڕی خەڵک و خۆفرۆشانمان هەبوو، بەڕۆژیش ترسی هەموومان، هەر کاتێ ئاگرمان بکردایەتەوە.. نان یان چێشت یان چامان بکردایە، دەبوو پێش ئامادەسازی کردنەوەی ئاگرەکە، بیرمان لای کوژاندنەوەی ئاگرەکە بێت.. بە ئاو یان بەخۆڵ. خۆڵ باشترین ڕێگەبوو بۆ کوژاندنەوەی، چونکە دەکرایە سەر ئاگرەکە ئۆکسجینی لێدەبڕی بەخێرایی ئاگر و دوکەڵەکەی دادەپۆشی،پاش ڕۆیشتنی

کۆپتەرەکان ئاگرەکەمان دەکردەوە.. بەهۆی ئەوەی دارەکە بە وشکی دەمایەوە ئاسانبوو، بەڵام کوژاندنەوەی بەئاو دوکەڵی دەکرد و درەنگتر کۆنترۆڵی ئاگر و دوکەڵەکە دەکرا.. دارەکەش تەڕ دەبوو بۆ جارێکی دیکە نەدەتوانرا بەو دارە لەهەمان کاتدا ئاگر بکەیتەوە، ئەویش دەبوو داری دیکە بێنی ئەگەر هەبوایە.. کاتی دەویست تاکو جارێکی دیکە بەبێ نەوت ئاگرێکیتر بکەیتەوە. لەترسی کیۆماڵ و دەستەی سیخوڕی.. دەبوو ئەو خواردن و پێداویستییانەی هەمان بوو، وەک خواردن و چەک و چۆڵ و تەقەمەنی لە ژێر خۆڵدا بمان شاردایەتەوە.

لەسەرەتا تاکتیک و خەباتی پارتیزانی تاکو مانگی١٠و١١ی ساڵی ١٩٨٨ئەزمونێکی ئەوتۆمان نەبوو. زۆر لەو خۆراک وپێداویستیانەی لەئەشکەوت و کونەکاندا شاردبومانەوە، زۆر بە کەمی سودمان لێدەبینی.. زۆربەی لەناودەچوون، هەندێکیان لەکاتی کیۆماڵکردندا دوژمن دەیدۆزییەوە و لەناوی دەبردن بەهۆی سوتاندن یان دڕینی گونییە و ئەو کەرەستانەی کەتیایدا شاردبوومانەوە. تێکەڵی خۆڵیان دەکرد نەدەتوانرا سودی لێببینی، یان بەهۆی ئاژەڵەوە وەک سەگ و ڕێوی و چەقەڵ دەخوراو لەناودەچوو یان پیس دەبوو. یان بەهۆی مشک و ڕسک و حەشەراتەوە خراپ دەبوو، ئەگەر شەکر بوایە زەردەواڵە(زەرگەتە)دەیخوارد، ئەگەر زۆر لەو هاوڕێ پارتیزانانەم لەژیاندا نەمایەن، نەمدەوێرا باسی پیسی و لەناوچوونی خۆراکەکان بگێڕمەوە. کاتێک تەشتێک ئاردمان دەبێژا بۆ نان کردن یەک چنگ لە گو و پێستە و تەنانەت دەست وقاچی مشک دەمایەوە لەناو هێڵەکەکەدا. لەنزیک گوندی خانی خواروو حەوت فەردە شەکرو دوو کیسە نوقڵمان لە ئەشکەوتێکدا شاردبۆوە کەخۆمان ناومان لێنابوو ئوتێلەکە،پاش دوو مانگ چووین بۆ گواستنەوەی تەنها دوو کیلۆ شەکر و نوقڵەکە مابوو، زەردەواڵە هەمووی خواردبوو. بۆیە لەپاش ساڵی١٩٨٨ئەو پێداویستیانە لەناو بەرمیلی سەربەتاڵ لەژێرزەویدا دەمانشاردەوە، بەرمیلی پلاستیک زۆر گونجاوتر بوو، چونکە ژەنگی هەڵنەدەهێنا.. پاکتربوو. لەترسی کیۆماڵ و دەستەی سیخوڕ و شوێن پێ هەڵگرتندا.. بە هەر شوێنێکدا دەڕۆییشتین بنجک یان هەندێ لقە ژاڵە یان تەروو(کفر) یان قامیش(نەیجە) یان درەختێکمان وەک چان بە شوێن خۆماندا بەکێش دەکرد بۆ سڕینەوەی شوێن پێی خۆمان و گوێدرێژەکانمان، بەتایبەتی لەرێگای ئەو شوێنانەی دەهاتن بۆ نزیک حەشارگەکانمان هیچ ئاسەوارێکی ژیانمان نەدەهێشت وەک شوێن پێ و پێداویستی، تەنانەت زۆرجار پاشەڕۆکانیشمان دەخستە ژێرخۆڵەوە، زۆرجار شوێنی دوورە دەستمان لەسەرچاوەی ئاوی دیار و گوندەکانەوە هەڵدەبژارد.. بەتایبەت پاش مانگی١٩٨٨/١١ بەهۆی کیۆماڵ و هەلیکۆپتەرەوە ژمارەیەک پێشمەرگەمان شەهیدبوون.. ئەو شوێنانەی ئاوی نەبوو هەموو ئێوارەیەک پاش تاریکبوون بە گوێدرێژ بە بەرمیلی بیست وپێنج لیتری چینکۆ یان

دەبەی پلاستیکی بەهێز ئاومان دەهێنا. بەردەوام، دەبوو..شوێن پێ و هیچ بەجێماوێکمان نەبوایە.. گوزارشت لەژیان و بوونی مرۆڤ بکات لەو سنورەدا.

ڕۆژی **٤/٥ ١٩٨٩**، دوژمن وەک پیشەی هەمیشەیی.. لەناوچەی گەرمیان (تمشیگ) کێوماڵێکی گشتگیری ئەنجامدا. ڕۆژی٦و٤/٧ چەندجارێک کۆپتەر هاتە سەرمان و شپرزەیان کردین.

ڕۆژی **١٥**و**٤/١٦** دوژمن کێوماڵێکی گشتگیری تری لەناوچەی گەرمیاندا ئەنجامدایەوە. ئەوەندە بەوردی دەگەڕان، حەشارگەیەکی(حشع)یان لە(مازوخ) لە ڕۆژئاوای گوندی (توکن) دۆزییەوە. کێوماڵ بەشێک بوو لەژیان و ببووە دێوەزمە و ئیزرائیل وخەون و خەیاڵ و خواردنی پارتیزانەکان. ئەگەر هەموو ڕۆژەکانی کێوماڵ بنوسینەوە، دەبێت لاپەڕەکانی پەڕتوکەکەمان هەموو وشەی کێوماڵ (تمشیگ) بێت، چونکە لاپەڕەی ڕۆژژمێرەکانمان هەموو وشەی (تمشیگ)ە و بەزۆری بەپێنوسی سوور نوسیومانە.

## ناردنەوەی سەرکەوت بۆ ناوشار

سەرکەوت ئەحمەد مەحمود پورزای کاک (ئازادی سەگرمە) یە لە **١٩٨٨/١٠/١١**لەچەمی لاهێز بەسەختی برینداربوو. لەگەڵ ئەودا شەش پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون.پێشتر باسمکردووە، پاش برینداربوونی.. هەر ئەو شەو و ڕۆژە.. لەگەڵ بریندارەکاندا گواسترایەوە بۆ سنووری (زاوت). پاش ماوەیەک شەهید (حەمەڕەش) گواستییەوە بۆ ئەشکەوتێک لەچیای(ئاژداخ) بە (هەژارئاو) ناسرابوو. شوێنەکە ئەوەندە سەخت و هەڵدێر بوو، خەڵکی ئاسایی و تەندروست باش نەبوایە نەیدەتوانی بۆی بچێت، لەسەرکەوتن بۆ ئەشکەوتەکە دەبوو دەستت گیربکردایە لە بەردە تێژ و دڕکاوییەکان(هەژارئاو)، ئینجا دەتتوانی بەئاستەم سەربکەویت. من چوومە ئەوێ زۆر بەئاستەم سەرکەوتم بەڵام شەهید(حەمەڕەش).. سەرکەوتی بەلاقی شکاو و چەندین برینەوە.. بەکۆڵ گەیاندبوویە ئەو ئەشکەوتە، دەبوو بۆ سەرئاوکردن بهاتیتایە خوارەوە زیاتر لەچل مەتر. سەرکەوت نازانم چۆن دەچووە سەرئاو بەقەد ئەو شاخە توشەوە کەتەنها بزنی کێوی دەیتوانی پێیدا سەرکەوێت. ڕۆژێک کاتێک بۆ سەرئاو لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە دەبێت لە هەڵدێرێکی بەرز دەکەوێتە خوارەوە.. دیسان لاق و دەستی شکابوو. چەند مانگێک بەوحاڵەوە مایەوە. شەهید حەمەڕەش لەڕۆژێکی سەرەتای مانگی**١٩٨٩/٤**بوو لای ئێمە لەگەڵ کاک عوسماندا بۆ بینینی برادەرانی ناوشار دەچوو، لە(دەربەندتاڵە)ی نزیک کفرییەوە پەیوەندی دەکرد دەنگی بێتەلەکەی نەدەگەیشتە برادەرانی خۆیان لە(ئاژداخ). من بەبێتەل لەنێوانیاندا قسەم دەکرد وتی: بە سەرکەوت بڵێ

پێی چۆنە وەک (جەمال زڕگوێزی) لێبکەم ڕازی دەبێت یان نا؟جەمال لەدەستەکەی کاک ئازاد بوو.. پێشتر تەسلیم بووبۆوە، ئەوەندە مەرد و جوامێر و بەهەڵوێست بوو، لەوەڵامدا وتی هەرگیز ڕازی نابم ئەگەر کرمیش لێمبدات بمرم ئەو کارەناکەم، ئەو شەوە لەگەڵ برادەرانی ناوشاردا وتووێژیان کردبوو.. هەوڵی بردنەوەی بدەن بۆ ناوشار و چارەسەری بکەن، پەسەندییان کردبوو.. وتبوویان پەیوەندی داهاتوو لە لەگەڵ خۆتان بیهێنن کە٤/٢٠ . ڕۆژی ٤/١٥ (کاک عوسمان و شکور قەرەبلاغی وعەلی ئۆمەربلی) لەنزیک قەزای (کفری) یەوە چوون بۆ چیای (ئاژداخ) بۆ هێنانی.

ڕۆژی ٤/١٩ بەسواری گوێدرێژێک هێنایان بۆ حەشارگەکەی (کانیگوڵ) لەنێوان گوندی (گۆبان عەرەب وقوڕیچای). بەهۆی نەبوونی ئاو و خۆنەشۆردنەوە.. وەک شارە مێروولە ئەسپێ بەلەشیدا دەسوڕایەوە. بەگەییشتن و بینینی.. ئەو هەموو ئەسپێیە هەموو لەترسا چووینە دەرەوەی حەشارگەکە.. ئەو شەوە نەمانوێرا بچینە ژوورەوە، شەوی ٢٠-٢١ /٤ (من و شەهید مەجید و سەباح شێخ حەمیدی لەگەڵ کاک عوسمان) دا بردمان لەباشوری کێڵگە پەلەوەرییەکەی مەلا بەنزین کەڕێکخراو بەکرێیان گرتبوو.. بەمەبەستی کارکردن و هێنانی پێویستییەکان بۆ پارتیزانەکان. سەرکەوتمان ڕادەستی هاوڕێ سوپا کرد، ئەویش لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ناوشاردا.. پسولەی ڕێگاپێدانی سەربازیان بۆ دابینکرد بوو.. لەڕێگای (کەلارو دەربەندیخان)ەوە گەیاندیانە شاری سلێمانی، ڕێکخراو شوێنیان بۆ دابین کردبوو بۆ چارەسەرکردن. لەناو شاردا بوو تا ڕاپەڕین.

نەخۆشی گرانەتا و نەبوونی چارەسەر

لەکۆتایی مانگی ٣ تا ١٩٨٩/٨ زۆربەمان توشی نەخۆشی گرانەتا بووین، یەکەم پێشمەرگە شەهید(کامەرانەڕەش) لە٣/٢٨ توش بوو، ئەو هێشتا چاک نەبۆوە(عەلی ئۆمەربلی) توشبوو کە لە حەشارگەکەی(کانی گولا) بووین لەنێوان گوندی(گۆبان عەرەب وقوڕیچای). چەند ڕۆژێک لەجێگادا کەوتبوون کەسمان هیچ شارەزاییەکمان نەبوو لەسەر دەرزیدان و چارەسەرەکان، هەرچەندە چارەسەرێکی وامان لانەبوو هەندێ دەرمانی کەممان لابوو، بەڵام بەهۆی نا شارەزایمانەوە.. وەک پێویست سودمان لێنەدەبینی، (مەلاڕەحیم) کەمێک شارەزایی دەرزی لێدانی هەبوو، ئەویش ئەوەنە دەترسا ئەو دەرزییەی دەیدا مەترسی هەبێ بۆ سەر ژیانی نەخۆشەکە، یان توشی کێشەیەکی بکات، پاش پێ وتنی چەندجارێک و ڕووگیرکردنی.. ئینجا بەترسەوە دەرزیەکەی دەدا، ئەو کاتەی عەلی نەخۆش بوو.. مەلا لەگەڵ کاک ئەحمەدوان لەحەشارگەی (نەمران) بوون لەنێوان گوندی(گۆبان عەرەب وشەرەف)دا، کە چوار کیلۆمەتر لەجادەی (کفری سەرقەڵا)وە دوور بوو، (شەهید کامەران و شکور) چوونە شوێنی هێنایان بۆ ئەوەی دەرزی لە عەلی بدات، تا عەلیمان قایل دەکرد.. مەلا دەرزیەکەی لێبدات قیر سپی بوو، ئینجا مەلا دەیگوت: عەلی زۆر لەدەرزی دەترسێ

دەترسم بجوڵێت و دەرزییەکە لە سمتیدا بشکێ . بەزۆر شەرواڵمان بەعەلی هێنایە خوارەوە، عەلی دەڵێت:

-مەلا گیان توخوا هێواش لێمدە، دەرزییەکە ئێشی دێت؟ براڕۆ دەرزییەکە درێژ و قوییە؟ مەلا دەرزی بچوکتر نییە؟

-عەلی گیان خۆتبگرە، مەترسە ئێشی نایەت، نەجوڵێی، هاها ئەوە تەواو نەجوڵێی دەرزیەکە لەسمتدا دەشکێ.

-ئای مەلا گیان ئای دەریکە بەخوا نایدەم، دەریکە.. دەریکە، بەخوا نایدەم ئای ئێشی دێت. عەلی دەرزییەکە لەسمتیدا بوو هاواری دەکرد مەلا دەریکە ئێشی دێت، مەلاش لەترسا هاواری دەکرد بۆ خاتری خوا مەجوڵێ دەرزییەکە دەشکێ لەسمتتدا، ئەوە تەواو بوو.

-نەجوڵێی، عەلی نەجوڵێی، بۆ خاتری خوا دەرزییەکە دەشکێ، نا نا نەجوڵێی بۆ خاتری خوا دەرزیەکە دەشکێ، ئەوە تەواو تۆبە عەلی ئیتر دەرزیت لێبدەم، ماڵت ئاوابێت ..بۆ ئەوەندە جولایت وتم: بەو خوایە لە سمتیدا دەشکێ؟

-مەلا گیان بەخوا زۆر ئازاری بوو.

شەهید کامەران دەیگوت: نایدەم چییە تازە داتکەندووە و ئەبێت بیدەیت، مەلا بیکە پێیدا، مەلا لێیدە، هەمووومان پێدەکەنین و دەمانگوت نایدەم چییە، بەخوا ئەبێ بیدەیت، پاش عەلی شەهید(مەجید) توش بوو.. ئەو هێشتا تەواو باش نەبوو بوو، (عوسمان مەلا جەمیل) توش بوو. لەناوەڕاستی مانگی **١٩٨٩/٥**دا بوو ڕۆژێک کاتژمێر "دە"ی بەیانی چووم بۆ چاودێریکردن لە گردەکەی نزیک حەشارگەی(کانی گوڵ) دەنگی کۆپتەر پەیدابوو، بەپەلە هاتمە خوارەوە وتم کاک (عوسمان) کۆپتەر هات خۆتان کۆبکەنەوە کۆپتەرەکان لەهەردەی گوندی(دوراجی وقۆرِیچای) دەسورێنەوە.(عوسمان مەلا جەمیل) وتی: ئێ با کۆپتەر بێت، کۆپتەر چییە، لێی دەدەین.. کۆپتەر چییە، بۆ لەکۆپتەر دەترسن؟

گوێم لەو قسانە بوو زۆر تورەبووم، بەڵام لەبەرئەوەی کاک(عوسمان) لای (عوسمان مەلا جەمیل) دانیشتبوو لەناو حەشارگەکەدا لە ڕووم نەهات وەڵامی بدەمەوە. لەدڵی خۆمدا وتم باشە ئەم کابرایە بۆ ئەوەندە فشە دەکات، ئێمە دەنگی کۆپتەر ببیستین.. هەمووومان چۆکمان دەشکێ و کونە مشکمان لێدەبێت بەقەیسەری، لەڕقدا نەچوومە ژوورەوە لەدووری سێ مەتر لەدەرگای حەشارگەکەوە دانیشتم پلتۆکت لێمبدایە دەتەقیم، برادەران وتیان: وەرە ژوورەوە وەڵامم نەدانەوە.. نەچوومە ژوورەوە پاش بیست خولەک کۆپتەرەکان ڕۆییشتن من "سی"م بای کردبوو برادەران وتیان شێوەت باش نایەتە پێشچاومان وتم: گوێتان لەعوسمان نەبوو؟

فشەبازە من دەڵێم کۆپتەر هات.. لەجیاتی ئەوەی بڵێت خۆتان بشارنەوە ئەڵێت کۆپتەر چییە، با کۆپتەر بێت لێی دەدەین، بۆ لەکۆپتەر دەترسن، ئەم کابرایە زۆر فشەبازبووە یان

خۆی لێگۆڕاوە؟ وتیان: کورە(عوسمان) زۆر نەخۆشە ڕەنگە ئاگای لەخۆی نەبێت. لەم وتووێژانەدا بووین عوسمان وتی:

-کاک عوسمان دوو ڕۆژ مۆڵەتم دەوێ.

-عوسمان مۆڵەتت بۆ چییە؟

-دەچم بۆ گوندی(توکن) دایکم و فاروق برام هاتوون بۆ لام.. لەتوکن چاوەڕوانم دەکەن دەبێت بچم بۆ لایان. عوسمان دایک و(عەبدولاو فاروق)ی برای و(سۆیبەو ڕەعدە)ی خوشکی لەشالاوی ئەنفالدا بوونە قوربانی، پاش وتەکانی عوسمان تێگەییشتم بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە ئاگای لەخۆی نییە، دواتر لەجێگای تورەبوون و ڕق لێبوون بەزەیم پێیدا دەهاتەوە، ناخم بۆی دەسوتا.. چونکە هەمان برین و ئازام هەبوو. چوومە لای دەستم دا لە لەشی.. هەستمکرد پلەی گەرمی لەشی ئەوەندە بەرزە وەک ئاگر دەسوتێ، هەندێ دەست و پێم بەئاو فێنک کردەوە. تێگەییشتم هۆکاری وڕێنە و بێئاگاییەکەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و تای لەشیەتی. پاش ئەم "تا" گەرمە و وڕێنەکردنە بەنیشانەکانیدا هەستمان کرد نەخۆشەکانمان نەخۆشی گرانەتایانە.. کە ناوە زانستیەکەی(تیفۆ ئیدە). هێشتا عوسمان چاک نەبوو بوو..لە ٥/٨ (جەماڵ مەلائۆمەر)ی توش بوو ئەو کاتە لەگەڵ شەهید کاک (ئەحمەد) وان لەحەشارگەی (نەمران) بوون لە نێوان گوندی (شەرەف وگۆبان عەرەب). من چووم بۆ سەردانیان ئەوەندە نەخۆش بوو دەستمان دەگرت لەزەوی هەڵماندەستاند. شەو و ڕۆژ وڕێنەی دەکرد، شەوان لەناو لمەکەی سەرووی ئەشکەوتەکەوە دەخەوتین، شەوێکی مانگە شەو برادەران گوێیان لێ دەبێ جەمال بەدەنگێکی خاو و لەرزۆکەوە دەڵێت:

-مار، مار، برادەران مار خواردمی، برادەران دەڵێن:

-فەقیرە ئەوەندە پلەی گەرمی بەرزە و نەخۆشییەکەی قورسە بەردەوام وڕێنە دەکات.. هیچ ئاگای لەخۆی نییە چی دەڵێت، دیسان بانگ دەکاتەوە:

-مار، مار، برادەران، کورە فریام کەون مار.

-هەژارە ئەوەندە تای بەرزە هیچ ئاگای لەخۆی نییە بەردەوام وڕێنە دەکات.

-چییە هەر هاوار دەکەیت؟ ئاگات لەخۆتە قسە دەکەیت؟

-کورە ئاگام لەخۆمە بەڵێ ئاگام لەخۆمە کورە مار، مار.

-ماری چی، کامە مارە، کوا مار؟

-کورە مارێک لەژێر جێگاکەمدایە دەستم بگرە هەڵمستێنە. کاتێک لەسەر جێگاکەی دووری دەخەنەوە جێگاکەی بەرزدەکەنەوە دەبینن مارێکی گورە لەژێر جێگاکەدایە.

پاش جەمال من توش بووم. ڕۆژی **١٩٨٩/٧/٣** من و شەهید کاک ئەحمەد و شەهید مەجید لەگەلا کاک عوسمان چووین بۆچیای ئاژداخ بۆ لای دەستەکەی شەهید حەمەڕەش بۆ پێشوازی هاتنەوەی (کاک کوردۆ و کاک مەحمود)

لەڕۆژی **٧/٤** یەک ڕۆژ پاش گەییشتنمان بە ئاژداغ.. توشی نەخۆشی گرانەتا بووم، ڕۆژەکانی **٥-٦/٧** لەسەر جێگا کەوتبووم،پاش دوو ڕۆژ کەمێ باش بووم.. پاش گەڕانەوەمان بۆ خوارەوە دیسان توش بوومەوە . ڕۆژەکانی١٠، ١١ ، **١٩٨٩/٧/١٢** زۆر نەخۆش بووم لە جێگادا کەوتبووم.. توانای هەستان و نان خواردنم نەبوو، ڕۆژی**٧/١١**سێ جار بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی لەشمەوە خوێنی لوتم بەربوو.. ئەوەندە بێهێز بووم.. هیچ توانایەکم تێدا نەبوو.. بەو دۆخەشمەوە.. تا ئێوارە چوار جار کۆپتەر هاتە سەرمان توانای ئەوەم نەبوو لە شوێن خۆم هەستم.. بچمە بن ئەشکەوتەکەوە دەستیان دەگرتم.

ڕۆژی**١١**و**٧/١٢** هیچ خواردنێکم پێ نەدەخورا.. هەرچەند خواردنێک نەبوو کە مرۆڤی تەندروست ئارەزووی بۆ بچێت نەک نەخۆش، دووەم ڕۆژ کاک کوردۆ هات هەندێک ئاوی کردە سەر و چاو و دەست و قاچمدا.. بۆ دابەزاندنی پلەی گەرمی لەشم. ئێوارەکەی برنج و شۆربای لۆبیایان کردبوو، کاک کوردۆ زۆر هەوڵی لەگەڵمادا خواردن بخۆم، وتم ناتوانم هیچ بخۆم ئارەزووم بۆ هیچ خواردنێک ناچێت، دوایی گلاسێ شەربەتی قەیسی بۆ هێنام خواردم.. لە دوو ڕۆژدا تەنها ئەو گلاسە شەربەتەم خواردبوو. دونیا ئەوەندە گەرمبوو لە گەرمیدا دونیا تەنورەی دەکرد. ڕەشەبا لمەکانی دەدا بە سەر و چاوماندا.. وەک پریشکی ئاگر وابوو. دونیا بەو گەرمییە و گرانەتاشت بێت.. دەبێت حاڵت چۆن بێت، هەرگیز بەنوسین و زمان ناتوانی گوزارشتی لێ بکەیت .پاش ئەم چەند نەخۆشە داوامان لەرێکخراو کرد هەندێ دەرمان و شێوازی چارەسەر و بەکارهێنانمان بۆ بنێرن، بەتایبەت چارەسەری گرانەتا، پاش ئەوە هەندێ دەرمان و لیستێکی باش و تێر و تەسەلیان بۆ هێناین. بەڵام ئەوەش بۆ ئێمە گونجاو نەبوو چونکە نەخۆشی گرانەتا دەبێت بە تاقیگە دیاری بکرێت و کۆرسی دەرزی و کەپسولی تایبەتی بۆ دیاری بکرێت. کەدەرمان گەلێکی قورسن بۆ کەسێک گرانەتای نەبێت زیانی زۆری پێدەگەیەنێت. ئێمە کەسێکی شارەزامان نەبوو لەڕووی تەندروستیەوە، تا مانگی**١٩٨٩/٧** یەکەم دکتۆر بە پارتیزانی هاتە گەرمیان (دکتۆر هاوڕێ) بوو لەگەڵ (کاک مەحمود سەنگاوی و کاک کوردۆ) دا هاتەخوارەوە. دواتر مانگی **١٩٩٠/٧** شەهید(دکتۆر ئاتیلا) لەگەڵ ئێمە هاتە خوارەوە کەپێشتر دکتۆری ڤێتەرنەری بوو بەهۆی نەبوونی و کەمی دکتۆرەوە.. لەناو شۆڕش و گوندەکاندا چارەسەری مرۆڤ و بریندارەکانی پێشمەرگە و گوندنشینەکانی دەکرد. (دکتۆر ئاتیلا.. دانیشتوی (کفری) بوو لەساڵی **١٩٨٢** لەسەربازی هەڵهاتوو بوو لەگوندی بنەکەی خەپەکوێر.. نیشتەجێ بوو، چارەسەری هەموو هاوڵاتی و پێشمەرگەیەکی بەبێ بەرامبەر دەکرد لە ناوچەکەدا، هەندێجار توڕەیان دەکرد دەیگوت: من دکتۆری مانگام بڕۆ چارەسەرت لای من نییە ئەگەر مانگا بوویتایە چارەسەرم دەکردی.

# مێشووله.. دووەم دوژمنی پارتیزانەکان

لەکۆتایی مانگی ١٩٨٩/٢وە مێشولەیەکی زۆر و بێوێنە پەیدابوو.. لەمانگەکانی **٣**و**٤**و**٥** بەیەکجارەکی ژیانی لێ تاڵکردبووین. هەندێ لەبرادەران دەیانگوت: بەعس نەیتوانی بمانڕوخێنێ و تەسلیممان بکاتەوە، بەڵام مێشووله تەسلیممان دەکاتەوە، بەڕۆژ کێوماڵ و کۆپتەر ژیانی لێ تاڵکردبووین.. بەشەویش مێشوله بۆ چرکەیەک نەیدەهێشت چاو دابخەیت و بحەسێینەوە. بەڕۆژ بەهەمان شێوە دەچووە چاومان، دەممان، گوێمان، پرچمان، تەنانەت لەکاتی ئاو خواردن و نان خواردندا لەگەڵ دەمکردنەوە خۆیان دەکرد بەژووردا. لەترسی مێشووله..یەکی کیسەیەکمان لەپەردە کوله دروستکردبوو، وەک شەرواڵ **"دوخوێنمان"**[٤] بۆ کردبوو وەک کیسە دەمانکردە سەرمانەوە و لەملماندا دەمانبەست. بۆ شەوان پەردە کولەکەمان وەک کیسە خەو دووری بوو. دەچووینە ناویەوە، بەڵام بێسوود بوو لەسەر جلەکانیشەوە وەک درەوشە لەشمانی کون دەکرد. شەو تا بەیانی دەتگوت نانەواین و گونک پان دەکەینەوە بەردەوام بەلەپ بەلەشی خۆماندا دەکێشا و شڵپەی دەستمان دەهات. هەرگیز لەهەموو تەمەنماندا مێشوولەی وەک سنوری گەرەوانی نزیک ڕەواندوز لەمانگی١٩٨٧/٧ و ساڵی ١٩٨٩م نەبینیووە، هەموو لەشمان ئەوەندە خوراندبوو بوو بە لک. زۆرجار دەمانگوت خۆزگە وەک مانگا کلکێکی درێژمان پێوە بووایە پاسی لەشی خۆمانمان لەمێشووله پێبکردایە.

# هاتنی لوقمان و ڕەئوف حاجی حوسێن

لەپاش شاڵاوەکانی ئەنفال و نەمانی هەموو سەرچاوەیەکی ژیان لەناوچەکەدا.. دیاریکردنی ناوچەی قەدەغەکراو لەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەتوون، لەهەندێ کاتی جیاجیادا خەڵکی ناوچە ئەنفال زەدەکان تاک و تەرا دوور لەچاوی سەدان سیخوڕ و دامودەزگای ئەمنی، بێگوێدانە ئەو هەموو مەترسییانە.. سەردانی ناوچەکەیان دەکرد، هەندێ بۆ بردنەوەی کەلوپەل و هەندێ بۆ سەردانی چەک و کەلوپەلی شاراوە و هەندێ بۆ دەرهێنانی چاڵی گەنم و هەندێ تەنها بۆ بینینی شوێن و ژیانی خۆی و ئازیزانی .هتد. لەگەڵا ئەوەشدا وەک لەزۆر بابەتی نوسینەکانمدا باسم لەهاتنی سیخوڕ و دەستەی جاشی

---

[٤] . **بەنەخوێن**.

چاودێری و سەرباز و کۆپتەر و .هتد. کردووە . بەهۆی ئەو خیانەتانەی  لەڕابردوودا ڕوویاندابوو. ئاسان نەبوو هەر کەسێک ببینین.. بەئاسایی وەریبگرین.. تەنانەت کەسوکاری خۆشمان. لەبینینی هەر کەسێ  هەزار و یەک پرسیار و  گومانمان لادروست دەبوو.

ڕۆژی **١٩٨٩/٤/٣٠** بەیانی زوو کاتێکمان زانی دوو زەلام هاتنە سەرمان لە حەشارگەکەی (کانیگوڵ)، لەنێوان گوندی(گۆبان عەرەب وقوڕیچای)دا، گرتمانن و بردمانن بۆ شوێنێکی دیکە، زۆربەمان پێمان وابوو ئەم دوو کەسە لەڕێگای دەزگا ئەمنیەکانی دوژمنەوە نێردراون، هەندێک پێیان وابوو دەبێت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەین، ڕەنگە بۆچونەکەی ئێمە هەڵەبێت. کاتێک لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کردن(لوقمان حاجی حوسێن حەمە حوسێن و ڕەئوف حاجی حوسێن حەمەحوسێن) دوو برای خەڵکی گوندی(گۆبان عەرەب)بوون.

وتیان: ئەم حەشارگەیەی ئێوە تێیدان، ئێمە دروستمان کردووە خواردن و کەلوپەلی زۆرمان لەم هەردەدا شاردۆتەوە، هاتووین بۆ هەندێ پێداویستی خۆمان. زۆرمان ئەو قسانەی ئەوانمان بەبیان و دەزانی، بۆ ئەوەی بەدەستیانەوە بێت بۆ هاتنیان وە هۆکاری ڕاستەقینەی هاتنیان کاری سیخوڕیە، بەلاّم شەهید(ئەحمەدی حاجی ڕەشید) زۆر لەگەڵ کاک عوسمان وتووێژی کرد و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت من ئەم کوڕانە و باوکیان وخێزانەکەیان و هەموو بنەماڵەکەیان دەناسم، هەرگیز نەمبیستووە کاری خراپ و سیخوڕییان کردبێ و پیاوی دوژمنیان هەبێت، هەردووکیان زۆر دەپاڕانەوە کە ئەوان هەرگیز پیاوی دوژمن نەبوون و ئامادەنین خزمەتی دوژمن و بەعس بکەن، ئەگەر هەرکارێک لەڕابردوودا و ئێستاش پێیان کرابێ و بکرێت خزمەتی شۆڕشی کورد و کوردایەتی بووە و دەیکەن. پاش هێشتنەوەی شەو و ڕۆژێک (کاک عوسمان) گەییشتە ئەو باوەڕەی خەڵکی خراپ نین، بۆیە بڕیاریدا ئازادیان بکەین. هەرچەندە هەندێکمان بەهۆی ئەو ڕوداوو و هۆکارانەی باسم کرد و  هەرزەکاری و کەم  ئەزمونیمانەوە، ئەوەندە لەسەر هیچ شتێک نەدەوەستاین، لەگەڵ ئازادکردنیان نەبووین. بەلاّم پاش ماوەیەک بۆمان دەرکەوت ڕاستبوو بۆ کەلوپەل وپێداویستی خۆیان هاتبوون و خەڵکی باش و دوور لەکاری سیخوڕی بوون. لەماوەی داهاتووشدا خزمەتیان کردین و سودی باشمان لێیان بینین.

## بریندار بوونی شەهید سەید محەمەد

شەهید سەید محەمەد بەتەمەنترین فەرماندەی پارتیزانەکانی گەرمیان بوو، پێشتر کادری ڕێکخستنی (کۆڕەک) بوو، سەرکەوتووترین کادیری ناوچەکە بوو، بەدایکی ڕێکخستنەکانی (کۆڕەک) دادەنرا، لەفەرماندەیی و خەباتی پارتیزانیدا سەرکەوتووترین

فەرماندە بوو. دەیان سەرچاوەی کەسی و ڕێکخراوەیی لەناو شارەکاندا لەپاش شاڵاوەکانی ئەنفال پیکهێنابوو، تین و تەوژمێکی باشی بە خەباتی پارتیزانەکان دەدا.

ڕۆژی **١٩٨٩/٥/٣** لەکاتی چوونی بۆ بینینی چەند هەڤاڵێکی ناوشار لەنزیک کێڵگە پەلەوەرییەکەی حەمەی وەلی، لەسەرجادەی (باوەنور ودەربەندیخان) لەنزیک شوێنی پەیوەندییەکە دەکەوێتە بۆسەی ژمارەیەک جاشی خۆفرۆشەوە و بریندار دەبێت. ئەو برینداری و ڕێگرییانە نەک ناتوانێت ڕێگا لەکار و خەباتی بگرێت، بە پێچەوانەوە سورتر دەبێت و دەبێتە هاندەری بۆ خەبات و تێکۆشانی زیاتر.

ڕۆژی **٥/١** بەهۆی کێوماڵ و جوڵەی زۆری دوژمنەوە لەحەشارگەکەی (کانیگوڵ) چووین بۆ هەردەی نێوان گوندەکانی(دوڕاجی وپەڵکانە) لەو ڕۆژانەدا چەند جارێک جاش بەهۆی ڕاوکردنەوە لێمانەوە نزیکبوونەوە، بەتایبەتی ڕۆژی **٥/٩** چوار جاش زۆر لێمان نزیکبوونەوە بڕیارماندا ئەگەر زیاتر نزیکببنەوە بیانکوژین یان بیانگرین.

# کوژرانی عەدنان خەیروڵا توڵفاح

(فەریق روکن عەدنان خەیروڵا تلفاح) لە**١٩٤٠/٨/٢٣** لەدایک بووە، یەکێک بووە لەئەفسەرە دیارو کاراکانی سوپای(عێراق). لەساڵانی هەشتاکان و لە سەردەمی جەنگی(عێراق، ئێران) وەزیری بەرگری عێراق بوو. هەموو هێرشە خوێناوییەکانی سوپای عێراق لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا لەژێر چاودێری توند و فەرماندەیی ناوبراودا ئەنجام دەدرا، یەکێکە لەبەرپرسە دڕندە و تاوانبارەکانی جینۆسایدی کورد. (خەیروڵا تولفاح)ی باوکی خاڵی(سەدام حوسێن) بوو، لە منداڵییەوە بەهۆی نەبوونی باوکییەوە بەخێوی کردووە، ساجدەی کچی پێبەخشیوە. (خەیروڵا) یەکێک بوو لەپیاوە سیاسی و دیارەکانی عێراق و پێگەی بەهێزی هەبووە لەناو کۆمەڵگادا، مامۆستا و ڕێنیشاندەر و هاوکارێکی بە هێزی (سەدام حوسێن) بووە.. تاگەییشتە دەسەڵات. (سەدام)پاش گرتنە دەستی دەسەڵات، بەهۆی پێگەی بەهێزی خیزانی (خەیروڵا) وە.. بەتایبەت عەدنان لەناو کایەی سیاسی و سوپادا، بەردەوام ترسی لێدەبێت بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و مەترسی لەسەر پێگەکەی. هەر بۆیە(سەدام) بەپیلانێک گەشتێکی خێزانی ڕێکدەخات بۆ هاوینە هەوارەکانی کوردستان و لەڕێگای پیاوەکانییەوە تەقینەوەیەک لەناو هەلیکۆپتەرەکەی(عەدنان) دادەنێت.. لەگەڕانەوەیدا لەئاسمان دەیتەقێننەوە، ڕۆژی **١٩٨٩/٥/٤** لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ بەغداد لەئاسمان تەقینەوەکەی پێدا دەتەقێتەوە و دەکوژرێت، بەبیستنی ئەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بووین کە دڕندە و تاوانبارێکی ئەنفال گۆڕبەگۆڕ بوو.

کانی چک چک (کیمیاییەکە)

پاش هێشتنەوە و ئازادکردنی(لوقمان و ڕەئوفی حاجی حوسێن )، چەند ڕۆژێک لە سنوری گوندی(گۆبان عەرەب وقوڕیچای) دوورکەوتینەوە.. چووینە هەردەی دوڕاجی. پاش چەند ڕۆژێک چاودێری سنورەکەمان کرد.. هیچ شتێکی نامۆمان نەبینی، دواتر گەڕاینەوە بۆ سنوری گوندی گۆبان. ئەو ناوچەیە بۆ ئێمە ناوچەیەکی زێڕین بوو لەبەرسێ هۆکار:

یەکەم: نزیکبوون لە کفریەوە کە تاکە شوێنی پەیوەندیکردنمان بوو بەڕێکخراوی شارەوە، هەروەها هێنانی پێداویستی ڕۆژ انەمان بوو.

دووەم: بەهۆی نزیکی لەڕەبییە و شاری کفرییەوە شوێنێکی بێگومان بوو لەلایەن دوژمنەوە.

سێیەم: ناوچەیەکی سەخت و تاوێراوی بوو، دەیان ئەشکەوت و کونی تێدابوو بۆ حەشاردانی خۆمان و گوێدرێژەکانمان. لەبەر ئەو هۆیانە بەئاسانی دەستبەرداری ئەم سنورە نەدەبووین، لە سەرەتای مانگی**١٩٨٩/٥** ئەشکەوتێکی نوێی ئاودارمان دۆزییەوە.. پێش ئەشکەوتەکە قامیشەلان بوو لەنێوان گوندی (گۆبان وکفری) و بەرزاییەکانی (دەربەندتاڵە)ی نزیک(کفری)دابوو، کانییەکی لێبوو ئاوەکەی بەقەد ئەشکەوتەکەدا تک تک دەهاتە خوارەوە، لەپێش تکەی ئاوەکەدا مەنجە ڵێکمان دانابوو ئاوەکەی تێدا کۆدەبۆوە، ئاوەکە بەهۆی ئەوەی بەقەد ئەشکەوتەکەدا دەهاتە خوارەوە و شوێنەکەی بەردەوام سێبەر و تەڕ بوو، هەوا لێیدەدا زۆر سار دبوو..دەتگوت بەفراوە. بەهۆی ساردی ئاوەکەوە هەستت بەتامی ئاوەکە نەدەکرد، بەڵام ئەگەر ئاوەکە گەرم بوایە لەبەر تاڵی و سوێری بۆنی ناخۆشی گۆگردی لێدەهات.. نەتدەتوانی دوو قومی لێ بخۆیتەوە. بەهۆی خراپی ئاوەکەیەوە ئەگەر لەیەک کاتدا یەک گڵاس زیاترت بخواردایەتەوە، پاش دە خولەک توشی سکچوون دەبوویت. ئێمە ئەو پێشمەرگانەی لەوێ بووین هەرگیز لەنیو گڵاس زیاترمان نەدەخواردەوە لەیەک کاتدا. ڕۆژێک شەهید(کامەران مامۆستا هیدایەت) هات بۆ لامان کە ماوەیەک بوو لەگەل (مەلاسەعید و شەهید عەلی فەقی مستەفایی) دا لەناوچەی زەنگنەبوون. برادەران وتیان: پێیی مەڵێن بۆ پێکەنین بزانن چی ڕوودەدات. کاتەکەی زۆر گەرم بوو بەڕێگادا هاتبوو زۆر تینو بوو وتی: ئەوە ئاوی خواردنەوە لەکوێیە؟ برادەران وتیان: مەنجەڵێک لەپێش ئاوەکەدایە لەسێبەرەکە لەوێ ئاو بخۆرەوە. جامێکی فافۆنی لەسەربوو سێ گڵاس ئاوی دەگرت بینیمان جام و نیوێک ئاوی خواردەوە و هات لامان دانیشت، ئێمە هەر تەماشای یەکمان دەکرد و چاوەڕوانی ئەنجامەکەی بووین، نەگەیییشتە دەخولەک شەهید کامەران بەپەلە هەستا و فریانەکەوت پێڵاوەکانی خۆی لەپێ بکات، جوتێک پێڵاوی بەچەک لەپێکرد و بەپەلە ڕۆییشت ئێمە دەستمانکرد بە پێکەنین، ئەو لە ئازاری ناوسکیدا ئاگای لەپێکەنینی ئێمە نەبوو، پێکەنین چۆن پێکەنینێک دەتگوت فیلمی کۆمیدی دەبینین. شەهید کامەران

لەشپرزەییدا فریا نەکەوت بڵێ بەچی پێدەکەنن، پاش دەخولەک هاتەوە ئێمە هەر پێدەکەنین.. وتی:

- ئەرێ ئێوە بەچی پێدەکەنن؟

-هەروا پێدەکەنین، ئەوە بۆ کوێ چوویت؟

-بۆ کوێ چوومی چی، بۆ سەرئاو چووم، بۆ سەرئاوچوون پێکەنینی دەوێ؟

-ئەی بۆ وا بەشپرزەیی ڕۆییشتیت ئاگامان لێبوو ئەوەندە شپرزەبوویت، پێڵاوی یەکێکیترت لەپێ کردبوو، لەشپرزەییدا نەتکردە پێتەوە بەچەکت کردبوو؟

-نازانم ناوسکم زۆر دێشێ تاکو هاتمە ئێرە هیچ کێشەیەکم نەبوو.

-ناوسکت دێشێ هههههه؟

-زۆریش بەڵام بۆ پێدەکەنن، ئەمە پێکەنینی بۆ چییە؟

-سکت دەچێ هههههه؟

-بەڵێ، باشە ئەوە پێکەنینی بۆ چییە، ناخۆشتان کرد، بەڵێ سکم دەچێ؟

-هههههه بەو سکچوونەی تۆ پێدەکەنین.

-باشە سکچوون پێکەنینی بۆ چییە؟ خۆ جگە لەئاوی(رب العالمین) هیچیشم نەخواردووە بڵێم دەستی ئێوەی تێدابێت.

-دەی کێشەکە لەو ئاوەدایە کەخواردتەوە، بەوە پێدەکەنین ئاوی ئەم کانییە لەیەک گلاس زیاتر بخۆیتەوە توشی سکچوونت دەکات، ئیتر ئەوە بزانە بەسەریەکەوە لەیەک گلاس زیاتر نەخۆیتەوە، ئاوی کانی چک چک ئەوەندە پیس بوو ئەوەی لەو ئاوەی بخواردایەتەوە لەکاتی سەر ئاوکردندا هەرگیز پاشەڕۆی توند و وشکی نەدەبینی بۆنێکی ئەوەندە توند و ناخۆش و پیسی هەبوو بەزەحمەت خۆت لەبەر بۆنی دەگرت، گوێدرێژەکانمان کاتێک بارمان لێدەداو بەدوایەوە دەڕۆیشتیین بایان لێ دەردەچوو لەترسی بۆنەکەی دوور دەکەوتینەوە دەمانگوت: کیمیایی هات کیمیایی بۆیە ناوی ئەو حەشارگەمان نابوو کیمیاییەکە. پاشەڕۆکە ئەوەندە شل و ڕەش بوو بەپاشەڕۆی ئاژەڵێک دەچوو توشی فیرکنە بووبێت ,بەزەویدا درێژ دەبۆوە. هەر بۆیە شەهید(مەجید) هەر کاتێ بچوایە بۆ سەرئاو دەیگوت: بچم هەندێ جادە قیر بکەم باشە. ئێستاش زۆرجار لەگەڵ برادەرانی پارتیزان یەکبگرینەوە بەنوکتە و بۆن و پاشەڕۆ و کیمیاییەکە پێدەکەنین و دەیگێڕینەوە.

**٥/٢٩** لەحەشارگەی(کیمیاییەکە)وە چووم بۆ نەمران بۆ لای برادەرانی(شەهید کاک ئەحمەد)، رۆژی **٢٩**و**٥/٣٠** چەندجارێک زۆر بەنزمی کۆپتەر هاتەسەرمان بەتەواوی شپرزەیان کردین، گومانی ئەوەمان لادروستبوو دوژمن بەحەشارگەکەمانی زانیبێت.. بۆیە ئەم کۆپتەرانە وا بەنزمی لەم سنورە دەگەڕێن کەپێشتر کۆپتەرمان نەبینیبوو لەو نزیکە وا بەچڕی و وردی بسوڕێنەوە. لەنزمی کۆپتەرەکان گومانمان کرد بنیشنەوە پیادە بنێرنە سەر

ئەشکەوتەکە، چونکە بن ئەشکەوتەکە ئێمەی تێدابووین کۆپتەرەکان نەیاندەبینی زۆر بەنزمی و بەپێش ئەشکەوتەکەدا دەهاتن و دەچوون. بۆماوەی نیوکاتژمێر ئینجا ئەوێیان بە جێهێشت.

مردنی ئیمام خومەینی ڕابەری شۆڕشی  ئێران

لەحەشارگەی کیمیایەکە بووین هەواڵی کۆچی دوایی خومەینی ڕابەری جمهوری ئیسلامیمان بیست. (خومەینی) بەزمانی عەرەبی (السید روح الله بن مصطفی بن احمد الموسوی الخمینی) و بەفارسی بە(سید روح الله موسوی خمینی) ناسراوە لە**١٩٠٢/٨/٢٤** لەدایکبووە، **١٩٨٩/٦/٣**کۆچی دواییکرد. دایکی(هاجەرە) باوکی(مصطفی الموسوی) خێزانی (خەدیجە تقفی) کوڕەکانی (مصطفی واحمد) کچەکەی( زهراء )، لە(ڕەچەڵەکی ساداتی موسوی تایفەی شیعی جعفری)یە.

لەماوەی دەسەلاتی(محەمەد ڕەزا شا)ی پادشای (ئێران)دا ئاوارەی ولاتانی (عێراق وتورکیا و فەڕەنسا)بووە، خومەینی پیاوێکی  ئایینی شیعەی دیار و بەرچاو و یەکێک لەپیاوە ئایینیە توندڕەوەکان بووە، بەردەوام وتار و نوسینەکانی لەدژی دەسەلات و هاندانی دانیشتوانی ئێران بووە.. لەدژی شا و دەسەلاتەکەی. تاکو حکومەت دەگاتە ئەو باوەڕەی ئەگەر کار لەسەر زیندانیکردن و لەناوبردنی نەکەن کێشەی گەورەیان بۆ دەنێتەوە. چەندجارێک دەگیرێت ئیمام و زانایانی شیعە هەست بەمەترسی لەناوبردنی دەکەن، بۆیە بەیعەتی ئیمامی پێدەدەن بۆ ئەوەی لە لەناوچوون بیپارێزن، چونکە ئیمام(حصانە)ی هەبووە لای دەسەلاتی ئێران، حکومەت ناچار دەبێت لەئێران دووری بخاتەوە، سالانێکی زۆر لەکەربەلا و نەجەف پەناهەندە دەبێت..حکومەتی ئێراق بەهۆی ناکۆکی سەدان ساڵەی لەگەڵ ولاتی ئێران ڕێگای پێدەدات کار لەدژی شا و دەسەلاتەکەی بکات. پاش ڕێککەوتنی جەزائیر لە**١٩٧٥/٣/٦** لەنێوان عێراق و ئێران پەیوەندییەکان ئاسایی دەبێتەوە و زیارەتکارانی شیعەی ئێران سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی کەربەلا و نەجەف دەکەن.. لەگەڵ ئەوەش سەردانی خومەینی دەکەن. هەوادارانی وتار و توێژینەوە ئایینییەکانی لەکاسێتدا دەبەنەوە بۆ ئێران و لە تۆمارگاکاندا تۆماری دەکەن و بلاوی دەکەنەوە. لەپێش شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی**١٩٧٩** لە(پاریس)ی پایتەختی(فەڕەنسا) دەژیا، ئەو ماوەیەی ئاوارەی عێراق بووە، بەهۆی بیروباوەڕ و نوسینی بابەت گەلێکی زۆر بۆ سەرهەڵدانەوەی شیعە لەجیهان.. بەتایبەت لە (ئێران) و ناوچەکە، سەرەڕای ناکۆکییە قوڵەکانیان لەگەڵ ئێران، بەردەوام حیزبی بەعس و عەرەبی سونە بە مەترسیان زانیوە.. بۆ داهاتووی خۆیان و مەزهەب و دەسەلاتییان، بۆیە هەمیشە لەژێر چاودێریدا بوو، ناچار دەگەنە ئەو باوەڕەی زیانی لەقازانجی زیاترە، لەعێراق دەریدەکەن دەچێتە ولاتی فەرەنسا. لەڕاپەڕین و شۆڕشی گەلانی ئێران

لەساڵی **١٩٧٩** لە فەڕەنساوە بە فڕۆکەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئێران**.** لەمەیدانی ئازادی دادەبەزێت، لەو کاتەدا شۆڕشەکە زیاتر پەیوەندی بەژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئێرانەوە هەبوو**..**نەک بەئایین و مەزهەبی شیعەوە، بەڵام بەهاتنەوەی(خومەینی) پشتگیریکردنی لەلایەن ئاخوند وپیاوە ئاییینیە توندڕەوە شیعەکانەوە، دەسەڵاتی لە ناوچەیەکی کەمی ئێراندا گرتەدەست و ناوی شۆڕشەکەیان نا شۆڕشی کاسێت**..** بەهۆی وتارەکانییەوە کە بەکاسێت دەیناردەوە بۆ ئێران**.** دواتر بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی و لەژێر زەبروزەنگ و کوشتن و بڕیندا وردە وردە دەسەڵاتی فراوانکرد، پەلاماری هەموو گەلە ئازادیخواز و چینە ئازادیخوازەکانیدا**.** لەیادمە ئەو دەمەی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دەستیپێکرد**..** من لەپۆلی سێی سەرەتایی بووم لەقوتابخانەی شێروانەی کەلاری کۆن**.** مامۆستا عەلی مامۆستای وانەی کوردیمان بوو، ڕۆژانە هەواڵی ڕاپەڕینەکەی بۆ دەگێڕاینەوە، هەرچەندە ئێمە منداڵ بووین ئەوەندە بەجوانی هۆکاری ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکەی بۆ دەگێڕاینەوە، لەئەنجامی ڕاپەڕیندا پێی وتین: دەسەڵات کەوتە دەستی ئیسلامە توندڕەوەکانی مەزهەبی شیعی**.** لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات سوپای پاسدارانیان پێکهێنا**..** بەئاگر و ئاسن پەلاماری نەیارەکانیان دا**.**

هەر لەو سەروبەندەدا پەلاماری کوردستانیان دا**..** ئەو کاتە **٩٠%**خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی حیزبە کوردستانییەکان و گەلی کورددا بوو**.**

لەساڵی هەشتاوە بەچاو ساغی(ق-م) کەپاش شکست سەری هەڵدایەوە**..** ئەو کات بنەماڵەی بارزانی(ئیدریس ومەسعود بارزانی) کوڕانی (مەلامستەفا)ی بارزانی ڕابەرایەتیان دەکرد، تا ئێستاش مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتییە**..** چەند ساڵێکیش دەستی گرتبوو بەسەر کورسی سەرۆکایەتی هەرێمدا، قیادەی موەقەتە شاربەشار **..** گوندبە گوند**..** سەنگەر بەسەنگەر لە پێشەوەی سوپای پاسدارانەوە بوون تاکو هەموو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی داگیرکرد و تاکۆتایی ساڵی **١٩٨٢** کۆتایی هێنا بەناوچە ئازادکراوەکان**.**

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات داوای هاوکاریان لەهەموو حیزبە کوردییەکانی باشور کرد بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن، تەنها حیزب هێزی چەکداری نارد بۆ ڕۆژهەڵات (ی.ن.ک)بوو**.** دوو پێشمەرگەی گەرمیان بەناوەکانی (محەمەد خدر)خەڵکی گوندی توکن و (حوسێن) جگارە خەڵکی (کەرکوک) لە(قەبری حوسێنی) ناحیەی (ئاڵوەتان)ی قەزای(سەردەشت) لە شەڕی بەرگری دژی پاسدارانی ئێران

شەهیدبوون**.** سەبارەت بەحکومەتی عێراق وحیزبی بەعس**..** عەرەبی سونە بەگشتی ساڵانێکی زۆر بوو مەترسی لەسەرهەڵدانەوەی مەزهەبی شیعە هەبوو بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی توندڕەوی شیعی لەناوچەکەدا، دەرکەوتنی خومەینی و بنیادنانی کۆماری ئیسلامی ئەو مەترسیيە بوو کەچەندین سەدەیە بەلای عەرەبی سونەوە بڤە بووە، بۆیە عێراق

و سەدام بەدوو مەبەست پەلاماری وڵاتی ئێران وحکومەتە دەڵەمەکەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دا.

یەکەم: بۆ پاشگەزبوونەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر کە لەنێوان هەردوو وڵات بەنێوەندگیری (هەواری بۆمدین)ی سەرۆکی وڵاتی (جەزائیر) مۆرکرابوو ، بۆ بڕین و ڕاگرتنی هاوکاری وڵاتی(ئێران) لەشۆڕشی کوردی باشور و ناچارکردنیان بە تەسلیمبوون و دەستهەڵگرتن لەشۆڕشی چەکداری، لە بەرامبەردا وڵاتی(عێراق) دەست هەڵگرێت لە بەشێکی کەنداوی عەرەبی بۆ وڵاتی(ئێران) و دانی پێدابنێت کە بەشێکن لەخاکی (ئێران) و هیچ مافێکی وڵاتی(عێراق)ی بەسەرەوە نییە.

دووەم: ئەو مەترسیەی لەم دەوڵەتە ئیسلامییە شیعە توندڕەوە هەیەتی لە ناوی ببات، یان بە شەڕ ناچاری هەندێ ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی بکات.. لەگەڵ عێراق و کۆتوبەندی بکات، ئەو مەترسیانەی هەیەتی کەمی بکاتەوە. ئەوەبوو پاش هەشت ساڵ "**شەڕکردن**"[٥] لە

---

٥. ئەم جەنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدرێژترین جەنگی کلاسیکی دادەنرێت، نزیکەی کوشتنی یەک ملیۆن مرۆڤ لە قوربانی و تێچووی یەک تریلیۆن و سەد و نەوەد ملیار دۆلاری ئەمرکی لێکەوتەوە. جەنگەکەش هاوکێشە سیاسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕی .. ئەنجامەکەشی مەزنترین کاریگەری لەسەر هۆکاری لێکەوتنەوەی جەنگی کەنداوی دووەم بەجێهێشت. ڕیشەی بنەمای ناکۆکییەکانی جەنگی ئێرانی – عێراقی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدەی بەسەرچوو، بەجۆرێک کە ململانێی و کێشمەکێش لەنێوان مەمالیکە یەک بەدوایەکەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیادا بەردەوام بووە بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتی فارسی.. یەکێکیش لە ڕیشەکانی ناکۆکییەکانیان پرسی سەروەرییە بەسەر ناوچەی ئەهوازدا کە عەرەبی باشوری ڕۆژئاوای ئێران لە هەرێمی عەرەبستان تێیدا نیشتەجێن.. کە ناوچەیەکە بە نەوت دەوڵەمەندە.. یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناکۆکی نێوان ئێران و عێراق پەیوەست بوو بە سەروەری پڕاوپڕی هەریەکەیان بەسەر ناوچەی شەتولعەرەب، کە ئەم ناوچەیە هەتا ساڵی **١٩٧٥**لەژێر دەسەڵاتی تەواوی دەوڵەتی عێراقدا بووە، بەڵام هەردوو وڵات دوای بەستنی پەیماننامەی شومی ئەلجەزائیری ساڵی **١٩٧٥**، کەتێیدا شاهی ئێران دەستی لەهاوکاری کوردەکانی عێراق هەڵگرت.. لەبەرامبەر ئەوەشدا عێراق لەمافی خۆی هاتەخوارەوە لەبەشێکی شەتولعەرەب بۆ ئێران.. بەم ڕێکەوتننامەیە عێراق سودی لە ڕاگرتنی هاوکاری ئێرانی بۆ کوردەکانی عێراق وەرگرت، ئەمەش بووە مایەی سەرکەوتنی ڕژێمی عێراقی بەسەر شۆڕشی کورددا. سوپای عێراقی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سەربە بلۆکی ڕۆژهەڵاتی بۆ چەندین دەیە.. پڕچەک دەکرا، لەدۆخی جەنگیشدا عێراق هەستا بە کڕینی چەک و تفاقی جەنگی لەیەکێتی سۆڤیەت و چین و میسر و ئەڵمانیا، هەروەها هەریەک لە ئەڵمانیا وفرەنساو بەلجیکا و شانشینی یەکگرتوو سەرەڕای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.. هەستان بە بونیادنانی بارخانەیەک

**١٩٨٠/٩/٢٢** تا **١٩٨٨/٨/٨** بەردەوام بوو، بەپێی ئامارێک(**٥٩١ ٢٣٣**) کەس کوژرا..(**٢٣٠**)هەزار کەس کەمئەندام بوون..(٦) هەزار کەسیش بێسەروشوێن بوون، دواتر بەبڕیاری (**٥٩٨**) نەتەوە یەکگرتوەکان شەڕ ڕاگیرا.

خومەینی بەهۆی ئەوەی باوەڕی بەمافی گەلان نەبوو، پێیوا بوو خەڵک لە ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بژێت پێویستی بەجیابوونەوە و خاک و نەتەوە نابێت، یەکێک بوو لە دوژمنە سەر سەختەکانی شۆڕش و گەلی کورد و کوردستانی ڕۆژهەڵات. هەر بۆیە بەمردنی دڵخۆشبووم، پێمان وابوو بەمردنی ئەم دوژمنە سەرسەختە هەندێ گۆڕانکاری لەسیاسەتی توندی ئاخوندەکاندا ڕوودەدات، بەڵام بەداخەوە لە**١٩٨٩/٦/٤**هاشمی ڕەفسنجانی دەسەڵاتی گرتەدەست لەخومەینی توندوتیژتر و خوێنمژتر بوو. لەپاش مانگێ گرتنە دەستی دەسەڵات دکتۆر(عەبدول ڕەحمان قاسملو) بەپیلانێک لەژێر ناونیشانی گفتوگۆدا لە(ڤییەنا)ی پایتەختی(نەمسا) لەگەڵ دوو هاوەڵی لە **١٩٨٩/٧/١٣** شەهیدکران. ڕۆژی**١٩٨٩/٦/٧** دوژمن کێومالێکی سەرتاسەری ناوچەی گەرمیاندا دەستپێکرد، لە زەوییەوە هیچ شوێنێک نەمابوو جاش و سەربازی لێ نەبووبێت.. بەوردی هەموو

---

لەچەکی کیمیایی و بایۆلۆجی.. تەنانەت فرەنسا تەکنۆلۆجیای ئەتۆمیشی بۆ عێراق دابین کرد، بەجۆرێک کە کۆمپانیایەکی فرەنسی "ریاکتۆرێکی ناوکی- مفاعل نووی" بەناوی ئۆسیراکەوە بۆ بونیاد-نا کە عێراق ناوی لێنابوو ریاکتۆری تەموزی ئەتۆمی، کە ڕۆژی ٧/حوزەیرانی /١٩٨١ لەلایەن پۆلە فڕۆکەیەکی جەنگی ئیسرائیلییەوە خاپورکرا. ڕێژەی کڕینی چەک و تفاقی جەنگی لەلایەن عێراقەوە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٩٠ گەییشتە نزیکەی ١٠% مامەڵەی کڕینی چەک لە جیهاندا.. کە بەم شێوەیەی خوارەوە عێراق چەک و تفاقی جەنگی بەدەستهێناوە:

- یەکیتی سۆڤییەت ٦١% کە بەهاکەی دەکاتە نۆزدە ملیار و دووسەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.
- فرەنسا١٨% بە بەهای پێنج ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.
- چین ٥% بە بەهای یەک ملیار و حەوت سەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.
- برازیل٤% بە بەهای یەک ملیار و سەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.
- میسر ٤% بە بەهای یەک ملیار و سەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.
- وڵاتانی تر پێکەوە ٦% بە بەهای دوو ملیار و نۆسەد ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

شیو و کونه(سوچەڕ و گورگ و کەمتیار و ڕێوی) و ئەشکەوتێکیان دەپشکنی، لە ئاسمانیشەوە خۆر بۆ خۆر ئاسمانی گەرمیان بێ کۆپتەر نەبوو.

## بینینی دوو زەلام لەهەردەی دەربەندتاڵە

لە**١٩٨٩/٦/٩**لە حەشارگەی کیمیایەکە بووین ئێوارە(شەهید مەجید و سەباح شێخ حەمیدی لەگەڵ کاک عوسمان وشەهید حەمە ڕەش) دا چوون بۆ بینینی برادەرانی ڕێکخراوی شار لەسەر بەرزاییەکانی(دەربەندتاڵە) دووزەلامیان بینیبوو. برادەران ویستبوویان بیانگرن، بەڵام ئەوان پێشتر برادەران دەبینن و هەڵدێن. دواتر برادەران بەوریاییەکی زۆرەوە دەچن بەرەو شوێنی چاوپێکەوتنی برادەرانی ناوشار.. (سەباح) گەڕایەوە بۆ لای ئێمە و ڕووداوەکەی بۆمان گێرایەوە و پێی وتین: کاک عوسمان وشەهید حەمەڕەش وتیان:پێمان وایە ئەوانە سیخوڕبن لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە نێردرابن.. پێشتر چاودێری سنورەکەیان کردبێ و ئاگاداری جموجوڵمان بن، بۆیە پێویستە ماوەیەک ئەم سنورە بەجێبهێڵین هەر ئەمشەو بەرەو هەردەی(دوڕاجی شۆراو) تاوێرکەوە بچن، ئێمەش پاش گەڕانەوەمان بەرە و ئەوێ دێین. پاش ماوەیەک بۆ جاری دووەم برادەرانی ڕێکخراوی شارمان بینی.. زانیاریان هەبوو دوو کەسەکە (ئیدریسی حەمەی سەمەد)ی ئۆمەربلی بوو.. ناوبراو لەشاڵاوەکانی ئەنفالی سێدا گیرابوو پاش مانگێ ئازاد کرابوو، بەهۆی سیخوڕی وپەیوەندی بەدەزگای ئەمنییەکانی کفریەوە، پاش ئازادکردنی جاشی(تەواری) بوو لای (هەڵکەوت ئۆمەربلی ونەجات سەمین باخەوان) هەردوو بەرپرسی مەفرەزەی جاشی (تەواری) سەربە (ئەمنی) کفری بوون. دووەمیان هاووڵاتییەکی ناوچە ئەنفالکراوەکان بوو، لەپێش ئەنفال مامۆستای شۆڕش بوو لەساڵانی(**١٩٨٥-١٩٨٨**)، لەپاش ڕاپەڕین هۆکاری هاتنەکەیم لێپرسی وتی: لەئەنفالدا ماتۆڕێکی لێخوڕینم لەنزیک گوندی قوڕیچای شاردبووەوە.. بۆ ماتۆڕەکە هاتبووین.

## تەسلیم بوونەوەی کاک عوسمان تلیشانی

کاک عوسمان تلیشانی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش بوو، یەکێک بوو لە پێشمەرگە وریا و جوامێرەکانی دەستەی(شەهید خالد گەرمیانی)، من و (شەهید فاروق ڕەشید بەلەگە) لەمانگی **١٩٨٧/٢** لەبارەگای مەڵبەندی یەکەوە خۆمان گواستەوە بۆ کەرتی شەشی تیپی(**٥١**)ی گەرمیان، (کاک عوسمان) یەکێک بوو لەفەرماندەی مەفرەزە چاپوک و قارەمان وخۆنەویستەکانی ئەو کەرتە، هەر لەو ساڵەدا بوو بە جێگری فەرماندەی کەرتەکە. یەکێک بوو لەعەدەد ئاربیجییە بەدەست و بردو نیشان شکێنەکان، بەشەوە زەنگی ئەنگوستەچاو کام خاڵ یان قولەی دوژمن سەخت وتوند بووایە.. بە گوللە ئاربیجییەک دەیپێکا. لەکاتی پارتیزانیدا..

یەکێک بوو لەفەرماندە و پێشمەرگە وریا و وردبین و چاوکراوەکان.. لەو خەباتە نوێیەدا. سودی زۆر لەشارەزایی و پێشنیاز و تێبینیەکانی وەردەگیرا. لەو ماوەیەدا توشی نەخۆشییەک بوو، لەگەڵ ئەو نەخۆشییەدا توشی هەندێ کێشەی دەروونی و گۆشەگیری بوو بوو، ڕۆژی **١٩٨٩/٦/١٦** لەگەڵ (رزگار رەئوف بێگەرد) بۆ ئەرکێک دەچن بەجێی دێڵێت و دەچێت تەسلیم دەبێتەوە. بەلاَم بۆ مێژوو دەڵێم بەقەد نوکە دەرزییەک زیانی بەپارتیزانەکان نەگەیاند، لەکاتێکدا کون و قوژبنی گەرمیان شارەزابوو، هەموو شوێنێ حەشارگە و چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی ناوشار شارەزابوو، دەیان نهێنی گرنگی لابوو،پاش تەسلیم بوونەوەی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی دوژمنەوە فشاری زۆری خرابووە سەر، کەچی بچوکترین زانیاری بە دوژمن نەدا.

پاش چەند مانگ بەندکردن لەلایەن ڕژێمەوە ئازادکرا. ئێستا خانەنشینی کەمئەندامە .. کە پاش ئەوەی لەداستانە بێوێنەکەی ناحیەی سەرقەلاَ بەفەرماندەی کاک عوسمانی حاجی مەحمود لەڕۆژی**١٩٩١/١٠/٧** لەشەڕێکی قارەمانانەدا کەزیاد لەبیست تانکی دوژمنی تێداگیراو سوتێنرا.. بەسەختی بریندار بوو. دیسان جارێکی دیکە ناوچەی (کفری) و هەردەی(گوبان عەرەب)مان بەجێهێشت، چووین بۆ نێوان گوندی(شۆراو پەڵکانە) لەنزیک قەزای(خورماتوو) لەوێ چەندجارێک گوللەی تۆپی مەشقی(مجاهدین) زۆری نەمابوو بکەوێتە ناومانەوە.. هەموومان شەهید و بریندار بکات. چونکە ئەو سنورانە ناوچەی قەدەغەکراو و چۆڵ بوون.. کەوتبوونە نێوان قەزای خورماتوو هێزەکانی مجاهدینەوە لەدەشتی (پەتەکی) و بەرزاییەکانی ڕۆژهەلاَتی گوندی (شۆراو)ەوە.

## گەڕانەوەی هەندێ لەبرادەران بۆ سەرسنووری ڕۆژهەڵات

چەند ڕۆژێک بوو لەهەردەی نێوان گوندی(شۆڕاو) و هەردەی (تاوێرکەوە)ی نزیک قەزای خورماتوو بووین. دەنگوباسی بەڕێکەوتنی دەستەکانی(کاک کوردۆ و کاک مەحمود سەنگاوی) هەبوو لەبارەگاکانی سنورەوە بۆ گەرمیان. ژمارەیەک پێشمەرگەی دەستەکانی گەرمیانیش بەنیازبوون بۆ حەوانەوە.. بگەڕێنەوە بۆ بارەگاکانی سەرسنوری ڕۆژهەلاَتی کوردستان. ئەو ڕۆژە زۆر دڵتەنگ بووین.. کەژمارەیەک هاوڕێ و هاوسەنگەرمان لەو خەباتە سەخت ودژوارەدا بەجێماندەهێڵن، ڕەنگە ئەمڕۆ دوا دیدارمان بێت و جارێکی دیکە نەیانبینینەوە، ئەو ڕۆژە زۆر بە پەرۆش و تامەزرۆوە.. وتووێژمان دەکرد دەتگوت ئەو ماوە درێژە پێکەوە بووین تەنها یەک ڕۆژ بووە، لەبەیانییەوە نان و ناوساجییەکی زۆرمان کرد بۆ ئەو برادەرانەی بەنیازی سەفەربوون. وێنەیەکی زۆرمان گرت کەژمارەیەکی باشی ئێستاش ماوە، تا ئێوارە بەیەکەوە بووین، بۆ ئێوارەی **١٩٨٩/٦/٢٠** ماڵئاواییمان لەیەک کرد. بەلاَم پاش چواردە ڕۆژ لە **١٤/ ٧** لەگەلاَ هەمان شارەزای دەستەکەی کاک کوردۆ و کاک مەحمود دا..بەدوو دەستە لەگەڵ دەستەکانی شەهید حەمەڕەش و شەهید سەید جەوهەر و کاک شێخ کەریمدا گەڕانەوە بۆ سنور، بەپێویستم نەزانی

ناویان بنوسم چونکە جگە لە شەهید حەمە ئاخە ئەو سێ دەستەیە هەموویان چوون بۆ سەر سنور پێشتر ناویانم نوسیبوو. لەدەستەکەی ئێمە ئەم هاوڕێیانەمان ماڵئاواییان لێکردین:

١-شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید.
٢-شەهید کامەرانە ڕەش.
٣-شەهید مامە قالەی ئۆمەربلی.
٤-شەهید عەلی فەقێ مستەفایی.
٥-مەلا سەعید.
٦-شکور قەرەبلاغی.
٧-عەلی ئۆمەربلی.
٨-بورهان عەبدول ڕەحمان (بورهان زەرداوی).
٩-جەمال مەلا ئۆمەری.

ئێمەش هەریەک لەم پێشمەرگانەی خوارەوە ماینەوە:

١-کاک عوسمان حاجی مەحمود.
٢-سەباح شێخ حەمیدی.
٣-جەماڵ شێخ حەمیدی.
٤-عوسمانی مەلا جەمیل.
٥-حەسەن حەمید.
٦- شەهید مەجید.
٧-عەلی غایب.
٨-شەهید کامەران هیدایەت.
٩-شەهید کاکە توکنی.
١٠-بەندە حەمە ڕەشید توکنی.

پاش بەڕێکەوتنی ئەوان ئێمەش زۆر بەدڵگرانی.. بەرەو هەردەی دوڕاجی گەڕایینەوە.

## خواردنی پێنج کیلۆ خورما

شەوی **٢٣-١٩٨٩/٦/٢٤** من و (شەهید مەجید و سەباح).. لەگەڵ کاک عوسمان چووین لەچاڵەکانی خوار کێڵگە پەلەوەرییەکەی (مەلا بەنزین)ی نزیک قەزای(کفری) چاومان بە برادەرانی ڕێکخراوی ناوشار کەوت، هاوڕێ سوپا و کاک عەزیز هاتبوون، پاش نانخواردن لەگەڵ برادەران و گۆڕینەوەی نامە و زانیاری پێنج فەردە خواردنیان لەشەکر و برنج و پێداویستی دیکە هێنابوو..لەگەڵ هەندێ گۆشت و تەماتە و بامیە و پێنج کیلۆ خورمای شلدا، دەمەو بەیان

گەییشتینە لای برادەران لەکیمیاییەکە گۆشتەکەمان لە کیسە نایلۆنەکە دەرهێنا بۆنی کردبوو. هەر بەیانیەکەی پاش هەندێ وتوویژ برادەران وتیان گۆشتەکە خراپ بووە.. دەبێت فرێی بدەین، ئێمە هەندێکمان وتمان ئەم گۆشت و تەماتە و بامێ یە ئەگەر بشمانکوژێ هەر لێی دەنەین و دەیخۆین، چونکە بەبیرمان نایەت کەی تەماتە و بامێ و گۆشتمان خواردووە. پێمانوایە لەمانگی ١٩٨٨/١٢وەوە گۆشتمان نەخواردوە، تەنها چەند جارێک نەبێت لەکاتی بینینی برادەرانی رێکخراودا. هەندێ لە برادەران ئەوەشیان نەخواردبوو. (عوسمان مەلا جەمیل و شەهید مەجید و شەهید کاکە) وتیان: ئێمە ئارەزوومان لەخورما و ڕۆنە. ئێمەش وتمان: گۆشتەکە بۆنی کردووە ئێستا نەیکەینە چێشت دەبێت فرێی بدەین. وتیان باشە بامێ و گۆشتەکە بکەن، بەڵام هەندێ خورما و ڕۆنیش دەکەین. کاک عوسمان وتی: کاکە تەنیا بامێ و گۆشتەکە دەخورێ خورماکە خەسار دەبێ هەڵیبگرن بۆ ژەمێکیتر. عوسمان مەلا جەمیل وتی:

-خورماکەش دەخورێ، کاک عوسمان بۆ گاڵتە وتی:

-ئەوەی خورما و ڕۆن بخوات بامێ و گۆشت ناخوات، عوسمان وتی:

-قبوڵمانە تەنها خورما دەخۆین، ئێمەش وتمان:

-باشە ئێمەش قبوڵمانە، عوسمان هەموو خورماکەی هێنا و کردی بەدوو بەشەوە کەپێنج کیلۆ بوو. کاک عوسمان وتی:

-عوسمان ئەوە زۆرە خەسار دەبێت.

-کاک عوسمان زۆر نییە ئەگەر بماندەنێ هەمووی دەخۆین.

-عوسمان ئەوە دوو کیلۆ خورما زیاتر دەبێ ئەو هەمووە بە سێ کەس ناخورێ.

-کاک عوسمان ً دەخورێت من بەتەنهاش ئەمە دەخۆم.

-عوسمان ئەو خورمایەبخۆی دەتکوژێ.

-ئەگەر ڕازی بن هەر هەمووی دەکەینە خورما و ڕۆن و دەیخۆین.

-عوسمان بە سێ کەسەوە پێنج  کیلۆ دەخۆن؟

-ئەرەوەڵا دەیخۆین.

-باشە هەمووی بکەن ئەگەر خواردتان چیتان بویێت دەتاندەمێ. ئەگەر نەتانخوارد وای لەحاڵتان.

-ئەگەر هەموویمان خوارد یەک تەبەقە هێلکەمان دەوێ، ئەگەریش نەمانخوارد ئەوە ئامادەین بۆ هەموو شتێ.

-باشە ئێوە بیخۆن هێلکەکەتان بۆ دێنم. چوار کیلۆ خورما و ڕۆن کرا. (شەهید مەجید و شەهید کاکە) لەسێکوتیدا دەستیان هەڵگرتوو، وتیان ئێمە تەواو هیچی دیکەمان پێناخورێت یەک تیکەی تر بخۆین دەتەقین، بەڵام عوسمان بەبێ نان کەوتە گیانی هەر خورمای دەخوارد وهەموومان چاومان تێبڕیبوو ئەم هەموو خواردنە دەکاتە کوێ، هەمووی خوارد لە کاتێکدا عوسمان لە هەموومان کەمخۆرتر بوو. وتمان بەخوا ئەم هەموو خورمایە دەیکوژێت. تا سێ ڕۆژ

جگە لەئاو هیچی پێنەدەخورا. دواتر هەموو جارێک دەیگوت کاک عوسمان تەبەقە هێلکەکەمان بۆ بێنە. شەهید مەجید پێدەکەنی و دەیگوت خورما گرتوومی دەچمە سەرئاو دەست بەبنچکێکەوە دەگرم وپێم لەزەوی توندەکەم هەرچی دەکەم ڕزگارم نابێ.

## ڕۆیشتن بۆپێشوازی
## کاک مەحمود سەنگاوی و کاک کوردۆ قاسم

**١٩٨٩/٧/١** من وشەهید مەجیدلەگەڵ کاک عوسمان بەڕێکەوتین بۆ ناوچەی زەنگەنە،٧/٢ چووینە لای برادەرانی کاک ئەحمەدوان کە ماڵئاواییان لێمانکردبوو.. بە مەبەستی چوون بۆ سنوری ڕۆژهەلات، هێشتا لە حەشارگەی بەراوەکەی ( قادر ئەحمەد)بوون لەنێوان گوندی (مەلا ئۆمەرو تۆپخانە)دا چاوەڕوانی گەییشتنی دەستەکانی(کاک کوردۆ و کاک مەحمود) بوون، تا ئەوانیش لەگەڵ هەمان شارەزادا بگەڕێنەوە سەرسنور.

ڕۆژی **٧/٣** من و شەهید مەجید و شەهید کاک ئەحمەد لەگەڵ کاک عوسمان) چووین بۆ چیای(ئاژداخ) بۆ لای شەهید حەمەرەش، چووینە ئەشکەوتی (هەژارئاوا)کە بەهەڵدێرێکدا سەرکەوتین دەبوو دەستت گیربکردایە لەزبری تاشە بەردەکە و بەزەحمەتێکی زۆر سەر بکەویت. هەموو کەسێک نەیدەوێرا بەو هەڵدێرەدا سەربکەوێت. بۆ ئێوارە کاتی خۆرئاوابوون شەهید (خەباتەسور و رزگار رەئوف بێگەرد) وتیان: ئێمە دەچین بۆ ئاو لەگوندی(پێنج ئەنگوست) لەگەڵمان دێیت؟ گوندی(پێنج ئەنگوست) دەکەوێتە دامێنی ڕۆژئاوای چیای (ئاژداخ)ەوە بەسەر گوندەکەوە پێنج لوتکەی تیژی بچووک لە شێوەی پێنج پەنجە وەستاوە هەر بۆیە ئەو گوندە بەوناوە ناونراوە. دەستەکەی شەهیدحەمە ڕەش لێرەبوون وەک:

**١**-شەهید حەمەڕەش.
**٢**-شەهید خەباتەسور.
**٣**-شەهید حەمەئاخە.
**٤**-ڕزگار ڕەئوف بێگەرد.
**٥**-هونەر شێخ عەلی.

سبەی پاش یەک ساڵ لەگەڵ حوسێن برام و بورهان ئامۆزام کەلە بارەگای (مەڕگاوان)ی نزیک گوندی (دزڵی) سەربە قەزای(مەریوان)ی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوون بەبێتەل قسەم لەگەڵ کردن. لەهەمان کاتدا شەهید حەمەڕەش و کاک عوسمان لەگەل خوالێخۆشبوو مام جەلالدا گفتوگۆیان کرد، پاش گفتوگۆکە شەهید حەمەڕەش وتی:مام زۆر سوپاس و ستایشی کردووین و دەڵێت هەرچی پێشمەرگەمان لەسنوری ڕۆژهەلات هەیە بەقوربانی من بن منیش بەقوربانی ئێوەی پارتیزان و کوڕی ڕۆژی تەنگانە بم.. ئەم گەل وخاکە قەرزاری ئێوەی گیان

فیدان.. کە چۆکتان بەمەحاڵ داداوە، ئەگەر بێت و ڕۆژێک بستێ خاکی ڕزگارکراومان هەبێ شایەنی ئەوەن پەیکەری زێڕینتان بۆبکرێت. ڕۆژی ٧/٤ توشی نەخۆشی گرانەتا و ڕشانەوەیەک بووم حاڵم زۆرخراپ بوو.. توانای هەستان و نانخواردنم نەمابوو .

# هاتنی کاک کوردۆ و کاک مەحمود بۆ گەرمیان

ڕۆژی **١٩٨٩/٧/٥**پێش نیوەڕۆ کاک مەحمود وکاک کوردۆ و بەشێک لە هێزەکەیان گەیشتنە ئەشکەوتی (هەژارئاوا) لەچیای(ئاژداخ) شوێنی حەشارگەی شەهید حەمەڕەش و دەستەکەی بوو. ئەو ڕۆژە زۆر نەخۆش بووم.. لەجێگادا کەوتبووم.. توانای هەستان و نانخواردنم نەبوو. بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی لەشمەوە دووجار خوێنی لوتم بەربوو چەند ئاوم بەسەرمدا دەکرد و لۆکەم دەخستە لوتم بێ سود بوو، خوێنەکە دەگەڕایەوە بۆ قوڕگم. لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە خۆم دابووە سەرتاشە بەردێکدا و دەرشامەوە، (حەمە ئێرانی)لەگەڵ کاک مەحمود دا هاتبوو هەندێ دەرزی و دەرمانی هێنابوو دەرزییەکی لێدام. شەهید(هەژار) هات بۆ لام کە یەکەم جاربوو ببینم، پاش هەواڵ پرسین دەستیکرد بەشێلانی شان ومل و کۆڵنجم. ئەم دەستە پێشمەرگەیە لەڕێگای سورێن و شارەزوورەوە بەڕێنوێنی و شارەزایی کاک مەحەمەد(حەمە سیاسی و شەهید مام ڕەئوف) و چەند فەرماندەیەکیتر زۆربەیان پێشتر پێشمەرگەی تیپی(**١٥**)ی هەورامان بوون گەیشتنە لامان، بۆ یەکەمجار من کاک حەمە سیاسیم لەمانگی**١٩٨٦/٧** لە مەڵبەندی یەک لە گوندی(بەلەگەجار ) ناسی، کە لەسەر بێتەلی مەڵبەند بوون لەگەڵ (حەمە ڕەحیمی جیهاز و کاک هۆشیار) دا حەمە سیاسی پێشمەرگەیەکی قارەمان و بەهیمەت بوو.. لە هێنان و بردنی دەستە پارتیزانەکان و ڕێنوێنیان بۆ سنور.. ڕۆڵی کاریگەری هەبوو. هەندێ لەم برادەرانە بۆ سبەی هەریەکە بەلایەکدا ڕۆیشتن، هەندێکیان لەگەڵ (حەمە پاریۆڵە) بەرەو ناوچەی باوەنور ڕۆییشتن. هەندێکیان لەگەڵ کاک (مەحمود و کاک عوسمان) بۆ لایەکی دیکە ڕۆییشتن کاک (کوردۆ) و چەند برادەرێک لای شەهید حەمەڕەش مانەوە. من بەهۆی نەخۆشی گرانەتاوە کەوتبووم توانای ڕۆییشتنم نەبوو، دەستەی دووەمی ئەو برادەرانەی لەگەڵ کاک کوردۆ و کاک مەحمود دا هاتبوون لە **١٩٨٩/٧/٢٥** لەڕێگای شاربازێڕەوە گەیشتنە گەرمیان، هەموو پێکهاتبوون لەم فەرماندە و پێشمەرگانە:

**١**-کاک مەحمود سەنگاوی.

**٢**-کاک کوردۆ قاسم لەمانگی**٢٠١٥/١٢** بەنەخۆشی شەهید بوو.

**٣**-محەمەد مەحمود عەبدول کەریم ناسراوە بە(حەمە چاوجوانی کفری) **٢٠١٤/٨/٩** لە شەڕی دژبە "داعش"دا شەهیدبوو.

**٤**-شەهید یاسین ئەحمەد مستەفا ناسراوەبە(مامۆستا یاسین) لە**١٩٩٠/١١/٦** شەهیدبوو.

**٥-**شەهید هەڵکەوت ئەحمەد غێدان لە**١٩٩١/٣** لەشەڕی مجاهدین لە قەزای کفری شەهیدبوو.

**٦-**شەهید خەلیل ئیبراهیم ناسراو بە (هەژاری ئاساییش) **٢٠١٥/٤/٨** لە شەڕی دژبە "داعش"دا شەهیدبوو.

**٧-** سوهاد داود حەمە کەریم ناسراوە بە (سوهاد خانەقینی)، ناسراوە بە کۆپتەر شکێنەکەی یەکێتی، بۆ یەکەمجار لەپێش چاوی پێشمەرگە کۆپتەر بکەوێتە خوارەوە لە ڕۆژی **١٩٨٧//٩/٣٠** لەشەڕی بورجەکەی دارەڕەش بە چەکی(سام حەوت) لەمەیدانی شەڕەکەدا کۆپتەرێکی خستە خوارەوە.

**٨-**میقداد بەهادین محێدین(میقدادی برای شەهید شێخ جەمال).

**٩-**ماجد عەبدول ئەحمەد ناسراوە بە (ماجد فەیلی).

**١٠-**محەمەد عەبدولکەریم ناسراوە بە(حەمە پاریۆڵە).

**١١-**نەجم عەبدوڵا عەباس ناسراوە بە(مامۆستا نەجم).

**١٢-**ئیبراهیم ئەحمەد قادر ناسراوە بە(بلە دیسکۆ).

**١٣-**محەمەد فەرەج شاسوار ناسراوە بە(حەمە ئێرانی).

**١٤-**نەبیل مەولود ناسراوە بە(ئازاد قەڵە ڵوسی).

**١٥-**تەڵعەت حەسەن عەلی ناسراوە بە(شەماڵ نارێنی).

**١٦-**هاوڕێ ئەحمەد محەمەد ناسراوە بە(دکتۆر هاوڕێ).

**١٧-**حەسەن ئیبراهیم ئەحمەد ناسراوە بە(حەسەن شێخ لەنگەری) لە ساڵی**١٩٩٠** تەسلیم بۆوە.

**١٨-**شەهاب ئەحمەد حەسەن ناسراوە بە(شەهاب خانەقینی).

دواتر شەهید (حەمەئاخە )لەدەستەکەی شەهید حەمەڕەش مایەوە و لەگەڵا (شەهید حەمە کادر) لە دەستەکەی شەهید سەید مەحەمەد چوونە لایان، بوون بە بیست پێشمەرگە.

کاک کوردۆ و کاک مەحمود دووەم جاریان بوو بگەڕێنەوە بۆ گەرمیان.. جاری پێشوو لە مانگی **١٩٨٨/١١** بوو ویستیان لە سنوری چیای سورێن و ناوچەی شارەزوورەوە بگەنە گەرمیان بەڵام لەبناری سورێن مینێک بە شارەزاکەیاندا دەتەقێتەوە بەناوی (مام ناجی) بەسەختی بریندار دەبێت، دەبێتە هۆی لەدەستدانی لاقێکی. بەو هۆیەوە دەگەڕێنەوە.

# لەچیای ئاژداخەوە بۆ سنوری کفری

ڕۆژی**٧/٧**من و شەهید مەجید..لەگەڵا کاک کوردۆ چووین بۆ لای برادەرانی کاک ئەحمەد لەحەشارگەی بەراوەکەی(قادر ئەحمەد) لەنێوان گوندی(مەلا ئۆمەرو تۆپخانە)، ئەو چەند ڕۆژە..

تەندروستیم باشبوو.. نزیکەی سێ کیلۆ بەری(بایەف)م کۆکردەوە لەگەڵ خوێدا کوڵاندم زۆر بەتام بوو.. دەتگوت ناوکی بادەمە، بەبرادەرانم گوت: من بۆق دەگرم و دەیخۆم کێ دەیخوات بابێت لەگەڵمدا بیگرین ئەوەی نەیەت بەشی نادەم. وتیان: ناخۆین، بیست و چوار دانەم گرت و لەناو تاوەیەکدا سورم کردەوە زۆر جوان سور بۆوە، کاتێک هێنام بۆ خواردن وتم: کێ دەخوات با بفەرموێت؟ زۆربەیان شەریکم بوونەوە، ئینجا دەیانگوت: نەماندەزانی ئەوەندە بەلەزەتە ئەگینا ئێمەش دەهاتین ژمارەیەکی زیاترمان دەگرت.

ڕۆژی ٧/٨من و (شەهید مەجید و کاک کوردۆ) بەڕێکەوتین بەرەو ناوچەی کفری بۆ دەمەو بەیان هاتینە چەمی(پەڵک) حەشارگەکەی(عەزە تەمە) بوو،، لەنێوان گوندی (بنەکەو عەلەیانی کۆندا) هەندێ ترێی باشی لێبوو، تێر ترێمان خوارد.

ڕۆژی ٧/٩ تا ئێوارە کۆپتەر بۆ یەک خولەک نەیهێشت بخەوین، نیوەڕۆ تا چاییەکمان لێنا زیاد لە (١٠) جار ئاگرمان کردەوە و کوژاندمانەوە، دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە سەرقاڵی کێوماڵێکی گشتگیر بوو. ئەو ڕۆژە زۆر ماندوو و بێزاربووین، ویستم نامەیەک بنوسم تا کۆتایی زیاد لەپێنج جار کۆپتەر هاتەسەرمان، هەموو جارێک کۆپتەرەکان دەهاتن نوسیبووم دیسان کۆپتەر هاتەوە. پاشان خوێندمەوە هەمووی هاتوچووی کۆپتەر بوو. کاک کوردۆ وتی: ئەرێ ئەم ماوە دوورودرێژە لەخوارەوە بوون، دوژمن بەم شێوەیەی ئەمڕۆ فشاری لەسەرتان دروستکردبوو، هەرواش حاڵتان وا خراپ بوو بەدەست کێوماڵەوە؟

وتم: بەڵێ لەپاش کۆتایی لێبوردنەکەی له١٩٨٨/١٠/٦وە بەردەوام ئاوایە.. دوژمن شەو و ڕۆژ بە دوامانەوەیە.. بۆ کاتژمێرێک زەوی و ئاسمانی گەرمیان بێ دوژمن نەبووە. وتی:بەڕاستی ژیانێکی سەخت و دژوارە.. پیاوی مەرد و ڕۆژی ڕەش و بەهەڵوێستی دەوێت. بۆ دەمەو بەیان گەیشتینە لای برادەران لە حەشارگەی (تەنورەکە) دەکەوێتە نێوان گوندی (گۆبان عەرەب و ئیبراهیم خان)ەوە کە خەڵکی سنورەکە پێی دەڵێن مامڵە تەپە,نزیکەی سێ کیلۆمەتر لەجادەی گشتی(کفری-سەرقەڵا) دوورە.

# تیرۆرکردنی دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملۆ

دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ له١٩٣٠/١٢/٢٢ لەشاری ئورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، دکتۆرای لەبواری ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بەدەستهێناوە، لەساڵی١٩٦٢ تا١٩٧٠ لەزانکۆی (پراگ) لەوڵاتی(چیکۆ سلۆفاکیا) وانەی وتۆتەوە.. ماوەیەک لەحیزبی(تودەی) ئێران کەچەپ بوو کاریکردووە دواتر لەناو (ح.د.ک)ی ئێران بووە. دواتر بووە بەسکرتێری ئەو حیزبە.. تا ١٩٨٩/٧/١٣ لە(ڤییەنا)ی پایتەختی(نەمسا) لە کاتی وتوێژ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.. بەئاشتی لەلایەن کاربەدەستانی(ئێران)ەوە تیرۆرکرا. ناوی

خێزانی(نەسرین قاسملۆ) منداڵەکانی(مینا قاسملۆ) (**١٩٥٢**) و (هیوا قاسملۆ) (**١٩٥٥**) دکتۆر عەبدولرەحمان چەند وتار و بابەت و کتێبی لەسەر گیروگرفتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان نووسیوە.. بەناوبانگترینیان (کوردستان وکورد)ە، ئەم کتێبە بەزمانی(چیکی) نوسراوە.. دواتر بۆ زۆربەی زمانە بەناوبانگەکان وەرگێڕاوە وەک(ئینگلیزی، سلۆفاکی، پۆڵەندی، عەرەبی، فەڕەنسی، ڕوسی، ئەڵمانی). قاسملۆ لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکرات وەک سکرتێری حزب هەڵبژێردرا، بۆ ماوەی(١٨) ساڵ سکرتێری حیزب بوو، ئێوارەکەی نزیک کاتژمێر شەش من و سەباح لەگەڵا کاک عوسمان و کاک کوردۆ بەڕێکەوتین بۆ لای برادەران لەکیمیاییەکە. پاش ئەوەی لەچەمی (کفری گۆبان) تێپەڕبووین.. لە ڕێگای ڕادیۆوە گوێبیستی هەواڵی شەهید و تیرۆرکردنی (دکتۆر عەبدولرەحمان و عەبدولای قادری ئازەر) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئەوروپا (دکتۆر فازڵ ڕەسوڵ) دانیشتووی کوردستانی باشوور لەسەر مێزی گفتوگۆ لەڤیيەنای پایتەختی نەمسا تیرۆرکراون. هەواڵێکی زۆر ناخۆش و جەرگبڕ بوو. جێگای داخ بوو پیاوێکی تێکۆشەر و زانایەکی هەڵکەوتوو لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسەتدا، لە سەختترین کات و نەهامەتی گەلەکەماندا لە سەرمێزی وتووێژ بەدڕندانەترین شێوە تیرۆر بکرێن، لەپایتەختێکی ولاتانی ئەوروپای منداڵدانی یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و تیرۆر و مافی مرۆڤ و مافی گەلان ...هتد.

# گواستنەوەمان بۆ حەشارگەی سێ قازان

ڕۆژی**١٩٨٩/٧/١٤** چووین بۆ حەشارگەیەکی نوێ بەناوی(سێ قازان).. شوێنێکی قوڵی تاوێراوی و چەند ئەشکەوتێکی باشی تێدابوو.. لەسەرەوە تا خوارەوە نزیکەی سەد مەترێک سێ ئەشکەوتی تێدابوو جێگای خۆمان و گوێدرێژەکانیشی بەئاسانی دەکردەوە، بەهۆی ئەو سێ ئەشکەوتەوە دەڵێن سێ قازان. یەک کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری بەرزایی(باوەشاسوار) و پێنجسەد مەتر ڕۆژئاوای بەنداوی ئێستای کفرییەوە، بەهۆی نزیکی شوێنەکە لەقەزای (کفری) و ڕەبییەکانی باوەشاسوارەوە زۆر هێمن و بێ گومان بوو. شەوان سەربازەکان بەدەنگی بەرز وتووێژیان دەکرد گوێمان لێدەبوو. حەشارگەکە گۆمێ ئاوی لێبوو، بەڵام بەهۆی سوێری و وەستانی ئاوەکەوە بۆ خواردن نەدەشیا. بۆ گوێدرێژ و شت شۆردن باشبوو . ئێواران دەچووین لە چەمەکە نزیک تاوێرە بڕاوەکەی سەرووی (باوەشاسوار) ئاومان دەهێنا بۆ خواردن.

بەهۆی تێپەڕبوونی کات و فشاری دوژمن لەکێومالْکردن و ناردنی دەستە و تاکە کەس بۆ سیخوڕیکردن و شوێنپێ هەڵگرتنی پارتیزانەکان و گۆڕینی تاکتیکی دوژمن، ئێمەش تاکتیکی نوێ و شێوازی خۆحەشاردان و شاردنەوەی خۆراک و پێداویستیەکانمان بەشێوازی نوێ و داهێنانی نوێ دەپاراست. بۆ نمونە لەسەرەتای پارتیزانی لەساڵی**١٩٨٨** ناوچە دوور دەستەکانمان

لا پەسەند بوو، خۆمان لەشار و دوژمن و ئاوەدانی بە دوور دەگرت، بەڵام بە پێچەوانەوە لەکۆتایی **١٩٨٨** وردەوردە خۆمان لەشارەکان نزیککردەوە. بۆمان دەرکەوت چەند نزیکتر ببینەوە ئەوەندەی دیکە پارێزراو و بێ مەترسیتر دەبین. لەساڵی **١٩٨٩**دا چەندین حەشارگەی نوێمان لەنزیک شارەکانی (سەرقەڵا و کفری و سلێمان بەگ و خورماتوو) هەڵبژارد تا نزیکتر بووینەوە ئاسودەتر دەبووین، دوا شوێنی زۆر نزیکمان ئەم حەشارگەیە بوو.. نزیکەی یەک کیلۆمەتر لەقەزای کفری و ڕەبییەکانی دەربەندتاڵە و باوەشاسواری سەر کفریەوە دوور بووین. ئەشکەوتێکی باش هەبوو هەفتا مەتر لەخواروی خۆمانەوە بوو.. بەڕۆژ گوێدرێژەکانمان تێدا دەبەستەوە. ڕۆژێکیان کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی مانگی **١٩٨٩/٨** بوو یەک لەبرادەران چوون بۆ چاودێریکردن بە پەلە گەڕایەوە.. وتی یەکێک لەگوێدرێژەکان چۆتە سەر بەرزی ئەشکەوتەکە و دەلەوەڕێ لەبەرامبەر ڕەبییەی باوەشاسوار، هەموو خەمیان لێهاتبوو.. چۆن بیهێننە خوارەوە و ڕەبییەکە نەمانبینێ. بینینی گوێدرێژ لە ناوچەیەکی قەدەغەکراو و بێژیان.. ڕاستەوخۆ گومانی بوونی مرۆڤ و پێشمەرگە دەگەیەنێ، بۆیە دەبوو بەهەر نرخێک بێت.. گوێدرێژەکە بهێنینە خوارەوە.

وتم: ئێوە لێرە بن ئێستا دەچم دەیهێنم، بەڵام کەس لێرە نەیەت. وتیان: بۆ کەس نەیەت؟

هەر لەوێدا کڵاوێکی خاکیم کردە سەرم و جلەکانم داکەند.. تەنها شەرواڵەکەی ژێرەوەم هێشتەوە، وتم لەبەرئەوەی بەم شێوەیە دەچم، لەو لاترەوە ئەویش دادەکەنم، بەڕووتی و بەگاگۆڵکێ چوومە پشتی گوێدرێژەکە و هێنامە خوارەوە برادەران بە پێکەنینەوە.. وتیان بەڕاستی بیرکردنەوەیەکی باش بوو؟

وتم: زۆر بیرم کردەوە هیچ ڕێگەیەکی لەمە گونجاوترم نەدەزانی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەڕووتی تەنها سەری ڕەش دەکاتەوە و دەبینرێ ئەویش چارە دەکرێ.

ڕۆژی **١٦/٧/** لە سێ قازان بووین کاک(مەحمود و حەمە ئاخە و ئیبراهیم دیسکۆ) هاتن بۆ لامان.

## خیانەت ولەداوانی شەهید سەید محەمەد

شەوێکی سەرەتای مانگی **١٩٨٩/٨** بوو من و (سەباح شێخ حەمیدی و شەهید مەجید لەگەڵ کاک عوسمان) دا.. چووین بۆ بینینی برادەرانی ناوشار، وەک پیشەی هەمیشەیی لەچاڵەکانی خوارووی کێڵگە پەلەوەرییەکەی (مەلا بەنزین) هاوڕێ سوپامان بینی هەندێ خواردن وپێداویستی هێنابوو. پێی وتین ئاگاداری ژیانی سەیدمحەمەد هەن؟

کاک عوسمان وتی: ڕۆژانە پەیوەندی بێتەلمان هەیە، بۆ.. چی بووە؟

وتی:سەید چەند ڕۆژێک پێش ئێستا لەقەزای کەلار لە ماڵێکی گومانلێکراو بوو، وەڵامی بۆ م ناردبوو سەردانی بکەم، بەڵام من بەهۆی ئەو ماڵەوە نەچووم، شەوی پێشوو یان پێری شەو لە

ڕەبییەکانی دەرەوەی کەلار تەقەیەکی زۆرکرا دەنگوباسی وا هەیە (سەیدمەحەمەد) شەهید بووبێ یان بەبرینداری گیرابێ، دڵنیابن سەید شتێکی بەسەرهاتووە، بەڵام وردەکارییەکەی نازانم، چوونەوە هەوڵبدەن بەپەلە هەواڵی بزانن. کاک عوسمان لەگەڵا هاورێ سوپادا چاوپێکەوتنێکی نزیکیان دەستنیشان کرد، بڕیار وابوو تارۆژی چاوپێکەوتن.. هەردوو لامان زانیاری ورد لەو بارەیەوە کۆبکەینەوە.

سەید فەرماندەی یەکێک لە دەستە پارتیزانەکان بوو، بۆ کاروباری رێکخراوەیی وپەیدا کردنی پێداویستی دەستەکەی لە ساڵی ١٩٨٨ و٨٩ داچەند جارێک دەچێتە قەزای کەلارەوە، دواجار لە شەوی ٢٤-١٩٨٩/٧/٢٥ لەگەڵ (حەسەن ئۆمەربلی و نەوزاد کەریم فارس و کەریم ڕەشید) دەچێنە گوندی سەید خەلیلی نزیک کەلار (جەهانبەخش و سەباح گردەگۆزینەیی) لەوێ چاوەڕوانیان دەبن. سەید و کەریم ) لەگەڵ ناوبراواندا دەچنە ناو شاری کەلارەوە.. کەریم و سەید لەناوشاردا لەیەک دادەبڕێن، سەید دەچێتە ماڵی جوامێر و کەریمیش دەچێتە ماڵی خزمێکی، پاش دوو ڕۆژ کەریم دەگەڕێتەوە و سەید بەپیلانێک لەشەوی ٧/٣١ لەسەر ١٩٨٩/٨/١ لەماڵی (ڕەزای قالەجاف) ناسراو بە(جوامێری قالەجاف) دەسگیر دەکرێت. بەوتەی حەمەی وەلی.. جوامێر یەکێک لەپێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ئەیلول دەبێت لەساڵی ١٩٦١ لەگەڵ حەمەی وەلی و ڕەشید برای و چەند پێشمەرگەیەکدا.. یەکەم دەستەی پێشمەرگە لە سنوری چیای بەمۆ پێک دەهێنن، پاش چەند ساڵێک تەسلیم دەبێتەوە و دەبێتە پیاوی بەعس. یەکێک لەهاوڕێ پارتیزانەکانی سەید بۆی گێڕامەوە.. وتی سەید وتویەتی بۆ یەکەم جار جوامێرم لەگوندی سماق لە ساڵی ١٩٨٦ بینیوە و پەیوەندی پێمەوە کردووە، پاش ئەنفالیش لەمانگی ١٩٨٨/٦ لەڕێگای پێشمەرگەیەکی خزمی جوامێرەوە پەیوەندی نوێ دەکاتەوە و سەید چەند جارێک دەچێتە ماڵیان.

لە گەڵ گرتنی سەیددا ژمارەیەک پێشمەرگەی دێرین و خەڵکی دڵسۆزی سنورەکە گیران کەپەیوەندییان پێیەوە هەبوو وەک.

١-حاجی سیروان لەبەندیخانە بە دڕندانە و نادیار.. شەهید دەکرێ و تەرمەکەی نادرێتەوە.

٢- دڵسۆز ئەحمەد کەلاری .

٣- مەحەمەدی حاجی مەحمود هارونی.

٤-مەحەمەد عەبد عەلی ناسراو بەحەمەی وەلی، لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵا چەند کەسێکدا یەکەم دەستەی پێشمەرگە لەسنوری چیای بەمۆدا پێک دەهێنن، تاساڵی ١٩٦٤ پێشمەرگە دەبێت، دواتریش خزمەتی زۆری بەشۆڕشی کورد کردووە بەتایبەت(ی.ن.ک)، سەرەتای پەیوەندیکردنی پارتیزانەکانی پاش ئەنفال بەڕێکخراوی ناوشارەوە لەڕێگای کێڵگە پەلەوەرییەکەی ئەمەوە ئەنجامدرا کەدەکەویتە نزیکی ئاوەخوێڕی نێوان ناحیەی باوەنور و قەزای دەربەندیخانەوە، هەروەها کاک ئازادی سەگرمە کە لە١٩٨٨/١٠/١١ بەسەختی بریندار بوو، لەو ڕێگەیەوە شێخ سدیق بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی هاتە لای کاک ئازاد، هەر

لەو ڕێگایەوە کاک ئازاد برایە ناوشار بۆ چارەسەر کردن، ناوبراو خزمەتێکی  بێ وێنەی بە شۆڕشی کورد و پارتیزانەکان دەکرد. لە**١٩٨٩/١٢/٢٥** بەهەوڵی سەردار بەگی جاف خۆی و دوو هاورێی ئازاد دەکرێن.

**٥-**حەسەن عەبد عەلی ناسراو بە حەسەن وەلی.

**٦-**عوسمان مەحەمەد حاجی, عوسمان باوەنوری.

**٧-**ئیبراهیم سەمین سلێمان.

**٨-**خەلیل چیمەنتۆ.

**٩-**مەحەمد سەعید ناسراو بەحەمەی حیزب.

پاش ماوەیەک ڕوون بۆوە.. ئەو پیلانە ڕاستەوخۆ بەسەرپەرشتی (حاجی عەبد)ی مامی (صەدام) ی دیکتاتۆر (بەڕێوەبەری گشتی ئاساییشی عێراق) و (حەمەی عیسای پیرە) سەر بەمخابەراتی عێراق و بەهاوکاری ماڵی (جوامێر) ئەنجام دراوە، بۆ فریودان و سەرکەوتنی پیلانەکە و دڵنیاکردنەوەی سەید بەبڕیاری حاجی عەبد قالە سایەق شۆفیر و پیاوی ئەمن دەکوژرێت. ئەم خیانەتە زۆر گەورە و پیلان داڕێژراو بوو، پیلانەکە وابوو هەموو فەرماندەی دەستە پارتیزانەکان بەجارێ دەستگیر بکرێن و کۆتایی بەخەباتی پارتیزانی بهێنرێت، بەڵام پاش سێ جار چوونی سەید و دڵنیابوون لەوەی جگە لە سەید کەسی تربە داوەکەوە نابێت جێبەجێ کرا. سەبارەت بەتاوانبار و گومانلێکراوانی ئەم تاوانە ئەو کاتە و ئێستاش ژمارەیەک خەڵک ناویان دەهێنرێت بەشداربن لەو خیانەتەدا،پێم وایە ژمارەیەکیان بەدڵنیاییەوە تاوانبارن و هەندێکیان بێتاوانن و بگرە قوربانین، بۆ سەلماندنی قوربانی و تاوانباری و ڕاستکردنەوەی ئەو تۆمەتانە، پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ورد و دادگایەکی پاکی بێلایەن هەیە. ڕەوایە بۆ پاکبوونەوەی ئەوانەی تۆمەتبار کراون و بێتاوانن لەم خیانەتەدا خۆیان داوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ورد و بێلایەنانە بکەن.

حەمەی وەلی لەبیرەوەرییەکانیدا بەناوی(پشکم لەکوردایەتیدا) لەو بارەوە لەلاپەڕە **٨٩** دا لەبارەی شەهید سەید مەحەمەدەوە دەڵێت: پاش ئازاد بوونم چووم بۆ لای نقیب عەلی لەئەمنی عامە، وتم:(دە هەزار دینارم بۆ ئامادەکردووی لەماڵی خۆماندا بۆم داناوی.. یەک داواکاریم هەیە.. بۆم جێبەجێ بکەیت، نقیب عەلی وتی:چی بکەم؟ وتم هەوڵبدە تەنها سەید مەحەمەد لەسێدارە نەدرێت ئەگەر پەنجا ساڵا حوکمیش بێت قەیناکا، چونکە بڕوام بەوە هەبوو خوا هەر ڕۆژێک دەرگا لەکورد دەکاتەوە، نقیب عەلی وتی:بەداخەوە سەید مەحەمەد کوردەکانی خۆتان پارەی خوێنەکەیان وەرگرتووە و من هیچم لەدەست نایەت واش ڕێککەوتوون ئەگەر مەفرەزەکە هەموویان بێت واتە هەموو پارتیزانەکانی گەرمیان ئەوا یەک ملیۆن دینار وەردەگرن.. ئەگەر تاک تاکبوو دووسەد و پەنجا هەزار وەردەگرن)

شەهید سەید محەمەد کێیە؟(محەمەد محێدین ئەمین) ناسراوە بە(سەید محەمەد سەید محێدین) لەهۆزی شێخانیە، لەساڵی (**١٩٤٧**) لە قەزای کفری لە دایکبووە. لەساڵی(**١٩٧٣**) لەگەڵ

نێرگزخان ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. لەساڵی(١٩٧٤) لەشۆڕشی ئەیلول بووە بەپێشمەرگە و لەساڵی (١٩٧٥) پەیوەندی بە(ڕێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی لینین) یەوە کردووە. لەساڵی(١٩٧٨) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، ماوەیەکی زۆر.. کادرێکی پێشکەوتووی ڕێکخستنی (کۆڕەک) بووە. زۆربەی هێڵەکانی ڕێکخستنی کفری وهەندێ لە هێڵەکانی ناوچەی گەرمیان لەژێر دەست و منداڵدانی ئەقڵی وردی ئەو کادیرە دڵسۆزەوە لەدایک بووە، بۆیە بەدایکی ڕێکخستنەکانی کۆڕەک لەگەرمیاندا دەناسرا. دواتر فەرماندەی کەرتی تیپ و فەرماندەی کەرتی حەوتی تیپی(٥١) ی گەرمیان بووە.. لەشالاوی ئەنفالدا خێزانەکەی و هەموو منداڵەکانی کەژمارەیان دە کەس بوون بوونە قوربانی. لە شەوی٧/٣١ لەسەر ١٩٨٩/٨/١ بەهۆی خیانەتێکی گەورەی پیلان داڕێژراوەوە دەستگیر دەکرێ و لە ١٩٩١/١/١٧ لەقەسابخانەکەی بەعسدا لە سێدارە درا و شەهیدبوو.

# هاتنی شەهید حەمە نوری وساڵح مەلاجەمیل

لەسەرەتای مانگی ١٩٨٩/٨ دابوو.. ئێوارانێک من و شەهید کاکە بۆ هێنانی ئاوی خواردنەوە.. چووین بۆ چەمی باوەشاسوار لە خوارووی بەنداوی ئێستای باوە شاسوارەوە، لەکاتی ئاو پڕکردنی بەرمیلەکاندا دوو زەلاممان بینی.. بەسەر چەمەکەدا لەباکورەوە لە گوندی(گۆبان عەرەب)ەوە بەرەو کفری دێن. بەپەلە گوێدرێژەکەمان هێنایە ناو ژاژەکانی نزیک ئاوەکەوە، بەڵام بەرمیلەکانمان بۆ دەرنەکرا.. لەئاوەکەدا بەجێمانهێشت، خۆمان و گوێدرێژەکەمان لەناو ژاژەکەدا حەشاردا، بۆ ئەوەی نەمانبینن. یەکێکیان لەدوورەوە وەستا و ئەویتریان هاتە سەر ئاوەکە و لەسەر بەرمیلە ئاوەکان وەستا، زانیمان تازە خۆشاردنەوەمان کەڵکی نییە مادام بەرمیلەکەی بینی کەوایە پێشمەرگەی بینیوە. فیشەکم لێخوڕی وپەلامارم دا.. دە مەترێک لێمانەوە دوور بوو. وتم: نەجوڵێیت کوژرایت. لەگەڵ تێخوڕین ئەوەیان کە دووربوو لێمانەوە هەڵهات لە یەکەمیان تێپەڕبووم بۆ ئەوەی دووەمیان بگرم. ئەمەی پێشم هاواری کرد نەکەی (سالە فەرتەنە)م سالەفەرتەنە، کەمێ دونیا تاریک بوو بەئاسانی لەهەلومەرجی وا نائاساییدا کەس نەدەناسرا. وتم:ساڵح هاوڕێکەت کێیە بانگی بکە با ڕانەکات.

-حەمەنوری حەمە نوری، ڕامەکە برادەرانە، ڕامەکە حەمە ڕەشیدە.

-ماڵئاوا خەریک بوو بتکوژم، یەک هەنگاو ڕاتبکردایە تەقەم لێت دەکرد، لەکوێوە دێین؟

-زۆری نەمابوو کورە چوار ڕۆژە بەدوای ئێوەدا دەگەڕێین، هەرچی ناوچەی (جاف و زەنگنە)یە بۆتان گەڕاوین، ئێمە لەکوێ بۆتان دەگەڕاین و ئێوە لە کوێ بوون.

- ئێستا لەکوێوە دێن؟

-هەموو ناوچەی زەنگەنە قولیجانەکان و قامیشە و سەرکانی ئینجا شوێن ماوە نەگەڕابێتین؟

-ئێمە لە زووەوە ئەو ناوچانەمان بەجێهێشتووە، بەدەگمەن دەچینە ئەوێ.

وتمان هیچ شوێنەوارێکیان لەم ناوەدا نەماوە.. زۆر سەرمان سوڕمابوو گوایە لەکوێن نانمان پێ نەمابوو ناچار گەڕاینەوە، نیازمان وابوو ئەمشەو پاش تاریک بوون خۆمان بکەین بەناوشاردا، ئێمە کوێ دەگەڕاین نەماندەزانی لە گەڕەکێکی ناوشاردان، باشە شوێنەکەتان لەکوێیە ئەوەندە نزیکن لێرە ئاو دەبەن؟

-حەشارگەکەمان لێرە نزیکترە لەشارەوە. باشە حەمە نوری تۆ ساڵەحت نارد بۆ لای ئێمە و خۆت هەڵهاتیت، ئەم بگیرایە تۆش ئاشکرا دەبوویت، ئەگەر پیاوی ڕژێم بوایەین.

-وتم تازە ساڵەح گیرا با من خۆم دەر بکەم، کەچووینە لای برادەران وتیان: -ئەمانە چین؟ بەدیلگیراون؟

بۆ سبەی لەکاتی پەیوەندی بێتەلدا.. بە کاک عوسمانم وت: دوو میوانمان هەیە.. وتی: کێن؟ وتم: کەڵوز و برای ئەو برادەرەیە کەئێستا لەگەڵتایە، کەڵوز ناوی نهێنی شەهید حەمە نوری عەلیانی بوو کاک(عوسمان) و (عوسمانی مەلا جەمیل) پێکەوە چووبوون بۆ لای دەستەکەی شەهید سەید محەمەد بەهۆی هەواڵی گرتنیەوە. وتی: با لەوێ بمێننەوە ئێمە ئەمشەو دێینەوە. پاش هاتنەوەی کاک عوسمان شەوی دواتر گەڕانەوە بۆ ناوشار. کاک عوسمان زۆر ئامۆژگاری کردن بەتایبەت ساڵەح پێی وت: ئەوەندە خۆت نیشانی پیاوەکانی دوژمن مەدە.. هەوڵ بدە ڕۆژانە بە کەسابەت کاتەکانت بەڕێ بکەیت، چونکە لەپێش چاوی دوژمن ون دەبیت و ژیانی خۆتیش دابین دەکەیت. ئەو دوو شەو و ڕۆژە بەقسەی خۆش وپێکەنین و گاڵتەوگەپ بەڕێمانکرد. هەواڵی زۆر خەڵک و هاوڕێ پێشمەرگە دێرینەکانمان زانی کە لە ئەنفالدا تەسلیم بوونەوە.

## خیانەت و لەداونانی شەهید ئەحمەد بازۆکە

لەڕۆژەکانی سەرەتای مانگی ١٩٨٩/٨دا بووین.. لەگەڵ کاک (عوسمان و سەباح و شەهید مەجید)دا چووین بۆ بینینی برادەرانی ڕێکخراوی شار.. لەنزیک کێڵگە پەلەوەرییەکەی مەلا بەنزین. شەو هاوڕێ سوپامان بینی هەندێ خواردن وپێداویستی بۆمان هێنابوو لەناو چاڵێکی باشوری کێڵگەکەدا دابنابوو، پاش گۆڕینەوەی زانیاری و هەواڵ پێداویستیەکانمان هەڵگرت و بەڕێکەوتین بۆلای برادەرانی خۆمان لە سێ قازان، لەنزیک ڕەبییەی باوەشاسواری نزیک کفری. یەک لە زانیارییەکان هەواڵی گرتنی شەهید(ئەحمەد بازۆکە)ی پێداین پاشان پلانی گرتنەکەمان زانی کە لەشەوی ١٩٨٩/٨/٧ لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەیدا بەناوی(محێدین عەلی خلیفە) ناسراو بە(ئەبوڤیان) کادیری حیزب لەکاتی جێگۆڕکێیاندا لەناو ناحیەی رزگاری بەپیلانی دەزگا ئەمنیەکانی بەعس وخیانەتی (مستەفا) ناسراو بە (شۆڕش) کەپێشتر پێشمەرگەی حشع بووە و لەئەنفالدا تەسلیم بۆتەوە، لەداوی ناون، شۆڕش کچی شەهیدێکی حشعی بەدیاری

دەدەنێ و هەموو پێداویستیەکانی زەماوەندی بۆ دابین دەکەن. شۆڕش لەپاش تەسلیم بوونەوەی لەئەنفالدا.. پەیوەندی بەحیزبەوە دەکاتەوە و بەتهێنیش پەیوەندی بەدەزگا ئەمنیەکانی بەعسیشەوە دەکات. خزم و دۆستانی شەهید ئەحمەد بەگومان دەبن لەجموجوڵی شۆڕش و تێکەڵبوونی لەگەڵ چەند پیاوێکی بەعسدا. شەهید ئەحمەد ئاگاداردەکەنەوە لەو مەترسیە و داوای لێدەکەن خۆی لێ دوور بگرێت. شەهید ئەحمەد دەڵێت شۆڕش کوڕی حیزبە و خیانەت لەحیزب ناکات، خۆمان ئاگاداری جموجوڵین. هەرگیز خیانەت لەحیزب و ئێمە ناکات. ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی(٨) شەهید ئەحمەد و سێ هاوڕێی لەماڵی شۆڕش دەبن لەکۆمەڵگای(صمود) ڕزگای . شەهید ئەحمەد بەشۆڕش دەڵێت (حسێن هاتف حەمزە) ناسراو بە (عەمار عەرەب) و (حەیدەر موسا موسەیەف) ناسراوە بە(هێمن تورکمان) مان لەشار بۆ دەربکە دەگەڕێینەوە بۆ لای برادەران. شۆڕش بەبێ ئەوەی کەس بزانێت هەردووکیان تەسلیم بەئەمنی کەلار دەکات. پیلانەکە وا داڕێژرا بوو لەکاتی گواستنەوەی شەهید ئەحمەد و هاوڕێکەیدا لە شەوی **٧-١٩٨٩/٨/٨** دەبێت، شۆڕش بەئۆتۆمبیلەکەی خۆی کە جێب بوو لەماڵ خۆیانەوە بیانگوازێتەوە بۆ ماڵێکی تر کە دوو گەڕەکی لەیەک دوور دەبن.. نێوان هەردوو گەڕەکەکە نزیکەی پێنج سەد مەترێک چۆڵە و پردێک لەنێوانیاندایە، لەسەر پردەکە دوژمن بۆسەیان بۆ بنێتەوە و لەناو بۆسەکەدا شۆرش ئۆتۆمۆبێلەکەی بکوژێنێتەوە..بڵێ لەکارکەوتووە.. لەکاتی دابەزینیاندا دوژمن دەستگیریان بکات. چۆن پیلانەکە دانرابوو شۆڕش وەک خۆی جێبەجێی دەکات، بەڵام شەهید ئەحمەد هەرچەندە متمانەی بەشۆڕش بووە کەخیانەتیان لێ ناکات، بەردەوام بەوپەڕی وریایی و چاودێری و تێڕوانینی وردەوە لە شۆڕشی ڕوانیووە. لەگەڵ کوژانەوەی ئۆتۆمبێلەکەدا لەلایەن شۆڕشەوە و بینینی کرداری نامۆ بەپەلە بەدەمانچەکەی یەکەم فیشەک دەنێت بەسەری شۆڕشەوە و دەیکوژێ.. دەست دەکات. بەتەقە پیاوەکانی دوژمن لەهەر چوارلاوە دەستیان لێدەکەنەوە، پاش ئەوەی شەهید ئەحمەد دەمانچەکەی دەوەستێ دەچنە سەریان، ئەبوڤیان شەهید دەبێت و شەهید ئەحمەد بەبرینداری هەوڵی فرێدانی قومبەلە دەدات، بەڵام بواری نادەن دەستگیری دەکەن. چەند ڕۆژێک پاش ئەم ڕووداوە بەهۆی نەبوونی هەواڵی شەهید ئەحمەد و هاوڕێکانیانەوە دوو پێشمەرگەی دیکەیان بەناوی (ئەنوەر مەجید نادر) ناسراوە بە(مامۆستا ئەنوەر و عەزەدین محەمەد خورشید) ناسراوە بە(مامۆستا کەریم) ڕوو دەکەنە ناحیەی ڕزگاری بۆ زانینی هەواڵی هاوڕێکانیان.. ئەوانیش دەکەونە بۆسەی چەند جاشێکی خۆفرۆشەوە.. شەهید دەکرێن. ئێمە بەبیستنی ئەم هەواڵە زۆر دڵگران بووین.

لەمانگی **١٩٨٩/٧** کاک عوسمان لەگەڵا سەباحدا چووبوونە لایان لەهەردەی نێوان گوندەکانی( سەید حسێن و چەتاڵ و عەبدوڵلا قوت )دا عامرعەرەب و سێ پێشمەرگەیان بینیبوو. بۆ هەواڵ زانین و هاوکاری کردنیان کاک عوسمان بە(سەباح شێخ حەمید)ی وت لەگەڵا حەمە ڕەشید بچنە ئەو شوێنەی پێکەوە چووینە لایان.هەواڵیان بزانن لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بن، بۆئەوەی بتوانین هاوکاری هاوڕێکانیتریان بکەین.

شەوی ١٤-١٩٨٩/٨/١٥ لەجادەی (کفری سەرقەڵا) پەڕینەوە.. بۆ سبەی لەهەردەی نێوان گوندی (کاکول و سەید حوسێن) خۆمان حەشاردا.. بۆ کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ.. بەڕێکەوتین هەریەکەی قومقومەیەک ئاومان هەڵگرت.. بەناو ئەو هەردەو ڕکە تاوێرانەدا ڕۆییشتین.. ئەوەندە گەرم بوو چاومان چەند سەد مەترێک زیاتری نەدەبینی. زەوی لەگەرمیدا تەنورەی دەکرد مێشکمان لە گەرمی و بێ هەواییدا خەریکبوو دەتەقی. تینوێتی شپرزەی کردبووین. ئاوەکەمان ئەوەندە گەرم بوو دەمانخوارد..تینوێتی نەدەشکاند.. هەستمان نەدەکرد ئاو دەخۆین. هەندێجار توانای ڕێکردنمان نەدەما، بنە تاوێرێکمان دەدۆزیەوە کەمێ سێبەری هەبوو هەندێ دەحەساینەوە و ئینجا بە ڕێدەکەوتین. هەرگیز لە ژیانمدا گەرما بەو شێوەیە بێ ئومێدی نەکردبووم، پێم وانەبوو بەو گەرمایە بتوانین ئەرکەکانمان جێبەجێبکەین و بتوانین بگەڕێینەوە. نەدەکرا کارەکەمان بخەینە شەو، چونکە حەشارگەکە جارێک هاوڕێ سەباح بینیبووی زۆر دڵنیانە بوو لەدۆزینەوەی. ئەگەر بەشەو بچواینایەوە نەماندەدۆزییەوە، هەرچەندە زۆر ترسناک بوو ژمارەیەک پێشمەرگە بەدیل گیرابن لەحەشارگەیەکدا پاش چەند ڕۆژێکی کەم تۆ بەڕۆژ بچیت بۆ ئەو شوێنە ڕەنگە دوژمن ئەو سنورەی خستبێتە ژێر چاودێری وردەوە. کاتژمێر پێنج و نیو چووینە سەر حەشارگەکەیان کەلەناو شیوێکی قوڵدابوو چیخێک درابوو بەسەر شیوەکەدا..هەندێ پوشوپەڵاش بەسەریەوەبوو،جێگای تایەی چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی بەدەوری حەشارگەکەوە دیاربوو، پاش شەهیدبوون و گرتنی ئەو چەند پێشمەرگەیە دوژمن زانیاری لەسەر شوێنەکەیان وەرگرتبوو بۆیە هاتبوونە سەر شوێنەکەنەیان، ئەگینا بەئاسانی لەو هەردە سەخت و چوڵەدا نەدەدۆزرایەوە ئەوەندە نادیار بوو.. پێمان وابوو یەکێک لەدیلەکانیان لەگەڵ خۆیان هێنابێتە سەر حەشارگەکە. کە هاتبوونە سەر شوێنەکە شتەکانیان تێکدابوو لایەکی چیخەکە کەوتبوە ناو شیوەکەوە. من لە حەفتا مەتریک لەبەرزییەکەوە وەستام.. وتم سەباح من لێرە چاودێری دەکەم نەوەکو دوژمن لەم دەورە بێت.. بێنە سەرمان، سەباح ویستی بچێتە ناو شیوەکەوە تەماشای ژێر چیخەکە بکات بانگم کرد.. وتم مەچۆ ناو شیوەکەی پێش چیخەکەوە نەوەکو دوژمن مینی تێدا دانابێت. بەبینینی ئەو دیمەنە زۆر دڵتەنگ بووم سەدجار تفم لەخۆم کرد کەمرۆڤ و کوردم. وتم وەرە بەم ژیانە سەخت و ناهەمواریيە خەبات بکەیت.. لەهەموو بەهاکانی ژیان و مرۆڤبوون دەستت هەڵگرتبێ.. پێی ڕازی بیت کەدوورە لە ژیانی مرۆڤەوە.. وەک ڕسک وسوچەڕ بەم گەرمای هاوینە لەم شیوە قوڵ و بێهەوا و گەرمەدا بەژێر چیخێک ڕازی بیت، بەڵام مرۆڤێک لەخوێن و گۆشت و بیرو هزری خۆت بێت.. خیانەتت لێبکات و ژیانت بەکوشتن و گرتن و لەسێدارەدان کۆتایی بێت. زۆر دڵگرانبووم لەخەیاڵمدا لەپێش چاوم بوو دوژمن چۆن بەغروری و لەخۆباییەوە پێشمەرگە دیلەکانیان بەبرینداری و کەلەپچەکراوی هێناوەتە ئێرە، کات هێشتا زۆری مابوو بۆ خۆرئاوابوون.. وتم هاوڕێ سەباح ئەم سنورە ئێستا لەژێر چاودێریدایە با زووتر ئێرە بەجێبهێڵین. ئەحمەد بازۆکە کێیە ؟

ئەحمەد عەزیز حەسەن ناسراو بە(ئەحمەد بازۆکە) لەدایکبووی ساڵی **١٩٥٥** لەگوندی چوار شاخی ژوور، ناحیەی (سەرقەڵا قەزای کفری) لەدایک بووە، ساڵی(**١٩٨٢**) بووە بەپێشمەرگەی (حشع) لەپێش ئەنفال فەرماندەی بەتالیۆنی چواری گەرمیان بووە کەهەموو سنوری گەرمیان یەک بەتالیۆنی هەبووە، شەهید فەرماندەیەکی زۆر دلێر و جوامێربوو لەشەڕەکانی ئەنفالی سێ دا تا کۆتایی بەرگریکرد، پاش ئەوەی تا سنوری ناو شوان و سەر زێی دوکان ڕۆییشت گەڕایەوە بۆ گەرمیان، بەرپرسی دەستە پارتیزانەکەی حیزبی شیوعی بوو تا شەوی **٧-١٩٨٩/٨/٨** بەپیلانی ئەمنی کەلار و بەدەستی شۆڕشی خائین لەداونران، سەرئەنجام خۆی تێدا کوژرا. ئەبوڤیان دەستبەجێ لەوێ شەهید دەبێ و شەهید ئەحمەد بەبریندارى دەگیرێت. لە**١٩٩٠/٥/٢** لەقەسابخانەی بەغداد لەسێدارە دەدرێت و دواتر تەرمەکەی دەهێنرێتەوە لەگۆڕستانی (کەلار) دەنێژرێت. شەهید ئەحمەد خوشکێکی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتووە. پاش شەهیدبوونی ئەحمەد چەند پێشمەرگەیەکیان دەمێننەوە لەڕێگای خزم و کەسیانەوە چەند کەسێکیان دەگەنە (خڕی ناوزەنگ) و هەندێکیان تەسلیم دەبنەوە و دەستەکەی حیزبی شیوعی کۆتایی پێهات.

ڕۆژی **١٩٨٩/٨/٧** (شەهید محەمەد چاوجوان و سوهاد) خانەقینی هاتن بۆلامان.

شەوی **١٩-١٩٨٩/٨/٢٠** من و سەباح وحەسەن ئۆمەربلی لەگەڵا کاک عوسماندا چووین بۆ بینینی برادەرانی ڕێکخراوی ناوشار. شەوی **٢٨ -١٩٨٩/٨/٢٩** من و شەهید مەجید و حەسەن ئۆمەربلی لەگەڵا کاک عوسماندا چووین بۆ بینینی ڕێکخراوی ناوشار.

ڕۆژی **٩/١٢/** شەهید هەڵکەوت و شەماڵ نارێنی هاتن بۆ لامان بۆ (سێ قازان)

هێنانی بەرهەڵستکارانی عێراقی

لەکاتی گەڕانەوەی دەستەیەکی پارتیزان بۆ گەرمیان، قەرارگای ڕەمەزانی سەربە سوپای ئێران کەپەیوەندی بەرهەڵستکارانی عێراقیی بەئێرانەوە لەڕێگای ئەمانەوە بوو، داوایان لەپەیوەندییەکانی شۆڕش کردبوو سێ چەکداری سەر بەحیزبی دەعوە لەگەڵ خۆیان ببەنە خوارەوە بەمەبەستی چوونیان بۆ ناو شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق.

ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی **١٩٨٩/٩** بوو کاک(مەحمود سەنگاوی) و کاک(کوردۆ) لەڕێگای بێتەلەوە بەڕەمز و ئاماژە.. کاک عوسمانیان ئاگاداركردەوە کەچەند میوانێکمان لایە دەیهێنین بۆ لاتان، لەگەڵا هاوڕێ سوپا قسە بکات بۆ دۆزینەوەی ڕێوشوێنی ڕەوانە کردنیان بۆ خوارووی عێراق، پێم وایە لەدوا دیداری مانگی ئابدا بوو بۆ ئەو مەبەستە هاوڕێ سوپای ئاگادار کردەوە، لە**١٩٨٩/٩/١٣** هاتن بۆ لامان لەحەشارگەی (سێ قازان )بووین. سێ چەکداری عەرەبیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، ئەو سێ چەکدارە ئەمانەبوون:

**١-**ئەبو فیراس خاڵصی ئێستا خانەنشینە و لەخاڵص دادەنیشێت.

**٢-**حاجی عەلی خەڵکی خوارووی عێراق.

**٣-** سید خەڵکی خوارووی عێراق .

ماوەی هەفتەیەک لەلای ئێمە مانەوە.. پاش هەفتەیەک شەو.. بردمانن لەجادەی (عەمەلە شەعبی) نزیک ناحیەی (سلێمان بەگ) لەڕێگای هاوڕێ سوپاوە تەسلیم بەچەند کەسێک کران و لەڕێگای ئەوانەوە بەرەو ناوەڕاست وخوارووی عێراق ڕۆییشتن. ئەوەی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە.. لەو کاتە سەختەدا شۆڕشی کورد هاوکار و هاودەنگی بەرهەڵستکارانی عێراقی بوون، بەتایبەت حیزبی دەعوە، بەڵام لەوەتەی حیزبی دەعوە و عەرەبە شیعەکان لەدەسەڵاتدان.. جگەلە هێرش و چاو سورکردنەوە و برسیکردن و نەهامەتی، هیچیان بۆ خەڵکی کوردستان نەهێناوە. لەگەڵ کاک کوردۆ و کاک مەحمود دا ئەم برادەرانەش هاتبوون  بۆ لامان..(شەهید حەمە چاوجوانی کفری و شەهید هەڵکەوت و شەهید حەمەئاخە).. ئەوکاتە لەگەڵ کاک مەحمود بوو کاک سوهاد خانەقینی و کاک ماجد فەیلی و شەهاب خانەقینی و دکتۆر هاوڕێ)، نزیکەی هەفتەیەک لامان مانەوە دواتر کاک کوردۆ و کاک مەحمود و دکتۆر هاوڕێ و سوهاد و ماجد ڕۆییشتنەوە. بەڵام شەهید حەمەئاخە و حەمە چاوجوان و هەڵکەوت لامان مانەوە. ئەو ماوەیە زۆر بەنوکتە و قسەی خۆش و پێکەنین بەڕێمان دەکرد. شەهید حەمەئاخە زۆر وتە و نوکتەی خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە، بەڵام جارنەجارێ دەیگوت ئاخ مەهە گیان ئەبێ ئێستا لەکوێ بیت.. ئەبێ دڵت بەچییەوە بێت؟ دەبێت ژیانت چۆن بێت؟. شەهید ئاخە خێزانەکەی و کچێکی بەناوی مەهابات لە ئەنفالدا بوونە قوربانی. هەرگیز مەهاباتی لەبیرنەدەچوو، ئێمە ئەو کاتە خێزان و منداڵمان نەبوو ئازاری دابڕان لەخێزان و منداڵمان نەدەزانی چەند سەختە، دابڕن و لەدەستدانی جگەرگۆشە.. برینێکی قوڵ و بە سوێیە مەگەر دایک و باوکەکان بزانن چ ئازارێکە. لەمانگی ٨ و **١٩٨٩/٩** برادەرانی دەستەکانی تر زۆر سەردانیان دەکردین.

## هاتنی دەستەکەی شەهید سەید محەمەد بۆلامان

دەستەکانی شەهیدان سەید محەمەد و مەلا ئەحمەد هەمیشە پێکەوەبوون..جیا نەدەکرانەوە، پاش کارەساتی داری خلە.. ئەوانەی مابوون هەموو لای شەهید سەید بوون، پاش گرتنی شەهید سەید ئەو پێشمەرگانەی لەدەستەکەیدا مابوون (شەهید حەمەکادر و مکەڕەم ڕەشید) چووبوونە دەستەکەی کاک کوردۆ.. لەگەڵ حەمەپاریۆڵە بوون، هەریەک لە(مامۆستا حوسێن و حەمەسۆران و نەوزاد کەریم و شەهید ئەحمەد زەرداوی) لە **١٩٨٩/٨/٢٢** هاتن  بۆ لای ئێمە  لەگەڵ ئێمە مانەوە تاپێکەوە گەڕاینەوە بۆ سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

# هاتنی شوان بۆ سەرمان

لەسەرەتای مانگی ١٩٨٩/٩دا بووین.. بەیانی کاتژمێر نۆ بوو شەهید(کامەران مامۆستا هیدایەت) چوو بۆ چاودێریکردن بەپەلە گەڕایەوە وتی:

- برادران دەورمان گیراوە زوو خۆتان ببەستن.
- چۆن دەزانیت دەورمان گیراوە؟ چیت بینیوە، کوێ گیراوە؟
- ئەو گردەی باکورمان کە دووسەد مەتر دوورە لەشوێنی چاودێری کردنەکەمان گیراوە

وزەلامی لەسەرە، کاک عوسمان وتی:

زوو خۆتان کۆبکەنەوە..تا من دەچمە سەرەوە و چاودێرییەک دەکەم و بڕیارێکی لەسەر دەدەم، بەپەلە هاتە خوارەوە، وتی: بەناو ئەم شیوەدا خۆتان دانەوێنن و بەرەو ئاراستەی چەمی (گۆبان وکفری) بچن. چووینە سەرەوەی ئەشکەوتەکە.. دەبینین زەلامێک لەسەر گردەکە دانیشتووە وتمان:

-لەکوێوە بچین ئەوە زەلامەکەیە بەسەر گردەکەوە دیارە، لەو لاوەش بچین ڕەبییەی باوەشاسوار دیارە، کاک عوسمان وتی:

-خۆتان دانەوێنن یەک یەک بەدوای یەکدا لێرەوە بۆ سەرەوە بچن لەو لاترەوە پێش ئەوەی بچنە سەرەوە بەڕووی چەمی باوەشاسواردا بوەستن.

-ئەوە لێرەوە چووینە سەرەوە چۆن بتوانین بڕۆین بەدیوی چەمەکەدا، ڕەبییەی باوەشاسوار بە کیلۆمەترێک بەسەر سەرمانەوەیە.

-جارێ با لێرە دوور بکەوینەوە.. کەچووینە ئەوێ بڕیاری خۆمان دەدەین. بەناو شیوەکەدا بەڕاکردن نزیکەی سێ سەد مەترێک بەرەو ئاراستەی ڕۆژهەڵات وچەمی کفری بۆ سەر بەرزاییەکەی سەربەنداوی کفری چووین، نەمانتوانی بچین بە ڕووی چەمدا وەستابووین، بیرمان دەکردەوە دەبێ چی بکەین؟

زەلامەکە بەشێوەیەکی سەیر دانیشتبوو، جۆری دانیشتنەکەی لەوە دەچوو چاودێری بکات.پاش کەمێک پێشی مێگەلێک دەرکەوت پاش چاودێری ورد دڵنیابووین ئەو زەلامەی ئێمە لەترسی هەڵهاتین شوانە. ناهەقمان نەبوو بۆ یەکەمجار بوو شوان لەپشتی بەرزاییەکانی کفرییەوە ببینین. ویستمان شوانەکە نەمانبینێ نەماندەتوانی لەوێ دوور بکەوینەوە بۆیە بەناچاری بەبێ ئەوەی بهێڵین شوانەکە بمانبینێ گەڕاینەوە حەشارگەکەمان کە ئەشکەوتێک بوو. شوانەکە هەر لە شوێنەکەی خۆیدا دانیشتبوو، پێمان وابوو بەولاتردا دەڕوات ئێمە خۆمان لەبن ئەشکەوتەکە توندکردبوو بۆ ئەوەی نەبینرێن هەر ئەوەندەمان زانی مێگەلەکەی بەرەو ئێمە هێنا وخۆی هاتەسەر ئەشکەوتەکە ویستمان خۆمانی نیشان نەدەین، بەڵام بەوەوە نەدەوەستا سەری شۆڕکردەوە بۆ بنی ئەشکەوتەکە، بۆیە ناچاربووین خۆمانی نیشان بدەین. تێمان خوڕی وپێمان

وت نەجوڵێت کارت چییە لێرە و بەدوای چیدا دەگەڕێیت لەم ناوچەیە، بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە نازانیت ئەم سنورە قەدەغەکراوە (محەڕەمەیە)؟

ئێمە بەدوای پێشمەرگەوەین تۆ بەدوای چیەوەیت ؟ بۆ لای پێشمەرگە هاتوویت؟

وتی: بۆ دەمکوژن سوێند بەخوا من پێنج مانگە بەم مێگەلەوە شوێن پێی ئێوە دەسڕمەوە.

- شوێن پێی چی چی مێگەلی چی ئێمە یەکەمجارە لەشارەوە دەربچین بەدوای پێشمەرگەدا.

- شاری چی و یەکەمجاری چی.. بەخوا دەزانم پێشمەرگەن، برا بەخوا لە من مەترسن، من(حەسەن ئەحمەد حوسێن)م بە (حەسەن ئەحمەد گاوان دەمناسن) خەڵکی گوندی (گۆبان عەرەب)م لەئەنفالدا چووینەتە شاری کفری. پاش ئەنفال (حوسێن و فاتیح حەمە سەمکە) و چەند پێشمەرگەیەک چەند مانگێک لەم هەردەی (گۆبان عەرەب و قاتەکانی کفری) بوون زۆر هاوکاریانمکرد، ئەمن بەم کارەیان زانی گیرام چەند مانگێک بەندکرام ئەوەندە ئەشکەنجە درام تۆێکێکیان لەلەشم کردەوە بچوکترین زانیاریم نەدرکاند. لەمانگی **١٩٨٩/٥**وە لە دەربەندتاڵە و نزیک کێڵگەپەلەوەرییەکان و بەراوەکانی دەوروبەری وابزانم هاتبوون بۆ سەوزە و میوە.. چەندینجار شوێن پێتانم بینیوە لەچەمی باوەشاسوار نزیک تاوێرە بڕاوەکە، چەندینجار شوێن پێی خۆتان و وڵاخەکانتانم بینیوە، بەردەوام مێگەلەکەم بەسەر شوێن پێکاندا بردووە سوڕم داوە بۆ ئەوەی بیسڕمەوە.

- نە کاکە هەڵەیت ئێمە یەکەمجارمانە بێینە ئێرە.. ئەمەی تۆ دەیڵێیت ئاگامان لێی نییە.

- دیارە من بەگێل و گەمژە دەزان.. ئەو ڕەنگ وجل و لەشولارە هی جاشە؟ بە خوا برا لەمن مەترسن ئەوەی پێم بکرێت بۆتان دەکەم، بایەک ناونیشانی دیکەتان بدەمێ لەپشتی دەربەندتاڵەوە بە سێ سەد مەترێک لە هەورازێکدا یەک گوێنی نۆک ڕژابوو دیاربوو لەسەر گوێدرێژەوە کەوتبووە خوارەوە، سوێند بەخوا بیست خولەک مێگەلەکەم لەسەری ڕاگرت بۆ ئەوەی نۆکەکە بخۆن نەک کەسێک بەوێدا تێپەڕێت بیبینێ. دیارە ئەم گفتوگۆیەمان لەسەر ئەشکەوتەکە لەگەڵیدا کرد من و کاک عوسمان و شەهید حەمە چاوجوان بووین کەسمان ڕیشمان نەبوو ئەگەر خەڵکی وریا و زۆرزانی وەک(حەسەن ئەحمەد گاوان) نەبوایە لەو بن دەستی شارەدا پێی وانەدەبوو پێشمەرگەین و زیاتر گومانی جاشی دەکرد. بەڵام وەکو حەسەن گوتی پێنج مانگ بوو بەدوامانەوەبوو. پاش گێڕانەوەی نۆکەکە بەهێواشی بەکاک عوسمانم وت: کاکە بۆ نۆکەکە ڕاست دەکات شەوێک من وسەباح تەنها گوێلەقمان پێبوو برادەرانی ڕێکخراو دوو فەردە برنج و فەردەیەک نۆکیان هێنابوو نۆکەکەمان کردە سەرباری برنجەکان لەو هەورازەدا کە حەسەن باسی دەکات لەترسی کیمیایی گوێلەق دووری ڕێمان دەکرد، هەر ئەوەندەمان زانی خرەهات تا گەییشتینە گونییەکە دە تا پانزە کیلۆ نۆکی تیا مابوو، ئەوەیتر بەو قەد پاڵ و ناو بەردەدا بڵاوبووەوە. بەو شەوە تاریکە ئێمە هیچمان پێنەدەکرا جێمانهێشت. پاش هێنانەوەی ئەم هەموو نمونە هیچمان پێنەوترا. کاک عوسمان وتی:

-کاک حەسەن تۆ پیاوێکی دڵسۆز و بەئەمەکی.. بۆ گەل و خاکەکەت سوپاسی ئەو هەموو هەڵوێستە جوان و جوامێرانەیەت دەکەین، ئەوەندە کاری باش و ژیرانەت کردووە بەزمان گوزارشتی لێناکرێت، ئێمە و کورد و کوردستان قەرزاری تۆین، هیچیترت پێناڵێم تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەمانەی بۆ ئێمەت باسکردووە و ئەوەی ئەمڕۆ بینیوتە لای هیچ دۆست وخزم و باوەڕپێکراویک باسی نەکەیت تەنانەت خێزانەکەشت، چونکە دەبێتە هۆی تیاچوونی خۆت و ئێمەش. ئەو کارە ئەگەر بەنەزانی یان جێگای متمانەی ئەو کەسە بێت کەباسی دەکەیت دەچێتە قاڵبی خیانەتەوەو ڕۆژێک لەڕۆژان دەستی تۆڵەی پێشمەرگەت پێدەگات . هەتا هەتایە مێژووش بە خیانەتکار ناوت دەبات.

- نا کاکە دڵنیابە مەگەر گۆڕ لەدەمی منی ببیستێت.. چۆن باسی دەکەم چونکە ئەشکەنجەی بەعسم بینیوە، شوانێکی دیکەم لەگەڵە کوڕی (حاجی حوسێن)ی گوندی گۆبان عەرەبە ئەویش وەک من وایە ترستان لێی نەبێت. شوانەکەی تریش هات لێمان پرسی وتی ناوم (نەوشێروان حاجی حوسێن حەمە حوسێن) ە خەڵکی(گۆبان عەرەب)م. نەوشێروان تەمەنی لەدەوری شازدە ساڵ دەبوو برای(لوقمان و ڕەئوف)بوو.. مانگی چواری هەمان ساڵ گرتبوومان.

کاک عوسمان هەمان شتیشی بۆ نەوشێروان دووبارە کردەوە. کەمێ ترسمان لەئەم هەبوو بەهۆی هەرزەکاری و کەم ئەزموونییەوە، کاتێک ویستیان بڕۆن مێگەلەکەیان دوور کەوتەوە، وتیان: چیتان پێویستە بەئێمە بکرێت ئامادەین. کاک عوسمان وتی:

- دوو ئاژەڵمان دەوێت بۆ سەربڕین پێمان بفرۆشن لەزووەوە گۆشتمان نەخواردووە، وتیان:

- ئێستا ئاژەڵی قەڵەو و گۆشتدارمان پێنیە چەند ڕۆژێکی تر بۆتان دەهێنین.

لەڕۆژی **١٩٨٩/٩/١٣** گیسکێک و کاوڕێکی قەڵەویان بۆمان هێنا بەسەدوپەنجا دینار کەماوەیەکی زۆربوو هیچ گۆشتمان نەخواردبوو تێر گۆشت بووین. پاشان چەند جارێکی دیکە دەمانبینین هیچ ترسمان لێیان نەبوو هەر کاتێک بمانویستایە ئاژەڵمان لێیان دەکڕی.

## ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناو شاردا

بەهۆی پەلامارەکانی ئەنفال بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان لە**٢/٢٢** تا **١٩٨٩/٩/٦** شۆڕش توشی شکستی گەورە و پەرتەوازەیی بوو، شیرازەی هێزی پێشمەرگە تێکچوو بوو، بەهۆی لەدەستدانی هەموو ناوچە ئازادکراوەکان و تەسلیمبوونەوەی هەزاران کادیر و فەرماندەی قارەمان و چاونەترس کە هەریەکەیان هەزاران نهێنی شۆڕشیان لە شاخ و شار لابوو.

تەسلیمبوونەوەی هەزاران فەرماندە و پێشمەرگە و نەمانی بارەگای سەرکردایەتی و مەڵبەند و تیپەکان لەناو خاکی کوردستانی باشور وپچڕان و تێکچوونی هەموو پەیوەندیەکانی شۆڕش لە شاخەوە بۆ شار. نەمانی متمانە بەهۆی سەدان خیانەتی دیار و زەق و قێزەونی دوور لەهەر

بەهایەکی شۆڕشگێری و مرۆڤایەتی. چڕکردنەوەی توانای هێزە سەربازی و دەزگا هەواڵگرییەکان لەلایەن دەزگا حیزبی و ئەمنیەکانەوە، لە ڕێگای خەڵکی خائین و خۆفرۆشەوە، ئەوانەی پێشتر پیاوی ڕژێم بوون.. ئەوانەشی دەیانویست بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بەخیانەتێک دڵسۆزی خۆیان بۆ بەعس بسەلمێنن. لەوەها کاتێکدا.. بەگەڕخستنەوە و دروستکردنەوەی متمانە ئاسان نەبوو. چەند هەفتەی پاش ئەنفالی سێ هەریەکە لە (شەهید حەمەڕەش و شەهید سەید محەمەد و شەهید مەلا ئەحمەد و کاک عوسمان وکاک عەدنان و شەهید جەوهەر و شێخ کەریم) هەوڵی باشیان دابوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی کەسی لەسەر ئاستی خزمایەتی و کەسایەتی و ئەو پێشمەرگانەی تەسلیمبووبوونەوە.. جێگای متمانەبوون پەیوەندییان بەڕژێمەوە نەکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پاش گەڕانەوەی کاک ئازادی سەگرمە و کاک ڕۆستەم زیاتر هەوڵدرا پەیوەندیەکان بەشێوازێکی تەندروست و تۆکمە بکرێت لەگەڵ ڕێکخراوی (کۆڕەک) لەناو شاردا.پێشتر لەچەند بەشێکی نوسینەکەمدا باسی ڕۆڵی گرنگی ڕێکخراوی(کۆڕەک)م کردووە، چۆن بەخوێن و لەسەر پێی کادیر و پێشمەرگە و لایەنگرانی یەکێتی دروستبوو.. وە گەشەی کرد، ئەگەر لەمێژووی (ی.ن.ک) بدوێن و بنوسین تا ساڵی **١٩٩٢** بەبێ سەروەرییەکانی کۆمەڵە سەرکەوتنێک سەروەرییەک نییە لێی بدوێن. کادیر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە.. بەدروشمی (کەڵ بژی- کەم بژی.. کرێکارێکی هەژاری کوردم.. هیچ پەشیمان نیم لەو کارەی کردم) گەورەترین داهێنان و گیانبازی سەرکردەکانی کۆمەڵە بوو وەک (خاڵەشەهاب و جەعفەر و ئەنوەر) لەکاتی چونیان بۆ ژێر پەتی سێدارە بەدەم ئەو دروشمەوە بەدەستی خۆیان پەتی خنکاندنیان لەگەردن کرد و دوژمنیان شەرمەزار و ڕیسوا کرد، بەو هەڵوێستە جوامێر و گیانبازییەیان بەدوژمنیان وت دڵنیابن زیندان وپەتی سێدارە ناتوانێت بمان ترسێنێت و لەداوا ڕەواکانی گەلەکەمان پاشگەزمان بکاتەوە، بەپێچەوانەوە ڕق ئەستورترمان دەکات ,بە دوژمنانیان وت ئێمە ڕێبازێکی نوێی خەباتمان گرتۆتەبەر کە(کەم بژی و کەڵ بژی) یە نەک سەرکزی و بێدەنگی کە دەست بەکلاوی خۆمانەوە بگرین، بۆ ئەوەی زۆر بژین. ئەو داهێنان و گیانبازییەی سەرکردەکانی کۆمەڵە هەزاران کادیر و پێشمەرگەی گیانبازی پەروەردە و گۆشکرد، لەسەنگەرەکاندا تا دوافیشەک بەرگرییان دەکرد و پاشان خۆیان شەهید دەکرد.. لەپێش دوژمن وەک قەڵغان دەوەستان و نەیاندەزانی ترس و هەڵهاتن چییە. هەزاران داستان و سەروەری پێشمەرگە و فەرماندەکانی یەکێتی شاهیدی ئەو ڕاستیەن و هەزاران نمونە و بەڵگە لەبەردەستدایە. وەک مشتێک لەخەروارێک (شەهید حوسێن مەولود – شەهید مەلاعەلی) کادیری کۆڕەک کە لە بۆسەیەکی دوژمندا لەنزیکی ناحیەی (سورداش) لە ساڵی **١٩٧٩** بەدیل دەگیرێ، ئەوەندە جوامێرو چاونەترس بووە لەزینداندا بەگژ جەلادەکاندا چۆتەوە و سوک و ریِسوای کردوون، لەبری تەسلیم بوون بەداوای جەلادەکان و زانیارییان لەسەر ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە پێبدات ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، داهێنان وخەباتێکی نوێ لەناو زیندان و ژێر پەتی سێدارەدا هەڵدەبژێری ژمارەیەک.. هۆنراوە و شاکاری لێوان لێو لە جوامێری و

ورەبەرزی و خۆنەویستی نوسیوە..ئەوەش بوو بەڕێنیشاندەر بۆ خۆڕاگری پێشمەرگە و کادیرو ئەندامانی کۆمەڵە لەناو زیندانەکاندا. دوو هۆنراوەی وەک خۆی دەنوسمەوە ئەوەندە بەرزە لەکاتی نوسینەوەیدا تەزوو بەلەشمدا دەهات. پیاوێک ئەوەندە جوامێر بێت، مەرگی وا نەگۆڕێتەوە بەسەد ژین لەبەرئەوەی پێڵاوی بەسەر سەری دوژمنەکەیەوە دەبینێ. من چۆن بتوانم لەچەند دێڕێکدا باس لەجوامێری ئەم شەهیدە و شەهیدە قارەمانەکانی شۆڕشی نوێ بکەم. ئەم هۆنراوەیە چوار ڕۆژ پێش لەسێدارەدانی نوسیویەتی لەچاوەڕوانی مەرگدا بەناونیشانی سێدارە.

# سێدارە

بـــرا دوور و خزم دوور و کـەسم دوور     بەنابەڵەد، تەمەن ئەمـبا بەرەو ژوور
بەڵام ڕوونـە بـەرە و سـێدارە چوونە     خەنەی خوێنم لەپێ ئەگرێ ئاڵای سوور
بـەرەو ژووری بـــــەرەو ژووری سـێدارە     مانـدووی کردووم و شوێنەکەم شـێدارە
کە نیشانەی پەشێوی پێوە شێوەم     ئـەوە برینی ئەشکەنجـەیەو شوێندارە
نەڵێن،ئەمرێ و لەترسی مـەرگ پەشێوە     پێشمەرگەبم هەر ئەکـەومە پێش ئـێوە
بـەمەرگـی پیـێشمەرگی ئـێوە ئاسوودەم     ڕووشـــم زەردەی پێـکەنـــینی هەرپێوە
گـــــەرچی بەرەو دوامــــاڵی ژین بەرێوەم     یەکەم مـــاڵی نەمردنم دیـارە لـێوەم
بەشم چـونکە مـــــردنی ناوجـێ نـــییە     شادم کە تـادوا هەناسەش بـــە پێوەم
مەرگـی ئاوا ناگۆڕمەوە بە ســـەد ژیـــن     ســــــەربەرزییە کـە پێڵاوم ئـــــەبینم
بەســــەر سەری دوژمـــنەوە لە بـــەرزین     پـێ لەسـەریا دائــەنێم و ئـــەڕوانم
بەرەو شـــــاری جێ هــــەواری کـاروانم     ئەگەم پێیان چـــونکە دیارە جێ پێیان
ئێـــــرەیە و لێی لا نـادەم تـا ئـەتـــوانم     ئەوا ئێســـتا کەوتمە شوێن پێشڕەوێک
دیـارە منیش هەرئەوەنـدەی لێ ئەبەم     وا بەنوێنی ئەو ئەشکێنم سەر خەوێک
خـــۆ بەنوێنی جـــێماوی دائـــەپۆشـم     تاپێی سوک بێ، ئێشی لاشەی نەخۆشم
بـــۆتە بەڵگە بەشوێن ئەودا ڕۆییـــشتنم     ئاخۆ کێی تر پـێ دەنێتە شوێنی خۆشم
دیسان ڕێگای شـــــوێنێکی کـەم لەپـێشە     ڕێی گــۆڕستان کە دنـیام ئەو لەوێشە
ئـەگەر لاشـەم نــــــەشێ ببرێتە شـوێنێ     گـیانم لەسەر گڵی سـەرگـۆڕی مێشـە
کە دڵـــنیام ئەچـــێتە جـــێی شـانازی     لـــەو ڕێیەدا منیش ئـەکەم گـــیانبازی
ئــــەو مەرگەی لێم تــــرساوە ئەیلاوێنم     بـۆ نـاوێرێ بێت و بیگرێت داوێنم
بابـــمناسێ کەپێشمەرگەی —کـــۆمەڵە-     و کـادیری دەست و داوێن خـاوێنم
کــــەپاش مردن هـــەبوو دنـــیایەکی نوێ     تا ئـــەو کـاتە باگیانیشم تێر بنوێ
چــــــونکە ڕۆژی هەستـــــانەوە، دەرفەتی     فرمانێکی وەک ئێستام هەر بۆ ئەلوێ
لــەو دنیایەش هــــەرپێشمەرگە و کادیرم     کەهیچ نەبێ لەوەی ئێستاش چاترم

لێرە خـــاوەنی ئـــەزمونی ڕێی خـــەباتم / لەوێ لەنێو کورەی شــــۆڕش ئـاگـرم
ئەگەر لێرە نەمـــتوانیبــێ بــــجەنگم / لــەوێ بەدەت هـاوڕێیەکەوە تـفەنگم
ئـەگەر لێرە بـــــەجێمـــابم لەکـاروان / لەوێ لە پێش کاروانەوە پیــشەنگم

زیندانی موسڵ بەشی سێدارە ١٩٧٩/٦/١٨

لە هۆنراوەیەکی تردا لەجیاتی پەشیمانی و پاڕانەوە بەجەلادەکان دەڵێت:

ئەگەر ببمە کێوی ئاڵتون / بۆ ڕەنجدەران دەتوێمەوە
هەزارجـــاریش گیان بەختکەم / لە ناوخوێندا بتلێمـەوە
هــــەردێمەوە نـــاو کۆمەڵە و / ســـــروودەکەی دەڵێمەوە

بەداخەوە لە **١٩٧٩/٧/٢٢** لە موسڵ شەهید دەکرێت.

مانەوەو درێژەپێدانی خەباتی پارتیزانی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک)لەسنورە جیاجیاکانی کوردستان بەتایبەت گەرمیان.. بەهۆی دڵسۆزی وجوامێری خۆنەویستی کادیر و ئەندامانی ڕێکخراوی(کۆڕەک) بوو لەشاخ و شاردا، جگە لەوان هیچ ڕێکخراوێکی ترلە ناو (ی.ن.ک) دا نەبوو هاوکاری پارتیزانەکان بکات. لەماوەی خەباتی پارتیزانیماندا زۆرترین کات من و شەهید مەجید و سەباح شێخ حەمیدی لەگەڵ کاک عوسمان و هەندێ لەبرادەراندا دەچووین بۆ بینینی برادەرانی ناوشار، ئەو برادەرانەی لەو ماوەیەدا بینیمن هەموو جارێک هاوڕێ (سوپا، سدیق ئەحمەد)م بینیوە.. چەندجارێک هاوڕێ(عەزیز) ئەحمەد برای (جەلال کوڵکنی) فەرماندەی تیپی **١١**ی هەورامانم بینیوە. دواتر لەگەڵا برادەراندا لەمانگی **١٩٩٠/٩** تا لێدانی یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین، بەردوام برادەرانی ڕێکخراوی (کۆڕەک) م دەبینی. ئێمە بەهۆی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و پاراستنی گیانی ئەو برادەرانە نەماندە پرسی و نەماندەویست ناوی ڕاستەقینە و شوێنی دانیشتن و ناونیشانی تەواویان بزانین، بەلام هەندێجار بەهۆی هەڵەی زمانەوە لەکاتی وتووێژدا.. هەندێ ناوی راِستەقینەمان دەزانی بۆ نمونە شەوێک من و سەباح لەگەڵ کاک عوسمان) چووین بۆ شوێنی پەیوەندی هاوڕێیان (سوپا وعەزیز) هاتبوون، هاوڕێ عەزیز لەکاتی وتووێژ لەگەڵ کاک عوسمان دا ویستی بڵێ کورە هاوڕێ سوپا وانابێ، وتی وتم(کورە کاک سدیق) و بڕی، زانی هەڵەی کرد و گۆڕی بەکاک سوپا. شەوێکی دیکە من و(شەهید مەجید و سەباح شێخ حەمیدی لەگەڵا کاک عوسمان) دا چووینە سەر پەیوەندی هاوڕێ سوپامان بینی.. وتم هاوڕێ سوپا قاتێک جلم بۆ بێنە خۆم پارەکەت دەدەمێ. وتی بۆ خۆت. ئێمە ماوەیەک پێش ئێستا هەندێ قاتمان بۆتان هێنابوو ئەگەر نەماوە و پێویستتانە

پێمان بڵێن بۆتان ئەهێنین. وتم ماڵتان ئاوابێت هەرچی جل ئەهێنن دوانی وەک ئێمەی تێدا جێدەبێتەوە ئەوەندە گەورەیە، ئەو برادەرانەی تر ئێمەیان نەبینیوە خۆ ئێوە دەمانبینن، ڕەنگە برادەرانی ناوشار وابزانن ئێمە مادام بەرگەی ئەم دژوارییە دەگرین دەبێت لەش ولارێکی وەک عەدنان قەیسیمان هەبێ، نازانن ئێمە زۆربەمان ئەوەندە لاوازین.. چەقۆ لە لەشمان بدە.. دەمی چەقۆکە سور ناکەین. تۆ قاتێکم بۆ بهێنە خۆم پارەکەت دەدەمێ سەیرێکی کردم وتی وەڵا ئەوەندە لاواز و بچوکی مەگەر بەبەر ڕەحیم برام بۆت بدوورم. کەزانی هەڵەی کرد لە وتنی ناوی براکەی وەستا، پەیوەندی داهاتوو قاتەکەی بۆم هێنا وتی لای بەرگدرووەکە وەستا بووم نەمدەزانی قیاسی چەند بێت لەو کاتەدا پیاوێکی پیری بچوک تێپەڕی بانگمان کرد بەبەر ئەو دووریمان. خەریک بوو بڵێم بەبەر ڕەحیمی برات یان پیاوە پیرەکە. بەڵام وتم ئێستا وابڵێم دەڵێت ئەمانە چۆن پێشمەرگەیەکن، هەست بەو بەر پرسیارییە ناکەن کەنابێ ئێمە بناسن بەپێچەوانەوە بەدوای ناسینی من وخێزانمدا دەگەڕێن گەڕاندمەوە.

سەرەتا چۆن پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراودا گرێ دراوە من وردەکاری پەیوەندییەکان.. نازانم، چونکە ئەوە کاری کاک عوسمان و بەرپرسی دەستەکان بوو نەک ئێمە، بەڵام ئاگادار بووم کاک عوسمان لەگەڵ شەهید حەمەڕەش و ئەو برانەدا دەچوون لەکێڵگە پەلەوەرییەکەی (حەمەی وەلی) و چەند شوێنێکی دیکە لەسنوری (کەلار وپێباز) و (باوەنور) برادەرانی ناو شاریان دەبینی، لەمانگەکانی(٩ و ١٠ و ١٩٨٨/١١) ئاگاداربووم پاش برینداربوونی کاک ئازاد و هاوڕێکانی.. هەروەها شەهیدبوونی سێ هاوڕێیان.چەند هەفتەیەک برادەرانی ڕێکخراوی ناوشار (شێخ سدیق) کارمەندی تەندروستی سلێمانییان ناردبوو بۆ شاخ بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان. پاش ماوەیەکی کەم کاک (ئازاد) یان بردەوە بۆ سلێمانی و لەوێوە بۆ بەغداد بۆ ماڵی (دکتۆر خەسرەو گوڵ محەمەد) تا چاکبوونەوەی دواتر ڕەوانەی بارەگاکانی سەرسنور کرا، ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێ لەسەری بنوسرێ من وردەکاری نازانم بەهیوام ئەو برادەرانە ئەو مێژووە تۆمار بکەن. دواتر (تەها) ی برای کاک ئازادیان لەهەمان ڕێگاوە بۆ ناو شار برد، هەروەها (سەرکەوت) لە هێڵی کفریەوە گەیەنرایە سلێمانی وچارەسەرکران وهەندێکیان و ڕەوانەی بارەگاکانی سەرکردایەتی کران لەدۆڵی (ناوزەنگ و قاسمەڕەش). ئەوەی من ئاگاداربم بۆ یەکەمجار لە ٤/ ١٩٨٩/٣ و لەسنوری ئێمەوە لە دەوروبەری قەزای(کفری) یەوە شەهید حەمەڕەش و شەهید کاک ئەحمەدی حاجی رە شید و کاک عوسمان و کاک شێخ کەریم هاوڕێ (سوپا) یان بینی. پاش دروستکردنی ئەو پەیوەندییە و شوێنی پەیوەندییەکە چالاکترین و بەهێزترین هێڵ و ڕێگای پەیوەندی بوو بەڕێکخراوی شارەوە، ئەم هێڵەی کفری کاک (سدیق ئەحمەد) کارێزی بەڕێوەی دەبرد..لەگەڵا چەند هەڤاڵێکی تردا وەک (مەجید ڕەباتی و مام ئەنوەر کارێزی و شەهاب حاجی ئەحمەد وخەلیل کارێزی) ئەرکەکانیان بەباشترین شێوە جێبەجێ دەکرد، لەسەرەتادا ناوە نهێنییەکەی (سوپا) بوو تا گرتنی هێڵێک لەکادیران و ئەندامانی ڕێکخراوی سلێمانی لەگەڵا شەهید (جەباری حاجی رەشید) دا، بەهۆی دزەکردن و دەستکەوتنی هەندێ

زانیاری لەلایەن دەزگای(ئەمن) ئاسایشی سلێمانییەوە لەسەر هاوڕێ سوپا کاک عوسمان ناوی گۆڕی بە (ئەبو عەلی) من لەمانگی ٤ تا **١٩٨٩/٩** بەردەوام لەگەڵ کاک عوسمان و ئەو برادەرانەدا دەچوومە سەر شوێنی چاوپێکەوتنی ڕێکخراوی کۆڕەک لەکێڵگە پەلەوەرییەکەی (مەلا بەنزین) کەلەمانگی **١٩٨٩/٦** بەناوی کاک (ئەحمەد کوڵکنی-هاوڕێ عەزیز) بەکرێ گیرابوو گوایە بۆ قازانجکردن، بەلاّم لەڕاستیدا بەپلانی پارتیزانەکان و ڕێکخراوی سلێمانی بەکرێ گیرابوو تاکو هاوڕێ (سوپا و عەزیز) و برادەرانی دیکە کارەکانی نێوان شار و پارتیزانەکان لەوێوە ڕاپەڕێنن.

بۆ کار ئاسانی هاتوچۆ کردن و هێنانی پێداویستییەکان.. هەندێ جار بۆ زیاتر پاراستنی شوێنەکە چەند کیلۆ مەترێک لەشوێنەکە دوور دەکەوتینەوە. شەوێک تەنها من وکاک عوسمان چووین بۆ سەر پەیوەندی هاوڕێ سوپامان بینی.. شەش فەردە خواردنی هێنابوو لەبرنج و ئارد و شەکر ئێمەش یەک گوێدرێژمان پێبوو. وتیان ئەم خواردنانە چی لێبکەین سبەی دوژمن دەیدۆزێتەوە. دواجار هاوڕێ سوپا وتی دەیخەمە ژێر ئاڵفی جوجگەکانەوە شەوی داهاتوو بێن بیبەن. وتم کاک عوسمان بۆ من سێ فەردەی نەبەم لەدەربەندتاڵە بیشارمەوە و بێمەوە ئەمەی دیکەیش ببەین شەوی داهاتوو دێین ئەوەی دەربەندتاڵە دەبەین، وتی بۆچونێکی باشە. وتم دەی لەگەڵمدا باری بکەن.. باریان کرد و بەڕێ کەوتم.. کوڕێکی لاو تەمەنی لەنزیکەی شازدە ساڵ دەبوو لەسەر کێڵگە پەلەوەرییەکەبوو(سوپا) وتی با ئەم کوڕەت لەگەڵ بێت.. وتم کەسم ناوێت پێویست ناکات. کاک عوسمان وتی ئاساییە لەگەڵ خۆت ببە بەڵکو بارەکەت کەوت یان گوێدرێژەکە کەوت. لەگەڵ کوڕەکە بردمان لەپشتی دەربەندتاڵەوە خواردنەکەمان شاردەوە و هاتینەوە بارەکەی دیکەمان لەگەڵ خۆمان برد. ماوەیەک شوێنی پەیوەندییەکەمان هێنایە خواری کێڵگەکە هاورێ(سوپا) وتی زۆر لەم جوتیارە دەترسم کە لێرە سەرقاڵی سەوزە کردنە. ڕۆژێک سەرە مریشکێکی هەڵگرتبوو دەنوکەکەی گرتبوو بەدەستیەوە بوو دەیگوت بەخوا ئەم مریشکە پێشمەرگە سەری بریوە، منیش پێم وت بیکە بۆ خاتری خوا پێشمەرگە پێشمەرگەی چیتە من و تۆش بۆ بژێوی ژیان و هەژاری هاتوینەتە ئێرە. چیمان داوە لەپێشمەرگە. پێشمەرگە ماوە تا بێنە ئێرە. واز لەم وتانە بێنە حکومەت بزانێ ملمان هەڵدەکەنێ لەپێش هەموومانەوە تۆ لەسێدارە دەدات.

ووتی:هەوڵ بدەن خۆتان لە دەوروبەری ئەم بەراوە بپارێزن بۆ ئەوەی شوێن پێتان نەکەوێت. بۆیە ئەو ماوەیە بەردەوام لەچەند سەد مەترێک خوار کێڵگەکەوە لەناو چاڵە خۆڵەکەدا خواردنەکانیان دادەنا و چاوەڕوانمان دەبوون تا دەڕۆییشتین.

مانگی **١٩٨٩/٨** بوو دوا وەجبەی مریشک بوو هاوڕێ سوپا وتی نزیکەی بیست تا سی مریشکی ئایەخی شەل و شێتمان ماوە بۆ لەگەڵ خۆتان نایبەن ئەگەر شوێنێکی واهەیە تیایدا دایبنێن و بەخێوی بکەن. وتمان کەوابێت دەیبەین شوێنێ باش هەیە، یەک سندوقە مریشک و فەردەیەک ئاڵفمان خستە سەر پشتی گوێلەق و هێنامان کردمانە ژێر تاوێرێکی گەورەوە دوو ڕۆژ جارێک دوو مریشکمان سەردەبڕی. لەکۆتاییدا وا گەورە بوون نزیکەی سێ تا چوار کیلۆ

دەبوون. کۆتایی مانگی ۱۹۹۱/۲ بوو پێمواپە دوا دیدارمان بوو لەگەڵ برادەرانی ناو شاردا من و حەسەن ئۆمەربلی چووین بۆ بینینی(ئەبو عەلی) لەنزیک دار کنارەکەی نزیک جادەی کارێز زۆر چاوەڕوانمان کرد بێ ئومێد بووین لەهاتنی، سەرمای گوێزان ئاسا و کەلە تەزین بەتەواوی شپرزەی کردبووین، لە گفتوگۆی ئەوەدابووین کات درەنگە و ئەبوعەلی نایەت، تاکەی چاوەڕوان بین، لەپڕ دەنگی خڕەی تایە و تەقەی بۆدی ئۆتۆمبیلێکمان بیست لەو شوێنەوە کەلە جادە قیرەکەوە لادەداتەوە بۆ لای ئێمە.. وتمان بەخوا هاوڕێ ئەبوعەلییە و وەرگەڕا بەڕاکردن ڕۆییشتین دەبینین بەهۆی کوژاندنەوەی لایت و تاریکییەوە لە گردێکی بەرزەوە هاتووەتە خوارەوە کەوتبووە ناو شیوێکەوە نازانم چۆن وەرنەگەڕابوو،پاشان بەئاستەم لەشیوەکە دەرمان هێنا. ئەگەر بمانەوێت مێژووی پارتیزانی و گرنگی و کاریگەری ڕۆڵی ڕێکخراوی (کۆڕەک) لەسنوری گەرمیان بەتایبەت کفری بنوسینەوە بەبێ ناوهێنانی هاوڕێ (سوپا—ئەبوعەلی) نوسینەکە پڕ کەموکوڕی دەبێت و بێ ویژدانییەکی گەورەیە بەرامبەر مێژووی گەلەکەمان، لەدژوارترین قۆناغی خەباتدا، هەرچەندە کاک ئەبوعەلی لەبیرەوەریەکانیدا بەناونیشانی بیرەوەری دارکنارەکە ئەو بیرەوەریانەی گێڕاوەتەوە، بەڵام وەک پێویست دەور و کاریگەرییەکانی ئێمەی وەک خۆی نەگێڕاوەتەوە.

## زالوو دوژمنە شاراوەکە

یەکێک لە کێشەکانمان نەبوونی ئاوی پاک بوو بۆ خواردنەوە.. هەروەها نەبوونی پێداویستی پاکردنەوەی ئاوی خواردن وەک کلۆر وحەب. بەهۆی ئەوەی لە سەرنج و گومانی دوژمن دووربین، هەمیشە خۆمان بەدوور دەگرت لەسەرچاوەی ئاوی دیار و زۆر، پەنامان دەبردە بەر هەڵبژاردنی شوێنە دوورە دەستەکان لەئاو و ئاوەدانی، بەکارهێنانی کوێرە کانی و ئاوە وەستاوەکان.. (زالوو-زەروو) کێشەیەکی گەورەبوو بۆ خۆمان و ئاژەڵەکانمان. چەندین جار گوێدرێژەکانمان گرفتاری زالوو گرتن دەبوون.. بەردەوام خوێن لە دەم و لوتیانەوە دەتکا، ئاژەڵەکانمان لەبەر خۆر بۆ ماوەیەکی زۆر ڕادەگرت.. هەتا زالووەکە دەهاتە ناو دەمیەوە دارێکمان دەکرد بەدەمیدا بۆ ئەوەی دەمی بکاتەوە بەهۆی وردە خۆڵەوە کە دەمانکردە سەر زالووەکە لەدەمی گوێدرێژەکە و سەر زالووەکە تاکو خزیەکەی نەمێنێ و دەرماندەهێنا، جاری ئەوتۆ هەبوو ئەو کارە بەچەند جارێک و چەند ڕۆژێک دووبارەمان دەکردەوە.. ئینجا سەرکەوتوو دەبووین تیایدا. بەزۆری بەجامانە یان هەریەکەی پارچەیەک پەردە کولەمان هەڵگرتبوو لەکاتی پڕکردنی دەبە و قومقومەی ئاوەکانماندا دەمان پاڵاوت لەترسی زالوو، ئەگەر کەمتەرخەمیمان بکردایە توش دەبوین. لەو هاوینەدا جەمال وارانی لەدەستەکەی شەهید جەوهەر و شەهید کاکە لەدەستەی ئێمە توشبوون و زالوو چوو بووە قوڕگیانەوە. شەهید کاکە یەک مانگ بەو ئازارەوە

دەتلایەوە، خوێن لەدەمی دەهاتە دەرەوە ڕۆژانە چەندین کاتژمێر بە بەر خۆر و گەرمای مانگی تەموز و ئابەوە دەوەستا تاکو زالووەکە بەهۆی گەرماوە لەقوڕگییەوە بێتە ناودەمی دەری بهێنین، هەموو ڕۆژێک چەندین جار ئەو کارەی دووبارە دەکردەوە هاواری دەکرد هاتە ناو دەمم.. وەرن دەریبێنن.. تاکو دەچووینە لای و دەمی دەکردەوە خۆی دەکردەوە بەقوڕگیدا. چەند جارێک (قامیشێک-نەیجە) یەکمان دەهێنا کونمان کردبوو پڕمان دەکرد لە لیمەدۆزی دەمانخستە پشتی زمانە بچکۆلەی پفمان لێدەکرد هەموو لیمەدۆزییەکەمان دەکردە ناو قوڕگییەوە بۆ ئەوەی بەر زالووەکە بکەوێت بەهۆی ترشی و تیژییەکەیەوە بیکوژێت، بەڵام چەندی نجار ئەم کارەشمان دووبارە دەکردەوە بێسود بوو. دواتر عەلی غایب وتی مەیەبەر سێبەرەکە و ئاو مەخۆرەوە.. بۆ ئەوەی بێتە ناو قوڕگت. کەزانیت هاتە ناو قوڕگت دەم مەکەرەوە تا من دێم بەم مەقەستە دەم باریکەوە دەوەستم کەی وتم دەم بکەرەوە ئینجا دەم بکەرەوە.. بۆ ئەوەی بەمەقەستەکە بیبڕم. لەکاتژمێر دەی بەیانی تا دووی پاش نیوەڕۆ لەبەر هەتاوەکە وەستابوو، بەهێمای دەست وتی هاتە سەرەوە عەلی لەپێشی وەستابوو لەگەڵ دەم کردنەوەی لەپشتی زمانە بچکۆلەیەوە نوکی مەقەستەکەی پێگەیاند و کردی بەدوو لەتەوە و ڕزگاریکرد لەو ئازارە.

## شەهید کاکە و دەرکردنی موو لەپەنجەی

مانگی ١٩٨٩/٧ برینێک لەپەنجەی دەستی شەهید کاکە دەرچووبوو.. بەردەوام دەیپێچاو پاکی نەدەکردەوە، هەندێجار بەزۆر پێمان دەکردەوە و بەدیتۆڵ دەمانشۆرد. بەڵام نەیدەهێشت بەباشی پاکی بکەینەوە. تا دەهات برینەکەی گەورەتر و پیستر دەبوو، پەنجەی ڕەش بوو بۆوە. پێمان دەگوت کاکە پەنجەت پاک نەکەیتەوە و چارەسەری نەکەیت توشی گانگرین دەبێ و ئەبێت بیبڕیتەوە.. ڕەنگە بگاتە دەستت ئەو کاتە ئەبێ دەستت ببڕنەوە گوێی پێ نەدەداین. تا لەسەرەتای مانگی ١٩٨٩/٨(دکتۆر هاوڕێ) لەگەڵ کاک کوردۆ و کاک مەحمود دا هاتن بۆ لامان. پێمان وت شەهید کاکە برینێک بە پەنجەیەوەیە ناهێڵێت پاکی بکەینەوە تەماشایەکی بکە. لەگەڵ بینینی وتی: پەنجەی مووی دەرکردووە ئەوەندە پاکی نەکردۆتەوە ڕەش بۆتەوە، ئەگەر بەباشی پاکی نەکەیتەوە دەبێت ببڕێتەوە. وەرن بۆم بگرن، توند دەستیمان گرت.. هەموو ئەو گۆشتانەی پیس و ڕەش بووبۆوە بەمەقەست بڕی و بەلەفاف و دیتۆڵ پاکی کردەوە تاگەیاندیە سەر گۆَشتە سورەکە هەفتەیەک هەموو ڕۆژێک دووجار پاکی دەکردەوە و دەرزی هەوکردنی لێدەدا.. پاش دوو هەفتە چاکبوو، بەڵام ئازاری زۆریدا.

# خۆ ئامادە کردنمان بۆ سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەناوەڕاستی مانگی **١٩٨٩/٩** بەنیازبووین بەرەو بارەگاکانی سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بچین بۆ حەسانەوە، ئەوەی پێویست بوو بیکەین چەند شتێک بوو.

یەکەم: هەندێ چەکمان هەبوو پێشتر شاردبوومانەوە، کاک عوسمان وتی شەهید حەمە چاوجوان ببە چەکەکانی پێنیشان بدە. چەکەکان لەهەردەی (سێ مەریوانە) ی نێوان گوندی (گۆبان عەرەب و بەلەگەو قورِیچای) دابوو. شەهید حەمە چاوجوانم بردەسەری و خۆڵەکەی سەر بەرمیلەکەم هەڵدایەوە بۆ ئەوەی کە دڵنیابێت لەو شوێنەدایە.

دووەم: ناساندنی برادەرانی ڕێکخراوی ناوشار و شوێنی پەیوەندی کردن پێیانەوە بوو، لەگەڵ هاتنەوەی دەستەکەی کاک (کوردۆ و کاک مەحمود) دا هەریەک لە هەردوو ناوبراو شەهید (حەمەچاوجوانی کفری) لەگەڵ کاک عوسماندا چوونە شوێنی چاوپێکەوتنی برادەرانی ناوشار.. بۆ ناسینی شوێن و ئەو برادەرانەی ناوشار، لەشەوێکی چاوپێکەوتندا کاک عوسمان پێی وتم ئەمجارە تۆ و شەهید هەڵکەوت بچن بۆ چاوپێکەوتنی برادەران بۆ ئەوەی شوێنەکە شارەزا بیت و ئەوبرادەرانەش بناسیت،پێکەوە چووین چاومان بەهاوڕێ سوپا کەوت و هەندێ پێداویستیان هێنابوو لەگەڵ خۆمان هێنامانەوە.

سێیەم: شوێنی حەشارگە و ئەو خواردن وپێداویستیانەی هەمانبوو.. پێشتر شاردبوومانەوە لەسنوری دەستەکەی ئێمەدا بەشەهید حەمە چاوجوان و شەهید هەڵکەوت و شەهاب خانەقینیمان نیشاندان  کە نزیکەی مانگێک لای ئێمەبوون.

# گەڕانەوە بۆ سەرسنور

پاش ئەوەی ئەرکەکانمان ئەنجامدا..ئەوەی پێویست بوو بۆ دەستەکەی کاک (کوردۆ و کاک مەحمود) بیکەین لەناسینی شوێنی حەشارگە و خواردن و بینینی ڕێکخراوی ناوشار و ناساندنیان و ئەو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەی بەپێویستمان دەزانی بۆ مانەوەی ئەوان لە گەرمیان و گەڕانەوەی ئێمە لە گەرمیانەوە بۆ بارەگاکانی سەرسنوری ڕۆژهەلات. ئێوارەی **١٩٨٩/٩/١٩** لەحەشارگەی سێ قازان نزیک کفری ماڵئاواییمان لە(شەهید حەمە چاوجوان و حەسەن شێخ لەنگەری و شەهید حەمە ئاخە و شەهید کاکە) کرد و بەڕێکەوتین. شەهید (حەمەئاخە و شەهید (کاکە توکنی). هەردوو ناوبراو بڕیاریان دابوو نەگەڕێنەوە بۆ سنور بۆ حەوانەوە لەگەڵ کاک کوردۆ و کاک مەحمود لەخوارەوە بمێننەوە. شەهید ئاخە یەکێک بوو لەپێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ و فەرماندەیەکی قارەمان و چاوکراوە بوو.. شارەزاییەکی باش و توانایەکی لەڕادەبەدەری هەبوو لەخەبات وپارتیزانیدا. پیاوێکی گونجاو و خۆشەویست و

قسەخۆش بوو، هەموو ئاواتمان بەوە دەخواست لەگەڵ دەستەکەی بێت. بڕیاری مانەوەی جێگای دڵخۆشی و سوپاسی ئەو برادەرانە بوو. شەهید کاکە پێش ئەنفال پێشمەرگە نەبوو کەسێکی تا ڕادەیەک داخراو و کەم دووبوو.. لەسەرەتای پارتیزانی بەهۆی نەبونی ئەزمون وخەباتی سەخت لەزۆر کاتدا جێگای چاودێری و ترسمان بوو. بەڵام لەگەڵ بەڕێکردنی ڕۆژانی خەباتی سەخت بوو بووە یەکێک لەپێشمەرگە و پارتیزانە هەرە باشەکان. توانا و شارەزایی وسەلیقەیەکی باشی هەبوو، کاک کوردۆ و کاک مەحمود زۆر دڵخۆش بوون بەمانەوەی.. جێگای ڕێزیان بوو. شەو چووینە باخەکەی(حەمەی سەمەد) لە ژووروی چەمی گوندی ئۆمەربل.

ڕۆژی **٩/٢٠** لەچەمی گوندی ئۆمەربل ماینەوە. بۆ ئێوارە بەڕێکەوتین بۆ دەمەوبەیان گەییشتینە حەشارگەیەک لەنزیک گوندی (بنەبەراز) ناوچەی (جاف) سەربە ناحیەی (پێباز) باوەنوور. بۆ کاتژمێر پێنجی پاش نیوەڕۆی **٩/٢١** بەڕێکەوتین بە نزیک گوندی (بنەبەراز) و (کانی کەوە) و(زاوت) دا تێپەڕین بە باشوری ئەشکەوتی (داری خلە) دا تێپەڕین کە(شەهید مەلائەحمەد) و شەش لە هاوڕێکانی بەهۆی ڕووخانی ئەشکەوتەکەوە تێدا شەهید بوون. بەنزیک گوندی (ڕۆستەی شامار) دا تێپەڕین کاتژمێر یەکی شەو چووینە حەشارگەکەی (حەمەپاریۆڵە) لەنزیک گوندی (پاریۆڵە)ی سەربە ناحیەی (پێباز)، هەڤاڵان (حەمە پارێوڵە و موکەڕەم ڕەشید و شەهید حەمە کادیر و کەریم رشید برای شەهید حەسەن) لەوێ بوون.. شەو زۆر سارد بوو، ئارەقەیەکی زۆرمان کردبوو..ئەو ڕێگا دوورو درێژەمان بڕیبوو. سەرما هەراسانی کردم.. زۆر گەڕام هیچم دەست نەکەوت بیدەم بە خۆمدا، گەڕام بۆ هەگبەی سەر گوێدرێژەکان ئەوانەش نەمابوو.. برادەران بەخۆیاندا دابوو. ماندوو بووم دەمەویست بخەوم، بەڵام سەرما نەیدەهێشت بخەوم ناچار کورتانی یەک لە گوێدرێژەکانم کردەوە، وتم بەیارمەتیت ئەم شەو بە ئامانەت بمدەرێ سبەی بۆت دەگەڕێنمەوە و دام بەخۆمدا تا بەیانی خەوێکی خۆشمکرد، سبەی بەسوپاسەوە گەڕاندمەوە بۆ خاوەنەکەی.

ڕۆژی **٩/٢٢** لای ئەم برادەرانە ماینەوە هەندێ نانمان کرد بۆ ڕێگا، بەڵام لەبەر کەمی ئارد نەمانتوانی نانی زۆر بکەین. ڕۆژی **٩/٢٣** کاتژمێر شەشی ئێوارە بەڕێکەوتین.. بەنزیک گوندی (پاریۆڵە) دا بۆ ئاراستەی باشوری ڕۆژهەلات چووینە خوارەوە بۆ ئاراستەی جادەی قیری (باوەنور-دەربەندیخان).پێشتر کاک عوسمان کە فەرماندەی ڕەتڵەکەمان بوو لەگەڵ کاک (سەلام کوێخا عەزیز و شەهید مەحمودی مامەعەزە) دا ڕێککەوتبوون لەسەر ڕووباری (سیروان) کەڵەک و پێداویستی پەڕینەوە ئامادە بکەن و چاوەڕوانمان بکەن، بێتەلەکانیان کراوە بێت بۆ ئەوەی پەیوەندی بەردەوامان پێکەوە هەبێت.. تا یەکدەگرینەوە. لەڕێگادا بووین کاک (سەلام) پەیوەندی پێوەکردین وتی: (نازم) ئێمە لە قەرەباڵغییە بێدەنگەکەی لای مارە ڕەشەکە چاوەڕوانتان دەبین. مەبەستی (گۆڕستانی بان پێواز) بوو لەسەر جادەی گشتی (باوەنوور-دەربەندیخان)، مارە ڕەشەکە مەبەستی جادەی قیربوو. کاتژمێر نزیکەی دەی شەو گەییشتینە گۆڕستانەکە کە دیاریکرابوو، هەریەک لە(سەلام کوێخا عەزیز و صدیق عەلی تۆفیق و شەهید

حوسێن حامی) چاوەڕوانمان بوون، کاک سەلام پێشمانکەوت و بەئاراستەی ڕووباری سیروان لەجادە پەڕینەوە، بەڕۆخی ڕووبارەکەدا بەرەو باکور ڕۆییشتین لەنزیک گوندی (کەوزەناڵی) چووینە سەر ڕووباری سیروان. پێم باشە هەڵوێستەیەک لەسەر ڕووباری سیروان بکەین. ڕوباری سیروان ڕوبارێکی کوردستانییە لەزنجیرە چیاکانی (زاگرۆس) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیک شاری سنەوە هەڵدەقوڵێت، لەناوچەی هەورامانەوە دەڕژێتە باشوری کوردستانەوە، لەباشوری بەغدادی پایتەختی عێراقەوە دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە، درێژییەکەی دەگاتە(٤٤٥)کم، هەریەک لەشارەکانی (دەربەندیخان و کەلار و جەلەولاو شارەبان) لەخاکی کوردستان دەکەوێتە سەری، لەسنوری خاکی کوردستان دا دوو بەنداوی لێدروستکراوە (بەنداوی دەربەندیخان و بەنداوی حەمرین دەکەوێتە ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستانەوە. (بەنداوی دەربەندیخان) لەسەر ڕووباری سیروان و لەباکوری ڕۆژهەڵاتی قەزای دەربەندیخان سەر بەپارێزگای سلێمانی دروستکراوە، لەساڵی**١٩٥٦** دەستکراوە بەکارکردن تاکو ساڵی **١٩٦١** تەواوکراوە، بەمەبەستی گلدانەوەی باراناو و ڕێگریکردن لەلافاو و ئاودێری و بەدەستهێنانی وزەی کارەبا بنیادنراوە، جۆری بەنداوەکە پڕکراوەی بەرد و ناوەخنی گڵە، لەگەڵ ئاوڕێژێکی کۆنکریتی، پانییەکەی لەبنەوە **٥٠** مەتر و لەسەرەوە **١٧**مەترە. درێژی (**٤٤٥**) وپانییەکەی لە لوتکەدا دەگاتە(**١٧**) مەترو بەرزی بەنداوەکەش دەگاتە (**١٢٨**)مەتر، نزیکەی (**٣** )ملیار مەترسێجا ئاو گلدەداتەوە، بەهۆی **٣** تۆڕباینەوە بڕی (**٢٤٩**) میگاوات کارەبا بەرهەمدێنێ. بەنداوەکە بەڕێژەی سەرەکی **٦٥ %** پشت بەو ئاوانە دەبەستێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەڕژێتە ناویەوە. بەڕێژەیەکی کەمیش پشت بەئاوی (ئەحمەد ئاوا، زەڵم) و تانجەرۆ دەبەستێ. (بەنداوی حەمرین) لەسەر بەرزاییەکانی جەوەڵ حەمرین بنیادنراوە لەباکوری قەزای شارەبان سەربە پارێزگای دیالە، بەمەبەستی گلدانەوەی ئاو بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری بنیادنراوە، بەنداوەکە ڕووباری سیروان دەکات بەسێ لقەوە، لەوانە لقی یەکەم (ڕووباری مەهروت) بەقەزای شارەباندا دەڕوات. لقی دووەم (ڕووباری روزیان بەلەدروز). لقی سێیەم (ڕووباری خاڵس)، ئەم لقانە بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری دروستکراون. عەرەبەکان.. ڕووباری سیروان بە(نەهر دیالی).. واتە ڕووباری دیالە ناوی دەبەن.

پاش گەییشتنمان بۆ سەر ڕوباری سیروان.. بەپەلە کەوتینە دروستکردنی کەڵەک، چونکە چەند دارێک ئامادەکرابوو لەگەڵ هەندێ حەبل و چەند چوپێکی گەورەدا بەبێ پەمپی هەوا، وتمان بۆ خاتری خوا چوپی گەورە چۆن بەبێ پەمپ پڕ هەوا دەکرێت، عوسمان مەلا جەمیل وتی یەک چوپ بدەن بەمن بەتەنها پڕی دەکەم لەهەوا. وتمان دیارە تۆ پستۆنەکانت گەورەن، نیشتە قەد چوپێکی گەورەوە بەتەنها چوپێکی پڕکرد. ئێمەش سێ چوار پێشمەرگە چوپێکمان پڕکرد، بەگوریس وحەبل و هەندێکی بەپشتوێن.. دار و چوپەکانمان پێکەوە بەست. بیهێنە پێش چاوت کەڵەکێک بەچەند پارچە حەبل و گوریس و پشتوێن پێکەوە بەسترابێت.. چوپەکان بەپفی دەم هەوای تێکرابێت.. ئەبێت چۆن کەڵەکێک بێت و چەند کەس هەڵبگرێت، باوەڕ بکەن ئەوەندە شل و شاو و شەق و شڕبوو هەر چووینە سەری لەترسدا حاڵمان نەبوو، من بۆ خۆم زۆر

ترسام، لەبەرئەوەی مەلەوان نەبووم، ئاوی ڕوبارەکەش ئەوەندە زۆربوو ئەوبەری بەزەحمەت دیاربوو کەمانگە شەوێکی زۆر ڕووناکبوو، یەکسەر نیتاقی تاقمەکەم کردەوە و کۆڵە پشتەکەم لەکۆڵم کردەوە خستمە باوەشم، لەخەیاڵی خۆمدا وتم ئەگەر کەڵەکەکە وەرگەڕا یان هەڵبوەشێتەوە ئەگەر شتی قورسم پێوە نەبێت پەلە پروزێیەک دەکەم و باوەش دەکەم بەچوپێک پارچەدارێکدا..یان دەست بەبنچکێکەوە یان دارێکەوە دەگرم تا دەرباز دەبم. (شەهید حوسێن) کەڵەکەکەی لیدەخوڕی و سەوڵی لێدەدا.. دەیگوت ئەوە بۆ وا دەترسن، عەیبە.. ئێوە پێشمەرگەن. من وتم وەڵا من ئەوەندە دەترسم لەحیساب نایەت. شەهید حسێن پیاوێکی بەتوانا و بەغیرەت بوو کەزانی بە سەوڵ لێدان کەڵەکەکە باش نارِوات دابەزی و بە پێ مەلە پاڵی بەکەڵەکەکەوە دەنا بەماندوو بوون و حاڵێکی خراپ بردییە ئەوبەری ڕووبارەکە، من و (شەهید کامەران و صەباح و جەمال و عوسمان) پێکەوە یەکەم وەجبە پەڕینەوە، کە چووینە ڕۆخی ڕووبارەکە شەهید کامەران ئەوەندە بە شپرزەیی خۆی هەڵدا بۆ سەر وشکایی.. خەریکبوو کەڵەکەکە وەرگەڕێ، شەهید حوسێن وتی: لەسەر خۆتان لەسەر خۆتان دابەزن، خەریکبوو وەرگەڕێ. وتم وامزانی تەنها من ترساوم هەمووتان لەمن زیاتر دەترسن. لەسەرخۆمان لە ڕووبارەکە پەڕینەوە.

لێرەدا مەمانخەنە ئاوەکەوە ئاو بمانبات، چاوەڕوانی هەموو برادەرانمان کرد نزیکەی کاتژمێر سێ پەڕینەوە.

بەدەشتی (کونەقەل)دا تێپەڕین بەرەو ئاراستەی باشوری ڕۆژهەلات، لەپڕ ئەوەندەمانزانی دوو زەلام لەدووری دوو سەد مەترێک ئێمەیان بینی و هەلاتن دوایان کەوتین بیانگرین لەچاو تروکانێکدا خۆیان ونکرد.. لەبەر هەستیاری سنورەکە نەمانوێرا تەقەیان لێبکەین، گوێدێژێکیان لێ بەجێمابوو هەگبەیەکی لەسەربوو، دەستم کرد بەناو هەگبەکەدا شتێکی نەرم لەدەستمی دا، دەرمهێنا تەماشامان کرد کەروێشکێکی دەیمییە کوشتبوویان. تێگەیشتین هەر کەس بووبن ڕاوچین و لەترسی ئێمە هەڵهاتوون.. وایانزانیوە جاش و سەربازین، هەرگیز کەس گومانی بوونی پێشمەرگە لەو کات و شوێنەدا ناکات. زیاتر ئاسودە بووین و دوایان نەکەوتین. کاک سەلام وتی کاتمان زۆر بەدەستەوە نەماوە، ئەگەر بەخێراییەکی باش نەڕۆین لەم دەشتەدا ڕۆژمان لێدەبێتەوە. لەگەڵ دونیا ڕووناکبوونەوەدا گەییشتینە چەمی(باخ سامەیی) دەکەوێتە ڕۆژئاوا و خوارووی چەمی خوار گوندی (سۆلاوە) وە..باکوری ڕۆژهەلاتی قەلای (مەیدان).. کە بارەگای سەرەکی سوپای عێراق بوو، باکوری گوندی (قەسلان) کە بارەگای هێزەکانی (حدک) تێدا بوو. کاک سەلام وتی: ئەبێ ئەمڕۆ زۆر وریابن و کەس لەناو چەم و بن دارەکان دەرنەچێتە دەرەوە، لەبەرئەوەی زۆر لەبارەگاکانی (حدک) وە نزیکین.. ڕۆژانە بۆ ڕاو و پیاسەکردن دێنە ئێرە، دەبێت زۆر هەوڵ بدەین نەمانبینن. ئەگەر چەند کەسێک هاتنەسەرمان و بینراین دەبێت لای خۆمان ڕایان بگرین تا ئێوارە. کە ئێوارە ئێرەمان بەجێ هێشت.. ئازادیان بکەین. چونکە حیزبی

دیموکرات بەناچاری کەوتبوونە کوردستانی باشور و لەسنورەکانی ژێردەستی حکومەتی عێراقدان و هاوکاری و پێداویستییەکانیان لێوەردەگرت، دوور نییە ئێستا دەزگا ئەمنییەکان چەندین کەسیان لە ناویاندا چاندبێ، هەرچەندە لەڕابردوودا جگەلە هاوکاری زیانیان بۆ ئێمە نەبوو.

ڕۆژی **٩/٢٤** تا ئێوارە لە چەمی (باخ سامەیی) بووین زۆر وریا و چاوکراوە دەجوڵاینەوە، لە خۆپاراستن و چاودێری دەوروبەری خۆمان. کاتژمێر شەشی ئێوارە.. بەناو چەم و شیوەکەدا بەرەو ئاراستەی چیای (خوشک) بەڕێکەوتین، بۆ پاش خۆرئاوابوون لە جادەی قیری (سەرتەک-دەربەندیخان) پەڕینەوە.. بەناو کەلاوەکانی گوندی (سۆڵاوە) دا کە لەساڵی **١٩٧٥**پاش شکستی شۆڕشی ئەیلول.. حکومەتی عێراق بەبیانووی پشتوێنەی ئەمنی ڕووخاندبووی..خەڵکەکەی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ شارەکانی (ڕومادی و فەلوجە)..هتد..ڕاگواست. بە چیای (خۆشک) دا هەڵگەڕاین.. بۆ کاتژمێر نۆی شەو چووینە نیوە قەدی چیا، لەوێ.. بۆ خۆحەشاردان بووین بە دوو بەشەوە.. سبەی بەشێکمان لای کاک (سەلام کوێخا عەزیز) ماینەوە لەخوارووی کەلی (تەڵە) وە، بەشێکی دیکەمان لەگەڵ (شەهید مەحمود) چووین بۆ حەشارگەی (داڵە لیان) کە ئەشکەوتێک بوو.

ڕۆژی **٩/٢٥** لەگەڵ برادەرانی کاک مەحمود و کاک سەلام لەچیای (خۆشک) کەدەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزای (دەربەندیخان)ەوە ماینەوە لەگەڵ ئەم فەرماندەو پێشمەرگانەدا:

**١**-شەهید مەحمود عەزیز (مەحمود مامە عەزیز)ولە**١٩٩٦/١٠/١٢** لەشەڕی ناوخۆ شەهید بوو.

**٢**- شەهید فەلاح کوێخا عەزیز,لە مانگی **١٩٩١/٣** لەڕاپەڕیندا لە خانەقین شەهید بوو.

**٣**-شەهید ئیسماعیل عەبدولا حەمەخان(شەهید هاپۆ) لە**١٩٩٣** لەشەڕی ناوخۆدا شەهیدبوو.

**٤**-شەهید قاسم محەمەد وەهاب(شەهید دکتۆر قاسم),لە**١٩٩٣** لەشەڕی ناوخۆدا شەهیدبوو.

**٥**-شەهید کەمال سەعید محەمەد(شەهید کەمال شێخ لەنگەری),لە**١٩٩١/٣** لە ناحیەی کوڵەجۆ شەهید بوو.

**٦**-شەهید حسێن حامی لە **١٩٩١** بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل شەهید بوو .

**٧**-سەلام کوێخا عەزیز.

**٨**- سدیق عەلی تۆفیق.

**٩**-ئەحمەد مستەفا ئەحمەد(ئەحمەد ئاربیجی).

**١٠**-ئەحمەد عەزیز محەمەد(ئەحمەد حاجی عەزیز).

**١١**-رەحمان فەتاح محەمەد.

**١٣**-سەلام محەمەد نەجم(مامۆستا سەلام تاڵەبانی).

**١٤**-هۆشیار عەلی عەبدول سەمین(هۆشیاری مین).

**١٥**-سدیق سۆفی مەجید.

ئەو شەو و ڕۆژە زۆر ڕێزیان گرتین وحەواینەوە، مامۆستا نەجم عەبدولا لەمانگی ٧ لەگەلا کاک مەحمود و کاک کوردۆ دا هاتبووە خوارەوە لەگەلا ئێمە هات بۆ لای شەهید مەحمود و

کاک سەلام لەوێ مایەوە. ڕۆژی **٩/٢٦** کاتژمێر شەشی ئێوارە بە ڕێکەوتین چووینە سەرچیا لەگەڵ تاریکبووندا بە نێوان ڕەبییەکاندا لە کەلی (تەڵە)وە چووینە خوارەوە بە ڕووی گوندی (سەرتەک)دا بەرەو ڕۆژهەلات. لەناو گوندە ڕووخاوەکەی سەرتەکدا لەسەر کانی و ئاوەکە هەندێ خانووی تێدابوو بارەگای لیوایەکی سەربازی تێدا بوو موەلیدەی کارەبا کاری دەکرد دەورووپشتی بارەگاکە ڕووناک بوو، پاش دابەزین لەچیای(خوشک) بەو هەڵدێر و دار و بەردانەدا.. بەو تاریکە شەوە سەدان جار دەکەوتین و هەڵدەساینەوە لە باکوری بارەگاکەوە تێپەڕین سەگی بارەگاکە بۆمان هاتن دونیایان لێ ئاگادار کردینەوە.

بەبێ کێشە لەوێ تێپەڕبووین، لە جادەی (سەرتەک -پشتە) لەنێوان گوندی (سەرتەک و ژاڵەناو) بەرەو ئاراستەی چیای(بەمۆ) پەڕینەوە و بە چیاکەدا هەڵگەڕاین و چووینە نیوە قەدی چیاکە بۆ ئەوەی لەمەترسی جادەکە و ڕەبییە و بارەگاکان بەدوور بین، ئەو سنورانە شەڕگەی (عێراق و ئێران) بوون، هێشتا ڕەبییە و سەربازگە و سەنگەرەکان قەرەباڵغ بوون، هەرچەندە ساڵێک بەسەر ڕاگرتنی شەڕدا تێپەری بوو، سنورەکان جمەیان دەهات لەسەرباز و سوپا. بەقەد پاڵی چیادا بەرەو ئاراستەی ڕۆژهەلات و ملەی سەرتەک ڕۆییشتین، لەبەرامبەر ملەی (سەرتەک) کەبارەگای لیوایەکی سەربازی لێبوو، بەهۆی کەوتنە خوارەوەی چەند بەردێک بەهۆی ئێمەوە لە قەد چیای بەمۆوە بەرەو ئاراستەی سەربازگەکە و وەڕینی سەگەکانیانەوە بە گرداری بیکەیسی و چەکی سوک.. قەدی چیایان گوللەباران کرد، هەریەکە و لەپاڵ بەردێکدا دانیشتین تا چەند خولەکێک تا گوللە بارانەکە کۆتایی هات. بەهۆی ئەوەی بێکێشە تێپەڕبین.. زیاتر بەرەو سەرتر بەقەد چیادا هەڵگەڕاین، تا لە بارەگای لیواکە تێپەڕبووین، گەییشتینە ئاستی (کانی کەڵ) کەدەکەوێتە ڕۆژهەلات وخوارووی چیای (بەمۆ)وە. ویستمان دابەزینە خوارەوە هەمووی هەڵدێربوو، ڕێگای نەبوو دیسان ماوەیەک بەقەد چیادا گەڕاینە دواوە.. بەرەو ئاراستەی بارەگای لیواکە تا ڕێگەیەکی دابەزینمان دۆزییەوە زۆر ماندووبووین. چووینە سەر(کانی کەڵ) ئاومان خواردەوە و قومقومەکانمان پڕکردەوە و بەرە و ئاراستەی باشوری ڕۆژهەلات درێژەمان بەڕۆییشتن دا.. لە ڕۆژهەلاتی کانییەکە بەدووری سێ سەد مەتر و بەدامێنی گردی کانی کەڵەوە سەربازگەیەکی گەورەبوو کێڵگەیەکی مینی لێبوو (وشیار) لەپێشەوە بوو، بەو شەوە بەخێرایی مینی دەردەکرد و بەملاوبەولادا فڕێی دەدا.. دەتگوت ئەم مینانە خۆی دایناوە، زۆر سەرسام بووم کەبەو شەوە تاریک و ئەنگوستەچاوە.. بەو شێوەیە بەبێ ترس و دەستوبرد بوو. بەڕاستی لەبوارەکەیدا شارەزا و بەسەلیقە و جوامێر بوو، بەداخەوە لە مانگی **١٩٩٠/١** لەگەڵا دەستەیەک پێشمەرگە بەفەرماندەیی کاک عادل شکور بۆ گەرمیان دێنەوە، لەهەمان ڕێگاو ناوچە مینێکی پێدا دەتەقێت بەسەختی بریندار دەبێت دەبێتە هۆی لەدەستدانی لاقێکی، ئەو پیاوە جوامێرە نەبوونی لاقێکی ڕێگای خزمەت و هەڵگرتنەوەی مینی لێناگرێت، لەپاش راپەڕین لەسنوری هەڵەبجە لەکاتی پاککردنەوەی کێڵگەیەکی میندا لاقەکەی تری لەدەست دەدات، ئێستاش پاش ئەوەی هەردوو لاقی لەدەستداوە، بەردەوامە لەهەڵگرتنەوەی مین و

خزمەت دەکات. نزیکەی سەد و پەنجا مەترێک  بەناو ئەو کێڵگە مینەدا ڕۆییشتین بەپشتی ڕەبییەکەی (کانی کەڵە) دا بەئاراستەی باشور سوڕاینەوە، دیسان توشی کێڵگەیەکی دیکە بووین بەهەمان شێوەی پێشوو مینەکانی هەڵگرتەوە، ئێمە پێنج تا شەش مەترێک بەڕیز بەدوایدا هەنگاو بە هەنگاو دەڕۆییشتین، بەبناری چیای (بەمۆ و کەڕەوێڵ) درێژەمان بەڕۆییشتن دا، دەمەوبەیان لەسەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕگە و سوپای عێراق تێپەڕبووین، گەییشتینە چەم و ئاوی (سورەمەڕ) کەدەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چیای (بەمۆ)، نێوان سوپای (عێراق و ئێران)ەوە. ڕۆژی **٩/٢٦** لەچەمی (سورەمەڕ) لەنێوان شەڕگەی عێراق وئێران ماینەوە، بارەگایەکی (حدک) لەبناری چیای بەمۆوە بوو، لەناو دارەکانی (کەڕەوێڵ) کەدەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چیاکەوە، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لەو چەمەدا ماینەوە، ترسی سوپای عێراق و ئێران و (حدک) مان هەبوو، ئەگەر لەهەر کامیان ئاشکرا بووینایە.. بە دوژمنی خۆیمان دەبینی دەکەوتینە نێوان سێ بەرداشەوە.. مەگەر خودا خۆی بیزانیبا چیمان بەسەر دەهات، تا ئێوارە بە وریاییەکی زۆرەوە جوڵەمان دەکرد. پێش هاتن و گەییشتنمان بۆ سنوری ڕۆژهەڵات بە بێتەلی ڕاکاڵ پەیوەندی بەسەرکردایەتیەوە کرابوو، لەو بەروارەدا نوێنەری شۆڕش لەگەڵ (قەرارگای ڕەمەزان) دا بێنە سنور و بەبێتەل پەیوەندیمان پێوە بکەن و ڕێوشوێنی پێویست و گونجاو دابنرێت بۆ برینی کێڵگەی مین و گەییشتن بەسەنگەرەکانی سوپای ئێران. ئێوارە لەڕێگەی بێتەلەوە هەرچی بانگمان کرد وەڵام نەبوو، دەنگی بێتەلمان نە بەگەرمیان دەگەییشت، نە بەبرادەرانی ئێران کە بەَلێن بوو لەسنور چاوەڕوانمان بن. زۆر بێ ئومێد بووین، نانمان پێ نەمابوو هیچ خواردنێکی دیکە لەو سنورە نەبوو.. گەڕانەوە بەناو سوپای عێراق و کێڵگەی مین و ئەم هەموو شاخ و دژواریەدا وزە و توانایەکی باشی دەویست.

کاک عوسمان لەسەرەتادا وتی دەبێت بگەڕێینەوە، هەموومان وتمان کاک عوسمان بەبێ نان و بەبرسێتی بەم ڕێگا هات و نەهاتەدا زۆر سەختە.. کەس توانای برینی ئەم ڕێگایەی نییە. کاک عوسمان دەیگوت: ئێمە لەنێوان دوو بەردئاشداین لێرە ئاشکرا ببین سوپای هەردوو وڵات لێمان دەدەن. بەبێ نانیش ناتوانین لێرە بمێنینەوە. ڕوو لەسەنگەرەکانی ئێران بکەین بەبێ ڕێنوێنی و ئاگادارکردنەوەیان ئاسان نییە.. ئەگەر ئێران تەقەمان لێبکات لە دواشمانەوە عێراق لێماندەدات. هەمووان پێمانوابوو گەڕانەوەکەمان مەترسیدارترە تاکو ڕۆییشتن بۆ سنوری ڕۆژهەڵات. هۆشیار وتی کاک عوسمان چوونمان بۆلای ئێرانیەکان ئەوەندە قورس نییە نزیک دەبینەوە و بانگیان دەکەین ئینجا دەچینە پێشەوە. کاک عوسمان وتی هۆشیار بەبێ ئاگاداری چۆن دەبێت ڕوو لەسەنگەرەکانی ئێران بکەین؟

هۆشیار وتی کاک عوسمان تۆ تەنها ڕازی بە..بڕیار بدە ئەوە لەسەر من، ڕێگاکە باش شارەزام، دەچمە پێش سەنگەرەکانیان و فارسی باش دەزانم بانگیان دەکەم وخۆمیان پێدەناسێنم کەی ڕازیبوون ئینجا دەچم بۆ لایان. کاک عوسمان بە بۆچوونەکەی هۆشیار ڕازی بوو، کاتژمێر گەییشتبووە نۆی شەو، پاش ئەم هەموو وتووێژ و بگرەوبەردیە لەچەمی (سورەمەڕ) چووینە

سەرەوە کێڵگەیەکی مینی ئێران لەپێشمان بوو، دیسان (هۆشیار) لەپێشەوە مینەکانی هەڵدەگرت و ئێمەش بەدوایدا، وتی کەس لەپێک پێی بەملاوبەولادا نەبات، کێڵگەی مینی ئێران زۆر بەچڕی و دوور لەئەندازەی سەربازی دانراوە، بۆیە زۆر وریابن، کێڵگەکە نزیکەی سێ سەد مەترێک لەسەنگەرەکانی ئێرانەوە دوور بوو، ئێمە لەناو شیوێکدا دانیشتین و هۆشیار چووە پێش سەنگەری ئێرانییەکان.. لەدووری سەد وپەنجا مەترێک دانیشتبوو بانگی دەکرد، ئاغایان، ئاغایان، ئاغایان، ئاغایان؟ کێیت، کێیت، کێیت؟ هۆشیار هەستەم، هۆشیار هەستەم. پێشمەرگەی (ئیتیحاد میهەنی کوردستان هەستم)، هۆشیارم پێشمەرگەی (ی.ن.ک) م، هۆشیار کیست؟ هۆشیارم کەماوەی مانگێک پێش ئێستا لێرە لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەدا چووین بۆ خاکی عێراق. پێشمەرگەی یەکێتین، (دەست بالاّ بکە و بیا) دەستت بەرز بکەوە.. وەرەپێشەوە. بیا، بیا، بێ، بێ، ئیست، ئیست، بوەستە، بوەستە، (دست بالا  بکە)، دەست بەرزبکەوە، بسوڕێ بسوڕێ، چاومان لێبوو نزیک بۆوە و لایتیان لێدەدا.. بردیانە ناو ڕەبییەکەوە،پاش دڵنیابوون، نزیکەی دە خولەک هۆشیار هاتە دەرەوە و بانگی کردین، برادەران بێنە سەرەوە. چووینە ناو ڕەبییەکەوە نزیکەی پەنجا سەربازی تێدابوو هەموو سەنگەریان گرتبوو.. گەییشتینە ناو ڕەبییەکە هاتن لێمان کۆبوونەوە جلەکانیان دەتگوت حەبی کەپسولە هەریەکەی ڕەنگێک بوو، پانتۆڵ ڕەنگێک سەرەوەی ڕەنگێک یەکی پارچە قوماشێک بەسەرییانەوەبوو، دەڵێن جەیشی حەمە عەگوڵ ئا ئەوە بوو، کەس بەکەس نەبوو بەڕاستی هەر بۆ ئەمانە دەگونجێ پێیان بڵێیت جەیشی حەمەعەگوڵ، تەنها سوپانە بوون، هەموویان کوردبوون خەڵکی سنوری (سەرپێڵی زەهاو) و ئەو سنورە بوون، بەئاستەم لەزمانیان تێدەگەییشتین. کاک عوسمان پێی وتن: کەس نەهاتۆتە ئێرە بۆ چاوەڕوانی ئێمە؟ وتیان: هیچ کەسێک نەهاتووە بۆلای ئێمە، کاک عوسمان وتی: پەیوەندی بکەن بەسەرەوەی خۆتانەوە ئاگاداریان بکەنەوە، بڵێن ژمارەیەک پێشمەرگە هاتوون لامانن، دەبوایە نوێنەرمان بهاتبایە بۆ ئێرە و چاوەڕوانمان بن.پاش پەیوەندیکردن کاتژمێر نزیکەی دە و نیو بوو.. شەهید (حەمەڕەش) و نوێنەرێکی (ئیتلاعات)ی کرماشان بە ئۆتۆمبێلێکی پیکاب لاند کرۆزەر کەناسراوە بە (مێک زەمینی) هاتن، هەموو لەدواوەی مێک زەمینییەکە سەرکەوتین، بەناو ئەو شیو و بەرزی و نزمیانەدا ئەوەندە بەخێرایی دەڕۆییشت ئۆتۆمبێلەکە بەهۆی قورسی بارەکەیەوە وەک مار ئەم دیو ئەو دیوی دەکرد، وتمان چەنێکە کۆپتەر و کێوماڵ و کێڵگەی مین نەیکوشتووین، وابزانم ئەم ئۆتۆمبیلە دەمانکوژێت. کاتژمێر یازدە و نیوی شەو گەییشتینە بارەگای فەرماندەیی ئەو سنورە کاک (حامی حاجی غالی) ش لەوێبوو. لەگەڵ گەییشتنمان چەک و تاخم و پێداویستیەکانیان لێمان وەرگرت. وتمان زۆر برسین هەندێ نان و شتی لەقوتونراو لەگەڵ پەنیری سوێری تەنەکەیان  بۆ هێنایین. وەک گورگی برسی پەلاماری خواردنەکەمان دەدا، پاش نان و چا هەر جارە و یەکێکمانیان بانگ دەکرد بۆ لێکۆڵینەوە.. دوو تا سێ کەسیان بانگ کرد.. ئێمە دەستمان کرد بەبۆڵەبۆڵ بەکاک حامی و شەهید حەمەڕەشمان

گوت ئەرێ کاکە ئەمە پەیوەندیەکانتانە لەگەڵ ئێران. باشە ئێمە بەدیل گیراوین یان هێزێکی شۆڕشگێڕ و بەرهەڵستکاری عێراقین؟

پاش بۆڵەبۆڵ و دەنگ بەرزکردنەوەی ئێمە.. نوێنەرەکەی ئێران کەلە ئیتلاعاتی کرماشانەوە هاتبوو هات بۆلامان وتی کێشەتان چییە؟

کاک حامی ناڕەزایی ئێمەی پێگەیاند.. وتی ئەم پێشمەرگانە ساڵێک و شەش مانگە لەناخۆشترین و سەختترین ژیاندا بوون.. ئێستا بەگەییشتنان بۆ ولاتێک کە جێگای هیواو ئومێدیان بووە بۆ هاوکاری و پێشوازی کردنیان، بەلاّم ئەم هەڵوێستەیان بینی زۆر پەشیمانن لەهاتنیان و زۆر بێزارن. پاش ئەو ناڕەزایی دەربڕینە کەسمان بانگ نەکراین. ئەو چەند پێشمەرگەیەیان بانگ کردبوو.. پرسیای (حدک و کۆمەڵەی ئێران ومجاهدین) یان لێکردبوون. ئەوانیش وتویان ئێمە لەسنوری گەرمیان بووین ئەوحیزب و چەکدارانە لەو سنورە دا بارەگا و چەکداریان نییە. ئەو شەوە لەو بارەگا سەربازییە خەوتین، ڕۆژی **٩/٢٧** کاتژمێر نۆی بەیانی بەدوو ئۆتۆمبێل بەڕێکەوتین یەکەم ئاوەدانی بەناو شاری (سەرپێڵ زەهاو)ی ڕۆژهەلاّتی کوردستاندا تێپەڕین، سەرپێڵ زەهاو شارێکی کوردییە.. یەکەم پەلاماری سوپای عێراق لە **١٩٨١/٩/٢٢** لەسنوری قەزای (خانەقین)ەوە چوونە ناو خاکی (ئێران)ەوە، یەکەم شار(قەسری شرین) و دواتر(سەرپێڵی زەهاو) بوو، زیاتر لە هەشت ساڵ لەژێر دەسەلاّتی سوپای عێراقدا بوو، ئەو شارە هەموو لەژێر بۆردومانی تۆپ و فڕۆکەدا تەختی زەوی کرابوو، تەنها بەو ساڵە لەپاش وەستانی شەڕ جادە و شۆستە و ڕێگاوبان و خانوو و پارکەکانی واجوان چاککرابوو، پاککرابۆوە، ئەگەر تانکە شکاوە بەجێماوەکانی سوپای عێراقمان نەبینیایە لەسەر شۆستە و ڕێگاکانی ناو شاردا، بۆ نیشاندانی تاوانەکانی بەعس دانرابوون، هەرگیز نەماندەزانی ئەم شارە و ئەم سنورە شەڕێکی هەشت ڕۆژەی تێدا بووە نەک هەشت ساڵە. هەرێمی کوردستان تا ئێستا سی ساڵ زیاتر بەسەر کیمیاباران و بۆردومانی هەڵەبجەی شەهید دا تێپەڕیوە، شوێنەواری شەڕ و ماڵوێرانی پێوە دیارە، گەرمیانی ئەنفالزەدە.. پاش سی ساڵ زیاتر وادەزانی سی ڕۆژە خەڵکەکەی ئەنفالکراوە و گوندەکانی تەختکراوە، بەو دیمەنانەی شار و نیشاندانی تانکەکان زۆر سەرسام بووم، تێگەییشتم شارستانییەتی گەلان و ولاّتی ئێران خاوەنی عەقڵ و تێگەییشتن و کلتورێکی جوانە، تێگەییشتم تاوان و دوژمنایەتی لەگەڵ ئەم گەل و ولاّتەدا.. هەرگیز لە بیرناکەن.. بەدەیان نەوەی دوای خۆیان دەڵێن ببینن چ تاوانێکمان بەرامبەر کراوە.. کەی توانیتان تۆڵەی بکەنەوە. نەک وەک ئێمە سێ ساڵ پاش کیمیابارانی هەڵەبجە تاوانبارانی هەڵەبجە و ئەنفال لەلایەن دەسەلاّتدارانی هەرێمەوە لەچنگ و تۆڵەی شیعە ڕزگارکران و نێردرانە دەرەوە و لەدادگای ولاّتان پاکانەیان بۆ دەکرا. سێ ساڵ پاش زیندە بەچاڵکردنی (**١٨٢**) هەزار ڕۆڵەی ستەم دیدەی گەلەکەمان، (نزار خەزرەجی) لەسەردەمی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالدا سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بوو، دەیان تاوانباری ئەنفال لەکوردستانەوە ڕەوانەی ئەوروپا دەکران.. ئەوانەشی مابوو لە عێراقدا کرانە ڕاوێژکار و دەسەلاّتدار لەعێراق و هەرێمدا.

خائین وخۆفرۆش و تاوانبارانی ئەنفال لەناو حیزبە کوردییەکان و حکومەتی هەرێمدا دەکرێنە بەرپرس و دەسەلاتدار. لەجێگای ئەوەی داوای لێبوردن لەکەسوکاری قوربانییەکان بکەن.. بەپێچەوانەوە کەسوکاری قوربانییەکان ڕۆژانە دەبێت بچنە بەردەرگایان و لێیان بپاڕێنەوە بۆ ئەوەی لای بەرپرسان پاکانەیان بۆ بکەن.. بۆ دامەزراندن و وەرگرتنی هەر پاداشتێک. کاتێ بەناوشاری (گەیلان غەرب و ئیسلام ئاباد) دا تێپەڕین بەدرێژایی ڕێگا تانک و زرێپۆش و ئیڤای سوتاوی عێراقیمان دەبینی.. بەو قەد ڕێگایانەدا کەوتبوون. تا گەییشتینە (تەنگەی مرساد) گردێکی نزیک کرماشانە ڕێگاکە دەیکات بە دوو بەشەوە. لە کۆتایی شەڕی عێراق ئێراندا هێزەکانی (مجاهدین خەلق) بەپاڵپشتی سوپای عێراق تا ئەم شوێنە پێشڕەویان کردبوو، سوپای ئێران و لەشکری نۆی بەدر کەهەمووی عەرەبە شیعەکانی عێراق بوون بەکۆپتەر لەنێوان (گەیلان غەرب و ئیسلام ئاباد) دا لەپشتەوەی هێزەکانی (مجاهدین)ەوە دابەزیبوون و هێزەکەیان لەیەک دابڕی بوو.. ئەو تانک و ئۆتۆمبیلانەی کەسوتابوون هی ئەو شەڕە بوو.

کاتێک گەییشتینە دەروازەی شاری (سەرپێڵی زەهاو)، ڕێککەوتننامەی (زەهاو)م هاتەوە یاد کە بەڕێککەوتننامەی (ڕێکخستنی سنور) ناونرابوو، لەساڵی **١٦٣٩** لە نێوان (شا سەفییەدین لە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی-ئێرانی و سوڵتان مورادی چوارەم لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی- تورکی) بەسترا، ئەو ڕێککەوتننامەیە.. بەیەکەم دابەشکردنی فەرمی کوردستان دادەنرێ، هەرچەندە پێشتر لە ساڵی **١٥١٤** لەپاش شەڕی (چاڵدێران) بەکردەیی، کوردستان دابەش بووبوو، چونکە لە سی میرنشینی کوردی چواردەیان سەر بە سەفەوی و شازدەیان سەر بەعوسمانی بوون، لەو ڕێککەوتننامەیەدا بەبێ ڕەچاوکردنی یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک هۆز و یەک بنەماڵە، کوردستانیان وەک شوتی کرد بەدوو پارچەوە.. بەسەر خۆیاندا دابەشیان کرد، هەروەک لەڕێککەوتنەکەدا هاتبوو.

لەناوچەی (بەدرە و جەسان و مەندەلی و سەرپێڵ و گوندەکانی نێوان قەڵای زنجیرە تا قەڵای زەڵم و شارەزوور و قەڵای قزڵجە و دەوروبەری) بۆ دەوڵەتی عوسمانی.

ئەو قەلایانەی دەکەونە ئەوبەری (مەندەلی و دەرەتەنگ و بیرکە و زومردئاوا) و گوندەکان و قەلاکانی (زنجیرە و مەریوان) و دەوروبەری بۆ دەوڵەتی ئێران.

ڕووخاندنی قەلاکانی (زنجیرە و قوتور و ماکۆ) کەدەکەونە سەروی (وان) و قەڵای (مغازبرد) لەناوچەی (قارس)، ئەم قەلایانە چەندین ساڵ بوو لەلایەن میرنشینە کوردییەکانەوە دروستکرابوون بۆپارێزگاری لە میرنشینەکانیان، زۆربەی هەرە زۆری خالا و بەندەکانی ڕێککەوتنەکە پەیوەندییان بە دابەشکردنی خاک و میر و خێڵە کوردییەکانەوە هەبوو.

لەپاش ئەوە دوو ڕێککەوتننامەی دیکە کرا..(ئەرزەڕۆم)ی یەکەم لەساڵی **١٨٢٣** کەحەوت بەندبوو سێ بەندی پەیوەندی بەکوردەوە هەبوو. (ئەرزەڕۆم)ی دووەم لە **١٨٤٧** نۆ بەندبوو چوار بەندی پەیوەندی بەخاک و نەتەوەی کوردەوە هەبوو، قێزەونترینیان بڕیاری کۆتاییهێنان بەمیرنشینە کوردەکان بوو، پاش ئەوەی کۆتاییان هێنا بەشەڕ و ناکۆکی و پێویستیان بەکورد

نەما، پەلاماری میرنشینەکانیاندا و کۆتاییان بەدەسەلاتی کوردی هێنا، بڕیاریاندا بەهەموو شێوەیەک ڕێگری لەسەرهەڵدان و شۆڕش و ڕاپەڕینی کوردەکان بکەن .

کاتێک بە(گەیلان غەرب) دا تێپەڕیم.. قارەمانێتی و چاونەترسی خەڵکی ئەم سنورەم هاتەوە یاد، لەهەموو سەردەمەکانی مێژوودا.. قارەمانێتیان تۆمارکردووە، لەکاتی هاتنی سوپای ئیسلامدا بۆ کوردستان، لەکاتی جێنشینی ئیمامی عومەردا لەسنوری (کرمانشا و گەیلان غەرب و چیای دالاهۆ و سەرپێل و قەسری شرین و گولاڵە وجەلەولا) دا تۆشی گەورەترین شکست بوونەتەوە.. پاش ماوەیەکی زۆر و بەسوپای نوێوە توانیویانە بەسەریاندا سەربکەون. لەکاتی هاتنی سوپای ڕوسیای قەیسەردا لەساڵی **١٩١٥** بۆ دواوە لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، پاش ئەوەی لەشەڕی (ساری قامیش) سوپای عوسمانی دەشکێت و ناوچەکانی (قارس و ئەرزەڕۆم و ئورمیە و موکریان و ڕەواندز و پێنجوێن) داگیر دەکات، تەنها لەسنوری ڕەواندوز دا پێنج هەزار کوردیان کوشتووە.. هەموو ماڵ وخانوی دانیشتوانیان سوتاندووە و پێشڕەوییان کردووە، بەبێ ئەوەی توشی بەرگری ببنەوە، لەم ناوچەیەدا لەلایەن خەڵکی ناوچەکە و هۆزی (سنجاوی) یەوە.. توشی توندترین بەرپەرچدانەوە دەبن، کە لەسنورەکەدا..هۆزێکی دێرینی کوردە.

بۆ نزیکەی کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ گەییشتینە (کرماشان) و چووینە ماڵی (دانای ئەحمەد مەجید).. نوێنەری پەیوەندییەکانی (ی.ن.ک) لە(کرماشان). نیوەڕۆ.. نانیان لە بازاڕ بۆ هێنایین، ئێوارە شلەیەکی خۆشی پڕ لەگردکە گۆشت و برنجێکی جوانیان بۆ کردبووین.. زۆر دەمێک بوو چێشتی وا خۆش و جوانمان نەبینیبوو، ئەگەر خۆمان نەمانویستایە دەست هەڵبگرین هەر دەمانخوارد، چونکە ئەوەندە برسی بووین بەئاسانی هەست و ئارەزومان بە پێچەوانەی ورگمانەوە تێر نەدەبوو. وتمان کەم بخۆن ئێمە دوو ساڵە جارێک بەباشی خواردنی باشمان نەخواردووە تێر نەبوین نەخۆش دەکەون. هەندێک بەگوێمانیان نەکرد ئەوەندەیان خواردبوو گەدەیان جامی کردبوو. پاش گەییشتنمان بەگوندی (کانی دینار) یش بۆ ماوەی دوو تا سێ ڕۆژ نانیان بۆ نەدەخورا. یەکەم شەو لە شوێنێکی ئارام و بێ ترس خەوتین. سبەی زوو لەدەنگی ئۆتۆمبێلی کۆلان ڕاپەڕیم وامزانی دەنگی کۆپتەرە.. چاوم کردەوە وتم ئای کۆپتەر چۆن تێکەڵی خوێن و هەستمان بوویت. سبەی پاش نان وچاخواردن دەرچووینە دەرەوە تاکو ناوشار و بازاڕ ببینین، دەتگوت بەچکە قازین بەدوای یەکدا یەک هەنگاو لەیەک دوور نەدەکەوتینەوە. بەجلوبەرگ و ڕیش و چڵکنیمانەوە دیار و نامۆین بووین لەگەڵ دەوروبەرماندا نەدەگونجاین، پیاوێکی پیری شەست ساڵە پاکەت و جگەرەی دەفرۆشت.. لەسەر جادەکە برادەران چوون پاکەت بکڕن.. هەموو لای وەستاین، کابرا وتی: عێراقین؟

-بەڵێ عێراقین.

-پێشمەرگەن؟

-بەڵێ پێشمەرگەین.

-پێشمەرگەی مەلان یان جەلال؟

-جیاوازی چیە بۆ تۆ مامەگیان بۆ دەپرسیت؟
-جیاوازی زۆرە بۆ من و هەموو کوردێ بەتایبەت کوردی ڕۆژهەڵات.
-ئێمەی کورد و پێشمەرگەی باشوری کوردستان و تۆش ڕۆژهەڵات چی جیاوازی دەبێ بۆ تۆ ؟
-ئێوە پێم بڵێن منیش جیاوازییەکەتان پێدەڵێم.
-پێشمەرگەی یەکێتین؟
- واتە پێشمەرگەی جەلالن.
-ئێمە خۆمان بەپێشمەرگەی کورد دەزانین و یەکێتین، بەڵام سکرتێرەکەمان مام جەلالە و شانازیشی پێوە دەکەین.
-جیاوازی ئەوەیە بۆ من و کوردی ڕۆژهەڵات کاتێک لەساڵی **١٩٧٩**.. بەسەر(محەمەد ڕەزا شای ئێران)دا کودەتا کرا، هەموو شارە کوردییەکان بەشێکی سنوری شاری کرماشان.. تا دەگاتە سنوری تورکیا بەدەست پێشمەرگە و چەکداری کوردەوە بوو، لەگەڵ دەسەڵات گرتنەدەستی (کۆماری ئیسلامی) بەماوەیەکی کەم و پێکهێنانی سوپای پاسداران، بەچاوساغی و هاوکاری چەکدارەکانی(مەلا) شاربەشار و گوندبەگوند و شیوبەشیو پەلاماری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیاندا تا دوا سنور، لەو کاتە بە دواوە لە ڕۆژهەڵات و لەناو شار و ئۆردوگاکاندا پاڵیان لێ داوەتەوە و پێشمەرگەی جەلالیش لەکوردستاندا شەڕی بەعسیان دەکرد و دەهاتنە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرگرییان لەناوچە ڕزگارکراوەکانی دەکرد، ئیتر چۆن جیاوازیان نییە بۆ من، ئێستا لە کوێوە دێن بۆ کوێ دەچن؟
-ئێستا لەباشوری کوردستانەوە دێین شەوی ڕابردوو لەسنور پەڕینەوە.. ئەمانەوێ بچین بۆ بارەگاکانی خۆمان لەسنوری مەریوان.
- بۆ ئێستاش پێشمەرگەتان هەیە لەکوردستانی باشور؟
-بەڵێ بەپارتیزانی چەندین دەستە و مەفرەزەمان لەسنوری هەموو شارەکانی کوردستاندا هەیە، ئێمە گەڕاوینەتەوە بۆ حەوانەوە ژمارەیەکی دیکە هاتونەتە خوارەوە ئێمەیان گۆڕیوە.
-دەی دەڵێن جیاوازی چییە بۆ تۆ.
مامە پیرە زۆری پێبوو ئەگەر لای بووەستاینایە.. چەند کاتژمێرێکی دیکە گفتوگۆی دەکرد، بەجێمانهێشت بەزۆر پارەی پاکەتەکەمان پێدا.
نزیکەی کاتژمێر نۆی بەیانی ڕۆژی **١٩٨٩/٩/٢٨** بەڕێکەوتین بۆ خۆرئاوابوون گەییشتینە گوندی (کانی دینار)ی نزیک شاری مەریوان، ئەو شەوە لەماڵی (شەهید حەمەڕەش) میوان بووین.. ئەو برادەرانەی خێزاندار بوون ماڵیان لە کانی دیناربوو لێمان کۆبوونەوە زۆر ڕێزیان لێگرتین، یەکێک بەپاڵەوان و یەکێک بەجوامێر و یەکێ بەجیڤارا و یەکێ بەفیدڵ کاسترۆ و یەکێک بەمامەڕیشە ناوزەدیان دەکردین.

ئەوەندە بە شان و باڵماندا هەڵیاندەدا.. شەرممان لە خۆمان دەکرد، بەڵام زۆر جێگای شانازی و هەستێکی خۆش بوو پاش ئەم ماندووبون و خەباتە سەختە، بەهاوڕی و هاوسەنگەرە ئازیزەکانمان شاد بووینەوە، ڕێز و پێزانینێکی بێ وێنەیان هەیە بۆ ماندوبوون و قوربانیدانمان.
ئەو پێشمەرگانەی گەڕابووینەوە بۆ سنور لەدەستە پارتیزانەکانی گەرمیان:

**١-**شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت فارس.

**٢-**شەهید مەجید ئیبراهیم لفتە(مەجید دوزی).

**٣-** شەهید محەمەد ئیبراهیم ڕەشید(حەمە کادر).

**٤-** عوسمان حاجی مەحمود.

**٥-**سەباح عومەر وەلی(سەباح شێخ حەمیدی).

**٦-**جەمال ڕەشید ساڵح(جەمال شێخ حەمیدی).

**٧-**حەسەن حەمید حەمە عەلی(حەسەن ئۆمەربلی).

**٨-**عەلی ڕەشید حەمید(عەلی غایب).

**٩-**حوسێن ساڵح کاکەخان(مامۆستا حوسێن کارێزی).

**١٠-**شەهید ئەحمەد ساڵح گورجی(شەهید ئەحمەد زەرداوی).

**١١-**موکەڕەم ڕەشید برزۆ(موکەڕەم کفری).

**١٢-** سۆران غازی سالار(حەمەسۆران مامۆستا غازی).

**١٣-**نەوزاد کەریم فارس.

**١٤-**عوسمان جەمیل ساڵح(عوسمان مەلا جەمیل).

**١٥-**کەریم ڕەشید ئەحمەد (کەریم برای شەهید حەسەن ئای ئای) .

**١٦-**رەشید عەلی سەعید(حەمەڕەشید توکنی).

ئەو پێشمەرگانەی وەک شارەزا لەدەستەکەی (شەهید مەحمود مامە عەزەو کاک سەلام کوێخا عەزیز).. لەگەڵمان هاتن بۆ ڕۆژهەڵات:

**١-**ئەحمەد عەزیز محەمەد (ئەحمەد حاجی عەزیز).

**٢-**ئەحمەد مستەفا ئەحمەد(ئەحمەد ئاڕبیجی).

**٣-**رەحمان فەتاح محەمەد (ڕەحمان برای ڕەوفی یاسە دەربەندیخان).

**٤-**وشیار عەلی عەبدول رەحمان(وشیاری مین).

## مانەوەمان لە گوندی (کانی دینار) ی ڕۆژهەڵات

ڕۆژی **١٩٨٩/٩/٢٩** لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا چووین بۆ شاری (مەریوان).. زۆربەمان پرچ و ڕیشمان کەڵکی ئاوەدانی و ناو خەڵکمان نەبوو، بەخێڵە کێویەکانی باشوری ئەفریقیا و

ئەمەزۆنمان دەکرد، سەر و ڕیشمان چاککرد و چووینە گەرماوی (نەوبەهار) زۆر پاک و ڕێکوپێک بوو، خۆمان مردووشۆر کرد، زۆربەمان سەر و قاتمان دا بەدوورین..هەندێ جلمان کڕی. (ی.ن.ک) هەمان ڕۆژ کەلوپەل و پێداویستی بارەگایان بۆمان کڕی، لەناو گوندی (کانی دینار) خانوویەکیان بەکرێ گرت بۆمان. گوندەکە دامودەزگای ناحیەی تێدابوو نزیکەی شەش کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری شاری مەریوانەوە، حەوت کیلۆ مەترێک دەکەوتە باکوری (دەربەند دزلی) و گوندی (مەڕگاوان)ەوە، (مەڕگاوان) لەنێوان دوو چیای بەرز و شیوێکی قوڵدایە.. تەنها ئاسمانی لێوە دیارە، هەموو بارەگای تیپەکان و مەڵبەندی یەکی(ی.ن.ک)ی تێدابوو. ئەو ڕۆژانە هەستێکی خۆشمان هەبوو.. پێشمەرگە دەستە دەستە لە بارەگاکانەوە دەهاتن بۆ لامان.. بەخێرهاتنەوە و پێشوازییەکی گەرم و شاییستەیان لێدەکردین.

پاش ساڵ و نیوێک..(حوسێنی برام و بورهان)ی ئامۆزامم بینیەوە، پرسیاری زۆر لە هاوڕێ پێشمەرگەکانمان دەکرد کە ماوەیەکی زۆر بوو نەمانبینی بوون، بەداخەوە زۆر لەو هاوڕێیانەمان هەواڵمان دەپرسین چووبوون تەسلیم بووبوونەوە.. هەندێکی بۆ دەرەوە چووبوون، ئەوانەی تەسلیم بووبوونەوە هەندێکی لەسنوری مەڵبەندی سێ وهەندێکی لەپاش کشانەوە لەمەڵبەندی سێ لەبناری (قەندیل) و هەندێک لەلێبوردنەکەی مانگی **١٩٨٧/٩** و هەندێکیتر لەڕۆژهەڵاتەوە لەو ماوەیەدا چەند لێبوردنێکی نهێنی و ئاشکرای دەرکردبوو، تەسلیم بوبوونەوە، هەندێکیان کەدیار نەبوون لێمان دەپرسین.. بەهۆی بێ پارەییەوە کرێی ڕێگای ئۆتۆمبیل چل تومەنیان پێ نەبوو.. بێن بۆ لامان.

ڕۆژی **٩/٣٠** چەند پێشمەرگەیەک چووین بۆ سەردانی بارەگاکانی مەڵبەندی یەک لەگوندی (مەڕگاوان). هەستێکی خۆشبوو لەگەڵ ئەو برادەرانە یەکمان گرتەوە.. چەند کاتژمێرێک بەگاڵتە وپێکەنین بەڕێمانکرد، پێشوازی و ڕێزگرتن و میوانداری ئەو ماڵە پێشمەرگانەی لەکانی دیناربوون بەشێوەیەک بوو شەرم دایدەگرتین، لەبردنە ماڵ و خۆشۆردن و جل شۆردن و خەوتن...هتد. ماوەی نزیکەی مانگێک نیوەڕۆ و ئێوارە هەر شەوەی لەماڵی هاوڕێ پێشمەرگەیەکی خێزاندار بووین، ئەرکێکی زۆریان لەسەر بوو، بەهۆی پێنەدانی موچەی پێشمەرگە و نەبوونی خواردن، حکومەتی(ئێران) ماوەی سێ مانگ بوو موچەی پێنەدابوون . بەهەمان شێوەی حکومەتی هەرێمی ئێستا کە دوو مانگ جارێ نیوە موچەیەک دەدات بە پێشمەرگە و فەرمابەران. باری گوزەرانی پێشمەرگە بەگشتی و بەتایبەت خێزاندارەکان زۆر خراپ بوو، بەتایبەت ئەوانەی خێزان و منداڵی زۆریان هەبوو. یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی تەسلیم بوونەوە، هەژاری و بێکاری و بێ پارەیی بوو. پێشمەرگەکان دەیانگێڕایەوە چەندین ڕۆژ جگەلە نانی وشک.. هیچیان نەبووە بیخۆن. زۆر لەو پێشمەرگانە چووبوون بۆ تەسلیم بوونەوە یەک لەهۆکارەکانی نەبوونی موچە و خواردن و پێداویستیەکان بوو. ئەو ماوەیەی لەوێ بووین، لەبیرم بێت ئەم ماڵانە میوانداریان کردین:

١-شەهید حەمەڕەش.

٢-کاک عادل شکور.
٣-کاک مەحمود سەنگاوی.
٤-کاک عەدنان حەمەی مینا.
٥-کاک مقداد برای شەهید شێخ جەمال.
٦-کاک ئەنوەر دۆلانی.
٧-مام جەلال ئەمین کاکە.
٨-مامۆستا غازی سالار هەرچەندە خێزانیان نەبوو.
٩-کاک جاسم کوڵەجۆیی.
١٠- مەلا تەحسین شەهید حەمید.
١١- کاک سەمەد کەرکوکی.
١٢-کاک کەریم هەفتەغاری.
١٣-کاک مەردان چاوشین.
١٤-مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی.
١٥-بارەگای مەڵبەندی یەک.
١٦-ڕێکخراوی (کۆڕەک) ی مەڵبەندی یەک.
١٧- مامۆستا جوامێر.
١٨- حەمە دوزی.

## شەهیدبوونی ڕەئوف سابیر مام ڕەئوف

ڕەئوف صابر ناسراو بە مام ڕەئوفی حاجی سابیر، فەرماندەی کەرت لەتیپی (**١٥**)ی هەورامانی مەڵبەندی یەک، ڕۆژی **١٩٨٩/١٠/١٥** لەکاتی ڕاوە ماسیدا.. لە گۆمی زرێبار لەنزیک شاری مەریوان، بەهۆی تەقینەوەی قومبەلەی دەستیەوە شەهیدبوو، ئەو جۆرە قومبەلەیە سوپای عێراق لەهەندێک شوێنی سەربازی چۆڵی کردبوون بەجێیدەهێشت، بۆئەوەی دەست پێشمەرگە و نەیارەکانی بکەوێت، ئەو قومبەلەیە وا دروستکرابوو لەکاتی ڕاکێشانی ئەڵقەکەی بتەقێتەوە پێش ئەوەی بتەوێت بۆ ئامانجکەت فڕێی بدەیت. هەموو جۆرە قومبەلەیەکی دەستی ئاسایی نیوان ڕاکێشانی ئەڵقەکەی و تەقاندنەوەی شەش چرکەیە.. شەهید(ڕەئوف) پێشمەرگەیەکی جوامێر و قارەمان بوو چەندینجار بە پارتیزانی چووبووە ناوچەی(هەورامان و هەڵەبجەو شارەزوور وگەرمیان). ئەو قومبەلەیەی لەکاتی چوونە خوارەوە لە شەڕگەکانی (عێراق ئێران)، هێنابووی کە هیچ جۆرە نیشانەیەکی پێوە نەبوو گومانی ئەوەی لێبکرێت. کارەساتێکی دڵتەزێن بوو.

# هێرشی سوپای عێراق بۆ لوتكەی
# (چەكوچ وسادر) ی قەندیل

ڕۆژی **١٩٨٩/١٠/١٨**سوپای عێراق هێرشی كردە سەر لوتكەی (چەكوچ و سادر)ی چیای قەندیل، كەدەوێتە ڕۆژئاوای گوندی (ڕەزگەو مارەدۆنە)ی بناری چیای قەندیل و ڕۆژئاوای (دۆڵەكۆكە)، هەندێ بارەگای تێدابوو. پێشمەرگەی مەڵبەندی یەك لەسنوری (مەریوان) ەوە ڕۆییشتن بۆ بەرگریكردن لەو سنوورە. ئێمە ویستمان بچین نەیانهێشت وتیان ئێوە تازە لە گەرمیان گەڕاونەتەوە.. هێشتا ماندوێتیتان دەرنەچووە، پێشمەرگە زۆرە و پێویست بەئێوە ناكات، هێرشەكان تا هاتنی سەرما و وەرزی بەفربارین بەردەوام بوو، دواتر سوپای عێراق بەهۆی شكان و سەرما و بەفرەوە، بە ناچاری كشایەوە بەبێ بەدەستهێنانی ئامانجەكەی

# پڕكردنەوەی كاسێتێك بۆ كەس وكارمان لە باشور

شەوی **٢٩** لەسەر **١٩٨٩/١١/٣٠** لەگوندی كانی دینار لەبارەگاكەی كاك ئەحمەد حاجی ڕەشید كاسێتێكمان تۆماركرد.. بینێرینەوە بۆ كوردستانی باشور. لەتۆمارەكەدا هەموومان بەسڵاو و هەواڵ پرسین و نوكتە و قسەی خۆش و نەستەق بەشداریمان كرد. لەیادمە من پاش ڕێزو سڵاو بە شیعرێكی لەتیف هەڵمەت ناوەڕۆكەكەی زۆرجوان وپڕمانابوو.. بەلامەوە كە بەرخوردان و بەرگری و چۆكدانەدان نیشان دەدات لەو پەڕی شكست و بێ پشت وپەنایی دا، تەنانەت خواش بێدەنگ و دەستەوەستان بوو لەئاست ئەو هەموو مەرگەساتەدا بەسەر گەلەكەماندا هات. بەشداریم كرد كەدەڵێ:

بووم بەتەم وچووم بۆ ئاسمان
بەرۆكی خوام ڕاتەكان.
قۆپچەی نەبوو هەڵوەرێ و
دەمی نەبوو بێتە زمان،
گەڕامەوە لقی دار بەڕوویەكی پیرم
كرد بەتیروكەوان
سەرتاسەری گێتیم هەژان.

عەلی نوری و شەهید کامەران لاسایی پورە نێرگز و ژنانی گوندی ئۆمەربلیان دەکردەوە کە لەپرسەکاندا چۆن دەگرین و شیوەن دەکەن، لەگەڵ چەندین خەڵکی دیکەی گوندەکەیاندا، شەوێکی زۆرخۆش وپڕ پێکەنینمان بەسەر برد, ئێستاش کاسێتەکەلای برادەران ماوە.

# خولی سەربازیی لە (گەیلان غەرب) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆتا ڕۆژەکانی مانگی **١٩٨٩/١١** هێشتا هەندێجار لەماڵەکان و هەندێ هاوڕێی پێشمەرگە و هەندێجار لەبارەگاکانی مەڕگاوانەوە میوانداری دەکراین. لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە.. دەنگوباسی کردنەوەی خولی سەربازی هەبوو، بۆ پێشمەرگە و هێزە کوردییەکان و بەرهەڵستکارانی عێراقی. لەبرادەرانم پرسی.. ئەم خولە چییە و بۆ چییە و زیاتر لەسەرچی چڕ دەبێتەوە و چی فێردەبیت. هەندێ پێشمەرگە پێشتر لەخولێک لە(مازندەران) ی نزیک (کرماشان) بەشداربوون، بەباشی باسیان دەکرد کەمەشقیان لەسەر هەموو پێداویستیەکانی سەربازێک یان جەنگاوەرێک لەکاتی شەڕ و هێرش و بەرگریکردن و کشانەوە و ئەرک وپارتیزانی وخۆحەشاردان کردووە. لەگەڵ فێربوون لەکردنەوە و پاککردنەوە و تەقەکردن لەسەر زۆربەی چەکە سوک و مامناوەندەکان.. دروستکردنی هەموو جۆرە تەقینەوەیەک لەگەڵ پوچەڵکردنەوە و دانان و هەڵگرتنەوەی هەموو جۆرە مینێک.

من زۆربەی ئەمانەم پێ باشبوو.. بەتایبەت ئارەزوویەکی لەڕادەبەدەرم هەبوو، لەسەر فێربوونی دانان و هەڵگرتنەوەی تەقینەوە و مین، بۆیە لەگەڵ ئەو پێشمەرگە ئارەزوومەندانەی ئەو خولە ناوی خۆم تۆمارکرد لەمەڵبەند، زۆر لەبرادەرانی پارتیزان هەوڵیان لەگەڵمدا ئێمە تازە لەگەرمیان گەڕاوینەتەوە هێشتا ماندوبوونمان دەرنەچووە، ئەمجارە مەچۆ خولێکی دیکە بچۆ ڕەنگە ئێمەش زۆربەمان بێین. وتم برا.. بەخوا دەچم.. زۆر دەمێکە ئارەزووی شارەزایی لەمین و جۆرەکانی تەقینەوە دەکەم. ئێستا ئەم دەرفەتە لەدەست نادەم، بەڵکو ئەو ئارەزووەم بەدیبهێنم و بەزەرورەتێکی ژیانی پێشمەرگانە و پارتیزانی دەزانم. کێ ئەڵێ تاخولێکی دیکە ناگەڕێنیەوە بۆ گەرمیان؟

بەیانی زوو بەرواری **١٩٨٩/١٢/٣** لەبارەگای (مەڕگاوان) بەدوو پاسی گەورەی چل و دوو سەرنشینی.. کە ئێرانییەکان پێیان دەگوت (وتی بۆس) لەگەڵ ئەم پێشمەرگانە لەیادم بێت لەمەڵبەندی یەکەوە بەڕێکەوتین:

(جەمال وارانی، حەمە سۆران، نازم وەستا شەریف، سامی فازڵ، شێرزاد (ئەبو ڕاشی)، لوقمان چاڵەڕەشی، کامەران حامی، شەهید سدیق قڕگەیی، شەهید سەرحەد دۆڵانی، شەهید

عەزیز کوڵکنی، دکتۆر ڕەحمان، کەریم هەفتەغاری، مامۆستا کەریم سالار، نەوزاد کەریم فارس، سامان سەعید (ڕەیس سلێمانی) بەرپرسی هەموو هێزەکەی یەکێتی بوو، نزیکەی دووسەد پێشمەرگە دەبووین. لەگەڵ ئێمەدا زیاتر لە دووسەد چەکداری (حزبولا) دروستکراوی ئێران بوون، (ئەدهەم بەرزانی) ئامۆزای مەسعود بەرزانی سەرۆکیان بوو، لەهەمان خول بوون، بەلام هۆڵی حەوانەوەمان جیابوو. یەکەم ڕۆژ لەمەیدانی پشکنین کۆکراینەوە.. لەلایەن ئەفسەرێکەوە بەناوی (ئاغای ئەسەدی) ئەوەندە سلاواتی پێداین دەممان وشکبوو، یەک بۆ گیانی (ئیمام خومەینی) و یەک بۆ ئیمام عەلی و یەک بۆ ئیمام حوسێن و یەک بۆ ئیمام حەسەن و یەک بۆ ئیمام مەهدی یەک بۆ ئیمام جەعفەر بۆ سەلامەتی خۆمان و یەک بۆ دایک و باوکمان...هتد. ئەنجام دەیگوت بڵێن (لا شەرقیە لا غەربییە، جمهوریە ئیسلامیە). مەرگ بەر شورەوی مەرگ بەر ئەمریکا. مردن بۆ سۆفیەت، مردن بۆ ئەمەریکا، ئێمە زۆربەمان پێشمەرگەی سەربە (کۆڕەک) بووین.. کەرێکخراوێکی (مارکسی لینین)ی بوو، هەرچی دووبارەی دەکردەوە تەنها دەمانگوت (مەرگ بەر ئەمەریکا). بەبۆچۆنی خۆمان ئێمە چەپین و خیانەتە لەدژی (یەکێتی سۆفیەتی) قسەبکەین، بەپێچەوانەوە لەدژی ئەمریکا و بۆرژوازیەت پێمان خۆشبوو، چونکە بەئەرکی خۆمان دەزانی لەدژی بۆرژوازیەت خەبات بکەین. چەند هەوڵیاندا.. بەرپرسی دەورەکە وتی بابە بڵێن ئاساییە کەس نەیدەگوت. پاش بیست ڕۆژ مەشق و ڕاهێنان لەڕاهێنانی سەربازی لەهەموو بوارەکانی هێرش و بەرگری و خۆشاردنەوە و ناساندنی ئاراستەکان بەئەستێرە و هێماکان لەشەودا بۆ دۆزینەوەی خۆت و دەوروبەرت. ڕاهێنان لەسەر زۆر چەکی سوک و مامناوەند.. پازدە ڕۆژ ڕاهێنانی تایبەت لەسەر چەکێک دەکرا هەر دە پێشمەرگە ڕاهێنانی لەسەر چەکێک دەکرد. من ناوم بۆ چەکی(١٠٦) دەرچوو بوو، هەرچی بە بەرپرسی دەورەکەم وت من ئارەزووم لەخولی مینە، بۆیە هاتووم بەڵکو لەگەڵ ئێرانیەکان قسە بکەیت وتی ئەوان بەگوێی کەس ناکەن تەنها خۆیان نەبێت.

مامۆستاکەی ئێمە ئەفسەرێکی عەرەبی (لەشکری بەدر) بوو، پێشتر لە سوپای عێراقدا ئەفسەر بوو..هەڵهاتبوو. لەشکری بەدر لەهەموو بەرهەڵستکارە شیعەکانی عێراق پێکهاتبوون، بەشێک بوون لەسوپای ئێران و لەهەموو ناوچەکانی شەڕگەی(ئێران عێراق) دا بەشدارییان کردبوو، بەشی هەرە زۆری عەرەب بوو، تورکمانی شیعەشی تێدا بوو. وەرگێڕی دەورەکەمان (شادمان) بوو ئێستا ئەفسەرە لەلیوای سنوری سلێمانی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا. لەهەموو خولێکدا شەوێک دەردەکرایت بۆ ناسینی ئەستێرەکان و ئاڕاستەکانی سەر زەوی دۆزینەوەی خۆت لەکاتی لێتێکچوونی دەوروبەر و ئاراستەکان. ڕێکردنی شەوان بەئاراستەو (قوتب)نما و...هتد. بەلام دەسپێکی دەستپێکردن بەمکارانە بەتۆقاندن و نوکتە ئامێزبوو. هەموو شەوێک لەکاتژمێر دەی شەو ڕووناکیت لێدەکوژێنرایەوە و دەبێت بخەوتبایت. کارەکە لەشرینی خەودا لە یەک بۆ دووی شەو دەستی پێدەکرد. لە پڕێکدا بەڕیزی تەقەی فیشەکی مەشقی (موختارکوژ) بێگوللە و قومبەلەی دەنگی خۆیان دەکرد بەژووردا. پێشمەرگە واشپرزە دەبوو هەندێک خۆی

دەکرد بەژێر تەختە خەوەکاندا و هەندێ لەدەرگا ڕایدەکردە دەرەوە و هەندێکیش بێئاگا بوو لەم کارە وایدەزانی فیشەک و قومبەلەی ڕاستییە و دوژمنی ئێرانە و هاتۆتە سەریان. دەیانگوت لەقاعەیەکی ئەو لای ئێمەوە پێشمەرگەیەک خۆی کردبووە ناو پەنجەرەکەوە کەبەلای کەمەوە سێ مەتر بەرز دەبوو هاواری کردبوو بۆ خاتری خوا مەمانکوژن ئێمە ئێرانی نیمان، پێشمەرگەی عێراقین، پێشمەرگەی یەکێتین. ئێرانییەکان وتبوویان ناتکوژین بەس پێمان بڵێ چۆن چوویتەتە ئەو پەنجەرە بەرزەوە. لەژوورەکە دەرچووین بەڕیزی گوللەی ئاگردار بەنزمی بەسەرماندا و لەملا و ئەولای هۆڵەکە و گۆڕەپانەکەوە کەپێشتر تەقینەوەیان دانابوو دەیان تەقاندەوە.. وەک ئەوەی چۆن لەشەڕێکی قورسدا بیت وابوو. پاش چل وپێنج ڕۆژ گەڕاینەوە. هەندێ نامەی ئەو کاتەم لاماوە برادەران لەبارەگاکانەوە بۆمیان ناردبوو.. ئێمە لە سەربازگەی (شەهید سابت خاە) لەنزیک گەیلان غەرب بووین، لەو ماوەیەدا نوکتە و ڕووداوی خۆش.. زۆر ڕووی دەدا. ڕۆژانە ڕێنوینیان دەدا پاک و خاوێنی قاعەی خەوتن سەرئاوەکان ڕابگیرن، بەڵام بێسود بوو، زۆرجار پاشەڕۆیان دەکردە سەرەوەی قاعیدەکە و ئەو ناوە پیس دەبوو ئێرانییەکان دەهاتنە لای (ڕەیس و سەرکەوت)و گلەییان دەکرد، ڕەئیسیش دەیگوت ماڵتان وێران بێت ئێوە هاتوون دەورەی هاوەن بکەن لەداهاتوودا گوللە بکەن بەناو بەرمیلەوە، کە نەتوانن گویەک بکەن بەناو قاعیدەیەکەوە چۆن فێر دەبن گوللە بکەنە ناو بەرمیلەوە؟

## ڕۆژێک لەگەڵ پیاوە مەزنەکەدا

پێشکەشە بەگیانی پاکی پیاوە مەزنە نەمرەکەی کورد، داهێنەر و ئەندازیاری ڕاپەڕین کاک "نەوشیروان مستەفا". پاش دانانی (عەلی حەسەن مەجید)ی کوڕە مامی صدام حسێنی دیکتاتۆر.. بە بەرپرسیاری باکوری حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار لە **١٩٨٧/٣/٤** وپێدانی دەسەڵاتی ڕەها لە مامەڵەکردن لەگەڵ شۆڕش وخەڵکی کوردستان. پاش پێدانی ئەو هەموو دەسەڵاتە، هەستا لەبەهاری ساڵی **١٩٨٧** دا بەدانانی پلانێکی ترسناک..بەدەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی ناوچە ئازادکراوەکان، لەبڕیارەکەدا هاتووە.. هەر هاوڵاتییەک تەمەنی لەنێوان پازدە بۆ حەفتا ساڵ بوو.. لەهەر شوێنێک دەستگیرکرا بێ لێپرسینەوە لەو شوێنە گوللەباران بکرێ. لەو ماوەدا چەندین هاوڵاتی بێتاوان کە دەیانەویست بۆ پێداویستی ڕۆژانە سەردانی شارەکان بکەن یان بەپێچەوانەوە گوللەباران کران. لەکیمیاباران و کۆمەڵکوژی وخاپورکردنی هەموو گوندەکانی کوردستان. پاش ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە**٢/٢٢** تا **١٩٨٨/٩/٦** لەهەشت قۆناغی جیادا.. لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان و کیمیابارانکردنی قەزای هەڵەبجە لە**١٩٨٨/٣/١٦**و ژەهرخوارد کردنی پێنج هەزار پەپولەی بێتاوانی گەلەکەمان بەگازی ژەهراوی و کیمیابارانکردنی سەدان گوند و شەهیدکردنی هەزاران خەڵکی سڤیلی ستەم دیدە.. پاش بردنی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم بۆ چارەسەرکردن لەجێگای چارەسەرکردن بێسەر و شوێن دەکران.پاش ڕووخاندنی زیاتر(**٤٥٠٠**) گوند و

ڕاپێچکردنی دانیشتوانەکەی بۆ بیابانەکانی خواروی عێراق و زیندەبەچاڵکردنی (١٨٢) هەزار ڕۆڵەی گەلەکەمان.. لە ژن ومنداڵ وپیر و لاو. پاش نەمانی هیچ  ناوچەیەکی ئازاد لەژێر کۆنترۆڵی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە و نەهێشتنی هیچ سەرچاوەیەکی ژیان لەناوچە ئازادکراوەکاندا. بۆ درێژەدان بەخەبات و مانەوەی شۆڕش لەمەیدان و بۆتەی کوردستان.. خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ڕووداو و پێشهاتانە، پێویست بوو بیر لە شێوازێکی نوێی خەبات و بەرخوردان بکرێتەوە. لەو سەروبەندە و پاش شالاوەکانی ئەنفالی (١و٢و٣) و ئەو هەموو نەهامەتییە,چەند فەرماندە و پێشمەرگەیەکی جوامێر و خۆنەویست وپیاوی ڕۆژی تەنگانە لەسنوری گەرمیاندا.. بڕیاری درێژەدان بەشۆڕش و کۆڵنەدانیان دا.. لەمنداڵدانی گەرمیاندا شێوازێکی نوێی خەباتیان داهێنا کە **"خەباتی پارتیزانی"**[٦] بوو. خەباتێک بێوێنە لەشۆڕشی گەلاندا، شۆڕشێ لەناوچەیەکی سوتماک و تەختکراودا.. شۆڕش و خەباتێک بێ مرۆڤ خەباتێک بێ ژیان خەباتێک بێ هاودەنگ خەباتێک بێ گیانلەبەر شۆڕش وخەباتێک بێ پشت و پەنا و هاوکاری! ئەو جۆرە خەباتە نوێیە سەرکەوتوو جێگیربوو، تاکو لەمانگی ١٩٨٨/٨ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) پلانی دانا.. چاوی لەو خەباتە سەرکەوتووەی گەرمیان کرد و

---

٦. سەرچاوەی ئەم باسە : دکتۆر نەسیم بەهلول: جەنگی پارتیزانی لە تیۆرەوە  بۆ تاکتیک، بلاوکراوەی خانەی ئیبن الندیم، بەیروت- لوبنان، چاپی  یەکەم، ٢٠١٣، لاپەڕە ١١-١٢. بەپێی سەرچاوەکانی مێژووی سیاسی، دەتوانین شەڕی پارتیزانی، بەچەند تەوەرەیەک و چەمکێکی جیا لەیەکتر بناسێنین، هەروەکو باوە ئیسپانییەکان لەجەنگی واتەرلۆدا بۆ بەرگریکاری لە هێزی سوپایی ناپۆلیۆن و هەراسانکردن و چۆکپێدادانی، دوای ئەوەی سوپای دەسەڵاتی ئیسپانیا لەبەرامبەریدا شکستی هێنا.. بەجەنگی پارتیزانی ڕووبەڕووی ناپۆلیۆن بوونەوە، ئەمەش کاتێک بوو کە (ویلینگتۆن) دوای ئەوەی بە سوپاکەیەوە لە جەنگی واتەرلۆدا لەساڵی ١٨١٥ ڕووبەڕی یەکتر بوونەوە. شەڕی پارتیزانی جۆرێکە لە جەنگەکان پێکهاتەیەکی چەکداری لە بەشێکی جیاوازی جیهاندا بەرپای دەکەن، بەجۆرێک ئەم دەستەیە لەپێناو بەرژەوەندییەگی دیاریکراودا دەجەنگن (ئابوری – سیاسی - ئایدۆلۆجی)، بەهاوکاری زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە.

شەڕی پارتیزانی لەولاتانی ئەفریقیا و- ئاسیا- ئەمریکای لاتینی، دوای جەنگی جیهانی دووەم، وەکو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی چەکداری ژدی دەسەڵاتی داگیرکاری لە کشوەرەکانی (چین- کوبا- جەزائیر- ڤیتنام) لە سەرەتاکانی ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستەم..پەرەیسەند.

شەڕی پارتیزانی، بەو شێوەیەی لێدواییین، جیاوازە لەشەڕی ئەهلی و بەرگریکاری میللی و یاخیبوون و سەرکێشییە چەکدارییەکان. لەنمونەی شەڕی پارتیزانی وەکو گرنگییەک بۆ جۆری شەڕەکان و ئەنجامی ئەرێنی و دەستکەوتەکانی بریتیین لە شەڕی یاخیبووە چینییەکان لەدژی یابانییەکان.. سۆڤییەت لەدژی ئەڵمان... جەزائیر لەدژی فەرنسییەکان، هەروەها ڤێتنامییەکان لەدژی فەرنسیو ئەمریکاییەکان، لەکۆتاییشدا شەڕی پارتیزانی پێشمەرگە پارتیزانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدژی ڕژێمی داگیرکاری بەعسی شۆڤێنی.. بۆ بەڵگە هێنانەوەی گرنگی ئەم جۆرە شەڕانە بۆ ئەوەی بتوانین شێوازی بچوککراوەی جەنگە بەرفراوانەکان بەم شەڕانە گرنگیدار بکەین.. دەڵێن ئەم شەڕانە بەتەواوی ڕێسا و یاسا و پرنسیپەکانی، هەروەها چۆنێتی خۆئامادەکرن و بەرپاکردنی، گۆڕانکاری بەسەردا دێت و شێوازێکی نادیار لە تێڕوانین و جێبەجێکردنی ڕەنگ دەداتەوە.

بڕیاریدا لەسنوری "مەڵبەندی سێ" وە کە هێشتا داگیرنەکرابوو دەستەی پارتیزانی بۆ هەموو ناوچەکان بنێرێتەوە. ئەو کات ڕەوان شاد مام جەلال لە دەرەوەی وڵات بوو، ڕوانشاد کاک نەوشیروان جێگری سکرتێری گشتی..سەرپەرشتی شۆڕشی دەکرد.. بڕیاردەری پلان و کارەکان بوو.

وەستانی شەڕی خوێناوی هەشت ساڵەی عێراق ئێران لە ١٩٨٨/٨/٨ و گۆڕانی هەموو ئەو بیرکردنەوە و بۆچوون و پێشنیاز و ئەگەرانەی بیرمان لێدەکردەوە..هیوامان لەسەر هەڵچنی بوو، کارمان لەسەر دەکرد. دەبوو لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابوری هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لەمەیدانی ناوچەکەدا ڕوودات، پێشبینی و بەرنامەت هەبێ و کاری لەسەر بکەیت. بۆ هەر ئەگەرێک خۆت ئامادە بکەیت.. بەپێی توانا و پێویستی.. هەلومەرجەکە، مامەڵەی لەگەڵ بکەیت. پاش درێژەدانمان بەو شێوازەی خەباتی نوێ.. ماندوبوون ولاوازی و بێهێزی بەهۆی خواردنی ناتەندروستەوە، سەرهەڵدانی هەندێ نەخۆشی و دروستبوونی هەندێ برینی پیس لە لەشماندا، بەهۆی گەستن یان شوێن دەمی گەنەی ڕێوی و سوچەڕەوە کە دکتۆرەکان لەڕۆژهەلاتی کوردستان پێیان وتین، بەهۆی ژیانی ناو ئەشکەوت و کونەکان، پاش دوو ساڵ چارەسەر ئینجا چاک دەبووە. هاتنەخوارەوەی هەردوو دەستەکەی کاک کوردۆ قاسم و کاک مەحمود سەنگاوی لەمانگی ١٩٨٩/٧ دەستەکەی ئێمە بۆ ماوەیەک پشوودان، لە ١٩٨٩/٩/٢٨ گەڕاینەوە بۆ بارەگاکانی سەر سنور لەنزیک شاری مەریوانی کوردستانی ڕۆژهەلات، پاش تێپەڕبوونی ساڵێک لە وەستانی شەڕی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران هەندێ نزیکبوونەوە لەپەیوەندییەکانیان بەدی دەکرا. ئەوەش بەزیان و مەترسی بۆ سەر شۆڕشی کوردی باشور و ڕۆژهەلات..بەتایبەت پارتیزانی دەبینرا. لەو سەروبەندەدا، لە هەستکردن بەمەترسی، بۆ خۆئامادەکردن بۆ پێشهات و ڕووبەڕووبوونەوەیان، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان کەوتە کۆبوونەوە و وتووێژکردن.. بۆ ئەو مەبەستە. ئێمەی فەرماندە و پێشمەرگە پارتیزانەکان ئاگادارکراینەوە لەناوەڕاستی ڕۆژەکانی مانگی ١٩٩٠/١ لەبارەگای (م.س) لەگوندی (قاسمەڕەش)ی سەرسنور، ئامادەبین.. کەلە سنوری شاری سەردەشتی ڕۆژهەلاتی کوردستانە. لە گوندی کانی دینارەوە چووین بۆ قاسمە ڕەش. پێکهاتبووین لە(کاک عوسمان حاجی مەحمود، شەهید مەجید دووزی، شەهید کامەران مامۆستا هیدایەت، شەهید کامەرانەڕەش، حەسەن ئۆمەربلی، صەباح شێخ حەمیدی، جەمال شێخ حەمیدی، عوسمان مەلا جەمیل، غایب حوسێن، عەلی غایب عەلی)، دەستەکانیتر، (شەهید حەمە کادر، حەمە سۆران، مکرەم ڕەشید، مامۆستا حوسێنی کارێز، نەوزاد کەریم فارس). شەو لەبارەگای برادەرانی دەستەی خۆمان شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید مابنەوە کە لەسەر داوای کاک نەوشیروان هاتبووینە قاسمە ڕەش.. بۆ پاسەوانی لەبارەگای (م س) کە پێکهاتبوون لە(شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید، شەهید مامە قالەی ئۆمەربلی، شەهید عەلی فەقێ مستەفایی، کاک مەلاسەعید، جەمال مەلائۆمەری، شکور قەرەبلاغی، عەلی ئۆمەربلی، مەلاڕەحیم مەلاڕەشید، شەهید خەباتە سوور، ڕزگار ڕەئوف بێگەرد، عومەر چەوساوە ).

سبەی کاتژمێر هەشتی بەیانی.. چووینە هۆڵی کۆبوونەوەکان، کاک نەوشیروان مستەفا و کاک کۆسرەت لەپێش ئێمە چووبوونە هۆڵەکە. پێشتر چەند جارێک لەدوورەوە لەدۆڵی جافایەتی و

دۆڵەکۆکە کاک نەوشیروانم بینیبوو، بەڵام لەنزیکەوە بۆ یەکەمجار بوو.. بەم شێوازە بیبینم. شەرواڵێکی قاوەیی و بلوزێکی گەورەی خاکی ئەستوری یەخە خڕی ئاسایی لەبەردابوو.. پرچە سەری کەمێ درێژ و ڕدێنێکی ماش و برنجی کەمێ درێژ، ئەوەندە سادە و ئاسایی دەهاتە پێش چاو.. کەسێک نەیناسیبایە بە دانیشتووی گوندەکانی دەزانی. لەلایەکی ژوورەکەوە دانیشتبوو، تیانوسێکی گەورە و ژمارەیەک کاغەزی سپی و پێنووسێک و پاکەت و چەرخێکی لەپێش خۆی دانابوو. پێموایە هۆڵەکە خانوویەکی گڵی ٨*٤ دەبوو فەرشێکی ئاسایی ڕاخرابوو.. هەموو بەڕیز لەسەری دانیشتبووین. ئێمە پێشمەرگەی گەرمیان شەهید حەمەڕەش خۆی و دەستەکەی لەوێ بوون کە پێکهاتبوون لە(شەهید حەمە ڕەش، هونەرشێخ عەلی، بەهادینی برای شەهید حەمەڕەش، شەهید خەباتە سور، ڕزگار ڕئوف بێگەرد). دەستەکەی شەهید سەید جەوهەر کە پێکهاتبوون لە(شەهید سەید جەوهەر، شەهید عەبدوڵا قەیتولی، شەهید سەید بابا، جەمال وارانی، حەمە چەوری). دەستەکەی کاک شێخ کەریم (شێخ کەریم، شەهید یاسینە بچکۆل، شەهید فازڵ،شەهید نازم کەرکوکی، جەعفەر لەتیف). پێشمەرگەی سنووری کەرکوک ئەگەر هەڵە نەبم تەنها شەهید ئاکۆ سور لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی کەمدا هاتبوون، هەرچەندە نزیکەی سی پێشمەرگەی پارتیزان تا مانگی ١١/١٩٨٧ لەسنورەکەدا مابوون، (شەهیدقادر کۆکۆیی) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی کەمی وەک دەستەی پارتیزانی سنوری شارەزوور هاتبوون. چەند پێشمەرگەیەکی دیکە وەک پارتیزانەکانی سنوری دوکان و خەلەکان هاتبوون. سەرەتای کۆبونەوەکە لەلایەن کاک نەوشیروانەوە بەخێرهێنان و دواتر وەک ڕێزێک.. بۆ گیانی پاکی شەهیدان، ساتێک وەستان دەستی پێکرد.

کاک نەوشیروان بەم شێوەیە دەستی پێکرد (پێخۆشحاڵم لەگەڵ ژمارەیەک فەرماندە و پێشمەرگەی قارەمان و تێکۆشەری گەلەکەمان کۆدەبمەوە، کە چۆکیان بەمەحاڵ و نابێ و ناکرێ دادا، لەگەورەترین شکست و نسکۆ و نشێویدا ورەی پۆڵاینیان نەشکا.. تۆزقاڵێک لەدڵسۆزی و خۆڕاگرییان کەمی نەکرد، برادەران پەلامار و شاڵاوەکانی ئەنفال زۆر لەشکست و ڕێککەوتننامەی جەزائیر گەورەتربوو کە لەبەهاری ١٩٧٥ دەرهەق بە گەلەکەمان کرا، لەشکست و ڕێکەوتننامەی جەزائیردا هیچ پەلامار و لەشکرکێشییەکی ئەوتۆ نەکرایە سەر شۆڕش و ناوچەکانی کوردستان، تەنها لەسەر بڕیاری محەمەد ڕەزا شای ئێران.. وتبووی دەبێت دەست لە شۆڕش و دژایەتیکردنی دەوڵەتی عێراق هەڵگرن و کۆتایی بەشەڕ و پەلاماردان بهێنن. ئەگەر گوێڕایەڵمان نەبن، ئەوا ئێمە سنورەکانتان لێدادەخەین درێژە بەکۆمەکە سەربازی و داراییەکانمان نادەین کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا پێشکەشمان کردوون. کەچی بەبێ بەرگری و هیچ فشارێکی دیکەی ناوخۆ و دەرەکی و نێودەوڵەتی. بڕیاری کۆتایی هاتن بەشۆڕش درا. لەکاتێکدا لەڕووی هێزی پێشمەرگە و پێداویستی شەڕ و داراییەوە، دەتوانرا ماوەی چەند ساڵێک.. بەبێ کۆمەکی هیچ لایەک درێژە بەشۆڕش و ڕووبەڕووبونەوە بدرایە. بەڵام شکستی ئەنفال بەهەوڵ و قارەمانێتی پێشمەرگە و خەڵکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی ناوچە ئازادکراوەکان و تەواوی دڵسۆزانی گەلەکەمان بە نزیکەی دوازدە هەزار پێشمەرگەوە حەوت مانگ ڕووبەڕووی گەورەترین سوپای ناوچەکە و حکومەت بووینەوە کە یەک ملێون زیاتر.. چەکداری هەبوو، پێنجەم وڵات بوو لەڕووی سەربازیەوە. لەهەشت ساڵی شەڕی لەگەڵ

ئێراندا ناچاری ئاشتی کرد. پەلاماری ئەنفال پلانێکی مەترسیدار و خوێناوی بوو، تەنها بۆ سەر شۆڕش و نەیارەکانی بەعس نەبوو، بۆ کۆمەڵکوژی و لەناوبردن و سڕینەوەی یەکجارەکی گەلی کوردستان بوو. کەچی ئێمە لە ڕووی ئەو مەترسی و پەلامارە خوێناوییانەدا وەستاین و بەرگری بێوێنەمان کرد. لە ئەنفالی یەکەوە لەدۆڵی جافایەتی بۆ سەر سەرکردایەتی له١٩٨٨/٢/٢٢ دەستی پێکرد بەچەند قۆناغێک بۆ سەر هەموو ناوچە ئازادکراوەکان تا ئەنفالی حەوت بۆ سەر ناوچەکانی شەقڵاوە و هیران و خەلیفان و ڕەواندوز و خانەقا و سەنگەسەر و ڕانیە و چوارقوڕنە و بالیسان و سماقولی...هتد.

لەو قۆناغەدا له٥/١٥ تا ١٩٨٨/٨/٣١ شەڕو ڕووبەڕووبوونەوە بەردەوام بوو، هەزاران سەرباز و جاشی بەکرێگیراو کوژران. دەیان تانک و ئۆتۆمبێلی سەربازی تێکشکێنران. چەندین هەلیکۆپتەر پێکران، سەدان پێشمەرگەی قارەمان خۆنەویستانە بەرگری بێوێنەیان کرد تا دوا فیشەک جەنگان، شەهیدبوون و خۆیان شەهیدکرد تا نەکەونە دەستی دڕندەترین دیکتاتۆر و دوژمنی مرۆڤایەتی و کورد. سەرەڕای ئەم هەموو دڕندەیی و شکست و لەدەستدانی ناوچە ئازادکراوەکان و سوتاندن و ڕووخانی ٤٥٠٠ گوند و بێسەر و شوێنکردنی دانیشتوانە سڤیل و هەژارەکەی! سوتاندنی باخ و ڕەزو پاوان و کوێرکردنەوە و تەقاندنەوەی کانیاو و سەرچاوەکانی ئاوی ناوچەکان. کۆڵمان نەدا و درێژەمان بەخەبات و تیکۆشاندا.

لەسەر دەستی ئێوەی تێکۆشەر داهێنان و شێوازە خەباتێکمان هەڵبژارد. بەجۆرێک دەستمان پێکردەوە لەمێژووی شۆرشی گەلاندا بێوێنەیە. برادەران ئەوەی ئێمە و (م س) مەبەستمانە لە بانگهێشت کردنتان و سازدانی ئەم کۆبوونەویە، تەتەڵە و وتووێژی پوخت و چڕوپڕو بابەتیانەیە لەسەر کۆمەڵێک خاڵ.. لە دوو تەوەری گرنگدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: وتووێژی ورد و پوخت و بابەتیانە لەسەر گرنگی و چالاکی و بایەخی مەفرەزە پارتیزانەکانی کوردستان.

دووەم: پەیوەندییە چاوەڕوان نەکراوەکانی عێراق و ئێران و ئەگەرەکانی..چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا. برادەران هەردوو تەوەرەکە لەیەک خاڵی هاوبەشدا یەکدەگرێتەوە ئەویش ئەوەیە چ جۆرە خەباتێک هەڵبژێرین و چۆن ڕووبەڕووی ئەگەرەکان ببینەوە. ئەگەر وەڵامتان بەڵێ بێت بۆ درێژەدان بەم شێوازی خەباتی پارتیزانییە، دەبێت کار لەسەر ئەگەرەکان بکەین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. ئەگەرێک دەبێ کاری لەسەر بکەین کە زۆر جێگای نیگەرانی ئێمەیە، دەنگۆی نزیکبوونەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و ئێرانە هەر نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنێک لەنێوان دوژمنەکانی ئێمە کرابێ و بکرێ و هەبێ، گرەو لەسەر چارەنوسی شۆڕش و گەلەکەی ئێمەیە.

بۆیە دەبێت کاری لەسەر بکەین و خۆمان بۆ ئەگەری ئەو ڕێککەوتنە ئامادە بکەین.. کەخۆی لەدەرکردنی بەرهەڵسکار و ڕێگەگرتن لەچالاکی حیزبی و کاری سەربازی هەردوولا دەبینێتەوە. من پێموایە ئێران لەبەرامبەر ڕێگەگرتن لەسەر بەرهەڵستکاری ئێرانی بەتایبەت (مجاهدینی خەلقی ئێرانی) لە عێراق بە هەموو داواکارییەکی عێراق لەو بارەوە ڕازی دەبێت و جێبەجێ دەکات. بۆیە دەبێت پێش ئەو ئەگەر و ڕووداوانە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەین، بەکردارەکی جێبەجێی بکەین.

یەکەم: دەبێت سەرکردایەتییەکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش و کاری ڕێکخراوەیی لەناوخۆی کوردستان و ناوشارەکاندا دروست بکەین، لەکاتی داخستنی سنوری ئێران یان دەرکردنی ئۆپۆزسیۆن، شۆڕش بەردەوام بێت.

دووەم: دەبێت ئەو فەرماندە و پێشمەرگانەی دەچنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان بۆ خەباتی پارتیزانی، لەڕووی کاری پێشمەرگانە و توانای جەستەییەوە خەڵکی بەتوانا بن، خاوەن بیروباوەڕێکی پتەو و نەگۆڕ بن.. ئارەزوومەندانە و هەڵبژێردراو بن، هەرچەندە پێشتریش  وابووە.

سێیەم: دەبێت ئەو پێشمەرگانەی بۆ ئەو خەباتە دەستنیشان دەکرێن، سەڵت بن.. کێشەی خێزانییان نەبێت.. باشتر وایە  خێزاندار نەبن.

چوارەم: دەبێت هەر فەرماندە و پێشمەرگەیەک.. ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ خوارەوە نابێت نیازی  گەڕانەوە  بۆ سنور و ڕۆژهەڵاتی هەبێت.

پێنجەم: دەبێت کار لەسەر بژێوی و ژیانی ئەو دەستانە بکەین دەچنە خوارەوە بۆ سنورەکان، وە شێوازی دابەشکردنیان بەسەر شار و شارۆچکە و کومەڵگا زۆرەملێکاندا، دەبێت بزانین سنوری هەر شار و کۆمەڵگایەک  دەتوانرێت پێداویستی چەند پێشمەرگە  دابین بکات.

شەشەم: لەڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانەوە..دەبێت ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوی شاریش بکەین.. لەچ شوێنێک و سنورێ.. چ شارێک دەتوانن خواردن دابین بکەن، ئەگەر دەتوانن تا ژمارەی چەند پێشمەرگە ئەتوانن دابین بکەن. نیوەڕۆ لەوێ نانمان خوارد و پاشنیوەڕۆ درێژەمان بەکۆبوونەوە دایەوە، لەگەڵ دەستپێکردن بەکۆبوونەوە قسە لەسەر تەوەری یەکەمی کۆبوونەوەکە کرا.

کاک نەوشیروان وتی: برادەران دەگەڕێینەوە بۆ تەوەری یەکەم، من پێش نیوەڕۆ قسەی خۆمم کرد. پێمخۆشە گوێ لەئێوە بگرین و هەر فەرماندە و پێشمەرگە و دەستەی ناوچەیەک ڕاپۆرت، وتە و تێبینی خۆتان هەبێ تاکو کاری لەسەر بکەین و بەرنامەی کاری لەسەر داڕێژین. پاشنیوەڕۆ شەهید حەمەڕەش هەندێ قسەی لەسەر کار و چالاکی و گرنگی مانەوەی دەستەکان لەرابردوودا، هەروەها خەباتی پارتیزانی و گرنگی درێژەپێدان و ڕێکخستنەوەی دا. پاشتر کاک عوسمان دەستیکرد بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتێکی دوورودرێژ کەنزیکەی دە لاپەڕەیەک دەبوو، زۆر بەدیقەت و بەوردی خاڵ بەخاڵ کار و چالاکیەکانی دەستنیشان کردبوو. مانەوە و درێژەپێدانی خەباتی پارتیزانی لەکوردستان بەگرنگ زانی.. نمونە و بەڵگەی زیندووی زۆری بۆ هێنایەوە. هیوا و ئومێدی خەڵکی بەشۆڕش بۆ کاک نەوشیروان ڕوونکردەوە و وتی: زۆربەی برادەرانی گەرمیان بەتایبەت دەستەکەی ئێمە، ئامادەی گەڕانەوەین و هیچ ئومێدێکمان بەگەڕانەوەش بۆ سنورو ڕۆژهەڵات نییە، هەندێ پێشنیازی بۆ دابەشکردنی دەستە و ژمارەی پێشمەرگە خستەڕوو لەسنوری پارێزگا و قەزا و ناحیە و کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی سنوری گەرمیاندا، لەکۆتاییدا وتی ئێمە ئامادەی گەڕانەوەین کەی پێتان باش بێت، دەچینەوە سنورەکانی خۆمان. پاشتر کاک شێخ کەریم هەندێ باسی کار و چالاکی ڕابردووی کرد و بەردەوامبوونی بەگرنگ زانی. دواتر شەهید سەید جەوهەر لەکار و چالاکییەکان دوا، بەردەوام بوونی بەگرنگ وەسف کرد و ئامادەی گەڕانەوەی بۆ کوردستان دەربڕی. دواتر شەهید "ئاکۆ سور"ی

کەرکوک لەکار و چالاکییەکانی لەمانگی **٥** تا **١٩٨٧/١١**، سنوری کەرکوکی خۆیان دوا، بە گرنگ و زەروورییەت وەسفی بەردە وام بوونی کرد.

وتی من خێزانم هەیە و ئامادەی گەڕانەوەم بۆ سنوری کەرکوک، بەڵام دابینکردنی پێداویستی پێشمەرگە ئەستەمە، بەئاسانی دابین ناکرێت. کاک نەوشیروان وتی پێشتر وتمان وا باشترە خێزاندار نەچێتە خوارەوە. شەهید ئاکۆ وتی من کێشەم خێزان نییە و دەشچم، شەهید ئاکۆ پێشتر سێ برای شەهید بوو.. خۆشی پێشمەرگەی سەرەتای ساڵانی هەشتاکان بوو، پیاوێکی قارەمان و جوامێر بوو، مخابن لە مانگی **١٩٩٤/١٢** لە ئاقوبان لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو. دواتر فەرماندەیەکی سنوری (خەلەکان و دوکان) بوو.. ناویم لەیاد نییە، قسەی کرد وتی لەو سنورە، کەس هاوکارمان نەبووە.. هەندێ خزم و دۆستی خۆمان هاوکارمان بوو، دوژمن پێیانی زانیبوو هەموویان گیران و لەقوڕمان نان، بۆیە ئێمە ئامادەی گەڕانەوە نین. دواتر شەهید قادر کۆکۆیی قسەی کرد، مانەوە و بەردەوام بوونی بەگرنگ زانی و باسی لەدابەزینی پێشووتری خۆیانی کرد بۆ سنوری شارەزوور بۆ ماوەی سێ مانگ. ئێستاش ئامادەین بچینە خوارەوە بۆ سنوری شارەزوور بۆ ماوەی سێ مانگی تر، بەڵام هەندێ داواکاری و پێداویستیمان هەیە بۆمانی دابین بکەن. لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا بڕیاری درێژەپێدانی خەباتی پارتیزانی درا، لەکاتی هاتنە پێشەوەی ئەگەرەکان پلانەکان جێبەجێ بکرێت. بۆ مێژوو دەڵێم تەنها و تەنها پێشمەرگەکانی گەرمیان و کەرکوک ئامادەی گەڕانەوە بوون، بەڵام تەنها پێشمەرگەکانی گەرمیان گەڕانەوە بۆ سنورەکانی خوارەوە.

# گەڕانەوە بۆ خولی دووەمی سەربازی لە گەیلان غەرب

ناوەڕاستی مانگی **١٩٩٠/٣** بوو.. بۆ جاری دووەم بەمەبەستی خولی مین و تەقینەوە لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی هاوڕێمدا چووم بۆ سەربازگەی (شەهید سابت خاە)، بەرپرسی هێزەکەمان کاک (شێردڵ حەوێزی) بوو. وەرگێڕەکەمان (عەبدوڵا دڕەیی) بوو، ئێستا لە (مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە)ی (ی.ن.ک)ە، خولەکە بەهەمان شێوەی پێشوو بوو، دیسان ئەم جارەش بۆ خولی مین و تەقەمەنی ناوم دەرنەچوو بۆ ڕاهێنان لەسەر شێوازەکانی خۆپاراستن لەکاتی لێدانی گازی کیمیای بوو. داوام لە کاک شێردڵ حەویزی کرد وتم من یەکێکم لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان، زۆر پێویستمان بە ڕاهێنان لەسەر شێوازەکانی دانان و هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی هەیە، بۆ ئەو جۆرە خەباتە، چوار مانگە لەگەرمیان گەڕاومەتەوە بۆ حەسانەوە، لە جێگای حەسانەوە بۆ ئەو مەبەستە ئەوە بۆ دووەم جارە دێمە ئێرە.. دەمەوێ بچم بۆ خولی مین بێسوود بووە، وتی ئێمە لەدابەشکردنی پێشمەرگە بۆ خولەکان دەسەڵاتمان نییە. دوو ڕۆژ مانم گرت نەچوومە هۆڵی وانە خوێندنەوە. بەڵام دەبوو هەر لەوێ بمێنمەوە ڕێگای دەرچوون و گەڕانەوە نەبوو، نوسراوی ڕێگاپێدانم نەبوو بۆ ناو ئێران، بۆیە دواتر بەناچاری چووم بەشداری خولەکەم کرد. ئەو پێشمەرگە و هاوڕێیانەی لەوێ لەگەڵم بوون:

**١**-شەهید دکتۆر ئاتیلا.

٢-عوسمان مەلا جەمیل.
٣-غایب حوسێن.
٤-شەهید ئەحمەد زەرداوی.
٥-جەلیل کۆکسی.
٦-جەمیل شێخ لەنگەری.
٧-جەمال وارانی.
٨-باخەوان حەمبۆر.
٩-شەهید ڕزگار چیمەنی.
١٠- شەهید ئیباو.
١١-هیوا ڕەش.
١٢-عەلی چەلەبی سلێمانی.
١٣-یاسین شارباژێڕی.
١٤-شەهید خاڵە بەکری سلێمانی.
١٥-نوری شارباژێڕی.
١٦-ڕزگاری حەمەی کاشی.
١٧-فازیل سور سلێمانی.
١٨-ئاری سلێمانی.

لەکۆتایی خولەکەدا.. ئەنجامی خولەکە ڕاگەیەنرا.. سێیەمی خولەکەم هێنا کاتژمێرێکی دیوارییان بەدیاری پێدام. ڕۆژانە تا کاتژمێر دوو مەشق و ڕاهێنانمان هەبوو. پاش نیوەڕوان لەگەڵ باخەوان حەمبۆر و شادمان و شێردڵا حەوێزی نزیکەی دە کیلۆمەتر بەناو سەربازگەکەدا ڕامان دەکرد کەزۆر پان و بەرین بوو. شەوانیش کاتژمێرێک زیاتر مەشقی (یۆگام) دەکرد. هاوڕێکانم و کاک (سەرکەوتی کوبە) لەگەڵمان بوو دەیانگوت ئەوە تۆ بۆ نازانیت بحەوێیتەوە. جارێک توشی کۆکە و هەلامەت بووم ئەوەندە ئارەقم کردبوو. ویستم بچم بۆ لای بنکە تەندروستییەکە لەناو سەربازگەکەدا، دەبوو نوسراوێکی بەرپرسی هێزەکەت پێبوایە لای سەرکەوت بوو، چووم بۆ لای وتم نوسراوێکم بدەرێ کۆکە و هەلامەتمە دەچم بۆ لای دکتۆر. وتی وەڵا هەق نییە بتدەمێ، ئەوە هەموو هۆکاری ماندووبوون و ئارەقەیە تۆ نازانی بحەوێیتەوە، لەکاتژمێر شەشی بەیانییەوە تاکو یازدەی شەو من تۆ دەبینم مەشق و وەرزش و یۆگا دەکەیت.. هۆکارەکەی ئەو ماندووبوون و ئارەقە کردنەیە.. ئیتر دکتۆرت بۆ چییە. دواتر لەپاش ڕاپەڕین ئەوەی پێم دەوتەوە ئەوە بۆ نەتدەزانی بحەسێیتەوە، منیش دەمگوت بەردەوام ئارەزووی جوڵەم هەیە ڕقم لە تەمبەڵییە، بەردەوام برادەران لەبارەگاکانی مەڕگاوان و کانی دینارەوە نامەیان بۆ دەناردین لە دەنگوباس و گۆڕانکارییەکان ئاگاداریان دەکردینەوە، لەنامەیەکدا باسیان لە تەشکیلەی تازە و پێکهاتەی نوێی سەربازی کردبوو کە هێزەکان دەکەن بەسێ بەشەوە .

لەو خولانەدا زۆرجار نوکتە و بەسەرهاتی خۆش ڕووی دەدا، ڕۆژێک نیوکاتژمێر بۆ خواردنی بەیانی لەکاتژمێر نۆ وەستابووین عوسمان مەلاجەمیل لەپێش منەوە بوو لەڕیزەکەدا، چووە پێش چێشت تێکەرەکە هەر کەسە و کەوگیرێ نیسکی بۆ تێدەکرد، تەماشای دەموچاوی عوسمانی کرد وتی:

-(برو تو گرفتی)، عوسمان قاپەکەی گرتبوو چاوەڕوان بوو بۆی تێبکا دووبارە.

-(گوفتەم بروگرفتی)، عوسمان وتی:

-ئەوە چی دەڵێت، وتم ئەڵێت بڕۆ وەرتگرتووە، عوسمان وتی:

-ئاغا بەخودا وەرمنەگرتووە.

-(دروغ میگی برو).

-ئەوە چی دەڵی، وتم ئەڵێ درۆ ئەکەیت وەرتگرتووە بڕۆ، عوسمان قاپەکەی بەرزکردەوە وتی وەڵا ئەڵێی بیدەم بەنێو چاویدا.. سەگبابە ئەڵێ درۆ دەکەی، گەواد بۆ قاپێ نیسکی حیز درۆ دەکەم. وتم بێدەنگ بە.. ئەمان وشەی درۆ ئاساییە لایان وەک ئەوەی خۆمان بڵێین گاڵتە ئەکەیت وایە. بە چێشت چییەکەم وت: تۆ (ئیشتیبایت) هەڵەتکرد لەو کاتەوە لەپێش منەوە وەستاوە وەرینەگرتووە، دواجار هەرچی بەعوسمانی وت (بیا ئاغا بیا) وەرە خواردنت بدەمێ وتی لەخۆتان و نیسکتان بەم هەر نایخۆم.

لە **١٩٩٠/٦/٣** لەیادی مردنی (خومەینی) ڕابەری کۆماری ئیسلامیدا کۆماری.. براین بۆ مزگەوتی سەربازگەکە، شەربەت و خواردنیان پێداین و ئاخوندێکی مێزەر ڕەشیان هێنابوو، باسی ژیاننامەی خومەینی دەکرد و دەگریا، پاسدارەکان هەموو بەدوایدا دەگریان، ئێمە پێکەنینمان دەهات لەترسدا سەرمان دادەخست. ڕۆژی **٦/١٠** لەگەیلان غەربەوە گەڕاینەوە بۆ(کانی دینار)، بارەگاکانی مەڵبەند لەگوندی (دزڵی و مەڕگاوان) نەمابوون، گواسترابوونەوە گوندی (ولەژێر) لەڕۆژئاوای شاری (مەریوان) و باشوری گۆمی (زرێبار). هەموو بارەگاکان لەناو ئەو خۆڵ و پوش وپەلاشەدا لەچەند خێمە و چەرداغێکدا بوون، حاڵێکی خراپیان هەبوو.

# دژوارییەکان فێریان کردین

پاش چواردە مانگ خەباتی پارتیزانی سەخت و دژوار، کە چەندین جار بەهەڵکەوت لەلێواری گۆڕ و مەرگ گەڕاینەوە، زۆر ئەزمون و تاکتیکی خۆ حەشاردان و خۆلادان لەدوژمن و هەڵکردن لە ژیانی سەختدا فێربووین، پاش بەشداریکردن لە دووخولی سەربازی یەک لەدوای یەک لەگەیلان غەربی ڕۆژهەلاتی کوردستان، تێگەییشتم بۆ خۆگونجاندن و بەردەوام بوون لە خەباتی پارتیزانی و لەگەلا ئەم بارودۆخە سەختەدا چەند شتێک هەیە، دەبێت هەمیشە وەک ناوی خۆمان لەبیرمان بێت، (دوژمن لەهەموو شوێنێک هەیە، شوێنی خۆحەشاردان، سەرچاوەی ئاو، دابینکردنی خواردن) گرنگی و لەپێشینەیی هەریەکەیان لەکات و بارودۆخێکی دیاریکراودا دەردەکەوێت. پێویستە وەک پێشمەرگەیەک چەکێکی باش و تاقم و فیشەکی پێویست و قومبەلەی دەستی و نێزە یەک بۆ

هەڵکەندن و دروستکردنی سەنگەر و حەشارگەی کاتی، دوربین و قومقومەی ئاو و بێتەل و کاتژمێر و ڕادیۆیەک بۆ ئاگابوون لە جیهان و دەوربەر و بۆ بەڕێخستنی کاتەکان و ڕەوینەوەی خەمۆکی و دڵتەنگی و دوورکەوتنەوە لە بیرکردنەوەی ڕوخێنەر. پێویستە کۆڵەپشتێکی مام ناوەندمان پێبێت دەبێت.. شەیالەو شوێنی لە شانکردنی پان و باش بێت تاکو ئازاری شان و ملمان نەدات، ئەگەر بارانگیر بێت زۆر باشترە، بۆ ئەوەی کەرەستەکانی ناوی لەکاتی بارانداتەڕ نەبێت، هەر پارتیزانێک ئەم کەرەستە و پێداویستییانەی پێویستە (نەخشەی ناوچەکە ئاراستەنما پاش ئەوەی لەڕێگەی خەڵکی شارەزاوە ڕاهێنانی لەسەر بکەین، ئاراستەنما، فریاگوزاری سەرەتایی لە برین پێچی و شفرەی نەشتەرگەری و دەرزی دوورینەوەی برین و دەرزی خوێنبەربوون و مار و دوپشک و دژە هەوکردنی ناوەوە و گشتی و ئازارشکێن و دیتۆلا بۆ پاککردنەوی برین )، لایتی دەستیی و زەرەبین و سەرچاوەی ئاگرکردنەوە، فرچە و هەویری ددان و سابون و تایت، حەبی کلۆر بۆ پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە و هەندێ قوماشی شاش بۆ پەردە کولە و پالاوتنی ئاوی خواردن لەزالو دەبێت، قولابی ماسی و داو بۆ ڕاوی باڵندە، چەقۆ و مەقەست و قولاب و پلایس و دیلوان و بەنی نەبڕ بۆ دوورینەوەی پێلاو و کۆڵە پشت، دەزوو دەرزی و دەرنەفیزی بچوک، پەرداغ و کتری و مەنجەلێکی بچوک، خوێ و لیمەندۆزی و بەهارات و شوشەیەکی بچوک ڕۆن و شەکر و چا، شانە و ئاوێنە و مووکێش. جوتێ پێلاو و چەند گۆرەوییەکی یەدەک. دەبێت بۆ پاراستنی ژیانمان کەموڵکی گەلێکین.. تەنها تروسکایین لەم بارودۆخە سەختەدا.. بۆ بەردەوامی خەبات و تێکۆشان، بۆ ئەوەی شکست بە پیلانەکانی دوژمن بهێنین.. وەک ئەو بیربکەینەوە، بۆنمونە دوژمن پێیوایە ئێمە ئەو ناوچانە هەڵدەبژێرین بۆ خۆ حەشاردان کە لەشارەوە دوورە و هاوین بەبێ ئاو ناتوانین بژین..بۆیە دەبێت لەسەرچاوەی ئاوەوە نزیک بین، زستان بەهۆی باران و سەرماوە، دەبێت لە ئەشکەوتدا بین. دەبێت بە پێچەوانەی تێگەییشتن و بۆچوونی دوژمنەوە، ڕەفتار بکەین. ئەگەر دوژمن وەک ئێمە بیری کردەوە، دەبێت پێچەوانەی ئەو بیربکەینەوە. لەو ڕوانگەیەوە دەبێت بەردەوام هەڵسەگاندنمان بۆ بارودۆخەکە هەبێت، هەموو هەستەکانمان بەوپەڕی سەرنجدان و وریاییەوە بەکاربهێنین، کاری سەرەڕۆیی و تاکەکەسی نەکەین و هەمیشە ڕاوێژ بەهەڤاڵەکان و فەرماندەکەمان بکەین، لەبەرامبەر جوڵە و شێوازی گەڕان و مانەوە و بیرکردنەوەی دوژمندا..داهێنەر بین، پلانمان هەبێ بۆ پووچەڵکردنەوەی تاکتیکەکانی. هەمیشە ڕەچاوی ژینگە بکەین لەجۆری زەوی و شوێن، چونکە هەموو ژینگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ ئێمە و دوژمن و خەڵکی ئاسایی. هەڵسەنگاندنمان بۆ باری تەندروستی خۆمان هەبێ، لەکاتی نەخۆشی برینداری لەکاتی گەرما بۆ دابینکردنی ئاو لەکاتی سەرما بۆ دابینکردی جێگای مانەوە، جلوبەرگ و نوێن و هتد. دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ هەموو بارودۆخەکان، بۆ بەردەوامی و ئەنجامدانی کارەکانمان. هەمیشە لە ڕۆییشتندا پلان و ئامانجی دیاریکراومان هەبێ..شوێنی خۆمان و دوژمن و سروشتی شوێنەکە بزانیت. شارەزایی پێویستمان هەبێ لەسەر ناسینەوەی ئەستێرە و دۆزینەوەی ئاراستەکان بەبا و گۆڕستان و ڕەگی دار..هتد، لەکاتی شەوارە یان تێکچوونی ئاراستەکان ڕاوێژ بەهاوڕێکانمان بکەین. مامەڵەکردن لەگەلا ترس و گوشارە دەروونییەکاندا.. کە

وەک  شمشێری دوو دەمە.. سەردەمیانە و زانستی و زیرەکانە بێت، دەبێت ئەوەندە نەترسین و گوشار نەخەینە  سەرخۆمان تاکو بیرکردنەوە و ئەندێشەمان تێکبدات و نەتوانین  زاڵبین بەسەر بیر و هۆشماندا.. هەمیشە  بیر لەکاری  باش و سەرکەوتوو و بەسەر کۆسپەکاندا بکەینەوە، نابێ ئەوەندە بێ ترس بین  ببێتە هۆی گوێنەدان بەدوژمن، بیر لەداهێنان و زاڵبوون بەسەر مەترسییەکاندا نەکەینەوە. لەگەڵا ڕەوتی ڕۆژگاردا داهێنانمان  هەبێ و بیر لە چالاکی  و کاری  نوێ بکەینەوە، سود لە گژوگیا و شتە سروشتییەکان وەربگرین. بەپشتبەستن بە سەرسەختی و دانبەخۆداگرتن و هەوڵدان و ڕاهێنان و دووبارەکردنەوەی کارەکان لەگەڵا  بارودۆخەکەدا جەستە ڕابهێنین. خۆ گونجاندن  و  تێگەییشتن لەهەموو جوڵەو خوڕەوشتی  ئەو شتانەی دەیانبینین و لەدەورمانن، وەک مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە، بۆ نمونە ڕەنگە لەکاتی  نەزانینی سەرچاوەی ئاو بەهۆی ئاژەڵ  یان  باڵندەوە یان درەخت و  قامیش (نەیجە)  و ژاژ و  زەل و هەندێ گژوگیاوە بیدۆزیتەوە، یان ڕەنگە  بەهۆی  جوڵە و هەڵهاتنیان و دەنگی  گیان   لەبەرانەوە، بزانیت دوژمن بۆ ئاراستەی ئێمە دێت. ڕەنگە ناچار بین  بچینە ئەو ناوچانەی  مرۆڤی لێیە، ئەگەر ڕەچاوی ئەو خۆگونجاندنە نەکەین، ڕەنگە ئەرکەکەمان..خۆشمان   لەدەست   بدەین. وردبینی و سەلیقەیی و هەڵگرتنی شوێنپێی مرۆڤ و ئاژەڵا بۆ دۆزینەوەی  سەرچاوەی ئاو و بە پێچەوانەوە خۆلادان، لەمەترسییەکانی دوژمن. خۆئامادەکردن و ڕاهێنانی ڕۆژانە بۆ خۆلادان و فریودان و خۆحەشاردان لەپیادە و فڕۆکە و سیخوڕی  تاکەکەس  و دەستە، ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن لە ناکاودا. خۆئامادەکردن و گۆشکردن لەڕووی  دەروونییەوە، چونکە زۆر فەرماندی قارەمانی چاو نەترسمان  بینی خاوەن  ئەزمونی زۆر و ڕابردووی باشبوون، کەچی بەرگەی ئەو بارودۆخە دژوارەیان نەگرت، چونکە لەڕووی   دەروونییەوە.. ئامادە نەبوون، بەپێچەوانەوە هەندێ خەڵک هیچ  ئەزمونی پێشمەرگایەتی و خەباتی سەختیان نەبوو، لەبەرئەوەی لەڕووی دەرونییەوە ئامادەیی هەبوو..بەرگەیان گرت، باشترین و چالاکترین پارتیزان دەرچوون. لەبەرامبەر هەر ڕووداوێک ببێتە هۆی مردن و برینداربوون و نەخۆشی یان ترسی پەرچەکردار ڕوودەدات، دەبێتە هۆی  فشاری دەروونی، ئەو فشارانە وەکو لە خەسڵەتی ترسدا باسمان کرد، دوو لایەنی هەیە..دەکرێت، ئەرێنی  بێت  بۆ هاندانمان و بیرکردنەوەی باش و تەندروست، بۆ ئەوەی زاڵبین بەسەر دۆخەکەدا، لەنەرێنیدا ئەگەر بەزوویی  کۆنترۆڵی خۆمان نەکەین..دەبێتە هۆی لەدەستدانی بیرو توانا و هتد. دەبێت  ئەو باوەڕە هەمیشە لامان جێگیر بێت هیچ شتێک سەد لەسەد ئاستەم و نەگۆڕ نییە، نابێت  هەرگیز دەسبەرداری ئومێد و ژیان بین، تەنهایی و ماندووبوون بەردەوام  لەگەڵمانن، دەبنە هۆی  فشاری دەروونی، دەبێت خۆمانی لەگەڵ ڕابهێنین، بیری خۆمان بەشتگەلێکەوە سەرقاڵا  بکەین هاندەرمان بێت بۆ ئارامی و باش بیرکردنەوە، خۆمان لەگەڵ تەنهایی ڕابهێنین.. خۆڕاهێنان لەگەڵا ئەو ژینگەیەی تیایداین لەبەرامبەر گیانلەبەری سودبەخش بۆ دابینکردنی خواردن و خۆپاراستن  لە گیانلەبەرە زیانبەخشەکان، زۆرجار بە ئاستەم ئاو و خۆراک دابین دەکرێت.. دەبێت خۆمان لەگەڵ کەمی ئاو و خۆراک ڕابهێنین.

توڕەبوون و  بێئومێدی لەمرۆڤدا..دوو خوی خراپن، هەندێکجار کۆنترۆڵی ئەقڵمان دەکات، بەتایبەت لەو کاتانەی ڕێگا..یان..کەرەستەی، پێویست بۆ سەفەر و چالاکییەکەمان  لەدەست

دەدەین یان ون دەکەین، یان لەکاتی سوربوون لەسەر بۆچوونمان لەبەرامبەر بۆچوونی هەڤاڵەکانمان، دەبێت هەمیشە کۆنترۆڵی خۆمان بکەین تاکو نەبینە هۆی تیاچوونی خۆمان و هاوڕێکانمان. خەمۆکی و گۆشەگیری.. توانای بیرکردنەوەمان لاواز دەکات.. وامان لێدەکات نەتوانین ئەرێنی بیر بکەینەوە. هەمیشە دەبێت بیرمان لای خۆمان بێت..خۆمان بناسین مامەڵە لەگەڵ خۆمان و دۆخەکەدا بکەین، خاڵە بەهێز و لاوازەکانمان بزانین.. بەهێزەکان بەهێزترو لاوازەکان نەهێڵین، دەبێت هەمیشە لە بیرکردنەوە وپێشبینیدا بین پێشبینی ئەرێنی و نەرێنی بکەین بۆ هەردوو دۆخەکە..خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، هەمیشە بیرکردنەوەی نەرێنی بۆ تەمبەڵی و ئفلیجکردنی کاروچالاکییەکانمان نەبێ، بەپێچەوانەوە بۆ درێژەپێدانی خەبات و زاڵبوون بەسەر کۆسپەکان و هاندەری سەرکەوتنمان بێت. هەمیشە دۆخەکە وەکو خۆی ببینن، مامەڵەی لەگەڵ بکەین،خۆمان نەخەڵەتێن.. بەخەیاڵ، دۆزەخ و بەهەشت دروست نەکەین، هەمیشە هەوڵی باشترکردنی بدەین، خراپەکانیش ببینین. هەمیشە هەوڵبدەین گەشبین بین، بۆ ئەوەی دەروونمان یارمەتیمان بدات بۆ زاڵبوون بەسەر دۆخەکەدا، هەوڵی خاوکردنەوەی کرژییە دەروونییەکانمان بدەین، ڕاهێنانی جەستەیی و دەروونی.. بەکردەیی کە زۆر لە ڕاستی دۆخەکەوە نزیک بێت بکەین. پێویستە.. هەر دەستەیەک کەسێکی شارەزای تەندروستیی هەبێ، ئەگەر نەبوو، پێویستە بۆ پاراستنی ژیانمان هەوڵبدەین.. هەندێ شارەزایی سەرەتاییمان هەبێ لە پێچانی شکان و برین و دوورینەوە و دەرزی دان و هتد.

مامەڵەکردن لەگەڵا خوێن بەربووندا، بەهۆی هەرپێکانێکەوە بێت، دەبێت لەسەرەتادا شێوەی خوێنبەربوونەکە.. بزانین.. شادەمارە یان دەمارە لاوەکییەکان.. خوێن هێنەرە یان خوێنبەر، خوێنهێنەرەکان بەهۆی ڕەنگی سوری تێر و هاتنی خوێنەکە بە بچڕبچڕی لەگەڵا لێدانی دڵدا دەزانین، خوێن بەریش بەهۆی ڕەنگی شین و بەردەوامی خوێنەکەوە دەزانین، بەردەوام دەبێ سەری بریندارەکە لەشوێنی نزمی.. برینەکە لەبەرزی بهێڵینەوە.

مامەڵەکردن لەگەڵا شکاویدا، دەبێت ئەندامی شکاو بە ئەندازەی ئەندامی بەرامبەری ئەگەر دەست یان لاق بێت.. ڕابکێشێین.. پاشان بەدوو پارچە داری گونجاو و پارچە یەک قوماش بیبەستین.. بۆ ئەوەی شکاوییەکە نەبێتە هۆی دەرچوونی سوقان و بریندارکردن و دڕینی پێست و دەمارەکانی.. تا دەگاتە شوێنی چارەسەرکردن. دەرچوونی جومگەکانی لاق یان هەر ئەندامێکی لەش توشی ئازاری توندمان دەکات و دەئاوسێ، ئەو ئەندامە توانای جوڵان و کارکردنی نابێت، دەبێت بەپەلە بەهۆی ئاوی گەرم و سابونەوە بەباشی بشێلرێت، بەڕاکێشان یان قورسی خستنە سەر بگێڕێنرێتەوە جێگای خۆی و بۆ ماوەیەک ببەسترێت و فشار نەخرێتە سەری، تا بەتەواوی جێگردەبێتەوە.

مامەڵەکردن لەگەڵ مار و دوپشکدا..شوێنی گەستن یان پێوەدان بەخێرایی دەبەستین لەنێوان دڵ و برینەکەدا، بەگوێزان یان شفرەی نەشتەرگەری چەند برینێکی تەنکی تێدەکەین و کەڵە شاخی بۆ دەکەین یان بەدەم هەڵدەیمژین.. بەمەرجێک ناودەم برینی پێوە نەبێت، پاشان دەم بەجوانی بشۆرێت، لەگەڵا بەکارهێنانی ئەو چارەسەرانەی گونجاون، هەمیشە دەبێت بەپێچەوانەی

خوێنبەربوونەوە سەرت لەبەرزی و شوێنی گەستن لە نزمی، هەندێ لەخشۆک و کێچ و گەنە.. بەهۆی ئەوەی ئێمە هەمیشە لە ئەشکەوت و کونەسوچەڕ و ڕێوی و کەمتیارەکاندا دەژین، دووچاری گەستنیان دەبین، زۆر لەوانە ژەهراوین..دەبنە هۆی ژەهراوی بوونمان، دەبێت شوێنەکانیان پاکبکەینەوە.. وەک برین و نەخۆشی تەماشایان بکەین.

گڕە یان گەرما بردن.. کاتێک پەلەی گەرمی گەییشتە٤٠ پلەی سیلیزی (C٤٠ ) هەرچەندە ناوچەکەمان لەهاویندا بەزۆری لەدەوروبەری ٥٠ پلەدایە، مرۆڤ بەهۆی تیشکی تیژی خۆر و هەوای زۆر گەرمەوە.. لەش توشی سوتانی پێست و وشکبوونەوە و ڕشانەوە و سک چوون و تای زۆر و بێهێزی وژانەسەر و لەرزین و لەهۆش چوونەوە هەندێ جار.. مردنیش دەبێت.

هەمیشە دەبێت هەوڵی دابەزینی پلەی گەرمی لەشی بدەین، ئەو (ئاو-موغەزی)یانەی گونجاون بۆ ئەودۆخە.. بکرێتە لەشییەوە.. شلەمەنی زۆری بدەینێ، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوی لەشی.. تێکەڵەی خوێ و شەکر و لیمەندۆزی لەگەڵا ئاودا بدەینێ..دەبێت نەخۆش بحەسێتەوە لەتیشکی خۆر و گەرما بیپارێزین بۆ ماوەی سێ ڕۆژ. ئاو سەرچاوەی ژیانە بۆیە هەمیشە دەبێت بە دەبەی زیادە و ئەو قومقومەیەی بەقەدمانەوەیە،بیرمان لای سەرچاوەی ئاو و کەرەستەی هەڵگرتنی ئاو بێت، چونکە مرۆڤ کاتێک ڕێژەی لە ٢% ئاوی لەشی لەدەست-دا، هەست بەتینوێتی دەکات لەو ڕێژەیە بۆ سەرەوە.. وردەوردە لەشمان توشی وشکبوون دەبێت، ئەگەر ڕێژەی لە ١٥ % زیاتر ئاومان لەدەست-دا، دەبێتە هۆی پەککەوتن و مردنمان، بۆیە دەبێت.. هەمیشە، وەک ناوی خۆمان.. ئاومان لەیاد بێت.

دوورکەوتنەوە لەپاکوخاوێنی..هۆکارە بۆ توشبوونمان بەبەکتریا وئەسپێ و تەندروستییەکی خراپ، بۆیە دەبێت هەمیشەپاکوخاوێنی لەش و جل و نوێن و پێڵاو و کەرەستەی ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەمان بەپاکی ڕابگرین.

ئاگر بەشێکە لەسەرچاوەکانی ژیان بۆ لێنانی خواردن و خواردنەوە و کوڵاندن و پاککردنەوەی ئاو بۆ خواردن و پاکردنەوەی لەش و جلوبەرگ و برین، ئاگر وەک هەر کەرەستەیەکی تر ئەرێنی و نەرێنی هەیە، دەبێت مامەڵەی تەندروستی لەگەڵا بکەین، دەبێت سەرەتا کەرەستەی ئاگرکردنەوەمان هەبێ، سوتەمەنی بەپێی سروشتی شوێنەکە دار تەروو(کفر) پنجک و گژوگیا یان پاشەڕۆی ئاژەڵا هەبێت، ئەمە نوکتەیەکی بەبیرم هێنایەوە لەزۆربەی شوێنەکانی ناوچەی گەرمیان، بۆ ئاگرکردنەوە، پشت بەپاشەڕۆی ئاژەڵ دەبەسترێت،(پێشمەرگەیەکی مەفرەزە سەرەتاییەکانی گەرمیان لەگەڵا دەستەیەک پێشمەرگە دەچنە ناوچەی قەرەداغ..پێی دەڵێن بچۆ هەندێ سوتەمەنی بێنە، چاییەکی پێلێنێن، کورە گەرمیانی دەچێت پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە هیچ ناهێنی..پێی دەڵێن بۆ وا درەنگ هاتییەوە و هیچت نەهێناوە، دەڵێت زۆر گەڕام.. سوتەمەنیم نەبینییەوە، پێی دەڵێن ماڵوێران ئێمە چۆن دەجوڵێینەوە چڵی دار خەریکە چاومان دەربهێنێ.. ئێستا دوو لق داری وشکت دەست نەکەوت، کورە گەرمانی دەڵێ وەڵا من بۆ پاشەڕۆی ئاژەڵا دەگەڕام، دارم هەر لەبیر نەبوو، چونکە لای ئێمە (دار کەمە.. هەمیشە پاشەڕۆ دەسوتێنین). شوێنی ئاگرکردنەوە دەبێت لەشوێنی

نزمدا کوانوی بۆ هەڵکەندرێ و جێگای هەواچوون و دەرچوونی هەبێ بۆ ئەوەی بەباشی بسوتێ، ئاگرەکەش زۆر دەرناکەوێت.. بەباشی خواردن و خواردنەوە دەکوڵێنێ.

ئەبێ پێش ئاگرکردنەوە بیر لەچەند شتێک بکەیتەوە، ئاگرەکەت نەبێتەهۆی ئاگرکەوتنەوە دەبێت دەوروبەری لەپوش و پەڵاش پاکبکەیتەوە، کەرەستەی ئاگرکوژانەوەت ئامادەبێت، باشترین ئاگرکوژێنەوە لم و خۆڵی وردە کە ناهێڵێ دووکەڵا بکات و بەزووی کۆنترۆڵی دەکات، دواتریش دەتوانی بەو سوتەمەنییە ئاگری تر بکەیتەوە.

## گەڕانەوەی کاک عوسمان و برادەران بۆ گەرمیان

لەگەڵ گەڕانەوەمدا لە خولەکە.. هەواڵی دەستەکەمان دەستەی کاک عوسمان و برادەرانیان پێدام، لە **١٩٩٠/٣/٣٠** گەڕابوونەوە بۆ گەرمیان. کاک عوسمان نامەیەکی لای برادەران بەجێهێشتبوو بۆم. لەنامەکەدا نوسیبووی برای خۆم ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ گەرمیان، بەداخەوە لێرە نەبوویت لەگەڵماندا بهاتبایت، ئەگەر ئارەزووی هاتنەوەت هەبوو ماوەیەکی دیکە کاک (جەوهەر) و دەستەکەی دەگەڕێنەوە لەگەڵیاندا وەرە. برام ئێمە براو کەسی یەکین مافمان زۆر بەسەریەکەوە هەیە هەر شتێکت پێویست بوو وەک برایەک هاودەنگت دەبم هیوام شادیتە، نامەکە ئێستاش لام ماوە. زۆردڵگران و بێزار بووم بە بەجێمانم، لە ڕۆژهەڵات زۆر بێزاربووم کەماوەی حەوت مانگ بوو لەوێ بووین من سێ مانگ و نیوی لەخولی (گەیلان غەرب) بووم ئەگینا نەمدەتوانی بمێنمەوە.ئەو دەستەیەی دابەزیبوون پێک هاتبوون لەم پێشمەرگانە.

**١-**شەهید عەلی مەحەمەد کەرەم ، عەلی فەقێ مستەفایی.

**٢-**شەهیدمەجید ئیبراهیم لفتە، مەجیددوزی.

**٣-**شەهید ڕەمزان ئەحمەدڕەزا، ڕەمەزان کوڵەجۆیی.

**٤-**شەهید کامەران هیدایەت فارس، کامەران مامۆستا هیدایەت.

**٥-**عوسمان حاجی مەحمود.

**٦-**سەعید ئەحمەد مەحەمەد، مەلاسەعید.

**٧-**مەحەمەد سابرئەحمەد،جەمال مەلاهۆمەری.

**٨-**عەباس مەحەمەد ئەمین، ملازم عەباس.

**٩-**نەوشیروان ئەحمەد حەسەن، نەوشیروان شێخ لەنگەری.

**١٠-**سەباح عومەر وەلی، سەباح شێخ حەمیدی.

**١١-**جەمال ڕەشید ساڵەح، جەمال شێخ حەمیدی.

**١٢-**حەسەن حەمید حەمەعەلی، حەسەن ئۆمەربلی.

بەگەییشتنان بۆ گەرمیان دەستەکەی کاک مەحمود و کاک کوردۆ گەڕانەوە بۆسەر سنور.

# تیپی تۆپی پێی شالاو و قەندیل

بەهۆی بێکاری و نەبوونی شتێک خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین.. ماوەیەک خوم دابووە یاری تۆپی پێ، پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک، دوو تیپی تۆپی پێیان پێکهێنابوو بەناوەکانی (شالاو و قەندیل)، هەفتانە چەند یارییەکیان دەکرد لەگەڵ تیپەکانی کۆمەڵگای (دزڵی) و شاری (مەریوان) و گوندەکانی دەوروبەری، من پێشتر بەئێستاشەوە زۆر ئارەزووی تەماشاکردنی یاریم نەبوو، بەلام ئارەزووی وەرزشم هەیە بۆ جوانکردنی لەشولار و باشتر کردنی تەندروستی مرۆڤ. ئەو ماوەیە ئەوەندە خوم دابووە یارییەکانیان.. زۆر ئارەزووی بینینی یاری ئەم تیپانەم دەکرد، چونکە زۆرجوان یارییان دەکرد.. زۆرجاریش براوە دەبوون، ئەوانەی زۆر جوان یارییان دەکرد زیاتر، (ئەحمەدە سور و جەلیل کۆکزی و شەهید کەمال شێخ لەنگەری و شەهاب خانەقینی و هیمەت کاکەیی و مام پۆلا) بوون. یاریزانەکانی تیپی شالاو:

١-مامۆستا ئیکرام عەلی حەبە.

٢-مەلاکەریم سەعدیە.

٣-شەهاب خانەقینی.

٤-شەهید کەمال شێخ لەنگەری.

٥-عومەر چەوتانی.

٦-شەهید رزگار کەلاری.

٧-هیمەت کاکەیی.

٨-کاک بورهان.

٩-نەجمە سور لە ژیاندا نەماوە.

١٠-سەلاح عەبدولا.

١١-ئاکۆی برای تارای خێزانی سامان گەرمیانی.

تیپی قەندیل:

١-جەلیل کۆکزی.

٢-مامۆستا لوقمان سلێمان، کۆچی دوای کردووە.

٣-مام پۆلا.

٤-ئیبراهیم باوەنوری.

٥-ئەحمەدە سور.

٦-مامۆستا حەمید کەرکوکی.

٧-حەمید بەرلووتی.

٨-نزار کەرکوکی.

٩-سەلاح مزەلی.

١٠-ئازاد کەرکوکی.

١١-شەهید هەژار ئاساییش.

١٢-عەدنان کەرکوکی.

یاری تۆپی پێی جیهانی

ئەو ماوەیی گەڕابووینەوە لەخولەکە کاتی جامی جیهانی تۆپی پێ بوو کە لەمانگی ١٩٩٠/٦ دا بوو، شەو و ڕوژ بینەری یارییەکان بووم. ئەو شەوانەی لەبارەگای "ولەژێر" بومایە لای برادەران یارییەکانم دەبینی کە تەلەفیزیۆنێکیان لەدەرەوە دادەنابوو هەموو پێشمەرگەکان لێی کۆدەبوونەوە، دەبووە هەرایەک.. کەس بەکەس نەبوو. ئەو شەوانەشی لە"کانی دینار" بوامایە.. لەگەڵ برادەران دەچوومە چایخانەکەی کانی دینار تا کۆتایی بینەری دەبووین.

گەڕانەوە بۆ گەرمیان

لەسەرەتای مانگی ١٩٩٠/٧ شەهید سەید جەوهەر پێی وتم لەم ڕۆژانەدا بەرەو گەرمیان بەڕێ دەکەوین، ئەگەر لەگەڵ ئێمە دێیتەوە خۆت ئامادە بکە. چەک وتاخمەکەم لەبارەگای برادەران بوو لەگوندی (ولەژێر) چەکەکەم پاککردەوە و تاخمەکەم توندوتۆڵ کرد.. چووم لەشاری (مەریوان) ڕادیۆیەکی بچوکم کڕی، ساز و ئامادەبووم.

ڕۆژی ٧/١٤ لەشاری (مەریوان) ەوە بەڕێ کەوتین بۆ ئێوارە چووینە گوندی (بلەکێ)ی سەرسنوری دەستکردی ڕۆژهەلات و باشور لەنێوان شاری بانە و شارباژێر کەبارەگاکانی مەڵبەندی دووی (ی.ن.ک) لێبوو. شەو لای برادەرانی (تیپی ٢١کەرکوک) ماینەوە کەهاوڕێ و برادەری زۆر خۆشەویستمان لەوێ بوون وەک (هیواڕەش و پۆلا هەیبەیی و شەهید مامەقالە چیمەنی و شەهید ڕزگار چیمەنی و شەهید ئیبا و سیروان گۆبجەی و کوردۆ و...هیتر).

ڕۆژی ٧/١٥ پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە کرا سێ بەشەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە.

یەکەم: هێزی تایبەت لە ڕەتلا و دەستە و پێشمەرگە پارتیزانەکان و ژمارەیەک فەرماندەو پێشمەرگەی سەڵت و گەنج و لەڕووی جەستەییەوە توانای پارتیزانی و ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارە بگرێ.. لەپاش شالاوەکانی ئەنفال دەستی پێکردووە، ئەم هێزە کاک حامی حاجی غالی فەرماندەی بوو بارەگاکەی لەگوندی (زەڵێ) ی سەرسنور بوو.

دووەم: هێزی بەتالیۆنەکان لە ژمارەیەک فەرماندە و پێشمەرگە پێکدەهاتن لە بارەگاکانی سەر سنور دەمانەوە.

سێیەم: هێزی یەدەک لەو پێشمەرگانە پێک دەهاتن خێزاندار بوون و خێزانەکانیان لەگەلا بوو لە کۆمەڵگا و شارەکانی سەر سنور دادەنیشتن.

هەمان ڕۆژ نان و خورما و حەلواشەکری و هەندێ قومقومەی ئاو و خواردنی لەقوتونراویان بۆ هێنابووین، وتیان چەند دەتوانن هەڵیبگرن، بۆ ئێوارە دەتانبەینە سەرسنور بەرەو کوردستانی باشور بەڕێ دەکەون. لە(خالد کەرکوکی) دوربینێکی باشم کڕی، هەریەکەی نزیکەی پەنجا نان و یەک کیلۆ خورما و یەک کیلۆ حەلواشەکری و چوار قوتو خواردن و کیلۆیەک شەکروچا و خوێ و لیمەندۆزی و گلاسێک و پلایسێکی بچوک و دوو دلیوان و قولابێکی چاککردنی پێڵاو و بەکرەیەک بەنی نەوڕ بۆ پێڵاو و کۆڵەپشت چاککردن بەکرە و دەرزی و و چەقۆ و مەقەست و فرچە و هەویری

ددان شوشتن و شانەو ئاوێنە و موکێش و سابون و تایت و جوتێ پێلاوی زیادە و هەندێ وردە شتی دیکە لەناو کۆڵە پشتەکەماندابوو. هەمووی نزیکەی سی کیلۆ زیاد دەبوو، جگە لە کلاشینکۆفێک وپێنج مەغزەن و قومبەلەی دەستی و دوو قومقومەی ئاو و ڕادیۆیەک و دووربینێک ئەویش بەلای کەمەوە دە کیلۆ دەبوو. ئێوارە لەگەڵ تاریک بووندا لەئۆتۆمبێلێکی مێک زەمینی (قەرارگای ڕەمەزان)ی سوپای ئێران سەر کەوتین تا گەییشتینە سەر سنوور. چەک و تاخم و کەلوپەلەکانمان لە ئۆتۆمبێلەکە داگرت و خۆمان بارکرد هەریەکە بەقەد گوێلەقمان لەخۆمان بارکردبوو، کۆڵە پشتەکانمان ئەوەندە قورس بوو هیچ کاممان نەماندەتوانی ڕاِستە و ڕاست هەستینە سەرپێ.. خۆمان لار دەکردەوە و دەست و چۆکمان دەخستە زەوی ئینجا دەمانتوانی هەستینە سەرپێ. ماڵئاواییمان لەیەک کرد بەڕێکەوتین شەهید دکتۆر ئاتیلا بەدەم هەندێ مۆسیقای لێدا، وتمان دکتۆر ئەوە چییە؟ وتی ئەوە سەرەتای دەستپێکردنی فیلمەکەیە ئەم فیلمە لەسنورەوە دەستپێکرد بزانین لەکوێ و کەی کۆتایی دێت، تا کۆتایی فیلمەکە چەند کەس لەم فیلمەدا دەکوژرێ و پاڵەوانی فیلم تاکەی دەمێنێتەوە و لەکوێدا دەکوژرێت؟ لەسەر لوتکەی چیای (سورکێو) بەڕێنوێنی و شارەزایی (عەبدلقادر حەمەلاو (عەبەڕەق) و ( دلاوەر عوسمان، دلاوەرە درێژ و ڕزگاری کەریم باقی)، پاش نیو کاتژمێر ڕێکردن لەچیا هاتینە خوارەوە و گەییشتینە چەمێکی قوڵی پڕ لەچڕەدار، پوشوپەلاش و داری ئەو سنورە ئەو ڕۆژە سوتێنرابوو، لەچەندین شوێن ئاگر دیاربوو، (عەبە ڕەق) وتی دیارە ئەمڕۆ هێزی دوژمن هاتوونەتە ئەم سنورە.. کێوماڵیان کردووە، ڕەنگە ئەو ئاگرانە ئاگری دوژمن بێت. بۆ ئەوەی هێزەکەمان لەمەترسی بپارێزین و توشی بۆسە و هێزی دوژمن نەبین، نابێت ڕێگا بگرین دەبێت بەناو ئەم چەم و ئاوەدا درێژە بەڕۆییشتن بدەین، بۆ ئەوەی توشی شەڕ نەبین. ئەم سنورە هەمووی کێڵگەی مینە.. ئەگەر توشی شەڕ ببین.. دوژمن نەمانکوژێ مین دەمانکوژێ. نزیکەی پێنج کاتژمێر بەناو ئەو چەم و ئاو و شیوەدا.. هەموو دار و بەرد بوو دابەزین. ئەوەندە کەوتین و هەستاینەوە، ڕێمان بڕی بەو کۆڵە قورسەوە شەکەت و ماندوو بوین. کاتێک لەمەترسی دەرچووین و لەچەم و ئاوەکەوە سەرکەوتینە سەر ڕێگاکە و دەمە و بەیان گەییشتینە چەمی (سورەبان).. پێلاوەکانمان لەپێ داکەند پێکانمان سپی سپی بووبۆوە، کیفەڵەی کردبوو، ژێر پێکانمان گرپەی دەهات دەتگوت لەناو ژیلەمۆی ئاگردایە. شوێنی شایەلەی کۆڵەپشتەکانمان دەسوتایەوە.. دەتگوت برینە و ئاو و خوێی پێوە کراوە زۆر ماندووبووین.

ڕۆژی ٧/١٦ لەچەمی (سورەبان) ماینەوە، کاتژمێر پێنجی پاش نیوەڕۆ بەڕێکەوتین بەناو کێڵگەی مینی ئێراندا تێپەڕین..ئەوەندە مینی تێدابوو لەژمارە نەدەهات. (عەبە ڕەق) هەندێ مینی لەسەر ڕێگاکە دەرکرد، بەم لاو بەو لای ڕێگاکەدا فڕێی دەدا. پاش چەند سەد مەترێک کێڵگەی مینی (عێراق) بوو، ئەو جێگایە دەکەوتە باشوری ڕۆژهەلاتی قەزای (چوارتا)وە. چەند ساڵێک شەڕگەی (عێراق و ئێران) بوو، بەباکوری گوندی (کوڕەدەیم) و بەنزیک گوندەکانی (بناوێڵ و شێر و وێزە) دا تێپەڕین، لەچەمی (بناوێڵە) وە دەمە و بەیان بەتەنیشت چیای (کەتو) دا تێپەڕین. بەیانی ڕۆژی ٧/١٧ لەنزیک گوندی (عازەبان) لەچەمێکدا لەناو دار و بژوێنێکدا ماینەوە، کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ بەڕێکەوتین بە ڕۆژئاوای چیای (کوڕە کاژاو) دا. بۆ کاتژمێر چوار چووینە گوندی (پوشێن)، چووینە

سەرئاو ئەستێڵی گوندەکە هەمووی تەختی زەوی بوو، ئاومان خوارد و قومقومەکانمان پڕکرد. پاش ئەوەی پێست و ناوسکی کەروێشکێکی دەیمیمان بینی لەسەر ئاوەکە پاککرابوو پێمان باش نەبوو لەوە زیاتر لەوێ بمێنینەوە، چونکە پێمانوابوو ئەوەی هاتۆتە سەر ئەم ئاو و ناوچەیە خەڵکی ئاسای نین، ئەوەی هاتۆتە ئێرە یان دەستەی جاش و چەکداری دوژمنن یان تاکە کەسێکە بۆ سیخوڕی و جاسوسی لەسەر پێشمەرگەی پارتیزان. پێشتر چەند جارێک دەستەی پارتیزان بۆ کاری تایبەت دەهاتنە سنوری (شارباژێڕ).. لەناو شاری (سلێمانی) و بەپێی پێویست دەمانەوە، ماوەیەک پێشتر چەند پێشمەرگەیەک بەئەرکێک هاتبوون بۆ سنوری سلێمانی.. بەهۆی دزەی هەواڵی چوونیان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە، سێ پێشمەرگە بەدیل گیرابوون. ئەو سنورەش چەقی ڕێگای هاتوچۆی دەستە و پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری گەرمیانیش بوو، بەتایبەت ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زوو ئەوێ بەجێبهێڵین.. پێستی کەروێشکەکە تەڕبوو، ئەو ڕۆژە یان شەوی ڕابردوو پاککرا بوو.

عەبەڕەق وتی ئێوە لێرەوە خۆتان دەچن یان تاسەر چیای (جاترە) کەدەکەوێتە سەرووی ڕۆژهەلاتی شاری (عەربەت)ەوە لەگەڵتاندا بێین؟ وتمان دەستانخۆش بێت بەڕاستی ماندوبوون.. ئەرکتان کێشا و خزمەتێکی زۆر بەئێمە و پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان دەکەن. جێگای دەستتان دیارە.. لەسەرخستنی ئەم خەباتە سەختەی ئەم قۆناغەی شۆڕشی کورد. وتیان ئەوە ئەرکە لەسەر هەموومان پێویستە بەشداربین لەم خەباتە نوێیەدا، ئێمەش بەنیازین بچین بۆ ناو شاری (سلێمانی)، بۆیە لێرەماڵئاواییتان لێدەکەین. ماڵئاواییمان لەیەک کرد.. ئێمە بەرەو باشور و چیای (جاترە) و ئەوان بەرەو باکور و ئەو شوێنەی پێیدا هاتین. بۆ کاتژمێر شەش چووینە سەر چیا بەدووربین چاودێری ڕێگای (عەربەت–سلێمانی) مان کردو شوێنی پەڕینەوەمان دیاری کرد، تەماشای دەشتی شارەزوور و بناری چیای (گڵەزەردە) و هەرەسەکەی سەرووی گوندی (شەمەو وێلەکە)مان کرد، دەمانویست ئەمشەو خۆمانی پێبگەیەنین.. بۆ ڕۆژەکەی خۆمان لەوێ حەشار بدەین، لەسەر چیا بێتەلەکەمان کردەوە هەوڵماندا پەیوەندی بەبرادەرانی گەرمیانەوە بکەین، بێسود بوو. تاچووینە سەر چیا.. بەرێکەوتنمان لەسەر چیا بەدیوی (عەربەت) دا یەکی قومقومەیەک ئاومان خواردەوە.. دانەیەکمان پێمابوو. لەچیای (جاترە) بەناو دەربەندەکەی ڕۆژهەلاتی عەربەتدا تا نیوە قەدی چیا زیاتر هاتینە خوارەوە. بەلام بەهۆی تاریکی و هەڵدێر و سەختی و نەبوونی ڕێگا لەناو دەربەندەکە دیسانەوە گەڕاینەوە بۆ سەرەوەی چیا و لەباکوری دەربەندەکەوە جارێکی دیکە هاتینە خوارەوە، تا گەیشتینە سەر جادە قیرەکەی (دوکانیان).. دەکەوێتە نێوان ناحیەی (عەربەت وسیتەک)ەوە، برادەرانمان لەنزیک جادەکە دانا.. من و (شەهید جەوهەر و جەمال وارانی) جادەکەمان تاقیکردەوە، پاش دڵنیابوون لەنەبوونی مەترسی پەڕینەوە، لەسەرەوە کاتێک بەدووربین تەماشامان دەکرد ڕەبییەیەکمان لەسەر گردێکی بەرزی ڕۆژئاوای (عەربەت) بینی لەبناری چیاکەوە نەماندەزانی دوژمنی تێدایە یان چۆڵە. (شەهید جەوهەر) بەبرادەرانی وت ئێوە لێرەبن من و (حەمە ڕەشید) دەچین ڕێگاکە دەدۆزینەوە و دێینەوە، چووینە سەرەوە بۆ ڕێگاکە دەگەڕاین بەهۆی تاریکییەوە ئەوەندەمانزانی سنگمان کێشای بە تەلە دڕکاویەکەی دەوری ڕەبییەکەدا، بەبێ دەنگ و بەهێواشی دوورکەوتینەوە لە دووسەد مەترێک لەپشتی ڕەبییەکەوە ڕێگایەکمان دۆزیەوە و چووین

برادەرانمان هێنا. بۆ کاتژمێر نزیکەی دوازدە لەسەر جادەی (عەربەت سلێمانی) لەنزیک کێڵگە پەلەوەرییەکانی باکوری عەربەتەوە بە دووسەد مەترێک پاش تاقیکردنەوەی جادەکە و دڵنیابوون لەنەبوونی دوژمن لەلایەن من و (شەهید جەوهەر و جەمال وارانی و غایب و ئەنوەر دەرەوانی) پەوە پەڕینەوە، زۆربەمان ئاومان پێنەمابوو زۆر گەرم بوو، زۆر تینو و ماندوو بووین.. دووسەد مەترێک لەجادە دوور کەوتینەوە (شەهید جەوهەر) وتی:

-من تەواو ماندوو و شەکەت بووم.. ناتوانم یەک هەنگاویتر بڕۆم. چەک و تاخمەکەمان لێوەرگرت.. وتمان ئێستا کەمێک فێنکت دەبێتەوە باشتر دەبیت وتی:

-بەخوا هیچ توانای ڕۆییشتنم نییە، لێرە بەجێمبهێڵن، وتمان:

-کاک جەوهەر بەقوربانە بەڕێکەوە درەنگە فریای شوێنی سبەی ناکەوین؟

-کاکە بەخوا هیچ توانای ڕێکرنم نەماوە، دەست وقاچیشم لێبکەنەوە ناتوانم هەنگاوێک بڕۆم.

-کاک جەوهەر بیکە بۆ خاتری خوا.. تۆ فەرماندەی ئێمەی، هەمیشە بەتوانا و بەهیمەت بوویت، چۆن دەبێت بەو شێوەیە تەسلیمی ماندووبوون بیت، هەوڵبدە زۆر لەخۆت بکە تا دەچینە سەر ڕووباری (تانجەرۆ) لەوێ سەروچاوت فێنک بکەیتەوە باش دەبیت.

-کاکە مێشکم خەریکە دەتەقێ.. توانا و هێزم تیا نەماوە، بەزۆر نابێت.. ئێوە بڕۆن من لای ئەم خەرمانە دەمێنمەوە سبەی خۆم دەکەمە ناو خەرمانەکەدا.. دوایی هەوڵدەدەم بێم. خەرمانەکە تەنها حەوت سەد مەترێک لە (عەربەت) ەوە دووربوو.

-کاک جەوهەر بەڕاستە.. دەڵێیت ئێوە بڕۆن، چۆن بەجێتبێڵین، بەو خوایە کەسمان ناڕۆین، ئەگەر سبەی هەموو لێرە کوژراوین.. تۆ لەگەڵمان نەیەیت ناڕۆین، کاک جەوهەر ئەوەی تۆ بەئێمەی دەڵێیت ئەگەر ئێمە بوایانە.. چیت پێدەوتین، هەرچۆنێک بێت هەستاو بەڕێکەوتین. پێم وایە فشاری خوێنی دابەزیبوو بەهۆی ئەو هەموو ئارەق و ماندوبوونەوە، لەنێوان چەمی (تانجەرۆ وعەربەت) دا گەییشتینە بۆیسان دەیمێک هەرچی کاڵەکی تێدابوو سێ چوار کیلۆ دەبوو. وتم برادەران ئێمە ماندوو و تینوین.. لەسەر ئەم تینوێتیە کاڵەک زۆر بخۆین تینوێتی پەکمان دەخات. پیاوی چاک بن.. کەم بخۆن (غایب و جەمال) هەر مشەیان دەهات و کاڵەکیان دەخوارد.. دوو سێجار پێموتن.. کەم بخۆن.. پەکتان دەکەوێت. کوڕە.. کەم بخۆن پەکتان دەکەوێت. هێشتا لەناو بۆیسانەکەدا بووین هەردووکیان وتیان ئای باوکەڕۆ پەکمان کەوت. لێیان توڕەبووم زۆر سەرزەنشتم کردن.. قسەم پێ وتن، وتم دەرد بخۆن.. چەندجار وتم کەم دەرد بخۆن، بەو خوایە بڵێن ناتوانین ڕێبکەین مەگەر خوا بزانێ، بەرامبەر کاک جەوهەر لەڕووم نایە هیچ بڵێم، بەڵام بەگیان ئێوە ئازام. ئەوان هەردووکیان هاوڕێی خۆشەویست و تەمەنی خۆم بوون، گیانی هاوڕێیەتی و پێشمەرگایەتی ئەوەندە بەهێزبوو پێیاندا ڕامدەبینی. بەلەقەلەق لەگەڵماندا دەهاتن. بۆ کاتژمێر یەک و نیو بۆ دوو چووینە چەمی (تانجەرۆ).. ئەوەندە تینوو و شەکەت بووین، هەندێ ئاومان دۆزیەوە هەمووی شوێن پێی مانگا و پاشەڕۆ و مێزی مانگابوو.. بۆنی میزی ئاژەڵی لێدەهات، دەممان خستە ئەو ئاوە گەرمەوە و تێر ئاومان خوارد و قومقومەکانمان لێ پڕکرد، سەر و چاومان فێنک کردەوە کەمێ حەساینەوە،

بەرەو باشور درێژەمان بەرۆییشتن-دا هەر ڕۆییشتین، وتمان ماومانە بۆ ئاستی هەرەسەکەی گوندی (شەمەو وێلەکە) دونیا تەواو ڕووناک ڕووناک بووبۆوە.. ڕووناکییەکی کز لەپێشمانەوە لە دەشتەکەی بن بنارەکەدا دیاربوو دەجولا، کەمێ وەستاین بۆ دڵنیابوون لەو ڕووناکیەی کە لەپێشمانەوە بوو، چونکە دەمانویست بۆ ئەوێ بچین.

تەماشای بناری چیامان کرد و بەدوای هەرەسەکەدا دەگەڕاین، دەمانەویست بۆی بچین و خۆمانی تێدا حەشار بدەین بۆ سبەی، دواتر دڵنیابووین زۆر سەرمانکردووە و تێپەڕبووین، گەییشتووینەتە دەربەندەکەی گوندی (دەربەند فەقەرە). کاک (ئەنور و شەهید جەوهەر) هێشتا بەدوای هەرەسەکەدا دەگەڕان و هەریەکەیان شوێنێکی دیکەیان دەوت، پێم وتن کاک جەوهەر ئەم دەربەندە، دەربەندی پشتی گوندی (دەربەند فەقەرەیە) زۆر لە گوندی (شەمەووێلەکە) تێپەڕبووین. وا خەریکە هەتاو دەردەچێ ئەو شوێنەی ئێمە مەبەستمان بوو بە کاتژمێرێکی دیکە ناگەڕێینەوە بۆی، ئێمە لەم دەشتە ڕووت و تەختەداین ئەگەر پەلە نەکەین لێرەدا خۆرمان لێدەکەوێت.. توش دەبین. هەرچۆنێک دەبێت بەڕاکردن خۆمان بگەیەنین بەو چەند بنە داربەڕووەی بنارەکە کەنزیکەی کیلۆ مەترێک لێرەوە دوورە. لەڕووناکیەکەی پێشمان دڵنیابووینەوە زەلامێکە بەچرایەکەوە لەناو بەراوەکەیدایە و خەریکی ئاودانە. لەترسی گیانی خۆمان بەو هەموو ماندووبوون و کۆڵە قورسەوە کەزیاد لەچوارده کاتژمێر ڕێگامان بڕی بوو، نزیکەی بیست خولەک ڕامانکرد، بەڵام چۆن ڕاکردنێک دەتگوت پێشتر هەنگاوێک ڕێگامان نەبڕیوە، تا خۆمان گەیاندە بنەدارەکان بەبناری چیاکەوە هەتاو بەرزبۆوە نازانم چۆن لەڕەبییەکانی سەرچیاو لوتەی (گردە گەورەی میریاس)ەوە کەبەسەر سەرمانەوە بوو.. لەدەوروبەری کۆمەڵگای (نەسروباریکە) وە نەبینراین کەبەپێش چاویانەوە ڕاماندەکرد. گەییشتینە بنەدارەکان دانیشتین نەهێزمان تێدا مابوو نەتوانای هیچمان هەبوو. تاکو نیو کاتژمێر کەوتبووین وەک مەشکە دەژەناین. تەماشای دەوروبەری خۆمانکرد، لەسەرەوە هەموو ڕەبییەو خوارەوە کۆمەڵگای (نەسر) و ڕەبییەکانی دەوروبەری و جادەی (زەڕایەن عەربەت) هەمووی دیارە. ئێمەش لەسێ و چوار بنەدار زیاتر بەردێک شیوێک نەبوو خۆمانی تێدا بشارینەوە، بۆیە خۆمان لەبنەدارەکان توندکرد بوو نەدەجولاینەوە. کاتژمێر لەنزیکەی دە بوو پیاوێک بەسواری گوێدرێژێک ڕووی تێمانکرد لەخوارەوە بۆ سەرەوە دێت. خۆمان لەبنەدارەکاندا لەسەر سک دا بەزەویدا، کابرا بەدووری حەفتا مەترێک بەتەنیشتماندا تێپەڕی نەمانیبینی چوو بەرەو سەر چیا. کابرای بەراو لەوانیش هەر بەناویدا دێت و دەچێت ئاو دەدات. کابرای گوێدرێژ سوار نزیکە کاتژمێر یازدە و نیو بەهەمان شوێندا بەبارە دارەوە گەڕایەوە.. دیسان خۆمان خپکرد تاکو تێپەڕبوو نەمانیبینی. ڕۆژەکەی ئەوەندە گەرم بوو هێلکەت لەبەر هەتاو دابنایە بەچەند خولەکێک دەبرژا، ئاومان پێنەمابوو کاتژمێر گەییشتە نزیکەی یەکی پاشنیوەڕۆ، نزیکەی یەک و نیو بە شەهید جەوهەرم وت من بەگاگۆڵکە دەچمە ئەودیو شیوەکە بەدڵنیاییەوە ئاوی تێدایە ئەو پیاوە بەراوی لەسەر ئەو ئاوە کردووە، بزانم ڕێگایەک دەدۆزمەوە. بەگاگۆڵکە بەقەد پاڵەکەدا دوو سەد مەترێک ڕۆییشتم کە لە ڕەبییەکانی سەرەوە دیاربوو چوومە ناو شیوەکەوە ئاوێکی زۆر و پاک تێدا ڕێیدەکرد، ئاوم خوارد و سەروچاوم فێنک کردەوە، دوو قومقومەکەم پڕکرد و هاتمەوە ئاوەکەمدا بەبرادەران، وتم یەک یەک بەدوای مندا

وەرن، بەڵام دەبێت بەگاگۆڵکە لێرەوە بڕۆین تادەچینە ئەودیو بۆ ئەوەی نەبینرێین. چووینە سەر ئاوەکە چەک و تاقممان دانا و بەجلەکانەوە چووینە ناو ئاوەکەوە. کابرای بەراو لەوان لەدەوری نیوەڕۆدا ڕۆییشت بۆ کۆمەڵگای سەرکەوتن (نەسر).

بۆ کاتژمێر چوار (شەهید جەوهەر و ئەنوەر دەرەویانی) و پێشمەرگەیەکی تر چوونە چەرداغەکە هەندێ نان و شەکر و چایی هەبوو.. هێنایان، بۆ نزیکەی کاتژمێر پێنج چامان لێنا.. نان و چاییەکمان خوارد و بەناو دەربەنەکەی گوندی (دەربەند فەقەرە) دا سەرکەوتین لەسەر چیا بەلای (دارو شەخس)ەکەدا..لەنێوان ڕەبییەکاندا لەئاستی گوندی (شیوی قازی) یەوە ئاودیوی ڕۆژئاوا بووین، ئەو ڕۆژەمان زۆر بەناخۆشی بەڕێکرد، وتم لێرەوە من شارەزام خەمی ڕێگاتان نەبێت، بۆ کاتژمێر دوازدەی شەو چووینە چەمێ لەنێوان گوندی (شیوی قازی وچاڵگە)، پێمان باش بوو لەباکوری گوندی (چاڵگە) وە لەسەر چەمەکە بمێنینەوە، چونکە من وتم کاک جەوهەر ئەگەر لێرە بڕۆین ناگەینە قۆپی قەرەداغ کە شوێنێکی سەخت و لەبارە بۆ مانەوە، دەبێت لەچەمی نێوان گوندی (سەید سوێنان و بەلەگەجاڕ) بمێنینەوە کە ناوچەیەکی کراوەیە بۆ هێزی دوژمن پێم باشە سبەی لێرە بمێنینەوە بۆ پاش عەسر لێرە دەربچین بەئاسانی دەچینە (قۆپی قەرەداغ)، وتی : بۆچوونەکەت باشە.

ڕۆژی **١٩٩٠/٧/١٩** لەو چەمە ماینەوە، کاتژمێر چوار بەڕێکەوتین لە گوندی چاڵگە  هەنجیرێکی جوانی لێبوو تێر هەنجیرمان خوارد، بەرێگای گوندی (قەڵا قایمەز) دا سەرکەوتین بۆ کاتژمێر شەش و نیو چووینە سەرچیاو لە (چالاوی شەریکی) یەوە کەدەکەوێتە ڕۆژهەڵات و دەڕوانێتە سەر گوندی (سەیدسوێنان)، بەدووربین چاودێری باشی گوندی (سەیدسوێنان و بەلەگەجاڕ و بەڵخە) و دەربەندی (قۆپی قەراغ) لای ماڵەکانی (حەمەی هەواس) مان کرد و بەڕێگاکەدا شۆڕ بووینەوە. لەگەڵ تاریکبووندا.. بەناو گوندی (سەید سوێنان) دا تێپەڕین، بە باشوری گوندی بەلەگەجاڕدا بەنزیک شوێن بارەگاکانی کۆنی مەڵبەندی یەکی(ی.ن.ک) دا سەرکەوتین بۆ سەر پیادە ڕێکە. برادەران هاواریان لێهەستا بەتایبەت شەهید دکتۆر ئاتیلا کاکە مردین.. ئەمە کەی ڕێیە شارەزانیت بۆ ئەڵێیت شارەزام مردین. وتم دکتۆر گیان شارەزام ڕێگاکەش دەزانم ئەگەر بەڕێگاکەدا بهاتمایە دەبوو بچواینایەوە بۆ گوندی بەلەگەجاڕ زۆرمان پێدەچوو دەبوو بگەڕایەینەتەوە بۆ سەرەوە و گوندەکانیش جێگای مەترسین، بۆیە ڕێگاکەم قەد برکرد، وا ڕێگاکە لەپێشمانە چووینە سەر ڕێگاکە و درێژەمان بەڕۆییشتن-دا نزیکەی کاتژمێر دوازدەی شەو گەییشتینە سەر کانییەکەی سەر ڕێگای (قۆپی قەرەداغ) گوندی (تەپەگەڕوس) بۆ سبەی لەوێ ماینەوە. ڕۆژی **٧/٢٠** لەسەر کانییەکە بووین تا کاتژمێر سێ وردەوردە بۆ سەر چیای (زەردەلیکاو) دەکەوێتە نێوان ماڵەکانی حەمەی هەواس لەقۆپی قەرەداغ و گوندی (تەپەگەڕوس) سەرکەوتین بۆ کاتژمێر پێنج گەییشتینە سەر چیا، چەند (تەرەدود) ژمارەیەکی بێتەلیان دابوو بە شەهید جەوهەر کە چوونە سنوری گەرمیان پەیوەندی (بەکاک عوسمانی حاجی مەحمود)ەوە بکەین، لەوێ زۆر هەوڵماندا بە بێتەلەکە پەیوەندی بە برادەرانەوە بکەین، بەڵام هەر هەموو تەرەدودەکانمان تاقیکردەوە هیچ بێتەلێک کراوە نەبوو بێهودە بوو. هاتینە خوارەوە بۆ پاش تاریکبوون بەناو کەلاوەکانی گوندی (تەپەگەڕوس) دا تێپەڕبووین بۆ

کاتژمێر یازدەی شەو گەیشتینە حەشارگەی ئەشکەوتی (کونە شێر) لەنێوان گوندی (تیلەکۆ و مەسۆیی بەرگەچ).

ڕۆژی **٧/٢١** لەحەشارگەی (کونە شێر) ماینەوە، چەند ڕۆژێک پێشتر لەڕێگای ڕادیۆوە هەواڵی ئاڵۆزبوونی پەیوەندی دەوڵەتی (عێراق و کوەیت)مان گوێ لێبوو. ئەمڕۆ هەواڵەکان زۆر گەرم بوو سەرۆکی وڵاتانی عەرەبی وەک (ئوردن و یەمەن و میسر و سعودیە) و (جامیعەی ئیسلامی) و (کۆمکاری عەرەبی) هەموو لەهەوڵدابوون ئاڵۆزییەکان هێمن بکەنەوە تا خراپتر نەبێ. حکومەتی(عێراق) سوپایەکی زۆری برد بووە سنوری (کوەیت) و هەڕەشەی لێدەکرد، ئێمەش ئاواتەخواز بووین (عێراق) ئەو سەرکێشییە بکات و پەلاماری (کوەیت) بدات، یان کێشەکان ئاڵۆزتر بکات. بۆ کاتژمێر پێنجی ئێوارە دیسان هەوڵی پەیوەندی بێتەلمان دا بێسوود بوو. بەڕێکەوتین بۆ شەو چووینە چەمی (لاهێز) لەنێوان گوندی (کوردەمیر و قولیجانی سەرحەد و فەقێ مستەفا). بۆ سبەی ڕۆژی **٧/٢٢** لەوێ ماینەوە، بۆ ئێوارە بەڕێکەوتین شەو چووینە چەمی (قامیش) ە لەنێوان گوندی (خان و قولیجانی ئەمین قارەمان).

ڕۆژی **٢٣** و**٢٤**و**٧/٢٥** لەوێ بووین.. هەموو ڕۆژ بەبێتەل هەوڵی پەیوەندی کردنمان دەدا بەکاک (عوسمانی حاجی مەحمود) ەوە بێسوود بوو. هیچ کام لەو تەرەدودانەی برادەران پێیان دابووین بێتەل لەسەری کاری نەدەکرد.

ڕۆژی **٧/٢٦** بۆ کاتژمێر شەش بەڕێکەوتین شەو چووینە ئەشکەوتی (دەڵەکە) لەنێوان گوندی (مەلا ئۆمەر و ئاوە سپی).

ڕۆژی **٧/٢٧** لە ئەشکەوتی (دەڵەکە) ماینەوە، نان و خواردنمان لەکۆتاییدا بوو، گەڕاین نزیکەی پێنج کیلۆ برنجمان دۆزییەوە نیوەی زیاتری گوو مشک و خۆڵ بوو، بەبێ ڕۆن لێمان نا و خواردمان. ڕۆژی **٧/٢٨** دیسان لە حەشارگەی (دەڵەکە) ماینەوە، پاسەوانەکەمان ئاگاداری کردینەوە کە دوو چەکدار بەرەو ئاراستەمان دێت، چووومە سەرەوە تەماشام کردن هەردووکیانم ناسییەوە.. کە(شەهید عەلی فەقێ مستەفایی و شەهید ڕەمەزان کوڵەجۆیی) بوون، هاتمە خوارەوە وتم مژدە برادەرانی خۆمانن بۆ ئێرە دێن. نزیکبوونەوە ئێمەیان بینی وەستان. بانگمان کردن و خۆمان ناساند.. هاتن بۆ لامان یەکمان لەئامێزگرت و هەستێکی خۆشبوو لەو بێ ئومێدیە ڕزگارمان بوو. هەندێ لای ئێمە دانیشتن وپاش گفتوگۆ و هەواڵ پرسین وتیان ئێمە بەکارێک بەرەوخوار دەچین، کاک عوسمان و برادەران لەحەشارگەی بەراوەکەی (قادر ئەحمەد)ن، شوێنەکە شارەزابووم لەنێوان گوندی (مەلا ئۆمەر) و گردی (کوڕە و سێپا) دایە کە لەگەرمیاندا بەرزترین گردی ناوچەی زەنگنەیە. شەو چووینە لای کاک عوسمان و برادەران لەبەراوەکە، هەستێکی زۆر خۆشبوو لەگەڵ ئەو برادەرە خۆشەویستانەدا یەکمانگرتەوە، ئەو پێشمەرگانەی لە بوون هەریەکە:

**١**-کاک عوسمانی حاجی مەحمود.

**٢**- سەباح شێخ حەمیدی.

**٣**- جەمال شێخ حەمیدی.

**٢**- شەهید مەجید دوزی.

ئێمە ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ شەهید جەوهەر پێکەوە گەڕابووینەوە پێکهاتبوون لەهەریەک:

**١-**شەهید جەوهەر لەتیف(شەهید سەید جەوهەر).

**٢-**شەهید یاسین عەبدول(شەهید یاسینە بچکۆل).

**٣ -**شەهید ئاتیلا سەعدولا(شەهید دکتۆر ئاتیلا).

**٤-**شەهید بەرزان محەمەد عەزیز.

**٥-** محەمەد کەریم مەحمود(حەمە چەوری).

**٦-**جەمال محسن جەوهەر(جەمال وارانی).

**٧-**غایب حوسێن عەلی(غایب لەلبنی).

**٨-**ئەنوەر محەمەد عەلی(ئەنوەر دەرەویانی).

**٩-**جەمیل حوسێن حەسەن(جەمیل شێخ لەنگەری).

**١٠-** ڕەشید عەلی سەعید(حەمە ڕەشید توکنی)

# گرتنی کوەیت و قۆناغی سێی پارتیزانی

ڕۆژی **٢٩** و**٣٠** و**٧/٣١** و **٨/١** دیسان لەبەراوەکە بووین.. هەواڵەکان لەسەر پەیوەندیەکانی عێراق و کوەیت زۆر گەرم بوو هەموو ڕاگەیاندنی جیهان باسی هێرشی عێراقی دەکرد بۆ سەر کوەیت. هەواڵی لێدانی وەزیری دەرەوەی کوەیت بەدەستی عزەت ئیبراهیم (عزەت دوری) بووە سەردێڕی هەموو ڕۆژنامە و هەواڵەکان. هەرچی ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامەی سیاسی و شرۆڤەکار.. باس باسی عێراق و کوەیت بوو هەموو لێکدانەوە و ئەگەرەکان ئەوەبوو.. عێراق پەلاماری کوەیت دەدات و داگیری دەکات، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەت (ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا)کە سێ زلهێزی جیهان بوون.. دەیانگوت داگیرکردنی خاکی (کوەیت) پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە قبوڵ ناکرێت و کاردانەوەی توندمان دەبێت لەسەر عێراق. ئەو ڕۆژە هەموو چاوەڕوانی بێ ئەقڵیی و سەرکێشی سەدام بووین.

ڕۆژی **١٩٩٠/٨/٢** بەیانی زوو ڕادیۆی کوردی (بەغداد) م کردەوە سرود و هووهایەک بوو سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسی خستمەسەر رادیۆی (جەماهیر) عەرەبی بەهەمان شێوە هەرابوو. وتم برادەران بەخوا وابزانم قلیشاوەتەوە گوێ بگرن ڕادیۆی (عێراق) چ هەرایەکە ئەڵێی ئەو ڕۆژەیە قەزای (فاو)ی گرتەوە. لەگەڵ سرودەکاندا جار نەجارێک پاش کەمێکی دیکە هەواڵێکی گرنگتان بۆ بڵاو دەکەینەوە. پاش کەمێک ڕاگەیەندراوێک لەفەرماندەی هێزە چەکدارەکانەوە بڵاوکرایەوە بەم شێوە بوو: سەر لەبەیانی ئەمڕۆ دووی ئابی ساڵی **١٩٩٠** خەڵکی بەشەرەفی کوەیت بەهۆی زوڵم و زۆر و خیانەتی بنەماڵەی (ئەلصەباح)ەوە ڕاپەڕین لەو دەسەلاتە بۆگەن و کۆنەپەرستە. هێزە سەربازییەکانی عێراقی عەرەبی چوونە ناو (کوەیت)، وەک هەمیشە چۆن بەرگری لەخاکی پیرۆزی نەتەوەی عەرەب کردووە بۆ پشتیوانی و پاراستنی دانیشتوانی (کوەیت)کە پارێزگایەک بوو لەخاکی (عێراق) جیابووبۆوە، ئێستا گەڕایەوە باوەشی (عێراق). بنەماڵەی (ئەلصەباح)ی خائین و کۆنەپەرستییان ڕاونا

دەسەلاتیان گەڕاندەوە بۆ گەلی کوەیت. کەخوازیارن پارێزگایەک بن لەوڵات و نیشتمانی عێراقی خۆشەویستمان. ئەم سەرکەوتنە پیرۆزە لەخەڵکی کوەیت و عێراقی خۆشەویستمان.

کردمان بەپێکەنین و دەربڕینی خۆشی وتمان بەدڵنیاییەوە ئەم پێشێلکارییەی عێراق کاردانەوەی ئەمەریکا و بەریتانیا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. تا کاتژمێر پێنجی پاش نیوەڕۆ بەپێکەنین و خۆشی پێکەوە بەڕێمانکرد، من و (جەمیل حوسێن) ماڵئاواییمان لە (شەهید جەوهەر) و برادەران کرد و داوای لێبوردنم لێیان کرد کە دەچینەوە بۆ دەستەکەی خۆمان . هەرچەندە لە ڕۆژهەلات هاتین بە(شەهید جەوهەر)مان وتبوو ئێمە تا گەرمیان لەگەڵ ئێوە دەبین، لەوێ هەموو ماڵئاواییمان لەیەک کرد.. ئێمە بەڕێکەوتین بۆ ناوچەی داوده. ئەو شەوە  تابەیانی ڕێگامان بڕی بۆ کاتی هەتاوکەوتن.. گەییشتینە حەشارگەیەک لەنێوان گوندی (ئۆمەرسۆفی و حەیدەرە سور) دا بوو. لەڕێگا لەنزیک گوندی (کانی قادر) گوێدرێژە کەمان پەکی کەوت چ باری لەسەر بوو بەکورتانەکەشیەوە لێمانکردەوە خۆمان هەڵمانگرت ئینجا بەپاڵ هێنامان بۆ حەشارگەکە. لەو کاتەوە پێموایە مرۆڤ هێز و توانای لەهەموو گیانلەبەرێک زیاترە و بەرگەی سەختی زیاتر دەگرێت. ئەو شەوە زۆر ڕێگای هەرد و هەڵەت و بەرز و نزمیمان بڕی. ئێمە کەسمان شەکەت نەبووین، بەلام گوێدرێژەکە بەتەواوی پەکی کەوت بوو. ڕۆژی ٨/٥ گەیشتینە برادەرانی دیکە کە نزیکەی پازدەڕۆژ لەم حەشارگە ماینەوە.

بەهۆی گرتنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە سەرقاڵا بوونی سوپا بەو داگیر کارییە و فشارێکی ئەوتۆ لەسەرمان نەما، بەمە قۆناغی دووی پارتی زانی کۆتایی هات .پێشتر باسمانکرد وتمان خەباتی پارتیزانی بە سێ قۆناغدا تێپەڕی.. هەر قۆناغێک بەپێی کاتی دیاریکراوی خۆی و هەلومەرجەکەی شێوازی خەباتەکەش جیاوازبوو. هەر قۆناغێک لەکاتی خۆیدا باسی شێوەی خەباتی پارتیزانی و شێوازی خۆحەشاردان و شوێنی خۆحەشاردان و تاکتیکی کاری پێشمەرگانە و جموجوڵ و پەیوەندی کردن بە ڕێکخراو و دابینکردنی خواردن و پێداویستی ڕۆژانەوە باسمان کردووە. لەئێستا بەدواوە باسی قۆناغی سێی پارتیزانی دەکەین. بەهۆی پەلاماردان و داگیرکردنی ولاتی (کوەیت) لەلایەن سوپای عێراقەوە ومانەوەی تێیدا، جێگیرکردنی سوپا لەسنوری ولاتی سعودیە، بەهۆی هەڕەشە و پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانییە عەرەبی و نێودەوڵەتییانەی لەدژی ولاتی (عێراق) پێکهێنرابوو. سەرقاڵبوونی سوپای عێراق بەسنور و مانەوەی ژمارەیەکی کەمی سوپا لەناو خاکی عێراق. مەترسییەکان لەسەر پارتیزانەکان ڕۆژبەڕۆژ کەم دەبوونەوە، هاتنی کۆپتەر بۆ سەر ئاسمانی گەرمیان و کێوماڵکردنی سوپا زۆر کەم بووبۆوە، بەو چڕییەی پێشتر نەمابوو. لەقۆناغی دووەمی پارتیزانیدا تەنها شەو لەحەشارگەکان دەمانتوانی دەربچین، بەلام لەم قۆناغەدا مەترسیەکان زۆر کەم بووبوونەوە و زۆرجار بەڕۆژ لەکاتی پێویستدا دەگەڕاین. لەدوو ساڵی پێشودا دوو جار بەڕێکەوت.. توانیمان ئاژەڵی کێوی بکوژین و گۆشت بخۆین، بەلام لەم قۆناغەدا لەپاش مانگی ئاب.. ڕۆژانە ڕاوی ئاژەڵمان دەکرد و بەردەوام گۆشتمان دەخوارد.

# گەڕانەوە بۆ بارەگاکانی سنوری ڕۆژهەڵات

پرسیاری شەهید کاکە توکنیم کرد .

وتیان: چەند ڕۆژێک پێش گەیشتنی ئێوە.. هەریەک لەم پێشمەرگانە، گەڕانەوە بۆ بارەگاکانی سنوری ڕۆژهەڵات.

١-شەهید حەمە ئاخە.

٢-شەهید کاکە توکنی.

٣- فایەق کەلاری.

٤-جمعە مەجید داودیێ.

پێشتر (فایەق وجومعە) پەیوەندیان بەکاک کوردۆوە هەبوو، چەند مانگێک پێشتر کاک (کوردۆ) و کاک (مەحمود) لە خوارەوە بوون، لەناوشارەوە هاتبوون،پێکەوە چوون بۆ بارەگاکانی سەر سنور، وەک پێشتر باسم کردبوو.. شەهید حەمە ئاخە یەکێک بوو لەفەرماندە جوامێر و قارەماکانەکانی گەرمیان لە١٩٧٨/٤/١٤وە تامانگی ١٩٩٠/٧ بەبێ دابڕان لەسنورە قەدەغەکراوەکاندا پارتیزان بوو.

# هاتنی شەهید شاهۆ(حەمەی تەلە)

شەهید شاهۆ دانیشتوی گوندی(دەرەدۆین) ی بناری چیای گوڵانی نزیک دەربەندیخانە بوو,یەکێک بوو لەپێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ، لەشۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە دەبێت و تەسلیم نابێتەوە، لەناوچەی قەرەداغ و چیای زەردە و گوڵان تونی باوەعەمرەدا دەمێنێتەوە. لەگەڵ یەکەم چەخماخەی شۆڕشی نوێ و پەیدابوونی دەستەیەک پێشمەرگەی پارتیزان بە سەرپەرشتی (شەهید سیروان تاڵەبانی) پەیوەندییان پێوە دەکات. (حەمەی تەلە) ناوێکی دیار و پێشمەرگەیەکی قارەمان و چاونەترسی ساڵانی حەفتا و هەشتاکان بوو، بەبیستنی ناوی (حەمەی تەلە) پیاوەکانی بەعس زەندەقییان دەچوو. شەهید شاهۆ لەگێڕانەوەی پەند و بەسەرهاتەکاندا..پیاوێکی تا بڵێیت قسەخۆش و بەسەلیقە بوو، بەسەرهات و سەرگوزەشتەی زۆر جوان و شیرینی لابوو، لەخەباتی پارتیزانیدا شارەزایی و ئەزمونێکی زۆر باشی هەبوو، پیاوێکی بەوەفا و جوامێر و سادە بوو. دەگێڕنەوە ڕۆژێک لەگەڵ کادرێک بەناوی (هێرش) لەساڵی ١٩٧٨ بەتەنیشتی چیای (زەردە) دا بەرەو گوندی (دەرەدۆین) تێدەپەڕن،کە زێدی خۆی دەبێت . هاوڕێکەی پێی دەڵێت (شاهۆ) بەبۆچوونی تۆ ئەم چیای زەردە بەدەرزی کون دەکرێت؟ دەڵێ: نەوەڵا دەرزی ئەم کەژە چۆن کون دەکات! ئەویش دەڵێ: دە بەو خوایە چەکداری و پێشمەرگایەتی و دوژمنایەتی من و تۆ بۆ حکومەتی عێراق وەک دەرزییەکە و کەژی (زەردە) وایە، عێراق هەزاران فڕۆکەی جەنگی و دەیان هەزار تانک و تۆپ و کەشتیی جەنگی هەیە. سەدان هەزار سەرباز و پیاوی حیزبی هەیە..

ولاتێکە دەوڵەمەندە بەنەوت و ئاو و زەوی کشتوکاڵ، ئێمە بەچەند سەد پێشمەرگەیەک چیمان پێ دەکرێ؟ وەڵا ڕاست دەکەیت تۆ بۆچی وا دەڵێی مەبەستت چییە؟ مەبەستم ئەوەیە ماندووبوون و خۆبەکوشتدانمان هیچ سودی نییە.. دانیشتن لەماڵی خۆماندا و کەسابەتی خۆمان بکەین لەهەمووی باشترە. یەعنی دەڵێی چی؟

ئەڵێم بەرامبەر ئەم حکومەتە.. هیچمان پێناکرێت،جگە لەوەی خۆمان تێدا دەچین و هیچ ئەنجامێکی نابێت,بوینەتە بەڵاو کێشەو ئازار بۆکەس و کارمان,واسالێک زیاترە هەموو خێزانەکانمان گیران و لەناخۆشترین بارودۆخدان و ڕۆژانە دوژمن سوکایەتییان پێدەکات, بابچین تەسلیم ببینەوە خۆمان و خێزانمان ڕزگارمان دەبێت و سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆمان دەبین..لەماڵی خۆمان دادەنیشین.بەهۆی گیرانی خێزانەکەی و زمانە لوسەکەی کاکی کادر بەسانایی باوەڕی پێدەهێنێت و دەچن لەئەمنی دەربەندیخان تەسلیم دەبنەوە. بەهەواڵی تەسلیمبوونەوەی (شەهید شاهۆ) چەند دامودەزگای حکومی و حیزبی هەیە، دێن دەوریان دەدەن بۆ بینینی (شەهید شاهۆ). ئەم دەڵێ ئەوە (حەمەی تەلە) یە و ئەو دەڵێ ئەمە (حەمەی تەلەیە) ئەو دەڵێ ئەوە (شاهۆ) یە و هاتۆتەوە ڕیزی نیشتمان، زۆر تەماشای دەکەن و پێی دەڵێن تۆ (حەمە تەڵە)ی واچەند ساڵێکە ئێمە بەدواتدا دەگەڕێین. هەر لەوێدا بەهاوڕێکەی دەڵێ.. چۆن فریوتدام، من نەمزانی ئەوەندە گەورە و ترسێنەرم لای دوژمن. پاش چەند ڕۆژێک خێزانەکەی ئازاد دەکرێت , چەکێک دەکرێ و پاش چەند ڕۆژێکی کەم دەگەڕێتەوە بۆ شاخ و دەچێتەوە بۆلای (شەهید سیروان) و ئەوانیش لەدڵسۆزی و سادەیی شەهید شاهۆ دەگەن.. پێی دەڵێن بەخێربێیتەوە، ئێمە لەپاکی و دلسۆزی تۆ دڵنیاین، دواتر پێشمەرگە دەبێت تا شالاوەکانی ئەنفال، بەفێڵ لەگەڵا براکانیدا تەسلیمیان دەکەنەوە، هەموو هاورێکانیان گوللەباران دەکرێن، ئەمان بەخت یاوەریان دەبێت.. بەشێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر دەربازیان دەبێت. لەچاوپێکەوتنێکی برادەرانی ڕێکخراوی ناوشاردا بە کاک عوسمان دەڵێن کاک (شاهۆ) دەیەوێت بێتە دەرەوە، کاک (عوسمان) یش بەخۆشحاڵییەوە دەڵێت لە پەیوەندی داهاتوو لەگەڵ خۆتاندا بیهێنن. لەمانگی١٩٩٠/٧ لەڕێگای برادەرانی ناوشارەوە لە نزیکی کفری دێت و پەیوەندییان پێوەدەکات، پاش گەییشتنی ئێمە بەچەند ڕۆژێک لەحەشارگەی (حەیدەرە سور) بووین.. (کاک عوسمان و شەهید مەجید و سەباح) چووبوون بۆ بینینی برادەرانی ناوشار، لەگەڕانەوەیاندا کە نزیکەی کاتژمێر هەشت گەییشتنە لامان، پێشمەرگەیەکیان لەگەڵدا بوو نەمدەناسی، دانیشتن کاک عوسمان وتی ئەمە کاک (شاهۆیە) بە (حەمە تەلە) ش ناسراوە ناینناسی؟ وتم پێشتر لەمانگی ١٩٨٦/٨ لەشەڕگەی چیای گولان بینیومە، بەڵام شێوەی گۆڕاوە نەمناسی، بەخێرهاتنمان کرد، لەگەڵ دانیشتندا وتی: ئەی باوکەڕۆ پێم پێوە نەما.. ئەرێ عوسمان ئەمە پارتیزانییە یان کەس نەزانی. کاک عوسمان بەپێکەنینەوە وتی: کاک شاهۆ ئەی پارتیزانی چۆنە؟ چۆنە وەڵا نازانم بڵێم چۆنە.. هەرچۆنێک بێت وەک ئەم پارتیزانییەی ئێوە نییە، وەک بەرنامەی تەلەفزیۆن داڵ بۆ داڵ بجولێیت و ڕێگا ببرپت.

ئێمە وتمان: کاک شاهۆ مەبەستت چییە داڵ بۆ داڵ؟

مەبەستم ئەوەیە خۆر بۆ خۆر دەبێت ڕێگا ببڕیت، تۆ ئەزانی.. ئێمە لە کەیەوە ڕێ دەکەین، لەگەڵ خۆر نیشتنی ئێوارە تا ئێستا کەخۆر گەزێ بەرزە بەبێ وەستان.. ڕێ دەکەین، سەباح چەند کاتژمێرە؟

کاک شاهۆ زۆر نییە تەنها(١٢) کاتژمێرە.

نەوەڵا زۆر نییە دوازدە کاتژمێرە، قول درێژ ئەی زۆر چەند کاتژمێرە؟

کاک شاهۆ ئێوە لەسەرەتای شۆڕش چۆن پارتیزانیتان دەکرد؟

برا ئەوەی ئێمە دەمانکرد پارتیزانی بوو.. نەک ئەمەی ئێوە، ئەمەی ئێوە کەسنەزانییە، ئێمە بەیانی تا ئێوارە لەو کەژە لەئەشکەوتێکدا لەکونێکدا لە چەمێکدا لەبنەدارێکدا خۆمان حەشار دەدا، ئێوارە لەگەڵ خۆرئاوابووندا خۆماندەکرد بەناو گوندێکدا، چاو بڕکێمان دەکرد لەگەڵ کەنیشکدا تا خەڵک خەوتنان. دواتر هەندێ نوێنمان دەبرد لەدوێخانێکدا یان لەوپەڕی دێکەوە تا بەیانی دەخەوتین، بەیانی ئەچووینەوە بۆ ئەو کەژە. ئێوارە دیسان دەهاتینەوە بۆ نانخواردن و چاو بڕکێکە، برا ئەوە پارتیزانی بوو.. هەموو ڕۆژێک کاتژمێرێک لەگوندەکان دوور دەکەوتینەوە، نەک وەک ئێستا خۆر بۆ خۆر.

شەهید شاهۆ پیاوێکی زۆر سادە و قسەخۆش و دڵپاک بوو. دەمێک بوو ئێمە جگە لە وتە و نوکتە و بەسەرهاتە کۆنەکانمان کەچەندینجار بۆ یەکمان گێڕابۆوە، شتێکی نوێمان پێ نەبوو. هاتنی کاک شاهۆ بەو هەموو نوکتە و بەسەرهات و قسەخۆشییەوە پێکەنین و بزەی هێنابووە سەر لێوەکانمان. (شەهید شاهۆ) لەوریایدا دەتگوت قازە، بەبچوکترین خشە و دەنگ قیت دەبۆوە و تفەنگەکەی بەدەستەوە دەگرت. لەڕۆییشتندا دەتگوت ئاسکە بەخێرایی و سوکی جوڵەی دەکرد، لەدەست و تفەنگدا نیشان شکێنێکی بێ وێنە بوو. هاتنی شەهید نزیک بوو لەگەڵ گرتنی کوەیتدا، پێشتر زۆر بەدەگمەن ڕاوی ئاژەڵی کێویمان کردبوو، جارێک دوان لەمانگی(٦و١٩٩٠/٧) دا شەهید عەلی فەقێ مستەفایی ئاسکێک و شەهید هەڵکەوت بەچکە بەرازێکی کوشتبوو . شەهید شاهۆ وتی کاک عوسمان ئەوە لێرە ئاژەڵی کێوی نییە؟ وتی: بەڵێ کاک شاهۆ ئاسک زۆر زۆرە بەڵام بەهۆی کۆپتەر و کێوماڵەوە ڕاومان نەکردووە، نەمانویستووە خۆمان بخەینە مەترسییەوە. ئەی بۆ ڕاو ناکەن؟ کاک شاهۆ پێشگرتنی کوەیت لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێت بەڕۆژ نەمان دەتوانی بەهیچ شێوەیەک لەکون وحەشارگەکانمان دەربچین. ڕۆژانە بە بەردەوامی هەلیکۆپتەر و سوپای عێراق لەئاسمان و زەوی ناوچەکەدا بوون و کێوماڵیان دەکرد، ماوەی چەند ڕۆژێکە بەهۆی سەرقاڵی عێراقەوە بە کوەیتەوە ناوچەکە ئارامە. کاک عوسمان ئەگەر ڕازیت سبەی دەچم بۆ ڕاو یەکێک لەگەڵمدا بێت بۆ شارەزایی، کاک عوسمان وتی: باشە بچن، بەڵام زۆر وریابن.. نەک لەپڕ کۆپتەر بێتە سەرتان. سبەی پێش هەتاوکەوتن، لەگەڵ جەمال مەلا ئۆمەریدا ڕۆییشت، پاش کاتژمێر نۆ کەڵە ئاسکێکی بەکوژراوی هێنایەوە. چەند ڕۆژێک بەتەنها دەڕۆییشت و ئاسکێک کەڵێکی دەهێنایەوە، ڕۆژێک شەهید ڕەمەزانی لەگەڵ خۆی بردو وتی تۆ وەرە لەگەڵم لەولاوە ئاسکەکەم بۆ هەڵگرە. پاش نیوەڕۆ نزیکەی کاتژمێر یەک بوو.. دونیا زۆر گەرم بوو گەڕانەوە هیچیان نەکوشتبوو، کاک شاهۆ ئەوەندە توڕە بوو، قسەی لەگەڵ نەدەکرا. وتمان چیبوو کاک شاهۆ هیچتان نەکوشتووە؟

پاش دوو سێ خولەک لەبێدەنگی بەتوڕەبوونەوە گوتی: برا شێرە لەتەک مندا هاتووە، پێی یەک لاباڵ درێژە ڕێدەکات خڕەی پێی ئەڵێی ئەسپە.. لەناو چەم و بەرد-دا غار دەدات. هەموومان پێدەکەنین.. قاقایەک بوو نەبێتەوە دەمانزانی ئەگەر کاک (شاهۆ) بەبێ نێچیر بێتەوە توڕەیە، شەهید ڕەمەزان بەپێکەنینەوە دەیگوت: خەتای من چییە کاک شاهۆ تۆ خۆت ڕاو نازانیت و لە هیچ نادەی.

-شێرە پێزل من ڕاو نازانم، تۆ لەدایک نەبوویت من لەزەردە و قۆپیدا کەڵ دەکوژم.

-ئەگەر ڕاوچی بوایتایە، ئەمڕۆ ڕێویەکت دەکوشت نەک کەڵێ.

-برا تۆ خڕەی پێت ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات ئەڵێی قوو لەئاسکەکان دەکەیت، برا بەخوا ئەم پێ زلەم لەگەڵدا نەبوایە، ئەمڕۆ بەبێ نێچیر نەدەهاتمەوە، ئەی ڕۆژەکانی دیکە بۆ بەبێ نێچیر نەدەهاتمەوە.. ڕاوم دەزانی؟ بەخوا شێرە پێ زل زرمەی پێی دەیگوت دەنگی پێی ئەسپە کیلۆ مەترێکمان دەما بگەینە ئاسک، ڕایدەکرد. شەهید(شاهۆ) خۆی ئەوەندە خێرا و سوک ڕێی دەکرد دەتگوت سویسکەیە، شەهید (ڕەمەزان) یش وەک شەهید شاهۆ وتی پێی لاباڵێک درێژ دەبوو بەرێگادا دەڕۆییشت زرمەی پێی دەهات.

شاهۆ کێیە:

(محەمەد ئەحمەد مەحمود) ناسراوە بە (حەمە تەلە) یان(شاهۆ) لە (**١٩٥٢**) لەگوندی (دەرە دۆینی) نزیک قەزای دەربەندیخان لەدایکبووە. لە شۆڕشی ئەیلول پێشمەرگە بووە، تەسلیم نەبۆتەوە لە(**١٩٧٦**)ەوە پەیوەندی بەشۆڕشی نوێوە کردووە، لەنزیک گوندی (تلەزەیت) ی نزیک (قەرەداغ) لەمانگی **١٩٧٦/٤**، بۆسەیەک بۆ دوژمن دادەنێن، شازدە ئەفسەر و سەرباز دەکوژن. چالاکییەکی گەورە دەبێت شازدە کلاشینکۆفیان دەست دەکەوێت، ئەو کاتە چەک زۆر کەم بوو. لەو شەڕەدا بەسەختی..دەستێکی بریندار دەبێت، تا شەهیدبوونی.. بەباشی کاری نەدەکرد. لەساڵی(**١٩٧٦** بۆ **١٩٧٨**) هەموو خێزانەکەی لەلایەن بەعسەوە لەبەندیخانەی ناسریە بەند دەکرێن. لەساڵی(**١٩٨٠**) لەکاتی هێنان و گرتنی چەند کەسێکی بیانیدا. دوژمن دوایان دەکەوێ لەنزیک گوندی (خاوێ) توشی شەڕێکی سەخت دەبن و بەسەختی بریندار دەبێت، هەشت هاوڕێی شەهید دەبێت. بەبرینداری بەجێدەمێنێ پاش دوو ڕۆژ لەلایەن شوانێکەوە دەدۆزرێتەوە چارەسەر دەکرێت. لەشالاوەکانی ئەنفال بەناچاری تەسلیم دەبێتەوە لەمانگی **١٩٩٠/٧** دێتە دەرەوە چەند مانگێک لەگەڵ ئێمەبوو. تا ڕاپەڕین لەگەرمیان و قەرەداغ پارتیزان دەبێت. لە ڕاپەڕین ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لەڕزگارکردنی قەزای (دەربەندیخان وخانەقین) دا. لەکاتی ڕزگارکردنی خانەقیندا دوو برای و ژمارەیەک خزمی شەهید دەبن، براکانی" شەهید هادی ئەحمەد مەحمود- لەدایکبووی**١٩٥٤**"..پێشمەرگەی پارتیزان بوو، لەگەڵ خۆی لەخانەقین شەهید دەبێت. جوامێری و لێهاتوویی شەهید هادی بێ وێنە بوو.

لەساڵی(**١٩٧٦**)کاتێک تەمەنی بیست و دوو ساڵ دەبێت، لەدژی ئەشکەنجەی خۆی و خێزانەکەی.. لەبەندیخانەی ناسریە بۆ چەند ڕۆژێک دەمی خۆی دەدورێتەوە. پاش بەڵێنی بەرپرس و کارمەندانی بەندیخانەکە جارێکی تر ئازاریان نەدەن دەمی خۆی دەکاتەوە. شەهید (هادی) لەتوانا و بەهێزیدا بێ وێنە بوو، لەنیشان شکێنیدا هیچی لەدەست دەرنەدەچوو. (شەهید عەتا ئەحمەد

مەحمود)ی براشی لەدایکبووی (**١٩٧٢**)، لەخانەقین شەهیدبوو. ئەم بنەماڵەیە دەیان قوربانییان لەپێناوی سەربەخۆییدا داوە. کاک جوامێر لەمانگی **١٩٩٠/٩** و شەهید هادی برایشی لە مانگی **١٩٩٠/١١**، هاتنە دەرەوە.. هەرسێکیان تا ڕاپەڕین لەسنوری دەربەندیخان و چیای زەردە و قۆپی قەرەداغدا پێکەوە بوون.

## هەڕەشەکانی هاوپەیمانان

لەڕۆژەکانی مانگی ئابدا.. هەموو جیهان، بەهۆی داگیرکردنی کوەیتەوە، باسی سزا و لێدانی عێراقیان دەکرد. عێراق لە **٨/١٦** خۆی سەرقاڵکردبوو بە گۆڕینەوەی سەربازی بەدیلگیراوی عێراق و ئێرانەوە، لەڕۆژی **٨/١٧** لەسەر سنوری هەردوو وڵات هەزار سەربازی دیلیان گۆڕیەوە. لەپاش وەستانی دوو ساڵ شەڕی هەشت ساڵە. کێشەی عێراق و کوەیت تا دەهات زیاتر دەبوو، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داوای کشانەوەی عێراقیان دەکرد لەکوەیت. سەبارەت بەداگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە ڕۆژی **٩/٩** (گۆرباچۆف)ی سەرۆکی ڕوسیا و(جۆرج بوش) ی سەرۆکی ئەمەریکا، کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا. هەردوو وڵات جەختیان لەسەر دەرچوونی سوپای عێراق لە خاکی کوەیت کردەوە. بۆ هەمان مەبەست لەڕۆژی **٩/١٢** بەتوندی (سەدام حوسێن)ی سەرۆک کۆماری عێراقیان ئاگادارکردەوە و دڵنیایان کردەوە.. ئەگەر لەخاکی کوەیت نەکشێتەوە.. بەتوندترین شێوە سزادەدرێت تا ئەگەری گورزی سەربازی، ئەگەر پێویست بکات هێرشی سەربازی دەکرێتە سەر عێراق. لەو ماوەیەدا هەندێ سزا سەربازی و سیاسی وئابوری خرابوونە سەر عێراق. خەڵکیی.. بەتەواوی ترسیان لێنیشتبوو، گرانییەکی توند ڕوو لە عێراق بکات و خواردن و پێداویستییەکانی ڕۆژانە دەستنەکەوێت. ترس هەبوو لەچەند مانگی داهاتوودا عێراق ڕووبەڕووی جەنگێکی گەورە ببێتەوە، خەڵکیی.. هەموو کەوتبوونە کۆکردنەوە و پاشەکەوت کردنی خواردن و پێداویستییەکانی دیکە.

## گواستنەوەمان بۆ حەشارگەی خۆرنەوازان

سەرەتای مانگی **٩** بوو.. گواستمانەوە بۆ حەشارگەیەک لەنێوان گوندی (گەرمک و قەواڵی) دەکەوێتە باشوری چەمی خۆرنەوازانەوە، ئەشکەوت و چەمێکی قوڵ و تەنگ بوو.. ئاو دڕیبووی. نزیکەی پێنج سەد مەترێک کەوتبووە ڕۆژئاوای ڕووباری ئاوەسپیەوە، بەبەری گوندی (گەرمک) ەوە بوو. ئەم شوێنە شەهید شاهۆ ناوی لێنابوو(کوسکوت). ئەوەش بەهۆی ئەوەی شەهید (فەریقە سور)، زۆر باسی لەخۆشی ژیان و ڕابواردن دەکرد. شەهید شاهۆ دەیگوت ئەم سوری پشت پانە کاتی خۆی لەشار کوسکوتێ باش بووە. کاتێک وتمان ئەم شوێنە ناوی چی لێبنێین؟ شەهید شاهۆ وتی: (کوسکوت).

# هاتنی کاک سامان (ڕەیس) ودەستەکەی

ڕۆژی **١٩٩٠/٨/٢٦** کاتژمێر شەشی ئێوارە.. لەکاتی پەیوەندی بێتەلەکەماندا لەگەڵ دەستەپارتیزانەکاندا، بەڕێکەوت بێتەلێکمان وەرگرت و خۆی ناساند (عوسمان مەلاجەمیل) بوو. وتی چەند پێشمەرگەیەکین لە سنورەوە هاتووین لەدەوروبەری گوندی (خانی ژوور)و چەمی ئاوەسپی داین. بە ڕەمز ناونیشانی خۆرنەوازانمان پێدان، وتمان وەرن بۆلامان. بۆ سبەی **٨/٢٧** (عوسمان و مەجید کادیر و جەلیل کۆکسی و عەدالەت سەید سێونانی) پێمانگەییشتن، زۆر ماندوو.. بێ ئومێدبوون.. لەڕێگا زۆر خراپیان بەسەرهاتبوو. عوسمان بۆمانی گێڕایەوە وتی: لەسنوری ڕۆژهەلات و شارباژێڕەوە هاتین لە دەشتی شارەزووردا ڕۆژمان لێ بۆوە و فریا نەکەوتین بگەینە بناری شارەزوور و گوندی شەمەو وێلەکە کەدەبوو بۆ سبەی.. لەوی خۆمان حەشار بدایە، لەچەمی(یەخیماڵی) ماینەوە.. بەهۆی نزیکیمان لەناحیەی (عەربەت)ەوە، هەروەها بوونی چەند چەکدارێک لەدەوروبەرمان، لەژێر قامیش و تورەکەکان تائێوارە ماینەوە،شەو چووینە سەرکانی هەرەسەکەی بناری چیای ڕۆژئاوای گوندی (شەمەو وێلەکە) ئاومان خواردەوە و ئاومان هەڵگرت و کەمێ سەرووی کانیەکەوە ماینەوە لەدامێنی چیاکەدا، لەپڕ(سدیق قڕگەیی) توشی سکچوون و ڕشانەوەیەکی توند بوو، بۆ سبەی چەند جاشێک هاتن بۆ بناری شاخەکە.. لەوێوە بۆ سەرکانی و ئاوەکە بەحاڵێکی خراپ (شەهید سدیق) مان لەنزیک کانییەکە دوور خستەوە و خۆمان چووینە سەرووتر. پاش نیوەڕۆ (بەهادینە سور) و (ئەحمەد زەرداوی) توشی هەمان نەخۆشی بوون، بۆ پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ..گەڕاینەوە بۆلای (سدیق) بەداخەوە شەهید بووبوو، تەرمەکەیمان خستە ژێر هەندێ خۆڵ و پوشوپەڵاش و بەردەوە شاردمانەوە. (بەهادینە سور و ئەحمەد زەرداوی) بەهەمان شێوەی سدیق توشی ڕشانەوە و سکچوون بوون، هیچ هێزیان تێدا نەمابوو، زۆربەمان بێ هێز و بێ توانا بووین، هەموومان حاڵەتێکی دەروونی خراپمان لادروستبوو، خۆمان بەنەخۆش دەزانی، (ڕەیس) وتی منیش حاڵم باش نییە. (ڕەیس و فەریقەسور) وتیان ئێمە دەچین بۆ دەوروبەری شاری (سلێمانی) بۆ ئەوەی شتێک بۆ ئەم نەخۆشانە بکەین.

(ئەحمەدە سور و عوسمان دێ ڕەش)یش وتیان ئێمەش تەندروستیمان باش نییە، (عوسمان) وتی من و (ئەحمەدە سور) دەچین بۆ دەوروبەری کۆمەڵگای (نەسر) هەوڵدەدەین هەندێ نان و خواردن و چارەسەر بێنین. بۆ ڕۆژی دوایی.. چەند خزمم و ناسیاوێکی بەهادین لەسلێمانییەوە هاتن، لەگەڵ خۆیان بردیانەوە بۆ ناوشار.. کەهیچ هێزی تیا نەمابوو، کەسمان بەتەمای ژیانی نەبووین. ( ئەحمەد زەرداوی) تەندروستی زۆر خراپ بوو، پێمانوابوو وەک سدیق شەهید دەبێت، وتی بمبەنە نزیک شارێک یان شوێنێکی ئاوەدانی و بەجێمبهێڵن و بگەڕێنەوە، بەڵکو توشی خەڵ◌َکانێک بووم یارمەتیاندام. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە چاوەڕوانی (عوسمان و ئەحمەد) بووین نەگەڕانەوە، بەناچاری بەحاڵێکی زۆرخراپ.. (ئەحمەد زەرداویمان) بەکۆڵ لەچیا بردە خوارەوە، لەدەشتایی بنارەکەدا لەنزیک بەراوێک بەجێمانهێشت و هاتینەوە. ئەو دەستە یازدە کەسییە پەرەوازە بووین، ئەم چوارەمان بەحاڵێکی زۆر خراپ.. گەییشتینە ئێرە، چوار ڕۆژە گەییشتوینەتە گەرمیان..

هەرچیمان دەکرد نەماندەتوانی بێتەلەکانی ئێوە وەربگرین. ئەو چەند (تەرەدود)ە ژمارە بێتەلانەی پێماندرابوو، هیچی پەیوەندی بەبێتەلی ئێوەوە نەدەکرد،چەند ڕۆژە بە بێتەل دەگەڕام بەڕێککەوت.. بێتەلەکەی ئێوەم وەرگرت. پێم وتن بەهەمان شێوەی ئێوە ئەو تەرەدودانەش بەئێمە درابوو هیچی هی بێتەلی برادەرانی پارتیزانی گەرمیان نەبوو. (ڕەیس و شەهید فەریقە سور) پاش پازدە ڕۆژ هاتن بۆ گەرمیان بۆ لامان تا مانگی **١٩٩٠/١١** لەگەڵا ئێمە بوون..دواتر گەڕانەوە بۆ سنوری (قەرەداغ). شەهید ئەحمەد زەرداوی لە بنارەکەدا لەنزیک بەراوێکدا دەبێت، شوانێک لەنزیک گوندی (قسرت)ی نزیک گوندی شەمەو وێلەکە لەبنارەکەدا دەیبینیٚ، شەهید ئەحمەد ڕووداوەکەی ڕاست و دروست بۆ دەگێڕێتەوە، داوای یارمەتی لێدەکات، شوانەکەش دێتەوە ماڵا ڕووداوەکە بۆ باوکی بەناوی ئەحمەد حەمە خاڵە خاڵۆی پێشمەرگەیەکی دێرین دەبێت بەناوی حەمەلاو حەمە عەزیز سەعید بەئەسڵا دانیشتووی گوندی (مەمەندئاوا) ی ناوچەی ناڵپارێز دەبن، کە لەپاش چۆڵ بوونی ناوچەکەیان، لەکۆمەڵگای زۆرەملێی نەسر نیشتەجێ دەبن، ناوبراو واتە حەمەلاو لەساڵی **١٩٨٥** وە تا شالاوەکانی ئەنفال لەتیپی **٣٥** ی کوڕە کاژاو پێشمەرگە دەبێت لەئەنفالدا تەسلیم دەبێتەوە ,ئەو کاتەی کوەیت داگیردەکرێت، لەسەربازی هەڵ هدێت. هەردوو ناوبراو شەهید ئەحمەد دەبەنەوە ماڵی خۆیان، دواتر دەچن بەشوێن کەسوکاری شەهید ئەحمەد دا لە قەزای کفری بە مەردانە و سەربەرزانە ڕادەستی کەسوکاری دەکەن و دەیبەنەوە بۆ کفری.

(بەهادین) لەسلێمانی چارەسەر کرابوو، دواتر پەیوەندی کردبوو بە (ڕەیس)ەوە. (عوسمان و ئەحمەد) یش بەهۆی نەخۆشی بەناچاری لە کۆمەڵگای (نەسر) ەوە لەڕێگای خزم و کەسوکاریانەوە تەسلیم بوونەوە. پاش چەند ڕۆژێک لەدڵەڕاوکێی دابڕانی ئەو برادەرانەدا بووین. ڕۆژی **١٩٩٠/٩/١٣** لەڕێگای ڕێکخراوی ناوشارەوە، هەواڵی بەسەلامەتی گەیشتنی شەهید ئەحمەد زەرداوی و ئەحمەدە سورمان پێگەییشت. هەواڵێکی خۆشبوو کە هاوڕێکانمان ڕزگاریان بووە. ناوی ئەو دەستەیەی کە لەگەڵ ڕەیس هاتنەوە:

**١-**شەهید سدیق عەبدولکەریم مستەفا (سدیق قرگەیی).

**٢-**شەهید فەریق ئەحمەد محەمەد (شەهید فەریقەسور) لەساڵی(**١٩٩٢**) شەهید بووە.

**٣-**شەهید ئەحمەد ساڵەح گورجی(شەهید ئەحمەد زەرداوی) لە (**١٩٩١/٣/١٦**) لەڕاپەڕیندا لەخورماتوو شەهیدبووە.

**٤-**سامان سەعید عەلی(ڕەیس سلێمانی).

**٥-**جەلیل ڕەووف(جەلیل کۆکسی.

**٦-**مەجید عوسمان(مەجید کادر).

**٧-**ئەحمەد نوری حەسەن(ئەحمەدە سور).

**٨-**عوسمان جەمیل ساڵەح(عوسمان مەلاجەمیل).

**٩-**عوسمان حەسەن محەمەد(عوسمان دێ ڕەشی).

**١٠-**عەدالەت ڕەفعەت عەبدولقادر(عەدالەت سەید سێونانی).

**١١-**بەهادین مەجید محەمەد(بەهادینە سوری گوندی بەلەگەجاڕ)

پاش ڕووداوەکە بەهۆی پشکنینی نەخۆشەکانەوە بۆمان ڕوونبۆوە.. کەژەهراوی بوونە، بەهۆی زەهراوی کردنی کانی و ئاوی هەرەسەکەی  پشتی گوندی شەمەو وێلەکە ,لەلایەن دوژمنەوە.

# دەرهێنانی چاڵە گەنمی گوندنشینەکان

لەسەرەتای مانگی **١٩٩٠/٩** دا مەترسی و دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەناو خەڵکی عێراقدا بڵاوبووبۆوە، لەسەر توندکردنی سزای ئابوری لەسەر عێراق و هەڵگیرساندنی شەڕێکی گەورە و خوێناوی لەناوچەکەدا..ئەمانە هەموو ببوونە هۆی گرانی و قاتوقڕی. هەر لەو ڕوانگەیەوە ئێمەش بەشێک بووین لەو مەترسیانە کە دوو جۆر سزامان لەسەربوو، لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی..لە لایەن حکومەتی عێراقیشەوە، بۆیە کاک عوسمان بڕیاری دا ببین بەچەند گروپێک بۆ گەڕان بەدوای چاڵە گەنمی بەجێماوی گوندەکاندا. من و حەسەن ئۆمەربلی چووین بۆ گوندەکانی (بەلەگە و جوامێر ئاغا و توکن) و ئەو سنورە. هەر بۆیە ڕۆژی **١٩٩٠/٩/٥** گوندی (بەلەگەی ژوور و بەلەگەی خوار) گەڕاین هیچ چاڵە گەنمێکمان نەدۆزیەوە. ڕۆژی **٩/٦** چووین بۆ گوندی (جوامێرئاغا و چوارشاخی خواروو و چوار شاخی ژوور)،  لەوێش هیچمان دەست نەکەوت. ڕۆژی **٩/٧** چووین بۆ گوندی (توکن) لەوێ توشی مەفرەزەیەکی تەواری و چەند سەربازێک بووین، دواتر باسی دەکەم. دیسانەوە لەوێش هیچمان دەسنەکەوت. بەهۆی ڕوخاندن و سوتان و تێکچوونی ڕێگاو کۆڵان و بڵاوبوونەوەی دیوار و داروپەردوی خانوەکانەوە ئەگەر پێشتر چاڵە گەنم شارەزا نەبویتایە.. ئاسان نەبوو پاش تەختکردن وخاپورکردنی گوندەکان بەئاسانی بیدۆزیتەوە. لە **٩/٢٧** لەسنوری ناوچەی زەنگەنە لەگوندی (سپی سەر) چاڵە گەنمێکمان دۆزیەوە، بۆ ئەوەی هەندێ نانمان دەستکەوێت.. بڕێک گەنممان دەرکرد و ناردمان بۆ شار هەتا بۆمان بهاڕن یان دەستەهاڕ پەیدابکەین خۆمان بیهاڕین. هەندێ گەنمان نارد بۆ شار کردیان بەئارد ناردیانەوە, هەندێ ساوەرمان لێ دروستکرد، بەڵام بەهۆی کۆنی گەنمەکەوە لەساڵی (**١٩٨٧**) ەوە ئەو گەنمە لەژێر زەویدا بوو بۆ مانگی **٩** و**١٩٩٠/١٠** سێ ساڵ بوو هیچ کەڵک و بەهای خۆراکی نەمابوو، بۆنێکی زۆرناخۆش و خراپی لێدەهات. بەهۆی نەبوونی خواردنیش لێی نەدەگەڕاین دەمانخوارد، ماوەیەکی کەم لەپاش خواردنی.. ناو سکمان دەستیدەکرد بەهاوارکردن وقرم و قام و ئازار.. یەکسەر ڕەوانەی سەرئاوی دەکردین، بەهۆی نەبوونی (دەستەهاڕ)ەوە ساوەرەکەمان نەهاڕیبوو، هەموو ژەمێک پێش چێشت لێنان هەر پێشمەرگەیەک یەک گلاس گەنمی کولاو یان بلێین ساوەری نەهاڕاومان پێدەدا دەبوو بە بەرد وردی بکردایە.. وەک ئەوەی کە هاڕابێت. هەندێجار ساوەرەکە ئەوەندە زبربوو چێشت چییەکە لێی وەرنەدەگرتین، دەبوو جارێکی تر وردترمان بکردایە. جا هەموو ڕۆژێک دەمانگوت: پێشخواردن بیکوتین یان پاشخواردن بیکوتین. بۆ هەر ژەمە خواردنێک بڕی نان و چێشت بەرنامەمان بۆ دانابوو.. پێشمەرگە چەندی پێبدرێ. هەر ژەمەی نانێکی بۆ دانرابوو، بەجارێک نانی چەند ڕۆژمان وەردەگرت، ئەو چەند نانە بەچەند ڕۆژێک یان بەژەمێک بتخواردایە.. هەر ئەوەبوو، نانی دیکەت پێنەدەدرا. برنج ڕۆژی جارێک یان ڕۆژ نا ڕۆژێک

هەبوو، بۆ هەر پێشمەرگەیەک.. هەر ژەمێک نیو گلاسی مامناوەند برنج بوو، لەبەرئەوەی ساوەر زۆربوو.. خراپ بوو کراوە بوو چەندت لێدەنا، ڕۆژێک شەهید دکتۆر ئاتیلا وتی:

- بۆ نیوەڕۆ چی لێبنێین ؟ شەهید عەلی فەقێ مستەفایی وتی:

-ئارەزووی خۆتانە دکتۆر.

-باشە برنج لێدەنێین، بەڵام ئەم ژەمە با نیوگلاس نەبێت زیاتر بێت.

-بەرنامە ناگۆڕین.. برنج نیو گلاس و ساوەر گلاسێک، زیاتریش بێت ئاساییە. دکتۆر زۆر داد و بێدادی کرد وتی:

-کاک عەلی ئەم ژەمە باکەمێ برنج زیادە بکەین.. بەرۆژێک هیچ ناگۆرێ بێسوود بوو بەچێشت لێنەرەکەی وت: ساوەر و لێخوڕە بۆ شەت.

# گوێلەق و کارە سەرسوڕهێنەرەکانی

بەهۆی مەترسی ئابلۆقەی ئابوری و نەمانی خواردن وپێداویستی ڕۆژانە، کاک عوسمان داوای لەڕێکخراوی ناوشار کرد چەند دەتوانن و پێیان دەکرێت، بۆ زیاتر دابینکردنی پێداویستییەکان چاوپێکەوتنەکانمان زیاد و چڕ بکەنەوە.. بەو مەبەستە زۆر چوونمان بۆ بینینی برادەرانی ناوشار و هێنانی خواردن و پێداویستی زۆر بەگوێدرێژەکان، ماوەیەک بوو گوێلەق قەبرغەی لەسەر پەراسووەکانییەوە بوو بوو بەبرین، کەڵکی بارلێنانی نەمابوو، لەدووری خۆمان بەرەڵامان کردبوو، بۆ ماوەیەک تاکو چاک دەبێتەوە، لەهەمان کاتدا دوو گوێدرێژی دیکەمان هەبوو، لەشێوەکەی سەرووی حەشارگەکەی خۆماندا کە ئەشکەوتێکی تەنگەبەر بوو بەستبوومانەوە، گوێلەق دوو یان سێ ڕۆژ جارێک دەهاتەوە سەری لەئێمە و دوو گوێدرێژەکەی تر دەدا، هەر جارێک کە دەهاتەوە لەنزیک ئێمەوە دەوەستا،تاکو خۆمان بکەوینە لایەکی ئەشکەوتەکەوە حەشارگەی (...کوت)، لای خۆرنەوازان کە خۆمان دەخستە لایەک بەخێرایی بەتەنیشتماندا دەچوو لای گوێدرێژەکانی دیکە و کەمێک بۆنی پێوە دەکردن نزیکەی دەخولەک لایان دەمایەوە.. بەبێ ئەوەی کەسمان هیچ کاردانەوەیەکمان هەبێ بەشوێن خۆیدا دەگەڕایەوە و دیسان دەوەستا.. دەبوو ڕێگامان بۆ بکردایەتەوە بڕوات.

ڕۆژێک گرتم وتەماشای برینەکەیم کرد بینیم گۆشتەکەی ڕەش بۆتەوە، ژێرەوەی پڕ لەکرمی سپییە. بەبرادەرانم وت بۆم بگرن با پاکی بکەمەوە. بەمەقەست هەموو گۆشتە ڕەش و پیسەکەیم بڕی و بەدیتۆڵ و لەفاف پاکم کردەوە، تا سەر گۆشتە سورەکە دوو پەراسوی دەرکەوت سپی دەکردەوە . پاش پاککردنەوەی چەند کەپسولێکی (تترا سایکلین)م کرد بە سەر برینەکەیدا، پاشان توند بەستم بۆ ئەوەی مێشی پێوە نەنوسێ.. پاش سێ ڕۆژی دیکە هاتەوە دیسان پاکم کردەوە و کەپسولەکەم کردە سەری، پاش دە تا پازدە ڕۆژ چاک بۆوە. لەو ڕۆژانەدا کەبەرەڵامان کردبوو.. من و (جەلیل و حەسەن حەمید) بەرەو سنوری کفری دەچووین لەپشتی گوندی (وارانی ژوور) ەوە شوێنێکمان هەبوو بەناوی (گەرماوڵە)، پێشتر لەمانگی **١٩٩٠/٥** برادەرانمان لەوێ بوون، لەوێوە تێپەڕبووین لاماندا.. ئاو بخۆین کاتژمێر پێنجی ئێوارە بوو. لە سەرووی حەشارگەکەوە چەند

شتێکمان بینی زۆر سەرنجی ڕاکێشاین. یەکەمیان: نزیکەی چوار سەد مەتر چوارگۆشە پوشەکەی درەو کراوە و هیچ پوشێک نابینین کۆکرابێتەوە بەشێوەیەک درەو کراوە.. دەڵێی مەکینەی هەرێز بڕە درەوی کردووە، پوشێک بەپێوە نەمابوو کە هەر چوار لای پوشی نزیکەی پەنجا سانتیمەتر بەرز دەبوو.

دووەم: لەولای پوشە درەو کراوەکەوە.. دوو گوێنێ زیاتر(تەرس) پاشەڕۆی گوێدرێژ لەسەریەک کەوتبوو.. دەڵێیت بەچارۆکە کۆکراوەتەوە و لەسەر یەک ڕۆکراوە.

سێیەم: چووینە سەر ئاوەکە گوێلەقمان بینی لەبن ئەشکەوتەکەدایە کە پێشتر برادەران لێرە مابوونەوە، ئەویان تێدا دەبەستەوە. ئینجا تێگەییشتین ئەو ماوەیەی گوێلەقمان بەرەڵا کردووە ڕۆژانە لێرە خۆی حەشارداوە و شەو ئەو پوشەی خواردووە کەدەڵێی درەو کراوە و پاشەڕۆکەی کردۆتە سەریەک. چەند ڕۆژ جارێک زیاد لە دە کیلۆ مەتر هاتووە سەری لەئێمە و هاوڕێکانی داوە و گەڕاوەتەوە. ڕۆژێک مانگی **١٩٩٠/١٢** بوو شەهید کاک (ئەحمەدی حاجی ڕەشید) لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەدا تازە لە سنورەوە هاتبوونەوە، (شەهید کامەرانە ڕەش) هات بۆ سەردانمان لەحەشارگەی (دوو بەراز)ەکە بووین، لەنێوان گوندی وارانی ژوور ومازوخ دابوو، کاتێک گەڕایەوە بۆ لای برادەرانی خۆیان.. پێکەوە ڕۆییشتین من لەسەر پشتی گوێلەق بووم، لەپشتی گوندی (وارانی) ەوە لەسەر گردێکی نزم دوو بەرمیل خواردنمان شاردبووەوە ڕێگەکەمان دوو سەد مەترێک بەتەنیشت بەرمیلە خواردنەکەدا دەڕۆیشت. کەگەییشتە ئاست خواردنەکە چەند جارێک لایدا و من دەمگەڕاندەوە سەر ڕێگاکە.. دیسانەوە لای دەدایەوە. شەهید کامەران وتی ئەوە گوێلەق بۆ لادەدات؟

وتم: دوو بەرمیل خواردنمان لەم نزیکە شاردۆتەوە.. دڵنیام بۆ ئەوە لا دەدات.

وتی: وازی لێبێنە بزانە چی دەکات؟

لایداوە.. ڕاستە و ڕاست چووە سەر بەرمیلەکان وەستا. وتم ئائەمەیە.

شەوێک (بورهان زەرداوی و مەلا سەعید) بەهۆی تاریکی و شەستەی بارانەوە، ڕێگایان لێ تێکچوو بوو. دەیانگوت ئێمە پێمان وابوو ڕێگاکە بەئاراستەیەکی تردا دەچێت، گوێلەقمان بەولادا دەبرد، بەڵام گوێلەق دەگەڕایەوە بەلایەکی تردا دەچوو چەند جارێک دووبارەمان کردەوە دیسان دەگەڕایەوە، دواتر وتمان با لەگوێلەق بگەڕێین ڕەنگە ئەو ڕاست بێت. لێی گەڕاین و دوای کەوتین.. بەبێ ئەوەی کارمان بەسەریەوە بێت ئێمەی بردە سەر حەشارگەکە. جارێک مانگی **١٩٨٩/١** بوو ئەو کات شەوان گوێدرێژەکانمان لەناو لەوەڕدا دەبەستەوە و سبەی زوو دەمانکردنە حەشارگەکەیانەوە کەئەشکەوت یان خۆمان ژێرزەمینمان بۆ دروستکردبوون. لەحەشارگەی (تەپەکەکان) کان بووین لەنێوان گوندی (گۆبان وئۆمەربل) ڕۆژێک دواکەوتین لەهێنانی گوێلەق بۆ حەشارگەکەی. نزیکەی کاتژمێرێک لەخۆرکەوتن تێپەڕی بوو، چووم گوێلەق بێنم لە شوێنەکەی خۆی نەمابوو کە بەستبوومانەوە، گەڕامەوە و وتم برادەران.. گوێلەق نەماوە، تا زووە بابچین بیدۆزینەوە، ئێستا بچێتە شوێنێکی بەرز ئاشکرامان دەکات، بەپەلە چوار پێنج کەس دەرچووین ئەو دەوروبەرەمان هەموو پشکنی نەبوو.. لەگەڕانەوەدا بەپێش حەشارگەکەیدا گەڕامەوە، تەماشای ناو حەشارگەکەم کرد گوێلەق لە ناو حەشارگەکەوە تەماشام دەکات، کەزانیبووی لەکاتی خۆی تێپەڕیوە مێخسکەکەی

هەڵکەندبوو چووبووە ژوورەوە. ڕۆییشتنی زۆر خێرا بوو.. توانای بارهەڵگرتنی زۆربوو، زۆرجار کەدەچووین بۆ بینینی برادەرانی ناوشار بەزۆری دوو تا سێ فەردەی پەنجا کیلۆییمان لێدەدا، بەسەر ئەو بارەشەوە سەباح دەچووە سەر پشتی دەمگوت سەباح گوناحە دابەزە. دەیگوت گوێلەق بەقوەتە. دابەزینی لەسەرە و خوارەدا هەر چوار سمەکانی جووت دەکرد و دەیخشاند تا خوارەوە دەتگوت ئۆتۆمبێلە و برێک دەگرێت، یەک تایبەتمەندی دیکەی هەبوو.. لەهەمووی باشتر بوو.. هەرگیز نەیدەزەڕاند دەتگوت بێدەنگ کراوە. چاودێری و بەستنەوەی نەدەویست هەرگیز نەدەڕۆییشت، ئەو حەشارگەیەی خۆمان دروستمان بکردایە وەکو ژێرزەمین دەرگاکەی نزم دروستمان دەکرد.. بۆ ئەوەی نادیار بێت، گوێلەق وەک سەگ و پشیلە خۆی دادەنواند کاتێک لەدەرگا نزمەکە دەچووە ژوورەوە. لەماوەی پارتیزانیدا چەند گوێدرێژێکمان هەبوو هیچ کامیان وەک گوێلەق باش ڕانەهاتبوو، بۆ نمونە ماکەرێکی دیکەمان لەپێش گوێلەقەوە لابوو.. وەک گوێلەق شارەزا و ڕاهێنراو نەبوو، گوێلەق ئاژەڵێکی سەر سوڕهێنەر و ناوازەبوو.. زۆر زوو لەگەڵ شوێن و ڕووداوەکاندا ڕادەهات و فێر دەبوو.

# عەدەد جیهاز

سەردەمێک..(نەوشیروان حاجی ئەحمەد) عەدەد جیهازبوو، لەمانگی ١٩٩٠/١٠ کاک عوسمان پێی وتم (نەوشیروان) دەگەڕێتەوە بۆ بارەگاکانی سنور بۆ حەوانەوە، هەوڵبدە ئەم ماوەیە خۆت لە سەر بێتەلە ڕاکاڵەکە ڕابهێنیت و کاری پێبکەیت، بۆ ئەوەی پاش ڕۆییشتنی ئەو.. کار بە بێتەلەکە بکەیت، دوو سێ ڕۆژێک فێری کارپێکردن و کردنەوە و نوسینی جفرە بووم. پاش ڕۆییشتنی نەوشیروان و ئەو برادەرانە.. کارم بە بێتەلەکە دەکرد، ئەو ماوەیە لەچەمی (خۆرنەوازان) بووین، بێتەلەکەمان لەشیوێکی قوڵی نزیک گەرمک دانابوو، ڕۆژ نە ڕۆژێک دەچووین ئەنتێنەکەمان دەبەست و پەیوەندیمان پێدەکرد، پاش پەیوەندیکردن.. دەمانخستە ناو سندوقێکی داری گەورەی تەقەمەنییەوە و دەمانخستە ژێر خۆڵەوە، دوو ڕۆژ جارێک دەبوو مردوویەک لەژێر خۆڵ دەربهێنین وپاش پەیوەندیکردن دیسان بیشارینەوە. ئەو بێتەلە ڕاکاڵە لەهەر کوێ کاری بکردایە دوژمن بەهۆی شەپۆلەکانییەوە..لەڕێگای جیهازی چاودێرییەوە شوێنەکە و سنورەکەی دەست نیشان دەکرد، زۆربەی ئەو جارانەی پەیوەندیمان دەکرد..لەکاتی پەیوەندییەکەدا یان پاش کەمێ، فڕۆکە بەتایبەت فڕۆکەی چاودێری کە ئەو کاتە ئێمە زانیاریمان لەسەر فڕۆکەی چاودێری نەبوو، بەنزیکی بەسەر ئاسمانی سنورەکەدا دەسوڕایەوە. لەترسی ئەوەی دوژمن بێتەلەکە نەدۆزێتەوە،دەمانشاردەوە.

نزیکەی دوو مانگێک کارم پێکرد.. دواتر لەبارەگاکانی سەر سنورەوە بێتەلێکی بچوکیان ناردە سەر چیای سورێن بەبێتەلی بچوک پەیوەندیمان پێوە دەکرد. بێتەلە ڕاکاڵەکەمان نارد بۆ ئەشکەوتێک لەچیای (زەردە) بەناوی فاسولیاکە..لەپشتی گوندی (زەردەلیکاو).

لەکاتی گەڕانەوەی شەهید حەمەڕەش و کاک عوسماندا بۆ گەرمیان، لە مانگی ١٩٩٠/١٢ تەسلیم بەشەهید حەمەڕەش کرا، بەهادینی دار بەڕوو لەگەڵیادا هاتبووە خوارەوە.. تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا کاری پێدەکرد، بەڵام لەکاتی ڕاپەڕین و گرتن و بەرگریکردن لە خورماتوو بەهۆی دووری و

دابڕانمان لە شارەکانیتر.. ڕێگای هیچ جۆرە پەیوەندییەکمان بەسەرووی خۆمان و دەرەوەی شارەوە نەبوو، تەنها ڕێگای پەیوەندیمان بێتەلەکەی چیای زەردە بوو، لەسەر کەلی هەنجیرەی شاری خورماتووەوە پەیوەندیمان پێوە دەکرد.

# بردنی پاتری بۆ خورماتوو

لەمانگی **١٩٩٠/١٠** ماوەیەک بوو پاتری بێتەلە ڕاکاڵەکەمان نەگۆڕیبوو، بەپاترییەکی شەست ئەمپێری ئۆتۆمبێل کاری دەکرد، دەبوو مانگی جارێک بیگۆڕین یان شەحنی بکەینەوە. کاک عوسمان بەمن و شەهید (مەجید) ی وت پاترییەکە ببەن بۆ دەوری قەزای (خورماتوو) بزان بەشوانێک یان کەسێکدا نایێرن بۆ شار.. شەحنی بکەن و بیهێننەوە. چووین بۆ هەردەی (تایەرکەوە) ی نزیک خورماتوو (عادل گۆمەیی و مام موحسین) لەسەر ڕووباری ئاوەسپی لەژوور خوێکەوە هەندێ بەراویان لەچەمەکەدا کردبوو. ڕۆژانە دەهاتن بۆ سەری و دەچوونەوە بۆ ناوشار، نیوەڕۆ چووینە لایان عادل لەوێ بوو پێمان وت: پپٌویستمان بەشەحنی ئەم پاترییە یە بۆ جیهازەکەمان و شەحنی تێدانییە.. دەتوانن بیبەن لەخورماتوو شەحنی بکەن و بیهێننەوە. (عادل) وتی هەر ئێستا دەیبەم وپاش چەند کاتژمێرێکی تر بۆتان دەهێنمەوە لێرە چاوەڕێم بن، ڕۆییشت پاش سێ کاتژمێر بەشەحنکراوی هێنایەوە بۆمان. ئێمەش بەدیاری بڕنەوێکمان پێدا.. بەڕۆژ لەژێر پاڵتاوێکی شۆڕەوە بردییەوە بۆ ناوشاری (خورماتوو). (مام موحسین ) کۆچی دوایی کردووە عادل ئێستا لە ژیاندا ماوە فەرمانبەری کشتوکاڵییە لە ناحیەی (سەرقەڵا).

# پێوەدانی مار بە ڕە یسەوە

لەمانگی **١٩٩٠/١٠** کاک (عوسمان) و کاک (ڕەیس) بەئەرکێک ڕۆیشتن لە دەوروبەری گوندی (عەلیان) شەو مارێک بەلاقی (ڕەیس) یەوە دابوو، بۆ بەیانییەکەی گەییشتنە لای ئێمە لەحەشارگەی (خۆرنەوازان) بووین، وەزعی زۆرخراپ بوو لاقی ئەوەندە ئاوسا بوو.. دەتگوت سەرینی کوردییە. بە گەییشتنیان بۆلای ئێمە کاک (عوسمان) تەماشای لیستی دەرمانەکانی کرد بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ مارپێوەدان بدۆزێتەوە، لەبیرمە لەدەرزی (هایدرۆ کۆرتیزۆن) کە بۆ حاڵەتی هەستیاری (حەساسییەت) بەکاردێت باشتری تیا نەبوو، لە دوو سێ ڕۆژدا کاک عوسمان چەند دەرزییەکی لێدا ئینجا کەمێ باش بوو. تا ماوەی پازدە ڕۆژ لاقی شین بووبۆوە دواتر باش بوو.

دروستکردنی ژێر زەمینی دوو بەرازەکە

کاک (عوسمان) خوازەی ئەوەبوو لە سنورەکەدا حەشارگەیەک بۆ زستان دروستبکەین، گەڕاین شوێنێکمان لە ڕۆژهەلاتی گوندی (وارانی ژوور) دیاری کرد. بە مەبەستی کارکردن لە هەڵکەندنی حەشارگەکەدا گواستمانەوە بۆ ئەشکەوتێک لەنزیک شوێنی ژێر زەمینەکە. چەند ڕۆژێک سەرقاڵی

هەڵکەندنی حەشارگەکە بووین، ئەو شوێنە تازەیەی بۆی چووبووین ئاوی نەبوو، ئێوارە لەگەڵ تاریک بووندا..بەگوێلەق چووم بۆ سەر ڕووباری (ئاوە سپی) لەنزیکی گوندی (وارانی ژوور) بۆ ئاوهێنان، دونیا تاریک بوو تا ڕادەی سەد مەتر زیاتر چاو بڕی نەدەکرد، لەکاتی پڕکردنی بەرمیلە ئاوەکاندا گوێم لە مرەمرێکی نامۆ بوو، سەرم بەرزکردەوە دەبینم تارمایی گەلە بەرازێک نزیکەی دە دانە دەبێت بەتەنیشتمدا وا خەریکە تێدەپەڕن، بەڕاکردن کەمێ لێیان نزیکبوومەوە چوار فیشەکم بەتاک کرد بەناویاندا،بێ ئەوەی قەرەوڵی تفەنگ ببینم. پاش پڕکردنی بەرمیلە ئاوەکان گەڕامەوە، ویستم ناو پوشوپەڵاشەکان بگەڕێم تا بزانم هیچم لێیان کوشتووە! دەنگی فیکەیەک هات دووبارە بۆوە تێگەییشتم برادەرانی خۆمانن بەهۆی تەقەکانەوە هاتوون، بانگم کردن (سەباح و شەهید ڕەمەزان) بوون، لەدوورەوە وتیان سەلامەتیت ماویت؟ وتم: وەرن بۆ ئێرە هیچ نییە، پێش ئەوەی بگەنە من بە سەد مەترێک سەباح بەدەنگە بەرزەکەیەوە وتی ئەرێ ئەمە چییە کەوتووە. وتم تەقەم لەچەند بەرازێک کردووە.. ڕەنگە بەراز بێت بەرکەوتبێ، بەرەو لایان دەچووم لەدووری پەنجا مەترێک دانەیەکی دیکە کەوتبوو. وتم ئەرەوەڵا ئەمە دانەیەکی دیکەیە کەوتووە. هاتن بۆ لای من سەباح وتی ماڵوێران دەنگی تەقەکەمان بیست وتمان بەدڵنیاییەوە (مجاهیدین) تەقەی لێکردووە ,چونکە مەیدانی مەشقی ڕۆژانەی مجاهدین لەوێوە دوو کیلۆمەتر کەمتر بوو.

وتم: دەستان خۆش بێت پێی دەزانم.. پاداشتتان دەدەمەوە کرێی ڕێگاکەتان دوو بەرازە تا یەک هەفتەی تر وەک بەراز گۆشتی برژاوی بەراز بخۆن و وەک بەراز قازمە بوەشێنن. وتم: لە پێشدا ئاوەکە ببەین یان مام بەراز؟

سەباح وتی جارێ با کاک بەراز ببەین، هەتا دێینەوە بۆ ئاوەکە بەڵکو کاک بەراز پاک بکەن، ئەمشەو گۆشتی برژاوی بەراز دەخۆین.. بۆ ئەوەی سبەی وەک بەراز زەوی هەڵبدڕین. بەیانیش گۆشتی برژاو دەخۆین بەڵکو ببین بە بەراز.

لاکی شەک بەرازێکمان بە قەد بەرانێکی باش دەبوو، بەزەحمەت خستە سەر گوێلەق و بردمان گەییشتینە لای برادەران بەرازیان بینی کردیان بەهەرا. دەستخۆش، دەستخۆش. عوسمان مەلا جەمیل وتی سەری بە تەور لێدەکەمەوە. بۆ دەڵێن کابرا وەک بەراز بوو بەچەند تەور سەری لێ نەدەکرایەوە. بابزانم بەرازی ڕاستەقینە سەری بەچەند تەور لێدەبێتەوە. بە چەند تەورێک سەری لێکردەوە، وتمان عوسمان ئێمە دەچین بۆ ئاوەکە تا دێینەوە جگەرەکەی سور بکەوە. هەتا هاتینەوە یەک مەنجەڵ ناو سک پڕ لەپیاز سور کرابۆوە، ئەوەندە بەلەزەتبوو، بێ وێنەبوو. سبەی لاکی بەرازەکەمان برد لەقەد کەنێکی نزیک ژێر زەمینە تازەکە کردمان بە داردا، دوو ڕۆژ ئێمە قازمە و خاکەنازمان دەوەشاند و گۆشتمان دەبرژاند ڕەنگە هەر قازمەیەک و خاکەنازێک پلێک گۆشتی برژاومان خواردبێ.

شفتەیەکم بۆ برادەران لێ دروستکردبوو.. ئێستاش باسی خۆشی ئەو شفتەیە دەکەن. ناوی ئەو حەشارگەیەمان بە هۆی کوشتنی ئەو دوو بەرازەوە نابوو دوو بەرازەکە.

# هاتنی شوانی عەرەب بۆ ناوچەکە

لەپاش مانگی **١٩٩٠/٩** ژمارەیەکی زۆر شوانی عەرەب ڕوویان کردبووە ناوچەکە، لەو ماوەیەدا ئەوەی زۆر بێزاری کردبووین شوانی عەرەب بوو، هەموو هەردەی گوندەکانی (شۆراو، پەڵکانە، دوراجی، قورپچایی، گوبان عەرەب، بەلەگە، زینانەکان) جمەیان دەهات لە مێگەلی عەرەب. بەهۆی بوونی شوان لەو سنورانە کەپێشتر چەن حەشارگەیەکمانی تێدابوو نەماندەتوانی بۆی بچین وازمان لێهێنابوو. بە شەوانیش دەچووین بۆ بینینی برادەرانی ناوشار لەچوون و گەڕانەوەماندا توشی شوانەکان دەبووین، دەبوو بۆ خۆلادان لێیان ڕێگای دوورتر و سەختترمان هەڵبژاردایە. بەوریاییەوە شەوان بە هەردەکاندا دەڕۆییشتین، هەر ئەوەندەمان دەزانی سەگی شوانەکان بۆمان دەهاتن و شوانەکان تەقەیان دەکرد.

لەوە دەترساین بمانبینن، چونکە دڵنیابووین بە بینینمان هەواڵیان دەدا بەدوژمن، نەبوونی ئەوان لەو ناوچایەدا بۆ ئێمە کار ئاسانی باش بوو.. کە نزیکبوو لە شوێنی پەیوەندیەکانمان بەرێکخراوی شارەوە. هەندێجار پێشمەرگەیان دەبینی تەقەیان لێدەکرد. کەلوپەل و قاپ و قاچاخ لە ئەشکەوت و بنکاچ و بەردەکاندا لەسەردەمی ئەنفالدا مابوو فڕێیان دەدایە دەرەوە و تەقەیان لێدەکرد، هەموو شوانەکان چەکداربوون. ئێمە خۆمان لێ لادەدان و نەماندەویست تەقەیان لێبکەین. ئەگەر بمانویستایە ڕۆژانە چەندین شوانمان دەکوشت و دوورمان دەخستنەوە. مانەوەی شوانەکان تا باران بارین و پەڵە بەردەوام بوو.

هەر لەو ماوەیەدا بەهۆی شوانە عەرەبەکانەوە.. ژمارەیەک شوانی کوردیش هاتنە سنورەکە.. لە نزیک شارەکان بنەیان دروستکردبوو، زۆربەیان خەڵکی دڵسۆز و باش بوون سودی باشمان لێبینین. ئەو شوان و بنەڕانانەی لەسنوری ئێمەدا بوون ئەمانە بوون. بنەڕانەکانی (حەسەن و حوسێن عەلی خەمە)ی گوندی قەڵای ناوچەی دواوەدە و (فازڵ عەباس زەمۆ)ی گوندی شۆراوی ناوچەی داودە کە هەردووکیان بنەڕانەکانیان لەهەردەی تایەرکەوە بوون، هاوکاری و خزمەتی زۆریان پێشکەش کردین. یەکەم شەهیدی ڕاپەڕینی قەزای(خورماتوو) شەهید (سەلاح عەباس زەمۆ) بوو کە لەبنەڕانەکەوە لەگەڵمان هات. بەگەییشتنمان بەناوشار شەهید بوو. بنەڕانی مام ئیبراهیم خەسار خەڵکی گوندی شۆراوی لای خورماتوو، کەهەموویان لەسنوری هەردەی تاوێر کەوە و خورماتوو بوون.

بنەڕانەکانی (مام ئەحمەد فەرەج)ی گوندی(قورپچای) و (مام فاروق حەمگوڵ) ی گوندی (کنگربان).. بنەڕانەکەیان لەچەمی گوندی (ئۆمەربل) بوون، زۆر هاوکارمان بوون، خزمەتیان پێشکەش کردین. بنەڕانی (مام سابیر فەقێ مستەفایی) بنەڕانەکەی لە مامڵە تەپەی هەردەی نێوان گوندی (گۆبان عەرەب و شەرەف) دابوو. مام سابیر زۆر هاوکارمان بوو خزمەتی زۆری پێشکەش کردین.

# بینینی چەند چەکدارێک لەگوندی توکن

زانیاریمان هەبوو.. خەڵکێکی زۆر بەهۆی ترسی برسێتی و ئابڵوقەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەندێ بەپرس و هەندێ بەبێ ئاگاداری ڕژێم دێن بۆ گوندەکان بۆ گەڕان بەدوای چاڵەگەنم و کەلوپەلی بەجێماوی گوندنشینەکاندا. بەتایبەت بۆ گەنم کە سەرەتای ئابڵوقە و سزای ئابوری عێراق و برسێتی بوو.لەڕۆژی ١٩٩٠/١٠/٧ من و(حەسەن حەمید) لەحەشارگەی (برزوت) ەوە لەنێوان گوندی ئۆمەربل و بەلەگەدا بوو بەرەو گوندی (توکن و عەزیز قادر) بۆ گەڕان و دۆزینەوەی چاڵە گەنم دەچووین، کاتژمێر شەشی ئێوارە لەخوار گوندی توکنەوە بووین. چەند زەلامێکمان بینی لەناو کەلاوەکاندا دەسوڕانەوە، گوێلەقمان بەستەوە و واڕێککەوتین من بەچەمەکەدا بچم بۆ سەر ڕێگاکە.. نەوەک ڕابکەن، حەسەنیش لەسەرەوە بەرەو گوندەکە بڕوات، گەیيشتمە ناو چەمەکە و تراکتۆرێک لەناو گوندەکەوە هاتە خوارەوە بەهێمای دەست پێم وت بوەستە.. بەرەو تراکتۆرەکە دەچووم شۆفێرەکە دابەزی ناسیمەوە.. پیاوێکی خەڵکی گوندی خۆمان بوو، لەناو چەمەکەوە بۆ لای دەچووم، حەسەن لەناو گوندەکەوە بەردەوام بانگی دەکردم و دەیدا بەسەر چەکەکەیدا.. چەندجارێک دووبارەی کردەوە، واتێگەییشتم.. دەڵی فیشەک ببەپێشەوە. وتم: باشە فیشەکم لەپێشەوەیە چەکی پێ نییە. هاواری دەکرد و دەستی بۆ بەرامبەر و ڕۆژهەڵاتی چەم و گوندەکە درێژ دەکرد. ڕووم وەرگەڕان لەپشتی گردەکەوە سەری سێ زەلامم بینی..هەڵهاتن. وتم ئەوانە کێن وا هەڵهاتن؟ وتی: (......) و دوو و سێ هاولاتین، وتم: هاولاتین؟ وتی: بەڵێ دوو سێ هاولاتی لەگەڵدایە. دوایان کەوتم هاوارم کرد.. مەڕۆن..مەڕۆن من حەمەڕەشیدم مەترسن مەڕۆن مەترسن، بەخوێنی شەهیدان هیچتان لەگەڵ ناڵێین، مەڕۆن بەخوا هیچتان لێناکەین ئێوە تاکو دوێنێ پێشمەرگەبوون.. لەگەڵمان بوون.. بەخوێنی شەهیدان هیچتان لێناکەین. ئەوان ڕایاندەکرد و منیش هەندێ بەڕاکردن بەدوایاندا چووم بانگم دەکردن. نیشانەم لێگرتن چەندجارێک ویستم تەقەیان لێبکەم. دواتر وتم دوو سێ هاولاتی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دێرین و ئەم برادەرەی خەڵکی گوندی خۆماندا هاتبێ، بەدڵنیاییەوە خەڵکی گوندی (توکن) یان (عەزیز قادر) ن.. هەموو کەسوکاری ئەنفالن. دەمگوت کەی پیاوەتییە پێشمەرگەیەکی دێرینی قارەمان تا دوێنێ لەگەڵمان بووبێ و لەئەنفال تەسلیم بۆتەوە..ناچارییە.. کردبێتی بە چەکداری ڕژێم.. خراپەی نەکردووە، بۆچی ئەو و خەڵکی گوندەکەی خۆم بکوژم.

نزیکەی چوارسەد مەترێک بەدوایاندا ڕۆییشتم پێان نەدەگەییشتم، چونکە ئەوان تێرو تەسەل و بۆ دەربازکردنی گیانی خۆیان ڕایاندەکرد..باش دەڕۆییشتن. گەڕامەوە بۆ لای حەسەن و شۆفیری تراکتۆرەکە .

حەسەن پێی وت: ئەو چەکدارانە کێبوون لە گەڵتدا و بۆچی هاتبوون؟ ئەم شتانە لەناو عارەبانەکەتدایە هی کێیە، بۆ چیتە بۆ کوێی دەبەیت؟

وتی: ئێمە لەناحیەی ڕزگارییەوە لەگەڵ ئەو سێ چەکدارە لە مەفرەزەی (تەواری) جەلال حاجی مەولود-دا هاتووین.. بۆ گەڕان بەدوای کەلوپەلی خۆماندا، بەلام گەییشتینە کۆتایی سەربازگەکەی

دەشتی (سور خەلیل) کە دەکەوێتە نێوان گوندی فتاح هۆمەر و توکنەوە پێیان وتین ئەگەر ئەو دوو سەربازە لەگەڵ خۆتان نەبەن ڕێگاتان پێنادەین بڕۆن. قسەکەم پێبڕی وتم تۆ عەیب لەخۆت ناکەی لەسەرەتادا راستیت پێنەوتین، بەمنت وت ئەوانی تر هاولاتین  ئێستا ئەزانی هەڵهاتوون..ئەڵێی سێ جاشی تەواری و دوو سەربازمان لەگەڵ بوو. ئەو کاتەی لێتم پرسی بۆ ئەمانەت نەوت؟ حەسەن وتی: ئەی بۆچی هاتوون، بەدوای پێشمەرگە یان ئەو گەنمەی خەڵکی لەچاڵدا بەجێیان هێشتوە؟ دەستیکرد بەپاڕانەوە بۆ خاتری خوا بۆ خاتری پێغەمبەر بەخوا من نەموتوە هاولاتین. حەسەن پێی وت: ئەی چۆن لەگەڵ مەفرەزەی جاشی (تەواری) و سەرباز دێیت بۆ ئێرە؟ لەبەرامبەر چی و چۆن ڕێگەیان پێدان بە تراکتۆرێکەوە بێیت بۆ ئێرە؟ لەکاتێکدا ئەم ناوچەیە بەلای حکومەتەوە قەدەغەکراوە، ئەگەر هاولاتییەک لەجادەی قیر لابدات.. یەکسەر گوللەباران دەکرێت و چارەنوسی ئێمەی پێشمەرگەی دەبێت، چۆن ڕێگای  ئێوەیان داوە. زۆر پاڕایەوە بیکەن..بۆ خاتری خوا خاتری ئەو کەسوکارە  بێسەرو شوێنانەمان. بەخوا من بۆ کەلوپەلی خۆمان هاتووم. ئەگەر ئەوانم نەهێنایە ڕێگەیان پێنەدەدام  بۆ خاتری خوا بابڕۆم،  بەخوا ئێستا بڕۆم یەکسەر دەمگرن دەڵێن چۆن پێشمەرگە تۆی گرتووە و ئازاد کراوی؟  وتم: کاک حەسەن لەبەرئەوەی خەڵکی گوندەکەمانە و خراپ نییە و کەسوکاری ئەنفالە، هەرچەند هاتنەکەیان جێگای گومانە، ڕەنگە بەدوای پێشمەرگە یان بۆ دۆزینەوەی چاڵی گەنمی خەڵک هاتبن.. ڕەنگە بۆ هەردوو مەبەستەکەش هاتبن هەندێکیان بۆ گەنم و بێئاگا لەوانیتر کەبەمەبەستی دۆزینەوەی پێشمەرگە هاتوون. ئەوانەی هاتبوون یەکیان پێشتر پێشمەرگە و فەرماندە مەفرەزە بوو، پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو لەتیپی(**٥١**)ی گەرمیان, لەمانگی **١٩٨٨/٥** پاش ئەنفال تەسلیم بۆوە لەڕاپەڕیندا شەهیدبوو. ئەویتریان پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بوو لەئەنفال تەسلیم بووبوونەوە، هەردووکیان جاشی مەفرەزەی (تەواری) سەربە دەزگای ئەمن بوون.. لای (جەلال حاجی مەولود)، فەرماندەی مەفرەزەی تەواری لەقەزای (کەلار) ئەویتریش جاش بوو لەساڵی **١٩٩٤** لەشەڕی ناوخۆ لە(خورماڵ) شەهیدبوو. لەگەڵ دوو سەرباز.

# گواستنەوەی کێشەکانی ناو یەکێتی
# لە سنورەوە بۆ گەرمیان

لەسەرەتای دروستبوونی (ی.ن.ک) ەوە.. وەک بەرەیەک لە سێ ڕێکخراو پێکهاتبوو، وەک (کۆمەڵەی مارکسی لینینی لەژمارەیەک لاوی تازە پێگەیشتووی شۆڕشگێر و بیری چەپی توندڕەو- خەتی گشتی- و (بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان) بەشی هەرەزۆری فەرماندە و  کادیرەکانی لە کادیر و فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلولی پێشوو پێکهاتبوون، بەشی هەرەزۆری هێزی (ی.ن.ک) لە(بزوتنەوە) پێکدەهات.. تا شەڕی هەکاری لەساڵی **١٩٧٨**، لەنەورۆزی ساڵی **١٩٨٠** بزوتنەوە لە (ی.ن.ک) جیابۆوە، جگەلە کۆمەڵە هەردوو ڕێکخراوەکەی تر ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی شێخ و ئاغا و هەندێ ڕۆشنبیری ڕاستڕەو پێکهاتبوون، زۆربەیان بەهەمان ئەقڵیەت و نەفەسی شۆڕشی ئەیلولەوە

هەڵسوکەوتیان دەکرد. هەر بۆیە لەکۆتایی حەفتاکاندا ترازان دروستبوو باڵی (بزوتنەوەی سۆشیالست)ی لێ جیابۆوە و (حسک) یان ڕاگەیاند. بەهۆی فرە مینبەری و درێژبوونەوەی کێشە کۆنەکانی ناو شۆڕشی ئەیلول و باڵی مەکتەبی سیاسی و سەربازی بەناوی (جەلالی ومەلایی) و کێشە خێڵەکی و ناوچەییەکان، بەردەوام ئەو کێشانە وەک برینی قوڵ نوێ دەبۆوە، هەندێ بەرپرس و کەسی هەلپەرست و بەرژەوەندیخواز.. لەبەر بەرژەوەندی خۆی و شکاندنی کەسانێک بەکاریان هێناوە بۆ ئەو کادیرو پێشمەرگانەی وەک ئەوان بیریان نەکردۆتەوە و لەوان ئازاتر و دیارتر و دڵسۆزتر و خۆشەویستر بوون.. لەناو خەڵک و شۆڕشدا. ئەوەی من لەیادم بێت لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا باڵی (بزوتنەوە).. پاشان لەساڵی (**١٩٨٥**) ئاڵای شۆڕش دروستبوو جیابوونەوە. ئەوانەی فەرماندە و کادیری ئەو ڕەوتە بوون.. گیران و دوورخرانەوە لە بەرپرسیارێتی. ئەوەی ناتەندروست بێ دەیان فەرماندە و کادیری شۆڕشگێڕ و جوامێر و بێتاوان و دوور لەو ململانێیانە.. لەسەر میزاجی شەخسی و تۆمەت هەڵبەستن دەرکران و دوورخرانەوە. ئەوەی من زیاتر دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ئەو سەردەمەی پاش ئەنفال و پارتیزانی بوو. ئێمە لەمانگی **١٩٨٩/١٠** چووین بۆ بارەگاکانی سنوری ڕۆژهەلات تازە (میخائیل جۆرباتشۆف) ی سەرۆکی (یەکێتی سۆڤیەت)ی ئەو کات دەستی دابووە چاکسازییەک بەناوی (**گلاس نۆست پیرۆسترۆیکا**)[٧]. مەبەستی (گۆربا چۆف) ئەوەبوو خەڵکی

[٧]. میخائیل جورباتشوف، البیروسترویکا: تفکیر جدید لبلادنا وللعالم، ت: حمدي عبدالجواد، مراجعة: محمد المعلم، ط٤، دار الشروق، **١٩٩٠**، صفحات **١٣-١٤-٣٣**.

پیرۆسترۆیکا- بونیادنانەوە، گلاسنۆست- ڕوونی ..شەفاف، پیرۆسترۆیکا، بەرنامەیەکی چاکسازی ئابورییە، سەرۆکی یەکێتی سۆڤییەت(میخائیل گۆرباتشۆف) ساڵی **١٩٨٧**، وەکو پێشنیازێک لە دانیشتنێکی گشتی لیژنەی نێوەندیی حیزبی شیوعی پێشکەشی کرد، وەکو بنەمایەکی سیاسیی بۆ چاکسازیی ئابوری لەو دەمەی کە لەدەسەڵاتدا ماوێتی.. لەمانگی حوزەیرانی ساڵی **١٩٨٧**، دەسەڵاتی باڵای سۆڤییەت ڕەزامەندی لەسەر دا، شانبەشانی پیرۆسترۆیکا، شەفافیەت هاوشانی بێت، لەماوەی گرتنە دەستی دەسەڵات لەساڵی (**١٩٨٥-١٩٨٧**) گۆرباتشۆف باسی ڕاستاندنی نەخشەی وڵاتی دەکرد.. ساڵی **١٩٨٨** یاسای هەروەزییەکانی دانا، ئەم یاسایەش لەدوای سیاسەتەکانی لینینەوە سەبارەت بە ئابوری نوێ.. زۆر ڕیشەییە، یاساکە بوار دەڕەخسێنێت بۆ موڵکدارێتی تایبەت لەهەردوو کەرتی خزمەتگوزاریی پیشەسازی و بازرگانی دەرەکیدا. بەرنامەکەی هەڵوەشاندنەوەی قۆرغکاری وەزارەتی بازرگانی لێکەوتەوە، لەبری ئەوە بواری بۆ لقە ئابوریی و کشتوکاڵی و هەمەچەشنەکانی تر دەدا ڕاستەوخۆ کردە بازرگانییە دەرەکییەکان لەبری دامەزراوەکانی وەزارەت هەستن بە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان.. ڕاستاندنەکە بووە مایەی وەبەرهێنانی دەرەکی لەکەرتی ئابوری دەرەکیدا، بۆ ئەو پرۆژانەی بەهاوبەشی وەزارەت و کەرتە ئابورییەکان بەڕێوەیان دەبرد، ئەمەش لەپێناو ئەوەدا بوو کە کەرتەکانی بازرگانی دەرەکی کورتهێنانێکی بەرچاو لەکارەکانیاندا بۆ ئابوری وڵات بەدیار دەکەوت، هەروەها بە ڕێژەی لە **٤٩%** ی سەرمایەگوزاری بواری بە وەبەرهێنانی بیانی لەناو وڵاتدا دەدا، سەرەڕای ئەوەی پایە بڵندەکانی کار و بەڕێوەبردن لە هاوڵاتیانی ڕووسدا کورت دەبۆوە، واتە دەبوو خاوەن کارە باڵاکان بە ڕەچەڵەک.. بە ڕەچەڵەک هاوڵاتی ڕوس بن. گۆرباتشۆف دەیویست ڕەوتی مارکسی بەشێوەیەکی گشتگیر بگۆڕێت، هەتا توانای ئەوەی هەبێت لەو قەیرانانە قوتار بێت بۆ ئەوەی تایبەتمەندییە نوێیەکانی هزری ئیشتراکی لەسەر ئاستی جیهانی بڵاوبکاتەوە. ئەم تیۆرەیە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی بارگرانی ئەو ساتەی یەکێتی سۆڤییەت بوو بەهۆی ئەوەی

یەکێتی سۆڤیەت لە ڕووی گۆڕنکاری ڕیشەییەوە نەگەییشتبوونە ئەو ئاستەی  سۆشیالیزمی پێ هەزم بکرێ و بەکردەیی جێبەجێی بکات، پێویستە بگەڕێنەوە.. لەسەرەتاوە دەست پێبکەن گەلەکەیان پێبگەیەنین ئینجا ئەو قۆناغە دەست پێبکەن. ئەگەرنا یەکێتی سۆڤیەت دەکەوێ، چونکە ئابوری داڕوخاوە. دەبێت خەڵک ئازاد بێت چۆن دەژی هەموو ئەو هەرێمانەی یەکێتی سۆڤیەتییان پێکهێناوە ئازاد بن لەناو یەکێتی سۆڤیەت دەمێننەوە یان سەربەخۆیی ڕادەگەیەنن، ئەوەبوو دەیان ولایەت و هەرێم سەربەخۆییان ڕاگەیاند.. ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆن، ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێ و دەمەوێ بچمەوە سەر ڕاستی مەبەستەکەم.

لەیادمە کادیرەکانی (ی.ن.ک) تایبەت (کۆڕەک) لەکۆبونەوەکانیاندا هەمیشە ڕەخنەیان لە(حشع) دەگرت و دەیانگوت: لە سۆڤییەت باران بێت شیوعیەکان لەکوردستان چەتر هەڵدەدەن، بەتایبەت (لیژنەی مەرکەزی) ئەو حیزبە زۆر لەژێر هەیمەنە و کاریگەری (یەکێتی سۆفیەت) دابوون، کە سۆڤییەت بازرگانی باشی لەگەڵ عێراق هەبوو فشاری دەکرد لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، هەر ئەوەش وایکرد حیزبەکەیان ترازانی تێدا دروست بێت و ببنە دوو بەشەوە بەشەکەی تری لەگەڵ عێراق دژ بوو. ئەو پەندە بەسەر (ی.ن.ک) دا ساغ بۆوە لە (یەکێتی سۆڤیەت) ئەو شەپۆلە گۆڕانکارییە دەستیپێکرد، بەلاّم (ی.ن.ک) لەگەڵ ئۆرگانەکاندا کەوتە کۆبوونەوە.. لەو گۆڕانکارییانە دەدوان و پاساویان بۆ دەهێنایەوە. دەبێت ئێمەش لەگەڵ ئەو شەپۆلەدا گۆڕانکاری بکەین. لەگەلاّ ئەو شەپۆلی گۆڕانەدا هۆکارێکی کاریگەری تر هەبوو کە ژمارەیەک لە سەرکردایەتی کۆڕەک زۆر دەمێک بوو باوەڕیان بە شوعیەت نەمابوو.. بەهۆی گەندەڵی و بێسەرو بەری لە دەسەلاّتی ولاّتە شوعییەکاندا،وەبەشێک لەسەرکردایەتی (ی ن ک )یش زۆر دەمێک بوو لەبیانویەک دەگەڕان هەرچۆنێک بێک هێزو دەسەلاّتی (کۆڕەک) کەم بکەنەوە لەداهاتوودا ئەگەر ململانی و ترازان دروست ببێت ئەمان لەمەیدانەکەدا دەسڕێنەوە.ئەوەش وای کرد زیاتر سور بن لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی (کۆڕ ٍەک). پاساویان بۆ ئەو کارە ئەوەبوو.. باوی شوعیەت و ڕێکخراوی چەپ و مارکسی لە جیهاندا نەماوە. دەبێت هەردوو ڕێکخراوی کۆڕەک و شۆڕشگێڕانی کوردستان کەبەپەنجەی دەست دەژمێردران، لەناو بۆتەی یەکێتیدا بتوێنەوە و یەکێتیەکی یەکگرتووی بەهێزی تۆکمەی لێ دروستبکەن. ئێمە لەگەرمیان گەڕاینەوە.. لەپێش گەڕانەوەی ئێمە و لەمانگی ١٩٨٩/٧دا.. برادەران

توانا و هێزی خاوبوونەوەی گەشەکردنی ئابوری دەنواند، سەرەڕای دۆخی ئایدۆلۆجی و رۆشنبیری، هەروەها سەرهەڵدانی ململانێ و نەمانی متمانە بەڕای گشتی و هەستکردنی هاولاّتییان بە فشەڵی هاوکاری نێوانیان و کەڵەکەبوونی ڕەگەزەکانی سیاسەت و کۆمەلاّیەتی و ئابوری.. شانبەشانی گەشەی بیرۆکراسییەت لە ولاّتدا، لەپای ئەم هەنگاوە، گۆرباتشۆف لەهەستکردنی بەپێویستبوونی گۆڕانکارییەکان، وتی ئەم هەنگاوە جێگرەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩١٧ نییە، بەڵکو تەنها قۆناغێکی گرنگی بەجێهێنانی ئامانجەکانی ئەو شۆڕشەیە، ئەوەش بە تاک دەستپێدەکات و هێزێکی مەعنەوەی پێدەدات، ئیشتراکییەت و دیموکراسییەتیش پێکەوە گرێدەدات. هەروەها پیرۆسترۆیکا جەخت لەوە دەکاتەوە کە چەکی ئەتۆمی بەکارهێنراو لە مەبەستە سەربازییەکاندا مرۆڤایەتی بەرەو مەترسی دەبات، بۆیە دەبێت پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و ڕێزگرتنی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوان هەردوو بلۆکی ئیشتراکی و سەرمایەداریدا بونیاد بنرێت.

باسیان لەهاتنی بەڕێز مام جەلال دەکرد بۆ سەردانی مەڵبەندی یەک لە (مەرگاوان و دزلّی)، کۆبوونەوەیەکی گشتی بە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک کردبوو، پێشمەرگەکان دوو وتەیان زۆر دەگێڕایەوە:

یەکەمیان: وتەیەکی (مام جەلال) بوو کەپاش وتارێکی دوورودرێژ لەسەر شکستی شالاّوەکانی ئەنفال و تاوانەکانی بەعس لەکیمیاباران و ئەنفالدا، لەکۆتاییدا بۆ ئەوەی خەندە و ئومێدیان پێ ببەخشێ.. وتبووی بێ ئومێد مەبن گۆڕانکارییەکی گەورە لەناوچەکەدا بەرێوەیە، لەماوەیەکی کورتدا گۆڕانکارییەکان ڕوودەدەن، ئێمەش بەشێک دەبین لەو گۆڕانکاریانە.. ئەمجارە ئێمەی کورد (یان دەتڕین یان دەفڕین).

دووەمیان: نارەزایەتی (بەهزاد خانەقینی) کادیری (کۆڕەک) بوو لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە و یەکگرتنەوەی لەگەڵ (رێکخراوی شۆڕشگێران) دا، لەوەلاّمدا پێیان وتبوو تۆ بێئاگای لەگۆڕانکارییەکانی جیهان بۆیە بۆچوونی دژت هەیە، ئەویش وتبووی ئەگەر وەک کادریک بێ ئاگابم.. کەمتەرخەمییەکە لەسەرەوەیە. ئێمە ژمارەیەک لەکادیر و فەرماندە و پێشمەرگەی (کۆڕەک) زۆر بەتوندی دژی ئەم بۆچوونە بووین و ڕەخنەمان لەو بیروبۆچوونە دەگرت، دەمانگوت (ی.ن.ک) لەسەر خوێن و ئارەقەی پێشمەرگەو ڕێکخستنەکانی (کۆڕەک) دروستبووە. ئەو گیانە خەباتگێڕی و خۆنەویستی و سەرکێشییە لەخەبات و قوربانیدان لەناو ڕێکخراوی (کۆڕەک)دا بۆتە هۆی جۆشدانی لاوان و ڕۆشنبیران و بەردەوامی گڕی مەشخەڵی شۆڕش، نابێت ئەو گیانە زیندووە بەهیچ بیانویەک بکوژرێت. بەلەناوچوونی کۆمەڵە و ئەو گیانەی کە کۆمەڵە دروستیکردووە یەکێتی بەرەو پوکانەوە و مردن و لەناوچوون دەچێت. چونکە هیچ بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەک نامێنێ داینەمۆ و مەشخەڵی ئەو بیرە شۆڕشگێڕ و گیانفیدایە بێت. هەموو دەزانین دروستبوون و سەرهەڵدانی کۆمەڵە لەناو شۆڕشی ئەیلولەوە چەکەرەی کرد.. بەپێچەوانەی ئەقڵیەتی شۆڕشەکانی پێشوو بەتایبەت شۆڕشی ئەیلول بوو، هەر ئەو هۆکارەش بوو وا زۆر بەخێراییەکی چاوەڕواننەکراو گەشەی کرد، چونکە هۆی سەرەکی بیری چەپ و ڕووبەڕووبوونەوە بوو لەگەڵ ئەقڵیەتی خێڵەکی و کۆنەپەرستی و تەقلیدی شۆڕشەکانی پێشوو بەتایبەت شۆڕشی ئەیلول. کۆمەڵەش بوو یەکێتی گەیاندە ئەو ڕێکخراوەی ڕووبەڕووی هەموو دوژمنە دەرەکی و ناوخۆییەکانی ببێتەوە، عێراق و ئێران بۆ بەدەستهێنانی هێز و توانای (ی.ن.ک) پێشبڕکێ و سازشیان بۆ دەکرد، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە سەر هەمان ڕێڕەوی شۆڕشەکانی پێشوو. بەتایبەت شۆڕشی ئەیلول و ئێستاش (پ.د.ک) ئەنجامی یەکێتی لەپارتی خراپتر دەبێت و وەکو پارتیشی پێناکرێت.

ئەو کۆبوونەوانە بەردەوام بوو.. ڕۆژانە ڕەخنە دەگیرا و هیچ لە بۆچوونی بەرەی گۆڕنکاری نەگۆڕی. بەپێچەوانەوە سەرئەنجام.. گەییشتنە ئەوەی چاودێری ئەو فەرماندە و کادیر و پێشمەرگانە بکرێت دژی ئەم بۆچوونەن، چەندەها تۆمەت دەخرایە پاڵیان.. هەرجارەی تۆمەتی سەر بەحیزبێک و ڕێکخراوێک دەدرایە پاڵ ناڕازییەکان، بەتایبەت پەکەکەبوون. ئێمە گەڕاینەوە بۆ گەرمیان، بەلاّم ئەو مقۆمقۆ و تۆمەت هەڵبەستنە لەسنور بەردەوام بوو، بەوێوە نەوەستا و پەتا و نەخۆشییەکە گواسترایەوە بۆ ڕەتڵە پارتیزانەکانی گەرمیان و ڕێکخراوی (کۆڕەک) لە ناوشاردا. لەسنور ڕۆژانە ئەم وتانە دەوترا..

دووباره و سەد باره دەکرانەوە. پارتیزانەکان بەنیازن لەگەڵ ڕێکخراوی ناوشاردا ڕێکخراوێکی دیکە لەسەر خاکی کوردستان ڕابگەیەنن و لەیەکێتی جیا ببنەوە، هەروەها دەیانگوت کۆمەڵێک فەرماندە و پێشمەرگە دەستیان بەسەر گەرمیاندا گرتووە. ئەم تۆمەتانە هەمووی درۆی شاخدار و هەڵبەستراو بوون، هەندێ فەرماندە و پێشمەرگەی هەڵپەرست نەیان دەتوانی بێنەوە بۆ گەرمیان لەداخی دڵیاندا تۆمەتیان هەڵدەبەست. هەندێک بێویژدانانە قسەیان لەسەر ئێمە تایبەت کاک (عوسمان) دەکرد، دەیانگوت (عوسمان) و دەستەکەی گەرمیانیان داگیرکردووە و نیازی جیابوونەوەیان هەیە...هتد. ئەو خەڵکانە توانای پارتیزانییان نەبوو، نە کاک عوسمان و نە (ی.ن.ک) ڕێگەیان لەکەس نەدەگرت، هەرچەندە ئەو هۆکارانە بوونە هۆی نیگەرانیمان بەڵام کاک (عوسمان) و ئێمەش بێ گوێ پێدان.. تا ڕاپەڕین و ئازادکردنی کفری و خورماتوو درێژەمان بە پارتیزانی دا.

# تڕ و.. لێکەوتەکانی

بەربوونەوەی "با یان تڕ" لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.. بەتایبەت لەکۆمەڵگای کوردیدا.. شورەیی و جێگای شەرمە. زۆرجار بەهۆی تڕێکەوە کەسێک بە ناچاری هاتوچۆی خزمەکانی یان ماڵێک یان ناوچەیەکی تەرک کردووە. نامەوێ ناوی کەس و شوێن و کات بێنم بۆ پێکەنین ئەم بابەتەم نوسیوە، ڕۆژێک لەگەڵا برادەران دانیشتبووین.. باسی لەدەست دەرچوونی بایەک یان تڕمان دەکرد، دوو هاوڕێمان وتیان برا بەخوا ئەگەر ئێمە تڕێکمان لەدەست دەربچێ یەکسەر تەسلیم بەڕژێم دەبینەوە، وتم:

- بۆخاتری خوا ئێوە چی دەڵێن؟ خۆ ڕۆکێتی ئەتۆمیتان لەدەست دەرناچێت، بۆتڕێکی حیز تەسلیم دەبنەوە؟

-بۆ تۆچی دەڵێیت، کەوایە تۆ بتڕی تەسلیم نابیتەوە؟

-نەوەڵا سەد تڕم لەدەست دەربچێ.. تەسلیم نابمەوە، بۆ ئەم هەموو بیروباوەڕ و بەڵێنەی بەیەکمان داوە، تڕێ ناهێنێ؟، بۆ تۆزێ بای حیز خیانەت لە هاوڕێکانم بکەم؟

ئەو پەندەتان نەبیستووە کابرایەکی دانا بەدەوڵەمەند و دەسەڵاتدارێکی غروری وتبوو بەخۆت مەنازە هەرچی سامان و دەسەڵاتت هەیە تڕێک ناهێنێ,کابرای دەسەڵات دار گاڵتەی بە ووتەی کابرا دێت و بەشێتی دەزانیت ,تاکو ڕۆژێک توشی قەبزی و ئازارێکی توندی ناوسک دەبێت ,تاکو دەچێتە سەرئاوو خۆی بەتاڵ دەکاتەوە وەختبووە بتەقێ,ئەنجا دەڵێت بەوخوایە ئەو پیاوە دانابوو ڕاستی کرد, ئەگەر من خۆم بەتاڵ نەکردایەتەوە دەتەقیم. کەواتا هەرچیم هەیە یەک تڕناهێنێ.

کەواتا کۆم بۆ بەتاڵکردنەوەی گیانلەبەرو مرۆڤ دروست کراوە,دەرچوونی هەوایش ئاساییە.

چەند ڕۆژێک دواتر چوار هاوڕێ بۆ ئەرکێک چووین لەبەرزییەکەوە بەدووربین چاودێری ڕێگاکەمان دەکرد، یەکێک لەو هاوڕێیانەمان باسەکەی کردەوە..زۆر دەیگوت تەسلیم دەبمەوە، ڕۆکێتێکی لەدەست دەرچوو. من خۆم گێل کرد.. دوورکەوتمەوە، یەک لەهاوڕێکانم هاتە بن دەستمەوە وتی :

- گوێت لێبوو؟
- گوێم لەهیچ شتێک نەبووە، گوێم لە چی بێت؟
- خۆت گێل مەکە..گوێت لەو تڕە نەبوو وەک پشیلە میاوانی؟
- تڕی چی گوێت زرینگاوەتەوە؟
- گوێم زرینگاوەتەوە؟ تڕە دوێنێ وتی ئەگەر تڕێک بدەمەوە تەسلیم دەبمەوە، ئێستا چی دەکات، بڵێی تەسلیم بێتەوە، پێی بڵێم؟

من خۆم بەشێوەیەک نیشاندا.. ئەو وابزانێ گوێم لەهیچ نەبووە، زانیم ئەم هاوڕێیەم بەئاسانی نایبڕێتەوە و درێژدادڕی دەکات، ڕەنگە ئەو گومان بکات و لەشەرمدا تەسلیم بێتەوە، وتم وەرە ئەملاترەوە، پێم وت:

-کوڕە بەسە هەی چەنەباز.. من لەتۆ باشتر گوێم لێبوو.. بۆیە دوورکەوتمەوە، تا هەست بکات گوێم لێنەبووە، پیاوی چاک بە باهەست نەکات ئێمە گوێمان لێبووە، ڕ◌ِەنگە ئەقڵی بیبڕێت لەشەرمی ئەم تڕە حیزە تەسلیم بێتەوە و ژیانمان لێتێک بدات. باش بوو خۆی لەتڕەکەی تێنەگەیاند و بەهێمنی ڕووداوی تڕەکە تێپەڕی.

هەندێ جار تڕێک دەبێتە هۆی سەرگەردانی و هەندێ جار دەبێتە مایەی فەڕ بۆ خاوەنەکەی. دەگێڕنەوە پێشمەرگەیەک لەسەرەتای شۆڕش، لەکاتی خۆحەشارداندا لەئەشکەوتێکدا تڕێکی لەدەست دەردەچێ.. لەشەرمدا چەکەکەی دەبات و تەسلیم دەبێتەوە.. دواتر سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەڕوات بۆ هەندەران.. نیشینگەی سیاسی وەردەگرێت.پاش چەند ساڵێک زۆر دەوڵەمەند دەبێت، پاش **١٥** ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئەوە تڕی خۆشبەختییە.

لەزستانی ساڵی **١٩٩٤** لەئەرکێکدا لەسنوری شەقڵاوە بووین، بەفرێکی زۆر باریبوو، هەر فەوجە و چەند ئاژەڵێکیان داینێ گۆشتەکەی بخۆین، نیوەڕۆکەی گۆشتێکی زۆرمان خوارد، پاش نیوەڕۆ دوو پێشمەرگەمان سەری ئاژەڵێکیان هەڵگرت و وتیان ئەگەر ڕێگامان پێبدەیت دەچینە خوارەوە بۆ سەرئاوی شیوەکە.. ئەو سەروپێیە بۆ خۆمان پاک دەکەین و دەیخۆین.پێم وتن من کێشەم نییە، بەڵام ئێوە ئێستا ئەوەندە گۆشتتان خواردووە ڕەنگە لەگەڵا قرقێنەدا گۆشت بێتە سەرەوە، نە بۆتان دەخورێ و نە لەناو ئەم هەموو بەفرەدا بۆتان پاک دەکرێت. ڕۆییشتن و پاش عەسرێکی درەنگ هاتنە سەرەوە، دەبینم یەکێکیان خەمبار و پەشێوە و ئەوی تریان هەر لەخۆیەوەو بەبێ هۆ پێدەکەنینێ و تەماشای من دەکات.

بانگم کردە لاوە.. وتم پێم بڵێ چی ڕوویداوە، تۆ پڕ سنگ و قوڕگت پێکەنینە و وەختە بتەقیت و ئەویش زۆر پەشێوە. وتی کاکە ئاگرێکی بەرزمان کردەوە بەچنچکەوە سەرقاڵی پاککردنی سەروپێ بووین، هاوڕێکەم ئەوەندە توکی ڕنیبوو.. سەروپێی دا بەئاگر تڕێکی لەدەست دەرچوو، لەشەرمدا بەو سەرما ئارەقە بەنێو چاوانیدا دەهاتە خوارەوە و دەستی دەلەرزی لەدڵی خۆمدا وتم بەو خوایە ئەر بێت و منیش تڕێک نەدەمەوە ئەم کەرە دەمرێت و خوێنیشی دێتە سەرم، خۆم توند کرد و یەک ترم بۆی لێدا سێ بەقەد تڕەکەی ئەو دەنگی هات.

لەپڕ دای لەقاقای پێکەنین. وتم ڕاوەستە من ئەم ترەم لەبەر خاتری تۆ دایەوە، هەردووکمان ئێستا یەک بەیەک و بەرامبەرین ، هەر کەس بەترِی خۆی.. پێبکەنێت.
دواجار هەموو برادەرانی لەڕووداوەکە تێگەیاند، ئێستاش زۆر لەو برادەرانە یەک دەبینین بەپێکەنینەوە دەڵێین هەر کەس بەهینی خۆی.

## چیرۆکی خورماکەی گوندی گەرمک و کوردی دۆ نەدیو

ماوەیەکی زۆربوو خورمامان نەخواردبوو، بەڕێکەوت من و (جەمال شێخ حەمیدی) ڕۆژی ١٩٩٠/١٠/١٨، کاتژمێر شەشی ئێوارە چووینە ناو گوندی (گەرمک)ی سەر ڕووباری (ئاوەسپی). چەند دار خورمایەک لەناو گوندەکەدا بوو، دە مەترێک زیاتر بالآیان کردبوو، تەماشامان کرد هەر یەکەی چەند بۆڵ خورمای قەسپی زەردی جوانی پێوەیە. وتم جەمال چۆن لەم خورمایە بکەینەوە و بڕێک بخۆین، لەگەڵ بینینی.. گڕەی دڵمان دەهات بۆی. وتی: بەبەرد دەیخەینە خوارەوە. وتم: خورما بەو بەرزیەوە بەردمان لەکوێ ئەوەندە بەهێزە دەگاتە ئەو سەرە، ئێمە یەکی هێزی کوللەیەکمان تێدا نییە من دەچمە سەرەوە تۆ ئاگادار بە هەرچی هەبوو زوو ئاگادارم بکەرەوە. وتی: بۆ کوێ دەچیتە سەرەوە ئەگەر کۆپتەر هات یان دەبێت بتکوژێ یان دەبێت خۆت هەڵدەیتە خوارەوە و ملت بشکێ. وتم: دەی باشە بابزانین بەبەرد چیمان پێدەکرێت. دەستمان کرد بە بەرد فڕێدان لەماوەی بیست خولەکدا.. نیو گونییە خورمای قەسپی جوان، دەتگوت گوێزە هێنمانە خوارەوە. جەمال پشتوێنەکەی کردەوە و کردیە ناوی بەلای کەمەوە بیست کیلۆ زیاتر دەبوو. بردمانەوە بۆ حەشارگەی خۆرنەوازان (سەباح و عوسمان و جەمال مەلاهۆمەری و حەسەن حەمید) لەوێ بوون بەبینینی نیو گونییە خورما وەک دەروێش زۆری نەمابوو حاڵیان لێبێت. خورمایەکی زۆرمان خوارد ئەو خورمایەی هێنابوومان تاشە و کەمێکی مابوو. بۆ شەو توشی یەک سکچونێک بووم ناوسک و ڕیخۆڵەکانم دەتگوت یەک ساج پشکۆی تێدایە، من وامدەزانی تەنها من وام، لەڕووم نەدەهات هیچ بڵێم، برادەرانی دیکەم بینی زوو زوو دەچن بۆ سەرئاو. جەمال مەلا هۆمەری وتی:برادەران من وەزعم زۆر خراپە ئەبینم ئێوەش زووزوو دەچن بۆ سەرئاو، ئێوەش سکتان دەچێ؟ هەموو وتمان بەڵێ وتی: دەچمە سەرئاو دەڵێی یەک شیشی داخکراو دەکەیتە کۆممدا دەسوتێتەوە. وتمان ئێمەیش. وتمان ئەمەیە دەڵێن کوردی دۆنەدیو، ئێ.. باشە.. بۆ ئەوەندەمان خوارد خەریکە دەمانکوژێت. یەک شەو و ڕۆژێک نانمان پێنەدەخورا و بەردەوام بەڕێگای سەر ئاوەوە بووین.

## کێوماڵ (تمشیط)

لەپاش گرتنی کوەیتەوە دوژمن زۆر بەکەمی کێوماڵ (تمشیط)ی دەکرد، بەهۆی سەرقاڵی بەسنوری کوەیت و سعودییەوە. ڕۆژی **١٠/٢٩** لەهەموو ناوچەی گەرمیان.. دوژمن کێوماڵێکی گشتگیری دەستپێکرد، بەڵام وەک کێوماڵەکانی پێشوو ورد نەدەگەڕان، هەندێجار هەردە و دەشت و دەرەکان دەگەڕان، بەڵام زۆر بەوردی شیو و دۆڵ و ئەشکەوتەکان نەدەگەڕان.

# هاتنی عەزیزی برام و ساڵەح و شەهید شکور

ماوەیەک پێش ئەنفال لەساڵی **١٩٨٣** عەزیزی برام پێشمەرگەبوو، بەهۆی نەخۆشی گەڕایەوە ناوشار، دواتر پێشمەرگەی هێزی میللی بوو بەشداری هەموو چالاکی و شەڕەکانی سنوری گەرمیانی دەکرد تا ئەنفال.پاش ماوەیەکی کەم لە ناو شارەوە لەگەڵ (سەڵەح مەلاجەمیل و سمکۆ بچکۆل) پەیوەندیان بە کاک عوسمانەوە کردەوە. ڕۆژانە بەبۆنەی منەوە لەئەمنی ناحیەی ڕزگاری و دەزگا ئەمنییەکانەوە دەیانگرت و بەندیان دەکرد و سوکایەتیان پێدەکرد. پێیان دەگوت براکەت لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە لە سنوری گەرمیانە هاوکارمان بە،لەپێدانی زانیاری و دۆزینەوەیان ژیان و گیانی براکەت دەپارێزین ، بەڵام ئەوانی دیکە دەگرین. هەموو جارێک عەزیزی برام نکولی لێکردبوو وتبووی لەئەنفالدا لە ئێمە دابڕاوە ئاگامان لێنەماوە.. بەدڵنیاییەوە لە ئەنفالدا تیاچووە، ڕۆژێک بانگی دەکەن دیسان نکولی دەکات، ملازم خالد بەڕێوەبەری ئاسایشی ناحیەی ڕزگاری دەبێت لە چەکمەجەی مێزەکەی وێنەیەکی نوێی منی پیشان دەدات بە ڕیش و پرچی درێژەوە، پێی دەڵێت ئەمە کێیە؟ عەزیز دەڵێت: نازانم، نایناسم. زلەیەکی لێدەدات و دەڵێ تۆ خۆت گێلی یان ئێمە بەگێل دەزانی، ئەوە وێنەی براکەتە و هی پاش ئەنفالە.. لەگەرمیان گیراوە. عەزیز دەڵێ ئاگام لێی نییە، نازانم ماوە یان نەماوە، دواتر لە ڕێگای پیاوێکی ڕژێمەوە هەندێ پارە دەدات تاکو دەمیان دەنێتە یەک.

پاش بینینی ئەو چەند جاشەی لەمەفرەزەکەی (جەلال مولود)ی تەواری کەلار لەناو گوندی توکندا، (جەلال مەولود) دەچێتە سەر ماڵی (عەزیز) برام و پێی دەڵێت هەفتەیەک مۆڵەتت دەدەین یان دەبێ شوێنی پارتیزانەکانمان پێ بڵێیت یان دەتگرین و دەڵێین براکەی لەم سنورەیە و تەقەی لە چەکدارەکانمان کردووە. عەزیز وەڵامی نارد بۆمان، لەڕووداوەکە ئاگادارمانی کردەوە، وتی ئێستا هەر ڕۆژەی لەشوێنێک خۆم دەشارمەوە و ژیانم نەماوە. ساڵەح مەلا جەمیلیش بەهەمان شێوە هەموو ڕۆژێک دەیانگرت. کاک (عوسمان) بە من و (عوسمان مەلا جەمیل)ی وت بچن بۆ ناحیەی (سەرقەڵا) لەماڵی (مەلا خورشید) ەوە هەواڵیان بۆ بنێرن بیانهێنن. لەکۆتایی مانگی **١٩٩٠/١٠** بوو من و (عوسمان) پاش نیوەڕۆ لەحەشارگەی (دووبەرازەکە) ەوە بەڕێکەوتین بۆ عەسر گەییشتینە چەمی (کانی چایلەکە)کە دەکەوێتە نێوان گوندی (ئۆمەربل و بەلەگە)ەوە بەناو بنجە تەروو(کفر)ە کاندا بەرەو چەمی (ئۆمەربل کفری) دەڕۆییشتین لەپڕ مێگەلێکمان بینی بەرەو ڕوومان دەهات. خۆمان لەناو تەروو(کفر)ەکاندا شاردەوە پێمان وابوو شوانی عەرەبە. گۆرانی دەگوت گوێمان بۆ ڕاگرت دڵنیابووین کە بەکوردی گۆرانی دەڵێت نزیکبۆوە لە وشەکانی بە ئاسانی تێدەگەییشتین. بە دەنگێکی بەسۆز و پڕ لەئازارەوە لاوانەوەی بۆ کوردستان و ئەنفال کرد. وتم (عوسمان) ئەمە هەر کەسێک بێت بریندای کەڵپەی گورگەکانی نەوەی (خالد کوڕی وەلید و معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و خالیدی کوڕی زەیدە) کەهەزاران ساڵە بەناوی ئایینی ئیسلامەوە هەیمەنەی عەرەب بەسەرمادا دەسەپێنن.. خاک و وڵاتمان داگیر دەکەن، خوشک و دایکمان بەدیلی شەڕو کەنیزەک بۆ خۆیان حەڵاڵا دەکەن. ئەمە برینەکانی بۆنی دواکەوتوویتی و دڕندەیی عەرەبی لێدێت. ئەو لاوانەوەیە.. ئازاری شوێن

کەڵبەی شۆڤێنیەتی عەرەبە. بیناسین ڕەنگە سودی باشی لێ ببینین، لەناو بنجە تەروو(کفر)ەکانەوە دەرچووین کە ئێمەی بینی هات بۆ لامان بەتامەزرۆی زۆرەوە لێمانی دەڕوانی. پاش ماندوو نەبوون وتمان:کاکەی شوان ناوت چییە؟

- عومەر .
- کاکە عومەر بەلاوانەوەکەت دیارە برینداری دەستی بەعسی خەڵکی کوێیت؟
- خەڵکی گوندی (قوڕیچایی)م.
- گوندی (قوڕیچایی)؟ من هەموو خەڵکی گوندەکە دەناسم بەڕاست کوڕی کێیت؟
- کوڕی ئەحمەد فەرەج.
- ئەحمەد فەرەج کێیە، ئەحمەد کراس کوڵ نەڵێی؟
- بەڵێ کوڕی (ئەحمەد کراس کوڵم).
- وا بڵێ کوڕی باش من باوکت باش دەناسم دەیان جار هاتوومەتە ماڵتان حەمە رەشید توکنیم لەکەرتی شەش بووم لەبیرتە؟ ئەمیش عوسمان مەلا جەمیلە برای ساڵح فەرتەنەیە.
- ڕاستەکەی ناوی تۆ و ساڵەحیشم بیستووە.
- ئێمە دەڕۆین.. سڵاومان بە باوکت بگەیەنە، باسمان نەکەیت.

-خەمتان نەبێت ئێمە تازە هاتووین بۆ ئەم سنورە و بنەڕانەکەمان لەچەمی گوندی (ئۆمەربل)ە هەر لەم ناوە دەمێنینەوە، چیتان پێویست بوو هاوکارتان دەبین. زۆر سوپاس مادام کوڕی مام ئەحمەدیت لێت دڵنیاین دەتانبینینەوە و سەرتان لێدەدەین. پاش ئەو جارە دەیان جار چووینە لایان هاوکار و هاودەنگێکی باشمان بوون، لەگەڵ مام (فاروق حەمگوڵ)ی گوندی (کنگربان)ی کفری و منداڵەکانی. دواتر بەڕێکەوتین شەو چووینە حەشارگەی(نەمران) لەنێوان گوندی (بەکرەشەل و ئۆمەربل). سبەی پاش عەسر بەڕێکەوتین چووینە نزیک گوندی (ئیبراهیم خان) بۆ ئەوەی لەگەڵ تاریکبووندا خۆمان بکەین بەناو ناحیەی (سەرقەڵا) دا. بەدووربین چاودێریم دەکرد مێگەلێک هات بە تەنیشتماندا بەرەو (سەرقەڵا) دەچوو، شوانەکە لەولامانەوە نیشتە قەد گوێدرێژەکەوە سێکسی لەگەڵ دەکرد. بانگ (عوسمان)م کرد وتم: تەماشای ئەم فیلمە بکە.. هاتە سەرەوە وتی بۆ فیشەکیک نەکەمە بان سەریدا بڵێم زاوا بوویت. وتم ئەمەیە ئەڵێن ڕێوی بەکونەوە نەدەچوو تەنەکەیەکیشی دەبەستە کلکییەوە. شەو لەگەڵ تاریکبووندا لەجادەی کفری سەرقەڵا لەنزیک ڕەبییەی (کونەکەمتیار) ەوە پەڕینەوە و چووین بەناو چەمەکەدا لەژێر پردەکەوە بەچەمەکەدا ڕۆییشتین، لەنزیکی مزگەوتە کۆنەکە لەناو چەمەکەدا کە زەل و بژوێن بوو.. چەک وتاخمەکەمان شاردەوە و چووینە سەرەوە خۆمان کرد بە ماڵی خورشید حەسەن خەلیل، مەلاخورشید لەمنداڵییەوە نابینایە. پاش هەواڵ پرسین مام خورشید وتی عوسمان ئەم پێشمەرگەیە کێیە لەگەڵتا؟

وتی: حەمە ڕەشید مام عەلی سوری گوندی توکنە برای عەزیزە.

وتی: باشە ترسام وتم نەک ناسیاو نەبێت، من لەسەر زەوییەکە دانیشتبووم، مام خورشید وتی بۆ نایەیتە سەر جێگاکە، وتم کاتێک لەجۆگە ئاوەکەی پێش مزگەوتەکە بازمدا تاریک بوو پێم کەوتە ناو جۆگە ئاوەکە. قاچم تا ئەژنۆم قوڕە. برۆ پێت بشۆ خۆ کوێر نەبوویت بۆ کەوتیتە ناو ئاوەکەوە،

ئەمجارە خۆم ڕەوانەتان دەکەم ئێوە کوێرن دەکەونە ناو جۆگاکەوە. نانمان خوارد پێمان وت. بۆ سبەی (عەزیز و ساڵەح و شکور) مان بۆ بێنە ماڵی خۆتان دێین بەشوێنیاندا. وتی: باشە سبەی بۆتان ئەهێنم بۆ ئێرە، توخوا کاک حەمە ڕەشید ئەگەر ڕۆژێ بەخەیاڵتدا هات تەسلیم بیتەوە، باسی ئێمە نەکەیت. کەمێ پێکەنیم وتم: مەگەر بە مردوێتی بمهێنن بۆ ناوشار، مەلا ڕەشیدی باوک مەلاڕەحیمان بانگ کرد هەواڵی مەلاڕەحیم و دکتۆر ڕەحمانمان پێدا، وتمان ئەگەر ڕاسپاردەیەکت هەیە پێمان بڵێ تا پێیان بگەیەنین، ئەو کاتە هەردوو ناوبراو لەبارەگاکانی سەر سنوربوون. پێش بەڕێکەوتنمان مەلاخورشید وتی پەلە مەکەن دەچم گڵۆپی مزگەوتەکە دەکوژێنمەوە کە سەر چەمەکەی ڕووناک کردۆتەوە. دواتر خۆم لەسەر پردە بچوکەکەوە دەتانپەڕێنمەوە ئێوە کوێرن با نەکەونە ئاوەکەوە. پاش کوژانەوەی گڵۆپەکە هاتەوە کەوتە پێشمان، وتی هەرچی کەسێک بینیتانی قسەی کرد ئێوە هیچ مەڵێن ئەڵێم میوانی منن دەیانبەم بۆ مزگەوتەکە گویان پێدەکەم، دەستی منی گرتبوو بردمییە سەر پردەکە وتی: دەی خواتان لەگەڵ بڕۆن. وتم: وەڵا ئەوەندە تاریکە پێش خۆم نابینم کامە پردەکەیە؟ لەقەیەکی دا بەسەرپردەکەدا وتی ئەوەتا خۆ کوێرنیت.

شەوی دوایی دیسانەوە بەزەحمەت چووینەوە بۆ سەرقەڵا، مام خورشید وتی کاکە بەخوا زۆر بۆیان گەڕام کەسیانم نەدۆزیوەتەوە. چوومە ماڵی عەزیز.. وتیان لەترسا ڕۆییشتووە لەخورماتوو خۆی شاردۆتەوە. چوومە شوێن ساڵەح وتیان چووە بۆ چەمچەماڵ. پرسیاری شکورم کرد وتیان کەس نازانێ لە کوێیە. وتم سبەی هەرچۆنێک بێت بیاندۆزەوە. وتی: باشە بۆیان دەگەڕێم و هەوڵدەدەم بیاندۆزمەوە، بەڵام مەیەنەوە بۆ سەرقەڵا خۆتان و ماڵ و منداڵی منیش مەکەنە قوربانی. شوێنێک دەستنیشان بکەن ئەوان دەنێرم بۆ لای ئێوە، وتم: باشە پێیان بڵێ شەوی داهاتوو ئێمە لەتاوێرە بڕاوەکەی چەم کفری لەسەرووی (باوەشاسوار)ەوە چاوەڕوانیان دەبین. بۆ سبەی لەحەشارگەی(نەمران) بووین کاتژمێر چوار بوو.. لە ئەشکەوتەکە دەرچووین ویستمان بچین بۆ لای بنەڕانەکەی مام (سابیر فەقێ مستەفا) یی وتمان ئێوارە لای ئەو نان دەخۆین و ئینجا دەچین بۆ شوێنی چاو پێکەوتنەکە. بەقەد پاڵێکدا دەرۆییشتین بەخەیاڵمدا هات وتم با بچم لەم بەرزاییەوە چاودێرییەکی ئەم دەوروبەرە بکەم هێشتا زووە.. کێ دەڵێت لای بنەڕانەکە بێکێشەیە، چوومە سەرەوە زیاتر لە دووسەد سەربازم بینی بەناو چەمەکەدا بۆ ئاراستەی کفری دەچوون سەد مەتر دوور بوو لەئێمەوە، بەڕاکردن هاتمە خوارەوە عوسمان بەهێمای دەست وتی: چییە؟ بەهێمای دەست پێم وت ڕاکە. بەڕاکردن بەرەو ئاراستەی چەمی شەرەف ڕۆییشتین، گەییشتینە تەختییەکە کۆپتەر هات کۆڵە پشتەکەمان فڕێدا و بەڕادەیەکی زۆر خێرا ویستمان خۆمان بگەیەنینە شیوەکە لەسەرەوە بەڕاکردن بۆ خوارەوە دەچووم.. لەپێش عوسمانەوە بووم شیوێکی پان هاتە پێشمەوە باوەڕم نەدەکرد بتوانم بیپەڕمەوە و خۆشم پێڕانەگیرا خۆم هەڵدا بەتەمای ناو شیوەکە بووم، لەوبەر شیوەکەوە لەزەویمدا. بەڕاکردن لەچەم و ئاوەکەوە پەڕینەوە ئەوەندە بەخێرایی دامان بەناو ئاوەکەدا دەتگوت ئەسپ بەناویدا دەڕوات ئاو دەچوو بەئاسماندا. بەپشت بنەڕانەکەدا چووینە بەرزاییەک هەموو چەمەکەی لێوە دیاربوو، تەماشای سەربازەکانمان دەکرد بەناو چەمەکەدا و بەلای بنەڕانەکەدا بەڕیز بەرەو قەزای (کفری) دەچوون نزیکەی چوار کیلۆمەتر دوور بوو. گوێمان لەدەنگێکی نزیک بوو..

ڕووماں وەرگێڕا دوو جاشمان بینی لەدووری پەنجا مەترێک بۆ سەر ئەو گردە دەهاتن ئێمە لەپاڵیدا چاودێری سەربازەکانمان دەکرد. ئێمە خۆمان خستەسەر زەوی و بە تەپاوتل بۆ ناو شیوەکە خۆمان خلکردەوە، جاشەکان کەهاتنە سەرەوە سەربازەکانیان بینی بەدوادا هاتن و ڕێک لەشوێنەکەی ئێمە دانیشتن تەماشای سەربازەکانیان دەکرد، ئێمەش لەناو شیوەکەوە لەپاڵەوە تەماشای ئەوانمان دەکرد، پاش نیو کاتژمێر چوونە خوارەوە بەرەو بنەڕانەکە، ئێمەش بەپەلە چووینەوە شوێنەکەی ئەوان تەماشامان کرد سەربازەکان ڕۆییشتبوون دیار نەمابوون. دوو جاشەکە چوونە چەمەکەی تەنیشت بنەڕانەکە مانگایەک بەسترابۆوە کردیانەوە و ڕەشمەکەیان گرت و بەناو چەمەکەدا بۆ سەرەوە بردیان، لەسەرووی ئێمەوە چوونە سەرەوە بۆ لای ڕەبییەکانی سەرجادەی (سەرقەلا-کفری) لای گوندی (ئیبراهیم خان).

پاش ڕۆییشتنی جاشەکان نیو کاتژمێر ڕۆژی مابوو.. ویستمان بچین کۆڵە پشتەکانمان بهێنین و بگەڕێینەوە بۆ لای بنەڕانەکەی (مام سابیر) لەپشتی بنەڕانەکەوە ویستمان بڕۆین منداڵێک لەبنەڕانەکەدا بەجێمابوو هاتەسەر گردەکە سەری ئێمەی بینی سەگی تێمانکرد. ها ئەوە گورگەکەیە...ها ئەوە گورگەکەیە. ها بۆرە...ها بازە ئەوە گورگەکەیە. تا تاریک نەبوو نەیهێشت لەشیوەکە دەربچین سەگەکان هاتبوونە سەرسەرمان دەوەڕین. پاش تاریک بوون چووین کۆڵە پشتەکانمان هێنا و چووین بۆلای مام سابیر، کە بینی سەگەکان دەوەڕێت هاتە پێشمان پاش هەواڵ پرسین. وتی: خوا ماڵتان ئاوا بکات بەدوای مەرگدا دەگەڕێن نیو کاتژمێر پێش ئێستا ئێرە پڕ بوو لە سەربازو جاش. وتمان: بینیمان هەموو لەپێش چاومان بوون لەپشت بنەڕانەکەوە بووین. وتی: بەقوربانتان بم ئەو منداڵەم لایە بلێن تەواری (نەجات سەمین باخەوانین) لەکفرییەوە هاتووین. نان و چامان لای خوارد وتمان: دەڕۆین کاک نەجات چاوەڕوانمانە دەچینەوە بۆ کفری. مام سابیر وتی: مانگایەکم لەم چەمەدا بەستبۆوە نەماوە ڕەنگە گورگ خواردبێتی. منداڵەکە وتی: مامە ئێوارە دوو گورگم لەچەمەکەدا بینی وەستابوون هەرچی سەگەکانم تێکردن ئەوەندە خوێڕی بوون نەچوونە گیانیان بیانخۆن. کاتێک ماڵئاواییمان کرد. وتمان: مانگاکەت دوو جاش بەرەو ڕەبییەکانی سەرجادە بردیان، گورگیش لێرە نەبوو گورگەکان ئێمە بووین، لە منداڵەکە بوو بووین بەگورگ. منداڵەکە (سەیوان حەمە غەریب) بوو باوکی پورزای دایکم بوو، خەڵکی گوندی (فەتاح هۆمەر) ی نزیک ناحیەی (سەرقەلا) بوو.. لە ئەنفالدا بووە قوربانی، (عوسمان)ی هاوڕێشم خەڵکی هەمان گوند بوو، پاش ڕۆییشتنی ئێمە بەمام (سابیر)ی وتبوو: ئەوانە درۆیاندەکرد جاش نەبوون پێشمەرگەن یەکێکیان (عوسمان خاوەر)ە خەڵکی گوندەکەی ئێمەیە. مام سابیر وتبووی جاشن ئەو وتبووی من دەیناسم. لەسالانی حەفتاوە.. مام سابیر یەکێکە لەئەندامەکانی (ڕێکخراوی کۆڕەک)، پیاوێکی شۆڕشگێڕ و خزمەتگوزار بوو، زۆرجار دەچووینە لای هاوکاری باشی دەکردین، لەژیاندا نەماوە ڕوحی شاد بێت. بۆ شەو چووینە شوێنی دیاریکراو، کەس نەهات بۆ لامان. زۆر گفتوگۆمان کرد چیبکەین، بڕیارماندا دیسان بۆ شەوی داهاتوو بچینەوە بۆ ناحیەی (سەرقەلا) بۆ ئەوەی بیانهێنین و لەو مەترسییە ڕزگاریان بکەین.

بۆ شەوی سێیەم دیسان چووینەوە بۆ ناحیەی (سەرقەڵا)، ڕۆژ هێشتا ڕووناکی مابوو گەییشتینە، ژێر پردەکە وەستاین.. بەدووربین چاودێری پێشی خۆمان دەکرد، ئەوەندەمان زانی لەسەر پردەکەوە بەردێکیان فڕێدایە ناو ئاوەکەی پشتمانەوە. دەستمان لەسەر پەلە پیتکەی تفەنگەکانمان بوو، بەپەلە گەڕایینە دواوە و چاوەڕوان بووین تەقەمان لێبکەن و وەڵام بدەینەوە. وتم: عوسمان ئاگات لێبوو بەرد بوو، وەڵا دڵنیانیم بەرد بێت ڕەنگە بۆق بێت. دیاربوو بەرد بوو.. بۆق نەبوو، لەم گفتو گۆیەدا بووین زەلامێکمان بینی لەسەر پردەکەوە لەو شوێنەی بەردەکە هاتە خوارەوە بۆ ناو سەرقەڵا دەچێت. هەندێ گفتوگۆمان کرد بگەڕێنەوە یان بچین بۆ سەرقەڵا. بڕیارماندا ئەگەر کوژراوین تا نەچینە ماڵی مام خورشید نەگەڕێینەوە. دیسان چووینەوە ماڵی مام خورشید. پاش ماوەیەک هەواڵمان زانی ئەو زەلامەی بەردەکەی خستبووە ئاوەکەوە مەلا تەهەی برای مەلاڕەحیم بووە.مام خورشید  وتی: ئەی باوکەڕۆ هەم هاتنەوە کوڕە ئێوە بەدوای مەرگەدا دەگەڕێن، ئەوەندە دێن و دەچن خۆتان و ئێمەش تێدا دەچین، وتمان: باشە بۆ نەهاتن بۆ لامان؟ وتی: بەخوا چەند دەگەڕێم.. نایاندۆزمەوە، هەر یەکە و لەشوێنێک خۆیان شاردۆتەوە، بەڵام بەماڵی خوشکەکەی شکورم وتووە.. کە خێزانی (عومەر مەلا عەزیز)ە ئەگەر شوکرتان دۆزییەوە یان هاتەوە پێی بڵێن لەوێ چاوەڕێی دەکەن. وتمان: بەقوربانە سبەی هەرچۆنێک بێت بیاندۆزەرەوە و پێیان بڵێ بێن.. بۆ هەمان شوێن تاوێرە بڕاوەکە. گەڕاینەوە لە حەشارگەی (نەمران) ماینەوە و لەهەردەی گوندی (بەکرەشەل گۆبان عەرەب). سبەی خۆمان شاردەوە، شەو چووینە شوێنی دیاریکراو تا کاتژمێر یەک چاوەڕوانیان بووین نەهاتن. ئیتر بێ هیوا بووین، گەڕایینەوە.. بۆ کاتژمێر دوو گەییشتینە حەشارگەی (برزوت) لەنێوان ئۆمەربل و بەلەگە بۆ ئەوەی سبەی بگەڕێینەوە بۆ لای برادەران لەحەشارگەی (دووبەرازەکە) لەنزیک گوندی (وارانی ). لەناو حەشارگەکەدا (عوسمان) لەسەرەوە و من لەنزیک دەرگاکەوە خەوتین. ئەو حەشارگەیە بەهۆی ئەوەی پێشتر چەند پێشمەرگەیەک تەسلیم بوونەوە و شارەزای ئەو حەشارگەیە بوون، وازمان لێهێنابوو تەنها مەگەر بەڕێکەوت بۆ کارێک بهاتینایەتە ئەو سنورە لێی بماینایەتەوە، سبەی زوو تاریک و ڕوون هەستام پشتم بەلای (عوسمان) دا تەقاند ئەمجار بەلای دەرگاکەدا لەپێش دەرگاکە تارماییەکم بینی.. بەمرۆڤی دەکرد، تفەنگەکەم هەڵگرت و زامنەکەم کردەوە و وتم ئەرێ ئەمە زەلام نییە و لولەی تفەنگەکەم خستەسەر سنگی وتم نەجوڵێیتەوە کوژرایت، پێموابوو خەڵکی خراپە و هاتۆتە ناو حەشارگەکەوە بەهۆی تاریکیەوە ئێمەی نەبینیوە.. بۆیە لەپێش دەرگاکە خەوتووە، چونکە مەفرەزە پارتیزانەکان چەندجارێک توشی ڕووداوی وا بووبوون، لەگەڵ تێخوڕینی مندا عوسمان هەستا وتی: نەکەی(شکور)ە.

(شکور) هەستا و دانیشت وتی: خۆمم خۆم شکورم. من پێشتر یەکجار بینیبووم باش نەمدەناسی هێشتا دونیا تەواو ڕووناک نەبۆوە.. ناو حەشارگەکەش تاریک بوو. لەحەیبەتدا هەموو گیانم دەلەرزی زۆر تووڕە بووم لە(شکور) زۆر قسەم پێ وت. وتم تو خوا تۆ مرۆڤیت.. ئەمە ڕاستە هاتوویت لای مندا خەوتوویت و ئاگادارت نەکردووینەتەوە. دەسیکردە ملم وتی هەرچی دەڵێیت تۆ لەسەر هەقی مادام ئێوەم دۆزییەوە بشمکوژیت قەیدی نییە. تەماشا دەکەم چەکێکی ئاڕپیکەی لەودیو خۆیەوە داناوە. وتم: سوێند بەخوا چەکەکەتم ببینیایە یەکسەر دەتمکوشت. دواتر توڕەییم

نەما باوەشم پیاکرد.. وتم خوا ماڵت ئاوا بکات لەدوو خێزان تەنها تۆ و (حەمە نوری)ماون، من بمکوشتیتایە چۆن ویژدانم ئاسودە دەبوو. چۆن لەخۆم دەبورام، نازانم چۆن نەمکوشتیت، بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک پێشمەرگەمان لەڕابردوودا تەسلیم بوونەتەوە بەم شوێنە دەزانن و ژمارەیەک هاوڵاتیش ئێرەیان بینیوە، هەموومان لەم حەشارگەیە بەگومانین، لێرە نامێنینەوە.. مەگەر بەڕێککەوت لێرەوە تێپەڕبین پشویەکی تێدا بدەین، پێم بڵێ چۆن هاتوویت بۆ ئێرە؟

وتی: کاکە ڕۆژی ڕابردوو مام خورشید بەمنی وت: ئەمشەو چاوەڕوانتان دەکەن، ئەگەر ئەمشەو نەڕۆن ئیتر نابێت بڕۆن، چووم ساڵەح و عەزیزم نەدۆزیەوە درەنگێک لەکفری دەرچووم، پێشتر چەکەکەم لە هەردەی گۆبان شاردبوومەوە چووم دەرهێنا و هاتم، وتم بۆ ئەوەی لەدەستمان نەڕۆن ئێوە دەدۆزمەوە دواتر دەچم بە شوێن (عەزیز و ساڵەح) دا.

وتم: ئەگەر لەژێر زەویشدا بووە، سبەی بچۆ بیاندۆزەوە، ئێمە لێرە چاوەڕێتان دەکەین بۆ شەوی دوایی ڕۆیشت، شەوی دووەم هەردووکیانی هێناو هاتنەوە بۆ لامان، بۆ حەشارگەی (برزوت). شەوی دواتر ئێوارە بەڕێکەوتین بۆ کاتژمێر دووی شەو چووینە ئەشکەوتی (کەڵهەڕ) لە نێوان گوندی (کانی عوبێدو گلاڵ کەوە و هەوارە ڕەقە)، کاتێک گەییشتینە ئەوێ هەرسێکیان بە تەواوی شەکەت بووبوون.. وتیان ئەرێ ئێوە بەردەوام وا ڕێدەکەن؟

وتمان: ئەمشەو کەم ڕێمانکرد.. لەبەر ئێوەش پەلەمان نەکرد و زۆر لەسەر خۆمان بووین.

وتیان: ئەی برا ئەمە کەم و لەسەرخۆ بوو، هەریەک لە شەهید (دکتۆر ئاتیلا و شەهید عەلی فەقێ مستەفایی و شەهید هەڵکەوت و شەهید کامران مامۆستا هیدایەت و حەسەن حەمید و سەباح و جەماڵ مەلائۆمەری و جەلیل کۆکزی) لەحەشارگەکە بوون. سبەی کۆپتەر و جاش هاتن، شپرزەیان کردین.. کۆپتەرەکان هاتنەسەرمان، ماوەیەک بەهۆی گرتنی کوەیت و نەمانی کێوماڵەوە زۆر کەمتەرخەم بووین. (شەهید دکتۆر ئاتیلا) گورچیلەی ئازاری هەبوو دەرزی دەدا، وتی ئەتەوێ فێری دەرزی لێدان ببیت؟ وتم: ئەی بۆنا زۆریشم پێخۆشە چونکە زەرورە بۆ ئیمەی دوور لەهەموو شتێک.

-دەوەرە ئێستا لێمی بدە. وتم:

-چۆن تائێستا من دەرزیم نەداوە؟

-من دەرزیەکە دەدەم لەسمتم تۆ دەستی پێدابنێ و دەرمانەکەی تێبکە مەترسە زۆر ئاساییە، پاش لێدانی وتی ئێوارە تۆ دەرزیەکەی ترم لێبدە، بۆ ئێوارە دەرزیەکەی ترم لێدا.

-زۆر باش بوو ئیتر دەتوانیت دەرزی بدەیت هیچ دوو دڵ مەبە و مەترسە تەنها دووشت ڕەچاو بکە. یەکەم: سمت بکە بەچوار بەوشەوە لەشێوەی (+)لەدەرەوە.. دەرزییەکە بدە لەبەشی سەرەوەی، دووەم: هەموو دەرزییەک نیشانەی(IV-IM)ی لەسەرە ئای ڤی بۆ دەمارە و ئای ئێم بۆ سمتە، دەرزی هەیە بەدوو شێوە دەتوانی لێی بدەیت، دەرزیش هەیە تەنها بە شێوەیەک لێدەدرێت.

لەو کاتەوە دەرزی دەدەم بەبێ کێشە، ئەو ماوەیەی لەپارتیزانیدا بووم، چەند جارێک دەرزیم لە خۆم داوە. پاش دوو سێ رۆژ ماڵئاوایمان لەیەک کرد، ئێمە گەڕاینەوە بۆ لای برادەران لەحەشارگەی (دووبەرازەکە). ئەوانیش پاش چەند ڕۆژێک ڕۆییشتن بۆ بارەگاکانی سەرسنور.

# گەڕانەوەی دەستەیەک لەبرادەران بۆ سنوری ڕۆژهەڵات

لەڕۆژی **١٩٩٠/١١/٢** ئەم پێشمەرگانەی خوارەوە لەگەڵ (شەهید عەلی فەقی مستەفایی و حەسەن حەمید) لەگەرمیانەوە بەڕێکەوتن، تاگوندی (پوشێن)ی ناوچەی شارباژێڕ لەوێ ڕادەستی شەهید (عەبەڕەق و ڕزگار) یان دەکەن (عەلی و حەسەن) دەگەڕێنەوە بۆلای ئێمە، ئەوانەی لەگەرمیانەوە چوون بۆ سنور.. ئەمانە بوون:

**١-**شەهید هەڵکەوت ئەحمەد ، کفری.

**٢-**شەهید دکتۆر ئاتیلا.

**٣-**نەوشیروان حاجی ئەحمەد.

**٤-**عەباس محەمەد(ملازم عەباس).

**٥-**مەجید عوسمان (مەجید کادیر).

**٦-**جەمیل حوسێن، جەمیل شێخ لەنگەری.

# گەڕانەوەی کاک عوسمان و برادەران بۆ سەرسنوری ڕۆژهەڵات

بۆ وتووێژ و تاووتوێکردنی پلانی ڕاپەڕین.. ڕەوانشاد کاک نەوشیروان لە **١٩٩٠/١١/١٤** لە ڕێگای شەهید حەمەڕەشەوە، بەنامەیەک ئاگاداری کاک (عوسمان)ی کردەوە سەردانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک ) لەگوندی (قاسمەڕەش) ی سەر سنوری ڕۆژهەڵات بکات، بۆ ئەو مەبەستە پاش چەند ڕۆژێک لەگەڵا دەستەیەک پێشمەگەدا لەسنوری تیلەکۆ و تەپەڕەشەوە چوو بۆ بارەگاکانی سەر سنور کەپێهاتبوون لە:

**١-**شەهید شکور ڕەحیم عەبدلکەریم، شکور عەلیانی.

**٢-** شەهید یاسین عەبدول مەحەمەد، یاسین بچکۆل.

**٣-**شەهید ڕەمەزان کوڵەجۆی.

**٤-**کاک عوسمانی حاجی مەحمود.

**٥-**ساڵح جەمیل ساڵح، ساڵح فەرتەنە

**٦-** عەزیزعلی سەعید، عەزیز توکنی.

**٧-**جەمال محسن جەوهەر، جەمال وارانی.

**٨-** سەعیدئەحمەد، مەلاسەعید.

پاش گەڕانەوەی کاک عوسمان بۆ بارەگای سەرکردایەتی لە(قاسمە ڕەش)، چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کاک (نەوشیروان) دا ئەنجامدابوو، بەدرێژی و تێروتەسەلی بەرنامەی ڕاپەڕینی لەگەڵ تاووتوێ کردبوو، هەروەها شەهید حەمە ڕەشیش وەک یەکێک لەفەرماندە پارتیزان و دیارەکانی گەرمیان کەپێشتر دەوری کاریگەری هەبوو لەخەباتی پارتیزانیدا، چەندین دۆست و هێڵی تایبەتی هەبوو، لەگەڵا ژمارەیەک فەرماندە و پێشمەرگەدا ناردبووە خوارەوە، بە هەمان شێوە بڕیاری دابوو بەزووترین کات کاک عوسمان لەگەڵا دەستەکەیدا بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلانی ڕاپەڕین.. بگەڕێتەوە بۆ گەرمیان، لەو سەفەرەدا نزیکەی مانگێکی پێچوو.. دیسان لەگەڵا ئەم دەستە پێشمەرگەدا گەڕایەوە:

**١-**شەهید شێرزاد عزەدین میرزا (شێرەی نەقیب) لەساڵی (**٢٠٠١**) لەشەڕی ئەنسارولئیسلام شەهید بوو.

**٢-**شەهید شکور ڕەحیم (شکور عەلیانی) لەڕاپەڕینی ساڵی(**١٩٩١**) لەخورماتو شەهید بوو.

**٣-**شەهید ڕەمەزان (ڕەمەزان کوڵەجۆیی) لەساڵی(**١٩٩٤**) لەشەڕی ناوخۆ شەهیدبوو.

**٤-**کاک عوسمان حاجی مەحمود.

**٥-**عەزیز عەلی سەعید، عەزیزتوکنی.

**٦-**ساڵەح مەلا جەمیل، ساڵەح فەرتەنە.

# ڕووداو و ئەگەرەکان

ڕۆژانە هەواڵ و ڕاگەیاندنەکان لەوە دەدوان لەماوەیەکی نزیکدا چەندین هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لەدژی حکومەتی عێراق پێکدەهێنرێت. هەریەک لە(نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی و جامیعەی ئیسلامی) لەهەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و نەبڕاوەدا بوون بۆ قایلکردنی حکومەتی عێراق تا لە کوەیت پاشەکشە بکات، ڕۆژانە چەندین نوێنەر و شاندی وڵاتان.. سەردانی وڵاتی (عێراق و صەدام حوسێن) یان دەکرد.. بێ ئەنجام دەگەڕانەوە، هەوڵ و کۆششی وڵاتان بێ هودە بوو، تا دەهات هەواڵەکان لەشەڕێکی خوێناوی گەورە و برسێتی و قات و قڕی گەلی (عێراق) دەدوان. لەناو شار و بازاڕەکاندا.. بەئاستەم خواردن دەست دەکەوت ئەوەش هەبوو گران بوو. هەواڵی ڕۆژانە لەناو شارەکانەوە بریتی بوو لە هەواڵی هەڵهاتنی سەرباز لەسنوری (سعودیە و کوەیت)، چەندین پێشمەرگەی دێرین و خزم و دۆست هەواڵیان بۆمان دەنارد، ئەگەر قبوڵمان دەکەن دێین بۆ لاتان، ئێمە بەزەحمەت پێداویستی خۆمان پێ پەیدا دەکرا، بۆیە وەڵامان نەخێر بوو. دەیانگێڕایەوە کەسەربازەکان لە شەڕگەکاندا بەدەست برسێتییەوە حاڵیان زۆر خراپە، لەشەو ڕۆژێکدا لەناو ئەو بیابانە گەرمەدا..خواردنیان تەنها دوو سەمونی ئاردی گەنمەشامییە لەگەڵ دەبەیەک ئاودا. لە برادەرانی سنورەوە دەنگوباسی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین و شەڕبردنە ناو شارەکانەوە پێمان دەگەییشت، کەسەرکردایەتی لەهەوڵدان بۆ بەرنامەڕێژی ڕاپەڕین لەحاڵەتی نەکشانەوەی عێراق و لێدانی لەلایەن هاوپەیمانانەوە. سەرکردایەتی پێیان وابوو عێراق کەلەڕەقی دەکات و ناکشێتەوە

هاوپەیمانان گورزی توندی تێدەسرەوێنن. لەوکاتەدا ئەگەری ڕوخاندنی دەوڵەتی عێراق هەیە یان ئەوەندە بێهێز دەبێت توانای بەرگری لەدەسەلات نامێنێت. لەو ئەگەرانەدا دەکرێت ڕاپەڕینی سەرتاسەری جەماوەری بکرێت. هێزی پێشمەرگە داینەمۆ و مەشخەڵی ئەو ڕاپەڕینانە بێت، لەسەرەتادا پارتیزانەکان دەستە و گروپی چەکدار لەپێشمەرگەی دێرین و چەکدارەکانی ڕژێم دروست بکەن.. ئامادەسازی بکەن لەکاتی دەستپێکردنی ڕاپەڕیندا شانبەشانی خەڵکی ڕاپەڕیو بچنە ناوشارەکانەوە و پەلاماری دامودەزگاکان بدەن، دواتر هێزی پێشمەرگە لەسنورەوە دابەزن و کۆنترۆڵی شارەکان بکەوێتە دەست شۆڕش و خەڵک. لەگەڵ ئەم هەوالانەدا ڕاگەیاندن و لێکدانەوەی توێژەران و سیاسەتمەدارانی جیهان و ناوچەکە، ئێمەش شەو و ڕۆژ گفتوگۆ و لێکدانەوەمان لەسەر ئەم ڕووداوانە و ئەگەرەکان دەکرد. هەمووشمان هیوا و ئومێدی گەورەمان هەڵچنیبوو، زۆر گەشبین و دڵخۆش بووین چاوەڕوانی خۆری سەرکەل بووین.

# گەڕانەوەی شەهید حەمە ڕەش بۆ گەرمیان

پاش چەندین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بۆ داڕشتنی پلانی ڕاپەڕین، بڕیاردرا بەهەموو شێوەیەک کار بۆ بەرنامەی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری لەکوردستاندا بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە.. ڕاوێژ لەگەڵ بەرەی کوردستانی کرابوو، زۆر لەحیزبەکانی بەرەی کوردستانی بەرنامەی ڕاپەڕینی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)یان بەخەیاڵ چواندبوو، و بەکردەیی هیچ هەنگاوێکیان بۆ نەنابوو، یان دەکرێ بڵێین هێزی کاریگەر و پێشمەرگەی دەستکراوەی کردەییان نەبوو، شان بەشانی (ی.ن.ک) هەنگاو بنێن، بەڵام سەرێکیان بۆ لەقاندبوون وەک ڕەزامەندی. شەهید حەمەڕەش وەک یەکێک لەفەرماندە دیارەکانی گەرمیان کەپێشتر دەوری کاریگەری هەبوو لەخەباتی پارتیزانیدا، چەندین دۆست و هێڵی تایبەتی هەبوو، کاک نەوشیروان بڕیاری دابوو لەچوارچێوەی بەرنامەی ڕاپەڕیندا.. بەزووترین کات لەگەڵا ژمارەیەک فەرماندە و پێشمەرگەدا بگەڕێتەوە بۆ گەرمیان، چونکە شەهید حەمە ڕەش شارەزایی باشی لە ناوچەکە و ئەزمونی لەگەڵا ڕێکخراوی شاردا هەبوو.. فەرماندەیەک بوو بە توانا و لێوەشاوەیی خۆی لە هەر شوێنێک بوایە، جێدەستی دیاربوو، بەتایبەتی لەگەرمیان، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست و دەستپێکردنی ڕاپەڕیندا.. ڕۆڵ و کاریگەری باش بگێڕن بۆ جۆشدانی مەشخەڵی ڕاپەڕین. هەر بۆ ئەو مەبەستە چەندین دەستە و فەرماندە و پێشمەرگە لەبارەگاکانی سەرسنورەوە بە ناوچەی شاری (سەرپێڵی زەهاو) و سنوری (تەپەڕەش تیلەکۆ) دا هاتنەوە بۆ ناوچەی گەرمیان و قەرەداغ، لەگەڵ خۆیاندا هەندێ خواردن و پێداویستی کەمی ڕۆژانەیان هێنابوو. ئەو فەرماندە و دەستانەی لەکۆتایی مانگی ١١ و١٢/١٩٩٠ گەڕانەوە بریتی بوون لە:

**١**-شەهید مەحەمەد کەریم عیسا، حەمەڕەش لە**١٩٩١/٣/١١** لە خورماتو شەهید بوو.

**٢**-شەهید مەحەمەد حسێن سلێمان، حەمەئاخە، لە **١٩٩٥** لەبان مەقان شەهید بوو.

**٣**-شەهید عەلی حەمە قادر(عەلی سور زەماوەنگە) لەمانگی **١٩٩٣/١٢** لە شەڕی ناوخۆ شەهید بووە.

**٤**-شەهید سابیر نەجم سابیر(مام سابیر) لەمانگی **١٩٩١/٣** لە ڕاپەڕین بە دەستی موجاهدینی ئێرانی لەکفری شەهید بوو.

**٥**-شەهید خەتاب حەسەن حوسێن (خەباتە سور) لەساڵی **١٩٩٦** لە شەڕی ناوخۆ لە دیگەڵە شەهید بووە.

**٦**-شەهید عەلی سەمین محەمەد ئەمین (عەلی سور) لەساڵی**٢٠٠٧** لەکفری تیرۆرکرا.

٧-شەهید خەلیل ئیبراهیم مستەفا (هەژاری ئاساییش) لەساڵی **٢٠١٥** لە شەڕی داعش شەهید بووە.

٨-شەهید کەریم محەمەد کەریم (شێخ کەریمی باخ) لەمانگی **١٩٩١/٣** لە ڕاپەڕین شەهید بووە.

**٩**-شەهید سەرحەد عومەر حەمە ساڵح (سەرحەد دۆلانی) لەساڵی **١٩٩٤** لە شەڕی ناوخۆ شەهید بووە.

**١٠**-شەهید سەباح فەتاح قادر لەساڵی **١٩٩١** لەڕاپەڕبن شەهید بووە.

**١١**-شەهید کامەران سەعید دارا(کامەرانە ڕەش) لەساڵی **١٩٩٤** لە شەڕی ناوخۆ لە ئاقوبانی سنوری شەقلاوە شەهید بووە.

**١٢**-شەهید نادر مەجید جوامێر(نادر وارانی) لەساڵی **١٩٩١** لە ڕاپەڕین شەهید بووە.

**١٣**-شەهید سەید بابا حەمە سەعید لەساڵی **١٩٩٤** لە شەڕی ناوخۆ شەهید بووە.

**١٤**-شەهید سەلاح محەمەد کەریم (سەلاح بچکۆل) لەساڵی **١٩٩٤** لە شەڕی ناوخۆ شەهید بووە.

**١٥**-شەهید ئەحمەد ڕەشید عەباس، ئەحمەدی حاجی ڕەشید، لە **١٩٩٣** لە شەڕی ناوخۆدا لەکفری شەهید بوو.

**١٦**- شەهید خەلیل عەبدولا مەحەمەد ئەمین، خەلیل بیکەیسی، لە **١٩٩٥/٧/٢٥** لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو.

**١٧**-شەهید نەجات نەجم غەریب (شەهید نەجات گەڕەچیایی) لەساڵی (**١٩٩٤**) لە شەڕی ناوخۆ لەسنوری شەقلاوە شەهید بووە.

**١٨**- جەلال کەریم عیسا (مامۆستا جەلال برای حەمە ڕەش).

**١٩**-ئاوات جەناب نوری (ئاوات شێخ جەناب).

**٢٠**-ئەحمەد ساڵح (مەلا ئەحمەد جیران).

**٢١**-لەتیف بابا ڕەسوڵ (شێخ لەتیف).

**٢٢**-نازم شەریف محەمەد (نازم وەستا شەریف).

**٢٣**-ڕەمەزان محەمەد عەلی.

**٢٤**-محەمەد عەبدولڕەحمان محەمەد (حەمە پارێوڵە).

**٢٥**-شکور محەمەد سلێمان (شکور قەرەبلاغی).

**٢٦**-ئاری ڕەووف سابیر (ڕزگار ڕەووف بێگەرد).

**٢٧-**جمعه مەجید ئەحمەد (جمعه مەجید داوێ).
**٢٨-**فایەق تۆفیق فەرەج (فایەق کەلاری).
**٢٩-**تۆفیق ڕەشید.
**٣٠-**عارف عەزیز مارف (عارف گۆمەزەردی).
**٣١-**حەسەن محەمەد کەریم (حەسەن کوڵەجۆیی جاف).
**٣٢-**حەسەن عەلی خەلیل (حەسەن کوڵەجۆیی زەنگابات).
**٣٣-**عومەر ئەحمەد محەمەد (عومەر چەوساوە).
**٣٤-**هیدایەت حەسەن لفتە (کتە کوێر).
**٣٥-**سەیوان غازی سالار (سەیوان مامۆستا غازی).
**٣٦-**سەلام مەجید ئەحمەد (سەلام کۆیی).
**٣٧-**مکەڕەم ڕەشید برزۆ (مکەڕەم کفری) (مجەڕەد).
**٣٨-**هەژار محەمەد ساڵەح (هەژار کەرکوکی).
**٣٩-**عەلی نوری دەروێش (عەلی ئۆمەربلی).
**٤٠-**عەبدولا تەیب نوری (شێخ عەبدولا)، شەش کەس لەخێزانەکەی ئەنفاله.
**٤١-**رەحمان رەشید محەمەد (دکتۆر رەحمان سەرقەلا).
**٤٢-**بەهادین محەمەد ئەحمەد (بەهادین داربەڕوو).
**٤٣-**لوقمان عەزیز کەریم (لوقمان چاوڕەش سلێمانی).
**٤٤-**محەمەد مەجید (حەمەی حاجی مەجید).
**٤٥-**جەلال حەسەن فەرەج (جەلال شەمەیی).
**٤٦-**حەسەن ئەحمەد عەبدولڕەحمان (دکتۆر حەسەن کانی ڕۆشنایی).
**٤٧-**ئازاد حەسەن تۆفیق (ئازاد بان سندوقی).
**٤٨-**جەلال عەلی قادر (جەلال قولیجانی).
**٤٩** -سەلاح محەمەد فەرەج (سەلاح کوێخا).

ئەم پێشمەرگانە کە ناویان هاتووە چوون بۆ سنوری قەرەداغ :

**١-**ئاوات شێخ جەناب.
**٢-**مامۆستا جەلال کەریم.
**٣-**سەرحەد دۆلانی.
**٤-**شێخ کەریمی باخ.
**٥-**لوقمان چاوڕەش.
**٦-**جەلال شەمەیی.
**٧-**شەهید سەلاح حەمە کەریم.

جگە لەم حەوت پێشمەرگەیە، ئەوانی تر بۆ سنوری قەزاکانی (دەربەندیخان و کەلار و کفری و خورماتوو) و ناحیەکانی دانرابوون. هەریەک لە دەستە و مەفرەزە و فەرمانده‌کانیان ڕاسپێردرابوون..

هەرکەسە و لای خۆیەوە، هەوڵ بدات پەیوەندی بە پێشمەرگەی دێرین و خەڵکی تێکۆشەر و مەفرەزەی چەکداری ڕژێم و سەرۆک جاشەکانەوە بکەن. چونکە لە نزیکترین کاتدا ڕاپەڕین دەستپێدەکات چاوەڕوانی گۆڕانکاری عێراق و ناوچەکەین، هەرکەس لای خۆیەوە هەوڵی سەرکەوتنی بدات، لەناو شارەکاندا گروپ و شانەی چەکدار دروست بکەن بۆ کاتی پێویست. لەگەڕانەوەیاندا لە سنورەوە شەهید حەمە ڕەش هەندێ دیاری وەک ڕادیۆ و دوور بین و چەقۆ و کوڵەباڵی هەورامی بۆ ئەو شازدە پێشمەرگەیەی لەخوارەوە بوون.. هێنابوو.

## سەردانی برادەرانی ناو شار

بەپێی گونجاوی بارودۆخ و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانمان، کاک عوسمان لەگەڵا برادەرانی شار بەرنامەی چاوپێکەوتنەکانی دەستنیشان دەکرد، هەندێکجار هەفتانە و هەندێکجاریش لەهەفتەیەکدا چەندجارێک چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ڕێکخراوی ناوشار هەبوو، هەندێکجار لەلایەن ئێمەوە بەر بەستێک یان کۆسپێک دەهاتەپێش.. کە کێوماڵ لە سنورەکە دەکرا بۆ خۆلادان لەدوژمن، دەبوو هەندێک ڕێوشوێن بگرینەبەر، هەندێجار کۆسپ دەهاتە پێشی برادەرانی ناوشار، ئەو کۆسپانە لەهەر لایەکمانەوە بوایە هەندێجار دەبووە هۆی بچڕانی پەیوەندییەکانمان. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە شوێنێکی دیاریکراومان دەستنیشان کردبوو لەکاتی بچڕانی پەیوەندی لە نامەیەکدا بەرنامەی نوێ و ڕاسپاردەمان بۆ یەکتر بەجێدەهێشت، پەیوەندییەکەمان گرێدەدایەوە، ڕۆژی **١٩٩٠/١٢/٢٥** من و (حەسەن حەمید) لەنزیکی (دارکنار)ەکەی نزیک کارێز چاومان بە(ئەبو عەلی) کەوت، هەندێ خواردن و پێداویستی هێنابوو.. پاش گۆڕینەوەی نامە و وتووێژ.. پێویستییەکانمان هەڵگرد و گەڕاینەوە.

## سەردانی کردن

مانگی **١٩٩١/١** پاش گەڕانەوەی (شەهید عەلی سور و شەهید مام سابیر و نازم وەستا شەریف و عەلی نوری ) کەپێکەوە بوون، گەڕانەوەی (شەهید حەمەڕەش) و دەستەکەی و (شەهید کاک ئەحمەدی حاجی ڕەشید و شەهید کامەرانە ڕەش و شکور قەرەبلاغی و حەسەن کوڵەجۆیی) و ئەو برادەرانە هەموویان سەردانیان کردین. ئەو هەموو سەردان و نوکتە و قسەی خۆش و پێکەنین و هەواڵی نوێی برادەرانی سنور.. دڵخۆشی دەکردین، ماوەیەک بوو لەیەک دابڕابووین. لەو ڕۆژانەدا بوو (شەهید عومەر حاجی مەحمود) برای کاک (عوسمان) هات بۆ لامان، لە **١٩٩١/٣/١١** لەلایەن (مجاهیدین)ی خۆفرۆشەوە لەنزیک (سلێمان بەگ) لەگەڵ باوکی و بیست و پێنج هاوڕێی شەهید بوو. لەو ڕۆژانەدا خەڵکی زۆر دەهاتن بۆ لامان لەوانە (حوسێن برام و مامەم ئەبوبەکر) و (حەسەن محەمەدڕەسوڵ) و (شەهیدحەمە نوری و جەلال سەعید) دەیانویست بمێننەوە. پێمان وتن

لەماوەیەکی کەمدا هاوپەیمانان لەعێراق  دەدەن و ڕاپەڕین ڕوودەدات، چەند ڕۆژێکی تر خۆتان ڕابگرن گۆڕانگاری زۆر بەڕێوەیە. خۆتان لەناو شارەکاندا حەشار بدەن لەدەستی دوژمن خۆتان بەدوور بگرن. ئەم پەیامە بە هەموو دۆست و خەڵکێکی دڵسۆز بگەیەنن و هەموو خۆتان ساز و ئامادە بکەن، ڕزگار بوون زۆر نزیکە.

# پەلاماری هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان
# بۆ سەر دەوڵەتی عێراق

لەڕۆژانی سەرەتای مانگی یەکدا.. ڕۆژ بە ڕۆژ هەواڵی لێدانی گورزی توندی سەربازی لەعێراق تا دەهات گەرمتر دەبوو، توێژەرانی سیاسی و سەربازی شەو و ڕۆژ لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەگەری شەڕێکی خوێناوییان تاوتوێ دەکرد. توێژەرە سەربازییەکان لەتوانای سەربازی عێراق دەدوان.. کەپێنجەم هێزی سەربازی و سوپایی هەیە. بەنزیکی.. سوپاکەی  بە دوو ملیۆن سەرباز و چەکدار مەزندە دەکرا. لەگەڵ هێز و سوپای هاوپەیمانان بەراورد دەکرا کە لەسی وڵاتی بیانی و عەرەبی خۆی دەنواند. لەحەشارگەکەی دووبەرازەکە بووین ڕۆژی ١/١٦ ڕاگەیاندنەکان دەیانگوت هیچ چارەسەرێکی ئاشتیانە نەماوە و عێراق مل بەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی نادات و ناکشێتەوە. بڕیاری کردەی سەربازی لە عێراق دراوە و لەئان وساتدایە، هەواڵەکان وا ڕایاندەگەیاند سەرەتا لەدەریای (ناوەڕاست و سور و کەنداوی عەرەبی)ە وە بەلێدانی گورزی هێزی ئاسمانی و ڕۆکێتی دوورهاوێژ دەستپێدەکات.. تا توانا سەربازییەکانی عێرق پەکدەخرێن، دواتر هێرشی زەمینی دەستپێدەکات.

ڕۆژی ١/١٧ تا درەنگانێکی شەو لە ڕێگای ڕادیۆوە، چاوەڕوانی هەواڵی لێدانی عێراق بووین. بەیانی کاتژمێر شەشی ١٩٩١/١/١٨ لەگەڵ کردنەوەی ڕادیۆکەمان هەواڵی یەکەم لێدانی گورزی سەربازی لەکاتژمێر دووی شەوی ١٧-١/١٨ لە لایەن فڕۆکەی هاوپەیمانانەوە بە بەناوی گەردەلولی بیابانەوە بەگوێماندا درا، زۆر دڵخۆش بووین.. ئومێدی سەرکەوتن و گۆڕانکاریمان چەکەرەی کرد.. بەیەکترمان دەگوت ئەم لێدانە کۆتایی حیزبی بەعس و حکومەتە خوێنڕێژەکەیەتی.. سەرکەوتنی گەلانییەتی، بەتایبەت گەلی کورد. ڕادیۆکانمان کردەوە هەر کەسەی بۆ هەواڵێک گوێمان دەگرت. ڕادیۆی بەغداد دەنگی تۆمارکراوی (سەدام حوسێن)ی لێدەدا کە دەیگووت (دیسان غەدرکاران غەدریان لە گەلی عێراقی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر کرد و لەکاتژمێری دووی نیوەشەودا بە ئاگرو ئاسن بەربوونە گیانی خەڵکی بێتاوان و دڵسۆزی عێراق. دوژمنان ئاگادار دەکەینەوە لوتیان دەشکێنین و سەرکەوتن بۆ گەلی عێراقی قارەمانە. داوا لەسوپا و هێزە چەکدارەکان دەکەم بەوپەڕی دڵسۆزی و قارەمانێتییەوە  بەرگری لەخاک و ئاو و ئاسمانی (عێراق) بکەن بەکوەیتیشەوە کەبەشێکە لە خاکەکەمان. ئەگەر هەر دەنگێک لەدەنگی من چوو داوای کشانەوەی سوپای عێراقی لەکوەیت

کرد ئەوە دەنگی من نییە دڵنیابن. هەرگیز لەکوەیت ناکشێینەوە و دەیکەینە گۆڕستانی خاچپەرستان. (سەدام حوسێن فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق).

پاش ئەوە بە درێژایی شەو و ڕۆژ گوێگری چەندین تەقینەوەی گەورە و بەهێزبووین. لەمڕۆوە جوڵەکان زیادی دەکرد بۆ بەرنامەدانان و دروستکردنی شانەی چەکدار لە سەرۆک جاش و فەرماندەی سریە و دەستەی جاش و پێشمەرگەی دێرینی تەسلیم بۆوەی شالاوەکانی ئەنفال. بۆ ئەو مەبەستە کاک (عوسمان) ڕۆژانە نوسراوی چاپکراوی (م س)ی دەنارد بۆ ناوشار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ خەڵکدا دەکرد و چەندین چەکداری ڕژێمی لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکاندا دەبینی. ئێمە ئاگاداری هەندێکی دەبووین و هەندێ چەکدار لەناوشارەوە دەهاتن لەگەڵ کاک (عوسمان) کۆبوونەوەیان دەکرد بە مەبەستی ڕێوشوێنی ڕاپەڕین و دروستکردنی شانەی چەکدار، زۆربەیان سەر و چاوی خۆیان دەشاردەوە بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە.

لە **١/٢٥** من و شەهید (مەجیددوزی)، بە ئەرکێک چووینە نزیک گوندی خدر وەلی لەنزیک جادەی (خورماتو وداقوق) بەرامبەر فڕۆکەخانەی (ئەلبوسباح، حلێوە) لەنزیک گوندی (ئەلبوسباح) و ڕۆژئاوای خورماتوو بووین، بە پێش چاومانەوە فڕۆکەی هاوپەیمانان لەفڕۆکەخانەکەیان داو بوو بە تۆز و دوکەڵان بە دووربین تەماشامان دەکرد کەفڕۆکەیەک ئاگری گرت.. پاش بۆمب بارانەکە دەسوتا و دوکەڵی دەکرد. ئەوەندە پێمانخۆش بوو دەتگوت خۆمان لێمانداوە. ئەو ماوەیە من و شەهید مەجید و سەباح شێخ حەمیدی لە تایەرکەوەی نزیک خورماتوو مایینەوە، لەو ڕۆژانەدا چەندین پێشمەرگەی دێرینمان بینی وەک شەهید (سوڵتان و کاک تەیب و کەریم حوسێن و مستەفای سەعید شورتە).. چەندانیتر کە لەیادم نەماون.

# نوسراوی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک)

لەمانگی ١ و١٩٩١/٢ دا زۆرترین نامەی(م س- ی.ن.ک) ڕەوانەی ناو شارەکان کرا، کە لە سەرکردایەتی لە چاپ درابوو، بەم شێوە نوسرابوو:

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

## سڵاوێکی گەرم. هیوامان سەرکەوتن وخۆشیتانە...

ئەمڕۆ گەل و وڵاتمان.. لەبەردەم گۆڕانکاری گەورە و گرنگ دایە، دەسەڵاتدارانی بەعسی دیکتاتۆر بەگیانی فراوانخوزی و پەلاماردانی دڕندانەی گەل و دراوسێکانی، جەنگێکی ئەوتۆ و گەورە و ترسناک و وێرانکاریان بۆ گەلی عێراق ناوەتەوە.. کەسادەترین کەس ئەزانێ گەل و وڵات دووچاری زیانی گیانی و ماڵی گەورە ئەبێ، هەم لەئەنجامدا لەم نزیکەدا سەدام و ڕژێمەکەی ئەشکێنن.. بێگانە دەست دەخاتە کاروباری گەلەکەمانەوە، سەرەڕای ئەو هەموو خراپەیە کە ڕژێمی تاوانکاری سەدام حسێن دەرهەق بەگەلەکەمانی کردوە. سەرەڕای ئەو هەموو کوشتن و بڕین و ماڵوێرانی و کاولبوونە.. حوکمی دیکتاتۆری توشی گەلەکەمانی کردووە، جەبهەی کوردستانی لەلایەن خۆیەوە.. تەقەی وەستاندووە. نامانەوێ لەپشتەوە پەلاماری هێزەکانی عێراق بدەین. بەڵام چونکە لەشکان و تیاچوونی ڕژێم دڵنیاین بەپێویستی دەزانین بەوپەڕی هۆشیاریەوە توانای خۆمان ساز بدەین و ڕیزەکانی گەلەکەمان یەکبخەین و لەکاتی شکانیدا بەرلەهاتنی بێگانە دەست بەسەر وڵاتەکەی خۆماندا بگرینەوە لەسەر مافی ڕەوای گەلەکەمان پێدابگرین و داخوازیەکانی مسۆگەر بکەین. داواکارین لەو کاتەدا کەپێویست دەکات گەلەکەمان هەموو لە دەوری جەبهەی کوردستانی کۆبێتەوە. ئێوەش ڕۆڵەی بەوەفای گەلەکەمان ببنە هاوکارمان تا هەموومان دەست لەناو دەست بەیەک دەنگ و یەک ئیرادە.. بوونی گەلەکەمان بسەپێنین.. سەربەستی بۆ بهێنینەدی. هەموو پێکەوە وڵاتەکەمان ئاوەدان بکەینەوە و خەڵکە ئاوارەکان و دەربەدەرەکانی بگەڕێنینەوە بۆ گوندە تەختکراوەکانی خۆیان. ژیان و گوزەرانێکی باش بۆ هەموو کەسێکی گەلە چەوساوەکەمان دابین بکەین.. ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێش بخەین.. لەچنگی ژێر دەستەیی و دواکەوتوویی و ناتەبایی دەربازی بکەین. برای خۆشەویست تکایە ئێوە لەباتی ئێمە بەزمانی ئێوە کەسوکار و خزم و دۆستان دڵنیا بکەنەوە. کە سەرو سامان و شەرەفی هەموو کەسێک پارێزراو دەبێت، ڕێگە بە تۆڵە سەندنەوە و پیاو خراپی نادرێت، کەس لەسەر هیچ کارێکی لەمەوبەر توشی تۆڵە سەندنەوە نابێت..حورمەتی هەموو کەسێ

لەسەر چاومان دەبێ، هێزەکەتان وەک هێزی (ی.ن.ک) لەژێر سایەی بەرەی کوردستانیدا بمێننەوە، تکامان وایە ئیلتیزامی تەواو بەجەبهەی کوردستانی و بڕیارەکانیانەوە بکەن. ئومێدەوارین ئێمەش بتوانین چاکە و پیاوەتی ئێوە و هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان بدەینەوە.
هەربژی....

لەجیاتی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

فەرەیدون عەبدلقادر.

# چوونمان بۆ ناو شاری خورماتوو

شەوێکی مانگی **١٩٩١/٢** بڕیارماندا بچینە ناو قەزای (خورماتوو)ەوە بۆ چەند مەبەستێک. یەکەم: بۆ بەرزکردنەوەی ورەی دانیشتوانی کوردو دۆستانی شوڕش و نەیارانی ڕژێم لەناو شاردا, ببێتە هۆی هاندان ونەمانی ترس ودڵەڕاوکێ لەڕژێم, لەکاتی بڕیاری ڕاپەڕیندا به بێترس ڕاپەڕن و پەلاماری دامودەزگاکانی دوژمن بدەن.

دووەم: بۆترساندنی دوژمن هەست بکەن کەتوانای سەربازیان لاوازبووەو پێشمەرگە بەبێترس دێتە ناو شارەوەو ئەگەری ئەوە هەیە لەنزیکترین کاتدا پەلاماری دامودەزگا وماڵەکانیان بدرێت و دەسەلاتیان لەکۆتاییدایە.

سێ یەم: لەناو شار نان بخۆین و هەندێ خواردن لەگەڵ خۆمان ببەین.

من وشەهید (عەلی فەقێ مستەفای وشەهید مەجیدو سەباح شێخ حەمیدی)، پێش خورئاوابوون لەبەرزای (کەڵ هەنجیر)ە کەدەکەوێتە ڕۆژهەلاتی شارەوە چووینە خوارەوەو لەگەڵ خۆرئاوابوون چووینە ناو گەڕەکی (جەمیلە)وە. من وشەهید مەجید بەڕێکەوت چووینە ماڵی پورزایەکی لەگەڵ بینینی ئێمە ژنی ماڵەکە کە پورزای بوو بورایەوەو کەوتە سەر زەوی. ووتم کاک مەجید وابزانم خوێنی ئەم ژنەش هاتە سەرمان ووتی خەمت نەبێ ئەو ژنە پورزامە هەندێ ئاومان بەسەرو چاو ودەست وپێیدا کرد, هاتەوە هۆش خۆی ودەستی کرد بەهاوارکردن بۆ خاتری خوا بەم ڕۆژە لە کوێوە هاتوون. پێنج خولەک پێش ئێستا مەفرەزەی تەوارییەکان لەم کەلاوەی تەنیشت ماڵمان بۆسەیان دانابوو. چۆن خۆتان و ئێمەشتان کردە قوڕدا, دەی بڕۆن دەی دەی بەخوا تیاچووین.

ووتم کاک مەجید هەستە با بڕۆین لەماڵ دەرچووین, شەهید عەلی فەقێ مستەفایی و سەباحیشمان بینی گەڕانەوە کەچووبوونە ماڵەکەی تەنیشت ئێمە بەئەوانیشیان وتبوو ئیستە مەفرەزەی تەوارییەکان لێرەدابوون, لەگەڵ ئەواندا هاتوون یان بینیوتانیان ودەنگیان نەکردووە, بۆخاتری خوا لێرە بڕۆن منەی مەرگی خۆتان دەکەن ئێوەو ئێمەش تیادەچین. دەرچووین لەماڵەکان و وا ڕێککەوتین ئەم جارە بچین بۆ گەڕەکی کۆماریی کیلۆ مەترێک لەوێوە دووربوو. دیسان بۆ ترساندن وتۆقاندنی دوژمن تاکو بڵێن هەموو گەڕەکەکانی شار پێشمەرگەی تێدابووەو سبەی

هەواڵەکان زۆر لەوەگەورەتربکرێ  ئێمە چاوەڕوانی دەکەین ونانیش دەخۆین ولەگەڵ خۆمانیش هەندێ خواردن دەهێنین. لە ناو گۆڕستانەکەوە چووینە ناو شارەوە لەسەرەتا شەهید مەجیدو سەباح لە دەرگایەکیاندا نەیانکردەوە ئینجا لە دەرگایەکی دیکەیانداو چوونە ژوورەوە, شەهید عەلی ووتی تۆ لەم سوچە بوەستە منیش لەم دەرگای  بەرامبەری ئەوماڵەی کە شەهید مەجیدوان چوونە ژوورەوە دەدەم. بەڵام تۆ زۆر ئاگاداربە نەوەک لەسەربانەکانەوە تەقەمان لێبکەن. شەهید عەلی لەدەرگاکەی دەدا دەرگای بەرامبەر کرایەوە کە یەکەمجار سەباح وان لەدەرگایان دابوو نەکرایەوە. ژنێک سەری لە دەرگاوە  دەرهێناو شەهید عەلی لەجێگای خۆی دانیشت کەبەرامبەری دەرگاکەبوو,کەژنە سەری دەرهێنابوو وایزانی شەهید عەلی کوڕی ماڵەکەیە ووتی بەکر ئەوە کێ بوو لەدەرگای ئێمەیدا؟ شەهید عەلی خۆی تێکنەداو وەڵامی دایەوە  ووتی وابزانم تەواریەکان بوون. پیاوەکە لەژوورەوە لەژنەکە توڕەبوو ووتی  بێرە ژورەوە ژنەکە تۆ چیتدەوێ بۆ سەرمان دەکەیت بە قوڕدا, ژنەکە چووە ژوورەوەو دەرگای داخست.

شەهید عەلی بەپێکەنین هات بۆلام ووتی گوێت لێبوو, ووتم بەڵێ وەڵامێکی زۆر گونجاوبوو خۆمانیش با بچینە ئەو ماڵەی تەنیشت ماڵی ژنەکە, ئەمجار من بەشەهید عەلیم وت تۆ لەم سوچە بۆستە من لەدەرگا دەدەم لەگەڵ لێدانی دەرگادا دەتگوت چاوەڕوانی میوان بوون کوڕێکی تەمەن سیازدە ساڵ دەرگای کردەوە لەگەڵ ئەوەی تەماشای منی کرد کە هیچ لە مرۆڤ نەدەچووم پرچ وڕیشی درێژو  تێکئالاو کلاوێکی توکنی  گوێ شۆڕ لەسەرمدا بوو, تاخمم لەسەر پاڵتاوەکەوە بەستبوو زەلامیش لێمان دەترسا نەک منداڵ. لەگەڵ منداڵەکە منیش بەڕا دوای کەوتم کچێکی تولەک دۆڵەکەیەک ئاو بەدەستیەوە بوو بۆ  ژوورەوە دەچوو ئەوەندە بەخێرایی  ڕۆشتم پێش هەردووکیان خۆمکرد بەژووردا. پێموابوو ئەو ماڵە چەکداریان  هەبێ بۆیە کوڕەکە بەڕاکردن ڕۆیشتە ژوورەوە تاکو ئاگاداریان بکاتەوە. خۆمکرد بەژورەکەدا چوار ژن بەبێ پیاو دانیشتبوون ژنەکانم بینی سلاوم لێیان کردو تفەنگەکەم کردەشانم. سلاوی چی واپەشۆکاوبوون دەتگوت گورگیان بینیوە. ناهەقیشیان نەبوو لەهەموو شت دەچووم تەنها لەمرۆڤ نەدەچووم, پێیانمووت خوشکم مەترسن ئێمە پێشمەرگەین تەنها هەندێ نانمان دەوێت, بەلام وا پەشۆکاو شڵەژاو تۆقاوبوون هیچیان پێنەدەوترا. لەوکاتەدا سەباح هاتە ژوورەوە کەس وورتەی لێوە نەدەهات سەباح ووتی: ئەرێ بۆ ئەڵێی داری قوزەڵقورتن قسەیەک ناکەن. ژنێکیان هاتە قسە ووتی: بەوخوایە هیچ  نانمان نییە دایکم دوێنێ کۆچی دوایی کردوە ئەمڕۆ لەپرسە بووم ئێوارە هاتمەوە ئەمانەش بۆ سەرخۆشی هاتوونە بۆ لام.

ژنەکان چەن تەماشام دەکردن لەبراژنم مریەم دەچوون دەمزانی هەندێ پورزای پێش ئەنفال دانیشتوی گوندی (زینانەی ژوور) بوون ماڵی حاجی (عوسمان گەنجە) بوون، بەڵام نەمزانیوە کچیان هەیە و هەرگیز نەیانم بینیبوو نەشمدەزانی کەوتوونەتە کوێوە پێموتن: ئێوە پێشتر خەڵکی گوندی زینانە نەبوون؟ یەکێکیان ووتی:

-نا براکەم.

-پێموایە خەڵکی گوندی زینانەو کچی حاجی عوسمان گەنجە ن؟

-نەخێر عوسمان گەنجە ناناسین. بەبێ نان لەوماڵەش دەرچووین سەباح و شەهید مەجیدش هاتنە دەرەوەو لەشار دەرچووین, تەنها شەهید مەجیدو سەباح هەندێ نان وخورمای قەسپیان هێنا بوو. وەک چۆن بیرمان کردەوەو پلانمان بۆدانابوو بۆ سبەی لەناو شارەوە هەواڵیان ناردو ووتیان ئەمشەو هەموو شار بەتایبەتی هەردوو گەڕەکی (جەمیلەو کۆماری) هەرماڵێک دوو پێشمەرگەی تێدا بووە. چی پیاوی دوژمن لەناو شاردایە خەریکە زەندەقیان دەچێت. پاش ڕاپەڕین یەکەمجار کەلەخورماتوو کشاینەوە چوومە ماڵی عەزیز برام بەبێ ئەوەی لەخەیاڵم مابێ ئەو ژنانەم بینی شێوەیان لەبراژنم دەچوون پێموتن ئەوە چیدەکەن لێرە ئێوە وتتان حاجی عوسمان گەنجە ناناسین وکچی ئەونین. نانیشتان نەداینێ ئێستا دەرتان بکەم؟ ووتیان ئێمە میوان بووین لەوماڵە کەوتی دایکم مردووە ڕاستی دەکرد ئێمە بۆ سەرەخۆشی چووبووین، کە ووتت پێشمەرگەین زۆرترساین ووتمان ئەم پێشمەرگە کێیە ئێمە دەناسێ وترساین ئەو ژنە باسی بکات و تووشی کێشەببین.

# میوانی مام فاروق حەمگوڵ بووین

لەپاش دەستپێکردنی قۆناغی سێیەمی پارتیزانی، واتا پاش گرتنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە, ژمارەیەک بنەڕانی کورد هاتبوونە سنوری ناوچە قەدەغەکراوەکان لەوانە هەردوو بنەڕانی (مام فاروق حەمگوڵی گوندی (کنگربان و ئەحمەد فەرەج، ئەحمەد کراس کوڵ)ی قوڕیچایی لە سەر ڕووباری گوندی (ئۆمەربل). خانویەکی ڕوخاوی ماڵی (حەمەی خلە) یان سەر گرتبوو لەپاش شەڕی گوندی ئۆمەربل لەمانگی **١٩٨٧/٥** دروست کرابوو چەند مانگێکی پاش ئەنفال سوتێنرا دیوارەکەی نەڕووخابوو, ئەوان سەریان گرتبوو لەوێ دەمانەوە, ئەم دوو خێزانە بەخۆیان و منداڵەکانیانەوە کە ئەوەندە منداڵبوون پێکەوە دەوەستان لەپلەکانە دەچوون چواردە تا حەوتساڵیان لەبنەڕانەکە دەمانەوە. بەخۆیان و منداڵەکانیانەوە هاودەنگ وهاوکارێکی باشمان بوون. بەردەوام سەردانمان دەکردن, وهەندێجار خۆیان ئاژەڵێکیان بۆمان سەردەبڕی وبانگیان دەکردین. لە **١٩٩١/٢/٢** من و(شکور قەرەبلاغی وشەهید کامەرانەڕەش و حەسەن حەمیدو سەباح وجەمال شێخ حەمیدی)پێکەوە لەحەشارگەی (برزووت)بووین, (مام فاروق) بانگی کردین مەڕێکی بۆ سەربڕیبووین یەک مەنجەڵ گەورە گۆشتی بۆ لێنابووین. شەو تا درەنگێک لەوێ ماینەوە بەگاڵتەو پێکەنین بەڕێمانکرد. شەهید(کامەرانەڕەش) پیاوێکی گاڵتەچی و قسەخۆش بوو بەردەوام سەرقاڵی کڵاو لەسەرنان ونوکتەو قسەی خۆش بوو, زۆر سەری دەخستە سەر(مام فاروق), مام فاروقیش زۆر گاڵتەچی وقسە خۆش بوو زۆر جوێنی بەشەهید کامەران دەدا. شەهید کامەران بۆئەوەی هاوکاری هەبێ لەدژی مام فاروق دەیگوت مام فاروق حەمەڕەشید قسەت پێدەڵێت. ئەویش دەیگوت ڕەشە خوێڕی تۆ خۆت قونت دەخورێ بۆیە قسەت پێدەڵێم, ئەو پیاوە قسەناکات بەمن، منیش قسەی پێناکەم.

پاش نانخواردن لەکاتی گەڕانەوەمان بۆ حەشارگەکەمان لەگەڵ شەهید کامەران باسی پاش ڕاپەڕین ودروستبونی حکومەتی کوردیمان دەکرد, دەمانگوت لەماوەیەکی زۆر کەمدا ڕاپەڕین

ڕوودەدات وشارەکان دەکەوێتە دەستی خۆمان ودەوڵەتی کوردی پێکدێنین, هەریەکەمان لەوحکومەتەدا کاربەدەستێک دەبین. شەهید کامەران ووتی من دەبمە ئەفسەری سوپاو لەسنوری تورکیا وسوریا وەک ئێستا دوور ماڵ وژیان دەبم. من ووتم من دەمە لەئەفسەری ئاسایش لەناو شاردا کاردەکەم, تۆ لەسنورەوە تەلەفون بۆمن دەکەیت کارێکت هەبێت لەناو شاردا. ڕاپەڕین کراو حکومەتی هەریم پێکهێنراو ئەوبووە ئەفسەرو فەرماندە لەسوپای یەکگرتوی کوردستان, بەداخەوە پاش ئەوەی ئەو سوپا یەکگرتووە لەیەک جیابووەوە و شەڕی ناوخۆ دروست بوولە مانگی **١٩٩٤/١٢** لە گوندی ئاقوبانی نزیک شەقلاوە بەدەستی بەشێک لەو سوپا شەهیدبوو, منیش بوومە ئەفسەری ئاسایش لەکفری ئەرکم دەبینی,

# پێکدا هەڵپژانی برادەران و جاش لەناوگوندی توکندا

پاش داگیرکردنی کوەیت وراپێچکردنی سوپای عێراق بۆ سنوری کوەیت و سعودیەو دروستبوونی بۆشایی دەسەلاتی دوژمن لەناوچەکە. زۆرجار بەبێ ترس وهەندێک جاریش سەرەڕۆیمان دەکرد لەجوڵەی ڕۆژانەماندا, لەکۆتا ڕۆژەکانی مانگی **١٩٩١/٢** شەهید (حەمەڕەش وکاک عوسمان و شەهید ئەحمەد حاجی ڕەشیدو شەهید خەباتە سوور وسەیوان مامۆستا غازی وحەسەن حەمیدو عەزیز برام ومەلاڕەحمان و عومەر چەوساوە) لەحەشارگەی (برزووت) بوون کەدەکەوێتە نێوان گوندی (ئۆمەربل وبەلەگە)وە،بەهۆی ئەوەی شەهید حەمەڕەش ڕزگارکردنی کفری لەئەستۆبوو لەگەڵا کاک عوسمان واڕێککەوتبوون ئەوژمارە پێشمەرگەی دەستەکەی ئێمەی لەگەڵا بێت. سەر لەبەیانی بەئەرکێک بەرێدەکەون کاتژمێر یازدەی پێشنیوەڕۆ لەناو چەمەکەی گوندی (توکن)دا توشی گەلە جاشێک سەربە فەوجی (١٠٠)ی (حەمەی عیسای پیرە)ی قەزای (کەلار) دەبن.لەگەڵ گەیشتنی شەهید حەمەڕەش و پێشمەرگەکان بەناو گوندی توکن جاشەکان لەگوندی (عەزیز قادر) ەوە کەدەکەوێتە باکوری گوندی توکنەوە دەگەڕێنەوە بەرەو ناحیەی (سەرقەلا). بەچەند ئۆتۆمبێلێکەوە لەپڕ توێڵیان بەیەکدا دەتەقێ ڕووبەڕووی یەکدەبنەوە, بەچەند مەترێک سەنگەر لەیەک دەگرن, گەلەجاشەکە (مەحمودو عەتای عیسای پیرە) یان لەگەڵ دەبێت وەک سەرۆک جاش, شەهید کاک ئەحمەدوان ئۆتۆمبێلێکی پڕ لەجاش ئابڵوقەدەدەن لولەی تفەنگەکانیان بۆ دەکەنە ناویانەوە. شەهید (حەمەڕەش)و برادەران پێیاندەڵێن یەک تەقەبکەن هەمووتان دەکوژین لەبەرئەوەی ئێمە ژمارەمان زۆرە هەر ئەم پێشمەرگانە نین کەئێوە دەیبینن, نامانەوێت لەم کاتە هەستیارەدا لەگەڵ کورددا بەشەڕبێین و دەستمان بچێتە خوێنی یەک, ئێمە چاوەڕوانی کاری گەورەو بەرپرسیارانەی ئێوەی چەکدار دەکەین. لەبەرئەوەی لەئان وساتدا گۆڕانکاری زۆر گەورە لەناوچەکەدا ڕوودەدات وکۆتای بەدەسەلاتی بەعس وسەدامی دیکتاتۆر دێت. بەرنامەی ڕاپەڕینی سەرتاسەری لەکوردستان وعێراق هەیە. ئێمە چاوەڕوانی هاوکاری ئێوەوهەموو چەکدارەکوردەکانین کەپێکەوە شارو ناوچە کوردییەکان ڕزگاربکەین. (خولەی عیسای پیرە) دەڵێت: ئێمە تەقە ناکەین ئێوەش تەقە مەکەن ڕێگامان پێبدەن بەرەوشار دەگەڕێینەوە. شەهید حەمەڕەش دەڵێت ڕێگاتان پێدەدەین تەقەناکەین بڕۆن، بەلاّم بیرێک

لەخۆتان وگەلەکەتان بکەنەوە حکومەتی عێراق والە ڕووخاندایە ئێوە دەتوانن لەم گۆڕانکارییانەدا ڕۆڵی کاریگەرببینن, ئەگەر ڕۆڵی جوان و نیشتیمانپەروەرانە ببینن هەتاهەتایە ناوتان لەلاپەڕە گەش وپرشنگدارەکانی مێژوودا دەمێنێتەوەو ئەو ڕابردووە ڕەش وناشرینەتان دەسڕنەوە, وئەگەر وەک ڕابردووتان هەڵسوکەوت بکەن هەتاهەتایە ناوتان لەلاپەڕە ڕەش و قێزەوەنەکانی مێژوودا دەمێنێتەوەو گەل نەفرەتتان لێدەکات. لەکاتی ئەو گفتوگۆیانەدا(عەتای پیرە) ئاربیجیەکەی لەسەرشانی دانابوو بەردەوام ووتبووی: لێمگەڕێن بالێیان بدەم، بەلاّم هەندێ لەجاشەکان و(مەحمود) برای هاواریاندەکرد عەتا نەکەیت. لەوکاتەدا جاشێک بەپێشمەرگەکان دەڵێت ئەفسەرێکی هەواڵگریمان لەگەڵدایە بەبێتەل ئاگاداری سەرووی کردووەتەوەو داوای هێزی کردووە زوو ئێرە بەجێبهێڵن ڕەنگە توشی شەڕێکی قورس ببن, پێشمەرگە بەڕێدەکەون, خولەی عیسا دەڵێت هەندێ تەقە بکەن بەسەرماندا ئێمەش هەروا بۆئەوەی لەگەڕانەوەمان توشی کێشەنەبین, پاش کاتژمێرێک هێزێکی زۆری جاش وسەرباز دوای پێشمەرگەکان دەکەون وتەقەیان لێدەکەن. دوو ولاّخ وبارەکانیان کە هەندێ خواردن وپێداویستی ڕۆژانە دەبێت، جاشەکانی حەمەی عیسا دەیبەن لەکاتێکدا بەلای کەمەوە پێنج کیلۆمەتر لەشوێنی یەکەمەوە دووردەکەونەوە. دواتر بۆمان دەرکەوت بەهۆی کەمی ژمارەیان و لەترسدا تەقەیان نەکردبوو, گفتوگۆکەشیان لەترسەوەبوو نەک بەهۆی دڵسۆزی وگۆڕانی بۆچوونیان لەسەر هەڵوێستی ڕابردوویان, لەڕاپەڕیندا حەمەی عیسا لەدژی شۆڕش وخەڵکی ڕاپەڕیو وەستایەوەو هەڵهات بۆ بەغداد, تاکو کاتی ڕوخاندنی حکومەتی عێراق پیاوی مخابەراتی عێراق بوو دەیان تۆڕی سیخوڕی وتیرۆری لەناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی هەرێم دروست کردبوو, (عەتاو دارا)ی براشی بەهۆی هاوکاری دەزگا ئەمنییەکانی بەعس لەساڵی**١٩٩٣** بەسزای خۆیان گەیشتن.

## دەرکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان

هەواڵەکانی جیهان توانای سەربازی عێراقیان لەڕووی ئاسمانی وشکانی و دەریاییەوە بەفشۆڵ وتێکشکاو بێتوانا گوزارشت دەکرد, ڕۆژانە هەواڵی هەڵهاتنی چەند فڕۆکەو فڕۆکەوانێکی عێراقمان دەبیست بۆ وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت بۆ وڵاتی (ئێران)ی دوژمنی شەڕی هەشت ساڵەی (قادسیەی صەدام). لەچەند ڕۆژی سەرەتای دەستپێکردنی هێرشی هاوپەیمانان بۆسەر(عێراق) هەندێ جوڵەی ئاسمانی وبەرگری لەئاسمانی (بەغداد) وهەندێ شوێنی گرنگ هەبوو, چەند فڕۆکەیەکی هاوپەیمانان کەوتنەخوارەوە، بەلاّم لەپاش چەند ڕۆژێک هیچ بەرگرییەک نەمابوو فڕۆکەی هاوپەیمانان بەبێ ترس چالاکیە سەربازییەکانیان جێبەجێدەکرد وبێ زیان دەگەڕانەوە. لەڕۆژی **١٩٩١/٢/١٥**(ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش) عێراق بەبڕیاری (**٦٦٦**)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەڵەتی ڕازی بوون کەداوای لەعێراق کردبوو لەخاکی کوەیت بکشێتەوە بەبێ (قەیدوشەرت), پێش ئەو بڕیارە (ئەنجومەنی ئاسایش) بڕیارەکانی (**٦٦٠** و**٦٦١** و**٦٦٢** و**٦٦٤** و**٦٦٥**)ی دەرکردبوو.

دوابەدوای ئەوبڕیارە بڕیاری (٦٦٧ و٦٧٠)ی لەسەر کێشەی عێراق وکوەیت دەرکرد، بەڵام پەلاماری هاوپەیمانان بەردەوام بوو لەسەر عێراق, دیسان هەواڵەکان لە **١٩٩١/٢/٢٢** باسیان لەوە دەکرد عێراق بەبڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕازی بووەو ئامادەیە لەخاکی کوەیت بەبێ قەیدوشەرت بکشێتەوە. لەگەڵ لێدانی عێراق وهەواڵی لە کارکەوتنی توانا سەربازیەکانی عێراق وئەگەری هێرشی زەمینی ودەنگۆی کەوتنی عێراق بەیەکجارەکی، هەواڵی هەڵهاتنی سەربازێکی زۆر لەڕیزەکانی سوپا وبەرزبوونەوەی نارەزایەکان لەنێو کۆمەلانی خەڵکی عێراقدا. ئێمەی پارتیزانەکان هەوڵەکانمان زیاتر چڕکردبووەوە بۆ دروستکردنی شانەی چەکدارو دانانی بەرنامەی ڕاپەڕین بۆئەوەی لەگەڵ دەستپێکردنی چەخماخەی ڕاپەڕین بەزووترین کات بتوانین شاروشارۆچکەکانی دەوروبەرمان ڕزگاربکەین. لەمانگی **١٩٩١/٢** دا چەندین پێشمەرگەی دێرین وچەکداری ڕژێممان بینی بۆ ئەو مەبەستە, چەند جارێک (جەلال سەعید توکنی وشەهیدحەمە نوری عەلیانی) سەردانیان کردین. کاک عوسمان چەندین نوسراوی (م س) بەواندا بۆ سەرۆک جاش وخەڵکانی دیار دەنارد, لەورۆژانەدا دووجار جەبار مەلا عەلی جارێک لەنزیک گوندی (چوار شاخ)و جارێک لەحەشارگەی (برزوت)ی نزیک گوندی (بەلەگە) هاتە لامان. جگەلەوەی چەندجارێک لەنزیک قەزای (خورماتوو) کاک عوسمان لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تردا بینیبونی و کۆبونەوەی لەگەڵ کردبوون. لەورۆژانەدا (نوری ئەحمەد داردرێژ) پورزای شەهید عەلی سوور هاتەلامان. کەلە ڕاپەڕین لەسلێمان بەگ بە سەختی بەدەستی مجاهدین بریندارببوو کەمئەندامی کردو گوێکانی لە بیستن کەوتن.

# پلان وبەرنامەی ڕاپەڕین

ئێمە وەک دەستەی کاک (عوسمانی حاجی مەحمود)و ڕەتڵی خورماتوو، ڕزگارکردنی خورماتوو مان پێ سپێردرابوو, هەرچەندە کارمان لەسەر هەموو ناوچەی گەرمیان وەک شارەکانی (خورماتوو، کفری، سەرقەڵا، ڕزگاری، کەلار) دەکرد. بەڵام زیاتر کارو وردەکاری وجەختکردنەوەمان لەسەر خورماتوو چڕکردبووەوە. زۆر بەی کارەکان لە ڕێگای کاک (جەباری مەلاعەلی) ەوە ئەنجام دەدراو دروستکردنی بەشی هەرەزۆری شانەچەکدارەکان ورێکخستن وئامادەکردنی خەڵکی باش وگونجاو بۆڕاپەڕینی خورماتو ڕۆلی بینی.کاک عوسمان پەیوەندی بەزۆر لە پێشمەرگەی دێرین و شانەی چەکدارەوە کردبوو زۆر لەوانەی بینیبوو, بۆئەنجامدانی کارێکی پەلە نەتوانرا پەیوەندی بە کاک جەبارەوە بکات , بۆئەوەی بەرنامەکەیان جێبەجێ بکەن کاک (عوسمان) لە شەوێکی کۆتای مانگی **١٩٩١/٢** بەساڵەح فەرتەنە دەڵێت خزمێک دۆستێک بدۆزەوە ماڵیان لە پەڕی شارەوە بێت بچینە ماڵیان بۆ هەندێ کاری تایبەت وگرنگ لەناو شاردا ؟ ساڵەح ماڵی (عەباس حمید)، پێشتر ماڵیان لەگوندی (شێخ حەمید)ی بناری گل بوو بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان دەکات، پاش ئەوەی ساڵەح بەعەباس دەڵێت بە بێ دوو دڵی دەڵێ ماڵی من ماڵی خۆتانەو لەخزمەتان دەبم لەکاتێکدا ناوبراو خێزانەکەیان سەر بە(حشع) دەبن و چەکداری ڕژێم دەبێت, دەچنە ماڵیان لەوێ دەمێننەوە, کاک عوسمان ساڵەح دەنێرێت بەشوێن (شەهید سوڵتان ومستەفای سەعید شورتە) پێشمەرگەی

دێرین,پاش کاتژمێرێک دێن بۆ لای کاک عوسمان. کاک عوسمان پێیان دەڵێت بۆچی زۆردواکەوتن؟ سوڵتان دەڵێت: توشی دەستەیەک جاش بووین پێمانیان دەگوت بەمشەوە درەنگە کارتان چییە دەسوڕێنەوە,چەندجارێک ویستم بەدەمانچەکەم تەقەیان لێبکەم دواتر ووتم ئەگەر تەقەیان لێبکەم بەرنامەی دیدارو کارەکەمان تێکدەچێت و ناتوانین جێبەجێ بکەین. ئەوشەوە کاک (عوسمان وشەهید سوڵتان ومستەفای سەعیدو جەبار مەلا عەلی) چەند کاتژمێرێک بەناو شاردا دەسوڕێنەوەو زۆربەی دامودەزگاکانی دوژمن دەستنیشان دەکەن و بەرنامەیەکی چڕو پڕ بۆ ڕاپەڕین دادەنێن.

چەندین کەسی دیکە لەناو شاردا دەبینن وچەند شانەیەکی چەکداریان لێ دروستدەکەن. ئەوەی من ئاگاداربم و بیاناسم (جەبار مەلا عەلی) پێشمەرگەی دێرین دەوری کاریگەرو بەرچاوی هەبوو لەدروستکردنی شانەچەکدارەکان و لەکاتی ڕاپەڕین و بەرگریکردن لەشاری خورماتوو. هەروەها(شەهید سوڵتان) لەساڵی(١٩٨٧) تەسلیم بووەوە جێگری کەرتی شەشی تیپی(٥١)ی گەرمیان بوو, پیاوێکی جوامێرو قارەمان بوو, ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاوی هەبوو لەدروستکردنی شانە چەکدارەکان ورزگارکردنی شاردا, ڕۆژی ٣/١٥ لەبەرزاییەکانی خوێکەی چەمی ئاوەسپی لەتێکشکاندن وڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمندالەناوڕەبیەی پەڵکانە بەهاوەنی ٦٠ملم شەهید دەبێت.ئێستا ئەو ڕەبیە بەڕبیەکەی شەهید سوڵتان ناسراوە و(مستەفای سەعید شورتە) پێشمەرگەی دێرین بوو لە ئەنفالدا تەسلیم بووەوە، یەکێکبوو لەپێشمەرگە قارەمانەکانی گەرمیان. (تەیب) برای (شەهید سوارە) یەکێکبوو لەفەرماندە قارەمانەکانی گەرمیان لە ئەنفالدا تەسلیم بووەوە. کەریم حوسێن یەکێکبوو لەپێشمەرگە قارەمانانەکانی گەرمیان. (هاشم خدر وەلی) پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو لەساڵی ١٩٨٨ تەسلیم بووەوە, (حەسەن خدر وەلی) یەکێکبوو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی گەرمیان لەساڵی(١٩٨٧) تەسلیم بووەوە.(خدرپارەپارەی) پێشمەرگەی گەرمیان بوو لەساڵی(١٩٨٦) تەسلیم بووەوە.(شەهید بورهان لەکی) و براکانی پێشتر چەکداری مەفرەزەی تایبەت بوون لە (٢٠٠١) شەهیدبوو. (شکور قەواڵی) پێشتر چەکداری مەفرەزەی تایبەت بوو. (فەرهاد حەمید) ناسراوبوو بە(فەرهاد عەلی داوێ) و براو ئامۆزاکانی پێشتر مەفرەزەی چەکداری تایبەت بوون لە ١٩٩٦ لە شەڕی پەکەکە کوژرا. (فاتیح خەلیفە فەریق) پێشتر چەکداری مەفرەزەی تایبەت بوو. (فازڵ لەکی) پێشمەرگەی دێرین تەسلیم بووەوە. ئەم شانەو دەستە چەکدارانە کەهەندێکیان پێشمەرگەی دێرین و هەندێکی چەکداری ڕژێم بوون پێش ڕاپەڕین پەیوەندیان پێوە کرابوو. هەندێکیان پێش دوو مانگ و هەندێکیان پێش چەند ڕۆژێک پەیوەندیان پێمانەوە کردبوو، ئەوەی جاش و بێهەڵوێست بوو پاش ئەوەی کاک عوسمان بەنامە داوای لێدەکات هاوکاری خەڵکی ڕاپەڕیو بکات ئامادە نەبوو (مەدحەد ئاغا) ی داودەو جاشی فەوجی سوک بوو لەشاری (خورماتوو) پێش ڕاپەڕین هەڵهات و چوو بۆگوندی حەفتەغار بن دەستی ڕژێم.

# هێرشی سەربازیی پیادە بۆسەر عێراق

پاش لێدانی هەموو دامەزراوە سەربازی وئیداری وئابووری وخزمەتگوزارییەکانی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆماوەی سی و حەوت ڕۆژ لەڕێگەی ئاسمانەوە بە فڕۆکە وڕۆکێتی دورهاوێژەوە, عێراق توشی شکست و ئیفلیجیەکی گەورەبوو.

شەوی **٢٤-١٩٩١/٢/٢٥** سوپای سی وڵاتی جیهان کەهاوپەیمانییان بەستبوو لەدژی عێراق, هێرشی زەمینییان کردە سەر سوپای عێراق لەناو خاکی وڵاتی (کوەیت) و سنوری (سعودیە وعێراق).لەچەند کاتژمێرێکدا سەنگەری بەرگری عێراقیان شکاندو کوشتن و خۆبەدەستەوەدانی سوپای عێراق لەشەرگەکان بووبووە جێگای سەرسوڕمان وهەواڵی گەرمی میدیاکان, باسیان لەهەڕەشەکانی پێشووی سەرۆکی عێراق دەکرد چۆن لەشکستی هاوپەیمانان دەدوا ئەگەر بیانەوێ لەسەنگەری بەرگری عێراق نزیک ببنەوە, بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو سوپا بەهێزو دوو ملیۆنیەی عێراق ئەوەی خۆی ڕادەست نەکرد کوژرا, بەڕێکەوت تاک وتەرا لەسەنگەرەکانی پێشەوە دەربازبوون. ئەوەشی ویستی ڕابکات لەڕێگای شاری (سەفوان) کەدەکەوێتە نێوان (کوەیت)و پارێزگای (بەسرە) وە کوژرا, سەفوان نزیکترین شاری سەر سنوری کوەیتە، ڕێگای سەفوان بەڕێگای مەرگ ناودەبرا لەلایەن میدیا جیهانییەکانەوە.چونکە بەپێی ئامارێک تەنها لەوڕێگایەدا زیاد لە(١٠٠٠٠) سەربازی عێراقی کوژرا لەڕۆژەکانی **٢٦** و**١٩٩١/٢/٢٧.** لەگەڵ ئەو هەواڵانەدا ئێمە زیاتر دڵخۆش دەبووین, بەتێکشکان ولەناوچونی ئەو سوپایەی کەلە هەشتا ساڵی ڕابردوودا جگەلە نەهامەتی وکوشتن وبڕین هیچی دیکەی بۆ گەلانی عێراق و بەتایبەت گەلی کورد نەهێنابوو. ئەو سوپایەی لەساڵانی **١٩٨٧** و**١٩٨٨** زۆرترین چەکی کیمیای قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە دژی گەلەکەمان بەکارهێنا, کە لەسەد ساڵی ڕابردوودا لەجیهاندا ئەوەندە چەکی کیمیایی بەکارنەهاتبوو. تاوانی ئەنفالی ئەنجامدا(١٨٢٠٠٠) ڕۆڵەی گەلەکەمانی زیندە بەچاڵکرد زیاد لە(**٥٠٠٠**) گوندی خاپورکرد. هەزاران ڕەزو باخی سوتاند, هەزاران کانیاوی تەقاندەوەو کۆنکریتی کردو کوێری کردەوە. لەگەڵ ئەو هەواڵانەدا هەستمان دەکرد هەنگاوێک زیاتر لەخۆری ئازادی نزیکدەبینەوە. هیواو ئاواتێکی زۆرمان هەبوو، ئومێدی زۆرمان بەسەرکەوتن هەبوو, ساتبەسات چاوەڕوانی بڕیاری شۆڕش وچەغماغەی ڕاپەڕین بووین, جوڵەی زیاترمان دەکردو پەیوەندی زیاتر بەچەکدارەکانەوە دەکرا. دەرهێنانی چەک وتەقەمەنی وچاوەڕوانی شکستی یەکجارەکی ولەگۆڕنانی دوژمنە سەرسەختەکەمان بووین, چاوەڕوانی چەخماخەیەک بووین کۆتایی بەشەوە زەنگ بێنێت وگۆڕانکاری سەرتاسەری لەڕەگ وڕیشەوە بهێنێت. بەخولەک ڕادیۆکانمان لەبن گوێمان دوور نەدەخستەوە. کاتژمێر لەدوای کاتژمێر باسی شکستی گەورەی سوپای عێراق دەکرا.

ڕۆژی **١٩٩١/٢/٢٦** پاشنیوەڕۆ گوێبیستی بڕیاری کشانەوەی سوپای عێراق بووین لەکوەیت لەلایەن دەنگی تۆمارکراوی گەورە دیکتاتۆر (صەدام حوسێن)ەوە کە دەیگووت: بڕیارماندا هەموو هێزە چەکدارەکانمان لە خاکی کوەیت بکشێنینەوە بەبێ قەیدوشەرت. ئەم بڕیارەی (صەدام) و عێراقمان

لەوپەڕی شکستی ڕووخاندا بینی, ئەوەندەی دیکە دڵخۆش بووین, بەبۆچوونی ئێمە صەدام وحکومەتی عێراق لەسەرلێواری گۆڕە.

# وەستانی شەڕی هاوپەیمانان وعێراق

سەر لەبەیانییەکی زۆرساردی **١٩٩١/٢/٢٨** لەچواردەوری کوانووە دوکەڵاوییەکەی حەشارگەی (برزوت) دانیشتبووین سەرقاڵی نان و چاخواردن بووین. لەپڕ یەکێک لەبرادەران ووتی:

-ئەی باوکەڕۆ کۆتاییمان هات ئەمجارەش هەرچی هیواو ئومێدێکمان هەبوو مرد.

-ئەوە چییە بۆ کۆتایمان هات بۆناڵێی حکومەتی عێراق کۆتایی هات؟

-چییە؟ ماڵمان وێران بوو ئەوئومێدەی هەمانبوو ئەویش کۆتایی هات شەڕی گەردەلوولی بیابان وەستا .

-شەڕی کەنداو ڕاگیرا چۆن چۆن ڕاگیرا کێ دەڵێت؟

-ئەوە ڕادیۆی (مۆتیکارلۆ) یە وادەڵێت: چەند خولەکێک پێش ئێستا (جۆرج بۆش)ی سەرۆکی ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی کەنداوی داوە.

-کورە چۆن ڕایدەگرن ئەوە حکومەتی عێراق خەریکە دەکەوێت ئیزاعەی (مۆتیکارلۆ) درۆدەکات بیخە سەر ئیزاعەیەکی تر.

بەدوای چەند ئیزاعەی هەواڵیدا گەڕاین هەموو باسیان لەوتارەکەی جۆرج بۆش دەکرد. هەواڵێکی زۆر ناخۆش وجەرگبڕ بوو هیچ ئومێدمان بەڕاپەڕین وسەرکەوتن نەما, هەموو چارەمان بەیەکدا دابوو جوێنمان بەهاوپەیمانان وبەتایبەت ئەمریکا و(جۆرج بۆش) دەدا,

دەمانگووت: لەپاش ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی (عوسمانی)و شەڕی یەکەمی جیهانەوە لەساڵی (**١٩١٨**)وپەیمانی (سیڤەر) لەساڵی**١٩٢٠** بۆ یەکەمجار هەلو مەرجی ڕزگاربوون وسەربەخۆی ودەوڵەتی کوردی بۆ کورد ڕەخسا لەبەرخیانەتی ژمارەیەک کورد بەناوی ڕۆشنبیر و علمانییەوە دەستیان لەگەڵ (کەمال ئەتاتورک)ی خوێنمژ تێکەڵ کردو ئەو دەرفەتەیان لەباربرد, بۆ دووەمجار هەلومەرجی ئێستایە کە لەبارترین کات بوو لەپاش هەفتا ساڵ بۆ ڕزگاری و دروستبوونی قەوارەو کیانی کوردی، وا ئەمجارەش ئەو خەونەمان لەبارچوو وئەو هیوایەمان کەچەکەرەی کردبوو ژاکا. ئەوەی بەدەمماندا دەهات دەمانگووت بەهەموو ولآتانی ناوچەکەو ئەوروپاو شەرق وغەرب, هەموو ئۆباڵەکەشی دەماندایە پاڵ ئەمریکای زلهێز, پێمانوابوو ئەمریکا نایەوێت لەم کاتەدا دەوڵەتی عێراقی بڕوخێت. کەتاکە ولآتی دژی (ئێرانی بەناو ئیسلامی شیعی توندڕەو)کە بنکەی تیرۆر بوو. پێمانوابوو ئەمریکا بۆیە ئەم شەڕەی ڕاگرت پێی وایە شیعەکان لەباشووری عێراق لەجموجوڵدان وهەوڵی کۆنترۆڵکردنی باشوور دەدەن, لەڕاستیشدا وابوو. زۆرجار هەواڵەکان جموجوڵی شیعەو دانیشتوانی باشووری عێراقی ڕادەگەیاند. ڕاپۆرتی کۆتایی شەڕ لەلایەن هاوپەیمانانەوە ڕاگەیەنرا باس لەگرتن وڕادەستکردنی دەیان هەزار ئەفسەرو سەربازی عێراقی دەکرا, باس لەتەفروتونا کردن وشکانی هەموو(ئالیات)ی عێراق کرا لەسنوری کوەیت, ڕاپاندەگەیاند تاکە تانکێک دەربازنەبووە, هەموو لەلایەن فڕۆکەی

هاوپەیمانانەوە کراوەتە ئامانج و تێکشکاون, باس لەوە دەکرا (١٠٠,٠٠٠)موشەک و(٨٨,٥٠٠) تەن بۆمب وتەقەمەنی بەسەر دامەزراوە سەربازی وسوپای عێراقدا تەقێنراوە. لەو ڕۆژانەدا سوپای عێراق بەبڕیاری (صەدام حوسێن) لەسنوری قەزای (شەنگال)ەوە چەند موشەکێکی دوور هاوێژی ئاڕاستەی وڵاتی (ئیسرائیل) کردبوو, زۆربەی هەرە زۆری لەلایەن سەکۆی دژە موشەکەوە لەئاسمان دەپێکراو دەکەوتەخوارەوە. لەکاتی ئەو بێئومێدی وبێزاریەدا جەمال شێخ حەمیدی لەووتەی گاڵتەجاڕی و پێکەنیناوی نەدەکەوت. دەیگووت بەخوا هەرچی تەماشا دەکەم لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەرچی دوو برا هەیە, دوو دوو بەم قەد پاڵەوە قون دەکەن لەڕەشەبا لەلایەن کۆپتەری عێراقەوە دەکوژرێین. ئەوبرادەرانەی پێکەوە بووین دوازدە دوو برامان تێدا بوون بۆ نمونە کاک(عوسمان وشەهید عومەر) برای، (عوسمان مەلا جەمیل وساڵەح برای)، (مەلا ڕەحیم ومەلا ڕەحمان) برای، (عەلی ئۆمەربلی وعومەر) برای، (من وعەزیز) برام. لەگەڵ ئەو هەموو بێئومێدیە لەگاڵتەو ووتەی خۆش کۆڵمان نەدەدا,پێمان وابوو گۆڕانکاری ڕووبدات وراپەڕین بەرپادەببێت چونکە عێراق توانا سەربازیەکانی لەسەدا هەشتا لەدەستداوە. ئەگەر گۆڕانکاریش ڕوونەدات بە چەندین ساڵی تر وەک پێش گرتنی کوەیت بەهێز نابێتەوە کە پێنجەم سوپاو هێزی چەکداری جیهان بوو, ئێمە لەوکاتەدا دڵی خۆمان بەم خەیاڵانە دەدایەوە دەمانگووت نابێت ورەو بیروباوەڕمان لەدەست بدەین، چونکە ئێمە لەپاش ئەنفال و وەستانی شەڕی (عێراق ئێران)و دەستکراوەی ئەو سوپا زەبەلاحە کە وڵاتی ئێرانی نەوەد ملیۆنی بەچۆکدا هێنا بێ ئومێد نەبووین وچۆکمان دانەدا ئیستا بۆ چۆک دابدەین.

## پلان و ئامادەسازی شۆڕش بۆ ڕاپەڕین

ڕۆژانە لەڕێگای پەیوەندی بێتەل و نوسراوەوە ڕێنوێنی وڕاسپاردەی نوێ لەلایەن(م س)و سەرکردایەتییەوە پێماندەگەیشت,پاش وەستانی شەڕو بێئومێدی ئێمە سەرکردایەتی بە هەموو دەستە پارتیزانەکانیان وتبوو خۆتان سازوئامادە بکەن ولە ئامانجەکانتان نزیکببنەوە چەغماغەی ڕاپەڕین زۆر نزیکە. وەک پێشتر باسمکرد هەموو ڕەتڵێکی پارتیزان وئەو دەستانەی تازە لەسنورەوە هاتبوونەوە بۆ باشوور شوێنی کارو ئامانجەکانیان بۆ دیاریکرابوو بۆ ڕاپەرین و ڕزگارکردنی شاروشارۆچکەکان.

پلان و دابەشبوونی فەرماندەو ڕەتڵەکانی خوارەوە بەم شێوەی خوارەوە دابەشکرابوون.

گەرمیان میحوەری یەک بوو کاک عومەر فەتاح لێپرسراوی گشتی و کاک شێخ جەعفەر فەرمانەی سەربازی بوو.پاش ڕزگارکردنی شارەکان فەریدون عەبدلقادر بەرپرسی میحوەری شارە زوور بوو بوو بەلێپرسراوی میحوەری گەرمیانش, سنوری میحوەرەکە:

- لەباکورەوە قەزای دەربەندیخان و زنجیرە چیای گولان وزەردە وسەگرمە وتاڕێگای قەرەداغ سەنگاو.

-لە باکوری ڕژئاواو ڕۆژئاوای ڕێگای سەنگاو و قادر کەرەم و خورماتو.

-لە باشوری زنجیرە چیای حەمین .

-له ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیای زمناکۆ و خۆشک و بەمۆ و شەواڵدڕە تا قەزای خانەقین.
فەرماندەو ڕەتلەکانیش بەم شێوە دابەشکرابوون.
١-ڕەتڵی دەربەندیخان کاک مەحمود سەنگاوی.
٢-ڕەڵی باوەنور کاک کوردۆ قاسم.
٣-ڕەتڵی کەلار کاک عەدنانی حەمەی مینا.
٤-ڕەتڵی کۆمەڵگای ڕزگاری (صمود) ناحیەی ڕزگاری مامۆستا عەلی عەبدلا.
٥-ڕەتڵی کوڵەجۆ کاک عادل شکور.پاش ڕزگار بوونی کوڵە جۆ بوو بە بەرپرسی کفری.
٦-ڕەتڵی کفری شەهید حەمەڕەش,پاش ڕزگار کردنی کفری بەبڕیاری میحوەری یەک لەگەڵا کاک عوسمان هات بۆ خورماتوو.
٧-ڕەتڵی خورماتوو کاک عوسمان حاجی مەحمود.
هەر ڕەتڵێک ژمارەیەک فەرماندەو پێشمەرگەی بۆ دانرابوو,
ڕەتڵی ئێمە بۆ ڕزگارکردنی خورماتوو دەستنیشان کرابووین,
پاش پێشنیازی شەهید حەمە ڕەش لەگەڵ کاک عوسمان و وتووێژی وردو هەڵسەنگاندنی ناوچەکەیان کردبوو لەڕووی جوغرافیاو پێکهاتەی دانیشتوانی سنورەکەوە پێیان باشبوو بەرنامەی نوێ بۆ ڕزگارکردنی کفری وخوماتوو دابڕێژن, پێشتر بڕیار وابوو (شەهید حەمەڕەش) لەگەڵ ڕەتلەکەی بەتەنها بچن بۆ ڕزگارکردنی قەزای (کفری)و(کاک عوسمان)و ڕەتڵەکەی لەهەمان کاتدا قەزای (خورماتوو) ڕزگار بکەین. بەلام لەگەڵ دەستپێکردن ونزیکبوونەوەی چەخماخەی ڕاپەڕین هەردووکیان بۆچونیان وابوو هەردووقەزای ( کفری خورماتوو) بەهۆی دواشاری کورد نشینی هاوسنوری عەرەب, بەتایبەت هەڵکەوتەی جوگرافیی (خورماتوو) بۆ دوژمن شوێنێکی زۆر گرنگە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای پارێزگای (کەرکوک)ی نەوتاوی و(بەغداد)ی پایتەختی عێراقەوە. ودەکەوێتە سەر ڕێگای پارێزگای (تکریت)ی زێدی (سەدام حوسێن)ی سەرۆککۆماری دیکتاتۆرەوە, وهاوسنورە لەگەڵ سەدان گوندنشینی عەرەبی ڕەگەزپەرست سالانیکی زۆرە حکومەتی بەعس بۆبەعەرەبکردن ودەرپەڕاندنی کورد لەناوچەکە لەخوارو و ناوەڕاستی (عێراق)ەوە هێنراونەتە سنورەکەو ڕابردوویەکی دورو درێژیان هەیە لەدوژمنایەتی کورد. پێکهاتەی دانیشتوانی لەکورد وعەرەب و تورکمان پێکهاتووە. بۆیە ئەگەر لەپێشدا قەزای (کفری) ڕزگار نەکرێت و ڕێگایەکی ئازادورزگارکراوی نەبێت بۆ هێنانی هێزو پێداویستی زۆر ئاستەمە بتوانرێت بەرگری لێبکرێت وبپارێزرێت. ئێمە لەچەند مانگی پێشوودا ئامادە سازی زۆر باشمان کردبوو بۆ ڕاپەڕین وکۆنترۆڵکردنی خورماتوو، دڵنیاشبووین لە کەمترین کاتدا ولەماوەی چەند کاتژمێرێکدا دەتوانین تەواوی دام و دەزگاکانی شار کۆنترَۆڵ بکەین کەواش بوو, بەلام هەموومان بەگومان بووین کە بتوانرێت بەئاسانی بیپارێزین. لەبەرئەوەی خورماتوو دواشاری کوردنشینی تێکەڵ بەنەتەوەکانی تربوو لەباشووری خاکی کوردستان. هەموو بۆچونەکان لەکاتی ڕزگارکردنی شاردا وەک خۆی هاتەدی وزۆر ڕاستبوو بەکردارەکی ئەو ڕاستیەمان بۆ پشتڕاست بووەوە, گەورەترین وخوێناویترین شەڕو بەرگریکردن لەڕاپەڕینی **١٩٩١** دا لەقەزای (خورماتوو) دا کرا. پاش ئەو وتووێژوو لەیەکدانەوەو پلانە نوێیەی داڕێژرابوو، بڕیاردرا کە ڕەتلەکەی

(شەهید حەمەڕەش)و بەشێکی زۆری ڕەتڵی ئێمەش لەنزیک شاری کفری جێگیرببن وچاوەڕوانی چەخماخەی ڕاپەڕین و بڕیاری نوێ بن و ئێمەش نۆپێشمەرگە بچین بۆ هەردەی (تاوێرکەوە)ی نزیک قەزای (خورماتوو) و لەئامانجەکەمان نزیک ببینەوەو چاوەڕوانی بڕیارو برووسکەی کاک عوسمان ببین,لە ڕادیۆی گەلی کوردستانەوە بەم شێوەیە ئاگاداری لەنازمەوە بۆهەموو شانە چەکدارەکان زەماوەند گەرم کەن ئێمە بەڕێوەین بۆلاتان دێین.

# چەخماخەی ڕاپەڕین لە ڕانیەوە

سەرلەبەیانی ڕۆژی **١٩٩١/٣/٥** یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین لەناوچەی (پشدەر)و قەزای (ڕانیە)وە لێدراو تائێوارە تەواوی قەزاکەو دەوروبەری لەدام ودەزگاکانی دوژمن پاککرایەوە. ڕۆژی**٣/٦**دەشتی بتوێن پاککرایەوە تەنها فەوجەکەی پشت(قادر ئاوای)پشت سەنگەر مایەوە, شەڕێکی سەختیان کرد پاش کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی دوژمن وشەهید بوونی چەند پێشمەرگەو هاوڵاتییەک ئازادکران.

هەمان ڕۆژ(فرقەی **٤٤**) کە لەقەلاّی ناحیەی(چوار قوڕنە)بوو گیرا. هەرچەندە لیوایەکی سوپایان نارد بۆ پاڵپشت کردنیان, ئەو هێزانەش پاش شەڕێکی سەخت وپاش کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لەدوژمن وشەهیدبوونی چەند پێشمەرگەو هاولاّتییەک هەموو گیران.

کلکەی(کۆڵێن وجیلەو بەرزاییەکانی(دۆڵەڕەقە)کە هێزێکی زۆری پێوەبوو بەبێ شەڕ دابەزین وخۆیان ڕادەستی پێشمەرگە کرد. وهەمان ڕۆژ**٣/٦** هەردوو کۆمەڵگای(بازیانی یەک وبازیانی دوو)و دەوروبەری گیران ولە دوژمن پاککرانەوە.

ڕۆژی**٣/٧**چەخماخەی ڕاپەڕین لەناو شاری سلێمانی لێدرا بۆ یەکەمجار هەڵیانکوتایە سەر بنکەی(حامیەکە)و پۆلیسی(سەرا)و(ئازادی) ئازادکران. چەخماخەی ڕاپەڕین لەوێوە هەڵگیرساو هەموو شاری گرتەوە, پەلاماری (ئەمنە سوورەکە) درا کە سالاّنێکی زۆربوو بووە جێگای کوشتن وبڕین و قەسابخانەیەک بۆ ئازادیخوازان وشۆڕشگێڕانی کوردستان, خەڵکی سلێمانی و هێزی پێشمەرگە زۆر داخ لەدڵ بوون بۆی, خائینان وخۆفرۆشانی شار ئەوەی زۆر خیانەتی بێوێنەیان بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجام دابوو هەموو خۆیان خزاندبووە ئەوێوە, جگە لەسەدان ئەفسەرو کارمەندی ئەمنی سلێمانی کەسالاّنێکی زۆربوو دەستیان سووربوو بەخوێنی ڕۆڵەکانی کورد, هەموو لەترسی تۆڵەی کۆمەلاّنی خەڵکی ڕاپەڕیوو، خۆیان خزاندبووە ئەو قەلاّ بەهێزەی زەبرو زەنگی دەیان ساڵەیان وشەڕی مان ونەمانیان دەکرد, تا ئێوارەی **٣/٨** پاش دوو ڕۆژ شەڕی خوێناوی کەچەندین پێشمەرگەو لاوی ڕاپەڕیویان شەهیدکرد, هەموو تاوانبارانی ناو(ئەمنە سوورەکە) بەسزای گەل گەیشتن وچوونە زبڵدانی مێژووەوە, لەناویدا یەک لەگەورە خۆفرۆشی گەرمیان لە سەردەمی ئەنفالدا بەڕێوبەری ناحیەی(صمود) ڕزگاری بوو,وە کەس وکاری قوربانییەکان دەیگێڕنەوە لەلایەن پاسەوانە بەکرێگیراوە کانییەوە ڕۆژانە سوکایەتیان بە دەروازبوانی ئەنفال دەکرد,کەلەکەڵبەی سوپای ئەنفال ڕزگاریان بوو,کاتێک دەچوونە پێش ناحیە بۆ داواکردنی زەوی وپێداویستیەکانی ژیان,ڕۆژی **٣/٨**

قەزای(چەمچەماڵ وهەڵەبجە)و ناحیەی (عەربەت)و گۆمەڵگاکانی دەوروبەری (زەڕایەن ونەسر وباریکە و پیرەمەگرون وئەلایی) ڕزگارکران. هەمان ڕۆژ۳/۸ ئەو سوپایەی بەسەر ڕەبیەکانی چیای(مامەندە)ی سەرسنوری دەستکردی ڕۆژهەلات وباشوورەوە بوون کە دەکەوێتە سەر دۆڵی(ناوزەنگ)ەوە کەبارەگاکانی سەرکردایەتی (ی ن ک) لێبوو, بەبێ شەڕ دابەزین وخۆیان ڕادەستی پێشمەرگەکرد, (قەلای سوسێ) ڕزگارکراو هێز بەرەوقەزای(دوکان) ڕۆیشت, لەولاشەوە ناحیەی (خەلەکان) ڕزگارکران ولەهەردوو لاوە هێز بەرەوقەزای(دوکان) ڕۆیشت وبۆ ئێوارەی۳/۸بەتەواوی ڕزگارکرا. هەمان ڕۆژ قەزای(کەلارو دەربەندیخان) وناحیەی(ڕزگاری وپێباز) ڕزگارکران. چیای(هەیبەت سوڵتان) کەدەکەوێتە ڕۆژهەلاتی قەزای کۆیەو نێوانی قەزاکانی(ڕانیە، کۆیە، دوکان)ەوە چەند لیوایەکی زرێپۆشی لێ جێگیر کرابوو بۆ بەربەستکردنی شۆڕش وڕاپەڕین تا لەوچیا بەرزو سەرکەشە بەر بەهێزی پێشمەرگە بگرن و شەپۆلەکە لەوێ ڕابگرن, بەهۆی ئەوەی قەزای(کۆیە)گیرابوو کە دەکەوێتە پشت وڕۆژئاوای هێزەکەوە پاش چەند کاتژمێرێک شەڕ هەمووی گیران.

ڕۆژی۳/۹کاتژمێر چواری بەیانی شەهید حەمەڕەش وکاک عوسمان بە هێزێکی چل تاپەنجا پێشمەرگەوە پاش بەرگرییەکی کەم توانیان قەزای (کفری) کۆنترۆڵ بکەن, هەرچەندە ڕۆژی۳/۷هەریەک لە(شەهید کامەرانەڕەش وشەهید نەعمان حەمە ئەمین وحاتەم حاجی ڕۆستەم و قاسم ئەحمەدیارە وسیروان حەمەڕەشیدو هەریەک لە(عەفان محەمەد ئەمین وسیروان عومەر فەرەج ونەبیل ئەبو بەکر)کە ئێستا لە ژیاندا نەماون لەماڵ حاتەم حاجی ڕۆستەم سەرقاڵی خۆئامادەکردن دەبن بۆ ڕاپەڕین, دەزگا ئەمنیەکانی قەزای(کفری) گومانی جموجوڵیان دەکەن و دێنە سەریان, پاش چەند کاتژمێر شەڕی قارەمانانەو بەرگری بێوێنە شەو دەربازدەبن, لەشەڕەکەدا ئۆتۆمبێلی دەزگای ئەمن دەسوتێنرێت وچەند ئەمنێک بریندار دەبێت و(حاتەم حاجی ڕۆستەم) بریندار دەبێت ولاقێکی دەشکێت. بۆ شەوەکەی (شەهید حەمەڕەش ومحەمەد مالیە)و چەند پێشمەرگەیەک دەچنە ناوشارەوەو تەواوی شار بەئۆتۆمبێل دەگەڕێن و هەموو دام ودەزگاکانی دوژمن دەبینن وبەرنامەی هێرش وپەلامارو ڕاپەڕین دادەڕێژن ولەناوشاردا دەمێننەوە. شەوی۸–۳/۹ کاک(عوسمان)و هێزەکەش دێنە ناوشار ولەکاتژمێر چوار چەخماخەی ڕاپەڕین لێدەدرێت و لەماوەیەکی کەمدا کۆنترۆڵی تەواوی شار دەکەن تا کاتژمێر شەشی بەیانی کۆتایی دێت.

وەک ئەوەی پێشتر بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو ئێمە ئەو نۆ پێشمەرگە پێشتر ئاماژەم پێدا لەچەند ڕۆژی پێش دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە(تاوێرکەوە)ی نزیک قەزای(خورماتوو) چاوەڕوانی گۆڕانکاری وڕووداوەکان بووین, چاوەڕوانی کۆنترۆڵکردنی قەزای کفری وفەرمانی کاک(عوسمان)بووین. بەرنامە دانرابوو کاتێک ئێمە لەڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە گوێبیستی ئازاد کردنی قەزای کفری بووین چاوەڕوانی فەرمانی کاک(عوسمان)بین, نهێنی فەرمانەکە بەمشێوە بوو لەنازم بۆ شانە چەکدارەکان زەماوەند سازبکەن. ئێمە بەڕێوەین بۆلاتان دێین. لەگەڵ فەرمانەکە ئێمە نزیکی شار ببینەوەو چاوەڕوانی دەستپێکردنی ڕاپەڕین ببین لەناوشاردا لەگەڵ دەستپێکردن و لێدانی یەکەم چەخماخەدا خۆمان بکەین بەناو شاردا.

# ڕاپەڕینی قەزای خورماتوو

هەڵکەوتەی جوگرافیای قەزای خورماتوو، نزیکەی (١٨٩) کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری بەغدادی پایتەختەوە، بە(٧٧) کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری پارێزگای کەرکوکەوەو(٩٧) کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی پارێزگای تکریتەوە، و (٤٨)کیلۆمەتر دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای قەزای کفری یەوە, ڕێگایەکی سەرەکی بەناو قەزاکەدا تێدەپەڕێ پارێزگاکانی(کەرکوک, تکریت, دیالە)پێکەوە دەبەستێ, ڕۆژهەلاتی ڕیزە بەرزاییەکانی گەچەکەیە لەنێوان گوندی دوازدە ئیمام و ناساڵەحی نزیک قەزای کفری دەستپێدەکات تا چوار کیلۆمەتر باکوری قەزای خورماتوو.دیسان لەسەرووتر بەجەولا بۆردا بەڕۆژهەڵتی کەرکوکدا تێدەپەڕێت. لەڕۆژهەلاتیەوە ڕووباری ئاوەسپی لەنێوان بەرزاییەکانی خوێکەو ئیمام عەلی دا دێتە خوارەوەو بەباشوری شاردا تێدەپەڕێ. باشور، باکور، ڕۆژئاوای دەشتاییە,

پرۆژەیەکی ئاوی دەستکرد کە بە(ئاوی عەزێم) و (مشروع صەدام) ناسراوە لەباکورە دێت و بەڕۆژئاواو باشوری شاردا تێدەپەڕێت, کە پانییەکەی چل وقوڵی نزیکەی چوارمەتر دەبێت, سێ پردی لەسەرە بۆ دەربازبوون بەسەریدا, لە باکورەوە پردی ڕێگای پارێزگای کەرکوک ولەپشتی سایلۆکەوە پردێکی بچوک کە ڕێگایەکی گڵی لەسەرەو لەڕۆژئاواوە پردی ڕێگای پارێزگای(تکریت–صلاحەدین)ی لەسەرە,ئەم پرۆژە ئاوە بەربەستێکی دەستکردە لەپەڕینەوەو دەربازبوونی ئالیات ومرۆیی لەکاتی بوونی ئاودا جگە لەم سێ پردە ڕێگای دەربازبوونی دیکەی نییە. دانیشتوانی شار بەسەر سێ نەتەوەدا دابەشبوون (کوردو عەرەب وتورکمان). تورکمانیش (شیعەو سونە)ن، کورد هەزاران ساڵەو تورکمانیش لە سەردەمی داگیرکارییەکانی تورکەوە لەسەدەی ١٦و١٧ودواتر هاتونەتە سنورەکە و نیشتەجێ بوونە,ژمارەیەکی زۆری عەرەبیش لەیەک سەدەی ڕابردودا لەکاتی جیاجیادا هێنراونەتە سنورەکە بەهۆی سیاسەتی بەعەرەب کردنەوە نیشتەجێی شارکراون, لە بەشی ڕۆژئاوای جادەی گشتی بەزۆری لەسالانی هەفتاکان وهەشتاکان دروستکراون بۆعەرەبی ناوەڕاست و باشووری عێراق وپارێزگا عەرەب نشینەکانی هاوسنوری خورماتوو, ژمارەیەک تورکمان وکوردێکی زۆرکەم دەکەونە ئەم گەڕەکانەوە , ڕۆژهەلاتی جادەی گشتی بەزۆری کوردن لەگەڵ ژمارەیەک تورکماندا,ڕۆژهەلاتی قەزاکە گوندو ناحیەکانی (نەوجول وقادرکەرەم) ن وهەموو لەبەهاری ساڵی ١٩٨٧ و شالاوی ئەنفالی سێ لەساڵی ١٩٨٨ سوتێنران تەختی زەوی کراون بەشی هەرەزۆری دانیشتوانەکەی ڕاپێچی بیابانەکانی خوارووی عێراق کران وزیندەبەچاڵکران, باکوری گوندەکانی (خدر وەلی وسونگرو شۆراو و ئەغجەمەشێت) و ژمارەیەک گوندی دیکەی کوردی بوون لەبەهاری ساڵی ١٩٨٧ دا تەختی زەوی کران وخەڵکەکەی ڕاپێچی کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی سنوری هەولێر کران, باشورو ڕۆژئاوای قەزاکە بەدوری سی کیلۆمەتر گوندی کوردی بوون لەسالانی شەست وهەفتاو بەتایبەت هەشتاکاندا دەرکران وعەرەب هێنرایە شوێنەکانیان,چەند گوندێکی زۆرکەم نەبێ جاش بوون وهەندێکیان ناسنامەی خۆیان گۆڕی بوو بۆ عەرەب مابوونەوە, بەکورتی لەڕۆژئاوای پرۆژەی (ئاوی عەزێم) کەبەتەنیشتی ماڵەکاندا تێدەپەڕی بۆدەرمان ماڵە کوردێکت نەدەبینی.

ئەم تێکەڵ وپێکەڵەی دانیشوان و ئەم هەموو دەستدرێژییە بۆ سەر ماڵ وخاکی کوردو ڕێژەیەکی زۆرکەم بۆ سەر تورکمانیش هەمیشە ناکۆکی وکێشەلە ناو دانیشتوانەکەی وشارەکەو سنورەکەدا هەبووە. لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی ڕاپەڕین بەردەوام گوێبیستی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو خەڵکی شۆڕشگێڕی ڕاپەڕیوو دەبووین, نۆ پێشمەرگە بووین بەردەوام هەریەکەو ڕادیۆیەکمان لەبن گوێدابوو سات بەسات چاوەڕوانی نزیکبوونەوەی چەخماخەی ڕاپەڕین بووین. سەر لەبەیانی **١٩٩١/٣/١٠** کاتژمێر هەشت بەبیستنی سەرکەوتنی نوێ وهەواڵی ڕزگارکردنی قەزای(کفری) وناحیەی( سەرقەڵا) دەستمان بەهاوار وخۆشی کردن کردو وتمان وائەمجارە نۆرەی ئێمەیە لەگەڵ هەواڵ ومژدەی ڕزگارکردنی شاری کفری شاری وەزیران ولەملکردنی ملوانکەی ئازادی لەگەردنی باوەشاسواری سەربڵند. چاوەڕوانی فەرمان وئاگاداری کاک (عوسمان) بووین گوێمان کردبووە بەسەد, هەستەکانمان کردبوو بەکێویک, هیواو ئاوات وئومێدمان بەقەد چیای (قەندیل وپیرەمەگرون) بەرزبوو. (شێخ جەمال وئەحمەد قادر،چیا)ی بێژەری ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان جۆش وخرۆشێکی بێوێنەی بەپێشمەرگەو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبەخشی. لەکەللەی سەر هاواریان دەکرد مژدە مژدە(کەل هەنجیرەو ئیمام عەلی) بوکی ڕەشپۆشی کوردستان شارە(بەبەعس و بەعەرەب)کراوەکەی کوردستان خوورماتووی برینداری کەڵبەی شۆڤینیەت، وا باوەشاسوار ڕزگارکرا بەمزوانە تاجی ئازادی لەسەری بڵندی تۆش دەنرێت. چاوەڕوانبن هاکا باوەشاسواری سەرکەش وەک دوو دەستە خوشک لەگەڵ ئیمام عەلی وکەل هەنجیرە دەست لەملانی یەکتردەبن وسرودی ئازادی بۆ چیا داگیرکراو و سوتماکەکەی حەمرین دەڵێن. حەمرینی سەربەرز وقەڵغانی خاکی پیرۆزی کوردستان چاوەڕوانی تاجی ئازادیبە وا ڕۆڵە بەئەمەک وجوامێرو خۆنەویستەکانت ئاڵای پیرۆزی کوردستان ومەشخەڵی نەکوژاوەی دەستی شەهیدەکانیان بەدەستەوەیەو بەرەوڕووت دێن تاکو لەبەرزترین لووتکەت بیچەقێن بۆ هەتاهەتایە ئەو ئاڵا بشەکێتەوەو ئەو مەشخەڵە ئاگری جەستەی داگیرکەران بێت.

لەگەڵ ئەم ووتە هەست بزوێن ومژدانەدا ئاگاداری ئاگادارییەک لە(نازم)ەوە بۆ هەموو شانە چەکدارەکان زەماوەند سازدەن ئێمە بەرێوەین بۆلاتان دێین. لەگەڵ ئەم ئاگادارییەدا بەپەلە کەوتینە کۆکردنەوەی خۆمان ودوو ئاربیجی وبیکەیسییەک وچەند گولە ئاربیجیەکمان پێ بوو لەسەر گوێدرێژەکە بارمانکردو بەرەو بەرزاییەکانی ڕۆژهەلاتی قەزای (خورماتوو) بەڕێکەوتین. بۆکاتژمێر نۆونیو چووینە سەر بەرزاییەکانی ڕۆژهەلاتی شار لە(کەل هەرنجیرە). بەدووربین تەماشای ناوشارمان کرد ژیان ئاساییەو هیچ ئاڵۆزی وشپرزەییەک بەدانیشتوانی شارەوە نابینین. نزیکەی کاتژمێر دەی بەیانی بوو، (بورهان هیدایەت عەزیز) ناسراوبە (بورهانی دکتۆر عاسی) هاتە سەرەوە بۆلامان ناوبراو لەساڵی **١٩٨٥** ەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە کردبوو. لەمانگی **١٩٨٧/٩** بەناچاری تەسلیم بووەوە, پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو لەڕاپەڕین بەسەختی برینداربوو, ناوبراو پێشتر (ساڵەح فەرتەنە) ی لەناوشاردا بینیبوو پێی ووتبوو برادەران لەتایەر کەوەن لەم ڕۆژانەدا دێنە ناوشارەوەو کۆنترۆڵی شار دەکرێ. ناوبراو بۆلای ئێمە هاتبوو. پێمانووت هەرئێستا بچۆرەوە بۆناوشار هەریەکە لە(جەبار مەلا عەلی ومستەفای سەعیدو کەریم حوسێن وکاک تەبیب وشەهید سوڵتان)،

هەرکامیانت بینی پێیان بڵێ برادەران لەسەر کەلی (هەنجیرە) چاوەڕوانی ئێوەن لەناو شارەوە دەست بەڕاپەڕین بکەن وئەوانیش دێنە ناوشارەوە, بۆ نزیک کاتژمێر یازدە تایر حاجی عومەر هاتە سەرەوە پێمان ووت بۆ ڕاپەڕینتان دەستپێنەکردوە بڕیار وابوو ئێوە لەگەڵا ئاگادارکردنەوەتان دەست پێبکەن.ووتی دوژمن هەموو مەفرەزە چەکدارەکانی لەبارەگای (حزبی بەعس و دەزگای ئەمن) کۆکردووەتەوە پێی وتوون ئەمڕۆ یان ئەمشەو پێشمەرگە دادەبەزنە ناوشار دەبێت لێرەبن وئێرە چۆڵ نەکەن, بۆیە ئێمەش بەبێ ئەو مەفرەزانە کە پەیوەندییان هەیە و شانەی چەکدارن هیچمان پێناکرێت دەبێت چاوەڕوانی شەوبین. تایرمان ناردەوە بۆئەوەی لەگەڵا شانە چەکدارەکان قسەبکاتەوە و دەستپێبکەن. (بورهان) نزیکەی کاتژمێر دوازدە گەڕایەوە هەندێ پسکیت و کێکی بۆهێنابووین و هەمان قسەی تایری کرد.

نزیکەی کاتژمێر دوازدەو نیو بوو(تایر حاجی عومەر) هاتەوە کە یەکێکبوو لەشانە چەکدارەکان ووتی: قسەم لەگەڵ برادەران کردووە مەفرەزە چەکدارەکانی ڕژێم هەموو براون بۆبارەگای (حزب وئەمن) ئەڵێن ناتوانن هیچ بکەن, ئێمەش بەبێ پێشمەرگەو شانە چەکدارەکانی ڕژێم هیچمان پێناکرێت. دەبێت چاوەڕوانی شەو بین یان خۆتان دابەزنە خوارەوە بۆئەوەی لەناو شارەوە بەپشت و پەنای ئێوەوە خەڵکی شار ڕاپەڕن. ئێمەش لەناو خۆماندا کە نۆ پێشمەرگە بووین گفتوگۆی چڕمان دەستپێکرد,لەسەرئەوەی ئایا دابەزینە ناو شار بەم نیوەڕۆ یان بمێنینەوە تا شەو. ئایە لەدابەزینماندا پێش ئەوەی بگەینە ناو ماڵەکان کە نزیکەی (١٥٠٠ ـ ٢٠٠٠) متر دوورە لەکەل (هەنجیرە)وە تووشی کێشەو بەربەست نابین, کاتێک لێرەوە بەپێشچاوی خەڵکی شارو دەزگا ئەمنییەکانی دوژمنەوە بەو دەشتە پان وبەرینەدا دەچین, ئەگەر توشی تەقەو شەڕبووین شەهیدو بریندارمان هەبوو نابێتە هۆی شکست و لەبارچوونی بەرنامەی ڕاپەڕین. ئایا ئێمە بە نۆ پێشمەرگەوە ڕوودەکەینە قەزایەک دەیان بارەگای حزبی وئەمنی تێدایە, بەم ڕوژە تا چەند خەڵکی چەکدار هاوکارو هاودەنگمان دەبن بۆ کۆنترۆڵکردنی دام و دەزگاکان, یان بەپێچەوانەوە شەڕمان دەکەن. ئایا سێ فەوجی جاش هەریەکە لە(شێخ ڕووناک و ڕەفعەت گلی و مەدحەد ئاغا) لەناو شارن هەڵوێستیان چی دەبێت, کەپێی بزانین تا ئێستا ڕەزامەندییان دەرنەبڕیوە بۆ هاوکاریکردنی شۆڕش وخەڵکی ڕاپەڕیوو.

ئایا ئەو شانە چەکدارو سەرۆک جاشانەی تا ئێستا لەناو شارن شەڕمان ناکەن و نابنە کۆسپ لەپێشمان تاکو دەسمان دەگاتە دام ودەزگاکانی حکومەت. نزیکەی چل وپێنج خولەک گفتوگۆمان کرد لەوکاتەدا دووکەس لەناو شارەوە هاتنە سەرەوە پرسیاری بارودۆخی شارو ئەو ڕێگایەمان کرد ئەوان پێیدا هاتبوون. ووتیان: ئێستا ئێمە لەناو شارەوە هاتوین هیچ لەڕێگادا نیەو بەئاسانی دەگەنە ناو ماڵەکان. بڕیارماندا دابەزین ئاڕبیجیەکان یەکێکیان من هەڵم گرت لەگەڵ سێ گولەدا, گولەیەکی بەسەرەوە بوو دوانیان چەپ وڕاست کردبووم بەقەد نیتاقی تاقمەکەمداو ئاڕبیجیەکەی تریان لای (سەباح) بوو، بیکەیسیەکە لای (شەهید مەجید) وان بوو چوار پێنج کلاشینکۆفی زیادەمان پێبوو دامان بەوانەی کەهاتبوونە سەرەوە (برهان و تایر عومەر).

کاتژمێر(١٥: ١) خولەک ئەم دەستە کە نۆ پێشمەرگە بووین لە کەل هەنجیرەوە دابەزیمانە خوارەوە.

١-شەهید مەحەمەد حسێن سلێمان,حەمە ئاخە.
٢-شەهید مەجید ئیبراهیم لفتە ,مەجید دوزی.
٣-شەهید عەلی مەحەمەد کەرەم ,عەلی فەقێ مستەفایی,
٤-شەهید نادر مەجید جوامێر, نادر وارانی,
٥- سەباح عومەر وەلی,سەباح شێخ حەمیدی.
٦-جەمال ڕەشید سالَەح,جەمال شێخ حەمیدی,
٧- عەباس مەحەمەد ,ملازم عەباس .
٨-سەلام حەمید ئەحمەد,سەلام کۆی.
٩-ڕەشید عەلی سەعید, حەمە ڕەشید توکنی.

لەکەل (هەنجیرە) هاتینە خوارەوە گەیشتینە تەختایەکەی نێوان ماڵەکان وکەل هەنجیرە بە ڕاکردن هاتین تا گەیشتینە سە رماڵەکانی گەڕەکی (کۆماری). دواتر توشی (مام ڕەشید حەیدەرە سوری) بووین کە زۆربەی خێزانەکەی ئەنفال بوو, چەک وتاخمێکی پێبوو. تا گەیشتینە ناو ماڵەکان نزیکەی پازدە تا بیست کەسێکمان لێ کۆبووەوە. من کوڕێکی گەنجی جوانی چاوشین هاتە پێشم، ووتی: ئەو ئاربیجیەم بدەرێ بۆتهەڵگرم. ووتم: ناتوانم بتدەمێ دەبێت لای خۆم بێت.

ووتی: من ناوم (نەوزاد مامۆستا قادر)ە خەڵکی گوندی (وارانی)م خاڵۆزای (شەهاب ئەحە کاک)م کەپێشمەرگەی دێرین بوو ئەنفال بوو.ووتم (شەهاب) م دەناسی برادەرم بوو, ووتم: مادام خزمی ئەویت دڵنیام لێت بەلآم نابێت بستێ لێم دووربکەویتەوە, دوو گولە ئاربیجیەکەم داپێی ووتم ئەوەم بۆهەڵبگرە. لەوکاتەدا کە بەجادەی لای نەخۆشخانەی گەڕەکی (کۆماری) دا بەرەوخوارەوە ڕامان دەکرد خەڵتانی عارەقەو ماندوو بووین هەر خەڵک بوو لەماڵ دەردەچوو هاواری دەکرد. بژێ کورد بژێ پێشمەرگە بژی کۆمەڵە مردن بۆ بەعسیە خوێنمژەکان، بژی کۆمەڵە بژی کۆمەڵە, نزیکەی سەد کەسێکمان لێکۆبووەوە. لەوکاتەدا نەوزاد ووتی ئاربیجیەکەت بدە ئەم کوڕە (ئیدریس)ی ناوە خەڵکی گوندی (ئۆمەرسۆفی) یە پورزامە خەمت نەبێ لەگەڵ خۆمان دەبێت. ووتم ئەبێت دەبێت ئاربیجیەکە لای خۆم بێت,هەرچەندە ماندوو بووین ئومێدی سەرکەوتن مەستی کردبووین باش خۆمان هەڵدەدا لەنەخۆشخانەکە تێپەریمان پێش ئەوەی بگەینە بازاڕی (حەسەن قەوان) خەڵکەکە هەرکەسەی شتێکی دەگوت ئەوە ماڵی (شێخ ڕووناک)ی سەرۆک جاشە(مستەشارە) بەوێدا برۆین تەقەمان لێدەکەن یەکێکی دیکە دەیگوت ئەوە ماڵی (ڕەفعەت گلییە) و سەرۆک جاشە بەوێدا بچین تەقەمان لێدەکەن, یەکێک دەیگوت کەسیان تەقەناکەن, یەکێ ووتی ڕەفعەت دوێنێ وئەمرۆ هەرچی چەکی لەماڵدا بووە دایە بەخەڵک بۆ ئەوەی ڕاپەڕن و لەدژی حکومەت بەکاریبهێنن.

ووتمان: کاکە واز لەماڵی سەرۆک جاش وچەکداری کورد بێنن, شۆڕش لێبووردنی بۆ داون باوەڕناکەین کەسیان تەقەمان لێبکەن. ئەوەشی تەقەبکات ولەدژی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بووەستێتەوە بەسزای خۆی دەگەیەنین. بچنە سەر بارەگاکانی ڕژێم. کاک (نەوزاد) چی بارەگایەکی

دوژمن لێرەوە نزیکە ووتی: باکورمان (قاتعی جەیشی شەعبیی) (بارەگای هیزی ملی) یەو بەرەو باشووریشمان فەرمانگەی (قائمقامییەت)ە.

لەوێدا بڕیارماندا ببین بەدوو بەشەوە (شەهید مەجید دوزی وشەهید نادر وارانی وجەمال شێخ حەمیدی وسەلام کۆیی) بۆ (قاتع جێشی شەعبی) یەکە چوون, ئێمەش (شەهید حمەئاخەو شەهید عەلی فەقێ مستەفایی و ملازم عەباس وصەباح و حەمەڕەشید توکنی) بۆ قائمقامییەت چووین.

ووتم:نەوزادڕاکەبەرەو(قائمقامییەت) بچۆ من شارەزانیم. قایمقامیەت لەهەموو دەزگاکانی تر گرنگترە ئەوێ گیرا دوژمن وورەی پێنامێنی وکۆتاییان دێت, بمبە شوێنێک زاڵ بێت بەسەر فەرمانگەکەدا, ئەگەر ماڵەکان لێوەی نزیکە بمبە سەربانێک فەرمانگەکەی لێوە دیاربێت. ووتی: ئێستا دەتبەمە سەربانێک بەرامبەر فەرمانگەکەیە، بەڵام تانکێک لەپێش دەرگاکەی وەستاوە، ووتم: گرنگ ئەوەیە بچینە شوێنێک تانکەکە لێمانەوە دیاربێت. پاش ئەوەی لەبازاڕی حەسەن قەوان لەیەکدابڕاین ئەوان بۆباکورو ئێمە بۆ باشوور ڕۆیشتن بەکۆڵانێکدا چووینە خوارەوە. نەوزاد ووتی پشتی ئەم ماڵانە بەرامبەری تانکەکەیە. ووتم: بابچینە نزیکترین ماڵیان, چووینە دووەم ماڵی کۆتایی کۆڵانەکەی بەرامبەر(قایمقامیەت) کە سەد مەترێک دوور بووین, نزیکەی سەد کەسێکمان لەگەڵ بوو، ڕەنگە بیست کەسێک بە خۆمانەوە چەکدار بووین, چووینە سەربانەکە (مدەڕەعە) یەکی تایە لاستیک لەپێش فەرمانگەکە وەستابوو, بەئاربیجیەکە سیرەم لێگرت چرکاو دەرنەچوو تاکو گولەیەکی دیکەم خستەسەری تانکەکە جووڵا لە ڕۆشتندا گولەیەکم پێوەنا بەسەریدا ڕۆشت بەرینەکەوت لەگەڵ زرمەی ئاڕبیجییەکەدا لەهەموو لایەکەوە بوو بەتەقە. لەماوەی پێنج خولەکدا پاش بەرگریەکی کەم (قایمقامیەت) کۆنترۆڵکرا. لەوێشەوە بووین بەدوو بەشەوە من وکاک تەیب چووین بۆ فارمانگەی(پۆستەو گەیاندن) (بەداله) دۆشکەیەکی دوولولەی چواردەونیو ملیمی لەسەربوو بەتەقە بەرەو ئەوێ چووین. پێش ئێمە (حوسێن چەوری) بەبێ چەک لە دیواری حەوشەکەیەوە خۆیکرد بەناو فەرمانگەکەدا دە چەکداری سوپای ملی (جەیشی شەعبی) تێدابوو. چوومە سەرەوە چوومە سەر دۆشکەکە سیمی فیشەک ڕاکێشەکەم ڕاکێشا تەقەی پێبکەم هەندێ شارەزایم لەسەری هەبوو, چەندجارێک فیشەکم بردە پێش وچرکاندم نەتەقی. چووم جەیشەشەعبیەکانم هێنایە سەرەوە لەژێر پلەکانەکەدا خۆیان حەشاردابوو, ووتم: ئەگەر ئەم دۆشکە چاکنەکەنەوەو تەقەنەکات سوێند بەخوا هەمووتان دەکوژم. ووتیان ئێمە لێی نازانین, پێم وابوو درۆدەکەن, ویستم بیانکوژم لەوکاتەدا کاک تەیب هات ووتی: وازیان لێبێنە گوناحن. ووتم: بەخوا چاکی نەکەن دەیانکوژم. زۆر پاڕانەوە ووتیان: بەخوا ئێمە هیچی لێنازانین ڕۆژی پێشوو هاتوون دەرزییەکەیان دەرکردووەو بردویانە ئێمە تەنها پاسەوانی ئەم فەرمانگەین هیچی لێنازانین چونکە عەدەدی خۆی هەبوو. زۆر توڕەبووم لەسەرەتا پێموابوو خۆیان لەکاریان خستووە ئەگەر کاک تەیب نەبوایە هەموویانم دەکوشت. (شەهید عەلی وسەباح وملازم عەباس)پاش گرتنی قائمقامیەت چوون بۆ بارەگای حزب ولەوێ هەندێ بەرگری کەم کرا.

لەوکاتەدا لەسەر فەرمانگەی (بەداله) بووین ئۆتۆمبێلێکی لاندکرۆزەر لەبارەگای حزبەوە دەرچوو هەندێ لەخەڵکی ڕاپەڕیوو بەسەر جادەکەوەبوون لەئۆتۆمبێلەکەوە دەستڕێژێکیان لێکرا (فازڵ لەکی)

به بەسووکی بریندار بوو. پاشگرتنی بەدالەکە بەرەو بارەگای (هێزی میللی) ڕۆیشتین لەوێوە هەواڵیان هێنا پاش ئەوەی تەقەمان لە(مدەرِەعە)کە کردو لەقائمقامیەتەوە هەڵهاتبوو چووبوو بۆ بارەگای (سوپای میللی) یەکە. لەکۆلانی تەنیشت بارەگاکە توشی شەهید مەجید وان بوو بوو، (سەلاح عەباس زەمۆ) کە لە هەردەی (تایەرەکەوە) وە لەگەڵ ئێمەدا هاتبوو لەبنەڕانەکەیانەوە, ناوبراو یەکێکبوو لەهاوکارە زۆر باشەکانمان لەوێدا شەهیدبووو, بووبە یەکەم شەهیدی خورماتوو. هەر لەوێدا لەلایەن مدەرِەعەکەوە (مەجید محەمەد)یش شەهیدبوو,پاش ئازادکردنی ئەو شوێنانەی باسمانکرد بەرەوبارەگای (سوپای میللی یەکە) بەڕێکەوتین. چووینە لای (شەهید مەجید)وان شەڕ گەرمبوو,شانە چەکدارەکان لەگەڵا درویسبونی تەقەدا شان بەشانی ئێمە پەلاماری فەرمانگەو دەزگائەمنی و چەکداییەکانی ڕژیمیان داو دەوری کاریگەریان هەبوو. ئێمە لەسەر بانەکانەوە کەکەوتبووە ڕۆژهەلات وباشووری بارەگای (سوپای میللی) یەکەوە تەقەمان لێیان دەکرد. چەکدارەکانیش بەرگریەکی توندیان دەکرد لەپەنجەرەی بارەگاکەوە. لەوکاتەدا کۆپتەرێک هاتە سەرمان هەندێ تەقەی بەناوشارداکرد.بە بیکەیسی هەندێ تەقەمان لێکرد زۆر بەرزبووەوە پاش دە خولەکێک ڕۆیشت. لە چەندلایەکەوە لە بارەگاکەمان دەداو شەڕگەرمبوو, بەلام من تەنهاباسی ئەو جێگایەدەکەم کەخۆم ئاگادارم, بۆدەمەو ئێوارە هەموو چووینە بندیواری حەوشەکەی بەتەمابووین هێرش بکەینە ناوبارەگاکەوە من و(شەهید مەجید) چووین بۆ پێشی دەرگاکە خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆبووەوە. بانگمان کردن ووتمان: وەرن تەسلیم ببن مەترسن دڵنیابن ناتانکوژین.

ووتیان: بەڵێنی پاراستنی ژیانمان بدەنێ تەسلیم دەبین. بەڵێنمان دانێ ئەگەر لەوەزیاتر بەرگری نەکەن وخەڵکی ڕاپەڕیو شەهید نەکەن وتەسلیم ببن نایانکوژین, ئەگەر بەرگری بکەن دلنیابن دەکوژرێن چونکە هەموو شار کۆنترۆڵکراوە. لەوکاتەدا یەکێکیان بەکراسێکی سپی عەرەبییەوە هاتە دەرەوە خاولیەکی سپی بەرزکردبووەوە هات بۆلامان دڵنیامان کردەوە نەترسێ وبچێت هاوڕێکانیشی بهێنێ. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەودا ئەوەندەمانزانی لەڕێگای (کەرکوک)ەوە پێنج تانک بەجادەکەدا بەتەقەکردن هاتن گڕداری دۆشکەی سەر تانکەکان دەتگووت گوریسەو ئاگری گرتووەو بەدوای یەکدا دێت, سەرجادەو پێش دەرگای بارەگاکە یەکپارچە گولەی گڕدار بوو, بەتەقە بەناوشاردا تێپەڕین بۆ سەر پردی ڕووباری (ئاوەسپی) بەرەو ناحیەی سلێمان بەگ,,بەو هۆیەوە شوێنەکەمان بەجێ هێشت چوین بۆ لای قایمقامیەت لەو کاتەدا کاک (عوسمان وشەهیدحەمەڕەش) یش لەگەڵ هاتنی تانکەکاندا گەیشتنە فەرمانگەی (قائیمقامیەت), دەبینم ئەم فەرماندەو پێشمەرگانە لە(قەزای کفری) یەوە بەجادەدا هاتون.

١-شەهید حەمەڕش.

٢-شەهیدئەحمەد زەرداوی.

٣-شەهیدئەحمەدی حاجی ڕەشید.

٤- شەهید شکور قەلای.

٥-شەهید شێرەی نەقیب.

٦-شەهید کاکە توکنی.

**٧-**شەهید خەباتە سوور
**٨-**شەهید شکور عەلیانی.
**٩-** عوسمانی حاجی مەحمود.
**١٠-**مەلاسەعید.
**١١-**جەمال مەلائۆمەری.
**١٢-**جەلیل کۆکزی.
**١٣-**عەزیز عەلی توکنی.
**١٤-**حەسەن ئۆمەربلی.
**١٥-**ئازاد کەرکوکی,خۆش کێچ.
**١٦-**سەیوان مامۆستا غازی.
**١٧-**نەوشیروان شێخ لەنگەری.
**١٨-**حەمە دوزی.
**١٩-**نەوزاد حەوت تەغاری.
**٢٠-**جلال سەعیدئەحمەد, توکنی.
**٢١-**کامەران عەبدلاّ.
**٢٢-**جەبارە ڕەش تۆپخانە.
**٢٣-**شەهید حسێن حەمەسەکەی کفری.
**٢٤-**فاتیح حەمەسەمکەی کفری.
**٢٥-**ساڵەح مەلاجەمیل ڕۆژی پێشوچوبووەناو شار.
**٢٦-**حەسەن مەحەمەد ڕەسول,حەسەنە قەڵەوفەتاح هۆمەر.

ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگەی دیکە بەداوای لێبوردنەوە ناوەکانم لەیادم نەماوە ,لەگەڵا ژمارەیەک پێشمەرگەی دێرین لەئەنفالدا تەسلیم بووبوونەوەوە و چەکداری نوێ.

لەوکاتەدا (ئەحمەد قەواڵی) برای شکور قەواڵی بەپاسێکی کۆستەرەوە چەکدارەکانی (سوپای میلی) یەکانی هێنا تەسلیم بەکاک عوسمانی کرد نزیکەی بیست کەس دەبوون. کە پاش ڕۆیشتنی تانکەکان هاتبوونە دەرەوەو خۆیان ڕادەستی خەڵکەکە کردبوو. ئەو ڕۆژە چەکدارێکی جاش زۆر سەرنجی ڕاکێشام, ئێمە بەئاربیجی تەقەمان لەبارەگای (سوپای میللی) یەکە دەکرد لەبیناکەمان دەدا، (فەتاحە درێژ) (ئامر مەفرەزەی تەواری) بوو ئامادە بوو ,بەووتەی دانیشتوانی خورماتوو لە ئەنفالی سێدا کاتێک ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئەنفال کراوی سنورەکە لە بینای بارەگای گەنجانی بەعسی کۆکرابوونەوە لەتاریکی شەودا بەهاوکاری چەند جاشێکی خۆی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ڕزگار کردبوو. ووتی بۆ لەپەنجەرەکەوە نایکەنە ژوورەوە. من جاشێکم هەیە لەبەرمیل دەدات ئێستا بانگی دەکەم لەپەنجەرەکانەوە دەیکاتە ژوورەوە. هات پێنج شەش گولە ئاربیجی تەقاند هەمووی لەپەنجەرەکانەوە دەیکردە ژوورەوە. ووتم ئەوەندە ئاڕبیجیت بەئێمەوە ناوە دەستت باش ڕاهاتووە. دەستیکرد بەپێکەنین ووتی: نا بەپێشمەرگەمەوە نەناوە. دونیا تاریک بووبوو لەسەر بانێکەوە تەقەمان

لەبیناکە دەکرد زەلامێک لەنێوان ئێمەو دوژمنەوە هات، تێمخوڕی زەلام کێیت؟ ووتی: خۆمانین پێشمەرگەین دەنگیم ناسی (محەمەد چوار شاخی) پورزام بوو، ووتم (محەمەد خورشید) تۆ کەی پێشمەرگەیت ووتی حەمەڕەشید خۆتی؟ (محەمەد) لەقەندیل و مەڵبەندی سێ لەگەڵمان بوو تاکو گەڕاینەوە بۆ گەرمیان لەمانگی ١٩٨٨/٩ تەسلیم بووەوە. شەو بۆنانخواردن وحەوانەوە چووینە ماڵ (ئیبراهیم سابیر قازی,بلە فەرتەنە) لەوێ نانمانخواردو خەوتین. شەو شەهید حەمەڕەش وکاک عوسمان بڕیاریاندا هێزەکان دابەشبکەن بەسەر پێنج قۆڵدا,بۆ بەرگریکردن لەشار .

یەکەم:قۆڵی باشووری شار ڕێگای خورماتوو سڵێمان بەگ بە فەرماندەیی شەهید حەمە ئاخە و شەهد مەجیدو جباری مەلاعەلی.

دووەم: قۆڵی ڕۆژئاوای شار ڕێگای خورماتوو تکریت بەفەرماندەی شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید و کاک تەیب.

سێیەم: قۆڵی باکوری شار ڕێگای خورماتوو کەرکوک بەفەرماندەی کاک مەلا سەعید و شەهید عەلی فەقێمستەفای.

چوارەم: ڕۆژهەلاتی شار بەرزاییەکانی دەربەند سڵێمان وکەلی هەنجیرە بەفەرماندەی حەمەدووزی و ملازم عەباس,

پێنجەم:قۆڵی باشوری ڕۆژهەلاتی شار بەرزاییەکانی پەڵکانەو خوێکە بەفەرماندەی شەهید سوڵتان حەمیدو مستەفای سەعید شورتە, دەست بەسەر پێنج دۆشکەی ١٤/٥ ملم داگیرابوو لەناو شاردا بەسەر شاخو گەرەکە زاڵەکانی شاردا دابەش کرا بۆ بەرگری کردن لە هێزی ئاسمانی و زەمینی.

هەموو شاریش کرا بە دوو بەشەوە، ڕووباری ئاوەسپی لە ڕۆژهەلاتی شارەوە بەرزاییەکانی گەچەکە دەکات بەدوو بەشەوە, بەشی یەکەم لەباشووری ئاوەسپی تا جادەی تکریت بەسەرپەرشتی شەهید حەمەڕەش, بەشی دووەم لەباکووری ئاوەسپیەوە تا جادەی تکریت بەسەرپەرشتی کاک عوسمان. هێزێکی ئامادەش دیاریکرابوو بۆ هەرئەگەرێک لەناو شاردا یان لەهەرقۆڵێکەوە پێویستی بەهێز بێت. بۆ پەیوەندی نێوان هەموو قۆڵەکان و هێزە جیاجیاکان بێتەل دابینکرابوو کەپێشتر بێتەلی زۆرمان پێبوو.

وەپلان دانرا ئەگەر سبەی هێرش و پەلامارمان لەسەر نەبێت هەوڵی پاککردنەوەی سەربازگەو هێزەکانی دوژمن بدەین لە دەوروبەری خورماتو.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١سبەی زوو هێشتا دوونیا تاریک بوو وەک شەو بڕیاری لەسەر درابوو هەموو هێزەکانمان جولاین بۆ شوێنی خۆمان. هێزێکمان لەگەڵ شەهید مەجیدو شەهید حەمەئاخەو حەسەن حەمیدو جەبار مەلا عەلی دا چوون بۆ قۆڵی باشوور سەرپردی ڕووباری ئاوەسپی ڕێگای خورماتوو سڵێمان بەگ, تووشی شەڕێکی سەختبوون. ئەو ئۆتۆمبێلەی پێی ڕۆیشتبوون سوتێنرا, چەندجارێک هێرشیان هێناو شکان شەڕ بەردەوام بوو, ئێمە لەگەڵ کاک مەلاسەعید وشەهید عەلی فەقێ مستەفایی وسەباح وژمارەیەک چەکداری خەڵکی شاردا چووینە فەرمانگەی کشتوکاڵ وگەڕەکی پیشەسازی هەندێ خانووی لای نزیک پیشەسازی نزیک پردی سەر(ئاوی عەزێم) کە

بە(مشروع صدام) ناسراوە لە سەر ڕێگای(کەرکوک) دامەزراین. مام (جەبارەڕەش وحوسێن حەمە سەمکەو فاتیح حەمە سەمکە)و ژمارەیەک پێشمەرگەبووین. بەشێک لەهێزەکەی مجاهید کەئێوارەی **٣/١٠** بەناوشاردا تێپەڕین لەبەرامبەر گەڕەکی (عەسری) یەکە بەرامبەر ئێمە دامەزرابوون. بۆکاتژمێر نۆ هێزێکی زۆریان دەیان تانک ومێک زەمینی بوو لەپردی (ئاوەسپی) یەوە بەتەقە بەناوشاردا هاتن گەیشتنە بەردەست ئێمە بیست مەترێک لەجادەکەوە دووربووین کەوتبووەوە دەرەوەی شار پێیان وانەبوو پێشمەرگە لەوێدا دامەزرابێت، دەنگمان نەکرد تا سی چل مەترێک لێمان نزیکبوونەوە، لەگەڵا دەست کردنەوەدا کەباش سێرەمان گرتبوو چەند عەدەد دۆشکەیەکی سەر تانک و مێکزەمینییەکان خۆیان دەرکردبوو بۆناو شار تەقەیان دەکرد پشتی لەئێمەبوو لێمداو کەوتە ناو تانکەکانەوە یەکسەر یەکێکی دیکە دەهاتە شوێنی لەوانەشمانداو کوژران. لێدانێکی باش لێماندان کوژراویان زۆربوو. بەڵام بەتۆپی تانک و دۆشکە ئاگربارانیان کردین, لەنزیکمەوە چەند پێشمەرگەیەک شەهیدو بریندارببوون. هێزەکە بە کوژراوی زۆرەوە لەئێمە تێپەڕین، بەڵام پاش ئەو گورزە توندە بەریانکەوت نەیانوێرا جارێکیتر بەناو شاردا تێپەڕن. ئەو ڕۆژە لەهەموو لایەکەوە ئاڵۆزی هەبوو بەتایبەتی هەردوو قۆڵی (سلێمان بەگ وکەرکوک),لەو کاتەدا هێزێکی زۆری موجاهید هاتن لەنێوان ئیمام حەسەنەو خورماتودا لەبەرامبەر گەڕەکی(عەسری)ەکە وەستان,کاک عوسمان هاووڵاتییەکی خەڵکی سلێمانی بەناوی مشیرعەلی شەریف برای شەهید ڕەشید کەفارسی زانێکی باش بوو نارد بۆلایان بۆئەوەی بزانێت چییان دەوێت, لەوەڵامدا وتبویان بەرپرسێکمان دەوێت گفتوگۆی لەگەڵبکەین.

کاک عوسمان بەڕاوێژ لەگەڵا شەهید حەمە ڕەش بڕیار دەدەن کاک عوسمان بچێت بۆلایان, بەبەرپرسەکەی موجاهیدی ووتبوو ئیمەی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی و خەڵی ڕاپەڕیو شارمان ڕزگار کردووەو هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئیوە نییە و نازانین چیتان دەویّ؟

فەرماندەکەیان ناوی (هۆشەنگ)بوو دەڵێت ئیمەش هیچ کێشەمان لەگەڵ ئێوە نییە تەنها لەسەر بڕیاری سەروی خۆمان دەمانەوێت هێزەکانمان بکشێنینەوە بۆ ناوچەی عزێم.لەوێدا بڕیار درا شەڕ لەهەردولا ڕابگیرێ و ئەو هێزەی لەباشوری شار لەشەڕدا بوون بەبێ شەڕ بەناو شاردا بگەڕێنەوە بۆ باکوری شار . هێزەکە لەو ڕێککەوتنە ئاگادار کرانەوە بۆ تێپەڕبوون و کۆتایی هێنانی کێشەی موجاهید لەسنورەکەدا.پاش نیوەڕۆ موجاهیدەکان داوای بینینی فەرماندەیەکیان کردبوو, بۆجاری دووەم کاک عوسمان و مەلا سەعید چوونەوە ئەمجارەیان گفتوگۆی توند دەکەن و زۆر پێداگری دەکەن ئەبێ شارەکانی (کفری و کەلار و دەربەندیخان و کولەجۆ) و هەرئیستاش خورماتومان بۆ چۆڵ بکەن, کاک عوسمان دەڵێ ئێمە شارەکانمان بە خوێن گرتووەو بەخوێنیش نەبێ چۆڵی ناکەین , ئێوە نەیاری ئێرانن ئێمەش نەیاری عێراقین هیچ کێشەمان پێکەوە نییە ناشمانەوێ شەڕی ئێوە بکەین ودەستمان بچێتە خوێنی یەکتر, بەرنامەو پلانی ئێمە ڕزگارکردنی کوردستانە نەک شەڕی ئێوەو لابەلا. ووتبوی: ئێوە ئێرانیتان لەگەڵە متمانەتان پێناکەین. ئێمە دەمانەوێ هێزەکەمان لێرەوە بەرەو ناحیەی سلێمان بەگ ولەوێوە بۆ عەزێم ببەین, دەبێ شار چۆڵ بکەن تا ئێمە تێپەڕ دەبین. کاک عوسمان ووتبوی: وەک ووتم ئێمە پێشمەرگەو خەڵکی شارین هیچ هێزی بێگانە منان لەگەڵ نییە ئەگەر دەتانەوێ بەبێ شەڕ لێرەوە بڕۆن ڕێگاتان دەدەین

هاوکارتان دەبین , دڵنیابن بەبێ زیان دەربازدەبن. بەڵام ئەگەر بتانەوێ بەشەڕو پەلاماردان تێپەڕن نە ڕێگەتان دەدەین نەبێ زیانیش دەبن. هۆشەنگ وتبووی: ئەگەر ڕێگامان نەدەن و شار چۆڵ نەکەن بەشەڕ پێتان چۆڵ دەکەین. شەڕی ئێمەش شەڕی پیادە نییە شەڕی تانکە شارتان بەسەردا دەڕوخێنین. کاک عوسمان وتبووی: شەڕی تانکمان زۆر کردووەو زۆریشمان شکاندووە لە شەڕ ناترسین,پاش ئەم وتووێژە توندە گەڕانەوە. ئاگاداریان کردینەوە خۆمان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێک ئامادەبکەین. ئێمەش سەنگەرەکانمان لەسەر هەرسێ دەروازەی هاتنە ناو شارەوە توندکرد,بەتایبەت ڕێگای پردی(ئاوەسپی) سلێمان بەگ و پردی سەرپرۆژەی ئاوی ڕێگای کەرکوک.لەسەر بەیانییەوە هێزەکانی عێراق لە فڕۆکەخانەی (ئەلبوسەباح) و دەوری گوندی ئینگیجەوە بەهەموو جۆرە چەکێک ناوشاریان ئاگرباران دەکرد ,هێزەکانی موجاهیدیش لە نەوجول وناوچەی داودەوە بەرزاییەکانی ڕۆژهەلاتی شار و ناوشاریان ئاگرباران دەکرد.

کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ کاک نەجیب سەعید کارمەدی نەخۆشخانەی خورماتوو دەبێت بەهۆی زۆری بریندارەوە دەچێت بەشوێن دکتۆرێکدا لەگەڕەکی عەسرییەکە موجاهیدەکان بانگی دەکەن پێی دەڵێن ئاگاداری فەرماندەی پێشمەرگەکان بکەرەوە دەمانەوێت بیانبینین. جاری سێیەم برادەرانی ئێمە نەچوونەوە کاک نەجیب سەعید یان ناردەوە پێیان ووتبوو پێیانبڵێ چی ڕِاسپاردەیەکیان هەیە بەتۆ بڵێن. ووتبویان لەسەر ڕێککەوتنەکەی بەیانی ئێمە کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بەناوشاردا تێدەپەڕین تەقەمان لێنەکەن .بۆیە شەهید حەمەڕەش و کاک عوسمان بڕیاریاندا هێزەکان لە ڕۆژئاوای جادەی گشتی بکشێنەوە ڕۆژهەلاتی جادە بۆئەوەی توشی کێشەو زیان نەبین. کات گەیشتە کاتژمێر چوار هێزەکانی موجاهید هیچ جووڵیەکیان نەبوو ئەوەندەمانزانی لەبەری ڕۆژئاواوە قۆڵی تکریتەوە کەچۆلا کرابوو لەچەند ئاراستەیەکەوە ژمارەیەکی زۆر سەربازو عەرەبی عەشایەری گوندەکانی دەوروبەری قەزای (خورماتوو،حەویجە) و ناحیەکانی (ڕیاز وڕەشاد) بەپاڵپشتی چەند تانک وهەلیکۆپتەرێک گەیشتنە ناو شار, ژمارەیەک هاوەن لەگوندی (ئینگیجە) جێگیر کرابوون تۆپبارانێکی خەستیان دەکرد, لەپردەکانی سەر ئاوی عەزێمەوە پەڕیونەتەوەو گەیشتنە ناوشارو نزیک (سایلۆ) کەو ناو ماڵەکانی دورووبەری ,تانک گەیشە سەر ئێمە لەسەر پردی خورماتوو کەرکوک, شەهید عەلی فەقێمستەفای بەئاڕبیجی تانکێکی پێکاو بەسەرنشینەکانیەوە کەوتە ناو ئاوەکەوە تاکشانەوەمان لەخورماتوو لەوێ کەوتبوو. کاک عوسمان چەند پێشمەرگەیەکی لەگەڵ خۆی برد وەکو جەمال مەلائۆمەری و جەلیل کۆکسی وژمارەیەک پێشمەرگە پەلاماری هێزەکەی پشتی سایلۆکەو ئەو هێزانەیاندا لەئاوەکە پەڕیبوونەوە. ئەوانەی پەڕیبوونەوە زۆربەیان کوژران یان کەوتبوونە ئاوەکەوەو خنکان, پاش نزیکەی دوو کاتژمێر شەڕی توندی دەستەو یەخە پەلامارەکە تێکشکێنرا. بەزیانی گەورەی سوپاو عەرەبە کراس لەبەرەکان, کەکراسەکانیان لێ بووە بارو بەپێ پەتییەکانیاندا دەئالۆزکا، کۆتایی هات. لەوکاتەدا هاوەن بارانێکی خەستی ناوشار دەکرا لەگوندی (ئینگیجە) و فڕۆکەخانەی (ئەلبو صەباح)ەوە. (شەهید حەمەڕەش) بەسەختی بریندار دەبێت لەگەڵ (حەسەن حەمید)دا. (شەهید حەمەڕەش) پارچەیەکی کاریگەر بەر سەری کەوتبوو, (کاک عوسمان) بە(نەوشیروان حاجی ئەحمەدو حوسێن توکنی) برامدا بەئۆتۆمبێلێک دەینێرێت

بۆقەزای (کفری) و لەوێوە ڕەوانەی (سلێمانی) بکرێت. بەهۆی گرتنی ڕێگای (کفری—سلێمان بەگ)ەوە لەلایەن مجاهیدەوە, لەڕێگاکە لادەدەن وبەسەر خۆڵدا دەڕۆن, ڕێگای ئۆتۆمبێل نامێنێت, لەشیوێکدا دایدەنەن تاکو گوێدرێژێک پەیدا دەکەن. بۆ شەوەکەی **١١-٣/١٢** لەڕێگای(کفری) شەهید دەبێت, شەهیدبوونی حەمەڕەش خەسارەتێکی گەورەبوو بۆ گەلی کوردو خەڵکی ڕاپەڕیووی خورماتوو. فەرمادەیی هێزەکان و شارو هەموو قۆڵکانی شەڕ کەوتە سەر کاک عوسمان. هەمان ڕۆژ شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشیدیش بریندابوو. لەهەموو لایەکەوە ئاگرو دوکەڵی تۆپبارانی سوپا و مجاهید بوو ,ئەو هێرەشەی سوپای عێراق بەڕێککەوتن لەگەلا مجاهید کرابوو , بەلام خۆیان هیچ دەستتێوەردانیان نەکرد لەپاش شەڕەکانی سەر لەبەیانییەوە کە ئەو هەموو زیانەیان لێکەوت, وەلەئەنجامی هێرشەکەی سوپاو عەشایەرە عەرەبەکان تێگەیشتن ئەوهێزەی بەرگری دەکات هێزێکی فشۆڵ وپەرتەوازە نییە. بەپێچەوانەوە زۆر تۆکمەو بەهێزەو وەک خۆیان ووتیان شارمان پێ چۆڵناکرێ, هیچ جوڵەیەکی تریان نەکرد و لەهەردوو قۆڵەکەوە لەشوێن خۆیاندا مابوونەوە. ئەو ڕۆژە شەهیدو برینداریکی زۆر لەپێشمەرگەو شەرکەری شارو هاولاتی سڤیل هەبوو.

شەوی **١١-٣/١٢** شار یەک پارچە ئاگرو دوکوڵ بوو دەنگی تۆپباران نێوانی نەبوو. هێزەکانی مجاهیدی کەتێگەیشتن ئەوەی دەیانەوێ بەشەڕ بەدەستی ناهێنن، بەیانیەکەی ڕۆژی **٣/١٢** وەلامیان نارد فەرماندەیەک سەردانیان بکات بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی تێپەڕبوونیان بەناو شاردا دابڕێژن. کاک عوسمان چوو بۆ لایان ڕێککەوتنێک کرا بەبێ شەڕ ڕێگای دەرباز بوونیان بدەین پێشڕەوی هێزەکەیان ئالای سپی هەڵبکەن . پێشتر کاک عوسمان هاتەوە لەگەڵ فەرماندەکان بەرنامەیەکیان دانابۆچۆنیەتی تێپەڕبونی هێزەکانی مجاهدین ورێنماییان دایە هێزەکانی پێشمەرگەو ئاگادار کرانەوە کەس تەقە نەکات. کاتژمێر نزیکەی نۆی بەیانی بوو ئالایەکی سپییان هەڵکرد وەک ئەوەی ڕێککەوتن کرابوو کاک عوسمان بەئۆتۆمبێلێکەوە کەوتەپێش هێزەکەی مجاهید بەبڵندگۆ بانگ کرا کەس تەقە نەکات. ئەوکارەی کاک عوسمان زۆربەرپرسانەو ئازایانەو مەترسیداربوو چونکە موجاهید متمانەیان پێنەدەکرا و لەناو شاردا عەرەب و تورکمان و کوردی خۆفرۆش هەبوون لە پیلان دەگەڕان,ئەگەر هەریەک لەمانە یەک فیشەکیان بتەقاندایە تانکێک بەدوایەوە بوو بەیەک گولە بەئۆتۆمۆبێلەکەوە دەیسوتاند. تا کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ هێزی مجاهید تێپەڕی. برادەرێک ووتی سەدو پەنجاو سێ تانک ومێک زەمینی دۆشکە لەسەرم ژماردووە جگە لەسەدان مێک زەمینی وئۆتۆمبێلی دیکە.ڕێککەوتن و تێپەڕبوونی مجاهید لەلایەن شەهید حەمەڕەش وکاک عوسمانەوە بە چارەسەرێکی گونجاوو بەباش زانرا,چونکەئەرک و پلانی ڕاپەڕین ئەرکێکی گەورەو چارەنوسسازبوو نەیاندەویست شەڕی موجاهیدببێتە بەشێک لەئەرکی ڕاپەڕین,وەلەبەرنامەی ینک وبەرەی کوردستانیشدا نەبوو شەڕی موجاهید بکرێت. پلانی موجاهیدیش ئەوە بوو هەموو هێزەکانیان لەباکورو ڕۆژهەلاتی خورماتو و شەڕی هێزەکانی ئێمە بکشێننەوە بۆ سنوری ناحیەی (سلێمانبەگ و عزێم) تاکو لەگەڵ هێزەکانی تریان یەک بگرنەوە و لەجێگای سوپای عێراق هێڵێکی بەرگری لەپێش هێزەکانمان لەسنوری (خورماتو وکفری و کوڵەجۆ و خانەقین) دروست بکەن. لەکاتی تێپەڕبوونی هێزەکەی موجاهیدا شار کپ و ئارام بوو بەبێ کێشە تێپەڕین.

لەڕۆژانی دواتردا پەلاماری هێزەکانمانیان دا لەسەر ڕێگای (کفری خورماتو و کفری و کولەجۆ و کەلار). تاکو پاش نیوەڕۆ پەلامار و هێرش لەسەر شار نەبوو، بەلام لەپاش نیوەڕۆ و ڕۆیشتنی مجاهید تۆپبارانی خەست و بۆردومانی فڕۆکە و بەبۆمبی فسفۆری و ناپالمی دووسەدوپەنجا کیلۆیی بەسەر شاردا دەباری, شار یەکپارچە بووبوو بە ئاگرو دوکەل. بەبەردەوامی هەلیکۆپتەر دەهات وبۆمبی دووسەدوپەنجا کیلۆیی فڕی دەدایە خوارەوە, لەکاتێکدا پێنج دۆشکە دژەئاسمانی چواردەونیوملم لەدوژمن گیرابوو بە تەقەمەنی زۆرەوە. عەددەی جوامێرو قارەمانی خەلکی شاری لەسەربوو نەیاندەهێشت کۆپتەرەکان نزم ببنەوە. لەماوەی چەند ڕۆژی بەرگریدا دوو هەلیکۆپتەریان پێکاو لەنزیکی شار کەوتن. لەدەوری کاتژمێر چواردا هێزێکی دوژمن بە چەند تانکێکەوە لەقۆلی کەرکوکەوە پەلاماری شاریان داوچەندخالێکیان داگیرکرد شەڕبەردەوام بوو, لەگەل تاریکبووندا کاک عوسمان لەگەل ژمارەیەک پێشمەرگەدا هێرشیان کردەسەرتانکەکان وڕاویاننان ئەوجێگایانەی پێشترداگیریان کردبوو ئازادیان کردەوە وبێتەلێکی ڕاکالی گەورەیان لێبەجێما, جەمال مەلاهۆمەری بەسوکی بریندار بوو بەشکانی دوژمن کۆتای هات.پێش هێرشەکەی دوژمن کاک عوسمان ناردبووی بەدوامدا ووتی لەگەل چوار پێشمەرگەدا بچۆ بۆسەر بەرزاییەکانی ڕۆژهەلاتی (خورماتوو) لەنزیک دەربەند سلێمان، شەهید مامۆستا ئازاد ڕەشیدو مامۆستا محەمەد مەحمود جگارەچی وئەحمەد ناوێک بیکەیسیەکی پێبوو لەگەل کوڕێکی مندالکار ناوی عەباس . چووینە سەرشاخ قوتەی سەر دەربەند سلێمان، لەگەل گەیشتنمان بەدووربین تەماشام کرد بەردەوام هێز دەهات بۆلای گۆڕستانەکەی (ئیمام حەسەن) کەنزیکەی سێ کیلۆمەتر لەشارەوەو دووکیلۆمەتر لەئێمەوە دووربوو. لەناویاندا عەشایەری عەرەبی کراس سپی تێدابوو. بۆ نزیک کاتژمێر شەش کاک عوسمان بەبێتەل پێی ووتم ئاگاداربن ئەم شەو پەلامار دەدرێن هێزێکی زۆر کۆکراوەتەوە.

ووتم: چاوم لێیە لەوکاتەوەی هاتوم چاودێرییان دەکەم لەلای (ئیمام حەسەن) هێز کۆدەکەنەوە عەرەبێکی زۆری عەشایەریان لەگەلدایە هەموو ڕەنگێکی تێدایە دەلێی تەزبیحی پیرەژنە.کاتژمێر دوونیو گوێم لەخڕەی پۆستال بوو بەسەر گەچەکەدا دەهات دەتگوت خڕەی سمی گاگەلە ڕێدەکەن, ووتم فیشەک بەهێواشی ببەنە پێشەوە تاکو من تەقە نەکەم کەس تەقە نەکات. لە نزیکەی دە تا پازدە مەتر بەتوندی دەستمان لێیانکردەوەو بوو بەهاوارو هەلهاتن ئەوەندە لەناکاو وبەتوندی لێماندان تا بیست خولەک نەیانتوانی تەقەبکەن. پاش بیست خولەک بە هاوەنی شەست ملم لێیاندایین بەلام چۆن لێدانێک نیو مەتر پێش وپاشی سەنگەرەکەمانیان دەپێکا. سەنگەرێکی زۆر باشمان هەبوو کەنزیکەی دە مەتر درێژو سەدوبیست سانتیمەتر قول ویەک مەتر پانبوو. نازانم سوپای عێراق هەلی کەندبوو یان پێشمەرگە لەشێوەی پیتی (L)ی ئینگلیزی دروستکرابوو, بەهۆی باشی سەنگەرەکەوەبوو پارێزراو بووین لەوهەموو هاوەن بارانە, پاش نزیکەی چل وپێنج خولەک لەپەلاماری یەکەم دیسان بە دەستڕێژ هاتنەوە بۆ سەرمان. ووتم تەقە مەکەن با وابزانن لێرە نەماوین کەی نزیکبوونەوە لێیان دەدەین بۆئەوەی باش لووتیان بشکێنین وجارێکی دیکە نەتوانن بێنەوەسەرمان. دیسان لەنزیکەی بیست مەترێک لێماندان و هەلهاتن. بەهۆی ئەزموونی پێشترم دەمزانی ئەمجارە هەولدەدەن لەپشت وتەنیشتمانەوە پەلامارمان بدەن. چونکە سوپای عێراق لەهەر

شەڕێک لەپێشەوە نەیتوانی بێ سەنگەرەکان ببڕێ وبشکێنێ لەپشت وتەنیشتەوە دەهاتن. لەپشتەوە هاتنی دوژمن کاریگەری زۆرخراپی دەبێت لەسەر ورەی هەر هێزێک, بەهۆی بڕینی ڕێگای هاتنی هێزو هاوکاری لەڕووی دەرونیەوە زۆر کاردەکاتە سەر هێزی شەڕکەر. چونکە شەڕکەر واهەست دەکات ئابلۆقەدراوە جگە لەوەی ئەگەر سەنگەری باشت نەبوو لەپشتەوە بەزووی دەکرێیتە ئامانج. بۆیە ووتم (مامۆستا محەمەد) تۆ پێشتر پێشمەرگە بوویتە متمانەم پێتە لەگەڵ عەباس زوو بچۆرە سەنگەرەکانی (ئاکۆ هەفتەغاری وخدر پارەپارەیی و نائیب زابت مەجید) کە لەسەر کەل (هەنجیرەن) ژمارەیان دوازدە پێشمەرگەیە پێیان بڵێ شەش پێشمەرگە لەگەڵ ئاکۆ یان خدر بێنە نێوان سەنگەرەکانی هەردوولامان کە ئەو نێوانە کیلۆمەترێک زیاتر دەبوو.

ئەم نێوانە بۆ شەو زۆر دوورە یەک فەوج هێزی سەربازی بێتە نێوانمان کەس ئاگای لێنابێت. بەپێی ئەزموونی خۆم ودڵنیام ئەمجارە ئەم هێزەی دوژمن لە پێشەوە پەلامارمان نادەن و دێنە ئەم گردانەی نێوانمان، بەڵام مامۆستا محەمەد دەبێت زۆر بەخێرایی بچیت وبێیتەوە خۆت دەزانیت ئێمە هەموو پێنج کەسین کە ئێوە بچن تەنها سێ کەس دەمێنینەوە خۆتان بینیتان ئەو بیکەیسییەش لای ئەحمەدە بەردەوام دەوەستێ, لەو دوو هێرشەدا زیاد لە دەجار قەوانی مژییەو من چاکم کردووە، کاک (ئەحمەد) باش لێی نازانێ.بۆیە تەنهاش ناتنێرم زوو بچن و بێنەوە. ووتی:دڵنیابە هەر ئێستا دەچین ودێینەوە، بەداخەوە ئەرکەکەی وەک خۆی جێبەجێ نەکرد و نەمبینییەوە.پاش نزیکەی چل وپێنج خولەک ئەوەندەمزانی لەگردێکی نێوان ئێمەو (ئاکۆ)وە کەدەکەوێتە پشتی ئێمەوە نزیکەی دووسەد مەترێک لەئێمەوە دوور بوو دەنگە دەنگ پەیدابوو, لەهەمان کاتدا لەتەنیشتمانەوە بەڕووی خورماتوودا دەنگە دەنگ پەیدابوو ئەمە پاش نیو کاتژمێر هاوەنبارانی سەخت. باوەڕبکەن کە لەناو سەنگەرەکەدا سەرمان دادەگرت هاوەنەکان لێمانی دەدا دەستم دەکرد بەپشت ملمدا دەتگوت بەچنگ خۆڵ کراوەتە پشتی ملمەوە. بەبرادەرانم گوت پێکەوە چەند دەسترێژێک بەدەوری خۆتاندا بکەن وبەناو سەنگەرەکەدا بۆ ناو شیوەکە بکێشینەوە. دوو قومبەلەی دەستیم پێبوو یەکێکیانم ئێوارە لەیەکەم پەلاماردا تەقاندبوو ئەوی تریانم بۆ پشتەوەی خۆمان هەڵمداو لەگەڵ دەست ڕێژەکاندا بەشیوەکەدا دەرچووین. لەگەڵ دەرچوونمان لەسەنگەرەکە لەسێ لاوە بەدەسترێژی گوللەی ئاگردار چوونە ناو سەنگەرەکەمانەوە. کەوتینە پشت ئەوهێزەی کەهاتبوونە نێوانمان تەنها مامۆستا ئازادم لەگەڵدا مابوو بەتەقە تەقەو پشتەشەڕ ڕۆیشتین تالای سەنگەرەکانی(ئاکۆ وخدر) کەهاوەنێکی **(١٢٠)** ملم و دۆشکەیەکی چواردەونیو ملم یان لابوو. بانگیانم کردە سەرەوە ووتم بۆ نەهاتن بۆ ئەوێ کە(مامۆستا محەمەد)م ناردبوو، ووتیان کەس نەهاتووە بۆ لامان. هەندێ بەرگریمان کردو دوژمنمان ڕاگرت. کاک عوسمان مەیدانی شەڕەکەی لێوە دیاربوو لەناو شارەوە چاودێری هێرشەکەی دوژمنی کردبوو بۆپشتیوانی ئێمە هەریەک لە(سەباح شێخ حەمیدی وشەهید شێرەی نەقیب وجەبار مەلا عەلی وشەهید بورهان لەکی و ملازم عباس)و ژمارەیەک پێشمەرگەی ناردەسەرەوە ئەوکاتە ئێمە لەسەر ڕێگای کەل هەنجیرەبووین.فیشەکم پێنەمابوو مەغزەنێکی **(٧٥)**یم لە سەباح وەرگرت, چووینە بەرزییەکەی تەنیشت کەل هەنجیرە. هێزەکەی دووژمن بەیانی زوو **١٩٩١/٣/١٣**گەیشتینە سەر هاوەن و دۆشکەکە دونیا بەتەواوی ڕووناکبووەوە بەشێکیان جیابوونەوە ویستیان بەرەو ناوشار

دابەزن, دۆشکەیەکی چواردەو نیو ملم لەچۆلاییەکەی سەروی گەڕەکی (کۆماری) بوو عەدەدەکەی ناوی(عیرفان) بوو، کوڕێکی زۆرئازا وقارەمان بوو بەدۆشکەکە دەستی لەهێزەکەی دوژمن کردەوە لەترسی گولەی دۆشکەکەدا هەموو هەڵهاتن بەدیوی ئێمەدا, ووتم سەباح شێرە ئەدەی بەقەرەوڵ لێیان بدەن. نزیکەی دووسەد مەترێک لەبەر دەستمان بوو شوێنەکەمان زۆر بەرزبوو نزیکەی دە سەربازێک کەوتن لەدوو لاوە لێماندان وهەڵهاتن وئێمە لەگەڵ ئەو پێشمەرگەو چەکدارانەی لەناو شارەوە هاتبوون دوایان کەوتین من و(شەهید هەیسەم)و شەهید (کەمال سابیر) پێکەوە بەدوای چەند سەربازێکەوە بووین نەقیبێک لە پێشمانەوە کەمالی شەهیدی کرد، ئێمەش لێماندا. بێتەلێکی ڕاکاڵی بچووک بەکۆڵی سەربازێکی کوژراوەوە بوو کردمەوەو خستمە سەر تەرەدودی بێتەلەکانی خۆمان چوومە سەرهێڵ لەگەڵ یەک ماوس کەدەنگێکی هەبوو لەلاقیتەکەیدا, (شەهید سوڵتان) ووتی کاک عوسمان بێتەلێکی دوژمن لەسەر هێڵە، ووتم: کاک عوسمان کاک سوڵتان بێتەلی دوژمن نییە حەمە ڕەشیدم ئێستا گرتوومانەو بە دوای دوژمنەوەین.

کاک عوسمان ووتی: دەستان خۆش بێت ئەی بێتەلەکەی خۆت لەکوێیە بۆ لە شەوەوە بانگت دەکەم وەلام نادەیتەوە پێم وابوو نەمابن ؟ ووتم: بێتەلەکەم خراپ بووە. ڕووداوەکانم بۆ گێڕایەوە ووتم تائێستا زیاد پەنجا بۆ شەست لاکی (قوات خاسە) (هێزی تایبت)ی دوژمن لەبەر دەستماندایەو هێشتا بەدوایانەوەین زۆرمان نەماوە بگەینە (دەربەند سلێمان) کە دوا سەنگەری خۆمان بوو. ووتی: باشە دەستانخۆش بێت لێیان مەگەڕێن دوایانکەون هەوڵبدەن زۆرترین ژمارەیان لێبکوژن, لەوکاتەدا کەقسەم لەگەڵ کاک عوسمان دەکرد هەفتا مەترێکمان مابوو بگەینە سەنگەرەکەی خۆمان کەبەرزترین قوتەی ئەو زنجیرە بەرزاییە، لەپاڵ تەپەیەکی بچووکدا دانیشتبووین من و شەهید شکور قەلای و شەهید مامۆستا ئازادو شەهید کاکە توکنی وشەهید شێرە، بەنیاز بووین هەناسەیەک بدەین و دیسان دوایان بکەوین, لە دووری سی مەترێک چوار سەرباز هەستان ویەکی دەستڕێژێکیان لێکردین هەر لەوێدا (شکور قەلای ومامۆستا ئازاد) بەرکەوتن شەهیدبوون. دوایان کەوتین تا لە ئاوەکەی نزیک گۆڕستانەکە پەڕینەوە بەبیکەیسی و قەناس لێماندەدان تا کۆتای زیاد لەهەشتا سەربازی هێزی تایبەت کوژران ودەیان بریندار بەپێش چاومانەوە بەکێشیان دەکرد تا دەیانگەیاندە (ئیمام حەسەنە). لەپاش شکانی دووژمن تۆپبارانی زۆر سەخت دەستیپێکرد. کۆپتەر چەندجارێک بۆمبی گەورەو فسفۆری لەناو شاردا فڕێدەداوە خوارەوە, هەمان کات و شەو هێزێکی دیکەی دووژمن لەقۆڵی (سلێمان بەگ)ەوە پەلاماری بەرزاییەکانی لای گوندی پەڵکانەو خوێکە و ڕەبیەی پەڵکانەیاندا, لەوێش شەڕێکی زۆرتوندو خوێناوی ڕوویدا. تا نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو, لەئەنجامدا دووژمن بە هەمان شێوە شکان وزیانی زۆریان بەرکەوت.پاش شکانی دوژمن لە نزیکی کاتژمێر سێدابوو (باهادینی دابەڕو و ڕزگار ڕەوف بێگەرد) لەئەشکەوتی فاسولیاکەوە کەلەچیای زەردەلیکاوبوون, ووتیان بروسکەیەکمان بۆتان هەیە,دەبوو ئەوان بروسکەکە بدەن بەمن لەسەر کەل هەنجیرە بووم ,منیش بمدایە بەکاک عوسمان لەوناو شاردابوو.دەستم کرد بەوەرگرتنی بروسکەکە دەقاودەقی بروسکەکەم لەیاد نییە,بەلام ناوەڕۆکەکەی بەم شێوە بوو.

لە/ فەرەیدون عەبدلقادر و شێخ جەعفەرەوە
بۆ/کاک عوسمانی حاجی مەحمود

(بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهیدبوونی).لێرەدا وەستام و بێدەنگ بووم توشی هەڵوێستێکی زۆر ناخۆش بووم ,چونکە دەمزانی کاک عوسمان گوێی لەدەنگمە لەگەڵ بەهادین قسەدەکەم و بروسکەکەوەردەگرم,وەتێگەیشتم کەسێکی نزیکی شەهید بووە.کاک عوسمان پێی ووتم بەردەوام بە بروسکەکە وەربگرە.دەستی پێکردەوە ووتی (باوکت و براکەتمان پێگەیشت هاوبەشی خەمو پەژارەی خانەوادە بەڕێزەکەتانین هیوادارین دواناخۆشیتانبێت). تاکوئەو کاتە من نەمزانیبوو چی ڕووی داوە .لەکاک عوسمانم پرسی ,ووتی: ئەمڕۆ نیوەڕۆکەی لەلایەن عەلی داوێوە هەواڵەکەم زانیوە ڕۆژی **٣/١١** باوکمو عومەری برام لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سنورەکەدا ویستویانە بێن بۆ خورماتوو لە سێڕیانی (کفری ,خورماتو, سلێمانبەگ) کەوتونەتە بۆسەی هێزەکانی موجاهیدەوە لەگەڵ بیستو پێنج کەسی تردا شەهید بوونە و ژمارەیەکی زۆریش برینداربوونە و گیراون. سەرخۆشیم لێکرد و داخو پەژارەی خۆم ڕاگەیاند,ووتی شەهید بوونی باوکمو عومەری برام هیچ جیاوازی لەگەڵ شەهید حەمەڕەش و شەهیدەکانی ترنییە,ئێمەی کورد چارەنوسمان وایە توشی چەند دوژمن و دەوڵەتێکی دڕندەبووینە,بەردەوام گەلەکەمان بۆبەدەستهێنانی سەربەخۆی و ئازادی شۆڕشی کردووە تێکۆشاوە,شۆڕش و بەرخوردانیش خوێن و قوربانی دەوێت,باوکمو براکەی منیش لەو ڕێگادا بوونە قوربانی.هەمان ڕۆژ پێش چەندکاتژمێرێک هەوالەکەی بیستبوو,بەلاَم لەسەرپەرشتی وفەرماندەیی کردنی قۆڵەجیاجیاکانی شەڕوپەلاماری دوژمن بەردەوامبوو. بۆمێژوو دەڵێم پاش شەهیدبوونی باوک و براکەشی بۆچرکەساتێ ئێمەی بەجێنەهێشت .

لەپاشنیوەڕۆوە تاکو دەم بەیانی ڕۆژی **٣/١٤** جگەلە تۆپباران و کۆپتەر بۆ ناوشار هیچ پەلامارێک ڕوونەدا. لە دەمەوبەیان دیسان لەهەر پێنج قۆڵەکەوە کە هەردوو قۆڵی سەرشاخ و ڕێگای (کەرکوک وتکریت وسلێمان بەگ) هێرش وپەلامار دەستیپێکردو زۆر فشاریان خستبووە سەرمان بۆئەوەی بتوانن لەهەردوو قۆڵی سەر شاخەوە پێشڕەوی بکەن, چونکە سەرشاخ کلیلی شاربوو. ئەگەر لەسەر شاخەوە پێشڕەوی بکرایەو هێزی دووژمن لەیەکی بدایە شار بەتەواوی ئابڵوقە دەدرا. هیچ ڕێگەیەک نەمابوو بۆ هاتوچۆی خورماتو لەشارەکانی دەوریەوە تەنها ڕێگەی گڵی گوندی شۆراو خورماتوو نەبێت، ئەویش بەهۆی زۆری ئاوی ڕووباری ئاوەسپیەوە بڕابوو , یەکێک لەو چەکدارانەی ناوشار هاتبوون بۆسەرەوە نوسراوێکی پێبوو ووتی فڕۆکەکان فڕێیان داوەتە خوارەوە تیایدا ئاگاداری درابووە

خەڵکی لەشار بچنە دەرەوەو چۆڵی بکەن، چونکە بەهەموو چەکێک لەشار دەدەن بەهۆی بوونی تێکدەرانەوە, بەشێوەیەک تۆپبارانی سەرشاخ وسەر ڕووباری (ئاوەسپی)و ناوشار دەکرا ڕێگەی هەموو جوڵەیەک ببڕێت. کۆپتەرەکان بەردەوام لەقولایی ئاسمانەوە خۆیان بەتاڵ دەکردەوەو دەچووەوە لەفڕۆکەخانەی (ئەلبوسەباح) خۆی باردەکردەوە تەنها حەوت کیلۆمەترێک لە ڕۆژئاوای شارەوە دووربوو, دیسان دەهاتنەوە شاریان خەڵتانی ئاگر ودوکەڵ وخوێن دەکرد. لە هەردوو قۆڵی فڕۆکەخانە وگوندی (ئینگیجە)ی سەر ڕێگای (تکریت)ەوە بەتۆپی قورس و هاوەنی(١٢٠ و ٨٢)ملم ناوشار وسەرشاخیان دەبێژا. ڕۆژانە ئێمە ژمارەیەکی زۆر چەکداری ناوشار لێمان کۆدەبوونەوە. دوژمنمان دوور دەخستەوە, شەوان زۆربەیان دەڕۆیشتن ئەوەی دەمایەوە بەپەنجەی دەست دەژمێردران, لەبەرئەوەی لە شارەوە دوور بوو تەنها شەش حەوت تا دە پێشمەرگەیەک دەماینەوە, بەو ژمارەیەش شەرگەیەک پڕ نەدەکرایەوە. بۆیە شەوان دوژمن فشاری دەخستە سەرمان لە هەندێ شوێن پاشەکشەیان پێ دەکردین. ئێمە دیسان بە ڕۆژ ڕاوماندەنانەوە.

ڕۆژی **١٤و٣/١٥**لە هەرپێنج قۆڵەکەوە شەڕو هێرشی دوژمن بەردەوام بوو, هاوەن وتۆپبارانەکان ئەوەندە زۆر وتوندبوو, بەشێوەیەک بوون لەڕۆژانی سەرەتا کەمێ خۆمان دەپاراست، بەڵام دواتر ئەوەندە ماندوبووین کە هاژەی تۆپ وهاوەنەکە دەهات تاقەتی خۆپاراستنمان نەمابوو. شەوی **١٦- ٣/١٧** دوژمن زۆر فشاریان خستبووە سەرمان لەهەموو قۆڵەکانەوە بەتایبەت هەردوو قۆڵی سەرشاخ,ئەو زنجیرە بەشێکە لەزنجیرە بەرزاییەکانی ڕۆژهەلاتی خورماتوو کەچەمی ئاوەسپی دەیکات بەدوو بەشەوە, هەندێ پێشڕەویان کردبوو بەتایبەت لەقۆڵی خوێکەوە,سەرەڕای سەرقاڵی بەسەرپەرشتی قۆڵکانی شەڕەوە کاک عوسمان بۆ سبەی هێزێکی لەگەڵ خۆی بردبوپەلاماریان دابوون ودوژمنیان شکاندبوو ئەو جێگایانەی داگیریان کردبوو ئازادیان کردنەوە,(سەیوان مامۆستا غازی) گێڕایەوە ووتی تەنها ڕەبیەیەک مابوو ئازاد بکرێت (شەهید مەجید) دوزی پێیووتین ئێوە تەقە بکەن مەهێڵن سەردەربێنن تاکو من دەچمە بن شورای ڕەبیەکە ئێستا هەموویان دەکوژم، ئێمە تەقەمان دەکرد تاکو چووە پێش شورای ڕەبیەکە لوولەی تفەنگەکانیان خەریکبوو لەیەکی دەدا تەقەیان لە یەک دەکرد سەربازێک تفەنگەکەی بەرزکردەوە فیشەکێک بەر ناوشانی مەجید کەوتوو لەبان پشتیەوە دەرچوو. شەهید مەجید بەبرینداری هەستایە سەر پێ بەدەسترێژ بەناو ڕەبیەکەدا ئەوەی نەیتوانی هەڵبێت کوژراو ڕەبیەکەی بەتەنها گرت. ئەو ڕۆژە لەقۆڵی ئێمەوە کە لەنێوان کەل هەنجیرەو دەربەند سڵێمان بووین زۆر فشاریان خستە سەرمان. شەرێکی زۆر توندو بەرگری خۆنەویستانە کرا، نەمانهێشت پێشڕەوی بکەن. ئێوارە کاک عوسمان ملازم عباس و ژمارەیەک پێشمەرگەی ناردە شوێنەکەی ئێمە کە هەریەک (سەباح شێخ حەمیدی وجەمال شێخ حەمیدی وشەهید شێرەی نەقیب و ساڵەح فەرتەنە) بووین,پێیانی وتبوو ئەوان

بێنە سەنگەرەکەی ئێمەو ئێمە بچینە گردێکی پشتی ئەوانەوە بەهۆی ئەوەی ئێمە چەند شەو ورۆژێک بوو هێرشمان لەسەربوو هیچ نەخەوتبووین, نزیکەی سەدو پەنجا مەتر لە یەکەوە دووربووین, دوژمن هێزێکی زۆری هێنا ئەو ئێوارە نیازی پەلاماری نوێیان هەبوو , هەرچەندە رۆژەکەی ٣/١٦ زۆر هەوڵیاندا پێشڕەوی بکەن, لوتمان شکاندن لەگەڵ ئەو تۆپ وهاوەنانەی نەیدەهێشت چاوبکەینەوە.لەگەلا ئەو هەموو فشارەدا دوژمن ئاوی پرۆژەی عزێمی گرتەوە,کەبۆئێمە کێشەیەکی گەورەبوو وەک ,

یەکەم:ئەو بەربەستە لەپێش پێشڕەوی و هێرشەکانیان نەما لەرۆژئاوای شارەوە ,بەهۆی ئاوەکەوە تەنها لەدوو پردەوە دوژمن دەیتوانی پەلاماری شار بدات بە بەستن و وشککردنی ئاوەکە پێشی کراوە بوو لە پانتاییەکی زۆرەوە دەیتوانی پەلاماربدات.

دووەم: ئێمەپێشتر ژمارەیەکی کەم پێشمەرگەمان لەپێش هەردوو پردەکە دانابوو, بەلاَم دواتر ئەو پانتاییەمان بۆپڕ نەدەکرایەوە.

شەوی ١٦-٣/١٧ کاتژمێر لەنزیکی نۆدابوو (حەمە دوزی وشەهید ئەحمەد زەرداوی شەهید کاکە توکنی و جەلیل کۆکزی و نەوشیروان ئەحمەدو سابیر عەلی بەگ) هاتنە سەرەوە بۆلامان. ووتیان کاک عوسمان ناردومانی بۆلای (ملازم عەباس),لەئێمە تێپەڕبوون کەوتبونە سەر بۆسەی دوژمندا پاش پێنج خولەک لەرۆیشتنیان تەقەیەکی زۆرچڕدەستی پێکرد,پاش سێ چوار خولەک بەپەلە پروزێ هاتنەوە. ووتیان (ئەحمەد زەرداوی و کاکەتوکنی) بەجێماون نازانین شەهیدبوونە یان بریندار, (سابیر عەلی بەگ) بەسەختی بریندار بوو گولە بەرزەهاری پێکابوو حاڵی زۆرخراپ بوو.نەوشیروان گولە بەرتاخمەکەی کەوتبوو. کەمێ چووینە پێشەوە هەندێ بانگی کاکەو ئەحمەدمان کرد لەگەڵ هاڕەی تەقەدا دەنگەکە تێکەڵ بوو هیچ دەنگێکمان گوێلێنە نەبوو. بەداخەوە هەردووکیان بەسەختی برینداربوون وچووبوونە دیوی رۆژئاوای گەچەکەدا لەناو گەنمێکەدا شەهیدبوو بوون. پاش مانگێک لە کشانەوەمان تەرمەکانیان بینرانەوە. دواتر بووین بەدوو بەشەوە جەلیل و نەوشیروان وحەمەدوزی لەشوێنەکەی ئێمە مانەوەو ئێمە چووینە گردەکەی هاوشانیان,ئەو شەوە تا بەیانی تەقەو هێرش بوو. هەرچەندە ئێمە زۆر کەم بووین بەلاَم نەمانهێشت پێشڕەوی بکەن. سبەی ٣/١٧ لەبەیانی زووەوە هێرشیان بۆ سەرمان زۆر بەتوندی دەستپێکرد لە هەردوو قۆڵی سەر شاخەوەو لەهەرسێ قۆڵی خوارەوەش هێرش و پەلامارەکان زۆر توندو بەربلاوبوون. لەگەڵ تۆپبارانی نەبڕاوەی سەخت و بۆردومانی فڕۆکەوە, لەو شوێنەی جەلیل ونەوشیروان و حەمەدوزی تێدابوو سەنگەرێکی تێدا بوو بەرووی دوژمندا هەڵکەندرا بوو. بەیانی زووچوونە ناویەوە بەرگریان تێدا دەکرد ئەوەندە لێمان نزیکبوونەوە هەرسێکیان لەناو سەنگەرەکەدا گیریان خواردبوو بەهیچ شێوە یەک نەیاندەتوانی دەربچن نە بۆ دواوە نە بۆ پێشەوە بچن ونە دەیانتوانی تەقە بکەن، بەهۆی زاڵبوونی شوێنی دوژمن بەسەریانەوە تەنها

لەناو سەنگەرەکەدا دانیشتبوون. کاتژمێر نۆی بەیانی تەماشامان کرد نزیکەی پەنجا سەرباز لەدەربەند سلێمانەوە چوون بەرەو ئاراستەی تاوێرکەوە.

بۆ ڕۆژ هەلاّتی ئێمە، ویستیان بەناو هەردەکەو ڕکە تاوێرەکاندا بێن وتەنیشتمان لێبگرن, چەند پێشمەرگەیەکم لەگەڵ خۆم بردو دابەزیمانە خوارەوە بۆ هەردەکە بۆ پێشیان. تا کاتژمێر یازدە تەقەمان لێکردن پاش بەرگریەکی زۆر گەڕانەوە بۆ سەرشاخ وئێمەش هاتینەوە بۆ سەرەوە, (شەهید عەلی وسەباح وساڵەح فەرتەنەو شەهید شێرە)و لەولای ئەوانەوە (شەهید بورهان لەکی) و دەستەکەی دامەزرابوون. شەڕو هێڕشێکی زۆر توند بوو لەهەر پێنج قۆڵەکەوە فڕۆکە بەبەردەوامی ئاگرو ئاسنی بەسەر شارو بەرگریکاراندا دەباراند ولەچەند قۆلێکەوە بەتۆپی دورهاوێژو هاوەن ناوشارو هەموو قۆلەکانی شەڕیان دەکولاّند. هەواڵی (جەلیل ونەوشیروان وحەمە دوزی)م پرسی ووتیان هەر لەناو سەنگەرەکەدان خۆیان حەشارداوە، سەربازەکان نزیکەی هەفتا تا هەشتا مەترێک بە بەرامبەر وبەسەریانەوە بوون. تا کاتژمێر دوو زۆر فشاریان بۆمان دەهێنا. ئێمە زۆربەتوندی بەرگریمان دەکرد نێوانمان لەسەد مەتر کەمتر بوو لەگەڵ سەربازەکاندا, هەندێ گەنجی تازەپێگەیشتوومان لەگەڵ بوو زۆر قارەمان بوون هەرچەندە شارەزای شەڕیان نەبوو. (نەوزاد جەبار) تەمەنی نزیکەی هەڤدە ساڵ دەبوو قەناسێکی پێبوو ئێمە خۆمان دابوو بەزەویداو لەبن بنچک وبەردەکانەوە تەقەمان دەکرد بۆ ئەوەی نەپێکرێین، نەوزاد چەندجارێک لەپشتی سەری منەوە هەڵدەستاو قەناسێکی دەتەقاند, دووسێ جار ووتم باوکەگیان تەقە واناکرێت هەم لێتدەدەن هەم مێشکی منیشت تەقاند. دیسان دووبارەی کردەوە ووتم کوڕە مێشکمت تەقاند هەستم قەناسەکە دەدەم بەسەرتدا. دواجار ماچم کردو ئاشتم کردەوە لەو کاتەوە زۆرم خۆش دەوێ , کوڕێکی منداڵی ترمان لەگەڵ بوو زۆر قارەمان بوو چەندجارێک پێمان ووت کاکە لێت دەدەن شەڕ واناکرێت. لەکاتی پەلاماری دوژمنماندا شەهید بوو ئێستاش داخە لەدڵمدا. کاتژمێر دوازدە ووتم برادەران پێم باشە پەلاماری دوژمن بدەین بۆئەوەی ئەو برادەرانە ڕزگار بکەین. هەموو ووتیان پەلاماری چی ئەوان لێرە خەریکە دێنەناو سەنگەرەکانمانەوە کەتەنها سەد مەترێکمان نێوان هەیە, شەڕ گەرم بوو تا دەهات فشارەکانیان توند دەکرد. دیسان کاتژمێر یەک ووتم برادەران ئەمە غیرەت نیە بۆ ئێمە ئەو برادەرانەمان لە بەیانیەوە لەناو ئەو سەنگەرەدا گیریان خواردووە ئێستا لەتینوا خنکاون, شەهید عەلی ووتی:

باشە چی بکەین دوژمن سەد مەترێک لێمانەوە دوورن خۆت دەزانیت لەبەیانیەوە چی فشارێکمان لەسەرە. بێدەنگ بووم کاتژمێر دوو دیسان ووتمەوە کردمە درێژدادڕی. دیسان ووتم کاکە وەلا ئەمە بێ غیرەتیە بۆ ئێمە پیاو لەکاتێکی وادا لەپێناو هاوڕێکەیدا نەکوژرێت، بۆچی باشە؟

سەباح ووتی بەخوا تۆ خوێن ملت دەفڕێت ئەبێ بماندەیتە کوشت, (شەهید عەلی) دیسان ووتی برا بەخوا وەخت هێڕش نیە. ئەو برادەرانە زۆر لەمن ئازا ترو بەدەست وبردتربوون، بەڵام دەیانزانی دەرچوون لەشوێن خۆمانەوە ترسناکە. شەهید عەلی مەغزەنە (٧٥)یەکەی پڕکردو چەکە کارپیکەکەی کردە ملی ووتی یالا  هەستن من  لەگەڵ شەهید عەلی ووتم یالا  برادەران کەسیان هەڵنەسان. شەهید عەلی هەنگاوی نا بۆ سەرگردەکە توند هەردوو قاچیم گرت ووتم: کاک عەلی مەڕۆ برادەران کەسیان پێیان پاش نییە ونایەن. بەخوا بڕۆین دەکوژرێین. لەدڵی خۆمدا ووتم: قیروسیا لەخۆم دەبمە هۆی شەهیدبوونی عەلی. شەهید عەلی خۆی ڕاتەکاندو خۆی لەدەستم  دەرکردو چووە سەر گردەکە یەک هاواری بۆکردو بەدەسترێژ بۆ خوارەوە منیش بەناچاری بەدوایدا ڕۆیشتم. دواتر سەباح وشەهید شێرەو ساڵەحیش بەدواماندا هەستان وپەلامارماندا ئەوەندە بەخێرایی لەگردەکەوە چووینە خوارەوە. دوازدە سەربازی هێزی تایبەت دزەیان کردبوو چل مەترێک هاتبوونە ناو شیوەکەی پێشمان. لەنێوان ئێمەو هێزەکەی دوژمندا بوون دەیانویست لەژێر پشتیوانی وبەرگری سەربازەکاندا خۆیان بگەیەنن بەپێش ئێمەو بەقومبەلە لێمان بدەن, من وشەهید عەلی بەسەر شیوەکەدا بازماندا نەمانبینین کە لێیان تێپەڕبووین هەستانە سەرپێ ودەستیان بەرز کردەوە  هاواریان لێ هەستا ووتیان: (خاتر الله خاتر لله) خاتری خوا خاتری خوا. بەرمانکردە دواوە حەپەساین. ئێمە نەگەڕاینەوە بۆ گردەکەی پێشمان  پێشڕەویمان کرد کە سەربازەکانی لەسەربوو. دووژمن شکا من و شەهید عەلی تا سەرگردەکە چووین دوژمن شوێنەکەیان بەجێهێشت. شەهید عەلی فیشەکێک بەر چەناکەی کەوت برینداربوو گەڕاینەوە, شەهید عەلی ڕۆژی پێشتر دیسان برینداربوو بوو. گەڕاینەوە بۆ لای برادەران

(جەلیل وحەمە دوزی ونەوشیروان) دەربازبوون بەناو شیوەکەدا هاتن  بۆلای ئێمە, حەمە دوزی لەگەڵ گەیشتنی بەدەسترێژ هەر دوانزە سەربازەکەی کوشت  ئێمەش گەڕاینەوە بولای سەربازە  کوژراوەکان  توڕەبووم , ووتم: دەڵێیت تۆ پیاوێکی ئازای، بەڵام هەرگیز  پیاوی ئازا دیل ناکوژێت, ئێمەپەلامارمانداو تۆمان لەمردن وئابلۆقە ڕزگار کرد, کەچی هاتویت لەپشتی ئێمەوە دیلەکان دەکوژیت. بینیم ئەو کوڕە منداڵەی لەگەڵمان بوو لەولای سەربازە کوژراوەکانەوە فیشەکێک بەر سەری کەوتووە و شەهید بووە,زۆر ئازاری دام ئێستاش داخە لەدڵمدا. بۆ کاتژمێر سێ کاک عوسمان بەبێتەل پێی ووتم  ژمارەیەک پێشمەرگە لەگەڵ کاک (کوردۆ) بۆ ئێرە دێن بچۆرە پێشیان لای ڕەبیەی تەنکی ئاوەکە لەسەر ڕووباری ئاوەسپی بیانهێنە بۆ ناوشار. بۆ مێژوو  دەڵێم  سەخترین و  گەورەترین و دلێرانە ترین  شەڕو بەرگری لەڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا لە قەزای خورماتودا کرا, بە ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە و هەندێ خەڵکی قارەمانی خورماتووەوە. لە بەرگری دەرۆژەی شاردا بەهۆی  فشاری دوژمن  لەپێنج قۆڵەوە  بەبەر دەوامی و کەمی ژمارەی پێشمەرگە

نیوەی شەهیدو بریندار بوون, کەمی تەقەمەنی و ژمارەمان گەورەترین کێشەبوو. چەندین جار داوای هێزو پێداویستی شەڕمان کرد .جگە لەکاک کوردۆو ئەو ژمارە پێشمەرگەی لەگەڵیدا هاتبوون ,هیچ هێزێکی ڕێکخراو نەهاتە هانامانەوە,بۆیە بەپێویستم زانی ئەوانەی شەرەفی ئەو بەرگری و جوامێرییان بەرکەوتووە ناویان بهێنم.

چوومە پێشیان کاک (کوردۆ) و نزیکەی چل پێشمەرگە دەبوون. کاک کوردۆ ووتی: کاک عوسمان لەکوێیە؟ ووتم: کاک عوسمان لەناوشارە ئێستا دەتانبەم بۆلای.

ووتی: تۆلەکوێوە هاتووی؟ ووتم: لەسەر شاخەوە هاتووم،

ووتی: ئێمە خۆمان لەم چەمەوە دەچین بۆناو شار، کاک عوسمان دەدۆزینەوە, تۆ لەگەڵ خۆت هاپۆ و ئەو پێشمەرگانە ببە بۆ لای خۆتان, هەشت پێشمەرگە لەگەڵ شەهید هاپۆ هاتن بۆ لامان. بۆ سەنگەرەکانی (کەل هەنجیرە),ناوی ئەم پێشمەرگانە زانراوە لەگەڵا کاک کوردۆدا هاتبوون.

١-کاک کوردۆقاسم.

٢-شەهیدئیسماعیل عەبدلاحەمەخان ,شەهید هاپۆ.لەساڵی **١٩٩٣** لەکەلار لەشەڕی ناوخۆدا شەهید بوو.

٣-ئەحمەدعەلی عوسمان,ئەحمەد مالیە.

٤-عومەر ئەحمەد مەحمەد ,عومەرچەوساوە.بریندابوو.

٥-جمعەی مەجید داوێ.

٦-ڕەمەزان حەمەعەلی.بەسەختی بریندابوو.

٧-ڕەحیم کاکەمەحەمەد.,ڕەحیم کاکە.بەسەختی بریندابوو.

٨-حەسەن ئەحمەد دەروێش.

٩-حسێن مستەفا,حسێن قیادە.

١٠-فایەق عەزیز,فایەق باوەنوری.

١١-ئەحمەد ڕەحیم ,ئەحمەد گەوهەر.

١٢-حەیدەر فەتحولا,حیدەرەبچکۆل.

١٣-تۆفیق ڕەشید,تۆفیقە خڕە.

١٤-گوران ساڵەح حسێن.کۆرە یابانی ,باوەنوری.

١٥-حسێن عەلی مراد,ابوعەلی بریندابوو.لەشەڕی ناوخۆ **١٩٩٤** شەهیدبوو.

١٦-ئەحمەد مەحەمەد عەبدلمەحەمەد, باوەنوری.

١٧-عوسمان عەزیز غەفور,باوەنوری.

١٨-ئیبراهیم مەحەمەد دەروێش,باوەنوری

١٩-عەبدلکەریم ئەحمەد ,نیوەکوڕ.

پاش گەیشتنی کاک کوردۆلەگەڵ کاک عوسمان بەووردی تاوتوێی بارودۆخی شارو شەڕگەکان دەکەن,هەردوکیان دەگەنە ئەو باوەڕەی بەم ژمارە کەمەی پێشمەرگەوە سەنگەرەکان پڕناکرێنەوە و ناپارێزرێت چونکە زۆرلەو چەکدارانەی خەڵکی شاربوون لەڕۆژانی پێشوودا لەگەڵ پێشمەرگە بەرگرییان دەکرد, بەهۆی تۆپباران و ناپاڵمی فڕۆکەوە بەناچاری لەگەڵ خێزانەکانیان شاریان بەجێهێشتووە, ئەگەر بەزووترین کات هێزی دیکە نەگات دەبێت بەناچاری شار چۆڵبکرێ. بۆئەو مەبەستە کاک کوردۆ بەو ماندوێتییەوە کەبەپێ لەکفرییەوە هاتبوو هەمان ڕۆژ شەوی ١٧-٣/١٨ لەگەڵا کاک نەجیب سەعید گەڕایەوە بۆ کفری, تاکو لەنزیکەوە لەگەڵا کاک فەرەیدون عەبدلقادرو کاک شێخ جەعفەر گفتو گۆبکات بارودۆخی خورماتویان بۆڕونبکاتەوە و هێزی دیکە بنێرن. ئەو کاتە ناوبراوان سەپەرشتی میحوەری شارەزوورو گەرمیانیان دەکرد. شەو تابەیانی هێرشی توندمان لەسەر بوو. ڕۆژی ٣/١٨ لە هەموو قۆڵەکانەوە بەبەردەوامی لەژێر تۆپباران و ناپاڵمی فڕۆکەدا دوژمن پەلاماری دەداین. پاش تاریکبوون کاک عوسمان بەبێتەل پێی ووتین: لەگەڵ سەباح وساڵەح وملازم عەباس دابەزینە خوارەوە بۆلای خۆم, کاتژمێر یازدەی شەو گەیشتینە لای کاک عوسمان لەماڵی (فاتیح خەلیفە فەریق) دا بوون. پێی ووتم (مەلا سەعید وسابیر عەلی بەگ) برینەکانیان سەختەو حاڵی شارو شەڕگەکەمان باش نییە پێش ڕوودانی شتێکی خراپ لەدەسەلاتی ئێمەدا نەبێت لەگەڵ (حەسەن عەلی خەمە) دا لە شار دەریانبکەن وبەرەو سەرقەلا بچن ئێمەش ئەگەر بەم شێوەی ئێستا فشارمان لەسەر بێت و هیچ هێزێکی ترمان پێنەگات کە بەڵێنیان داوە , سبەی دەکشێینەوە. مەلا سەعید ڕۆژی ٣/١٨ لەسەر بەرزاییەکانی سەر خوێکە بەسەختی بریندار بووبوو بە پارچەی هاوەن, هەموو سەر و دەم وچاوی پارچە بوو، بەرچاوی کەوتبوو ئێستاش ئەو چاوەی پاش چارەسەرێکی زۆر ونەشتەرگەری وەک پێویست نابینێ, هەمان ڕۆژ و لەهەمان شوێن (شکور عەلیانی) شەهیدبوو، تەرمەکەشی کەوتە دەست دوژمن, سابیر عەلی بەگ گوللە بەرزەهاری پێکابوو .هەردوکیان برینەکانیان زۆرسەخت بوو بەزەحمەت بەڕێگادا دەڕۆیشتن. هەمان ڕۆژ دوژمن بەرزاییەکانی سەر خوێکەی گرتبوو کەدەیڕوانی بەسەر چەمی ئاوەسپیدا.

کاک عوسمان پێیوتم بەچەمەدا نەڕۆن لەسەرەوە تەقەتان لێدەکەن. کاتژمێر یازدەی شەوی ١٨ لەسەر ٣/١٩ لەنێوان گردی (ئیمام عەلی وکەل هەنجیرە)وە ڕۆیشتین شوێنێکی ئەوەندە سەخت ولێژو هەڵدێرە مرۆڤی تەندروست بەڕۆژیش ناتوانێت بەوێدا بڕوا, لەوێوە بەحاڵێکی زۆرخراپ وماندوبونێکی زۆر بەباوەش ودەست ڕاکێشان لەشاخەکە سەرمانخستن و دامانگرتن بۆ سبەی دونیا ڕووناکبووەوە توانیمان بگەینە یەکەم ئاو لای تەنکی ئاوەکەی سەر ڕووباری ئاوەسپی کە هەموو یەک کیلۆمەترە, زۆر ماندوو بووین. ئاوی ڕووبارەکە ئەوەندە هاتبوو لە پشتوێنەی زەلامی دەدا پەڕینەوە لەژێر تەقەی دوژمندا لە

بەرزایی خوێکەوە, لەهەمان شوێنی دەرکردنی شەهیدو بریندارەکانی شەوی ١٤- ١٩٨٧/٧/١٥ کە ڕۆژەکەی چوار هەلیکۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەی داودە لەدەشتی پەتەکی لەنێوان گوندی (دوڕاجی ومەحمود بەگ) نۆ هاوڵاتی سڤیلی بێتاوانیان لەکاتی  دروێنەکردندا بەدەڕاسە، شەهید کرد. لەوانە:

١-فاتیح سەمین خەسرەو.دانیشتوی گوندی دوڕاجی.

٢-نەجمەدین ساڵەح کەریم دانیشتوی گوندی دوڕاجی.

٣-وەلی حاجی مەدحەد دانیشتوی گوندی ئۆمەربل یەکێک بوو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی ملی لە هەموو شەڕەکانی ناوچەکەو تایبەت داستانی گوندی ئۆمەربل دەوری کاریگەری هەبوو لە تێکشکاندنی دوژمن لەناو گوندەکەدا لەگەڵ شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید و کامەرانە ڕەش ,بەکلیلی سەرکەوتنی ئەو داستانە ناسراون.

٤-بەرزان سەعید مەحمود دانیشتوی گوندی ئۆمەربل.

٥-نوری سەعید مەحمود, دانیشتوی گوندی ئۆمەربل.

٦-ڕەمەزان عەلی تۆفیق. دانیشتوی گوندی ئۆمەربل.

٧-نەجات بەهجەت سدیق,دانیشتوی گوندی ئۆمەربل.

٨-ئەحمەد عەبدوڵا مەنسور دانیشتوی گوندی لفتی ئاغا.

٩-سەروەت عەلی حاجی دانیشتوی گوندی ئۆمەر سۆفی.

کەرتی ٥ و٦ بڕیارماندا لەتۆڵەی ئەو شەهیدانەدا شەو چالاکییەک ئەنجام بدەین،کەرتی ٥ چوون بو سەر جادەی بەغداد بەبێ چالاکی گەڕانەو ئێمەش  شەو هێرشمان کردە سەر ڕەبیەی تەنکی ئاوەکەی سەر ڕووباری ئاوەسپی لەماوەی پازدە خولەکدا دەستمان بەسەریدا گرت, بەڵام جاشێکی خۆفرۆش لەناو خاڵێکی لاوەکی دوورە دەستدا خۆی حەشاردابوو پاش چوونە ژوورەوەمان  بۆناو ڕەبیەکە دەستڕێژی  گولەی کردەناوماندا بووە هۆی شەهیدو بریندار بوونی حەوت پێشمەرگە. دواجار پاش  دەخولەک  شەڕکوژرا. شەهیدەکان:

١-ئاوات عارەب,جێگری فەرماندەی مەفرەزەبوو.

٢-عەلی حەسەن فەتاح (قوریچای),

٣-ئەحمەد حاجی عەزیز دوزی ,ئەو ڕۆژە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی، پێشمەرگەی کەرتی پێنج بوو بەهۆی ئاڕبیجیەکەیەوە لەگەڵ خۆمان هێنابوومان, بریندارەکان (ڕەوف یاسین, ڕەوفی یاسە) هەفتەیەک بوو کرابوو بە جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان. کاک عوسمان زۆر هەوڵی لەگەڵ دابوو لەگەڵما ن نەیەت، بەڵام هات  لەگەڵمان. (خەلیل کارێزی، ملازم عەباس، کاک عوسمان) پێی نەوتین بریندارم تا چووینە گوندی مەحمود بەگ, ئەو شەوە زۆرماندوو بووین سێ شەهیدو سێ بریندارمان بەکۆڵ دەرکرد. بۆ یەک

کیلۆمەتر لەژێر گولەی دۆشکەی ڕەبیەی ئیمام عەلی وهەلیکۆپتەردا کە بەڕیز بۆمبی ڕووناک کەرەوەیان بەئاسماندا بلاَودەکردەوە وەک ڕۆژ ڕوناکی دەکردەوە.

بەدووبریندارەوە سەرلەبەیانی لەهەردەی نێوان گوندی (شۆراو) و بەرزاییەکانی سەر (خوێکە) چەند جارێک کۆپتەر هاتنە سەرمان لەبن تاوێرو شیوەکاندا خۆمان شاردەوە, بەماندووبوون وحالێکی زۆرخراپ بۆ کاتژمێر پێنجی ئێوارە پاش شازدە کاتژمێر ڕێکردن گەیشتینە گوندی (دوراجی) کەبۆ مرۆڤی تەندروست دوو تا سێ کاتژمێر دەبێت, ئۆتۆمبێلێک لەوێبوو بریندارەکانمان سەرخست وئێمە بەپێ درێژەمان بەڕۆیشتندا کاتژمێر دەی شەو گەیشتینە ناحیەی (سەرقەلاَ). بۆ کاتژمێر دوازدەی شەو گەیشتینە ناحیەی(ڕزگاری).لەگەڕەکی (شاکەل) کەدەکەێتە سەرجادەی (کفری کەلار) ەوە لە دەرگایەکماندا پیاوێکی پیر دەرگای لێکردینەوەو فەرمووی لێکردین. ووتم: مالێکم دەوێت خەلکی گوندی (توکن) بێت چۆن بیدۆزمەوە؟ ووتی: کورم مالی خەلکی ئەو گوندانەی بەر ئەنفال کەوتوون لەم گەڕەکە نییە, ئەو گوندانەی بەر ئەنفال کەوتووین لەوسەروی کۆمەلگاکەوەن, ئەم گەڕەکانەی نزیک جادە خەلکی گوندەکانی سنووری زەنگابات وئەم سەرجادەن کە لەسالی ١٩٨٧ ڕوخێنراون. بەو سەر وریش وجل وبەرگ وماندوبوونەتان لەپێشمەرگە دەچن. ووتم: بەلێ پێشمەرگەین. ووتی: پێشتر ئێرەت بینیوە؟ ووتم: نەوەلاَ من لەسالی ١٩٨٥ کەلارو ئەم سنورەم بینیوە ئەوکاتە ئێرە دەشتێکی پان وبەرین بوو. ئێرە نزیکەی سی هەزار مالە ئەگەر شارەزا نەبیت بە ئاسانی نایدۆزیتەوە بەم شەوەدرەنگەش کەس بەدەرەوە نییە, بێنە مال ئەمشەو لێرە بخەون سبەی بۆی بگەڕێن. چووینە مال پیاوێکی قسەخۆش وزۆر بەڕێزبوو، بە تەنها لەمالەوە بوو چای وهێلکەو ڕۆنێکی بۆ کردین لەبرسا هۆشمان نەبوو نانمان خوارد وخەوتین. سبەی نان وچایەکی دیکەی پێداین ووتی: ئێستا بچن بگەڕێن، بەلاَم لەم نزیکە مەگەڕێن بەرەو باکوور بچن وپرسیار بکەن. ماوەیەکی زۆر گەڕاین دۆزیمانەوە, چووینە مالا عزیزبرام ئەو ژنانەم بینی ئەو شەوەی چووینە ناو قەزای (خورماتوو) ەوە لەمال ژنەکەدا بینیم ووتم ها ئەوە چیدەکەن لێرە دەرتانبکەم, ئێوە دەتانگوت کچی (حاجی عوسمان کەنجە) نیمان ونایناسین ئێستا چیدەکەن لێرە؟

ووتیان: کێ دەیوێرا لای پێشمەرگە خۆی بناسێنێ, ئێمە لەترسی ئەو ژنەدا نەماندەوێرا ڕاستی خۆمان بلێین وتۆشمان نەدەناسی, دواتر ووتمان باشە ئەم پێشمەرگە کێبوو وائێمەی دەناسی. پاش کشانەوەی ئێمە کاک عوسمان و برادەرانیش بەیانیی ڕۆی ٣/١٩ پاش هێرش و فشاری دوژمن لەشار دەرچووبوون لە بەرزاییەکان تا دوای نیوەڕۆ بەرگرییان کردبوودواتر لەژێر فشارێکی زۆردا کشابوونەوە, پاش دە شەو و ڕۆژ هێرش وپەلاماری خوێناوی لەزەوی وئاسمانەوە, هێزو یەکە بەشداربووەکانی دوژمن لەو هێرشانەدا.

١-لیواکانی (٦٢, ٦٥, ٦٨ ی قوات خاصە). هێزی تایبەت.

٢-(لیوای (٢) ی مغاویری فەیلەقی (٢).
٣-(تەشکیلەی سەیف القائد).
٤-(فەرماندەی هێزی پاسەوانی سنوری سێ.
٥- (قوات بارق) کە لیوایەکی تایبەتی سوپای عێراق بوو. (لیوا بارق عەبدوڵا حنته) فەرماندەی بوو دڕندەترین لیوا بوو، بەپاڵەوانی شەڕ ناوی دەرکردبوو وچەندین مەدالیای ئازایەتی لەلایەن (سەدام حوسێن) ی دیکتاتۆرەوە پێبەخشرابوو, فەرماندەی یەکەمی شاڵاوی ئەنفالی سێ بوو بۆسەر گەرمیان, وفەرماندەی هێرش وپەلامارەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو بوو بۆسەر خورماتوو.
٦-هێزەکانی موجاهیدی خەلقی ئێران.
٧- سەدان تانک ودەیان هەلیکۆپتەرو سەدان هاوەن وتۆپی دوورهاوێژ وهەزاران عەرەبی عەشایەری تەعریبی سنورەکە.
بەزیانێکی زۆری دوژمنەوە کە زیاد لەحەوت سەد کوژراو وشکاندنی چەندین تانک وئۆتۆمبێل وکەوتنە خوارەوەی دوو هەلیکۆپتەر لەنزیکی مەیدانی شەڕەکە, زیانی ئێمەش زیاتر لەدووسەدو پەنجا شەهیدی پێشمەرگەو هاوڵاتیمان هەبوو, لەسی وپێنج پێشمەرگە بیستمان شەهیدو بریندار بووین, ئەو شەهیدانەی ناوەکانم دەستکەوتوون ئاماژەی پێدەدەم:
شەهیدی پێشمەرگە دانەبڕاوەکان کە پارتیزانن و لەسنووری ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوونەوە:
١-شەهید محەمەد کەریم عیسا(شەهید حەمە ڕەش) پارتیزان بوو، فەرماندەی ڕەتڵی کفری بوو.والەگەڵ کاک عوسمان ڕێککەوتبوون پێکەوە کفری ئازاد بکەن دواتر خورماتووئازاد بکەن,ئەگەر توشی شەڕی گەورەو لەمپەر نەبنەوە ئەوابەدوو ئاراستە پێشرەوی دەکەن ئاراستەیەک بەرەو قەزای داقوق ودوروبەری تاکو ڕزگارکردنی کەرکوک ئاسانتربێت وئاراستەی دووەم بەرەو چیای حەمرین.بەداخەوە هێزە بەکرێگیراوەکانی موجاهید لەگەڵا ڕزگارکردنی خورماتوودا هێرشیان کردەسەرمان و پلانەکەیان لێمان تێکدا.
٢-شەهید ساڵح محەمەد حوسێن (شەهید کاکە توکنی) پارتیزان بوو.
٣-شەهید نادر مەجید جوامێر (شەهید نادر وارانی) پارتیزان بوو.
٤-شەهید شکور ڕەحیم عەبدول کەریم (شەهید شکور عەلیانی) پارتیزان بوو.
٥-شەهید مەجید ئیبراهیم لفته (شەهید مەجید دووزی) پارتیزان بوو.
٦- شەهید ئەحمەد ساڵح گورجی(شەهید ئەحمەد زەرداوی) پارتیزان بوو.
٧-شەهید شکور ئەحمەد محەمەد (شەهید شکور قەڵایی) لە سنوورەوە هاتبوو.
بریندارەکانی پێشمەرگە دانەبڕاوەکان:
١-شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید,
٢-شەهید عەلی فەقێ مستەفایی,

٣-جەمال مەلاهۆمەری,
٤-حەسەن حەمید,
٥-جەلیل کۆکزی,
٦-کاک مەلاسەعید,
٧- شەهید خەباتە سوور,
ئەو پێشمەرگەدێرینانەی لە ئەنفال و پێشتر تەسلیم بوونەوە:
١-شەهید سوڵتان مەجید ئیبراهیم، جێگری فەرماندەی کەرت بوو.
٢-شەهید ئازاد ڕەشید (شەهید مامۆستا ئازاد).
٣-شەهید سلاّح عەباس عەلی ڕۆستەم (شەهید سلاّح عەباس زەمۆ). یەکەم شەهیدبوو,
٤-شەهید ڕەمزی حوسێن محەمەد,
٥-شەهید بەکر سەعید ئیسماعیل.
٦-شەهید مەجید محەمەد عەلی (عەلی حەمە بێجان).
٧-شەهید ئەحمەد حەمید کەریم,
٨-شەهید تاریق خالید جەبار.
٩-شەهید حەیدەر عەلی عەزیز,
١٠-شەهید کەمال سابیر قازی.
١١-شەهید عەلی ناسر پیروەیس,
١٢-شەهید عەلی داود محەمەد.
١٣-شەهید عادل ڕەشید ئیبراهیم,
١٤-شەهید عەونی عەلی دەروێش.
١٥-شەهید مزەفەر حەمەڕەشید,
١٦-شەهید عەبدولکەریم قاسم ڕەشید.
١٧-شەهید صەفەر حوسێن مەحەمەد عەلی,
١٨-شەهید ڕزگار عەبدولڕەحمان ئەمین,
١٩-شەهید ئیبراهیم محەمەد ئەمین,
٢٠-شەهید عەدنان جمعە عەلی محەمەد,
٢١-شەهید سالار عومەر قادر,
٢٢-شەهید محەمەد شکور ئەمین عومەر,
٢٣-شەهید عەبدول کەریم ئیبراهیم شەریف برای شەهید مەلا ڕەحیم.
٢٤-شەهید ئەحمەد شاکر زەینەڵعابدین تورکمان,
٢٥-شەهید جەمال سالّەح عەلی.

**٢٦-**شەهید حەسەن محەمەد عەلی,

**٢٧-**شەهید قادر فەخرەدین محێدین.

**٢٨-**شەهید عەزیز عەباس حەسەن غەریب,

**٢٩-**شەهید ڕەسوڵ مستەفا عەزیز.

پاش کشانەوە ی پێشمەرگە دوژمن ئەم هاووڵاتیانەی گولەباران کردووە:

**٣٠-**شەهید ئەحمەد سابیر جاسم,

**٣١-**شەهید چالاک ڕەمەزان محەمەد.

**٣٢-**شەهید کەریم حەمید محەمەد فەتاح گیراون وگولەباران کراون.

**٣٣-**شەهید حەمید محەمەد فەتاح گیراون وگولەباران کران

# لیستی ناوی ئەنفالکراوانی گوندی توکن
# ناحیەی تیلەکۆ/ قەزای کەلار/ پارێزگای سلێمانی

| ژمارە | ناوی ئەنفالکراو | تەمەن | ڕەگەز | ژمارەی ئەنفالکراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی سەعید مەعروف ڕەسوڵ | ١٩٤٩ | نێر | ٦ | خێزانی خۆمان |
| ٢ | سعدە محەمەد ئەمین | ١٩٤٩ | مێ | | |
| ٣ | نسار عەلی سەعید مەعروف | ١٩٧٢ | مێ | | |
| ٤ | شلێرعەلی سەعید مەعروف | ١٩٧٥ | مێ | | |
| ٥ | ئاواز علی سعید معروف | ١٩٧٩ | مێ | | |
| ٦ | بەناز عەلی سەعید مەعروف | ١٩٨٢ | مێ | | |
| ٧ | حەسەن عەلی سەعید مەعروف | ١٩٦٤ | نێر | ٥ | خێزانی حەسەنی برام ئەم خێزانە کەسی دەربازنە بووە *خێزانی نوسەر |
| ٨ | نەبیهە ڕەشید کەریم | ١٩٦٧ | مێ | | |
| ٩ | پەیمان حەسەن عەلی سەعید | ١٩٨٤ | مێ | | |
| ١٠ | ژیان حەسەن عەلی سەعید | ١٩٨٥ | مێ | | |
| ١١ | دابان حەسەن عەلی سەعید | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ١٢ | سروە عەزیز عەلی سەعید | ١٩٨٤ | مێ | ١ | |
| ١٣ | عوسمان سەعید معروف ڕەسوڵ | ١٩٥٧ | نێر | ٥ | منداڵی عزیزی برام خێزانی مامە عوسمانم: ئەم خێزانە کەسی دەربازنە بووە |
| ١٤ | محتاب عەبدولمجید حەمید | ١٩٦٠ | مێ | | |
| ١٥ | سوعاد عوسمان سەعید مەعروف | ١٩٨٠ | مێ | | |
| ١٦ | سنور عوسمان سەعید معروف | ١٩٨٣ | مێ | | |
| ١٧ | سوهام عوسمان سعید مەعروف | ١٩٨٥ | مێ | | |
| ١٨ | وەزیرە صابر ڕەشید فەدعەم | ١٩٦٠ | مێ | ٤ | خوشکی وارسیەتی *خێزانی مامی نوسەر. |
| ١٩ | مەحەمەد ئەبوبکر سەعید | ١٩٨٢ | نێر | | |
| ٢٠ | سالارئەبوبکر سەعید مەعروف | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ٢١ | جوانە ئەبوبکر سەعید مەعروف | ١٩٨٧ | مێ | | |
| ٢٢ | عومەر سەعید مەعروف ڕەسول | ١٩٤٨ | نێر | ٢ | |
| ٢٣ | هاوژین عومەر سەعید مەعروف | ١٩٨٧ | مێ | | |
| ٢٤ | حەمەخان غەریب مەعروف ڕسوڵ | ١٩٥٠ | نێر | ١٠ | خێزانی مامە ئەبوبکرم تەنها خۆی دەرباز بوو لە سالی (١٩٩٣) کۆچی دوایی کردووە. |
| ٢٥ | جیهان فارس فەرج | ١٩٥٢ | مێ | | |
| ٢٦ | مەلیعەحەمەخان غەریب مەعروف | ١٩٧٢ | مێ | | |
| ٢٧ | ئیکرام حەمەخان غەریب مەعروف | ١٩٧٣ | نێر | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٨ | حەیدەر حەمەخان غەریب مەعروف | ١٩٧٤ | نێر | | *خێزانی مامی نوسەر. خێزانی مامە عومەرم *خێزانی مامی نوسەر. خێزانی ئامۆزای باوکم، ئەم خێزانە تەنها یەک کەسی دەرباز بووە. |
| ٢٩ | کەنعان حەمەخان غەریب مەعروف | ١٩٧٥ | نێر | | |
| ٣٠ | واحیدە حەمەخان غەریب | ١٩٧٦ | مێ | | |
| ٣١ | ئەسکەندر حەمەخان غەریب | ١٩٧٧ | نێر | | |
| ٣٢ | یوسف حەمەخان غەریب مەعروف | ١٩٧٨ | نێر | | |
| ٣٣ | لوقمان حەمەخان غەریب مەعروف | ١٩٧٩ | نێر | | |
| ٣٤ | شعریە ئەحمە د غەریب مەعروف | ١٩٦٧ | مێ | ١ | بەناوی(برهان حەمەخان غەریب) |
| ٣٥ | غەریبە وەلی حەسەن | ١٩٥٠ | مێ | ٧ | *خێزانی بنەماڵەی نوسەر. |
| ٣٦ | لەتیف حەمەلاو حەمە کەریم | ١٩٦٩ | نێر | | |
| ٣٧ | نەسرین حەمەلاو حەمە کەریم | ١٩٧٣ | مێ | | |
| ٣٨ | جمیلە حەمەلاو حەمە کەریم | ١٩٧٤ | مێ | | |
| ٣٩ | یاوەر حەمەلاو حەمە کەریم | ١٩٨٤ | نێر | | |
| ٤٠ | چیمەن حەمەلاو حەمە کەریم | ١٩٨٥ | مێ | | |
| ٤١ | شیلان حەمەلاو حەمە کەریم | ١٩٨٦ | مێ | | |
| ٤٢ | فارس عەزیز حەمید | ١٩٤٨ | نێر | ١ | |
| ٤٣ | ناسیح حە مید شەلال ئەمین | ١٩٥٧ | نێر | ٤ | کچی ئامۆزای باوکم ئەم خێزانە دوو کەسیان دەرباز بووە. (حەمەلاو حەمە کەریم) پاش گەڕانەوەی لە نوگرە سەلمان لەساڵی( ١٩٩٢) کۆچی دوایی کردووە |
| ٤٤ | غەزالە کامیل ڕەحیم | ١٩٦٠ | مێ | | |
| ٤٥ | دڵشاد ناسیح حەمید | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ٤٦ | کاروان ناسیح حەمید | ١٩٨٦ | نێر | | |
| ٤٧ | عیسمەت عەبدلکەریم | ١٩٥٠ | مێ | ٨ | (ئەنور حەمەلاو حەمەکەریم) وارسیەتی |
| ٤٨ | عەلی صابر محەمەد | ١٩٧١ | نێر | | |
| ٤٩ | ئەدیبە صابر محەمەد | ١٩٧٢ | مێ | | |
| ٥٠ | ڕەحیم صابر محەمەد | ١٩٧٦ | نێر | | |
| ٥١ | کەریم صابر محەمەد | ١٩٧٧ | نێر | | |
| ٥٢ | ریِ َبوار صابر محەمەد | ١٩٧٩ | نێر | | |
| ٥٣ | شەکیبە صابر محەمەد | ١٩٨٤ | مێ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٤ | نەجمە دین صابر محەمەد | ١٩٨١ | نێر | | |
| ٥٥ | ئیسماعیل مەحەمەد ئەحمەد | ١٩٧٦ | نێر | ٣ | ئەم خێزانە تەنها کورێکیان دەرباز بووە بەناوی (ڕێبوار ناصح حەمید ) |
| ٥٦ | حەسەن مەحەمەد ئەحمەد | ١٩٨٠ | نێر | | |
| ٥٧ | پەیمان ئیبراهیم محەمەد | ١٩٨٧ | مێ | | |
| ٥٨ | عەزیز مەحەمەد حەیدەر | ١٩٦٤ | نێر | ١ | |
| ٥٩ | خەرامان ئەمین حەمید مستەفا | ١٩٦٢ | مێ | ١١ | |
| ٦٠ | حەمەجان کاکە ئەمین حەمید | ١٩٥٢ | نێر | | |
| ٦١ | بهیە ستار جەبار | ١٩٥٥ | مێ | | |
| ٦٢ | کامەران حەمەجان کاکە ئەمین | ١٩٧٠ | نێر | | |
| ٦٣ | سە رگوڵ حەمەجان کاکە ئەمین | ١٩٧٥ | مێ | | |
| ٦٤ | ڕوناک حەمەجان کاکە ئەمین | ١٩٧٧ | مێ | | |
| ٦٥ | فەریق حەمەجان کاکە ئەمین | ١٩٧٩ | نێر | | |
| ٦٦ | سامان حەمەجان کاکە ئەمین | ١٩٨٠ | نێر | | |
| ٦٧ | ڕەفیق حەمەجان کاکە ئەمین | ١٩٨١ | نێر | | |
| ٦٨ | ناسکە حەمەجان کاکە ئەمین | ١٩٨٢ | مێ | | |
| ٦٩ | کاوە حەمەجان کاکە ئەمین | ١٩٨٤ | نێر | | |
| ٧٠ | حسین عەزیز مەحمود | ١٩٦٠ | نێر | ٥ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە |
| ٧١ | ئەدیبە حەمید خانە | ١٩٦٤ | مێ | | |
| ٧٢ | تانیا حسێن عەزیز | ١٩٨٤ | مێ | | |
| ٧٣ | کاوە حسێن عەزیز | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ٧٤ | تابان حسێن عەزیز | ١٩٨٦ | مێ | | |
| ٧٥ | نەورۆز کاکل نامیق | ١٩٥٠ | مێ | ٧ | |
| ٧٦ | ئەحمەد محەمەد حەمید | ١٩٦٦ | نێر | | |
| ٧٧ | ڕەحیم محەمەد حەمید | ١٩٧٠ | نێر | | |
| ٧٨ | خەدیجە محەمەد حەمید | ١٩٨١ | مێ | | |
| ٧٩ | مەنیجەمحەمەد حەمید | ١٩٨٢ | مێ | | |
| ٨٠ | عادل محەمەد حەمید | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ٨١ | بەهار ئەحمەد حەمید | ١٩٦٩ | مێ | | |
| ٨٢ | خورشیدە عارف | ١٩٣٠ | مێ | ٦ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە |
| ٨٣ | حسێن ئەحمد محەمەد | ١٩٧٠ | نێر | | |
| ٨٤ | حەسیبە ئەحمەد عەزیز | ١٩٦٢ | مێ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨٥ | شۆڕش عەبدلکەریم ئەحمەد | ١٩٨٣ | نێر | | برای وارسیەتی |
| ٨٦ | شەهریار عەبدلکەریم ئەحمەد | ١٩٨٦ | مێ | | |
| ٨٧ | شەرمین عەبدلکەریم ئەحمەد | ١٩٨٧ | مێ | | |
| ٨٨ | مەحسومە حەمید محەمەد | ١٩٦٨ | مێ | ٩ | ئەم خێزانە تەنها یەک کەسی دەرباز بووە بەناوی ( محەمەد حەمید سەعید) لە ٢٠١٨ کۆچی دوای کردووە |
| ٨٩ | نەشمیل حەمید محەمەد | ١٩٧٠ | مێ | | |
| ٩٠ | سەعید حەمید محەمەد | ١٩٧٩ | نێر | | |
| ٩١ | سەرگوڵ حەسەن ئەمین | ١٩٦٥ | مێ | | |
| ٩٢ | پێشڕە و مەحمود حەمید | ١٩٨٢ | نێر | | |
| ٩٣ | کاروان مەحمود حەمید | ١٩٨٣ | نێر | | |
| ٩٤ | هە ورامان مەحمود حەمید | ١٩٨٦ | نێر | | |
| ٩٥ | ئافتاو حەمید محەمەد | ١٩٨٢ | مێ | | |
| ٩٦ | ئە رکان حەمید محەمەد | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ٩٧ | نەسرین صابر قادر | ١٩٦٦ | مێ | ٦ | |
| ٩٨ | نەرمین عەزیز مەجید | ١٩٨٦ | مێ | | |
| ٩٩ | شە رمین عەزیز مەجید | ١٩٨٧ | مێ | | |
| ١٠٠ | پەروین عەزیز مەجید | ١٩٨٨ | مێ | | |
| ١٠١ | ئامینە مەجید حەمید | ١٩٦٩ | مێ | | |
| ١٠٢ | مەحەمەد عەزیز مەجید | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ١٠٣ | عاسمە ئەحمد یارە | ١٩٤٥ | مێ | ٧ | |
| ١٠٤ | حەبسە حەمەصاڵح ئەحمەد | ١٩٧١ | مێ | | |
| ١٠٥ | ڕەشید حەمەصاڵح ئەحمەد | ١٩٧٤ | نێر | | |
| ١٠٦ | سە ردار حەمەصاڵح ئەحمەد | ١٩٧٥ | نێر | | |
| ١٠٧ | سامان حەمەصاڵح ئەحمەد | ١٩٧٨ | نێر | | |
| ١٠٨ | لوقمان حەمەصاڵح ئەحمەد | ١٩٨٠ | نێر | | |
| ١٠٩ | نەبات حەمەصاڵح ئەحمەد | ١٩٨٣ | مێ | | |
| ١١٠ | خاوە ر حەسەن خەلیل | ١٩٤٢ | مێ | ٥ | ئەم خێزانە یەک کەسی دەرباز بووە بە ناوی ( عەزیز مەجید محەمەد ) |
| ١١١ | عەبدوڵا جەمیل صاڵح | ١٩٦٠ | نێر | | |
| ١١٢ | سۆبیە جەمیل صاڵح | ١٩٦٨ | مێ | | |
| ١١٣ | ڕەعدە جەمیل صاڵح | ١٩٧٠ | مێ | | |
| ١١٤ | فاروق جەمیل صاڵح | ١٩٧٤ | نێر | | |
| ١١٥ | ئەحمە د حەمەلاو ئەحمە د | ١٩٥٢ | نێر | ٦ | ئەم خێزانە دوو کەسی |
| ١١٦ | زبێدە قادر عەزیز | ١٩٥٥ | مێ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١٧ | پشتیوان ئەحمەد حەمەلاو | ١٩٨١ | نێر | | دەرباز بووە بە ناوی (صاڵح ئەحمەد مستەفا دەروێش) لە ١٩٩٠ کۆچی دوایی کردووە. ئێستا (جیهان صاڵح ئەحمەد ) وارسیەتی |
| ١١٨ | سیروان ئەحمەد حەمەلاو | ١٩٨١ | نێر | | |
| ١١٩ | سۆران احمد حمەلاو | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ١٢٠ | هیوا ئەحمەد حەمەلاو | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ١٢١ | عادل حەمەلاو ئەحمەد | ١٩٥٥ | نێر | ٤ | |
| ١٢٢ | جەمیلە ئەحمەد قادر | ١٩٥٩ | مێ | | |
| ١٢٣ | دڵشاد عادل حەمەلاو | ١٩٨٤ | نێر | | |
| ١٢٤ | هێرۆ عادل حەمەلاو | ١٩٨٦ | مێ | | |
| ١٢٥ | جەمال حەمەلاو ئەحمەد | ١٩٥٧ | نێر | ٣ | |
| ١٢٦ | حەسیبە ئیبراهیم غە فور | ١٩٦٤ | مێ | | |
| ١٢٧ | سیروان جەمال حەمەلاو | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ١٢٨ | جاهیدە فەرەج | ١٩٥٩ | مێ | ٣ | |
| ١٢٩ | ڕێزان کە ریم عەبدولا | ١٩٨٣ | مێ | | |
| ١٣٠ | تابان کەریم عەبدولا | ١٩٨٥ | مێ | | |
| ١٣١ | ساجیدە محەمەد سەمین | ١٩٦٠ | مێ | ٢ | ئەم خێزانە کەسی دەربازنە بووە برای وارسیەتی |
| ١٣٢ | ڤیان عاسی حەسەن | ١٩٨٠ | مێ | | |
| ١٣٤ | دلبەر عەزیز ئەمین | ١٩٦٩ | مێ | ٢ | |
| ١٣٥ | فرود عەزیز ئەمین | ١٩٧٥ | نێر | | |
| ١٣٦ | زەینەب صابر | ١٩٥٥ | مێ | ١ | |
| ١٣٧ | پەروین صاڵح حوسێن | ١٩٨٤ | مێ | ٢ | |
| ١٣٨ | شرین صاڵح حوسێن | ١٩٨٦ | مێ | | |
| ١٣٩ | عەبدولڕەحمان حوسێن صاڵح | ١٩٤٣ | نێر | ٧ | ئەم خێزانە کەسی دەربازنە بووە برای وارسیەتی ئەم خێزانە کەسی دەربازنە بووە برای وارسیەتی |
| ١٤٠ | بەسیە صاڵح محەمەد | ١٩٤٥ | مێ | | |
| ١٤١ | غەزالە عەبدولرەحمان حوسێن | ١٩٧٢ | مێ | | |
| ١٤٢ | حە یدەر عە بدولرەحمان حوسێن | ١٩٧٦ | نێر | | |
| ١٤٣ | یوسف عەبدولرەحمان حوسێن | ١٩٧٨ | نێر | | |
| ١٤٤ | سیروان عە بدولرەحمان حوسێن | ١٩٧٩ | نێر | | |
| ١٤٥ | شیلان عەبدولرەحمان حوسێن | ١٩٨٢ | مێ | | |
| ١٤٦ | حەبیبە حەمید سەعید | ١٩٤٠ | مێ | ٦ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٧ | حەسەن ئەحمەد حوسێن | ١٩٦٤ | نێر | | |
| ١٤٨ | عەباس ئەحمەد حوسێن | ١٩٦٦ | نێر | | |
| ١٤٩ | عەزیز ئەحمەد حوسێن | ١٩٦٩ | نێر | | |
| ١٥٠ | حەسیب ئەحمەد حوسێن | ١٩٧٠ | نێر | | |
| ١٥١ | فکریە ئەحمەد حوسێن | ١٩٧٢ | مێ | | |
| ١٥٢ | ڕەسمیە ناوخاس ئەحمەد | ١٩٤٨ | مێ | ١٠ | ئەم خێزانە کەسیان دەربازیان نەبوو، بۆیە کەسیان نەماوە.. موچەی شەهیدانەیان وەربگرێت |
| ١٥٣ | ئیسماعیل محەمەد حوسێن | ١٩٧٠ | نێر | | |
| ١٥٤ | مەنیجە محەمەد حوسێن | ١٩٧١ | مێ | | |
| ١٥٥ | کامەران محەمەد حوسێن | ١٩٨٣ | نێر | | |
| ١٥٦ | میقداد محەمەد حوسێن | ١٩٧٥ | نێر | | |
| ١٥٧ | سەردار محەمەد حوسێن | ١٩٧٤ | نێر | | |
| ١٥٨ | سەمیعە محەمەد حوسێن | ١٩٧٦ | مێ | | |
| ١٥٩ | گۆران محەمەد حوسێن | ١٩٧٧ | نێر | | |
| ١٦٠ | دەوران محەمەد حوسێن | ١٩٧٨ | نێر | | |
| ١٦١ | شادیە محەمەد حوسێن | ١٩٧٩ | مێ | | |
| ١٦٢ | فاتیح وە هاب محەمەد | ١٩٦٢ | نێر | ١ | |
| ١٦٣ | مریەم ڕەشید سەعید | ١٩٣٥ | مێ | ٨ | ئەم خێزانە یەک کەسی دەرباز بوو بەناوی(حمەد حسێن) لەپاش گەڕانەوەی لە نوگرەسەلمان لە٢٠٠٧ کۆچی دواییکردووە، کەس موچەی شەهیدانەیان وەرناگرێت. |
| ١٦٤ | عەبدولا سەمین جەبار | ١٩٥٧ | نێر | | |
| ١٦٥ | بەدریە عەزیز حەسەن | ١٩٦٠ | مێ | | |
| ١٦٦ | محەمەد عەبدولا سەمین | ١٩٨٠ | نێر | | |
| ١٦٧ | قەدریە عەبدولا سەمین | ١٩٨٢ | مێ | | |
| ١٦٨ | عومەر عەبدولا سەمین | ١٩٨٤ | نێر | | |
| ١٦٩ | نەرمین عەبدولا سەمین | ١٩٨٥ | مێ | | |
| ١٧٠ | ئاکۆ عەبدولا سەمین | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ١٧١ | ئەمین سەمین جەبار | ١٩٥٩ | نێر | ٦ | ئەم خێزانە ٣ کەسیان دەرباز بوون □ □ □ |
| ١٧٢ | فەریدە ڕەشید محەمەد | ١٩٦١ | مێ | | |
| ١٧٣ | ناسکە ئەمین سەمین | ١٩٨٤ | مێ | | |
| ١٧٤ | ئاکۆ ئەمین سەمین | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ١٧٥ | ئەحمەد ئەمین سەمین | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ١٧٦ | شەهید ئەمین سەمین | ١٩٨٨ | نێر | | |
| ١٧٧ | دلبەر ڕەزا خدر | ١٩٧٠ | مێ | ٢ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧٨ | هونەر کەریم سەمین | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ١٧٩ | سەمەن محەمەد سەعید | ١٩٣٤ | مێ | ٤ | |
| ١٨٠ | حەلاوە وەهاب حەکیم | ١٩٤٥ | مێ | | |
| ١٨١ | ئەحمەد ستار جەبار | ١٩٥٧ | نێر | | |
| ١٨٢ | ئامینە ستار جەبار | ١٩٥٩ | مێ | | |
| ١٨٣ | جەواهیر حەسەن سلێمان | ١٩٣٠ | مێ | ٤ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە برای وارسیەتی |
| ١٨٤ | شەعریە صابر جەبار | ١٩٧٨ | مێ | | |
| ١٨٥ | هیدایەت صابر جەبار | ١٩٨٠ | نێر | | |
| ١٨٦ | زەینەب صابرجەبار | ١٩٨١ | مێ | | |
| ١٨٧ | شەوقیە صابرجەبار | ١٩٦٩ | مێ | ٢ | |
| ١٨٨ | ئارام ئیبراهیم ستار | ١٩٨٨ | نێر | | |
| ١٨٩ | عارف حەمید مەجید | ١٩٥٧ | نێر | ٦ | ئەم خێزانە کەسی دەربازنە بووە |
| ١٩٠ | سەبریە صاڵح مەجید | ١٩٥٩ | مێ | | |
| ١٩١ | هەرمێ عارف حەمید مەجید | ١٩٨٠ | مێ | | |
| ١٩٢ | سەلام عارف حەمید مەجید | ١٩٨٤ | نێر | | |
| ١٩٣ | ته نک عارف حەمید مەجید | ١٩٨٦ | مێ | | |
| ١٩٤ | ئەکرەم عارف حەمید مەجید | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ١٩٥ | محەمەد حەمید مەجید | ١٩٦٦ | نێر | ٤ | برای وارسیەتی ئەو منداڵەی بەناوی شەهید تۆمارکراوە لە بەندیخانەی تۆپزاوا لەدایک بووە و لەویش شەهید کراوە |
| ١٩٦ | نەسرین صاڵح مەجید | ١٩٦٧ | مێ | | |
| ١٩٧ | پشتیوان محەمەد حەمید مەجید | ١٩٨٦ | نێر | | |
| ١٩٨ | بێستون محەمەد حەمید مەجید | ١٩٨٨ | نێر | | |
| ١٩٩ | حەمیدمەجید ئەحمەد | ١٩٣٢ | نێر | ٣ | |
| ٢٠٠ | زارا حەمید مەجید | ١٩٦١ | مێ | | |
| ٢٠١ | کوێستان حەمید مەجید | ١٩٧٥ | مێ | | |
| ٢٠٢ | شوکریە حەمید سەعید | ١٩٤٧ | مێ | ٦ | ئەم خێزانە یەک کەسی دەربازبووە بە ناوی (ستار جەبار) لە ١٩٩٦ کۆچی دوایکردووە کوڕی وارسیەتی |
| ٢٠٣ | گوڵاڵە عەلی قادر | ١٩٦٨ | مێ | | |
| ٢٠٤ | عومەر عەلی قادر | ١٩٦٩ | نێر | | |
| ٢٠٥ | عوسمان علی قادر | ١٩٧١ | نێر | | |
| ٢٠٦ | ئەکبر عەلی قادر | ١٩٧٨ | نێر | | |
| ٢٠٧ | منیرە عەلی قادر | ١٩٨٢ | مێ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٨ | نوری سەعید ئەحمەد | ١٩٥٠ | نێر | ٦ | |
| ٢٠٩ | فاتمە مەحەمەد ئەحمەد | ١٩٦٤ | مێ | | |
| ٢١٠ | هونەر نوری سەعید | ١٩٨٦ | نێر | | |
| ٢١١ | حەسەن سەعید ئەحمەد | ١٩٦٤ | نێر | | |
| ٢١٢ | حسین سەعید ئەحمەد | ١٩٦٧ | نێر | | |
| ٢١٣ | نەسرین سەعید ئەحمەد | ١٩٦٩ | مێ | | |
| ٢١٤ | ڕێژاو محەمەد عەزیز | ١٩٦٠ | مێ | ٤ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە کەس موچەی وەرناگرێت |
| ٢١٥ | عەلی محەمەد عەزیز | ١٩٦٧ | نێر | | |
| ٢١٦ | سیامەند محەمەد عەزیز | ١٩٦٨ | نێر | | |
| ٢١٧ | منیرە محەمەد عەزیز | ١٩٧٣ | مێ | | |
| ٢١٨ | فەتاح محەمەد عەزیز | ١٩٥٦ | نێر | ٥ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە کەس موچەی وەرناگرێت |
| ٢١٩ | ماهی سەعید عەبدلقادر | ١٩٦٥ | مێ | | |
| ٢٢٠ | سەرتیپ فەتاح محەمەد | ١٩٨١ | نێر | | |
| ٢٢١ | سیروان فەتاح محەمەد | ١٩٨٢ | نێر | | |
| ٢٢٢ | سەرکەوت فەتاح محەمەد | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ٢٢٣ | سەعید محەمەد عەزیز | ١٩٦٣ | نێر | ٤ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە |
| ٢٢٤ | گەوهەر ڕۆستەم محەمەد | ١٩٦٥ | مێ | | |
| ٢٢٥ | ڕووبار سەعید محەمەد | ١٩٨٢ | مێ | | |
| ٢٢٦ | جێگر سەعید محەمەد | ١٩٨٥ | نێر | | |
| ٢٢٧ | حسێن محەمەد سلێمان | ١٩٦٧ | نێر | ٢ | |
| ٢٢٨ | عوسمان محەمەد سلێمان | ١٩٧١ | نێر | | |
| ٢٢٩ | نەهیە ئەحمەد صالّح | ١٩٦٠ | مێ | ١ | |
| ٢٣٠ | شەوکەت محەمەد ئەحمەد | ١٩٤٥ | مێ | ٤ | ئەم خێزانە یەک کەسی دەرباز بوو بە ناوی ( عەلی قادر صالّح عەلی) پاش گەڕانەوەی لە نوگرەسەلمان لە ٢٠١٠ کۆچی دوایکردووە کەس موچەیان وەرناگرێت |
| ٢٣١ | ئامینە فرەج عەزیز | ١٩٦٧ | مێ | | |
| ٢٣٢ | ڕەشید عەلی صابر | ١٩٨٨ | نێر | | |
| ٢٣٣ | حەبیبە صابر ئەحمد | ١٩٦٨ | مێ | | |
| ٢٣٤ | محەمەد ڕەحیم محەمەد | ١٩٥٦ | نێر | ٧ | |
| ٢٣٥ | مەحمود ڕەحیم محەمەد | ١٩٥٧ | نێر | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣٦ | لەتیف صالّح غەفور | ١٩٦٤ | نێر | | |
| ٢٣٧ | یادگار لەتیف صالّح | ١٩٨٦ | نێر | | |
| ٢٣٨ | ئەحمد صالّح غەفور | ١٩٧١ | نێر | | |
| ٢٣٩ | شکور غەفور حەمید | ١٩٥٦ | نێر | | |
| ٢٤٠ | محەمەد شکور غەفور | ١٩٧٢ | نێر | | |
| ٢٤١ | محەمەد خورشید مەجید | ١٩٥٥ | نێر | ٥ | |
| ٢٤٢ | قەدریە صالّح مەجید | ١٩٥٩ | مێ | | |
| ٢٤٣ | نازم محەمەد خورشید | ١٩٨٣ | نێر | | |
| ٢٤٤ | سەیوان محەمەد خورشید | ١٩٨٤ | نێر | | |
| ٢٤٥ | مەحمود محەمەد خورشید | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ٢٤٦ | خەلیل خورشید مەجید | ١٩٦٢ | نێر | ٦ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە باوکی وارسیەتی ماهی سەعید / لە کاتی شالآوی ئەنفال دووگیان بووە |
| ٢٤٧ | رێحان عەلی مەجید | ١٩٦٥ | مێ | | |
| ٢٤٨ | حەسیبە خەلیل خورشید مەجید | ١٩٨٠ | مێ | | |
| ٢٤٩ | ئیبراهیم خەلیل خورشید مەجید | ١٩٨٢ | نێر | | |
| ٢٥٠ | ئیسماعیل خەلیل خورشید مەجید | ١٩٨٤ | نێر | | |
| ٢٥١ | شیلان خەلیل خورشید مەجید | ١٩٨٦ | مێ | | |
| ٢٥٢ | ستار ئەحمەد قادر | ١٩٥٠ | نێر | ١ | |
| ٢٥٣ | ئیبراهیم ئەحمەد قادر | ١٩٥٧ | نێر | ٥ | ئەم خێزانە کەسی دەربازنەبووە باوکی وارسیەتی گەوهەر ڕۆستم لە کاتی شالآوی ئەنفال دوو گیان بووە |
| ٢٥٤ | ئامینە حەمەلاو ئەحمەد | ١٩٦٤ | مێ | | |
| ٢٥٥ | دڵسۆز ئیبراهیم ئەحمەد | ١٩٨٤ | مێ | | |
| ٢٥٦ | لەولاو ئیبراهیم ئەحمەد | ١٩٨٦ | مێ | | |
| ٢٥٧ | نەرمین ئیبراهیم ئەحمد | ١٩٨٨ | مێ | | |
| ٢٥٨ | خورشیدە ئەمین عەلی | ١٩٥٧ | مێ | ٨ | |
| ٢٥٩ | فاخر محەمەد ستار جەبار | ١٩٧٢ | نێر | | |
| ٢٦٠ | ئاکۆ محەمەد ستار جەبار | ١٩٧٩ | نێر | | |
| ٢٦١ | شەماڵ محەمەد ستار | ١٩٨٠ | مێ | | |
| ٢٦٢ | سەلیم محەمەد ستار | ١٩٨٢ | نێر | | |
| ٢٦٣ | شیما محەمەد ستار | ١٩٨٢ | مێ | | |
| ٢٦٤ | کەریم محەمەد ستار | ١٩٨٤ | نێر | | |
| ٢٦٥ | جەمیلە محەمد ستار | ١٩٨٥ | مێ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ۲٦٦ | جەبار سەعید ئەحمەد | ۱۹٥٦ | نێر | ٦ | |
| ۲٦۷ | حەلاوە حەمید محەمەد | ۱۹٥۹ | مێ | | |
| ۲٦۸ | کاروان جەبار سەعید | ۱۹۸۰ | نێر | | |
| ۲٦۹ | گەرمیان جەبار سەعید | ۱۹۸۲ | نێر | | |
| ۲۷۰ | کوێستان جەبار سەعید | ۱۹۸٤ | مێ | | |
| ۲۷۱ | کارزان جەبار سەعید | ۱۹۸۷ | نێر | | |
| ۲۷۲ | ڕەحیم سەعید ئەحمەد | ۱۹٦۳ | نێر | ۳ | |
| ۲۷۳ | حەکیم سەعید ئەحمەد | ۱۹٦۷ | نێر | | |
| ۲۷٤ | فایەق سەعید ئەحمەد | ۱۹۷۱ | نێر | | |
| ۲۷٥ | عاسی سەعید ئەحمەد | ۱۹٥۲ | نێر | ٥ | ئەم خێزانە کەسی دەربازنەبووە خوشکی وارسیەتی |
| ۲۷٦ | گە لاوێژ حسەن ئەمین | ۱۹٦٥ | مێ | | |
| ۲۷۷ | دڵسوز عاسی سەعید | ۱۹۸۳ | مێ | | |
| ۲۷۸ | ڕێباز عاسی سەعید | ۱۹۸٥ | نێر | | |
| ۲۷۹ | ئاشتی عاسی سەعید | ۱۹۸۸ | مێ | | |
| ۲۸۰ | هیدایەت سەعید ئەحمەد | ۱۹٤٦ | نێر | ۹ | ئەم خێزانە کەسی دەربازنەبووە کەس مووچەی وەرناگرێت |
| ۲۸۱ | غزێمە حەمید ئەحمد | ۱۹٤۹ | مێ | | |
| ۲۸۲ | عەزە دین هیدایەت سەعید | ۱۹۷۱ | نێر | | |
| ۲۸۳ | جەیران هیدایەت سەعید | ۱۹۷۳ | مێ | | |
| ۲۸٤ | گەلاوێژ هیدایەت سەعید | ۱۹۷٥ | مێ | | |
| ۲۸٥ | محەمەد هیدایەت سەعید | ۱۹۷۹ | نێر | | |
| ۲۸٦ | نەجیب هیدایەت سەعید | ۱۹۸۱ | نێر | | |
| ۲۸۷ | کوێستان هیدایەت سەعید | ۱۹۸۳ | مێ | | |
| ۲۸۸ | شیما هیدایەت سەعید | ۱۹۸٥ | مێ | | |
| ۲۸۹ | ئەختە ر مەحمود ئەحمەد | ۱۹٦٥ | مێ | ۳ | ئەم خێزانە کەسی دەربازنە بووە برای وارسیەتی |
| ۲۹۰ | ئاکۆ جەلال سەعید | ۱۹۸٦ | نێر | | |
| ۲۹۱ | ئاسۆ جەلال سەعید | ۱۹۸۸ | نێر | | |
| ۲۹۲ | ستار مەحمود ئەحمەد | ۱۹٥۷ | نێر | ٤ | ئەم خێزانە یەک کەسی دەرباز بووە بە ناوی ( محەمەد ستار جەبار) |
| ۲۹۳ | فریاد ستار مەحمود ئەحمد | ۱۹۸۳ | نێر | | |
| ۲۹٤ | هیمن ستار مەحمود ئەحمەد | ۱۹۸٤ | نێر | | |
| ۲۹٥ | ئەحمەد ستار مەحمود | ۱۹۸٦ | نێر | | |
| ۲۹٦ | فواد ناوخاس ئەحمەد | ۱۹٤۸ | نێر | ٦ | |
| ۲۹۷ | نعیمە حسین صاڵح | ۱۹٥۰ | مێ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٩٨ | فايق فواد ناوخاس ئەحمەد | ١٩٧٣ | نێر | | |
| ٢٩٩ | نەوزاد فواد ناوخاس | ١٩٧٥ | نێر | | |
| ٣٠٠ | هەنارە فواد ناوخاس | ١٩٧٧ | مێ | | |
| ٣٠١ | مهدی فواد ناوخاس | ١٩٨٠ | نێر | | |
| ٣٠٢ | جەهاد فواد ناوخاس | ١٩٦٥ | نێر | ٥ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە کەس موچەی وەرناگریت |
| ٣٠٣ | مەحبوبە جواد ناوخاس | ١٩٦٧ | مێ | | |
| ٣٠٤ | کاروان جەهاد فواد | ١٩٨٣ | نێر | | |
| ٣٠٥ | هند جەهاد فواد ناوخاس | ١٩٨٥ | مێ | | |
| ٣٠٦ | نەوال جەهاد فواد ناوخاس | ١٩٨٧ | مێ | | |
| ٣٠٧ | فاتمە ابراهیم مەحەمەد | ١٩٤٩ | مێ | ٩ | ئاشتی عاسی لە بەندیخانە لە دایک بووە و شەهیدبووە کورد لەوپەڕی مردنەوە هیوا لە ئاشتی نابڕێت |
| ٣٠٨ | نەخشە جواد ناوخاس ئەحمەد | ١٩٦٩ | مێ | | |
| ٣٠٩ | نەجیبە جواد ناوخاس | ١٩٧٨ | مێ | | |
| ٣١٠ | عەمبەر جواد ناوخاس | ١٩٧٩ | مێ | | |
| ٣١١ | دلەیان جواد ناوخاس | ١٩٨٠ | نێر | | |
| ٣١٢ | هیمن جواد ناوخاس | ١٩٨١ | نێر | | |
| ٣١٣ | حبیبە نوری زوراب | ١٩٦٤ | مێ | | |
| ٣١٤ | سیروان جواد ناوخاس | ١٩٨٣ | نێر | | |
| ٣١٥ | پشتیوان جواد ناوخاس | ١٩٨٤ | نێر | | |
| ٣١٦ | فاتیح جواد ناوخاس احمد | ١٩٦٤ | نێر | ٤ | |
| ٣١٧ | غەریبە سەعید ناوخاس | ١٩٦٧ | مێ | | |
| ٣١٨ | تاوس فاتیح جواد ناوخاس | ١٩٨٤ | مێ | | |
| ٣١٩ | بە ناز فاتیح جواد ناوخاس | ١٩٨٥ | مێ | | |
| ٣٢٠ | هاشم جواد ناوخاس | ١٩٦٨ | نێر | ٢ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە برای وارسیەتی |
| ٣٢١ | زەکیە مەحەمەد ئیبراهیم | ١٩٧١ | مێ | | |
| ٣٢٢ | نەسرین وەلی غیدان | ١٩٧١ | مێ | ١ | |
| ٣٢٣ | بدریە عوسمان گە نجە | ١٩٥٠ | مێ | ٥ | |
| ٣٢٤ | حسین عەلی مەجید | ١٩٦٨ | نێر | | |
| ٣٢٥ | ئازاد عەلی مەجید | ١٩٧٤ | نێر | | |
| ٣٢٦ | نجیبە عەلی مەجید | ١٩٧٨ | مێ | | |
| ٣٢٧ | جەمیلە عەلی مەجید | ١٩٨٠ | مێ | | |
| ٣٢٨ | فتحیە کەریم رەشید | ١٩٤٢ | مێ | ٥ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٩ | غزیمە جەلال جەوهەر | ١٩٧٠ | مێ | | ئەم خێزانە یەک کەسی دەرباز بووە بە ناوی ( جەلال سەعید ئەحمەد ) |
| ٣٣٠ | شنو جەلال جەوهەر | ١٩٨٣ | مێ | | |
| ٣٣١ | جوانە جەلال جەوهەر | ١٩٨٤ | مێ | | |
| ٣٣٢ | سالار جلال جەوهەر | ١٩٨٦ | نێر | | |
| ٣٣٣ | حەیات مەجید عەزیز | ١٩٦٣ | مێ | ٤ | |
| ٣٣٤ | نەبات هیلال جەلال | ١٩٨٣ | مێ | | |
| ٣٣٥ | بەناز هیلال جەلال جەوهەر | ١٩٨٥ | مێ | | |
| ٣٣٦ | دڵشاد هیلال جەلال | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ٣٣٧ | زبیدە جەوهەر ئیبراهیم | ١٩٣٢ | مێ | ٥ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە کەس موچەیان وەرناگرێت |
| ٣٣٨ | صاڵح مەحەمەد جەوهەر | ١٩٦٨ | نێر | | |
| ٣٣٩ | رعنا مەحەمەد کەریم | ١٩٦٩ | مێ | | |
| ٣٤٠ | فرهاد صاڵح مەحەمەد | ١٩٨٧ | نێر | | |
| ٣٤١ | ئاسکە مەحەمەد جەوهەر | ١٩٦٧ | مێ | | |
| ٣٤٢ | ئەحمد جەوهەر ئیبراهیم | ١٩٤٢ | نێر | ٧ | ئەم خێزانە کەسی دەرباز نەبووە کەس موچەیان وەرناگرێت |
| ٣٤٣ | نسیمە مەجید عەزیز | ١٩٥٠ | مێ | | |
| ٣٤٤ | تاریق ئەحمەد جەوهەر | ١٩٧٦ | نێر | | |
| ٣٤٥ | ئاوات ئەحمەد جەوهەر | ١٩٧٨ | مێ | | |
| ٣٤٦ | فەریق ئەحمەد جوهەر | ١٩٧٩ | نێر | | |
| ٣٤٧ | سەرحەد ئەحمەد جەوهەر | ١٩٨٠ | نێر | | |
| ٣٤٨ | گەلاویژ ئەحمەد جەوهەر | ١٩٨٤ | مێ | ژمارەی ئەنفالکراو | |

# ژمارەی ئەنفالکراو

| ڕەگەزی نێر | | ڕەگەزی مێ | | |
|---|---|---|---|---|
| منداڵ لەدایکبووی ١-١٥ ساڵ | گەورە لەدایکبووی ١٥-٦٥ ساڵ | منداڵ لەدایکبووی ١-١٥ ساڵ | گەورە لەدایکبووی ١٥-٦٥ ساڵ | ژنی دووگیان زۆر بووە بەڵام نەزانراوە |
| ١٠٧ | ٦٩ | ٨٧ | ٨٥ | ٤ |
| نێر | ١٧٦ | مێ | ١٧٢ | |

وێنەکانی دوێنی


دۆکیۆمێنتی بیرەوەرییەکانن




عەمیدڕەشید و بەڕێزمام جەلال ٢٠١١



عوسمان حاجی محمود، شهید حەمە ئاخە
دەربەندتاڵە ١٩٨٩/٩



لەڕاستەوە.حەسەن ئۆمەربلی.بورهان توکنی
حەمەڕەشید توکنی۱۹۸۸/۵/۲۰ گویزی قەندیل



شەهید حەسەن عەلی حەسەن توکنی ۱۹۸۵ وڵاخ لوو




ڕاوەستاوەکان لای ڕاستەوە.عەزیز مەجیدتوکنی.حەسەن ڕەشید.شەهید کاکەتوکنی.حەمەڕەشید توکنی ئەحمەد عەزیزتوکنی

ئەوانەی دانیشتون لای ڕاستەوە.مەحەمەد خورشید.بورهان حەمەخان توکنی.مامۆستاعوسمان حسێن عەلی توکنی ١٩٨٨/٥/٢٢ گوێزێ.



ڕاوەستاوەکان لای ڕاستەوە.عوسمان حاجی مەحمود.حەمەسۆران.سەباح شێخ حەمیدی کەریم .عەلی غایب.شەهیدکامەران هیدایت.نەوزادکەریم فارس.حەسەن حەمید شەهید مەجید دوزی.حەمەڕەشید توکنی

دانیشتووەکان لای ڕاستەوە.مامۆستاحسێن.شەهید ئەحمەد زەرداوی.جەماڵ شێخ حەمیدی ١٩٨٨ گارمیان




حەمەڕەشید توکنی ۱۹۸۸ گوێزێ



حەمەڕەشید توکنی ۱۹۸۸/٥/۲۲ گوێزێ قەندیل



لای ڕاستەوە مەلا ڕحیم.حەمەڕەشید توکنی
حەسەن حەمید.عسمان مەلاجمیل.ملازم عباس
١٩٨٨/٥/٢٤ قەندیل



حەمەڕەشید توکنی ١٩٨٨/٥/٢٢ گوێزێ قەندیل



له ڕاستەوە.شەهید.شەهید جەمالەسوور.شکورقەرەبڵاغی
شەهیدئەحمەدی حاجی ڕەشید ٦/١٩٨٨گەرمیان



لەڕاستەوە.شەهیدکامەران ڕەش.حەمەڕەشید توکنی
١٩٨٨/١٢ هەردەی گۆبان گەرمیان




لەڕاستەوە.حەمەڕەشید توکنی.شکورقەرەبلاخی
١٩٨٩/٦ تاوێرکەوە گەرمان



لەڕاستەوە.عوسمان مەلاجەمیل.حەمەڕەشید توکنی ١٩٨٩/٦ گەرمیان




لای ڕاستەوە.شەهید عەلی فەقێ مستەفایی.حەمەڕەشید توکنی
١٩٨٩/٦/٢٠ تاوێر کەوە



لای ڕاستەوە.شەهید مەجید دوزی.حەمەڕەشید توکنی ١٩٨٩/٦/٢٠ تاوێرکەوە



لای ڕاستەوە .عوسمان حاجی مەحمود.شکور قەرەبڵاغی ١٩٨٩/٧ مەلا ئۆمەر گەرمیان



شەهید ساڵەح مەحەمەد کاکە توکنی ١٩٨٩/٦ تاوێرکاوە گەرمیان



وەستاوەکان لای ڕاستەوە. جەماڵ وارانی.شەهید مەجید دوزی.مەحەمەد چەوری
دانیشتووەکان لای ڕاستەوە.        شەهید کامەران ئۆمەربلی.حەمەڕەشید توکنی
١٩٨٩/٦/٢٠ تاوێرکەوەلای دوزخوماتوو



لای ڕاستەوە حەمەڕەشید توکنی.حەمە چەوری.غایب حسێن
١٩٨٩/٦/٢٠ تاوێر کەوە گەرمیان



ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە.شەهید هەڵکەوت ئەحمەد.شەهید کامەران هیدایت
تەلعەت نارێنی.  سوهاد خانەقینی . عوسمان حاجی مەحمود ، ماجد فەیلی
دانیشتووەکان.شەهید مەجید دوزی.حەسەن ئۆمەربلی.شەهید مەحەمەدچاوجوان
١٩٨٩/٩/١٠ دەربەند تاڵە کفری



شەهید هەڵکەوت ئەحمەد ١٩٨٩/٩/١٥ دەربەند تاڵە کفری


هاوڕێ حزبی دە عوە حسن شیخ لەنگەری محمود حسە نگاوی حزبی دە عوە حزبی دە عوە کوردو قاسم
نزیک کفری ١٣/٩/١٩٨٩


علی غلیب، حمە رشید توکنی، شە هید مجید، جمال شیخ حمیدی، حمە چاوجوان
حسن شیخ لەنگەری، صباح شیخ حمیدی، قاتە کانی کفری



وەستاوەکان لای ڕاستەوە .مەحمود سەنگاوی.عوسمان حاجی مەحمود.شەهید کوردۆقاسم
کەریم برای شەهیدحسەن. شەهیدکامەران هیدایەت.شەهید حەمەئاخە.حەمەڕەشید توکنی
شەهید کاکە توکنی . دانیشتووەکان لای ڕاستەوە.حەسەن ئۆمەربلی.جەماڵ شێخ حەمیدی
شەهید مەجید دوزی.برایم دیسکۆ.سەباح شێخ حەمیدی.عەلی غائب ١٩٨٩/٩/١٧ گەرمیان





حەمەڕەشید توکنی ١٩٨٩/٩/١٨ گوندی توکن



لای ڕاستەوە،نەوزاد کەریم فارس،حەمەسۆران،شەهید مەجید دوزی
شەهاب خانەقینی،حەمەڕەشید توکنی،سەباح شێخ حەمیدی
18–9–1989 گەرمیان



حەمەڕەشید توکنی ١٩٨٩ ئاوێزکەوە نزیک دوز



لای ڕاستەوە. شەهید مەجید دوزی.حەمەسۆران.عەلی غایب
سەباح شێخ حەمیدی.نەوزاد کەریم فارس.شەهید کامەران هیدایت
مامۆستا حسێن.حەمەڕەشید توکنی ١٩٨٩/٩/١٨ چەم هۆمەرمل



لای ڕاستەوە،شەهاب خانەقینی،سەباح شێخ حەمیدی،حە مەرەشیدتوکنی
ماموٚستا حسین،نەوزادکەریم فارس،حەمەسۆران،جەماڵ شێخ حەمیدی ...
19-9-1989 چەم هۆمەرمل



لای ڕاستەوە حەمەڕەشید توکنی.سەباح شێخ حەمیدی.جەماڵ شێخ حمیدی
حەسەن حمید ١٩٨٩/٩/١٩




لای ڕاتەوە.شەهید ئیباو کەرکوکی.غائب حسێن.شەهید کامەرانە ڕەش
شەهید مامەقالەکەرکوکی.شەهید ڕزگار چیمەنی.حەمەڕەشید توکنی.پۆڵاهەییەیی
١٩٩٠ سەرسنوری ڕۆژهەڵات گوندی بلەکێ



لای ڕاستەوە.ئەحمەد ئاربیجی.حەمەڕەشید توکنی.حەسەن حەمید.کامەران هیدایت
سدیق دەروێش مەجید.عوسمان حاجی مەحمود.مەحمود مامەعەزە.سەلام کوێخاعەزیز
١٩٨٩/٩/٢٠ شاخی خوشک



له ڕاسته‌وه. شه‌هید مه‌جید دوزی.جه‌ماڵ شێخ حه‌میدی.حه‌مه‌ڕه‌شید توكنی
١٩٨٩/٩/١٢ ده‌ربه‌ند تاڵه كفری



له‌ڕاسته‌وه.حه‌مه‌ڕه‌شید توكنی شه‌هید ڕه‌مه‌زان كوڵه‌جۆی ١٩٩٠/١٢ گه‌رمیان



وەستاوەکان لەڕاستەوە . عەزیز توکنی. جەماڵ مەلائۆمەری . شەهید شێرەی نەقیب
دانیشتووەکان.جەمیل شێخ لەنگەری.جەلیل کۆکزی.شەهید شکور عەلیانی١٩٩١/١گەرمیان



لای ڕاستەوە.شەهید حەسەن عەلی مامەلی توکنی.حەمەڕەشید توکنی
١٩٩١/٦/٥ سەرتەک



وەستاوەکان.شەهید شێرەی نەقیب.شکور قەرەبڵاخی
دانیشتووەکان.شەهید عومەر حاجی مەحمود.حەسەن حەمید.جەلیل کۆکزی
مانگی ١٩٩١/١ گەرماوڵە



عدنان کرکوکی ،محمودبیکەیسی، سلمان کۆی،
کارزان کرکوکی، حمەڕشیدتوکنی،عبدلحسین،
سردارعزە یەکچاو،شێرزادباوەنوری، شهیدیاوەر.
قڵاچۆلان خولی دووی‌ئاسایش١٩٩٨/٩



عەمید ڕەشید- تەلوەرد/ ٢٠١٥/٠٩/٣٠



عمید ڕەشید - تەلوەرد/ ٢٠١٦

# کورتکراوەی زاراوەیی - فەرهەنگۆک

## خوێنەری بەڕێز هەندێ ناوی کورتکراوەی تێدا بەکارهاتووە لەم فەرهەنگەدا دەیخەمەڕوو.

فەرهەنگ

-(یەنک,یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)

-(کۆڕەک ,کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

-(م س,مەکتەبی سیاسی)

-(پدک, پارتی دیموکراتی کوردستان)

-(ق م,قیادەی مؤقەتە)

-(حشع, حزبی شوعی عێراق)

-(حشک,حزبی شوعی کوردستان)

-(حسک, حزبی سۆشیالستی کوردستان)

-(ئاش, ئاڵای شۆڕش)

-(پاسۆک,پارتی سۆشیالستی کوردستان)

-(بەرەی جود, )لەپدک وحسک وحشع وپاسۆک)پێک هاتبوو.

-(حدک) حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

-(پەکەکە)پارتی کرێکارانی کوردستان.

-(تەبعیس) بەبەعس کردن.

-(تەعریب) بەعەرەب کردن.

-(تمشیت) شانەکردن,کێومالا.

-(سی ئای ئەی)دەزگای هەواڵگری ئەمریکا.

-(یوئێن)نەتەوەیەکگرتووەکان.

-(داعش) دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام.

# پێرستی باسەکان


| زنجیرە | سەری باسەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٥ |
| ٢ | گەشتێک بەناو ژیانی نوسەری ئەم بیرەوەریانەدا | ٩ |
| ٣ | بەرایی | ١١ |
| ٤ | مێژووی گوندی توکن | ١٤ |
| ٥ | پێکهاتەی یەکە سەربازی و کارگێڕییەکانی (ی.ن.ک) | ١٨ |
| ٦ | جینۆساید و شالاوەکانی ئەنفال..... ئەنفالی یەک | ٢١ |
| ٧ | قوڵی کارێزە: | ٢٨ |
| ٨ | بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک) | ٤٣ |
| ٩ | کشانەوەی هێزەکان بۆ دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ٤٤ |
| ١٠ | گەڕانەوە لەقاسمەڕەشەوە بۆگەرمیان.<br>لەقەندیلی بستەڵەکەوە بۆ گەرمیانی گڕوگڵپە | ٥١ |
| ١١ | ئەنفالی دوو | ٥٨ |
| ١٢ | ئەنفالی سێ | ٥٩ |
| ١٣ | یەکەم: قۆڵی کفری: | ٦٠ |
| ١٤ | دووەم: قۆڵی خورماتوو: | ٦١ |
| ١٥ | سێ یەم قۆڵی کەلار: | ٦٣ |
| ١٦ | چوارەم قۆڵی کەرکوک چەمچەماڵ: | ٦٣ |
| ١٧ | پاشەکشەو تێکچونی شیرازەی هێزەکان: | ٧٨ |
| ١٨ | ئەنفالی چوار | ٨٧ |
| ١٩ | ئەنفالی چوار و کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە: | ٩١ |
| ٢٠ | (زێی بچووک) یان ( زێی کەڵوێ): | ٩٢ |
| ٢١ | جموجوڵەکانی دوژمن لەباکووری<br>زێی بچوک وبەری کۆیەوە: | ٩٥ |
| ٢٢ | ڕۆژێک لەگەڵ پیاوە مەزنەکاندا: | ١١٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | لەدۆڵی گوێزێی قەندیلەوە بۆ دۆڵی باڵەیان: | ١١٦ |
| ٢٤ | لە قەندیلەوە بۆ شەڕگەکانی سنوری مەڵبەندی سێ | ١٢١ |
| ٢٥ | بەرگری کردن لە سنورەکانی مەڵبەندی سێ | ١٢٣ |
| ٢٦ | ئەنفالی هەشت و کۆتایی | ١٣٧ |
| ٢٧ | گەڕانەوە بۆ گەرمیانی منداڵدانی پارتیزانی | ١٣٨ |
| ٢٨ | کۆتایی ئەنفالی حەوت وکشانەوە | ١٤٩ |
| ٢٩ | لە ناوچەی شێخ بزێنییەوە بۆ گەرمیان | ١٥٠ |
| ٣٠ | لێبوردنی گشتی و مانگە زێرینەکەی پارتیزانەکان | ١٦١ |
| ٣١ | هاتنی حزبی بەعس و( تەبعیس و تەعریب) | ١٧٣ |
| ٣٢ | یەکەی مەرگ | ١٧٦ |
| ٣٣ | کۆکردنەوەی خواردن وپێداویستی | ١٧٩ |
| ٣٤ | لەبیری بینینی ئازیزانم | ١٨٨ |
| ٣٥ | سەردانی برادەران لەچەمی ئۆمەربل | ٢١٢ |
| ٣٦ | گەڕانەوەی دەستەکەی کاک ئازادی سەگرمەو مام ڕۆستەم | ٢١٦ |
| ٣٧ | قۆناغی دووی پارتیزانی ودژوارترین خەبات | ٢١٨ |
| ٣٨ | قۆناغی دووی پارتیزانی وسەختی خەبات<br><br>ڕادیۆی فریاد ڕەس | ٢٢٥ |
| ٣٩ | بەرگری وبەرپەرچدانەوەی پەلاماری دوژمن | ٢٣٨ |
| ٤٠ | گۆڕینی تاکتیکی پارتیزانی | ٢٤٧ |
| ٤١ | ڕۆییشتنمان بۆ لای شەهید ئەحمەدی حاجی ڕەشید | ٢٥٠ |
| ٤٢ | گەڕانەوەی یەکەم دەستەی پارتیزان بۆ سنوری ڕۆژهەڵات | ٢٥٢ |
| ٤٣ | گەڕانەوەی غەریب هەڵەدنی.. بۆ دۆڵی جافایەتی | ٢٥٤ |
| ٤٤ | چوار مانگ نەبینینی گۆشت | ٢٥٥ |
| ٤٥ | لافاو | ٢٥٦ |
| ٤٦ | هەڵکەندنی ژێر زەمینی قەندیل | ٢٥٧ |
| ٤٧ | یەکەم دیداری (عەزیزی) برام | ٢٥٩ |
| ٤٨ | ناکۆکییەکانی ناو شۆڕشی نوێ و بەردەوامی تا ئێستا | ٢٦٢ |
| ٤٩ | سەردانی دەستە پارتیزانەکەی حزبی شوعی | ٢٦٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٠ | گەرمیان و بەفر بارین وسەرما- ئەنجامدانی چالاکی | ٢٧١ |
| ٥١ | ئەو ڕۆژەی وەک شێرێکی بریندار خۆمانم بینی! | ٢٧٢ |
| ٥٢ | بێدەنگ بوونی ئەفسەرێکی سوپا | ٢٧٦ |
| ٥٣ | هەڵبژاردنی مردنێکی شەرەفمەندان | ٢٨٢ |
| ٥٤ | گرتنی شەهید سەعید | ٢٨٤ |
| ٥٥ | پلانی گرتنی ڕەبیەی قوڕیچای | ٢٨٥ |
| ٥٦ | کارەساتی ئەشکەوتی داری خلە | ٢٨٨ |
| ٥٧ | عەلی غایب وداهێنان | ٢٨٩ |
| ٥٨ | تەسلیم بوونەوەی (شکور ئیسماعیل) | ٢٩٠ |
| ٥٩ | چالاکی پێشمەرگانە لە یادی نەورۆزدا | ٢٩٤ |
| ٦٠ | کێوماڵ (تمشیط) | ٢٩٥ |
| ٦١ | ناردنەوەی سەرکەوت بۆ ناوشار | ٢٩٧ |
| ٦٢ | مێشوولە.. دووەم دوژمنی پارتیزانەکان- هاتنی لوقمان و ڕەئوف حاجی حوسێن | ٣٠٢ |
| ٦٣ | بریندار بوونی شەهید سەید محەمەد | ٣٠٣ |
| ٦٤ | کوژرانی عەدنان خەیروڵا تولْفاح | ٣٠٤ |
| ٦٥ | تەسلیم بوونەوەی کاک عوسمان تلیشانی | ٣١١ |
| ٦٦ | خواردنی پێنج کیلۆ خورما | ٣١٣ |
| ٦٧ | ڕۆیشتن بۆپێشوازی<br>کاک مەحمود سەنگاوی و کاک کوردۆ قاسم | ٣١٥ |
| ٦٨ | لەچیای ئاژداخەوە بۆ سنوری کفری | ٣١٧ |
| ٦٩ | تیرۆرکردنی دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو | ٣١٨ |
| ٧٠ | گواستنەوەمان بۆ حەشارگەی سێ قازان | ٣١٩ |
| ٧١ | خیانەت ولەداونانی شەهید سەید محەمەد | ٣٢٠ |
| ٧٢ | خیانەت و لەداونانی شەهید ئەحمەد بازۆکە | ٣٢٤ |
| ٧٣ | هاتنی شوان بۆ سەرمان | ٣٢٩ |
| ٧٤ | ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ناو شارد | ٣٣١ |
| ٧٥ | هۆنراوە - سێدارە | ٣٣٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٦ | زالوو دوژمنە شاراوەکە | ٣٣٧ |
| ٧٧ | شەهید کاکە و دەرکردنی موو لەپەنجەی | ٣٣٨ |
| ٧٨ | خۆ ئامادەکردنمان بۆ سنوری ڕۆژهەلاتی کوردستان | ٣٣٩ |
| ٧٩ | مانەوەمان لەگوندی (کانی دینار)ی ڕۆژهەلات | ٣٥١ |
| ٨٠ | شەهیدبوونی ڕەئوف سابیر مام ڕەئوف | ٣٥٣ |
| ٨١ | هێرشی سوپای عێراق بۆ لوتکەی (چەکوچ وسادر ) ی قەندیل | ٣٥٤ |
| ٨٢ | خولی سەربازیی لە (گەیلان غەرب ) ی ڕۆژهەلاتی کوردستان | ٣٥٥ |
| ٨٣ | ڕۆژێک لەگەلٚ پیاوە مەزنەکەدا | ٣٥٧ |
| ٨٤ | گەڕانەوە بۆ خولی دووەمی سەربازی لە گەیلان غەرب | ٣٦٣ |
| ٨٥ | دژوارییەکان فێریان کردین | ٣٦٥ |
| ٨٦ | گەڕانەوەی کاک عوسمان و برادەران بۆ گەرمیان | ٣٧٠ |
| ٨٧ | تیپی تۆپی پێی شالاو و قەند | ٣٧١ |
| ٨٨ | گرتنی کوەیت و قۆناغی سێی پارتیزانی | ٣٧٩ |
| ٨٩ | هەڕەشەکانی هاوپەیمانان- گواستنەوەمان بۆ حەشارگەی خۆرنەوازان | ٣٨٥ |
| ٩٠ | هاتنی کاک سامان (ڕەیس) ودەستەکەی | ٣٨٦ |
| ٩١ | دەرهێنانی چالٚە گەنمی گوندنشینەکان | ٣٨٨ |
| ٩٢ | گوێلەق و کارە سەرسوڕهێنەرەکانی | ٣٨٩ |
| ٩٣ | عەدەد جیهاز | ٣٩١ |
| ٩٤ | بردنی پاتری بۆ خورماتوو- پێوەدانی مار بەڕەیسەوە | ٣٩٢ |
| ٩٥ | هاتنی شوانی عەرەب بۆ ناوچەکە | ٣٩٤ |
| ٩٦ | بینینی چەند چەکدارێک لەگوندی توکن | ٣٩٥ |
| ٩٧ | گواستنەوەی کێشەکانی ناو یەکێتی لە سنورەوە بۆ گەرمیان | ٣٩٦ |
| ٩٨ | تڕ و.. لێکەوتەکانی | ٤٠٠ |
| ٩٩ | چیرۆکی خورماکەی گوندی گەرمک و کوردی دۆ نەدیو | ٤٠٢ |
| ١٠٠ | هاتنی عەزیزی برام و سالٚح و شەهید شکور | ٤٠٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠١ | گەڕانەوەی دەستەیەک لەبرادەران بۆ سنوری ڕۆژهەڵات | ٤٠٩ |
| ١٠٢ | ڕووداو و ئەگەرەکان | ٤١٠ |
| ١٠٣ | گەڕانەوەی شەهید حەمە ڕەش بۆ گەرمیان | ٤١١ |
| ١٠٤ | پەلاماری هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان<br>بۆ سەر دەوڵەتی عێراق | ٤١٥ |
| ١٠٥ | نوسراوی مەکتەبی سیاسی(ی.ن.ک) | ٤١٧ |
| ١٠٦ | چوونمان بۆ ناو شاری خورماتوو | ٤١٨ |
| ١٠٧ | میوانی مام فاروق حەمگوڵ بووین | ٤٢٠ |
| ١٠٨ | پێکداهەڵپژانی برادەران و جاش لەناوگوندی توکندا | ٤٢١ |
| ١٠٩ | دەرکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان | ٤٢٢ |
| ١١٠ | پلان وبەرنامەی ڕاپەڕین | ٤٢٣ |
| ١١١ | هێرشی سەربازیی پیادە بۆسەر عێراق | ٤٢٥ |
| ١١٢ | وەستانی شەڕی هاوپەیمانان وعێراق | ٤٢٦ |
| ١١٣ | پلان و ئامادەسازی شۆڕش بۆ ڕاپەڕین | ٤٢٧ |
| ١١٤ | چەخماخەی ڕاپەڕین لە ڕانیەوە | ٤٢٩ |
| ١١٥ | ڕاپەڕینی قەزای خورماتوو | ٤٣١ |
| ١١٦ | لیستی ناوی ئەنفالکراوانی گوندی توکن<br>ناحیەی تیلەکۆ/ قەزای کەلار/ پارێزگای سلێمانی | ٤٥٧ |
| ١١٧ | وێنەکانی دوێنی<br>دۆکیۆمێنتی بیرەوەرییەکانن | ٤٦٩ |
| ١١٨ | کورتکراوەی زاراوەیی - فەرهەنگۆک | ٤٩٢ |

خالد حەمە غەریب عبدالرحمن
کتێبخانەی لانەی کوردان